ئەنفالستان

ساڵنامەیەکی تایبەتە بە ئەنفال و جینۆساید

ژمارە: 11 و 12

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر

عومەر محەمەد قادر

E- omer m0287@yahoo.com
Anfalistan@yaoo.com

07501223421 - 07701520287

جێگری سەرنووسەر

سمکۆ سابیر

ئەندامانی شانازی

مامۆستا نەجیب گەرمیانی

مەلائیدریس ئیسماعیل

مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی

دەستەس هاوکارانی ئەم ژمارەیە

– کفری: ئەحمەد عەلی

– کەلار: محەمەد سابیر، جەلال هەزارکانی، پشکۆ محمد رۆستەم

– سلێمانی: ئیبراهیم عەبدوڵڵا

– خورماتوو: مامۆستا عەلی محەمەد وەلی – کامەرانی شەهیدان

دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین

دیزاینی ناوەوە : ئازاد حاجی

فۆتۆ: ئەنفالستان

لەم ژمارەیەدا

دۆسیەی هەڵەبجە

- ئەنفالی هەڵەبجە دۆسێییەکی لەبیرکراو
- دیدار لەگەڵ ئەنفالکراوانی هەڵەبجە

دۆسیەی ئەنفالی یەک

- دیدار لەگەڵ ئەنفالکراوانی گوندی هۆمەرقەوم

دۆسیەی ئەنفالی کۆتایی

- چەند بابەتێک دەربارەی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ

دۆسیەی فریادڕەسەکانی دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ

– ئەسعەد: یەکەمین سەرەداوی دۆزینەوەی تەیمور.

– یەدوڵڵا عەلی: فریادڕەسی دەربازبوو ئەنوەر تەیار.

– فاتمە فەتحوڵا: ئەو ژنەی بەهانای فەرەجی تۆپخانەوە هات.

دۆسیەی هەژدە پاکیزەکەی ئەنفال

- گەشت بۆ خورماتوو
- دیدار لەگەڵ کەسوکاری پاکیزەکان، دۆکۆمێنتەکان، بەدواداچوون
- هێرشی محمد رسول اللەو پاداشتی ئەفسەرەکانی
- چەند بابەتی جۆراوجۆر دەربارەی تاوانی ئەنفال

چاپ: چاپخانەی کەمال

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

سوپاسی تایبەت:

• زۆر سوپاس بۆ دکتۆر تەها ڕەسوڵ کە بەبێ ئەوەی ڕووی لێبنێین، ئامادەیی پیشاندا چاپی ئەنفالستان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئێمە وەک نەریتێکی دامەزراوی خۆمان وامان پێباشبوو کە دەرگا لە کۆمەک بەخشانی ئەنفالستان دانەخەین و بەشداربن لە نووسینەوەو تۆمارکرنی مێژووی خۆیان.

• سوپاس بۆ کاک ئازاد حاجی دیزاینەر، کە زەحمەتێکی لەرادەبەدەری لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالستان کێشا، سەرباری گەرماو قەیرانەکانی ژیانی ڕۆژانە بەپشوودرێژییەکی زۆرەوە بەخۆبەخش و بەبێ بەرانبەر شانیدایە بەر دیزاینکردنی ناوەوەی هەردوو ژمارەی ئەنفالستان.

• زۆر سوپاس بۆ کاک زانیار نەجم کە دلسۆزانەو بێ بەرانبەر دیزاینی بەرگی ئەم ژمارەیەشی گرتە ئەستۆ.

سوپاس:

١. هاشم محمد رشید (دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ)

١. بۆ ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو

٢. پیشڕەو توفیق محەمەد

٣. دێرین تارق، دایکی (لاس و لەرێ)

٣. لۆقان عومەر محەمەد

پۆزش

١. داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ئەنفالستان، بەتایبەتی ئەنفالکراوانی هەڵەبجە دەکەین کە ژمارە ١١ بەهۆی تێکچونی باری تەندروستی سەرنوسەرەوە دواکەوت.

٢. لەبەرئەوەی لاپەرەکانی ئەنفالستان زۆربوون و باری ئابووریی هاوکار نەبوو، هەموو ئەو بابەتانەی بۆ ئەم دوو ژمارەیە ئامادەمان کردبوون بڵاوایان بکەینەوە بۆیە داوای لێبوردن لە خاوەنە بەڕێزەکانیان دەکەین، بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو بابەتانە بە بایەخەوە لەماڵپەڕی ئەنفالستان بڵاودەکرێنەوە.

بۆچی ئەنفالستان لەم مانگەدا لەچاپ دەرچوو؟

هەڵبەتە ئەم ساڵنامەیە پابەند نیە بەکاتێکی دیاریکراوەوە بۆیە لەکۆی مانگەکانی ساڵدا لەهەر مانگێکدا خرابێتە بەردیدەی خوێنەران هۆیەکی هەبووە، بەڵام چونکە هەتا ئێستا بەزۆری لەمانگەکانی نیسان و ئایاردا لەچاپدەرچووە، هەمیشە خوێنەرانی ئەم گۆڤارە لەو دومانگەدا چاوەڕوانیان کردووە. بەڵام زۆربەی ژمارەکانی رابوردوو، لەو بۆنەو یادانەدا لە چاپ دەرچووە، کە ناوچەیین و لەبەر چاوانین، بۆنمونە جگەلە یادی کیمیاباranکردن و ئەنفالکردنی هەردو گوندی گۆپتەپەو عەسکەرو ئەنفالکردنی خەڵکی ناوچەی قەڵاسێوکە و لە یادی کیمیاباranکردنی بالیسان و شێخ وەساندا دەرچووە لە یادی کۆمەڵکوژی و کیمیاباranکردنی گوندی (وەرێ) یشدا دەرچووە کە پێشتر کیمیاباران و کۆمەڵکوژی گوندی وەرێ راگەیاندن و ڕێکخراوەکان باسیان نەکردووەو بگرە هەرنەشیان زانیووە ! گوندی وەرێ ئەو سەروەختە سەربەناحێی بێتواتە بووەو ئێستا سەربە ناحێی بالیسانە.

ژمارە (٩)ی ئەنفالستان لە یادی فرێدانە خوارەوەی سێ کەسایەتی گوندەکانی دەشتی کۆیە عەبدولای خەرابەیی و هاوڕێکانیدا دەرچووە. بەلام وەها روداوێك لەئەنفالی قۆناغی چواردا جێگەی گرنگی پێدانی راگەیاندن و ڕێکخراوەکان نەبووە.

بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئەنفالستان لەسود بەدەرنەبووە بەڵکو بەپێچەوانەوە بووەتە هۆی ناساندنی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بەم میللەتە کراوەو راگەیاندنی کوردی پەراوێزی خستبوون و کەس باسی نەدەکردن، بەو هۆیەشەوە کەسوکاری قوربانیەکان و خەڵکی ناوچەکە هەستیان بە پەراوێزخستن و رەنج بەخەساری خۆیان دەکرد .

ژمارە (١١) ی ئەنفالستان لەیادی ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکاندا دەردەچێت، بەداخەوە دەبوو ساڵی رابووردوو بکەوتایەتە دەست خوێنەرانی بەڵام بەهۆی باری تەندروستی سەرنوسەرەکەیەوە دواکەوت بۆ ئەمساڵ مانگی ئابی ٢٠١٥ دەرچونی ئەم ژمارەیە ١١ لە یادی قوربانیانی تاوانێکدایە کە بەداخەوە نەك جیهان لێی بێئاگایە تەنانەت لە هەرێمی کوردستان و لەوەش خراپتر هەندێك هەڵەبجەیش لێی بێئاگان و هێشتا نازانن خەڵکی شارەکەیان ئەنفالکراون و دەیان کەسیان لە نوگرەسەلمان لەبرسان و لە تینواندا مردووەو هێشتا تەرمەکانیان لەوێ بەجێماوەو هەندێکی تریشیان هێشتا چارەنوسیان نادیارەو وەك هەموو ئەنفالکراوانی تر بێسەروشوێنن . تەنانەت تیمەکەی میدل ئیست وچ کە پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردیان ساخ کردووەتەوە بەو شێوەیە باسی پرۆسەی ئەنفال دەکات کەوا لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) ئیعدام کردنی بەکۆمەڵ و بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار خەڵکی بێچەك بوو، کە ژمارەی زۆریان لەوانە خەڵکی گەرمیان بوون و گرنگییەکی ئەوتۆی بە ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان نەداوە، لەناوخۆشدا بێجگە لە عارف قوربانی کە دیمانەی لەگەڵ گەلاوێژوحەپسەدا کردووە کەسی ترم پێشك نایات ئاوڕی لە ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان دابێتەوە.

هەرلەگەڵ ئەم ژمارەیەدا ژمارە (١٢)ش بۆ یادی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمی چاپ دەکرێت ئاوڕدانەوەی ئەنفالستان لەم دۆسێ لەبیرکراوانە نەمەسەلەیەکی سۆزدارییەو نە لەبەرخاتری چەند کەسێکی دیاریکراویشە بەڵکو دۆکۆمێنتکردنی تاوانێکی تری بۆمێژوو، بەتایبەتیش دۆکۆمێنتکردنی تاوانی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی هەڵەبجەییەکان و کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ لەشوێنی نیشتەجێ بوننیان زۆر زۆر پێویستە چونکە ئەگەر فریانەکەوین تاوانێکی تری جینۆساید لەناو وێنەگشتیەکەی تاوانی کیمیاباranکردنی شاری هەڵەبجەدا ون دەبێت . بێگومان کۆمەڵکوژی کوریمێش لە بادینان وون دەبێت، ژمارە (١١)ی ئەنفالستان پێماندەڵێت هەڵەبجە تەنها کیمیاباranکراوە، بەڵکو ئەنفالیشکراوە، شەهیدانی هەڵەبجە تەنها ئەوکەسانە نین کە لەناوەندی شاری و لەدەوروبەری شاری هەڵەبجە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون بەڵکو تەرمی هەڵەبجەییە ئەنفالکراوەکان لەبیابانەکانی خواروی عێراقیشن، بەلای کەمەوە ٥٢ کەسی هەڵەبجەیی لە ژن و منداڵ و پیروگەنج لە نوگرەسەلمان نێژراون و کەسوکاریان چاوەروانی هەوڵ و هیمەتی حکومەتن روفاتەکانیان بهێنێتەوەو لە زێدی خۆیان ئەسپەردەی خاك بکرێنەوە، لەم ژمارەیەدا بەلای کەمەوە چوارکەس دیداریان لەتەکدا سازکراوەو بەوردی بەسەرهاتی خۆیان و ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکانمان بۆ دەگێڕنەوە. ژمارە ١٢ ش پێمان دەڵێت کۆمەڵکوژی ئەنفال هەر لەبیابانەکانی ناوەراست و خواروی عێراقدا نەبووە بەڵکو لەبناری چیاکانیشدا هەبووەو نابێت مێژوو بشێوێنین .



ئەنفالی هەڵەبجە دۆسیێەکی لەبیرکراو

ئەگەر لێبوردەیی بۆپێکەوە ژیان‌و ئاشتی‌و ئارامی مرۆڤ بێ، لەسایەیدا دیموکراسی گەشە بکاو مرۆڤ لە بری چەواشە بوون‌و سەرکوێربوون، دەرگای شەفافیەت و پێکەوە ژیانی بەڕوودا بکرێتەوە، ئەوا لە لۆجیکی بەعسدا واتای لێبوردن و تێگەیشتن لێی تەواو پێچەوانە بوو..! گەرەکمە لێرەدا دیوێکی تری مەرگدۆستانەی بەعس باسبکەم، لایەنێک کە نەدەبوو هیچ پەیوەندی بەمەرگەوە هەبێت، ئەو چەمکەی بەعس ئەتکی کردو لە عێراقدا بەتەواوی متمانەی لەدەستدا ئەو لێبوردنە گشتییە بوو کە ئەوئاوارانەی نەگرتەوە کە بەپروپاگەندەی سیخورەکانی بەعس گەرابوونەوە.

لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا کە دیداری قوربانیەکان دەیخوێنتەوە بە رونی ئەوە دەبینیت کە لێبوردن وەک بۆسە، وەک تەڵەیەکی ترسناک بووەتە هۆکاری کۆزەکردنی قوربانی و ڕێگایەک بۆ چەواشەکردن و چوونەوە ناو هۆڵەکانی ئەشکەنجەدان ولەوەش خراپتر مەرگی دەستەجەمعی، لەکاتێکدا هەموو تاوانی ئەوخەڵکە هەرئەوەندە بوو کورد بوون، بەزەبری هێزو چەکی ترسناك لە شارو لە ماڵەکانی خۆیان دەرپەرێندرا بوون. لە دوای بەیانی کۆتایی هاتنی ئەنفالیش ئەوانەی بەعس لێبوردنی بۆ ڕاگەیاندبوون، هەمان ئەوخەڵکانە بوون کە چ لەپەلامارەکانی ئەنفالدا یان لەکیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا بەناچاری چووبوونە ولاتانی ئێران‌و تورکیاو بە زەحمەتێکی زۆر رزگاریان ببوو، دواتریش بەبانگەوازی لێبوردنی گشتی یاخود بە پروپاگەندەی سیخورەکانی دەوڵەت هاتوونەتەوە بەنیازی چونەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، لەسەرسنورەکان خۆیان داوەتە دەست ئەو لیژنانەوە کە بەحساب بۆ پێشوازی ئاوارەکان



راوەستابوون.

کەچی ئەو خەڵکە لێقەوماوە لەرِق و تورەیی بەعس رژگاریان نەبوو، بەڵکو راستەوخۆ بوونە قوربانی فیلێکی تری رژێم لە ژێرپەردەو بە ناوی لێبوردنەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر تیرۆرو سەرکوتی دەوڵەت نەبێ خەڵکی سڤیل بۆ ئاوارەی ولاتانی دەرو دراوسێ دەبی؟! ئایا بە راست خەڵکی مەدەنی چ دەسەلاتێکی لە هەلاێسانی جەنگ و کوشتاردا هەیە؟ بەتایبەتیش لەسایەی دەوڵەتێکی پۆلیسی وتۆتالیتاریدا؟

لە عێراقدا دەیان رێگاو دەروازەی دۆزەخ کراوەبوون، بەلام لە قسەی شایەتحاڵەکانی ئەنفالی هەڵەبجەدا دەروازیەکی تردەبینین بۆ چوونە ناودۆزخەوە، مرۆڤانێك كە بەنیازی ئەوەی بچنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان کەچی دەبرێنە دۆزەخی نوگرەسەلمان

و بەگەرمای بیابان هەڵیان دەقرچێنن

چیانشینەکانی بناری چیای شنرۆ و باڵامبۆ بەئاوی سوێری بیابان دەکوژن لانی کەم رایاندەهێنن چۆن لەگەڵ دۆخی ستەمکاریدا هەڵبکەن. لێبوردنی گشتی و ئەنفال وگازیاران لەعێراقی سەروەختی بەعسدا هەموویان یەك واتایان هەبوو ئەویش مەرگدۆستی و ئاشنابوون و راهاتن بوو بەمەرگ لێبوردن ئەو چەمکەی دواجار ئەویش بەئەنفالەوە متمانەی خۆی لەدەستدا.

ئەنفالی هەڵەبجە دۆسێیەکە تەواومایەی تێڕامانە، وردبوونەوە لەجۆرەستەمکارییەکی تر کە هەڵوەستەی

لەسەرنەکراوە چونکە ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان نەک هەرلەسەر ئاستی جیهان بگرە لەسەرئاستی ناوخۆش کەم کەس لەسەری وەستاوەو ئاگای لەو دۆسێیەیە، لەوەش مەترسیدار تر خودی هەڵەبجەییەکان زۆر لێی بێخەم و بێباکن! لەکاتێکدا هەڵەبجەییەکانیش وەک گەرمیانیەکان، وەک بادینانیەکان ئەنفالکراون، براون بۆ تۆپزاوا، براون بۆ نوگرەسەلمان، تەرمی ٥٢ کەسی خەڵکی شاری هەڵەبجە لە دەرەوەی حەوشەی قەڵای نوگرەسەلمان لە زێرلمی وشک و گەرمی بیاباندا بەبێ بێرێزییەکی زۆرەوە شاردراونەتەوەو هێشتا روفاتەکانیان نەگەڕێندراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان هێشتا بێسەروشوێنن و چارەنوسیان وەک هەموو ئەنفالکراوەکانی تر نادیارە.

هەڵەبجەییەکان هەرپەگازی کیمیایی نەخنکێنراون، ئەوانیش وەک سێوسێنانیەکان و وەکو خەڵکی گۆپتەپەو عەسکەر، دوای ئەوەی کیمیابارانکراون و کۆمەڵکوژییان لەسۆنگەی گازی کیمیاوییەوە لێکرا، ئینجا خەڵکەکەی گیراون وئەنفالکراون، ئەنفالی هەڵەبجەیەکان دۆسێیەکی تەواو جیاوازەو هەردەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە وەڵێ بێباکی و خەمساردی و بێدیقەتی کورد ئەویشی بەفەرامۆشی سپاردووە.

هەڵەبجەییەکان بەسێ شێوازی جیاواز گیران و بێسەروشوێنکراون کەدەشێت بەسێ قۆناغی جیاواز پۆلێنیان بکەین:

قۆناغی یەکەم: رێکەوتی ٩ی ئابی ١٩٨٨ رێك رۆژێك دوای وەستانی جەنگی ئێران عێراق بووە کە ژمارەیان ١١٥٢ کەس بووە لەناویاندا سێکەس لە شایەتحاڵەکان (عەلی عارف، عومەرمحەمەد سوبحان، مامۆستا محەمەد) کە دواتر لەنوگرەسەلمان ئازادکراون لەم کتێبەدا لەناودیدارەکاندا وردەکاری بەسەرهاتی خۆیان و ئەوخەڵکە دەگێڕنەوە ئەو ژمارەیە هەموویان پێکەوە لەکەمپی سەرپاسەوە هاتوونەتەوە بۆسەرسنوری تەویڵەو لەوێ لیژنەیەکی سوپای عێراق بەحساب پێشوازی لێکردوون و پێیانراگەیاندوون کەوا دەتانبەینەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام هەر لەتەوێڵەوە چواردوورییان دەگرنو لیژنەیەك لەپیاوانی ئەمن دەیانبەن بەرەو عەرەبەت و لەوێشەوە یەکسەر بۆدائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی هەفتەیەك لە تەواریەکەی سلێمانی رایاندەگرن وئەشکەنجەیان دەدەن ودوای هەفتەیەك رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمانیان دەکەن.

قۆناغی دووهەم: ئەوانە بوون کە لە لێبوردنەگشتیەکەی ئەیلولی ١٩٨٨ دادەگەڕێنەوە بۆسەرسنور ژمارەیان ٢٢ خانەوادە بوون لەوانە (خێزانێکی ١٢ کەسی مااڵی عەبدوڵا بەڵخەیی و مااڵی پیاوێکی تر بەناوی فەریق و مااڵی میکایل و مااڵی باوکی و کوڕوکچەکانی حوسێن شا) ئەوانە هەموویان خەڵکی بەڵخەی هەورامان و مااڵی پیاوێکی تریش بەناوی (سلێمان) ئەوانیش خەڵکی سەرگەتی هەورامان بوون.

بەڵام چەند رۆژێك دوادەکەون واتا ئەوکاتەی ئەوان دەکەونە ڕێ ماوەی لێبوردنی گشتی کۆتایی هاتووە، لەوێ لیژنەی پێشوازی لە ئاوارە ئێرانیەکان کە پێکهاتبوون لە یەکەیەکی سوپای فەیلەقی یەك و لیژنەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر کە شێخ جەعفەربەرزنجی سەرپەرشتی دەکردن و هەرخۆشی سەرۆکی لیژنەی پێشوازیکردنەکە بووە، بەهەمان شێوە سواری سەیارەی سەربازییان دەکەن و دەیانهێنن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی سێ رۆژ لەتەواریەکەی گەرەکی چواریاخی سلێمانی رایاندەگرن ودواتر رەوانەی تۆپزاوایان دەکەن. ئەوانە کەمینەیەکیان نەبێت کە بەهۆی ئەوەی کەسێکی نزیکیان لەجەنگی قادسیەدا کوژرابوون ئازادکران کەبەپەنجەی دەستێك تەواوناکەن کەسی تریان نەبینرانەوەو هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە.

قۆناغی سێهەم : ئەوکەسانە بوون کە لە نێوان مانگەکانی ١٠و ١١ی ساڵی ١٩٨٨ لەڕێگاکانی تەوێڵەو سونێی لای قەڵادزێ وشوێنی ترەوە گەراونەتەوە ئەوانەش هەتا ئێستا بەبێ سۆراغ ماونەتەوەو چارەنوسیان نادیارە. لەوخەڵکانەی گەرانەوە هەندێکیان بەرێکەوت خۆیان گەیاندبووە قەڵادزێ و سەنگەسەرو دەربازییان ببوو، کورێکی گوندی هاواری ناوچەی هەورامان (فەلاح مرادخان) کە ئێستا پیاوێکی ڕۆشنبیرو چالاکێکی وریای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە زیاد لەجارێك چیرۆکی بەرێکەوت دەربازبوونی خۆی و خانەوادەکەی بۆگێڕاومەتەوە کە چۆن لەئێرانەوە هاتوونەتەوەو چۆن دەربازیان بووە، هەموو ئەو جەخت دەکاتەوە کە هێڵی جیابوونەوەی مەرگ وژیان لەچارەنوسی ئێمەدا تەنها (نیوکاتژمێر) بوو، ئەگەر ئەوەندە چاوەروانمان بکردایە ئەوا دەبوو وەك ئەوخەڵکەی تر خۆمان بخستایەتە بەرچارەنوسێکی نادیارەوەو چاوەڕێی ئیقای سەربازی بین ونەزانین بۆکوێمان دەبەن، بەڵام ئێمە گوێمان بەوقسانە

نەدا کە دەیانگووت بەسەیارەی مەدەنی مەرۆن چونکە لە سەیتەرەکانی حکومەت دەتانگرن.

جێگەی ئاماژەیە هەموویان بەپرۆپاگەندەی سیخورەکانی عێراق گەراونەتەوە گوایە لێبوردن هەیەو هەڵەبجە ئاوەدان دەکرێتەوەو دەچنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆتان، دەبێت ئەوەش بڵێین کە زۆرێك لەوانە دانیشتووی هەڵەبجە بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی هەورامان بوون جا چ خەڵکی گوندەکانی بەڵخەوسەرگەت و هاوار بوون یان خەڵکی تەوێڵەو بیارەو شوێنەکانی تر.

ئەگەر ئەوە حاڵی خراپی ئاوارەگەراوەکانی ناو زیندانەکانی نوگرەسەلمان بووبێت ئەوا دوای بەربونیشیان فرێدانیان لە ئۆردوگاکانی باینجان و گردەچاڵ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، هەرلەراستیدا ئۆردوگاکان زیندان و دۆزەخێکی راستەقینە بوون، ئەوانەشی کە بەحساب سەلامەت دەرچون و زوو نیشتەجێی ناو ئۆردوگاکان بوون حالیان زۆر لەوانی تر باشتر نەبوو هەرلە بەرایدا وەکو گاڵتەجاریو شەرێکی سایکۆلۆژی، لەگەڵ ئەو خەڵکە شکستخواردووە، هەر بۆ پەندی دەوران هەندێك لەو ئۆردوگایانەی بەئەدەبیاتی بەعسەوە ناو نابوون، وەکو (ئۆردوگای نەسرو صمود، شۆرشو برایەتی، لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەشەوە ئەو ئۆردوگایەی لەشارەزوور دروستی کرد ناوی هەڵەبجە صدامیەی لێنا!). ئەمەش گرێیەکی سایکۆلۆژی لای ئەو خەڵکە دروستکردبوو کە قوربانی سیاسەتەکانی بەعس بوون،

نەلەئێران و نەلە نیشتمان هیچ شتێك لەپێشوازیی ئەو کەسانەدا نەمابوو کە تازە بەلێبوردنی گشتی دەگەڕانەوە، یاخود لەزیندانەکانی نوگرەسەلمان رزگاریان دەبوو ئەو شوێنەی بۆ ئەوان دیاریکرا بوو لێی بحەسێنەوە لە زەوییەکی رەقەن بەولاوە هیچی تر نەبوو. تاکە دیوارێکی تێدا نەبوو لەبنی بحەسێنەوە هاتنەوەی ئەو خەڵکە بۆ نیشتمان هیچ بەهایەکی نەبوو، عەلی عارف دەلێت ئۆردوگای چی بردیانین بۆ گردەچاڵ هیچ شتێکیان پێنەداین، لەوناوە بەرەڵایان دەکردیت. دەستبەسرکردنی ئەو خەڵکە لەنوگرەسەلمان و لەباشترین حاڵەتیشدا کە لە نوگرەسەلمان بەربوون و گەرانەوە لە تەوارییەکەی سلیمانییەوە یەکی پارچە وەرەقەیەکیان پیدا بوون بچن بۆ ئۆردوگای باینجا!.

دواتر لەوێش نەیاندەهێشت بحەوێنەوە جارێکی تر بردیاننە ئۆردوگای گردەچاڵ بەڵام بێ سەرپەناو بێ خانووبەرە، ئەوەش بە ئاشکرا ئەو راستییەی دەگەیاند کەوا دەسەڵاتدارانی عێراق و بریاربەدەست و نەخشە دانەرانی ئەنفال ژیان و مردنی ئەوخەڵکەیان وەك یەك تەماشاکردووە.

ئیتر خەڵك لەوە تێگەیشتن شتێك نیە بەناوی لێبوردنەوەو ئەوەی هەیە چارەنوسێکی رەش چاوەروانێتی ئەو خەڵکەی کە لە ١٦ی ئازار بەگازی کیمیایی پەلامارردرابوون و ئەوەی لەمەرگ رزگاری ببوو بەناچاری بەرەو ئێران رۆیشتبوون وئاوارەیی نەك هەر خەنی نەکردبوون بەڵکو بەتەواوی شیرازەی تێکدابوون،ئەوان پێویستیان بەدەروازەیەك بوو تروسکاییان بداتێو ئارامییان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام ئەوە هەرچاوەڕواننییەکی بێهودە بوو، هەرگیز ئەو ئارامییە نەهاتەدی بەئێستاشەوە کەچی سەرەرای ئەو هەموو شکستەش لە گەرانەوەیاندا گورزێکی قورسیان خوارد، پاسەواناني نوگرەسەلمان و تەوارییەکەی ئەمنی سلێمانی بەردەوام ئەو قسەیەیان بەگوێدا دەدان. کەئێوە بەکرێگیراوی ئێرانی و تاوانبارنو هەقی خۆتانە هەموو شتێکتان دەرهەق بکرێت.

ئەمانەو بەرەڵاکردنی دەیانو سەدان خەفێو جاسووسی نەفسنزمو موختارو دەمراستی رژێم لەناو ئۆردوگاکاندا کاریان دەکردو راپۆرتیان دەنوسیو کێشەی کۆمەڵایەتیو تۆمەتیان دروستدەکرد، خەڵکیان بەگرتن دەداو کێشە شەخسیەکانیشیان تیکەڵ بەکێشەی سیاسی دەکردو گرفتو گێچەڵیان بۆخەڵك دەنایەوە، لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا بەعس بەچنگونینۆك تێدەکۆشا متمانە لەنێو خەڵکدا بکوژێو لە ناخی هەرتاکێکدا لەمە ترسی جاسوسو پیاوە نەفس نزمەکان خافڵ نەبێ، رژێم دەیویست کەسایەتی مرۆڤی کورد بگۆڕێ بەشتێکی تر، گۆڕانێك نەك هەر لەمرۆڤ، بەڵکو لەئاژەڵیش نەچێت. رژێم بەجدی کاری لەسەرئەوە دەکرد ئەوانەی گەراونەتەوە تەمبێ ببنو ببنە جێگەی متمانەوباوەری حزبو هاوکاری دەزگا ئەمنیو سیخوریەکانی بکەن، تاهیدی هیدی لەکوردبوونی خۆیان پەشیمانبنو ناسنامەیان بگۆڕنە سەرعەب، ئەم راستیە لە قسەکانی عەلی حەسەن مەجید دا بە روونی دەردەکەوێت، کە لەکۆبوونەوەیەکیدا دەڵێت: "ئەمانە نابێ لە ڕووی ئەرکو مافەوە بە یەك چاو تەماشا بکرێن لەگەڵ عێراقیەکانی دیکەدا، تاوەکو بە تەواویی نیاز پاکی و

ڕەفتاری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری نەکەن و نەیسەلمێنن کە هەر هاوکارییەکیان لەگەڵ تێکدەراندا کۆتایی پێهاتووە لەو هاوچەشنانەیان دڵسۆزترین بۆ عێراق کەوا سوودیان لەبڕیاری لێبووردن وەرگرتووە[1]. زیندانیەکان، ئەگەرچی بەبڕیاری لیبوردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٨٩ بەربوون و هاتنەوە بۆ کوردستان، بەڵام ژیانیان هیچ گۆڕانکارییەکی وای بەخۆیە نەبینی کە لە دبس و نوگرەسەلمان باشتربێت، لەراستیدا وشەی "نیشتەجێبوونەوەی لێبوردراوەکان" ڕەنگە تەواو چەواشەکەرێت، چوونکە هەموو ئەوەی کە تازە گەیشتووەکان و تازە بەربووەکان لەدوای لێبوردنەکانەوە لەحوکوومەتی بەعسیان وەردەگرت پارچە کاغەزێک بوو کەناونیشانی پارچە زەوییەکی تێدابوو (ئەوەش پەیوەست بوو بەڕەفتاری باشەوە). مافی کارکردن و کۆبوونی خواردنیشیان نەبوو، تەنانەت منداڵەکانیشیان مافی خوێندنیان نەبوو، (مادام خەڵکی هەڵەبجەی بڕوڕە دەرەوە، ئێوە بۆمبن با پێماندانەتەقنەوە) ئەم قسە هەست ڕووشێنەرە بەڕێوەبەرێکی بەعسی بە خوێندکارێکی هەڵەبجەیی ووتبوو کە تازە لە ئێران گەڕابوونەوە[2] ئەوەی لێرەدا مایەی تێڕامانە ئەوەیە ئەو خەڵکەی بەعس ئەنفالی کردن و بەودەردەی بردن، بەسەربازە هەڵاتووەکانیشەوە خەڵکی مەدەنی و بێچەک بوون، ئەوخەڵکانە بوون بەپێی داب و نەریتی خۆیان ئاڕەزووی سەربەستیان دەکرد، دەنا خەڵکانێکی بێوەیی و لاشەڕبوون، ئەوعەشاماتەی بەردەستی ئەفسەرە پلەدارەکان کەوتن، زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، تاوانیشیان ئەوە بوو ئاڕەزوی مانەوەیان لەزیدی خۆیان دەکرد، دەنا نەک بەکرێگیراوی ئێران" تەنانەت پێشمەرگەش نەبوون" کەچی تاسەر ئەمەیان بۆ نەچووە سەر، چونکە ئاڕەزوویان لەگەڵ لۆژیکی بەعس ناتەبا بوو، بەزەبری هێزلەگوندەکانیان وەدەرنران و بەدەستی بەتاڵ ڕاپێچکران و نەیانتوانی بەرەنگار ببنەوە، ئەوانەی نەیانتوانی دەربازبن، بەمندالأنی ساواشەوە لەگوندەکانیاندا بەئاسانی پۆل پۆل تەسلیمی بکوژەکانیان دەبوون و دەبرانە کەمپەکانی کۆکردنەوە،لەوێش چاوەڕوانی لێبوردن بوون، نەک کوشتن چونکە بێتاوان بوون، کاتێکیش بریاری بەکۆمەڵکوشتنیان دەرچوو، ئەوان بەئاسانی ملیانداو چوونە گۆڕەکانەوە، وەکو ئەوەی بریاری کوشتنیان تەواو بێ و پێویست بە ڕاچەنین نەکات..؟!!

ئەوانەی لەلۆجیکی بەعسدا تاوانبارنەبوون، هیچ کات شایانی لێبوردن نەبوون، ئەوانەشی لێبوردنی بۆ دەرکردبوون، ئەو کوردانە بوون کە بەعس لە ڕاگەیاندنەکانیدا بە ئاشکراو بێشەرمانە بەخیانەتکارو بەکرێگیراوی ئێران ناوی دەبردن، ئەو لێبوردنەش تەنها چاوبەستەکێ و سیاسەتێکی چەواشەکارانە بوو، دەنا ئەوخەڵکانەی کەلەئاوارەیی گەڕانەوە وێرای ئەوەی لەژێر بۆمباران و کەش و هەوایەکی ساردی زستاندا بەدەستی بەتاڵ و شکستێکی گەورەوە نیشتمانیان بەجیهێشت بوو، خەڵکانێکی لێقەوماو بوون و زۆربەیان بەتایبەتی هەڵەبجەییەکان بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕابوونەوە، بەدەگمەن هەڵەبجەییەکت دەستدەکەوێت کەسێك یان زیاتری خێزانەکەی بەچەکی کیمیاوی گیانی لەدەست نەدابێ!! ئیدی لەگەڕانەوەیاندا بەتایبەتی ئەگەر لەسایەی لێبوردنێکی گشتیدابێ پێویستیان بەدەستگیرۆیی و هاوکاری بوو، چ جای ئەوەی بکرێنە هاوڵاتی پلەدوو! بەدیوێکیتردا ئەوان پێویستیان بەوە بوو داوای لێبوردنیان لێبکرێت نەک بێن و داوای لێبوردن لەرژێمێکی تۆتالیتار بکەن کەسەرومااڵی بەتاڵانبردبوون و ماڵوحاڵی شێواندبوون و بەچەکی قەدەغەکراو لێی دابوون، لەراستیدا ئەوان پێویستیان بەوەبوو حکومەت داوای لێبوردنیان لێبکات و قەرەبووی مادی و مەعنەویان بکاتەوە، کەچی ئەوانەی لەسەرسنورەکانەوە بەبڕیاری لێبوردنەکان گەڕانەوە، ئەگەر بەخت یاوەری بوبێ و نەکوژرابی، هەرگیز نەبوونە هاوڵاتیەکی ئاسایی ئەم وڵاتەو تا ئەمڕۆش بە قورسی باجەکەی دەدەن.

هەوڵ پاکتاوکردن و سرینەوەی ناسنامەی گەلی کورد پلانێك بوو چ لەشەڕداو چ لەئاشتیدا لەخەیاڵی بەعسدا کارابوو، لە شەڕدا ڕەشەکوژی دەکردو سڵی لەکۆمەڵکوژی نەدەکردەوە، چ لەگەڵ پێشمەرگەو چ لەگەڵ سڤیلدا چەکی قەدەغەکراوی بەکاردەهێناو تاوانی دە کرد، لۆژیکی

---

١. مەبەستی عەلی حەسەن مەجید ڕون و ئاشکرایە بەبڕوای ئەو ئەو کەسانە سودیان لە لێبوردنی گشتی وەرگرتبوو کە دەهاتنەوەو پەیوەندیان بە دەزگا جاسوسییەکانەوە دەکردوچالاکی سەربازی وچەکداریان بۆ ڕژێم دەکرد، بەشێوەیەکی ڕونتر بۆنیازپاکی هەرکەسێچکی گەڕاوە بەتایبەتی بۆ پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکان دەبوایە بچێت سەری تێکدەرێك بەدیاری بهێنێتەوە، جا ئەو سەرە ئەگەر شێتێکی بێگوناهیش بوایە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەیە کەسێکی دەخستە ناوبازنەی تاوانەکانەوەو لەسەر تاوان ڕای دەهێنا.

٢. (ئەو خوێندکارە ئیبراهیم مستەفا عبدولکەریم کۆکۆیی بوو کە لە لێبوردنەگشتیەکەی ساڵی ١٩٨٨دا گەڕابوونەوەو توانیبوویان خۆیان پەنابەنو لە سلێمانی خۆیان بشارنەوە) سەرئەنجام نەیتوانی خوێندن تەواو بکاو ئێستاش لە شاری هەڵەبجە دەژی.

بەعس وەکو هەرسیستمێکی تۆتالیتار لۆژیکی مل پێکەچکردن بوو، نیازی وەها سیستمێکی سیاسیش لەوە ناترازێ مرۆڤ لەبوونەوەرێکی هۆشمەندەوە بگۆڕێتە سەربوونەوەرێکی دەستەپاچەو ملکەچ، تاکێکی ئامادە بۆ کوشتنو خۆبەکوشتدان، بونەوەرێك خاوەنی هیچ پێناسەو شوناسێکی یاسایینو ئەخلاقی نەبێت، ئەوخوازیاری کۆمەڵگەیەك بوو تەنها فەرمان جێبەجێبکات، تاکێکی کۆمەڵایەتی دەویست ئامادەبێت هەرشوناسێك و ماهییەتێك وەرگرێ کەبەعس لێی دەخوازێ یان پێی دەبەخشێ، ئەمەش داهێنانی خودی بەعس نەبوو بەڵکو مەرجعی بیری شۆڤێنی عەرەبی بوو کە خودی بەعسی بەرهەمهێنابوو، هەربۆیەشە لەسەرەتاوە لەئەفسەرو دەرەجەدارە شۆڤێنیزمەکانی سوپاو ئەمنو موخابەراتەوە دەستی پێکرد، ئایە کەس هەیە ئەفسەرێکی پایەبڵند بدۆزێتەوە لەناو ساپادا مافی ئەوەی هەبووبێ خۆی ماهیەتو شوناسی خۆی بدۆزێتەوە؟ من وەڵامم دەدەمەوەو دەڵێم بێگومان نەخێر. لەپێشەوە ئەوکەسانەی بەناوی پیرۆزی نیشتمانو پیرۆزی نەتەوەی عەرەبەوە لەهەموو بەهایەکی یاسایینو ئەخلاقی بەتاڵکردەوە، هەموو ئازادیەکی لێسەندنەوە، مەرجی سەرکەوتنیان بۆ پۆستەبااڵکان پەیوەستبوو بەدامااڵینی هەموو ئەوبەها ئینسانیانەوە، بێگومان سەرکەوتنی سیستمی سیاسی بەعس لەوێوە دەستپێدەکات، بێدەنگی لەبەرانبەر دڵرەقیدا، بۆیە کاتێك دەبینین یان دەبیستین حیکایەتەکانی ئەنفال لێوانن لەتراژیدیاو پێشیلکاری مافی مرۆڤ، دەبێت بزانین کە بەرپرسانی سوپاو ئەمنو موخابەرات لەپێشەوە ئازادی خۆیان تێکشکاندووە، بۆیە تێکشکاندنی مرۆڤەکانی تریان بەاڵوە ئاسایی بوو، ئیدی لەپەاڵماردانی ئەو خەڵکە لێقەوماوەشدا هیچ مەرجێکی یاسایینو ئینسانی نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبنو سڵی لێبکەنەوە، هەروەکو هیچ پێوانەیەکی یاسایینو ئەخلاقیش نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبنو پێش بەو هەموو پێشیلکاریە بگرن.

هەربۆیەشە تاونی ئەنفالو کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە نەبوونە مایەی هەڵوەستەی ئەفسەرو پلەدارەکانی بەعس!؟ لەبەرئەوەی دەرەجەدار مافی ئەوەی نەمابوو بیرلەژیانی خۆی بکاتەوە چ جای ئەوانی دی؟! ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی بەعس کۆڵەوارترین کەسانێك بوون لەبارەی هوشیاری مافەکانی مرۆڤو مافی گشتییەوە، ئەوان لەسەرمافەکانی مرۆڤ و بەهای دیموکراسی هیچیان نەدەزانیو شارەزایی تاوانە نیودەوڵەتیەکانیان نەبوون، رەنگە باشترین نمونە ئەو قسەیە بێت کەسوڵتان هاشمی وەزیری بەرگری لەکاتی دادگایی کردنیاندا وەکو داکۆکی لەخۆی ووتی: (ئەگەر کاتی خۆی بمانزانیبایە یاسایەك هەیە وەکو ئەویاسایەی ئێوە ئێستا ئێمەی پێمحاکەمە دەکەن، ئەو کاتە ئێمە بەشداری تاوانەکەمان نەدەکرد، شتێکی ترمان دەکرد، هەرچەند ئەم قسەیە ناکاتە برائەتی سولتان چونکە (القانون لا یحمی المغفلین). و تەنانەت نەیوت پەشیمانم بەڵکو سور بوو لەسەر ئازایەتی و دڵێری خۆی کە ئەوکاتە ئەنجامی داوە.) ئەوەی لە ڕەفتاری ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی بەعسدا ڕەنگدەداتەوە واتای لێبوردن نیە، بەڵکو ئایدۆلۆجیای بەعسە، بەعسیش خاڵی بوو لەهەرواتایەکی لێبوردەیی، لەشەڕدا ئەو ئەفسەرە نەشارەزایانەی بەردەدایە گیانی سڤیلولەئاشتیو گفتوگۆکانیشدا، تەنانەت لەلێبوردنە گشتییەکانیشدا بۆدەرفەتی تۆلەسەندنەوە دەگەڕاو پلانی دادەنا،

رژێمێك هەمیشە لەبۆسەدا بوو، دەرفەتەکانی دەقۆستەوەو خاڵی لە هەرچارەسەرێکی تەندروستو ئاشتیخوازانە، دەهاتە مەیدانو مەرگدۆستانە کاری دەکرد، دەنا چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد چارەسەری کێشەی عێراقیشە بۆ سیستمێکی سیاسی ئەگەر بەرژەوەندی عێراقی بوێت،کەچی بەعس خاڵی لەهەر لۆجیکێکی تەندروست بەپلانوبەرنامەی داڕێژراوەوە نەیارەکانی خۆی پاکتاودەکرد، خەونی زیندووی نەتەوەیەکی لەگۆڕدەناو خەونە فاشیانەکەی خۆی جێبە جێدەکرد، خەونی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لەعێراقدا یەکێك بوو لەنیازە ئاشکراکانی دەوڵەت بەگشتیو حزبی بەعس بەتایبەتی، بۆیە هەمیشە لە پشت گفتوگۆکانو لێبوردنەگشتیەکانەوە، بەشێوەیەك لەشێوازەکان گەرموگوڕتر بۆسەرخستنی پرۆژە شۆڤێنیەکانی دەکەوتە کارو پلانی جینۆسایدکردنو سرینەوەی شوناسی نەتەوەی کوردی دادەنا.

عەلی عارف ئەحمەد

ئەو رۆژەی کە لێبوردنە گشتیەکە دەرچوو براکەی من لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستدا



شوێن: هەڵەبجەی شەهیدان
کات: ٥ی ئێوارە
ریکەوتی: ٢٠١٤/٤/٢٤
دیمانە: عومەرمحەمەد
هاوکاران: هێمن عەبدوڵا، سمکۆ سابیر

رۆژێك زەنگێکی نەناسراوم بۆهات، کە وەڵامم دایەوە پێشئەوەی خۆی بناسێنێت باسی ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان وگۆڕی ئەنفالستانی بۆکردم، لەدوای ئەو تەلەفۆنەوە ماوەی ساڵێك زیاتر بێئەوەی چاومان بەیەکتری بکەوێت پەیوەندیمان بەردەوام بوو، ئەو پیاوە بەردەوام لەخەمی ناساندنی دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجەییەکاندا بوو، هەردوکمان لەسەر ئەوە هاوخەم بووین کە هەڵەبجە جگەلە کیمیباران ئەنفالیشکراوە کەچی لەبری ئەوەی ئەم تاوانە بەجیهان بناسێندرێت هێشتا نەك لەناوخۆی کوردستان بگرە لەلای خۆی هەڵەبجەییەکانیش وەك پێویست نەناسێندراوە. عەلی عارفیش وەك فەرید عەبدوڵا دەمێك بوو پەیمانم پێدا بوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و نەبوونی کاتەوە دیدارەکانیان دواکەوتبوون خۆشبەختانە لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا نەك هەر ئەو دوو بەرێزە بەڵکو زیاتر لەچوار دیمانەم لەگەڵ هەڵەبجەییەکاندا سازکرد، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە دیدار لەگەڵ ئەنفالکراوێکی هەڵەبجە بەهیوام تەمومژ لەسەر دۆسێیەکی گرنگ لابەرین.

ببورە دیدارەکەمان زۆردواکەوت خۆت دەزانی لەمێژە بەنیازبووین من و تۆدیدارێك دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجەییەکان سازبکەین من داوای لێبوردن دەکەم ئەو داوایەشم بۆ تۆنیە بە تەنیا بەڵکو بۆئەوەیە کە تەنانەت گۆڤاری ئەنفالستانیش وەك پێویست گرنگی بە دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە نەداوە بەهەرحاڵ ئەودەرفەتەمان بۆ نەڕەخساو دواکەوت بۆ ئێستا زۆر بەخێربێیت.

راستە سوپاس هەڵبەت منیش ئاگام لەوەزعی تۆیە.**زۆرسوپاس کەواتە فەرموو بادەست پێبکەین و سەرەتاش باڵە ناوی خۆتەوە دەستپێبکەین؟ ئەگەر بکرێت ناوی سیانیت بڵێیت؟**

ناوم عەلی عارف ئەحمەدە.

ساڵی چەند لەدایکبووی

١٩٧١/١٢/٢٧

پێشتر لەکام گوند بوون پێشئەوەی بێنە هەڵەبجە؟

ئێمە لەگوندی زەمەقی بووین لە خوار شاری هەڵەبجەوە.

واتا تۆ لەگوندی زەمەقی لەدایکبوویت؟

نانا من بۆخۆم لە هەڵەبجە لەدایکبووم. تەنها بۆ ماوەیەك ماڵی باوکم چوونەتە ئەوی.

بەر لەکیمیابارانی هەڵەبجە بەچییەوە سەرقاڵ بوون و خۆتان بەچی دەژیاند؟

من ئەو کاتە خوێندکاربووم لەسەرەتایی و لەناوەندیش هەرلێرە بووم هەتا ساڵی کیمیابارانەکەی ١٩٨٨.

سەرچاوەی بژیویتان چی بوو؟

دوکانمان هەبوو، کاری نانەوایمان دەکرد بەوە دەژیاین.

خانەوادەکەتان چەند سەرخێزان بوون؟

ئێمە چوار براو چوار خوشك بووین، باوکم دوو خێزانی هەبوو، خوشکێکمان لە خێزانەکەی تری باوکمە.

لەیەك کاتدا دوخێزانی هەبوو یان لەیەکێکیان جیابووەتەوە ئینجا ژنی دووهەمی هێناوە؟

نانا یەکەمیان لێی جیابببووە ئینجا دایکمی هێناوە ئێمە لە ژنی دووهەمین.

خێزانی یەکەمی ناوی چی بوو؟

پیرۆز ئەحمەد حەمە اغا.

وتت لەو یەك خوشکمان هەیە، هەرئەوە؟

بەڵێ هەرئەو خوشکەمان لەودایکەمانە ئێستا ئەویش لە سویدە.

ناوی چییە؟

ناوی نەسرینە.

ئەی دایکی خۆت ناوی چییە؟

ئامینە حسێن ئەحمەد

ئەی خوشك وبراکانی خۆت ناویان چییە؟

ئەنوەر، عزەت، فەرحەت، سامان و خۆم، مرییەم، عصمەت، عالییە) ئەنوەری برام کە ئەوە براگەورەمان بوو کە ئەو لەنوگرەسەلمان مردووەو ئێستاش روفاتەکەی هەروا لەوێیە. سامان ئەو هەربەرپرۆسەی ئەنفال نەکەوت، عزەت و فەرحەت و مرییەم.

چەند کەستان بەرشالاوی ئەنفال کەوتن؟

تەنها دوخشکم و برایەکم بەر پرۆسەی ئەنفال نەکەوتین ئەوان ماڵی خۆیان جیابوو. ئەوان لەگەڵ ئێمەدا نەبوون بۆیە بەرنەکەوتن.

چەند کەستان بێسەروشوێنە؟

تەنها ئەوبرایەم کاك ئەنوەر تەمەنی 24 ساڵ بوو واتە موالیدی ١٩٦٤ بوولەوێ وەفاتی کردولە نوگرەسەلمان ناشتمان.

بابگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە بێگومان تۆ یادەوەریت لەهەڵەبجە هەیە خۆشترین یادەوەریت کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە؟

جا ئەوەی کە نمەکگیری خاك و ولاتی خۆی بێت هەموو رۆژێکی هەر یادەوەرییە من چەندین شوێن گەراوم لە خواری عێراق، لە ئێران شوێنی خۆشی وەك هەڵەبجە نەیان هەژاندووم، من ناتوانم دەستنیشانی ساتێکی تایبەتت بۆبکەم لە یادەوەرییەکانم. هەموویم بەلاوە جوان و خۆش بووە، هەڵەبجە سروشتیکی زۆرجوانی هەیە، ئاوهەواو کەشێکی تایبەتی خۆی هەیە.

پێش کیمیاباران هەڵەبجە لە چ دۆخێکدا بوو، ئارام بوو یاخود کاریگەری هەلومەرجی شەڕی بەسەرەوە بوو؟

نەخێر ئارام نەبوو پێش کیمیابارانیش هەڵەبجە لەدۆخێکی خەراپدا بوو، حکومەت هەمیشە لە بۆسەدا بوو بۆ ئەم شارە.

چی دەکرد والەبۆسەدا بوو چی دەرهەقی هەڵەبجەییەکان دەکرد؟

لەپێشەوە دێهاتەکانی دەوروبەری داگرت، ئەوەش کاریگەرییەکی دەرونی و ئابوری زۆری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبوو، خەلکی هەڵەبجە هەم وەك سەیرانگا ئەو گوندانەی بەکار دەهێناو هەم وەك سەرچاوەی ئابوری سودی لێدەبینی. ئیتر خەڵك هەمیشە دەیویست لە زوڵم وستەمکاری بەعس رزگاری بێت، خۆپیشاندانیان دەکردو سەرکوت دەکرانەوە.دەنگی نارەزاییەتیەکانی کپ دەکرانەوە.

پێش کیمیبارانی هەڵەبجە لێرە خۆپیشاندان دەکرا؟

بەڵێ ئەی چۆن پێش کیمیاباران لە ١٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ خۆپیشاندانێك کرا کۆمەڵێك خەڵك لەدەشتی بامۆك گوندێکی قەراغ هەڵەبجەیە بەزیندوویی زیندە بەچاڵکران.

کەواتە پێش رۆژی تاوانەگەورەکەی کیمیبارانی هەڵەبجە کۆمەڵکوژییەکی تر بووە لەم شارەدا؟

بەڵێ بەڵی. ئەو کۆمەڵکوژییە ساڵی ١٩٨٧ بوو.

من بیستوومە پێش تاوانی کانی ئاشقانیش لە ساڵی ١٩٧٤ جارێکی ترلە هەڵەبجە بەهۆی بۆمبی قەدەغەکراوەوە بەناپاڵم لێدراوەوکۆمەڵکوژییەکی تربووە لەهەڵەبجە؟

بەڵێ ئەوکاتە من منداڵ بووم، بەڵام بیرم دێت تەیارە دەهات بۆردومانی دەکرد.

ژمارەی قوربانیەکانی ئەو بۆردومانەی ساڵی ١٩٧٤ چەند کەس بوون؟

بەداخەوە ژمارەیان نازانم. چونکە من ئەو کاتە منداڵ بووم.

ئەی کەس بۆی نەگیراویتەوەو باسی بکات؟

با باسیان دەکرد کە تەیارە هاتووەو بۆردومانی کردووەو ناپاڵمەکان ئەوەندە قورس وبەهێزبوون ئاوی لەزەوی دەرهێناوەو

وێرانکارییان خستووەتەوە.

کێ بۆی دەگێڕایتەوە؟

من خۆم بەبیرم دێت لە یادەوەریمدا دێتەوە. بەڵام وەک کێ بۆی گێڕاوەمەتەوە زۆرکەس باسیان دەکرد.

تۆ بەشداری خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٧ت دەکرد؟

بەڵێ من بە کردەوە بەشداریم کردووە.

ژمارەی ئەوانەی وادەلێی زیندە بەچاڵکران چەند کەس بوون؟

راستی بەوردی ژمارەیان نازانم، بەڵام ئەوە بووەو هەتا خزمی خۆشمانیان تێدایە. هەندێکیان هەر بەسەر دەمناسین.

کێ بوون ئەوانەی تۆ دەتناسین یان خزمەکانت وا لەو کۆمەڵکوژییەدابوون؟

حاجی سەید سەمەد هەبوو، ئەوە لەگەڕەکی خۆمان بوو، کاک عەبدوالقادر بوو، عوسمانی خاوەر، دوای ئەوەی بریندار بوون لەخەستەخانە دەریانیانکردو بەبەرچاوی خەڵکەوە لەدەشتی بامۆک زیندە بەچاڵیانکردن.

بەڵگە هەیە کە زیندە بەچاڵکراون؟ یاخود دوای گوللەبارانکردن و کوشتنیان بەکۆمەڵ ژێر خۆڵدراون؟

وەڵاهی ئەوەیان نازانم بەڵام بەبریندارى وبەزیندویی لەخەستەخانە دەریانکردوون، لەوێ ئیتر نازانم چۆن بووە. بلێم بەچاو بینراون نازانم بەڵام مادام بەزیندویی براونەتە ئەوێ واتا زیندە بەچاڵکراون.

ساڵی ١٩٨٨ کاتی کیمیابارانەکە چەند رۆژ بەدەست پێشمەرگەوە بوو ئینجا کیمیابارانکرا؟

تاوانەکە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٨ بوو، پێش مانگێک ئێمە دەمانزانی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە هەیە، حکومەتیش نیازی خراپ بوو بەرامبەر ئەم شارە چونکە پێشتر دەیویست ئەم شارە بەتەواوی رابگوێزێ. وەکو چۆن سەید سادقی راگواست پێش سەید سادق نیازی بوو هەڵەبجەش وا لێبکات، ئەوکاتە بەراستی خەڵک ماندووببوو دەیانویست هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژن پێشمەرگەش لەگەشەسەندندا بوو، یەکیان گرتبوو بەرەی کوردستانیان پێکهێنابوو، ئەوان دەیانتوانی شاری هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام پیلانەکانی حکومەت لەهی ئەوان بەهێزتربوو، ئەوان چەکی سادەوساکاریان پێبوو، حکومەت چەکی پێشکەوتووی هەبوو، سوپاپڕچەک بوو.

بۆچی نیازی بوو هەڵەبجەش والێبکات هەندێک باس لەوە دەکەن حکومەتی عێراق رقی تایبەتی لە هەڵەبجە بوو من دەمەوێ لەدەمی هەڵەبجەییەکانەوە بزانم ئەو رقە تایبەتە چی بوو؟

وەڵاهی هەر جموجۆڵی خەڵک و پێشمەرگە بوو، شارەکە لەسەر سنور بوو، خەڵک بەدوای ئازادیدا دەگەڕا، ئەوانە زیاتر هۆکاربوون.

ئەو رۆژەی کە هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکراو پێشمەرگە هاتنو خەڵکی هەڵەبجە پێشوازییان لێکردن و پێیانخۆش بوویان بە پێچەوانەوە.؟ چاوەروانی کاردانەوەی توندی عێراق و مەینەتیان دەکرد؟

من ئەوکاتە تەمەنم ١٧ ساڵان بوو خویندکاری پۆلی چوارەمی ناوەندی پەیمانگەی ئیسلامی بووم، چاک بیرمدێ کە ئەو رۆژەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە کرا تاقیکردنەوەمان هەبوو، هەتا بەیانیەکەشی سەعیم دەکرد، بەڵام هەرلە ئێوارەوە وەزعەکە نائاسایی بوو، هەرزۆریش نائاسایی بوو، بەڵام من چونکە سەرقاڵی سەعی کردن بووم، زۆر گوێم بەو حاڵەتانە نەدەدا، چونکە بەنیازبووم ئەو ساڵە پلەیەکی زۆر باش بهێنم بەڵام بەداخەوە ئەو تاوانە گەورەیەکراو هەموو شتێک تێکچوو، بەیانیەکەی هەرکە مەکتەب کرایەوە دایکم زۆر بەنارەحەت ئێمەی پەلکێشکرد بردینی بۆماڵی خاڵۆم چونکە ئەوان ژێرخانێکی گەورەیان هەبوو، خەڵکیش لەترسی بۆردومانی ئێران خۆیان خزاندبووە ژێرخانەکانەوە.

بۆچی ئێران بۆردومانی دەکرد؟

بەڵێ ئێران بۆردومانی ناوشاری هەڵەبجەی دەکرد، ناوشار پڕبوو لە هێزی پێشمەرگە، حکومەتی عێراقیش سەربازێکی زۆری لەسنورەکەو چواردەوری هەڵەبجە دامەزراند بوو، دیاربوو پلانەکە زۆر گەورە بوو، قسەیەکی وا هەبوو کە قائیدی فیرقەکە ئەم ناوچەیەی بە ئێران فرۆشتووە.

باشە ئەگەر هەڵەبجە لەلایەن ئێران و پێشمەرگەوە گیرابوو، مادام پێشمەرگەو پاسداری تێدا بوو بۆچی ئێران بۆردومانی ناوشاری هەڵەبجەی دەکرد؟

پاسدارانی ئێران تەنها ناوچەی زەڵمیان گرتبوو، چواردەوری سنورەکانی گرتبوو هێزی پێشمەرگەش لەناوشار بوو.

بەڵام تۆ وتت بۆمبارانی هەڵەبجەی دەکرد؟

بەڵێ تۆپبارانی ناو هەڵەبجەی دەکرد، بەڵام کوێی هەڵەبجە ئەوشوێنانەی سەربازو بنکەو بارەگای حکومەتی تێدا بوو.

چۆن خەڵك بیری لە راکردن و خۆ دەربازکردن نەدەکردەوە؟

خەڵك سەری لێشێواببوو، ئەی ویست بەرەو سیروان رابکات، بۆئەوەی بەرەو سلێمانی بڕوات ئێران بەهەموو شێوەیەك بۆمبارانی گردی گۆی دەکرد، چونکە هێزەکانی سوپای عێراق لەوێ مۆڵیان خواردبوو، لەبەرئەوە خەڵك نەیدەتوانی لەناو ئەو ئاگربارانەوە بڕوات بۆیە ئەوەی لێرەوە دەرچووە موجازەفەی بە گیانی خۆیەوە کردووە. ئەو خەڵکەی تریش لێرە لەناو ژێرخانەکاندا مابوونەوە چاوەروانی ئەوە بوون کە بارودۆخەکە ئارام بێتەوەوراکەن.

تۆ کەست پێشك دێت لە رێگەی سیروانەوە بەناو ئەو تۆپبارانەدا رزگاری بوبێت؟

بەڵێ هەیە خەڵك زۆر رۆیشتن خەڵکی ئەو گەرەکەی خۆمان هەندێك کەس لەوانەی سەیارەیان هەبوو لەرێگەی سەید سادقەوە دەربازبوون.

مااڵێك هەیە تۆ بیاننناسیت و لەورێگەیەوە بەناو سوپای عێراقدا دەرچوبێت؟

بەڵی زۆر هەیە بۆ نمونە مااڵی کاك تۆفیق باوکی حەسەن و حوسێنیان پێدەگووت.

حکومەتی عێراقی رێگەی دەربازبوونی خەڵکی نەدەگرت؟

نەخێر رێگرنەبوو چونکە ئەو بۆخۆشی سەری لێشێواببوو.

کەواتە رێگا بەرەو عەربەت وسلێمانی کراوە بوو تاکە رێگر تۆپبارانی ئێران بوو؟

بەڵی هەر ئەوە بوو.

ئەی بەرەو ئێران ئەو رێگایانەش کراوە بوون؟

لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی تەواوسەری لێشێوا بوو تەواو بێئومێد بوو، ئیتر چەکی کیمیایی بەکارهێنا.

پێش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی خەڵك نەیدەتوانی دەربچێت؟

نەخێر پێش کیمیاباران کەس رایندەکرد چونکە سنورەکان ئاڵۆز بوون، هەموو وەزعەکە زۆر ئاڵۆزبوو، خەڵك هیچی لێ رون نەبوو، هەموو خەڵك خۆیان لە ژێر زەمینەکاندا شاردبووە.

ئەی چاوەروانی کاردانەوەی توندی بەعستان نەدەکرد؟

بەڵی پیاوو ژنی بەتەمەن دەیانگووت بەخوا بەخوا هەڵەبجەش وێران دەکرێ، بەڵام ئەم بۆچوون و ئەم قسەیە چۆن بڵاوببووەوە من تێنەدەگەیشتم.

یەکەم کاردانەوەی حکومەت چی بوو هەریەکسەر بەکیمیایی وەاڵمی دایەوە؟

لەپێشەوە کە زانی ئیتر هەڵەبجە بەدەست پێشمەرگەو پاسدارەوەیە فرۆکەکان هاتن بەیان و بانگەوازییان فرێدایە خوارەوە راستی من هیچم بەردەست نەکەوت، بەڵام دوایی خەڵك دەیانگووت هیچ نەبووە هەر وەرەقە بووە بۆئەوەی ئاراستەی باوەربگرێت.

خەڵك چی هەبوو بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی؟

هیچ هەرئەوەندە دەهاتن ئاویان دەهێناو پەرۆی تەریان دەهێنا دەیانگووت نەکا حاڵەتێکی وا روبدات کیمیایی بەکار بهێنێ رێك قسەکەیان هاتەدی و ئەوەی پێشبینی دەکرا بە زیادەوە کرا.

ئەی کەخەلك پێشبینی کیمیابارانی دەکرد بۆچی چووبونە ژێرزەمینەکان؟ مەگەر نەیاندەزانی کیمیایی دادەبەزێتە ژێرزەمینەکانەوە بۆیان؟

خەڵك دەیگوت کیمیایی بەکار دەهێنی بەاڵم خۆنەیاندەزانی کیمیایی چۆنە و چۆن خەڵك دەکوژێ هیچ ئەزموونێکی پێشتر نەبوو بۆ وەها حاڵەتێك.

کاتی بۆردومانەکەت لەبیرە؟

بەڵێ رێك دەوری کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بوو بۆمبارانێکی زۆر سەخت بوو، پێشتریش ئێرانیەکان زۆر بەچری وبەقورسی بۆمبارانی هەڵەبجەیان دەکرد، لەراستیدا خەڵکێك هەبوون پێش کیمیابارانەکە بە بۆمبارانی ئێران شەهید ببوون. ئەوە راستیە.

ئێوە چیتان کرد چۆن بیرتان دەکردەوە بۆ خۆ رزگارکردن؟

وەك پێشتر باسم کرد دایکم ئێمەی بردە ناو ئەو ژێر زەمینەی مااڵی خاڵۆمەوە، لەوێ ماینەوە هەتا ئێوارە کاتێك هاتینە دەرەوە هەروا نیوکاتژمێرێك رۆژی مابوو، کە لەهەڵەبجە دەرچووین و

بەپێ بەرەو سنورەکان بەرێکەوتین.

هەڵەبجە کیمیابارانکرابوو کە لە شار دەرچوون.؟

بەڵێ تەواو ببوو

ئەندامانی خانەوادەکەتان بەسەلامەتی دەرچوون یان کەستان شەهید بوو؟

ئیمە لەخۆمان کەس شەهید نەبوو تەنها ئامۆزایەکی باوکم شەهید بوو ناوی رەحمان بوو.

ئیتر بۆکوێ چوون؟

لە پێشەوە بەرەو چاوگ و باوەکۆچەک و دواتریش بەرەو چیاکان و بۆ سازان و سەرسنورەکان رۆیشتین، ئینجا لۆری ئێرانی هات سواریان کردین رۆیشتین بۆ ئێران.

ئیتر لە ئێران چۆن گوزەرانتان؟

هەر کە ئێوارە لەسەر سنورەوە باریان کردین هەتا بەرەبەیان ئێمە بەرێوەبووین بێ ئەوەی بزانین بۆکوێمان دەبەن، کە دابەزین شوێنێک بوو پایەگای تێدا بوو، پێیان دەگوت کەنگاوەر، خەڵکی ئەو شارە هەمووی ماندوو لەرێگا زۆر شەتەک بووین دنیا زۆر ساردبوو، لەوێ ئیتر ئەوەی کەنەتناسیوە دەبێتە برات، دەبێتە دراوسێت. لێقەومانێک بوو دەتگووت رۆژی حەشرە، کەس بەکەس نەبوو، ژن هەبوو منداڵەکەی ئاوبردبووی، منداڵ هەبوو لەدایکوباوکی وونببوو، من بەچاوی خۆم بینیم لە ناوچەی سازان دایکێک مەمکی خستبووە دەمی منداڵەکەیەوەو گیانی دەرچووبوو.

ناوی ئەو ژنەت نەزانی؟

نەخێر بەداخەوە.

چیت بینی کە زۆر کاریگەربێت و هەتا ئێستا لەبیرت ناچێتەوە؟

خەڵک وپاسدار وەک لیژنە دار تەرمیان لەسەر یەک هەڵچنیبوو.

تۆ چەند کۆمەڵە تەرمی ئاوات بینی؟

من بەدرێژایی ئەو رێگای سازانە تەرمم بینیوە. خەڵکم دەبینی گیان ئەدا، خەڵکم دەبینی تەپاوتل ئەکەوت، هەتا باوکی مامۆستا عەبدولحەمیدم بینی کەف لەدەمی دەهاتە دەرەوە. بائەوەش بڵێم ئەو سنورەی ئێمەی لێوە رۆیشتین کەمترین خەڵکی لێمردبوون، چونکە کوشتارەکە بەزۆری لای عەنەبی گرتبوو.

کەواتە ناوچەی سازانیش کە راگەیاندنی کوردی و جیهانی باسی ناکەن خەڵکێکی زۆرلەوێ بەرکەوتن و لەو رێگەیە شەهیدبوون؟

بەڵێ من پێت دەڵێم بەچاوی خۆم بینیم خەڵک هەبوو کیمیایی کاری تێکردبوو، پێدەکەنی، هەبوو دەگریا، خەڵک هەبوو پێستی سوتابوو، خەڵک هەبوو ئاوسابوو، دەمردن دەتلانەوە.

وەک بزانی چەند جۆرگاز لە هەڵەبجە بەکار هاتبوون.

من ئەوەیان نازانم ئەوەی بینیومە ئەوە باس دەکەم جۆری گازەکان چی بوون ئەوە نازانم.

چەند لەئێران مانەوە؟

ئێمە ماوەی بیست رۆژ لە کەنگاوەر لەناو مەکتەبێکدا ماینەوە، خانەوادەکەمان تەواو شپرزە ببووین خوشک و برایەکمان ونببوون دەبوو چارەنوسیان بزانین، هەتا یەکمان گرتەوە زۆری پێچوو، بەداخەوە دەیڵێم لەوێش ئەنفالم بەچاوی خۆم بینی.

چۆن؟

حکومەتی ئێران بردمانی بۆ ئۆردوگای کرمان جەهەنەمێک بوو بۆخۆی لەگەڵ نوگرە سەلمان هیچ جیاوازییەکیان نەبوو تەنانەت ئاوهەواکەشیان وەکویەک وابوو، بەجەختەوە دەیڵێم کرمان و نوگرەسەلمان رێک وەکیەک وابوون. ئەوە ئۆردوگای ئەفغانییەکان بوو ئێمەیان بۆ بردبوو لەوێ نیشتەجێ کراین و ئێمە لەوێ بە قاچاغی رامانکردو هاتینەوە بۆ سەریاس.

ببورە مادام وەک نوگرەسەلمان ناوی دەبەیت کەمێک باسی کرمانم بۆ بکە ناخۆشییەکانی چی بوون؟

جارێ ئێمە لەوێ ئاوارە بووین زمانمان نەدەزانی، لێقەوماوبووین، دوربووین لەهەر هەواڵێکی کەسوکارمان بێبەش بووین، ئاوهەوایەکی زۆر ناخۆش رێک وەک خواروی عێراق بیابان بوو، تەپوتۆزوگەرم، ئۆردوگایەکی زۆر بێخزمەتگوزاری بوو هیچی تێدانەبوو، بۆیە ئێمە بەناچاری رامانکردو بەقاچاغی هاتینەوە بۆ ئۆردوگای سەریاس.

بەڵام ئەم قسانە پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە دەڵێن ئێرانیەکان پشتیوانی کوردو هەڵەبجەییەکان بوون؟

کەمپەکانی تر باشتر بوون، دەکرا لەسەریاس یان لە کامێران دامان بنێن بەڵام بردنمان بۆ کرمان رێک وەکو ئەنفالکردنمان

وابوو.

ئۆردوگای کرمان چەند کەسیان بۆ بردبوو؟

بەخوا بە تەواوی نازانم بەڵام زۆر بووین. ئیتر ئۆردوگایەك بوو.

وتت ئیتر دوای ئەوەی لەوێ راتانکرد هاتنەوە بۆ سەریاس؟

بەڵێ هاتینەوە بۆ سەریاس هەڵبەت بەقاچاغ هاتینەوە وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو دیسانەوە وەکو ئەوە بوو کە کیمیاباران کرابینەوە، بەردەوام لە ئۆردوگای سەریاس لە پرسەدا بووین، خەڵك هەبوو بەتەواوی خانەوادەکەی تێداچووبوو، هەبوو هیچی لەبارەی کەسوکارەکەیەوە نەدەزانی، هەبوو دایکی ونببوو، ئیتر وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو.

ئێوە چەند مانەوە لەوێ؟

ئێمە لەکیمیابارانەکەوە کە هاتین هەتا گەڕاینەوە چوارمانگمان پێچوو.

ئەی دوایی بەلێبوردنی گشتی گەڕانەوە؟

لەدوای چوارمانگەکە حزبی بەعس لەڕێگە بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە پڕوپاگەندەیان بڵاوەدەکردەوە کە لێبوردنەو هەڵەبجە ئاوەدان دەکرێتەوەو خەڵك دەچێتەوە بۆسەرماڵ وحاڵی خۆی.

ئەوە قەناعەتبەخش بوو، خەڵك دەهاتنەوە بەو پڕوپاگەندانە؟

زۆرکاریگەر بوو، خەڵك بەوقسانە تێکەوت.

هەرئەوەش وای لەئێوەکرد بگەڕێنەوە؟

بەڵێ ئێمەش هەم ئەو پڕوپاگەندانەو هەم خۆشەویستیمان بۆ خاك و وڵاتی خۆمان و هەم بەرژەوەندییەکانی خۆمان کە لە هەڵەبجە بەجێمان هێشتبوون. ئەڕێوەڵا ئەو ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندانەی سیخورەکانی بەعس زۆرکاریگەرییان هەبوو بۆگەڕانەوەمان. خۆ ئێمە بەچاودێری ئێرانیەکان و بەفەرمی دەهێنراینەوەو بەفەرمی لەلایەن دەزگا ڕەسمییەکانی حکومەتی عێراقەوە وەردەگیراینەوە.

کەواتە ئێوە بەلێبوردنی گشتی نەهاتوونەتەوە بەڵکو بە پڕوپاگەندەی لێبوردنی گشتی هاتوونەتەوە.

پێت دەڵێم ئەو دەنگۆیانەیان بڵاوەدەکردەوە حکومەت هەڵەبجە ئاوەدان دەکاتەوەو هەموو کەس دەتوانێ بێتەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ ئاگربەست بوو جەنگی ئێران و عێراق وەستا، ئێمە لە ٨/٩ هاتینەوە، من یەکێك بووم لەوانەی بە نیازی ئەوە هاتمەوە بەشداری تاقیکردنەوەکانی دەورەی دووەم بکەم، خوێندنەکەم تەواوبکەمو ئیمتیحان بدەمەوە، خولیای تەواوکردنی خوێندنەکەم بووم. بەڵام خەونەکەم نەهاتەدی و بەرپڕۆسەکە کەوتم.

کەواتە ئێوە چاوەڕوانی دەرچونی لێبوردنێکی گشتیتان نەکردووەو بەپڕوپاگەندەیەکی ناراست هاتوونەتەوە؟

ئاخر خۆئێمە تاوانبار نەبووین هیچ تاوانێکمان نەکردبوو هەتا چاوەڕوانی ئەوەبین لێبوردنی گشتیمان بۆدەربکات، ئێمە جەماوەرییووین خەڵکی مەدەنی بووین، نە چەکداربووین نەپێشمەرگەی هیچ لایەنێکیش بووین. بەڵێ هەڵەبجەیی بووین، بەڵام خەڵکی شاربووین خۆ پێشمەرگە نەبووین هەتا قاچاغ بین لەحکومەت. لێرەدا دەبێت بپرسین ئەگەر ئێران دەیزانی ئەنفال دەکرێین بۆ دەیناردینەوە، ئەگەر بمانزایایە ئەنفال دەکرێین بۆ دەهاتینەوە بەردەستی رژێمێکی وادڕندە؟ خۆ خۆمان لێزیادە نەبوو.

چەندکەسێك دەبوون کە گەرانەوە بۆسەر سنور؟

ئێمە ئەوانەی لەسەریاسەوە پێکەوە هاتین ولەسەرسنوری تەوێلە گیراین وبراین بۆتەواریییەکەی سلێمانی ودواتریش بردیانین بۆ نوگرەسەلمان ١١٥٢ هەزاروسەدوپەنجاو دوو کەس بووین.

لەپێشەوە لەکوێ بەسوپای عێراقی گەیشتن؟ ئەوان چییانکرد پێشوازییان لێتانکرد یاخود بەشێوەی خراپ مامەڵەیان لەتەکداکردن؟

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٩ بەسەیارەی ئێرانی بەخۆمان و شتومەکەکانمانەوە هێنایانین بۆسەرسنوری تەوێلە لەوێ عێراقییەکان زۆر جوان پێشوازییان لێکردین ریزێك سەیارەی سەربازی وەستابوون، سواری سەیارەیانکردین و هاتین ئێمە وابەنیازبووین بمانبەنەوە بۆ هەڵەبجە بەڵام کە هاتین لە نزیك تەوێلە پێشیان پێگرتین نەیانهێشت یەك کەس دابەزێ وبروا بەملاوئەولاداوخۆی بدزێتەوە، هێشتیانینەوە تادرەنگ داهات، لەناوئەمنیەتێکی توندو تۆڵدا هێشتیانینەوە تەنها یەك سەعاتێك ڕۆژی مابوو. کەهاتینە گردی گۆسەیرمانکرد سەیارەکان بەرەوسەیدسادق دەڕۆن نامانبەنەوە بۆهەڵەبجە، وتمان ئەوە بۆکوێمان دەبەن ووتیان دەتانبەین بۆ زەرایەن درۆیان لەگەڵ کردین.

وتتان بۆ کوێمان دەبەن؟

بەڵێ بەڵێ هاورمانکرد وتیان دەتانبەین بۆ زەرایەن. بەڵام درۆیانکرد بردیانین بۆ عەربەت ولەوێشەوە بردیانین بۆ تەوارییەکەی سلێمانی.

ببورە پرسیارێك كە دەبوو زوتربیكەم؟ ئەوبەرپرسەی لە تەوێڵە وەریگرتن نەتانزانی ناوی چی بوو؟

نا نەخێر چۆن بیزانین؟ نەماندەناسی. عەسکەربوون بەڵام دوایی رادەستی تەوارییان کردین.

لە تەوارییەکەی سلێمانی چییان پێوتن؟

لەوێش کە دایانبەزاندین ئەویش تراژیدیایەك بوو نوگرەسەلمانێك بوو بۆخۆی، ئەوێش پربوو لە خەڵکی هەژاری گوندەکانی گەرمیان و قەرەداغ و دێهاتەکانی تر بەگشتی، هەموو ئەو شوێنانەی دەستیان پێیانگەیشتبوو گرتبویانن هێنابوویانن لەوێ رایانگرتبوون، دورلەروتان تەنانەت ئاژەڵ وحەیوانەکانیشیان هێنابوون لەوێ لە ناوحەوشەی تەوارییەکە کۆیانکردبوونەوە.

حەوشەی تەوارییەکە ئەوەندە گەورە بوو جێگەی خەڵکێکی زۆرو ئاژەڵەکانیشیان ببێتەوە؟

حەوشەی تەوارییەکە زۆر گەورە بوو، تەنانەت ئێمەش ئەو کەلوپەلانەی لە ئێرانەوە هێنابوومانەوە هەموویان لەلایەکی ناوحەوشەی تەوارییەکە فرێدابوو، ئیتر ئەوەش ڕۆیی کەس نەیزانی چییانلێکرد بەهەرحاڵ ئێمەشیان کردە ناوتەوارییەکەوە.

ببورە دەتوانی زانیاریم بدەیتێ لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی لەو کاتەدا لەتەوارییەکەی سلێمانی راگیرابوون؟

خەڵکێکی زۆر زۆری تێدا بوو، ئێمە هەموومان ئەو ١١٥٢ هەزاروسەدوپەنجاو دووکەسە هەموومانیان هێناو هەموو لەناو تەوارییەکە بوون و خەڵکی تریش زۆربوون. بەڵام بائەوەش بڵێم حکومەت دەگەڕا ئەوانەی کە شەهیدی قادسیە یان دیلی ئێرانیان هەبوو، هەرلەوێ ناوی دەنوسین ئەوانەیان جیاکردەوەو نەبران بۆ نوگرەسەلمان.

کەسیانت دەناسی لەوانەی بەو هۆیەوە بەربووبن؟

بەڵێ بەڵێ یەکێك لەوانەی ماڵی مامەی خۆم بوو بەناوی وەسمان ئەو دیلی ئێران بوو ماڵومندااڵەکەی لەگەڵ خۆماندا بوون لەتەوارییەکە ئازادکران.

هەرلەوێ لەتەوارییەکە ئازادکران؟

بەڵێ هەرلەوێ ئازاد بوون دوایی کە ئێمە لەنوگرەسەلمان بەربووین چاومان پێیان کەوتەوە.

هەڵسوکەتی بەرپرسانی تەوارییەکە لەگەڵتاندا چۆن بوو؟

لەوێ ئەوەی پێی بڵێی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە نەبوو، ئەوەی ئیهانەو سوکایەتی کردن بوو پێیانکردین، ئەوەی ناخۆشی بوو بینیمان، ئەوەی بیانویستایەو بەعەقڵیاندابهاتایە بەو خەڵکەیان دەکرد.

ماوەی چەند لەوێ هێڵرانەوە هۆی راگرتن و مانەوەتان نەزانی لەوێ؟

ماوەی هەفتەیەك هێڵراینەوە حکومەت لە ڕێگەی ئیستخباراتەوە زانیاری زۆر وردی لەسەر کۆکردبووینەوە، تەنانەت ئەوەشیان دەزانی کە تۆ لەهەڵبجە خانووی خۆت هەیە یان کرێچیت، ئینجا کەوتنە پرسیارکردن لەخۆمان زانیاری زۆر وردیان لەوخەڵکە کۆدەکردەوە، تەنانەت دەیانپرسی تۆ خانووەکەت چەند ژوربوو؟ زەوی وئاوی خۆتان هەبوو؟ چەند سەرئاژەڵتان بووە؟ زانیاری زۆر وردیان لێوەردەگرتین.

ببورە باپرسیارێك بكەم.

فەرموو.

ئەوەی پرسیارەکانی لە ئێوە دەکرد کێ بووناویتان نەدەزانی؟

نەخێر

نەتان دەزانی ئەمنە یان پۆلیسە یان ئیستخبارات بوو؟

بەڵێ ئیستخبارات بوو.

جلەکانیان چۆن بوو؟ بەڵەکی سەربازی یاخود جلی مەدەنی؟

جلی سەربازی تەواری و ئەوانە لەکلاوسورەکان بوون[1].

١. (کلاوسورەکان) لێرەدا مەبەستی لە بیری سورەکانی ئینزبات نیە، چونکە بیجگە لەوبەشەی سوپا بەشێکی تری هێزە تایبەتەکانی سوپا بیری سوریان لەسەردەکرد. ئەوانە تایبەت بوون بەڵام هەرچی ئینزباتخانەکان و دەستەکانیان بوون بە ڕێکخستن وکۆنترۆڵ کردنی بازگەو بازرەکان بۆ ئەو سەربازانەی دەهاتنە ناوخەڵکەوە زۆرجاریش ئەمانە دەگەران بەدوای سەربازی هەڵاتوودا پاش ئەوەی دەیانگرتن ئینجا قۆناغ بەقۆناغ بە کۆمەڵیک ڕێکاری یاسای سەربازی بە چەندین زیندان تێدەپەرین و دەیانگەراندنەوە بۆیەکەسەربازەکانی خۆیان. بەڵام ئەم کلاوسورانەی عەلی عارف باسیان دەکات جیاوازبوون ئەوانە هێزەکانی تەواری و هێزی تایبەت بوون کە بڕیارێکی قاوەیی خودەی مۆرو سورباوییان لەسەر دەکرد، لەڕاستیدا چەندین رەنگی بیری هەبوو لەوانە سەوزو رەش سەربازی ئاسایی لەسەریان دەکرد، سوری تۆخ ئینزیبات لەسەریان دەکرد، سورباویش هێزەکانی تەواری و هێزی تایبەت لەسەریان دەکرد، ئەوەی عەلی باسی دەکات ئەوانە سەربە دائیرەی ئەمن بوون بەناوی هێزی تەواری. بەکوردییەکەی دەبوونە هێزەکانی فریاکەوتن و دائیرەو معاونیەتەکانی ئەمن ئاراستەیان دەکردن.

کەواتە جلی نیزامییان لەبەردابوو؟

بەڵێ بەڵێ جلی نیزامی لەبەردابوو.

ووتت سوکایەتیەکی زۆمان پێکرا سوکایەتی وەك چی؟

دەیانگووت ئێوە خائینن و ئێوە دەستی دەوڵەتی ئێرانتان گرتووەو هێناومانەتە سەرخاکی خۆمان ئینجا قسەی ساردوسوك ئەوەی کەدەرونی ئینسان پێی ناخۆشە ئەوەیان پێدەگووتین. بێجگە لەوقسەساردو سوکانە چیتر هەبوو لێدان برسی کردن، ئەشکەنجەدانیش هەبوو ئەگەر بیانزانیبایە یەکێك قسەیەك دەکات و بۆنی نارەزایەتی دەربرینی لێدێت بۆنمونە هەر بتگوتایە ئەمە کەی وەزعە ئیتر دەیانگرتیت وایان لێدەکردیت جارێکی ترنەتوانی دەمبکەیتەوە. بائەوەش بلێم خەڵکی ئەم هەڵەبجەیە لە تەواریییەکەی سلێمانی مردووەو هەرئەوکاتە شارەوانی سلێمانی بردی کردی بەژێر خۆڵەوەو ئێستاش کەس نازانێ تەرمەکەی لەکوێیە.

ئیتر دوای ئەوە چیتان بەسەرهات؟

دوای ئەوەی هەموو زانیارییەکانیان لێوەرگرتین پارەی ئێرانیەکانیان لێ سەندین، تەنانەت ئەوەی پارەی عێراقیشی زۆر پێبوایە هەرلێیان دەسەند ئینجا رۆژێك هەمووخەڵکەکەیان بردە ناوحەوشەکەوە بینیمان، پاسیان هێناوە، دەستیانکرد بەجیاکردنەوەمان، لەپێشەوە پیاوەکانیان جیاکردەوە، ئینجا ژنەکان و دوایی کوڕەگەنجەکانیشیان جیاکردەوە. ئەمە هەرلەناو حەوشەی تەواریییەکەی سلێمانی لەپێشەوە ژن ومندااڵ و پیاوە پیرەکانیان سواری ئەو پاسە ریمە درێژانە کرد، هەتا ئەوانیان هەموو سەرنەخست و مەئمورو پۆلیس وپاسەوانیان بۆ دابین نەکردن، هیچ سەیارەیەکی تر نەهات، ئەوانیان تاوتۆێ کردو سەریانخستن وبۆهەرپاسێك مەئمورێکی خۆیانیان بەچەکەوە خستە ناو پاسەکەوە، ئیتر هیچ دەسەاڵتێك نەما پیاوژن جیاکرانەوەوئەوانیان خستە ناوئەوپاسانەوە، ئینجا دوای ئەوان پاسی تریان هێنا ئەم پاسانە جۆرێکی تربوون وەکو ریمە درێژەکان نەبوون، ئەو پاسانە بۆ پیاوەکان ئەوانەی تواناو گۆڕیان مابوو لەگەڵ کوڕی گەنج خرانە ناو ئەوپاسانەوە.

ببورە وتت ئەوپاسانە جۆرێکی تربوون؟ چۆن بوون مەبەستت چییە لەوەی جۆرێکی تر بوون؟

ئەوانە سەیارەی سەربازی بوون، جۆرێك بوون نازانم چۆن وەسفیان بکەم هیچ پەنجەرەیەکیان نەبوو، تەنها دودەرگایان هەبوو ئەویش یەکێکیان هی شۆفێرەکە بوو، ئەوی تر بۆسەرکەوتنی ئێمە بوو، هیچ جۆرە رۆشناییەکی نەبوو تەنها لە ئەرزەوە یەك کونێکی تێدا بوو هەروا (١٠ سم) سانتیمەترێك دەبوو، ئەویش پێمووابێ بۆمیزکردن بوو، بۆیە دەڵێم بۆ میزکردن لەبەرئەوەی کە کەوتینە رێ بەهیچ جۆرێك وەستان نەبوو تەنها ئەگەر خۆیان بیانویستایە ئەویش بۆ ئیسراحەت یان بۆ ئیشێکی خۆیان نەك بۆ ئێمە، ئیتر کەوتینەڕێ دنیا زۆر گەرم بوو هاوین بوو.. ئاتوخوا بائەوەشم بیرنەچێت باباسی بکەم.

فەرموو.

ئەوکاتەی ئەوپاسانەیان هێنا، کەخەریکی سەرخستنی پیاوەکان وگەنجەکان بوون، لۆرییەك هات کۆمەڵێکی پانزەکەسیان بانگکرد بۆئەوەی ئەو شتومەکانەی لەناوحەوشەی تەواریییەکە بوون باریانبکەن منیشیان لەگەڵ ئەو پانزە گەنجە برد بۆ بارکردنی ئەوشەخەڵ وپەخەڵە دڵمخۆش بوو ووتم لەسەرچەنچەی ئەو لۆرییە دەبین نایەینەخوارەوە، کەکارەکەمان تەواو بوو چوینە سەرئەوچەنچەیە ووتیان ئەوە چی دەکەن لەوێ وەرنەخوارەوە وتمان فەرقی چییە باڵێرە سواربین لێمان تورە بوون بەسوکایەتی و قسەی ناشرین دایانبەزاندینەوە ووتیان وەرنەخوارە دیسان کردیانینە ناو ئەوپاسەموقەپەتانەوە.

چەند کەس بوون خرانە ناو ئەوپاسەوە؟

ئێمە ١٨ کەس بووین خراینە پاسێکەوە. پاسەکان کەوتنەرێ ئاگامان لەدەرەوە نیە چونکە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو، حاڵەتێکی زۆرناخۆش بوو، رەتڵیك سەیارە وەك سجن وابووکەوتنەرێ، ئێمە نازانین بەرەوکوێ دەڕوات. هەرلەناو حەوشەی تەواریییەکە هەندێك شوتیەکۆڵەی گەنیوی عەلوەکەیان هێنابوو دایانپێمان ئێمەش لەبرسان دەستمانکرد بەخواردنیان تومەس ئەم شوتیانە گەنی بوون و بۆرێگەی ئەنفال بوون، ئەوانەی ئەوشوتیانەمان خواردبوو وەزعمان زۆرخراپ بوو. لەبەرئەوە ناو ئەوپاسانە زۆر گەرم بوو ناچاربووین هەمووخۆمان روت وقوتکردەوە هیچ هەوایەك نەدەهاتە ژورەوە عارەق وەکو ئاو لەبەرمان دەرۆیشت، خەریکبوو ئەپیشاین، خەریك بوو هەناسەمان لێدەبرا.

هیچ پەنجەرەوکونێك نەبوو هەوای لێبێتە ژورەوە؟

هیچ هیچ نەپەنجەرە نەدەرگا، یەك تاکە دەرگا بۆسەرکەوتن ئەویش قفڵێکی گەورەیان لێدابوو لەو دیوەوە.

رەنگی پاسەکە چۆن بوو؟

رەنگی ئەوەی ئێمە سەوز بوو هەندێکی تر ئەوانەی لە پێشەوە بوون سپی بوون.

تۆ دڵنیایی لەوە ئەوەی سواریانکردن پاس بوو یان شتێکی تری تایبەت بوو لە پاس دەچوو؟

پاس بوو کەپس کرابوو، بچوك بوو زۆریش گەورە نەبوو، وەکو ئەو هەژدەنەفەرییانەی لای خۆمان شتێکی ئاوابوو بەڵام کەپس کرابوو هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو.

ئەی کوشنەکانی چۆن بوون؟

هیچ کوشنێکی تێدا نەبوو شتێکی سادەوساکار بوو.

هەرتەختەشی تێدا نەبوو لەسەری دابنیشن؟

نەخێر نا هیچ هیچی تێدانەبوو.

ئەو کونەی کەباست کرد لەکوێی پاسەکەدا بوو، لەسەر گاعیەکەی ئەویش من وای بۆدەچم هەر بۆ میزکردن بوو.

تۆ دڵنیا بوویت کە ئەوە بۆمیزکردنی بەندییەکان بووە، لەوبروایەدا نیت کە بۆئەوە بووبێت کە لەوێوە هەوایەك بێتە ژورەوە بۆئەوەی نەخنکێن؟

پێدەچێت بۆ ئەوەش بووبێت.

دڵنیایت هیچ کونێکی تری تێدا نەبوو؟

هیچ هیچی تری تێدا نەبوو تەنها یەك پەنجەرە هەبوو لەنێوان ئێمەو سەربازەکەدا کە حەرەسمان بوو ئەویش بە شیشی ئەستور کە پێکەوە لەسەر یەك لەحیم کرابوون ئەویش بەسترابوو. لەو پەنجەرەیەوە مەئمورەکە ئەوەی پاسەوانمان بوو جاربەجار سەیرێکی دەکردین ئێمەش ئیشارەتمان بۆ دەکرد بۆ کوێییە؟ ئەویش سەرێکی بادەدا دەیگوت نازانم.

لەو پەنجەرەیەوە هیچیترتان نەدەبینی؟

با لەوێوە کیلۆمەترەکانمان دەبینی.

مەبەستت کام کیلۆمەترانەیە؟

ئەوانەی لەسەر رێگا نوسرابوون بۆنمونە ئەوێ چەند کیلۆمەترە و بەغداچەند کیلۆمەتری ماوە.

کەواتە لەوکونەوە دەتانزانی بەرەو کوێتان دەبەن؟

بەڵێ لەو تەنها پەنجەرەیەوە دەمانزانی بەرەو خواروی عێراقمان دەبەن بەڵام ژن ومندااڵەکان هەربە ئاشکراو بەپاسی ریم و مەنشەئە[٢] بردیانن و خەڵك هەمووی سەیری کردبوون.

مادام ئێوە دەتانزانی بەرەوکوێ دەڕوا کەی زانیتان بەرەو سەماوەو نوگرەسەلمان دەڕوات.؟

جاربەجار دەمانبینی ئەویش کە سەیارەکان بۆ ئیسراحەتی خۆیان یان بۆبەنزین تێکردن دەوەستا لەو پەنجەرەیەوە تابلۆی سەرجادەکەمان بەکەمی دەبینی.

کەدەوەستان نەتان دەتوانی ئاوو خواردنێکی کەمیش بەدەست بهێنن؟

نەخێر هەندێکجار لەو وەستانانەدا مەئمورەکە دەهات دەیگوت چیتان پێویستە پارەکانتان دەرکەن شتتان بۆدەهێنین. وەکو میوەو ئاوو پسکیت و ئەوشتانە. بەڵام ئێستاش هەروا بۆمان دەهێنن! هەرگیز چاومان بەهیچ نەکەوت ئێمە لەو وەزعێتە خراپەدابووین کە بۆم باسکردیت ناچاربووین باوەربکەین هەندێك پارەمان پێبوو ئەوەشیان لێمان سەند بێئەوەی هیچمان بۆ بێنن.

پارەکانیشیان لێدەستاندن؟

بەڵێ پارەشیان لیدەستاندین و هیچیشیان بۆ نەدەهێناین. ئەمەش وەك ئیهانەیەك بوو. کاك بارام هەیە دوایی بۆی گێڕامەوە کچێك هەبوو دایکی و باوکی لێرە بەکیمیایی شەهید بوون، لەرێگەی نوگرەسەلمان زۆر تیووی ببوو، داوای ئاوی کردبوو، بردبوویان بەحساب ئاوی بدەنێ ئێستاش کەمن قسە لەگەڵ تۆ دەکەم ئەوە ٢٦ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕێ هەر ئەو بردنە بوو سۆراخی نیە.

کچەکە ناوی چییە؟

خۆی نازانم ناوی چییە بەڵام کچی کاك فەخرەدینە براکەی کە بۆی گێڕامەوە ناوی بارامە..

---

٢. پاسی مەنشەئە بە هەرجۆرە پاسێکی درێژ دەوترا کە لە (٢٠) کەس زیاتری دەگرت، بۆ نمونە پاسی جۆری کۆستەر تەنها ٢٠ نەفەری دەگرت بەڵام لە عێراق لەلای دەرگاکەوە شوێنێك هەیە بۆ سەکنی پاسکە کە ئەویش کرابووە شوێنی نەفەرێکی تر لەبەرئەوە پێیان دەوترا، باسی ٢١ بیست ویەك نەفەری، بەڵام بە جۆری باسی ریمی درێژو مارسیدسیان دەگوت مەنشەئە پێدەچێت ئەوناوە لەوەوە هاتبێ کە ئەو جۆرە پاسانە لە سەرەتاوە هی کۆمپانیاو دامەزراوەکان بووبێت و دامەزراوەش بەزمانی عەرەبی پێی دەڵێن منشا.

ئیتر دوای ئەوە چی رویدا؟

ئەو رۆژەی کە لەتەواریيەکەی[٣] سلێمانیەوە سەریان خستین بەدرێژایی ئەو رۆژە هەربەرێگاوەبووین، هەم لە ترساو هەم لەبرسا و هەم لەگەرمادا پێدەچێت هەندێك کەس هەر بێهۆش بووبن، من بۆخۆم یەکێك بووم لەوانە کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە هات وهاواروقیژوهوربوو، فەرتەنەیەك بوو، هەرمەپرسە وەزعێکی زۆر ترسناك وناخۆش بوو، کە پرسیارمکرد ووتیان ئەوە لەجادەی خۆڵ لایدا دەمانبەن دەمانکەن بەژێرخۆڵەوە.

ئێوە ئەو هەستەتان لەلا دروستبوو کە ئیتر دەتانکوژن؟

بەڵێ هەموومان گەیشتینە ئەوبروایەی کە ئیتر رۆژمان تەواو بوو لێرە دەمانکوژن.

دواتر ئەو رێگا نخۆڵە بەکوێی گەیاندن؟

گەیاندینیە ناونوگرەسەلمان لەناوحەوشەکەی نوگرەسەلمان دایانگرتین و ئیتر رەزالەتی نوگرەسەلمان دەستی پێکرد.

پێشئەوەی باسی تراژیدیای نوگرەسەلمان بۆبکەیت دەمەوێ پرسیاری ئەوەت لێبکەم؟ وتت ئێوە هەژدەکەس بوون لەناو ئەوپاسەدا کێی ناسیاوی خۆت لەگەڵدا بوو؟

هەموومان ناسیاوی یەکتری بووین برای خۆم و کوڕی مامم و ئەو پورزایەم ئائەمانە بووین بەیەکەوە.

پاسەکە جێگەی کەسی دەگرت مەبەستم ئەوەیە هەرجێگەی ئەو هەژدە کەسە دەبووەوە؟

کورە من دەڵێم ماوەی هەناسەدانمان نەبوو، خەریك بوو ئەخنکاین لە گەرماو لەتینودا.

ئاخر خەڵکی تر هەیە دەڵێت ئێمە ٣٤ کەس بووین لەو پاسانەدا؟

ئەگەر بیانویستایە خەڵکی تری تێکەن دەیانتوانی. وەکو پێشتر عەرزم کردیت ئێمە ویستمان لەسەر چەنچەی لۆرییەکە سواربین دوایی دایانگرتین بۆ ناوئەو پاسە ئەویش ئاخر سەیارە بوو، کە هات ئەویش بەختمان هەبوو کە هەرئەوەندە بووین.

پێشتر لە هیچ شوێنێك ئەو پاسانەت بینیبوو کە ئێوەیان پێگواستەوە؟

نەخێر هەرگیز نەمبینبووون.

ئەی دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێنیش هەر نەتبینینەوە؟

دوای ئەوەش هەرنەمبینیوەتەوە.

کەگەیشتنە نوگرەسەلمان لەوێ چی رویدا؟

نوگرەسەلمان دۆزەخێك بوو بۆخۆی رەنگە بینیبێتتان لە تەلەفزیون سجنێکی زۆر گەورەیە، ئەوەندە گەورە بوو ئەو رەتڵە سەیارەیە دەچوونە ناوحەوشەی سجنەکەوە پێیەوە دیارنەبوو، دەرگایەکیان بۆ چونە ژورەوە بوو دەرگایەکیش بۆچونە دەرەوە بوو، ئێمە کەچووینە ژورەوە لەحەوشەکەدا وەستاو ئێمەیان دادەبەزاندو پاسەکە لەدەرگاکەی ترەوە دەردەچووە دەرەوە، خەڵکی تریش هەروا بەوشێوەیە، ئەوانیش وەك ئێمە داگیران وهەموومانیان لەحەوشەکە کۆکردەوە، خەڵکێکی زۆر زۆر بوون، پێش ئێمەش خەڵکی گەرمیانی لێ بوو، کەهەموو خەڵکەکەیان داگرتەوە ئیتر لەوێ پیاوو ژنیان تێکەڵ کردەوە، بەڵام چۆن تێکەڵ کردنێك خەڵك هەبوو لەخۆشی ئەوەی تێکەڵکراینەوە دەگریا، هەشبوو پێدەکەنی لەخۆشیاندا تۆ ببینە، دایك وباوك وخوشك وبراو کورو کچ لەیەکجیابکرێنەوەو رۆژێك بەریگاوەبیت و نەزانی چارەنوست چی دەبێت و داویی بگەنەوە یەکتری و تێکەڵ بکرێنەوە خۆشە، بەڵام کە ئەو دیمەنە سامناکەت دەبینیەوە لەترسا هەرگریانمان بۆدەمایەوە، دەبوایە چیمان بکردایە ئەگەر نەگریاینایە؟ دەبوو هەر بگرین. لەوێ ئەفسەرێك هەبوو ناوی حەجاج بوو بۆخۆی سەرپەرشتی پرۆسەی ریکخستن ودابەشکردنی خەڵکەکەی دەکرد بەکێبڵ و قامچی و شەلاق شەلم کوێرم[٤] هاتن بەوخەڵکدا بەزەبری لێدان لە ماوەیەکی زۆرکەمدا ئەو هەموو خەڵکەیان دابەشی ناو قاعەکانی نوگرەسەلمان کرد. یەکەم کەسی هەڵەبجەیی ئەو رۆژە لە ژێرقامچی جەلادەکانی نوگرەسەلماندا کە گیانی لەدەستدا کاك ئەلاکەرەم هاواری بوو کە بەقامچی خودی حەجاج گیانی لەدەستدا، ئەلاکەرەم[٥] سەید باوکی مامۆستا سەلمانە کە ئێستا

٣. تەواری مەبەست لەو فەرمانگە سەرکوتکەرەیە کە سەربەدائیرەی ئەمن بوو، بۆئەوەی خوێنەر لێی تێك نەچێ هەر لەسلێمانی نەخۆشخانەیەکیش هەیە لەسلێمانی هەمان ناوی هەیە.

٤. مەبەستی عەلی عارف لە و دەربرینە قسەیەکە لەناو کورددااباوە کە دەڵێت شلم کوێرم دەست ناپاریزم هەرچی بکەوێتە بەرقامچی و شەلاقم بەردەکەوێ.

٥. ناوی ئەلاکەرەم لەناو ئەوکەسانەدایە کە لە نوگرەسەلمان بەهۆکاری جیاواز مردوون، ژمارە (٤) ئەنفالستان لەلاپەرە ١٤٧ دا باڵاوی کردووەتەوە، ئەوکەسانەی لەوێ گیانیان لەدەستداوە خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانن، لەو لیستەدا ئەلاکەرم ناوی بە ئەلاکەریم سەید ئەحمەد لەدایکبووی ١٩٢٦– سلیمانی هەڵەبجە هاتووە، بەڵام مێژووی مردنی جیاوازە لەوەی کاك عەلی عارف باسی دەکات ئەوکەپێی وایە رۆژی ٢١ی ئاب بووە، بەڵگەی مردنەکەی ١٩٨٨/٩/١٩ هاوکات ناوی چەند کەسێکی تری هەڵەبجەیی تێدایە کە لەنوگرەسەلمان گیانیان لەدەستداوە.

لەرێکخراوەکەماندا لەگەڵماندایە. ئەو لێدان و سوکایەتیە بۆ چاوشکاندن و تۆقاندنی خەڵکی ئەم شارە بوو، بۆئەوە بووکەس بیرلەوە نەکاتەوە جوڵەیەک هەنگاوێک بنێت یان قسەیەک بکەن.

ئەو رۆژە نازانی چ رۆژێک بوو؟

١٩٨٨/٨/٢١ بوو. ئەوە یەکەم رۆژی چوونە نوگرەسەلمان بوو.

هەستتان کرد هیچ پاسێک لەکاروانەکە دابرابێ و نەهێنرابێ بۆ نوگرەسەلمان وسەرنشینەکانی ئێستا بێ سۆراخ مابنەوە؟

نا کەس دانەبرا هەموومان لەوێ یەکمانگرتەوە.

رۆژانی دوایی چی رویدا

ئیتر کراینە قاعەکانەوە نوگرەسەلمان دوقاتە زۆر بەرزە تەنها ئاسمانمان دەبینی ئیتر دابرابووین لەدنیای دەرەوە، دەرگاکان پۆلیسی لێبوو دەرگاکان توند گیرابوون و چواردەوری نوگرەسەلمانیش خاڵی ئێشکگرتنی لێبوو، ئیمە گەنج بووین دەجولاین لە ناوسجنەکە، زۆر وەزعی ناخۆشمان چاوپێکەوت، وەزعێک کە هەرگیز بەگێرانەوە کۆتایی نایات نوگرەسەلمان سجنێکی زۆر گەورە بوو، پڕ پربوو لە خەڵکی گەرمیان و قەرەداغ وسەنگاو گەرمیان و هەموو ئەوناوچانەی ئەنفال گرتبوونیەوە. ببورە تۆ قەڵای وەک نوگرەسەلمانت بینیوە لە ناوچەکانی خۆمان؟ لەلای بازیان و ئەوناوە بەرچاوم کەوتووە.

وەک ئەوەی پیرەمەگروون؟ قەڵای سوسێ؟

بەڵێ بەڵێ ڕێک وەک ئەوەیە بەڵام ئەو گەورەترە.

نەخێر گەورەتر نیە هەموویان یەک نەخشەن بەڵام بەردەکانیان جیاوازە ئەوەی لای خۆمان لەبەردی نقاڕی سپی دروستکراوە ئەوەی نوگرەسەلمان بەردێکی بۆری زبرە ببورە فەرموو ویستت باسی پیرەکانم بۆبکەیت.؟

بەڵێ دەبێ وابی بەڵام بە یەک شێوەدروستکراون، ئیتر لەناوحەوشەکە شوێنێک هەبوو بۆسەیارە سێبەریان بۆکرابوو، دوسێ پیرەمێردم بینی لەژێر ئەو سێبەرەدا بەحاڵ دەجولانەوە من ئەو شەوە هەتا بەیانی سەیری ئەو پیرەمێردانەم دەکرد بۆ بەیانی چوومەوە بۆلایان ووتم ئەمانە بۆلێرەن ووتیان ئێوە سەرەتاتانە ئێمە ئەوەچەند وەختە لێرەین رۆژانە لەبرسان خەڵکمان لێدەمرێت، ووتم ئەم پیرانە بۆ لێرە کەوتوون زۆر بەسادەیی ووتیان لێرە لەبەر ئەو سێبەرە دامانناون، چاوەروانین هەتا بمرن دوایی دەیانبەینە دەرەوە، گەرمیانیەکان گەنجیان لەگەڵدا نەمابوو ئەوان کچ وکوری زۆر بچکۆلەو پیاوپیری زۆر بەسالاچویان مابوو ئەوان دەرکەوت دوایی کورەگەنجەکانیان هەمووی کوژرابوون، ئەوانەش هیچ دەسەلاتیان نەبوو ئاوا بەدیاریەکەوە دانیشتوون هەتا دەمردن. ئەوان دارندرابوون لەهەموو جۆرە ژیانێک. ئەوە بۆئێمە زۆر ترسناک بوو دەمانگووت ئێمەش چارەنوسمان وەکو ئەمانە. بەراستی وەزعێکی زۆر ترسناک بوو بروا بکە ئەوانەی دەمردن پیلاوەکان و جامادانەکانیان لێدەکردەوە دەزانی بۆچییان بوو.؟ بروا بکە بۆئەوەیان بوو چایی پێ لێبنێن.

ئەی چایی و شەکر چۆن دەستدەکەوت؟

ئەوان هیچیان پێنەمابوو ئەو دوفلسانەی پێیانبوو دابویان بە پۆلیسەکان بۆئەوەی شتیان بۆ بهێنن ئەوانیش بازرگانیان بەسەر ئەو خەڵکە بەستەزمانەوە دەکرد، ئەو زاڵمانە چۆن شتیان بۆ دەهێناین لەساڵی ١٩٨٨ یەک فەردە برنج بەدە بوو، ئەوان یەک پەرداخ برنجیان پێدەفرۆشتنەوە بە ٣ بۆیان دەهێناین، تەماتە بەسەلك بوو، خەیار بەدانە بوو، کفن بەپارەیەکی زۆربۆیان دەهێناینە ژوورەوە. راستی ئێمە وەزعمان باشتر بوو توانیمان هەندێکی کەم نەک زۆر هاوکاری ئەوخەڵکەی گەرمیان وقەرەداغ وسەنگاو بکەین.

زۆرسوپاس بۆ ئەو وردەکاریی‌و زانیارییەکانت لە بەرئەوەی تەمومژت لەسەر ڕاستیەک لابرد، چونکە زۆرجار گەرمیانییەکان باسی ئەوەم بۆ دەکەن هەڵەبجەییەکان وەزعیان لە ئێمە باشتربوو، دەڵێن ئەوان کە درەنگانێک دوای ئێمە هاتن هەندێک زەخیرەیان پێبوو وەک برنج و شەکرو ئەو شتانە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانم کە ئایا چۆن توانیتان ئەو زەخیرەیە لەگەڵ خۆتان بەرنە ژوورەوە.؟

ئێمە هەر کە لە ئێرانەوە هاتینەوە هەندێک زەخیرەی خۆمانمان پێبوو، هەبوو ماڵی پێبوو، هەرچۆنێک بوو لە تەواریەکەوە توانیمان هەندێک شت لەگەڵ خۆمان بگەیەنینە نوگرەسەلمان، وەک پێشتر ووتم ئەو لۆرییەی هاتە ناو تەواریەکەوە چوین شتەکانمان بارکرد هەرچی بەردەستمان کەوت و ڕێگەیان پێدراین بارمان کردوبەولۆرییە شتەکانیان هێنا بۆنوگرەسەلمان،

زەخیرەکە ئەوە بوو کە توانیمان هاوکاری گەرمیانیەکانی لێبکەین.

لەنوگرەسەلمان کێ زۆر هاورێت بوو؟ مەبەستم ئەوەیە کەسێك هەیە لەوێ بووبێت بەهاورێت و ئێستا پێی بڵێیت هاورێی زیندانمە؟

لەوێ نەخێر چونکە وەزعەکەمان زۆر نارەحەت بوو، بەدەقە چاوەڕوانی مەرگمان دەکرد، چاوەڕوانی مەرگی ئازیزانی خۆمانمان دەکرد، بەڵام تاکە هاورێی زۆر ئازیزم ئەو مامۆستا محەمەدە بوو کە دواتر بەنیازی دیداری لەگەڵ سازبکەیت، بەڵام ئەو هەم هەڵەبجەیی بوو، هەم لە ئێرانەوە پێکەوە بووین و لەتەواریەکەشەوە هەرپێکەوە براین بۆ نوگرەسەلمان.

باسی مردنی ئەو پیرەمێردانەت کرد، ئەی تەرمەکانیان چی لێدەکرا، کێ دەیناشتن؟

ئا ئەوە بەشایەتی هەموو ئەوخەڵکەی لەوێ بووین براگەورەکەم زۆر بەوکارە هەڵدەستا خوا لێی خۆش بێت ئەویش دواجار هەرلەوێ کۆچی دوایی کردو لەنوگرەسەلمان ناشتمان، ئەو گەنج بوو کەسێکی بەخۆوەوە بوو بەهەیبەت و بەهێز بوو بۆئەوکارانە زۆر بەهیمەت بوو. هەمیشە دەستپێشخەری دەکرد لەکاری خێردا.

ببورە ناوی براکەت بڵێ؟

ناوی ئەنوەر بوو. ئەگەر کەسێك دەمرد هاوریان دەکرد کاك فلان وکاك فیسار زەحمەت نەبێت وەرن بابچین ئەوتەرمە بشارینەوە. ئەوەش بۆ دووشت بوو وەلا بۆ کۆمەڵیك شت بوو، یەك ئەوە کوردەو مردووە لەوغەریبایەتیە ئەرکە لەسەرمان، دووهەم ئەوە تەرمەو دەبێ بیشارینەوە، سێهەم لەبەرئەوەی پۆلیسەکان زەختیان دەکرد بەزوترین کات لایبەرن چونکە بۆنی دەکرد ئەوان ئیزعاج دەبوون، لەبەرئەوەی ئەوەندە بەشداری ئەو مەراسیمی بەخاك سپاردنانەی کرد ئیتر ماندوو بوو خۆشی مقاومەی نەماو لەوێ گیانی لەدەستداو شەهید بوو.

چی رۆژێك بوو گیانی لەدەستدا بیرنایە؟

بەڵی ١٩٨٨/٩/٦ ئەو رۆژەی کە لێبوردنە گشتیەکە دەرچوو، براکەی من هەمان رۆژ لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستدا.

بەچی گیانی لەدەستدا، بەنەخۆشی یاخود ئەویش بەرلێدانی حەجاج کەوت؟

نا بەلێدان نەبوو ئەوەندە بەشداری ناشتنی تەرمەکانی کرد ئێتر بۆخۆشی هێزی تێدا نەماو لاوازبوو، رەنگی رەش هەڵگەراو لەماوەی دوو رۆژدا گیانی لەدەستدا، ئیتر چۆن گیان لەدەستدانێك لەسەر ئەو ئەرزە رەقە کەوتبوو، سەری لەسەر رانی دایکم بوو، خۆم لەلای قاچییەوە دانیشتبووم، خێزانەکەی و منداڵەکانی بەدەوریەوە بوون، براکەم زۆر بەغیرەت بوو دەیگووت خەمی منتان نەبێ من شەهیدم هەتا باش ئەوەم بیردێت دەیگووت من ئەوەتام لەناوەڕاستی بەهەشتدا، من هەستم بەوە کردکە ئیتر ئەوە خەریکە رۆحی دەردەچێت، خێرا رامکرد پیاوێك هەبوو مەلاجەمالیان پێدەگووت چوم ووتم کاك مەلاجەمال وەرە یاسین لەسەر براکەم بخوێنە.

کاك جەمال مەلا بوو؟

بەڵی مەلا بووئێستاش ماوە ماڵیان وا لە سلێمانیە.

ئیترئەو هات یاسینی لەسەر خوێند دوای ئەوە چی رویدا؟

هەرپاش ماوەیەکی زۆرکەم گیانی سپارد، خزمەکانم و کەسە نزیکەکانی خۆم هاتن بردمان شۆردمان و کفنمان کردو بردمان بۆسەر قەبرانەکە بەخاکمان سپارد، بەڵام تراژیدیا لەسەر قەبرانەکەی نوگرەسەلمان. دەبوو لەسەر عەرەبانەیەکی سێ تایی ئەو جەنازەیە بەریت ئەویش تایەیەکی تەقی بوو، نەدەرۆیشت بەناو ئەو لمەدا، تەنها زەنگ (پاچ)ێکیان دابوو پێمان کوول و کلکەکەی شکابوو، خاکەنازێکیان دابوو پێمان کلکەکەی کورت بوو، پۆلیس لەگەڵماندا بوو ئیهانەی دەکردین، بەقامچی و بەچەکەوە، دەبوو بەناو ئەو لمەدا بەزوترین کات بیگەیەنینە گۆرستانەکەو بە کەمترین وەخت بەو قازمەو خاکەنازە خراپە گۆر هەلبکەنیت و بیشاریتەوە، نەك قەبری بۆ هەڵبکەنیت.

مەبەستت چیە بیشاریتەوە نەك قەبری بۆبکەنیت؟

مەبەستم ئەوەیە نەیاندەهێشت قەبر هەبکەنی ئەوەندە نەدەوەستان لەسەرت، خاکەکەی سەرەوەی لم بوو هەتا قولەپێمان لم لەسەر خاکەکە بوو بەلام ژێری رەق بوو، هەڵنەدەکەندرا، بۆیە ناچاربووین هەروا کەمیك خۆڵ بکەینە سەریداو بیشارینەوە. چونکە پۆلیسەکان نەدەوەستان لەسەرمان قەبر هەڵبکەنین، دەبوو بەزوترین کات بیشاریتەوەو بگەڕێینەوە بۆناو نوگرەسەلمان...

کاتەکەی کەی بوو؟

کاتژمێر دەی سەرلە بەیانی بوو. لەبەر ئەوە کە لممەکەمان لەسەر لادا. ئەو زەوییە لە وشکی خۆی‌و بێئاوی خۆیدا... ئەو بیابانە شەقی بردبوو. پاچمان دەدا لە خۆڵەکە ئاگری دەکردەوە. ئێمەش لە برسان نەماندەتوانی قەبر لەوشەختە رِقەدا هەڵبکەنین. خۆ قەبرهەڵکەندن بەو جۆرە نابێت تۆ حەفارە بکرێت‌و دوو مەتر قوولْ بێت، شتی وەها نییە لەوێ. پێموابێت ئەگەر کەسێکی ساغ بەریت تەنها پێی بڵێن بچەوە، یان بەنجی بکەن، لە بیست‌و چوار کاژێردا رِەشەبا و گەرما تەفرو تونای دەکات. بروا بکە ئەوەندە خۆڵ نەبوو لەوێ جەنازەکەی پێببشارینەوە، نەک هەر براکەی من هیچ یەکێك لەوانەی لە نوگرەسەلمان گیانیان سپارد حەقی خۆیان پێنەدراوە لەشاردنەوەیان، بۆیە کە بەرێکەوتینەوە بۆناو زیندانە گەورەکەی نوگرەسەلمان دوای چەند مەترێك جارێکی تر گەرامەوە سەرجەنازەکە، پۆلیس هاواریان لێکردم هەروا بنجە گیایەك هەیە، ئەوم هەڵگرت خستەم لای گۆرەکەیەوە بە ئومێدی ئەوەی جارێکی تر بێمەوە سەری و بیدۆزمەوە، ووتم بانیشانەیەك هەرهەبێ بۆناسینەوەی.

هیچ جاری تر چوویتەوە بۆسەرقەبری براکەت؟

دوای یەك هەفتە بۆ ناشتنی تەرمێکی ترچوومەوە، لەراستیشدا بۆ دوو شت چووم یەکەمیان بۆ ئەوەی خێرێکم دەست بکەوێت دووەمیان بۆئەوەی سەردانی قەبری براکەم بکەم بەڵێ ئەوجارەش بینیمەوە.

هەستت بەچی کرد وەك خۆیان مابوون یان هەستتکرد دەرهێنرابنەوە لەلایەن سەگ ودرندەی کێوییەوە؟

درندە نابەڵام هەستم کرد تێکچوون و وەکوخۆیان نەمابوون ئایا چاڵکرابوون و دەستکاری کرابوون لەلایەن حکومەتەوە ئەوەیان نازانم، بەڵام شوێنەکانیان تێکچووبوو ئاسەواریان نەمابوو.

لەوبروایەدای سەگ دەریهێنابن؟

ئەوەی من بینیم لە هی سەگ نەدەچوو.

ئەوەی لەبارەی سەگە رەشەوە دەیگێڕنەوە تاچەند راستەتۆ چی دەڵێت؟[٦]

نەك هەرسەگە رەشەکە لەنوگرەسەلمان سەگە، سورەکەش هەبوو، سەگە بۆرەکەش هەبوو، کۆمەڵێك سەگ هەبوون، هەندێکیان لەسەگی لای خۆمان نەدەچوون، بروا بکە ئەگەرکەسێکیان بهێنایەودایانبنایەو نانێکی باشیان بدایەوبیانگوتایە دوای ئەم نانە تۆ برۆ ئازادبە، دەیگووت با لێرە بمرم باشرە لەوەی سەگ لەدەرەوە بمخوات چونکە نەیدەویرا لەنوگرەسەلمانەوە بێتەوە ئەی گووت لەدەرەوە سەگ دەمخوات.

بەبۆچونی تۆ رۆژانە لەنوگرەسەلمان چەند کەس دەمرد؟

بەرۆژ بوو، ئەوەی کەنەخۆش بکەوتایە زۆر نەدەمایەوە. رۆژی واهەبوو دوکەس لە هەڵەبجەییەکان دەمردن چوار لەگەرمیانیەکان دەمردن، رۆژێکیان بینیم حەڤدە جەنازە لەناو حەوشەکە لەوشوێنەی تەرمەکانیان لێدەشۆرد دانرابوو. باشە حەڤدە جەنازە بەخەڵکێکی برسی و بەو وەزعەی لەپێشەوە باسم کرد چۆن دەشاردرێتەوە؟ بەراستی زۆر نارەحەت بوو.

بەزۆری ئەوانەی دەمردن منداڵ بوون یان پیر؟

بەزۆری پیرەکان دەمردن من نەمدیووە منداڵێك بمرێت ئەوانیش هەمووی هەڵەبجەیی تێدابوو، گەرمیانی تێدابوو بەگشتی باس دەکەم.

ئەمە تۆ دووهەمین کەسیت باس لەکفنی مردووەکانی نوگرەسەلمان دەکەیت، پیاوێکی پیری دۆڵی جافایەتی ئەو قسەیەی بۆکردم، من واتێگەیشتم کە تەمەنی هەڵکشاوەو رەنگە خڵەفابێت، بەڵام ئەوە بۆجاری دووهەم گوێم لەهەمان شت دەبێت، ئەوەش بەراستی بۆمن شتێکی زۆرغەریب و زۆریش تازەیە بەلامەوە؟ چۆن کفنتان دەست دەکەوت لەکاتێکدا ئێوە کاغەزومقەباتان دەستنەدەکەوت چای پێلێبنێن؟

ئەم کفنە وەك عەرزم کردیت، پارەو پولێك کە پێمان بوو کۆمان دەکردەوە کەسێك سەرپەرشتی ئەوەی بۆدەکردین پارەی دەدا بەپۆلیسەکان لەقەزای سەلمان بۆی دەکرین و پێی دەفرۆشتینەوە ئەویش بەپارەیەکی زۆر دەقات گرانتر، لەوەشدا بازرگانیان بەسەرەوە دەکردین، هەرکە چوینە ئەوێ ئەو پیاوەی سەرپەرشتی ئەوکارەی دەکرد عەرەبییەکی باشی دەزانی بەپۆلیسەکانی وتبوو کفنمان بۆبێنن، ئیتر هەرکەسێك بمردایە لەوکفنەی پێدەدا.

کەواتە هەر هەڵەبجەییەکان توانیویانە مردووەکانیان کفن بکەن؟

٦. ئەو دوو پرسیارە لەلایەن مامۆستا هێمنەوەئاراستەکراون.

بەڵێ بەڵام جاربەجار بەشی گەرمیانیەکانیشمان لێدەدا. ئەگینا وەک پێشتر عەرزم کردیت گەرمیانیەکان وەزعیان زۆر خراپ بوو فەقیرە ئەوان هەربەجل وبەرگی خۆیانەوە دەیان شاردنەوە.

هەڵەبجەییەکان گۆرستانێکی جیاتان هەبوو لەنوگرەسەلمان؟

نا گۆرستانی جیامان نەبوو، تەنانەت لەناو قەڵاکەش هەڵەبجەییەکان لەبەرامبەری گەرمیانیەکان دانرابوون، قاعەکانمان بەرامبەری یەکتری بوو، لەبەرئەوە تێکەڵی یەکتریش دەبووین و هاتوچۆی یەکتریشمان دەکرد. من لەوێدا حەمەخولەم ناسی پیاوێکی زۆر چالاک بوو لەناوگەرمیانیەکاندا، تەنها لەسەر ئەوەی یەک تەماتەیان پێببینی کە بەدەستیەوە بوو، شەمخی بانگی کرد یەک شەورۆژێکی تەواو بەبەرئەو خۆرەوە بە عەمودێکەوە بەستیانەوە، بروابکە خۆری چی ئاسنی ئەتواندەوە، مرۆڤی دادەرزاند کەچی لەسەر ئەوەی تەنها یەک تەماتەیان بەدەستیەوە بینی کە بەپارەی خۆی کڕیبووی ئاوایان لێکرد، دوایی مرد.

ئەگەر بکرێت کەمێک وردترباسی حەجاج بکەیت؟

حەجاج پیاوێکی ترسانکا و تۆقێنەرونەگبەتی لەخوا یاخی بوو، هەتا بلێی دڵڕەق و بێرەوشت بوو، نمونەی لەخراپەکاریدا کەم بوو، هەتابڵێی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە بوو لەگەڵ ئەوخەڵکە لێقەوماوە، هەتا شەوانە دەیهێناینە دەرەوە بۆ حەوشەکە بۆ رابواردنی خۆی، پێی دەگووتین ئێوە دەبێ لێرە بمرن، شاخ وکێوەکانتان نەما ئێتر ئێرە شوێنی مردنی ئێوەیە، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بەرپەرچی بداتەوە.

کێ ئەو قسانەی ئەوی بۆ وەردەگێرانە سەر زمانی کوردی؟

من بۆخۆم تێدەگەیشتم.

لەشولاری چۆن بوو؟

پیاوێکی بالابەرزی بەخۆوە بوو. ئێستەش ببینم دەیناسمەوە.

ئەی ڕەنگ و ڕوخساری چۆن بوو؟

ئەسمەڕێکی سمێڵ ڕەشی بالابەرز بوو.

من دەزانم هەموو هەڵسوکەوتەکانی ناشرین بوون بەڵام ناشرینترین ڕەفتاری ئەو ئەفسەرە کەقەت لەبیرت ناچێتەوە چی بووە؟

ئەو ڕۆژەی کە بردمانیان بۆنوگرەسەلمان، هەرچەندە ئەو بەرپرسی زیندانەکە بوو کەمتر دەمایەوە هەندێک جار شەوانیش لەوێ دەمایەوە،

بێجگە لەکاک ئەڵاکەرەم کێی ترت بینی بەدەستی حەجاج بکوژڕێ؟

ڕۆژانە ئێمە تەنکەڕێک ئاوی تاڵمان بۆدەهات بۆخەڵکی گەرمیان و هەڵەبجە ئەویش بەئاسانی دەستنەدەکەوت دەبووسەرەی بۆبگریت، ڕۆژێک خۆمان لەناوخۆماندا لەسەر ئەوسەرە ئاوە تۆزێک قرقرۆ موشکیلە کەوتەنێوانمانەوە، دەمەقالە لە نیوان چەندکەسێکدا دروست بوو، ئەمە گەیشتبووەوە دەم شەمخی و حەجاج وئەوان ئیتر هاتن کێشەکەیان زۆر گەورە کرد لەناو هەموویاندا پیاوێک بوو زۆر فەقیریش بوو، ناوی کاک حەمەصالح بوو، لەسەر هیچی خۆڕایی ئەو پیاوە داماوەیان تاوانبارکرد بەوەی ئەوسەرچاوەی کێشەکەیە، هێنایان بەجامەدانەکەی خۆی بەستیانەوەو بەبەرئەوخۆرەوە سەرەوخوار هەڵیانواسی، بەخوا ئەو خۆرە وەک دەرزی دەچووە ناومۆخی ئێسقانەوە، بەوەشەوە لێی نەگەران هەتا تواناییان بە شەمخییەوە بەحجاجەوە بەو پۆلیسانەی تریشەوە کەلەگەڵ حەجاجدا بوون، تەنانەت وەک ئیهانە کورە گەنجەکانی خۆشمانیان بانگ دەکرد، دەیانگووت دەی ئێوەش دەبێ لێی بدەن. بەزۆر دەیانبردن و دەیانگوت دەی دەبێ قامچی و کێبڵ بووەشێنی. ئەو خەڵکەشیان ڕیزکردو ڕویانکردە ئەو خۆرە گەرمە ئیتر کاک حەمەصالح بەعەموو دەکەوە شل بووکەوتە خوارەوە. (ئێستاش وا لەژیاندا ماوە) بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان لەوخراپتربوون.

ئەوانە سەر بەچ سلکێک بوون چی بوون پۆلیس بوون ئەمن بوون؟

هەمووی بوون ئیستخباراتی تێدا بوو پۆلیسی تێدابوو، هەتا پۆلیسێکی تێدا بوو دەیگووت من لە بەنزینخانەکەی هەڵەبجە پۆلیس بووم، دەیگووت قەت بیرم ناچێت کە ئێوە چەند خراپ بوون لەگەڵ خەڵکی عەرەبدا بەراستی بێئینسافانە قسەی دەکرد، چونکە ئێمە بارمان لاربوو دەستبەسەروسجن بووین نەمان دەتوانی وەڵامی بدەینەوەو بڵێن خراپیەکانمان چی بووە.

ئەوپۆلیسە ناوی چی بوو؟

بەداخەوە ناوی نازانم.

کێی ترلەپۆلیسەکان زۆرخراپ بوولەگەڵ زیندانیەکان؟

یەکێکی تریان هەبوو ناوی شەمخی بوو ئەوە خراپترین کەس بوو ئیستخبارات بوو ئەویش زۆرخراپ بوو. بەڵام بەپێچەوانەی قسەکەی تۆشەوە خەڵك هەیە لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە باسی ئەوە دەکەن کە شەمخی نەرمتربووە لەوان.

بەپێچەوانەوە شەمخی زۆر خراپ بوو لەگەڵماندا ئەوەی پێی بووترێت رەحم و بەزەیی نەیبوو، باش بوونەکەی چییە کاکە؟ تۆبڵێیت ئیستغلالی وەزعمان بکەیت و بمچەوسێنیتەوە دەبێ باشییەکەی چی بووبێت.

پۆلیسێك هەبووە لە نوگرەسەلمان زیندانیەکان بە مام خەڵاس ناوی دەبەن تۆ ئەوە دەناسیت.؟

نا پیاوێك هەبوو حەمەخولەیان پێدەگووت.

ببورە دوایی باسی حەمەخولەم بۆبکە بەڵام کام لە پۆلیسەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئێوە نەرم بوو؟

هیچیان دلنەرم نەبوون.

ئایا دەستدرێژی سێکسی هەبوو لەنوگرەسەلمان؟

بەداخەوە.. هەرچەندە من بۆخۆم بەچاوی خۆم کردەوەکەم نەبینیوە، بەڵام هەندێك هێما هەیە، من گەنج بووم و زۆریش بەناوسجنەکەدا دەگەڕام، تەنانەت بەناوکونبەکونی نوگرەسەلماندا دەگەڕام، ئەوەش وەنەبێ بێترس گەڕابم، نا بەترسەوە دەگەڕام بەڵام من کەسێکی سەرەڕۆبووم، دەمویست بزانم چی هەیە، جارێکیان حاڵەتێکم بینی، بەهەرحاڵ ئیتر بوو، حەزناکەم لەوەزیاتری لەسەربڕۆم.

کاك عەلی بۆچی باسی ناکەیت؟ من پێموایە باش و خراپ جوان و ناشیرین ئەوە مێژووی ئێمەیە بۆیە من بەپێچەوانەوە دەیبینم باسکردنی باشترە لەشاردنەوەی.

ئیتر دەستی ئافرەتەکەی گرتبوو بردی منیش خۆم لێشاردبوونەوە. نەموێرا ئیتر بەدوایاندا بڕۆم.

گەرمیانیەکان لەیەکێك لەدیدارەکانیاندا شتێك باس دەکەن کە پۆلیسەکان قسەیان بەخوشکی یەکێك لە کوڕیکی هەڵەبجەیی کردووە، ئەویش قبوڵی نەکردووەو بەگژیاندا چووەتەوە، بەڵام لەژێر لێداندا کوشتوویانەو لەوەش خراپتر دوو رۆژ نەیانهێشتووە تەرمەکەی بنێژن و هەر لەقاعەکەدا هێشتویانەتەوە، دواتر کە بۆنی کردووە ئینجا ڕێگەیانداوە بیبەن بینێژن ئایا تۆ ئەو کەسە دەناسیت یان هیچ دیمەنێکی وا لەیادەوەریتادا هەیە.؟

نەمبینیووە من ئاگام لەشتی وانەبووە. بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەوان نیازیان لەگەڵ ئێمەدا زۆر خراپ بوو.

کەس هەبوو لەنوگرەسەلمان جاسوسی بەسەر ئەوانی ترەوە بکات؟ لەکوردەکانی خۆمان؟

نا نەبووە من نەمبینیوە.

کە ٦ی ئەیلول بریاری لێبوردنەگشتیەکە دەرچوو ئێوە چەندێکی تر لەدوای ئەوە لەوێ مانەوە؟

ئیمە لەدوای ئەوە ئیتر دەمانزانی بەردەبین بەڵام هەتا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە ماینەوە چونکە پۆستە پۆستە خەڵکیان بەردەدا.

هەر وەجبەیەك چەندکەس ئازاد دەکران؟

هەموو وەجبەیەك نزیکەی سەد کەسیان بەردەدا. ئەوەش زۆر نارەحەت بوو، دەگەڕان بۆنمونە دەیانگوت ئەم قاعەیە بیست کەس و ئەوی تریان بیست ئاوابوو، وەنەبێ قاعە قاعەبێت. ئیتر خەڵکیش پێشبڕکێی دەکرد کێ زوو ناوبنوسێ ئەوە زوتر بەردەبوو، بەبەرتیلیش خەڵکیان زووتر بەردەدا بەتایبەتی شەمخی بەبەرتیل خەڵکی بەردەدا، ئەو کورە (مەبەستی مامۆستا محەمەد بوو کە ئەوکاتە لەلامان دانیشتبوو) سەعاتەکەی دەستی خۆیدا بەبەرتیل دایە شەمخی[٧] بۆئەوەی ناوی بنوسێ بۆبەربوون. ئێمەش هەروامان کرد راستە ئەوە مافی خەڵك بوو ئێمە پێشیان کەوتین بەپارە بەڵام ئێمەش پرسەمان بوو چونکە وەکو وتم رۆژی لێبوردنەکە کاکەم لەوێ گیانی لەدەستدا. ئەو خەڵکە بریاری ئازادکردنی درابوو، هەر بەردەبوون.

لە ١٩٨٨/١٢/١٩ دواهەمین کەس لەنوگرەسەلمان دەرچوون، هیچ کەسێکی هەڵەبجەیی تێدانەمایەوە.

کەواتە ئێوە زۆرماوەتەوە زیاتر لە چوارمانگ لەوێ بوون؟

چوارمانگ ودەرۆژ لەنوگرەسەلمان بووین. ئینجا ئازادکراین.

کەلەنوگرەسەلمان بەریاندان ئیتر وتیان برۆنە دەرەوە یان خۆیان هێنایاننەوە بۆ سلێمانی؟

نەخێر بەسەیارەی سەربازی هێنایانین بۆنەخۆشخانەی گشتی

٧. لەدیدارێکدا مامۆستا محەمەد ئەوە پشتراست دەکاتەوە، بەڵام کاك عەلی بەهەڵەداچووە چونکە ئەو دەڵێت سەعاتەکەی دەستی خۆم داوەتە حەجاج نەك شەمخی

سەماوە، بەڵام ئەوەی رەنگی ئینسان بوو بە ئێمەوە نەمابوو، چڵکن و پیس وپۆخەڵ وهیلاك بوین، ئەگەر ئاوا بهاتینایەتەوە بۆناشارەکانی کوردستان کەس نەیدەناسینەوە، بۆیە حکومەت تاکتیکی بەکارهێنا بۆ چەواشەکردنی رای گشتی هەستا چی کرد ماوەی هەفتەیەك هێشتمانیەوە، بۆئەوەی هەموو ئاسەوارێکی ئەو ئەشکەنجەدانەمان لێ دابماڵی و کەمێك رەنگ وروخسار هەڵبهێنینەوە ئینجابمانخاتەوە بەرچاوی خەڵك لەناو خەستەخانەکە بۆماوەی هەفتەیەکی تر دەستبەسەرکراینەوە بەڵام چۆن؟ دەبوو رۆژانە خۆمان بشۆردایە، ئەوەش بە زۆر بوو، چیت بخواردایە هەبوو، کە ئێمە جاران ئاو نەبوو لە نوگرەسەلمان بیخۆینەوە، رۆژانە تەنها سێ سەموون کە زۆر بچکۆلە بوو، بەڵام لەوێ چیت بویستایە دەتتوانی بیخۆیت، بەیانیان خواردنی هەمەجۆریان دادەنا لەقەیماغ و پەنیر، هێلکە و ماست و چا، صمون و نان، چیت بخواردایە هەبوو، سەعات نۆ بەدواوە کێ دەیەوێ بچێت بۆ بازاڕ کێ شتی پێویستە، پۆلیسیان لەگەڵت دەنارد، دەتوانی بچیت وبیێیتەوە دەتتوانی تەلەفۆن بکەیتەوە بۆ سلێمانی بۆهەرکوێیەك کە تەلەفۆنی هەبووایە، نیوەرۆیانیش ئازادبوویت لەخواردن سێ چوار جۆر خواردنیان دەکرد.

ئەی باسی گۆشتت نەکردگۆشت نەبوو؟

بابا گۆشتیش هەبوو. عەسرانیش دەهاتن ئاهەنگیان بۆسازدەکردین، ئەویش هەربەزۆر بوو بۆئەوەی نەفەس بدەیت و ئەوەی دیوتە لەبیرت بەرنەوە، شەوانیش دەیانکردیتە حەوشەکەوە دەمەتەقێ و قسەی خۆش وەزعێك کە زۆرجار وەك خەون دەهاتە بەرچاومان و باوەرمان نەدەکرد کە ئازادکراوین، ئەوە وەزعی ئەو هەفتەیەمان بوو. کە هینایانینەوە بۆ سلێمانی سەرلەنوێ بردمانیانەوە بۆ تەواریەکە لەوێشەوە رەوانەیانکردین بۆ ئۆردوگای باینجان. لەوێ لەسەر ئەرزێکی رەق وتەق فرێیاندین ووتیان فەرموون بۆخۆتان لێرە بژین. بەڵام ئێمە خزم وکەسوکار هاتن بەهانامانەوەو لەوێ نەماین بەقاچاغ رۆیشتین بۆ لای خزمەکانمان لەسلێمانی و نەسر. بەڵام ئەوانەی لەوێ مانەوە جاریکی ترئەنفالیان کردنەوە، هەرچەندە کوردستان هەمووی نیشتمانمانە بەڵام زۆربەیان لەوێش هەڵکەندن وبردیانن بۆ بەرحوشتروگردەچاڵ. بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە سەرباری کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنمان دیسانەوە باینجانیشیان پێرەوانەبینین جارێکی تر رایانگواستنەوە بۆ ئەو ئۆردوگایانە.

لەوێ هیچ پارچە زەوییەکی نیشتەجێکردنەوەیان پێدان هەتا خانووی لەسەر بکەن؟

لەباینجان پێیان نەداین لەگردەچاڵ پێیاندااین، ئێستا ئێمە لەوێ پارچەیەك زەوی بەناومانەوەیە.

ئەی هاوکاری تریان کردن بۆئەوەی خانووی پێبکەن وەك خەلکی راگواستراوی تر کە بۆرە قەرەبوویەکیان کردنەوە بەناوی سولفەی عەقارەوە کە یەکی ١٥٠٠ هەزاروپێنج سەد یان پیدابوون؟

نانا هیچ پارچە زەوییەك و بەس. ئیتر دەبوو بەخشتی قوڕو نایلۆن شتێك پێکەوە بنێیت بۆئەوەی تیایدا بژیت.

هەتاکەی لەگردە چاڵ مانەوە؟

وەك پێشتر عەرزم کردیت ئێمە هەرلەسەرەتاوە نەچووین بەقاچاغ مەلای خزمەکانمان خۆمان پەنادا.

کەسی تر لەهەڵبجەییەکان چوون بۆگردە چاڵ و لەوێ نیشتەجێ بن؟

بەڵێ هەتا ئێستا خەڵکێکی هەڵبجە هەن هەرلەوێ نیشتەجێ بوون و نەهاتوونەتەوەو نایەنەوە.

باسی ئەوەت کرد بەقاچاغ لەناو شارو ئۆردوگاکاندا مانەوە ئەی سیخورەکانی حکومەت نەیاندەدۆزینەوە؟

بەردەوام بەدواماندا دەگەڕان و چاودێرییاندەکردین و هەڵبجەییەکانیان دەگرت، وامان لێهاتبوو هەر هەفتەی دەبوو لەگەڕەکێك دابنیشین، نەیاندەهێشت بخوێنن، تەنانەت خەڵکیش سوکایەتی پێدەکردین و تەعلیقی لێدەداین.

ئەو تەعلیق وسوکایەتیانە چی بوون لەلایەن خەڵکی کوێ ئەوسوکایەتیەتان پیدەکرا؟

بەزۆری خەڵکی سلێمانی سەرباری ئەو وەزعەش تەعلیقی ناخۆشیان لێمان دەدا، بۆنمونە من بۆخۆم بەزۆری لە زەرایەن بووم پێیان دەگوتین ئێوە هەڵبجەیین چیدەکەن لێرە دانیشتوون؟ شتی ئاوا.

ئەو تەعلیق و سوکایەتیەکردنە ئەوەندە کاریگەری لەسەرت

داناوە، رقت لەخەڵکی سلێمانی یان زەرایەن ببێتەوە و بتەوێت لەچرکە ساتی خۆیدا تۆڵەیان لێبکەیتەوە؟

نەخێر بیر لەتۆڵەکردنەوە ناکەمەوە بەڵام لەبیرم ناچێتەوە.

وتت نەیاندەهێشت بخوێنین مەگەر تۆنەگەرایتەوە بەرخوێندن؟

نەخێر دوای ئەوەی کە لە نوگرەسەلمان گەراینەوە نەمدەتوانی بخوێنم ئیتر خوێندنەکەم لەدەستدا.

ئەی ئیتر گیرای بە سەرباز؟

نەچووم بۆخزمەتی سەربارزی لەکۆتایی سالی ١٩٨٨ لەنوگرەسەلمان بەربووین، ماوەی ١٩٨٩ هەتا ١٩٩١ توانیم بە پێناسەی خوێندکارییەکەم بگەڕێم راستە موالیدەکەم گیرا بەعەسکەر بەڵام من نەچووم بۆ خزمەتی سەربارزی ئەوە بوو راپەرینەکەی بەسەرداهات.

بۆچی نەتدەتوانی بخوێنی؟

لەبەرنەبوونی مەینەتی دوای ئەوەی لەنوگرەسەلمان بەربووین ئیتر من بووم بەقوربانی ئەو وەزعە برایەکم لەبەغدا دەیخوێند خێزانەکەی لێرەبوو، ئەوبرایەی ترم کە لەنوگرەسەلمان وەفاتی کرد، هاوسەرەکەی چوو بەرێی خۆیەوەو هاوسەرگیری کردەوەو منداڵەکان بەسەرئێمەوە بەجێمان بروابکە یەکێکیان شیرە خۆرە بوو دایکم مانگێک دەگەرا بەسەرئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو بۆئەوەی کەمێك شیری بۆ دابین بکات ئەوەش زۆر زەحمەت بوو ئیتر دایکم لەرووی نەدەهات ئەوەندە بچێتە بەرقاپی خەڵك، ئیتر ناچار شیری حەیوانی دەهێناو بۆی دەکردە ناو مەمە شوشەوە بەو شێوەیە گەورەی کرد.

سەرئەنجام چارەنوسی ئەومنداڵەی کاك ئەنوەری برات چی بوو؟

ئێستا ژن ومناڵی خۆی هەیەو سوپاس باشە.

دوای راپەرین و دروست بوونی حکومەتی کوردی رزگاربوون لەحزبی بەعس ئیتر گوزەرانتان چۆن بوو چارەنوستان روی لەکوێ کرد؟

هەرلەگەڵ یەکەم چەخماخەی راپەریندا ئێمە یەکەو راست هاتینەوە بۆ هەڵەبجە هێشتا حکومەت مابوو، راپەرین دەستی پێکردوئێمەگەراینەوە بۆهەڵەبجەوخانووەکانمان چاککردەوە.

چۆن حکومەت مابوو ئێوە توانیتان بێنەوە بۆ هەڵەبجە؟

بەڵی حکومەتی بەعس مابوو، هەروا دەرۆژ دەبوو راپەرین ببوو، ئێمە لە ڕیگەی بەحرەوە بەقاچاغ هاتین بەبەلەم پەرینەوە هاتینەوە بۆ هەڵەبجەوخانووەکانمان ئاوەدان کردەوە، کە حکومەتی بەعس هێرشی هێنایەوە بۆ کوردستان هەڵەبجە جارێکی تر چۆلکرایەوە چونکە ئێمە لە پێش کۆڕەوەکە لێرە بووین. ئیترکە جارێکی تر راپەرین کرایەوە حکومەت ئیدارەی خۆی لە کوردستان کێشایەوە، هەڵەبجە تەواو ئاوەدان کرایەوە.

کە حکومەت هێرشی هێنایەوە بۆکوردستان وهەڵەبجە چۆڵکرایەوە ئێوە چیتان کرد؟

(بەپێکەنینەوە) جارێکی تر دیسانەوە رۆیشتینەوە بۆ ئێران.

لەسەرەتاوە چەند مانگ دەبوون وا هاتنەوە بۆ ئێرە؟

لەسەرەتاوە تاك وتەرا هاتبووین، هەرکەسەو بۆخۆی بریاری دابوو بێتەوە.

ئەوەش پرکێشییەکی زۆر جوانە ئەی کەگەڕانەوە خانووتان کردەوە یان چاوەڕوانی وەزعەکەتان کرد؟

ئێمە خانووی خۆمان مابوو لێرە بەڵام داروخابوو بووبەکەلاوە.

خانووەکەتان سەقفی مابوو؟

نەخێر نەمابووداروخابوو بەڵام هەموویمان بەرەنج وبازوی خۆمان ئاوەدان کردەوە.

ئیتر کە راپەرین بوو حکومەت ئیدارەی خۆی کێشایەوەو حکومەتی هەرێم دروست بوو، ئێوە پێشبینیتان چۆن بوو، دەتانویست حکومەتی هەرێم چۆن پێشوازیتان لێبکات؟

کە خەلك ئاواتی هاتە دی و راپەرین بوو، حکومەتی هەریم دروست بوو بەداخەوە زۆری نەخایاند کەشەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، لەشەڕی ناوخۆشدا جارێکی تر نەگبەتی وتراژیدیا ئەم سنورەی گرتەوە، بوو بەدوو سنور بووبە دوو حکومەت بوو بە دوو هەرێم بوو بەدوو ئیدارە.

کەواتە هیچ ئومێدێکی بۆ ئێوە نەگێڕایەوە؟

نەخێر بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو جگەلە شەڕو مانگۆڕانی. هەرچۆنێك بوو وای لە ئێمە کرد نەپەرژێینە سەر زامەکانمان بەڵی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە دروست بوو، دەستی بە ئیشوکارەکانی خۆی کرد، بەڵام نەیانتوانی وەك پێویست

ئاورێك لە ئەنفالكراوەكانی هەڵەبجە بدەنەوە.

بۆچی هەرلەسەرەتاوە كە كۆمەڵەی قوربانیانی چەكی كیمیاوی دروست بوو، دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە باس نەكراو تیایدا پەراوێزخرا؟

كۆمەڵێك هۆكار هەبوون، یەكێك لەوانە زامی گەورەی هەڵەبجە شەهید بوونی ٥٠٠٠ پێنج هەزارکەس و دەهەزار بریندار هەتا ئێستاش زۆر سەختە، هەتائێستا هەڵەبجە تام و لەزەتی هەڵەبجەی پێش كیمیاباران نادات، مەبەستەكەم كورت بكەمەوە خەڵكێك لەبەرئەو زامە نەیدەپەرژایە سەر زامی خۆی، یەكێكی تر لە هۆكارەكان خەڵكی ئەنفالكراوی هەڵەبجە وەك پێویست نەیانتوانی كار لەسەر دۆسێكەی خۆیان بكەن.

باشە جیاوازی چییە كەسێك لێرە لەهەڵەبجە بەچەكی كیمیایی شەهید بووەو بەجل وبەرگی خۆیەوە لەگۆڕێكی بەكۆمەڵدا نێژراوە، بەڵام هەڵەبجەییەكی تر لە كیمیاباران رزگاری بوو، هەربەهۆی هەمان تاوانەوە ئاوارە بووە، دواتر لەگەرانەوەیدا رەوانەی نوگرەسەلمان دەكرێت و لەوێ لەبرسا دەمرێت و بەجلی خۆیەوە دەنێژرێت؟

جیاوازییەكەیان زۆرە چونكە ئەو خەلكەی كە ئێستا تەرمەكانیان لە نوگرەسەلمان بەجێماون ئەوانیش لەژێر داروپەردوی كیمیاباراندا رزگاربیان بوو، حكومەت نەیهێشت چاوبكەنەوە ئەنفالی كردن.

كەوایە تۆ هاورای منیت منیش هەروام ووتووە من دەڵێم بۆچی یەكێكیان گرنگی پێدەدرێت و ئەوی تریان گرنگی پێنادرێت؟ من داوای خستنەرووی هۆكارەكانم لێكردیت.؟

هۆكارەكانی هەلومەرجی كوردستان و شەڕی ناوخۆ نائارامی ناوچەكە وای كردئێمە نەپەرژێبینە سەرئەوەی برینی خۆمان ببینین. نەیهێشت دەنگمان بەهیچ شوێنێك بگات، كە دەمانویست ئەو دۆسێیە بجوڵێینین. بەخەڵكی بناسێنین.

من ساڵی ٢٠٠٨ زانیومە كە هەڵەبجەییەكان ئەنفالكراون، ئەویش بەریكەوت پیاوێكم بینی بەناوی حاجی صادق ئەوكاتە ئەو باسی مەینەتیەكانی خۆی بۆگێرامەوە كە لەنوگرەسەلمان بووە، ئەو پێی وتم كە نزیكەی هەزارکەس زیاترهەڵەبجەیی لەنوگرەسەلمان بوون ئایا پێتوانیە كە بەشێكی بەرپرسیارێتی ئەم ونبونە لە ئەستۆی خۆتاندایە.

بەڵێ بەڵام وەك بۆم باسكردی هەلومەرجەكەو هۆكارەكانیم باسكرد، بەڵام بامن شتێكت بۆ بگێڕمەوە كورەكەم ئەمساڵ لە مەكتەب گوێی لەمامۆستاكەی گرتووە كەباسی ئەنفالی بۆكردبوون، باسی زۆر شوێنی كردبوو، كورەكەم ووتبووی مامۆستا ئەی ئەنفالی هەڵەبجەییەكان، مامۆستا وتبووی نا هەڵەبجە ئەنفالی نیە هەڵەبجە كیمیابارانە، كورەكەم پێیووتبوو مامۆستا چۆن نیەتی؟ هەڵەبجەش ئەنفالكراوە، بەراستی جێگەی داخە مامۆستایەك وانەی ئەنفال و جینۆساید بەخوێندكارەكانی بڵێتەوە نەزانێ هەڵەبجە ئەنفالی هەیە، ئەوە كارەساتە.

هەتا ئێستا دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجە لەگەڵ چەند كەناڵی میدیایی دیداروچاوپێكەوتنت كردووە؟

تەنها لەكاتی یادەكاندا لێدوانیان لێوەرگرتووم ئەویش زۆركەمیان پیشانداوە، لێدوانی كورت.

لێدوان ناڵێم دیداروچشاوپێكەوتن؟

هیچ تەلەفزیونێك نەهاتوون تەنها لەگەڵ رادیوی یەكگرتووساڵی ٢٠١٣ و رادیوێی دەنگی نوێ لێرە لەساڵی ٢٠١٢ دیدارم لەگەڵ سازكراوەو هیچی تر.

ئێوە بەنیازی چین و مەبەستتان لە دروستكردنی ئەو ڕێكخراوەچییە؟ ئامانجتان چیە؟

ئێمە ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠١١ كۆمەڵەیەكمان راگەیاند، بەناوی كۆمەڵەی ئەنفالكراوەكانی هەڵەبجە بەو نیازەی ئەو كۆمەڵەیە داكۆكی لەئەنفالكراوانی ئەم سنورە دەكات، بەڵام ئەوەش بزانە هەڵەبجە هەرئەوەنیە ئەنفالكراوی لە نوگرەسەلمان بووبێت.

چۆن؟ ببورە مەبەستت تێناگەم؟

مەبەستم ئەوەیە پێش ئێمەش كۆمەڵێكی زۆرتر لەهەڵەبجە ئەنفالكراون ونەشبراون بۆ نوگرەسەلمان هەندێكیان لەتۆپزاوا مانەوەو هەندێكیان هەربێسەروشوێنكراون وهێشتا چارەنوسیان نادیارە.

نمونەت لەلایە لەوانەی بێسەروشوێنن و سۆراخیان نیە؟

بەڵێ مانی پورێكی خۆم بە ناوی ئافتاو ڕەشید خۆی وكورەكەی بەناوی مەنصورئەحمەد هەتا ئێستاسۆراخیان نیە، نزیكەی ٥٠٠ كەسی هەڵەبجەیی بێ سۆراخن، بۆنمونە مانی عومەری

حاجی عینایەت ئەنفال بوون لە تۆپزاوابوون.

کوڕوکچەکانی مانْی حسێن شا هێشتا بێسەروشوێنن ئایا ئەوان دەچنەی خانەی کارکردنی کۆمەڵەکەی ئێوەوە؟

ئەوانە نەخێر هێشتا بەوجۆرە کارناکەین.

بۆچی مەگەر ئەوان ئەنفال نین؟

بەڵێ ئەنفالکراون وهێشتا بێسەروشوێنن، بەڵام بەراستی وبەراشکاوی ئێمە تەنها کار بۆئەوکەسانە دەکەین کە لەنوگرەسەلمان بوون، کە ژمارەیان ١١٥٢ کەس بووە.

پێتوانیە ئەوجۆرەکارەکردنە زۆربەرتەسکە؟

بەڵێ بەراستی ئێمە ویستمان کارەکە بەپاک وپوختی بکەین ئیشوکارەکانمان چرکردووەتەوە بۆ ئەنفالکراوەکانی ناو نوگرەسەلمان، تەنها ئەوکەسانەی لە نوگرەسەلمان بوون و بۆخۆمان دەیانناسین ئەوەشمان بۆئەوەیە توشی گەندەڵی نەبین و تاونەدەینە بەردێکیش کە پێمان هەڵناگیرێت. بۆئەوەی شاهیدی حەق بۆکەسانێك بدەین کە دەیانناسین، هەرچەندە لەروی کارگێڕییەوە کارمان بۆ ئەنفالکراوەکانی تریش کردووە، بەڵام کەسێك نەناسین ئەنفالیش بووبێ ئێمە ناتوانین شاهیدی بۆبدەین ئەگەر نەیانناسین.

مۆڵەتی فەرمیتان هەیە؟

بەو جۆرەی کە پێویستە مۆڵەتمان وەرنەگرتووە. لەسەر زۆر دیاردەوشتی تریش هەڵوێستی رەسمی خۆمانمان راگەیاندووە.

وەکوچی هەڵوێست لەبارەی چییەوە؟

لەبارەی رۆژەکانی ئەنفالەوە لەبارەی داخستنی دادگای بالای تاوانەکان، لەسەر بەموزەخانەکردنی نوگرەسەلمان، زۆر بەباشیش هەڵوێستەکەمان جێگەی خۆی گرتووە.

بەڵام خۆمۆڵەت وەرگرتن ئەوەندە کارێکی قورس نیەو زۆریش ئاسانە؟

من واهەست دەکەم ئیشوکاری ئەنفالکراوەکان بەگشتی شپرزەییەکی پێوەدیارە.

گرنگترین ئامانج وداخوازی رێکخراوەکەتان بەرونی چییە جیالەدواکاری مادی بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان؟

لەراستیدا هێشتا ئێمە رێکخراوێکی زۆر تۆکمە نین بتوانین کۆبوونەوەی خۆمان بەرێك وپێکی بکەین.

بروتان بەخۆتان هەیە یان ئومێدتان هەیە وەك رێکخراوێك پێش بکەون؟

زۆر ئومێدمان هەیەو بروامان بەخۆمان هەیە کە ئیشوکارمان لەبەر بروا لەبەریشمان رۆیشتووە بۆیە پێش دەکەوین.

پەیوەندیتان لەگەڵ رێکخراوەکانی تر چۆنە.؟

پەیوەندیمان زۆر باشە، ئەمساڵ پێکەوە لەگەڵ ئەنجومەنی رێکخراوە ناحکومیەکان بەهێزترین و باشترین یادی ئەنفالمان کردەوە لە ٢٠١٤/٤/١٤.

ببورە بابگەڕێینەوە بۆ نوگرەسەلمان؟ ویستم پرسیاری ئەوە بکەم تەرمی براکەت هەر لە نوگرەسەلمانە؟

یەکێك لەهەوڵەکانی کۆمەڵەکەمان ئەوەبوو، مانگی ٨ی ساڵی ٢٠١٢ وەك گروپێك چووین بۆلای وەزیری شەهیدان بۆ گفتوگۆکردن لەسەرئەو دۆسێیە، لەگەڵ وەزیری شەهیدان روبەروقسەمان کرد، زانیاریمان دایە لەسەربوونی ئەو گۆڕانەی نوگرەسەلمان هەتا وەزیر بەخۆمی گوت ئەگەر ئەوزانیارییانەت لەلایە بۆچی ناچی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی لێ ئاگادار بکەیتەوەو کۆنوسێك بنوسن؟ لە ٢٠١٢/١٢/٢٨ ستافێکی تری کۆمەڵەکە چوینەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لەوێ کۆنوسێکمان نوسی ئەو داوایەی هەمانبوو تیایدا نوسرا.

ئەی وەڵامی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە چی بوو؟

وتیان برۆنەوە ئێمە کاری لەسەردەکەین و وەڵامتان دەدەینەوە. چونکە ئەوە رەزامەندی حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێمی دەوێ لە ٥ی نیسانی ٢٠١٣ من لەگەڵ تیمێکی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان و تیمێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی عێراق چوین بۆ نوگرەسەلمان، لە ٧ی ئایاری ٢٠١٣ دوای ٢٥ ساڵ چوومەوە بۆ نوگرەسەلمان.

شعورت چۆن بوو کە چویتەوە بۆ نوگرەسەلمان؟

وام دەزانی دیسانەوە هێناویانمەوە بۆنوگرەسەلمان هەموو ئەودیمەنە ناخۆشانەم هاتنەوە یاد، زۆر قورسە گیرانەوەی تۆبیهێنەرە پێشچاوی خۆت هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنیتە سەرخەت، هەم حکومەتی عێراق. کەچوومە ئەوێ تەزوویەکم لەخۆشی وناوخۆشیدا پێداهات.

ئەو تیمە کێی تریان لەگەڵدا بوو چاوساغ وشارەزا؟

تاکە شایەتحاڵ و ڕێپیشاندەرو چاوساغ بۆ سەردانکردنی شوێنی ڕوفاتەکانی ئەنفال من بووم لەگەڵ تیمەکە کە بۆ یەکەمینجار چوین بۆ نوگرەسەلمان و شوێنی ڕوفاتەکانی ئەنفال، دوو ڕەتڵی ئۆتۆمبیل بووین، ئەوانەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی لە پێشەوە دەرۆیشتن کاتێکم زانی زۆر لە نوگرەسەلمان تێپەڕین ڕۆیشتن و نەوەستان، من کاك وشیارم ئاگادارکردەوە لەبەرئەوەی ئەو سەرۆکی تیمەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان بوو، پێمووت کاکە ڕوفاتی ئەنفالکراوەکانی ئێمە لەخواروی قەڵاکەی نوگرەسەلمانەوەن نەك لەودەشتە، بەڵام ئەوان هەتا چاوبڕکا ڕۆیشتن، لەشوێنێکی لماوی و لەناو تەپوتۆزی بیابانداو سەیارەکانیان وەستاندو دابەزین یەکێکیان ووتی کاکە ئەوە گۆڕی ئەنفالکراوەکانتانن، ئەمانە ئێوە ناشتوتانن منیش ووتم نا ئەوانە هی ئێمە نین، کۆمەڵە گۆڕێکی بەکۆمەڵی زۆر لەوبیابانەدا بوون، من دڵنیام ئەوانە هی ئەو گەنجە گەرمیانیانە بوون، کە لەنوگرەسەلمان هیناویانن دەرەوەو لەوێ کۆمەڵکوژکراون.

ئەوگۆڕە بەکۆمەڵانە چەندێك لەنوگرەسەلمانەوە دورە؟

هەتا چاوبڕکات دورە کە دابەزین من لامکردەوە بۆلای نوگرەسەلمان بەڵام نەمبینی دیاربوو زۆر دورکەوتبووینەوە. بەڵام دیاربوو تیمە عێراقییەکە هاوکارنەبوون من واهەستم کرد، دەیانەوێ ئەو هەوڵەی ئێمە فەشەل پێبهێنن، بەڵام هەرچۆنێك بوو گەراینەوە بۆناونوگرەسەلمان لەوێ وتیان کاکە فەرموو تۆ پێشکەوە برۆ بۆناو گۆرستانی هەڵەبجەیی ئەنفالکراوەکان ئێمەش لەدواتەوە دێین، من زۆردڵنیابووم لەکوێن وام دەزانی ئەو دەقەیە کیلۆمەترو نیشانەکانم زۆر باش بەبیردەهاتنەوە، بردمنە شوێنی ڕوفاتی هەڵەبجەییەکان، کەمن چوومە ناو گۆڕەکانەوە ئەوان لەدورەوە چاودێری منیان دەکرد، کاتی خۆی گۆڕەکان بەڕێزنێژرابوون، بەڵام کەچووم بینیم شۆفڵێك هاتووە خۆڵی کردووە بەسەریاندا دیاربوو گیای لێروابوو چونکە ئەو شوێنە گیای تێدانیە، ئەو گیایە لەوێ ڕوابوو جێگەی گومان بوو، تەنانەت ڕەنگی خۆڵەکەش جیاوازبوو.

تۆبۆخۆت شوێنی دەمی شۆفڵەکەت بینی؟

بەڵێ شوێنی دەمی شۆفڵەکە زۆر بەڕونی دیاربوو، کە خۆڵی هەڵگرتووەو کردوویەتی بەسەر ئەو گۆڕانەدا. ڕەنگی خۆڵەکە جیاوازبوو لەو لمەی کەلەوێ بوو، تەنانەت گیاشی لەسەر ڕواوەتەوە.

ئەی تیمی هەڵدانەوە وتیان چی؟ وتیان کەی دەستبەکار دەبین؟

وتیان ئەوە ئاسەواری گۆڕی بەکۆمەڵی پێوەدیارنیەو لەوێدا گۆڕی بەکۆمەڵ بوونی نیە، منیش پێمووتن ئێرە شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵ نیە ئەمە هەمووی تاکە گۆڕن بۆخۆمان ناشتوومانن، ئەمانە هەڵەبجەیین و بۆخۆمان تاك تاك هێناومانن بۆئێرەو بەدەستی خۆمان ناشتوومانن.

ئەی هەڵوێستیان چی بوو؟

ئەوان نەیانتوانی یان ڕاستتر بڵێیین نەیانویست هاوکاری ئێمە بکەن.

چۆن هەرهیچ هاوکارییەکیان نەکردن؟

نەك هەرهیچ هاوکارییان نەکردین نەیانتوانی هیچ قسەیەك لەسەر ئەوگۆڕانە بکەن، تەنها یەك قسەیان کرد، کە وتیان ئەوە ئاسەواری گۆڕی بەکۆمەڵی تێدانیە، ڕاستیشیان دەکرد ئەوانە گۆڕی بەکۆمەڵ نین، بەڵکو گۆڕی تاکن وەك ئەو قەبرستانانەی خۆمان ڕاستە لەناولمی بیاباندان بەڵام بۆخۆمان ناشتوومانن.

سەرئەنجامی چوونەکەتان چی لێکەوتەوە؟

وتیان فەرموون بگەڕێنەوە بۆناو نوگرەسەلمان، کە گەراینەوە بۆناونوگرەسەلمان تیمەکەی حکومەتی هەرێم هیچ زانیارییەکیان لەسەرئەوحالەتانە نەبوو کە من بۆم باس دەکردن، تەنانەت ئەوتیمەی حکومەتی عێراقی ئەوبەرنامەیەشیان بەمن ڕەوانەبینی کە وەزارەتی شەهیدان بەنیازبوون لەناو نوگرەسەلمان لەگەڵ من بیکەن، ئەوتیمەی لەبەغداوە لەگەڵمان هاتبوون زۆر پەلەپەلی پێخستین.

دەشیانزانی کەتۆ شایەتحاڵێکی ولە نوگرەسەلمان بوویت و بەشداری ناشتنی تەرمەکانت کردووە؟

بەڵی ئەی چۆن من بۆخۆم بۆم باسکردن. بەڵام ئەوتیمە هاوکار نەبوون تەنانەت بەزۆر کامێراکەی وەزارەتی شەهیدانیان پێچایەوە کە بەنیازبوون بەرنامەیەك بۆمن بکەن ووتیان کاکە

ئێوەهاتوون گۆڕەهەڵبدەنەوە یان بەرنامەی تەلەفزیونی بکەن، ڕێگەیان نەدا.

هیچ یاسایەك هەبوو ئەوان پشتی پێببەستن بۆئەوەی ڕێگە لەئێوەبگرن نەهێڵن بەرنامەکەتان بکەن؟

لەبەرئەوەی کاتی خۆی وەزیری مافی مرۆڤی عێراقی کوردبوو هەموو دەسەلاتێکی هەبوو، کە گۆرابوو بەعەرەبێکی شیعە هەمان ئەو دەسەلاتانەی بۆماوەتەوە، من وام هەستکرد ئەوان هەر بە ئەنقسەت نایانەوێ هاوکاری ئێمە بکەن. ئەوە هۆکار بوو.

باشە تیمەکەی وەزارەتی شەهیدان کامێرای خۆی پێنەبوو؟

بەڵێ باپێیان بوو.

ئەی بایی ئەوەندە ماوەیان نەبوو گوێ بەوان نەدەن و بەرنامەکە بۆ تۆ بکەن؟

نەك هەرئەوەندە بەڵکو حکومەتی هەرێم زۆربە بایەخەوە بەدەم داواکارییەکەی منەوە هاتن و ئەو مەسەلەیان بەهەند وەرگرت، تیمەکەی وەزارەتی شەهیدان هەر لەکەرکوکەوە کە یەکمان گرت کامێرایان بۆ من دانا و لەکەیەوە من قسە بۆتۆ دەکەم بەتێروتەسەلتر قسەم بۆئەوان کردووە، ئەوان دەیانویست. بەڵام تیمەکەی حکومەتی عێراق هاوکار نەبوون هەرلەسەرەتاوە کۆسپیان دروست دەکرد، لەبەغدا ڕۆژێك دوایانخستین نەهاتن بەدەنگمانەوەو پشتگوێیانخستین، لەڕێگە ویستیان دەست بەسەر کامێراکەی وەزارەتی شەهیداندا بگرن، بەڵام نەیانتوانی. بەکوردی و کورتی نەیانویست هاوکارییمان بکەن.

ئەی لەنوگرەسەلمان بەرنامەکەتان نەکرد؟

نەخێر نەیانهێشت بەرنامەیەکی تێروتەسەل بکرێت.

وەزیری شەهیدان قسەی چی بوو لەسەر ئەو هەڵوێستەیان؟

نازانم وەزیرهەڵوێستی چی بوو، بەڵام کاك هوشیار کەسەرۆکی تیمەکە بوو، بەریوەبەری گۆرەبەکۆمەڵەکانە زۆر بەدڵسۆزی هات بەدەنگمانەوەو هەڵوێستی جوان بوو بەراستی. لەوێش ویستی پەیوەندییەکە ڕابگرێ نەیوست کارەکە ئاڵۆزتربێت، چونکە لەوێ ووتم کاك وشیار بۆ وەڵامی پێویستی ئەو تیمەی عێراقت نەدایەوە بێدەنگ بوو هیچی نەووت بەڵام لەبەغدا پێی گووتم کە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق نیوانیان باش نیەو بارودۆخەکە ناسکە، بەڵام بەداخەوە پێشتر گرژی کەوتبووە نێوان تیمی وەزارەتی شەهیدان وتیمی گۆرەبەکۆمەمەڵەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی باجەکەش ئێمە دامان.

ئیتر بێهوا بوون لەوەی کە ڕوفاتی هەڵەبجەییەکان بهێننەوە یان هەوڵی ترتان هەیە؟

ئێمە ئەو هەوڵماندا بەڵام بێ ئومیدنین و هەوڵی تریش دەدەین، هەرکاتێك ئاڵۆزی لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمدا نەما هەوڵێکی تردەدەینەوە حکومەتی هەرێم هاوکاریمان دەکات.

کەواتە تۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان بەکەمتەرخەم نازانیت؟

نەخێر، بەڵام حکومەتی عێراقی بەکەمتەرخەم دەزانم، چونکە کەمتەرخەمیەکەمان بینی لێرەوە ئێمە ڕۆیشتین هەنگاوێکی گرنگ بوو بەڵام هاوکارییان نەکردین و ناشیانەوێ هاوکاریمان بکەن.

دەزانم زۆر ماندووبوویت چەند پرسیارێکم ماوەو لەکۆتایی دیدارەکەمان نزیکبوینەوە، ئەو گۆڕانەی تەرمی هەڵەبجەییەکانی تێدایە چەندە لە نوگرەسەلمانەوە دوورە؟

یەك کیلۆمەتر ئەگەر بشبێت هەرئەوەندەیە.

واتا ئێوە کیلۆمەترێك بەعەرەبانەیەکی سێ تایی تەرمێکتان دەبرد بۆناشتن؟ ئەی هەندێك کەس دەڵێن هەر لەپشی دیوارەکانی قەڵاکەی نوگرەسەلمانەوە دەمانشاردنەوە؟

ئەوەی من بیزانم و بەشداریم کردبێ هەڵەبجەیی بوبێت یان گەرمیانی بردومانە بۆئەوگۆرستانە کە کیلۆمەترێك لەخوار نوگرەسەلمانەوەیە.

وێنەی ئەو شوێنەت هێناوەتەوە کە ڕوفاتی براکەت و هەڵەبجەیی وگەرمیانیەکانی لێیە؟

بەڵێ هێناومە بەڵام کامێراکەی وەزارەتی شەهیدان بەتێروتەسەلی ڕومالی ئەو سەردانەو شوێنەکەی کردووە ئێستا لە ئەرشیفی وەزارەت هەیە.

ئەوانەی وەزارەت نا ئەوەی لای خۆتە دەتوانی بماندەیتێ بۆ ئەمدیدارە سودی لێوەربگرین؟

بەڵێ بەڵام کامێراکەی خۆم دایە دەست شۆفیرەکەی وەزارەتی شەهیدان چونکە من بۆخۆم لەگەڵ تیمەکە سەرقاڵ بووم مەجالی وێنەگرتنم نەبوو، ئەوەی ئەوکردوویەتی بەشپرزەیی کردوویەتی باوەرناکەم سود

لەوێنەکانی وەربگرن، هەندێك قسەوباسکراوە وێنەی سەرقەبرەکان و ناو نوگرەسەلمانیش گیراوە بەڵام رەنگە سودی لێوەرنەگیرێت بەڵام ئەوەی کەچاك بێت و بتوانرێ سودی لێوەربگریت ئەوەیە کە لەوەزارەتی‌شەهیدانە.

من تەنها یەك پرسیارم ماوە ئەویش هەڵدەگرم بۆ کۆتایی تۆ دوا قسەت چییە؟

من دواقسەم ئەوەیە دواکارم لەکەسوکاری ئەنفالکراوان، دوای بیست و شەش ساڵ لە تاوانەکە نالێم کارەسات چونکە ئەوە تاوانە.. تکام وایە شەرم نەکەن لەداوا رەواکانیان، لەمافەکانی خۆیان. کۆڵنەدەربن، دواکاریش تەنها ئیمتیازو سودمەندی مادی نیە، نەخێر ئێمە مافەکانمان زۆرن وکەمیاندراوە. بەتایبەتی مافە مەعنەویەکانمان بەراستی ستەمە زوڵمە باسی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە نەکرێ، من کەسوکاری ئەنفالکراوان بەکەمتەرخەم دەزانم ئەوەی دەتوانێ دوو ووشە بنوسێ بابینوسێ و بڵاوی بکاتەوەو شەرم نەکات.

دەستخۆش قسەکانی کۆتایت زۆر گرنگ و بایەخدارن. بەهیوام کەسوکاری ئەنفالکراوان چاوکراوەو نەترس بن و بەشداری کاریگەریان هەبێ لە نوسینەوەی مێژووی خۆیاندا. زۆر ماندووم کردیت، بەڵام پێویست بوو. دواپرسیارم ئەوەیە رەزامەندی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە

هەتا مرد ئاوی ساردی نەخواردەوە

هەرکە دیدارەکەمان تەواوکرد، کاك عەلی عارف ووتی چیرۆکێکم لەلایە پێمخۆشە باسی بکەم، پاشئەوەی گوێبیستی بووم سەرلە نوێ کامێرام بۆ دامەزراندەوەو ریکۆردم کرد، هەر بۆیە لەبەرکاریگەری چیرۆکەکە پێم باش بوو بە جیاواز لە دیدارەکەی عەلی عارف بڵاوی ببێتەوە.

عەلی عارف دەستی کرد بەگێرانەوەو وتی:

یەکێك لەو چیرۆکە مرۆڤەژێنانەی ئەنفالی هەڵەبجە کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، چیرۆکی مردنی منداڵێك و هەڵوێستی ئازایانەی دایکێتی، کە ناخی ئینسان دەهەژێنێ و پێویست بوو هەر زۆر زوو دیکۆمێنتبکرایەو هەتا ئێستا چەندین فیلمی لەسەر دروستبکرایە، بەڵام بەداخەوە هیچی لەبارەوە نەکراوە چیرۆکە تراژیدیاکە مردنی منداڵێکی هەڵەبجەییە لە نوگرەسەلمان.

ئەکبەر منداڵێکی بچوکی سێ ساڵان بوو لە نوگرەسەلمان مرد، ئێستاش تەرمەکەی لەوێ بەجێماوە، مامۆستا دلێری برای ئەکبەر بۆی گیرامەوە ووتی براکەم نەخۆش بوو هەر داوای ئاوی ساردی دەکرد، بەڵام لە نوگرەسەلمان ئاوی سارد چۆن دەستبکەوتایە؟ ئەوە مەحاڵ بوو، تەنانەت ئاویش زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت، ئەوەشی هەبووگەرم و تاڵ وسوێربوو. کاتێك براکەم داوای ئاوی ساردی دەکردو دەستنەدەکەوت دایکم (عالییە حەمە فەرەج) لە حەژمەتا توند کورەکەی گرتبوو بەسنگی خۆیەوە، بەڵام ئەکبەر زۆر نەخۆش بوو لە باوەشی دایکمدا گیانی لەدەستدابوو، کە زانیمان مردووە خەڵك هاتن



تکاو رجایەکی زۆریان لە دایکم کرد بیانداتێ بیبەن بینێژن، چونکە مانەوەی بێسودەو بۆگەن دەکات، بەڵام دایکم قایل نەدەبوو تەرمەکەی بەرن بە جۆرێك بەسنگی خۆیەوە گوشیبووی دەتگووت پێکەوە لەحیم کراون، بەهیچ جۆرێك بەرینەدەدا، هەتا لە هۆش خۆی چوو ئینجا توانیمان برا مردووەکەمان لەباوەشی دەربهێنین وبیبەین بینێژین.

بەڵام لەوەش تراژیدی تر ئەوەیە هەتا ئێستا دایکم ئاوی ساردی نەخواردووەتەوە ئەوا (٢٥) ساڵ بەسەرمردنی ئەکبەرو ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێ هەتا ئێستا بۆیەکجاریش دایکم ئاوی سارد بەگەرویدا نەڕۆیشتووەتە خوارەوە[١].

١. ئەوکاتەی چیرۆکەکەیان بۆ عەلی عارف گێڕاوەتەوە ٢٥ ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفال و کیمیاباراندا تێپەڕی بوو.

خانەوادەی حاجی ڕەحمانی نارنجەلەو خانەوادەی ئال ئعێشم

بێگومان هەموو گوێبیستی ئازایەتی خانەوادەی ئال ئعیشم بوون لە داڵدەدانی تەیموری ئەنفالدا، ئەوەش دەزانن کەم تا زۆر پاداشتیان دراوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە بارەیەوە نایزانن ئازایەتی (حاجی ڕەحمن)ی نارنجەڵەو خانەوادەکەیەتی .

حاجی ڕەحمان لە بنەڕەتەوە خەلکی گوندی نارنجەلەی ناوچەی هەورامانە سالّی ١٩٧٦ رایانگواستوون بۆ ناحیّی سیراوان، لە ڕۆژی ٣/١٦ حاجی ڕەحمان و خانەوادەکەی بەرچەکی کیمیایی کەوتن و هەموویان بریندار بوون، لە کاتێکدا سوپای عێراق شکستی خواردبوو (خالد عبدولکەریم عەلوان) وەک سەربازێکی عیراقی لێقەوماوخۆی هاویشتە مالّی ڕەحمن و داوای هاوکاری لێکرد، ئەوان سەرباری ئەو تاوانە گەورەیەش کە سوپا لێی کردبوون و بەگازی کیمیایی لێیدابوون و بە هەزاران کەسی هەڵەبجەو دەوروبەری کوشتبوو، هەزاران مرۆڤ بەگازبرینداربوون و هەندێکیان بینایی چاویان لەدەستدابوو، حاجی ڕەحمان لە نێوان تۆڵەو لێبوردەیی دووهەمیانی هەڵبژارد. سەربازە عێراقیەکەی گرتە خۆی و جلی کوردی لەبەرکردو هاوکاری کرد، وەک کوری خۆی بردی بۆناوچەی هەورامان و لەوێشەوە بۆکەمپی ئاوارەکانی ئێران لەوێ خالید لەبەرئەوەی نەیدەزانی بەکوردی قسە بکات وەک کورێکی لالّ و بێزمان ناونوسکرا، دەبوو بڵێن ئەم کورەمان لەبنەڕەتەوە لالّ وبێزمانە، بە جلوبەرگی کوردییەوە کە هەرگیز لێی نەدەهات و نەبووە کەسێکی ڕێک پۆش، بێگومان ئەگەر ئەمە وەک هەڵوێستی تاکە کەس لێکبدرێتەوە بەهەڵەدا


خالد عبدولکەریم عەلوان


فەیسەڵ


حاجی ڕەحمان

دەچین کۆتایی چیرۆکەکە یەکلایی کەرەوەیە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تیگەیشتن و هەوێنی لێبوردنێکی کۆمەڵایەتی .سەرئەنجام خالد رزگاری بوو گەیشتەوە ناو کەسوکاری لە شاری نەجەف و ئێستاش لەژیانداماوەوەو هەر لەوێ دەژی بەلام حاجی ڕەحمان ڕاگویزرا بۆ گردەچاڵ و کورێکیشی بەناوی فەیسەڵ گیراو بێسەروشوێنکرا .

هەر لەم ژمارەیەدا ل٦٦ دیدار لەگەڵ ئەرسەلانی کوڕی بخوێنەرەوەو زانیاری زیاتر وەربگرە

ماڵپەڕی ئەنفالستان کەوتەکار

ئەمساڵ لە بەروارى ٢٠١٥/٤/١ ماڵپەڕی ئەنفالستان بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیانی ئەنفال وتاوانی کۆمەڵکوژی دەستبەکار بوو.

تێچوی ماڵپەڕەکە کە عومەر محەمەد لە موچەی شەهید محەمەد قادر باپیر کە دەکاتە باوکی سەرنوسەرو پەروین محەمەد قادری خوشکی، وەک ڕێزلێنانێک لەگیانی بەرزی باوکیان لەموچەی مانگانەکەی کە برێ (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار ە دابینکراوە. هەردووک وارسی شەهید محەمەد قادر باپیر (پەروین وعومەر) سورن لەسەر ئەوەی دەبێت تێچوو بەڕێوەبردنی ماڵپەڕی ئەنفالستان لە موچەی مانگانەی باوکمان دابین بکرێت.بۆسەردانی ماڵپەڕی ئەنفالستان سەردانی www.Anfalistan.com بکەو نوسین ودیدارو بەڵگەنامەکانی ژمارەکانی پێشوی تێدا بخوێنەرەوە .

عومەر محەمەد سوبحان:

لە نوگرەسەلمان براکەم نەیهێشت سەهۆڵ و نانەکە بخۆین

شەوی ٢٥/٢٤ی مانگی نیسان درەنگانێك لەگەڵ هاوکارم مامۆستا هێمن عەبدوڵا - گۆپتەپەیی لە ماڵێکی بەخوڵق و خۆی شاری هەڵەبجە دابەزین، پێشتر دیمانەم لەگەڵ عەلی عارف خاوەنی ماڵەکەدا سازدا بوو دەربارەی مەینەتی و تراژیدیای نوگرەسەلمان و کیمیاباranی شاری هەڵەبجە، ئێمە بەنیازی دیدار لەگەڵ ئازارچەشتوویەکی تری نوگرەسەلماندا بکەین، کەچی پیاوێکی تریش لەوێ دانیشتبوو بەرلەوەی هیچ قسەیەك پێکەوە بکەین بەسەروسیمایدا دیاربوو کەسێکی ئازارچەشتووی هەستناسکە، ئەو پیاوە عومەرمحەمەد سوبحان بوو، ئەویش بەگەنجی نوگرەسەلمان و چیرۆکە ترسناکەکانی ناوئەوقەلایەی بینیوە، راستترە لەبری قەلای نوگرەسەلمان ناوی دۆزەخی شۆڤێنیزمی لێبنرێت. پاشئەوەی دوای لێبوردنم لەوپیاوەش کرد کە دەبوو زوتر بچوینایەو قسەمان لەمەڕ ئەنفالی هەڵەبجە بکردایە ئەو بەدڵێکی فراوانەوە ووتی من سوپاسی کارەکەتان دەکەم کە هەوڵدەدەن ئەم مێژووە ون نەبێ و ئەو ئازارە لەبیرنەکرێت. ئیتر دوای ئەوەی دیدارمان لەگەڵ محەمەد تەواو کرد مامۆستا هێمن عەبدوڵا ئامادەکاریی دیمانەکەی کردو ئەم دیدارەمان کاتژمێر ١٠ی شەو سازکرد:



ئەگەر ناوی سیانیتم پێبڵێت

عومەر محمد سوبحان

نازناوت هەیە.؟

نەوەڵا نیمە هەر لە شیعرەکانیشمدا نیمە جاران نازناوی جەفام هەبوو بەڵام لامبرد.

بۆچی لات برد؟

لەبەر ئەوەی سێ شاعیری تر هەبوون یەکێکیان جەفا کێش ئەویتریشیان جەفایی من ئەوەم نەزانیبوو بەڵام دوایی کە پێیان ووتم لامبرد هەربەناوی خۆمەوە بڵاوی دەکەمەوە. جەفاو جەفاکێش و جەفایی تێکەڵ دەبوون بۆیە ئیستا هەربەناوی مامۆستا عومەرەوە شیعرەکانم بڵاودەکەمەوە.

لە دایکبووی سانی چەندیت؟

لەدایکبوی سانی ١٩٦٩ م.

ئەو کاتەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە رویدا خانەوادەکەتان چەند کەس بوون؟

خانەوادەکەمان بریتی بووین لەخۆم و دایکم و برایەکم، برایەکیی تریشم خۆی و خێزانی و دوو منداڵی، خوشکێکیشم خۆی و دوو منداڵ و زاواکەشمان. شەش کەس بوون.

چۆن شەش کەس بوون؟

خوشکێکم خۆی و دومنداڵی برایەکیشم خۆی و دوو منداڵی خۆشمان سێ.

کەواتە بەس لەخانەوادەکەی خۆتان (٩) کەس دەکات بێجگە لە براژنت و زاوەکەشتان.

بەڵێ زۆر.

ئەو کاتە ژیانتان بەچی دەگوزەراند چ کارێکتان بۆ بژێوی خۆتان دەکرد؟

هەڵبەت تۆ باسی پێش کیمیابارانت پیویستە؟

بەڵێ من دەمەوێ بزانم ئێوە پێش کیمیابارانکردنی شارەکەتان خانەوادەیەکی چۆن بوون، ژیانتان چۆن بووەو ئێستا لەدوای ئەو تاوانەوە چ گۆرانکارییەک رویداوە بەکورتی دەمەوێ بزانم وێنەی گشتی خانەوادەیەکی هەڵەبجەیی لە پێش تاوانەکەو دوای تاوانەکە بزانم.

ئێمە لەپێش ساڵی ١٩٨٨ خەریکی کاروکاسبی خۆمان بووین کشتوکاڵمان دەکرد، بەزۆری سەرقاڵی بەرهەمهێنانی توتن بووین. بەگشتی خەڵکی شاری هەڵەبجە بژێوی و ژیانیان کەوتبووە سەر سێ بەش یان سێ جۆری کاسبی، بەشێکیان زەراعەت و کشاوەرزی بوو، بەشێکیان پیشەوەر بوون و وەک دوکانداری و کاری دەست بەشێکیشیان فەرمانبەری دەوڵەت بوون.

ئەمە باسی دانیشتوانی ناوشاری هەڵەبجە دەکەیت؟

بەڵێ دانیشتوانی ناو هەڵەبجە. خەڵکیش ئەو کاتە زۆر (قات بوو) واتا جوان دەژیا، بەسادەیی بەڵام وەک پاشا دەژیا ئێمە بۆخۆمان چوار مانگی هاوین کارمان دەکرد بەڵام ئەو چوارمانگە زەخیرەی ساڵێکمان دەخست و بە سەربەرزی و ڕێک وپێکی پێی دەژیاین. بەگشتی ژیانی خەڵک ئاوا بوو ئەوکاتە.

پێدەچێت تۆ بیرەوەری زۆرو خاڵی گرنگت لەلابێت بەهەستی ناسک و تواناتدا دیارە چیرۆکی گرنگت لەلابێ؟

(بەپێکەنینەوە) سوپاست دەکەم، بەهیوام بەدڵی ئێوە بێ.

لەو یادەوەرییە خۆشانەی منداڵیت پێشئەوەی تاوانەکە شیرازەتان تێکبدات، لەوکاتەدا کە ژیانتان هاکەزایی پاشایی بووە کامیان لە یادەوەریتدا زۆر شیرینن؟

ئێمە لەم شارە هەموومان وەک خانەوادەیەک دەژیاین، خەڵکێکی تەباو خۆشگوزەران بووین، هەموومان یەکتریمان دەناسی ئەوەی لەبیرم مابێت، هاتووچۆ هەبوو لە نێوخانەوادەکاندا، هاونشینی هەبوو شەوان دەچووین بۆماڵێ یەکتری و هەتا درەنگانی شەو پێکەوە دادەنیشتین و قسەی خۆشمان دەکرد، ئێمە لەماڵێ خۆمانەوە کە لەگەڕەکی سەرا بووین بەپێ سێ چارەک یان سەعاتێک بەپێ دەڕۆیشتین بۆ شەونشینی لەو بانە پێی دەڵێن تووە وشک. کە دەڕۆیشتین خەڵکی ترمان دەبینی جالە شەودا یان بەلایت یان بەچرای دەستی دەڕۆیشتین یەکتریمان لەڕێگە دەبینی و پێکەوە قسەمان دەکرد، ئەوە جوانترین یادەوەرییە و بەراستیش کەشێکی خۆشی دروست دەکرد زۆر خۆشبوو، دنیایەکی زۆر جوان بوو.

بێگومان یادەوەرییەکی جوانە بەڵام ئەو کاتە هەڵەبجە کارەبای نەبوو؟

بەڵێ هەیبوو بەڵام ناو کۆڵانەکان تاریک بوون.

ئەوە چ ساڵانێک بوون حەفتاکان یان پێشتر؟

ئەوەی باسی دەکەم دەوری حەفتاو شەش و حەفتاو حەوت و ئەوکاتە. نەک هەرئەوە خەڵک گیانی تەبایی و هاوکاری زۆری تێدابوو یەکتریان خۆش گەرەک بوو، وەک ئێستا نەبوو، بۆنمونە یەکێک خانووی بکردایە خزم و دۆست، هەموو دەچوون هاوکارییان دەکرد، بۆنمونە توتنمان دەکرد بۆنمونە دەیانووت دەستەوام[1] ئێمە ئەگەر زەوی و ئاومان هەبوایە ئەگەر سێ ڕۆژی تر بچوینایە بۆ چاندن یان بۆ شەتڵ لێدان، ئەگەر دراوسێکەمان ئەمڕۆ بیکردایە دەبوو بچم هاوکارییان بکەم ئەمە ببووە عادەت بێ ئەوەی پێت بڵێن ئیتر کەسەرەی منیش دەهات بۆ شەتڵ چاندن ئەوانیش دەهاتن. جگە لەوەش لەناو خزمانیشدا هاوکاری هەبوو، بۆنمونە ئەگەر خزمێک کەسێکی بمردایە هەر دراوسێکان هەڵئەسان بەدروستکردنی نان و چێشت بۆ کەمکردنەوەی ئەرک لەسەر خاوەن پرسەکە.

١. ئەم دەستەوایە لەهەموو ناوچەکانی تری کوردستان هەبوو لەهەندێک ناوچە پێی دەڵێن دەستیاو واتە تۆ دەستم بگرەو منیش دەستت دەگرم. وەک عومەر باسی دەکات دەستیاو ئەوە بوو ئەمڕۆ دەهاتن کاری هەروەزییان بۆ من دەکرد سبەی بۆ تۆ دوسبەی بۆ یەکێکی تر.

واتا هاوسۆزیەکی ڕۆحی هەبوو لەڕوی وویژدانی و لەڕوی مادیەوە هەموکەس خۆی بەخاوەن پرسە دەزانی؟

بەڵێ هەر لەمزگەوتەوە بانگێشتی خەڵکەکانیان دەکرد بۆماڵی خۆیان وە دەیان گوت نان و چێشت ئامادە کراوە لەماڵەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەرک لەسەر خاوەن پرسەکە.

ئەم نەریتە لە هەڵەبجەدا هەبوو؟

بەڵێ تا کاتی کیمیابارانەکە ئەم نەریتە هەبوو بەڵام لەدوای کیمیابارانەکە ئەو نەریتە کاڵ ببۆوە، چونکە هەر کەس و خانەوادەیەک بۆ لایەک هەڵاتبوون وە نەریتی شوێن وناوچەی تریان هەڵگرتبوو.

بەبڕوای تۆ دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە ئەم کەلتور و نەریتە جوانانە دروست بکەینەوە؟

من پێموایە ئەو ئەرکە چەند دەکەوێتەسەر پەروەردە ئەوەندەش دەکەوێتەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە، لەوکاتەی من منداڵ بووم لەخوێندگە باوکم دەهات بۆلای مامۆستا پێی دەوت ئەمە کوڕی خۆتە گۆشتەکەی بۆتۆ و ئێسکەکەی بۆ من مەبەستی لەمە ئەوەندەبوو کە مامۆستاکە توندو تیژبێت بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەندە متمانەی هەبوو بەمامۆستاکە کەدەیزانی وەک کەسی خۆی تەماشای دەکات دەتوانێت کوری خۆی پێ بسپێرێت، ئەوکات ئەم متمانەیە هەبوو لەنێوان کەسەکاندا.

کەواتەئێمە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەدام و رژێمی دیکتاتۆر نەیتوانی کورد هەمووی لەناوبەرێت بەڵام توانی دابونەریتمان لەیەک هەڵبوەشێنێ لەدوای ئەنفال و کیمیاباران تاکێک دروستبکات کە خۆپەرست و چاوچنۆک و بێمتمانە بێت.....

لە ساڵی کیمابارانەکە لەناوشاری هەڵەبجەیا بووین؟

بەڵێ

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی کیمابارانەکەو ئەویادەوەریە تاڵانە لەهەڵەبجە؟

ناشکوری نەبێت یادەوەریەکانمان هەمووی تاڵە، لەچواردەی مانگدا هێرشکرا بۆ هەڵەبجەو لە سنورەکان تۆپباران بوو ئێمە لە پازدەی مانگدا لەترسی تۆپباران چوین بۆ ماڵی دراوسێی خوشکەکەمان ماڵی حاجی ئەمین کۆکۆی ئەوان ژێرزەمینیان هەبوو

تۆپی کوێ؟

تۆپی ئێران، لەپانزەی مانگ ئێوارەکەی ئێران هەڵەبجەیان گرت و پاسدار هاتە ناوشار، خەڵک دەیزانی ئەمە مەترسیە بۆسەر خەڵک بۆیە ویستیان بچنە دەرەوەی شار، بەڵام نەیان هێشت خەڵک بڕوات

کێ ڕێگەی نەدا خەڵک بڕوات لە هەڵەبجە؟

پێشمەرگە، ئەیان ووت مەترسی نییە کەس نەڕوات شارەکەمان ئازاد کردوە و چەکی باشمان هەیە خەڵکیش باوەڕی کرد، ئەو بوو لە کاتژمێر ١١, ٤٥ دەقە بوو من لەماڵی حاجی ئەمین دانیشتبووم دەنگی تەیارە ئەهات

چەند تەیارە بوون؟

یەک تەیارە ئەویش بۆ کەشف هاتبوو، لەدوای دە دەقە بۆ چارەکێک نزیکی کاتژمێر دوانزە بوو کە تەیارەکان هاتن بۆردومانیانکرد من لەو کاتە لەماڵەوە بووم لە حەوشە گوڵم ئاودەدا خۆم دابوە پەنا دیوارەکە تا تەیارەکان نەمان. شار ببو بە دۆزەخ قیژەی ژن و منداڵ لەهەمولایەکەوە دەهات بۆیە منیش ڕامکرد بۆ ژێرزەمینەکە، لەڕێگا پاسدارێکم بینی قاچی قرتابوو تەپاوتلی ئەدا، کە گەیشتمە ژێرزەمینەکە پیاوێک هات ناوی حاجی عەلی بوو ووتی پاڵەوان کوژرا، ئێمە لەژێرزەمینەکە ماینەوە کە بۆردومانی کیمیای کرد پیاوێکی لێبوو کوڕی مامۆستا شێخ محمد بوو ناوەکەیم لەیاد نەماوە کە وەختی خۆی سەربازبوو ئەو باسی ئەوەی کرد کە تۆپی کیمیایی دەنگیان کەمەو بۆنی سیروسێوی لێدێت و لەوکاتەدا دەبێ پەرۆتەربکەیت و بینێی بەدەم ولوتتەوە.

ئەوچۆن ئەوەی دەزانی؟

وتی من لە صنفی کیمیایی بووم ئەوەشی ووت کە دەنگی

بۆمبی کیمیای کەمە.

ئینجا ئەو بۆمبانەی هەڵەبجە دەنگیان کەمبوو؟

لەسەرەتاوە دەنگیان زۆر بەهێز بوو، بەڵام رەنگە هەڵەبجە بەهەموو جۆرە بۆمبێك لێدرابێ.

باسی پاڵەوانت کرد کە کوژرا، ئەو پاڵەوانە کێ بوو؟

ئەوە حەماڵێکی هەڵەبجە بوو، خەڵك پێیان دەگووت پاڵەوان، پێشتر بەپارچەی تۆپی ئێرانیەکان کوژرا.

بەڵێ ببورە بەردەوامبە ئیتر دوای ئەوە چیتان کرد.؟

بۆیە پاش کەمێك ژنەکان ووتیان بۆنی سیر دێت ئەویش ووتی ئەگەر خەڵوز هەیە بابیسوتێنین کیمیایەکە لائەبات، من وبراکەشم چوین سەرچەفمان هێناو پارچە پارچەمان کردوو تەرمان کرد یامان بەهەموو ئەوانەی کەلە ژێرزەمینەکە بوون بۆئەوەی بیگرن بەدەم و لوتیانەوە منالەکانیشمان دانیشاندو بەتانیەکمان تەرکرد دامان بەسەریانا، لەوێ ماینەوە تا ئێوارە تۆپباران بەردەوام بووتا دنیا تاریك بوو وتمان ئەڕۆین بەودەشت ودەرەدا تا گەیشتینە بامۆك. وە ئەوەی زۆر بێتاقەتی کردم لەڕێگا پیاوێك کەوتبوو کە جامانەکەی یەك بست لەسەریەوە دوور بوو کەفێکی سپی بەدەمیدا دەهاتە خوارەوە من زۆر ترسام، لەولاوە ژنێك کچێکی عازەبی رادەکێشا، تەمەنی شانزە حەڤدە ساڵێك دەبوو، دەیگوت دایکە وازم لێبێنە بچم بۆلای باوکم بەڵام دایکی نەیدەهێشت و دەیگوت ئەو تیاچووە بائێمەش تیانەچین، دیار بوو ئەو پیاوەی مردبوو باوکی بوو، ئێمە کە چوینە بامۆك دنیا تاریك داهات پاشان چوینە سازان شەو لەوێ ماینەوە، ئەو کاتەی ئێمە لە بامۆك بوین قومبەلەیەك دای لە هەڵەبجە هەموو هەڵەبجەی ڕوناك کردەوە وتیان ئەوە قومبەلەی فسۆر، مەلا بانگدان کەوتینە ڕێ شوێنێ لێیە پێیان دەوت دەشتێ پاسدارەکان پردێکیان دروست کردبوو لە سەر ئاوی سیروان ئەودیوی پردەکە خاکی ئێرانەوە ئەمدیویشی خاکی عێراقە، لەوێش تەیارە هات، بەڵام لەسەر هەموو قولەیەك سوپای ئێران دۆشکای دانابوو تەقەیانکرد لە فڕۆکەکان نەیانهێشت فڕۆکەکان نزیك ببنەوە، ئێران گەڵابە و سەیارەیەکی زۆریان هینابوو خێزانەکانیان تێدەکردوو دەیانبردن ئێمەش یەکێك بوین لەوانە، ئێمەیان برد بۆ هەرسین، قەزایەکە سەر بە پارێزگای کرماشان، ئێمەیان بردە مەکتەبێك، ئەو کاتە وەختی سیانزە بەدەر بوو لە ئێران پشوبوو چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە، مەڵاشومان تڕەکی بوو چونکە هیچمان نەخواردبوو وە ترسابووین کە شتمان دەخوار مەڵاشومان ئازاری هەبوو، لە قاعەیەکدا نوستبوین کاتێك ڕەشەبا پەنجەرەکەی بەهێزێکی زۆر داخست هەمومان بەترس و هاوارەوە خەبەرمان بویەوە، پیاوێکمان لەگەڵ بوو ناوی ئاغای ساڵحی بو لەوساتەدا چاوی پڕبوو لە فرمێسك

ئێرانی بوو؟

بەڵێ، منداڵێکی ساوای بەباوەشەوە بوو بۆ کەسوکاری منداڵەکە دەگەڕا، کە چوینە ئێران دایکم لێ ون بوو، مانی ئێمە لەگەڵ مانی برایەکم لەگەڵ برایەکی ترم کە ژنی نەهێنابوو پێکەوەبوین، مانی برایەکم لەگەڵ خوشکێکم لێ ون بووبو، مانی کاکە عەلیم لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ شێخ حەمەسالەحی زاوام، مانی شێخ حەمە صالەحی زاوامیان بردبوو بۆکرماشان لەوێوە بۆ سەقز دایکیشمیان بردبوو بۆ کرمان لە سنوری ئەفغانستان، دوای چوار ڕۆژ مانەوەمان لە هەرسین حەزمان کرد بچینەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان ئەوەبوو چوینە سەریاس سەر بە قەزای پاوەیە

ئازادبوون لەوەی کە بچن بۆ هەر شوێنێك؟

دەمانگوت کەسوکارمان لەوێیە ئەوانیش کارئاسانیان بۆ دەکردین، خێمە و کەل و پەلەکانمان تەسلیم دەکردنەوە لە هیلال ئەحمەر لە فەرمانداری نوسراوێکیان بۆ دەکردین بەسەیارەی خۆمان دەڕۆشتین، دوای ماوەیەك خەڵك پێیان وتین دایکتان لە کرمانە، ئێمەش چوین دایکم و مامە ئەحمەدمان هێنایەوە بۆ سەریاس، زۆر بێتاقەت بووین،

وەك پیرەمێرد لە ئەستەمبول قازی بوو مامۆستا صالح دیلانیش نامەیەکی بۆ دەنوسێت پێی دەڵێ تۆ لەو شوێنە خۆشەدا ئێمەت لەیاد نیە ئەویش بە شیعرێك وەڵامی دەداتەوە دەڵێ کاوڵەکەی وەتەن ئەوەندە شیرینە ژەهری دوو پشکی عەربەت شیرینە، ئێمەش بێتاقەتی هەڵەبجە بوین دەمانوت تۆ بڵێیت ڕۆژێك هەبێ بچینەوە بۆ هەڵەبجە پیاسەیەکی گوڵان بکەین، بچین بۆ عەبابەیلێ و شنرۆێ، ئەوە ئاواتی ئێمەبوو، ئەوەبوو کۆمەڵێك گەرانەوە لە (٨/٧) و (٨/٨) و (٨/٩) ئێمە لە (١٩٨٨/٨/٩) گەرانەوە، زیاتر کە خەڵك گەرایەوە دوای ئەوەی گوێ بیستی ڕادیۆی ئێران بوین وتی (ئەو ئاوارە عێراقیانەی کە گەرانەوە بۆ زێدی خۆیان بە سەلامەتی گەشتنە شەهرستانی حلبجە) ئێمە کە گوێبیستی ئەوەبوین گەرانەوە

ڕادیۆی ئێران بوو؟

ڕادیۆی کرماشان بوو.

بەزمانی کوردی قسەی پێدەکرا؟

بەڵێ بەڵی رادیوی کوردی کرماشان، ئێمە بەو رادیوییە فریومان خوارد کە لەدەنگوباسدا خوێندییەوە وتی ئەو خانەوادانەی هەڵەبجە کە گەرانەوە بەسەلامەتی گەیشتنەوە شاری هەڵەبجە ئێمە بەو دەنگوباسەی رادیوی کرماشان هاتینەوە، ئا لەوەوە بوو کە کاك عبدالرحمن باوەکۆچەکی برای شەهید حسینیش وتی مامۆستا ناوی منیش بنوسە دێمەوە بۆ هەڵەبجە

تۆ گوێت لەو ڕادیۆیە بوو کە وای وت؟

بەڵێ ئێوارە بوو دانیشتبوین، ئێمە ناومان نوسی وە ئەو خێمە و کەل و پەلانەی کە پێیان دابوین گەڕاندمانەوە بۆیان سواری گەڵابەیان کردین کە گەشتینە مەرزی (شۆشمێ - تەوێڵە) زیلەکانمان دینی، مامۆستا ئەحمەد لەو کۆمەڵەی ئێمەدا نەبوو، زیلەکانمان نا بە گەڵابەکانەوە کەلوپەلەکانمان دەخستە ناویەوە ئێتر هەر لە پێخەفەوە تا سەلاجە، (ئێمە دوای ئەوەی چوینە سەریاس حکومەتی ئێران وەرەقەی دەکرد بۆ خەڵك، دەیوت بڕۆنەوە کەلوپەلەکانتان بهێنن ئێمەش وامان کرد)، کاتێك کەلوپەلەکانمان دەخستە زیلەکەوە سەربازێکی عێراقی تێدابوو کورد بوو پێی وتین باشتان نەکرد کە گەڕانەوە ئێمەش وتمان بۆچی ئەویش خۆی ونکرد لێمان ئێمەش کەلوپەلەکانمان بارکرد خۆشمان چوینە سەر ئیڤاکە ئێمە هەشت کەس بووین (مامم، دایکم، برایەکم، برایەکی ترم لەگەڵ خێزانەکەی و دوو منداڵ) مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ کاکە عەلیم لە پێشی ئیڤاکەدا سوار بوبون، بەبەشی خوارەوەی تەوێڵە دەڵێن گەڕیات ئێمە لەوێ وەستابوین وتیان ئێستە ئامر دێت قسەتان بۆ دەکات، لەوکاتەدا شەڕی (ئێران - عێراق) وەستابوو، سەربازەکان گۆرانیان دەوت و دڵخۆش بوون، پێیان وتین ملازمەکە هات ڕوتبەکەی عەقیدە منیش وتم چۆن عەقیدە برایەکم وتی دالێك و دوو نەجمە بەسەر شانیەوەیەتی کە گەیشتە لامان وامانزانی بەخێرهاتنمان دەکات، داریکی بەدەستەوەبوو، پێیان وت گەورەم هەمویان ئامادەن، منیش بە هۆی خوێندنەوە کەمێ لە عەرەبی تێدەگەشتم ئەفسەرەکە وتی (بخۆن بچێژن ئەمە سزاکەیەتی کە لەمە بەدواوە دەیبینن ئێمە سەربازمان لە بەصرەوە هێنا بۆ پاریزگاری لە خاکی ئێوە بەڵام ئێوەی خائین ئێرانتان هێنا) ئیتر بێئومێد بووین، وتی بیانبەن. بەڕێکەوتین، بە سایەقەکەمان وت بۆ کوێمان دەبەن؟ وتی: مەترسن بۆ عەربەتتان دەبەین، کە گەیشتنیە عەربەت سەیارەکە هەر ڕۆیشت، وتمان بۆ ناوەستیت وتی بۆ زەڕایەن دەڕۆم، دوو سەربازیشمان لەگەڵبوو، ئێمەیان هێنا بۆ سلێمانی، لە پردەکەی سلێمانی هاتینە ژورەوە (لەبەرئەوەی لەناو ئیڤاکاندا ئافرەتی تیدابوو کورد بوون) هەموو گڵۆپی شار کوژایەوە تا دوا ئیڤا چوینە ناو تەواریەکەی چواربا خ.

چەند ئیڤا دەبوون؟

نازانم بەڵام نزیکەی دوو سەد بۆ سێ سەد کەس دەبوین، لەناو بەندیخانەی تەواریەکە ئەوکەسانەی کە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش ئێمە گەڕابونەوە هەمویان لە حەوشەکەدا بوون،

دیواری حەوشەکە بەرز نەبوو چەند پاسەوانێکیان دانابوو بۆیان، کاتێك لەگەڵ پاسەوانەکان قسەمان کرد وتیان خوێندکاری زانکۆین وەك (جەیشی شەعبی) هێنابونیان، دانەیەکیان زۆری پێناخۆش بوو کە لێیان داین و بەندیان کردین، براکەم وتی من دەتوانم ڕابکەم بەڵام چۆن دایك و براو کەس و کارەکەم جێبهێڵم، ئەگەر کەسێك سەڵت بوایە دەیتوانی خۆی دەرباز بکات تەنانەت یەکێك لە پاسەوانەکان بە ماموستا ئەحمەدی وت ئەگەر دەتەوێ بچیت بۆ تەوالێت ئەوا بچۆرە نزیکی ئەو دیوارە، مەبەستی ئەوەبوو کە خۆی دەرباز بکات ئەویش بە پاسەوانەکەی وت نا پێویست ناکات، سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژ لەوێ بوین بەیانیەکیان سەرژمێریان کردین، پاسی ڕیمیان هێنا لەگەڵ کۆستەردا لە دوایشدا پاسی داخراویان هێنا لە بەچکە کۆستەرەکان بەرزتر بوو ڕەنگی سەوز بوو لەهەر لایەکەوە دوو جامی پێوەبوو بەقەد قاپێك دەبوو دەرگاکەی لە دواوە دەکرایەوە کە دەچویتە ناوەوە دوو بەش بوو کە دەرگاکەت دادەخست بە ئەندازەی دوو کورسی پۆلیسەکەی تێدا دادەنیشت دوای ئەوە تەلبەند بوو بەندیەکان لەوێدا دادەنیشتن، ئەفسەری تەواریەکە وتی ژنەکان بێنە ئەملاوە پیاوەکانیش بێنە لایەکی تر، هەر کورێك تەمەنی لە پازدە ساڵ یاخود شازدە ساڵ زیاتر بوایە دەیانخستە ناو پیاوەکانەوە منالەکانیش لەگەڵ دایکیاندا بوون، هەمومان دەستمان کرد بە گریان دەمانزانی بۆ ڕێکای هات و نەهات و شوێنێکی ناخۆشمان دەبەن ئەگینا بۆ جیامان دەکەنەوە ئەوەبوو خستینیانە ناو پاسێکی داخراوەوە، من لەگەڵ دووبراکەم بووم ژنەکانیش لەناو سەیارە درێژەکاندا بوون، زۆر بێتاقەت بووین زۆر گەرم بوو، لە خەیاڵمدایە سەیارەکان لە دواوە شتێکی هەبوو هەڵیان دەدایەوە وەك سلاید لەوێوە کەمێك هەوامان بۆ دەهات، گەشتینە شوێنێك سەیارەکە خوار بویەوە دەنگە دەنگ دەستی پێکرد ئێمە گوێمان لێیان بوو دامان لە دەرگاکە وتمان چی بووە وەلامیان نەدایەوە، دوای ئەوە دەرگاکەیان کردەوە وتیان تایەکانی پەنچەر بووە، لەبەشی دواوەی هەرلایەك دوو تایە بوو هەردوو تایەی لایەکی سەیارەکە پەنچەر بوبو لە سنەوبەرەکانی بەرامبەر معسکر سەلام بۆ ڕاپەڕین، ئەوەبوو پاسێك هات وتیان چیان لێبکەین وتیان ئەم بەندیانە لەگەڵ پاسەوانەکاندا بخەنە ناو پاسەکەی تەوە (پاسی ژنەکان) ئێمەیان خستە ناو پاسەکەوە بەڕێکەوت لە پاسەکەدا دایك و براژنەکەمی تێدابوو، لە معسکر سەلامەوە هەتا نوگرە سەلمان بەوپاسە ڕۆشتین، لە بەغدادەوە لەڕێگەدا یەکێکمان لەگەڵدا بوو زۆر دەگریا، تینوی بوو هاواری دەکرد ئەوەبوو شۆفێرەکە وەستا کابرا ووتی ئاخر قافلەیەو ناتوانین بووەستین ووتی بڵێ خۆم تینومە، وەستا لەقەراغی شوستەکە ئاو دەوەستێ لەوە سەتلێکی تێهەڵکێشا باوەڕبکە هەمووی قوراو بوو، ئێمە لەو قوراوەمان خواردەوە، لەبەرئەوەی قورگمان وشك ببوو لەلامان وەك سەهۆلاو وابوو، بەڵام بۆکوێمان دەبەن ئەوەیان نازانین تاریکی کردبوو نازانم کاتژمێر چەند بوو، بردمانیانە سەماوە بەوەدا زانیمان کە سەماوەیە لەتابلۆیەك نوسرابوو پارێزگای موسەنا.

لەوێ بردیانن کوێ؟

لەسەماوە بردیانینە مونەزەمەیەك لەوێ حەوشەیەکی گەورە بوو دیوارەکەی هەمووی تەلبەندکرابوو، لەناو حەوشەکە تەنکییەکی چوارگۆشە دانرابوو، چوین دەموچاومان شۆردوئاومان خواردەوە، برسیشمان بوو بەڵام لەترسان هیچ هەستێکمان بۆ نانخواردن نەمابوو، بەڵام منداڵەکان هاواری برسێتی دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی ئەمانە نیازیان چییە، ئەوشەوە لەوێ ماینەوە بۆبەیانیەکەی خۆر هەڵهاتبوو هەڵنەهاتبوو هاتن وتیان ئادەی سەرکەون، ئیتر سواری ئەوپاسانەیان کردینەوە، ڕۆیشتین دوای ماوەیەك لایدایە سەرجادەی خۆڵ وەك ماموستا محەمەد فەرمووی ئیتر بەجادەی خۆڵدا بردیانین.

مەبەستت ئەو جادەیە کەلادەدا بۆ نوگرەسەلمان؟

بەڵێ ئەو جادەیە خۆڵە کە لەجادەی سەرەکی لادەدات

و دەچێتە ناو نوگرەسەلمانەوە، بینایەکی گەورەیە کە بردیانینە ژوورەوەی قەلاکە وتیان ئادەی دابەزن ملازم حەجاج دشداشەیەکی سپی لەبەردابوو من نەمدەزانی ئەوە حەجاجە ئەوانەی لەوێ بوون ووتیان ئەوە ملازم حەجاجە. لەوێ ژنێکم بینی گەرمیانیەك بوو، یەکەمجار وامزانی خەوی لێکەوتووە، بەڵام کەسەربازەکان بەلایدا دەڕۆیشتن مێشی زۆر بەرزدەبووەوە بەوەدا زانیم کە ئەوە جەنازەی ئەو ژنەیە مردووە، ئەوەم لەخەیاڵە زۆر دیمەنێکی ناخۆش بوو، ئیتر ئێمەشیان کۆکردەوەو ملازم حەجاج داوای قایمەی ناوەکانمانی کرد قایمەکەیان بۆهێناو دەستی کرد بەناو خوێندنەوە.(عومەر لێرە وەستاو دڵی پڕبوو) یەکێك لەوانە باوکی مامۆستا سەلمان بوو ناوی ئەڵاکەرەم بوو، لەبەرئەوەی کەمێك نزم وەڵامی حەجاجی دایەوە تورە بوو لێی ووتی بۆ بەدەنگی بەرز وەڵام نادەیتەوە، بائەوەشم لەبیر نەچێت برازایەکی من هێشتا چلەی نەچووبوو کچێك بوو ناوی ژاکاو بوو، حەجاج کێبڵەکەی بەدەم ولوتیدا دەهێنا ژاکاو دەمی دەکردەوە وایدەزانی مەمکە مژەیە، بەڵام ئەو بەکێبڵەکەی یاری بەدەم و لووتی دەکرد کە بەرزی کردەوەو بەتوندی کێشای بە لووتی ئەومندااڵەدا یەکسەر دەستی کرد بەگریان ئەوەندە بە قایم گریا دەمی کردەوە لەحەژمەتا خەریك بوو رۆحی دەرچێ وەك بلێێت مردووە ماوەیەکی زۆر دەمی کرابووەوەو بێدەنگ مابووەوە. ناوەکانی دەخوێندەوەو دەیگووت برۆرە ئەولاوە، دوایی بەکێبڵەات بەو خەڵکەدا لەوکاتەدا ئەڵاکەرەم ووتی ئەوە بۆ لێمان دەدەن. ئیتر حەجاج ووتی ئەوە چی دەلێت بۆیان کرد بەعەرەبی ووتی دەلێت بۆچی لێمان دەدەن، بەوخوا بەکێبڵ دایگرتەوە باش بیرم نەماوە هەرلەوێدا گیانی لەدەستدا یان رۆژی دوایی.

کەواتە ئەڵاکەرەم سەید ئەحمەد بەولێدانە مرد؟

بەڵێ بەڵێ حەجاج بەکێبڵ زۆری لێدا ئەویش پیربوو بەرگەی ئەوەی نەگرت گیانی لەدەستدا. دوای ئەوە ووتی ئادەی برۆنە ناو قاعەکانەوە، قاعەکان پایەی زۆر تێدا بوو، هەربەینی پایەیەك دوسێ خێزانی تێدا بوو، لەوێ هەرقاعەیەك کەسێك لە خۆمانیان کرد بەسەرپەرشتیار.

ئەو سەرپەرشتیارانە ئیشیان چی بوو؟

هەربۆئەوە بوو کە سەمون دەهات وەریان دەگرت و دابەشیان دەکرد، رۆژی سێ سەمونیان پێدەداین یەکجاریش ئاویان پێدەداین ئاوەکەشیان دەوری سەعات 1 دەهێنا ئەوەکاتەش زۆر درەنگ بوو. رەزالەت بوو، ژیانمان زۆر زۆر ناخۆش بوو.

ئەوئاوەی بۆیان دەهێنان پاك بوو؟

کورە نەوەڵا پاکنەبوو تەنانەت رۆژێکیان نازانم تەنکەری دائیرەی کشتوکاڵ بوویان خۆیان دەرمانیان تێکرد بوو، ئاوێکی زۆر ناخۆش بوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا ١٧ کەس نەخۆش کەوتن و مردن، مردنێکی کت وپڕی ئێوارەیەکەی لەسەر شوستەکەی ناو حەوشەکەی نوگرەسەلمان دانیشتبووین، چونکە هەموو رۆژێ بەیانیان هەتا ١٠ی شەو دەیانهێشت بچینە حەوشەکە، لەو کاتانەدا دەمانتوانی لەگەڵ گەرمیانیەکاندا قسە بکەین.

گەنجیان لەگەڵدا بوو؟

نەخێر گەرمیانیەکان گەنجیان لەگەڵدا نەبوو، تەنها مندااڵی وردو پیر ژن و پیاوی پیر.

كاك ئەنوەر برای كاك عەلی كورێكی بەخۆوە بوو، وەڵاهی دوای ئەو ئاوە بۆبەیانیەکەی بینم تەواو رەنگی تێکچوو بوو، چاوی چووبوو بەقوڵدا سەرپەنجەکانی شین ببوونەوە، ئەم قەفەسەی سنگی دەرکەوتبوو لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەو کورە گەنجەی کوشت. ئیتر من بۆخۆم بەسەر پلیکانەکاندا دەرۆیشتم دەمگووت بزانم دەتوانم سەرکەوم هێزم ماوە بەوەدا هێزو وزەی خۆمم تاقی دەکردەوە، گەرمیانیەکانیش زۆر لاواز ببوون زۆر بێهێزبوون، ئیمە ئەگەر تۆزێك پارەمان پێبوو تازە چووبووین پارەمان دەدا بە پۆلیسەکان شتمان بۆ بهێنن بەڵام بە دە قات گرانتر بروابکە یەك سەلك پیازیان پۆ دەهێناین بە یەك [٢] کیلۆیەك چایی سیلان بە نیو بوو ئێمە

٢. ئەوکاتە لە ناو بازارەکانی عێراقدا نرخی یەك کیلۆپیاز تەنها ٥٠ فلس بوو، یەك ی

یەك پیالّە چایی وشكیان پێدەداین بەیەك ئەگەر ئێمە تۆزێك پارەمان پێمابوو بۆ كڕینی ئەو شتانە ئەوە گەرمیانیەكان ئەوەشیان پێنەمابوو. حالّەتێكی زۆركاریگەرت بۆ بگێڕمەوە چایمان بە مقەبا لێدەنا تەنانەت ئەویشیان پێدەفرۆشتین، جارێكیان دایكم ووتی دەچم چایی دەكەم رۆیشت و نەگەرایەوە چوم بەدوایدا سەیردەكەم هەرفوو دەكات، كەلێی نزیك بوومەوە چی ببینم تاكە نەعلەكەی خۆی دەسوتێنێ بۆ ئەوەی چایی پێدەكات. ئیتر من خێرا تاكە ناعلەكەم راكیشاو هەر بەلم و خۆلّەكە ئاگرەكەم لێكوژاندەوە ووتی دەی كوڕم چی بكەم دەزانم ئێوە حەزتان لەچاییە! ئەوە زۆر بێتاقەتی كردم، تۆ بیهێنەرە پێشچاوی خۆت دایكێك تاكە نەعلی خۆی بسوتێنێ بۆ چاییەك؟!

من هەرلەسەرەوەتاوە ووتم دیارە تۆ چیرۆكی زۆرگرنگت لەلایە؟

بەڵێ پیاوێكی تر هەبوو مامە سواردیان پێدەگووت پیاوێكی پیر بوو باوەڕت هەبێ هەر حەزت دەكرد سەیری بكەی پیاوێكی نورانی جوان بوو بەیانیان بانگی دەدا لەبەرئەوەی فەقێیەتی كردبوو جاربەجار پێشیان دەگووت فەقێ سواره رۆژێك پێی گوتم خۆزگە هەلّەبجەیی بوومایە ووتم بۆچی فەقێ سواره؟ ووتی من بەسەربەرزییەوە گەرمیانیم بەلّام ئێوە كیمیایی لێیدان و بەسەربەرزییەوە مردن، بەلّام رۆلّەگیان تۆ نازانی چییان بە ئێمە كردووە. ووتم من شانازیتان پێوە دەكەم ئەو ووتی من خەلّكی گوندێكم (ناوی گوندەكەی نەوت)

فەقێ سواردم پێدەلّێن چوار كوڕم بوو لەگەلّ سێ كچ كوڕێكیانم پێشمەرگە بوو، كورەكە هاتەوە ووتی باوكە گوندەكانی تریان وێرانكردووە. خەلّكەكەیان برد وەرن بابڕۆین، بەلّام رۆژێك پێشئەوە موستەشارێك جوابی بۆناردبووین ووتبووی كەس نەروا بەملاو ئەولادا خۆم دێم بەهانایانەوە كەلوپەلەكانیشان دەبەم بۆ مجمع لەنزیكی كەلارو بێخەمبن خۆم داكۆكیتان لێدەكەم. ئەو گەنجانەشی لەوێن باسیلاح و شتی خۆیان پێبێت دەیانبەم بۆلای خۆم لەرەبایە دایاندەنێم دەلێم ئەمانە چەكداری منن. كورەكەم ووتی باوكە من پێشمەرگەم بەلّام قەناعەتم پێكرد نەمهێشت كورەكەشم بڕوات. بەیانیەكەی كاتێكمان زانی كۆپتەر هات و ئیڤای عەسكەری هاتن، جاش وجەیش گەیشتنە سەرمان، دایكیان و كچەكانمان و كورەكانمان، تراكتۆری خۆمان هەبوو موستەشارەكە هات ووتی كوان وەرن بۆلام بەخوا كورێكیانم خۆم چووم چەكم بۆ پەیداكرد، سواری تراكتۆرەكانی خۆمانیان كردین و وتیان بۆخۆمان سایەقی دەزانین هەموومانیان گرتوو لە پێشەوە بۆتۆپزاوایان بردین فەقێ سواره كە ئەوەی بۆمن دەگێرایەوە فرمێسك بەچاوەكانیدا دەهاتە خوارەوە، ووتی هەتا تۆپزاوا هەموومان پێكەوە بووین كچەكانم زۆرجوان بوون، بەلّام دوای سێ رۆژ مانەوەمان لە تۆپزاوا هاتن ناوی كۆمەلّێك كچیان نوسی ناوی كچەكانی منیشیان نوسی، عەسكەرەكان بانگیان كردن و وتیان ئێستا دەیانهێنینەوە پرسیاریان لێدەكەن و دەیانگێرینەوە بۆلاتان، بەلّام ئێستاو ئێستاش نەم بینینەوە ئەوەتا ئێمەیان هێناوە بۆ ئێرە نەكچ و نەكوڕ كەسیان سۆراخیان نازانم. چواركوڕم ڕۆیی و سێكچم رۆیی و هەرخۆم و ژنەكە ئەوەتاین لێرە هاكە ژنەكەشم مرد چونكە وائەویش لێرە لە رۆژی خۆیدایەتی. ووتی ئەگەر هەرچوار كورەكەم بەبەرچاومەوە بەردەستڕێژی گوللەیان بدانایە بەقەد بردنی كچەكانم بێتاقەت نەدەبووم.

چیرۆكەكەی فەقێ سواره زۆر كاری تێكردم هەر لەوێ ئەم شیعرەم بۆ ووتووە:

مامە سوارەگیان خەلّكی كام شوێنی
بەكەواو سەلّتە دیارە گەرمێنی
تۆیەكی پیری بەم ئاخری ژیان
تاوانت چییە لە نوگرەسەلمان
پیری فریشتە سكالاّی دەكرد
فریشتە شەرمی لەسیمای دەكرد

عێراقی ٢٠ فلسی بوو.

من فەقێ سواڕە، خەڵکی گەرمیانم

ئێستا بەتەنیا لاشەی بێگیانم

هەرئەوکاتە ئەو شیعرەم بۆ مامەسواڕە نوسی لە٩/٨ کردمە چیرۆکە شیعرێك.

بەسەرهاتی ئاڕام

فەقێ سواڕە چیرۆکی شێتیکی بۆگێڕامەوە ناوی ئاڕام بووە، کە هەر لەتۆپزاوا وتیان ئەوە شێتە وازیان لێهێناو لەگەڵ گەنجەکان نەیانبرد، فەقێ سواڕە ووتی لەگەڵ ئێمە هێنایان بۆ ئێرە بۆ نوگرەسەلمان، کە حەجاج بینی چاوی پەڕییە پشتی سەری وتی ئەم گەنجە چی دەکات لێرە، هەرچەند لێی پاڕانەوەو وتیان ئەوە شێتەو تەواو نیە، بەڵام ئەو نەیبیست، جا لەناوەراستی حەوشەکەی نوگرەسەلمان عەمودێکی تێدابوو هی یاری و تۆپێن بوو، وتی دەوروبەری کاتژمێر (٩)ی بەیانی بوو حەجاج بۆی هاتە پێشەوە هەرنەوییە کراسەکەی ئاڕام کورەشێتەکە لەبەری دایدڕی و تاوی دایەو بەعەمودەکەوە بەستیەوەو هەڵی واسی، بەکێبڵ کەوتەسەری وتی دایك وباوکی ئاڕام هاتن پاڕانەوە وتیان فەقێ برایم بیکەبۆخاتری خوا تۆ عەرەبی دەزانی بگەڕەفریامان بچۆ پێی بڵێ ئەو کوڕە شێتە بەڵکو وازی لێبهێنن، تەسکەرەکەشیان هێنابوو کە تیایدا نوسرابوو عەقڵی تەواو نیە، من زۆر دەترسام بەڵام قورئانێکی بچکۆلەم پێبوو خستمە سەر ئەم دەستم وتەسکەرەکەی ئاڕامیشم خستە سەرئەو دەستەم و چووم بۆلای حەجاج ووتم سیدی بیکە بۆخاتری ئەم قورئانە وازی لێبهێنن ئەوەش تەسکەرەکەیەتی ئەو کوڕە عەقڵی تەواو نیە. بەڵام هەرکە لای کردەوە بەلامدا یەکەمجار شەقێکی لەودەستەم هەڵدا کە قورئانەکەی لەسەر بوو، ئەوەندە بە تونڈی شەقەکەی تێهەڵدام کەوتم ئینجا شەمخیش کەوتەسەرم سێ چوارشەقی تێهەڵدام، ئینجا کەوتنە سەرم بەکێبڵ هەر لە تەوقی سەریشیان دەدام خوێن بەدەم و لوتمدا دەهاتە خوارەوە، کە وازیان لێهێنام قورئانەکەم هەڵگرتەوەو چوومەوە بۆلای دایك وباوکیان ووتم خۆتان بینیتان حاڵی منیش چی بوو؟ کەچی دوای دوسەعات لە هەڵواسینی (ئاڕام) شەمخی هات بۆلام ووتی وەرە ملازم حەجاج بانگت دەکات، کە چووم بە ئیستفزازەوە ووتی لەبەرخاتری قورئانەکەت بچۆ لە عەموو دەکەی بکەرەوەو دایگرە. ڕۆیشتین بۆلای ئاڕام هەتا دایبگرین بەڵام کە نزیکبووینەوە بینیمان لاشەی ڕەش هەڵگەڕابوو، گیانی تێدا نەمابوو ئاڕامیش بەعەمووەکەوە شەهید ببوو.

نەتزانی فەقێ سواڕە خەڵکی چ گوندێکی گەرمیانە؟

نا نەی ووت خەڵکی کوێم (لێرەدا عومەر هەڵوەستەیەکی کردو ماوەیەك بێدەنگ مایەوە) دوایی بەم دیرە شیعرە وەڵامی دامەوە:

من فەقێ سواڕەی دەشتی گەرمیانم، ئێستا بەتەنیاو لاشە بێگیانم.

لەناو حەوت کوڕدا هیچیانم نەما، بردیان، فرۆشتیان لەچاوا نەما. بەخوا ئێستا لەبەرم نیە بەڵام شیعرەکەیم هەیە ئێستا باش بیرم نەماوە.. ئا شتێکی ترم بیرچوو باسی بکەم.

پێشئەوەی باسی بکەیت دەتوانین ئەوشیعرە وەربگرین و لەگەڵ ئەم دیدارەی خۆت بڵاوی بکەینەوە؟

بەڵێ ئەی بۆنا بەسەرچاو.

زۆر سوپاس ئێستا فەرموو ئەوەی ویستت باسی بکە؟

ئەوە بوو دایکم ڕادیویەکی هێنابووە ژورەوە مامۆستا ئەحمەدی برام ووتی باوکە ڕۆدایە ئەو ڕادیوییەت بۆ هێناوەتە ژورەوە بەخوا ئەمان کوژن، بەڵام هەرچۆنێك بووشەوانە کەمێك گوێمان لێدەگرت، زۆر زۆر بەکزی زۆریش دەترساین، هەتا ٩/٦ هەواڵی عافواتەکەمان بەوڕادیویە بیست.

ناو قاعەکان کارەبای تێدابوو؟

نا کارەبای تێدا نەبوو بەڵام دوایی یەك گلۆپی کزیان بۆداناین ئەویش بەو هۆیەوە بوو کە ملازم حەجاجیان ووت بۆ ئەوەی خەڵك بەشەودا بەسەریەکدا نەکەوێ بەتایبەتی ژن وپیاو تێکەڵ بوون خێزان خێزان پیکەوەبووین. دوایی

چەند رۆژێك سەیارەیەك هات (لێرە پێی دەڵێن شلەخەجێ) هی دائیرەی کارەبای سەلمان بوو، پیاوێکی بەتەمەنی تێدا بوو ناوی حاجی ئیبراهم مەلوکی بوو، ڕێك وپێك دیاربوو، بەزەیی و سۆزت لە ڕوخساریدا بەدیدەکرد، کە دیمەنی ئێمەی بەو شێوەیە بینی زۆر بێتاقەت بوو، جا ئەو پیاوە خاڵۆی شەمخی بوو، ملازم شەمخی خوشکەزای ئەو پیاوە بوو، شەمخی هات کۆی کردینەوە نزیکەی ٨ – ٩ کەس بووین پێی ووتین کێ کارەبایی دەزانێ؟ من ووتم دەیزانم حاجی برایم وەرقەو قەلەمێکی دامێ ووتی ئادەی وینەکەیم بۆبکە چۆن گلۆپێك دەبەستی منیش خەریتەکەم بۆ کردو دامەوە دەستی، وتی زۆرباشە ئەوە چۆن فێر بوویت؟ ووتم من بۆخۆم خریجی ئامادەیی پیشەسازیم بەشی کارەبا. وتی دەی کەوایە وەرە لەگەڵم کورێکی تریش بوو خەیاڵم هەیە شوانەی کاکە حەمە هات ووتی منیش دەیزانم بەڵام ئیمتیحانیان کرد دەرنەچوو، ئەویان نەهێنا ئیتر لەماوەی هەفتەیەکدا هەموو قاعەیەك یەك گلۆپمان بۆ دانا.

فرمێسکەکانی حاجی برایم مەلوکی.

حاجی برایم ڕۆژێکیان زۆر بێتاقەت بوو ئاگام لێبوو فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتەخوارەوە، منیش پێمگووت بۆچی دەگریت ووتی کورێکم لەبەرەی شەڕی ئێران کوژراوە و شەهیدی قادسیەیە، ئەگەر سێوێك بهێنی بەچەقۆ بیکەیت بەدوو لەتەوە تۆ لەتی دووهەمیانی ڕاستیشی نەکرد دوایی کەزانیم فرمێسکەکانی بۆ ئەوە نەبوو، ئەو قسەیەی پێش ئەوە بوو کە عافوات دەرچێت، دوای ئەوەی کە عافواتەکەش دەرچوو، جارێکیان هاتەوە بۆ نوگرەسەلمان، قوتویەکی پێنج کیلۆیی شیری نیدۆ سەهۆڵی بۆهێنابووم لەگەڵ دە(10) نان، وتی ئەوە بگرە بۆتۆم هێناوە، کە بردمەوە براکەم مامۆستا ئەحمەد ووتی بەخوا ناهێڵم دەم لەو ناون وسەهۆڵە بدەیت، منیش ووتم ئەو پیاوە بۆی هێناووم خۆ نەم دزیووە، ووتی بەخوا ناهێڵم بیخۆیت ووتم ئاخر بۆ لەبەرچی؟ ووتی ئەو هەموو خەڵکە نابینی؟ بزانە چەند منداڵی تێدایە بەپێشچاوی ئەوان وئەو خەڵکەوە سەهۆڵاوبخوێنەوە؟ منیش ووتم ڕاست دەکەی بەوخوایە یەکسەر بردمەوە بۆ حاجی برایم، وتی بۆ کاکە خۆمن دزیم نەکردووە براکەم وادەڵێت بۆم گێڕایەوە ئیتر لێی وەرگرتمەوەو دایە کۆمەڵێك ژنی گەرمیانی ئەوان لێیان وەرگرت.

نهێنی فرمێسکەکانی مەلوکی:

عومەر دواتر نهێنی فرمێسکەکانی حاجی برایم مەلوکی ئاشکرا کرد، وتی ئەوجارەی کەنان و سەهۆڵەکەی بۆ هێنابوم دوای ئەوەی بۆم گەراندەوە ووتی: کاکە ووتم بەڵێ ووتی دەزانی بۆچی ئەوجارە گریام و فرمێسکم لەچاو هاتە خوارەوە؟ ووتم بۆچی؟ وتی لەبەر ئەوەی شەوەکەی شەمخی لەماڵی خۆمان بووە وتوویەتی نوسراومان بۆ هاتووە کە دەبێت ١٠/١ دەبێت نوگرەسەلمان لەوکەسانە پاکبکرێتەوە ونابێت کەسی تێدابمێنێ. ووتم مەبەستیان چی بووە کەسی تێدانەمێنێ ووتی دەبوو هەمووتان بکوژرانایە بەڵام خوارەحمی بە ئێوەکرد ئەو لێبوردنە دەرچوو، ئەو لێبوردەییە هات. هەرچەندە ئەوان بەوەیان دەگووت لێبوردەیی بەڵام ئەمە قسەیەکی بیرخستمەوە کە جەماعەتی فەرەنسیەکان لە دوای کیمیاباران هاتن بۆناوکەمپی ئاوارەکانی هەڵەبجە لەئێران یەکێکیان پرسیاری ئەوەی لە مامۆستا عومەر ریشاوی کردبوو پرسیارەکەش ئەوە بوو ئەگەر سەدام حوسێن لێبوردنتان بۆدەربکات دەڕۆنەوە بۆ هەڵەبجە؟ مامۆستا عومەر ووتبووی سەدام ٥٠٠٠ پێنج هەزار مرۆڤی بەگازی کیمیاوی لە ئێمە کوشتووە هێشتا دەبێ ئەو لێبوردن بۆئێمە دەرکات یان ئێمە دەبێ لەو ببورین؟

قسەیەکی زۆر جوانە سوپاس بۆمامۆستا عومەر ریشاوی.

بەڵام حاجی برایم هیچی تری لەبارەی نیازی حکومەت نەووت؟

ئەو ئەو قسەیەی کرد ووتی بریار بووە لەدوای ١٠/١ ئێوە لەناو ببرێن و نوگرەسەلمان کەسی تێدا نەمێنێ.

تۆ بە تەواوی دەزانی حاجی برایم لەچ بەشێکی کارەبای سەلمان بوو، یان ناونیشانی ڕونتری دەزانیت؟

بەڵێ بەدەقیقی حاجی برایم لەبەشی سیانەی کارەبای قەزای سەلمان بوو.

بەچی بانگیان دەکرد؟

حجی ابراهیم بەوە بانگیان دەکرد.

چەند دوای ئەوە ئێوە لەنوگرەسەلمان ئازادکران؟

نازانم چەند ماینەوە بەڵام یەکسەر بەریان نەداین، پارەیان لەخەڵك دەساند بۆ بەربوونیان لەبەرئەوەی وەجبە وەجبە بەریاندەداین، ئیتر کە لەنوگرەسەلمان بەربووین هەموو رەنگ زەردولاوازو بێگیان بووین، هاوردیانینەوە بۆ تۆپزاوا، لەپێشەوە بردمانیان بۆ تەبابەیەکی عەسکەری (یەکەیەکی پزیشکی سەربازی) لەوێ خزمەتیان کردین، فەحصیان بۆ دەکردین خواردنی باشیان پێ دەداین ئەوەش لەبەرئێمە نەبوو لەبەر ئابڕوی خۆی بوو، ئەگینا رژێم ئێمەی خۆش نەدەویست هەتا خزمەتمان بکات. دوای هەفتەیەك ناردیانینەوە بۆ سلێمانی لەپێشەوە بردمانیانەوە بۆ تۆپزاوا، لەوێوە رەوانەی سلێمانیان کردینەوە.

ببورە باڕاتبگرم، پەلەمەکە باباسی فەحصەکان بکەین. فەحصەکانتان چی بوون؟

وەلاٸیتر فحصی نەخۆشی.

ئاخر خوێنیان لێوەردەگرتن؟

بەڵێ کەسێك بیانزانیایە زۆر کەمخوێنەونەخۆشە یەکسەرخوێنیان لیوەردەگرت ونەتیجەکەیان دەیان دەبرد بۆلای خۆیان. ئەوەش بۆ ئەوە بوو هەتا چاك نەبوایەتەوە نەیاندەناردەوە بۆئەوەی کەمێك رەنگ وروخساری بێتەوە ئینجا دەیاننارداوە بۆنمونە ژنێکمان لەگەڵ بوو لەبەرئەوەی کچەکەی نەخۆش بوو لەگەڵ ئێمە نەیاننارداوە، لەوەجبەکەی تر لەدوای ئێمە ناردیانەوە. کچەکەشی لەوێ لەخستەخانە مرد فەقیرە. ئەوە بوو هێنایانینەوە بۆئێرە لە تەواریەکەی سلێمانی دایانبەزاندینەوەو لەوێشەوە ناویان نوسینەوە وتیان دەبێرین بۆ باینجان ئێمە ناوی باینجانمان نەبیستبوو، تەنها ناوی بازیانمان بیستبوو، لەوێ مامە حەمە کەریممان لەگەڵدا بوو لەبەرئەوەی ئەو لە کاتی کیمیاباران‌ەکەدا بەس خۆی لە هەڵەبجە مابووەوە پێشترماڵ ومندااڵەکەی ناردبوو بۆسلێمانی، ئەوە بۆ ئێمە باش بوو چونکە دوایش بۆ ئێمە بووە بنکەیەك، چونکە کەباریان کردین ووتیان دەبێ بڕۆن بۆ باینجان لەتەواریەکە سەنەوی سەیارەکەیان لە سایەقە دەسەندو دەبوو ئێمە بەسەلامەتی بگەیەنێتە ئەوێ و لەوێ ئێمە تەسلیم بکات و ئینجا سەنەوییەکەی وەربگرێتەوە. بۆیە ئێمەش ناچاربووین بچین بۆ باینجان بەڵام کورێکی مامەم هات ٢٠ ی دابە سایەقەکە بۆئەوەی رێگە بدات بچینە ماڵی مامەم لەسلێمانی ئەویشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ماڵی مامەم لەوێ نانمان خواردو ئیسراحەتمان کرد و رۆیشتین بۆ باینجان، سایەقەکە ئێمەی گەیاندو سەنەویەکەی وەرگرتەوەو ئێمەش سەیارە بەدواماندا هاتبوو مەجالی ئەوە هەبوو خۆت بدزیتەوە سواری سەیارەکە بووین هاتینەوە بۆسلێمانی ئیتر لەسلیمانی ماینەوە نەچوین بۆ باینجان.

مامۆستا تۆ پێشتر شیعرت دەنوسی یاخود مەینەتی کیمیاباران و نوگرەسەلمان تۆی کرد بەشاعیر؟

من لە چلەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە شیعرم نووسیوە.

کەواتە تۆ لەساڵی ١٩٨٨ ەوە شیعرت نوسیوە؟

بەڵێ دیوانێکیشم هەیە بەناوی پرسەی شاعیرانی کورد بۆ هەڵەبجە ٢١٠ لاپەرەیە.

ئەی وەك کتێب چاپت نەکردووە؟

نەخێر هێشتا چاپنەکراوە.

بۆچی مەسەلەکە بێ پارەییە؟

نەخێر دەلێم باجارێ زۆربێت.

تۆ دەتەوێ تەنها لەرێگەی شیعرەوە بەسەرهاتی هەڵەبجەو کورد بگێڕیتەوە؟ قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە بەسەرهاتی خۆتان و شارەکەت بنوسیتەوە؟

وەلاهی ئەوخاڵەم بیرچوو مامۆستا ئەحمەدی برام کاتێ کە

گیرابوو بەعەسکەر لەوێ بەسەرهاتی خۆمانی نوسیبووەوە بەڵام بەداخەوە فەوتا ئەو دەفتەرە نەما، تەنانەت لە تراسا دێرەکانی بەرێکی نەنوسیبوو هاتبوو بەستوونی (عەموود) ی بۆ خوارەوە نوسیبووی بۆئەوەی پێی نەزانن، وەک خەتی ژاپۆنی نوسیبووی. لەو رۆژەوەی کە هەڵەبجە کیمیایی لێیدابوو هەتاکو کاتی گیران و سەربازییەکەی هەمووی نوسیبوو. بەداخەوە ئەو دەفتەرە وونبوو. بۆخۆشم دەفتەرێکی ١٦ پەرەیم نوسیبوو ئەویش هەمووی هەرشیعر بوو.

سانی چەند دەستت پێکردونوسیت؟

دوای بەربوونمان ئاخر منیش کرام بەسەرباز ماوەیەک لە دهۆک بووم دوایی ڕەوانەی قەلعە سالح کرام.منیش دەفتەرەکەم لەوێ لەبیرچوو.

تۆ لە نوگرە سەلمان بەربویت هەروەها هەڵەبجە پێنج هەزار کەسی بەر چەکی کیمیایی کەوتبوو ئەوکاتەی جلی سەربازیت کردەوە بەرت تۆ هەستت چۆن بوو؟

بە جلی سەربازیەکە زۆر مورتاح بووم، دوو حاڵەت هەبوو لەوێدا یا دەبوایە ببویتایە بەجاش و ئیستخبارات یاخود دەبوایە سەربازیت بکردایە سەربازیەکەش ئیلزامی بوو ئەوەنەبوو کە بەعسی بیت، من لەگەڵ دایکم و برایەکم کرێچی بوین مانگی بیست و دوو م هەبوو زۆر بەخۆشی پێی دەژیاین، من جاشێتیم نەکرد

هەموو خانەوادەکەتان دەربازبوون لە ئەنفال؟

بەڵێ، دایکم لەگەڵ براکەم دوای ڕزگاربونمان لە زیندان کۆچی دواییان کرد

پێتوایە کۆمەڵگای کوردی، حکومەتی کوردستان چۆن سەیری ئەو دۆسیەیە دەکەن یاخود کاریان کردووە لەسەر ئەو دۆسیەیە؟

باوانی ئێمە فەرهەنگێکیان بۆ جێهێشتوین پێی دەڵێن پەندی پێشینان (کوردیش پەندێکی هەیە دەڵێ ئەگەر سەری خۆت بەدەستی خۆت نەیخورێنی ناخورێت) ئێمەش ئەگەر خۆمان دوای ئەم دۆسیە نەکەوین حکومەت کاری بۆ ناکات ئێمە دەچوینە لای بەرپرسانی خۆمان هیچیان نەدەزانی لەبەرئەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەوەندە گەورەبوو دۆسیەکەی ئێمەی داپۆشیبوو.

چۆن دەبێ تاوانێکی گەورە تاوانێکی بچوکترت پێببیاتەوە؟

تاوانی ئێمە نەبوو بەڵکو تاوانی کۆمەڵەی قوربانیان بوو دەبوایە ئەوان لەسەر ئەم دۆسیەیە قسەیان بکردایە، لەم ماوەیەدا لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە (سەرۆکی یەکەی ئیداری هەڵەبجە، بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفال، بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر) لەوێ ئامادەبوون بەڵام مۆنتاربۆیەک نەبوو قسەی پێبکرێت بۆ ئامادەبوان

بۆ دابینیان نەکردبوو؟

ئێمە شازدە ڕۆژ پێش چواردەی چوار ئاگادارکراینەوە کە یادەکە زیندوو دەکەینەوە، بۆ زانیاریت لە سانی (٢٠١١) ەوە یاد دەکرێتەوە، من پاش یادەکە بە کاک سەعدونم وت بمزانیایە بەو شێوەیە دەبێت خۆم ئامادەم دەکرد، بیرم چوو پێشتر بۆت باس بکەم کاتێک لە سەماوە هێناینیانەوە بردینیانە تۆپ زاوا شەوێک لەوێ ماینەوە کە لەوێشەوە بەڕێکەوتین من کۆمەڵێک پاسم بینی هاتن لەناو پاسەکاندا کوڕەکەی حاجی حسێنم بینی ناوی (ئاوات) بوو تەنانەت مامۆستا ئەحمەدیش وتی ئەوە کوڕەکەی حاجی حسین شابوو، کوڕە گەورەکەی کە کوڕێکی چاو شینی قژ لولی قۆز بوو بەڵام ئارازی کوڕی حسین شا لێرە مرد من ئەوانم بەهۆی ئەوەوە دەناسی هەمومان لە مەکتەبی مەولەوی پێکەوە بوین

چۆن بینیت؟

کە ئێمە بەربوین سواری پاسەکانیان کردین ئەوانیان هێنا بۆ تۆپزاوا

پێشتر ئێوەیان نەبردبوە تۆپزاوا؟

نەخێر، ئەو شەوەش کە هێناینیان بۆ ئەوێ نزیکەی سەعات دەی شەو بوو گەشتینە ئەوێ ئەوەش لەبەرئەوەی شۆفێرەکان پشویەک بدەن نەک لەبەرخاتری ئێمە، بەیانیەکەی

ئێمەیان هێنایە تەواریەکەی چواریاخ لە سلێمانی

ئەم شێوە یادانەی کە بۆ هەڵەبجە دەکرێنەوە پێتان خۆشە؟

هەر باشە، لەچاو سالاندا باشترە.

درۆ لە هەموو دینێکدا عەیبەیە و حەرامە، لە جیاتی (ئەو هەموو فلێکسەی کە هەڵدەواسرێت، ئەو هەموو تێچونەی بۆ ئەو یادانە دەکرێت) بەرامبەر هەموو ئەنفالکراوێك نەك تەنها ئەوانەی لەناوچوون بەڵکو بەرامبەر ئەو ئازارانەی کە تۆ چەشتوتە ئەگەر یەك درۆ لە خۆمان کەمبکەینەوە ڕاستگۆترین میلەتی سەر زەمین دەردەچین. بە بڕوای تۆ ئەوەی کە من وتم گرنگتر نییە؟

نا دادیە من و تۆیە دنیا وێرانە ژین دەکا

زەوت کردنی مافەکانە دڵ پڕ لە جۆش و قین دەکا

چینێک نوقمی ناز و خۆشی چینێکیش داد و شین دەکا

دەستێک نیە فرمێسک بسرێت تەنها خۆێ بە برین دەکا

هەندێك کات دەمانەوێت دڵخۆشی کەسێك بدەینەوە بەڵام ئەو قسەی کە دەیکەین لە تاوانەکە خراپترە، پار بۆ پشت ڕاسکردنەوەی دۆسیەکەمان بڕیارێك دەرچوو بڕیارەکە دەڵێ (ئێوە چوار مانگ و دە ڕۆژ لە نوگرە سەلمان بوون مانگی دوو سەد و پەنجا هەزارتان بۆ خەرج دەکەین باسی هیچ مەکەن) ئەوەیان بە ئێمە گووت ئێمەش وتمان ئەو کەسەی کە بڕیارەکەی دەرکردووە هەر بەرپرسێکە یاخود سەر بە هەر حیزبێکە با دە ڕۆژ لە نوگرە سەلمان بێت ئێمە چوار ملیۆن ی دەدەینێ بەمەرجێ ئێمە لەو سەردەمەدا مەرگ چاوەڕوانی دەکردین لێبوردنێك بونی نەبوو بۆ ئێمە برسێتی و ئازارمان هەبوو بەڵام ئەو کە چووە ئەوێ پاسەوان وباشترین خواردنی بۆ دابین دەکرێت بزانن بەرگەی ئەوە دەگرێت، زۆر شەرمە باسی پارە بکرێت، دوای ئەوە پاشگەز بونەوە لە بڕیارەکەیان وتیان ئەوەی تەنها یەك ڕۆژ لەوێ بووە بە زیندانی سیاسی ئەژمار دەکرێت.

ئێمەین شەهیدانی زیندوو

بەڵام بێ ناونیشانین

شالاو بردەی دەم ئەنفال و

گیرساوەی نوگرەسەلمانین

بەشمان ئەشکەنجەو لێدانە

کەبیر ئەکەین پەڕێشانین

گەربێتو ناخمان بخوێنن

پڕ لەداستان و ڕۆمانین

خاوەنی چەندین بەسەرهات

تراژیدیای ناو زیندانین

ئێمەین ڕزگاربوی حەجاج و سەگە ڕەشی بیابانین.

گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناحیەی خەڵەکان



ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٥ گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گوندی مەنسوریانی سەر بەناحیەی خەلەکان هەڵدرایەوە، جێگەی ئامازەیە قوربانیانی ناو ئەم گۆرە پێنج کەسن وهەموویان کوردنو خەڵکی گوندی کانی توی سەربەناحێی بنگردن، کە لەسالی ١٩٦٣ لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە گوللەبارانکراون لەمباریەوە بەڕێوبەری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان– سلێمانیش (مەلا بەهادین محمەد) بە ئەنفالستانی ڕاگەیاندن قوربانیەکان "پێنج روفاتنو لە لەسالی ١٩٦٣ گولەباران کراون". بەهاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و پزیشکی دادوەری بەغدا وسلێمانی کاری هەڵدانەوەیان بۆ کراوە.

محمد حەمەسەعید ئەحمەد

ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژ بوو کە حەجاج بە عەمودێکی دڕکاویەوە ئێمەی بەستبووەوە. براکەم ویستی ئاوم بۆبێنێت بەڵام نەیهێشت.

دیمانە : عومەر محەمەد

هاوکار : هێمن عەبدوڵا

ڕێکەوت : ٢٤ /٢٥/ ٢٠١٤

شوێن : هەڵەبجە ماڵی عەلی عارف



پاشئەوەی لەرادیۆی دەنگی نوێ لە شاری هەڵەبجە دیدارمان لەگەڵ (عەلی عارف ئەحمەد) دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجە ئەنجامدا، دەبوایە لەگەڵ مامۆستا محەمەد حەمە سەعیدیش دیدارمان بکردایە، بەڵام درەنگ کەوتین و دوامانخست بۆکاتێکی تر هەر چەند کاتژمێرێك دواتر شەوی ٢٥/٢٤ی مانگی نیسان ساڵی ٢٠١٤ درەنگانێك لەگەڵ هاوکارم مامۆستا هێمن عەبدوڵا گۆپتەپەیی لە شاری هەڵەبجە دابەزین، بەنیازی دیدار لەگەڵ ئەم پیاوەدا، چوینە ماڵی کاك عەلی عارف ئەحمەد.

مامۆستا محەمەد حەمەسەعیدیش هێشتا گەنج بووە کە لە نوگرەسەلمان زیندانی کراوەو چیرۆکە ترسناکەکانی ئەو ڕۆژگارەو بەتایبەتی ئەوانەی ناو قەڵای نوگرەسەلمانی بینیوە، کامێرامان دانا و دەربارەی چیرۆکی خۆی و ئەنفالی هەڵەبجە ئەم دیدارەمان لە کاتژمێر ٩ی هەمان شەو سازکرد:

دەقی دیدارەکە

ئەگەرناوی سیانی بەرێزت بزانین؟

محمد حەمە سەعید ئەحمەد

هیچ نازناوێکت هەیە پێی بناسرێیتەوە؟

مامۆستا محمد

لەکوێ لەدایك بویت؟

لە هەڵەبجە لەدایك بووم هەرلەوێش گەورە بووم.

ساڵی چەند لەدایك بوویت؟

ساڵی ١٩٦٨.

خانەوادەکەتان چەند سەرخێزان بوون پێش تاوانی ئەنفال و کیمیاباران؟

باوکم دوو خێزانی هەبووە من وخوشك و برایەکم لە دایکێکین وە لە دایکەکەی تر دوو خوشك و دوو برام هەیە

ناوی دایکت و خوشك و براکانت چییە؟

دایکی خۆم ناوی مرواری فەرەجە و زردایکم ناوی بەهێ عەلی محمد، خوشك و براکەم لە دایکی خۆم ناویان لەیلا و هۆشمەند، لەیلا ئێستا شوی کردوەو لە ماڵی خۆیدایە بەڵام براکەم پاش ئەوەی لە نوگرەسەلمان گەڕاینەوە لە دوای دوو سێ مانگ وەفاتی کرد لە سلێمانی.

باوکت لە هەڵەبجە چۆن بژێوی ژیانی بۆ دابین دەکردن؟

باوکم دوکانی ووشکەی هەبوو کە منیش گەورەبوم هاوکاریم دەکرد.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دابونەریتی ئەوکاتەی هەڵەبجە چۆن بوو؟

ئەوکات خەڵک زۆر هاوکار و هاوخەمی یەک بوون، خزمایەتی و دۆستایەتی هەبوو لەنێوان خەڵکی شارەکەدا. پێتوایە ئەو تاوانانە کاریگەری هەبوبێت لە سەر پەیوەندیەکان و تێکیدابن؟

بەدڵنیایەوە کاریگەری هەبووە هەڵەبجەی ئێستا لە هەڵەبجەی پێش کیمیابارانەکە ناچێت، بەهیوام خزمایەتی و هاوڕێیەتی وسۆز بگەڕێتەوە بۆ خەڵک.

لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە کوێ بویت؟

لە سلێمانی بووم ئەوکات من خوێندکار بووم

مااڵی باوکت لەوکاتەدا لەکوێ بوون؟

لە هەڵەبجە بوون بەاڵم سوپاس بۆ خوا هەمویان سەلامەت دەرچون و چوبون بۆ ئێران بۆ (کرمان) کە ئۆردوگایەکە لە باشوری ئێرانە لەپاش ماوەیەک خوشکەزایەکم چوبوو هێنابونی بۆناحیەی سەریاس لەوێ نیشتەجێبون، ئەوکاتە من لە سلێمانی بووم خوێندکاری پۆلی سێ بووم ئاگاداری بارودۆخی هەڵەبجە زۆر نەبووم تا ١٩٨٨/٤/٩ لە سلێمانی مامەوە، بەاڵم لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاری هەڵەبجەیی هاورێم هەبوو کە ڕۆژانە باسیی ئەوەیان دەکرد کە چەند کەس مردوە لەهەڵەبجە بۆیە لەتوانامدا نەماو ڕۆیشتم بۆ سنور لە قاسمەڕەشەوە ڕۆیشتم بۆ ئێران بە قاچاخ بۆ سەردەشت، لەوێ پێشمەرگەم بینی کە لە سەرگەاڵو برینارکرا بوو بەچەکی کیمیایی کە زەکەری ئەوەنە شۆڕ ببۆوە کەسێکی تر بۆی هەڵگرتبوو ئەوە زۆر ناخۆش بوو بۆمن. پاشان چوم بۆ (سەریاس) تاماوەیەک لەوێ لەمااڵی خزمەکانم مامەوە، دوایی مااڵی باوکم وئەوانیش هاتن بۆ سەریاس، ئیتر هەموومان لەوێ نیشتەجێبوین.

تۆ دەتزانی کەمااڵی باوکت ماون؟

بەاڵێ پێشتر من دەمزانی لەڕێگەی خزمەکانمەوە زانیبووم.

کە تۆ لەسلێمانی بوویت کەی زانیت هەڵەبجە کیمیاباران کراوە؟

ئێمە هەرئەو ڕۆژە زانیبومان،چونکە دەچوین بۆ عەربەت بۆئەوەی هەواڵێك بزانین بەاڵم قەدەغە بوو بۆ ئەولا عەربەتەوە بڕۆیت.

ئەوکاتەی لە سەریاس بوون گوزەرانتان چۆن بوو؟

لەوێ لە خێمەدا دەژیاین خواردن و نوستن و تەنانەت خۆشتنیشمان هەر لەخێمەدا بوو. خێمەیەک بۆ خێزانێکی شەش حەوت نەفەری وەک ئێمە

چۆن دەتوانتانی ژیانی خۆتان دابین بکەن؟

ئێران هاوکاری دەکردین خواردنیان پێدەداین لەگەڵ بەتانی و سۆپا (عەلادینی شەمسەدین) و نەوت، بەوجۆرە گوزەرانمان بەڕێ دەکرد هەتا ١٩٨٨/٨/٩ لەوێ بووین، پاشان من و ئەوکورەی برام کە باسمکرد وەفاتی کردوە لەگەڵ کاك عەلی خاڵۆزام چوین لەوێ لای ئاغای (جەاڵلی) کەناویان ئەنوسی بۆ ئەوانەی ئەیانویست بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە ئێمەش ناوی خۆمان تۆمارکرد، هەر هەمان ڕۆژ سواری سەیارەیان کردین کە ٨/٩ بوو بردیانین بۆسەر سنور

بۆ چ سنورێکیان بردن؟

بۆ سنوری شۆشمێ لە تەوێڵە، لەوێوە تەسلیمی عێراقیەکانیان کردین ئەوانیش بە ئیڤاکانەوە هاتن کە زۆربەیان ئیستیخبارات و سەرباز بوون ئێمە وامان زانی دەمانبەن بۆ هەڵەبجە بەاڵم کەلە زەڵم تێپەڕین بۆمان دەرکەوت کە بۆ سلێمانیمان دەبەن، هەروابوو لە تەواری سلێمانی دایان گرتین.

هیچ ناڕەزاییەکتان دەرنەبڕی کەزانیتان بۆ هەڵەبجەتان نابەن؟

نەخێر کەس هیچی نەگوت، هیچیش نەدەکرا، هەموو ئۆتۆمۆبێلێك دوو سەربازی لەگەڵدابوو ناوچەکەش ناوچەی (محەرەمە) قەدەغەکراوبو.

لە تەواریەکەی سلێمانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردن؟

هەرکە گەیشتینە ئەوێ لە گۆڕەپانی بیناکە دایان ناین ئیتر هەموو خێزانێك بەجیا دانیشتبوون ئەو شتومەکانەیان پێبوو کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان.

شتومەکەکان چی بوون؟

نوێن وتۆزێك زەخیرەو خواردەمەنی بوو کە لە ئێران وەریانگرتبوو یاخود لێیان مابۆوە.

لە دوایدا ڕێگەیان پێدان ئەو شمەکانە لەگەڵ خۆتانا بەرن؟

نەخێر دەستیان گرت بەسەر هەموو شتێکدا چونکە کە دوایی گواستینیانەوە بۆ سجن نەفەر نەفەر سواری پاسیان کردین نەیان هێشت هیچ بەرین.

چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە؟

سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە پاشان پاسی مەنشەئەیان هێنا بۆ ژن ومناڵەکان و پیرەکان وە بۆگەنجەکان ئۆتۆمۆبێلی سەوزیان هێنا.

ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو ئۆتۆمۆبێلەم بۆ بکەیت کە بۆگەنجەکانیان هێنا تا سواریان بکەن؟

ڕەنگی سەوز بوو پێشی لەقەمەرە دەچوو بەشی دواوەی لە سەیارەی سەلاجە کەپسەکان دەچوو، تەنها یەك بەنجەرەی بچوکی تێدابوو لای ئەو سەربازەی تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوو کەدەوری بیست سانتیم ئەبوو وە شیشی پێوە بوو لەدیوی دەرەوە لەناوەوەش پەردەی پێوەبوو ئێمە جار جار لەوێوە سەیری دەرەوەمان ئەکرد کە سەربازەکە لای دەبرد، لەناوەوە هیچ کورسیەکی تیا نەبوو دەبوایە یان بەپێوە بۆستی یان دانیشیت لە سەر عەرزەکەی.

لە شێوەی ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری (اسعاف) دەچوو؟

بەڵێ لەوە دەچوو بەڵام درێژتر وبەرزترگەوریەکەی بەقەد ئۆتۆمۆبێلێکی دووتەنی دەبوو.

ئەوکاتی جیایان کردنەوە هیچ ئاماژەیەك هەبوو کە بۆکوێ و بۆ چ چارەنوسێکتان دەبەن؟

نەخێر هیچیان لەوبارەیەوە نەوت هیچ دیارنەبوو.

ژمارەتان چەند کەس بوو لەو پاسەدا؟

نزیکەی هەژدە بۆ بیست کەس ئەبوین.

لە ڕێگا لەناوخۆتاندا باسی چیتان دەکرد؟

باسی ئەوەمان دەکرد کە لەوانەیە بەرەو مەرگمان بەرن

چەند کەسی ناسیاوت لەگەڵدابوو؟

کاك عەلی عارف و دوو کوڕی خاڵۆزام لەگەڵ بوو بەناوەکانی جەمال و نەریمان، کوڕێکی تر بەناوی عەجەم لەگەڵماندا بوو کە دەمناسی زۆربەی ئەوانی تر ناسیاو بوون ئێستا زۆریان لە ژیاندا ماون

ناو پاسەکە هیچ پەنجەرەیەکی تری تیابوو؟

جگە لەوپەنجەرەیەی کەباسم کرد یەك کونی بچوکی لەژێرەوە تیابوو کەبەقەد سەد فلسیەك بوو.

ئەوکونە بەڕای تۆ بۆچی بوو؟

بەڕای من بۆ هەواو بۆ میز کردن بوبێت چونکە زۆر ڕۆیشتن وە لەڕێگە کە دەوەستا نەیان دەهێشت دابەزین، یەکجار زانیمان ئەو شوێنە کوێیە کە لێی وەستا ئەوەیش بەهۆی ئەوەی پرسیاریان کرد.

پرسیاریان لەکێ و بۆچی کردیان؟

پرسیارییان کرد کە ئەمە کوێیە.

ئەی وەڵامیان دانەوە؟

بەڵێ ووتیان ئەمە دیوانیەیە.

لەوێ هێشتیان ئاوبخۆنەوە؟

نەخێر

پاشان بۆکوێیان بردن؟

دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن لە جادەی قیر لایدا دەوری سێ چارەکێك بەخۆڵدا ڕۆیشت پاشان وەستاو دایان بەزاندین، لەوێ بینیمان چەندەها ژن و پیاوی پیر زەعیف و ڕەنگ زەرد لەوێ بوون.

کە دایان بەزاندن چیتان کرد؟

لەوێ لە نوگرەسەلمان دایان بەزاندین بە لیست ناویان دەخوێنینەوە بۆ هۆڵەکانیان بردین، ئەو هۆڵانەی ئێمە هەمووی هەڵەبجەیی بوون لەبەرامبەریشمان گەرمیانیەکان بوون، کە ماوەیەك پێش ئێمە هێنابویانن.

چۆن زانیتان گەرمیانین؟ دەتانتوانی قسەیان لەگەڵدا بکەن؟

یەکەمجار نەمانزانی بەڵام دوایی زانیمان بەڵێ دەمانتوانی پێکەوە قسە بکەین.

هەر هۆڵێك چەند كەسی تێدابوو؟

زۆری تیابوو لە دووسەد كەس زیاتر دەبوو.

ناو هۆڵەكان چی تیابوو؟

هیچ شتێكی تێدانەبوو تەنها لە سێبەرەكان دائەنیشتین و باوەشێنی خۆمان دەكرد چونكە هیچی تێدانەبوو.

ئەو شتەی بەسەرت هاتبێت لە نوگرەسەلمان و لەبیرت ناچێتەوە چیبوو؟

ئەوەی كە بیرم ناچێتەوە من و براكەم كە سیانزە ساڵ بوو لەگەڵ نەریمان و جەمیلی خاڵۆزام جارێكیان پارەمان دابوو بە پۆلیسەكان گۆشتێكی قوتویان بۆ هێناین، ئێمەش ویستمان گەرمی بكەینەوە لە هۆڵەكان كاغەزی لێبوو دامانگیرساند، بەڵام دوكەڵەكەی چوە ژورەكەی حەجاج وشەمخیەوە بۆیە هاتن بەشەق هەموومانیان برد، باشبوو براكەمیان بەردا لەبەر ئەوەی منداڵ بوو، بەڵام ئێمەیان بە عەمودێكی دركاویەوە بەستەوەو لێیان دەداین وە ناخۆشترین شت لەوكاتەدا بوو كە براكەم وویستی ئاوم بۆببێنێت بەڵام نەیان هێشت.

ماوەی چەند بەو عەمودانەوە مانەوە؟

تا ئێوارە نزیكەی حەوت هەشت سەعات ماینەوە.

دوای ئەوەی كەلێیان كردنەوە هیچ ئینزارێكیان دانێ یان هیچیان پێ ووتن؟

نەخێر كەلێیان كردینەوە ئیتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ هۆڵەكان، ئەوەشم لەبیر چوو كە من لەگەڵ خێزانی ماڵی كاك عەلی هاتینەوە چونكە من و ئەو كورەی برام بوین ئەویش منداڵ بوو.

ئەوكاتەی لەتەواری سلێمانی بوویت نەتوانی بڵێیت من خوێندكارم؟

ئەوان گوێیان لەوە نەدەگرت، ئەوكاتەی كەلە تەواری بوین ئەو كورەی برام لەتەلبەنەكانەوە ڕۆیشت بۆ ماڵێكی خزمم لەچوارباخ.

چۆن هێشتیان بڕوات؟

چونكە منداڵ بوو زۆر گوێیان پێ نەدا بەڵام لە دوایدا هاتەوە لە ماڵی خزمەكەمان بەن نەببوو ئیتر چارەنوسی وابوو دوای لەنوگرەسەلمان وەفاتی كرد.

چ شتێك هەیە كەلە نوگرەسەلمان كاریگەری زۆری هەبوبێت حەزبكەیت باسی بكەیت؟

لەڕاستدا نوگرەسەلمان هەموی هەر ناخۆشی بو بەڵام ئەوەی كەزۆر كاری تێكردم ئەوە بوو كەئەو كورەی برام وبرایەكی كاك عەلی و یەك دوو منداڵی تر هەبوو كە دەچون ئیشیان بۆ سەربازەكان دەكرد ئەوانیش سەهۆڵیان دەدانێ، هەر لەو كاتەدا ژنێكی خزممان هەبوو لەوێ منداڵێكی لاوازو نەخۆشی هەبوو هەموجارێك بەو سەهۆڵە دایكی سەهۆڵاوی بۆدەكرد تۆزێك سەبوری دەهات و بەهۆی ئەوەوە توانی بژێت و دەربازی بێت ئێستاش ئەو منداڵە ماوە، گەورەبووەو بووە بە مامۆستا.

ناوی چیە؟

خەڵات یونس.

واتا خەڵات ئێستا دەربازبوی نوگرەسەلمانە؟

بەڵێ ئەویش وەك ئێمەیە، هەموجارێك دایكی دەڵێت ئێمە مەمنونی ئەو كورەی براتین كە وەفاتی كرد لەوێ ئیشی دەكردوو سەهۆڵی پەیدادەكرد.

پێشتر ئێوە یەكتریتان دەناسی یان لە نوگرەسەلمان بوون بەهاوڕێ؟

نەخێر لەگەڵ مامۆستا عومەر یەكتریمان نەدەناسێ لەنوگرەسەلمان ناسیم و بوینە هاوڕێ بەڵام لەگەڵ كاك عەلی و ئەو خاڵۆزایەمان پێشتر ڕەفیق بووین و لە ئێرانەوە هەتا نوگرەسەلمانیش هەرپێكەوە بووین.

هەتا ئێستاش هەر هاوڕێی یەكترن؟

بەڵێ.

تاكەی لەنوگرەسەلمان هێڵرانەوە؟

ئێمە دوا وەجبە بووین هەتا ١٩٨٨/١٢/١٩ هەر لەنوگرەسەلمان بووین ئەوڕۆژە ئێمە لەوێ بەربووین. چوارمانگ زیاتر ماینەوە. بۆ زانیاریت وەجبەیان بەبەرتیل پێش دەخست من سەعاتەكەی دەستی خۆمم دایە شەمخی بۆئەوەی زوو بەرێمان بكەن، سەعاتەكەشم داپێیان

وپێشیشیان نەخستین خراینە دواهەمین وەجبەوە، ئەرێ بەخوا سەعاتی دەستی خۆم مارکەیەکی زۆر باش بوو ستیزن بوو. بەقەت هەموو دنیا دڵم بەو سەعاتە خۆش بوو.

دات بە پۆلیسەکان؟

دام بە حەجاج

دات بەحەجاج یان بەشەمخی؟

نەخێر دامبە شەخصی حەجاج خۆی.

ئیتر کە حەجاج سەعاتەکەی لێوەرگرتی پێشی خستی؟

ناوی نوسین. ناوی هەرسێکمانی نوسی.

ئێوە دەتانزانی کە ئەوانەی لەپێش ئێوەوە دەرۆنە دەرەوەی نوگرەسەلمان بۆ بەربوونە؟

بەڵێ

لەو وەزعەی نوگرەسەلماندا بەتەواوی لەدنیای دەرەوە دابرابوون چۆن دەتانزانی لێبوردنی گشتی هەیە؟

پێیانوتین کە لێبوردنی گشتی دەرچووەو بەرتان دەدەین. لە دوای ئەوە دکتۆریان بۆهێناین و تارادەیەک خواردنیان باش کردین ئەو دکتۆرەی کە باسم کرد هێنایان بۆلامان.

وتت ئەو دکتۆرە میسری بوو؟

بەڵێ.. میسری بوو زۆر کەسێکی باش بوو، هاوکارییەکی باشی کردین.

پێشئەوەی لێبوردنی گشتی دەربچێت دکتۆریان دەهێنا بۆلاتان؟

نەخێر دکتۆری چی؟! هەرگیزنەیان دەهێنا راستی ئێمەیان بۆ مردن، بردبووە ئەوێ.

بەڵام من هەندێك بەڵگەنامەم لەلایە (بەیان وەفات) بەڵگەی مردن واژۆی دکتۆری لە سەرە ئەی ئەوانە چۆن بوون؟

نا هەرگیز شتی وانەبووە ئێمە دکتۆرمان بۆ نەهاتووە تەنها دوای لێبوردنەگشتییەکە بوو، ئەویش بۆ چارەسەری کاتی ئەو دکتۆرە میسرییەیان هێنا.

بەڵام من بەڵگەم لەلایە کە لەخەستەخانەی سەلمان بەڵگەی مردنیان بۆ کردوون زۆریشیان نوسراون بەهۆی کەم خوێنیەوە.

نازانم لە نوگرەسەلمان خەستەخانەی لێ نەبوو.

کەسێك کە ئەوسا مندالّ بووە، باسی ئەوەی بۆکردم کە جاربەجار توانیوێتی بچێتە دەرەوەی نوگرەسەلمان ئایا تۆ قەت چویتە دەرەوەی نوگرەسەلمان؟ئایا کەس دەیتوانی بچێتە دەرەوەی نوگرەسەلمان؟

کەس نەیدەتوانی خۆبشرۆیشتایە لەوسەحرایە چی دەکرد؟ نەیدەتوانی دەربچێت، بەڵام من ئەوکاتە مندالّ نەبووم تەمەنم ٢١ سالّ بوو، یەکدوجار بۆ ناشتنی تەرم یەکێك لەوانە بۆناشتنی کاك ئەنوەر برای کاك عەلی چوومە دەرەوە.

خەڵك زۆر دەمردن؟

بەڵێ ئەی چۆن رۆژانە خەڵك دەمرد بەخوا رۆژێك حەڤدە کەس مردن هەتا یەکێکیان ژنێك بوو لەکاتی شۆردندا زیندوو بووەوە، دوایی بەریش بوو هاتەوە لەم سالّانەدا کۆچی دوایی کرد.

کێ بوو ئەو ژنە ناوی چییە؟

ژنێکی لای خۆمان بوو هەڵەبجەیی بوو ناوی نەفییە بوو لەم سێ چوار سالّانەی دوایدا کۆچی دوایی کرد، حەڤدە مردوویان لە نوگرەسەلمان ریزکرد بوو بیان شۆرن ئەو یەکێك بوو لەوانە کە ئاویان پێداکردبوو زیندوو بووەوە. ئەوەی شۆردبووی دایکی ئەم مامۆستا عومەرە بوو.

ئەو ژنە ئێستا لەکوێ نێژراوە؟

لێرە لە گۆڕستانی شەهیدان.

دوای ئەوەی کە لەنوگرەسەلمان بەردران بردیانن بۆ کوێ؟

بردیانین بۆ ناو شاری سەماوە. لەوێ ئیتر وەزعمان زۆر باش بوو خواردنی باشیان پێدەدایین دەمانتوانی بچین بۆ بازار، لەوێ تەلەفۆنی سەرجادە هەبوو پارەت تێدەکرد پەنجا فلست تێدەکردو قسەت پێدەکرد، بەوە دەمانتوانی تەلەفۆنیش بکەین.

چۆن دەتانتوانی بچن بۆ بازار؟

دووکەس دوکەس پۆلیس لەگەڵمان دەهات، دەچووین پێداویستی خۆمان دەکڕی یان هەبوو تەلەفۆنی

بۆکەسوکاری دەکردو دەگەڕاینەوە.

هەر پۆلیس بوون لەگەڵتان دەهاتن یاخود ئەمن و ئیستخبارات؟

نا ئەمن وئیستخبارات نەبوون پۆلیس بوون.

ئەی هەڵسوکەوتیان چۆن بوو نەرم بوون لەگەڵتاندا؟

زۆرباش بوون ئەوان وەک ئەوانەی نوگرەسەلمان نەبوون.

چەندێک لە ناوشاری سەماوە مانەوە؟

وابزانم هەفتەیەک ماینەوە.

هیچ کەسێکی حزبی بەعس دەهات قسەتان بۆبکات؟

نەخێر.

مەبەستم ئەوەیە هەندێک لەشایەتحاڵەکان دەڵێن رەفیق حزبییەک دەهات قسەی بۆدەکردین مژدەی ئازاد کردنی پیداوین و باسی لێبوردەیی و دلفراوانی سەدامی بۆکردوین و وتوویەتی تێکدەران کۆتاییان هاتووەو حزبی بەعس و سەرۆک لە ئێوەش دەبورێ.

کەس لەوانە نەهات بۆلای ئێمە. بەڵام خواردنی باشیان پێماندا و خۆشۆردن و ئەمانەمان هەبوو وەزعمان باشتر بوو لەوێ خەستەخانە هەبوو ئەوەی نەخۆش بوایە دەیانبرد بۆ چارەسەر.

دوای ئەوەی هەفتەیەک لەوێ مانەوە ئیتر چییان لێکردن بردیانن بۆکوێ.

دوای ئەوە ئینجا هێنایانینەوە بۆ تەوارییەکەی سلێمانی.

ئێوەیان نەگێرایەوە بۆ تۆپزاوا یەکسەر هێنایانننەوە بۆ تەوارییەکەی سلێمانی؟

نانا نەیانبردینەوە بۆ تۆپزاوا.

ئەی لەتەواری سلێمانی چیانلێکردن، چییان پێگوتن؟

لەوێ یەکە یەکە ناویان دەخوێندینەوەو دەیانگووت بڕۆن. من وەکو خۆم کە ناویان خوێندمەوە وتیان لەکوێ دادەنیشیت؟ ووتم لە سلێمانی، ئەوکاتە مااڵی باوکم هاتبوونەوە لە سلێمانی دادەنیشتن لەوێ کە بەریاندام چوومەوە بۆماڵی باوکم لە سلێمانی.

ماڵیان لەچی گەرەکێک بوو؟

لەپشتی مزگەوتی گەورەوە بوون لە خانوویەکی گڵدابوون ماوەیەک لەوێ بووین دوایی گواستمانەوە بۆ گەرەکی شێخ محێدین.

هیچ وەرەقەو شتێکی بەربونیان پێنەدان؟

هیچ هیچیان پێنەدام.

قسەی خۆش یان هی ناخۆشیشیان پێنەوتی؟

هیچیان نەووت.

هەر ئەو کەسانە بوون کە جاری پێشوو سوکایەتیان پێتان دەکردو رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردن؟

بەڵی هەر ئەوانە بوون.

ببورە باسی مردنی براکەت کرد لە نوگرەسەلمان بەڵام بۆت باس نەکردم چۆن و بەهۆی چی کۆچی دوایی کرد؟

براکەم لەنوگرەسەلمان کۆچی دوایی نەکرد، لەوێ پێکەوە بووین، کەهاتینەوە لێرە بە روداوێک کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا تۆ ئەمە یەکەمجارە دەربارەی ئەنفالکردنتان دیدارت لەگەڵ سازبکرێت؟

بەڵێ هەتا ئێستا لەگەڵ کەسی تر دیدارم نەکردووە.

ئەی قەت خۆت بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە ئەوەی بەسەرت هاتووە بینوسیتەوە؟

وەڵاهی راستی وەکو نوسین لەخەیاڵمدایە بەڵام نەمنوسیوە، ئەوە کاک عەلی دەزانێ هەروا چوارساڵێکیشە خەریکی ئیشی ئەو کۆمەڵەیەین.

مامۆستا من دەمەوێ مەبەستەکەم رونتر بکەمەوە، ئەوکاتەی تاوانی کیمیابارانی شارەکەت رویدا وای دابنێ کە مامۆستایەک بوویت، لەبەرئەوەی دواهەمین ساڵی خانەی مامۆستایان بوویت، قەت بیرت لەوە نەکردووە بەسەرهاتەکەت بنوسیتەوە؟

وەڵا دەمانوسی ئەوکاتەی خەریکی ئیشی کۆمەڵەکە بووین مامەڵەو شت دەهاتە بەردەستمان دەمانوسی چۆن نەمان نوسیووە؟ ئێمەش نوسیومانە.

ئەوە مەبەستەکەی من نەبوو، مەبەستم نوسینەوەی چیرۆکی رۆژگارەکانی خۆتانە ئەوەت کردووە؟

ئەها وەکو یادەوەری دەڵێیت؟

بەڵێ ئەوە مەبەستی منە.

نا بەخوا ئەوەیانم نەکردووە وەکو یادەوەری نەمنوسیوە.

من دەمەوێ هۆکارەکەی بزانم ئایا هەستت نەکردووە نوسینەوەیان بایەخێکی هەیە، یان هەر نەتویستووە ئەو یادەوەرییە تاڵانە بنوسیتەوە؟ یان هۆکارێکی تر هەبووە؟

وەک بایەخ دەزانم بایەخیان هەیە، بەڵام نەمویستووە بچمەوە ناو ئەو یادەوەرییە تاڵانە.

دوای بیست و شەش ساڵ لە تاوانەکە پێشتریش کە دەتبینی گرنگی بە یادەوەری تاوانی ئەنفال وکیمیاباران دەدرێت هاندەرنەبوون بۆئەوەی یادەوەری خۆت بنوسیتەوە؟ یان هەستت بەگرنگیان نەکرد؟

نا هەتا ئێستاش بیرم لەنوسینەوەیان نەکردووەتەوە.

باشە دوای ئەوەی بوویت بەمامۆستا قەت بۆ خوێندکارەکانت باس ناکەیت؟

بابا لەهەموو یادێکدا بۆیانم باس کردووە.

بێجگە لەڕۆژانی یادەکان لەڕۆژانی تر؟

نا لەڕۆژانی تر باسم نەکردووە بەڵام لەهەموو یادەکاندا باسم کردووە، هەموو قۆناغەکانی ئەنفال و بەسەرهاتی خۆمانم بۆیان باسکردووە.

هەستی قوتابیەکانت چۆن بوو کە بۆت دەگێڕانەوە؟

وەڵا قوتابی نازانێ ئەوان ئەو شتانە نازانن وەکو ئەوەیە خەوببینێ کە ئەوشتانەیان بۆ دەگێڕیتەوە.

وتت من نوێنەری کۆمەڵەی ئەنفالکراوانی هەڵەبجەم؟

بەڵی من نوێنەری ئەو کۆمەڵەیەم.

بەنیازن چی بکەن و ئامانجتان لە دروست کردنی ئەو کۆمەڵەیە چییە؟

بەنیازی بەڕێوەبردنی ئیشوکاری ئەوخەڵکانەین کە لەگەڵماندا بوون لەنوگرەسەلمان.

ئێوە بەنیازن کار بۆ بەدەستهێنانی ماف وئیمتیازاتی ئەوکەسانە بکەن کە لە نوگرەسەلمان لەگەڵ خۆتاندا بوون؟

نەک ئیمتیاز چونکە ئیمتیاز جیاوازەو کاریگەری ئەنفال جیاوازە.

ئێوە دەتانەوێ چۆن کار بۆکاریگەرییەکانی ئەنفال بکەن؟

دەمانەوێ ئەونارەحەتی و مەینەتیەی بەسەر هەڵەبجەو ئەم میللەتدا هاتووە، حکومەتی عێراقی بهێنینە سەرخەت و بزانن چۆن بووە،میحنەتی ئەنفال چۆن بووەو نارەحەتی چۆن بووە، ئەوە بزانێ کە خەڵکانێك تێداچوون و بزانێ خەڵکانێك بەبێ کفن و دفن تێداچوون، خەڵکانێك هەبوون هاواریان کردووەو کەس نەچووە بەدەمیانەوەو مردون، ئێمە دەمانەوێ ئەوانە بۆ حکومەتی عێراقی بسەلمێنین.

وەکو پێمووتی ئەوەی هەتا ئەم چەند ساڵەی دوایش تەنها کاك عەلی بووە بەدەم ئەو کارەوە چووەو هەر بەهەوڵی ئەویش ئەو رێکخراوە لەساڵی ٢٠١١ دا دروست بوو.

هەڵبەتە پێش ئەوەی ئێوەش ئەو کۆمەڵەیە دروست ببێت رێکخراوکۆمەڵەی تر هەبوون، قەت خۆتان پێنەناساندوون بڵێن ئێمەش ئەنفالکراوین؟

نەخێر بچینە لای کێ؟ ئێمە پێش ئەوەی ئەو رێکخراوە دابمەزرێنین چوینە لای کاك سەعدون گاڵتەی پێدەهات دەیگووت پێم سەیرە ئێوەباسی ئەوەدەکەن کە هەڵەبجە ئەنفالی هەیە.

راستە منیش توشی هەمان حاڵەت بوومەوە لەگەڵیدا، ئەوکاتەی پارتی چەپی سویدی هاتن بۆ کوردستان من یاوەریان بووم لە سلێمانی ئەوەم پێگوتن کە هەڵەبجەییەکان نزیکی ١٥٠٠ خانەوادەیان بەرئەنفال کەوتوون و لەنوگرەسەلمان بوون، کەچوینە بەرێوەبەرایەتی شەهیدان یەکەم پرسیاریان لەبەرێوەبەری شەهیدان وئەنفالکراوان ئەو پرسیارە بوو، بەڵام بەداخەوە کاك سەعدون ووتی هەڵەبجە ئەنفالی نیەو هەڵەبجە رەمزی کیمیابارانە، باش بوو هەرئەوکاتە خەڵکێك هەبوو لەو دانیشتنەدا پشتگیریان کردم وتیان خۆمان لە نوگرەسەلمان زیندانی بووین. زۆرگرنگە ئێوە کار لە سەربەڵگەو دۆکۆمێنت بکەن. ئایا هیچ وێنەو بەڵگە نامەیەکتان هەیە؟

ئێمە وێنەی نوگرەسەلمانمان هەیە، تەنانەت وێنەی خەستەخانەکەی سەماوەمان هەیە.

زۆر گرنگە ئەو وێنانە بڵاوبکەیتەوە بەپێچەوانەوە بوون بایەخێکی نابێت ئەگەر نەخرێنە ڕوو. سەرنجی خۆتانی لە سەر بنوسن بەئینگلیزی و بەزمانی عەرەبی و بڵاویان بکەنەوە.لە دادگای باڵای تاوانەکان دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە وونە، ئایا ئەو کاتەش ئێوە هیچ هەوڵێکتان نەدا ئەم دۆسێیە بەر نەبەردەم دادگای باڵای تاوانەکان؟

نەخێر.

خۆتان بەلاتانەوە گرنگ نەبوو یان چاوەڕوانی ئەوەتان دەکرد، تیمێکی دادگاکە بێت و لێتان بپرسێت؟

وەڵاهی من کەسم پێشک نایات بۆ ئەومەبەستە چووبێت بۆدادگاو کەسیش پرسیاری ئەوەی لێنەکردووین، من نازانم ڕەنگە کاك عەلی شارەزاتربێت. مەگەر ئەوبیزانێت.

مامۆستا تۆ خۆت خاوەنی چیرۆکێکی تایبەتی لە سۆنگەی کیمیاباران هەڵەبجەوە، خۆت خوێندکاری خانەی مامۆستایان بوویت، کەکیمیابارانەکە بوو، دایکت وباوکت لەهەڵەبجە بوون و خۆت لە سلێمانی، بۆسۆراخیان بەڕێگەی قاچاغ وبە ڕێگەیەکی پڕمەترسیدا گەیشتیتە ئێران، خۆشبەختانە دایکت وباوکت وخانەوادەکەتان سەلامەت بوون، بەڵام خۆت سەلامەت نەبوویت؟ ئێستا تۆ هەستناکەی کە ژیانی تۆ وەك هەڵەبجەییەك وەك مرۆڤێك وەك کوردێك گرنگە لەکتێبخانەی کوردیدا هەبێ؟

بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە هەقە هەبێ.

ئەی بۆچی ناینوسیتەوە ئایا هیچ کۆسپێك هەیە لەبەردەمت؟

وەڵاهی مەگەر لەئێستا بەدواوە دەسبکەم بەنوسینەوەی. بەهیوام ئەم میواندارییەی کە ئەمشەو من وتۆ یەکترمان تیدا ناسی ببێتەمایەی تەمەندرێژیت و چاپکردنی کتێبێك و بەسەرهاتی مامۆستا محەمەدو هاوسەفەرەکانی نوگرەسەلمانی تێدا بخوێنمەوە.

ئینشاالله بەهیوام.

کۆمەڵەکەتان پێویستە گرنگی تەواو بەم لایەنەش بدات، چونکە ئیوە خۆتان هەم شایەتحاڵن و هەم کادری ڕێکخراوەکەتانن، بێگومان دەبێ ئاماری ئەنفالکراوەکانیشتان کردبێت.

لامانە هەموویانمان لایە، کێ چووە بۆنوگرەسەلمان کێ گەڕاوەتەوەو کێ لەوێ مردووە کێ پاش زیندان مردووە هەموویمان هەیە. نازانم مامۆستا سەلمان بۆچی نەیداوە پێت.

مامۆستا دواقسەت چییە؟

زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونتان.

ڕەزامەندی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە؟

بەڵێ ڕەزامەندم بڵاوبکرێتەوە.

خەمی ئەنفال و دڵڕەقی و خەم ساردی دزەکان

ئەم وێنەیە بنەڕەتیەکەی لەلای منەو برای بەڕێزم کاك جەبار عومەر ساڵی ٢٠٠٣ لە بەغداوە بەتایبەتی بۆ منی هێنابوو، سەرباری ئەوەی پارەیان پیدابوو نەیدابوونێ و وتبووی ئەوە هی فرۆشتن نیە. کاتێک ئەم وێنەیەی ڕادەست کردم بۆیەکەمجار بۆخۆم سکانم کردووەو یەکەمجار لە بەرگی دواوەی ژمارە (٥)ی ئەنفالستاندا بڵاوکراوەتەوە . نازانم کێ لەوانەی لێی خواستووم ئاوا نابەرپرسیارنە بڵاوی کردووەتەوە وەک دەبینن بەو شێوەیە وێرانکراوەو بەکەیفی خۆیان نەک بەبۆنەو بێ بۆنە بڵاوی دەکەنەوە، بەڵکو نوسینەکەی منیان لەسەری سریەوەتەوەو خۆیان شتیان لەسەر نوسیوەو وەک ڕێز لە خاوەنداریتی ناگرن ڕێز لەقوربانیەکانیش ناگرن .!! بەراست ئەم دڵڕەقی و خوێنساردی و خەمساردیە بەس نییە؟



فەرید عەبدوڵا عەزیز:

لە ئەنفالدا سەریشمان چوو مااڵیشمان چوو، هەر خۆم مامەوە



دیمانە : عومەر محەمەد

٢٣ی ئایاری ٢٠١٤ هەڵەبجە

دوو ساڵ لەمەوپێش برایەکی زێدەخۆشەویستی هەڵەبجەیی باسی کاك فەریدی بۆکردم، ووتی ئەو پیاوە لەکۆی خانەوادەیەکی سیانزەکەسی تەنیا بۆخۆی دەربازی بووەو کەسوکارەکەی هەموویان ئەنفالکراون جەختی کردووە ووتی پێویستە تۆ ئەوە بزانیت کەوا کەسوکارەکەی فەرید ئەنفالکراون شەهیدی کیمیابارانین، هەرئەوکاتە پرسیم دەتوانین بیبینن؟ وتی فەرموو سواری سەیارەکەم بوین و زۆری نەبرد لە بەردەم قاپی فەرید عەبدوڵا راوەستاین و دوای ئەوەی لە ئۆپڵەپیرەی ئەنفال دابەزین ماندونەبوونیمان لێی کرد، ئەوسا ماندو هیلاك دیاربوو پێموابێ سەرقاڵی خانووچاککردن بوو، کاك فەرید ئەوەندە بەماتی و خەمباری هاتە بەرچاوم هەرگیز نەمدەتوانی پێی بڵێم من ئەمرۆ لە هەڵەبجەم و رەنگە بۆمن دڕەنگ ئەم دەرفەتە ڕێك بکەوێتەوە، بۆیە هەرئەوکاتە ماموستا ئەرسەلان عابد بەیەکتری ناساندین و بەلێنم پێدا لەدەرفەتێکدا بێمەوە سەردانی بکەمەوەو دیدارێکیش سازبکەین ئەویش رەزامەندی دەربڕی بەڵام تێبینی ئەوەی دامێ کە ئەو تەنها ڕۆژانی هەینی دەتوانێ و ماوەی ئەوەی دەبێت ئەو دیمانەیە سازبکەین. هەرچەندە من ئەو پیاوەم لە بیرنەچوو هەمیشە هەستم دەکرد دیداری ئەنفالستان لەگەڵ ئەوپیاوە دڕەنگ کەوتووە. هەمیشە هەستم کردووە کە دیدارێکی پێویستە. خۆشبەختانە بەرواری ٢٣ی ئایاری ٢٠١٤ دەرفەتی ئەوەم بۆڕەخساو بۆیە هەر ئەو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆ کردو ئەویش رەزامەندی دەربڕی و منیش لە سلێمانیەوە بەرێکەوتم و عەسرێکی زوو لە ئۆفیسی رادیوی دەنگی نوێ ئەم دیدارەمان سازکرد. ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێنننەوە دەقی دیدارەکەی من و کاك فەرید عەبدوڵایە.

کاك فەرید من زۆر دەمێك بوو بەلێنم بە بەڕێزت دابوو بێمە هەڵەبجەو دیمانەیەکت لەگەڵدا سازبکەم، هەرچەندە زۆر دواکەوتم بەڵام خۆشبەختانە وا ئەمرۆ بەڵێنەکەم دەبەمە سەر بەهیوام بتوانین بەشێك لە مێژووی بەسەرهاتەکەت تۆماربکەین و بڵاوی بکەینەوە، دەمەوێ ئەوەشت پێبڵێم کە ئەم دیدارە بۆ ساڵنامەی ئەنفالستانە تۆماردەکەین.

پێشەکی بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەخێرهاتنی بەڕێزت دەکەم سوپاست دەکەم کە من لەبیرم بووە. خۆت دەزانی ئێمە خراپمان لێقەوماوە ئەنفالکراوین و لەکیمیابارانیش هەر هەمانە ماڵی مامم تێداچوون لە کیمیابارانەکە خۆی و دوومندااڵی شەهید بوون.

با لە ماڵی خۆتانەوە دەست پێبکەین لەسەرتاوە لەناوی سیانی خۆتەوە دەچینە ناو بەسەرهاتەکەتەوە.

من ناوم فەرید عەبدوڵا عەزیز.

تەمەنت چەندە؟

لەدایکبووی ١٩٦٤ گوندی بەڵخەی هەورامانم ئێستاش نیشتەجێی شاری هەڵەبجەی شەهیدم.

دەمێکە لە هەڵەبجە دادەنیشن یان دوای ساڵی ١٩٩١؟

دەمێکە لێرەین پێشتر حکومەت گوندەکانی سەر سنورەکانی داگرت ئێمەش بەرئەو هەڵمەتی راگواستنە کەوتین و لەوساوە هاتووینەتە ئەم شارە.

کەواتە کاتی کیمیابارانەکە لێرە بوون؟

بەڵێ کاتی کیمیابارانەکە لێرەبووین سەعات دەوری یەکی شەوی ١٥ ی ئازار بوو، من هەستام چووم بۆماڵی باوکم ووتم باوکە هەستن وەزعەکە باش نیەو وادیارە هێرشە، هەرواش بوو، تەقە لەهەر چوارلای هەڵەبجەوە دەستی پێکرد، ئاگاربارنێك بوو هەرمەپرسە، هەرلە ناوچەی بەڵخەوە بۆ شرام و تەوێڵەو ئەحمەدئاوا لەهەموو لایەکەوە دەنگی تەقەو تۆپ دەهات، تادەهات ئەوان نزیك دەبوونەوە، هەڵبەت سوپای عێراقیش بەرگریان دەکرد، هەقیقەت بەرگرییەکی زۆریانکرد، بەڵام ئەوان جۆرەچەکێکیان پێبوو رێك ئەیدا لەدەبابەکان پەکی دەخست و دەیتواندەوە ئێمە لێرەوە سەیرمان دەکرد دنیا روناك ببووە دەمانبینی.

ببورە مەبەست لە ئەوان کێ یە پێشمەرگە یان پاسداری ئێرانی؟

پێشمەرگەو پاسدار هەردوکیان پێکەوە بوون، بەڵام چەکەکەی کە دەیدا لە دەبابەکان بە پاسدارەکان بوو، دیار بووهێرشەکە گەورەبوو نەیانتوانی پێشی پێبگرن، سەرەتا کە عەسکەری عێراقی تێکشکان رایانکرد هاتنە ئێرە لای ماڵی ئێمەوە بیانەیەك بوو، مەرکەزی پۆلیس بوو دوایی حکومەتی ئێران روخاندیان، نەك هەرئەوە زۆربەی بینای دائیرەکان حکومەتی ئێران روخاندنی.

بەڵێ دوای ئەوە چی رویدا؟

دوایی کە سەربازە عێراقیەکان زانیان بەرگە ناگرن ئالیرەوە بەجادەی عەنەبدا رۆیشتن بەرەو عەنەب و تەپەکورە، بەڵام هەتا گەیشتنە ناوعەنەبیش راجیمە بادوایانەوە بوو، دەیکوتان ئیتر کە گەیشتنە ئەوێش پاسدارو پێشمەرگە چواردەوریان گرتن و گەمارۆیاندان هەرچی سەیارەو شتیشیان بوو ئەوەی کە نەشکابوو هەموویانیان کۆکردەوەو ئەوسەربازانەشیان هەمووی گرت و لەرێگەی ئەحمەداواوە بەدیلی بردنیان بۆ ئێران. بڕێکیشیان هەروا لەناو باخەکاندا خۆیان حەشاردابوو، دیاربوو چاوەڕوانی دەرفەتێکیان کردووە دەربازبن، بەڵام ئەوانیش بڕێکیان کیمیایی کوشتنی.

چۆن ئەوە دەزانی تۆ هیچیانت بینی کیمیایی کوشتبێتی؟

بەڵێ لە عەنەب بینیمن کیمیاییی کوشتبوونی، چونکە پێشەوەی کیمیاییەکە بوەشێنێ ئێمە خۆمان کۆکردەوە لەبەرئەوەی سەیارەو تراکتۆرمان هەبوو، کاکەم تراکتۆرو باوکم پیکابێك و خۆشم ئەوکاتە لۆرییەکم پێبوو، نزیکەی ١٤ ماڵی ئەم گەڕەکەی خۆمان بەشایەدن دەزانن ئیتر لەوانە خزم ودراوسێمان کۆکردەوەو بارمان کرد بردمانن بۆ بەلخە، هێشتا کیمیاییەکە نەوەشابوو.

ببورە ماڵەکان وەك بیرت بێت ماڵی کێ وکێ بوون؟

هەمووی خەڵکی ئەم گەڕەکەو هەمووی خزمی خۆمان بوون. ماڵێ دادەقەتێو ماڵی کاك سەلام وماڵی کاك شێرزادو ماڵی خاڵۆعوسمان (ئەو لەئێران ئەمری خوای کرد) ماڵی خاڵۆیەکی ترم داودو خاڵۆئەحمەدو برێکی تریش خەڵکی ناسیاوئەوانەو هەندێکی تریش نەمان دەناسی سوارمان کردن و بردمانن بۆ بەڵخە لەوێ داماننان وخۆمان هاتینەوە، ئەومامەمان (حەمید عەزیز مەحمود) کە ئێستا شەهیدی کیمیابارانە جێمابوو، وتمان ئەویش دەهێنین و برێك خزم وکەسوکاری تریش دەبەین، بەڵام لەرێگا پێیانووتین کیمیایی داوێتی لە هەڵەبجەوخەڵکێکی زۆری کوشتووە، کە هاتین ئیتر هەرخەڵك بووکەوتبووە ئەودەشتە هەبوو بەسەیارە هەبوو بەپێ، ئیتر خەڵك تەواو شڵەژا بوو، مامەشم هەتا عەنەب هاتبوو، بەڵام لەرێگەکە لەنزیك گوندی قلیج بەکیمیاییەکە شەهید ببوو.

هەرخۆی شەهید ببوو یاخود خانەوادەکەشی؟

خۆی وکورێکی وکچێکی لەوێ شەهید ببوون.

ناوی کوروکچەکەی چی بوون؟

نەرمین وهێمن باوکیشیان حەمید عەزیز، لەگەڵ خەسویدا هەموویان لەو شوێنە شەهیدبوون تەنهاکچێکی ماوە ئێستا ئەویش تاقانەیە. ئەوانە هەموویان لەلای قلیج شەهید بوون. ژنەکەی و برایەکی ژنەکەشی بەلایەکی تردا رۆیشتبوون لەیەك دابڕابوون. کچێکی تری مامەم بەکۆڵی دایکیەوە بوو نەیانزانیبوو کە مردووە، هێنابوویان لەوێ زانیبویان کە کیمیایی کوشتوویەتی ئیتر هەرلێرە لە حەوشەی مەکتەبێکدا

خاڵۆی و ئەوان ئەسپەردەی خاکیان کردبوو.

ئەوان نەیانزانیی بوو کەوا کیمیایی بەریان کەوتووە؟

بەڵێ زانیبوویان بەڵام نەیانزانیبوو ئەوکچەی کوشتووە، هەربەکۆڵی دایکیەوە مردبوو کیمیاییەکە کوشتبوی.

ئەی هەتا ئێستا تەرمەکەی هەرلەومەکتەبەدایە؟

دوای ساڵی ١٩٩١ هەربەجلەکانی بەرییەوە دەرمانهێنایەوەو بردمان لە شەهیدان جارێکی تر ئەسپەردەی خاکمان کردەوە.

وتت ئەومامەشت کەواشەهید بوو تەنها یەک کچی ماوە؟

بەڵێ تەنها نەسرین ماوە ئەویش تاقانەیە.

کەواتە ماڵی خۆتان بەرکیمیایی نەکەوتن؟

نەخێر کەسمان بەکیمیاییەکە شەهید نەبوو، بەڵام ئێمەش بەرکەوتین تەیارە هات لەبەلخەش کیمیایی وەشاند، نەک هەرلەبەڵخە تەنانەت لەتەوێلەو بیارەش وەشاندبووی تەیارەکان بەسەرماندا دەهاتن و بۆمبیان بەردەدایەوە، بەڵام چونکە بای هەبوو شوێنەکەمان بەرزبوو وەک نزمایی نەبوو بنیشێتە سەرمان بۆیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەرمان، تەنانەت دایکم رشایەوە بەکیمیاییەکە. بۆنێکی خۆشی هەبوو.

بۆنەخۆشەکەی وەک چی وابوو؟

وەک بۆنی سێو وابوو.

ئەی کەواتە ئەوکەسانەی ماڵی ئێوە بەچی شەهید بوون؟

ئەوانەی ماڵی ئێمە لەئێران بوون لەگەرانەوەدا بۆعێراق هەموویان گیرابوون وئەنفالکران.

چەند کەس بوون؟

22 خێزان بوون پێکەوە.

ببورە مەبەستم ئەندامانی خێزانەکەی خۆتانە چەند کەس ئەنفالکراون؟

١٢ کەس.

ئەگەر ناوەکانیانم پێبلێیت؟

ناوی ئەنفالکراوەکانی خانەوادەکەمان براکانم (فەرهاد، فەتاح، عەلی، فەلاح، نەوزاد، ئازاد)خوشکەکانیشم (هدیە، زکییە، شادییە، نادییە) لەگەڵ دایکم (محتاب حەمە ئەمین) و باوکم.

ببورە باکەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوەوە ووتت ئێمەگەراینەوە بۆهەڵەبجە بۆئەوەی مامم وخزمی تربهێنین دواتر زانیتان کە بەکیمیایی لەهەڵەبجە دراوە ئینجا چیتان کرد هاتن یان گەرانەوە بۆ بەڵخە.؟

نەوەڵا نەگەراینەوە لەگەڵ باوکم و راستی بیرم نەماوە کێی ترمان لەگەڵدا بوو، ئیتر شەومان بەسەردا هات کە نزیک بووینەوە لەلای باخەکانی عەنەب مەیتمان دەبینی لەسەرجادەکە، ئیتر لاماندەبردن، هەر هاتین و مەیتمان لەرێی خۆمان لادا هەتاوای لێهات نەمانتوانی لایانبەرین.

بۆچی نەتانتوانی؟

لەبەرئەوەی زۆربوون خۆنەشدەکرا بەسەریاندا برۆین وبیانشێلێن ئێمە لۆریمان پێبوو. تەرمەکانیش زۆریان لەسەرجادەکە کەوتبوون بەزۆری لەنزیکی باخەکانی عەنەب. ئیتر گەراینەوە بەناوعەنەبدا ویستمان بێین بەڵام ئەوێش تەرمی زۆری تێداکەوتبوو من و خاڵۆم بەیەکەوە بووین، باوکیشم بە پیکابەکەی خۆی لەگەڵ ئەو خزمەی خۆماندا بوو، ئیتر هەرتەرممان لادەدا ئەوەندەی بۆماندەکرا دەمانشاردنەوە بەڵام لەتواناماندا نەبوو ئەو هەموو تەرمە بشارینەوە.

هیچ لەوانەی لاتان دەدان زیندوونەبوون هەموویان گیانیان دەرچوو بوو؟

با دوان سیانێکیان گیانیان تێدامابوو ئەوانەمان هەڵگرت وکردماننە سەیارەکانمانەوە. تەنانەت یەکێکیان بەوحاڵەشەوە منی ناسییەوە وتی: فەرید هەڵمگرن راستی ئێمە لەو حاڵەدا واپەشۆکابووین ناوی خۆمانمان بیر چووبووەوە کەچی ئەو ژنە منی ناسییەوە.

ناوی چی بوو؟

نەسرین رەحیم بوو لەگەڵ خوشکێکی تریدا نازانم ناوی ئەویانم بیرنەماوە. مالێکی تربوون کاک عزەتی ناوبوو، باوکی کاک فایەق و دایکیشی بوون سوارمانکردن بەڵام کەهاتینەوە بۆناو هەڵەبجە ئەوان وتیان دادەبەزین

ووتمان ئێمە دەچینەوە بۆ هەورامان ووتیان نایەین ئێتر ئەوان دابەزین. لەناو عەنەبیشەوە کە هاتین دە پانزە تەرمێکمان بینی لاماندانە لاوە، لەناو ئەوەندا بوو کە سەربازە عێراقییەکانمان بینی جلی مغاویرییان لەبەربوو ئەوان ئاوسابوون. ئەوانە هەر ئەو رۆژەی هێرشەکە بوو هیلی کۆپتەر دایبەزاندن لەوبانەوە دیاربوو خۆیان لەناو باخەکاندا حەشاردابوو بەڵام ئێتر ئەوانیش تێداچوون. ئێتر کە گەیشتینەوە ناوهەڵەبجە دەتگووت رۆژی قیامەتە کەس بەکەسەوە نەبوو یەکێک دەهاتەوە بۆناو هەڵەبجە یەکێک دەرۆیشت، سەیارەکەم لەسەرجادە وەستاند ووتم کێ سەردەکەوێ سواربێت ئێتر پڕم کردەوە لەخەڵک، باوکیشم سەیارەکەی پڕکردبوو لەخەڵک بەڵام ئەمجارە لە عەبابەیلێوە رۆیشتینەوە. چونکە رێگەی عەنەب کیمیایی لێدابوو خەڵکی زۆر کوشتبوو بۆیە بریاماندا لەوێوە برۆینەوە. ئەوەش رێگەیەکی سەربازی بوو زۆر سەخت بوو، تەنانەت بەقۆڵی ئاوێنەکانیشەوە خەڵک خۆی هەڵواسیبوو، لەپشتی کوشنەکەمەوە کە بۆشاییەک هەیە خەڵکی تێدابوو. رێگەکە زۆر سەخت بوو تەیارەش هەر بەئاسمانەوە دەسوڕایەوە دەبوو زوو لایتەکان بکوژێنمەوە، کە دەرۆیشتنەوە دەبوو لایت هەڵبکەمەوەو بکەومەوە رۆیشتن، ئەو رێگایە هەموو سەعاتێک رێگایە من بەسێ سەعات ئەو رێگایەم بڕی. بەتایبەتی رێگەی تاوێرە زۆر زەحمەت بوو لۆفەی وای تێدا بوو دەبوو دوجار بەگ دابنێم ئینجا بسورێمەوە خەڵکێکی زۆر زۆرم بارکردبوو، جادەکە بەدیوی ئەودیودا زۆر سەرەولێژ بوو، سەرما بوو چاویشم قورس ببوو، دیاربوو کە ئەو تەرمانەمان لادابوو کاری تێکردبووم هەرچەندە قیناعیشم پێبوو بەڵام نەمدەتوانی بیبەستم چونکە پێی تەنگە نەفەس دەبووم.

قیناعت لەکوێ دەستکەوتبوو؟

ئەو معسەکەرانەی نزیکمان هەیانبوو پێشتر لێم وەرگرتبوون.

ببورە با ئەو پرسیارەم بیرنەچێت تەرمەکان رەنگیان چۆن بوو؟

هەندێکیان لەگوێچکەیانەوە خوێن هاتبووە دەرەوە بەڵام بەزۆری دەمیان کەفی کردبوو. شتێکی گرنگت بۆبگێڕمەوە خاڵۆیەکی دایکم هەبوو محمود بەگ لەگەڵ خاڵۆ مستەفا ئەوان پێکەوە بوون لەنزیکی عەنەب ئەو لەوێ بەکیمیاییەکە مردبوو بەڵام خاڵۆ محمود بەگ بەهۆی ئەوەی بەردەوام جگەرەی کێشابوو کیمیاییەکە کاریگەری بەسەرییەوە نەمابوو چونکە دەڵێن ئاگر بۆ نەهێشتنی کاریگەری کیمیایی باشە. ئەویش چوارسات پێش ئێستا ئەمری خوای کرد.

ئەوکاتە ژمارەی خانەوادەکەتان چەند کەس بوون؟

بەمنەوە سیانزە کەس بووین شەش برام و چوار خوشک و دایکم و باوکم.

کە لەبەڵخە بووین دوو رۆژ لەوێ ماینەوە باوکم ووتی ئێوە لێرە مەمێنن بڕۆن بۆ ئێران، ئێتر ئێمە رۆیشتین باوکم ودایکم و برایەکم لە بەڵخە لەگوندە کۆنەکەی خۆماندا مانەوە. وتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە ئەگەر وەزعەکە بەرەوباشی چوو باخەکانیش ئاودەدەین. بەڵام لەبەرئەوەی ئێرانیەکانیش زور لەوێ نەمانەوە پاشەکشەیان کرد، ئیتر باوکم وئەوانیش لەوێ نەمانەوەو هاتن بۆ ئێران لەوێش ئیدارەیان نەکرد ماوەی سێ مانگ لە ئێران مانەوە ئەوان گەڕانەوە بۆ عێراق ئێتر ئەوە بوو کە هەموویانیان گرت و هەتا ئیستا چارەنوسیان نادیارە. ئەو برایەم کە لەمن گەورەتر بوو دڵی بەهاتنەوەوە نەبوو نەیدەویست بێتەوە بۆ ئەمدیو، بەڵام مامەم هات ووتی دەبێ تۆش برۆیتەوە، چونکە باوکت و ئەوان بەبێ تۆ ئیدارە ناکەن ئیتر کەوتنە خۆکۆکردنەوەو منیش خۆم ئامادەکرد بۆئەوەی لەگەڵ ئەوان بگەڕێمەوە. نوسراویان بۆ منیش کردبوو، بەڵام من ووتم بەخوا من تاقەتی بەزموڕەزمی عەسکەری و فیراریم نەماوەو ماندووبووم بەدەست عەسکەری و سجن و بێنەوبەرەی حکومەتەوە، باوکم ووتی تۆ مەیەرەوە.. راستی من ئەوکاتەش خانەی خۆم جیاواز بوو. منیش مااڵم پێچابووەوە هەرئەوەندە مابوو ماڵ باربکەم. بەڵام من خوا نایە دڵمەوە دیاربوو قسمەتم لەگەڵ ئەوان نەبوو، باوکیشم پێی گووتم تۆمەیەرەوە.

ببورە ئێوە لەچ ئۆردوگایەک نیشتەجێ بوون لە

ڕەوانسەرەوە هەروا چارەکێك دەبێ. لەوێ هەندێك قاعەو شتی تێدابوو ئێمە لەناو ئەو قاعانەدا بووین.

ئێمە لە هەسەن ئاوا بووین.

کەواتە ئێوە لە ئۆردوگاکاندا نەبوون؟

نەخێر ئێمە لەئۆردوگانەبووین. لەبەرئەوەی مامۆ مامەم دکتۆر یوسف لەوێ بوو ئێمەش چوینە ئەوێ مامەم پێشمەرگەی پارتی بوو.

ئێوە چۆن لەخۆتانەوە بریارتاندا بگەڕێنەوە یان پروپاگەندەیەکی لێبوردن هەبوو؟

بەڵێ لێبوردنێکی گشتی هەبوو ئەوەی مانگی ئەیلول خەڵکێکی زۆر بەو لێبوردنە گەڕانەوە بەڵام مامۆ ئێمە کەمێك دواکەوتن، باوکم لەوکاتەدا دڵی پێوەی نەبوو بگەڕێنەوە کەچی هەروا دوسێ ڕۆژی مابوو تەواوبێت باوکم ووتی بەخوا ئێمەش دەڕۆینەوە. هەرچەندە مامەم زۆری پێووت کورە مەڕۆرەوە ئێرەتان باشترە پێی ووت تۆ پارەومانگێکی زۆرت هەیە، بەخوا کە هاتەوە چوار لۆری بەس غەرازی بارکرد، بایی سەدهەزاری عێراقی شتی سەند لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ عێراق ئەویش ڕۆیشت فەوتا. بەقسەی مامەمی نەکردو هاتەوە بەڵام سێ چوار ڕۆژ بوو لێبوردنەکە تەواو ببوو، ئیتر ئاوایان لێهات.

بە دیاریکراوی نازانی چی ڕۆژێك بوو لەوێوە بەڕێکەوتن؟

نەبەخوا بیرم نایات بەڵام لێبوردنەکە کەی بوو؟

٦ی ئەیلول بوو. بۆ ماوەی مانگێك بوو.

ئێ کەواتە هەتا ١٠/٦ بووە ئەوان دوای ئەوە هاتنەوە. وابزانم ١٠/٢٧ بوو کە هاتبوونەوە هەرئەوانیش نەبوو ٢٢ خێزان بوون، ئیتر هەرلەتەوێڵەوە یەکسەر بردبویانن بۆ تەواریەکەی سلێمانی ولەوێ هەروا سێ چوار ڕۆژێك هێشتبوییانن‌ەوە، ئیتر ڕەوانەی تۆپزاوایان کردبوون، ماوەی سێ مانگیش لە تۆپزاوای لای کەرکوك مابوونەوە.

چۆن ئەو زانیاریەت دەستکەوت کەس هەبووە لەگەڵ ئەوان بوبێ بڵێت سێ مانگ لە تۆپزاوا بوین.؟

بەڵێ هەیە، مامۆ کاك ئەحمەد لەوێ بوون ئەوان بەوەرقەی شەهیدی قادسیە بەربوون لەوێ پێیانوتبوون کێ شەهیدی هەیە؟ ئەوان ووتبوویان ئێمە کوردێکمان شەهیدە.

ئەحمەد کێیە خەڵکی ئێرە بوون؟

بەڵێ خەلکی ئێرەن ئەحمەدی تەرەپیازی پێدەلێن لێرە بەوە ناسراوە. ئیتر باوکیشم ووتبووی ئێمەش شەهیدمان هەیە ووتبویان کوا بەلگەکەت بێنە بابەرتان بدەین بەڵام باوکم هیچ وەرقەیەکی پێ نەببوو.

جا شەهیدتان هەبوو یان هەروا وتبووی؟

بەڵێ من نەنکم بە تۆپی ئێران شەهید بوو. بەڵام هیچ وەرقەیەك بەڵگەیەکی پێنە ببوو، ئەگەر وەرقەیەکی پێبوایە ئەوانیشیان بەردەدا. ئەوەشم بیرچوو کە لەعەربەت خزمی خۆمان بینیبویانن بەڵام ئەوان نەیانزانیبوو ئاوایان لێدێت. کەسێکی ترهەبوو ناوی حەربییە بوو، مامەم زۆر هەوڵی دابوو بەریانبدات ئەو حەربییە ژنێکی بەعسی بووە مامەم ناسیبووی چوو بۆلای پێی ووتبوو بۆ زوو نەهاتی ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی هەموویان لێرە بوون بەمندالەکانیانەوە، گواستراونەتەوە بۆ سەماوە تۆ زوو قسەت بکردایە هەولێکم بۆ دەدایت بەریانبدەین. چونکە کەمن لە ئێران بووم مامەم هەوڵی زۆری بۆدابوون بەڵام بێسود بوو.

کێ دەزانێ کەسوکارەکەت براون بۆ نوگرەسەلمان؟

هەرئەو ئافرەتە بە مامەمی وتبوو.

وتبووی بۆ سەماوە یان بۆ نوگرەسەلمان؟

هەرئەو ئافرەتە بەعسیە کە حەربییەی ناوبووە وتبووی براون بۆ سەماوە بەڵام مەرج نیە بردبێتیانن بۆ نوگرەسەلمان.

هیچ کەسێك کە لەنوگرەسەلمان گەراوەتەوە کەسوکاری تۆی نەبینیوە؟

نەخێر کەس نەیبینیون، بەڵام هەندێك پروپاگەندە هەبوو بۆنمونە کابرایەك دەیگووت من مامۆ باوکتم بینیوە، لەتەلبەندێکدا بوون لەناو سەربازگەیەك بوون، هەتا وتیشی باوکت دەستی شکاوە، بەڵام ئەوە هەر پروپاگەندەیەك بوو، چونکە ئەوانەی ئێمە جیاواز بوون، لەوەناچێت ئەوانەی ئێمەیان بردبێت بۆ نوگرەسەلمان لەوەدەچێت هەریەکسەر لە تۆپزاواوە بردبێتیانن زیندەبەچاڵیان کردبن.

ووتت ئەوان ٢٢ خێزان بوون ئەی نەتزانی ئەو ٢٢ خانەوادەیە بەهەموویان چەند کەس بوون؟

نابەخوا بەژمارە نازانم بەڵام پێنج خانەوادەیان خەڵکی دێکەی خۆمان بەلخەی هەورمان بوون.

کێ و کێ بوون ئەو خانەوادانە.؟

مامێ کاك فەریق و مامێ کاك میکایل و مامێ باوکی و مامێ باوکی من و مامێ کاك سلێمانیش بوون ئەوان خەڵکی سەرگەت بوون.

کەواتە خانەوادەکانی ئێوەش وەك کوروکچەکانی حسێن شا تەنها براون بۆ تۆپزاواو لەوێوە ئیتر بێ سەروشوێنکراون.

بەڵێ بەڵێ هەربەیەکەوە بوون، منداڵەکانی حسێن شاومامێکی تریش هەرلەگەڵ ئەواندا بوون، مامێ باوکی مامۆستا عومەر ئەویش هەمووکەسوکارەکەی ئەنفالکراون و ئێستا تاقانە ماوەتەوە.

مەبەستت مامۆستا عومەر خۆشی ئەنفال بوو؟

بەڵێ ئەویش وانە دەڵێتەوە، کەسوکاری ئەنفالە

ئەوەی من باسی دەکەم شاعیرە عومەر محەمەد سوبحان؟

نەخێر ئەوە نیە ئەوەی من باسی دەکەم عومەرسلێمان قادر. کاك عەلی مستەفاش هەروەها هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالن.

ئەویش بەتەنیا ماوەتەوە؟

نا نابەتەنیا نیە، ئەو خۆی و سێ خوشکی دەرچوون.

کاك فەرید من ئەوە دەزانم کە ئێوە خانەوادەیەکی خۆشگوزەران بوون لەهەڵەبجە. بەڵام ئەنفال ئاوای لێکردن.

بەڵێ پێموایە باوکم پێنجەمین کەسی دەوڵەمەندی هەڵەبجە بووە، ئەوکاتە بێجگەلەوەی لەلای خۆم بوو، باوکم پیکابێکی پێبوو، تراکتۆرمان هەبوو، چوار لۆریشمان لەلای سایەق بوو لە سلێمانی، خەڵکێك ئیخباری کردبوو کەئەو لۆریانە هی مامێ ئەنفالکراون عەلی لوتماسی چووبوو لە سایەقەکانمانی سەندبووەوو بردبوونی رادەستی حکومەتی کردبوون، حکومەتیش دوایی خستبوونیە مزایەدەوەو بەخەڵکی فرۆشتبوون.

سایەقەکان کێ وکێ بوون؟

سایەقەکان یەکێکیان حەسەن قادر بوو، یەکێکی تریان لەلای لوقمان حەسەن بوو، ئەمە دوو یەکێکی تریشان لای کاك ئەورەحمان بوو لەم ماوەیدا مردوئەمری خوای کرد، کاك حەسەنیش هەر مردووە، تەنها یەکێکیان لەژیانداماوە بەڵام پێش ئەوەی بمرن چووم بۆلایان وتیان هەتا توانامان بوو لەلای خۆمان بوون و پاراستبوومانن بەڵام ئیتر کە جاشی حکومەت هات لێی سەندین دەسەڵاتمان نەما، دواتر ئەوانە لەسلێمانی خرانە مزایەدەوە.

ئەوکاتە ئاگادار بوون کە خرابوونە مزایەدەوە؟

بەڵێ مامەم ئاگادار بوو ئەو چوبووە مزایەدەکەشەوە وتبووی بابزانم کێ دەیکرێت.

ئەی پێی نە وتبوون کە ئەوە مامێ خەڵکە..؟

ئەی کاکە لۆری سااڵنەی هەیەو ژمارەی هەیەو مامێ خەڵکە کەسێك کە دەیکرێت نازانێ ئەوە مامێ خەڵکە؟ دەبێت بیزانێت.

ئەی مامەت نەیزانی بوو کێ کڕیبونی؟

باچۆن نەیزانیبوو خەڵکی سلێمانی بوون یەکێکیان مامێ لەزەرگەتە بووە، بەڵام من بۆخۆم چووم بۆ کەرکوك سەیرم کرد سنەویەکەی هەربەناوی خۆمانەوەیە بەڵام بەنوسراوی دائیرەی ئەمن تەحویلکراوە.

جۆری سەیارەکان چی بوون؟

سکانیاو ئاخچەم بوون. تەنکەرێکیش بوو بەڵام ئەوەیان مامەم خۆی فرۆشتبووی.

دوای ئەوەی حکومەتی بەعس لێرەنەماو حکومەتی هەرێم دامەزرا تۆهیچ سکاڵایەکی یاسایت لەسەر ئەو جاشە نەکرد؟

نەوەڵا سکاڵای چی بکەم دامە دەستی خوا بائەو حەقی خۆی لێبکاتەوە.

ئەی تۆ ئەگەر قەرەبووی ئەنفال بکرێتەوە بەبێ سکاڵای یاسایی چۆن دەتوانی قەرەبوو وەربگریتەوە؟

داوامانکردووە سکاڵامان لەرێگەی کۆمەڵەی **قوربانیانی هەڵەبجەی شەهیدەوە کردووە**[1] وەزارەت و (دەزگای شەهیدان)[2] **یش لەوە ئاگادارن ووتوومانە** ئێمە سامان

١. مەبەستی لەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە.

٢. دەزگای شەهیدان مەبەست لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانە، بەرلەوەی وەزارەتێك هەبێ بەناوی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانەوە،

وسەیارەوشتمان زۆر فەوتاوە.

باسی ئەوەت کرد کە باوکت لەکاتی گەڕانەوەدا غەرازێکی زۆری هێناوە؟

بەڵێ بەڵێ غەرازوکەل وپەلێکی زۆری هێنابوو بایی سەدهەزاری ئەوکاتە شتی هێنابوو.

ئەوەش هەمووی دەستی بەسەردا گیرا؟

بەڵێ هەمووی فەوتاو نەبینرانەوە. بەسەیارە تایبەتیەکەی خۆشیەوە.

باسی کۆمەڵەی قوربانیانت کرد، کۆمەڵەی قوربانیانی ئەنفالیش هەیە؟.

بەڵێ ئەندامم لەو کۆمەڵەیە.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران نالێم کۆمەڵەی ئەنفالەکانی هەڵەبجە.؟

هی ئەنفالمان جیا نیە هەرئەوەیە بۆ کیمیاباران بۆئەنفالیش.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران نالێم کۆمەڵەی قوربانیانی ئەنفالی هەڵەبجە ئەوەی کاك عەلی عارف ئەوان سەرپەرشتی دەکەن، ئایا تۆ نازانیت کۆمەڵەیەکی واهەیە؟

لەکوێیە لێرە؟

بەڵێ لێرە لەهەڵەبجە.

من ئاگاداری نیم و کەسیش ئاگاداری نەکردوومەتەوە، بەڵام ئەندامم لەکۆمەڵەی شەهیدانی هەڵەبجە.

مەبەستت کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجەیە ئەوەی کاك حیکمەت وئەوان سەرپەرشتی دەکەن؟

بەڵێ من ئەندامم لەوێ ئەوەی تر کە تۆباسی دەکەیت ئاگاداریان نەکردووم نەمبیستووە. هەقە ئاگاداریان بکەیت بۆئەوەی بزانن کە خەڵکی تریش هەیە لە هەڵەبجە ئەنفالی هەیە.

هەتاکەی لە ئێران مایتەوە؟

دوای دووسالْ، من هەرلەوێ بووم ئینجا گەرامەوە.

دەتزانی کەسوکارەکەت بەچ چارەنوسێك گەیشتوون؟

دوای شەش مانگ ئینجا زانیم زۆر خەفەتم خوارد. وەزعم تێکچوو، توشی کەئابە بووم، وەزعێکی زۆرخراپم هەبوو، نازانم چۆن ئەورۆژانەم بەرێکرد خوایارمەتیدام و سەبوری دام ئەوکاتە تەنها کورێکمان هەبوو، ئێستا گەورەبووەو ژنم بۆهێناوە، ئەوکورە تەنها سەبوریم بوو.

کەس نەبوو لە ئێران هاودەنگیت بکات و دڵتبداتەوە؟

بەڵێ مامڵی مامەم لەوێ بوون ئامۆژنم زۆر دڵی دامەوە ئەو زۆربۆم باش بوو، بۆخۆشی پورزای دایکم بوو. ئەوان دڵخۆشییان دەدامەوەو بۆخۆشم لەوێ سەرقاڵی ئیشوکاربووم ئیشی لۆری وبارم دەکرد.

کێ ئەو هەواڵەی پێدایت و چۆن پێیان ووتیت؟

مامۆستا برایم کاغەزێکی ناردبوو بۆمامڵی خاڵۆی ئەوانیش هەر پورزای باوکم بوون بەیەکەوە بوون لەگەرانەوەدا پێکەوە گیرابوون، ئەو هەواڵەکەی ناردبوو. ئیتر ئەوانیش بەمنیان ووت کە ئەو 22 خێزانەی کە لە سنوری تەویڵەوە رۆیشتوونەتەوە هەموویان گیراون.

ئیتر ئەو ئاگاداری کردبوونەوە لەوەی کە ئێوەش نەیەنەوە؟

بەڵێ نوسیبووی ئەوانەی پێش لێبوردن هاتوونەتەوە هەموویان براون بۆ سجن و خواردنی خراپیان پیدەدەن و ئاوی سوێرو ئەوانەی دوای لێبوردنیش هاتوونەتەوە بێ سەروشوێنکراون. ئیتر خۆشت باشتر دەزانی کە ئەوانەی لەنوگرەسەلمان گیرابوون چییان لێبەسەرهاتووە، کاك ستارپالانەیی بۆی گێڕامەوە کە ئەوانەی گیرابوون چۆن ئەشکەنجەیاندراون ووتی ئافرەتێك دوگیان بووە بەلەقەداویانە لەسکی بۆئەوەی منداڵەکەی فڕێ بدات. تەرمەکانیش دەدرانە دەم سەگەوە کە بەریش بووین بردیانین زۆرخزمەتیان کردین و بردیانین بۆلای دکتۆرو چەند رۆژێك خواردنی باشیان پێماندا بۆئەوەی کەمێك رەنگ و رووهەڵبهێنینەوە ئینجا بەریاندراین.

ئەی کەگەرایتەوە بۆعێراق چیت لێ بەسەرهات و چۆن دەژیایت؟

ئەو دەزگایە هەبووە بەڵام هی حزب بووە بەناوی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان هەبووەو لەهەولێریش دەزگای شەهید هەبوو. یەکەمیان سەربەیەکێتی نیشتمانی کوردستان و دووهەمیشیان سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. بەڵام ئێستا ئەو دەزگایانە لەکارکەوتوون و بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان جێگەی گرتوونەتەوە.

کە گەرامەوە وەزعم زۆر خراپتر بوو، چوم لەسلێمانی مالێکم پێکەوە نا خانوویەکم بەکرێ گرت، چونکە خۆم فیراربووم یەکسەر گرتیانم بە عەسکەر، لەپێشەوە رەوانەی دهۆکیان کردم، بەڵام زۆر نەبوو کە عەسکەربووم، لەیەکە سەربازییەکەی خۆمدا بانگیانکردم و گرتیانم، رەوانەی ئەمنی بەغدایانکردم، لە دهۆکەوە بە سجنی رەوانەی موصلیان کردم لەوێشەوە بۆ کەرکوک ئینجا ناردیانم بۆ شعبەی پێنج لەبەغدا، من و دوکەسی تر بووین هەر کوردبوون و خەڵکی لای خۆمان بوون، یەکێکیان تەمەنی سەروی پەنجا ساڵ بوو بەیەک کەلەپچە بەیەکەوە بەستراببووین، لەئەمنی بەغدا دەستی دەلەرزی زۆردەترسا، ئەو دەیگوت ئیعداممان دەکەن، منیش پێمگووت ئەگەر خوارازی لەسەر بوو با ئیعداممان بکەن، چاومان بەستراببوو بردیانینە ژێر زەمینێکەوە لە شعبەی پێنج زۆر ناخۆش و ترسناک بوو، کوردی تێدا بوو عەرەبی تێدابوو، ئەمنەکان ئەوەندە دڵرەق و نائینسان بوون، هەرچی هەست و سۆز هەبوو نەیانبوو، کردیانینە ژورەوە بەوانەی ناو سجنەکەی ووت ئەمانە دەناسن سجنەکان وتیان نایاناسین.

ئەوانەی تر چی بوون سجنی سیاسی بوون یان وەک ئێوە بوون؟

یەکێکیان کورد بوو ووتی من شەش ساڵە لێرەم کەسوکارم نازانن ماوم یان نەماوم، بەبیجامەوە هاتمە دەرەوە بۆ نانکرین، ئەوە شەش ساڵە لێرەم. یەکێکی تری تێدابوو ئەویش هەر کورد بوو دوان سیانێکی کوردی تێدا بوو، هەیان بوو دەیگوت من شەش ساڵە لێرەم و هەیانبوو دەیگوت سێ ساڵە لێرەم. ئێمە زۆرنەماینەوە ماوەی ٤٥ شەوماینەوە بەڵام کە دایانین بە دادگا، ئازادیانکردین و رادەستی ئینزیباتخانەیان کردینەوەو ناردمانیانەوە بۆ وەحدەکانی خۆمان.

ئەی شێوەی دادگایی کردنەکەتان چۆن بوو نەیان ووت ئێوەمان بۆچی گرتووە؟

دوو حاکم بوون، یەکێکیان زۆر تورەو توندبوو، ئێمە چاومان بەستراببوو ئەوانمان نەدەبینی حاکمەکە وتی : تۆکەسوکارت پێشمەرگەیە، ووتم نەخێر پێشمەرگەنین، ووتی ئەی بۆچی چونەتە ئێران ووتم ئێمە نەچووین ناوچەکەمان گیراوەو وەک دیل رەوانەی ئێران کراوین، کەسوکاریشم هاتوونەتەوەو گیراون ووتی درۆمەکە باش بوو حاکمەکەی تر ووتی راستەکات کەسوکاریی گیراون. ئیتر نەیانهێشت زۆر بمێنینەوە وتی بیانبەنەوە بۆ قاعەکە ئیتر زۆری نەبرد هێنایانین بۆ ئینزیباتخانەی حارسیە. ئەوێش بەهەمان شێوە خەڵکێکی زۆری تێدا گیرابوو، یەکێک لەو قاعانەی حارسیە کوێتیەکانی تێدا بوو، بەچاوی خۆم بینیمن ئەوان بەتەنکەر ئاویان بۆهاتبوو ئەوەبوو کوێتیەکانیشیان وەک ئەوانەی خۆمان بێسەروشوێنکرد.

چۆن زانیت ئەوانە کوێتییەکانن؟

پێشئەوەی بگیرێین زانیبومان کوێتیەکان گیراون، لەوێش جل وبەرگی عارەبیان لەبەردابوو، بەعەرەبی قسەیان دەکرد، ئیتر باسیان کردن ووتیان ئەوانەی قاعەی ئەوبەرمان ئەوە ژن ومندانی کوێتیەکانن.

کەواتەی تۆ ساڵی ١٩٩٠ گیراویت؟

بەڵێ من کە هاتمەوە یەکسەر گیرام بەعسکەرولەوێش گرتیانم و بە کەلەپچەکراوی هێنایانم بۆ ئێرە شوعبەی پێنج لە ئەمنی بەغدا. دوایی بە تفسیرات ناردیانینەوە بۆکەرکوک لەوێشەوە بۆ موصل، ئینجا هەر بەسجنی بردیانینەوە بۆ فرقە، لەوێش دوو شەو سجن بووین ئینجاناردیانینەوە بۆ وەحدەکەی خۆمان لەسواره توکە. ماوەیەک لەوێ عەسکەر بووم بەبریاری ١٤٠ خزمەتی سەربازییەکەیان هەڵپەساردین ناردیانینەوە بۆ تەجنید ووتیان برۆنەوە چاوەروان بن ماوەی سالێکی تر بانگتان دەکەینەوە بۆخزمەتی سەربازی، ئیتر من هاتمەوە بۆ سلێمانی هێشتا ماوەی ساڵەکەمان تەواو نەبوو کە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ رویدا. من هەر ئەوکاتەی راپەرین رویدا هاتمەوە بۆ هەڵەبجەو دەستمکردەوە بەچاککردنەوەی خانووەکەمان. دەمەوێ ئەوەش باس بکەم کە من هاتمەوە بۆ سلێمانی پیکابێکم کری کاسبیم پێدەکرد، ئەو رۆژەی راپەرین لەسلیمانی بوو من لە گۆخلان بووم، وەزعەکە زۆر ئاسایی بوو سەیتەرەوشت وەکو خۆی

وابوو، هاتین لەعەربەت ووتیان مەرۆنەوە بۆ سلێمانی شەڕەو وەزع شێواوە، بەڵام ئێمە هاتین هەرلەعەربەتەوە سەیارەکەم پرکرد لەخەڵک دەبل کابینەیەکم پێبوو داوەو پێشەوەش هەر خەڵکی تێدابوو دیاربوو جادە چۆڵ بوو کەس نەدەچوو بۆسلێمانی. کە گەیشتینە سەیتەرەکەی سلێمانی هێشتا عەسکەرەکان هەر لە شوێنی خۆیان بوون، کاتێکمان زانی خەڵک و پێشمەرگە هاتن سەیتەرەکەیان دایە بەرگوللە و هەرچی عەسکەر لەسەیتەرەبوو رایانکردو چوونە ژورەوە، ئیترئێمە لەوکاتەدا دەرچووین و رزگارمان بوو. ئیتر ئەوەبوو لەسلیمانی ئەمنەکان هەر دوو رۆژ مقاومەیان کرد سلێمانی گیرا. ئێمە مانمان لەلای دائیرەی ئەنفالەکە بوو ئەویش گیرا.

بەشداری راپەرینت نەکرد بەتایبەتی گرتنی دائیرەی ئەنفالەکە؟

نەخێر نەوەڵا بەشداریم نەکرد.

دڵنیام لەوەی روخانی رژێم و دادگایی کردنی سەدام و رژێمەکەیت بەلاوە زۆر خۆشبووە، بەڵام من پێمخۆشە هەستی تایبەتی خۆتم پێبڵێیت؟

بەخوا ئەوەندەم پێخۆش بوو، وامدەزانی کەسوکارەکانم هاتوونەتەوە، ئاخر گرتن وکوشتنی منداڵ وپیر، گرتن و کوشتنی ئەو هەموو ژن و منداڵانە چ دینێك قبوڵی دەکات، ئاخر ئینسان تەعدا لەژن و منداڵ دەکات؟ بەعسیەکان ئەوەندە دڵرەق بوون ئەوەندە خراپ بوون هەتا ئەو رۆژەی دەمرم زوڵم وستەمی ئەمانەم لەبیرناچێتەوە. بۆ ئێمە کە بەبازگەیەکی ئەو بەعسیانەدا تێدەپەرین کەس هەبوو خۆی بە پیاو بزانێ دەی وت من بەشەرم؟ هیچ ڕێزێك بۆ بەشەرمابوو؟ بەڵام با هەڵەی کوردی خۆشمان باس بکەین، کاکە پێشمەرگەش هەڵەی بوو ئەگەر خەڵکیان پێنەدەپاڕێزرا بۆچی واماڵی خەڵکیان وێرانکرد، من زۆرم لەوانەی گەرمیانیش بیستووە دەیانگووت پێیانوتووین بۆ کوێ دەڕۆنەوە بن باڵی حکومەت خۆمان دەتانپارێزین، بەڵام کە تینیان بۆهات نەیانتوانی کەس بپارێزن وخۆیان هەڵاتن.

ئێستا لەدوای بیست وشەش ساڵ کۆمەڵگای کوردی وحکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەیرتان دەکات؟ ماف وئیمتیازتان چییە؟

بەڕاستی ئیهمالییان زۆرە کەموکوڕییان زۆرە، نەك هەرلەگەڵ ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەی خۆشیان لەم ماوەیەدا چوومە لای پێشمەرگەیەك ٣٠ ساڵی تەواوپێشمەرگە بووە، وتی چومەلای بەرپرسەکەم (ناوی پارێزراوە) هیچی بۆنەکردووم ئاخر دورلەڕوی تۆ خەڵك هەیە جاش بووە ئیمتیازوموچەی بەرزی هەیە ئەویش بەتەمەنەو خاوەنی ماڵ ومندااڵێکی زۆرە پشتگوێیانخستووەو هیچیان بۆنەکردووە. پێویستە حکومەتی هەرێم بە خۆیدابچێتەوە هەرکەسێك مافی بەسەر خەڵك و حکومەتەوەیە مافی خۆی پێبدات. ئیتر ئەوەش دەزانم کە حکومەتەکەشمان هەلومەرجی باشی نەبووە کێشەو گرفتی زۆر بووەو بەکورتی نەیانهێشتووە بەپەرژێتە سەرئەوەی لابەلای شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەسانی وەك منیش بکاتەوە.

سوپاست دەکەم ئەوە هەستێکی جوانە کە پێشخۆت باسی دەردی ئەوانی تردەکەیت، من سەبارەت بەخۆت پرسیارم کرد؟

بۆخۆشم دوسااڵی تەواومن موچەی کەسوکارەکەم وەرنەگرت دەیانگووت تۆ موچەناتگرێتەوە، وەرە ١٢ کەست ئەنفال بکرێت و پێشت بڵێن موچە ناتگرێتەوە؟! بەراستی ئەوە زۆر جێگەی نیگەرانی و گلەییە. خەڵکیش هەیە تەنها کەسێکی ئەنفالکراوە هەروەك من موچە وەردەگرێت ئەوەش جوان نیە بۆحکومەت.

ئەی خەڵکی شارەکەت گەرەکەکەت؟ کوردبەگشتی چۆن سەیرتان دەکات بەچاوی ڕێزەوە سەیرتان دەکات یان بەزەیی پێتاندا دێتەوە؟

خەڵك بەگشتی باشە کەدەزانن کەسوکاری ئەنفالین زۆر ڕێزمان دەگرن. من مەمنونی هەموو ئەوانەم کەڕێز لەکەسوکاری ئەنفال دەگرن.

بیرورات چی بوو بەرامبەر ئەو ڕێزلێنانەی کە بۆتاقانەکانی ئەنفال وکیمیابارانکرا؟

زۆرکارێکی باش زۆرمان پێخۆش بوو، هەلبەت خۆشە خەڵکێك یان حکومەت ئێمەی لەبیربێت و ڕێزلێنانمان بۆ بکات. بەتایبەتی ئەوفەرمایشتەی بەریزت زۆر جوان و

لەجێی خۆی بوو کە تاقانەی ئەنفال وکیمیاباران نەکرێن بە پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش چونکە خێزانێك بەتەنیا یەك کەسی مابێت هەقی خۆیەتی ژیانی پارێزراوبێت.

پرسیارێکم ماوە دەبوو زوتر بمکردایە ئێوە کەلە ئێران هاتنەوە چون لەسلێمانی نیشتەجێ بوون، ئەی ساڵی چەند لەسلێمانیەوە گەرانەوە بۆهەڵەبجە؟

ساڵی ١٩٩١ کە راپەرین بوو ئێمە یەکسەر هەر زۆر زوو گەراینەوە بۆهەڵەبجە.

ئێستا چەند منداڵت هەیە؟

من حەوت منداڵم هەیە، دووکچم چونەتە ماڵی خۆیان و کوڕێکم ژنی هاوردووەو لەماڵی خۆیدایەتی کچێکیشم فەوتی کرد، تەرمەکەیمان لەئێران ناشتووە.

بۆچی کۆچی دوایی کرد نەخۆش بوویان کاریگەری کیمیایی بەسەروە بوو؟

نەخێر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد ماوەی مانگێك لەخەستەخانە بەدیاریبەوە بووین لەگەڵ یەکێکی ترماندا دوانە بوون ئیتر ئەویان مردو لەوێ ناشتوومانە. ئەوەکەی ترمان ماوە.

هیچکام لەمنداڵەکانت بەناوی خوشك وبراکانتەوە ناو نەناوەتەوە؟

نەوەڵا دڵم نەهات بەڵام پوڕێکم کچێکی بەناوی دایکمەوە ناوناوەتەوە.

من هیچ پرسیارێکم نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت هەیە باسی بکەیت؟

من زۆر سوپاست دەکەم

قایلی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە؟

بەڵێ قایلم چۆنت پێباشە بڵاوی بکەرەوە. باخەڵك بزانێ ستەمی سەدام و بەعسیەکان چۆن بووە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ئەوانەی ئەنفالکراون چییان بەسەردا هاتووە.

بریندارێکی دیکەی چەکی کیمیاوی گیانی لەدەستدا.



ئەنفالستان– هەلەبجە : دوای ٢٧ ساڵ لە بەرکەوتنی بریندارێکی تری چەکی کیمیایی گیانی لەدەستدا .

مەحمود محەمەد لەتەمەنی ٧٢ ساڵیدا گیانی لەدەستدا ناوبراو هۆی بەرکەوتن وبریندارببوونیەوە بەچەکی کیمیاوی . ماوەی (٢٧)ساڵە بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوەو بینایی چاوەکانی لەدەست دابوو ،چۆمان عوسمان دانیشتووی پاریزگای هەڵەبجە بە ئەنفالستانی راگەیاند تا لەژیاندابوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوری لێنەدایەوەو ئەمرۆ ڕێکەوتی (١٩ /٤ /٢٠١٥) بەهۆی کارێگەری گازەوە بەیەکجاری ماڵئاوا لێکردین.

بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هەتا ئێستا ٨٥ بریندار چەکی کیمیاوی لە پارێزگای هەڵەبجە گیانیان لەدەستداوەو لە شوێنەجیاجیاکانیتریش بەرەبەرە لێیان دەمرێت و ژیان بەجێدەهێڵن.

جیگەی بیرهێنانەوە ساڵی ٢٠٠٨ ناوەندی چاك پرۆژەیەکی گرنگی خستە بەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتکردنی برینداران چەکی کیمیایی سەرباری پەسەندکردنی وەزارەتی تەندروستی بەڵام دواجار پشتگوێخرا. لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بەکەنالەکانی راگەیاندنی راگەیاند زیاتر لە هەشت ساڵە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەبەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە بەردی بناغەی بۆ دانراوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو نەخۆشخانەیە بکرێتەوە.

ئەرسەلان ڕەحمان:
باوکم کیمیایی نەیکوشت،
بەڵام بێکارەبایی و گەرمای هەولێر کوشتی



لە شەوێکی درەنگ وەختی مانگی شوباتدا بوو ڕێک ١٤ی شوباتی ئەمساڵ لەگەڵ ماموّستا ئەرسەلان ڕەحمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، خەریکی بیروراگۆڕینەوەو گفتوگۆ بووین لەمەڕ کەم تەرخەمی میدیاو جەنگی سایکۆلۆژی داعش و بێباکی میدیای کوردی، ئەوسا گفتوگۆمان لەسەر بەرنامەیەکی (K.N.N) بوو کە ماموّستا ئەرسەلان بەشداری تێداکرد بوو، ئەوسا تازە بەیەکتری ئاشنا ببوین و هێشتا یەکترمان نەدیبوو لەمەڕ فۆنەتیکی زمانییەوە پرسیارم لێکرد داخۆ ماموّستا خەلکی ناوچەی باڵیسانە؟ ئەو لەوەڵامدا بە پێکەنینەوە نوسی نەخێر من هەورامیم، ئێمەش شەقی بەعسمان پێوەیەو دوای کیمیابارانەکەی ١٦ی ئازاری ساڵی ٨٨ چوویتە ئێران دوایی کە هاتینەوە ڕۆژگاری بەعسیەکان ئێمەی گەیاندە گردەچاڵ، ئێمە بەلێبوردنی گشتی هاتینەوە، بەڵام لەبری ئەوەی بمانبەنەوە بۆ زێدی خۆمان ڕاگوێزراوین بۆ ئۆردوگای گردەچاڵ، ئیدی گفتوگۆکەمان درێژەی کێشاو زانیم ماموّستاو خانەوادەکەشی پریشکی گازباران وئەنفالیان بەرکەوتووە، جگەلەوەی هەموویان بریندار بوون، لەزێدی خۆشیان هەڵکەندراون بە زۆرەملێ وڕەوانەی گردەچاڵی نزیک شاری هەولێر کراون. ماموّستا لەمیانەی گفتوگۆکەماندا باسی سەربازێکی عێراقی بۆکردم کە دوای ئەوەی لەبەرەی جەنگی هەڵەبجە سوپای عێراق شکاوەو ئەو سەربازەش دابڕاوە پەنای بۆ خانەوادەکەی ئەمان هێناوە کە ئەوسا هەموویان بەبریندارى کیمیایی بوون لەو شیودۆلانەی ناوچەی هەورامانداا خۆیان حەشارداوە، ئەمانیش بەمیهرەبانیەوە ئامێزیان بۆکردووەتەوەو دڵدەیان داوەو کردوویانە بەکوڕی خۆیان و هەر لەگەڵ خۆشیاندا بردویانە بۆ ئێران ووەک کوڕی خۆیان مامەڵەیان لەتەکداکردووە. هەتا ئەوکاتەی دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران هاتوون خالیدیان بردووە بۆکەمپێکی تر لەسایەیاندا حەواوەتەوە.

ڕەنگە ئەم دیدارە لە دیدوتێڕوانینی هەندێک کەسدا نەچێتە خانەی ئەنفالەوە چونکە بەداخەوە تیروانینی ئێستا بۆ خوێندنەوەی تاوانی ئەنفال ڕوکەش و تارادەیەکی زۆر هەر ڕملێدان و گۆترەکارییە، دەنا ئەم خانەوادەیە هەرچەندە نەبراون بۆ نوگرەسەلمان بەڵام گورزی ئەنفالیان بەرکەوتووەو بەلای کەمەوە لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و لەژینگەی بنەڕەتی خۆیان دورخراونەتەوەو بەر سیاسەتی ڕاگواستن کەوتوون.

من و ئەرسەلان ڕەحمان هەر ئەو شەوە لەسەر دیدارێکی ڕۆژنامەوانی ڕێککەوتین، سەرئەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە.

با لەناوی سیانیتەوە ڕۆچینە ناو بەسەرهاتی خۆتانەوە پێت چۆنە؟

زۆرباشە

کەواتە ناوی سیانیت چییە؟

ئەرسەلان ڕەحمان محەممەد

ساڵی لەدایک بوون؟

١٩٨١ لە دایکبووم.

پلەو ئاستی خوێندەواریت چیە؟:

سەرەتا پەیمانگاو دواجاریش بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن.

راگەیاندن؟ چ بەشێکت تەواو کردووە رۆژنامە یان تیڤی؟

بەشی ڕۆژنامەم تەواو کردووە.

خانەوادەکەتان بەکێ ناسراون؟

مامێ حاجی ڕەحمان یان کوێخا ڕەحمانی نارنجڵە.

باوکت لەژیاندا ماوە؟

نەخێر بەداخەوە لەژیاندا نەماوە، ساڵی ١٩٩٩ لە گردەچاڵ کۆچی دوایی کرد.

بەهۆی چییەوە کۆچی دوایی کرد؟ نەخۆش بوویان بەروداوێکی دیاریکراو؟

دەتوانم بڵێم باوکم، کیمییایی نەیکوشت بەڵام بێکارەبایی وگەرماو تینویتی هەولێر و گردەچاڵ کوشتیان و ژیانی لەدەستدا. ئەو بەهۆی ئەوەی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بوو، بەهۆیەوە توشی ڕەبووە بوو. تەنانەت لەزستانیشدا هەرئاوی ساردی حەزلێبوو.ئەوکاتەش کارەبا نەبوو، تەنانەت سەهۆڵ بە کۆبۆنی خۆراک (وەرقەی بایعی) دەدرا. ئیتر بەهۆی ئەو دۆخە خراپەوە باری تەندروستی بە تەواوی تێکچوو، سەرئەنجام گیانی لە دەستدا.

کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ئێوە لەکوێ نیشتەجێ بوون؟

ئەوسا ئێمە لە شارەدێی سیروان بووین.

بەچی ژیانتان دەگوزەراند؟

باوکم فەرمانبەر بوو لە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ – باخی زراعە – و کشتوکاڵیشمان دەکرد و داهاتی سەرەکیمان بەتووتن کردن پەیدا کردو تەنیا باوکم فەرمانبەر بوو و برایەکیشم لە کاری توتن و کشتوکاڵیدا هاوکاری بوو.

ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەتان چەند کەس بوون؟

بریتی بووین لە دایک و باوکم و خوشکێک و پێنج برا.

ئەگەر بکریت ناوی دایکت وخوشک وبراکانتم پێبڵێی؟

بەڵێ، دایکم تەڵعەت بارام اللە کرم، لە دایکبووی ١٩٤٥ و براکانیشم : (فەیسەڵ ڕەحمان ١٩٧٠، ئەحمەد ڕەحمان ١٩٧١. صباح ڕەحمان ١٩٨٢. صلاح ڕەحمان ١٩٨٣. خۆشم ئەرسەلان ڕەحمان محەممەد ١٩٨١) خوشکەکەشم ناوی (جوان ڕەحمان ١٩٧٩.)

تۆ چەندەم منداڵی خێزانەکەتانی؟

چوارەم منداڵی ماوەی دایک و باوکمم. پێش ئێمە منداڵیان



بۆنەماوەتەوە.

ئێوە بەئاین ئیسلام بوون یان کاکەیی؟

ئیسلامبووین.

گوندەکەتان یان شوێنی نیشتەجێ بوونتان چەند لە هەڵەبجەوە دورە؟

پێش ئەوەی ڕاپێچی کۆمەڵگەی زۆرە ملێ بکرێین لە ١٩٧٩ حکومەتی ئەو کاتەی بەعس، بە بڕیارێك بە قولاێی ٣٠ کیلۆمەتر سنوورەکانی ڕاگواست و گوندەکەی ئێمەش یەکێك بووە لەگوندە ڕاگوێزراوەکان.

کاتی ڕاگوازرانی گوندەکەتان لەبیرە یان منداڵ بووێت؟

نەخێر من ئەوسا لەدایك نە ببووم، بەڵام زۆرجار دەیانگێڕایەوە کەوا ئێوارەیەکی سەرەتای پایز هەموو خەڵکی ئاواییەکەمان لە سەر سەکۆیەکی تەختایی کە لە ناو ئاواییەکە بە "خەرمانگا" ناسراوە و ساڵانە خەرمان لەوێ کوتراوە کۆدەکرێنەوە و بە بەرچاویانەوە خانووەکانیان بەدینامیت دەتەقێنرێنەوە و ئەوانیش ڕاپێچی کۆمەڵگەی زۆرەملێی سیروان دەکرێن کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی هەڵەبجە – سلێمانی.

شێوازی گوندەکەتان چۆن بوو؟ خانووەکانی چۆن بوون؟ لەچی دروست کرابوون بەرد یان خشتی قوڕ؟ بالاخانە دووقات بوو یان یەك قات؟

گوندەکەی ئێمە (نارنجڵە) وەك سروشتی ناوچەی هەورامان، خانوەکانی لە بەردی (کان)[1] دروستکراوون، مامێ باوکم لەو سەردەمەدا کانە بەردیان هەبووە و لە دوو نهۆمدا

١. کان مەبەستی لەکانە بەردە کە لەزۆر شوێنی کوردستان لەم کانە بەردانە هەن و هەم خەڵك وهەم حکومەت بۆ کاری بیناسازی سودی لێ بینیون و ئێستاش کانە بەردەکان لە ناوچەی شیرکۆژی لای سەرچناری نزیك شاری سلێمانی و دوکان وپێنجوێن بەردیان لێ دەردەهێنرێت و ئەوانەی ناویان هات بەناوبانگترینیانن

9 ژوور وکادێن و گەوڕ و ژووری دانیشتنیان هەبووە. لە هەورامان بەهای خاك هێندەی خشڵ نرخی هەیە و لەبەر نەبوونی خاك خانوو بە وشکە دیوار درووستدەکرێت وهیچ بابەتێکی گەچ و قوڕ وچیمەنتۆی تیدا بەکار ناهێنرێت.

گوندەکەتان پێش ئەنفال و کیمیاباران چەند جاری تر سووتاوە؟

نارنجڵە، گوندێکی دڵگیری روو بە هەتاوی ئێوارەیە و پاڵ داوەتە پاڵ گردێکی نیمچە چیاییەوە، گوندەکە لە کۆندا هەواری هاوینانی هەبووە و دانیشتوانەکەی رووبان لە دیوی هەورامانی تەخت کردووە و چوونەتە دەوروبەری هانەگەرمڵە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول بووەتە بەشێك لە ناوچەی رزگارکراوی شۆڕش و تا ساڵی ١٩٧٥ شۆڕش حوکمی ناوچەکەی کردووە و حکومەتی تێدا نەبووە. لە ١٩٦٣ لە شاڵاوی زەعیم صدیقدا بۆردومان کراوە. لە ماوەی شۆڕشدا چەندین جار بۆردومان کراوە و دواجار لە پایزی ١٩٧٩ راگوێزراوە. ئەو گوندەی ئێمە خەڵکەکەی بە تایبەتی نەوەی شەستەکان بەدواوە خوێندەوارن و بە هەوڵ و کۆششی خوالێخۆشبووی باوکم لە ١٩٦٣ بۆیەکەمجار قوتابخانەی سەرەتایی تێدا کراوەتەوە و لەو ساتەوە زۆرینەی منداڵانی گوند خراونەتە بەر خوێندن.

کەواتە ئێوە کاتی کیمیاباران لە نارنجڵە نەبوون بەڵکو لە سیروان بوون؟

بەڵێ لە سیروان بووین.

چیت لەبیرە پێش کیمیایبارانی هەڵەبجە..

رۆژی 13ی ئایاری 1987م بیرە، خۆپیشاندان کرابوو. بیرمە ئاگر لە مونەزەمەی سیروان بەردرا بوو، دۆشکایەك لە سەربینای مونەزەمەکە بوو. لەکارکەوتبوو. دوای نیوەڕۆ تەیارە هات و بۆردومانی کرد. پیاوێك لە ژێرزەمین جێگەی نەبووبوویەوە. دراوسێمان بوو، هاتبووە دەرەوە بۆ ئەوەی ژن و منداڵی زیاتر بچنە ژێر زەمینەکەوە، لەبەر دەرگا پارچەی شەستیرێك بەری کەوتبوو. شەهید بووبوو.

ئەو پیاوە ناوی چی بوو؟

وابزانم حەمە فەرەجی ناوبوو بەڵام دەتاونم لەدایکم بپرسم و پشتراستی بکەمەوە. دواتر تانك و تۆپی بەعس هاتن و بەرەو هەڵەبجە ئەرۆیشتن. لەسەر رێگە و لە سیروان لایاندابوو. دوو سەرباز هاتنە بەردەرگا و داوای ئاویان کرد. ئەوان بە کوردی – بادینی قسەیان دەکرد. دواتر دەوترا ئەوانە جاش بوونە و لە عەشیرەتێکی سنووری موسڵ بوونە و کورد بوونە و بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان هینرابوون.

بیرمە لە ژێرزەمیندا بووین، ژنێك کە پیشتر هاوسەرکەی جاش بوو، بەشداری راپەرینەکەی کردبوو، بەدایکمی دەگوت دەترسم غاز بوەشێنیت.. دەڵێن سەدام غازدەوەشینێت...

رۆژێکی دیکەم بیرە کە لە ژیرزەمینی ماڵی شەهید کەیوان هەورامیدا بووین. کەیوان بە تۆمەتی ئیسلامی بوون بەعس شەهیدی کرد و تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ و لەسێدارە درا. یەکێکە لەو منداڵانەی تەمەنیان گەورە کراوە بۆ ئەوەی لەسێدارە بدرێن. تۆپێك بەر ماڵەکەکەوت. پیاوێك لە حەوشی ماڵەکە بوو هەردوو پێی پەڕین.. ئەو رۆژە بوو تۆپێك بەر بینایەك کەوت لە سیروان و بە سەدان کەس شەهید بوون و زۆربەیان سووتان. بۆردومانەکە بەردەوام بوو، لە ژێرزەمین دەرکەوتین بەرەو دەشتی حاجی رەقە رامانکرد. بە پێخواسی.. دواتر ماکینە و عەرەبانەیەك چاکەی کرد و رایگرت تا سەرکەوین و بمانگوازێتەوە.. بەڵام عەرەبانەکەی هێندە گەرم بوو داغ ببوو.. بە پێی پەتی سەرکەوتین هەرچی منداڵ بوو تێیدا دەیزیراند دەستت ئەدایە هەر کوێیەکییەوە داغ بوو... ژێر پێمان داغ بوو.. دوایی نەماندەتوانی بڕۆین،

لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ماڵێ ئێوە لەکوێ بوو؟

لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، ئێمە لە سیروان بووین، بەر چەکی کیمیایی کەوتین و بینیاییمان لەدەستدا و دراوسێکانمان زۆرینەیان شەهید بوون و باوکیشم بە سەختی بریندار بوو کاریگەری کیمایییەکەی لەسەر دەرکەوتبوو، هەتا دواچرکەساتەکانی ژیانی پێیەوە ئاڵودە بوو، ئەو لە لایەن پاسدارەکانەوە برایە شاخی سورێن بۆ نەخۆشخانە، لەوێ نەخۆشخانەیەکی گەرۆکی ئێرانییەکان هەبوو، هەندێ چارەسەری سەرەتایی وەرگرتبوو. فەیسەڵی برام لەگەڵ ماڵی پورمدا (خوشکی باوکم) بەرەو ئێران رۆیشتن و ئێمەش ماینەوە تا ١٢ رۆژ دوای کیمیایبارانەکە،

نەماندەتوانی لە شوێنی خۆمان ببزوێین، چونکە: هیچمان نە ئەبینی. کاتێ دەردەچووین، هەندێ پێشمەرگە لەسەر ڕێگە پەشیمانیان دەکردینەوە و دەیانگوت ئەوەی ڕۆیشتووە کەسی دەرنەچووە و بگەڕێنەوە ونەچن باشترە.

ئێوە کەی لەسیروان دەرچوون؟

دوای کیمیاییبارانەکە، سێ ڕۆژی سەرەتا هەر لە ژێر زەمین بووین ودایکم سرکەی هەنار (رب)ی پێدەداین و دەڕشاینەوە و هیچمان نەئەبینی. دواتر کەمێك باشتر بووین. ڕۆژانە تا لای گۆرستانی سیروان ئەڕۆیشتین لەوێ هەندێ خەڵك و پێشمەرگەش لە ناویان بوو پەشیمانیان دەکردینەوە. دواجار پاسدارەکان هاتن و وتیان دەبێت بچنە ئێران. ئەوان دەگەڕان بەسەر ماڵەکاندا. ناچار ئێمەیان پێچایەوە و ژن و پیاوێکی بەسالاچوو، کە مابوونەوە لەگەڵمان بوون لەو کۆڵانە و ژنەکە حاجی ئافتاوی دەروێشی شێخی کەسنەزانی و حاجی ئەمینی هاوسەری بوون و ئێمەش ماڵی خۆمان بووین بە بێ برا گەورەکەم کە لەگەڵ ماڵی پوورم ڕۆیشتبوو و هیچ هەوالیمان نەدەزانی. هەندێ شەکرو چا و کەمێك ئارد و خوێمان پێ بوو. چرایەکی فانۆسیشیان دابووە دەست من بۆ ئەوەی ون نەبم. سەباح و سەلاحی بچووکیش یەکیان برایەکم و یەکیشیان سەربازێکی عێراقی لەگەڵمان بوون تاو نا تاو دەیانگرتنە کۆڵ. ئێوارەیەکیان لە ماڵ دەرکەوتین و بەرەو خارگێڵان ڕۆیشتین. گیا تا ئەژنۆی مرۆڤ هاتبوو. ئەو شەوە باران دایکرد. دوای دوانزە ڕۆژ لە کیمیاییبارانەکە یەکەمجار بوو باران ببارێت. ئاسمان بروسکی ئەدا و زەوی ڕۆشن دەکردەوە. فانۆسەکەی دەستم کوژایەوە و لەناو گیای تا کەمەر هاتووم بەجێم هێشت. شەو گەیشتینە خارگێڵان.. بە درێژایی ئەو ڕێگەیە ناو بەناو دەنگی لوڕەی تۆپی دوورهاوێژمان دەبیست. لە خارگێڵان گەیشتینە ماڵێکی ئاژەڵدار کە لەوێ مابوونەوە. ئێمەی منااڵن و ژنان لە زینانێکدا خەوتین کە تەنیا چاڵێکی سەرگیراوبوو. پیاوەکانیش واتە باوکم و سەربازەکە و براکەم لە ژێر نایلۆندا لە دەرەوە و لەبەر بارانەکە خەوتن.

بۆ مەلا بانگدان و دوای تاریك ولێل بە بێ ئەوەی هیچ بخۆین بەرەو سەر جادەی سەرەکی بیارە بەڕێ کەوینە و دنیا ڕووناکی کردەوە و ئۆتۆمبێلێکی پاسدار پێمان گەیشتن و هەندێك فستق کە لە دوکانەکانی هەڵەبجە هێنابوویان پێیان داین و وتیان تەیارە هاتە سەرتان خۆتان حەشار دەن. ئەوان ڕۆیشتن و دەنگی فڕۆکەی عێراقی هات.. خۆمان لە کونی پردی زستانئاوی نزیك ڕێگاکە حەشاردا. بەو شێوەیە بەردەوام بووین تا گەیشتینە بیارە.

لە بیارە چووینە خانەقا جێگە نەدەبوو. چووینە ماڵی دۆستێکی باوکم کە خانوویەکی دوو نهۆمی چۆڵ بوو، نهۆمی خوارەوەی ماڵێکی دیکەی ڕاکردووی وەك ئێمە هاتنە ناوی و ئێمەش چووینە نهۆمی سەرەوەی.

لەو ماوەیەدا پاسدارەکان کە بنکەی سەرەکیان لە بیارە بوو، لە مەیدانی بیارە خێوەتیان هەڵدابوو. بە بڵندگۆی خانەقا سرود و مقاماتی فارسییان پەخشدەکرد. خواردنیان پێدەداین و بۆ ئێمەی منداڵانیش هەریەکە وێنەیەکی کەبسکراوی خومەینی یان خامەنەئییان وەك ملوانکە بە ملمانەوە دەکرد.

وتت سەربازێکی عێراقیمان لەگەڵ بوو ئەو سەربازە چۆن کەوتە لای ئیوە؟

چەند ڕۆژێك بەر لەکیمیاییبارانکردن، پاسدار ناوچەکەیان داگیرکرد. پێشمەرگەش لەگەڵیان بوون. پاسدارەکان تا پردی زەڵمیان گرتبوو. پێش داخستنی پردی زەڵم، ئەو مالانەی بەرەو سلێمانی ڕایانکرد، سەدام شارێکی بە ناوی خۆیەوە بۆ دروستکردن و دواتر ناونرا هەڵەبجەی تازە[٢]. ئێمە نەهاتین بەرەو سلێمانی. ئێران پردی زەڵمیشی گرت و ڕێگەی سەرەکی هەڵەبجە سلێمانی داخرا. سەربازە عێراقییەکان ئەوانەی کەوتنە دەست ئێران هەندێکیان بە دیل گیران و هەندێکیشیان کوژران. ئەوانەی پەرش و بڵاویش ببونەوە کەمیان دەرفەتی ڕزگاربوونیان هەبوو. یان دەگیران یان دەکوژران. پاسدارەکان خەریکی لێکردنەوەی محاویلەی کارەبا و تاڵانکردنی دوکان و دائیرە و مەکتەبەکان بوون. تەنانەت ستوونی کارەباشیان هەڵدەکەند. تەڵی کارەبایان لە ستوونەکان لێدەکردەوە. ئەوانەم بە چاوی خۆم دەبینی.

٢. لەڕاستیدا شارەکە ناونرا حلبجە صدامیە بەڵام خەڵک هەرپێیاندەگووت هەڵەبجەی تازە

پاسدارم بەسەر ستوونی کارەباوە دەبینی و ئینجانەی ستونەکانیان لێدەکردەوە.

دواتر کیمیاییبارانی ناوچەکە کرا.ئەو خێزانانەی بەرێوەبوون بۆ ئێران لە ناوچە سنووریيەکان و لە دەرەوەی هەڵەبجە زۆرینەیان شەهید بوون. ئەوانەی لە ماڵەکاندا بوون و لە ژێر زەمینەکان خۆیان حەشاردابوو شەهیدبوون. بەشێکی ئەو سەربازانەی مابوونەوە و خۆیان حەشاردا بوو، لەناوچوون. خالید یەکێك بوو لەو سەربازانە لەگەڵ تیپێکی شەش حەوت کەسی هاوڕێیدا کەوتبوونە کەمینەوە و هاوڕێکانی دەستگیرکرابوون و ئەم رایکردبوو، خۆی لە گەورێکدا شاردبوویەوە. باوکم دەستی گرتبوو بە جامخانەی هەیوانی ماڵەکانەوە و نە دەیتوانی دانیشێت و نە دەیتوانی هیچ شتێك بکات. دەینااڵند، هەناسەی بۆ نەدەدرا.. ئەو رۆژەم زۆرباش لەبیرە لە ژێرزەمین دەرکەوتبووین. هاتینە حەوشە.. هەندێ چۆلەکە و کوختیلە لە حەوشەکەمان وەك گەاڵی دار هەڵوەریبوون. هەندێ قەڵەم گوڵەباخمان لە حەوشە چاندبوو، هەندێکیان باخچەچی قوتابخانەکەمان پێی دابووین و من هێنابوومنەوە گەاڵیان کردبوو، بەاڵم کە دەستم لێدا وەك توتن هەڵوەرین.. لەوکاتەدا پیاوێك بە هەڵەداوان لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورەوە و خۆی دا بەسەر دەستی باوکمدا وشەیەك کە لە ئەوم بیست "خاطر الله" بوو. باوکم بە (ئیشارە) ئامازە وتی برۆ ژوور. ئیدی ئەو کەسەم نەبینییەوە. تا بەرە بەری مەغریب. خۆی لەماڵ حەشار دابوو. بەرە بەری مەغریب هاتەدەرەوە. وابزانم خواردنی دروستکردبوو بۆمان. ئەوەندەم لەیادە لە سەرەتای هاتینەوە.

لە بیارە چیدیکەت بیرە..

لە بیارە بووین، رۆژێکیان ژمارەیەك کەس بە وڵاخی بارداڕەوە تێپەڕین، باری وڵاخەکان شتی جۆراوجۆری لەسەر بوو، لە قۆری و کتری چای لێنانەوە تا پەتۆ و لێفە و بەتانی و وەك ئەوەی بیرمە و ئەو دەمە کەسانی دەوروپشتم باسیان دەکرد، ئەو بارانە لە بارەگاکانی دیموکرات و کۆمەڵەوە بە تاڵان هێنرا بوون.. ئەوکاتەی ئێران ناوچەکەی داگیرکردبوو، بارەگاکانی ئەو حزبانەش لە دیوی ئێران رۆژهەاڵت تاڵانکرابوون.

کەواتە بیارەش کیمیاباران کرا؟

بەڵێ

ئەی لە بارەی بۆردومانی بیارەوە چیت بیرە..

بیرمە، چەمی بیارە هاژەی دەهات وکەفی دەکرد و بەهاراو هاتبوو، پاسدار لێرەو لەوێ خەیمەیان هەڵدا بوو، گوڵە دار قەیسی هەموو شوێنێکی رازاندبوویەوە. لە نهۆمی دووەمی ئەو خانووەدا بووین کە لێی گیرسابووینەوە. من و سەربازە عێراقییەکە (خالید) لە پەنجەرەکەوە کە بەشێکی شوشە و بەشێکیشیی نایلۆنی لێدرابوو، وەستابووین.. لە ناکاو دەنگێکی زۆر ترسێنەر و وەحشەتناك خانووەکانی لەراندەوە.. دەتوت زەوی هاواری لێهەستا و ئاسمان شەقی بردووە.. چەند چرکەیەك بەدوایدا دەنگی تەقینەوەی یەك لە دوای یەکمان بیست.. خۆمان دابوو بە زەویدا.. تەپوتۆز و دەنگی شکانی شووشەکان و پاڵەپەستۆی هەوایەکی زۆر هاتە ژوورەکە.. خالید دەست بە دەست منی دەپشکنی بۆ ئەوەی بزانێت سەاڵمەتم.. خوێنم پێوە نییە.. دوو سێ پارچە بەر دیواری ناو ژوورەکە کەوتبوون.. لە خانووەکە هاتینە خوارەوە.و دوایی هاتینە دەرەوە.. پاسدارەکان دەتوت مێرولەن و ئاو چووەتە شاریانەوە هەریەك بە الیەکدا رایدەکرد.. هەندێ تەرمیان کەوتبوونە ناو ئاوەکەوە.. لە هەر شوێنێکت ئەڕوانی تەرم کەوتبوون..

ژنێك، کەماڵیان لە نهۆمی خوارەوە بوو، هەر خزم و ناسیاوی ئاواییەکەشمان بوون، لە دەرەوە پارچەی بەرکەوتبوو.. دایکی بەسەر سەرییەوە بوو.. دەگریا.. پاسدارەکان خەریکی کۆکردنەوەی بریندار و مەیتی هاوڕێ وهاسەنگەرەکانیان بوون.. کەس بەاڵی ئەو ژنەدا نەدەهات.. دواتر هاتن ئەویشیان گواستەوە و سەرەتا لەوێ هەوڵی راگرتنی خوێنەکەیاندا و دواتر گواستیانەوە.

ئەو ژنە کێ بوو ناوی چییە؟

ئاسکۆڵی کچی حاجی سەعید بوو.

ئەو پاسدارانەی رۆژانە وەك هاوڕێیەکیان لێهاتبوو، بۆمان ئیدی نەمان بینینەوە.. چونکە هەموو رۆژێك من و خوشکەکەم ئەچووین لەکاسەی پێچراودا خواردنی ئامادەکراومان

لێیان وەردەگرتن.. ئیدی ئەوانمان نەبینییەوەو بۆ ئەوەیان کە ریشێکی ماش و برنجی هەبوو، چاویلکەی لەچاو بوو، هەموو رۆژ خواردنی پێدەداین.. ئێستاش هەست دەکەم بۆی بە حەسرەتم.. ئەویان هەموو رۆژێك بەشێك زیاتر و بزەیەکیشی وەك دیاری پێدەداین.. کە دوور دەکەوتمەوە لێی هەر کات ئاورم ئەدایەوە، وەك ئەوەی ئاگاداریمان بکات و حەز بکات بە سەلامەتی بگەڕێینەوە ماڵ، چاوی لەسەرمان بوو.. دەستی بۆ رادەوەشاندم.. تەنیا ئەوەندە یادەوەری ئەو پیاوە هێشتا لە بیرکردنەوەمدا جێی خۆیان لەق نەکردووە و کاڵ نەبوونەتەوە.

دوای ئەوە چۆن چوونە ئێران....

دوای بۆردومانکردنی بیارە، ئێرانییەکان ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێت بچینە ئێران و مەترسی ئەوە هەیە بە بۆمبی "شیمیایی" لە بیارەش دەدات. بارهەڵگرێکی ١٦ تەنییان بۆ ئامادەکردین و ژمارەیەك ماڵ بووین بەیەکەوە سەریان خستین و بەرەو ئەو دیوی سنوور بەڕێکەوتین. شەو گەیشتینە پاوە. پاوە بە یەکێك لە مەڵبەندە دێرینەکانی هەورامانی ئەودیو دەناسرێت و ناوەکەی لە پاوی کوڕی یەزدگوردی پاشای فارسەوە هاتووە و لە سەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ سەر زەمینی ئێران، سوپای یەزدگورد لەو ناوچەیە سەربازگەی هەبووە و هەندێك بۆچوونیان وایە ناوەکە لە پاوی کوڕی یەزدگوردەوە هاتبێت.

لە خێوەتگەیەکی ئامادەکراو بۆ ئاوارەکان لە نزیك پاوە دابەزین. ئێمەیان بردە خێوەتێکەوە. راخەرێك و چەند بەتانییەکی سەوز و سندوقێك پرتەقاڵ و لالەنگی و سێوی تێدابوو. ئەو شەوە لەوێ رۆژمان کردەوە. بۆ رۆژی دواتر ناونووس کراین. و پێیان راگەیاندین کە دەماننێرن بۆ ناوچەیەکی دیکە.

لەوێوە بۆ کوێ رەوانە کران..

دوای کەمتر لە هەفتەیەك، ئێرانییەکان بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و بەکاروانێکی ٢٠ تا ٣٠ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ئێمەیان گواستەوە و ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە خێوەتگەیەك، کە لە بناری زنجیرەیەك گردی بەرز و لە حەوزی دەشتاییەکی سەوز و داچێنراوی کشتووکاڵیدا دروستکرابوو. دواتر بە ناوەکەی ئاشنا بووین، ناوی بە ناوی لادێیەکی ئەو ناوچەیەوە کرابوو. پێیان دەوت "وەرمەهەنگ" نزیك بوو لە شارۆچکەی کامیارانەوە.

لەوێ ژیانی راستەقینەی ئاوارەیی و ناو خەیمە دەستیپێکرد.

بەسەرهاتەکانی ئەوێ چیت لەبیرە..

لە ئۆردوگای وەرمەهەنگ وەك میوانی کۆماری ئیسلامی رێزیان دەگرتین. هەر چەند ماڵێك نمایندەیەکیان هەبوو. کەرەستەی خۆراکی رۆژانە و نەوت و جلوبەرگ و پێداویستی ناو ماڵ لە رێگەی نمایندەوە دابەشدەکران. رۆژانە نان و گۆشت و خۆراکی سەرەکی دەگەیشت پێمان. ژێر خەیمەکانیان کرد بە چیمەنتۆ.. هەفتانە کیمیایی دژی مارو مێروو دەوەشێنرا.. بۆگەرماو کردن بە نۆرە و خشتە هەر خێزانێك هەفتەی یەك جارمافی گەرماوی هەبوو.. ئێرانییەکان پێویستیان بە هێزی کار هەبوو.. هەر کەسێك توانای کارکردنی هەبووایە ناونوس دەکرا و ئەو گرد و تەپۆلکە و چۆڵەوانیانەی رووتەن بوون، کاریان تێدا دەکرا و بە دەستی کاری خەڵکی ئاوارە ئاوەدانکرانەوە و نەخشەی دروستکردنی دارستان و باخی سێویان تێدا ئەنجامدرا.. گردەکان ئەگەر سەیرت کردبان لە دوورەوە سووریان دەکردەوە، چونکە تەپۆلکە خۆڵی سووری چاڵەکان بە ریز ئەمسەر بۆ ئەو سەر ریزیان بەستبوو.. ئامادەکرابوون بۆ وەرزی چاندن نەمامیان لێ بنێژرێت. هەر خەیمەیەك دەبوایە نەمامێك پەروەردە بکات. ستوونی کارەبای دارین داچەقێنران.. رەنگە ئەوە یەکەم پرسیاری منداڵیم بووبێت کە لە باوکم پرسی بۆچی ئەو دارستووتانە دەخەنە ناو بەرمیلێك قیری رەشەوە و دواتر دەیانخەنە چاڵەوە.. وەڵامەکەی ئەوە بوو بۆ ئەوەی دانەرزێن لە ژێر خاك.. ئەمە هەر ئەو هونەرەیە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ باوباپیرانی ئێمە لە هەورامان بەکاریان هێناوە و ئەو بەشەی دار کە کەوتووەتە سەر دیواری خانوو و پاساری لەسەر دانراوە، دووکەڵدراوە تا رەشبێت بۆ ئەوەی هیچ زیندەوەرێك داینەخورێنێت و زیانی لێنەدات..

لەوێ ئێمەی منداڵیان بانگهێشت کرد بۆ قوتابخانە.. لە

شوێنێك كۆكرابووینەوە، هیچ شوێنەوارێكی قوتابخانەی پێوە دیار نەبوو.. ئێمە دەمانزانیی قوتابخانە جەرەسی هەیە، رەحلەی تێدایە.. پۆل پۆلە و حانووتی تێدایە.. بەڵام ئەو شتانەمان هیچ نەبینی بۆیە هیچ كات ئارەزوومان بۆ چوونە ئەو ژوورانە نەبوو، كە فەرشیان تێدا راخرابوو، كەوشمان لە پا دەكردەوە و دەچووین چوارمشقی دادەنیشتین.. مامۆستایەك لەسەر كارتۆنێكی وێنەدار وانەی دەموچاو شوشتنی پێ دەوتین و ئێستاش ئەوەندەیم بیرە "ئەمین چ كار میكند".. ئەزبەرمان كردبوو "ئەمین دست و صورت رامیشورند"..

لەو ئۆردوگایە رەوشی خالید چۆن بوو..

ترسمان هەبوو، ئەو برایەم كە لەگەڵ مانێ پورم بوو، ئەوان بە سەلامەت گەیشتبوون و رەوانەی ئۆدوگای شوشمێ كرابوون. خۆشبەختانە گەڕایەوە ناومان.. خالید هەر لەگەڵمان بوو. ئێرانییەكان بۆ خێزانی ئێمە ٣ خەیمەیان پێدابووین. ئەو لە یەكێكیاندا بوو. نەدەهاتە دەرەوە.. جلی كوردی لەبەردابوو، بەڵام هیچ كات وەك كوردێك لێی نەدەوەشایەوە و پێی رانەهاتبوو. هەندێك كات ئارەزووی گەڕانی هەبوو، دەرفەت هەبوایە بەیەكەوە دەچووینە ئەو دەشتەی كە بەشێكی زۆری بە كولەكە و نۆك و پاقلە داچێنرابوو. چۆمێك لە دووری نیو سەعاتە رێگەیەك هەبوو، ئاوی پێدا دەهات.. بۆ سەرشوشتن و ریشتاشین لەگەڵی دەرۆیشتم بۆ كەناری ئەو چۆمە.

رۆژێكیان ئۆتۆمبێلێكی پاسدار لەبەر دەم خێوەتەكانماندا وەستا. داوای عەرەبێكیان كرد، گوایە ئەمنی عێراقە. زانیمان مەبەستیان ئەوە. باوكم یاوەری كرد. لەگەڵی سەركەوت بۆ ئەوەی بچنە بنكەی پاسدارانی خێوەتگەكە. ئەوەندەی بیستوومە و بیرمە ئەوەیە كە باوكم چیرۆكی ئەوەی بۆ دارشتبوو، بڵێت من سەرباز نییم، تەنیا ئەوەی خەڵكی كەركوكم و لەو عەرەبانەم كە لە كەركوك دەژیین و برایەكم سەربازە و هاتبووم بۆ سۆراغكردنی و كەوتمە گێژەنی رووداوەكانی هەڵەبجە و لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە هاتوومەتە ئێران.. ئەوان ئەگەر وەك سەرباز بیان ناسیبا رەوانەی سەربازگەی دیلەكانی شەڕیان دەكرد. بەڵام خۆشبەختانە وەك مەدەنی مامەڵەی لەگەڵ كرا و تەنیا ئەوەندە ئیجرائاتیان كردبوو، كە لای ئێمە نەبێت و بیگوازنەوە بۆ ئۆردوگایەكی تایبەت بەوكەسانەی سەڵتن و خێزانیان لەگەڵ نییە. ئەمە لە ئێران كاری پێدەكرا و زگورد یان سەڵت بۆی نەبوو لەناوكەمپی خێزانەكاندا بێت.

كەی گەڕانەوە؟

دوای رازیبوونی ئێران بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش و رازیبوونی عێراق، سەدام حوسێن لێبوردنی گشتی بۆ دەركردین. ئێرانییەكان ئێمەیان رووبەڕووی چەند بژارێك كردەوە. گەڕانەوە بۆ عێراق، مانەوە لە ئێران، رۆیشتن بۆ وڵاتی سێیەم. هیچ كەسێ لە مانی ئێمە لەگەڵ مانەوە لە ئێران نەبوو. ئێران وەك وڵاتی غەریب لە هزری باوكمدا نەخشی كێشابوو. بۆ وڵاتی سێیەمیش، باوكم نەچووە ژێر باری ئەوەی قبوڵی بێت گۆڕغەریب بێت و بڕوای وابوو، تەنیا وڵاتێك شایستەی ژیان و تێدا مردنە ئەو رەزو باخ و زەویەیە كە باخەوان یان جوتیار هەیانە. ئەو هەمیشە دەیوت هەر كەس ئەچێت با بچێت.. كەسێ عەرز و ئاوی هەبێت ریشەی لە عەرز و ئاوەكەیدایە و نابێ ریشەی خۆی هەلكێشێت. ئیدی بریاری گەڕانەوەمان دا و بە ئۆتۆمبێلی ئێرانییەكان تا سنووری شلێرو ناوخوان هێنراین.

ئێوە یەكسەر رەوانەی گردەچالكران یان بران بۆ نوگرەسەلمان؟

كە هاتینەوە لە شلێرو ناوخوان ئێمەیان رادەستی عێراق كرد. لە ناو ئۆتۆمبیلی ئێرانییەوە شتومەكیان خستینە ناو زیلی عەسكەری عێراق و دانەبەزینە سەر زەوی. ئۆتۆمبێلی ئێرانییەكان لە دیوی خۆیان و عێراقیش لە دیوی خۆی پشتیان لەیەك كرد. سنوورەكە تەلێكی درێكاوی بوو. لە تەلی سنوور بە زیلی عەسكەری دوورخراینەوە. لە تەختاییەكی پڕ دەون و سەوزایی داگیراین. ٣ شەو لەوێ ماینەوە و ناوچەیەكی لوغم رێژكراو بوو. بۆمان نەبوو بجوڵێین. سەربازەكان بە تولە رێی باریكی پر لە پێچدا دەچوون بە جلیكانەی ئاسنی سەربازی ئاویان دەهێنا.

لەوێ فەیسەڵی برام كە موالیدی بە سەربازگرتنی داواكرابوو، جیاكرایەوە و بەرەو تەجنید لە لایەن سوپاوە

گواستراینەوە. دواتر ڕەوانەی عەربەت کراین. لەوێشەوە ئێمەیان بردە باینجان و نزیکەی ٤٠ شەو لەوێ بووین. باینجان سەرزەمینی دوپشك و ڕەشەبا بوو، زەویەکی شێداری هەبوو، لە هەر کوێیەك یەك دوو مەتر چاڵ هەڵکەنرابا، ئاوی تێ دەزا. لەوێ خەیمەی ئێرانیمان کردنەوە و لە هەموو لایەکەوە خەیمە هەڵدران و ساتری خۆڵی دەوروپشتی خەیمە چاککران بۆ بەرگرتن لە باران و ٤٠ ڕۆژێك لەوێ بووین.

لەوێوە بۆ کوێ..

لە ئۆردوگای باینجانەوە، باسکردن لەچارەنووس گریانی دایکم و بێدەنگی باوکمی بەدوادا دەهات. کەسوکارو دۆست و ناسیاو لەیەك کۆدەبوونەوە. هەرێك شتێکی دەوت، بیرمە هەندێك دەیانوت دەمانبەن بۆ نوگرەسەلمان و دەشیان وت ئەوەی چووە نەگەڕاوەتەوە و هەندێکیش دەیانوت دەمانخەنە بەحرەوە و بۆ ئەوەمان دەبەن.

زرێپۆشی سەربازی بە چواردەوری خێوەتگەکەدا بڵاوببونەوە. هیچ کەس لە ئێمە نەماندەزانی چارەنووس بەرەو کوێیە.

ناونووسکراین، وتیان بە نۆرە دەبرێن و کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێ..

ڕۆژێکیان خەبەریان دا خۆمان بپێچینەوە، خەیمە و بارمان تێکنا، دوای نیوەڕۆ زیلێکیان هێنا و کەلوپەلیان سەرخست و منیان لە پێشەوە دانا و لای باوکم و شوفێری زیلەکە بووم، کە سەربازێکی عەرەب بوو. هیچ کوێیەکم نەدەناسی و نە باوکم و نە سەربازەکەش قسەیان نەدەکرد. بە بێدەنگی زیلەکە لە ریزی سێیەم و چوارەمی ئەو کاروانە دوورودرێژەی زیلەکان بوو کە خەڵکیان بەرەو نادیار دەبرد.

وەك ئەوەی پێم وترابێت قسەکردن عەیبە، منیش هیچم نەدەوت، هیچ پرسیارێکم نەبوو، لە کەرکوك تێپەڕین و دنیا تاریك داهات. هەموو شتێك بە بێدەنگی تێپەڕ دەبوو. کە گەیشتینە هەولێر، ئەو ماڵانەی دەکەوتنە سەر ڕێگە، ڕووناك دیار بوون، ژن و پیاو، گەورە و بچووك لە پشت پەردەی تەنکی چێشتخانەوە، پەردەیان لادابوو، سەیریان دەکردن... هەندێکیان دەمبینی دەهاتنە بەردەم پەنجەرەکە و خێرا گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە بۆ ئەوەی کەس نەیانبینێت. هیچ سەرم لەو کارەیان دەرنەدەچوو..

لەو ئاوەدانییە بێدەنگەش بە بێدەنگی تێپەڕین.. گەیشتە ڕێگەی خۆڵ.. تۆزی زیلەکانی پێشمان هەراسانیان کردبووین. باوکم بە بێ ئەوەی هیچ بڵێت دەمامکی کرد.. ئەو لە کیمیایبارانەکەوە تووشی ڕەبۆ ببوو. بیرم نایەت بە درێژایی ئەو ڕێگەیە داوای ئاوم کردبێت، یان باسی نان و برسێتیم کردبێت.

سەرەنجام گەیشتنە کوێ؟

وابزانم کات ٩ی شەو بوو، گەیشتینە دەشتێك، بە هەر لایەکدا دەتڕوانی تاریکییەکی سامناکی هەبوو، دەنگی گریانی منداڵ، ڕۆڵەڕۆکردنی ژنان، دەنگی خاکەناز و دووکەڵی سووتاندنی پوش و پەڵا هەموو ئەو ناوەی گرتبوویەوە. لە دوورەوە کڵپەی ئاگرم دەبین دەچووە ئاسمان و دەنیشتەوە و خامۆش دەبوو.. نەمدەزانی هۆی چییە.. زیلەکە بە شێنەیی دەڕۆیشت و وەك بڵێی چاوەڕێی فەرمان و قسەی ئەو سەربازانەی دەکرد لەوێدا پەرش و بڵاو ببونەوە و ڕێیان پیشانی یەك بەیەکی زیلەکان دەدا.

گەیشتینە ئەو شوێنەی بڕیار بوو، دابەزین. باوکم دەرگای لای خۆی کردەوە، وتی تۆ دامەبەزە. خۆی دابەزی و شوفێرەکەش دابەزی. سەرم لە جامی دەرگاوە دەرکێشا.. زەوی زەرد دەچووەوە.. دیار بوو باوکم وتبووی زیلەکە بەرە پێشتر با بیسوتێنین.. شوفێرەکە سەرکەوتەوە و زیلەکەی چەند مەترێك بردە پێشتر و ئاگریان کردەوە. سەربازەکە سەرکەوتوە. سەری بەسەر سوکانی زیلەکەدا دا و هەنسی گریانیم دەبیست.. ترسام.. کە ئەوم بینی هەنسکی دێت و سەر بەرز ناکاتەوە حەزم ئەکرد یەکێ بڵێ دابەزە و پەلم بگریت و بمهێنێتە خوارەوە.

ڕەنگە ئەو سەربازە بە درێژایی ئەو ڕێگەیە بە بێدەنگی گریابێت و نەیویستبێت کەس وشەیەکی لە بارەوە ببیستێت..

یەکێ لە خەیمەکانیان ڕاخست و لەسەری کۆبووینەوە و نازانم کەیی و چۆن خەو بردمییەوە.

ڕۆژی دواتر چیت بینی..



رۆژی دواتر، چاومانکردەوە، هەتا ئەترواني خەڵك بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ.. دەنگی گریان..منداڵ.. لاوانەوە.. دەنگی بێنە و بڕۆ.. مەکە و دایێ.. خاکەنان.. هەموو شتێ... دەنگی مردن.. ترس.. بێدەنگی.. هەمووشتێ..!!

ئەوێ ناوی گردەچاڵ بوو، بەناوی لادێیەکی ئەو ناوە ناونرابوو. پەڵە پەڵەی رەشی شوێن خێزانەکان لە لایەك، درکەزەردی وشکەهەڵاتوو... زەوی شەقار شەقار... هەتا ئەترواني هەر دەشت.. هەر تەختایی.. هەر زەردایی بوو...

چەندە لەهەولێرەوە دورە؟

نزیکەی نیو سەعات بە ئۆتۆمبێل.

چەندە لە ناوچەکەی خۆتانەوە دورەوە؟

بە ئۆتۆمبیل چوار سەعات ڕێگا ئەبێ بە خێرایی ١٠٠ کم لە سەعاتێکدا.

چارەنووسی خالید چی بوو.

ئەو کاتێك لە ئێران جیاکرایەوە لێمان پرسی ڕاگرتنی شەڕ هاتبووە پێشەوە. وەك مەدەنی هەژمارکرا. دوای ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی زگورد و موتەفەریقە پێش ئێمە گەڕابوونەوە عێراق. واتە خالید پێش ئێمە گەیشتبوویەوە عێراق.

پێش ئەوەی بگەڕێینەوە باوکم سۆراغی ئەوی کرد، پێیان وتبوو، کە دەنێردریتەوە عێراق. ئیدی بێخەم بووین. دوای ئەوەی گەڕاینەوە و لە گردەچاڵ گیرساینەوە. ڕۆژێك هەواڵمان درایێ کە ماڵێکی عەرەب لێمان دەپرسن.. لە ڕێی تۆماری مونەزەمەوە زانیبوییان لە گردەچاڵین.. خۆی و باوکی و کەسوکاری هاتبوون بۆ سەردانمان. ئەوە یەکەم دیداری دوای گەڕانەوە بوو.

دواتر باوکیشم سەردانی شاری حلەی کرد و لەوێ نزیکەی مانگێك میواندارییان کردو نەیانهێشت بگەڕێتەوە تا ئەوەی خەریك بوو ترسمان هەبێت شتێکی بەسەرهاتووە.

چۆن تەماشای تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە دەکەیت؟

هەرچی بڵێم هەر کەمە و قسە و زمان و نووسین ناتوانن هەقی ئەو تێروانینە بدەن کە بۆ ئەو تاوانانە هەمە... ڕەنگە لە دەرەوەی ڕووداوەکان مرۆڤ بتوانێت قسەیان لەسەر بکات و ڕای خۆی یان تورەیی خۆی دەربڕێت.. بەڵام لە دیمەنی هەڵوەرینی گەڵایەکەوە تا لە پەلوپۆکەوتنی چۆلەکەیەك تا دەگاتە هەنگاونان بەسەر تەرمی منداڵ و ژندا تا دەگاتە ئەو هەموو نەهامەتییەی بە چاوی سەر بینیومانە دەتوانم چی بڵێم.. ڕەنگە بێدەنگی پڕماناترینی دەربڕین بێت...

بۆچی وەك ڕۆژنامەنوسێك بیرت نەکردووەتەوە لەو دۆسێیەدا کار بکەیت؟

تورەیی.. بێهیوابوون.. هەستکردن بە پەراوێزخستن.. گرنگیی پێنەدانی لایەنی پەیوەندیدار.. فەرامۆشی..

بۆچی بیرت نەکردووەتەوە چیرۆکی ماڵی خۆتان بنوسیتەوە؟

هێشتا ساڕێژ نەبوونە.. بۆچی بێدەنگیمان بشکێنم..

زۆر کەس لە دوای ڕاپەڕین گەڕانەوە بۆ هەڵەبجەو هەورامان ئیوە بۆچی نەگەڕانەوە؟

ئەوەیان چیرۆکێکی کارەساتباری دیکەیە و پەیوەندی بە بیسەروشوێنکردن و ئەنفالکردنی فەیسەڵی برامەوە هەبوو.

فەیسەڵی برات کەی گیرا؟ لەگەڕانەوەدا؟

نەخێر ساڵی ١٩٩١ لە رۆژی داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن بەعسەوە.

شتێك کەمن بەبیرمدا نەهاتووە تۆ بتەوێت باسی بکەیت؟

زۆر شت هەن، بەڵام با بۆدەرفەتێکی دیکە بن. سووپاس بۆ ماندووبوون و بەسەرکردنەوەکەت و بایەخدانت.

هەر هەڵەیەکت دەربارەی ناوی خۆت و بری کۆمەکەکەت بینی، تکایە ناگادارمان بکەرەوە هەتا لەماڵپەڕی ئەنفالستان ڕاستی بکەینەوە

فاتمە عومەر عیزەت:



دیمانە: عومەر محەمەد

دیمانە لەگەڵ کراو: فاتمە عومەر عیزەت.

رێکەوتی ٢/١٢/ ٢٠١٤

شوێن : هۆمەر قەوم ماڵی دیمانە لەگەڵکراو

لەرۆژێکی هەتاوی سەرەتای مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ برای خۆشەویست کاك فەرەیدون چاوشین بە پیکابە دەبڵ کابینەکەی ئەو بە نیازی دیداری خانەوادەیەکی ئەنفالکراو چوین بۆگوندی قۆمەرقەوم لەبن چیای سەرکەشی دابان و چیای چەرماوەند.

هۆمەرقەوم گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە بەتەنیشت ناحیێ سورداش و رۆژئاوای گوندی شەدەڵەوە، لە کۆتایی دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان و بەرانبەر کلکەی چیای سەرکەشی پیرەمەگرون رووەورۆژ لەنگەری گرتووە.

ئەم گوندە هەژارنشینە لەپەلامارەکانی ئەنفالی قۆناغی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆ نیشتمان و سەرئەنجام ١٨ کوڕی گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەکانی برایماغا[1] دەکەن و ئەویش رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی چوارقورنەیان دەکات و هەموویان ئەنفال دەکرێن[2].

دەمێك بوو بەڵێنم دابوو سەردانی خانەوادەی ئەنفالکراوانی گوندی هۆمەرقەوم بکەم، سەرئەنجام پاشئەوەی گەیشتینە گوندماموستا شۆخان بەئۆتۆمبیلێکی ئۆپڵ هاتە پێشوازیمان و پێشمان کەوت بۆ بەردەم حەوشەو ماڵێکی دڵگیر.. ماڵی حەمە ئەمین حەمە سەعید و فاتمە عومەری هاوسەری لەوێ پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین، دیاربوو پێشوەخت ماموستا شۆخانی کچیان کورتەیەکی لەسەر گۆڤاری ئەنفالستان بۆ باسکردبوو، بۆیە پێویستی بەو پێشەکیە نەکرد کە پێیان بڵێین ئێمە کێین و ئامانجمان لەم دیدارە چیە. هەر زوو کامێرامان دابەست و چونینە ناو دیدارەکەمانەوە ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە دیدارە لەگەڵ

١. برایماغا ئێستا لەهەولێر لە شاری هەولێر دادەنیشیت و لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دالدەدراوە.

٢. تیپی ٢٤ ئەوسا سەربە فەیلەقی پێنجی سوپا بوو فەرماندەییەکەی لە چوارقورنە بوو لەسەر رێگای گشتی رانیە چوارقورنە فەرماندەی تیپەکە ناوی عەبد عون بوو پیاوێکی بەعسی توندرەفتارو دڵرەق بوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا رۆڵێکی درندانەی بینی وزۆربەی ئەوکەسانەی ئەنفالکران لەم فیرقەیەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرو لەوێشەوە رەوانەی تۆپزاوا کران.

ژنێکی تەمەن هەڵکشاوی بەرەحم و پڕ لە سۆزی دایکایەتی کە ئەنفال لەناوەوەڕا هەڵیتەکاندووە.

ئەگەر لەسەرەتاوە لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین باشترە پێم بڵێ ناوی سیانیت چیە؟

فاتمە عومەر عیزەت

لەبنەرەتەوە خەڵکی هۆمەر قەوم بوون؟

خەڵکی هۆمەر قەومم و بن و بنەچەی دایك و باوکم ئەم هۆمەر قەومەیان دروست کردووە

ساڵی چەند هاوسەرگیرت ئەنجام داوە؟

ساڵی ١٩٥٩

پێش شەوەی تۆ شوو بکەیت ئەم دێیە چەند ماڵ دەبوو؟

نزیکەی شەست ماڵ دەبوو.

ئەوسا کەتۆ منداڵ بووی ئەم گوندە چۆن بوو ئەوەت لەبیرماوە؟ ناودێیەکە هەروەك ئێستا بوو یان خانووەکانی جیاواز بوون؟

ماڵی ئەوکاتە بچوك بوون ژورێکی بچوك ماڵێکی تێدا بوو، مەگەر کەسێکی وەك ماڵی باوکم خانویەکی گەورەیان هەبووبێ.

خانوەکەی ئێوە چەند ژور بوو؟

سێ ژوور بوو لەگەڵ مەتبەخێك

بەچی دروستکرابوو؟ بەبەردوقور یان بەخشت؟

بەبردو قور دروستکرابوون ئەوکاتە وەك ئێستا بلۆك وشت نەبوو.

بژێوی ژیانتان لەسەر چی بوو؟

باوکم مووڵك و رەزو ماڵات و فەلاحەتی باشی هەبوو

ژیانی ئەوکاتە خۆشتر بوو یاخود ئێستە؟

ژیانی ئەوکات زۆر زۆر خۆش بوو

ئەم دێیە تا کاتی ئەنفال مابوو؟

هەندێکی رۆشتبوو، هەندێکی مابووەوە و ئەوانەش کە رۆیشتبوون یەکێکیان لە سەرماڵ بوو.

ئەوانەی کە رۆیشتبون بۆ کوێ چوبون؟

بۆ سلێمانی

پێش ئەنفال حکومەت پێی وتبون وەرن بۆ موجەمەع؟

بەڵی پێگوتبووین.

ئێوە ڕۆیشتن؟

نا ئێمە نەڕۆیشتین

ئەم گوندەی ئێوە پێش ئەنفال چەند جار روخینراوە و تۆپباران کراوە؟

ڕۆژی چەند جارێك تۆپباران دەکراین و خۆم و منداڵەکانم دەچوینە ناوتونێلەوە و بەڕۆژ بە تەیارە و تۆپ و بە شەویش تۆپباران دەکراین و ئەم دێیە لە ساڵەکانی شەستەکانیشدا جارێك سوتێنراوە.

لەسەردەمی کێدابوو؟

زەعیم صدیق

چەند ماڵ سوتێنرا؟

دووکۆڵان سوتا

ئەی لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا؟

یەکجار

پێش ئەنفال چەند کەس لەم دێیەدا شەهید بووە؟

یەکەم کەس صدیقی کوێخا ئەمین لەم شاخە بە تۆپباران شەهید بوو موالیدی ١٩٦٧ بوو وە برازایەکیشم شەهیدبوو

برازاکەت ناوی چی بوو؟

حەمە صالح

بەچی شەهیدبوو؟

سایەق بوو حکومەت لە ماڵی خۆی لە دوکان گرتی و شەهیدی کرد

نازانیت کێ گرتی؟

با چۆن نازانم عەبە کەرکوکی[٣].

تەنها برازاکەت یان خەڵکی تریشی گرتبوو؟

شەش سایەقی تریش بوون هەر یەکە و لە شوێنێك گرتبوونی؟

٣. عەبە کەرکوکی پیاوێکی بەدناو بوو لە شاری سلێمانی دادەنیشت فەرماندەی مەفرەزەی تەواری بوو کە دەستەیەکی بەدکارو بەدرەفتاری سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بوون لەساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی ناوچەی قەدەغەکراو راگەیەندرا بۆ چاوترساندنی ئەوانی دی حەوت شوفێری ناوچەی سورداشیان گرتوو گولله بارانیان کردن. کەسوکاری قوربانیەکان هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە عەبەکەرکوکی گرتبوونی و دواتر دائیرەی ئەمنی سلێمانی گوللەبارانی کردبوون.

لەبەرچی گرتبوونی؟

تەنها لەبەرئەوەی هاتوچۆی ئەم دێیەیان دەکرد؟

ناوی ئەوانەی تر دەزانیت؟

بەڵێ حاجی ڕەسول خەڵکی سەرگەڵوو بوو و عەتاری مینە ڕەحە، خەڵکی گوندی تیمار بوو، کوڕی کوێخا گوروونی گوێزێڵی و جەمال مستەفا خەڵکی سەرگەڵوو بوو، کوڕی مستەفای فاتانی بوو، هەروابێتەوە شەریف قەرەنگوییش بوو.

هەمویان پێکەوە گوللەبارانکران؟

بەڵێ ئەوانە هەموو سایەق بوون.

ئێوە نەتاندەزانی وەزعتان خراپ دەبێت و دەبێ بیرێك لە حاڵی خۆتان بکەنەوە؟

لەگەڵ ئعیدام کردنی ئەواندا خەڵکەکە کەوتنە جموجۆڵ و هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتن

ئێوە بۆ کوێ ڕۆیشتن؟

عەسر تۆپ بارانی کردین وکاتی نانی ئێوارەش دەستی پێکردەوە، من لەگەڵ کوڕێکم چوین بۆ شەدەڵەودوو کوڕم بە قسەیان نەکردم هەر لێرە مانەوە

ناویان چی بوو؟

جەمال وجەلال لێرە مانەوە، ڕۆژی دوای ئەوە لەوێ قەومابوو وە تا شەو لەوێ مابونەوە و دوای ئەوە گاگەلێکمان هەبوو هێنایان بۆ شەدەڵە و ئەو شەوە لەوێ بووین و بۆ بەیانیەکەی شەدەڵش گیرا.

کێ گرتی سوپای دەوڵەت؟

لەلایەن جاشە هەولێریەکانەوە گیرا.

ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کاتی ئەنفالە من مەبەستم پێش ئەنفالە واتا دوای گوللەبارانکردنی حەوت شۆفێرەکە؟

پێش حەوت کەسەکە لە سورداش شەڕێك بوو عەلی بەگ و سامی کوژران و دوای ئەوە چوینە مێرگەپان دوای ئەوەش چوینە سەرگەڵوو.

ئەم دێیە چەند کەسی ئەنفالکراوە؟

نۆزدە کەسی ئەنفالکراوە.

چەندیان کوڕی تۆن؟

سیانیان کوڕی منن

ناوی کوڕەکانت چیە؟

جەمال وجەلال و نورەدین باوکیشیان ناوی حەمە ئەمین سەعید.

موالیدیان چەند بوو؟

جەمال ١٩٦٥، جەلال ١٩٦٧، نورەدین ١٩٦٩

ژنیان هەبوو؟

نورەدین ژنی هەبوو، کوڕێکی شەش مانگی هەبوو ناوی هەژار بوو.

ئەی هەژاریش ئەنفالکراوە؟

لەکاتی ئەنفالەکەدا لە گوندی کانی توو لای ئاوەژێ لە بەفردا ڕەق بووەوە

هەژار بە ئەنفال ناونوسکراوە[٤]؟

نوسراوە بەڵام مامەملەم بۆ نەکردووە.

چۆن نوسراوەو مامەڵەت بۆ نەکردووە؟

نوسراوە بەڵام مامەڵەی موچەمان بۆ نەکردووە.

تاکەی هەواڵی کوڕەکانت دەزانی؟

لە دوای سەرگەڵوو بە پێ بە دۆڵی شێخ محمەمەدا چوینە ئێران هەمووی بەفر بوو پێشمەرگە بەفرەکەی بڕیبوو دەیانزانی ئەوە ڕوو دەدات، دوای ئەوە چوینە شاناخسێ و مەرۆێ و لە قوڕێکەی خەندەکە لە کوڕەکانم دابڕیام وە لەوێ خەڵکیان بە شۆفڵ دەپەڕیاندەوە وماوەیەك بە پێ ڕێۆێشتین ئینجا من چومە پیکابێکەوە و لەرزم لێهات و بردمیانە پێشی پیکابەکە تا باش بووم، کەسێکی تر لەرزی لێهات وتیان دابەزە با ئەو بێتە شوێنت، لەو کاتەدا نورەدینم بینی لە لۆرێەکدا وتم ئەوە کوڕەکەمە بۆم بانگ بکەن ئەویش بە باوەش بردمیە ناو لۆرێەکە تا گەشتمە شاناخسێ و مەرۆێ هەموو گیانم ڕەق بوبوو کوڕەکانیشم بە دوامدا دەگەڕیان وایانزانی بوو من مردووم و کە دۆزیمیانەوە بە باوەش دایانگرتم و پشتیان کردمە ئاگرەکە تا گیانم خاو بێتەوە و جەمال پیاڵەیەك چای هێنا و بە کەوچك دەیکرد بە دەممەوە

٤. لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا نزیکەی ١٢٠ کەس لە چیای کانی توو لەبەفردا ڕەقبوونەوەو مردن ئەمە جگەلەوەی خەڵکێکی زۆرتر لە ناو بەفری چیاو کوێستانەکان لە شوێنی تر ڕەقبوونەوەو تەرمەکانیان دەست نەکەوتنەوە.

تا گەرمم بێتەوە و ڕۆژی دوای ئەوە بە گەڵابە بردیانین بۆ مەریوان و ئافرەتەکان چوینە ماڵێك چوار بۆ پێنج ڕۆژ لەوێ بوین و دوای ئەوە چوینە دێیەك خەڵك خواردنی پێدەداین

ناوی دێیەکە چی بوو؟


دێی گەناو، دوای ئەوە چوینە سەردەشت و لەوێوە چوینە دێیەیەکی تر بەڵام لەوێ نەماینەوە و هاتینەوە بۆ سەردەشت و لەوێ بیستمان وتیان عەفوات دەرچووە، دوای ماوەیەك هاتین بۆسونێ و بە شاخێکی بەفراویدا بە ڕێگەدا تێپەرین هەتا گەیشتینە سەنگەسەر، وتیان لەوێ ئاغایەکی باشی لێیە کە ئێمە گەیشتین ئەو چووبوو بۆ بەغدا کوڕەکەی تاپری پێدا تەقیبوو، بە کوڕەکانیان وتبوو دوای پانزە ڕۆژ تەسلیمتان دەکەینەوە، بەڵام ئەو ئاغایە بە منی وت نەکەیت تەسلیمیان بکەیتەوە بەڵکو چارەسەرێکیان بکە ئەوە بوو چومە دێکەی کوێخا پیرۆت کوڕێکی لێبوو وتی بۆ کوێ دەچیت وتم بۆلای کوێخا پیرۆت، وتی بۆچی؟ وتم خاڵمە سەیارەیەکی پێبوو وتی سەرکەوە، سواری سەیارەکەی بووم چومە لای ئەویش وەرەقەی بۆ هەمویان کرد و هەتا گەڕێامەوە بردبویانن تەسلیمیان کردبوونەوە

کە تەسلیمی کردبونەوە بۆ ئەوەبوو کە چاکەت لەگەڵ بکات یان بفەوتێن؟

بۆ ئەوەی بفەوتێن

ئەی نایات پێتان بڵێ من چاکەم لەگەڵ کردوون **نەمدەزانی ئەوە رووەدات؟**

نەخێر بەڵکو دەبێ بڵێ کە فرۆشتمن، دوای بیست شەو، لەگەڵ کچە بچوکەم ناوی ئەرخەوان بوو ڕۆیشتم بۆ ماڵی ئاغاکە و پێموت کوا کوڕەکانم؟ تۆ وتت پانزە شەو، بەڵام ئەوەبوو بە بیست شەو، ئەو وتی ناتناسم منیش لەتاو کوڕەکانم سنگیم گرت و ڕاموەشاند، وتم چۆن نامناسی من ئەو کەسەم کە وەرەقەکانم بۆ کوڕەکانم هێنا ئەویش وتی کوڕی چی؟ ئەوەبوو منیش هاتمەوە و سێ جاری تر ڕۆیشتمەوە بەڵام هەر نەبوو، منیش کۆڵمدا و وازم هێنا (من ئێستە ئەڵێم ئەو زۆر بێ ئەقل بوو کە ئەو کات منی نەکوشت چونکە ئەو توانی ئەو هەموو کەسە لەناو ببات بەڵام منی



لەناو نەبرد، من ئێستە مودەعیم بەسەریەوە سکاڵام لەسەر تۆمارکردووە)

تۆ نەگیراویت و نەبراویت بۆ نوگرە سەلمان؟

ئەو نەیدەزانی کە منیش لە ئێران بووم.

کێ ی تر لەگەڵ کوڕەکانت گیران کە تۆ بیانناسیت؟

سێ کوڕی خاڵۆزایەکم و محەمەد و ڕحیم و حمە شوکر و سالار ئامۆزای ئەوان بوو وە صەمەدیش ئامۆزایان بوو کامەران پورزایان بوو، بورهان و سەعید پورزام بوون، قادر ئامۆزامە و مەلا و کوڕەکەی و عوسمان و عەتار و عومەر و شەفیق و ڕەفیق.

ئەوانە هەموویان لە سونێ پێکەوە گیران؟

هەمویان لە ماڵی هەباس بوون ئەو پیاوی چاك بوو بەڵام خۆی لەوێ نەبوو بەڵکو برایم ئاغا تەسلیمی کردن.

ئێستە برایم ئاغا لە کوێ یە؟

لای کاکە مەسعودە.

دوای ئەوە سۆراغیان نەما؟

نە ئێستا و نە ئەوسا بەڵکو هەر بە خەون دەیان بینم بەڵام ئەو شەوەی کە تەرمەکانیان هێنانەوە بۆ دوکان خەونم پێوە بینین هەر سێکیان هاتنەوە بۆماڵێ جەمال گووتی دایە ئیتر خەفەت مەخۆ ئەوە هاتینەوە منیش وتم ئەی جەلال و نورەدین کوان وتی ئەوە لە دواوەن و هەر سێکیان هاتنە ژوورەوە و وتم ئەی هاورێیکانتان وتیان دایە بە چاوی خۆت جەنازەکانیان دەبینیت و تەنها ئێمە ماوین.

تا کەی چاوەروانت کردن؟

تا ئەو شەوەی هاتنە خەوم و پێیان وتم.

تۆ بەوە دڵنیابوویت کەئیتر نەماون؟

بەڵێ دڵنیام

دڵنیایت کە تەرمی کورەکانت لەناو ئەو روفاتانەن کە هێنرانەوە بۆ مەزاری ئەنفالکراوان و ئێستا لە قەزای دوکان بەخاک سپێردراون؟

بەڵێ دڵنیام.

چۆن دڵنیایت؟

لەبەرئەوەی هاتنە خەوم و پێیان وتم

بە قسەکانتدا دیارە مانای ئەوەیە لەکاتی هەڵدانەوەی گۆرەکاندا هیچ دەلیلێك نەبووە کە پێتان بڵێن ئەمە کوری ئێوەیە؟

نەخێر

ئەوکاتەی سەدام و عەلی حەسەن مەجید دادگایی کران کەس بە تۆی نەگوت کە برۆیت بۆ بەغداو شایەتی لە دژیان بدەیت؟

نەخێر

پێت خۆش بوو تۆش بچیتە دادگاو شایەتی بدەیت؟

ئەی چۆن بەڵام نەیان بردم کەس پێی نەگووتوم.

بە بۆچونی تۆ کێ ماوە دادگایی بکرێت؟

موستەشارەکان

دادگا داوای کردون و هەر دەبێت بچنە بەردەمی دادگا.

ئەمە کەی، کاتێك کە ئێمە مردین.؟!!

کێ خەتا بارە کە ئەوان ناچنە بەردەمی دادگا؟

حکومەت.

کام حکومەتەیان؟

ئەوەی خۆمان.

وتت سکاڵام لەسەر برایماغای تۆمارکردووە؟

بەڵێ مودەعیم لەسەری.

بێجگەلە تۆ کێی تر لەکەسوکاری ئەنفالکراوان سکاڵایان لە دژی تۆمارکردووە؟

هەر من نیم خەڵکی تریشن.

هەندێ کەس مووچەی ئەنفالکراوەکان وەردەگرێت بەڵام بۆ خۆی خەرجی ناکات بەڵکو لە کاری خێرخوازیدا بەکاری دەهێنن ئەو کارەت پێ چۆنە؟

بەڵێ دەزانم زۆر کارێکی باشە، منیش بەو شێوەم چونکە ناتوانین ئەو پارەیە بخۆین.

ئەی چی لێدەکەیت؟

دەیکەم بەخێر بۆیان دەیدەم بەمزگەوتێ.

ئەی هەندێك جار رەنگە هەرکەسوکاری ئەنفالیش بن پێویستیان پێی بێت بۆنمونە من منداڵ دەزانم لەبەر بێپارەیی وازی لەخوێندن هێناوەو کەسێك هاوکاری **کردووەو گەراوەتەوە سەر خوێندنەکەی؟**

ئەوەش خێرە بەشی ئەوانەش دەدەم.



حەمە ئەمین حەمەسەعید

"پێیانگوتم بچۆ وەرقەی جاش بۆ کورەکانت بکە، بەڵام من پێم عەیب بوو، حرسم نەیهێناو ئەوەمان بەسەرهات کە بەسەرمان هات".



پاش ئەوەی دیداری فاتم تەواو بوو حەمە ئەمین حەمە سەعید هاتە پێشەوەو ووتی ئەگەر قسە لەمن وەردەگرن ئەوە باشە دەنا من دەچم بۆ نوێژی جەماعەت هەرچەند ئەو لەسەرەتای دیدارەکەمانەوە ئەوەی پێگوتین کە دایکی منداڵەکان زانیاری زیاتری لەلایەو من هێندەی لێنازانم، بەڵام لەکاتی دیدارەکەماندا لەگەڵ فاتمی هاوسەری خۆی پێرانە دەگیراو جارجار قسەی دەهێنایە پێشەوە.

مام حەمە ئەمین پیرەمێردێکی روخۆش بوو، باوکی سێ کوڕی ئەنفالکراوە بەناوەکانی (جەلال و جەمال و نورەدین) ئەویش قسەکەی فاتمی پشتراستکردەوەو وتی کورەکانم دوانیان کوری مارٕ بوون و سەربازی هەڵاتوو بوون، بەڵام ئەوەی راستی بێت کورە گەورەکەم مەیلی پێشمەرگایەتی هەبوو، دەیویست ببێ بە پێشمەرگە و ئێمەش نەماندەهێشت چونکە پیاوخراپ زۆر بوو، بەڵام هاوکاری دەکردن.

مادام پێتانخۆشە لەوبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم بەسەرچاو ئەوەی لەدڵمدایەو دەیزانم دەیڵێم و بەجێتان دێڵم ودوایی بۆ نانخواردنی نیوەرۆیە دێمەوە لاتان. ئەفسوس مام حەمەئەمین فریای لە چاپدانی گۆڤاری ئەنفالستان نەکەوت و بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. جێگەی ئاماژەیە کە بڕی (٥٠ $) کۆمەکی بۆ گۆڤارەکە دانابوو بەڵام مەرگ بواری نەدا بۆیە لەڕێی خانەوادەکەیەوە بەدەستمان گەیشت.

هەرچەندە لەگەڵ بەڕێز فەرەیدون کە هاوسەفەرمان بوو بۆ دیمانەسازییەکەی ئەم بنەماڵە بەڕێزە چوینە پرسەکەی و لەکاتی خۆیدا بەشداری خەم و پەژارەیان بووین، بەڵام جێگەی خۆیەتی لێرەوە بەناوی سەرنوسەرو دەستەی هاوکارانی گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی حاجی فاتمەی هاوسەری و کچە بەڕێزەکانی و کەسوکاری بکەین.

دەقی دیدارەکەی کۆچکردوو:

بۆچی نەتاندەهێشت کورەکەت ببێتە پێشمەرگە مادام بۆخۆی مەیلی لێیی بوو؟

لەبەر ئەوەی پیاوخراپ زۆر بوو.

کەواتە کەئەنفالکرا کەسێکی مەدەنی بوو نەك پێشمەرگە؟

بەڵێ بەڵێ وەك عەرزمان کردی بەڵام کاتێك کە پێشمەرگە دەچونە سەر رەبایەکانی دەوروبەرمان کورە گەورەکەشمیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆچاوساغی وشەریشی دەکرد، لە پاشاندا حەوت تفەنگیان دایەو کردیان بەبەرپرسی هێزی پشگیری.

ئەی کە کورەکانت ئەنفالکراون چۆن ئیمتیازاتیان موچەو زەوییان وەرناگریت؟

ئاخر بەشەهید ناونوسکراون نەك بەئەنفالکراو.

مادام پێت خۆش نەبوو ببنە پێشمەرگە بۆچی مامەڵەی کورە ئەنفالکراوەکانت بە ئەنفال نەکردووەو بە پێشمەرگە نوسیوتە؟

لەبەرئەوەی وایان پێگوتم. دوو کورەکەی تریشم تفەنگیان وەرگرت و هێزی بەرگری بوون. راستە ئێمە پێشمەرگە نەبووین بەڵام هەر لەخزمەتیاندا بووین بۆیە وەک پێشمەرگە حسابیان بۆکردین، فاتمەی خێزانیشم خزمەتی زۆری هەیە.

بەڵام باشتر بوو کە وەک ئەنفالکراو تۆمارتان بکردنایە چونکە لەراسیدا خۆیان ئەنفالکراون، تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەش ئەنفال کارابێت هەقە وەک ئەنفال تۆمار بکرێت.

بەخوای ئینجا وایان پێگوتین.

کێ وای پێگوتن؟

دۆست وناسیاوی وەک تۆ.

ئاخر بۆچی وایان پێگوتن؟

کە دەزگای شەهیدان دروست بوو فاتم چووبوو وتبووی بزانم مەسەلە چیە، لەوێ مستەفا سەرگەڵوویی وغەریب سەعید و شوانە موغاغی بینیبویان وتبوویان ئەوە چی دەکەیت لێرە وتبووی هاتووم بزانم ئەم دەزگایە چمان بۆ دەکاو مەسەلەچییە، ئەوانیش هاوکارییان کردبوو بە بەرپرسانی دەزگاکەیان گوتبوو ئەم ژنە زۆر قارەمانەو کورەکانی شەهیدن وهەرئیشێکی بەئێرە هەبێ بۆی نەکەن ئێمە چەکەکانمان فرێ دەدەین. لەوێ کورەکانیان بەشەهید ناونوس کردبوو[٥].

وتت فاتمەی خێزانیشم خزمەتی زۆرە؟

بەڵی هەیەتی

خزمەتی وەکوچی؟

جارێکیان شەش پاس لە سلێمانیەوە هاتن هەموویان کەسوکاری پێشمەرگەیان پێبوو لەپشتی کۆتەڵەوە دایانگرتن.

بۆچی دایانگرتن؟ کێ دای گرتن؟

حکومەت هێنانی ووتی ئێوە عێراقی نین برۆن بۆلای کورەکانتان ئەوانە بەکرێگیراوی ئێرانن. بائەوان خزمەتتان بکەن، ئەو هەموو خەڵکە هاتنە ئەم دێییەی ئێمە لێرە خزمەتمان کردن، فاتمە زۆر ئازایانە قۆڵی لێ هەڵکردو زۆر پێیانەوە ماندووبوو، لەکن مەکتەبەکەی سفرەیان راخست نانیان دانێ و لە سەرگەڵووەوە پێشمەرگە کامێرایان هێناو رەسمیان گرتن، کورە باسی چی بکەم ئەوەندەمان باسکرد تەواونابێ.

من هیچ پرسیارێکم نەماوە تۆ ئەگەر شتێکت مابی باسی بکەی؟ دەنا بچۆ بۆ نوێژەکەت وبالەجەماعەتیش دوانەکەوی؟

کورە قسە زۆرەو تەواو نابێت

راست دەکەی بەڵام قسەیەک کە هەستت کردبێت پێویستەو حاجی فاتم لەیری چووبێت؟

وەڵاهی ئینجا چ بڵێم جارێکیان کورە تۆ بڵێ دەجار پێیانگوتم بۆناچی لەلای فلان وفیسار رەیس جاش وەرقەیەک بۆ کورەکانت بکەیت بۆ ئەوەی سەلامەت بن؟ منیش گوتم نا وەلاهی وەبیلاهی پێم عەیب بوو بچم وەرەقەیەکیان بۆ بکەم ئیتر ئەوکارەساتەمان بەسەرهات کەبەسەرمان هات، هەتا ئەم کاتەی کەوا پێوەی دەنالێنین وبەرێزت پرسیارمان لێدەکەیت.

کێ بوو ئەوەی کە پێی گوتیت بچۆ وەرەقەی جاشێتی بۆ کورەکانت بکە؟

جاوەلا کێ بوو بەعزیک کەس وایان پیدەگووتم بەڵام من حرسم نەیهێنا ئەوە بکەم.


زۆر سوپاس تۆش بچۆ بۆ جەماعەت بەڵام ئەوەم پێبڵێ قایلیت ئەم قسانەت بڵاو ببنەوە؟

بەڵێ بەڵێ ئەریوەلا یاخوا بەخێربێن کەهاتون ئێمەتان بەسەرکردووەتەوەو پرسیارمان لیدەکەن بەخێرێن سەرچاوان.

٥. ئەوکاتە دەزگای شەهیدان تایبەت بوو بەشەهیدانی سەنگەرو تایبەتیش بوو بەشەهیدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وهەرئەوانیان ناونوس دەکرد کە لەریزەکانی یەکێتیدا شەهید ببوون، هێشتا هیچ دەزگایەک بۆ لیپرسینەوەو بەدواداچونی ئەنفالکراوان دروست نەببوو، هیچ ئیمتیازوموچەیەکیشیان نەبوو، بۆیە ئەو پێشمەرگانەی ئەنفالکرابوون یان ئەوکەسانەی نزیک بوون لە بەرپرسانەوەو ئەنفالکرابوون وەک شەهیدی سەنگەر تۆماریان دەکردن و موچەیەکی ٢٠٠ یان بۆ دەبردرایەوەوە.

نازەنین تەیفور حسین:

دوای سالّێك وتیان ئەنفالكراوەكان بەربوون وا لە مالّی برایماغان لەگەلّ دایكم رِۆشتین بۆمالّیان، بەلّام تەنها كەلوپەلەكانیانی لێبوو.



كۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٤ لەگەلّ كاك فەرەیدون چاوشین بەنیازی دیداری خانەوادەیەكی ئەنفالكراو چوین بۆ گوندی هۆمەرقەوم، گوندێكی خنجیلانەی دلّگیرە لە رۆژهەلّاتی ناحێی سورداش. كەوتووەتە سەر رێگای دۆلّی گەشتیاری مێرگەپان لە بن چیای سەركەشی دابان و چیای چەرماوەند، ئەو گوندەش لەپەلاماری ئەنفالی قۆناغی یەكەمدا خەلّكەكەی ئاوارەی ئێران بوون، بەلّام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆ نیشتمان، و ١٨ گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەكانی برایماغاكردبوو، بەلّام ئەو لە بری دالّدەدانیان رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی چوارقورنەی كردبوون، سەرئەنجام هەموویان ئەنفالكران و جارێكی تر نەبینرانەوە.

لە گەشتەكەماندا دیمانەمان لەگەلّ چەند كەسێكدا ئەنجامدا كە هەموویان كورێكیان یاخود برایەكیان لە تاوانی ئەنفالدا لە دەستدابوو، یەكێك لەو كەسانەی دیمانەمان لەگەلّدا سازكرد نازەنین تەیفور بوو، هەرچەندە شوێنی دیمانەكەمان بۆ ئەو زۆر گونجاو نەبوو، بەلّام لەوكاتەدا ناچاربووین دەرفەت لە دەستنەدەین، سەرئەنجام ئەم دیدارەی لێكەوتەوە.

ئەگەر ناوی سیانی خۆت بلێیت؟

نازەنین تەیفور حسین، لەدایكبووی ١٩٦٨، گوندی هۆمەر قەوم

تاچەندت خوێندووە؟

تەنها هەتا پۆلی چواری سەرەتاییم خوێندووە.

لە كوێ چویتە قوتابخانە؟

هەرلە گوندەكەی خۆمان لە هۆمەر قەوم

چەند كچی تر لەگەلّ تۆدا دەیانخوێند؟

وەلاّ زۆر بوین

كەواتە كچانی هۆمەر قەوم زۆریان خوێندەوارن؟

بەلّێ

هاوسەرگیریت كردووە؟

بەڵێ

سالّی چەند هاوسەرگیریت ئەنجام داوە؟

سالّی ٢٠٠٤

نازەنین خان تۆ چەند كەس لە خانەوادەكەتان ئەنفالكراون؟

دوو كەس ئەوانیش باوكم و برایەكم.

ناوی براكەت چیە؟

باوكم تەیفور و براكەم ناوی عوسمان و موالیدی سالّی ١٩٧٠

ژنی نەهێنابوو؟

نا نەخێر هێشتا هەر سەلّت بوو

باوك و براكەی تۆش هەر لەگەلّ ئەوكەسانەی هۆمەر قەومدا گیراون؟

بەلّێ هەموویان بەیەكەوە بوون.

هەرئەوەندەت دەزانی كە ئەوانیش لای برایم ئاغا گیراون و دوای ئەوە سۆراغیتان نەدەزانی؟

بەلّێ، من لەگەلّیاندا بووم كە لە ئێران گەڕاینەوە

جارێ ئەوەم بۆ باس بكە چۆن لە ئێران بڕیارتاندا

بگەڕێنەوە؟

لەوێ ئاوارە بووین، وەزعمان زۆر ناخۆش بوو بۆیە بڕیارماندا بە قاچاغ بگەڕێینەوە

کێ ئەوبڕیارەیدا خۆتان یاخود کەسێك هەبوو پێشڕەویتان بکات؟

دوای ئەوەی پیاوەکان پرسورایان بەیەکتری کرد بەکۆمەڵ ئەو بڕیارەیاندا

ئەی ئێوە راتانکرد بوو نەتان دەزانی حکومەت نیازی خراپە و گوندەکان وێران دەکات ودەتان گرێت؟

وتمان دەچینەوە لای برایم ئاغا وەرەقەمان بۆ بکات ودەرۆینەوە بەڵام هەتاوەکو ئێمە وەرەقەکانمان کرد ئەوان لەوێ گیران و برایم ئاغا تەسلیمی کردبوون.

ئەوکاتە برایم ئاغا کاری چی بوو؟

جاش بوو، موستەشاری حکومەت بوو.

بە بیرت دێ کە ئێوە گەڕانەوە چەند کەس دەبوون؟

ناوچەی ئێمە دۆڵی جافایەتی شەست کەسی لێبوو

هەموتان گەڕانەوە؟

بەڵێ

هەموتان تەسلیمی برایم ئاغا بونەوە؟

بەڵێ

ماڵی ئێوە چەند کەس بوون؟

من و باوکم و براکەم

ئەی دایکت لەگەڵتان نەبوو؟ ئەو لەکوێ بوو؟

ئەوان لەسلێمانی بوون، باوکم فەرمانی دەسگیرکردنی هەبوو، من لە هۆمەر قەوم بوم، ببووم بەبنەوانیان[1] ئەوەبوو ئەو ئێوارەیە هێرشکرایە سەرمان و ڕۆشتین.

بۆکوێ ڕۆیشتن هەریەکسەر ڕۆیشتن بۆئێران.؟

لەپێشەوە بۆخۆشمان نەماندەزانی بۆکوێ دەچین بەڵام وەزعەکە زۆرخراپ بوو هەتا ئێران نەگیرساینەوە.

کە گەڕانەوە و هاتنە سەر سنور چۆن گیران؟ خۆتان چون تەسلیم بونەوە یاخود دەورتان گیراو ناچاربوون تەسلیم بن؟

دووجار کەوتینە (کەمین)بۆسەوە، جارێکیان نزیکەی شەش سەعات ڕۆشتین لە شێنێ بە قاچاخە ڕێدا چاوساغمان لەگەڵدا بوو، ئێمە کەمێك ئیسراحەتمان کرد و ئەوان کەوتنە کەمینەوە و قاچاخچیەکیش کوژرا، ناچار گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان بە شەش سەعاتی تر ئینجا گەیشتینەوە شوێنی خۆمان ماوەی دە ڕۆژ لە شێنێ ماینەوە لەمزگەوتەکەدا بووین، دەلیلێکی ترمان پەیدا کردوو بە دوو شەو و دوو ڕۆژ گەشتینە دێیەك لە زولکانی سەرجۆ لەپشتی سەنگەسەر، لەوێوە باوکم و کاك عوسمان و ئەوەم لەبیر نەماوە کێی تریش بوو چوون بۆماڵی برایم ئاغا.

چاوساغەکەتان ناوی چی بوو؟ کێ بوو ناسیاو بوو؟

وابزانم ناوی ڕەسوڵ بوو خەڵکی شێنێ بوو

بەپارە هات لەگەڵتان؟

بەڵێ، ئەوان چوبونە ئەوێ کە وەرەقەیان بۆ بکات و بگەڕێنەوە ئەوەبوو ئەویش لەوێ تەسلیمی کردبوون

وەعدی دابوو کە بێنەوە وەرەقەیان بۆ دەکات و وەعدەکەی شکاندبێت؟

ئەو بێئاگا بوو کە ئەمان ڕۆشتبوون و ئەو پێشتر ئاگادار نەکرابویەوە، دوای ساڵێك لەوە من چومەوە ماڵی برایم ئاغا تەنانەت جانتا و کەل و پەلی ئەو کەسانەی کە تەسلیمی کردبوونەوە هەر لەوێ بوو تەنانەت تەسجیلێکی خزمێکمانن ناسیەوەو بۆم هێنایەوە

هەرچیت بویستایە دەتتوانی بیهێنی بە ئاسانی؟

بەڵێ، هی سەمەدیشم ناسیەوە پڕبوو لە شت نەمهێنایەوە و هەندێکیان قفڵەکانیان شکابوو

ئێستە پەشیمان نیت لەوەی نەتهێناوە؟

زۆر پەشیمانم تەنانەت خۆشم شتی زۆرم کڕیبوو لە سەیتەرەکەی چوار قوڕنە دایان بەزاندین هەمویان هەڵڕشت و وتیان ئەم شتانە هی کوێیە وتم لە ترسی تۆپ باران هاتوین بۆ ماڵە خزممان بۆ قەڵادزێ

ئێوە نەگیران؟

ئێمە نۆ ئافرەت بووین نەگیراین و سواری سەیارە بووین بۆ ڕانیە و لەوێوە بۆ سلێمانی.

---

١. مەبەست لەبناوان ئافرەتی سەرماڵە، زۆرجار لەزمانی گوندنشینانی ناوچەکوێستانەکانی کوردستان بەکابانی ماڵ دەڵێن بناوان مەبەست لەم ووشەیە سەرچاوەی ئاوەدانی ماڵە.

هەندێ کەس ژن و منداڵەکانیشیان گیران؟

بەڵێ ئەوەی لە سەیتەریەکەی سونێوە هاتبێ گیراوە بەڵام ئێمە بە قاچاغەڕێدا هاتبوین لە ڕەزگە ودۆڵە کۆکە

واتا هەتا دوای سااڵێک کەل و پەلەکانتان لەوێ بوون؟

بەڵێ ئێمە دوای سااڵێک هەواڵمان بۆ هات وتیان ئەنفالکراوەکان بەربوون و لەوێن ئێمەش لەگەڵ کاک حەمە کەریم کە کوڕی ئەویشی تێدابوو لەگەڵ دایکم و باجی خاتوون ڕۆشتین تەنها کەل و پەلەکانیانی لێبوو لەقاتی سەرەوە

تا کەی چاوەڕوانی باوک و براکەت کرد؟

هەتا ڕوخانی سەدام ئینجا دڵنیا بووین لە نەمانیان.

دوای ئەوە تۆ لەلای کێ دەژیایت؟

لای دایکم و برام.

بۆچونتان چۆن بوو سەبارەت بە دادگاییکردنی سەدام؟

زۆرمان پێخۆش بوو گەر بەردەستمان بکەوتایە خوێناوەکەیمان دەخواردەوە.

سەیری هەموو دادگایی کردنەکەت دەکرد یان تەنها هی ناوچەی خۆتان؟

سەیری هەمویمان دەکرد.

پێویستە کێی تردادگایی بکرێت؟

پێش هەموو کەس برایم ئاغا و ئێمە هەموومان داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە چۆن ئەو کەسوکارەکەی ئێمەی تەسلیم کرد ئەویش تەسلیمی دادگای بکات و بە سزای خۆی بگەیەنێت

بەڵام ئێوە تەنها داواتان هەیە نەک سکاڵا؟

زۆرمان هەوڵداوە

سکاڵاتان لەسەر تۆمار کردووە؟

من نەڕۆشتوم بەڵام وتویانە ڕۆشتوین

چی هەیە سەبوریت بدات و بتەوێ باسی بکەیت؟

من هەموو کات دڵم پڕە و گیانم دەلەرزێ چونکە خۆم لەگەڵیان بووم بۆ هەرکوێ ڕۆشتبن.

ئەو بابەتەی کە لە تەلەفزیۆن باس دەکرێ گوایە کچ فرۆشرابێت بە میسر قەت نەتووتووە باشتر کە براکەم کچ نەبوو؟

سەدان جار وە ئەشلێم باشبوو کە ئێمەش نەگیراین

ئەی ئەوانیش بەشێک نین لە ئێمە؟

بەڵێ، هیچ فەرقی نییە چونکە ئەویش کوردە

بۆچی بینینی مەمکە مژەی منداڵێک لە گۆڕی بە کۆمەڵدا ئەوەندەی ئەوە نامان و ڕوژێنێت کە دەڵێین ئافرەتێکمان لە میسرە و هیچ شتێک لە دەسەاڵتی خۆیدا نەبووە؟

بەڵێ، بە زۆر بووە و دەسەاڵتی خۆی نەبووە من ئێستەش گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەڵدەدرێتەوە من خەفەتی زۆری پێدەخۆم و کاتێک کە تەرمەکانیان هێنایەوە من خەریک بوو تێک دەچووم.

ڕات چیە دەربارەی ئەو کەسانەی کە پێیانوایە ئەنفال تەنها ناوچەی گەرمیانی گرتۆتەوە لە کاتێکدا گوندێکی بچوکی وەک هۆمەر قەوم نۆزدە کەسی ئەنفالکراوە و ئەم خەمە بکەین بە خەمی هەمومان نەک تەنها گەرمیان؟

گلەیت چیە لە حکومەتی هەرێم؟

ماڵی ئێمە وەک بارەگایەک بوو بۆ پێشمەرگە و بە باوکمیان دەوت ئامرمەفرەزە ودایم مەفرەزەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە من بۆخۆم ئەوکاتە منداڵ بووم هەندێ شتم نەدەزانی دەڕۆشتم بۆلای باجی فاتمی دراوسێمان فێری دەکردم و خواردنم دروست دەکرد و بە قەد حەوت پێشمەرگە خزمەتم کردووە، بەڵام هەتا ئێستا یەکێتی هیچ سودێکی بۆ من نەبووە و موچەی ئەنفالکراوەکانیشمان کە بۆیان دابین کردووین خۆ خێرمان پێناکەن، ئەوە حەقی خۆمانە

گلییەکەت لە حکومەتە یاخود لە یەکێتی؟

لە یەکێتی چونکە من سەر بە یەکێتی بووم و ئێستەش لەناویاندام

تۆ مادام دەڵێیت من یەکێتیم ئەوەیان ڕێگەی ترت هەیە ئۆرگانی خۆت هەیە دەتوانی پێیان بڵێیت؟

هەموو کات پێیان دەڵێم و ڕاپۆرتیان دەدەمێ و لە کۆبونەوەکاندا قسە دەکەم بەڵام هیچ سودی نییە

ڕات چییە دەربارەی ئەوەی لە یادەکاندا ئیسکو پروسکی تەرمێک یاخود لاشەی منداڵێک یاخود پیرەمێردێک لە تەلەفزیۆن نیشان دەدەن شتێکی باشە یاخود خراپە؟

زۆر خراپە و پێی تێك دەچم.

بۆچی کەسوکاری ئەنفال خۆیان قسە ناکەن؟ چی پێویست دەکات ئێسکو پروسکی تەرمێك پیشانی منداڵات بدەن؟

هیچ پێویست ناکات.

بەڵام ئێوە هیچ ناڕەزاییەتیەکتان پیشان نەداوە تەنها گلەیی کردن شتێك دەگۆڕێ؟

نەخێر.

کەواتە ئێوە پێتان باشە تەلەفزیۆنەکان لە یادەکاندا چی پێشکەش بکەن؟

چی باشە بۆ ئەنفال ئەوە بکەن و تەرمەکانمان نیشان نەدەنەوە

هەتاکەی دەتەوێ بە گریان گوزارشت لە ئەنفال بکەیت؟

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم

بۆچی؟

چونکە یادگاریەکانیان هەمیشە لەگەڵماندایە و هەموو لەبەر چاوماندان

ئەو قسەیەی سەرۆك نەیهێشت تەواوی بکەم !!

سەرنوسەر

بەرواری (٧)ی ئایار دوای مەراسیمی پێشوازی لە دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەسەر بانگهێشتی جێگری سەرۆکی حکومەت کاك عیماد ئەحمەد لەگەل دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ کاتژمێر (١:٣٠) لەنوسینگەی خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بووین.. لەکاتی دیدارەکەدا کە قسە هاتە سەرئەوەی ئەم دەربازبوانە چییان لەحکومەت دەوێ روی دەمم کردە جێگری سەرۆك وەزیران:

ووتم : ئەم جۆرەکەسانە دەبێ وەك سومبل مامەلەیان لەتەکدا بکرێت، بۆنمونە دەربازبوانی هۆڵۆکۆست هەرئەوەندەی حکومەتەکەیان کەوتە سەرپێ، یەکەم کارێك کە بیریان لێکردەوە بەهەندگرتنی قوربانیەکانی هۆڵۆکۆست بوو، ئەوانەی هاوسەرگیریشیان کردبوو، دوبارە ژنیان بۆهێنان.. بەڵام بەداخەوە جێگری سەرۆك نەیهێشت مەبەستەکەم بگەیەنم یەکسەر قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوە ووتی: (نانا نا کاکە وازیان لێبهێنە باژنی ترنەهێنن..ئەو پرسیارەیان تەرك بکە)..

هەلبەت من مەبەستم نەبوو بلیم باژنیان بۆبهێنین چونکە ئامادەنیم ئەو شەرە لەگەڵ حاجی ژنو سیوەخانو خانمەکانی تر بەرپابکەم کە دەزانم ڕێزم دەگرن.. مەبەستم بوو بلێم جولەکەکان بۆیە ئەوەیان کردو یاسای تایبەتیان بۆ دەرکرد، مەبەستیان بوو، ڕەچەلەکی ئەم قوربانیانە نەفەوتێ..



ئایا ئێمەی کورد ئاوا بیر لە دەربازبوەکان دەکەینەوە؟ هەلبەتە نەخێر دەبێت ئەو پرسیارەش تەرك بکەین چونکە کەم نەبوون ئەو قوربانیانەی ئەنفال تاکە کەسێکیان دەربازببوو کەچی لە شەری ناوخۆدا ئەو تاکە کەسەش کوژرا !!

سدیق رەسول حسین

موستەشارەکە وتی: من سوێندم بۆ حیزبی بەعس خواردووە کە خیانەتی لێنەکەم ئەگەر تەسلیمیان نەکەم ئەوە خیانەتم کردووە.



ناوەراستی شوباتی/٢٠١٤ بە نیازی دیداری خانەوادەیەکی ئەنفالکراو چوین بۆ گوندی هۆمەرقەوم، گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە لە رۆژهەڵاتی ناحێی سورداش. کەوتووەتە سەر ڕێگای دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان لەبن چیای سەرکەشی دابان وچیای چەرماوەند، ئەوگوندە لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆنیشتمان و ١٨ گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەکانی برایماغا کردبوو، بەڵام ئەو لە بری دادەدانیان رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی سوپای کردبوون لە چوارقورنە، سەرئەنجام هەموویان ئەنفالکران و جارێکی تر نەبینرانەوە.

لەوگەشتەدا کە برای بەڕێز فەرەیدون چاوشین یاوەری کردم، دیمانەم لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامدا کە هەموویان کورێکیان یاخود برایەکیان یاخود زیاتریان لە تاوانی ئەنفالدا لەدەستدابوو، یەکێك لەوکەسانەی دیمانەم لەگەڵدا سازکرد پیاوێکی ڕوخۆش بوو، بەناوی صدیق ڕەسوڵ ئەویش کورێکی لە ئێران مردبوو، کورێکی گەنجیشی لەلایەن جاشەکانەوە ڕادەستی سوپاکرابوو. لەدیمانەکەیدا سدیق پەردە لەسەر هەندیك تەمومژیش لادەبات بفەرموون ئێوەو دەقی دیمانەکە.

با لەناوی خۆتەوە دەست پێبکەین ناوی سیانیت چیە؟

صدیق ڕەسول حسین

تەمەنت چەند دەبێت؟

سالی ١٩٥٥ لەدایکبووم

لەبنەڕەتەوە خەڵکی هۆمەر قەومیت؟

بەڵێ بن و بنەچەم هەرلەم هۆمەرقەومە بووین

پێش ئەنفال هۆمەر قەوم چەند مارٍ بوو؟

چل و پێنج مارٍ بوو

پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە سەرتان و سوپا هۆمەر قەوم بڕوخێنێ، چەندجار بۆمبارانکراوە یاخود ڕوخێنراوە؟

بە دایم تۆپباران دەکراین و لە حەفتا وچواردا هەموو ڕۆژێك تۆپباران دەکراین

چەند جارسوتێنراوە لە کۆندا؟

یەکجار لە سارٍ شەست و نۆدا

هەموو دێییەکە سوتێنرا؟

چوار یان پێنج مارٍ نەسوتان

لەم گوندەدا چەند شەهیدتان هەیە؟

نۆزدە ئەنفالمان هەیە و سێ شەهیدی تریشمان هەیە.

ئەنفالکراوەکان هەموویان خەڵکی مەدەنی بوون؟

بەڵێ هەمووی کاسبی مارٍ خۆی بوو.

خۆشترین یادەوەریت چیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەنفالکراون؟

ڕۆژێکیان صەمەد و چوار کەسی تر بون لە ژێر داربکدا دانیشتبون کامێرایەکی کۆداکیان پێبوو پێیان وتم وەرە

با وێنەیەك پێكەوە بگرین، هەتا ئێستەش ئەو وێنەیە لە خەیاڵمدایە و سێ لەو كەسانە بە ناوەكانی صەمەد و كامەران و شەفیق ئەنفالكران.

ئەو وێنەیەت نەماوە؟

نەخێر نەماوە.

چی دابونەرێتێكی ئەم دێیە بەلاتەوە زۆر جوان بووە و ئێستە نەماوە؟

كاتێك كە ناخۆشییەك یان پرسەیەك دەبوو هەر كەسە و لە ماڵی خۆیەوە نانی دەبرد بۆ مزگەوت هەموویان پرسەكەیان بەهی خۆیان دەزانی لە خۆشیشدا هەروابووین لە سەربان شاییمان دەگێڕا. یان ئەو كاتانەی دەچوین بۆ شار.

كام شار مەبەستت كوێیە؟

دەچوین بۆ سلێمانی.

كاتێ كە تۆ گەنج بویت سلێمانیش شارێكی ئەوەندە گەورە نەبوو؟

ئەوكات من لەگەڵ باوكم بە كاروان هەنجیرمان دەبرد بۆ سلێمانی لە بەرامبەر مزگەوتی گەورە خانێكی تێدا بوو ولاخیان تێدا دەبەستەوە بیرم دێت بە پەنجا فلس بوو، حەمامێكیشی لێبوو ناوی قشلە بوو.

چویتە ئەو حەمامە؟

بەڵێ تەنها یەكجار

بە چەند ڕۆژ دەگەشتنە سلێمانی؟

نوێژی بەیانی لێرەوە بەڕێ دەكەوتین بۆ عەسر دەگەشتینە ئەوێ.

لەوێ شتتان دەكڕی و دەگەڕانەوە؟

لەلای خانەكەوە شوێنك هەبوو وەك عەلوە لەوێ بارەكەت لە ولاغەكەت نەدەكردەوە و بارەكەت دەبرد بۆ دوكانی ئەو بەقاڵەی كە لێی كڕیبویت. دوای ئەوە شتمان دەكڕی و دەگەڕاینەوە.

ئەو یاریانە چین كە لەسەردەمی منداڵیدا زۆرحەزت لێیان بوو وە بیرت ماوە؟

هەڵماتێن و سێباز

ئەوانەی كە ئەو یاریانەت لەگەڵ دەكردن چەندیان ئەنفالكراون؟

تەنها عوسمان.

ئەی لەخانەوادەكەی خۆتان كێت ئەنفالكراوە؟

كوڕێكم

ناوی چی بوو؟

بورهان

موالیدی چەند بوو؟

١٩٧٠

ژن و منداڵی نەبوو؟

نەخێر

لەگەڵ هەژدە كەسەكەی تردا ئەنفالكرا؟

بەڵێ ئەو لە ماڵی خاڵی بوو لەگەڵ خاڵی ئەنفالكرا

ماڵی خاڵی لە كوێ بوو؟

هەرلێرە لە هۆمەر قەوم بوون.

لە هۆمەر قەوم گیران یان كە لە ئێران گەڕانەوە؟

كە لە ئێران گەڕانەوە لە دێیەك لە پشتی قەلادزێ ناوی زورگانی خواروو، هەواڵیان بۆ ناردم وتیان كوڕەكەت و كۆمەڵێكی تر هاتوونەتەوە، وا لەوێن منیش سەیارەیەكم گرتوو ڕۆشتم بۆ زورگان.

كێ هەواڵی بۆ ناردی؟

پێاوێكیان لەو دێیەوە ناردبوو من نەمدەناسی كە وتیان بچۆرە ماڵی ئاغای بچوك وتم ئاغای بچوك چیە وتیان ئاغای گەورەمان لە سەنگەسەر دادەنیشێت و ئەمیش جێگری ئەوە، منیش چوومە ئەوێ و وتی ئەمشەو لەو شاخە هێناویانناتە ئێرە و لێرەش تەسلیمی برایم ئاغای سەنگەسەر و عەباسی بایز ئاغا بوون، منیش چومە ماڵی بایز ئاغاو نیوەڕۆ لەوێ نانم خوارد و ئەوان تەسلیم نەكرابوون بەڵكو سجن كرابوون و قسەشم لەگەڵ كردن، دواتر بە برایم ئاغام وت ئاغام تۆ بۆچی ئەمانە تەسلیم دەكەیت بۆ بەریان نادەیت بۆخۆت و بۆئێمەش چاكتر نیە؟ یاخود با هەرلەلای خۆت بمێننەوە وەك كوڕی خۆت ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی من سوێندێكی یاسایم خواردووە بۆ حیزبی بەعس، ئەو سوێندەش ناشكێنم. منیش وتم لەبەرچی؟ وتی من سوێندم بۆ حیزبی بەعس خواردووە و نابێت خیانەتی لێبكەم ئەگەر ئەوە نەكەم مانای وایە

خیانەتم لە حیزبی بەعس کردووە منیش وتم ئەمە خیانەت نییە بەڵکو ئازادکردنە.

ئەوە کامیان بوو؟ برایماغا ئاغای گەورە یان بچوک بوو؟

نا ئاغای بچوک لەو دێیە بوو کە یەکەمجار چووم بۆلای برایم ئاغا ئاغای گەورە بوو.

لە کوێ برایم ئاغات بینی؟

لەماڵەکەی خۆی شورتە و عەسکەریەشی لابوو، ئەو کاتەی من لەوێ بووم لە حەرەسەکەی پرسی چەند کەسن وتی تا ئێستا شەست و دوو کەسن.

ئەوانەی کە بینیتن کێ بوون؟ کێی ناسراوی تێدابوو؟

تەنها عوسمانم لێدەناسی.

ئەی عوسمان هیچی پێنەگوتی راسپاردەیەک نهێنیەک لەسەر گیرانیان؟

ناهیچی نەگووت تەنها ئەوەندە گوتی فریامان کەوە. ئەوانەی دەمناسین لەولاتربوون نەیان دەهێشت بیان بینم، دوایی برایم ئاغا بردبونی بۆ فیرقەی بیست و چواری چوارقورنە و هەر ئەو شەوەش بردبونیان بۆ هەولێر

ئێوە قائیدی ئەو فیرقەیەتان نەدەناسی؟

نەخێر

ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزت کردووە بزانیت ئەو قائید فیرقەیە کێ بووە؟

بەڵێ

ئێوە سکالاتان لەسەر برایم ئاغا تۆمارکردووە؟

چەند جارێک، جارێکیان لە سلێمانی پالاس لای دادگای بالای تاوانەکان.

ئەی سکالاکانتان بەکوێ گەیشت؟

هەروەکو خۆیەتی چاوەڕوانین.

هیچ کەسێک لە نوگرە سەلمان نەگەڕاوەتەوە و بڵێ تا ئەوێ پێکەوە بووین؟

نەخێر بەڵام من بۆ خۆم هەر بە دوایانەوە بووم هەتا مەرکزی شورتەی هەولێر.

ئەوان دەیانزانی کەوا تۆ بەدوایانەوەیت؟

نەخێر تەکسیەکمان پێبوو لە دوایانەوە دەڕۆشتین

نەدەترسان ئێوەش بگیرێن؟

نەماندەهێش هەستمان پێبکەن

لە هەولێرەوە بردیانن بۆ کوێ؟

کە دایانگرتن ئەو ناوەیان گرت ئیتر ئاگامان لێیان نەما.

وەک بزانی چەند سەیارە دەبوون کە ئەنفالکراوەکانیان هەڵگرتبو؟

نزیکەی دە پاس دەبوون

هەمویان مەدەنی بوون؟

بەڵێ پاسەکان ریم و کۆستەر بوون

یەکێک لەو سایەق پاسانەتان نەدۆزیەوە پرسیاری لێبکەن؟

نەخێر، کە ئەوانیان داگرت ئێمە کشاینە دواوە

هەتا کەی چاوەڕوانت کردن؟

تا حکومەتی بەعسیش ڕوخا من هەر چاوەڕوان بووم

کاتێک کە تەرمەکانیان لە حەزەر هێنانەوە تۆ گەیشتیتە چی قەناعەتێک؟

تا ئەوکاتەی حکومەتی بەعس نەڕوخابوو ئومێدمان هەبوو مابێتن و لە شوێنێک سجنی کردبن و ئەو قەناعەتەش هەر بۆ خۆمان دروستمان کردبوو.

ئەی ئێستا؟ کە دەزانی ئەو تەرمانەی لە دوکان نێژراون قەناعەتت وایە کورەکەی تۆی تێدا بێت؟

ئەوەش هەر بۆخۆمان ئەو قەناعەتەمان دروستکردووە، دەنا نازانین کامە تەرمەکەی ئێمەیە.

منداڵی ترت هەیە؟

بەڵێ دوو کوڕی ترم هەیە.

هیچیانت بەناوی ئەو کوڕەتەوە ناو نەناوەتەوە؟

نەخێر

بۆچی؟

لە دوای ئەوەوە منداڵی ترم نەبووە

خەون بە کوڕەکەتەوە دەبینی؟

جارێک خەونم پێوەدی دەفتەر خدمەم بۆ دەرهێنا و هاتەوە منیش دامێ ئەویش هەڵدەپەڕی دەیوت بوم بە جوندی.

پێت ناخۆش نییە کە ئێستە من ئەو پرسیارانەت لێدەکەم؟

نا پێم ناخۆش نیە بەڵام خۆش نیە تۆ پێم بڵێیت چۆن کوشتنیان و چیان لێکردن و کە لە تەلەفزیۆنیش ئەوە

نیشاندەدات من سەیری ناکەم و دەیگۆڕم چونکە من دوو منداڵی تریشم مردوون یەکێکیان لە سەیتەریەی دوکان لە شەڕی دابان ناوی بەرهەم بوو کە ڕاشمان کرد بۆ ئێران کوڕێکی ترم لەوێ لە خەستەخانە مرد.

ناوی چی بوو؟

ناوی ئاوارەبوو

ئەی کەراتان کرد بۆ ئێران مەبەستت کام ڕاکردنەیانە ئەوەی کاتی ئەنفال یان ئەوەی ساڵی ١٩٩١؟

نانا لە ساڵی ١٩٨٨ کە ئەنفال بوو ئێمە ڕامانکرد بۆ ئێران.

کەواتە تۆ خەریکە ناوی ئەنفالکراوێک ون دەکەیت چونکە کوڕەکەی تۆ بە هۆی ئەنفالەوە مردووە.

بەڵێ چونکە ئێمە ڕامان کردبوو، برسێتی و سەرمای ڕێگا وای لێکردو نەخۆش کەوت، ئەوەی تریشم هەروا بوو ئەویش لە شەڕی دابانداو ئێمە بە پێ ڕامان کرد بچینە دوکان کە گەیشتینە سەیتەریەکە لەوێ گرتیانین و ئەفسەرەکە پێگوتم تۆ کوڕەکەت موخەریبە و دەتەوێ خۆشت دەرچیت؟ وتی بەخوا هەتا دەمریت دەبێ لەبەر ئەو سەرمایە بیت، ئێمەش زۆر پاراینەوە نەیهێشت بچینە دوکان کوڕەکەم زۆر بچوک بوو بەباوەشی دایکی یەوە بوو سەربازێک هات لێی وەرگرت بە بیانوی ئەوەی شیری بداتێ، بەڵام بردی لە پەنا کیسە خۆڵەکاندا داینا، هەتا گیانی دەرنەچوو نەیداینەوە کە دایەوە دەستمان منداڵەکە ڕەش بوبویەوە بە هۆی سەرماوە مردبوو دوای ئەوە ئینجا هێشتیان بچینە ناو دوکان.

کەواتە منداڵەکەتان لە دوکان ناشتووە؟

بەڵێ لەوێ لە قەبرسانەکەی دوکان ناشتمان، بەخوا ئێستەش نازانم گۆڕەکەی لە کوێدایە.

چۆن ناشتان؟

بە ئاسایی ناشتمان و خزمەکانمان لە دوکان هاتن لەگەڵمان

تۆ هەست ناکەیت چ وەک باوکێک و چ وەک شایەتحاڵێکی مێژوو کەم تەرخەمی لە تۆمار نەکردنی مردنی منداڵەکانت؟

ڕاستە مردن کات و ساتی نییە بەڵام هۆکاری هەیە.

وەڵا جابلێم چی نەلە شەهیدان و نەلە شوێنی تر هیچیانم نەنوسیوە.

وەک کەسوکاری ئەنفال داواکاریت چیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

حکومەت مووچەی بۆ دابین کردووین و لە دروست کردنی خانوشدا یارمەتیان داوین تەنها ئەوەندە کە ئەوانەی دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە دادگایی بکرێن.

کە سەرەتای قسەمان دامەزراند ووت ئەم ناوچەیە کیمیاوی لێی داوە؟

بەڵێ، ئەم شاخەی لای ئێمە هەنگی زۆری پێوە بوو ئێمە کە هاتینەوە هیچی نەمابوو هەموی کوشتبوو، هەمویان کەوتبوون تەنانەت هەموو کۆترە شاخەیەکانیش مردبوون.

ئەی بۆمبە کیمیاییەکەی گوندی سوسێ ئەوەیانم بۆ باسبکە؟

بەڵێ ئەوەشیانم بیرچوو ئێمە ماڵمان لە سوسێ بوو، لە ترسان لەگوندەکە دەرچووین و هاتینە بن شاخەکە، دەمان بینی کە لە قۆڵی لای گوندی کرژەوە ڕاجیمەی بە هەڵدنەوە دەنا یەکێک لە ڕاجیمەکان لە لای گوندی سوسێوە کەوتە خوارەوە، هەرچی لەو ناوەدا بوو پێوەبوو نەک بە مردن بەڵکو هەموو توشی تەنگەنەفەسی بووین و دراوسێیەکمان هەبوو ناوی عوسمان بوو وتی بەرخیشم نەما، بۆ خۆشم گوێ درێژێکم هەبوو هەناسەی توند بوو بەزۆر هەناسەی دەدا و بەملاو لادا دەکەوت، تومەس ئەو ساروخە کیمیایی بووە، حاجی ڕەووفیش خەڵکی سوسێ[1] بوو وتی ماڵی ئێمەش پێوەبوون.

هەست ناکەیت کاتێک ئێمە دوای بیست و شەش ساڵ دێین ئەو پرسیارانەت لێدەکەین زۆر دواکەوتوین؟

تا ئێستا چەند جارێکی تر پێش تۆ هاتوون و قسەیان لەگەڵ کردووین، گرنگ ئەوەیە باس بکرێت و لەبیرنەچێتەوە درەنگ و زوو مەسەلەیەک نیە.

پێشتر باسی پۆلیسێکت کرد، کە مامەڵەت کەوتووەتە لای

١. لە ناوچەی سورداش سێ گوند هەن بەناوی سوسێ، سوسێ ئاڵەمەرە ئەویان کەوتووەتە دامێنی چیای پیرەمەگرون، سوسێی سەیدان، دەکەوێتە خوار چیای پیرەمەگرون و نزیکە لە جادەی گشتی دوکان سلێمانی و سوسێ کون لەسەر هەمان هێڵ دەکەوێتە ڕۆژئاوای هەردوو سوسێی سەیدان و ئاڵەمەرەو کەوتووەتە دامێنی جادەی گشتی دوکان سلێمانی. ئەوەی سدیق باسی دەکات سوسێ ئاڵەمەرەیەو شێخ ڕەوفیش دانیشتووی گوندی سوسێی سەیدان بوو.

ئەویش بە ناخۆشی قسەی لەگەڵ کردوویت ئەوە چۆن بوو؟

ئامۆزایەکم هەبوو لەهەمان کاتدا زاواشم بوو، پاسێك بە ناوییەوە بوو، ئەویش ئەنفالکرا بوو منیش چووم ویستم سەنەوی باسکە بکەم بە ناوی خۆمەوە، چوم بۆ مدیریەتی شورتەی دوکان باسی ئەوەم بۆکرد کە ئامۆزایەکم سجنە راستیەکەی نەمگووت ئەنفالکراوە وتم دەمەوێ باسەکە بکەم بەناوی خۆمەوە ئەو پۆلیسە لێی پرسیم ئامۆزاکەت لە کوێ سجنە؟ وتم لە سجنی گەورە یە نەمدەوێرا بڵێم ئەنفالە، وتی کەوایە بچۆ لەوێ تەئیدێکم بۆ بهێنە کە سجنە، منیش نەمدەتوانی چونکە شتی وەها نەبوو، بەناچاری پێم گوت ئامۆزاکەم مەرج نیە لە سجنی گەورەبیت چونکە ئەو ئەنفالکراوە ئەویش تەماشایەکی کردم و سەیرێکی قەلەمەکەی کرد (قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو) ڕوی کردە من و ئینجا گووتی ئەو قەڵەمە کوێر بێت ئەگەر ناوی ئەنفالی پێ بنوسم.

مەبەستەکەی ئەوەبوو کە ناوی ئەنفالی بەلاوە ناشرین بوو یاخود چی؟

لای قێزەون بوو وەك بەعسیەك ئەوەی گووت؟

ئەی ناوەکەی نازانی؟

ناوەڵا بیرم نەماوە.

پۆلیس بوو یان پلەی هەبوو؟

بەڵێ پلەی هەبوو ئەفسەر (زابت)یك بوو دانێك و نەجمەیەکی هەبوو.

من هیچم نەماوە ئەگەر تۆهیچی ترت مابێ

نەوەڵا منیش هیچم نییە مانْت ئاوابێ کە بەسەرت کردوینەوە.

قایلیت بەوەی ئەم دیدارە بڵاوببێتەوە؟

بەڵێ قایلم بە ئارەزوی خۆت چۆنت پێباشە وای لێبکە.

سوپاس.



یەکێك لە حەشارگەکانی خەڵکی هۆمەر قەوم لە سالانی پێش ئەنفال بۆ خۆپاراستن لە کاتی بۆمبارانی سوپای عیراق

نەجم حەمە فەرەج ئیسماعیل:

ئەو گەنجانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە ئێستە ئەنفالیان لەیادنییە



پێشنیوەڕۆیەکی درەنگ وەختی کۆتایی شوباتی ٢٠١٤ گەیشتینە گوندی هۆمەرقەوم، کە گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە لە ڕۆژهەڵاتی ناحێی سورداش. کەوتووەتە بەرزاییەکی شاخاوییەوە لە سەر ڕێگای دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان لەبن چیای سەرکەشی دابان وچیای چەرماوەند، ئەوگوندە لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆ نیشتمان و ١٩ گەنجیان خۆیان ڕادەستی جاشەکانی برایماغا کرد بوو، بەڵام ئەو لە بری دادەدانیان ڕادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی سوپای کردبوون لە چوارقورنە، سەرئەنجام هەموویان ئەنفالکران.

لەوگەشتەدا کە برای بەڕێز فەرەیدون چاوشین یاوەری کردم، دیمانەم لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامدا کە هەموویان کورێکیان یاخود برایەکیان یاخود زیاتریان لە تاوانی ئەنفالدا لەدەستدا بوو، یەکێك لەوکەسانەی دیمانەم لەگەڵدا سازکرد پیاوێکی کەمدوو نائومێد بوو بەناوی (نەجیم) زۆر هەوڵم لەگەڵدا ئینجا ئامادە بوو قسەمان بۆبکات لەسەرەتای دیدارەکەوە خەریك بوو بەیەکجاری کامێراکەمان بپێچینەوە چونکە زوو زوو دەستبەرداری قسەکردن دەبوو دڵی پردەبوو لەگریان و دەیگووت ناتوانم قسەبکەم. ئەویش پێنج برای ئەنفالکراوە کە لەلایەن جاشەکانەوە ڕادەستی سوپا کرابوو. لەم دیمانەیەدا نەجم قسەی جیاوازی پێیە بفەرموون ئێوەو دەقی دیمانەکە.

ناوی سیانیتم پێبڵێ

نەجیم حەمە فەرەج ئیسماعیل

تەمەنت چەند دەبێ کاك نەجیم

وەڵا موالیدم ١٩٤٥ ە ئینجا بۆخۆت بزانە چەند دەکات.

تۆش هەر لە کۆنەوە خەڵکی هۆمەرقەومیت؟

بەڵێ ڕاستت فەرموو منیش هەر هۆمەر قەومیم باب و باپیرم هۆمەرقەومین بەڵام دایکم سەرگەڵوییە.

چەند کەستان ئەنفالکراوە؟

پێنج برام

ئەگەر زەحمەت نەبێت ناوەکانیان بڵێیت؟

عومەر و عوسمان و عەتار و ڕەفیق و شەفیق

براکانت هاوسەرگیریان کردبوو؟

بەڵێ سیانیان ژن و منداڵی خۆیان هەبوو مااڵیان جودا بوو.

منداڵیان هەیە؟

عومەر دوو کوڕ و دوو کچی هەیە

ئەوانیش ئەنفالکراون یان لەژیاندا ماون؟

نا ئەوان ئەنفال نەبوون.

ئەی لە کوێ دەژین؟

ئەوان ئێستا لە سلێمانی دەژین.

هەر عومەر منداڵی هەبوو یان ئەوانی تریش؟

نا ئەوانی تریش عوسمان دوو کوڕ و کچێکی هەیە ماڵیان لە عەواڵە. عەتاریش ژنەکەی لە ئێران شوی کردەوە و کچێکی هەیە، لای خۆم بوو تا ساڵێك پێش ئێستە هاوسەرگیری کرد و شەفیق و ڕەفیق سەڵت بون

کەی ئەنفالکران و کێ ئەنفالی کردن؟

ئەی ئەنفال ساڵی هەشتا و هەشت نەبوو ئەوکاتە.

ڕاست دەکەیت بەڵام ئەنفال شەش مانگی خایاند، مەبەستم ئەوەیە لێرە گیران و ئەنفالکران یان براکانی تۆش لەگەڵ ئەوانەی ئێرە بوون؟

بەڵێ لەگەڵ ئەوانەی ئێرە هەموو پێکەوە بوون لە قەڵادزێ خۆیان تەسلیمی برایم ئاغا کردبوو ئەویش تەسلیمی حکومەتی کردن.

ڕۆژەکەی نازانی؟

وابزانم هەشتی چوار بوو

کەواتە ڕۆژەکەی دیارە؟

بەڵێ

کێ ئەو ڕۆژەی بە ئێوە گوت؟

من لە سلێمانی بووم ئاگام لێنەبوو

ئەی چۆن زانیت ئەو ڕۆژەیە؟

دایکم و خوشکێکم و براکانم لەگەڵ برا ژنێکم ڕۆشتبوون بۆ ئێران و من لە سلێمانی بووم و پێشتر شەفیقی برام جوابی بۆ ناردم وتی وەرەقەیەکمان بۆ بکەن هیچ تەحەمولم نەماوە، هۆمەر قەوم چۆڵ کراوە کە ئێمەش بە دایکممان گوت دایکم پێی ناخۆش بوو وتی ئەتانەوێ بیانبەن بۆ سلێمانی بیانکەن بە جاش؟ وتم وەرەقەیکی خەفیفەی بۆ دەهێنم، بابۆخۆی لە ماڵەوە دانیشێت بەڵام ڕازی نەبوو، ئەوەبوو چوبونە ئێران وماموستایەك زۆری پێ وتبون مەڕۆنەوە ئەوانیش وتبویان عەفواتەوە و ڕۆشتبون بۆ قەڵادزێ، ڕۆژێکیان دایکم و خوشکەکەم و براژنەکەم خۆیان کرد بە ماڵماندا، هەرلەخۆمەوە دڵم تەنگ بوو پرسیم کوا کوڕەکان؟ وتیان ئەوان هەر لەو شاخەن، هەروا چەند ڕۆژێکی پێچوو هەواڵیان بۆ هێنام کەوا براکانت لە قەڵادزێ گیراون بەڵکو شتێکیان بۆ بکەیت، وتم ئینجا ئێستا نازانم چیان بۆ بکەم؟ هەتا ئێمە کەوتینەخۆو هەوڵماندا شتێکیان بۆ بکەین، وتیان تازە بێسودە چونکە برایم ئاغای سەنگەسەر هەمویانی بردووەو تەسلیمی حکومەت کردووە و بردونیان بۆ کەرکوك.

کێ دەستگیری کردبون؟

ئەی نالێم برایماغای سەنگەسەر؟ ئەو گرتبوونی.

گرتبوونی یان خۆیان تەسلیم کردبوو؟

خۆیان چووبوون بۆ ماڵی و خۆیان ڕادەستی ئەو کردبوو. براکانم ئاواو ئینجا تاقیبی براژنەکانمیان دەکرد بۆئەوەی بیانگرن منیش لە سلێمانی هەریەك لە دوو براژنەکەم بردە ماڵێك شاردمنەوە دەنا ئەوانیشیان دەگرت و منییش هەندێ کات خۆم دەشاردەوە بۆئەوەی نەمگرن.

ئیتر براژنەکانت نەگیران؟

نانا ئەوانم شاردەوە

ئینجا براکانت دواتر سۆراغیان نەما؟

سۆراغ چ بێت من لە گەراجی بەغدا عەرەبانەم پێبوو ساردی و بسکیتم دەفرۆشت، کوڕێك هات بۆلام بەڵام نازانم چۆن هاتبوو وتی کاك نەجم؟ سەلامی کرد و وەڵامم دایەوە وتم چۆن ناوم دەزانی؟ وتی ناوی تۆیان پێ وتوم، لە هەولێرەوە بە تایبەت منیان ناردووە بۆلات براکانت لە هەولێر گیراون وسجن کراون، لە کونێکەوە هاواریان کردووە وتویانە براکەمان لە گەراجی بەغدایە برۆ بۆلای با بەهانامانەوە بێت. دوای ئەوەی ئەو کوڕە ئەو قسەیەی پێگوتم، فەقێ برایم هاتەوە وتی مەڕۆن من خێزانەکەی خۆم و براکانی تۆم بە چاوی خۆم بینیوە لەکەرکوك سواری مونشەئەی گەورەیان کردوون و بردونیان.

ئەو چۆن بینیبونی و چۆن ئەویشیان نەگرتبوو؟

چوبو بۆلای ژنەکەی

وتی لە تەلبەنێکدا بوون ئەوەشی گوت کە ئارەزویان لێبوایە لە تۆپزاوا ڕایان دەکرد.

ئەو فەقێ برایمە چۆن چوبوو بۆ تۆپزاوا؟

لە دورەوە تەعقیبی خیزانەکەی کردبوو، دیبونی کە بردبونیان بۆ تۆپزاوا.

ئێستە ئەو پیاوە لە ژیاندا ماوە؟

کۆچی دوایی کردووەو ناوی حاجی فەقێ بوو سێ برای پێشمەرگە بوون گەلاڵەیی بوو.

بروا دەکەیت کەسێك توانییێتی بچێت بۆ تۆپزاوا؟

ئەویش نەچوەتە ناو مەعسکەرەکەوە بەڵکو لە دیوی دەرەوە لەوانەیە واستەیەکی کردبێت، کە سواری سەیارەیان کردوون ئەویش شوێنیان کەوتووە بۆ تۆپزاوا، ئێمەش لەگەڵ کورێکی خزممان ناوی غەریب بوو وتمان دەچین بەڵام حاجی غەریب وتی: مەڕۆن بۆ تۆپزاوا چونکە باش نییە.

ئیتر دوای ئەوە هەواڵیان نەما؟

نەخێر، من شتێکی تریان لێپرسیم و لە خۆم دەترسام پیاوێك هات بۆلام وتی ساردی و بسکیتێکم بدەری، کە داواکەیم جێبەجێکردو ساردی وبسکیتەکەم دایە دەستی ئینجا وتی تۆ خەڵکی کوێت؟ وتم خەڵکی هۆمەر قەوم وتی لەو ئەنفالەدا ناوی برای تۆی تیادابوو وتم پێنج برام ئەو زۆر باش دەیناسین و وتی شەفیقی برات دوو جارمەجالی هەبوو ڕابکات، بەڵام ڕای نەکردو بەقسەی نەکردم.

ئەی نەتپرسی چۆن دەیناسی و چۆن ئەوە دەزانی؟

با ووتی من چایچی بوم لەوماڵەدا کە لێی گیرابوون.

ئەو پیاوە ناوی چی بوو؟

من نەمدەناسی بەڵام ئەوناوی منی دەزانی و نازانم بە چی فێڵێك هاتبوو ترسام لە ژیانی خۆم، ئیتر منیش پێنج ڕۆژ نەموێرا بچم بۆ گەراج دەستم لە ئیشەکە هەڵگرت.

بە زمانی چی شوێنێك قسەی دەکرد؟

ناوچەی قەڵادزێ

تۆ پیاوێکی زۆر ناسکیت وتت ناتوانم قسە بکەم

بەڵێ ئیستە بەزۆر وەڵام دەدەمەوە

بۆچی؟

دووجار چووم بۆ سەر قەبری ئەنفالکراوەکان لە دوکان هەردوو جارەکە بوراومەتەوە و خۆم پێناگیرێت، کاتێك پیرەژنێك دەبینم لە تەلەفزیۆن دەگری من لەو زیاتر دەگریم

دەکرێت تۆ بیست و شەش ساڵ لە گریان بەردەوام بیت؟

لە توانای خۆمدا نییە.

ئەو کاتەی سەدام و عەلی حەسەن مەجید دادگایی کران تۆ هەستت بە چی دەکرد؟

زۆرم پێخۆش بوو بەڵام من حەزم دەکرد بە دەستی خۆم هەڵیان بواسم.

حەزت دەکرد یەکێك بویتایە لەو کەسانەی کە شایەتیت دەدا لەو دادگایی کردنەدا؟

ئەی چۆن حەزم نەدەکرد، بەڵام بە منیان نەوت

بڕیاری دادگات بەدڵ بوو؟

بە دڵی من نەبوو، چونکە کەسێك ئەو هەموو گوندەی وێران کردوو ئەو هەموو خەڵکەی وەها لێکردووە ئەوانیش دەیهێنن دوو مانگ جارێك دادگایی دەکەن ئەوە ڕاست نییە.

بە بۆچونی تۆ کێ ماوە دادگایی بکرێت؟

موستەشارەکان هەمویان تاوانبارن

براکانت لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان تۆمارکراون؟ موچەیان بۆ دابین کراوە؟

بەڵێ مووچەیان هەیە و هەموو ساحێبیان هەیە و لە خۆشیدا هەڵدەپەڕن و براکەشیان بۆیان دەگری.

مەبەستەکەت ڕونتر بکەیتەوە باشترە مەبەستت ئەوەیە خەمەکەی بۆتۆیەو ئیمتیازەکەی بۆ وارسەکانیان؟

بەڵێ

تۆ خەون بە براکانتەوە دەبینی؟

زۆر بە کەمی، دوو جار یاخود سێ جار نەبێ نەمبینیون لە خەومدا.

کە هاتونەتە خەونت چییان پێ گوتویت؟

جارێك برایەکم هاتە خەوم تەڵەی بۆ گیانداران دادەنا لە شاخێك، پێش ئەوەی ئەنفالبکرێت هەندێجار تەڵەی دادەنا و ڕاوی دەکرد، ئەوجارەش کەهاتە خەوم هەر خەریکی تەڵەو ڕاوکردن بوو.

تۆ داواکاریت ئەوەیە ئەنفالمان لە یاد بمێنێت؟ بەڵام تۆ

دەتەوێ چۆن یادیان بەزیندوویی بهێلینەوە؟

من دەڵێم ئەو گەنجانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە ئێستە ئەنفالیان لە یاد نبیە.

کەس هەیە ئەنفالکراوەکانی خۆی لەبیرکردبێت؟

ئەی چۆن نییە؟ هەیە هەرئەوکاتە لەبیریتی کە موچەکەی وەردەگرێ.

تۆ خێریان بۆ دەکەیت؟

بۆخۆم؟ باش گوێبگرە لەوکاتەوەی من موچەی یەکێک لە براکانم وەردەگرم هەموو مانگێک سەد هەزار دادەنێم بۆ خێر، بۆیان و لە دروستکردنی مزگەوت بێت یاخود مەولود یاخود بۆ هەژار.

تۆ پارەکە هەر بۆ مزگەوت دادەنێیت؟ یان لە دروست کردنی قوتابخانەیەك یاخود نەخۆشخانەیەکیشدا خەرجی دەکەی؟

پرسی مامۆستا دەکەم ئەگەر وتی خێرە ئەوا دەیکەم.

بەدەر لە حکومەت خەڵکی کوردستان بە گشتی چۆن لە ئەنفال دەڕوانن؟

ئەمڕۆ کەس خەمی کەسێکی تری نییە

ئەوە نییە من هاتوم و خەمی ئەنفال دەخۆم؟!!

لەوانەیە تۆش ئیشێکت هەبێ بۆیە هاتویت

بە بۆچونی تۆ چ ئیشێکم بەم دیدارەی تۆ هەیە؟

تۆش ئیشێکت پێی نەبێ نایەیت بۆ ئێرە.

دڵنیابە ئیشم پێیەتی، بەڵام تۆ پێتوایە چ ئیشێکم پێیەتی؟

کەس لەخۆیەوە خەمی کەسی کە لەکۆڵ نانێ.

بەڵام من لێرە لەم ڤیدیۆیەوە لەبەردەمی ئەم مەجلیسە بەڵێنی ئەوەت پێدەدەم کە ئەم دیدارەی تۆ نادرێت بەهیچ کەناڵێك بەهیچ رێکخراوێك بەپارەو هەرگیز نافرۆشرێ ئەگەر زانیت من ئەم دیدارانەی ئێوە دەفرۆشم ئەوە دادگا هەیە.

گوێبگرە برا کەس نەهاتووە سەعاتێك بێڵکاریمان بۆ بکات، پاچێکمان لەگەڵ بووەشێنێ.

ئەو گیانی هەرەوەزییە زۆرجوانە زۆریش گرنگە، بەڵام کاك نەجم دەبێ تۆش ئەوە بزانی کە پیشەوکاری من جیاوازە کاری من بێڵکاری و پاچکاری نییە. ئەمە کاری منەو ئەوە هاتوومە خزمەتتان.

هاتووی بەخێربێت سەرچاوان بەڵام منیش مەخسەدم لەقسەیە. ئێمە کەسوکاری ئەنفالین و ماڵ و حالیشمان بەتاڵان براوە سەرمان رۆیشتووە دەی بابزانم سۆزو بەزەییەکەی خەڵك چییە؟ با ئەوەش بڵاو ببێتەوە دەشزانم پێم دەڵێن کابرا قسەی هەلەق و مەلەق دەکات.

نانا بەڕێزەوە قسەکانت وەك بیرورای خۆت وەردەگرین. بەڵام سەبارەت بە ئیشەکەی خۆم ئەوەیان رۆژگار دەیزانێ چ کارێکم پێیەتی بەڵام باواز لەمە بێنین پرسیارێکی ترم هەیە؟

فەرموو.

تۆپێت باشە چۆن یادی ئەنفال بکرێتەوە ئەوەی ئێستا بەرێوە دەچێت بەلاتەوە باشە؟

وەڵاهی دەزانی چۆنە هەموسالێك بڕینمان دەکولێننەوە بەهەقی ئەو قورئانەی وا لەمزگەوتە کە ئەو پیرەژنانە دەهێننە سەرتەلەفزیۆن من سەد هێندەی ئەوان دەگرێم. نازانم پیشاندانی ئەو بەستەزمانانە چ سودێکی هەیە.

بەبروای تۆ کێی تر ماوە دادگایی بکرێت؟

هەموو ئەو کەسانەی کە تاوانبارن و موستەشارەکان.

هەرئەوان؟

هەموو هەموویان بەدەست من بێت خۆم هەمویان ئیعدام دەکەم، خوای دەکرد ئێستا دەهاتن لەسەر ئەوقسەیەم ئیعدامیان دەکردم.

قایلی بەوەی دیدارەکەت بڵاوبکەمەوە؟

ئەی بۆ قایل نیم بەکەیفی خۆت من قسەم کردووەو تۆش چی لێدەکەی بیکە.

ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نییە

مەیکرەو بیخوێنەرەوە

هەزار و یەك سێو، خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتی ساڵی ٢٠١٣ی بەدەستهێنا



بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەرهەمەکانی هونەرمەند تەها کەریمی رایگەیاند:

فیلمی دیکۆمێنتی سینەمایی بڵندی "هەزار و یەك سێو"ی دەرهێنەر تەها کەریمی خەڵاتی باشترین فیلمی دوکیۆمێنتی ساڵی ٢٠١٣ ی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئاسیاتیکای وەرگرت.

فێستیڤاڵی ئاسیاتیکا کە ساڵانە لە شاری رۆمای پایتەختی ئیتالیا بەریوە دەچێت و ئەمساڵ فیستیڤاڵ خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتی ساڵی ٢٠١٣ بەخشیە فیلمی ١٠٠١ سێو لە دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەها کەریمی.

ناوەرۆکی فیلمەکە چیرۆکی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەگێڕێتەوە.، کارەکتەرە سەرەکییەکانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵن و سەرەکیترینیان فەرەجی تۆپخانەیەو ڕاوێژکاری فیلمەکەش عومەرمحەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە.

فێستیڤاڵەکە ڕۆژانی ١٢تا ٢٠ ئەم مانگە بە بەشداری دەیان فیلمی دیکۆمێنتی لە چەندین ولاتی جیاوازەوە لە شاری ڕۆما بەریوە چوو. لیژنەی ناوبژیوانان فێستیڤاڵ رایانگەیاندوە خەڵاتی باشترین دیکۆمێنتی ساڵی ٢٠١٣ دەبەخشینە فیلمی ١٠٠١ سێۆ بە هۆی گیرانەوەی تراژیدیایەك و بەکارهێنانی زمانی سیمبۆلیك و هەست بزوێن کە زۆر بە دەگمەن لە جیهانی دیکۆمێنت دا بەکار هاتووە.

فیلمی دیکۆمێنتی ١٠٠١ سێودوایین بەرهەمی هونەرمەند تەها کەریمی بوو، لەسێ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیەدا بەشدار بووە کە توانی ٢ خەلاتی باشترین فیلم بە دەست بینێت. ئەو فیلمە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك توانی خەلاتی باشترین فیلمی دیکۆمینتی وەربگرێت.

ئەو فیلمە بەرهەمی هاوبەشی کۆمپانیای ئاڤا میدیا و هونەرمەند تەها کەریمیە کە بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری گەرمیانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنراوە. عومەرمحەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان ڕاوێژکاری ئەو فیلمە بووەو زۆرێك لە دیمەنەکانی لەگەرمیانو ناوچە ئەنفالکراوەکانی تر وێنەیان گیراوە..

ئەم فیلمە دیکۆمێنتاریيە چیرۆکی ڕزگاربوونی ١٠ دەربازبووی پێکراو و بریندارى ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ئەنفال بۆ بینەر دەگێڕێتەوە. لە تەواوی کۆمەڵکوژی ئەنفال کە ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد لە لایەن حیزبی بەعسی عێراق لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی عێراقدا خرانە ژێرخاکەوە، تەنیا ١٣ کەس توانیان بە بریندارى شاهیدی ئەو تاوانە گەورەیە بن و، خۆیان ڕزگار بکەن. سێ کەس لەم 13 شاهیدە ئێستا تەنیا ١٠ کەسیان زیندوون. شیاوی بیرهێنانەوەیە،سینەماکاری لاوی بانەیی تەها کەریمی دەرهێنەری فیلمی سینەمایی "کوێستانی قەندیل"، کورتە فیلمەکانی "زریان"، "سنووری ژیان"، "کوێستانی سپی"، "نەوت شێرپەنجەی شارەکەم"، فیلمی دیکۆمێنتی "بەکرێگیراوی سپی" و فیلمی دیکۆمێنتی سینەمایی بڵندی "هەزار و یەك سین ۆە" و لە کۆتایی ئایاری ساڵی رابوردوو بەرودوای ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدا.

وانەیەك لە تەهای کەریمیەوە

عومەر محەمەد

ئەمرۆ لەپاش مەرگی " قوتابیە وەفادارەکەی یەلماز گۆنای" رەنگە گرنگترین قسەم بلاوکردنەوەی دووبارەی هەمان بابەت بێت

رۆژێك کە خەریکی گرتەکانی فلمی (من بەکرێگیراوی سپیم) بووین لە سەر گۆری ئەنفالکراوانی دۆلی جافایەتی تەواوبووینو بەرەو گوندی کلێسەی ئەنفالکراو ملمان بە هەورازی کلکەسماقەوە ناو لەوێوە شۆربووینەوە بۆ دەشتی کۆیە، لە گوندی کلێسە گرتەیەکمان گرتوو بەگوندی (کانی بی)دا پەرینەوە بۆ سەر مەزاری قوربانیانی کیمیابارانی گۆپتەپەی شەهیدان. پاش ئەوەی لەوێش کارمان تەواوبوو، ئینجا بەرێکەوتین بەرەو بانی مەقان بەلام ئەفسوس گۆری ئەنفالکراوان ئەوەندە بەبێ نازی کەوتبوون، نەمانتوانی هیچ گرتەیەك بگرین، بۆیە بریارماندا هەر ئەو رۆژە بگەینە سێوسێنانی کیمیابارانکراو. بە دەستوبرد بە رێگای سەنگاودا ملمان پێوەنا بەرەو قەرەداغ لە لۆفەکانی ناو قۆپییەکان بۆرە ماڕێك هاتە سەر رێگەمان. منیش بەعەقڵی ئەوسامەوە بەزەوقو شەوقەوە تایەی ئۆپلەکەم شکاندەوە سەری بەو نیازەی بیکوژم، بەخەیاڵی خۆم ماری ژەهراویم کردووەتە قیمە.

بەلام شێخ رەزا ووتەنی (شێرر وانەبوو) کە دابەزین و سەیرمانکرد بینیمان مارەکە بە کەمالی ئیسراحەت دەکشێ بەرەو بەرزاییو بێباك لەوەی من هەوڵی کوشتنی دەدەم یان هەوڵی کوشتنیم داوە..!! بەردێکی گەورەم هەڵگرت تا بتوانم بیفلیقێنمەوەو نەهێڵم دەربازبێت.

کەچی ئەوەندەم زانی یەکێك لەدواوە دەستی گرتم کە ئاوڕمدایەوە تەهای کەریمی دەرهێنەر بوو.. ووتی: ئەوە چیدەکەیت ئەوە لەتۆ ناوەشێتەوە چۆن گیاندارێك دەکوژی؟ ووتم ئەوە مارە زەرەر مەندەو ژەهرەکەی خەلك




دەکوژێ، ووتی: نا، ئەویش مافی ژیانی هەیە، سروشت چەندە هی ئێمەیە ئەوەندەش هی ئەو گیاندارەیە.. ئیتر دەستم شلکردو بەردەکەم فرێداو مارەکەش بە هێواشی بەرەو ناو دەوەنەکان دەکشا، بێئەوەی پەلە بکات ماوەیەك بەو کەندەلانەوە مایەوە کە زۆر لەبار بوو بۆ ئەوەی بەبەرد گیانی لێ بسەنمو کۆتایی پێبهێنم.

بەهەرحاڵ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ تەهای کەریمیو کاك سەروەری وێنەگر مشتومڕمان بوو ئەوان لەلایەکو من لەلایەك دوایی چوومە سەر بڕوای ئەوانو تێگەشتم کە هەموو ئەو مارانەی بە درێژایی تەمەنم کوشتوومنو لە کۆرو مەجلیسدا خۆم پێوە هەڵکێشاون یان شانازیم بە کوشتنیانەوە کردووە چەندە مایەی شەرمەزارین. ئاخر تەهای کەریمیو سەروەری وێنەگر راست دەکەن لەدوای ئەنفالەوە کورد دەبوو ماریش نەکوژێ چ جای ئەوەی دەستی بچێتە خوێنی یەکتریو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە گۆڕستانەکان پڕ بکات لە تەرمی براکان.



سەیوانی سەعیدیان

دیمانە: سمکۆ سابیر



ئەنفال...
زۆر نزیك لە تەنیشتمان تێپەڕی و زۆر کەم هەستمان پێکرد

لەدیمانەیەکدا لەگەڵ سالّنامەی ئەنفالستان هونەرمەندی شێوەکار سەیوانی سەعیدیان باس لە دروستکردنی پەیکەری چاوەڕوانی دەکات‌و ئاماژەش بە گرنگی تۆمارکردن‌و دیکۆمێنت کردنی رووداوەکانی مێژووی کوردستان دەدات‌و پێیوایە کارکردن لە دۆسیەی ئەنفال هێشتا لەوشە تێپەڕینەکردووە.هاوکات لەو دیمانەیەدا بەوردی وەلاّمی چەند پرسیارێکی گۆڤاری ئەنفالستان دەداتەوە.

بیرۆکەی ئەو پەیکەرە چۆن سەری هەلّداوەوپرسی ئەنفال چ کاریگەرییەکی

بەسەر کارەهونەرییەکانی ئێوە هەیە؟

وەکوو کەسێك کە ماوەیەکی دوور و درێژە ژیانم تەرخانی هونەر کردوە و وەکو کەسێك کە کوردم، بەردەوام بەرامبەر بە هەموو بەها وتاوان‌و کارەسات و خۆشی و ناخۆشیەکانی نەتەوەکەم، کە یەکێك لە چەوساوەترین نەتەوەکانی جیهانە، خۆم بە قەرزدار زانیوە و دەزانم. میژووی دوور و درێژ و نادیارمان پڕە لەتاوان‌و کارەساتی نوسراو و نەنوسرا و بیستراو و نەبیستراوە. ئەنفال زۆر نزیك لە تەنیشتمان تێپەڕی و زۆر کەم هەستمان پێکرد. زۆر کەم هەستی پێدەکەین. هەست دەکەم گەلێکی زۆر فەرامۆشکار، ساویلکە و کەمتەرخەمین. بەرامبەر بە هەموو شتێك و بەرامبەر بە خۆشمان. تاوانی ئەنفال ئەگەر وەکوو خۆی پێناسە بکرێت و وەکوو خۆی -بەو هەموو کارەساتە دڵتەزێنەی کە بەداخەوە زۆر کەم تۆمارتیشمان کردوون– بناسرێت،ڕەنگە زۆر لە ئێستامان وریاتر و ئاگادارتر بین

و گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەسەر بیر و کار و کردارماندا بێت. کوشتنی بێڕەحمانە و دڕندانەی 182000 هەزار مرۆڤی بێتاوان بەو شێوازە دڵڕەقانە، ڕەنگە هەر بۆ ئێمە وا ئاسایی بێت کە بەداخەوە ئێستا ئەنفال لای ئێمە لە وشە تێناپەڕێت. بە داخەوە ئاراستەکانی دوای ئەو تاوانەش زۆر بە لاڕێدا چوون لە زۆر خاڵی بچوکی ماددیدا کورت کراونەوە. هەر بۆیەش دیسان بە داخەوە بۆ ئێمە وەکوو تاکی کورد نەبووە بە پرس و زۆر ئاسایی لە تەنیشتی تێدەپەڕین.

بینینی فیلمی "هەموو دایکانی من" لە دەرهێنانی هەردوو هاوڕێی ئازیزم ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سەنجاوی یەکەم بروسکەی چاوەڕوانی دایکانیان لە زەینمدا لێدا. دواتر کە لە گەڵ هاوڕێی ئازیز و کۆچکردووم "تەها کەریمی" لە هەردوو فیلمی "من بەکرێگیراوی سپیم" و "هەزار و یەك سێو" سەردانی گەرمیانمان کرد و لە کاتی دروستکردنی ئەو فیلمانە زیاتر ئاوێتەی ژان و بەرفراوانی ئەو تاوانە گەورەیە بووم. زیاتر لەسەر ئەوە سوور بووم کە دەبێت کارێکی هونەری بۆ ئەنفال و ناساندنی بکەم. چاوەڕوانیەکی بێ هۆ و ناهومێدانە تا ئێستاش لەگەڵ هەموو کەسوکاری بەجێماوی ئەنفالدا بوونی هەیە. بە تایبەت دایکان و باوکان.هەربۆیەش دوای ماوەیەك بیرکردنەوە و ئامادەکردنی کۆمەڵێك سکێچ، ماکێتی ئەو پەیکەرەم دروستکرد.

وردەکاری لەسەر کارکردنت لەو پەیکەرە بەچەند مانگ تەواو بووە؟

لە دروستکردنی ئەو پەیکەرە کە هاوڕێێ ئازیزم کەیهان محەمەدی هاوکارم بوو. لە بەشێکی کارەکەشدا حەمە ناکامیش هاوکاری کردین. بە پێی هەل ومەرجی باشوری کوردستان و ئەو بڕی تێچوویەی کە بۆ دیاریکرابوو، فایبرگلاس کەرەستەیەکی گونجاو بۆ ئەو پەیکەرەیە بوو. دوای قسەکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندی دار لەسەر جۆری کەرەستەکە، دەس بە کارەکەکرا. ئیسکلێتی پەیکەرەکە لە ناوچەی پیشەسازی لە ئاسن و شیش دروستکرا و دواتر کارەکە بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر گوازراوە و هەر لەوێش تەواو کرا. بەڕێزانی پەیمانگا زۆر هاوکارمان بوون و کەش و هەوایکی گونجاویان بۆ کارکردن بۆ ڕەخساندین کە جێگای سوپاس و پێزانینە و بە تایبەتیش مامۆستا سۆران بەڕێوەبەری پەیمانگا زۆر یاریدەدەرمان بوو. دروستکردنی پەیکەرەکە نزیك چوار مانگی خایاند. بەڵام پایەی پەیکەرەکە کە دواتر پارێزگای هەولێر ئەرکەکەی خستە سەر شانی ئەویش نزیك سێ مانگی خایاند.

ئەو ماددەو کەرەستانەی لەو پەیکەرە بەکارهاتوون چیین؟

پەیکەری چاوەڕوان بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاری لەسەر کرا، سەرەتا بە بۆرەك تەواو کرا و دواتر بە شێوەی ڕاتەوخۆ فایبەرگلاسی لێدرا. بەرزی فیگەرەکە چوار مەتر و نیوە و پایەکەشی شەش مەترە کە بەرزی پەیکەرەکە دەگاتە دە مەتر و نیو. پایەکەی گاشە بەردی سروشتین کە لە ڕەواندوز هێنرانە هەولێر.

بڕی تێچون و لەسەر ئەرکێ چ کەسولایەنێك ئەو کارەت ئەنجامداوە؟

پەیکەرە کە بیست و پێنج میلیۆن ی عێراقی تێچوو کە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس سپۆنسەری بەرهەمەکە بوو. لێرەدا بە پێویست دەزانم کە سوپاسی تایبەتی لەو کەناڵە بکەم کە دەرفەتی دروستکردنی ئەو پەیکەرەیان بۆ ڕەخساندین و بە تایبەتیش هاوڕێی بەڕێز کاك زەهاوی سەنجاوی زۆر هەوڵی دڵسۆزانەی بۆ ئەو پەیکەر دا و کەش و هەوایەکی دۆستانە و ئارامی بۆ ڕەخساندین. بۆ پایەی پەیکەرەکەش پارێزگای هەولێر هاوکار بوو و بڕی سی و دوو میلیۆن ی عێراقی بۆ تەرخان کرا، بەڵام بە داخەوە لە لایەن لێژنەی هونەری پارێزگاوە زۆر کۆسپ بۆ پایەکە دروستکراو و ئەوەی کە ئێستا هەیە زۆر دوورە لەوەی کە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. کۆی تێچووی پارەی پایەکەش لە لایەن لێژنەی هونەری خەرج کرا.

ناوەرۆکی کارەکەت باس لەچ دەکاتو بۆبەو شێوەیەیە؟

ئەو پەیکەرە فیگەری ژنێکی کوردی بەسااڵچووی چەماوەیە کە لە سەر هەڵدێرێك گۆچانێکی بە دەستە و دەستێکی لەسەر چاوی، لە دوور دەڕوانێت. بایەکی بەهێز لێیداوە و جل و بەرگی بۆ دواوە بردوە. کۆتایی لێچکەکەی کۆمەڵێك باڵندەن کە بە پێچەوانەی ئاراستی نیگای ئەو دایکە هەڵدەفڕن. واتە چاوەڕوانییەکی بێ ئەنجام. ئەوە بە داخەوە ئەو چاوەڕوانییەیە کە تا ئێستاش لای دایکان و کەسوکارانی ئەنفال بەردەوامە و بە داخەوەش چاوەڕوانییەکی ناهومێدانەیە. ستایلی کارەکە ریال ئێکسپێرسیونیستییە. زیدەڕەوی لە فیگەرەکەدا کراوە و باڵای زۆر بەرزتر لە ڕێئاڵ نیشان دراوە کە ئەوەش سەرەڕای هەموو نەهامەتی و چاوەڕوانی بێ ئاکام، شکۆیەکی تایبەتی

بەو دایکە دەبەخشێت. لەشی دایکەکە کزۆڵە و باریکتر نیشان دراوە و ئەوەش بەشێک لە ستایلی کارەکانمە. ڕەنگی سپی پەیکەرەکە جۆرێک لە پاکی و ڕۆحانی بوونی کەسایەتیەکەمان بۆ دەردەخات.

هۆکاری دانانی پەیکەری چاوەڕوانی لەو شوێنەی کەلەئێستادا داندراوەچییە؟.

هەرچەند ئەو شوێنەی کە ئێستا پەیکەرەکەی لێدانراوە شوێنێکی باشە، بەڵام شوێنی زۆر گونجاوتر و باشتریش هەبوو کە بەداخەوە لێژنەی بەناو هونەری پارێزگا ڕێگەیان نەدا لەناو شاردا دابنرێت. نازانم ئەو بەڕێزانە لە چ شوێنێک و لە کێیان بیستوە کە کاری جیدی نابێت لە ناوەڕاستی شاردابێت و ناوەندی شار جێگای خۆشی ڕازاندنەوەیە؟ هەر بۆیەش لە بواری پەیکەردا ئێستا لە ناوەندی پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئاژەڵ چەند بەرامبەری مرۆڤەکانن و زیاتر لە باخەی ئاژەڵان نزیک بۆتەوە. پڕ کراوە لە پەیکەر کلاسیک کە بە دروستکرای و ئامادە لە دەرەوە هێناویانن زۆربەیان کچن و لە هەموو شوێنێک دانراون. لە ناوەڕاست مەیدانێکی شار سبەتەیەکی زۆر ناشیاو و ناهونەری دانراوە. لەبەردەم ماجیدی مۆڵ یەکێک لە شووێنە مۆدێرن و گەشتیارەیەکانی پایتەختە، دوو لەگ لەگ کلاسیک و زۆر ناهونەری دانراون. بە گشتی دەتوانم بڵێم شوێن و ستراتیژی پەیکەر ودانانی پەیکەرەکان لە ئاستی کارەساتدایە و بە داخەوەش بۆ کەس گرینگ نییە و خەمی کەسیش نییە. سەبارەت بە پەیکەری چاوەڕوانیش، یەکێک لە مەرجەکانم ئەوە بوو کە دەبێت ئاراست نیگای ئەو دایکە بەرەو باشووری ئێراق، واتە ئەو شوێنەی کە ئەنفالکراوان بۆ ئەوێ ناردران، بێت. ئێستاش ئەو دایکە هەر وا چاوەڕوان لە باشووری ئەنفال دەڕوانێت

حەمە سور (فریادرەسەکە) مالئاوایی کرد

محەمەد حوسێن حەسەن ناسراوە بە حەمەسوری ڕۆغزایی پیاوێکی هەژاری گەرمیانی بوو، خەڵکی گوندی ناوەو سەرناوەو گەڵاڵ کەوەیەو لە کۆتایی حەفتاکانەوە هاتووەتە کەلارو هەر لەکەلاری کۆن دەژیا، لە سەروەختی ئەنفالدا ڕۆڵێکی یەکجار قارەمانانەی دیبوو، بەو هەژارییەی خۆیەوە مێژوویەکی جوانی بۆخۆی تۆمارکردووە، گەلێک کەسی لە چنگی چەتەو پیاوانی ڕژێم ڕزگار کردبوو، تەنانەت پارەی وەکو بەرتیل دابووە جاشەکان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدەن بچێت بەدەم خەڵکەوە. ئێمە بەهاوکاری کاك پشکۆ محەمەد ڕۆستەم چوینە ماڵەکەی و بۆ ژمارە چواری ئەنفالستان دیدارێکمان لەگەڵدا سازکردوو، بڵاومان کردەوە، وەلێ لەوەشدا بەختی نەبوو، بەهۆی هەڵەیەکەوە دەقی ئەو دیدارە بڵاونەکرایەوە کە پاکنوسکرابوو.

ڕۆژی ١٣ی نیسانی ساڵی ٢٠١٤ وەک ڕێزلێنانێک بۆشێخ حوسێنی هەزارکانی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی گەرمیان خەڵاتی شێخ حوسێنی هەزارکانیشیان بەخشیە چەند کەسایەتیەک، یەکێک لەوکەسانە حەمەسور بوو، ئەفسوس لەوەشدا هەر بەختی نەبوو چونکە ئەوکاتە (حەمەسوری پیاوی ڕۆژی تەنگانە) نەخۆش بوو، نەیتوانیبووبێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی.

ئەفسوس لە ڕۆژی ١٦ ئازاری ساڵی ٢٠١٥ ڕێک لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا کۆچی دوایی کردو بەیەکجاریی دنیایی نادادپەروەری وبێوەفایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەجێهێشت .



تراژیدیای گوندی قەشقە



ئامادەکردنی گۆڤاری ئەنفالستان.

زەماوەندی خەڵکی گوندی قەشقە سالاّنی پێش ئەنفال

قەشقە گوندێکی ناوچەی شێخانی ناحێی قادرکەرەمەو دانیشتوانەکەی سەربە هۆزی شێخانن، لە باکوری قادرم چیای سەڵباتووە هاوسنورە لەگەڵ هەردو قەڵامیکایلی سەروخوارو وێڵەو بانگۆل و گۆمەلەو قایتەوەن و بەکر باجەلاّن ئالیاواو چەمسورخاو دراوسێ گوندن، کە هەریەکە لەم گوندانەش لەپەلاماری ئەنفالی سێیدا گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوتووەو وەک قەشقە زەرەری گیانی زۆریان بەرکەوت.

گوندی قەشقە لە کاتی پەلاماری ئەنفالیشدا قەرەباڵغ بووە زیاتر لە ٢٥٠ خانەوادەی تێداژیاوە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گوندی قەشقە ٤٢٥ کەسی تێدا بووە، ئەوەش نیشانەی ئاوادانی بووە هەر لە کۆنەوە هەتا دواساتەکانی ئەنفالکردنیان بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوونو بژێویان لەسەری بووە.

لە ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانەی تێداکراوەتەوەو یەکەمین مامۆستای گوندەکە (مەلا محمد وەلی) بووە، لە ساڵی ١٩٧١ یشدا خەستەخانەی لێدامەزراوەو یەکەمین پزیشک (دکتۆر عەبدولڕەحمان) بووە. هەر لەزووەوە ئاشێکی هارینی تێدابووە کە بەگازوایل کاری کردووەو خەڵکی دەوروبەر باراشیان هێناوەو لەقەشقە هاریویانە[1].

دانیشتوانی گوندی قەشقە چاوکراوە بوون و هەمیشە مەیلی خویندنیان هەبووە، چەندین دکتۆرو نوسەرو شاعیرو هونەرمەندیان تێدا هەڵکەوتووە، هەردو شێوەکاری ناسراو غازی محمدی کۆچکردو ئاشتی گەرمیانی و عەلی شێخانی خەڵکی ئەم گوندەن.

بەپێی ئەو ئامارە بێت کە محەمەد قەیتولی لە کتێبەکەیدا بەرچاوی خوێنەری خستووە چەندین پێشمەرگەی ئازایان تێدا هەڵکەوتووە، جگەلەو ١٠٠ کەسەی ئەنفالکراون نزیکەی (٣٠) کەسی تریشیان شەهید بوون، لەوانە (٢٧) کەسیان شەهیدی سەنگەرن و لەبەرەنگاربوونەوەدا گیان لەدەست داوە.

قەشقە هەمیشە لەبەردەم هەرەشەدا بووە لەساڵی ١٩٦٣ وەک زۆربەی زۆری گوندەکانی کوردستان سوتێنراوەو ماڵو سامانی گوندنیشنەکانیان بەتاڵان براوە، لەپەلاماری ئەنفالی سێیدا قەشقە بەتوندی کەوتە بەر پەلاماری سەربازو جاش و نزیکەی ١٠٠ کەسیان بێسەروشوێنکران بەپێی ئەو ئامارەی نوسەری ناوچەکە محمد قەیتولی بەناوی سیانی و تەمەنیانەوە لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە (٩٩) کەسی گوندی قەشقە ئەنفالکراون. لە ئامارەکەی

١. بروانە محەمەد قەیتولی ئەنفالی قادر کەرەم.



وێنەی کۆمەلێك گەنجی گوندی قەشقەی سەربەناحێی قادر کەرەم کە هەموویان ئەنفالکراون

قەیتولیدا دەردەکەوێت کەوا زۆربەی ئەوانەی لەئەنفالدا وون بوون هەردو رەگەزی نێرومێی گرتووەتەوەو تەمەنیان لەنێوان ١٤ بۆ ٣٨ ساڵیدایە. لەوانە ٩٨ کەسیان نێرن و یەك کەسیشیان مێیە، بەزۆری تەمەنیان لە نێوان ١٩ بۆ ٣٠ ساڵدایە. ئەوەش وێنەیەکی رونی کۆمەڵکوژی گەنجە ئەنفالکراوەکانە.

١. عەبدوڵا مەلا جافەر

٢. بورهان حاجی ئیسماعیل

٣. نەناسراوە

٤. حوسێن حاجی حەمید

٥. حوسێن (حسین تەمە) ئەنفال نیە

٦. مامۆستا جەوهەر جەبار

دانیشتوەکان :

٧. سەلام عەلی ئیسماعیل

٨. مامۆستا لوقمان ئەمین رەشید

ئەنفالکراوانی گوندی قەشقە

ز	ناوی ئەنفالکراو	تەمەن
١.	ناهیدە نوری خەلیفە	
٢.	حسین ئەحمەد خەلیفە	٣٨
٣.	ساڵح ئەحمەد خەلیفە	٢٤
٤.	تەها ئەحمەد خەلیفە	٢٦
٥.	یاسین ئەحمەد خەلیفە	٢٤
٦.	ئیسماعیل ئەحمەد خەلیفە	١٩
٧.	عبدالله جەعفەر ئەحمەد	٢٢
٨.	خیرالله جەعفەر ئەحمەد	٢٤
٩.	مستەفا جەعفەر ئەحمەد	١٨
١٠.	فازل جەعفەر ئەحمەد	٣٩
١١.	عبدالله ئەمین رەشید	٣٤
١٢.	ساڵح ئەمین رەشید	٣١
١٣.	حسین ئەمین رەشید	٢٨
١٤.	لوقمان ئەمین رەشید	٢٢
١٥.	رەحمان محمەد عبدالرحمان	٣٢
١٦.	خالید محمەد عبدالرحمان	
١٧.	شێرزاد محمەد عبدالرحمان	٢٢
١٨.	نجم الدین ئەحمەد ساڵح	٢٣
١٩.	ابراهیم ئەحمەد ساڵح	٣١
٢٠.	رەشید ئەحمەد ساڵح	٣٣
٢١.	جەمال عبدالقادر ئەحمەد	٣٠
٢٢.	جەلال عبدالقادر ئەحمەد	٣٤
٢٣.	فەلاح عبدالقادر ئەحمەد	٢١

٢٤.	مستەفا عبدالله کەرە	٢٢
٢٥.	نوری عبدالله کەرە	١٨
٢٦.	فاتیح عبدالله کەرە	١٤
٢٧.	غازی عەزیز کەرە	٢٠
٢٨.	سەعدی عەزیز کەرە	٢٣
٢٩.	نوری حەمە سەعید محمد	
٣٠.	جیهاد محمد سالّح	٣٠
٣١.	موعتەسەم محمەد سالّح	٢٤
٣٢.	عەلی رەزا ئەمین	٢٢
٣٣.	عبدالکریم رەزا ئەمین	٢٤
٣٤.	فەرهاد ئەحمەد عوسمان	٢٢
٣٥.	عەباس ئەحمەد عوسمان	٢٠
٣٦.	جەهاد عوسمان کەریم	٣٠
٣٧.	محمد عوسمان کەریم	٣٤
٣٨.	بورهان اسماعیل ئەحمەد	٢١
٣٩.	ابراهیم اسماعیل ئەحمەد	١٨
٤٠.	تاهیر عەلی اسماعیل	٣٠
٤١.	سەلام عەلی اسماعیل	٢٣
٤٢.	حسین حەمید محمەد	٢٢
٤٣.	حەسەن حەمید محمەد	٣٠
٤٤.	شەهاب محمد ئەحمەد	٢٤
٤٥.	نەواب محمد ئەحمەد	٢١
٤٦.	جەوهەر محمد ئەحمەد	٣٤
٤٧.	سەلّح محمد ئەحمەد	
٤٨.	یاسین نوری سالّح	٣٢
٤٩.	کامیل نوری سالّح	٢٤
٥٠.	نیهاد عبدالقادر محمد	٣٤
٥١.	عبدالله عبدالقادر محمد	٢٤
٥٢.	سەردار عەلی مەحمود	٣٦
٥٣.	حسین عبدالقادر کەریم	٢٤
٥٤.	سابیر محمد ئەمین	٣٣
٥٥.	رەمەزان مەحمود محمد	١٨
٥٦.	مەجید عەلی قادر	٣٩
٥٧.	عاسی عەلی قادر	٣٤
٥٨.	خەلّف ئیمام ئەحمەد	٢٠
٥٩.	یاسین حسین چاوە	١٩
٦٠.	عادل ئەحمەد مەحمود	٢٠
٦١.	سەردار عبدالقادر کەریم	١٩

ئەنفالکراوانی گوندی قەشقە

٦٢.	محمد حەسەن نوری	١٩
٦٣.	ئازاد عەلی محمد	٢٢
٦٤.	وەهاب قادر عەلی	٢١
٦٥.	رەحمان محمد سالەح	٣٤
٦٦.	عبدالخالق مستەفا سالّح	٢٧
٦٧.	یاسین شەریف اسماعیل	٢٣
٦٨.	عەدالەت محمد قادر	٢٠
٦٩.	تەها عەزیز محمد	٢١
٧٠.	عەزیز ئەمین محمد	٣٤
٧١.	لەتیف ئەمین کەریم	٣٦
٧٢.	سەلّح نوری اسماعیل	١٩
٧٣.	عەزیز ستار اسماعیل	٢٢
٧٤.	ئازاد عبدالله ئەحمەد	٢٤
٧٥.	فەرهاد ئەنوەر نوری	٢٤
٧٦.	جەوهەر جەبار محمد	٢١
٧٧.	لەتیف سالّح محمد	٢٣
٧٨.	کەمال مستەفا کەریم	١٧
٧٩.	تەها مستەفا محمد	٢١
٨٠.	محمد رەزا اسماعیل	٢٠
٨١.	مەحمود محمد دەرویش	٣٠
٨٢.	عەلی رەزا مەحمود	١٩
٨٣.	رەحمان ئەحمەد مەحمود	٣١
٨٤.	ابوبەکر ئەمین رەحمان	٢٢
٨٥.	فەلاح ئەحمەد ئەمین	٢١
٨٦.	جەبار مستەفا ئەحمەد	٢٠
٨٧.	سەمەد حەسەن نوری	١٨
٨٨.	شێخە شەریف کەریم	٢٢
٨٩.	یەحیا عبدالقادر ئەمین	٢٣
٩٠.	بورهان عبدالقادر خەلیفە	٢٤
٩١.	ئازاد حەیدەر اسماعیل	
٩٢.	کەرەم ئەحمەد محمد	٣٠
٩٣.	سەلام محمد عبدالقادر	٢٤
٩٤.	موعتەسەم مستەفا ئەمین	٢٠
٩٥.	عبدالله حسین مەحمود	٣٢
٩٦.	محمد شەریف حسین	٢٨
٩٧.	حسین خدر اسماعیل	
٩٨.	نەوزاد حسین عەلی	١٩
٩٩.	حسین ئەحمەد عەلی	٣٨

ئەنجومەنی نیشتمانی کۆماری کۆریا


تاوانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد، بە توندی ئیدانە و مەحکوم کرد

پەرلەمانی کۆریا بیست و پێنجەمین ساڵیادی جینۆسایدی کورد بەرز رادەگرێ.

١٥-ئەیلول-٢٠١٣ ٠٤:٤٢:٠٠

زاگرۆس ئەحمەد کەمال راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رای گەیاند: لەنامەیەکدا کە لەرێگەی نووسینگەی باڵیۆزخانەی کۆماری کۆریا لەهەرێمی کوردستان ئاراستەی بەرێز د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کۆماری کۆریا وێرای پێشکەشکردنی سلاو، دەقی بریاری مەحکومکردنی جینۆسایدی کوردی لەپرۆسەی ئەنفالدا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە لە رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانی کۆماری کۆریا بریاری لەسەر داوە،



EMBASSY OFFICE OF THE REPUBLIC OF KOREA
ERBIL , IRAQ

KEEO: 2013-26 September 4, 2013

His Excellency Dr. Arsalan Baiz
Speaker of the Kurdistan Parliament

The Erbil Office of the Embassy of the Republic of Korea to Iraq presents its compliments to the Kurdistan Parliament of the Kurdistan Region and has the honor to convey you a letter from the Speaker of the National Assembly of the Republic of Korea and the Resolution adopted by the National Assembly of the Republic of Korea Condemning the Kurdish Genocide by the Anfal Campaign on June 25, 2013 to the Kurdistan Parliament.

The Korean Embassy Office in Erbil avails itself of this opportunity to assure of its highest consideration.

Attached : The Speaker of the National Assembly of the Republic of Korea letter and the Resolution.

زاگرۆس ئەحمەد کەمال راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی راگەیاند: ئەنجومەنی نیشتمانی کۆماری کۆریا لە دانیشتنی رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٥ ی خۆی دا جینۆسایدی گەلی کوردی بەدەستی رژێمی بەعس بەتوندترین شێوە ئیدانەومەحکوم کردوە کە زۆر درندانە دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی کوردستان هاتە ئەنجامدان، رژێمی بەعس وحکومەتی ئەوسای عیراق بەو کارەی رووبەرووی هەموو هۆشداری و نیگەرانیەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و پێشێل کردنی بریارەکانی ساڵی ١٩٤٨ ی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە ڕێگرتن لەئەنجامدانی تاوانی جینۆساید هاتەوە و وەک لەبریارەکەیان ئاماژەیان پێداوە رژێمی صدام حسێن ئەو کردەوەی بۆ تێک شکاندنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٩ لەرێگەی ئەنجامدانی هێرشی زەمینی و بۆمبارانی هەوایی و ڕەشبگیری و ڕاگواستنی زۆرە ملێ و ڕەشەکوژی و روخاندنی سیستەماتیکی شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوولاتیان و بەکار هێنانی چەکی کیمیایی، کە وێرای گیان لەدەستدانی دەیان هەزار کەس کاردانەوەی دەروونی زۆریشی جێهێشتوە کە تائێستا دوای بیست و پێنج ساڵ ساڕێژ نەبووە،

هەر لەبریارەکەیان پەرلەمانی کۆریا تاوانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردی بە تاوانێکی زۆر ترسناک لەدژی سەقامگیری و ئاشتی لەسەرتاسەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەقەڵەم داوە و هۆشداری دەدات کە هەر رژێمێک پەنا بۆ ئەو جۆرە کارانە ببات دەبێ فشاری بخرێتە سەر و گۆشەگیر بکرێ، هاوکات پەرلەمانی کۆریا بیست و پێنجەمین ساڵیادی جینۆسایدی کورد بەرز رادەگرێ و داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بەحیکمەتەوە کار بکەن بۆ بەرقەرار کردنی ئاشتی و ئاسایش لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا.

وێرای دەربڕینی هاوسۆزیان بۆکەسوکاری قوربانیانی تاوانەکە لەرابردوودا دژی کورد لەعیراق جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە کە جینۆساید بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێ و لەدنیای مەدەنیەتدا بە تاوانێکی مەزن دەناسرێ ودەبێ کاربکرێ تاوانی وا لەهیچ شوێنێکی دنیا دووبارە نەبێتەوەو پەرلەمانی کۆریا چالاکانە پشتگیری لەهەوڵەکانی حکومەتی کۆماری کۆریا وکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بۆ ڕێگرتن لەجینۆساید و فریاکەوتنی قوربانیان و دووبارە نەبوونەوەی.

بەڵگەنامە ترسناکەکان

ئەنفالکراوان بۆ یەکەی کوشتارگەی مرۆیی

طالب الوحيلي
لە عەرەبییەوە: جیهاد موحەمەد
سەرچاوە: حوار متمدن

لە چاپ پێخشاندنەوەیەکی بابەتەکانی ناو تۆری ئینتەرنێتدا لەسەر مافی مرۆڤ، ئەو بەڵگە تۆقێنەرانە بەسەرتا دەبارێن کە لە دامودەستگاکانی سیستەمی فاشی عێراقی بەعسییەکان و سەدام حسەیندا، دۆزرانەوە، لە دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمە کە ڕاستینەی فاشیەتو دڕندە خوێناویەکەی نیشاندەدات، ئەم بەڵگانە ئامرازێکی ماددین کە لە کاتی خۆیدا بۆ هەموو لایەک، دیار نەبوو!، کە تاوانەکانیان چ بە ژمارەو، چ لە ڕووی گەورەییەوە، هەموویان نیشانەبوون بۆ ئەو ئاستە دڕندەییو ناشیرینو قێزەونەی سەدامو دارودەستەو دامودستگاکانیان کە ماوەی چەندین دەیە حوکمی عێراقیان کرد، هەریەکێک لەو بەڵگانە بەسە بۆ ئیدانەکردنیو ئیدانەی ئەو ژمارە زۆرەی کە هاوبەشییانکردوە لەو تاوانانەداو بوون بە پشتیوانی سەرکەوتنی ئەو تاوانانە، ئەو ئیدانەکردنەی هەموویان، وەک یەک، پێویستە لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە یاسا، جیاوازی ناکات، لە نێوان تاوابارانی ڕاستەوخۆو ئەوانەشی کە هاوبەشییان تیاکردوەو لەگەڵیاندابوون، ئەمەش بە پێی دادگای تاوان لە عێراقدا لە مادەی ٤٧و ٤٨و ٤٩دا ی یاسای سزاداندا کە زاناوە لای هەمووان، جەختی لەسەر دەکاتەوەو پێیی لەسەر دادەگرێت.

ئەوانەی کە هاوبەشییاندەکرد لەگەڵ ئەم ڕژێمە فاشیەی بەعسییەکاندا، پاڵیان دابوو بەو سیمبولە بۆگەنە دڕندەییەوە، یان خۆیان فرێدابوە باوەشی شارە نزیکەکان یان شارە دوورەکانی جیهان لە عێراقەوە، بە خۆ فرۆشتن بە سەروەتو سامانێکی دارایی پوچی نامرۆییانەونامەردانە، کە لەپێناوی خۆ دەوڵەمەندکردنو سامانی دارییاندا خۆیانو مرۆییبوونی خۆیان فرۆشتبوو، ڕاژەی جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی داگیرکەرانیان دەکرد.

بە تایبەتی لە کاتێکدا کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی زۆر لەسەر خۆ دەگوزەرا لە نێوەندێکی سۆزداریی ڕاگەیاندنەکاندا، کە بازرگانێتیان دەکرد بەوانەی کە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دەدۆزرانەوەو، ڕۆحی ئەو قوربانیانەی کە چاوەڕوانی کاتی سزاو تۆڵەیەکی دادپەروەرانە بوون، بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی کە هاوبەشییان کردبوو لە کوشتنی ملوێنەها خەڵکی بێ تاوان، چ بە لە سێدارەدانیانو ئەشکەنجەدانی مەرگهێنەرو بێسەروشوێنکردنێك کە هیچ کەس پێی نەدەزانین جگە لە خواو سەدام و تاقمەکەی نەبێت.

بەڵگە دیارەکانی تاوانە سەرەکیەکانی وەك تاوانی ئەنفالکردن کە بە هەڵە ناودەبران بە یەك دانە تاوان! چوونکە ئەنفالکردنی(١٨٥) هەزار کەس بوو، ئەمەش یەکێك بوو لە هەڵە گەورەکان، چوونکە هەر یەکێك لەو کەسانە کە بە تاوانی ئەنفال بێسەروشوێنکراوە، خۆی لە خۆیدا یەك دانە تاوانی سەربەخۆیە، بۆیە دەبوایە لە کاتی سزادانی سەدام حسەینو تاقمە خوێنڕێژەکەیدا بۆ هەر یەکەیان ١٨٠ هەزار حوکمی لە سێدارەدان بدرایە.

ئەوەی کە گوێی لە پرۆسەی دادگاییەکە دەگرتو بە دواداچوونی بۆ دەکردو پرۆسەکەی دەبینیو گوێی لە شاهیدەکانو سکاڵاکاران دەبوو، کە چیرۆك گەلێکی دڵتەزێنی وایان لە خۆ گرتبوو کە سەری ڕەشی سپی دەکرد، هەموو ئەو ئەشکەنجەو ئازارانەی سەردەمی بەعسییەکانی دەهێنایەوە یاد، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە هەندێکیان لەو ئازارو ئەشکەنجانە چەشتبوو، هەموو ئەو چیرۆکانەش، وەك هەمان ئەو چیرۆکانە وابوون کە تۆڕی ئینتەرنێت بە بەڵگەوە دەیخستنە بەردەست، ئەو بەڵگانەش هەندێك هەوالگریی نهێنی بوون کە دامودەزگاکانی بەعسییەکان نەیانتوانیبوو بیفەوتێنن، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر خۆ پارێزو نهێنی پارێز بوون لەسەر تاوانەکانیان، وەك

ئەوەی خوا ویستبێتی ئابڕوویان بەرێت‌و هەموو بەلگەکانیان لەسەر تاوانەکانیان دەرکەوێت، کە چەند تاوانیان کردوەو چەند تاوانەکانیان گەورە بووە بەرامبەر بە گەلەکەمان. ئەم بەڵگانە بە جۆرێك بوون، کە بەتووندی بەرەوڕووی ئەوانە دەبوونەوە کە هەوڵیان بدایە بۆ شاردنەوەی راستیەکان‌و کەمکردنەوەی گەورەیی تاوانەکەو، پاساو هێنانەوە لەسەریان، بۆ بەرگریکردن لە تاوانباران و هاوبەشە ئابروچووکانیان، کە هەندێك لە وشەو دەستەواژەی یاسایی نێودەوڵەتیان دەدۆزیەوە بۆ داپۆشینی تاوانەکان‌و، بیانوو هێنانەوە و پاساو هێنانەوە بۆیان، گوایە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ کاردەکەن‌و ئەو پاساوانەیان دەهێنایەوە، کام مافی مرۆڤ!! کام مافی مرۆڤ دەتوانێت ڕێز لە سەدام و کارگوزارە دۆزەخیەکانی زووتری سەدام‌و، ئەوانەشی کە مابوونەوە بۆ ئەوەی کە هەستی مرۆڤپەروەریی و مافی مرۆڤ پیشان جیهان بدەن‌و، بەمەش فێل بکەن لە جیهان. ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەو دەقانەی کە لە بەڵگەیەکدا هاتووەو لە یەکێك لە ماڵپەرە ئینتەرنێتیەکاندا بڵاوکراوەتەوە، وەك خۆی دەیخەینە بەردەست:

بەڵگەی ژمارە یەك (١)

بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئەمن لە بەغداد لە لێپرسراوانی (و م ب)

سڵاوێکی خەباتگێڕانە لە پێناوی عێراق دا..

ماوەیەك لەمەو پێش، پۆلی سێهەممان لە تێکدەران (مخربین) دەستبەسەراگیراوان، کە ژمارەیان ٢٤٠٠ کەسە بۆ هاتووە.. ئەو خوێنەی کە داواکراوە بۆسەرکەوتنی پرۆسەی دووناوکی (عملیە مزدوج) (٢٤) زۆری کەمە.. بۆیە پێویستە بە زووترین کات پۆلی سێهەمیشمان بۆ بنێرن، چوونکە سەرکردایەتی گشتی، چاوەڕوانی ئەنجامە حەتمیەکەیە. پێویستە هەموو تەگبیری پێویست بکەن‌و چاودێری سایەقەکان‌و ئەو ئەفسەرانەش بکەن کە هەڵدەستن بە گواستنەوەیان، لەلای خۆتانەوەو هەمووئەو بەڵگانەی کە لای بەرپرسەکانن بیانسوتێنن، بە تایبەتی بەڵگە زانستیەکان‌و هەموو زانیاریەکان دەربارەی (عملیە المزدوج) پرۆسەی دووڵایەن(٢٤)و بە تایبەتی ئەوانەی لای کوردەکان بفەوتێنن.

لە ئەنجامی ئەو بروسکەیەی سەروەدا، ئەم بروسکەیەی خوارێشەوە هاتووە، واتا بەڵگەی ژمارە ٢:

بەڵگەی ژمارە دوو(٢)

لە بەڕێوەبەری کۆگاکانی سویرەوە بۆ سەرۆکی(و م ب) ئاماژە بە نووسیراوتان ژمارە ٢٤٣/ج/١٥ لە ١٩٩٠/٧/٦ واژوکراو لە لایەن عەمید(....) ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیار تیپی پرۆسەی (دووڵایەن ٢٤) (فرقە العملیە المزدوج) سەرپشککراو لەلایەن بەڕێوەبەری ئەمن‌و ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی توێژینەوە زانستیەکانی سەربە هەواڵگری سەربازی، پۆلی سێهەم لە تێکدەران (مخربین) تان بۆ دەنێرین کە ژمارەیان ٨٥٠ کەسە بە ژمارەی ریزبەند، بەهیوای سەرکەوتنتانم لە بەدەستهێنانی ئەم پرۆژەیەدا بۆ خزمەتی حیزب‌و گەلەکەمان.

براتان

(...)

بەڕێوەبەری کۆگاکانی سویرە

١٩٩٠/٧/٢٧

بە وردبوونەوە لەم دوو بەڵگەیەی سەرەوە، ئەوە دەسەلمێت کە ڕژێمی بەعسی دڕندەی لە ناوچوو، ژمارەیەکی گەورەیان لە بێ تاوانی عێراقیەکان‌و، بە تایبەتی کوردە ئەنفالکراوەکان بەکارهێناوە بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوەیەکدا، بە بەکارهێنانی خوێنەکەیان لە پێناوی سەرکەوتنی (عملیە المزدوج) پرۆسەی (دووڵایەنی٢٤)، ئەو پرۆسەیە کە ڕەنگە سەدام خۆی‌و تاقمەکەی لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا بڕیاریان لەسەر دابێت لە پێناوی پرکردنەوەی جبەخانەی جەنگە نارەواکەیاندا ! کەپۆلی سێیەمی ئەو ئەنفالکراوە بێ تاوانانە گەیشتوەتە ٢٤٠٠ مرۆڤ، دوای گەیشتنی ئەم پۆلەش، داوای پۆلێکی تردەکەن کە ژمارەیان دەگاتە ٨٥٠ مرۆڤی بێ تاوانی تر، بۆ مژینی خوێنی جەستەیان، کە مەگەر خوا بزانێت چەند بووە ژمارەی ئەو پۆلە مرۆڤانەی کە لە پێش ئەم پۆلی سێیەمو لەدوای پۆلی چوارەمەوە کە بردویانن بۆ هەمان مەبەستی گڵاو. ئەمە چ (سەر بڕگە)،

قەسابخانەیەکە، کە درووستکراوە بۆ مژینی خوێنی کەسانی بێ تاوان، لە دوایشدا ئەگەر خۆیان لە ئەنجامی ئەو تاوانەدا نەمردبێتن، ئەوە بە دڵنیاییەوە کوشتونیانن‌و لە گۆڕە بە کۆمەڵێکی نادیاردا شاردونیانناتەوە، یان جەستەی مردویانیان فەوتاندوە بە ڕێگەیەکی زانستیانە!!، تا شوێنەواریان ونبکرێت‌و بۆ هەتا هەتایە دیار نەمێنن. ئەمە چ ڕژێم‌و حیزبێك بووە کە نەیتوانیەوە بەردەوامبێت‌و بژی بە بێ ئەو خوێنڕێژیە وەحشیگەرییەو درووستکردنی دەریایەك لە خوێن. ئەمە چ مرۆڤگەلێکی دزێوو مێشك بۆگەن‌و ستەماکربوون کە بە هیچ شتێك تێری نەکردوون جگە لە لاشەی بەشەرە عێراقیەکان نەبێت. هەندێك، بروا ناکەن بەم وەحشیگەرییەو دەڵێن ئەمە درۆی هەڵبەستراوە، ئەمان کاتێك ئەم قسەیە دەکەن کە دەتوانن خۆیان کوێرو کەر بکەن لە ئاستی ئەو هەموو وەحشیەتەی کە بەعسیەکان بەکاریان هێنا بە لێدان‌و بۆردوومانی شارو شارۆچەکەو دێهاتەکانی کوردستانی عێراق‌و دیسان لە خواروی عێراق‌و ناوەڕستی عێراقیشدا هەمان کاری نابەجێ‌و ناڕەوایان ئەنجامدا. ئەم دڕندانە، چەکی کیمیایی حەرامکراوی نێودەوڵەتیان بەکارهێنا، لەگەڵ چەکی قورسی ستراتیجی سەربازیدا، ئەو شوێنەوارانەی کە دۆزرانەوە لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا، لە شاردنەوەو زیندە بە چاڵکردنی منداڵانی شیرەخۆرەو کۆڕپەی تازە لە دایکبوو، ژنان‌و پیرو پەکەوتەو نەخۆشەکان هەموویان زیندە بە چاڵکران، یان بە دینامیت تەقاندنەوە لە ناویاندا، دەبوایە بە شێوەیەکی زانستیانە دادگ، هەڵبستایە، بە دۆزینەوەی بەڵگەکان‌و جۆری کوشتنیان‌و جیاکردنەوەیان. دەبوایە دادگای باڵای تاوانی عێراقی هەموو بەڵگەکانی لەبەرچاوبگرتایە‌و، داوای لە هەموو ماڵپەڕو دامەزراوە مرۆییەکان بکردایە بۆ پێدان‌و پێشکەشکردنی سەرجەمی ئەو بەڵگانە بۆ دادگا، تا لەسەر ئەو بنەمایە تۆڵەیەکی ڕەواو یاسایانەی داپەروەرانەیان لێبکرایەتەوەو ڕسوابکرانایە لە جیهاندا. .

بەڵگەی ژمارە سێ(٣)

نهێنی‌و بە پەلە

بەروار : ١٧٦ لە ١٩٨٩/١٠/٢٨

بۆ یەکەی مەخزەنەکانی سویرە لە یەکەی ٥٠١٣وە (و.م.ب)

تکایە چۆن دەتوانن بە خێرایی چەند پۆلێکی ترمان بۆ بنێرن لە تێکدەرە کوردەکان، چوونکە پرۆسەی دوولایەنی ٢٤ پێویستی بە زیاتر هەیە. تا ئێستا هەندێك کۆمەڵمان لە تێکدەران بەدەست گەیشتووە، سەرکردایەتی داوامانلێدەکات بە خێرایی پرۆسەی دوولایەنەی ٢٤ ئەنجامبدرێت. هەربۆیە لە پێناوی حیزب‌و شۆرش دا ڕاگر/ فەرماندەی ٥٠١٣ ع.ك.ك بەڵگەی ژمارە چوار(٤) نهێنی‌و بە پەلە ٧٥ ١٩٨٩/١٠/٢٦ بۆ/یەکەی ٥٠١٣(و.م.ب) لە مەخزەنەکانی سویرەوە بە پێی داواکاریەکەتان، پۆلی دوەممان لە تێکدەرە کوردەکان کە ژمارەیان ١٨٦٠ کەس بوون بۆ ناردن، بۆ تەواوکردنی تاقیکردنەوەی پرۆسەی دوولایەن ٢٤ هەربۆیە لە پێناوی حیزب‌و شۆرش دا ڕاگر / فەرماندەی یەکەی مەخزەنەکان سویرە .

بەڵگەی پێنج (٥)

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

نهێنی‌و بەپەلەوکەسیی

فەرماندەیی ناوچەی ئەربیل

ژمارە/ح/١/٢٧٧

بەروار ١٩٨٦/٨/٣

بۆ: یەکەی دەقەرەکان: ٢٤ د.ر.و زەوتکردنی بۆمبە بایۆلۆژیە کیمیاییەکان نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ، زۆر نهێنی‌و کەسیی ٢٨٨ لە ١٩٨٦/٥/١٨و نووسراوی وەزارەتی بەرگری زۆر نهێنی‌و کەسیی ١٠١٣٥ لە ١٩٨٦/٤/٢٥ ڕاگەیاندراوبە دائیرەی مەشق ١٣٦ لە ١٩٨٦/٥/٢٧ پشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، نووسینگەی تایبەت، زۆر نهێنی‌وکەسی ٥٨٠١ لە ١٩٨٦/٥/٢٦و ئاماژە بە نووسراوی لیژنەی تایبەتی کۆنترۆڵکەر لەسەر بەکارهێنانی مەوادی بایۆلۆژی‌و کیمیایی زۆر نهێنی‌و کەسی ٢٢ لە ١٩٨٦/٦/٢٣و ڕاگەیاندراو بۆمان بە نووسراوی سەرکردایەتی هێزی فەوجە بەرگریە نیشتیامنیەکان/٥ زۆر نهێنی‌و کەسی٢٩٢ لە ١٩٨٦/٩/٢٤دا.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=78554

ئەم تاوانبارەی ئەنفال بناسە

ئەیاد فتیح خەلیفە

تاوانبار: فەریق روکنی یەکەم ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلراوی، فەرماندەی هێزەکانی گاردی کۆماری ببووە. یەکێك لە تاوانبارانی ئەنفال و تاوانباری کیمیابارانی هەڵەبجە لە سەروەختی تاوانەکان لیوارکن بووەو ئەندامی وەحدەی کوشتارگەی مرۆیی (وەحدە المجازر البشریە– الصویرە)ی سوێرە بووە.

لەدوای روخانی بەعس لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەوا ئەفسەرەکانی سوپاکۆبکاتەوەو بەناوی بەرگریو مقاومەوە ئاشوبی زیاتر بنێتەوە لە عێراقدا بەڵام لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە دەستگیرکراوەو هەواڵەی زیندان کراو دۆسێی لێکۆلینەوەی بۆ کرایەوە.

دادگای باڵای تاوانەکان بەڵگەی تەواوی بەدەستهێنا کە تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەرهەق بەکورد کردووەو بەشداری تاوانی کردووە لە گواستنەوەی زۆرەملێی دادگا بریاریدا بەمادەی (١٢/یەکەم– د) بە ریپیشاندەری مادەی ١٥ لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکان ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی مادەی (١٨٢) برگەی (ا) لەیاسای سزادانی ژمارە (٢٣) ی سالی ١٩٧١ وەبەتایبەتی تاوانەکەت پشتی بە ئەحکامی بەندی (١،٢/٤٧٨) بەستووە لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بە معدل و بەدەلالەتی بەندی (٢٤/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ معد ئەم بریارە دەرچووە بالاتفاق لە ٢٠٠٩/٨/٢ بەتێگەیشتنی ئێمە.

٢ دادگا بریاریدا (ئەیاد فتیح خەلیفە ئەلراوی بە زیندانی کردنی بۆماوەی (٦) ساڵ بە پشت بەستن بە ئەحکامی بەندی (١،٢/٤٧٨) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ بە معدل و بەدەلالەتی بەندی (٢٤/ دووەم) لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ معدل احکامی بەندی (١٨٢) برگەی (أ) لە یاسای ئسولێ دادگاکانی سزادان ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ معدل.



المجرم: إياد فتيح خليفه الراوى

١. الكفاية الادلة المتحصلة في هذه القضية بحق المتهم اياد فتيح خليفة الراوي وذلك لارتكابه وبالاشتراك جريمة النقل القسري بحق الشعب الكردي جريمة ضد الانسانية، قررت المحكمة ادانته وفق التهمة الموجهة اليه استنادا لأحكام المادة (١٢/ اولا–د) وبدلالة المادة (١٥) من قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥ المعدل واحكام المادة (١٨٢) الفقرة (أ) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل وتحديد عقوبتك استنادا لأحكام المادة (٢،١/٤٧٨) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل وبدلالة المادة (٢٤/ثانيا) من قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥ المعدل وصدر القرار بالاتفاق في ٢٠٠٩/٨/٢ وافهم علنا.

٢. حكمت المحكمة على المدان اياد فتيح خليفة الراوي بالسجن لمدة (٦) سنوات استنادا لأحكام المادة (٤٧٨/ ٢،١) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل وبدلالة المادة (٢٤/ ثانيا) من قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥ المعدل واحكام المادة (١٨٢) الفقرة (أ) من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل.

٣. لم تحتسب موقوفية المدان في هذه القضية كونه محكوما في قضية اخرى ومرجأ تقرير مصيره عن هذه القضية.

وصدر القرار بالاتفاق في ٢٠٠٩/٨/٢ وأفهم علنا.

دەربارەی ئەم وێنەیە

لەئەرشیفی توانامصلح بالیسانیەوە

وێنەی منداڵێکی کورد کە بریندارى چەکی کیمیاویەو لە نەخۆشخانەی ورمێ لە ولاّتی ئیران لەلایەن نوسەری کۆچکردوو فەلەکەدین کاکەییەوە گیراوە. سەبارەت بەم وێنەیە توانا موصلح نوسیوێتی: ساڵی (٢٠٠٦) مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی کە ئەوسا وەزیری رۆشنبیری بوو، کۆمەلیك وێنەی کیمیابارانی دۆڵی مەلەکانی پێدام بۆئەوەی لە ئەرشیفی خۆم بیانپارێزم. بەپێی نوسینەکەی توانا بێت دەبێت ئەو منداڵە بریندارە خەلکی دۆڵی مەلەکان بێت.



کۆچی دوایی ئەنفالکراوێك



شیرین ئەمینی دانیشتووی گوندی (توکن) لە سەرقەڵای کفری. دایکی پێنج منداڵ بوو، بەڵام ئەفسوس هەموویان پێکەوە ئەنفالکرانو تەنها خۆی و دوو کچی مانەوە، ماوەی شەش مانگی تەواو لە نوگرەسەلمان بوون دوای ئەوە لەگەڵ دووکچەکەی گەرانەوە بۆ گەرمیان، بەڵام کورەکانی (حەسەنو حسێن)و دوکچی (نەسرینو سەبری) جارێکی تر نەبینرانەوە. شیرین و منداڵەکانی لە ماڵی خزمەکانی دەژیان، هەتا منداڵەکانی گەورەبوون ئەرکیان بەسەرخزمەکانیەوە بوو.ئەفسوس رۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٣ پاش ململانیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد شیرینی ئەنفالدیدە هەتا دوا چرکەکانی ژیانی لە چاوەروانی ئەنفالکراوەکانیدا بوو بە هەژاریو مەینەتیەکی زۆرەوە رۆژگارەکانی تەمەنی بەرێکرد.

بەشێك لە یادەوەری و ئازارەكانم لە كیمیابارانی دۆڵی بالیساندا

ملاهندرێن بالیسانی
كوڕی دووشەهیدی بالیسان
hindrenbalesanem@yahoo.com



لەكاتی خۆی پێش ڕاپەڕین ودوای ڕاپەڕین بەناوچەی ئێمەیان دەووت (دۆڵە فیتنە) ئەمەش لەلایەن خەڵكانێك بەكاردەهات كەخەڵكی دۆڵی بالیسان نەبوون.

لە بەرئەوەی ئەوان كەوتبوونە دەوروبەری ئێمە بەسەبەبی ئێمە چەندەها جار تووشی نەهامەتی وناخۆشی دەبوون هەرلەكاتی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و دوای ڕاپەڕین وشەڕی بەدناوی براكوژی ئاگرەكەی لەم دۆڵەدا زیاتر داگیرساوە وخۆشبووە،پەندێكی كوردی هەیە دەڵێ: (شەڕ لەبادینان تۆز لەدەركێ مە) ئەوە لەسەر ئێمە جێ بەجێ دەبێ هەرئێمە زیاتر قوربانی بووینە،بەنموونە یەك لەوجارانەی كە ئەم دۆڵە فیتنەیە كیمیاباران كرا كاریگەریەكەی هاتەسەر ناحیەی (خلیفان) ئێ ئەوان چی بكەن؟ بەڵام لەیادم نەماوە كام كیمیاباران بوو بەس لەوەئەچێ هی دۆڵی (مەلەكان) بوبێت.

ئەوان بۆخۆیان دانیشتبوون هیچ كێشەیەكیان نەبوو كەفرۆكەكانی دووژمن ئەهاتن خولیان دەدا دەهاتنەوە سەر خلیفان دەیان ووت :ئەوە تەیارە هاتنەوە لە دۆرە (فیتنێ)!!! جا شوینەكانی تریش هەرئەوهایان پێ دەووتین.....

بەڕێزان ئەو شوینانەی لەم ناوچەیەو دۆڵی بالیسان كەوتنە بەر ئەم چەكە ژەهراویە لەلایەن دووژمنانی گەلەكەمانەوە بریتین لەم چەند شوێنەی داهاتوو:

یەكەم :

هەردوو گوندی (بالیسان وشێخ وەسان) لە بەروارێ (١٩٨٧/٤/١٦) ئەم مێژووە دەكاتە (١١) مانگ پێش كیمیابارانی (هەڵەبجە) ی جەرگ سووتاو،وە یەكەم جاربوو كە ئەم چەكە كوشندەیەلە كوردستان بەكاربێت لەدژی خەڵكی سڤیل وهاوڵاتی،وەزۆرترین شەهیدو جینۆسایدی ئەم دۆڵە لەم كیمیاباران كردنە دابوو،جگە لەژمارەیەكی كەمی لاشەی شەهیدو جینۆسایدكراوەكان كەهێنانیانەوە بالیسان لەدوای ڕاپەڕین ئەوانەی تر تائێستا نازانین لاشەكانیان لەكام شوێنی ئەم دونیایەدا ژێر خاك كراون!!.

شایەنی باسە رژێمی بەعس لەدوای كیمیاباران كردنەكە دەی ووت:وەرن خۆتان بەدەستەوە بدەن تیمارتان دەكەین بەڵام دواتر جینۆسایدی كردن وبزری كردن هەروە ك ووتم نازانین لاشەكانیشیان لەكوێن.

وەلەم كیمیابارانەدا من بۆخۆم لەگەڵ (باوكم ودایكم وخوشكم)كەوتینە بەركیمیاباران لەبالیسان، بەڵام بەحوكمی ئەوەی باوكم پێشمەرگە بوو خۆی نەدایە دەست ڕژێم بۆچارەسەركردنی دروێنە، ئێمەش لەگەڵ ئەودابووین، لەدوای ئەوەی ئیوارەكەی(٤/١٦) كیمیاباران كراین چوینە ئەشكەوتی (عەلیەبۆن) كەكەوتۆتە چیای بەرامبەری بالیسان،لەدواییدا بەنهێنی خۆمان گەیاندۆتە شەقلاوە و دواتر خلیفان لای ماڵە باپیرانم لەوێدا تیماركراوین بەنهێنی تاچاك بووینەوە سوپاس بۆخوا،(زۆر سوپاسی هەموو ئەوكەسانە دەكەم كەیارمەتی یان داوین بەنهێنی دەرمانیان بۆدەهێناین بەتایبەتی لە شارۆچكەی خلیفانی خۆشەویست).

هەر لەم دووشوێنە چەندلایەنێ كەشایەنی سوپاس

کردنن بەباپیرم (حاجی حمدبگ) دەڵێن: (باجعفر نەچێتەوە بۆبالیسان لای ئێمە بمێنێتەوە پاراستنی ئەرکی ئێمە).

وەڵامی باوکم (شەهید جعفربالیسانی) بۆباپیرم لەدوادیداریاندا:

(تۆ دەتەوێ من لەناو ڕژێم بمێنمەوە ببم بە(جاش) جابڵێن جعفر نفوسی کون کراوە.....!!!!نادەڕۆم دەچمەوە ناوپێشمەرگە لەبالیسان) دواتر دەڕواتەوە بالیسان بەڵام لەسەر قسەی باپیرم من لای ئەوان جێدێڵێ چونکە خێزانەکەمان لە(٦) پشتەوە تا دەگاتە من بەتاقانە هاتووە کەسمان برامان نەبووە بۆیە باپیرم دەڵێ: (بائەوکوڕەمان لەلابێ و عائیلەمان لەناونەچێت)،ئەویش دڵی نەرم دەبێ. چونکە باوکم بەقسەی کەسی نەکردووە هەرلەسەر قسەی خۆی بووە گەرنا ئەبوایە ئەوکاتە بەگوێ ی ئەوانی بکردایە و نەچووبایەوە بالیسان چونکە ڕژێم هەڕەشەی لێدانەوەی کیمیای کردبوو،وە گەر نەچوبایەوە ئێمەش وا بێ کەس نەدەبووین، وەئەوەی ئەوان کردیان خەڵکانێك دەیخۆن وەکو کورد دەڵێ:(نەبایان دیوە نەباران)لەهەموو سەردەمەکان دەخۆن. ئەوانەی جاش بوونە لە دژی پێشمەرگە جەنگاون و لەجینۆسایدی دژی کورد بەشداربوونە زۆر بەڕێزتر و لەپێشترن لەکەس وکاری شەهیدان وخەباتکارەکانی شاخ لەم هەرێمەی کەبەخوێنی شەهیدەکانی ئێمە ڕزگاری بووە!.

بەڕێزان لاتان سەیرنەبێ کەسی واهەبووە (مەفرەزە خاسە) بووە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس بەبەردەوامی تاکو ڕاپەڕین ئازاری خەڵکی دەدا لەسەر کوردایەتی،دواتر بەنەخۆشی مردوە ئێستا موچەکەی نزیکەی (٦) شەش ئەوەندەی موچەی بابی منە بۆزانیاریتان ئەوکاتەی باوکی من شەهیدبووە پلەی (فەرماندەی کەرت)بووە.

لەوانەیە هەرئەوەیە وای کردووە ئەوانەی کەپێشمەرگە بوونە ولەشاخ بوونە لەپێناو ئەم کوردستانەخەباتیان کردووە یاخود کەس وکاریان شەهیدبووە دەڵێن : (خۆزگە ئێمەش جاش بوونایە سابەشکوو ئێستا موچەکەی ئێمەش وەکو ئەوان باش دەبوو،یاخود وەکو ئەوان ڕێزمان لێ دەگیرا!!!).

نالێم باموچەیان نەدرێتێ نا....بابە سەر ئێمە دا گەورە نەکرێن و گەورە کردنیان بەسەر پێشمەرگەو کەس وکاری شەهیدان جێگای ڕەخنەوگلەیی یە!!!.

کەسی وامان زۆرە بەعسی بوونە کراون بەئەندامی پەڕلەمان وپلەدار وکاربەدەست وهتد.....

گەر ڕاستی وکوردایەتی و وەفا و ڕێزگرتن دەوێ لەخوێنی هەزارەها شەهیدی ئەم نیشتمانە نابێ بەم شێوەیەبێ بەڵام...!

١. دووەم شوێن کە کیمیاباران کرا لە ناوچەکەمان بریتی بوولە دۆڵی (مەلەکان) لە بەرواری ١٩٨٧/٦/١٩.

٢. شوێنێکی تر کە ئەم چەکە کوشندەیەی تێدا تاقی کرایەوە بریتی بوو لەگوندی (وەرێ) ئەمەشیان لە ڕۆژی عالفەی (جەژنی ڕەمەزان)دا لەوکاتە بوو کە خەڵکەکەی چاوەڕوانی ڕۆژوو شکاندن بوون خۆیان ئامادەکردبوو بۆ بەڕێوەبردنی بۆنەیەکی ئایینی بۆبەیانی ئەویش جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بووە،بەڵام بەداخەوە دەستە ڕەشەکەی دووژمن لەیەکەم ڕۆژی دەسپێکردنی قۆناغی (پێنجەم) ی جینۆسایدلەناوچەکەدا ئەم جەژنەی لێ تاڵ کردن و ژمارەیەکی زۆری لێ شەهیدکردن کە زیاتر بوو لە(٣٠)کەس.

٣. ئەم چەکە ژەهراویە لە (کونەسیخوڕ) بەکارهات لەگوندی بالیسان واتە بۆجاری دووەم بالیسان کیمیاباران کرایەوە لە ١٩٨٨/٧/٣١ کەدەکەوێتە ناو قۆناغی حەوتەمی (جینۆسایدی میللەتی کورد لەناوچەی (خۆشناوەتی).

لەم کیمیابارانەدا بوو کەخانەوادەکەی من (بابم (جعفر)و دایکم (ئامینە) کە حاملەبووە[1]. خووشکە بچوکەکەم (بەنان) شەهیدبوون منیان بەتەنها جێهێشتم من لەکیمیابارانی دووەم لەبالیسان نەبووم گەرنا منیش لەگەڵ ئەوان شەهید بووم، وە (٣) نەفەری تری خزممان شەهیدبوون.

ئەم کۆمەڵە شەهیدەمان هەندێکیان لەدوای شەهیدبوون سووتاون چونکە ئاگر لەپووشەکەی دەوروبەریان بەرئەبێت

١. پێم خۆشە هەموو ئەوانەی ئافرەتێکیان شەهیدبووە منداڵی هەبووە و حاملەبووە باسی بکاو شەرم نەکات چونکە ئەوەشیان ستەمێکی تری ڕژێمی بەعسە بەرامبەر ئەم میللەتە خێر لەخۆنەدیوە، کۆرپەی ناوزگ لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و هەم لەیاسادا مافی پارێزراوە، هەروەکو لەپەرتوکەکەی خۆم بەزمانی عەرەبی بەدرێژی باسم لەم بابەتە کردووە لەرووی شەرع و یاساوە.

کاتەکەی هاوین وگەرما بووە(لەوانەیە شەهیدەکان خۆیان ئاگرەکەیان کردبێتەوە تا کیمیایەکە کەکاریگەریان تێنەکاچونکە دەووترا ئاگر بۆئەم کاتانە باشە) هەندێ لەجەستەی شەهیدان:خارحمدو باوکم ودایکم کە حاملەبووە دەسووتێ دواتربەیارمەتی پێشمەرگەی ئەولایەنانەیکەلەوێ بوونە وخەڵکی ناوچەکە بەنهینی گۆڕیان بۆهەڵدەکەندرێ و دەشاردرێنەوە،گۆڕەکانیان کەوتۆتە ناو گۆڕستانی (شەمس) لەبالیسان،(من وەکو کوڕی شەهید جعفر بالیسانی زۆر سوپاسی هەموو ئەوبەڕێزانە دەکەم کەبەشداربوونە لە بەخاک سپاردنی شەهیدەکانمان تەنها خوای پەروەردگار دەتوانێ پاداشتیان بداتەوە،وەمن تادەمرم مەمنونی هەموویانم بەبێ جیاوازی چونکە لەکاتێکی زۆر هەستیارو بەترس وناخۆش بەکەڵکی خێزانەکەی ئێمەهاتوون وەپێم خۆشە بەخزمەت هەموویان بگەم).

وە(لێرەوە جێ ی خۆیەتی زۆر سوپاسی بەڕێز(هێرۆخان) خێزانی مام جلال سەرۆک کۆماری عیراق بکەم کەهەستا بەچاک کردنی گۆڕی ئەم پۆلە شەهیدە ودەرهێنانی فلیمێک لەسەرچۆنیەتی شەهیدبوونیان وسالانە لەکەنالی ئاسمانی(کوردسات)دادەبەزێ لەیادی کیمیاباران کردنی دۆڵی بالیسان ئەوەش وەفایەکی ئەوبەڕێزەیە بەرامبەر ئەوپۆلە شەهیدە وەدەست خۆشیش لە م/ئەدیبە دەکەم).

٤. شوێنی پێنجەم کە ئەم چەکە کوشندەی تێدابەکارهات بریتی بوو لە گوندی (خەتێ) لەبەرواری ١٩٨٨/٧/٣١. وەژمارەی شەهیدو جینۆسایدکراوەکان زیاترە لە (٣١٠) کەس لەم ناوچەیە.

جابەڕێزان ئەو پێنج شوێنەی من ناوم هێنان شوێنە دیارەکان بوون کە کیمیاباران کراون گەرنا شوێنی تر هەیە کاریگەری کیمیای لەسەربووە.

وە گێڕانەوە ئەم تاوانە لەوانەیە بۆ هەندێ کەس گێڕانەوەی یانوسینی ئەستەم نەبێ بەڵام من خۆم زۆر کاریگەریم لەسەرجێ دەهێڵێ ئازاری پێ دەچێژم زۆرتوندیم لەخۆم کرد تائەم بابەتەم نوسی چونکە من خۆم بەم چەکە بیرینداربوومەو مااڵم کاول ووێران بووە!.

ئینجا باس کردن زۆر ئاسانە بەاڵم بەڕێزان ئەوساتە ی کارەساتەکەی تێدا قەوما ساتێک بووهیچ کاتێ لەیادی ناکەم کەیەکەم ووشەم ئەوەبوو بە دایکە خۆشەویستەکەی خۆم ووت:(وابۆنی غاز دێت منااڵ بووم نەم دەزانی کیمیا چی یە؟)

دواتر شەهیدی باوکم خاولی و پەڕۆی تەر دەکرد بەسەر سەرو چاومانی دا دەدا تا ئەم چەکە کاریگەری نەبێ لەسەرمان.ئاخ....!.

بەم شەوە ئەم خەڵکە هەمووی دەربەدەر بووبوو چووبوونە چیایەکان وبارانی لێدەهات هەروەکو ڕۆژی قیامەت وابوو بەاڵم ئەم بارانە ڕەحمەتی خوابوو کەوای کردکاریگەری ژەهرەکە لەسەر تووشبووەکان کەم بێتەوە گەرنا خەڵکێکی زۆر زیاتر لەوژمارەی ئێستا شەهید دەبوون زۆر سوپاس بۆ خودای گەورە.

دواتر خەڵکەکە ڕوویان کردە چیای بەرامبەر بالیسان چوونە ناو ئەشکەوتی (عەلیە بۆز) ئەم ئەشکەوتە پڕ بوو لەخەڵک هەریەکەو بەشێوەیەک داد وفیغان وهاواری دەکرد هەبوو کوێر بووبوو هەیان بوو هەموو شوێنە ناسکەکانی سووتابوون.....

من لەوێ بەدواوە هیچی ترم لەیاد نایە جانازانم لەبەر کاریگەری کیمیاکەبووە یان لەبەر بچووکیم بووە.

لەگەڵ ناخۆشی ئەم کارەساتە دا پێویستە ئەم کارەساتە بۆ خەڵک باس بکرێ و تا لەیادمان نەچێ.

وەتاکو ئەوانەی نەیان دیوە یابەتەمەن بچووکن بزانن ڕۆژانێک بووە ئەم میللەتە بەم ژیانە ناخۆشەدا تێپەڕیوەو ڕۆژانیکی سەختمان بەڕێ کردووە وئەم دەسکەوتانە بەئاسانی بەدەست نەهاتوون وەتا سەرکردەو پلە دارەکان بەگەورەو بچوکەوە بێتەوە یادیان کەئەو کورسیەی لەسەری دانیشتوون بەخوێنی ئەم شەهیدانەیە وقەرزاری خوێنی شەهیدانن، گەرباش نەبن لەگەڵ خەڵک و کەس وکاری شەهیدان ڕیسوای لای خوداو خوێنی شەهیدان و میللەت دەبن.

جا بەڕێزان ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە ئەم دۆڵە خێرلەخۆنەدیوە خزمەتکاری پێشمەرگەو مااڵی

سەرکردەکانی کورد وئێستا لەبیرکراو لەجارێ زیاتر کیمیاباران کراوەو ئەم ژەهرەی لەسەر تاقی کراوەتەوە وە لێرەبوو لە خاك ومەفتەنی من بوو بۆیەکەم جار ئەم چەکە ژەهراویە تاقی کرایەوە (١١) مانگ پێش شاری هەڵەبجەی خۆشەویست لەوەرزی بەهار بوو دووژمنەکەی کوردان چەندەها گوڵی بەناحەق لێرە هەڵوەراند.

دووژمن زۆر ڕقی لەم دۆڵەدەبوویەوە بەحوکمی بوونی پێشمەرگە لەم دۆڵە وخزمەتکردنیان ویارمەتی دانیان و پشتگیری کردنیان لەلایەن خەڵکەکەیەوە،بۆیە دەبێ ئیمڕۆ وەك وەفایەك ئەو سەرکردەو بەرپرس و پێشمەرگانەی لەم دۆڵەدا خزمەت کراون یا پێشمەرگەکانیان لێرە خزمەت کراون پرسیار لەخۆیان بکەن تاچەند بەوەفابوونە بەرامبەر ئەم دۆلە؟ چەندە خزمەتی ئەم ناوچەیان کردووە؟ چەند سەردانیان کردووە؟ و مژدەیان پێ بووە وجێ بەجێ یان کردووە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟.

چونکە هەندێ جار گوێمان لەهەندێ خەڵکی خۆمان دەبێ دەڵێن : (ئەوانەی لێرە خزمەت کراون بێ وەفابوون بەرامبەرمان وەهەندیکیان قسەمان بەرامبەر دەکەن) من هیوادارم ئەوان بەکردەوە خزمەتی ئەم دۆڵەبکەن بیسەلمێنن کە بێ وەفانەبوونەو نابن.

ئەوکاتەی گوندەکان ماڵتان بوو شوێنی حەوانەوەتان بوو ئەوهەموو ڤێلایەو قەسرو خانوو زەوی و مەزرەعەو ئەوهەموو جۆرە سەیارە مۆدیل بەرزانەتان نەبوو ئەوەی هەبوو تفەنگ و تاخمەیەك و مەتارەیەکی ئاوی بەرپشتان بوو پێلاوێکی ئەدیداس و من وتۆ خۆش،نان خواردنەکەشتان لەسەر خەڵکی گوندەکان بوو.

ئەم خەڵکە لەکاتێ خزمەتیان کردوون کەپەیداکردنی نان لەم کاتە ناخۆشە زۆر ئەستەم بووە وماندووبوونی زۆری دەویست ئینجا لەسەر گەرووی خۆیان وماڵ ومناڵیان هەڵدەگرت دەیان دا بە ئێوە وپێشمەرگەکان،دەی ئێوەش لەکاتی خۆشی چاوتان لەم دۆڵەو کەس وکاری ئەو شەهیدانەبێت کەکاتی خۆی لەگەڵ ئێوە پێشمەرگە بوونە.

من ناڵێم ئەم دۆڵە هیچی بۆنەکراوە بۆی کراوە بەڵام زۆربەی پرۆژەکان یانەوەتەیە بەناتەواوی وپچڕ پچڕی کراوە وەکو (پرۆژەی ئاوی ناوبالیسان) کەچەند جارێك کراوەوە پارەی بۆ تەرخان کراوە وهەموو جارێ بەناتەواوی جێ هێشتراوە من خۆم نەم دیوە ئاوی بەناو دابێت بۆماڵەکان بۆڕیەکانی پرۆژەکە لەم ناوچە شاخاوییە سارده لەسەر خاك کەوتون و دیارن چۆن دەبێ!؟چۆن تیپەڕێندراوە؟

جارێکیان کابرایەکی دەۆکی ووتی مامۆستا تائیستا لەبالیسان خانوو نەکراون؟ وتم:نا،سەری سوڕما،وتی حەق وابوو شەقامەکانی بالیسان لەزێربوونایە!.

یان پرۆژەکان بەدرەنگ وەختی کراون وەکو ئەم (١٥٠) خانوەی دروست دەکرێن زۆر باشە و جێگای دەست خۆشیە لەهەموو لایەك کەبچووکترین کاری کردبێ،بەڵام ئەم خانوانە بەدرەنگ وەخت دروست دەکرێن لەدوای زیاتر لە(٢٠) ساڵ دەسەڵاتی خۆماڵی تازە بەتازە نازانم بۆ....؟؟؟؟!!!!.

هەروەکو یەکێ لەکەسوکاری جینۆسایدکراوەکان دەی ووت : (تازە خانووم بۆ چییە؟ لەدوای ئەوەی توانیم بەماندوبون وشانی خۆم خانوو دروست بکەم ولەبێ خانویی خۆم ڕزگار بکەم).

قسەکەی ئەم بەڕێزە زۆر ڕاستە بەڵام هەرجێگای دەست خۆشیە بۆ حکومەت بەرامبەر دروست کردنی ئەم خانوانە ئەی ئەگەر دروستیان نەکردبانە چیمان دەکرد؟ئەمە قسەی هەندێ لەو بەڕێزانەشە کە وەکومنن !!!.

وەخزمەت کردن بەدرووشم نابێت پێویستی بەوەیە خەڵك کارەکان ببینێ تاکو دەست خۆشیان لێ بکات و نەڵێ هیچیان نەکردووە.

وەچەند تێبینی یەك لەسەر ئەم خانوانە کە دروست دەکرێن لەبالیسانلەپێشداووتم:بەدرەنگوەختدروستدەکرێن،دواتر بۆئەم خانوانە لەبەرامبەر گۆڕستانی شەهیدان لەبا دروست دەکرێن چونکە لەلایەنی دەروونیەوە بۆ کەسوکاری شەهیدان وجینۆسایدکراوەکان ناخۆشە لەماڵەکەی خۆت بێیتە دەرەوە گۆڕستانی قوربانیەکانت ببینی ئەگەر بێتو هەندێ لەگۆڕەکان ڕەمزیش بن،لەوانەیە بڵێن لێرادێن کەزۆر لەوێ مانەوە من تەنها دەڵێم : بەڵێ....!!!.واتە ئەوە قسەی کەسانێکە کەلەم

کارەساتانەدا مالّی کاول نەبوبێت،گەرنا هیچ ساتێکی ژیان ئەم کارەساتەت لەیاد ناچێت.

وەبۆ ئەم خانوانە هەمووی لەناو یەکتر دروست دەکرێن وەکو کۆمەڵگا زۆرەملێکانی سەردەمی ڕژێم،باشتر وابوو هەر مالّە جینۆسایدکراوێك و لە شوێنو گوندەکەی خۆی خانوی بۆ کرابایەوە هەم گوندەکان ئاوەدان دەبوونەوە هەم دڵنەوایەك بوو بۆ کەسوکاری شەهیدان وجینۆسایدکراوان کە لەزێدی خۆیان خانویان بۆکراوەتەوە،گەر بچیە گوندی شێخ وەسانان سەردانێکی بکەی وائەزانی لەسالاّنی هەشتاکاندا لەخانوەکان و کۆڵانەکانیان (جگەلە کارەباو شەقامە قیرەکەی ناوەڕاستی گوند)، بۆ نمونە گەر خانوی شێخ وەسانیەکان لەزێدی خۆیان دروست کرابایەوە هەم گوندەکە ئاوەدان تر دەبوویەوە هەم خزمەتگوزاری باشتری بۆدەچوو.

وەشتێکی تر مایەی نیگەرانیە و جێ ی سەرسوڕمانە تەنها لەکاتی یادی کیمیاباران و یادی جینۆسایددا ئێمەیان دێتەوە یاد دواتر لەیادمان دەکەن و ئەبێ بەغەمباری ژیان ببەینە سەر و کەس لێمان ناپێچێتەوە،

نەمان دیت لەکاتەکانی تردا یەکێ لە سەرۆکەکان وبەرپرسەکان لێمان بپرسێتەوە!!!.ئەڵێ ئەرك نەبێ کاری ئەوانەچی یە؟گەر سەردانی خەڵکی خۆیان نەکەن؟

وەسالاّنە ئەم یادەمان بۆدەکەنەوە و جارێکی تربرینمان دەکولێننەوە ئەم یادەش دەبێتە مایەی خۆدەرخستنی هەندێ کەس وپاروی هەندێ کەس چەورتردەبێ و ڕێزیش بۆکەس و کاری شەهیدان وجینۆسایدکراوان دانانرێ،وابزانم تەنها دەیانەوێ خۆیان پێ دەربخەن وکارەکەی خۆیان ئەنجام بدەن.

جامن وەك کەس وکاری شەهیدان یادێکم بۆچی یە کەلەم یادەدا ڕێزلەکەس وکاری شەهیدان وجینۆسایدکراوان نەنرێ!.

لەجیاتی ئەوەی وارس وکەس وکاری شەهیدان بەشداربن لەم یادەدا و ڕاهێنانیان پێبکەن تاکو ئەوان یادەکە بکەنەوە هانیان بدەن تاکو بەشداربن ئەوان چالاکیەکان ئەنجام بدەن بەداخەوە بەپێچەوانەوەیە ڕێگریان لێ دەکرێ و لێ یان ناگەڕێن بەشداری بکەن لەیادەکەدا !!!!! بۆنمونە:

لەساڵی (٢٠٠٨) لەکاتی یادکردنەوەکەدا ڕێگری کرا لە بەڕێز (مامۆستا ئەدیبە عوسمان)و دەستەکەی لە پێشکەشکردنی شانۆگەریەکەیان کە پەیوەست بوو بەم یادەوە، تاکو بەڕێزیان یەکێ لەبەشداربوانی شانۆگەریەکەی نادە لای سەرۆکی هەرێم بەڕێز (مسعود بارزانی) ئەو ڕێگایدا تا پێشکەش بکرێ، دواتر پێشکەشکردنی شانۆگەریەکە هەموو لایەکی تاساندو کاریگەربوو.

هەرلەساڵی (٢٠٠٨)من هۆنراوەیەکم هەبوو ویستم بیخوێنمەوە بەلاّم ڕێگریم لێ کراو زۆر بەسەیری وەلاّمیان دامەوە !!! کەچی هەرئەو هۆنراوەیەم خوێندەوە لەهۆڵی کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر بەبۆنەی یادی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان کە گۆڤاری (ڕاز) ڕێکی خستبوو زۆربەی ئامادەبووەکانی گریاند من داوای گەردن ئازادیان لێ دەکەم.ئێستاش داوای ڤیدیۆکەم لێ دەکەن و من خۆم گوێ ی لێ ڕاناگرم چونکە خۆم ناگرم.

وەلەبەرامبەردا لەجیاتی ئێمە گۆرانیبێژ دەهێنن گۆرانی دەڵێن و لەسەر مەسرەحی یادکردنەوەی شەهیدانی ئێمە خۆیان بادەدەن من پێم وایە ئەوە سوکایەتی یە بەخوێنی شەهیدانمان وداوایان لێدەکەم باجارێکی تر گۆرانی بۆ ئێمە نەڵێن گەربۆپارەو شتی تر مەڵێن یادی شەهیدان دەکەینەوە.

من بۆخۆم جارێکیان لەگەڵ بەڕێزێك داباسی ئەوەم کرد کەخزمەتی شەهیدان وجینۆسایدکراوەکان نەکرێ و خانویان بۆنەکرێتەوە بایادەکەش نەکرێتەوە وهەندێ قسەی تر(من نازانم ماستاو بکەم ئەوەی هەم بێ بەئاشکرایی یە)،پێ ی ناخۆش بوو ئەوانەی لەوێ بوون پشتگیریان لەو کرد لەدژی من،دواتر هەرئەوانەی لەدژم بوون پێ یان دە ووتم:بەخوا قسەی باشت کرد دەست خۆش،لەلای ئەو لەگەڵ یادکردنەوە دابوون لەلای منیش دژی یادکردنەوە.!!!.

جا گەر یادێ بێ و ڕێگای کەس و کاری شەهیدان وجینۆسایدکراوەکان نەدرێ بەشداربن وبەم شێوەیەبێ

نەکردنی باشترە لەکردنەوەی.باپارەکەشی بۆ ئەوکەسانەبێ کەئەمڕۆ پارەی ئەم کوردستانە بەکاڵی دەخۆن ولێ ی ناپێچنەوە،

من لەکۆتاییدا من دەڵێم :

من وەکو خۆم شانازی ئەکەم وسەربەرزم بەوەی کەکوڕی دووشەهیدی شەهیدبوو لەپێناوی ئەم کوردستانەم،وەبادەسەڵاتدارانی خۆمان وامان لێنەکەن لەم شانازیەمان پەشیمان ببینەوە،هەروەکو گوێمان لە هەندێ کوڕە شەهید بووە وادەڵێن.

ئەگەر ئەویادەدەکەنەوە بایادکردنەوە بۆ یادکردنەوە نەبێت بۆخزمەت کردن بێت بە کەس وکاری شەهیدان و ناوچەکەیان و ڕێزیان لێ بگرن.وەدەکرێ لەجیاتی یادکردنەوە پارەی یادکرنەوەکە سالانە وەکو دیاریەک لەم ڕۆژەدا پێشکەشی ناوچەکە بکرێ وسوودێکی هەبێ بۆخەڵکەکە گەر هەردوولا بکرێ باشتر،وەدابین کردنی دکتۆری باش بۆناوچەکەو چارەسەرکردنی بریندارەکان، بەشیوەی باشتر،لەوەی کراوە دەستیان خۆش.

باخەڵکێ کەپەیوەندیان بەم یادەوە نیە لابدرێن لەیادکردنەوەکە وکەسانی پەیوەندیدار بەم یادەوە بێنە پێشەوە.

بالەبەر خاتری خوێنی ئەم شەهیدانەمان لەمەودوا کورداپەتی بکەین و واز لەحیزبایەتی بێنین لەسەر حیسابی کورداپەتی، بەشکو بتوانین دەوڵەتی کوردی سەربەخۆمان هەبێت و چیتر دووژمنان هەڵمان نەپەڕێنن و پێمان پێ بکەنن، باکورداپەتی چیتر کاڵ نەبێتەوە نیشتمان لای خەڵک خۆشەویست بکەینەوە!!!.

با لەویادانەدا ئاهەنگ نەگێڕدرێ گۆرانی ووتن بەس بێ بەڵکو یادکردنەوەی شەهیدان ماتەمینە نەک شایی.

با لەم بۆنانەدا سەرۆکەکانی ووڵات ئامادەبن وتاکو خەڵک بزانی ئەم بۆنانە گرنگن چونکە ئامادەبوونی ئەوان دەبێتە هوی ئامادەبوونی خەڵک و گرنگی پێدانی ڕاگەیاندنەکانیش بەم بۆنانە،باچیتر کورداپەتی کاڵ نەبێتەوە،وە لێرەوە جێگای گلەیی من وخەلکی ناوچەکەیە لەسەرۆکی کۆماری عێراق بەڕێز (مام جلال) کە تائیستا سەردانی ناوچەکەی نەکردووە،وەڕوون کردنەوێەک بۆجەنابی سەرۆک کۆمار لەساڵی (١٩٨٧) بالیسان وشێخ وەسان بەیەکەوە کیمیاباران کران لەیەک کاتدابوو(11)مانگ پێش هەڵەبجە،چونکە جەنابیان لەووتەکانیدا لەساڵی (١٩٨٨) کەکەنالی (گەلی کوردستان) پەخشی کرد تەنها باسی شێخ وەسان دەکات،خەڵکی بالیسان کەمێ گلەییان هەبوو،

باهەموو لایەک ئەم دڕووشمە بەرزبکەینەوە کەمن زۆر دووبارەی دەکەمەوە: (سەربەرزی لەخزمەت کردن دایە).

باقسەی ئەوانە راست دەرنەچێ کە دەڵێن خۆزگا جاش بوینایە تاژیانمان خۆشتر بایە و مووچەمان زیاترو پلەمان بەرزتر مۆدیلی سەیارەمان بەرزترو خانومان خۆشترو.....!!!!!.

باقسەی ئەم ڕۆژنامە ئەوڕوپیە ڕاست دەرنەچێ کەووتبووی: (لەلای ئێمە شوێنی ئەسپەکانمان لە شوێنە کیمیاباران کراوەکانی ئێوە خۆشترە) !!!.لەگەڵ ڕێزم ئەوە قسەی ڕۆژنامەنوسەکەیە.


با ئەوکەسانە بکرێنە بەرپرسی ئەم ناوچە کارەساتبارانەی وەکوهەڵەبجەو گۆپتەپەو سێوسینان و بالیسان وهتد... کەلەخۆیان بێت بۆئەوەی لەئازارو خەم و ناخۆشیەکانیان بگات.

دوا وتەم دەڵێم من ئەو بابەتە ئازارو یادەوەری خۆمە لەدڵسۆزی نوسیومە، تەنها ئەوەی لەناخمدابووە لە ئازاری ویژدان هەندێکم کردووەتە نوسین ودەرم بڕیوە.گەرنائەوە کاری ئەوکەسانەیە کەلەدەوری بەرپرسەبالاکانی ئەم هەرێمەن نارەزایەتی خەڵکیان پێ بگەیەنن نەک هەر قوربان قوربان و دەست خۆشی لێکردن بکەنە پیشەی بەردەوامیان بەم شێوە بوونە مەترسیدارە بۆئەم ووڵاتە.

هیوادارم ئەم بابەتە بگاتە بەرپرسەکان و بیخوێننەوە تا کەمێ لەئازاری کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوەکان بگەن.

ڕێزم هەیە بۆ هەموو بۆچونێکی جیاواز لەسەر ئەم بابەتە، چونکە ناکرێ هەموومان وەکو یەکتر بیر بکەینەوە،گەر وەک یەک بیربکەینەوە خۆشی ژیان نامێنێت.

کۆچی دوایی ڕیچارد بیستن.



ڕیچارد بیستنی بەرەگەزبەریتانی ناوی ئەو ڕۆژنامەنوسەیان ئەو کامێرامانەیە کە بەروارى ١٧ی ئازارى ١٩٨٨ لە بەریتانیایەوە گەیشتە هەڵەبجە و وێنەی عومەری خاوەری گرت..

هەرچەندە پێش ئەو (ڕەمەزان ئۆزبۆن و ئەحمەدی ناتقی) وێنەیان گرتبوو بەڵام وێنەکەی عومەری خاوەرکە ئێستا بووەتە لۆگۆی هەڵەبجە و کیمیاباران. ڕیچارد، لەڕێگەی کامێراکەی توانی یارمەتیدەرێکی باشی گەلی کورد بێتو ناڵەی گەلێکی گازبارانکراو بگەیەنێتە هەموو جیهان.

هەڵوەستەیەکی پێویست:

لێرەدا پێویستە ڕاستیەك بڵێین: ئەفسوس لەوەشیاندا کورد شتێکی نیە شانازی پێوە بکات لەبوارى نوسیندا، ئەوە یۆست هیلتەرمان بوو کە یەکەمین کتیبی باوەڕپێکراوی نایابی لەسەر هەڵەبجە نوسی نەك کورد.

لەبوارى کامێراشدا لە کۆی ٢٥ کامیرامان تەنها یەك کەسیان کورد دەنا ٢٤ کەسیان هەموویان لە دورترین ولاتەوە ڕۆژی ٣/١٧ گەیشتوونەتە هەڵەبجە، کەچی کوردەکە ڕۆژی ٣/٢٠ گەیشتووەتە هەڵەبجە!! ئەویش کاك عەباس عەبدولڕەزاقە.

وێنەی کامێرامانە بیانیەکان توانیان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئازارى هەڵەبجە بگەیەنن دنیا بەڵام کوردە کە ئەوە (٢٥) ساڵە هێشتا خەلکی کوردستان پێیان ئاشنانیە.؟؟!!

تاقە دەربازبووی بنەماڵەش کۆچی دوایی کرد



حەمەمین عەبدولقادر خەڵکی گوندی گردەناوێی هەڵەبجە و تاقە دەربازبووی بنەماڵەیەکی ناسراو بوو. ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە کیمیابارانی هەڵەبجە دا ڕۆڕێك لە خانەوادەو بنەماڵەکەی بە گازی کیمیایی خنکان، تەنها براگەورەکەی (حەبیب عەبدالقادر) و کچێکی دەربازبوون، لەگەڵ ماڵی باوکی لە هەڵەبجە دەرچوون و ئاوارەی ئێران بوون، جەلالی برای کە تەمەنی ٧ ساڵان بوو، ونبوو لە کەمپەکانی ئێران دۆزرایەوە، بۆیە وای بۆ چوبوون کە بەکیمیابارانیان شەهید بووە، ئەفسوس دوای ئەوەی لە ئێران گەڕانەوە (خاوەن)ی دایکیان‌وحەبیب‌و تاکە کچە دەربازبووەکەی‌و جەلالی برای هەموویان لە سنوری تەوێلە کە بە لێبوردنی گشتی گەڕابوونەوەو لەلایەن ئێرانیەکانەوە ڕادەستی سوپای عێراق کران، ئیتر هەرئەو ڕۆژە بران بۆ تەوارى سلێمانی و دواتریش بۆ تۆپزاواو جاریکی ترنەبینرانەوە، بەوشێوەیە خانەوادەی (عەبدالقادر محمود) هەموویان تێداچوون، تەنها خۆی‌وحەمەئەمینی کورى ماناوە، دواى ساڵی ١٩٩٣ خۆشی کۆچی دوایی کرد، لەو بنەماڵەیە تەنها حەمە ئەمین ما بووەوە، بەداخەوە یاساى ماف‌و ئیمتیازی شەهیدان‌و ئەنفالکران ، لە ئاست ئەو تراژیدیایە دەستەوسان بوو، بەهۆی ڕۆتین‌و وردنەبوونەوە لە دۆسێی جینۆسایدی گەلی کورد هەتا لە ژیاندا بوو (حەمەئەمین عەبدولقادر)ی لەمافەکانی بێبەش کردبووە، لەبەر ڕۆتینات‌و بە پاساوی ئەوەی بەڵگەنامەی مردنیان هاوجوت نایەتەوە لەگەڵ بەروارى ئەنفالکردنیان یاساکە نایانگرێتەوە !!

لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٣ حەمە ئەمینیش کە دواین کەسی بنەماڵەکەیان بوو کۆچی دوایی کردو ئیتر ئەو بنەماڵەیە جگە لەمندااڵکانی حەمەئەمین کە نابنە وارسی یاسایی هیچ کەسێکیان لەژیاندا نەماوە هەتا موچەی کەسوکارە ئەنفالکراوەکەی وەربگرێت .

مۆنۆمێنتێك
بۆ شەهیدانی گوندی کوریمێ



تێرامانی سەید حسن



سەید حەسەن میرزا پیرەمێردێکی خەلکی (کوریمێ)ی ناحیێ مانگێشکی پارێزگای دهۆکە لە دایکبوی ساڵی (١٩٣٣) یە، لە پەلاماری قۆناغی هەشتەمی ئەنفالی بادینان رۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٨٨ پاش ئەوەی خەڵکی گوندی کوریمێ کە ژمارەیەك پیاوی گوندی چەلکێ ئیسلامیشیان لەگەڵدا بوو، بەناچاری خۆیان ڕادەستی سوپا کرد، سوپا ٣٣ پیاوی گوندەکەیان لەژن ومنداڵان جیاکردەوە، هەروا ٢٠٠ مەتر لەخوار گوندەکەیان هەموویانیان گوللەبارانکرد،

دوای ٢٦ ساڵ لە تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ مۆنۆمێنتێك بۆ یادەوەری قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژییە لە گوندی کوریمێ دروستکرا، سەرباری دواکەوتنی کارەکەو کەموکوریيەکانی بەڵام دەهێنێ ڕێز لەو هەوڵە سەرەتاییە بگیرێت، بەهیواین بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی پارێزگای دهۆك و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رونتر گرنگی ئەو مۆنۆمێنتە ببینێ، بەئومیدی ئەوەی لەداهاتوودا مۆنۆمێنتەکە هۆڵیکی شایستەی لێدروستبکرێت و وێنەو ناوی هەموو ئەو قوربانیانەو چیرۆکی ئەنفالکردنی گوندی کوریمێ و چەلکێ بەتایبەتی و ئەنفالکردنی ناوچەکە لەخۆبگرێت.

لەو کۆمەڵکوژییەدا (٢) کوڕی سەید حەسەنی تێدا بوو بەناوەکانی (سەلام و سالح) سەید حەسەنیش لەگەڵ خەلکی گوندەکەیان گیران و ئەنفالکران، ماوەیەکی زۆر لە قەلای نزارکێو کەمپی سەلامیە دەست بەسەر بووەو ئەشکەنجەیاندا بوو، لەوێ بەچەرخ ئاگریان بەریشە سپیەکەیەوە نابوو، هەموویان بۆ سوتاندبوو، بۆ خۆی ئەم باسەی بۆخەڵکی گوندو دەوروبەری خۆی گیرابووەوە . عەزۆ کوریمێ یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی قەلای نزارکێ کە سەربە دائیرەی ئەمنی دهۆك بوون . ئەوەی لەم وێنەیەدا دەیبینین (سەید حەسەن) بەپشتی کۆم و ردێنی سپییەوە بەدیارهەڵدانەوەی تەرمی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێوە دانیشتووە چاوەڕوانی دۆزینەوەی تەرمی کورەکانێتی کە تیمێکی بیانی چونەتە گوندی کوریمی وخەریکی هەڵدانەوەو جیاکردنەوەی پەیکەرە ئێسکی ئەو پیاوانەن کە ڕۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٨٨ لە ئەنفالی بادینداندا گوللەبارانکران و بەکۆمەڵکوژران. جێگەی ئاماژەیە کوریکی تری سەید حەسەن کە فەرماندەی دەستەیەکی پێشمەرگە بوو بەناوی سەید محەمەد پێش ئەنفال لەبۆسەیەکی جاشدا توشی شەربوون و شەهید بوو.

وێنەکە لە پەیجی مەسرور کوریمێ وەرگیراوە .

یادەوەری ئەنفالی بادینان
و
تراژیدیای کۆمەڵکوژی گوندی کوریّمێ

عومەرمحەمەد

پاش تێپەربوونی ٢٣ ساڵ بەسەر پەلاماری ئەنفالو کۆمەڵوژی گوندی کوریّمی ناوچەی بادیناندا بۆ یەکەمینجار دیدارێکم لەگەڵ "هاشم محەمەد ڕەشید" سازدا، کە بەبریندارى لە و کۆمەڵکوژییەی ئەنفال دەربازبوە. لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٣ لەگەڵ هاشم محەمەد و سمکۆ سابیر بۆ یادی کۆمەڵکوژی کوریّمێ چوین و بەشداری یادەکەمان کرد و چوینە هەمان ئەو جێیەی کە کومەڵکوژییەکەی تیدا کرابوو هەر لەو شوێنەش لە دووچاڵدا شاردرابوونەوە دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەدوای ٢٥ سال ئەوە یەکەمینجار بوو یادی ئەو کۆمەڵکوژییە بکرێتەوە. لەو سەردانەماندا چەندین زانیاری نوێم دەربارەی شێوازی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریّمێ[1] چنگ کەوتن، گرنگترینیان یەکلایی بوونەوەی چارەنوسی فەتاح عەبدولقادرو دۆزینەوەی ناوی کچێك بوو کە لە سەربازگەی سەلامیە توشی بەدخۆراکی ببوو، لە کۆمەڵگەی بەحرکە گیانی لەدەستدا بوو.

لەسەردانمدا بۆ کوریّمێ ئەو شایەتحاڵانەم بینی کە دۆسێکانیان بۆ یەکلایی کردمەوە کە بەپێشچاویانەوە قوربانیەکان مردبوون، تراژیدیترینیان گیرانەوەی ئەو دیمەنە سامناك و ترسناکە بوو کەوا لە قەڵای نزارکێ پیاوەکانیان بە پێشچاوی کەسوکاریانەوە بە بلۆك و دار کوشتبویانن. حاجی حەکیم لەبارەی کوشتنی فەتاحەوە بەشێوەیەك قسەی بۆکردم کە هیچ گومان لە کوشتنی فەتاحدا ناهێڵێتەوە، چونکە واباس دەکرێ کە فەتاح رزگاری بووە بەڵام دواتر بێسەروشوێن بووەو هێشیا چارەنوسی نادیارە، بەڵام حاجی حەکیم ووتی فەتاح کوڕی خوشکی خۆمە، من بەچاوی خۆم دیتم کە بەعسیان لەقاعەی بردیانە دەرێ و بە پێشچاوی منەوە بە بلۆك و داران کوشتیانن، ئەوان کەوتنە بەردەستی بەعسیان و بەعسیانیش هیچ ڕەحم و بەزەییان لەدڵدانەمابوو هەموو شێت و هار ببوون و پیاوەکانیان دەکوشت.

١. هەر لەوسەردانەمدا سێ کوڕم بینی لە خانەوادەیەکی گوندی کوریّمێ (مستەفاو فاخرو عەدنان) کوڕی پیاوێك بوون لەو



هاشم محەمەد، دەربازبوو لە کۆمەڵکوژی گوندی کوریّمێ. ف. ئەنفالستان

سوێندی بۆ خواردم چەندین پیاوی بەچاوی خۆی بینیوە لە قەڵای نزارکێ کە بەبلۆك لەلایەن بەعسیەکانەوە کوژراون.

لەوانە پیاوێکی گوندی چەلکێ بوو، بەناوی فتاح عەبدولقادر فەتاح یەکێك بوو لەو شەش پیاوەی کە لە کۆمەڵکوژیەکەی ڕۆژی ٢٨ی ئابی ١٩٨٨ لەئەنفالی بادینان لە گوندی کوریّمێ ڕزگاری ببوو، بەداخەوە هێشتا ڕون نیە کە چۆن دواتر کەوتبووە دەستی هێزەکانی بەعسو جارێکی تر گیرایەوەو ڕەوانەی قەڵای نزارکێ کرابوو، بەڵام لەوێ بەپێشچاوی کەسوکاریانەوە بە بلۆك و دار کوشتبویانن. حاجی حەکیم لەبارەی کوشتنی فەتاحەوە بەشێوەیەك قسەی بۆکردم کە هیچ گومان لە کوشتنی فەتاحدا ناهێڵێتەوە، چونکە واباس دەکرێ کە فەتاح ڕزگاری بووە بەڵام دواتر بێسەروشوێن بووەو هێشیا چارەنوسی نادیارە، بەڵام حاجی حەکیم ووتی فەتاح کوڕی خوشکی خۆمە، من بەچاوی خۆم دیتم کە بەعسیان لەقاعەی بردیانە دەرێ و بە پێشچاوی منەوە بە بلۆك و داران کوشتیانن، ئەوان کەوتنە بەردەستی بەعسیان و بەعسیانیش هیچ ڕەحم و بەزەییان لەدڵدانەمابوو هەموو شێت و هار ببوون و پیاوەکانیان دەکوشت.

١. هەر لەوسەردانەمدا سێ کوڕم بینی لە خانەوادەیەکی گوندی کوریّمێ (مستەفاو فاخرو عەدنان) کوڕی پیاوێك بوون لەو

---

١. گوندی کوریّمی دوبەرە کوریّمێی بەرواری و کوریّمێ شیرانی، لە کۆندا پێکەوە نەگونجاون و کێشەیان لە نێواندا بووە، بەڵام ئێستا بارودۆخیان ئاسایی بووەتەوەو گرفتیان لەنێواندا نەماوە، هەردووك گوندەکە لەبەرامبەری یەکن و زۆر لێك دورنین، سنوری هەردوك کوریّمێ تەنها شیوێك جیایان دەکاتەوە. هەر ئەوگونده سێ قەبرستانی هەیە، ئەوەی ڕوفاتی کۆمەڵکوژییەکەی تێدا ئەسپەردەکراوەتەوە هی بەرواریّکەیە،کوریّمێی شیرانی قەبرستانی خۆیان جیاوازەو مااڵ سەیدیش قەبرستانی خۆیان جیاوازە، لەسەروەختێکی زوودا کێشەیان لەنێواندا بووە، بەشێکیان پێشمەرگە بوون و بەشێکیشیان سەربەحکومەت بوون، ئەوانەی لایەنگری حکومەت بوون لەو سەروەختی کۆمەڵکوژییەشدا سەربە دائیرەی ئەمن بوون تەنانەت.ئەمنی دەسترۆیشتوویان لەقەڵای نزارکێ بوو.

قوربانیانەی کە لە قەڵای نزارکێ بەبلۆك کوژرا بوون، باوکی ئەم منداڵانە ناوی تاهر مستەفا سادق پێشتر دوو چەکی کلاشینکۆفی لە حکومەت فراند بوو، چوو بووە ناوچەی دۆسکێ و لە ئەشکەوتەکانی نزیك گوندی کوریمێ لەگەڵ خانەوادەکەی نیشتەجێ بوون، بەڵام کە ئەنفالی بادینان تەنگی پێهەڵچنی بوون و زانیبووی ئیدی کار لەکارترازاوەو ئەو لەشکرە پێشی پێناگیرێ بەناچاری خواحافیزی لە خێزانەکەی کرد بوو، ووتبووی من ناتوانم خۆم بدەمە دەستەوە، چونکە بگیرێم و خۆم بدەمە دەستەوە یەك واتای هەیەو بەشی من هەر کوژرانە بۆیە باشتر وایە ئێوە بچن خۆ تەسلیم بکەن و من نایەم بۆ خۆم تەکبیری حاڵی خۆم دەکەم و لەم شیوو دۆڵانەدا خۆم پەنادەدەم هەتا بزانین بارودۆخەکە چی لێدێت، ژن و منداڵەکانی هاتن لە کوریمێ خۆیان رادەستی سوپاکرد بوو، کورەکانی لەبەر ئەوەی منداڵ بوون لە پۆلێنکردنەکەی گوندی کوریمێدا لەگەڵ ژن و منداڵەکان جیاکرانەوەو رەوانەی ناحێی مانگێشك کران و لەوێشەوە بردبویانن بۆ قەڵای نزارکێ و دواتریش پێچابویاننەوە بۆ سەربازگەی سەلامیە، بۆخۆشی لە چیای مەتین خۆی حەشاردا بوو بەڵام دوای چەند رۆژێك لەلایەن سوپاوە گیراو رەوانەی قەڵای نزارکێ کراو لەوێ بە بلۆك کوشتبوویان .

فاخری کوری ووتی ئێمە هیچ گومانمان نەماوە لەوەی بابی ئێمە لە ژیاندا نەماوە لە بەرئەوەی بەپێشچاوی پیرەمێردو ژن و منداڵەکانەوە لێیاندا بوون هەتا مرد بوون، حاجی موسا[٢] خزمی خۆیان بوو ئەوچاوی لەو دێمەنە بووەو بە چاوی خۆی بینیبووی کە بەعسیەکان بە بلۆك کوشتبوویان. فاخر قسەی زیاتری بۆ کردم و وتی: پێشئەوەی لێکجودابینەوە منداڵێکمان تازە ببوو هەموو عومری وی دوو مانگ بوو ناوی فەرمان بوو، بابێ من گوتە داکم مادام لە کاتی ئەنفالدا بووە پێویستە ناوی کچەکەی خۆمان بگۆرین بەئەنفال، بەڵام کچەکە بەرگەی رۆژگارە سەختەکانی نەگرت و زۆر زوو مرد، فەرمان کە ناوەکەیان گۆرییوو بە لەبرسان و لەبەر بەد خۆراکی گیانی لەدەستداو



دواجار لە گۆرستانێکی نزیکی بەحرکە خستیانە گۆرێکی گچکەی بەقەد بالای خۆی، ئەنفالی تەمەن کورت لە سەربازگەی سەلامیە[٣] زۆر برسی بوو توشی بەد خۆراکی بوو، خاخر گوتی : کە بەریاندا ین لە کۆمەڵگای بەحرکە مرد، ساڵی ١٩٩٣ تیمێکی مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتن بۆ بحرکە، کە چیرۆکی مردنەکەیمان بۆ گێڕانەوە، روخسەتیان لە ئێمە خواست و گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، بەڵام پەیکەرە ئێسکێکی ئەو خوشکەی ئێمەیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ (فحص) پشکنین بۆ دەرەوەی وڵات هە تابزانن قسەی ئێمە ڕاستە کە وگوتوومانە بە بەد خۆراکی مردووە، کە هاتنەوە ئەنجامەکەیان بەڕاست هێنایەوە. وتیان ئێوەڕاست دەکەن منداڵەکەتان بە بەدخۆراکی زیندان مردووە، لە راپۆرتەکەیاندا رێکخراوی مێدل ئێست وێچ بەم شێوەیە ئەو چیرۆکەی خوشکەکەی فاخریان جێکردووەتەوە مێدڵ ئێست وێچ نوسیوێتی (تیمەکە لە گۆرستانی کۆمەڵگایەك کە دەربازبوانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزرابوو، کەوتە گۆڕ هەڵدانەوەو پشکنییان. گۆرستانەکە لە لایەن پسپۆرانی ئارکیۆلۆجیەوە ڕووپێوکرا بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵ و گەورە. شارەزایانی پزیشکیی عەدلیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە[٤] کە یەکێك لەوانە وەك باسدەکرا لە لایەن دەربازبوویەکی گوندی کوریمێ وە

٣. زۆر جار سەلامیە بەقەڵای سەلامیە ناودەبرێ ئەوەش جۆرە تێکەڵکردنێکە لەگەڵ قەڵای نزارکێی دهۆك و قەڵای نوگرەسەلمان بەڵام لەراستیدا سەلامیە سەربازگەیەکە لە پارێزگای موصل ئەویش وەك سەربازگەی تۆپزاواودویز لەسەر هەمان نەخشەسازی روسی دروستکراوەو لەکاتی ئەنفالی ئەشتەمی بادیناندا زۆر ژن و منداڵی خەڵکی گوندنشینی ناوچەی بادینانیان بۆ ئەو سەربازگەیە گواستەوە ئەویش وەك سەربازگەی دوبزچۆن کرابووە شوێنی ئەشکەنجەو دەستبەسەرکردنی ژنانی ناوچەی گەرمیان سەلامییەش بەهەمان شێوە بوو بۆ ژنان و منداڵانی ناوچەی بادینان . فەرمان (راستترە بڵێین) ئەنفال لە سەربازگەی سەلامیە توشی بەد خۆراکی بوو دواتر لە کۆمەڵگای زۆرە ملێی بەحرکە گیانی لە دەستداو هەرلەوێش ئەسپەردەی خاکیان کرد

٤. ئەو منداڵە خەڵکی گوندی کوریمێ بوو ناوی فەرمان بوو کە دواتر لەسەر داوای باوکی بەرلەوەی ئەنفال بکرێ ناوی ئەنفالی لێنرا. لەسەردانێکمدا بۆ گوندی کوریمێ خانەوادەکەیم دۆزییەوەو دیدارم لەگەڵ برایەکیان کرد بەناوی فەخرەدین بەڵام بەداخەوە دایکیان چووبو بۆ سەردان و چەند رۆژێکی پێدەچوو بۆیە منیش لە رۆژێك زیاتر نەمتوانی چاوەروانی بکەم .

٢. ویستم چاوم بەو شایەتحاڵەش بکەوێ ، پیرەمێردێکی گوندی چەلکی ئیسلام بەناوی فەتاح گووتی حاجی موسا مردووە، بەڵام ئەو بینیبووی کە خەلکی کوریمێ و چەلکێ لەقلعە نزارکێ بە بلۆکان کوشتبوون، ئەو پیاوە بۆخۆشی کوریکی و برازاکانی بەو شێوەیە لە نزارکێ کوژرابوون، هەرلەوێ حاجی حەکیمی خەلکی گوندی چەلکێ هاتەپێشەوەو گووتی ئەو مردووە بەڵام من شاهیدم و بەچاوی خۆم ئەو دیمەنەم دیتووە



قەڵای نزارکێ: فۆتۆ ئەنفالستان

هەڵکەندرا بوو[٥] لاشەی خوشکە ساواکەی تێخستبوو. پشکنینی گۆڕەکەش پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی سااڵێك بوو و نیشانەی بەد خۆراکیشی پێوە دیار بوو) سەبارەت بەم باسەو ئەوانەی تریش وەرگێڕی کوردی راپۆرتەکە ماموستا محمد حەمە صالح توفیق لەالپەرە ٥١ دا تیبینی خۆی لە پەراوێزدا نوسیوەو لەوبارەیەوە دەڵێت: لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەداو لە بەشی ئەنفالی کۆتاییدا, کەمێك بە دوورو درێژتر باسی هەڵدانەوەو ڕووپێو کردنی ئەم گۆڕانە دێتە پێشەوە لە کۆمەڵگای بەحرکە، جێژنیکان[٦].



صدقی عبدالقادر



فەتاح عبدالقادر

دەربازبووانی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ



دەربازبووانی کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ

٥. پێدەچێت میدڵ ئێست ڤچ مەبەستی لە و ٣٣ پیاوەی دەربازبوانی کۆمەڵکوژییەکە نەبێت بەڵکو باسی کەسێکی تری گوندی کوریمێ بکات . چونکە ئەوانەی لەکوریمێ بوون هەموویان بۆ کوشتن پۆلێن نەکرابوون بەڵکو ئەوانەی پۆلینکران بۆ کوشتن تەنها ٣٣ پیاو بوون لەناویاندا ٩ کەسیان خەڵکی گوندی چەلکێ بوون لە دەربازبووەکانیش سێکەسیان خەلکی کوریمێ و دوکەسیان خەڵکی چەلکێ و یەکێکیشیان خەلکی سلیمانی بوو بەناوی هاشم کە بۆخۆم کتێبێکم دەربارەی ئەو پیاوەی سلێمانی بەناوی هاشم نوسیووە.

٦. بروانە میدڵ ئێست ڤچ جینۆساید لەعێراق و پەالماری ئەنفال بۆ سەرکورد چاپی سێیەم – سلێمانی – دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان– ٢٠١٣. ل ٥١

تێرامانی خەیاڵ


وێنەی‌خەیاڵ، لەسەر گۆڕی بەکۆمەڵی کوردیێ

لەمیانەی ئەنفالی هەشتی بادینان‌دا لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٢٨ خەباڵو خانەوادەکەی لەگوندی کوردیێ لەگەڵ هەموو خەڵکی گوندەکەیان گیرا پاشئەوەی ژن وپیاویان لێك جیاکردەوە ٣٣ پیاوی گوندەکەیان گوللەباران کردو ژنەکانیان برد بۆ ناحیێی مانگێشك و لەوێشەوە بۆ قەڵای نزارکێ پاش چەند ڕۆژێك ڕەوانەی بنکەی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان کران لە سەربازگەی سەلامیەی پارێزگای موسڵ.

هاوسەرەکەی خەیاڵ بە ناوی زاهیر لەگەڵ ٣٢ی پیاوی تری گوندی کوردیێ گوللەبارانکران‌و هەر لەشوێنی خۆیان بە کۆمەڵکوژران. ئەم وێنەیەی خەیاڵ ساڵی ١٩٩٣ بەدیار هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی گوندەکەیانەوە وەستاوە کە هاوسەرەکەی خۆشی تێدایە.

ئەم ژنە ئێستا لە کوردیێ دادەنیشێ.. کوڕەکەی و سێ کچەکەی پێکەوە دەژین


وێنەی خەیاڵ ٢٠١٣، گوندی کوردیێ، فۆتۆ: هێمن عەبدوڵڵا

ئەنفالی گوندی خدر ڕێحان

خدر ڕێحان گوندێکی خنجیلانەی ناوچەی زەگنەیە و سەربە هۆزی زەنگنەن لە ڕوی کارگێڕییەوە سەربە ناحیێی قادر کەرەمە، ساڵی ١٩٨٣ مامۆستا (هیدایەت عەلی قارەمان) قوتابخانەی لێ دامەزراندوە. دراوسێ گوندی گۆلباخی سەرو خوارو هەرێنەو گەڕاوی و دراتوو، تیلەکۆو بنەکەیە، پێش ئەنفال نزیکەی (٤٧) خانەوادەی تێدا دەژیاو خەڵکێکی تریش بەهۆی هەڵاتنیان لە خزمەتی سەربازیو گوندەکانی دەوروبەریان لەوێ نیشتەجێ ببوونەوە، پەناگای خەڵکی لێقەوماوو بووە، تەنانەت لەپەلامارەکانی ئەنفالدا دووکەس لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەوێ نیشتەجێ ببوونەوە، عوزێر و ڕەمەزان عەلی سلێمان پێش ئەنفالکردنیان دوای ئەوەی گوندی جافان دەروخێت کۆچ دەکەن بۆ خدر ڕێحان و هەر لەوێش گیرانو ئەنفالکرانو لە بیابانی ڕومادی دوای ئەوەی گوللەبارانکرابوون ڕزگاریان ببوو.

دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵو ئاژەڵداریەوە سەرقاڵبوون، لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٨٨ خدر ڕێحانیش ڕوخێندراو خەڵکەکەی گیرانو لەلایەن سوپاو جاشەوە ڕەوانەی ئالیاوای نزیکی قادرکەرەم کرانو دواتریش بەقۆناغەکانی گرتنو کۆکردنەوەدا بران بۆ تۆپزاوا، بەهەمووی ئەوانەی لەوێ نیشتەجێ بوون لەگەڵ خەڵکی گوندەکە ٣٥ کەسیان بەرپەلاماری ئەنفال کەوتنو لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو هەموویان بێسەروشوێنکران.

جگەلە ئەنفال (٩) کەسی تریان شەهیدی سەنگەرن. هەریەك لە ڕەمەزان عەلی سەعیدو عوزیر کە پێشتر لەگوندی جافان بوون نزیکەی ساڵێك بوو لەوێ نیشتەجێ ببوون هەر لەگەڵ خەڵکەکەی گوندی خدر ڕێحان گیرانو ئەنفالکران. هەرچی عوزێرە لە دیدارەکانیدا باسی یەکێك لە ئەنفالکراوەکانی گوندی خدر ڕێحان دەکات کە لە هەمان ئەو کاروانەدا بووە کە پێکەوە بردویانن بۆ بیابانەکانی ڕومادی و لەوێ گوللەبارانکراون. جگەلە ڕەمەزانو عوزێر ١٢ کەسی تر هەر لەگەڵ خەڵکی خدر ڕێحان گیرانو ئەنفالکران لەناویاندا چواریان بران کە تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٣٢ ساڵدایە.

ئەنفالکراوانی گوندی خدر ڕێحان

ناوی ئەنفالکراو	تەمەن	ڕەگەز
نجم الدین سەعید قارەمان	٣٢	نێر
فاتیح سەعید قارەمان	٣٤	نێر

ناوی ئەنفالکراو	تەمەن	ڕەگەز
نامیق سەعید قارەمان	١٨	نێر
ابراهیم سەعید قارەمان	٢٢	نێر
حەسیب عومەر فارس	٣٤	نێر
قادر عەلی قارەمان	٣٥	نێر
فاتیح محمد خەسرەو	٣٥	نێر
عوسمان ئەحمەد خەسرەو	٣٣	نێر
محمد عبدالله حەسەن	٢١	نێر
عەلی ئەحمەد کریم	٢٥	نێر
عادل عەزیز فەرەج	٣٥	نێر
حەمید حەسەن حسێن	٢٢	نێر
محمد کەریم ئەحمەد	٣١	نێر
ڕەحیم عەلی ساڵح	٢٧	نێر
محمد عەلی ساڵح	٣٨	نێر
ئازاد عەلی ساڵح	١٨	نێر
وادی عەلی قارەمان	٣٨	نێر
حەسیب ڕەشید محمد	٣٤	نێر
عبدالله ئەحمد عەلی	٣٣	نێر
بورهان حەسەن عەلی	١٩	نێر
عەباس نصرالدین محمد	١٨	نێر
کامیل کەریم ئەحمەد		نێر
سالار فاتیح		نێر
سابیر عەلی		نێر
عەلی جافانی		نێر
سەعید ئەحمە عەلی		نێر
تۆفیق		نێر
وەهاب ئەمین		نێر
لەتیف ئەمین		نێر
ڕەوف ئەمین		نێر
مامۆستا حسین		نێر
ڕەمەزان عەلی سلێمان*	٢٢	نێر
عوزێر	٢٤	نێر
حەمید		نێر
کەریم		نێر
لوقمان عەلی		نێر

* لەو خشتەیەدا هەریەك لە ڕەمەزان عەلی سلێمان و عەزیز وەهاب محمد ناسراوبە عوزێر لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی پارێزگای ڕومادی لەناوپاصێکدابوون لە قەراغی گوڕێکی بەکۆمەڵ دەربازیان بوون ئێستا لە قێرجینیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەژین. جێگەی ئامازەیە (ڕەمەزان و عوزێرو فەرەج محمد عەزیزو تەیمورو واحید) لەلایەن یۆست هێڵتەرمان و ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆچەوە بران بۆئەمریکاو ئێستا لەوێ دەژین.

منداڵە ئەنفالکراوەکانی گوندی وارانی و چیرۆکی ئەم وێنەیە

ئامادە کردنی گۆڤاری ئەنفالستان

سمکۆ سابیر



لە گەشتێکی گۆڤاری ئەنفالستاندا لەگەڵ م. عومەر عەبدولکەریمو م. جومعە کەریم محەمەد سەردانی گوندی وارانی خواروومان کرد، لەوێ چاومان بەماموستا قادر کەوت لەگەرمەی گفتوگۆدا بووین کە وێنەیەکیان بۆ هێناین ساڵی ١٩٨٦ گیراوە ماموستا قادر سوێندی خوارد کەچەندین دەزگاو ڕێکخراو داوای ئەو وێنەیەیان کردووە بەڵام پێمان نەداون، وتی بۆیە پێشکەش بەخۆشەویستی و کاری خۆبەخشانەی ئێوەو گۆڤاری ئەنفالستان بێت.

ئەو منداڵانەی کە لەوێنەکەدا دیارن. زۆربەیان ئەنفالکراون، ئەفسوس بەهۆی بچوکی تەمەنیانەوە. هەندێکیان ناناسرێنەوە. وێنەکە لەساڵی ١٩٨٦دا گیراوە وەک دیارە منداڵەکان خۆیان گۆڕیوە ئەو ڕۆژە خەلکی گوند بە گەورەو بچوکەوە بەبۆنەی ئاهەنگی هاوسەرگیری کاک عەدنان محەمەدو هاوسەرەکەیەوە خۆیان گۆڕیوە. بەداخەوە دوای دوو ساڵ لە گرتنی ئەو وێنەیەو ئاهەنگی هاوسەر گیریان هەم ئەو منداڵانەی کە لە وێنەکەدا دیارن هەم خێزانو منداڵەکانی کاک عەدنانیش بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون.

لەلای چەپ وەستاوەکان: هیوا عەزیز، وەزیرە و بوشرا سالح لەژیاندا ماون، بەڵام چیمەن محەمەد و کوێستان موحسین و ڕێزان کەریم ڕێژاو سالح ئەنفالکراون.

دانیشتوەکانیش لەلای ڕاستەوە: توران حەسەن،مهاباد فازیل محەمەد، زارا سالح فازیل ئەنفالکراون. نەناسراوە، سێ کچەکەی تریش نەناسراون بەڵام ئەوانیش ئەنفالکراون.

نامەیەکی کراوە بۆ پەرلەمانتارانی خولی ڕابوردوو

ئەنفالستان

لەکاتی وەرگرتنی بری ٤٩ ملیون دا کە لە پاداشتی چوار ساڵی پەرلەمانتاریتان وەرتانگرت و بەهۆیەوە کەوتنە بەر هەڵمەتی نارەزایەتی هەمان ئەوخەڵکەی دەنگی پێدابوون، هەندێکتان پڕکێشی ئەوەتان کرد ووتان دەیخەینە پرۆژەی خزمەتگوزاری وهەندێکیشتان ووتتان دەیکەین بەخێر!! کەمینەیەکیشتان وەک نەعامە سەرتان کردە ناو لینگتانەوە. لێرەدا ڕوی قسەم لە هەموو پەرلەمانتاران نییە بەتایبەتی ئەوانەی چ ئەوساو چ ئێستاش نەکەس هەستی بە بوونیان کردووە وەک پەرلەمانتار و نەخۆشیان خۆیان بەنوێنەری خەڵک زانیوە بەڵکو ڕوی قسەم لەوانەیە کە پرکێشی بەخشینیتان کرد.

هەرچەندە هەر دوو پاساوەکەتان تێبینی هەڵگرە، بەڵام باگریمانەی ئەوە بکەین کەوا ئێوە ڕاستتان فەرمووەو نیازی بەخشینیتان هەبووە، کەوایە فەرموون ئەوە دۆسێی چارەسەری کوری ئەنفالکراوێکتان دەخەینە بەردەست (زانیار نەجیب) لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٨ ی گوندێکی ناوچەی داودەیە واتا هەمان ئەوساڵەی کە گەرمیان کەوتە بەرپەلاماری جینۆسایدو باوکی زانیاریشی وەک دەیان هەزار گەرمیانی تر تێدا ئەنفالکرا، ئێستا (زانیار) پێویستی بەهەموومانە چونکە قوربانیەکی تەقینەوەیەکی ئەم دواییانەی شاری خورماتووە، پێشتریش زۆر لەدۆستەکانی بارودۆخی تەندروستی زانیار نەجیبیان بڵاوکردووەتەوەو داوای هاوکارییان کردووە، بەمەبەستی ئەوەی بەهانایەوە بێن و ببڕێتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرو گەرانەوەی هیواو کەوتنەوە سەرپێی خۆی.

بەهیوام هەم بۆخۆتان هاوکاری بکەن و هەم فشاریش بخەنە سەر وەزارەتی تەندروستی عێراق و کوردستان، هەتا بە ئەرکی خۆی هەستێ بۆئەوەی بەهەموومان بتوانین ڕێز لەژیان و تەندروستی زانیاری گەنج بگرین، هەم وەک هاوڵاتیەک و هەم وەک کوڕی ئەنفالکراوێک بەهانایەوە بچین. پێموایە ئەمە ئەرکی ئەخلاقی هەموومان بێت.

بۆپەیوەندی کردن دەتوانن پەیوەندی بەم دووژمارەیەوە بکەن

٠٧٧٠١٤٩٨٩٣٩یان ٠٧٧٠١٠١١٢٣١



زانیار نەجیب

خەڵکی گوندی چەوریی ناوچەی داودەیە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ هەمان ئەو ساڵەی باوکی تێدا ئەنفالکراوە.

بەداخەوە زانیاری گەنج لە تەقینەوەیەکی شاری دوزخورماتوودا پێکراو قاچەکانی لەکارکەوتن، بەهۆیەوە ئێستا لەماڵەوە کەوتوەو هیچ کەس و لایەنێک هاوکاری نەکردووە. فەرموون ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بواری ئەنفال، پەرلەمانتاران کە دەتانوت پارەکەمان دەکەین بە پرۆژەی خێرخوازی فەرموون ئەوە قوربانی!!

زانیار پێویستی بەهاوکارییە و پێویستی بەهەموومانە.

مستەفا قادر محمود محمد

چواردە ساڵ تەنیاو بەبێ ژن و منداڵ دەژیام، چەرمەسەری زۆرم بینی، لەقرچەی گەرمای هاویندا تێرئاوم نەدەخواردەوە دەمگووت نەکا ئاوم لێم ببڕێت



دیمانە: عومەر محەمەد قادر
ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/١٣
کات ٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ
شوێن :.گەرمیان - رزگاری

بەبێ ئەوەی بزانم مامۆستا محمەد عەلی لە تێرابینیەوە بەلێنی بەکاك مستەفای گۆمەزرددابوو کەوا پیاوێك دێت لە سلێمانیەوە دیدارت لەگەڵ سازدەکات، مامۆستا محەمەد زوو زوو تەلەفۆنی بۆدەکردم و دەیگوت برا من بەڵێم داوەتە ئەوپیاوەو هەرچاوەروانە. لەراستیدا منیش زۆر بێکات بووم، ڕۆژی 13ی نیسانی 2014 کە بانگهێشتکرابووم بۆ یەکەمین خەڵاتی شێخ حوسێنی هەزارکانی، بەسوپاسەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی گەرمبانەوە یەکەمین خەڵاتی شێخ حوسێنی هەزارکانی بەبەخشرایە من. هەرئەو ڕۆژە دوای ئەوەی مەراسیمی ڕێزلێنانەکە تەواو بوو، لەگەڵ کاك سمکۆ سابیروکاك ئارام مستەفا چوینە ماڵی کاك مستەفای گۆمەزرد بەنیازی ئەوەی دیداری لەگەڵ ساز بکەین، بەڵام سەرەتا هەرلە دوکانە هەژارانەکەیدا پێشوازییەکی ساردوسڕی لێکردین و وتی: قسەی چیتان بۆبکەم؟ تازە قسە جێگەی چی دەگرێت؟ پێمبڵێن ئەم قسەیەی من چ سودێکی هەیە؟ ئەگەر سودی هەیە فەرموون بالەخزمەتتاندابم؟ گرفتەکەی ئێمە ئەوە بوو مامۆستا محەمەد عەلی یاوەرمان نەبوو، کاك ئارام مستەفاشی باش نەدەناسییەوە، بۆیە زۆر بەزەحمەت هاتە سەرئەو بروایەی قسەمان بۆبکات.

دوای ئەوەی دڵی نەرم بوو ڕێککەوتین لە سەردیدارەکەمان و خوڵقی کردین بۆ ماڵەوە لەژورەوە بەدەم چای خواردنەوەو جگەرەکێشانەوە کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتە تراژیدییەکەی خۆی و ئەوانەی هاورێی سەفەری ئازار چەشتووی بوون بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمان، هە ڕئەو پیاوەی کە لەپێشەوە پێشوازییەکی باشی نەکردین، هێشتا زومی کامێراکەی لەسەر بوو، چەند پرسیارێکم مابوو ئەو زووزوو دوبارەی دەکردەوەو دەیگوت دەی توخوا ئەمشەو میوانم بن، ئەوسا ئەوەندەتان قسە بۆدەکەم بەدڵی خۆتان. هەرچۆنێك بوو سەردانی مستەفای گۆمەزەرد سەرباری ئەوەی زۆر کەیفخۆش بوو بەوەی کەسانێکی نەدیوو نەناس سەردانی دەکەن، ئەم دیدارەشی لێ بەرهەم هات. دیدارێکی پڕزانیاری بەرلەوەی من هیچ پرسیارێکی لێبکەم هەرئەوەندەی زانی کامێرا سازو ئامادەیە دەستپێشخەری کردو ووتی:

من ناوم مستەفایە بەڵام ناوم لە قەیددا نەبوو، ئێمە ئەوکات کەلوپەلەکانمان لە سەرقەڵا و کفری بوو من و برایەکم لەگەڵ

پێنج کەسی ئەم ناوچەیەدا بۆماوەی دووسالْ هەولْماندا بۆئەوەی ناومان تۆماربکەن و چوینە گۆبان و سەی خەلیل و گۆمەزەردی (سەنگاو) سەیارەیەکمان گرت بە هەزار و پێنج سەد .

سوپاس کاك مستەفا تکایە پەلەمەکە ئەی مەگەر تۆ قسەی منت گەرەك نییە؟

با ئەگەر ناوی سیانیتم پێبڵێیت؟

ناوم مستەفا قادر محمود محمد

کاك مستەفا تۆ تەمەنت چەندە؟

موالیدی ١٩٣٦م.

لەبنەرەتەوە تۆ خەڵکی چ گوندێکیت؟

گۆمەزەردی ناوکەماڵی، گۆمە زەردی خەلیفە قادر

سەربە ناحیەی تیلەکۆن؟

بەڵێ، پێشتر سەر بەکفری و سەرقەڵا بوو پاشان هاتە تیلەکۆ ئێستەش سەر بەکەلارین، ئێستا ئێمە نفوسمان سەر بە صمودە (رزگاری).

پێش ئەنفال بە چیەوە سەرقاڵ بوون؟

بە فەلاحی و وڵاخداریەوە خەریك بووین چەم و ئاومان لەبەردەستدا بوو مەرەزەمان دەکرد، من هەرلە منداڵیەوە بە شوانی و پاشان بە وەرزێری و خانودروستکردن وئاشی کفریو ئابەوشتانەوە خەریك بووین.

گوندەکەتان چەند ماڵ بوو؟

(٢٢) بیستوودووماڵ بوو.

هەرلە گەرمیان گۆمەزەردێکی تریش هەیە؟

بەڵێ گۆمەزەردی ڕۆغزایی لەلای گامەخەڵ هەیە، بەڵام ئێستە ئەوێ کەسی لێ نییە.

پێش ئەنفال گوندەکەتان چەند جارێتر سوتێنراوەو وێرانکراوە؟

بۆ ماوەی دوو ساڵ بە بەردەوام شەو و ڕۆژ لە سێ شوێنەوە تۆپباران دەکراین، لای گەلە ڕامان دەکرد بۆلای منداڵ، لە کاتی جوتدا ڕامانەکردەوە بۆلای منداڵەکانمان، لای درەوەوە ڕامان دەکردەوە بۆلای منداڵ، ڕۆژێکیان من ئیشم دەکردو لێرە نەبووم سوپایەك لە بەشی سەرەوە هاتبوو گوندەکانی هەمووی سوتاندبوو.

سوپای حکومەتی عێراقی بوو یان حەرەس قەومی؟

حکومەتی عێراق

تۆ باسی سەردەمی سەدام حسین دەکەیت یاخود پێش ئەو؟

باسی سەردەمی سەدام حسین دەکەم، لەو کاتەدا سێ پێشمەرگە کوژران، شەش کۆپتەر بەسەر گوندەکەماندا دەسوڕانەوە، سیانیان دەڕۆشت وسیانی تردەهاتن، لەسەرقەڵاوە تۆپ و ڕەشاشیان دەتەقاند، لەهەر چوار لاوە بە هاوەن و تۆپە قورسەکان تۆپ باران دەکراین، بەخوا ئەوەندە تۆپ بەر ناوچەکەمان کەوتبوو وەردوجارت[1] لەیەك جیانەدەکردەوە، تۆپ دابوی لە گایەلەکەمان چوار پێنجێکی لێ کوشتبوون، ماڵەکانمان هەموی سوتا، کۆتایی وەرزی پایز بوو زۆر سارد بوو دووپیاویش لە گوندەکەماندا کوژرا

ئەو پیاوانەی کە کوژران ناویان چی بوو؟

یەکێکیان ناوی ئەمین مولودو ئەوی تریان ناوی صالح محمد علی، صالح هەرچەندە دوو یان سێ منداڵی هەبوو بەڵام گەنج بوو، لە ڕۆژی دووەمدا کە سوپاکە هات کوژران، ڕۆژی یەکەم تا خۆرئاوابوون وخۆرهەڵاتنەوە تۆپ باران مەجالی کەسی نەدا لە ماڵ بێتە دەرەوە، ماڵی باوکم بە بەرزییەوە بوون، دایکم و باوکم وتیان لەو کاتەدا سێ پێشمەرگە لە ماڵەکەماندا بووە گوندێکی تر بەرامبەر گوندەکەمانە لەسەر یاڵەکە دەبابەیەکی پێوە بووە دایك و باوکم بە پێشمەرگەکانیان وتبوو تەقە مەکەن بەڵام کاتێك تەقەیان کرد ڕاستەوخۆ دەبابەکە تۆپی نا بە ماڵەکەمانەوە، لەبەر قسەی باوکم پێشمەرگەکان لەوێ ڕۆشتبون و چوبونە ماڵێك خوار ئەوێ لەوماڵەدا یەکێ لە پێشمەرگەکان کوژرابوون، ژن و منداڵەکانم کاتێ لەگوند دەرچوبون وتیان کۆپتەر بەسەرماندا دەسوڕایەوە ژنەکەم وەك مریشکی کڕ خۆی

١. جار مەبەستی لە بەیارە مستەفا مەبەستێتی بڵێت تۆپ هەموو زەوییەکانی کێڵابوو زەوییەکی کێڵدراوو بەیار وەك یەکیان لێهاتبوو. بەڵام بۆئەوەی بنەرەتی زمانی دیمانەلەگەڵکراو پارێزراوبێت پێمباش بوو هەرزمانی خۆی بەکار بهێنرێت.

دابوو بەسەر منداڵەکاندا و ڕۆشتبون تا لەگوند دەرچوبون، شەوی دوای ئەوە پیاوەکانمان شاردەوەوسوپاکە لەوێ بوو تا خۆرئاوا بوون منیش هاتمەوە بۆ ماڵەوە وتم بزانم دایك وباوکم ماون، ژن و منداڵەکانمان لەجەوەڵ وکەژوکێوەکەدابوون، کە هاتمەوە دایك و باوکم بینی سەر و قژیان هەڵپروزابوو، دوو پیاو لەناو ئاودا کوژرابوون خەڵك لە هەر چوارلاوە هات بەدەممانەوە وپیاوەکانمان دەرهێناو شەو بەخاکمان سپاردن، خانوەکان دەسوتان کەس نەیدەپەرژا بیانکوژێنێتەوە.

من ویستم باسی پێشترم بۆ بکەیت؟ بەهەرحاڵ ساڵی چەند هاوسەرگیریت ئەنجامدا؟

نازانم ساڵی چەند بوو.

خێزانەکەت خزمی خۆت بوو؟

قەومی خۆمان بوو.

بە قیسمەت و نسیب هێنات یاخود بە خۆشەویستی؟

قیسمەت و نسیب

ناوی چی بوو؟

کافیە حەمە امین زۆراب

چەند منداڵتان هەبوو؟

پێنج

ناویان چی بوو؟

(جەزا، محمود، محمد، پیرۆز، مهروب)

کەسیان زەواجیان کردبوو؟

ئەوکات منداڵ بوون، هاوڕێکانی ئەوان ئێستە منداڵەکانیان لە مەکتەبدان

ئێوە نەتاندەزانی حکومەت بەنیازی کارێکی لەو جۆرەیە؟

نەماندەزانی، کە گوندەکەمان چۆڵکرد لەولاوە هەمووی بەر جەوەڵە تا دەچێتە تیلەکۆ و چەمە، ئەم بەر جەوەڵە ساڵێك پێش ئەوە چۆڵکرابوو خەڵکەکەی چوبونە کەلار، ڕۆژێکی بەهار بوو (١٩٨٨/٤/٤) بوو نەك وەك ئێستە کردویانەتە (٤/١٤) کاتی خۆر ئاوابوون شوان هەواڵی هێنا سوپاکە هات لە کەلارەوە و لە بەینی سەی خەلیل و گۆباندایە ئەگەر



بێت بۆ ئێمە بەپێ ڕۆشتن بە سەعاتێك دەگاتە لای ئێمە، دووساڵ لەوەو پێش کە تۆپ باران کراین و هیلاك بوین وکاروکاسپیمان بۆ نەدەکراوتمان گیانمان دەرچوودەستی ماڵ ومنداڵمان گرت و وتمان دەچین بۆ صمود چونکە ئەگەر سوپاکە بێت پێشمەرگەش بەرامبەریان دەوەستێت و ئێمە لە بەیانیاندا تیادەچین، بەڕی کەوتین تا لای ڕەبایەکانی صمود کاتی نوێژی عەسربوو کەخەڵکەکە گیران، من ودوومنداڵم نەگیراین گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان لەوێ پێیان وتم ژن و منداڵەکانت لە ڕەبایەی صمود گیراون

ڕابایەکان جاش بوون یان جەیش؟

ڕەبایەیەك جاش بوو ڕەبایەیەکیش جەیش بوو

ئەوانەی منداڵەکانی تۆیان گرت کامیان بوو؟

جەیش بوو، پێیان وتم مەڕۆ وتم لەهەر کوێ بن دەڕۆم، هاتم بۆ ناویان لە لیوای کەلار جەیش وکۆپتەڕێکی زۆری لێبوو، خێمەیان هەڵدابوو خۆم چومە ناو خێمەکە، شوێنێك هەیە لای گۆپتەپەی سەنگاو ناوی (کچان)ە لەوێوە هەتا کەلار خەڵك لەناو خێمەدابوو پیاوەکان نزیکەی ٣٦ کەس دەبوو ژن و منداڵیش نزیکەی ٤٠٠ کەس دەبوون، بە چواردەوریاندا تەلبەندکراوە وشۆفل خۆڵی هەڵداوەتەوە بە چواردەوریداو پاسەوانی بۆدانراوە بەسوپایەکی گەورەودەبابەو لەسەر چوار تەپە خۆڵ چوار دۆشکای چوار لولە دانرابوو.

تۆ لەوێ منداڵەکانت بینی؟

شەش حەوت ڕۆژ پێکەوە بوین، لەوناوچەیەی ئێمە ژن و منداڵی زۆر گیرابوون بەڵام تەنها دووپاویان لێگیرابوو یەکێکیان من بووم لە گۆمە زەرد ئەوی تریان پیاوێك بوو خەڵکی نازێ بوو، چوارکچی برازام گیرابوون ئەوان عازەب بوون لەبەر پیاو خراپ وعەسکەر شەو لای ئەواندا دەنوستم وپێیان دەوتم مامە گیان جێمان مەهێڵە، عەسرێك ڕۆژ دڕەنگ بوو شوفلێك خۆڵی دەدایە پاڵ تەلبەندەکە هاتمە دەرەوە، منداڵێکی کاکە جەزا ئەو تۆزێك گەورە بوو لەمدیوی تەلبەندەکەوە وەستابوو، وتم خەڵکەکە تەیارەکان هات چونکە زۆر بەرز بوو زۆر بە بچوکی دیار بوو وتیان کوا وتم ئەو تا بەسەر بەردەسورەوە (ناوچەیەکە نزیك کەلار)، ڕامکرد بۆلای منداڵەکان وئەومنداڵەش کەلای تەلبەندەکە بوو لەگەڵ خەڵکەکە بانگم دەکردن و هاوارم دەکرد وەرنە ناوخێمەکان بەڵام کەس بڕوای پێمنەدەکرد، تەیارەکە هاتوو لە نێوان دۆشکە چوار لولەکەو تەیارەکەدا دوکەڵێك بەرزبووەوەو دوایی بوو بەئاگر لەو بۆمبارانەدا عەسکەرێك دای لە خێمەکان، من هاوارم دەکردوبانگم دەکردن کەچی خەڵکەکە دەیانگوت ئەرێ بۆئەم حکومەتە بەم زلیەی خۆیەوە چاوی ئەو تەیارەیە نابینێ تۆدەیبینی. منیش هەرهاوارم دەکردودەمگووت کورە ڕاکەن هەرکەس لەوکاتەیا ڕای بکردایە دەردەچوو، گوێت لێمە؟

بەڵێ گوێم لێتە بەڵام ئەو تەیارەیەی تۆ باسی دەکەیت ئێرانی بوو؟

نانا عێراقی خوایە تۆبە ئێرانی بوو، دەیدا لە سەربازگەی عێراقی. بەڵام ئێمەی بە عەسکەرییە دەزانی چونکە لە پاڵ لیواکە خێمە زۆر هەڵدرابوو ئێمەیان لەوێ خڕکردبووەوە، خوائاگادارە کە دای لە چوارلولەکەودای لەو خێمانەی ئێمە خێمە بەئاسمانەوە بوو، ئەوەندە بەرزی کردبوەوە هەرو دەتگووت سەلاجەیە بەئاسمانەوە نەك خێمە، ئیتر کروهوڕی چوار لولەیەکی تروقیژوهوڕی منداڵ و قیژەی ژن هەمووی تێکەڵ بەیەکتری ببوون، ئیتر ڕۆژی قیامەت چۆن بوو ئاوها بوو، هەرکەس بیویستایە ڕاکا دەیتوانی ئەو عەسکەرییەی وا بەدەوری ئێمەوە بوو یەك دەنکی نەمابوو. بەوخوایە هەتا تەیارە ڕۆی یەك دنیا دوکەڵ وتۆز بەسەرمانەوە بوو، من هەر دەمگووت کورە ڕاکەن، پەلاماری ئەم دەداو پەلاماری ئەوم دەدا دەمگووت ڕاکە هەتا من فریای خۆم کەوتم عەسکەرییەکە دیسان هاتەوە بۆ دەوری ئێمەو منیش فریای ڕاکردن نەکەوتم.

هیچ کەس نەیتوانی ڕاکات لەوکاتەدا؟

برازایەکم دەربازی بوو، ئەویش ژنێك لەژێر تەلەکەوە ڕایکێشا.

برازاکەت ناوی چی بوو؟

حەنیف مەحمود قادری ناوبوو ئیتر عەسکەری دەوریان دابووین پاشان گیراین لە ڕۆژی ٤/٤ ئێمەیان ناونوسکردوو بردیانین بۆ ئەمنی سلێمانی.

واتا تۆیان نەبرد بۆ قۆرەتوو؟

نەخێر ئێمە زوو گیراین، کە بردیانین بۆ ئەمنی سلێمانی نزیکەی سیو شەش پیاوبوین لەوێ لە هۆڵێك دایاننااین و پرسایی ئەوەیان دەکرد کە لەکوێ پێشمەرگە بوویت؟ چ جۆرە چەکێکت پێبووە؟ چەند پێشمەرگەت لەگەڵدابوە؟ ئێمەش ووتمان ئێمە جوتیارین و عەشایەرین پەیوەندیمان نیە بەوشتانەوە، پاشان پیاوەکانیان کردە یەك ژورەوەو ژن ومنداڵەکان کە نزیکەی چوارسەد کەس دەبوون لە حەوشەکەبوون چواردەورمان پاسەوان بوو نزیکەی یەك هەفتە ئاوا ماینەوە، ڕۆژی وابوو دەجار بانگیان دەکردین و هەمان ئەو پرسیارانەیان لێدەکردینەوە، کاتێك لەوێ بووین ژنێك لەوانەی گیرابوو لەگەڵ ئێمە هەرلەوێ لە زیندان منداڵی بوو.

ناوی چی بوو؟

بیرم نەماوە بەهۆی ئەو هەموو مەینەتیەوە هیچم بیر نەماوە وەتوانای هیچم نەماوە لە ماڵ ناچمە دەرەوە نە دەچم بۆ شایی نە دەچم بۆ شین، نە سەیران دەکەم تەنها لەماڵم.

پاشان ئێوەیان برد بۆ کوێ؟

لە سلێمانیەوە ئێمەیان کردە سەیارەوە، بەڵام ژنێکی زۆری خەڵکی سلێمانی هاتبوون بە نان وشمەکەوە کە بۆ ئێمەیان هێنابوو بەڵام سەربازەکان نەیانهێشت یەك نانمان بدەنێ

هەرچەندە ژنەکان زۆر هەوڵیاندا، ئیتر لە خۆڕئاوادا بردیانین بۆ تۆپزاوا لەوێ ئەوەی پیاوبوو دایان بەزاندین بەلاّم ژنەکان لەناوسەیارەکاندا مانەوە، لەوێ داوایان لێکردین هەرچیمان پێیە داینێین لە ناسنامەو تەزبێح ومقەستی بەرباخەڵ وکلیل و هەرچی هەیە بەخوا بە بەرزی دیوارەکە شتیان هەڵچنیبوو، کە لەوخەڵکەیان سەندبوو، پاشان چەند کاتبێك ناویان دەنوسین وپیرو گەنجیان جیادەکردەوە، کاتبێکیان وابزانم کورد بوو بەزەیی پێدا هاتمەوە ووتی ئەمەش پیرە بۆ ئەوەی دەربازم بێت و بمخەنە گەڵ پیرەکان چونکە ئەوان دەیان زانی پیرەکان ناکوژن تەنها گەنجەکان دەکوژن بەلاّم سەربازەکە رێگەی نەدا منی خستەوە لای گەنجەکان پاشان خۆم دزییەوە لەڕیزەکەداو خۆم تێکەڵی پیرەکان کردەوە.

لەوکاتەدا کە سەربازەکە تکای ب ژکردیت هەستت بە مەترسی کرد لەڕێتان بێت؟

بەڵێ لەوە تێگەیشتم کەلەوانەیە هەموومان بفەوتێین.

ئەی ژنەکان چییان بەسەرهات هەرلەسەیارەکاندا بوون یان دایان گرتن؟

پاشان ژن ومندالّەکانیشیان برد بۆ هۆلێك وپیاوەکانیان بردە هۆڵێکی تر. دواجار کە کورە گەورەکەم و کچە کەورەکەم بینی ئەوکات بوو کە هاتن بۆلام دەسرو جگەرەیان بۆهێنام کە ئێمە لەژورەوە بوین، لەدوای ئەوە بەیانیەکیان هاتن پیاوەکانیان سوار سەیارە کرد ئێمە ووتمان بەبێ مندالّەکان نارۆین بەلاّم ئەوان بەفێڵ ووتیان ئەوان لەم سەیارەدا جێیان نابێتەوە لە دوای ئێوە ئەوانیش سوار دەکەین بەسەیارەیەکی تر ئیتر ئێمەیان بردە نوگرەسەلمان وئەوانیان بردبوو بۆ دوبز بەلاّم تا ئێمە ڕۆیشتین چاومان لەوانەوە بوو کە لەپەنجەرەکان سەیریان دەکردین.

کەس هەیە لەوانەی لەگەڵ مندالّەکان ڕۆیشتبون بۆ دوبز ئێستا دەربازیان بوبێت وگەڕابێتنەوە؟

نەخێر کەسیان دەربازیان نەبووە، پاشان ئێمەیان برد بۆ نوگرەسەلمان ژیانمان لەپێشدا باش بوو ژورێك هەبوو کەخواردنیان تۆزتۆزە پێدەداین بەلاّم ئەوکوردانەی زمانیان دەزانی هەمووخواردنەکانیان بۆخۆیان دەبرد بۆیە سەربازەکان ئەوەشیان نەهێشت لە دوای ئەوەوە بارودۆخمان زۆرخراپ بوو لە نوگرەسەلمان کەوچکێك رۆن بە ێکی ئەو کات بوو سەلکەپیازێك، کەوچکێك ماست هەر نەدەکردرا ئەوەندە گران بوو. خەڵکێکی زۆر نەخۆشکەوتبوون لەبێ نانی و بێ وەزعی بۆیە ئەمنەکان هاتن هەموو ئەوانەی کە نەخۆش و پیر ولاوازبون ناونوسکران پاشان کردیانن حەوشەکەی تەنیشت ئەوەی ئێمە تا دوورۆژ لەوێدابوون پاشان بردیانن کەس نەیدەزانی چیان لێ بەسەرهات، هەرکەسەو جۆرە قسەیەکی دەکرد یەکێك دەیگوت دەیانبەن دەیانخەنە بەحرەوە یەکێکی تر دەیگووت دەیانخەنە ژێر زەویەوە خۆئەوانە بەکەڵکی هیچ نەمابوون ئەوەندە لاوازبوون. پاش ماوەیەکی تر کە نزیکەی دوومانگ بەدوای ئەوەدا تێپەڕی دووبارە ئەمنەکان هاتنەوە دەستیانکرد بە ناونوسین وایلێهات خەڵك دەستیکرد بە واستەکردن بۆئەوەی ناوی بنوسن هەندێك کەس خزم و کەسوکاری خۆی دەنوسی بەس ئەوەندەی یەکێکی بناسیایە ئیتر ناوی بۆدەنوسی بەوهیوایەی بەربن بەلاّم لەڕاستیدا کەس نەیدەزانی چارەنوسیان چی لێ بەسەردێت، پیاوێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی چەمچەماڵ بوو مشکیەکی بەسەرەوە بوو کراسێکی سپی عەرەبی لەبەردابوو زمانی عەرەبی دەزانی ڕێك کەوتبوو لەگەڵیاندا.

ناوی چی بوو؟

ناوی نازانم، کەوتە ناو یەکێك لەو وەجبانەی کە کەس نەیدەزانی بۆکوێیان دەبەن، ئەمنێکی ڕەش پێست لە سلێمانیەوە هاتبوو دەمناسیەوە لە ئەمنی سلێمانی دوجار هاتبووە لامان، ئێوارەیەك بانگی دووو سێ کەسی کرد لەوانەی کە ڕێك کەوتبوون لەگەڵیان، کە ڕۆشتن و هاتنەوە وتیان ئێوە دەزانن ئەو کەسانەی لێرە دەیانبەن بەردەدرێن نایان کوژن، ئێمەش وتمان چۆن دەزانیت ئەویش وتی ئەمنەکە پێی وتوم ئەو پیاوەی کە لێرە لەگەڵتان بوو لە یەکێکیك لە وەجبەکاندا بردویانە لە بازاڕی چەمچەماڵ بینیومەو بردومیەتەوە بۆ ماڵی خۆیان و کاوڕێکیشی بۆ سەربڕیوم و شەویش لە ماڵیان ماومەتەوە، ئێمەش هەموو

بڕوامان بەوقسانەکرد، دوای ماوەیەک سەرەی ئێمە هات کە بمان بەن لەوپیاوەی خزمیشمان دابڕام

ئاگاتان لە منالّەکانتان نەبوو؟

لە دوای تۆپ زاواوە ئاگامان لێیان نەبوو، هەر وەجبەیەک چەند کەسیان ببردایە دوای شەوڕۆژێک لەدوبزەوە ئەوەندەی تریان دەهێنایە جێگای ئەوان، ئەوانەی کە دەهاتن لە دووبز وەزعیان باشتر بوو ئێمەش وەزعمان زۆر خراپ بوو لە نوگرەسەلمان ئەسپێ تێی دابوین.

تۆ چەند لەنوگرەسەلمان مایتەوە؟

من حەوت مانگ و دە شەو لەوێ مامەوە، یەکێک لە ئەمنەکان ناوی حەجاج بوو گەورەی هەمویان بوو کە دەیان وت حەجاج هات ئێمە و ئەمنەکانیش لە ترسدا دەتۆقاین، لە گەرمای هاویندا خەڵکی دەبەستەوە بە عەمودەکانەوە و بە سۆندە لێی دەدا

حەجاج خۆی لێی دەدان؟

بەڵێ کورد بوو

چۆن دەزانیت کورد؟

ئەگەر کوردێک پیاوی حکومەت بوایە هەموولێی دەترسان

قەت حەجاج لەتۆی داوە؟

نەخێر، جاباقسەت بۆبکەم بەتەنکەر ئاویان بۆ دەهێنای ئێمەش هەریەکەمان کتریەک یان جامێک یاخود مەسینەیەکمان لە سەرەدا دادەنا کاتێک دەرگاکەیان لێدەکردینەوە بچین بیهینین دەبوو بە فەوزا و پیاوی وەک من دەکەوتە ژێرپێوەوهەندێ جار ئاوەکە دەڕژا یاخود شتەکانمان دەشکا یاخود دەبرا، قاپی نایلۆنمان دەسوتاند بۆئەوەی چای پێ لێبنێین، ئێمەش لەناوخۆماندا خراپ بوین هاوکاری یەکمان نەدەکرد، کاتێک ویستیان بمان بەن پاسی گەورەیان بۆ هێناین بەڵام بیست کەسمان شوێنمان نەبوایەوە پاسی بچوکیان بۆ هێناین، بۆدەڵێم حەجاج کوردە کاتێک کە ویستم سواری پاسەکە ببم پێی وتم دەی سوار ببە منیش پێم وت ئەی بۆچی تا ئێستا بەو شێوەیە قسەت نەکردوە ئەویش وتی بڕۆ، بە زمانێکی کوردی زۆر ڕونی سلێمانیانە قسەی دەکرد، تا ئەوکاتەی شەڕی ئێران عێراق وەستا وەزعمان خراپ بوو بەڵام دوای ئەوەی لەنوگرەسەلمان نەماین وەزعمان باشتربوو، ژورێکیان چۆڵکرد وقەرەوێڵەیان دانا بۆ ئەوکەسانەی کە نەخۆش بوون ودکتۆریان بۆهێناین، دوای ئەوەی ئێمەیان لەوێ برد بردینیان سەماوە ئێوارە بوو نازانم چەند سەعاتی مابوو بۆشەو، بانگەوازێکیان کرد وتیان ئێوە بەردەبن، لەوێ نەدەچومە ناو ژورەکانەوە لەبەرئەوەی لە نوگرە سەلمان زۆرناخۆشیم بینی بە ڕۆژ لەباخدا بوم وبەشەویش لەسەرجادەکان دەنوستم، سێ شەولەوێ ماینەوە دوای ئەوە بردینیانەوە بۆ تۆپزاوا، لە نێوان چەند سەیارەیەکدا دۆشکایەکمان لەگەڵ بوو شەوێکیش لەوێ ماینەوە دوای ئەوە بردینیان بۆ شوێنێک هەریەکەمان شتێکمان دەگوت یەکێکمان دەیوت ئەمە ئێرانە منیش دەموت ئێرە کەرکوکە دوای ئەوە هاتینە سلێمانی بردیانین بۆ عەربەت لەوێ دابەزین ناویان نوسین و وەرەقەیەکیان داینێ وشەربەتیان دا پێمان و وتیان کەس عەزیەتی خۆی نەدا سەیارە حازرەو خەڵکی هەر شوێنێکن دەتانباتەوە، هێشتا لە سەیارەکە دانەبەزبوین خەڵکێکی زۆر لە ژن و گەنج و پیاو لەوێ بوون بە لێشاو هاتن بۆ لامان کورێکی گەنج نازانم کێ بووو ئەو منی دەناسی وتی لالە مستەفا چیت بۆ بهێنم وتم چی هەیە؟ لەم شارەدا وتی هەر شتێک تۆحەزی لێبکەیت هەیە وتم نانێکی وشکم بۆ بهێنە چونکە نانمان نەخواردبوو، ئاگام لێبوو کورەکە ڕۆیشت بیهێنێت بەڵام ئەمنەکان خەڵکەکەیان دورخستەوە و ئەو کورەم نەبینیەوە، دوای ئەوەی بەریاندراین کورێک سەیارەیەکی پێبوو وتی لالە با بتبەمەوە ئەوەبوو بردمیەوە بۆ کەلار.

لە کەلار چویت بۆ کوێ؟

ماڵی خزمێکم و برایەکەم لەوێ بوو، براکەم چوار کچی عازەبی هەبوو ئەوانیش گیرابوون.

ناویان چی بوو؟

کچەکانی براکەم (رابعە - ئاهوو - پەروین) ئەوەی تریانم بیرنەماوە

هەتاکەی بەتەنها مایتەوە ومانّت پێکەوە نەنایەوە؟

وتیان منداڵەکانت لە دوبزن دووجار چومە ئەوێ و چومە لای موختارەکە، وتی ئێمە پێمان دەڵێن تایفەی صالحی، وتی تا خەڵکەکە لێرە بوون هەموو پێداویستیەکمان بۆ دەبردن هەرکەسێکیش بمردایە حکومەت دەیدا پێمان ئێمەش دەمان ناشت بەڵام ئێستە کەس لێرە نەماوە و ئەو وەرەقانەی ناوەکانیانمان تێدا نوسیبو شاردمانەوە لە ترسی حکومەت، ژنێك لەوێ بوو نازانم خوشکی یان ژنی موختارەکەبوو ناوی چنارە بووبانگی کرد وتی بزانە ئەوناوانەی کە پێت دەڵێ بزانە لێرەبوون ئەویش وتی بەڵێ لێرەبوون، دوو جاریش چومە بنەسلاوە لای هەولێر.

منداڵی زۆر بچوکت هەبوو؟

حەمە چل شەو نەدەبوو، کاکە من چواردە ساڵ تەنیاو بەبێ ژن و منداڵ دەژیام، هەندێ جار ئەونانەی خەڵك پێی دەدام کەروی هەڵهانیبو زۆر بە داماوی دەژیام، ئەگەر ئەو کات ژنم بهێنایەتەوە ئێستە منداڵەکانم ژنیان هێنابوو، چەرمەسەری زۆرم بینی و داوام لە خەڵکی دەکرد نانم بۆ بکات تا ئەوکاتەی ئەم ژنەی ئێستام هێنا و دوو منداڵمان هەیە.

تۆ چواردە ساڵ بەبێ ژن و منداڵ ژیانت بردە سەر؟

بەڵێ، هەندێکجار لەچلەی هاویندا پربە سکی خۆم تێر ئاوم نەدەخواردەوە هەتا ئاوم لێ ببڕێت کەس نەبوو ئاوم بۆ بهێنێ کە خەڵك دەخەوت ئینجا من شۆربایەکم بۆخۆم کردووە، جاوەرە پیاوێکی بێکەس گەرمی بکەو ساردی بکەرەوە ئینجا بیخۆ بۆئەوەی نەبێتە گەمەی عالەم.

جا بۆچی دەبیتە گەمەی عالەم کاك مستەفا ئەوەی گەمە بەتۆ بکات گەمە بەعەقڵی خۆی دەکات؟

کورە تۆ ئاگات لەچییە برام ئەرێوەلا ئێمە بووینە گەمەی عالەم.

تۆ حەزت دەکرد بچویتایە بۆ دادگای بەغداو شایەتیت بەسەرسەدام و عەلی حەسەن مەجیدەوە؟

وەکوچی؟

وەك شکاتکار وەك شایەتحاڵ وەك خاوەن ماف؟

وەلاهی وەبیلاهی خەتای ئەو جاشانەبوو ئەچون ئەیاندا بەگوێیاندا بە سەدام حوسێنیان دەگوت ئێمە دەکەوێنە بەریان و لەناویان دەبەین. ئەوە بوو سەدام حوسێن بانگەوازی کرد ووتی: خەڵکی کەلار دۆستتان هەیە براتان هەیە خزمتان هەیە بیانهێننەوە بۆ مجمع کورە دوایی محەرەمە دادەنێم لە فلان رۆژەوە بۆفلان رۆژ دوای ئەوە هەرچی بیگرم دەیکوژم. من هاتم لەلای رەفعەت یەکەم پیاو بوو لەم مەنتیقەی گەرمیانەدا

رەفعەت کێیە؟

رەفعەتی حاجی موشیر هەرچی ئەمن بوو لەم ناوچەیە بەدەستیەوە بوو یەکەم پیاوبوو نێرە پیاو بوو لەم مەنتیقەدا چووم بۆلای لەبەرئەوەی تۆزێك ناسیاویمان بوو، ئەوان بایەعیان بوو لە کەلار، وتی کاك مستەفا بۆچی هاتوویت؟ وتم وەلا براهاتووم وەرەقەیەکم بۆبکەیت و نەفەوتێم و دەچم ئەو ماڵ ومنداڵانەم دەهێنم بۆئەوەی کەس دەست نەهێنێتە رێم، وتی وەلا قسەکەت پیاوانەیەو ئەشەهدوبیلا قسەکەی تۆ لەهەمووی پیاوانەترە، من وەرقەت بۆ دەکەم ئەوەی سنوری حکومەت بێت هیچ کەس دەستنەهێنێتەرێگات، بەڵام بۆ ئەولا خۆت نازانی وەزع چۆنە؟ وتم باچۆن نازانم لەولا وەرەقەی تۆم پێبگرن سەرم دەبڕن، من نەمکرد منداڵەکانم بدەم بەکۆڵمداو بیانهێنم هەتا ئاوایان لێهات.

مەبەستت ئەوەیە بلێیت پێشمەرگە رێگەیان نەدەدا منداڵەکانت بهێنیتەوە؟

رێگەیان نەدا برانەیانهێشت بیانهێنمەوە، توخوا ئەوە رەوایە بەقەد عەلی کیمیاوی خەتایان نیە؟ چەند ساڵ من خزمەتمکردن پەلەوەرم بۆسەربرین هەرهیچ نەبوایە بیانوتایە برا بائەو ماڵ ومنداڵە تێدانەچن بابرۆن خۆیان رزگار بکەن لە جیاتی ئەوەی وابێژن کەچی نەیانهێشت ماڵومنداڵمان دەرکەین، چەند ساڵ من لەژێر توپ وهاوەندا ئیدارەمان کردو برنج ورۆنمان بە هەزار دەردی سەری دەردەکرد برا حساب بکە بۆئەوانمان دەبرد. توخوا ئەوە ویژدانە منداڵ.

بەبروای تۆ دوای دادگایی کردنی سەدام و عەلی حەسەن مەجید کێی ترماوە دادگایی بکرێت؟

دوای ئەوان مەگەر جاشەکان ئەگینا کێی تر هەیە لەوان

تاوانبارتر؟ هەرئەوان ماون.

ئەمرۆ لەبەردەم دادگای کەلار کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای دادگایی کردنی جاشەکانیان دەکرد تۆ نەچووییت؟

نامن نەچووم کەس پێمی نەوتووە، بەڵام برام من هەر بۆگەمەی رۆژگار ماووم، هەرچی پێیی بێژی ژیان نایکەم، من ژیانم نەماوە لە دوای ئەوان نەدەچمە مزگەوت، نەدەچمە شایی، نەدەچمە پرسە، نەدەچمە نوێژی جەژن نەدەچمە نوێژی جەماعەت، لەوقاپییەی خۆم ناڕۆم بۆهیچ کوێییەک ناچم، باشە برا حکومەت هەر بۆ خۆی باشنیە بێژێ بڵێت ئەو پیاوە ناوکی بریاوە ناوسکی سوتاوە ناخی کلۆر بووەو هیچی نەماوە گەمەی پێمەکەن؟. قانونی ڕاست هەموومان گەرەکمانە بەڵام کوا قانون هەیە.

کاك مستەفا من دەمەوێ رات وەربگرم بۆشتێك؟

فەرموو.

پارەکە لەتەلەفزیۆن گوێت لێنەبوو بڵێت با لەیادی ئەنفالدا هیچ پەلەوەرێك سەرنەبردێت؟

تێناگەم.

ئێستا تۆئەوهەموو مەینەتیەی ئەنفالت بیر چووەتەوە؟ ئەوهەموو برسێتی و تینوێتیەت بیرچۆتەوە؟ حەزانکەی خەڵکیش لەبیری نەکات؟ پارەکە گوێت لەتەلەفزیۆن نەبوو بڵێت بالەیادی ئەنفالدا هیچ پەلەوەرێك سەرنەبردێت و لە چێشتخانەکانیشدا گۆشت وسەربرین لەو ڕۆژەدا رابگیرێت؟

هەرچەند دەکەم لێت تێناگەم !

پێتخۆش نیە هەموو خەڵکی کوردستان ئەگەر بۆیەك ڕۆژیش بێت وەك ئێوەبژی وەك ئێوە چۆن بوون لەنوگرەسەلمان ئاوابێت؟ ئایا ئیوە گۆشتتان دەستدەکەوت لە نوگرەسەلمان؟ تەنانەت لەجەژنیشدا سەمونێك زیاتریان پێدەدان؟ خەلك لەوێ لەبرسان نەمرد؟ ئەی چی دەبێ ئەگەر لە ڕۆژی ٤/١٤ لەیادی ئەنفالدا هەموو شتێك ژیانی پاریزراوبێت.. تەنانەت ئەوە لەو ڕۆژەدا کەسێك بکوژێ سزاکەی زیاتر بێت؟ نەك هەر ئینسان تەنانەت مریشکێکیش سەرنەبردرێت؟.

ئەرێ بەخوا ئەرێ بەخوا زۆر بەجێیە بەڵێ ئەوە شتێکی باشە. ئەوەشی خەلك بکوژێ لەو ڕۆژەدا هەقە سزای زیاتری بدرێ. چونکە پیشینان دەڵێن دڵێك بۆدڵێك نەکولێتەوە بامارپێوەیدا بچوزێتەوە. ئەگەر تۆخەمی من نەخۆی بۆمن خەمی تۆبخۆم. بەخوا بەخوا ئەومەخلوقەی لە نوگرەسەلمان بووین لەحەیوان بێدەسەلاتتر بوون من حەیوانم زۆر لەوەراندووە لەحەیوان بێدەسەلاتتر هەیە؟

مستەفا ئەوەندە بە هەستەوە بەسەرهاتی خۆی وخەڵکەکەی لەنوگرەسەلمان دەگێرایەوە وەك بڵێی لەبەردەم دادوەرێك وەستابێ وگەرەکی بێ ڕاستیەکان بەهەستەوە ڕونبکاتەوە، لەوکاتەدا باسی ژنێکی دەکردکە منداڵی بووەو نەیناسیوە، کاتێکم زانی لەبەر زومی کامێرا دەرچوو هەستایە سەرپێ و بەرەو ڕوی دیواری ژورەکە ڕایکرد، هەربەسەرپێیانەوە ڕووی کردە دیوارەکەو پشتی لەمن بوو قسەی بۆ دەکردین، هەمان ڕۆڵی ئەو ژنەی دەبینییەوە کە لە نوگرەسەلمان بینیوێتی دیمەنەکە بەو شێوەیە بوو، ژنێك لەبن دیوارێکی نوگرەسەلمان پێشتر کە بەژانی منداڵەوە بووە دوای ئەوەی منداڵەکەی لێبووەتەوە، لەوکاتەشدا تەنکەری ئاو هاتووەو ئەو مەخلوقە چۆن وەك تینوبۆ ئاو هەڵپەی ئاو وەرگرتنیان کردووە،ژنەکە منداڵەکەی خستووەتە بن دیوارەکەو خۆی بۆکردووەتە پەرژین بۆئەوەی نەکەوێتە بن دەست وپێی خەڵکەکەوە نەپیلیشێننەوەو ڕیخۆڵەی دەرنەهێنن، کە هێرشیان دەکرد بۆوەرگرتنی ئاو. مستەفا خۆی بۆنەگیراوەو چووە بۆلای بۆئەوەی هاوکاری بکات ماوەیەك بە بێدەنگی لەمن وهاوکارەکانم راماو ئینجا ووتی : کاکە چیتان بۆبگێرمەوە ئەوە حاڵی ئەو مەخلوقە بوو لەنوگرەسەلمان و ئێستاش ئەوە حاڵەکەمانە کەدەیبینی هاوەبەرچاوی خۆتانەوە. ئەوە حاڵی ئەو خەڵکە بوو ئەوەش وێژدانی جاشەکان !! بەڵام کەپرسیارم دەربارەی حکومەتی هەرێم لێکرد مستەفا ووتی قەتعیەن مەیلم بۆیان نیە دەزانی بۆچی ڕەئم لەگەڵیان نیە؟ لەبەرئەوەی کاتێك من ئەو بەباوك دەزانم کە ئەو حکومەتە من بە ئەولادی خۆی بزانێ دەی برا حکومەتایەتی ئاوایە؟ نەوەکو ئەمەو نەوەکو حکومەتی بەعسی زاڵمیش.

مستەفا دڕێژەی بەقسەکانی دەدا بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم ووتی باشتێکت بۆباس بکەم (وەختێك زەلامێك دەمرد خۆئاو نەبوو بیشۆرین، کفن نەبوو کفنی بکەین، دەبوو بیخەینە سەرعەرەبانەیەك و بیبەین لەدەرەوەی قەڵاکە لەناو لمدا بیشارینەوە قەبریش نەبوو پۆلیس بەتفەنگەوە بەسەرمانەوە دەوەستان هەی خێراکەن و هەی تەواوبن نەیان دەهێشت ئەوەند چاڵی هەڵبکەنین مردووەکەی تێدا بشارینەوە ناچار تۆزێکمان هەڵدەکەندو هەروا هاکەزایی دەماننایە ژێرلم و دوایی سەگ دەهاتن تەرمەکەیان دەردەکردو دەیانخوارد. بەخوا بەچاوی خۆم دیومە مێش لەتەرمی داوەوەو دەچووە ناو قەبرەکەوە. خەڵکم دیوە دەگریا دەیگوت سەگە رەش دەمخوا.

کاك مستەفا هەتا ئێستا تەلەفزیون هاتووەتە لاتان قسەیان بۆبکەیت؟

لەکوێ لەوێ بەخوا تۆش قسەی سەیردەکەی تەلەفزیونی چی من دەڵێم ئاو نەبووبیخۆینەوە تەلەفزیونی چی؟ برا تۆ چی بەمن ئێژی؟

لەوێ نااڵێم لێرە لە رزگاری؟ لەماڵی خۆتان قەت هاتوون بۆلات باسی نوگرەسەلمانیان بۆ بگێڕیتەوە؟

لێرە نەوەڵا کەس نەهاتووە بەس دووسااڵە حەمە[٢] ئێژی پیاوێك لەسلێمانیەوە دێت بۆلات.

ئێ ئەوە منم ئەوەهاتم خەریك بوو قسەشمان بۆ نەکەیت.

بەپێکەنینەوە بەخوا دووسااڵە هەر ئێژێ دێت.

باپرسیارێکی ترت لێبکەم؟

فەرموو چی ئێژیت من هام لەخزمەتدا باوەڵامت بدەمەوە.

رای تۆ بەرامبەر رێکخراوەکان چییە ئەوانەی داکۆکی لە کەسوکاری ئەنفال دەکەن؟

رێکخراو؟!!! من کەسم نەدیووە داکۆکی لەمن بکات، رێکخراوی چی؟ هان لەکوێ؟ کێ پرسیار لە ئێمە دەکات؟، دەی فەرموون ئەوە سێ مانگە ٩٠٠ هەزاریان لێبڕیووم دەی کوان رێکخراوەکان؟!!!

٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزار !؟ بۆچی لێیان بڕیویت؟

لەبەرئەوەی بڕیویانەو دەڵێن پارە نییە.

دوا قسەت چیە ئەگەر بۆم بکەیت؟

دواقسەم؟ هیچ نیە ئەوەنەبێ کە بڵێم خوا هەقی ئێمەیان لێبەسەنێ.

لەکێی بسەنێ مەبەستت کێیە؟

لەوەی کە لەگەڵ میللەتدانیەو میللەت دەچەوسێنێتەوە خوا هەق لەوە بسەنێت.

مام مستەفا زۆر زۆر سوپاس.

کورە سوپاسی چی تۆ وتت نیو سەعات ئەوە تۆ دووسەعاتە دانیشتووی قسەلەگەڵ من دەکەی. تۆ ئەمشەو مەڕۆررەوە میوانم بە، ئەوسا قسەی زیاتریش دەکەین، مەمنونی خوابە تۆ ئەمشەو بمێنەرە باسی هیچی تر ناکەین تەنها باسی خوادەکەین.

باشە کاك مستەفا دەتوانی وەاڵمی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە بۆچی خوا لەکاتی ئەنفالدا بەفریای کورد نەکەوت؟ بڵێی هۆکاری چی بێت؟

خوا خۆی بەروحمەو دەربەستی کەس نایات، خوا چەند پلەی وای بەجێهێشت چەند زەمانەی ئاخر کرد چەند زاڵمی لەتەخت هاوردە خوارەوە. چەند گرانی هاورد، رەزامەندی بەوەی ئەم دیدارە تۆمارکراوە، بااڵو بکرێتەوە؟

هیچ مانع نیم خوای دەکرد بەیانی دەهاتن قاپییان پێدەگرتم، من راستیم ووتوە، وەاڵ حەزدەکەم بااڵوببێتەوە.

وێنەو پرۆفایلی ئەنفالکراوان بنێرن بۆ ئەنفالستان

٢. حەمە مەبەستی لە مامۆستا محەمەد عەلییە دۆستی کاك مستەفایە و خۆشی دانیشتوی کۆمەڵگای رزگارییە.

دلێر عەلی حسێن:

باوکمو مامەم کە گیرابوون، هاتیشنەوە بۆماڵو خۆیان شۆردو بە پێی خۆیان چوونەوە.



رۆژی دیمانە: ٢٣ی ئابی ٢٠١٣
شوێن: خورماتوو– کات ٥ی ئێوارە.
دیمانە ساز: عومەرمحەمەد

رۆژی ٢٣ی ئابی ٢٠١٣ لە گەشتەکەمدا بۆ قەزای خورماتوو، ئیوارەکەی لەگەڵ کامەران محەمەدو هاوڕێ مەحمود چوین سەردانی گۆڕی شەهیدانی تازە شارو دیواربەندی ناوی ئەنفالکراوانی ناوچەی داودە مان کرد لە گۆرستانی خورماتوو، لەکاتی وێنەگرتنو پرسیارکردنمدا دەربارەی ناوی ئەنفالکراوانو گەڕان بەدوای ناوی ئەو کچو ژنانەی کەوا ناویان لە نوسراوی ژمارە (١٦٠١) ی بەرواری(١٩٨٩/١٢/١٠) ی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، لەوێ بەڕێکەوت چاوم بە دلێر عەلی کەوت، کە بە ماتەمینیو نامۆییەوە لە ئێمەی دەڕوانیو بەبێدەنگی بەتەنیشتمانەوە هەنگاوی دەنا بێئەوەی هیچ خۆی لە کاروبارو دیالۆگی نێوانمان هەڵبقورتێنێ. بەڵام بەبێدەنگی و زۆر لەسەرخۆ بەتەنیشتمانەوە بە ئەسپایی هەنگاوی دەناو منیش زوو زوو ئاورم لێدەدایەوە چونکە لە چاوانیدا چەندین پرسیارم بەدیدەکرد وەک ئەوەی بلێت منیش پێویستم بەوەیە قسەیەکتان بۆ بکەم، من زیاتر لە ماتیو بێدەنگیەکەیدا توانیم ئەو داوایە بیخوێنمەوە، بۆیە بێئەوەی کامێرا ڤیدیۆکە رابگرم زوومم گواستەوە سەر روخسارە ماتەمەکەیو هەربەسەر پێیانەوە دواندم و لێم پرسی ناوت چییە؟

دلێر عەلی محمد حسێن

تۆ کێت ئەنفالکراوە؟

باوکم ئەنفالگراوە

باوکت ناوی چیە؟

علی محمد حسێن

ناوی باوکی تۆش لە سەر دیواری ئەم مۆنۆمینتەیە؟

نالێرە نیە ئێمە بۆخۆمان سەر بەقادر کەرەمین

گوندەکەتان دەکەوێتە چ ناوچەیەکەوە و ناوی چییە؟

ناوی تەختە مینەیە دەکەوێتە بنارگل و لە رۆژئاوای جەوەڵ ناسازدایە.

ئەو کاتە تەختەمینە چەند ماڵ دەبوون؟

ئێمە لە تەختە مینەی سەروو بوین، چونکە لە ناحیێ قادر کەرەم دوو گوند بەناوی تەختەمینە هەبوون، تەختە. مینەی سەرو وە تەختە مینەی خوارو.

گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوو؟

نزیکەی بیست وپێنج بۆ سی ماڵ دەبوو.

چەند کەس لە گوندەکەتان ئەنفالکراوە؟

ئێمە (٢١) بیست و یەک کەسمان ئەنفالکراوە

ئەو ٢١ کەسە هەموویان هی گوندەکەی ئێوەن؟ چەندیان پیاو بوونوچەندیان ژنو منداڵ بوون؟؟

بەڵێ، هی گوندەکەمانن بەڵام منداڵ و ژن نە گیراون، تەنها پیاوگیراون.

لە سی ماڵ ئەوەندە پیاویان گیراون؟

بەڵێ

ئەوکاتە تۆ تەمەنت چەند بوو؟

من موالیدم حەفتا و شەشە دە ساڵ بۆ دوانزە ساڵ دەبووم

کاتی ئەنفالت بیردێ؟

بەڵێ.

خۆتان چۆن دەربازتان بوون مەبەستم خۆتو دایکتو خێزانەکەتانە؟

ئێمە هەندێ حەیوانمان هەبوو هێنامنە خوارەوە، خزمێکمان سەیارەیەکی دووتەنی پێبوو دایکم وئەوانیان بار کردوو هێنایانن

باوکت ئیشی چی بوو هەر فەلاح بوو؟

بەڵێ فەلاح بوو، ماوەیەك سایەق بوو، سەیارەی خەڵکی بەدەستەوە بوو هەندێ جاریش ئەهاتە شار وگەراج خەڵکی ئەهیناوئەیبرد.

کە ئەنفالکرا ئیتر هەواڵیتان نەزانی؟

کە ئەنفالکرا هاتنەوە بۆ ماڵ شەوێکیش لەدووز بوون خۆیان شت ودوایی ڕۆشتنەوە وخۆیان تەسلیم کردەوە.

لەگەڵ کێ هاتنەوە؟

باوك ومامم هاتنەوە.

یەعنی باوکت هاتەوە بۆ ماڵەوە خۆی شت و ڕۆشتەوە؟

بەڵێ ئامۆزای باوکم سەیارەی دووتەنی پێبوو هات ماڵ و شتەکانیان بارکردودوای ئەوە ڕۆشتن لە قادر کەرم خۆیان تەسلیم کرد.

ئیتر هەر ئەو جارەو نەتان بینیەوە؟

نەخێر نەمانبیینەوە.

ئێوە چەند خوشك و بران؟

ئێمە چوار برا و دوو خوشکین لەگەڵ دایکم

براکانت ناویان چیە؟

عەباس گەورەکەیە هەندرێن دووهەم منداڵمانە، نەبەز سێ هەمە، دڵشاد، چوارەمە خۆشم.

خوشکەکانت ناویان چییە؟

سەرگوڵ علی محمد حسین خوشکە گەورەکەمە حەبیبەش بچوکەکەمە

دایکت ناوی چییە؟

فەیمە.

دوای ئەوە چۆن ژیان وکێ هاوکاری کردن؟

هەر خۆمان بەڵام بە ڕەزاڵەت، من تەمەنم دە بۆ دوانزە ساڵن بوو براکەم موالیدی حەفتاو سێ یە ئەو کەمێ قایم تر بوو لە شاردا لە چێشتخانەیەك ئیشی دەکرد

ئەی ئێستا حاڵتان چۆنە؟

لە خودا بەزیاد بێت ئێستە عەیبمان نیە

مووچەی باوکتان وەردەگرن؟

دایکم وەری ئەگرێت و زەویشی وەرگرتووە.

خۆت هاوسەرگیریت کردووە؟

بەڵێ

ئەی خوشك و براکانت؟

بەڵێ هەر چوارمان ژنمان هێناوە و هەر دوو خوشکەکەشم شویان کردووە

هەرگیز خەون بە باوکتەوە ئەبینیت؟

زۆر کەم، دەمێکە خەونم پێوە نەبینیوە وشێوەشی لە بەرچاومە.

خوێندەواریت چۆنە؟

کەسمان خوێندەواریمان نیە

ئێستا من بە ڕێکەوت تۆم بینی، ئایا پێت خۆشە کەسێك پرسیارتان لێبکاتو باسی ئەنفال بکات؟

ئەبێ باس بکرێت نابێ باس نەکرێت، ئەگەر ئێمە بمان زانیایە گۆڕی باوکمان لە کوێ یە هەموو کات ئەچوینە سەری، خوشکە گەورەکەم خێزانی سەی ڕەشیدی ڕەحمەتی ئەنجومەنی پارێزگای تکریتە کەئەمساڵ ئەویش تیرۆرکرا.

ئێستە لە خورماتوو دائەنیشن؟

بە ڵێ گشتمان لێرەین.

هەستت چی بوو بەرامبەر دادگایی کردنی سەدام و عەلی حەسەن مەجید؟

زۆرمان پێخۆشبوو هەمویان ئیعدام بکرانایەو ڕەحمەتی دەربهێنایە.

بە بڕوای تۆ کێی ترماوە دادگایی بکرێت؟

زۆرن بەڵام ئەوانە کۆتاییان نایات

کێ بەڵاتەوە زۆر گرنگە دادگایی بکرێت؟

سەرەکیەکان دادگایی کراون و عیزەت دوریش بگیرایە

ئەویش باش بوو.

ئێستا ئەفسەرێکی زۆر لەناو سوپای عێراقدان کاتی خۆیشی لەکاتی ئەنفالدا ئەفسەر بوون بۆچونت چییە بەرامبەریان؟

کابرایەکی وەک زێدی تێدایە حەقوایە ملی بکەیتە حەبلەوە وئەویش وەک سەدام حسێن تاوانبارەو هیچ جیاوازی نیە و ئیستاش هەر دەست رۆیشتووە.

هیچ ڕەسمێکی باوکت ماوە؟

بەڵێ ڕەسمی لەماڵەوەیە

ئەتوانی ڕسمێکی باوکت بدەیت بە من و دواتر پێتبدەمەوە؟

بەڵێ ئەی بۆ ناتدەمێ بەڵام مەگەر بۆت بشۆمەوە چونکە ڕەسمی گەورەی هەیە.

نامەیشۆرەوە لەبەرئەوەی بۆخۆم لەبەری دەگرمەوەو بۆت ئەنێرمەوە


قایلی بە بلاوکردنەوەی ئەوقسانەی ئیستا بۆتکردم؟

بەڵێ ئاساییە

گوندی تەختەمینا دەکەوێتە رۆژئاوای جەوڵ ناساز، یەکێك بووە لە گوندە قەشەنگەکانی بنار گڵو دانیشتوانەکەی سەربە هۆزەکانی (گڵو بەرزنجەو زەنگنە)ن و لەروی کارگێرییەوە سەربەناحێی قادرکەرەم بوون. گوندی تەختەمینا هاوتەمەنە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق سەرەتای دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٠ کە لەلایەن بنەماڵەی حاجی سەعید بچوکەوە ئاوەدانکراوەتەوە.

تەختەمینا هاوسێی گوندەکانی حەیدەرە سورو تاڵاو شێخ حەمیدو عەزیزبەگ و کانی قادر. بەرلە پەلاماری ئەنفال زیاتر لە ٢٥ ماڵی تێدا بووە، بەزۆری بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون. لەدەوروبەری ١٢ی نیساندا پەلاماری ئەنفال گەیشتەسەریان و لەزێدی خۆیان هەلیکەندن و خانووەکانی لەگەڵ زەویدا تەختکردن و پیاوەکانیان کە ژمارەیان (١٥) کەس و هەموویان خزمی یەکتری بوون ئەنفالکران و جارێکی تر نەبینرانەوە. جگەلەوانیش ٣ پێشمەرگەشیان لە بەرەنگاری و لەسەنگەری روبەروبونەوەدا شەهیدبوون.

هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنوسیان لانیە



لەڕێکەوتی ١٩٩٠/٩/٢٥ بە فەرمانی بەڕێز بەڕێوەبەر بەم شیوەیەی خوارەوەیە :

ئەم گوزارشتە (هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنوسیان لانیە) بگۆڕدرێت بەم گوزارەیە (لە پرۆسەی ئەنفالی قارەمانانەدا گیراون و هەتا ئێستا دەستبەسەرن)

بۆ ئەوەی بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانە بکەین پێشنیار کرا لە کۆبونەوەی مانگانەدا

م/الامن

م/ سیاسی

١٩٩٠/١٠/١٨

(بەعەرەبییەکەی نوسراو موتمری شهری)

خوێنی کوردو رەفتارەکانی بەعس و داعش



لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا تیرۆرستانی داعش وێنەی سەربڕینی دوکەسی کوردیان بڵاوکردەوە، دەرکەوت یەکێکیان ئەفسەرێکی کورد بوو بەپلەی نەقیب، بەناوی فاروق محمد عزیزخان کە لەنەوەی برایم خانی دەلۆییە) لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی عدنان عبدالله عباس کە خەڵکی سەرقەڵای کفری بوون، (ئەو دوو پێشمەرگەیە لە مەیدانی جەنگدا نەگیرابوون بەڵکو لە بۆسەیەکی تیرۆرستانی داعشدا لە رۆژی ٢٠١٤/٦/١٧ دەستگیرکران، کە هێشتا هەندێك پێیان وابوو داعش شەری کورد ناکات! ئەفسوس لە رۆژی ٢٠١٤/٦/١٨ شەهیدکران و لەدوای گرتنەوەو ڕزگارکردنی هەردو شارۆچکەی سەعدییەو جەلەولا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەڕێوەبەرایەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەربەوەزارەتی کاروباری شەهیدان چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵیان هەڵدایەوە لەناویاندا تەرمی چەندین پێشمەرگە و هاوڵاتی تێدابوو کە داعش کوشتبوونی، دواتر پاش تێپەرینی ساڵێك بەسەر تاوانەکەدا بە هۆی دۆزینەوەی شوێنی سەربڕینی شەهید نەقیب فاروق و عدنان و پشکنینی (D.N.A) تەرمەکانی ئەوانیش دۆزرانەوەو ناسرانەوە، لە پزیشکی دادوەری سلێمانی تەرمەکانیان گوازرانەوە بۆزێدی باوباپیرانیان لەگەرمیان لە مەراسیمێکدا بەخاك سپێرانەوە!

هوجام عەبدولڕەحمان سورچی، دوای ئەوەی لە میحوەری موسڵ بە دیلی کەوتە دەست چەکدارانی داعش، لە ٢٠١٥/١/٢٥ بە دەستی چەکدارێکی داعش لە ناوەراستی خیابانێکی شاری موسڵ سەری لەلاشەی جیاکرایەوەو وێنەی تاوانەکە بە تۆماری ڤیدیۆیی لەلایەن داعشەوە بڵاوکرایەوە، جێگەی ئاماژەیە کەوا بکوژەکەی هوجام سورکی داعشێکی تونرەو کورد بوو، بەناوی (موهفەق ئەسعەد ئەسکەندەر) چەند مانگێك دوای ئەو تاوانە کوژرا لەبارەی کوشتنیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٤ بڵاوی کردەوە کە شەوی (٢-٤-٢٠١٥) لەگەڕەکی قاهیرەی شاری موسڵدا، تیرۆرستێك بەناوی (موهفەق ئەسعەد ئەسکەندەر) کوژراوەو دوو لەهاوکارەکانیشی بەسەختی بریندارکراون.



مەهێڵێن قوتابیانی جەلەمۆرد لەخوێندن بێبەش بن

ئەنفالستان



گوندی جەلەمۆرد لە سنوری شوان و لە ڕۆژهەڵاتی چیای خاڵخاڵاندایە، لەڕوی کارگێڕیەوە سەربە ناحیێ ئاغجەلەرو قەزای چەمچەماڵە، بەڕلەتاوانی ئەنفال گوندێکی قەرەبااڵغ بوو، دانیشتوانی گوندەکە زیاتر لە (١٣٠) ماڵ بوون، لە تاوانی ئەنفالدا نزیکەی ٤٧١ کەسیان ئەنفالکران . جەلەمۆرد وێنەیەکی ڕونی کۆمەڵکوژی ئەنفالە، بەداخەوە ئێستا فراموشکراوترین گوندی ناوچەکەیە.

گوندێکی بچووك کە لە پەلاماری ئەنفالدا لە٩٠٪ دانیشتوانەکەی ئەنفالکراوە. نەدەبوو لە ئازادیدا قوتابخانەکەی بێ خوێندکاربێت، چ جای ئەوەی خوێندکارەکانی بەهۆی ڕۆتینەوە قوتابخانەکەیان دابخرێت ! دەبوو چەمی بابەڕوشە بکرێتە شوێنێکی مێژوویی، چونکە شوێنی گرتن و دواماڵئاوایی گوندنشینە بێتاوانەکانی جەلەمۆردو زۆرکەسی تری ناوچەکەیە. بەپێی ئەوهەموو قوربانییەی داوێتی دەبوو ئێستا جەلەمۆرد وەك بەڕێەرچدانەوەی ئەنفال وەرتکردنەوەی سیاسەتی بەعس ئاوەدانترین و جوانترین گوندی کوردستان بێت، بەڵام بەداخەوە وەك حکومەت فەرامۆشی کردووە، ڕێکخراوەکان ونوسەرانیش گرنگییان پێنەداوەو شوێنێکی لەیادەوەری و پرۆژەوتێکست وبەرهەمەکانیاندا نەگرتووە! ئەفسوس پەرلەمانتاران بەو موچە بەرزەشیانەوە بێ هەستترین نوێنەری ئەوخەڵکەن کە ئەنفال هەلاهەلای کردووەو بەهیواو دەنگیان پیداون !

ئەو خەڵکە مەینەتبارەی ئێستا لەجەلەمۆرد دەژین تەنها بەهیمەتی خۆیان و بە یادەوەرییەکانیانەوە پەیوەستن، کە ناهێڵن گوندەکەیان بۆهەمیشە وێرانبێت وکوێربببێتەوە.

جەلەمۆرد لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری بێبەشە، گرنگترینیان قوتابخانەیە کە دووساڵ پێشتر دروستکراوە کەچی ئەمساڵ بەپاساوی قوتابخانەکەیان بەپاساوی ئەوەی میللاکیان نییە ژمارەیقوتابیانیان تەنها (١٩) کەسن یەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ دایخستووە ! هەزار ئەفسوس دەبوو خزمەتێکی هێندە بەرچاو بەگوندەکە بکرایە کە هاندەر بوایە خەڵکی تریش بچن لەوێ نیشتەجێ بن.

ڕێزگرتن لەمەردێکی تر

مام عەباس عەلی ڕۆستەم کە ئێستا دانیشتووی شارۆچکەی خورماتووە، لەبنەڕەتدا خەڵکی شۆراوی ناوچەی داودەیە و بە (عەباس زمۆ) ناسراوە. ئەم پیاوەش وەک زۆربەی گەرمیانیەکان ئەنفالکراوە، هەمیشە بەمیهرەبانی و دڵسۆزییەوە لەخزمەتی خەلک و پێشمەرگەو ڕێبواراندا بووە. لەدوای ئەنفالیش خۆی و کوڕەکانی هاوکاری و خزمەتی ئەو دەستە پێشمەرگە پارتیزانانەیان دەکرد، کە لە پێدەشتەکانی گەرمیاندا لەناو حەشارگەکانیاندا مابوونەوە، لەکاتێکدا بارودۆخ ئەوەندە خراپ بوو پێشمەرگە دەبوو لەڕۆیشتندا هێندە وریا بن لەدوای خۆیان شوێن پێکانیان بسڕنەوە، بەڵام ئەم پیاوەو کوڕەکانی یارمەتیان دەگەیاندە ئەو دەستەپارتیزانانە.

زۆرن ئەوپێشمەرگە پارتیزانانەی باس لە جوامێری ئەم پیاوەو کوڕەکانی دەکەن لەوانە (عوسمانی حاجی مەحمود و جەلیل کۆکسی سەباح شێخ حەمید و ملازم عەباس و شەهید حەئاخەو حەڕەشید توکنی و شەهید مەجید دوزی) ئەوانە هەموویان گەواهی ئازایەتی ئەو پیاوەو کوڕەکانی دەدەن، کە لەساڵانی ١٩٨٨ بۆ ساڵی ١٩٩١ هاوکارییان گەیاندووەتە پێشمەرگە پارتیزانەکان، بەتایبەتیش کوڕێکی بەناوی (سەلاح) تەتەری نێوان پارتیزانەکان و بنەماڵەکەیان بووە.



بەداخەوە مام عەباس لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/٥) کۆچی دوایی کردو سەلاحی کوڕیشی لە ١٩٩١/٣/١٠ لەکاتی گرتنی بارەگای کەرتی سوپای میللی (قاطع الجیش الشعبی) پێکراو بووە یەکەمین شەهیدی ڕاپەڕینی دوزخورماتوو.

ئەم بەسەرکردنەوەیەی گۆڤاری ئەنفالستان تەنها ڕێزلێنانێکە بۆ خەبات و قوربانی دانی خانەوادەیەک.

مامۆستا ئەحمەد ڕەشید ئەمین

سالی ١٩٨٥ پەیمانگای مامۆستایانی لە پارێزگای تکریت تەواو کردووە لە سالی ١٩٨٦ – ١٩٨٨ بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندی قەیتول مامۆستای شۆڕش بووە

مامۆستا ئەحمەد لەگەل هەردوو براکەی سابیر ومحمەد ڕەشید ئەمین لەپەلاماری ئەنفالی سێیی گەرمیاندا ئەنفالکراون باوکیان پیش ئەنفال مردووەو دایکیشی لە عەزابی ئەواندا مردووە

ئەو وێنەیە لە سالی ١٩٨٧ لە قەیتول گیراوە لەگەڵ خوێندکارانی قوتابخانەکەیدا گرتووەو لە ناو ئەو کچانەشدا دوانیان ئەنفالکراون

ئەم زانیارە لە محمد قەیتولی وەرگیراوە .

محەمەد قەیتولی کتێبێکی دەربارەی ئەنفالی ناوچەکەیان نوسیوە بەناوی ئەنفالی ناوچەی قادرکەرەم ٢٢٨ لاپەڕەی قەبارە بچوکە و پێکهاتووە لە دووبەش یەکەمیان باسی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال دەکات و بەشی دووەهەم



ئاماری ئەنفالکراوەکانی ناحێی قەدەرکەرەم و هەرسی پەنجاوسی گوندەکەی دەکات . پێکهاتەی گوندەکان و مێژووی گوندەکانو ئاماری ئەنفالکراوەکانی گوندەکانی قادر کەرەمی تیدا خراوەتەروو.

زانیاری دەربارەی
ئەنفالکراوان بنێرن بۆ ئەنفالستان

زمناکۆ هەڵەبجەیی، لە زانکۆی ئەمریکی بڕوانامەی بەدەستهێنا



زمناکۆ محەمەد ناسراو بە «عەلی هەڵەبجەیی» لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەو تەمەنی تەنها سێ مانگ بوو، بە هۆی ئەو تراژیدیایەی لەهەڵەبجەدا خولقا زمناکۆی لەئامێزی دایکی دابڕی و قەدەر رادەستی دایکێکی تر کرد.

لە ڕۆژی ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ شاری هەلەبجە لەلایەن ڕژێمی پێشوی عێراقەوە بە بۆمبی کیمیایی بۆمبانکرا، لە ئەنجامدا پێنج هەزار کەس شەهید و زیاتر لە ١٠ هەزار کەسی تریش بریندار بوون، جگەلەوە شارەکە بەتەواوی وێران بوو دەیان منداڵیش لە خانەوادەو دایك وباوکیان ونبوون، هەندێکیان هەتا ئێستا چارە نوسیان نادیارە، زمناکۆ یەکێکە لەو منداڵانە، کە دوای ١٩ ساڵ لە شاری مەشهەد سەرداوی دۆزینەوەی پەیدابوو.

هێشتا ڕوون نیە کە چۆن گەیەنراوەتە سنووری ئێران و ئەفغانستان لە شاری مەشهەد گیراساوەتەوەو لە لانەیەکی منداڵان دانراوە، دواتر کارمەندێکی ئەو لانەیە ئامێزی بۆکردەوەو لە ناو خێزانەکەیدا گەورەی کرد، (کوبرا حەمید پور) کە هاوسەرەکەی لە جەنگی ئێران و عێراقدا کوژرا بوو، زمناکۆی بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵگرتەوە و بردییەوە ماڵی خۆیان، لەبەرئەوەی نەیدەزانی ناوی ڕاستەقینەی چییە، ناوی نا عەلی، کوبرا بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەی نەمابوو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆشی لە ئەستۆ بوو، کەچی بریاریدا بۆ ماوەیەکی کاتی زمناکۆی وەربگرێت، بەڵام ماوەی ١٩ ساڵ زمناکۆ لەلای مایەوەو وەك دوومنداڵەکەی خۆی ئامێزی بۆ کردەوەو بەخێوکرد و نازی دایکایەتی ئەوی هەڵگرت.

بە هۆی نەبونی ڕەگەزنامەی ئێرانییەوە زمناکۆ نەیتوانی لە زانکۆکانی ئێران بخوێنێ، ئەمەش بۆ هۆی ئەوەی بەدوای ناسنامەی خۆیدا بگەڕێ ، لەلایەن دایکییەوە ڕاستییەکەی بۆ ئاشکرا دەکرێت.

لە دوای مردنی (کوبرا حەمید پور) جدی تر کەوتە گەران بەدوای شوناسی ڕاستەقینەی خۆیدا بەتایبەتی لە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٩ لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکەوە کەکاریان بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمایی دەکرد، توانی پەیوەندی بە (چنار سەعد عەبدوڵا) وەزیری ئەو کاتەی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی کوردستانەوە بکات و جارێکیش لە شاری تاران چاویان بەیەکتری بکەوێت.

دواتر لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە زمناکۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کورد و پشکنینی DNA بۆ کرا، لە مەراسیمێکدا کە کەنالی کوردسات ئامادەی کردبوو لە نێوان چەندین دایك و باوکدا کە چاوەڕوانیان دەکرد بە ئامێزی دایکی ڕاستەقینەی خۆی (فاتمە محەمەد عەلی) شاد بووەوە .

ئەو ڕۆژەی ئەنجامەکەی ڕاگەیەندرا بۆ عەلی و فاتمەی دایکی ڕۆژێکی تایبەت بوو، چەندە خۆشی بوو هێندەش خەمباری، خۆشی ئەوەی بە دایکی شاد بووەوە، خەمی ئەوەی هەواڵی گیان لە دەستدانی باوك و چوار براو خوشکێکی بیست کە لە کیمیابارانی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ گیانیان لە دەستدابوو. لەلایەکی تریشەوە مایەی نائومێدی بوو بۆ ئەو دایك و باوکانەی چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بوو، بەلام یەکێك لەخەونەکانیشی هاتە دی کەئەوەی لە ئێران بۆی دەستەبەر نەدەبوو بەهۆی نەبوونی ناسنامەوە لە نیشتمانی خۆیدا توانی لە زانکۆی ئەمریکی مافی خوێندنی پێدراو لە بەشی ئایتی وەرگیرا. لە ماوەی یاسایی خۆیدا توانی سەرکەوتووانە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا.

فریادڕەسەکانی دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ

دیدار لەگەڵ:

– ئەسعەد: یەکەمین سەرەداوی دۆزینەوەی تەیمور لای من بوو.

– یەدوللا عەلی :ئەو پێیوتم نزیکەی ٦٠٠ کەس بووین هێناویانین ئالەم سەحرایە ڕەمییان کردووین.

– فاتمە فەتحوڵا ئەو ژنەی یەکەمین کەس بوو بەهانای فەرەجەوە هات.







یەکەمین سەرەدوای دۆزینەوەی تەیمور لەلای من بوو.



ئەسعەد حەمە صالح – فۆتۆ ئەنفالستان

لەکاتێکدا ئەم پیاوە هەڵگری نهێنی تەیمور بوو، کە سیخورەکانی عێراق لە هەمو شوێنێك خزابونە نێو ماڵ و فەرمانگەو ژیان وکاری عێراقی و کوردەکانەوە. بۆیە من هەمیشە رێزێکی زۆرم بۆ داناوەو زۆریش بەدوای سۆراخی ئەم پیاوەوە بووم، زۆر دەمپرسی وکەس هەواڵی نەدەزانی بەداخەوە کەسێکم نەدۆزییەوە کەبیناسێت، چەند جارێك لەگەل کاك فەرەجی تۆپخانە چومە گوندی کولەجۆ لەو سەردانەمدا دوجار سۆراخی کاك ئەسعەدم کرد، جارێکیان کاك رەوف مامی تەیمور پێی گوتم کە وابزانم لەژیاندا نەماوە سایەق گەلابە بووەو وەرگەڕاوە، من هەر ئەوکاتە ئەو هەواڵەم زۆر پێناخۆش بوو، چونکە هەستم کرد شایەتحاڵێکی گرنگمان لەدەستداوە، بەلام خۆشبەختانە هەواڵەکە راست نەبوو، کاك ئەسعەد ئێستا دۆستیکی زۆر خۆشەویستمە، کە دیمانەشم لەگەڵدا سازداوە هیچ ئازایەتیەکی منی تێدانەبووە، بەڵکو ئازایەتی خۆی بوو، چونکە من ئەوم نەدۆزییەوە بەڵکو ئەو منی دۆزییەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی جارێك منی لەشاشەی تەلەفزیونەوە بینیوە، ئیتر کەوتووەتە هەوڵی دۆزینەوەم دوای پرسیاروگەرانێکی زۆر توانیبوی ژمارە تەلەفۆنەکەم بەدەست بهێنێ و تەلەفۆنی بۆکردم.

ئەسعەد کە یەکەمین کوردە سەرەداوی دۆزینەوەی کەوتووەتە دەست و مەردانە هەوڵیداوە بۆ هێنانەوەی بۆ تەنیا جارێکیش بۆ هیچ رۆژنامەو میدیایەك بۆ هیچ رادیۆ و تیڤییەك قسەی نەکردووە، بۆ هیچ بۆنەیەکی ئەنفال بانگهێشت نەکراوە، بە هیچ شیوەیەك هەوڵی نەداوە باسی ئەو قارەمانێتییەی خۆی و باوکی بکات، نەك هەر ئەو بەڵکو هەر یەکێك لەوان کە یارمەتی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیانداوە، دەبوو لەلایەن حکومەت و وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە و رێکخراوەکانی جینۆسایدەوە ریزلێنانی تایبەتیان بۆ بکرایە.

کەچی بەداخەوە بۆ تەنها جارێك وەك ریزلێنانیش بیت وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و رێکخراوەکان بانگیان نەکردوون، چایەکیان لەگەڵدا بخۆنەوە، جارێك لەجاران بانگهێشت بکرابانایە بۆ یادەکانی ئەنفال وکیمیاباران، نەخێر تاکە جارێك کە ئەسعەد ئامادە بووبێت هەرئەوجارە بوو کە من بانگهێشتمکرد بۆ پێشوازی لە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ،

ئەوکە لە پێنجوێنەوە هاتبوو، زۆر خۆشبەخت بووبەوەی کە لەو پێشوازییەدا بەدیداری تەیموریش ئاشنا دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە رووبەداو تەیموری نەبینی چونکە تەیمور بە پیربانگهێشتەکەمانەوە نەهات، ئەم دیدارەی دەیخوێننەوە یەکەمین دیداری ئەسعەد حەمەسالح حەمەئەمینە دەربارەی دۆزینەوەی تەیمورو هێنانەوەی بۆ کوردستان.

کاك ئەسعەت بەخێربێیت تۆ وەك یەکێك لە هاوکارانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیت، گرنگە ئەوە بزانیت کە ئەم دیدارە بۆ بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن نیە، بەڵکو بۆ گۆڤاری ئەنفالستانە، کەتایبەتە بە تاوانی ئەنفال وجینۆساید، بە هیوام لەم ژمارەیەدا بتوانین چاپ وبڵاوی بکەینەوە. هەڵبەت گرنگیەکەی لەوەدایە کە چاپ دەکرێت وەك بەڵگەیەکی مێژوویی دەمێنێتەوە، دەبوو من بهاتمایە بۆ پێنجوین بەڵام سوپاست دەکەم کە ئەو ئەرکەت لەکۆڵ من کردەوە، دوبارە بەخێرهاتنت دەکەم .

سوپاست دەکەم، کە بەدوای دۆسێی ئەنفالەوەیت و باسی تەیمورت کردووەو منت لەبیر نەچووەتەوە. منیش ئێستا ئامادەم باسی ئەوە بکەم کە تەیمور چۆن هێنرایەوە بۆ کوردستان .

پەلە مەکە، باشترە ئەگەر لەسەرەتاوە، لە ناوی خۆتەوە دەست پێبکەین و لەوێوە دەچینە ناو ئەو باسەوە ئێستا ئەگەرخۆت بناسێنی؟

بەڵی منیش دوبارە سوپاست دەکەم، ناوم ئەسعەد حەمە سالح محەمەد ئەمین ئیسماعیلە.

تەمەنت چەندە ؟

لە دایکبووی سالی ١٩٦٥م .

لەکوێ نیشتەجێیت

من لەبنەرەتدا خەڵکی ناوچەی پێنجوێنم

هەرلەبنەرەتەوە خەڵکی ناو پێنجوێن بوون یان دەوروبەری؟

نەخێر لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی قزەڵجەم. ئێستا دانیشتوی شارۆچکەی پێنجوێنم.

واتا خۆتان لەبنەڕەتەوە خەڵکی قزەڵجەن؟

خۆم و باوکیشم لە شاری پێنجوێن لە دایکبووین، بەڵام باوەگەورەم لە بنەرەتدا خەڵکی ناوچەی بێورێیە، وەختی خۆی بەمەلایی هاتۆتە پێنجوێن، هەتا ئەو کاتەی زەعیم سدیق لە شەستەکاندا پێنجوێن دەسوتێنێت باوکم دەچێتە گوندی قزەڵجەو لەوێ نیشتەجێ دەبێت، هەتا ئەوکاتەی گوندەکان دادەگیرێن.

دووجار گوندەکان داگیراون، جاری یەکەم لە دوای ساڵی ١٩٧٦ دا بوو کە ئەو ناچەیەی ئێوە هێنران بۆ ناڵپارێزو شانەدەری، جاری دووەمیش کاتی ئەنفال بوو، کەبەیەکجاری گوندەکان داگیران و بران بۆ کۆمەڵگای نەسروباریکە !

بەڵی راست دەفەرمووی لە جاری یەکەمدا بوو ئێمە هاتینە شانەدەری.

لە قزەڵجە بەچیەوە خەریکبوون یان باوکت کاسپیەکەی چی بوو؟

تا لە گوندبووین باوکم بە ئاژەڵدای و کشتوکاڵ بژێوی ژیانی دابین دەکردین، بەڵام دوایی کە داگیراین و هاتینە موجەمەعی شانەدەری لە بەستەنە خەڵکیان دادەمەزراند باوکم یەکێك بوو لەو کرێکارانەی کە حکومەتی دایمەزراندن وەك کرێکار. هەموو رۆژێك بەسەیارە دەیانبردن بۆ لای کانی پانکەو ئەوانە ئیتر باوکم هەتا خانەنشین بوو هەر بەوکارەوە مەشغوڵبوو.

ئەوکرێکارانە بوون کەپێیان ئەوتن بەتاڵە؟

بەڵێ بەتاڵە دەمخۆش .

تاساڵێ چەند لە شانەدەری بوون؟

تا ساڵی ١٩٨٧ لەوێ بووین، پاشان شانەدەری بە هۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە چۆاڵکرا لەگەڵ سەیدسادق و ئەوناوچانەی دەوروبەری ئێمەش چوینە کۆمەڵگای نەسر.

باوکت بەکێ ناسراوە ؟

حەمە ساڵحی مەلا حەمە ئەمینی قزڵجە

ئێستا تۆ چ کارێك دەکەیت؟

من کاسپی خۆم دەکەم.

مەبەستت کاری سەربەستە ؟

بەڵێ

من وامزانی تۆ فەرمانبەری ؟

نا مەعاشی حکومیم نیە وە حەزیشم لەئیشی حکومەت نیە.

سالّی چەند گیرای بەعەسکەر؟

لە ١٩٨٨/١١/١١ بۆیەکەمجار گیرام بەعەسکەر.

تۆ درەنگ نەگیراوی بەعەسکەر ؟

بەڵێ من بەهۆی خوێندنەوە خزمەتی عەسکەریم درەنگ کەوت.

ئاستی خوێندەواریت چەندە چیت خوێندوە؟

من تا شەشی ئامادەیم خوێندوە لە ئامادەیی ئەحمەد موختاری جاف دەمخوێند، بەڵام بەهۆی ئەو وێرانکارییەی لەهەلەبجە رویداو هەموومان بەچاوی خۆمان بینیمان، منیش لە دوای وێرانکردنی هەڵەبجەوە نەمتوانی بخوێنم و شەش تەواو بکەم.

دواتریش هەر ئامادەیت تەواو نەکرد؟

نەخێر کەلەشەش دابرام نەچومەوە تەواوم نەکرد .

ئێستا ئارەزووناکەیت خوێندنەکەت تەواوبکەیت؟

وەڵڵە کاك عومەر ئەوەی راستی بێت، ئەوکاتەش حەزم لیی نەبوو باوکم بەزۆر دەینارد‌م. ئەگەر وەڵامی راستیت دەوێ نەخێر.

هاوسەرگیریت کردووە؟

بەڵێ سالّی ١٩٩٢ هاوسەرگیریم کردووە.

چەند منداڵت هەیە ؟

چوارمنداڵ دوو کوڕو دووکچ .

لەماڵەوە چەند خوشك وبرا بوون ؟

حەوت خوشك و برا بووین .

برا و خوشکەکانت ناویان چییە؟

براگەورەکەم ناوی فاتیح من ئەسعەد وە لەمن بچوکتر مەسعود چوارەمیان ناسیح، وە سێ خوشکم هەیە بەناوەکانی ئاسیا و ئامین و ئافتاو.

کەواتە ئێوە خێزانێکی قەرەباڵغ بوون.

بەڵێ خێزانێکی نۆ نەفەری بووین .

هەمویان بە چیرۆکی تەیموریان دەزانی؟

بەڵێ تەیموریشیان بینیبوە، چونکە هاتبو بۆماڵەوە.

یەکەمجار کە ناردیانیت بۆ خزمەتی سەربازی لەکوێ دەستی پێکرد؟

با بۆت باس کەم من چۆن گیرام بەسەرباز، ئەوکاتەی لە هەڵەبجە ڕزگارمان بوو، هاتینە موجەمەعی شانەدەری لەوێ زۆرنەماینەوە وهاتین بۆموجەمەعی نەسر، لەوێ بووین کەحکومەت بڕیاری (٧٣٦-٧٣٧)ی دەرکرد، لە سەرەتاوە کوردەکان بەوبڕیارە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران یان عەفوودەکران، منیش تەماح گرتمی و ئەوم بەهەلزانی چووم بۆدائیرەی تەجنیدی عەربەت، دەفتەرخدمەکەم لەوێ تەسلیم کرد، لە تەجنید پێمیان گووت ئەمرۆ بڕۆرەوە بەلام سبەینێ وەرەوە. ڕۆژی دوایی سەعات ١٠ ڕۆیشتمەوە دەفتەر خدمەکەم وەرگرتەوە، کە کردمەوەو سەیرم کرد ٣٦ مانگ خزمەتیان بۆنوسیبوم، بە ناچاری هاتمە بۆ ماڵەوە جانتایەك وکەل وپەلم کڕی وڕۆژی دواتر سواری ئۆتۆمبیل بووم چوم بۆ سلێمانی، لەوێشەوە سواری سەیارەبووم چوم بۆ ناوەندی مەشقی ڕاهێنانی سەربازی لەموسڵ، (مرکزتدریب موصل) لەوێش جلی سەربازیم وەرگرت، وتیان بڕۆ ٣ ڕۆژ لەماڵەوە پشووبدە، منیش ئەوشەوە لەوێ مامەوە ڕۆژی دوای ئەوە دیسان هاتمەوە بۆکۆمەڵگای نەسر (نصر) دوای ئەوەی پشوەکەم تەواو بوو گەڕامەوە بۆ موصل.

ببورە لە موسڵ کۆمەڵێك سەربازگە هەبوون، وەك زیقار، سەلامیەو فائیدەو عەینزالە؟

ڕاست دەفەمووی من هەرلەمەرکەزتدریبی موسڵ بووم لەسەر ڕێگای بەغدا، لەوێ مانگێك مامەوە دوای ئەوە ناردمیان بۆ مەرکەز تەدریبی فائیدە ، لەوێ فیرقەی مدرعەی ١٢ بەشی پیادە، لەوێش ٣ مانگ مامەوە دوای ئەوە فەرمانی گواستنەوەم هات وتیان بڕۆرەوە هەفتەیەك لە ماڵەوە بمێنەرەوە دوای ئەوە کەهاتیتەوە نەقڵ دەکرێیت.

نەتزانی بۆکوێ ؟

ناپێیان نەگووتم

دوای هەفتەیەك مانەوەم لە ماڵەوە، کە گەڕامەوە فەرمانی گواستنەوەکەم دەرچوبو بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران، باش

بوو لەو گواستنەوەیەدا چوار کەس کورد بووین بەمنەوە.

کوردەکان کێ وکێ بوون ؟

ئەوان ناوەکانییان ؟

بەڵێ مەبەستم ناوییان بوو .

(عەباس) بوو کە ئێستا لە چەمچەماڵ دائەنیشێت، (وەلید) کە ئێستا لە کفری دائەنیشێت (صباح حەسەن)یش بوو ئێستا لێرەیە لە سلێمانی دوکانی کارەبایی هەیە.

ئەگەر بکرێت ناوی باوکی ئەوکەسانەم پێبڵێیت؟

بەداخەوە ناویی باوکیانم بیرنەماوە بەڵام ناوی باوکی عەرەبەکان هەمویان دەزانم. کە گەیشتینە جێ شەوبوو، زستانێکی سارد بوو بەفرێکی زۆر باری بوو، زۆر نارەحەت بوو ئەو شەوە لە مقەر فەوج هێشتیانینەوە، وتیان کە بەیانی لە خەوهەستان دابەشتان دەکەین بەسەر سریە و فەصیلەکاندا، کە ڕۆژ بووەوە سەعات (٩) بانگیان کردین منیان نارد سریەی ٣ فەصیلی ٢ . ئامرسریەکەمان ملازم (شەیبان)ی ناوبوو خەڵکی موصل بوو، کە چومە ئەوێ ٦ کەسی عەرەبی لێبوو چواریان خەڵکی ناصریە بوون، ئەم ناوانە بوون (یاسرمریج — سەلاح فیاز— توفیق عبدالامیر — عدنان داود سالح) کورێکی تری لێبوو ناوی (حلیف فلیح عبدالله) بوو، ئەویش خەڵکی بەغداد بوو کورێکی تریشی لێبوو ناوی (سالح سهل عەیشەم) ئەوە ئەو کورە بوو کە تەیمور لە مالیان بوو، من بۆماوەی سالێک لەوێ لەگەڵیاندا مامەوە .

ئەمە لەنێوان سالانی ١٩٨٩ بۆ١٩٩٠ ؟

بەڵێ، ماوەی سالێک لەگەڵ ئەو سەربازە عەرەبانەدا مامەوە، لەوماوەیەدا پەیوەندییەکی زۆر باشم هەبوو لەگەڵیاندا بەتایبەتی لەگەڵ سالحدا، هەقیقەت سالح کورێکی زۆر بەئەدەب وبەرێز بوو، زۆریش ڕێزی لێدەگرتم و زۆرخۆی لێنزیک دەکردمەوە، دوایی دەرکەوت ئەومەرامێکی بەمن هەبوو شتێک لەدڵیدا بوو دەیویست بەمنی بڵێ، بەڵام من ئاگاداری ئەوە نەبووم، کورێکی زۆرباش بوو، زۆریش پابەندبوو بە ئاینەوە ئەوەندە باش بوو نەزمان دەتوانێ بیڵێت نە قەڵەمیش دەتوانێ بینوسێت، پێموابێت حاجی ئۆمەران ساردترین شوێنی کوردستانە کە لە ١٢ مانگەکەی سالدا ١٠ مانگ بەفری پێوەیە، سالح هەر سروشتی وابوو زۆر زوو لەخەو هەڵدەستا بڕوا ناکەم هیچ ڕۆژێک دوای نوێژی بەیانی نوستبێتەوە، لە ڕۆژوو گرتنیشدا زۆر بە توانا بوو .

لەبەرئەوەی زۆرپابەندبوو بەدینەوە بۆیە زۆرخۆشت دەویست ؟

نەخێر تەنها ئەوە نەبوو بەڵکو کورێکی زۆر باش بوو زۆر خزمەتی کردم بەقەد برایەک خزمەتی کردوم لەو مەلجەئەشدا یاتاغەکانمان بە تەنیشت یەکەوە بوو، لەماوەی ئەوسالەدا کە پێکەوە بوین سەرباری ئەو پەیوەندییە بەتینەشمان، هیچ شتێکی بەمن نەوت، بەڵام کە وەرزگۆراو ماوەیەکی تر پێکەوە بووین « ئەوکاتە وەرزی بەهار» بوو جەنگ تەواو ببوو، شەڕی ئێران عێراق وەستابوو، هێزی عێراقی پشویەکیدابوو، ئێمە لەسەر شاخێک بووین پێیان دەگوت سیاکۆ بەسەر شاری ڕەزایەی ئێراندا دەیڕوانی، کە ڕێکەوتنەکە ڕویدا سوپای عێراقی پێیان خۆش بوو، کۆمەڵێکیان تەسریح بوون، ئێمەشیان هێنایە بەشی دواوە، شوێنێک بووسەکۆیەک بووسەوزایی وئاوی زۆری لێبوو، شوێنێیان بۆ دیاری کردین و گوێنی وچینکۆیان پێماندا. دیسانەوە (ملجئ) ژێر زەمینمان دروست کرد، لەوێ پشویەکماندا، ڕیواس وکوزەڵەی لێبوو، ئێواران دەڕۆیشتم دەمهێنا عەرەبەکان پێیان دەگووت (فجل کوردی) واتا توری کوردی (ڕەئیس عرۆفا)[1] یەکمان هەبوو ناوی (علی عوبێد مەزلوم) بوو، عەلی خەڵکی حلە بوو (مقرسریە) بارەگای سرییەکە لە بەردەماندا لە چاڵێکدا بوو، ئێمەش بەسەر شوێنێکی بەرزەوە بووین پێیان دەگوتم موختاری کوردەکان (مختار الاکراد) .

بۆچی وایان پێدەگووتی ؟

لەبەرئەوەی عەرەبیم باش دەزانی ئەویش بەهۆی ئەوەی هەتا قۆناغی شەشی ئامادەییم خوێندبوو شەش سەربازی عەرەبم لەگەڵدا بوو، کەسیش نەبوو بەکوردی قسە لەگەڵدا بکەم بۆیە بەباشی فێری زمانی عەرەبی ببوم لە سەدا شەست قسەم پێدەکردو لەسەدا هەشتاش تێدەگەشتم .

١. لەسوپادا پلەیەک هەیە بەناوی عەریف، بەلام لە یەکەسەربازییەکاندا جێگری ئەفسەرێک دەکەن بەبەرپرسی کارگێڕی سەربازو عریف ونائب چابگ و پێی دەڵێن رئیس عروفا یان سەرۆکی عەریفەکان . ئەم پۆستە زیاتر دەوری چاودێری سەرپرشتیار دەبینێت.

ئێوارەیەکیان دوای سەعات (٣)ی عەسر رەئیس هاتە سەرەوەو بانگی کردم وتی کاکە ئەسعەد؟ وتم بەڵێ گەورەم بە زمانی عەرەبی ووتم (نعم سیدی) ئەویش وتی (بلازحمە روح جیبنا شویە فجل کوردی) بەکوردییەکەی واتا (بێزەحمەت بچۆ تۆزێک تورى کوردیمان بۆبهێنە) منیش وتم بەسەرچاو کە هەستام ویستم بڕۆم، سالح وتی : کاکە ئەسعەد منیش ئەتوانم لەگەڵتدا بێم؟ منیش وتم ئا بۆ نا زۆر ئاساییە و زۆریشم پێخۆشە، ئیتر ڕۆیشتین هەروا سەد مەترێک دورکەوتبوینەوە کە گەیشتینە گوێ چەمێک، سالح وتی کاکە ئەسعەد من نهێنییەکی گەورەم لایە سالێکە لەدڵمدایەو دەمەوێ پێت بڵێم، منیش وتم فەرموو، سالح درێژەی بەقسەکانیدا، ووتی چونکە ئێستا چومەتە ناو ناختەوە و لێت تێگەشتوم بەبێ هیچ کێشەیەک، وتم هەرچیەکە هەرنهێنیەکت لەلابێت مەگەر گڵ لێم ببیستێت، ووتی رەنگە تۆیارمەتی دەرێکی باش بیت، منیش ووتم هەرچی لەتوانای منداببێ یارمەتیت دەدەم.

وتی منداڵێک لە ماڵی ئێمەیە لە ئەنفالکراوەکانە و ئێمە دۆزیومانەتەوە، وتم چۆن دۆزیوتانەتەوە؟ ناوی چییە ؟ وتی ناوی تەیموورە، وتم چۆن ؟ ئەویش وتی ئێمە لەگەڵ خەڵکی سعودیە کڕین وفرۆشتنی ووڵاخ دەکەین، ئێوارەیەک ووڵاخمان برد بۆ سنوری عێراق و سعودیە کەگەیشتینە ئەوێ دنیا تاریک ولێڵ بوو، نیوسەعاتێک دەبوو، بانگی شێوانی دابوو بەچاو دەتتوانی سەد مەتر بۆ دوو سەد مەترێک ببینی لەوێ چاوەڕێمان دەکرد تاسعودیەکان گەیشتن، دوای بەخێرهاتن و هەواڵ پرسی لە تەنیشتمانەوە لای سەرەوەمان سەگوەڕێکی زۆر پەیدا بوو، هەروا بەخەیاڵماندا و بەسعودیەکانمان وت ئەرێ بۆ نەچین بزانین ئەو سەگ وەڕە چییە ؟ کە ڕۆیشتین تەیمور بەرەو ڕومان دەهات، بەهەموی پەنجا مەترێک لە چاڵەکان دوورکەوتبووەوە کە چوینە پێشەوە منداڵێکمان بینی جەستەی شێواوە، شلەژاوو ترساوە، بریندارەو دوو فیشەکی پێوەیە، کچێکی بچوکیش لە چاڵەکە هاتۆتە دەرەوە و لای سەرویەوەیەتی، وتی ئەویش بریندابوو، بەڵام نەمزانی چەند فیشەکی پێوە بوو ئەویش هەربەپێی خۆی دەهات

واتا ئەوان ئەو کچەکەشیان بینیوە کەوا تەیمور باسی دەکات ؟!

بەڵێ، سعودیەکان لەگەڵ خۆیان بردبویان، ئەی مەگەر بۆم باس نەکردیت[٢]؟ (دەمەوێ شتێکت پێبڵێم کات زۆردرەنگە بۆگێرانەوەی ئەم چیرۆکە، وەکو جەنابت دەڵێیت دەبوایە ساڵی (١٩٩١ – ١٩٩٢) باسم بکرایە.

ئەوە راستە من ویستم لە دەرفەتێکیتردا ئەو پرسیارەت لێ بکەم بۆچی قسەت نەکردووە، بۆچی ئەم چیرۆکە گرنگەت لەلای خۆت هێشتووەتەوەو باست نەکردووە؟ بەڵام باجاری هەر باسی ئەوکچە بکەین .

کچەکە هیچی تری لێنازانم ئەوەندە نەبێ کە سالح ووتی سعودییەکان لەگەڵ خۆیاندا، بردویانە.

بەلام تەیمور بەشیوەیەکی تر باسی کردووە، هەم بومێدڵ ئێست ڕێ وهەم بۆکەنعان مەکییەو هەم بۆ عارف قوربانیش، ئەو دەڵێت کچەکە زیندوو بووە بەڵام پیمووتووە با ڕاکەین ئە وتوویەتی ناتوانم لەسەربازەکان دەترسم. ئەوەی سالح بۆتۆی گێڕاوەتەوە تارادەیەک جیاوازەو گرنگیشە ؟

مادام وایە باقسەکانم تەواو بەکەم

فەرموو .

سالح وتی کە ڕۆیشتین سەیرمانکرد، چاڵ هەڵکەنرابوو، هەموو چاڵێک دوو کەسی تێدا بوو، نەک وەکو خەندەق بەڵکو وەک چۆن نەمام دەنێژیت بەتەنیشتی یەکەوە ، دوو سەد و پەنجا چاڵمان ژمارد هەرچاڵەی دووکەسی تێدابوو تەنها ژن ومندالّی تێدابوو، نەپیاو نەکوڕی گەنج نەکچی گەنجی تێدا نەبوو.

ئەی ووتی کە ئەوچاڵانە دانەپۆشرابوون ؟

وتی دانەپۆشرابوون، بە تەیمور وئەو کچەوە پێنج سەد کەس بوون چوارسەد ونەوەد وهەشت کەسیان مردبوون تەنها ئەو دوانە زیندوو بوون، سعودیەکان کچەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو بۆ سعودیە، کاک سالح وبراومامەکانیشی تەیموریان هێنابوو بۆماڵ بۆ ژێردەوارەکە بۆیە لەتۆمارکردنی مێژوودا پێویستە زۆروردبین.

٢. ئەسعەد بەرلەوەی کامێرای بۆ دابنێم باسی ئەوەی کرد، کە ئەوکچەوا تەیمور باسی دەکات بەجێی هێشتووەو ئەو نەیوێراوە بێتە دەرەوە ئەویش خۆی لەچاڵەکە هاتووەتە دەرەوە سالح تەیموری هێناوەو سعودیەکانیش کچەکەیان لەگەل خۆیاندا بردووە بۆ سعودیە، بەلام من لەدیمانەکەمدا واخۆم پیشاند کە ئەوبابەتەم نەبیستووە.

بێگومان ئێستا منیش ویستم بێت بڵم رەنگە پێویست کات زیاد لەدە جار چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکەمەوە بۆ ئەوەی نەوەك شتێکت بیرچێت!

بۆیە ئەوە دەڵێم جارێك لە کەناڵی پەیام ئاگام لێیبوو ڕۆژنامەنوسێك پرسیاری لە عارف قوربانی دەکرد دەربارەی دەربازبوونی تەیمور، ئەویش باسی لەوە دەکرد کە تەیمور لە چاڵەکە هاتۆتە دەرەوە بە بریندارى دوو سەعات سەیارە بەبیاباندا بڕوات تەیمور ئەوەندە بەپێ بەبیاباندا ڕۆیشتووە، لۆژیك نیە منداڵێك کە هێشتا خەتەنە نەکرابێت دوو فیشەکی پێوەبێت لە بیابانی نێوان عێراق و سعودیەدا بتوانێت بەپێ بڕوات، ئەمە تاوانی عارف قوربانی نیە بەڵکو تاوانی بەڕپرسەکانە دەبوایە کە گەڕایەوە لێیان بپرسیایە تۆچۆن ولە کوێوە هاتوویت وکێ تۆی هێناوەتەوە. بەس سودی چییە کە جەنابت دەڵێت سالح لەژیاندا نەماوە(بەراستی ئێشم پێگەیشت) ئەگەر بمایە دەمانتوانی قسەی لەگەڵدا بکەینەوە بۆ ڕاست ودروستی و دڵنیام شتی زیاتری پێدەگوتین[٣].

بەڵێ زۆر بەداخەوە، بەلام نەتزانی ناوی کچەکە چی بووە ؟

نەخێر، باسیان نەکرد تەنها وتی کوڕ و کچێك بوون ئێمە کوڕەکەمان هێناوە وسعودیەکانیش کچەکەیان بردووە، سالح وتی: کە هێنامانە ماڵەوە تەیمور دوو فیشەکی پێوە بوو، وتمان خوایە ئێمە جی بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی بەعس پێمان نەزانێت؟ خۆت دەزانی ئەوسەروەختە حکومەتی بەعس چ درندەیەك بوو؟ ئیتر وتی هەستاین (میرۆمان) بۆدروستکرد لە باخەکەداماندا .

تکایە قسەکەت بیرنەچێتەوەو میرۆ چییە؟

میرۆ لای خۆمان پێی دەڵێین (جۆلانە) .

بەڵێ سوپاس فەرموو بەردەوام بە.

ئیتر وتی بیرۆمان بۆ کردو دکتۆری تایبەتیمان بۆدابین کرد، ووتی ئەوکاتە تەیمور خەتەنە نەکرابوو، لای خۆمان خەتەنمان کردووە، وتی ئەوکورە ناوی تەیمورە بەڵام ئێستا گۆڕیوومانە بە (عەلی) سالح ئەوکات بەمنی وت ئێستا چاك بۆتەوە، گوتی کورێکی جوانی لیدەرچووە، ئێستا هەستی ئەوەی بۆپەیدا بووە کەکەسوکاری هەیە وبیریان دەکات.

هەستت چۆن بوو کە گوێ بیستی ئەو قسانە بوویت ؟

وەلا خەریك بوو ئاگرم تێبەردەبوو، بەلام چیم لە دەست دەدا ئەوکات تەلەفۆن نەبوو، دەبوایە من هەموو جارێك (٢٨) بیستوهەشت ڕۆژ لە سەربازگە لەگەڵ سالح بم دوای ئەوە حەوت ڕۆژ دەڕواتەوە بەمۆڵەت (ئیجازە) دەکاتە سی وپێنج ڕۆژ تا جوابێك بۆ من دەهێنێت، وتم پێی بڵێ بزانە کەسێکی خۆی بیرناکەوێتەوە ؟ وتی ئەمجارە کە ڕۆیشتمەوە بزانم کەسێکی نایەتەوە بەبیردا تا بەتۆی بڵێم تۆش بەشوێنیدا بگەڕێیت

تۆ ڕاستەوخۆ لەوێ ئامادەییت پیشاندا هاوکاری بکەیت؟

بەڵێ، ووتم تەنها ئەو تەنها کەسێکی دوور یاخود نزیکی خۆی بەبیر بێتەوە و ئەوەی تری لەسەمن لەبن عەرزدابێت بۆی پەیدادەکەم ئەوەی لە توانای منداا بێت دەیکەم.

لەو سەردەمەدا حکومەتی بەعس لە بارودۆخێکی زۆر درندانەدا بوو ئایا تۆ نەدەترسایت؟

ترسم هەبوو بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر نا. چونکە بابەتەکە پارێزراو بوو وە سالح بۆخۆی زۆر حەزەری دەکرد ئەگەر شتێك ڕوی بدایە بۆ هەردوکمان نارەحەت بوو بەتایبت بۆ سالح

پێشبینی شتێکت دەکرد ؟

پێشبینیم دەکرد بەڵام بەلێنم بەسالح دابوو، چونکە ئەو زۆر باش بوو لەگەڵم ئەگەر لەناویش بچومایە ئاسایی بوو بەلامەوە ، سالح ڕۆیشت وهاتەوە وتی تەیمور دەڵێ کۆمەڵێك خزمم هەیە لە کەرکوك بەڵام ناویان نازانم ،ئێ کاك عومەر خۆکەرکوکیش شارێکی گەورەیە گوندکی بچوك نییە، بەەر حاڵ، ٣٥ ڕۆژ چاوەڕێم کرد تا سالح ڕۆیشت و گەڕایەوە، ئەمجارە وتی تەیموردەڵێ ماڵی پوروماممە هەیە بەڵام نازانم ئێستا لە کوێن نایەنەوە خەیاڵم ، لەبەرئەوەی تەیمور بەمندالی

---

٣. لە بارەی مەرگی صالحەوە راستیەکەی بەدحاڵی بوونێکی من بوو، کە لە میواندارییەکدا لەگەڵ خاتو ئەنعام فالح السفاح کە کچێکی ماڵی ئال ئعێشم هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە باسی تەیمورو خانەوادەکەیمان کرد، لە میانەی ئەو گفتوگۆیەدا واتێگەیشتبووم کە وتوویەتی سالح لەژیاندا نەماوە، بەلام دواتر کاك تەیمور لەڕێگەی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە تێگەیشتنەکەمی پشت ڕاست نەکردەوەو جەختی کردەوە کە صالح لەژیانداماوەو منیش مژدەی ئەوەم دایە بە کاك ئەسحەد کە من هەلەم کردووەو کاك صالح لەژیانداماوە، چونکە من بەو هەواڵە هەلەیە زۆر ئازرمدا بوو.

گیرابوو بائەوە بزانیت من کاتێك چووم بۆلای تەیمورکوردی نەدەزانی بەعەرەبی قسەی دەکرد، ٣٥ ڕۆژی ترچاوەڕێم کرد تا سالّح هاتەوە ووتی ناوی پوریّکی بیرکەوتۆتەوە دەڵێ ناوی سەعدیەیە مالّیان لەسەرقەڵای کفریە ، منیش چاوەڕێم کرد هەتا ٢٨ ڕۆژی دەوامەکەی خۆمم تەواو کرد، گەڕامە بۆ مالّەوە، باوکمم ئاگادارکردەوەو پێمووت: باوکە تەیمور مالّی پوریّکی بەبیرهاتۆتەوە دەڵێ ناوی سەعدیەیە مالّی لە سەرقەڵایە بۆ ڕۆژی دوایی باوکم سەعات هەشت چوو بۆ زەڕایەن لەوێشەوە چوو بۆ سەرقەڵا مالّی سەعدیە دەدۆزیتەوە کە دەچێتە ئەوێ تەنها پورەکەی لەمالّەوە دەبێت مێردەکەی لەوێ نابێت ، بە باوکم دەڵێ فەرموو حاجی بۆچی هاتویت؟ ئەویش دەڵێ خوشکێ بۆ پرسیارێك هاتووم تۆ برازات هەیە ناوی تەیمور بێت ئەویش دەڵێ بەڵێ بەڵام ئەنفالکراوە لەگەڵ باوکی ودایکی وسێ خوشکی باوکیشم پێی دەڵێ دەی تەیمور لە ژیاندا ماوە، پورەکەشی دەچێتە بارودۆخێکی ترەوە، بڕوا دەکات وبروا ناکات.

خۆشی وناخۆشی و شۆك تێکەل دەبن .

بەڵێ ڕێك ئاوایە باوکم پرسیاری لێدەکات و پێی دەڵێ تەیمور مامی نەماوە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ سێ مامی ماون کە دەکەنە برای من، یەکێکیان ناوی ڕۆوف و ئەوی تر حەمەسەعید، دوای ئەوە لەگەڵ باوکم دەچن بۆ کەلار بۆ مالّی مامەکانی تەیمور، بۆیان باس دەکات و ڕێزێکی زۆر لە باوکم دەگرن و مامێکی بەناوی حەمەسەعید دەڵێ لەگەڵت دێم بۆ ئۆردوگای نەسر بۆ ئەوەی چاوم بە ئەسعەد بکەوێت وتبووی دەمەوێت دڵنیابمەوە، بانگی عەسر بوو لە نەسر لە بەردەرگای مالّەوە دانیشتبوم باوکم هاتەوە پیاوێکی لەگەڵدا بوو من نەمزانی ئەو پیاوە مامی تەیمورە تا نەهاتنە لام.

کەمامی تەیمورهات چیی پیتووت؟ پرسیاری چی لێکردیت؟

کە هاتنە ژورەوە بەخێرهاتنم کرد، باوکم وتی ئەمە مامی تەیمورە زۆرم پێخۆش بوو، ئیتر من چۆن ئیستا بۆتۆی دەگێڕمەوە ئاوا هەموو شتێکم بۆئەویش گێڕایەوە، پێموت تەیمور دۆزراوەتەوە بەڵام ئێستا ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە چۆن بیهێنینەوە. ئیتر مامەی هەرچاوی لەدەمی منەوە بوو.

تۆ یەکەمجار هەموو شتێکت بۆ باوکت باسنەکردبوو؟

بەڵێ لەیەکەم ڕۆژەوە ئەمەم لەگەڵ باوکم تاوتوێ کردووە.

ئەی بۆچی مامی تەیمور هاتبوو؟ دەیویست خۆت ببینێ و زیاتری بۆ باسبکەیت هەر بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابێت ؟

بەڵێ بێگومان هەربۆ ئەوەبوو .

کەواتە تۆ تەواو دڵنیابوویت ؟

بەڵێ من زۆر باوەڕم بەسالّح هەبوو

لەوکاتەدا لەگەڵ سالّح کە چون بۆ کوزەڵە هێنان ئەو هەمووشتێکی دەربارەی تەیمور پێوتیت ؟

بەڵێ هەرئەوکاتە کە چوین بۆ کوزەڵە هێنان و دوای ئەوەش ئیتر شەوانە دوو سەعات پێکەوە حەڕەسیاتمان دەگرت ئێمە هەر پێکەوە بووین، چونکە دەبوو سەربازێکی کورد و سەربازێکی عەرەب پێکەوەبن و ماوەی پانزە ڕۆژ باسی ئەوەمان دەکرد مراقەبەمان لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی زۆر برادەر بووین، ترسمان نەبوو شەڕی عێراق ئێرانیش وەستابوو بارودۆخەکە ئارامتر بوو.

بۆماوەی چەند ڕۆژ (ئیجازە) مۆڵەت بووییت ؟

بۆماوەی حەوت ڕۆژ، ئەوکاتە هەر حەوت ڕۆژبوو.

کە تەیمور مامی هات بۆ ئەوێ تۆ ئەمانەت پێوت ئەو هەستی چۆن بوو ؟

وەك هەر کەسێکی تر ئاسایی بوو، وتی چۆن تەیمور بهێنینەوە وتم ناتوانین تەیمور بەو ئاسانییە بهێنینەوە چونکە دەبێ (ئیجازە) مۆڵەتەکەم تەواو بکەم، لەگەڵ سالّحدا ئەم گۆڕانکاریە تاووتوێ بکەم و پێی بڵێم کەسوکارەکەیم دۆزیوەتەوە، سالّح بچێتەوە بۆ سەماوە لەگەڵ کەسوکاری خۆی قسەبکات، بەوریاییەوە ئەم کارە بکرێت، چونکە ئەم منداڵە بەدەست هەرکەسێکەوە بگیرێت بنەمالّەکەش لەناودەچێت، ئەوەی پەیوەندی بەم منداڵەوە هەبێت حکومەت لەسێدارەی دەدا هەرواش بوو، ئەوکاتە خۆت دەزانی حکومەتی بەعس چەندە دڕندە بوو . کە گەڕامەوە چوومەوە بۆ سەربازگەکە، بۆ بەیانی لەگەڵ سالّح دانیشتین پێمگووت، پوری ومامەکانیم پەیاکردووە، ووتی زۆر باشە کەواتە بامنیش بڕۆمەوە

بەتەیموورداڵێم. ئیتر لەوێ پانزە شەو بەیەکەوە ماینەوە و ئەو سەرەی مۆڵەتی هاتەوە، وەرقەی مۆلەتەکەی وەرگرتوو ڕۆیشتەوە بۆ سەماوە، لەوێ بەتەیموری ووتبوو کە برادەرە کوردەکەم مامەکانت و پورتی دۆزیەوەتەوە با بڕۆمەوە لەوێ لەگەڵ ئەسعەدا ڕێکدەکەوین کە چۆن تۆ بگەڕێنینەوە بۆلای کەسوکارەکەت .

ئینجا کەسوکاری سالّح بەنیازبوون هەر یەکسەر تەیمور بیگێرنەوە بۆیان یان هەر بەسەردان بچێتەوە بۆلایان و داتر بێتەوەو لەوێ بمێنێتەوە؟

نەخێر ئەوان بەنیازی ئەوەبوون یەکسەر بیگێرنەوە بۆیان، بەڵام ئەوە هەربەو ئاسانیە نەئەبوو.

بەڵێ بێگومان کارێکی ئاسان نەبووە .

سالّح حەوت ڕۆژەکەی تەواوکردو هاتەوە ووتی ئەسعەد تۆ هەوڵبدە مۆڵەتەکەی خۆت بخەرە ڕۆژێك کە لەوەجبەیەکدا پێکەوە دابەزین بۆئەوەی من لەگەڵ تۆدا بێم بۆکۆمەڵگای نەسر لەوێ باوکت ومامەکانی لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین و بچین بۆسەماوە.

ئەتانتوانی ئەوە بکەن ؟

نا بەداخەوە نەمانتوانی، چونکە هەوڵمدا و چووم بۆلای ملازم شەیبان ئەوەی کە وتم خەڵکی موسڵ بوو، زۆر ڕێزی دەگرتم، پێمگووت دەمەوێ ئەم وەجبەیە لەگەڵ سالّح دابەزم، بەڵام ئەو گوتی تۆ ئەتوانی خۆت دوابخەیت و دوو وەجبە نەچیتەوە کە دەکاتە پەنجاوشەش شەو، بەڵام ناتوانم بتانخەمە پاڵیەك، چونکە لە مەوجوداتی سەربازی دەبێت هەموو مانگێك لە حەوت ڕۆژەکەدا ئەوی کە ئەڕواتەوە بڵێم بیست کەس ڕۆیشتووەو شەست کەس مەوجوداتم هەیە واتا شەست کەس ئامادەیە، بەڵام کە تۆ ڕۆیشتییت لەگەڵ سالّح دا کەسێك کەم دەبێت لە مەوجوداتدا بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم ئەوە بکەم چونکە من بەرپرسیار ئەبم.

بەڵام نەتان ئەتوانی بەدیلێك دابنێن لەبری یەکێکتان ؟

لەوانەیە بکرایە بەس نەهات بەخەیاڵماندا لەوکاتەدا، پاشان نەیان هێشت ئەوە بکەین ئیتر من گەرامەوە ماڵەوە بە باوکم ووت ناهێڵن من وسالّح بەیەکەوە مۆڵەت وەرگرین، بەڵام ئەم سەفەرە کە گەڕامەوە سالّح دادەبەزێت بە مۆڵەت وەناونیشانی ماڵی خۆمان دەدەمە سالّح و ئەویش بایێتە ئێرە بۆ نەسرو ناگەڕێتەوە بۆسەماوەو تۆ لەگەڵ خۆیدا ئەبات بۆلای مامەکانی ئەوانیش لەگەڵخۆیدا ئەبات و هەمووتان پێکەوە دەچن بۆسەماوە. ووتی باشە تۆ بڕۆرەوە من چاوەڕێی سالّحم. گەڕامەوە بۆ ئەوێ دە پانزە شەوێ لەواجب بوومو سالّح ئیجازەی وەرگرت ووتی ئەسعەد ناونیشانی ماڵی خۆتانم بدەرێ من دەچم بۆ ئەوێ، ووتم باشە نەخشەکەم بەم شێوەیە بۆ کێشا پێموت (ئێمە کە دائەبەزین لەواجب ئەچینە هەولێر، لەوێشەوە لەگەڕاجی هەولێر سواری پاسی سلێمانی ئەبیت، کەگەیشتیتە سلێمانی لە هەرکوێ دایانبەزاندیت سواری تەکسی بەو بڵێ بمبە بۆ گەڕاجی موجەمەعی نەسر، لەوێش سواری پاسی نەسربە، کە گەیشتیتە نەسر لە بەردەم دەرگای خەستەخانەکە دابەزە (ئینجا ئەوکاتە هەرئەو نەخۆشخانەیەش لە نەسر هەبوو) لەوێ کارمەندێکی لێیە لە نەخۆشخانەکە بە ناوی علی نوری کە برادەری خۆمەو یەکسەر دەتباتە ماڵی ئێمە، زۆر دورنیە ماڵمان هەروا دووسەد مەترێك لە خەستەخانەکەوە دورە. بەڵام کاتێك سالّح دەگاتە سلێمانی و دەچێتە گەڕاجی نەسر، بۆ بێبەختی ئەو لەوێ سەیارەی نەسر نامێنێت بۆیە سواری سەیارەی زەرایەنی دەکەن و پێی دەڵێن خەمت نەبێت لەسەر پردی قەرەگۆل داتدەبەزێنین، لەسەرجادەکەشەوە سەیارە هەیە دەتگەیەنیتە ناو مجەمەعی نەسر، بەڵام شانسی سالّح بانگی خەوتنان دنیا تاریك دەبێت کە دایدەبەزێنن، پێی دەڵێن ئەمە پردی قەرەگۆلەو ئەمەش جادەکەیە . بەڵام ئەمجارە لە بەختی سالّح بەهەمووی بیست مەتر لە جادەکە دوور ناکەوێتەوە کە لاندکرۆزێکی سوور ئەوەی پێیان دەگووت (دکسی تایەپان) ئەوسا ئەو لاندکرۆزەرە باوی بوو، بۆی ڕادەوەستێ و سواری دەکات، شۆفێرەکە وا دەزانێت کوردە بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێت کە عەرەبەو پرسیاری لێ دەکات دەڵێت بۆ کوێ دەچیت ؟ دەڵێت بۆماڵی کورێك دەچم ناوی ئەسعەدە، ماڵیان لای نەخۆشخانەکەیە ئەویش بەڕێکەوت من دەناسێت و ماڵیشمان دەزانێت، چونکە ماڵیان لەسەروی خۆمانەوە بوو ئێمە ئاژەڵدار بووین ئەوانیش

ئیشوکاری کەل و پەلی شۆفڵ وئەو شتانەیان دەکرد .

ناوی کورەکە دەزانیت ؟

نەخێر بەس بەشکڵ ئەمناسی و دەمزانی ئەو سەیارەیەی هەیە، ئیتر ماڵی ئاوابێت دەیبات لەبەر دەرگاکەمان دایدەبەزێنێت و پێیدەڵێ ئەمە ماڵی ئەسعەدە، ئەویش دادەبەزێ و تەقە لە دەرگا دەدات، باوکم دەرگا دەکاتەوە کە دەبینێ سەربازێکی عەرەبە دەزانێت کە (سالح) ە باوکم فەرمووی دەکات و دەیباتە ژورەوەو بەخێرهاتنی دەکات، نانێکی هاکەزایی دەخۆن، خوشکێکیشم وتی گۆرەویەکانم بۆشت و پۆسالەکانیشیم بۆیاخ کرد، سالح دوای نانخواردن وتبووی دەبێت هەر ئەمشەو بڕۆین باوکم زۆر هەوڵیدابوو نەڕۆن، شەو لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەو وتبوی حاجی حەزدەکەم هەر ئەمشەو لێرە بڕۆین .

باوکت عەرەبی دەزانی ؟

باوکم زۆر زیرەکە و عەرەبییەکی زۆر باش دەزانێت. چونکە خوێندنی لەلای مەلا تەواوکردووە،

ئیتر نەمابووەوە ؟

نانە خێر بابۆت باس بکەم ، ئەو کات سەیارە نەبوو ئێمەش دوو برا بوین هەردوکمان عەسکەر بووین ، کورێکی پورزام ماڵیان لە خوار ماڵی ئێمەوە بوو ناوی بەشیرە ئێستا لە پێنجوێنە وەستای جبسم بۆردە، ئەوکات خۆمان تراکتۆرێکمان دەبێت ئەوەش وێنەکەیەتی (وینەی تراکتۆرەکە پیشانی دیمانە سازدەدات و دەیخاتە بەردەم کامێراکە) بە تراکتۆرەکە باوکم سالح دەباتە زەرایەن لەوێشەوە تەکسیەک دەگرن دەچن بۆ کەلار کە دەچنە ماڵی مامەکانی تەیمور، شەو درەنگ دەبێت خەبەریان دەکەنەوە وتەکسیەک بە تایبەتی دەگرن هەر



ئەوشەوە دەڕۆن بۆ پاریزگای سەماوە بۆ ماڵی سالح.

هەرئەو شەوە گەیشتنە سەماوە ؟

نا لەبەرئەوەی سەماوە دورە باوکم وتی سەعات ١٠ ی بەیانی گەشتینە ئەوێ پەنجا مەتر پێش ئەوەی بگەینە دەرگاکە لە تەکسیەکە دابەزین، چونکە ئەمان سێ کەس بوون بەجلوبەرگی کوردیەوە و کڵاوو جامانەیان بەسەرە بووە و سالحیش جلی سەربازی لەبەردابووە، ئەوکات کاتێک کەسێک لەسەربازی دەگەڕایەوە منداڵ و خزمەکانی ڕایان دەکرد بۆلای ودەچون بە پیریەوە ، ماڵی سالح بەرەی حەوت مامن شوێنەکەیان وەک دێیەکی بچوک وەهایە لەیەک باخداربوون کەسی بێگانەیان لەگەڵدا نەبووە ووتی کە گەیشتینە دەرگای باخەکە و منداڵەکان سالحیان بینی ڕایان کرد بۆلای تەنها تەیمور نەبێت کە ئێمەی بینی بەجلی کوردیەوە وەک کارەبا لێی بدات لە شوێنی خۆی نەجوڵا ، مامەکانی باوەشیان پیداکرد بوبەگریان و شیوەن ئەوەبوو سالح بە باوکمی وتبوو با لەسەر ئەم جادەیەدا وەها نەکەن چونکە هەرکەسێک لێرەوە تێپەڕێت ئەوە ببینێت گومان پەیدا دەکەن، ئەوە بوو باوکیشم پێیوتبون و چوبونە ژورەوە بۆماڵی سالح، چوبوونە دیوەخانێک درێژەکەی دوازدە مەتر بوو لای دیوارەکانەوە حەسیر ڕاخرا بوو لە ناوەڕاستیشەوە دەتتوانی بەپێڵاوەوە بڕۆیت لە سوچێکیشدا کورەیەک دانرا بوو وەک سەماوەرێک بۆ میوان کە دەڕۆیشتیت قاوەیەکت پێشکەش دەکرا، باوکم وتی دانیشتین و قاوەیەکمان خواردەوە و دەنگوباس بڵاو بوبەوە بەناو بەرەی هەرحەوت ماڵەکەدا کە کەسوکاری تەییمور هاتوون، بەژن و منداڵەوە لەچواردەوەرمان وەستاون وشیوەن دەکەن، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە لەگەڵ ئەوان، کەوتینە قسە، مامەکانی پێیان ووتم بە مامەمەکانی سالح بڵێ ئەو چاکەو پیاوەتیەی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا کردویانە ئەمە بەپارە تەواو نابێت، ئەو چاکەیە بە هیچ شتێک قەرەبووی ناکاتەوە بەڵام ئێمە پێمان خۆشە خزمایەتیەک لەگەڵ ئەم ماڵەدا دروست بکەین ئافرەتێک یان دوو ئافرەتیان بدەینێ و ببین بە خێزانێک وتێکەڵبین. باوکم ووتی ئەوان قسەکانیان تەواوکردوو منیش قسەکانم بۆ کردن بەعەرەبی، ئەو ڕۆژە

(عاشوراو تاسوعا) بوو باوکی سالّح بەپێ ئەڕۆیشت بۆ نەجەف و کەربەلا نەگەڕابووەوە بۆیە مامێکی سالّح هەستایە سەرپێ و زۆر تورە بوو، ووتی حاجی بۆ ئێوە وادەزانن ئێمە ئەمەمان بۆپارەو ژن کردوە ؟ ژیانی حەوت بنەماڵەم خستۆتە مەترسیەوە بۆ ئەم منداڵە زانییومە کە کوردە بەڵام نەمزانیەوە لە چ عەشیرەوت و لە کام بنەماڵەیە. ووتی ئەم باخەی تۆ دەیبینیت شەست جۆر خورمای تیایە وا دەزانن لەبەرخاتری پارە ئەمەمان کردووە بۆیە جارێکی تر ئەوباس مەکەنەوە ئێمە لەبەر خاتری خوا ئەوەمان کردوە ڕاستە تەیمور کوڕی ئێوەیە بەڵام ئێمە بە ئامانەت ئەتاندەینەوە بە مەرجێك هەموو سالێك دووجار سەردانی ئێمە بکاتەوە. ووتی ئەوە تەیمور خۆی لێی بپرسە منداڵێك ئەگەرپەنجا فلسی پێدرابێ ئەوان ڕۆژانە تەیمور سەد فلسی وەرگرتوە وەئەگەر هەفتەی جارێك ئەمانە برابێتنە بازار تەیمور سێجار براوە، ووتی سەیر یکەن تەیمور سەعاتێکی زۆرجوانی لە دەستدابوو وە مستیلەی ئاڵتوونی لە دەستدا بوو ئەو ڕێزەی لە تەیمور گیرا بوو لە منداڵی خۆشیان نەگیرابوو. ووتی بەس ئێمە داواکاریمان لە ئێوە ئەوەیە کاتێك کە تەیمور دەبەنەوەو دەچنەوە شوێنی خۆتان ئەم شتە بانهێنی و شاراوەبێت

ئەمە لەبەرپاراستنی ئاسایش وسەلامەتی ژیانیان؟

بەڵێ ووتبوی چونکە ئەگەر سەرەداوێ دەست حکومەتی بەعس بکەوێت ئێمە هەمومان لەسیدارەدەدەن و تێدادەچین.


ئیتر باوکم ووتی بەیانی ئێمە لەگەڵ تەیمورو مامەکانیدا تەکسیەکمان گرت، لەسەماوەوە هاتینەوە بۆکەلار. من هەتا ئەوکاتە ئاگادارم لەم بابەتەیە پاشان کە تەیمور دێتەوە ماوەیەك لەماڵ دەبێت، پاشان دێت بۆکۆمەڵگای نەسر .

مەبەستت سەردانیانە بۆماڵی ئێوە ؟

بەڵێ لەگەڵ مامیدا هاتبوون بۆماڵی ئێمە بەڵام بەداخەوە من لەماڵ نەبووم .

ئەو سەردانە لەساڵی چەند بوو ؟

لە ساڵی ١٩٩٠ کەهێشتا من هەر سەرباز «عسکر» بووم ئەولەگەڵ مامە ڕەووڤ دێت بۆلای ئێمە، من لەماڵ نەبووم بەلام تەیمور «ڕەسم» وێنەیەکی خۆی بۆدانابووم (لەوکاتەدا ئەسعەد هەمان ئەو وێنەیەی بەرزکردەوەو پیشانی چاوی کامیرا ڤیدیوکەیدا). پاشان تەیمور دەڕواتەوە بۆ کەلار کە هێشتا حزبی بەعس لە دەسەڵاتدا مابوو، بۆیە لەوێ گومانی لێدەکەن و لە کەسوکارەکەی دەپرسن کە ئەم کورە کێیەو هەتا ئێستا لەکوێ بووە بۆیە ئەوانیش دەڵێن ئەم کوڕە لە کاتی ئەنفال لێرە نەبووە لە دیدەنی بووە بەو هۆیەوە دەربازبووەو بەرئەوشاڵاوە نەکەوتووە، بەهۆی ئەوەی تەیمور منداڵ بووە زۆرشکیان لێ نەکردوەو وازی لێدەهێنن.



ئەوکاتە بەرێز مام جەلال بەوە دەزانێت تەیمور دەباتە لای خۆی و دەیکات بەکوری خۆی

بەڵام وابزانم هێشتا زووە بۆ ئەوە ؟ چونکە بەپێی قسەکانی کاك ڕەووف (مامی تەیمور) دەیبەنەوە بۆ ماڵە عەرەبەکە لە پارێزگای سەماوە لەبەرئەوەی ئەمنەکان چاودێری دەکەن بۆیە وای بەباش دەزانن بیبەنەوە بۆ ئەوێ وە دەچن بۆلای سەرحەدی خەلیفە یونس بۆ ئەوەی ئەو گومانە بشارنەوە، وەئەویش دەوری هەبووە لەوەی کە لەئەمنی سلێمانی بگەیەنێت کە خزمی ئەون و ئەو منداڵەش (تەیمور) لەماڵی خزمەکانی بووە لەوکاتەدا.

بەڵام من هەر وەك باسم کرد هەرئەوەندە ئاگادارم. چونکە کە دوایی هاتمەوە باوکم وتی کە ئەوان هاتون ئەو ڕەسمەیان بۆداناویت، منیش چوم بۆ کەلار تەیمورم لەوێ بینی لە ماڵی مامی بوو، ئەوکاتە تیمورکوردی نەدەزانی من بەعەرەبی قسەم لەگەڵدا کرد.

واتا تۆخۆت شایەتی ئەوەیت کە تەیمور کوردی نەدەزانی؟

بەڵێ خۆشی لەژیاندا ماوە ئەتوانێت ئەوە ڕاست بکاتەوە .

بەڵام یەکێك لە پرسیارەکان ئەوەیە کە چۆن تەیمور بە دوو ساڵ زمانی کوردی بیرچۆتەوە؟ ئەو شایەتیدانەی تۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو تەمومژ لەسەری ناهێڵێ .

بەڵێ زۆر بەمندالّی گیراوە کە هێشتا خەتەنە نەکرابوو، هەتا ناوەکەشیان گۆڕیبوو لە تیمورەوە گۆڕیویانە بۆ عەلی .

بەڵام ئەمە ڕێکەوتێکی سەیرە کە دوو منداڵی کورد دەربازیان دەبێت هەردوکیان ناویان دەنرێت (عەلی) .

چۆن تێنگەم

مەبەستم زمناکۆی هەڵەبجەو تەیمورە هەروەك چۆن زمناکۆ لە ئێران ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ عەلی لەخواروی عێراقیش (تەیمور) یش وابووە!!

بەڵێ بەڵێ راستە چونکە خۆیان شیعە بوون ناویان ناوە عەلی بۆ ئەوەی کەس هەستی پێنەکات ئەو کاتەی تەیمور دەربازبوە دوو فیشەکی پێوە بووە یەکێك بەباڵیەوە ئەویتر بەسنگیەوە، ساڵح ووتی دکتۆری تایبەتیمان بۆگرتووە و جۆلانەمان بۆهەڵواسیوەونەمان بردۆتە دەرەوە .

ئەی نەیگووت ئەودکتۆرە ناوی چی بووە ؟

نەخێر.

بەڵام من ئەوخێزانە دەناسم ڕەنگە بتوانین ناوی ئەو دکتۆرەش بزانین!!

بەڵێ ئەوان دەزانن لەوانەیە کەسوکاری خۆیان بووبێت، چونکە دکتۆری بێگانەیان بۆنەهێناوە .

ئەوەش راستە کاك ئەسعەد تۆ باسی ساڵح دەکەیت بەڵام کەسوکاری تەیمور بە زۆری باسی فازل دەکەن؟

من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم ناوی (فازل) نەبوو، ناوی ساڵح بوو، چونکە من شەش سەربازی تری عەرەبم لەگەڵدا بوو، ناوی هەمویانم وەك ناوی خۆم لەبەرە چواریان ناوەکانیان (یاسر مرەیەج، تۆفیق عبدول ئەمیر،عەدنان داود ساڵح، سەڵاح فەیاز) ئەم چوارکەسە خەڵکی ناسریە بوون، عەدنان داود خەڵکی قەزای شەترە (الشگرە) یە ئەویش هەر سەر بەناسریەیە، حەلیم فلیح عەبدوڵا خەڵکی بەغدادە (ساڵح سەعید ئعیشم) خەڵکی سەماوەیە، من هەموواوەکانیان بە تەواوی دەزانم چونکە من دووساڵ لەگەڵ ساڵح بووم لەیەك (مەلجێ) ژێرزەمیندا بووین بەیەکەوە دەنوستین، زۆربەی حەرەسیاتی شەومان هەرپێکەوە بووین، لەرەمەزاندا پێکەوە پارشێومان دەکرد.

ئەو شیعە بوو تۆش مەزهەبت سونەیە ؟

بەڵێ

تۆ باسی پابەندبوونی ساڵحت کردت بە دینەوە ئایا ئەوەی ماڵی ساڵح کردیان بەرامبەر تەیمور پەیوەندی بە دینەوە هەیە یاخود خۆیان ماڵێکی باش بوون ؟

خۆیان باش بوون ئەوە پەیوەندی بە دینەوە نەبووە ، من کەسێکی کۆمەڵایەتیم لەوانەیە زۆر کەس لە یەزیدیەکان دور بکەوێتەوە بەڵام من لە عەسکەری ٢ کەسم لەگەڵ بوو بە ناوەکانی (یەزدین معجون – عطو رشو) وەمن چەند ڕێزم لە ساڵح گرتووە ئەوەندەش ڕێزم لەوان گرتووە

یەکەم جار کە ئەو چیرۆکەت بە باوکت وت ڕاستەوخۆ ڕازی بوو بڕوات ؟

بەڵێ بەبێ هیچ دوو دڵیەك .

ئەو کاتەی کەساڵح ئەم شتانەی بۆتۆ دەگێڕایەوە هەر لەسەدا شەست عەرەبیت دەزانی یان باشترببویت؟

تۆزێك باشتر ببووم هەرشتێکی باس کردبێت لەسەدا هەشتای تێدەگەیشتم چونکە من تا شەشی ئامادەیم خوێندووە، ئەوماوەیەی کە لەگەڵیدابووم هیچ سەربازێکی کوردم لەگەڵ نەبوو.

کاك ئەسعەد دوای ئەوەی تەیمور برایەوە بۆ سەماوە وە لەوێ تۆ باسی گوندێك ئەکەی کە هەموو ئەوبەرەمامە لەوێ بوون لەودەوارەی کە تەیموور چوەتە ژێری؟

دەوارنەبووە بیابان بووە

ئەی بۆ تەیمور دەڵێت چوینە ماڵێکی دەوارنشین؟

ڕەنگە دەوارنشینیش هەبوبێ لەناو ئەم باخەدا بەڵام تەیمور کاتێك دەڵێن کە لە باخەکە بێتەدەرەوە بەپێ ئەروات ئەمە وانیە .

ئەوەی سالّح بۆمنی گیراوەتەوە بەم شێوەیەیە کە تەیمور منداڵە کوردەکە هەمووی بەنجا بۆ سەد مەترێك لە چاڵەکە دوور دەکەوێتەوە کە سالّح و ئامۆزاکانی دەچنە سەری لەوێ سواری سەیارەی دەکەن و هەربەو سەیارەیەی کە حەیوانەکانیان بردوە بۆ سەرسنوری سعودیە هەر بەوە دەیهێننەوە بۆ ناو ئەم رەشماڵە واتا ئەوەی دەڵێن تەیمور بەپێ رۆیشتوە بە درێژای دوو سەعات بەرۆیشتنی سەیارە، ئەمە دووری لەڕاستیەوە چونکە من سالّح لەگەڵمدابووە وە هەمووی بەوردی بۆ گێڕاومەتەوە.

تۆ کتێبەکەی تەیمورت خوێنۆتەوە کەعارف قوربانی دیداری لەگەڵ سازکردووەو چاپی کردووە ؟

نەخێر تەنها لە کەنالێکی تەلەفزیۆنییەوە گوێم لێی بوو کە رۆژنامەنوسێك پرسیاری لە کاك عارف کرد دەربارەی دەربازبوونی تەیمور ئەویش ووتی ئەمە موعجیزەیەکی خواییە کە لە چاڵێك بێنە دەرەوەودوسەعات سەیارە بیابان ببرێت ئەم کورە ئەوەنە بەپێ رۆیشتوە، بەڵام راستیەکەی ئەمە وانەبوە چونکە ئەوە سالّح و ئەوان خۆیان چونەتە سەر چاڵەکان و بینیویانە وە ئەوچاڵانە وەك خەندەقیش نەبووە ووتی دوو دوو خەڵکیان تێکردوە کە بەقەد کەمەر بەرەوخوار قوڵبوە .

مەلایەك لە خانەقین چووە بۆ حەج باس لە کچێك دەکات لە کۆمەڵکوژی ڕزگاری بووە لە سەر سنوری سعودیە خەریکی بازرگانی ئاژەڵ بوون، کە رزگاریان کردووە، کچەکە ناوی عائیشەیە ، ئەو مەلایە دەڵێ ئەو ژنەم بینیوە و خۆی بۆی باس کردوم خەڵکی ناوچەی دەربەندیخانە ، بەڵام چۆن بزانین کەسێکی ئەو ماڵەی تەیموریان گرتووەتە خۆ لەو کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵداریەدا بەشدار بووە ؟

کەسوکاری ماڵی تەیمور بەشدار نەبووە بەڵکو کەسوکاری ماڵی سالّح بەشداربوون، وەك پێشتر وتم کات زۆر درەنگە بۆ گێڕانەوەی ئەم مەوزوعە چونکە ئەگەر زوو باس بکرایە و بەدواداچونمان بۆبکردایە دەمانزانی ئەو ئاژەڵانەیان بەکێ فرۆشتووەو دەیانزانی ئەم کچە لە چ ماڵێکدایە .

ئێستا وەختی ئەو پرسیارەیە کە لێت بکەم ئایا بۆچی گێڕانەوەی چیرۆکی تەیمور لەلایەن تۆوە ئەوەندە دواکەوت؟ تۆ کە ئەمەت دەزانی بۆ هەوڵت نەدا زوو لەتەلەفزیۆنێکەوە یاخود ڕادیۆیەکەوە باسی بکەیت ؟

ئەوکات ئەوەندە کەنالّی ڕاگەیاندن نەبوو،ساردیەکە لە ماڵی تەیمورەوە بوو، رۆژنامەنوسێك پرسیاری لە عارف قوربانی کرد وتی ئەوکاتەی کە تەیمور گەڕایەوە بۆ هیچ بەرپرسێك یاخود هیچ کەنالێکی ڕاگەیاندن ئەمەی نەوروژاند، ئەویش وتی هیچ بەرپرسێك نەیزانیوە، بەڵام ئەوەش راست نیە بۆیە من دەمەوێ شتێك بوروژێنم چونکە یەکەم کەس کە ئەمەی زانیبێت مام جەلال بووە کەسیش لەوگەورەترنەبوو لەکوردستاندا، ئێمە نابێ تەنها سلبیاتەکانی باس بکەین بەڵکو دەبێ ئیجابیاتەکانیشی باس بکەین چونکە ئەومالّە کە تەیموریان دایەوە بە ئێمە زۆربە حەزەرو ئامانەتەوە دایانەوە پێمان وتیان تەنها ئەوەندەمان لە ئێوە دەوێ با تەیمور زۆر تێکەڵاوی خەڵك نەبێت وئەم قسە بدرکێنێت وحکومەتی بەعس پێمان بزانێت، چونکە ئەگەری ئەوەش هەیە مام جەلالیش هەر بەوشێوە بیری کردبێتەوە، بەڵام دەیتوانی بەنوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکانی بڵێت وە پێیان بناسێنێت کە ئەمە دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵە

ساڵی ١٩٩١ کەنعان مکییە باسی کردووە ئەوکات تەیمور منداڵ بووە ، میدڵ ئێست وڕ لە کتێبە بەناوبانگەکەی باسی تەیمور دەکات بەڵام لە زمانی تەیمورەوە دەیگێڕێتەوە ، لەوانەیە تەیمور زۆر باش باسی خۆی بگێڕێتەوە بەڵام هاوکات کەسانی وەك ئێوە (سالّح و ئەسعەد) دەتوانن هاوکاری بکەن تا شتەکانی باشتر بەیربهێننەوە !

ئەوکات مام جەلال دەیتوانی مامەکانی تەیمور بانگ بکات، چونکە ئەوکات تەیمور منداڵ بوو وە لێی بپرسینایە چۆن هاتۆتەوە چۆن دۆزیوتانەتەوە ئەوانیش دەیانوت لە ڕێگەی ئەسعەدەوە دەستمان کەوتووە بەڕێز مام جەلالیش بیناردایە بەشوێن مندا منیش بۆم باسدەکرد.

لەدوای ساڵی ١٩٩١ کە تەیمور دێتەو بۆکوردستان سەردانی تۆیان کردووە ؟

نانەخێر سەردانیان نەکردووین نەبۆلای خۆم وەنە بۆلای

باوکم، من ئەمەش ناکەم بەمنەت بەڵام ئەگەر بۆگێرانەوەی چیرۆکەکەش بوایە ئەبوایە ئەوەیان بکردایە هەتا رۆژێك جەنابتم بینی لە تەلەفیزیۆن قسەت دەکرد دەربارەی تەیمور منیش لەڕێگەی مەم بورهان قانعەوە تەلەفۆنەکەی تۆم وەرگرت وپەیوەندیم بەتۆوەوە کرد، ئەوە بوو کە تۆ ووتت زۆرم پێخۆشە من چوارسااڵە بە دوای تۆدا دەگەڕێم.

بەڵێ وابوو وابزانم تۆ واتێگەیشتبویت کە تەیمور نزیکە لەمنەوە، بەڵام ڕاستیەکەی من تا ئێستاش تەیمورم لە نزیکەوە نەبینیوە!!!

باشە بەچی ؟

من زۆر هەوڵمداوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، چەندجارێك تەلەفۆنم بۆکردووە وەلامی نەداومەتەوە. داوەتمان کرد بۆ پیشوازی لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەدەنگ بانگێشتەکەمانەوە نەهات .

بەڵێ وابوو، من زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کەوتت تەیموریشمان داوەتکردووە، وتم لەوێ دەیبینم .

ئەوەی من کە باسم کرد لە تەلەفزیۆن تۆ پێت چۆن بوو هیچ بۆچونێکت هەبوو لەسەری یاخود پێت خۆش بوویان نا ؟

زۆرم پێخۆش بوو، تەنها تێبینیم لەسەرئەوە هەبوو کە وتت گەنجێك بەناوی ئەسعەد لە شارەزوور، بەڵام من شارەزوری نیم لەبنەرەتەوە خەڵکی قزڵجەین، لە دایکبووی پێنجوێنم .

ئەوان بەمنیان وتووە خەڵکی نەسرە، من وتم نەسر، لە شارەزوور نەموت ئەسعەد شارەزوری!

بەڵێ ئەوەی تۆ ئاگادارم بەلام دووجاری تر لە کەناڵی پەیام خوێندویەتیەوە وتی گەنجێك بەناوی ئەسعەد لە شارەزوور، بۆگێرانەوەی ئەم چیرۆکانەوتۆمارکردنی بۆ مێژوو دەبێ زۆر وردبیت، لەوانەیە عارف قوربانی کتێبێکی گەورەی لەسەر چاپ کردبێت بەزمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، بۆیە نابێت هەڵەی تێدابێت.

تۆ کتێبەکەی عارف قوربانیت خوێندۆتەوە ؟

نەمخوێندۆتەوە تەنها لە ١٤ ی ئەم مانگەدا لە کەناڵی پەیامەوە گوێم لێبوو، کە ئەو دێڕەی وت گوایە بەقەد ڕۆیشتنی دووسەعات بەسەیارە بە بیاندا چەندە دورە تەیمور ئەوەندە بە پێ ڕۆیشتووە ، نەخێر شتی وەها نیە.

سااڵح موالیدی چەند بوو؟

نازانم بەڵام لە من منداڵتربوو لەوانەیە موالیدی ١٩٦٧ بوبێت.

ئەومااڵە محمەد و خالید و فازل و حسێنیان هەیە، خالیدو حسین هاوتەمەنی تەیمورن؟

من لە ساڵی ١٩٩١ ەوە چاوەڕێم بەرپرسێك یاخود ڕۆژنامەنوسێك لەم هەرێمەی کوردستان من بانگ بکات بۆ گێرانەوەی ئەم چیرۆکە بەبێ هیچ مەرامێك

بۆ تۆ چاوەڕوان بوویت بۆ خۆت ئەوەت نەکرد ؟

بە کێ بڵێم ؟

بەم هەموو ڕاگەیاندنە بڵێت من چیرۆکیکی وەهام لایە؟

باشە من ئەوەم نەکرد ئەی تەیمور یاخود کەسوکارەکەی نەیاندەتوانی پەیوەندی بە منەوە بکەن؟

منیش لەلای خۆمەوە گلەیم لە تۆ دەکرد دەگوت ئایا ئەسعەد شت ناخوێنێتەوە ئاگای لەو هەوالانە نیە تەماشای تەلەفزیۆن ناکات، چونکە پێشتر من لە زۆر شوێنی تر باسی تۆم کردوە؟

سارد وسڕیەکە یەکەم لە مامەکانی تەیمورە بوو دووەم لە مام جەلالەوە سێهەم خۆم ، گێرانەوەی چیرۆکی تەیمور ناخی هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە دەهەژێنێت تەنها ناخی بەرپرسانی کورد نەبێت ، مام جەلال ئەم کورەی لای خۆی داناوە لە قەڵاچوالان و کردویەتی بە کوڕی خۆی ئایا نەدەبوو مامەکانی بانگ بکات بلێت ئەم کورە لە کوێوە هاتۆتەوە و کێی لەگەڵدا بووە ، دوای ئەوەی هاتومەتەوە مامێکی تەیمور نەبێ کە هاتووە بۆلام بۆئەوەی زانیاری بدەمێ لەسەر ئەوەی تەیمور لە کوێیەو چی بکەین و چی نەکەین ئەگینا من یەك کەسی تەیمورم نەدیوە

کەواتا لەدوای ئەوەوە پەیوەندیتان نەماوە لەگەڵ تەیمور و پەیوەندیتان نەما؟

نەخێر بەداخەوە ساردیەکە بەزۆری لەلایەن ماڵی تەیمورەوە بوو .

بێگومان ئەوە ناخۆشە؟

من پێم خۆشبوو تێکەڵی و هاموشۆمان ببوایە، سوپاس بۆخوا ئێستا وەزع باشەو حەزم دەکرد میواندارى بکەم لە ماڵەوە.

تۆ پێشبینیت دەکرد دواى ئەمە تێکەڵاوێتان لەگەڵ ماڵى تەیمور زۆربێت؟

من زۆرحەزم دەکرد وابێت بەڵام ساردیەکە لاى ئەوانەوە بوو، من نایکەم بە منەت بەسەریانەوە، کاتێک ئێمە لە مەجموعەى نەصر دەرچووین بەهەمووى دە ماڵ لەوێ نەمابوو، دواى دۆزینەوەى تەیمور ئێمە بە ساڵێکیش لەوێ ماوینەتەوە.

کەواتە ئێمە گللەیى دۆستانەمان هەیە، بەڵام لەڕاستیدا چیرۆکەکەى تەیمور زۆر قورسە، هەرچۆنێک بێت، شایانى لێبوردنە.

بەڵى بێگومان تەیمور هیچ گللەیى لێناکرێت، ئێش و ئازارى ئەنفال زۆرگرانە ئەوەى خۆى نەیبووبێت و نەیدیبێت و بەسەر نەهاتبێت نازانێت چۆنە، ئێشى ئازارى ئەنفال بۆ ئەوکەسانەیە کە کەسوکاریان تیاچووە، بۆ کەسێکى وەک من و تۆ و کۆمەڵێک بەرپرس نیە لە یادکردنەوەیەکدا تەنها نیوسەعات باسى بکەین .

یەکەمجار ساڵح کە باسى تەیمورى کرد پێى وتى تەیمور لە ئەنفال ڕزگارى بووە یاخود وتى کوڕێکى کوردمان دۆزیوەتەوە؟

بەڵێ ڕاستەوخۆ، بى پێچوپەنا پێیگوتم لە ئەنفال ڕزگارى بووە و لە نێوان ٥٠٠ سەد جەنازەدا دەرمهێناوە و بینیومە

تۆ ئەوکات دەتزانى ئەنفال بەو شێوەیە کوردى وێران کردووە ؟

نەخێر، نەمدەزانى، کە پێیگوتم توشى شۆک بووم. حەپەسام.

وتى چى وا تووشى شۆک بوویت هەربەوەى تەیمور، یان شتى ترى دەزانى ؟

نا هەرئەوەى تەیمور نەبوو، ئەوکاتەى کە گوتى (٥٠٠) پێنج سەد ژن و منداڵى کورد گوللەبارانکراوە تەیمور وکچێک ڕزگاریان بووە ئێمە تەیمورمان هێناوە، ئەومانە سعودیەش کە کڕین و فرۆشتنى ئاژەڵ لەگەڵ ئێمەدا دەکەن ئەوانیش کچەکەیان بردوە

تۆش تەنها لەگەڵ باوکت ئەو نهێنییەت باست کرد ؟

لەگەڵ باوکم ومانى خۆمان لە برا وخاڵۆزا وئامۆزا وپورزا جا چى هى دایک، چى هى باوک، بە هەر هەمویان لەدە کەس تێپەڕ ناکەن کە ئەوەم بۆ باس کردبن، ئەوەش دواى هێنانەوەى تەیموربووە، بەڵام پێش هێنانەوەى تەیمور تەنها دایکم و باوکم و برا وخوشکەکانم نەبێ کەبەم چیرۆکەیان زانیوە. یەکەس لەدەمى ئێمەوە نەیزانییوە.

دواى ئەوەى کە ئیتر ڕژێمى بەعس بەیەکجارى لە ساڵى ٢٠٠٣ ڕوخا ئەو کاتەش تۆ ئەم چیرۆکەت لەگەڵ کەسى تردا باس نەکرد؟

نەخێر، تەنها هەندێک خزمى زۆر نزیکى خۆم نەبیت ئەوانیش گۆشەیەکى زۆر بچوکى لێدەزانن .

باشە بۆ نەتدەویست باسى بکەیت ؟

لەکوێ باسى بکەم؟ ئەگەر کەس پێم نەڵێت؟

لەدەزگایەکى ڕاگەیاندن ئەى خۆچى زۆرەدەزگاى ڕاگەیاندن زۆرە ؟

من لە ساڵى ١٩٩١ەوە چاوەڕوانم بەرپرسێک ڕۆژنامەنوسێک بانگم بکات و بڵێت وەرە ئەم چیرۆکەمان بۆ باسبکە .

کاک ئەسعەد من خەلکى نەسرو باریکەو عەربەت نەما پرسیارى تۆى لێنەکەم و هەواڵت نەپرسم، زۆر ناخۆش بوو بۆمن کەیەک کەس تۆى نەدەناسى ؟

ڕاستییەکەى من ئەوەندە لەنەسر نەماومەتەوە ئەوماوەیەى لەوێ بووین هەرعەسکەر بووم، کەتەواویش بووم ڕاپەڕینى بەسەردا هات، ئیتر چوم بۆ پێنجوێن، لەوێ کوردێکى خاڵم هەیە هاتەمەن وهاوڕێى خۆمە، ئیتر هەر لەپێنجوێن بووم لە مەرز خەریکى کاسبى بووم . بۆیە خەڵک زۆر نەیناسیوم لەنەسر .

بەینى خۆمان بێت گللەیشم لێکردیت، چونکە دەمگوت باشە ئەم کاک ئەسعەدە ئاگاى لەدنیا نیە، ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە، گوى لەرادیوێ ناگرێت، تەلەفزیون نابینێ ؟

ڕاستى خەتاى یەکەم لەمامەکانى تەیمورەوەیە دووهەم لەبەرێز مام جەلالەوە بوو، لێرەوە ڕێزى زۆرم بۆى هەیە،

چونکە یەکەم بەرپرس ئەو زانیبووی، سێهەم لەخۆمەوە بووە، بۆ دەڵێم مام جەلال چونکە نە دەبوو مامەکانی و کەسوکاری تەیموری بانگبکردایەو بییرسیایە ئەمە چۆن بووە،؟ ئەوسەربازە کوردە کێیە؟ ئەی برا خۆتەیمور بەتەنیا نەبووە هەرهیچی لەگەڵدا نەبووبێت نزیکی ٥٠٠ نەفەر یان ١٠٠٠ نەفەری تر لەگەلیدا کوژراوە، کاکە مامەکانی تەیمور خۆشیان سارد بوون، من یەکجار نەبێت مامێکی تەیمور هاتووە بۆلام ئەویش سەرەتابوو بۆ راستی هەواڵی تەیمور هاتبوو، من یەک کەسوکاری تەیمورم نەبینیوە، بۆیە ئەو دوریی وساردییەش کە دروست بوو، خەتا لەمامەکانی تەیمورەوە بوو کاکە خۆئێرە چین ونیودەلهی نییە، خەڵکەکەی ئەوەندە زۆربن یەکتری نەدۆزنەوە، من تەنها بۆ ماوەی ٢ دەقە لەکەناڵیکی تەلەفزیون تۆم بینی داوی دەدەقیقە ژمارەکەتم پەیداکردو قسەم لەگەڵداکردیت.

بەداخەوە کەوایە بەڵام تۆ چاوەرانی چیت دەکرد؟ پێتخۆش بوو پەیوەندی تۆندوتۆڵتان هەبێت ؟

من زۆرم پێخۆش بوو، پەیوەندیمان بەردەوام بێت، سەردان وتەلەفۆن لەنێوانماندابێت. بەڵام ساردییەکە لەوانەوە بوو، من هیچ نایکەم بەمنەت بەسەریانەوە، بەڵام خۆش بوو بۆئێمە هەواڵی ئێمەیان بپرسیایە. مانی ئێمە کاتێک لە کۆمەڵگای نەسر دەرچوین ئەتوانم بڵێم بەهەمووی دەماڵ لەناو نەسردا نەمابوون، مانی باوکم هەرلەوێ مابوون . دوای دۆزینەوەی تەیمور ئێمەسانێک لەدوای ئەوە ئێمە هەرلەوێ بووین.

ئێستا لەنەسر نەماون ئەی لەکوێ دەژین ؟

ئێستا لە پێنجوێن دەژین.

لە ئێستادا پێتخۆشە تەیمور ببینیت؟

بەڵێ زۆرم پێخۆشە

ئەی بۆ بینینی تەیمور ئەوەندە قورسە بۆتۆ ؟

ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوە لە ١٩٩١ەوە من عەوداڵم و تەنها ئەوکاتەی کە هاتەوە یەکجار بینیم ئەویش هەمووی ماوەی دوو کاتژمێرێک لەلای بووم، ئەوکاتە زۆرمندارڵ بوو، کوردیشی نەدەزانی، حەزئەکەم ببینم، پێشمخۆشە پێکەوە سەردانێکی مانی سارڵح بکەین، ئەوەشم زۆر پێناخۆش بوو بەراستی ئێشم پێگەیشت، کەهەواڵی مەرگی سارڵحت پیدام و پێت ووتم سارڵح نەماوە، چونکە من وەک ئەندامێکی خێزانی خۆم ئەمبینی. بەلام من هەرپێمخۆشە ببینم و پەیوەندیمان هەبێت ئەگینا هیچ بەرژەوەندیم لەگەل تەیموردا نیە.

من هەوڵ دەدەم کەتۆ تەیمور ببینیت بەڵام ئەمە هەوڵە نەک بەڵێن !! چونکە من پێشتر زۆر هەوڵم داوە سەرکەوتوونەبووم، تەنانەت لەگەڵ سینەماکار تەهای کەریمی لێرەوە چوین بۆلای بۆ کوڵەجۆ بۆئەوەی ببینین و باسی ئەوفلیمەی لەگەڵ بکەین کە بۆ دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ بوو، بەڵام بەداخەوە سەرباری ئەوەی مەوعیدیشیان بۆ وەرگرتبووین. بەداخەوە هەر خۆی نیشان نەداین.

ئەگەر خۆی حەزبکاتی من پێم خۆشە ببینم، ئەگەر نا من ئاساییە بەلامەوەوە . ئەتوانم ئەوەش بڵێم کە من لەکاتێکدا باوکم ناردوە بۆسەماوە کە بارودۆخێکی زۆرناخۆش بوو وە ئەگەر لەوکاتەدا شتێکی ناخۆش رووی بدایە ئێمە هەموومان دەکوژراین وتێدائەچوین, ئێمە ئەوە مان کردوە بەبێ هیچ بەرامبەرێک بۆیە حەزئەکەم ئەگەر تەیمور پێی خۆشبوو سەردانی مانی سارڵح بکات لەسەماوە ئەوە منیش لەگەڵی بچم.

ئەوەی بەلامەوە جوانەو رێزی دەگرم لەم چیرۆکەی ئێوەدا، کە ئەم هەڵویستەی خۆتان نەکردوە بەهۆکارێک یان بە دەسکەوتی تایبەتی خۆتان بۆ ئەوەی لەدەرگای بەرپرسان بدەن وپارەی پێکۆبکەنەوە ؟

نا هەرگیز، ئەوە نەبووە، ئێمە ئەوەمان بۆ خوا کردوە باوکیشم بۆخۆی زۆرنەێنی پارێزە.

منیش لەگەڵ تۆدام کە ئەوشتانەی کردتان بۆ مادە نەبوو بەڵام خۆشە ئینسان بەرامبەر ئەوەی دەیکات بەقەد ئەوە رێزی لێبگیرێت.

راست دەفەرموویت .

ئەنعام ناوی کچێکی ئەومانێیە کەتەیمور لەمانیان بووە، ئەو میوانمان بوو لە مانی خۆمان پێیووتم دەربارەی کۆچی سارڵح, بەڵام دڵنیانیم خوشکی سارڵحە یان ئامۆزای!!

بەڵێ من پێم وایە دەبێت هەرکوردێک ئەگەر یەک تۆزقاڵ هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی تێدابێت، دەبیت رێزی مانی

سالّح بگرێ خۆی بەقەرزداری مالّی سالّح سهیل و (ئال ئعێشم) بزانێت.

بەڵێ بێگومان هەرئەوان نا بەڵکو تۆو باوکیشت .

ئێمە بە هەرحالّ کوردینو ئەرکی سەرشانمانە بەڵام من هەموو کورد بە قەرزداری ئەوان دەزانم .

تەواو لەگەلتدام نازانم بێنیبێتت یان نا لە تەلەفزیۆنی KNN بەم جۆرەی ئێستا بەتۆی دەڵێم باسم کردوە لەگۆڤاری ئەنفالستانیش بڵاوم کردۆتەوە, ئەمە بۆ پشتیوانی قسەکەی بەرێزت پێشنیاری پرۆژەیەکم کردووە بەناونیشینانی (ئەو پرۆژەیەی کە دەبێت تەیمور بەردی بناغەی دانێت) پرۆژەکە ئەوەیە کە نەخۆشخانەیەك و خوێندنگایەك بۆ ئەو گوندە درست بکرێت ئەمەش وەك دیاری دەستی کورد , ئەم بیرۆکەیەم بە بەرێز عومەرفەتاح جێگری سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە ووتوە، لەو کاتەدابوو کەلەگەڵ مالّی ئال ئعێشم (خالید و حسێن و محمد) بەیاوەرییان چوم بۆلای کاك عومەر فەتاح حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە بەزۆر من پرۆیشتم لەگەڵیاندا ئەمانیش ئامۆزاو کەسی سالّح بوون . پرۆژەکە ئەوەیە کەوەك دیاری کورد لە هەموو فەرمانبەران یەکی هەزار بپرێت بۆ ئەو پرۆژەیە، جگە لەوەش هەرکەسی تر حەزیکرد زیاتر ببەخشێت ئەوە بائازدبێ , ئەمەش ببێتە بەدیاری کورد یان دیاری تەیمور بۆ ئەو بنەماڵە عەرەبە، ئەگەر پارەکەش کەمی هێنا، ئەوکاتە حکومەتی هەرێم دەتوانێ تەواوی بکات، بۆئەوەی حکومەتیش بەشداربێ لەو پرۆژەیە بۆ دروست کردنی ئەو باخچەو خوێندنگەو نەخۆشخانەیە، پرۆژەکە ناوبنرێت دیاری تەیمور. لەساڵی ٢٠٠٨ ئەم پرۆژەیەم باسکردوە هەرجەندە پەسەندی بوو بەڵام جێبەجێنەکرا .

بەڵێ ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر جوانەو کارێکی زۆرچاکە ئەگەربیکەن.

ببورە ویستم ئەوەت لێبپرسم کە باوکت لە ژیاندا ماوە؟

دوای ساڵی ١٩٩٢ خۆپیشاندانێك ڕویدا لە نەصر باوکم فیشەکێکی بەرکەوت، لەو فیشەکەوە توشی (شلل دماغ) بوو، کەسیش لێی نەپرسیەوە هەتا بردمان بۆلیژنەی پزیشکیش لە سلێمانی بۆئەوەی کەمئەندامی بۆبکەین ئەوانیش پێیان وت خۆ لە ژیاندا ماویت ونەمردویت بۆچی بۆتبکەین

ئەی هیچ بەرپرسێك بەوەی نەزانی کە باوکت لەم چیرۆکەدا ئەوەندە دەوری هەبووە ؟

نەخێر

کە باوکات وای لێهاتوە لیژنەی پزیشکی بەوەی نەزانیوە کە باوکت چەند ڕۆڵی هەبووە لە گەڕانەوەی تەیموردا وە ئەوان لەسەر ئەوە نایکەن بە کەمئەندام بەڵام هاوکاریکردنی کەسایەتیەکی وەك باوکت و ڕێز و پێزانین لەو هەڵوێستەی باوکت گرنگە.

ئینجا بەرپرسانی هەرێم لە کەسوکاری ١٨٢٠٠٠ هەزار ئەنفالیان پرسیوەتەوە، هەتا لەباوکم بپرسنەوە ؟ کەی لە فەرەج و تەیموریان پرسیوە تا لە باوکی من بپرسن ، منداڵێك کە خەتەنە نەکرابێت لە چاڵێکدا بیدۆزیتەوە و بیهێنیتەوەو ئەو ڕزگاربوانەی تریش ئێستا لە کەنەدا و ئەمریکا بە ڕیشی سپیەوە یەکێکیان لە قەساب خانەی بەراز و یەکێکی تر لە غەسلی سەیارە ویەکێکی تر لە مەزرەعەیەکدا گیا بڕنێت ئایا ئەمە ڕەوایە ....

ئێستا تەندروستی باوکت چۆنە؟

باوکم لە ٢٠٠٥ توشی نەخۆشی ئەزەهایمەر بووە لەماڵەوە کەوتوەو مێشکی توشی پوکانەوە بوە براکان و خوشکەکانم زۆرپێوەی ماندون.

وتت شتێکی گرنگ هەیە کە حەزدەکەیت باسی بکەیت لەم چاوپێکەوتنەدا؟

ئەوە بەلامەوە گرنگە تەیمور بهاتایەو داوەتم بکردایەو شوکر ئیستا خەلك وەزعی باشە بەلام پێمخۆش داوەتم بکردایەو ئەگەر پیی خۆش بوایە پێکەوە بچوینایە بۆ سەماوە بۆلای ماڵی سالّح.

بەهیوام ئەو دەرفەتە هەڵبکەوێت. بەڵام لەم دیدارەدا ئەوەی بەلای منەوە تازەو زۆر گرنگ بوو جۆری ئەو (گۆڕ) انەن کەباست کرد هەر گۆڕەو دوو کەسی تیابووە ؟ تۆ دڵنیایت لەوە؟

چۆن ئێستا لەگەڵ تۆدا دانیشتوم ئاوا بیرمە کە سالّح باسی کرد، ووتی هەرچاڵەو تا پشتێنێکی زەلام قوڵ بووە دوو

زەلامیان تێکردوە وە پرِیش نەکرابۆوە هەر کە گوللەبارانیان کردوون یەکسەرکردبویانە چاڵەکەوە، سارِ باسیکرد کەچوومە سەریان و ژمارِدومن ٢٥٠ چاڵ بوون کە دەوری ٤٩٨ کەسیان کوشتبوو وە تەنیا تەیمورو کچێکی بچوک مابوون، من تەیمورم هێناوەو کچەکەش ئەو مارِە عەرەبەی کە هاتبوون ئێمە ئازەڵەکانمان پێدابوون.

واتا مارِێکی تریش کچەکەیان بردووە؟

بەڵێ ئەو وتی کچەکەیان لەگەڵ خۆیان بردوە .

بەڕاستی شتێکی زۆر نوێیە!!!

من ئێستا حەزم دەکرد سارِ بمایە بۆئەوەی ئەم قسانەی منی پشترِاست بکردایەتەوە.

بەڵێ تەیموریش چۆتەوە سەر گۆڕەکان وە باسی دەکات لەو کتێبەدا بەڵام ئەو باسی ئەوە ناکات کە دوو دوو لە چارِێکدابن. باسی کچێکیش دەکات کە بریندار بووەو پیی وتووە بابڕۆین ئەو نەیوێراوە، من بۆخۆشم پێشتر چاوپێکەوتنم لەگەڵ مەلایەکی خەڵکی خانەقیدا کردوە، ئەویش باسی ئەوە دەکات کە کچێکی لە نجدی شارِێکی سعودیە بینیوە ئەویش هەمان چیرۆکی هەیە، باسی ئەوەی کرد کەهەندێك عەرەب لەسەر سنوری عیراق سعودیە کرین وفرۆشتنی ئازەڵیان کردووە ئەوان ئەکچەیان هێناوە .

بەڵێ دورنیە وەڵا رەنگە ئەو بێت.

بەڵام سارِ باسی ئەوەی بۆ نەکردویت کە تەمەنی ئەو کچە چەندببوە؟

بەتەواوەتی نا بەس ئەوەی ووت کە لەوانەیە سارِێك بچوکتر یان گەورەتر بێت لە تەیمور.

هیچ شتێکی تر هەیە بتەوێت بیڵێیت؟

لەکۆتایدا داوا ئەکەم لەبەرپرسان کە یادکردنەوەی ئەنفال بەسادەیی وەرنەگرن چونکە یادکردنەوە وە ئەوەی شیعەیە کەیادی حەسەن و حسین دەکەنەوە کە دوو شەوو دوو رۆژ بەپێ ئەرِۆن و وە بەزنجیر لەخۆیان ئەیەن, بەڵام ئێمە تاوانێکی گەورەو یادێکی بچوك ئەکەینەوە .

تۆپێت باشە چۆن یادی ئەنفال بکرێتەوە ؟

راستی ئەوە یاد نییە ئێمە دەیکەینەوە، یادکردنەوە وەك شیعەکان دەبێت، کە دوو شەو دوو رۆژ پێشئەوە بەپێ دەرِۆن بەزنجیر لەخۆیان دەدەن . کورد گەورەترین تاوانی دەرهەق کراوەوسادەترین یادی دەکاتەوە .

بەڵێ منیش هارِام لەگەڵتدا، لەکتێبێکیشمدا کەتازە جاپکراوە، داوا دەکەم کە یادیکی جیاواز بکەینەوە بۆ نمونە لەو رۆژەدا گۆشت نەخورێت وە تەنانەت هیچ ئازەڵێکیش سەرنەبرِێت.

ئەوەش زۆر بەلای منەوە جوانە.

کەواتە ئامادەی ئەو رۆژە پیادەی بکەیت ؟

بەڵێ، بەڵێ منیش داواکاریم ئەوەیە کە لەو رۆژەدا هەموو کەناڵە رِاگەیاندنەکان دابخرێت و شاشەکانیان رەش بکەن.

بەڵێ ئەو بیرۆکەیەی تۆ زۆر جوانە وە ئەگەر ئەوکتێبەم چاپ کردەوە بە ئیزنی تۆ ئەو بیرۆکەیەی تۆ بڵاو ئەکەمەوە ئەگەر رێگەم پێبدەیت.

لەخزمەتتدام رێگە پێدراویت .

دوا وتەت چییە ؟

دەستخۆشیت لیدەکەم زەحمەتێکی زۆرت کیشا، دەتوانم بڵێم، ئەوەندی تۆ بۆ ئەم کەیسی ئەنفالە کردووتە، بە هەموو بەرپرسانی ئەم هەرێمە نیوئەوەندەی تۆیان نەکردووەو نەیانتوانیوە بەدوای ئەم کەیسەدا برِۆن .

منیش دەڵێم سوپاس بەڵام هەمیشە شتێك دەڵیم ئەسعەدێك لە سەروەختی ستەمکاری و توندوتیژی خۆیدا بتوانێت خۆی وباوکی بەدوای چارەنوسی مندارِێکی ئەنفالدا برِۆن بۆ سەماوە، ئەی بۆمن نەتوانم لە دوای روخانی بەعسدا بەدوای سەرداوەکانی ئەنفالدا برِۆم .

ئەوەش راستە لەشت ساغ بێت لە **کۆتایدا ئەمەوێت لێتبپرسم کە تۆ رِازیت ئەم چاوپێکەوتنە بڵاوببێتەوە؟**

بەڵێ رازیم لە هەر کەناڵێك و هەر جێگەیەك بێت بڵاوی بکەرەوە.

یەدوڵڵا عەلی موراد:



دیدارو بەدواداچوون: عومەرمحمەد شوێن : کەلار کتێبخانەی گشتی رۆژی ٢٠١١/١١/٣٠ کات : ١١:٣٠ی سەر لەبەیانی

شایەتحاڵێکی گرنگی کۆمەڵوژی ئەنفال

لە بیابان ئەنوەر تەیاری بینیوەوەو هاوکاری کردووە

ڕێکەوتی ی ٢٠١١/١١/٢٤ لەمیانەی پێشوازییەکی شایستەدا کە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕۆشنبیری گەرمیان کە لەشاری کەلار بۆ بەڕێز فەرەجی تۆپخانەیان ساز کردبوو منیش تیایدا تویژینەوەیەکم دەربارەی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال وگۆڕی بەکۆمەڵی بیابان،پێشکەش کرد لەمیانەی مداخلەی ئامادەبواندا پیاوێك بەناوی وەهاب هەستاو ووتی: من شایەتحاڵێکی گرنگت پێدەناسێنم، بەڵام لێرە ئامادەنیم باسی بکەم، دواتر بەتایبەتی بەخۆتی دەڵێم، هەرئەوەندەی لەهۆڵەکە چوینە دەرەوە کاك " وەهاب" باسی یەکێك لەوکەسانەی کرد کەلەکەمپی ئاڵتاش ژیاوەو ئەنوەرتەیاری بینیوەو هاوکاری کردووە، ئیتر کەئەمەم لێبیست وەك هەواڵیکی زۆر بەنرخ وەرمگرت، زۆر بەپەلە بووم ئەو شایەتحالەگرنگە ببینم، داوام لە کاك وەهاب کرد بەزووترین کات بچینەلای، بەڵام ئەو لەوەڵامدا ووتی : ئێستا کابرا زۆر لێمانەوە دورەو لێرەنیە، خۆم کارئاسانیت بۆ دەکەم هەرلێرە لەم کەلارە یەکتربببینن‌و دیداری لەگەڵدا ساز بکە. پاش ٥ رۆژ چاوەروانی کاك وەهاب تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو ووتی: ئێستا شایەتحالەکە ئامادەیەو دەتوانیت ببینیت، رۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١١/٣٠ لە گەڵ سینەماکاری جوانەمەرگ تەها کەریمی سلێمانیەوە بەڕێکەوتین‌و لە کاتژمێر ١١ی هەمان رۆژ گەیشتینە کەلارو لەوێ چاوم بە شایەتحاڵە گرنگەکە کەوت کە بەڕێز یدوالله عەلی مراد بوو، دوای ئەوەی خۆمان بەیەکتر ناساند ئەم دیدارەمان سازکرد. هەرچەندە من زۆر بەو دیدارە دڵخۆش بووم بەڵام زۆری نەبرد کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیداو لە کەرکوکەوە هەواڵی تیرۆر کردنی هاوکارێکی هەمیشەیی گۆڤاری ئەنفالستان برای خۆشەویستم مەلا ئیدریسیان پێراگەیاندم وخۆشیەکەمیان کرد بەماتەمینی ، پێویستە ئەوەش بلێم کە یدالله لە ناوچەی زەهاوی ئێرانەوە هاتبوو بۆ کارکردن بەڵام ئەو رۆژە لەبەرخاتری ئەم دیدارو یەکتر ناسینە لە رۆژانەکەی خۆی خۆش ببوو نەچووبووە سەرکار، هەرچەندە لە توانامدا نەبوو کریی رۆژانەکەی بۆ خەرج بکەمەوە بەڵام خولقێکی زۆرم کرد بۆئەوەی نیوەرۆ داوەتێکی نان خواردنی بکەم، کەچی بە هیچ جۆرێك رازی نەبوو. هەرلەسەرەتای یەکتر بینینەکەوە

تا ئەوکاتەی کامیراکەم دابەست ئێمە خەریکی قسە بووین دەربارەی ئەو دۆسێیەو و وردەوردە رۆچوینە ناو ئەم دیدارەوە کە ئێستا لەبەردەستدایە و دەیخوێنیتەوە: کاك یدولا بەخێربێت

– من لەرێگەی کاك وە هابەوە زانیم کەبەرێزت زانیاریت دەربارەی یەکێك لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژی بیابانی پارێزگای رومادی هەیەو لە نزیك کەمپی ئالتاش هاوکاریتان کردووە.. بەڵێ

– پێشئەوەی بچینە ناو ئەو باسەوە پێمخۆشە خۆت بناسێنی.

– من ناوم یدولاّ عەلی عەلا مرادە لەدایکبووی ١٩٦٥ م، دانیشتووی زەهاوی ئێرانم گوندی بێویانی " بێویانی دارەکە".

– ئێستا لەکوێ دادەنیشی؟

– هەرلەزەهاو لەئێران.

– ئەی چۆن هاتوویت بۆ هەرێمی کوردستان؟

– بۆ کارکردن و بژێوی ژیان.

– چ کارێك دەکەی؟

– کرێکاری کاری ئاسنگەری دەکەم.

– بەرۆژانە یان بە مەترەکاری؟

– رۆژانە بە ٣٠ سی هەزار کاردەکەم.

– کەواتە کە ئەمرۆ هاتوویت بۆلای ئیمە بێکاربویت؟

– واللە لەخۆشی ئیوە هاتم موشکیلە نیە ئەویش بەخاتر ئیوە بێت.

– ژن ومناڵومندالت هەیە؟

– بەڵێ ژنم هەیەوباوکی ٦ منداڵم.

– هەست دەکەی لە ژیانتدا چەندە خۆشیت بینیوەو چەندە ناخۆشیت بینیوە؟

– واللە لەژیانمدا خۆشیم نەدیووە هەمیشە لە ناخۆشیدابووم. رەنجم زۆرەو خۆشیم کەمە.

– ئێوە چۆن گەیشتنە ئالتاش بۆ لەخواروی عێراق بوون؟

– ئەی لەجەنگی ئێران عێراق ئاوارەبووین بەمدیودا.

– ئەو سەروەختە سەرچاوەی داهاتتان چی بوو، بەچی ژیانتان بەرێوەدەبرد

– خەریکی کشتو کاڵو ئاژەڵداری بووین.

– ساڵی چەند حکومەتی عێراق ئێوەی راگواست.؟

– هەر سەرەتای جەنگەکە ساڵی ١٩٨٠ هاتینە ئەمدیوو ئاوارە بووین بەهۆی جەنگەوە.

– کەواتە حکومەتی ئێران ئێوەی دەرنەکردبوو ئێوە ئاوارەبوون.

– نەخێر بەهۆی جەنگەکەوە بوو عێراق کەوتە پشتمانەوە ناوچەکە گیرا.

– ژمارەتان چەند خێزان دەبوو، هەموو گوندەکەتان هاتن؟

– زۆر زۆر بووین هەموو ناوچەکە هات بەمدیودا.

– هیچنایانن بۆ کوێ لەکوێ نیشتەجێبوون..؟

– لەپێشەوە هێنامانیان بۆ باوێسە دوایی بردمانیان بۆ قۆرەتوو، لەوێشەوە بردمانیان بۆ پارێزگای رومادی لە ئالتاش؟

– پێشتر لە ئەلتاش ئۆردوگایەك هەبوو یان هەر بۆ ئێوە دروستکرا؟

– واللە وەکو بوون هەبوو، بەڵام سەحرایەك بوو ماڵی تێدا نەبوو کە ئیمە چووین خانوویان بۆمان دروستکرد. مامەلەی حکومەتی عێراق چۆن بوو لەگەڵتاندا؟

– وەلاّ چۆن بوو زۆر باش نەبوو.

– مەبەستم ئەوەیە هەر بەچاوی کورد تەماشای دەکردن یان وەکو معارەزەی ئێرانی؟ چونکە خۆت دەزانی دەولەتی عێراق کوردەکانی بەچاوێکی کەمتر تەماشادەکرد؟

– نەوەلاّ خوا نەکات.. هەر بەو چاوەوە وەکو کورد تەماشای دەکردین. رۆژانە ئەگەر سەعاتێك دوو سەعات بەکارت رێگەی ئەداین لە کەمپەکە بچینە دەرەوە مەگەر ئەوانەی بۆ ئیش دەچوون ماوەی هەشت سەعات دەچوونە دەرەوە ئیتر ئاوابوو.

– ئەی ژیانو گوزەرانتان چۆن بەرێدەکرد؟

– وەلاّچۆن بوو؟ لە ئەوەلەوە ئیشوکاری وامان نەبوو، بەڵام خۆی پێویستی پێبوو، خۆت دەزانی خەڵکی عێراق هەمووی عەسکەر بوو ئینجا رێگەیان داین کاربکەینو تەعین بین من بیرمە ئەوکاتە لە رێگاوبان تەعین بووم ٥٥ ی ئەو کاتەم دا بەرەشوو

– مەبەستت بەرتیلە؟

– بەڵی بەڵی بەرتیلم داپێیان بۆئەوەی دابمەزرێم.

– جا نوسییانی؟

– بەلی ئەریوەلاّ دامەزرام مانگی بە ٥٥

– کەمپی ئەلتاش چەندێك لە پارێزگای رومادی دوورە.

– نیوسەعاتە.

– چ بارەگایەکی دەولەتی بێجگە لەو سەیتەرەیەو ئەوانەی دەوری کەمپەکەیان دابوو، مەبەستم سوپایە وەکو لیوای حەرەسجمهوری کام لەمانە لە کەمپەکەتانەوە نزیکبوو.

– لەکەمپەکەماندا هیچی لێنەبوو بەڵام بەدوری خمسە کیلۆ



لەسەر جادەی (رتبە) جەیشێك هەبوو.

– ئێوە تا چەند ئاگاداری ئەوە بوون کورد لێرە کۆمەڵکوژ دەکرێ؟

– وەڵا ئیمە نەماندەزانی ئاگاداری ئەنفال بووین بەڵام بەو شێوەیە نەماندەزانی.

– ئەی دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩١ وە لێرە بەعس نەم چیرۆکانە بڵاوبوونەوە بۆنمونە چیرۆکی دەربازبوونی تەیمور، ئایا هیچ دەنگۆیەکی وا لەناو کەپی ئالتاش نەبوو کە لێرەش خەڵکیك هاتووەو رزگاری بووە ، یان هاوکاری کراوە؟

– نەوەڵا هیچ نەبوو.. من بۆخۆم یەکێکم لەوانەی ئەوەم دی سالی ١٩٨٨ بوو ئەوە ئێستا ٢٠١١ وەڵاهی بۆ باوکم باسم نەکردووە.

– لەبەرچی باست نەکردووە؟

– وەڵا ئەترساین لەناو ئەو کوردانەی ئیمەش خەلکی خۆفرۆش و جاسوس هەبوو ، لەپێناوی ئەوەی وەرقەیەکی بۆبکەن سەعاتێك زیاتر لەکەمپەکە بچێتەدەرەوە ئامادەی خۆفرۆشتن بوو.

– بەپێی زانیاریەکانی من دووکەس لەوانەی لەکۆمەلکوژی ئەنفال لە بیابانەکانی پارێزگای رومادی رزگاریان بوو، بەکەمپی ئالتاشدا تێپەڕیوون، هاتوونەتە ئەوێو هاوکاری کراون ئێستا وادەردەکەوێ بوون بە٣ کەس تۆ شایەتی بینینی یەکێکیانیت و هاوکاریت کردووە ئەمەش بۆ ئێمە چەندە مایەی دڵتەنگیە ئەوەندەش مایەی شانازییە، ئەگەر بکرێ لەوبارەیەوە زانیاری زیاترمان بدەیتێ؟

– بەڵی ئەوەی کەمن دەیزانم کاك ئەنوەر بوو.

– ئەنوەر تەیار.؟

– نازانم ناوی باوکی چییە بەڵام ناوی ئەنوەر بوو.

– تۆ دڵنیایت ئەو بوو؟

– بەڵی؟

– تۆ کوڕی موختارەکەی ئالتاش نیت؟

– نانەخێر باوکی من موختار نەبوو.

– ئاخر موختارەکەی ئالتاش هاوکاری یەکێك لەدەربازبووەکانی کردووە بەناوی (عوزێر) تەنانەت کریی سەیارەکەشی داوە کە پاصێکی ١٨ نەفەری بووەو بە شۆفێرەکەی ووتووە بیبە بۆ رومادی لەوێ لەگەرەکی کوردەکان دایبەزێنە.

– ئایا تۆ ئەو موختارە ناناسیت؟

– ئاخر ئێمە موختارمان زۆر بوو خۆهەر موختارێك نەبوو.

– بۆچی کەمپەکە چەند ماڵبوو وا موختارتان زۆربوو؟

– زۆر بوو نزیکەی ٧٠٠٠ ماڵ بووین..

– هەر گەرەکەموختاری خۆی هەبوو؟

– نا تەنیا ئیمە وەك عەشیرەت بیاوایی دوو موختارمان بوو، بە عەشیرەت ، عەشیرەت بوو.

– مەبەستم ئەوەیە ناتوانیت تۆ ببیتە دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی ئەو موختارەو ئەوەشی کە هاوکاری کاك فەرەجی کردووە.. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین رێزتان لێبنێین.

– وەلاهی بلێم چی ئێستا کە بمزانیبایە مالەکەی لەکۆیوەبووە مەسەلەن ئەو پیاوە بیتوانیایە ناونیشانی بدایە تا پیاو بزانێ...

– ئێستا من دەتوانم ناونیشانی ئەوەی کاك فەرەجت پێبلیم.. پیاوێك بووە سایەقی سەیارەی ١٨ نەفەری بووە هەربەو وەرقەیەی کە حکومەت بۆی دەکردن رۆژی جارێك بۆی هەبوو بروانە دەرەوەو هاتووچۆی بەغدای کردووە، ئەوکاتەی کاك فەرەج چووەتە مالیان خۆی لەماڵ نەبووەو لەبەغدا بووە، ژنکەی هاوکاری فەرەجی کردووەو نانی پێداوە هێشتا فەرەج لەماڵ نەچووەتە دەرەوە کە پیاوەکەش هاتووەتەوە، مالەکەیان لەنزماییەك دابووە کەوتووەتە خوارەوی کەمپەکەوە لە رۆژئاوایەوە..

– وەلاهی نازانم لەوێ موختار زۆربوو، سەیارەش زۆر بوو. نازانم بێژم چی؟

– بابێینە سەر چیرۆکی خۆت و کاك ئەنوەر چۆن توشت بوو بە توشی ئەو پیاوەوە ئایا ئەو خۆی هات بۆلات داوای هاوکاری لێکردیت یان تۆ چویت بەلایەوە ئەوە چۆن بوو؟

– من لەسەر کاربووم سەعات ٤ لەکار دەگەرامەوە ئەمە سالی ١٩٨٨ معمل دەواجنێك لەلای کەمپەکەمانەوە هەبوو، لەلای ئەو معملە لەملای سەربازگەکەوە خانوویەك هەبوو چۆڵ بوو، تەواو نەکرابوو عەرەبەکان ئەیانگووت ئەو خانووە فەشلی هێناوە مقاولەکەشی عەرەبی شیعە بووەوحکومەت لەسەرئەو خانووە سزای داوەو دەریکردووە بۆ ئێران. خانووەکەش هەروا مابووەوە.. ئیمە بەردەوام لەوێوە بەبەردەمی ئەو خانووە چۆڵەدا دەڕۆیشتین بۆ سەرکارو هەرلەوێشەوە دەگەڕاینەوە خانووەکە چۆڵ بوو هیچی تێدانەبوو،سەیارەمان بوو ئەهات بەشوێنماندا دەیبردین بۆسەرکار بەڵام دووسێ رۆژێك بوو سەیارەکەمان شکابوو بە پایسکل دەچووین بۆ سەرکار، من دووسێ کەسی ترم لەگەڵدابوو، بەردەستم بوون ئەو رۆژە دوان لەوانەم لەتەکدا بوو. کە هاتینەوە لەو خانووە مەتروکە (وازلێهێنراو) دا. وەلاّ کەهاتین سەیرمکرد زەلامێك لەناو ئەو خانووەوە بانگمان دەکات..! ئێمەیش سەیربوو بەلامانەوە چەند ساڵە ئەم خانوە چۆڵە کەسی تێدانەبووە.. ئەم پیاوە چییە؟ ئەلهەق من ترسام.

– ئەو کاتە تۆ تەمەنت چەند بوو؟

– من دەوری ٢٣ ساڵێك دەبووم هێشتا ژنم نەهاوردبوو. ئەو دوانەکەی تریش لەمن منداڵتر بوون.

– واتە ئێوە سێ کەس بوون؟

– بەڵێ سێ کەس بووین.

– بەڵام ئەنوەر تەیار باسی دوو کەسی کردووە.

– نا ئێمە سێ کەس بووین..ئەوانیش هەر لەتەك خۆمدا کاریان دەکرد ، وەلاّ ووتم بابچین بزانین چییە؟ کە چووین سەیرم کرد پیاوێکە هەموو لەشی لەخۆڵو تەپو تۆزدایەو شپرزە، تراکسودێك سەوز لەپایدا بوو، تومەس جلەکوردیەکانی داکەندبوو لەبەرئەوەی زانیبووی منتیقەی عەرەبە بۆ ئەوەی نەیناسنەوە کە کوردە، خوین بەجلەکانیەوە وشك ببووەوە پای بەستبوو. بریندار بوو، جوتێك کەوشی سوپایی لەپێدا بوو پیلاوەکان ئێرانی بوو.

– ئەدیداس؟

– بەڵی ئا ئا ئەدیداس بەخوا من لەوێ لەپای ئەودا بینیم هەرنەمدیبوو پێشتر، ووتی کاکە کوردن؟!

– وتمان بەلێ

– ووتی دە پایسکیلەکانتان بێننە ژوورەوە پرسی : ئەم جادەیە بۆ کوێ دەچێت؟

– منیش ووتم راستم پێ نەیژی پێت نالّیم

– ووتی : کاکە راستت گەرەکە؟

– وتم بەڵێ.

– ووتی: من پێشمەرگەم خەلکی قەراغم، ئەوەش جنسیەکەمە (پیشانیدام) حکومەت عەفووی داوە ئێمەش خۆمان تەسلیم کردووەتەوە نزیکەی ٦٠٠ کەس بووین هێناویانین ئالەم سەحرایە رەمییان کردووین. بمبەن بۆماڵی خۆتان؟ حەقیقەت ئەوانەی تر کەلەگەڵمدا بوون نیازیان باش نەبوو. پیاوی کحکومەت بوون. من پێیانموت ووت ئێوە برۆنەوە بۆماڵ.. ئیتر ئەوان رۆیشتن..

– ببورە رات دەگرم ئاساییە ئەگەر ناوەکانیانم پێبلێیت؟

– نا بەڵی ئەرێوەلاّ یەکێکیان فایەقی ناوبوو، (فایەق کورِ مەجە قەلانی) ئەویتریش حەمە عەلی ناوبوو بەڵام ناوی باوکی نازانم ئەوەیان مرد بەکارەساتی سەیارە.

– واتە ئەوانیش هەر کورد بوون؟

– بەڵی ئەوانیش کورد بوون لەئالتاش دادەنیشتن.

– دەتوانی وەسفێکی ئەو پیاوەم بۆبکەیت لەشوڵاری چۆن بوو، ڕەنگی پێستی، باڵای؟

– پیاوێکی ڕەشتاڵە بوو هەرچەندە ئەو هەموو لەشی پیس‌وخۆڵاوی‌و خوێناوی بوو ، قژی لوول بوو، باڵای زۆر بەرزنەبوو، ئاوا وەکو من وابوو بەڵام ئەو تێرۆپرۆ قەڵەوبوو چوارشانەیەک بوو.

– ئیێ داوی ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن؟

– ئەوانم ناردەوە بۆ ناو کەمپەکە ووتی: بمبەرەوە بۆ ماڵ خۆتان منیش ووتم برا ناو ئەم کەمپە پیاو خراپی زۆر تێدایە من چۆن بەم وەزعەوە تۆ بەرمەوە بۆ ماڵ؟ دائیرەی شورتەو ئیستخاباراتو ئەمنی تێدایە، لەو قسانەدا بووین کەرو عارەبانەیەکیش هات وەستا، لەویدا نیازم بوو بیبەمەوە بۆ ماڵ بەڵام هەرچەندم هەوڵدا کورەکە رازی نەبوو بیخەمە بانی بیبەمەوە بۆماڵ. بەو خوایەی هاوەبان سەرەوە ویستم بیبەمەوە بۆماڵ کابرا نەجاتمی نەدا دەی ووتم برا ئێستا چی بکەم؟ ووتی بێنە پایسکلەکەتم بدەرێ؟ ووتم برا تۆ بریندارێت پایسکلی چی بۆکوێ دەچیت؟ تۆ ئێستا لەمن دەپرسیت ئەم جادەیە بۆ کوێ دەچێت تۆ شارەزانیت..! ووتی دەیبرا چیم لەگەڵ دەکەیت ووتم وەڵا نازانم چیت لێبکەم.. ووتی بەس بم گەیەنەرەوە بەغدا وابزانە هام لەقەراغ ووتم ووەڵا نازانم چی بکەم چۆن بتگەیەنمە بەغدا؟ ووتی دەیبرا ئەو شەروالەی خۆتم بدەرێ.. ووتم وەبان چاو شەروالێک ڕەشم بوو لەپێدا دامناو دامپێی ئەو کردیە بەری.. بۆ نیشانە فانیلەیەکی ڕەشی عەلاگەشی لەبەردابوو. من جلە خوێناویەکەی ئەوم کردە بەر.

– ئیتر ووتی : چەقۆم بدەرێ با ریشم بتاشم. منیش ووتم برا بەچەقۆ ریش ناتاشرێ. چەقۆشم پێبوو، بەڵام نەمداپێی ووتم کاکە بچۆ لەبازار حلاق هەیە ریشت بتاشە. بەچەقۆ ریش ناتاشرێ

– تۆ زانیت چەند فیشەکی بەرکەوتووە..؟

– ناوەڵا بەڵام خۆی ووتی زامارم.. من خۆ زامەکانیم نەبینی، تەداویم بۆ نەکردووە.

– ئەشەلی کە دەرۆیشت؟

– بەڵی کاك ئوەر ئەشەلی قاچیشی پێچابوو. ئیتر ڕۆیی کە کەوتە ڕێ لەوێ نەیزەیەکم دۆزییەوە قامیشی پێ ئێژن ئێوە.. دامەدەستی وەکو گۆچان.

– تۆخۆت ناوەکەیت دەزانی دەتزانی ناوی ئەنوەرە؟

– ئا بەڵی جنسیەکەی پیشانی مندا بەڵام من ئێستا هەرناوەکەیم بیرماوە.

– تۆ دلنیایت ئەو شەروالەی خۆت کەدات بە ئەنوەر تەیار ڕەنگی ڕەش بوو..؟

– ئا ڕەش بوو یان کەوەیی بوو لای ئێوە شینی پێ دەڵێن.

– هەموو ئەو یەکتر بینینە چەندێکی خایاند؟

– سەعاتێك کەمتر زیاتر؟ هەرئەوەندە ئەبوو. ئیتر ئەو ڕۆیی ئاگام لێبوو سەیارەیەك هات ئەو سواربوو ڕۆیی.. لەوکاتەدا هەوایەك دەهات نەمدەتوانی پایسکلەکەم برانم، جا هەوای ئەوێ بە خۆڵولمەوە زۆر ناخۆشە کەئەیدا لەدەمو چاوت، ناچار نەمدەتوانی بەوشێوەیە پاسیکل برانم ناچار پاڵمنا بەپاسکیلەکەوە بەدەست بردمەوە بۆ ماڵەوە. کە چوومە بەردەم سەیتەرەکە شورتە (پۆلیس) گرتمی، تومەس ئەوانی تر چووبوون ئیخباریان کردبوو، ئیستخبارات ووتیان ئەها ئەوەچییە خوێن بە شەروالەکەتەوەیەوئەوە چیەو ئەم شتانە. منیش ووتم ڕاستتان گەرەکە ووتیان بەلێ. ووتم وەڵا پیاوێکم دۆزیوەتەوە هاڵەناو ئەو غورفەیەدا بێن بچین بیگرن.. شورتەکان ئەو کاتە لاندرۆڤەریان بوو.

– ببورە ئیستخبارات یان شورتە؟

– ئەمان دایان بە ئیستخبارات ئیستخباراتیش ووتبووی ئیمە فریاناکەوین ئێوەبچن بیگرن بزانن چیە، بەخوا کەوتنە پاڵنانی لاندرۆڤەرەکە ئیشی نەدەکرد ، تاخستیانە ئش زۆری پێچوو، دوایی کە نزیکی شوێنی ڕوداوەکە بووینەوە یەکێك لەپۆلیسەکان ووتی: نەمان ووتووە بەئەفسەرەکە.

– ببورە تێنەگەیشتم ئەگەر دوبارەی بکەیتەوە؟

– ووتی نەمان ووتووە بە ئەفسەرەکە بێ ئاگاداری ئەفسەر هاتووین.. وەڵا تائەفسەریان لەخەوهەستانو ئاگاداریانکرد ئینجا چووین بۆلای خانووەکە، لەوێ چواردەوریان گرت کەتنە هاوارکردن (لاتحرك، سلم نفسك) دەنگ نەبوو.. یەکێکیان خۆی کرد بەژوردا ووتی: کەسی تێدانیە؟! وتیان چی لێهات ووتم نازانم، ووتیان بلێی نەچوبێتە ناو ئەمالانە ووتم واللە نازانم، ووتیان نەچووە بۆ ماله عەرەبەکان ووتم وەڵا نازانم. ووتیان نەچووە بۆ ڕومادی ووتم واللە نازانم ووتیان بچین بۆ ڕومادی ووتم من هام لەتەك ئێوەدا بابڕۆین.. وەڵا ڕۆیشتین ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە بینیمان بیناسمەوەو بێژم ئەوە پیاوەکەیە.. واللە سەیارە بەرازیللیەك هات ووتی: (جیب هویتك) هەتا من دەستمبرد بۆ

باخەڵم هویەی بدەمێ شورتەیەك ووتی ئەوە هالەتەك ئیمەیا.. وتی ئەوەی ئێمە سێ رۆژە بەدوایدا دەگەڕێین ئێوە بە ئاسانی ونتان کرد، تومەس ئەم روداوە لەنزید بەغدادیەوە بووە، ئیتر ئەوکەسانەی دەربازبوون چۆن گەیشتوونەتە لای ئیمە نازانم مەگەرخوا بیزانێت. ئیتر شورتە تا سەعات ١٢ی شەو لەناو رومادی گەراین بە شوێنیا نەبوو، ئیتر هاتینەوە ووتیان ئەگەر دۆزیتەوە خەبەرمان بدەرێ.

– چۆن ئاوا بە ئاسانی داوای هاوکارییان لێدەکردی یان فشاریان بۆ هێنایت؟

– فشار باس فشار هەرمەکە ئەوە ئەو ئێوارەیە ئاوا بوو..بۆ رۆژی دوایی چووم بۆ سەرکار کە ئێوارە گەرامەوە ئاوا وەختی نان خواردن بوو ، کەیبانومان خەریکبوو چایم بۆ بینێ دایان لە قاپیمان ، چوومە دەرەوە سەیر دەکەم کورێك میمکزامە ووتم خێرە جەلال ووتی واللە مفوز تارق ئەمن لەگەڵ ملازمێکی شورتە بەدواتا دەگەڕێن وا نزیکبوونەتەوە، ئیتر هاتن لاندکرۆزەرێکیان پێبوو، هاتن ووتم خێرە فەرموون بچینە ماڵەوە ووتیان نەوەڵا ئیشمان پێتە ئەگەر زەحمەت نیە هەتا سەیتەرەکە بێیت لەتەکماندا، ئیتر سواریانکردم و رۆیشتین بۆلای سەیتەرەکە. بردمیانە ناو دائیرەکە کابرای شورتە مفوز بوو ووتی: ئەگەر جەماعەتی ئەمن هاتن بەدوتا بنێرە بەدوامدا، منیش ووتم باشە کەچوویتە ژوورەوە کابرای ئەمن منی بردە ژوورەکەی خۆی منیی دانیشاندو سەیردەکەم خۆی دانانیشێ تومەس لە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی رومادیەوە دێن بۆم، هەروا ١٠ دەقیقەیەك رۆیی دەنگی سەیارەیەکی لاندکرۆزەر هات، کە وەستا کابرایەکی بالأبەرز هاتەژوورەوە چاکەتو پانتۆڵی لەبەردابوو ٦ پاسەوانی لەگەڵدا بوو، منیابرد کە دایاننیشاندم،چوون دووداتە بیبسیان هاورد یەکێکیان دایە دەست ئەبوو محمد جێگری مدیری ئەمن بوو، یەکێکیان دایە دەست منەوە بیبسی چی وەڵاهی تا ئەچووە خوارەوە وەکو بەرد وابوو لەبەردلم، ئەوەندە ترسام، زۆری پێنەچوو کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا ووتی: یداللە عەلی مراد. ووتم بەڵێ، ووتی کاك یداللە مترجمت بۆ بهێنم یان خۆت عەرەبی دەزانی؟ ووتم نا لەخزمەتدام پێویست بە مترجم ناکات خۆم عەرەبی دەزانم. وتی کاکە یداللە خزمەکەت بۆکوێ چوو، ووتم کام خزم گەورەم؟ وتی: ئەوەی دوێنێ؟ ووتم : واللە سیدی خزمم نەبووەو هەرناشیناسم، تەنها ٥ دەقیقەیەك دیومەو دوایی چووم شرتەم ئاگادارکردووەتەوەو چوین لەوێ نەبووە ئیتر نازانم چی بەسەر هاتووە. ئیتروتی ئەگەر وابێ پێویستە بچیت بۆلای مدیر.. ووتم واللە سەیدی من نازانم کامتان مدیرن، بەڵام هەرچیەك بێژن من لە خزمەتدام. ئاخیرەت بردمیان بۆ مدیریەت، بردیانم بۆلای مدیر ئەمنی رومادی بەڵام سەگ چۆن بوو ئاوابوو، سەرسپییەك بوو لەساڵی ١٩٩١ بووە مدیر ئەمنی عامە. چوومە ژورەوە وەتم سەلام علیکم و بۆم هەستا دووتفی کردە ناوچاوم.. ووتی بۆچی ئەو زەلامەت دەرکردیە ووتم وەڵا سیدی من دەرم نەکردووە خۆی دەرچووە، ووتی: چی لەلای تۆ وتووە؟ وتم وتویەتی ٦٠٠ کەس بوین هەموومانیان رەمی کردووە.. وتی: ئەمجارە لەلای من ئەو قسەیەتکردووە جاریکی تر لای منو هەرکەسێکی تربیلێیت زمانت لەپشتی سەرتەوە دەردەکەم. ئەوانە ٦٠٠ کەس نەبوون ٦ کەس بوون لە سوریاوە چەکو تفاقیان بەقاچاغ هێناوە بۆ جەلال تالەبانی بۆیە کوژراون ئیمە ٥ کەسیانمان کوشت بەداخەوە تۆ بویتە سەبەبی دەرکردنی یەکێکیان ، جالە ژێر زەویش بێت ئەبێت بیدۆزیتەوەو بۆمان بخەیتەوە بان زەوی.. ئیتر وتی بیبەن هاتن بردیانمەوە ژورێکی تر تەنها یەك کورسی تێدابوو لەدلی خۆمدا ووتم لێرە نانم بدەنێ لەبەرئەوەی زۆرم برسی بوو، بەهەقی قورئان ئاوا بیرم کردەوە ووتم ئێستا نانم بۆدێنن، بەڵام کە سەرم هەڵبڕیو تەماشای بنمیچەکەم کرد، قولاپو زنجیرم بینی زۆری نەبرد دوو کەس هاتنە ژورەوە پیما هاتن بەسۆندەو کەوتنە لێدانم، لەسەرەتاوە زۆر هاوارم کرد خاترالله ئەیانوت لاوالله لایفیدك، خاتر محمد ئەیانووت مجاز، ووتم بیکەن بۆخاتر وێنەکەی سیدالرئیس ووتیان (اکل خره لاتگل هیچی). تەنها بۆ ناوەکەی صدام وەڵامیان هەبوو، تاوای لێهات راهاتم لەسەر ئەو لێدانەو کاس بووم ئیتر هەموو لەشم کوترا ئینجا بەزنجیر وەکو قەسابی هەردوپامیان بەستو بەو قولاپانەی سەرەوە بەستیانەوە پام بۆ سەرەوەو سەرم بۆ خوارەوە. هەردەیانگووت ئیعتراف بکەو منیش دەمگوت نازانم بۆکوێ چووە، دوایی ماوەیەك دایانگرتمەوەو وتیان یاالله ئعتراف بکە ئەو خزمەت کوێوەچوو.. وتم نازانم ئینجا کەوتنەوە لێدانم گویم لێبوو یەکێکیان ووتی دەرگاکە بکەرەوە با ئەبومحمد گوێی تێوە بێت.. واللە ئەبومحمد هات ووتی : ئەوە بۆواتان لێکردووە کاکە یدولا کوری چاکە ئیعتراف دەکاتو ئەم قسەیەلە. وەالحاصل دوای سێجار لەهێنانو بردنو لێدان کە

زانیان هیچی تر نازانم لەوەی کە هەیە بانگی موختارەکەمانیان کرد بووە کەفیلمو ئازادیان کردم، ئەریوەالله شەوێکی سەعات یەکی شەوبوو لەگەل موختارەکە بردمیانەوە بۆ ماڵەوە.

– ئەحمەد کاکە عەلی. ئیتر لەگەڵ ئەودا ناردمیانەوە بۆ ماڵەوەو نەجاتم بوو لەدەستیان بەڵام دەبوایە هەموو هەفتەیەک جارێک بچومایەتەوە بۆ دائیرەی ئەمن بۆ ئەو مەسەلەیە.

– واتا ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر بەردەوام بوو، ؟

– ئەرێوالله هەربەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٩١ و بگرە هەتا ٩٣ یش کە من لەوێ نەمابووم جارجار بە موکبەرە بانگیان کردبووم. شایەتم هەیە.

– ئیتر دوای ئەوە هیچ سۆراخی ئەنوەرت نەزانی؟

– نەوالله چۆن بیزانم؟ ئا ئینجا دوای ئەمن ئیستخباراتیش هاتن بەشوێنمدا لەوێش ئەزیەتیاندام بە کورسییەکەوە بەستیانمەوە بە کیبل دایان لەبنی پام.. خوا ئاگادارە پام وا ئاوسابوو نەدەچووە پیلاوەکانمدا. لەئیستخبارات رومادیش سێ رۆژ گرتمیان.

– کەواتە تۆ لەسەر ئەنوەر تەیار ئازارێکی زۆر دراویو کەسیش پێنازانێ؟

– ئەرێ خوا ئاگادارە کورێ خزمان هەبوو ئەویش شەهید بووە لێرەوە بردومی لە قولەبەرزەوە بە"تویب" کەڵەک کردوومییەتە ئەوبەرەوە خۆمو ژنو سێ منداڵ و سێ جانتا رۆینەوە بۆ ئەو دیو لەوێش دوبارە ئەوانیش گرتمیانەوە.

– کەواتە لە ئێرانیش سێجار لێدانم خوارد ئەیانووت تۆ ئیستخباراتی عێراقی.

– قەت لەژێر ئەشکەنجەدانا بیرت لەوە نەدەکردەوە ئیعتراف بکەیت؟

– نەوالله قەت بیرم نەکردووەتەوە ترسام لەوەی ئەنوەر گیرابێ.

– ئەی ئەگەر ترسای لەوەی گیرابێت بۆ ئیعترافت نەدەکرد.؟

– ترسام ئەگەر ڕاستیەکانم بووتایە حکومیان دەدام.

– کەواتە ئەمنو ئیستخبارات بەوەیان زانیبوو کەخەڵک لەکۆمەلکوژییەکە رزگاری بووە..؟

– بەڵی بەڵام ئەوان ئەو ناوچەیەی روتبەولای بەغدادیەو هیتیان گرتبوو.

– لەوێ کۆمەلگایەک هەیە ناوی بەغدادیە بێت؟

– بەڵی ها لەئەولای راوەوەیە شارێکی بچکۆلانەیە.

– ئەو دوو کەسەی تر کە لەگەڵتدابوون لەوێ کەئەنوەرتان بینی ووتیان ئێمە سەربە ئەمنو ئیستخباراتین..؟

– نا نا نەیانوت. بەڵام عەشیرەتەکەیان لە ٩٠٪ یان سەربە ئیستخبارات بوون.

– بەڵام ئەنوەر ئەوەی تۆباسی دەکەیت بۆ ژنومندالەکەی گیراوەتەوەو پێی ووتوون کەوا دوو کوردم توش بووە ئەمن بوون یەکێکیان زۆر باش بووەو یەکێکیان ووتویەتی بابیبەین تەسلیمی بکەین.

– والله من لەبەر زمانەکەی حرسم جولاّ کەبەکوردی قسەی دەکرد، ئەگینا ئەوەندە خواپەرستیش نەبووم هەتا بڵێم لەبەرخاتر خواو لەترسی خوا کردوومە، من لەبەر زمانەکەی کەبەکوردی قسەی دەکرد چووم بەدەمییەوەو هیچیشم نەکردووە بلیچم کارێکی زۆر گەورەم کردووە.

– نەنوەر تەیار نەی گووت من سایەق شۆفل یان سایەق گەلاّبەی حکومەتم؟

– نە نە ئەوەی نەووت ڕاستیەکەی پێ ووتم ووتی: ئیمە ٦٠٠ کەس بووین لێرە ئاوامان پێهاتووە.

– بێجگە لەئالتاش هیچ کەمپێکی تری کورد ئاوارەکان لەو ناوچەیە هەبوو..؟

– نا نەخێر هیچی تر نەبوو، بەڵام یەک دانەی تر بوو لەو سەحرایە ئەوە دورە لە ئیمەوە ئەوانە صدام بەجیا دایانبوون دەچوونە ناو ئێرانەوە بۆ کاری تیرۆرستی ئەوانەش هەر ئیرانی بوون بەڵام دەچوونە ناو ئێرانەوە بۆکاری تەقینەوەو ئەم شتانە.

– ئەوانە سەربە مجاهیدی خلق بوون.؟

– نانا ئەوانە مجاهیدین نەبوون هەرلەو کەمپەی ئالتاشەوە بردیانن بۆ ئەوێ. کوردبوون کەمپەکەیان لە ئیمەوە دوربوو لەناوچەی هیت بوون.

– مجمعی بەغدادیە چەندە لەکەمپی ئاڵتاشەوە دورە؟

– زۆر دورە بەغدادیە ئەولای (ڕاوە)شەوەیە.

– لە ئالتاشەوە بەپێ بەشەوێک دەگەیتە بەغدادیە؟

– والله ئەگەر زیرەک بی ئا دەتوانی.

– تائەو کاتەی کە تۆ لەکەمپی ئالتاش بوویت هیچ دەنگو باسی ئەوە نەبوو کەخەلکێکی تری وەکو ئەو پیاوەی تۆ بینیوتە دەربازبووبێت، بۆنمونە عوزێرو کاك فەرەجیش هەرلەوێوە دەربازبوونو هاوکاری کرابوون. تۆ ئەو مالانە نانسیت؟

– نا نەمبیستووە نەبووەتە دەنگو باس.

– بامەبەستەکەمت زیاتر بۆ رون بکەمەوە کاك فەرەج و کاك عوزیرو واحید زۆر لەسۆراخ و عەودالی ئەو مالانەدان کە هاوکارییان کردوون، لەراستیدا ئەوانە پێویستە بدۆزرێنەوە هەرهیچ نەبێت بۆ رێزلێنانیان یان سوپاس کردنێکیان.. چ جای کەسێکی وەکو تۆ کەلێدان و تعزیببیشت لەسەر ئەوە خواردووە.

– وەلا کەسم نەبیستووەو هیچ دەنگو باسێکی وانەبوو.

– ئێستا ئالتاش کەسی کوردی تێداماوە ؟

– نا ئێستا کەسی تێدانەماوە .

– ئارەزوی ئەوە دەکەیت مالومندالی ئەنوەر تەیار ببینی ؟

– واللە حەزم دەکرد کاك ئەنوەر خۆی بمایەو چاوم پێی بکەوتایەتەوە، بەلام پێمخۆشە چاوم بەمالو منداڵەکەشی بکەوێ ..خۆمن ئحتیاج نیمو پێویستم پێیان نیە،بەلام پێمخۆشە بیانبینم . ئێستا کە دەبیستم لەژیاندا نەماوە زۆر بێتاقەتم لەوە.

– هیچ داوایەکت لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، نەخێر من هیچ داوایەکم نییە، من بارخۆم هەروا بە کۆل خۆمەوەیە. بەلام حەزدەکەم کە مردم لێرە بمنێژن ئێستاش کە لێرە کاردەکەم هەژارییەکەی ئێرەم پێخۆشترە لەدەولەمەندی شوێنێکی تر .

– قایلیت ئەم دیدارە بلاو ببێتەوە؟

– ئەگەر بلاویش ببێتەوە ئاساییە بەلام پێمخۆش نییە وێنەم بلاو ببێتەوە.

تێبینی:

١. دوای ٤ ساڵ لەئەنجامدانی ئەم دیدارە سەرئەنجام رەزامەندی پیشاندا کە دیدارەکەی بە وێنەی خۆیەوە بلاو ببێتەوە.

٢. یەدولا عەلی موراد زۆر ئارەزووی بوو براو کورەکانی ئەنوەر تەیار ببینێ و ئێمەش هەولماندا هیچ نەبێت میوانداریەکی بکەن بەلام بەهەر هۆیەکەوە بووبێت ئەوان کەمتەرخەمیان نواند.

رازیە یوسف کریم:
ئەی بۆمن تاقانەی ئەنفال نیم؟



پاشئەوەی پرۆژە یاسای مافی تاقانەکانی جینۆساید لەپەرلەمان دەرچوو، رازیە یوسف چیرۆکی ژیانی خۆی بۆئەنفالستان دەگێرێتەوەو دەیەوێت دەنگی بگاتە پەرلەمان و دەڵێت: منیش تاقانەی ئەنفالم .

رازیە یوسف کریم لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ ئەو کاتەی گوندی وەرێ کیمیابارانکرا رازیيە هێشتا لەسکی دایکیدابوو، کە یوسف کەریمی باوکی لە ئێوارەی ١٩٨٨/٥/١٧ بە بۆمبارانەکەی گوندی وەرێ گیانی لەدەستدا، هەروا چەند مانگێك دەبوو لەگەڵ دایکی رازیيە هاوسەرگیرییان کردبوو، کە مالی لەگوندی توتمەی تەنیشت بالیسانەوە باری کرد بۆگوندێ وەرێ و لەوێ بەگازی کیمیایی گیانی لەدەستدا.

ئەوکاتەی یوسف گیانی سپارد پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، دایکی رازیە کە لێی قوماو بێ هاوسەر مایەوە دوگیان بوو بە رازییەو سکی پێنج مانگ بوو، کچەش کە هاتەدنیاوە بەبێنازمایەوەورۆژگارێکی تاریك چاوەروانی بوو، دایکیی شوی کردەوەو رازیە کەوتە لای نەنکی و لە ئامێزی ئەودا گەورەبوو، رازیيە تاقە منداڵی باوك ودایکی بوو، هەرچەندە رازیيە ئیستا گەورەبووەو هاوسەرگیری کردووە، بەلام هەر هەست بە دڵتەنگی و بێباوکی دەکات و لە گوندی توتمەی سەربەناحیەی بالیسان دەژی.

پاشئەوەی پرۆژە یاسای تاقانەکانی ئەنفال لەپەرلەمانی کوردستان خوێندرایەوەو دەنگی لەسەردرا من وتارێکم لەبارەیەوە نوسی وکەموکوڕییەکانی ئەو پرۆژە یاسایەم ڕەخنە کرد، رازیە کە خۆی بەتاقانەی ئەنفال دەزانی لەنامەیەکدا بۆ ئەنفالستان دەڵێت: ئەگەر باوکم کیمایایی نەیکوشتباو ئێستا لەژیاندا مابایە دایکیشم میردی نەدەکردەوە و ڕەنگە براوخوشکیشم پەیدا بوونایەومن تاقانە نەدەبووم بەهۆی ئەوتاوانەی لەگوندی وەرێ رویداو باوکمی تێدا شەهید بوو، ئیستاش کاریگەری چەکی کیمیاویم لە سەرە لەوانەیە زووبمرم) پرسیار لەئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆچی من تاقانەی ئەنفال نیم؟ بۆدە بیت حاڵەتەکەی من لەبەرچاونەگیرێت. رازیە کە وێنەو سورەت قەیدی خۆی بۆئەنفالستان ناردووە دەیسەلمێنێت کە تەنیا ماوەتەوە و خۆی بەتاقانەی ئەنفال دەزانێت .

فاتمە فەتحوڵا محمەد

یەکەمین فریاد ڕەسی فەرەجی تۆپخانە



عەسرێکی ڕۆژێکی مانگی نیسان بوو کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، کاتێك وەڵامم دایەوە دەنگی ژنێك بوو، ووتی تۆ کاك عومەری کەوەڵامم دایەوە پاش هەواڵپرسین وتی من ژنێکم لە ڕۆژهەلاتەوە هاتووم ناوم فاتمەیە من ئەو ژنەم کە ساڵی ١٩٨٨ لە ئۆردوگایەك بووین لە شاری ڕومادی لەخوار بەغدا، دەمەوێ چاوم پێت بکەوێت بۆکارێکی پێویست کاتێك لێم پرسی کارەکەت چیە بەمن ئەو ووتی: کاتی خۆی پیاوێك لەئەنفال ڕزگاری بووە هاتووەتە ماڵی ئێمە بە مەزندەی خۆم کاك فەرەجە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە تۆ ببینم.. منیش سوپاسم کردو ووتم بەچاوان دێم دەتبینم.. بەڵام بەهۆی سەرقاڵییەوە نەمتوانی زوو بچم بۆلای بۆیە جاری دووەم کەتەلەفۆنی بۆکردمەوە ووتم زۆر باشە بەڵام کاك فەرەج و کاك عوزێر هەردوکیان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان باشترە لەگەڵ ئەوان بێم ئەویش قایل بوو بەڵام ئەو گرفتی ئەوەی هەبوو کەوا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و کاتی زۆر بەدەستەوە نەماوە. هەرچەندە ئێمە بەتایبەتی بەهۆی سەرقاڵیمانەوە بە یادی ئەنفال و چالاکیەکانمانەوە نەمانتوانی لەمانگی نیساندا بچینە دیدەنیان، بەڵام لەگەڵ حاجی فەرەجی تۆپخانە وا ڕێککەوتین کە ڕۆژی ٥ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ بچین بۆ دیدەنی فاتمەخانم لەو سەفەرەماندا هەرێك لەکاك ئەمیر قادر بەرپرسی دۆسێی فرانس ڤان ئانرات لە دادگای هۆڵندا و کاك مەحمود ناموّی ڕۆژنامەنوس کە هەم خوشکەزای حاجی فەرەجەو هەم بۆخۆشی باوکی ئەنفالکراوە بەیانیەکەی بەڕێکەوتین و چوین سەردانی ماڵی زاوایەکی فاتمە خانمان کرد لەکەمپی ئاوارەکانی باریکە.. ئێمە وا ڕێککەوتبوین کە یەکەمجار حاجی فەرەجی پێنەناسێنین هەتا نیازو مەبەستی ئەو ژنەمان بۆ ڕوندەبێتەوە بەڵام سەیر بوو یەکسەر ئەو کاك فەرەجی ناسییەوەو هیچ گومانێکی نەهیشتەوە کە فاتمە یەکەم کەس بووە کە بە نانێکی گەرمی تازە لە تەنور دەرهاتوو کاسێك دۆ کە بەدەستی خۆی ژەند بووی پێشوازی لە پیاوێکی ترساوو شەکەت و شڵەژاوی دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکی ترسناك (فەرەجی تۆپخانە) کردووەو مەردانە پێشوازی لێکردووە.

فاتمە ژنێکی تەمەن (٥٧) پەنجاوحەوت ساڵی دامەزراوە، ژنێکی ڕەش پۆشی سوروسپی و زۆر بە هەستیاری و بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەکات، لەشوێنی خۆی وەڵامدەداتەوەو لەکوێ پێویست بوو پێدەکەنێ و هەمیشەی ئاگای لەسنورەکانی قسەکردنە، لەسەرەتای جەنگی ئێران عێراقدا سنورەکەیان کەوتووەتە نێوان هەردوبەرەی جەنگەکەوە، جەنگ خەڵکی ناوچەی زەهاوی ناچارکرد لەژێر ئاگرو زرموکوتی تۆپەکان ماڵ وحاڵیان بەجێبهێڵن، چیدی خۆیان پێنەگیراو بەناچاری بەشێکیان بەدیوی عێراقداو بەشێکیشیان بەرەو قولایی ئێران ڕۆیشتن و خۆیان لە ئاگری جەنگ دورخستەوە، پاشئەوەی



ماوەیەك لە دسكەرەی لای عەربەت وهەندێكیشیان لە ناحیێ مەیدان - قۆرەتوو- گیرسانەوە دواتر حكومەت گواستنیەوە بۆپاریزگای رومادی و لەوێ كەمپێكی لەسەر ئاوی ئاڵتاش بۆ كردنەوەو ئیتر خۆیان دەستیانكرد بە خانوو دروستكردن، تەنانەت وەستانی جەنگی ئێران عێراقیش نەبووە مایەی ئەوەی ئەمان بچنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، هەرچۆنێك بێت بونی كەمپی ئاڵتاش كە شوێنی نیشتەجێكردنی ئاوارەكانی كوردانی رۆژهەڵات بوو، بووە مایەی خێر لەكاتی كۆمەڵكوژی ئەنفالدا بەلای كەمەوە ببێتە دەروازەی رزگاربوونی دوو شایەتحاڵی گرنگی ئەو كۆمەڵكوژییەی ئەوسا كەس پێیی نەدەزانی و ئەمڕۆ هەموو دنیا لێی ئاگاداره لەناو ئەو كەمپەشدا خانەوادەی فاتمە فەتحوڵا بەپلەی یەكەم شانازیی ئەوەی بەردەكەوێ كە بووە یەكەمین فریاد ڕەسی فەرەجی تۆپخانە هەروەها مێردەكەی بەناوی عەبدول رەزاق عەلی یەناخ[1] كە بەداخەوە ئێستا كۆچی دوایی كردووە.

فاتمە كە بەجلێكی رەشپۆش و سەرپۆشێكی نەریتی كوردانی رۆژهەڵاتەوە هاتە پێشوازیمان هەر زۆر زووحاجی فەرەجی ناسییەوە، دوای بەخێرهاتن بێ ئەوەی پرسیاری لێبكەین بۆخۆی دەرگای قسەی كردەوەو یەكەمجار بەوە دەستی پێكرد لایەكی سەرپۆشەكەی وەك ئەدەب نواندنێك خستە سەردەمی و ووتی كە تۆ هاتیتە حەوشەكەمان من نانم دەكرد، تەنانەت قاچیشت بریندار بوو پێچابووت.. كاك فەرەجیش قسەكەی پشتراستكردەوەو ووتی: بریندار نەبووم لەبەرئەوەی پێڵاوم لەپێدانەبوو ناچار بووم فانیلەكەی ژێرەوەم لەبەرم دابنێم قاچمی پێببەستم بۆئەوەی بتوانم بڕۆم بەرێگادا بەڵام بەو حاڵەشەوە قاچم هەر بریندار ببوو. وتی تۆراست دەكەی بەڵام ئەوە بەفیشەك بریندار نەبووم بەڵكو هی بێپێڵاوی بوو چونكە لەگەرما لەناو سەیارەكە دام كەند بوو كە داشیان بەزاندم بۆ گوللە باران كردن ئیتر پیلاوم بۆچییە!! پاشئەوەی كاك فەرەج و فاتمە خان لە یەكتری دڵنیابوون ئیتر كەوتنە گێرانەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵە بۆیە من بۆ ئەوەی نەبمە مایەی پچراندنی یادەوەرییەكەیان دەستبەرداری دیدارێكی رێكخراوو تایبەت بووم لەگەڵ قاتمەو هەروا كامێرای ڤیدیۆكەم بۆ دانان، بۆیە ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە دیدارێكی رێكخراونیە

١. باپیرەی عەبدوالرەزاق ناوی (یەناخ) بووە بۆئەوەی وا لێك نەدرێتەوە كە ئەوان یەناخین چونكە یەناخیەكان تایەفەیەكن لە شارەزور دەژین و زۆر كەسایەتی ئەو ناوچەیەو سەر بەوتایەفەیە نازناوی یەناخییان هەڵگرتووە. جێگەی ئاماژەیە كە عەبدول رەزاق سالی ١٩٨٨ لە كاتی ئەنفالدا ئۆتۆمبیلی خۆی هەبوو، كە رۆژانە بەوەرقەی رێگە پێدان بۆی هەبوو ماوەی ٨ سەعات بچێتە لە كەمپەكە بچێتە دەرەوەو بەكرێ ئیشی پێبكات و بژێوی مالّ ومندالّی خۆی پێ پەیدابكات.

باپیرەی عەبدوالرەزاق ناوی (یەناخ) بووە بۆئەوەی وا لێك نەدرێتەوە كە ئەوان یەناخین چونكە یەناخیەكان تایەفەیەكن لە شارەزور دەژین و زۆر كەسایەتی ئەو ناوچەیەو سەر بەوتایەفەیە نازناوی یەناخییان هەڵگرتووە.

هێندەی پیشاندانی ئەو ئەو دانیشتنەو گواستنەوەی ئەو یادەوەرییەی دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفال و ژنێکی خۆرهەڵاتییە کە یەکەمین ژەمە خواردنی پێگەیاندووە.

فاتمە خان من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم چونکە لەراستیدا تۆ منت دۆزییەوە نەک من تۆم دۆزیبێتەوە.

ئەگەر خۆت بناسێنیت؟

فاتمە فتح الله محەمەد

ساڵی چەندبوو کە ئاوارەی عێراق بوون و ساڵی چەند بوو چوونە رومادی؟

بەخوا نازانم ساڵی چەند بوو بەڵام سەرەتای جەنگ بوو.

کەواتە بەهۆی جەنگەوە ئاوارە بوون؟

بەڵێ ئێمە خەڵکی ناوچەی جوانرۆین کەوتبووینە نێوان جەنگەکەوە تۆپی هەردولا بۆمان دەهات و ژیانمان نەمابوو، کە هێرشی سەربازیش هات ئیتر ئێمە ئاوارەی ئەمدیوبووین.

یەکسەر بردیانن بۆ رومادی؟

ناوەڵا ماوەیەکی زۆر لێرە لە دسکەرە بووین.

ماوەی چەند؟ ساڵێک دوو ساڵ چەند؟

دوو ساڵ بوو

بۆچی ئەوێ هەندێکیشتانیان بردبوو بۆ مەیدان هیچ هۆکارێک هەبوو؟

نازانم بەڵام ناوچەکەی خۆشمان هەروا لەودیووی شاخی بەمۆوە لە دیوی ئێران.

ئەی کەی بردیانن بۆ رومادی؟

بەخوا هەروا دوساڵ لێرە لەکوردستان بووین ئیتر ساڵی ١٩٨٢ بوو بردیانین بۆ رومادی لەوێ ئۆردوگایەکیان بۆ کردینەوە لەسەر ئاوی ئالتاش.

لە ئالتاش چۆن و بەچی ژیانتان دەگوزەراند؟

وەڵا من شوەکەم سەیارەی بوو جارجار باری باردەکردو هەربەوە دەژیاین. بەڵام ژیانمان زۆر ناخۆش بوو دەبوو بەوەرقە بچینە دەرەوە زۆرجاریش خەڵک لەو دیوی تەلەکەوە دەچوونە دەرەوەو بۆ ئەو جەزیرانە بۆ پارچە فرۆشتن، پۆلیسیش دەهات دەیگرتن و لێی دەدان ژیانمان خۆش نەبوو.

ئالتاش چەندێک لە پارێزگاکەوە لەشاری رومادییەوە دورە؟

بەخوا رەنگە بەسەیارە نیو سەعاتێک ببێت.

پێشئەوەی عێراق بروخێ دەتانزانی لە رومادی تاوانی وا گەورە لەنزیکتانەوە رویداوە؟

نەوەڵا نەماندەزانی بەڵام دەمانزانی کوردستان ئەنفال دەکرێ و کیمیایی لێداوە.

نامەبەستم تاوانی کۆمەڵکوژییەکەی ئەنفال دەڵێم.؟

نا نەماندەزانی.

دوایی کەلەتەلەفزیون و راگەیاندن باسی ئەنفال دەکرا بەبیرتاندا نەهات ئەو پیاوەی هاتووەتە مالتان ئەنفال بووبێ و ئەوکاتە نەتان زانیبێ؟

ناوەڵا بەخەیاڵماندا نەهاتووە.

تۆچۆن زانیت کەوا من ئەو پیاوە دەناسم کە تۆ هاوکاریت کردووە؟

کوڕێکمان هەیە ناوی هادییە بۆمان باسکرد کەڕۆژێک پیاوێک هاتووەتە مالمان پای پەتی بووەو پەڕیشان و نەگبەت بووە، هادی ووتی دەی توخوا محبەتتان چۆن بوو بۆی وتمان وەڵا محبەتمان بۆی بووە بەڵام زۆر نەمایەوە وەڵا کوڕێ ترمان هەیە وەک هادی ئێمە خوشکێک یەدوڵامان بۆی داواکردووە، رۆژێک لە مالەوە دانیشتبون باس ئەنفالی بۆ هادی کردبوو، هادیش ووتبوی دەبرا ئەو جەرەیانەی بۆ منی باس دەکەی دایکم هەمان شتی بۆم باسکردووە، کە پیاوێک چووەتە مالمان دایکم نانی پێیداوە ئیتر کە ئیدوڵا پرسیاری کرد ووتی: دادە فاتم جەرەیانێک ئاوا هەیە کەس هاتووەتە مالتان وەختێک ئێمە لەئالتاش بووین؟ منیش وتم ئابووە ئیتر ئەم باسەی وا بۆ ئێوەی دەکەم بۆیم باسکرد ئیتر وتی وەڵا من ئەزانم ئەو پیاوە جەرەیانی (بەسەرهاتی) چییە، تۆ بۆ قسەیەک لەگەڵ کاک عومەر ناکەیت ئەو زۆر

لەئەنفال دەزانێ کێ دەڵێ ئەو پیاوە ئەنفال نییە ئەو ناینناسێ؟

ئەی کێ ژمارە تەلەفۆنی منی دابەتۆ؟

هەر ئەو پێیدام ووتی قسەی لەتەکدا بکە بزانە چی ئێژێ ئەو زۆر لەوبارەیەوە ئەزانێ؟

یەکەم جار کە کاك فەرەج هاتەماڵتان بیرت ماوە دەتوانی بۆمان باس بکەیت؟

فاتمە یەکسەر رووی کردە کاك فەرەج و قسەکانی بۆ ئەو کرد نەك بۆ کامێراکەمان، وتی یەکەمجار کە هاتیتە حەوش نەمزانی هەتا هاتیتە ماڵ من ئەو وەختە نانم دەکرد وەختێك سەرم هەڵبڕی و بەخێرهاتنم کردیت پیاوەکەیشمان نەبوو لەماڵ تۆ هەر خۆت ئەپێچایەوەو ئاوات دەکرد، فەرموم کردیت بۆ ماڵەوە تۆ هەر دەتوت نایەمە ماڵەوە گەرەکمە بڕۆم پەلەمە، ئیتر لەو کاتەدا پیاوەکەش هاتەوەو[٢] خوڵقی کردیت من گەرەکم بوو نانی نیوەڕۆت بۆئامادە بکەم، بەڵام تۆ هەر ئەتووت پەلەمەو دەڕۆم و ووتت نانێکی گەرمم لەوە بدەرێ بەزیادبێت، عەجەلەمە دەڕۆم تۆ هەر ئەوەت دەوتەوە، منیش دوسێ نانم خستە بان سینیەك و نەبێ بەبێ ئەدەبێ مانگایەکمان بوو مەشکەکەم ژەندبوو نان و دۆم بۆ دانایت، ئیتر کەویستت بڕۆیت لەبەرئەوەی پات پەتی بوو بریندار بووید نازانم بیرت ماوە یان نا کە پیاوەکەم پێتی ووت: ئەو پێڵاوانە بکەرەپێت، هەتا ئینگەیکیشت تێکرد پات پیشان نەدا ووت پێم بریندارە، زانیمان پات پەتیەو بریندارەو فرە نارەحەتی جا پیاوەکەمان کەمێك سەرناس بوو، زانی کەتۆ حاڵەتێکی خراپت هەیە کە تۆ رۆیشتی ووتی ئەگەر من نێستا بیبەم خەڵك من دەناسێ دوایی ئیستخبارات و ئەمن کێشەی بۆ دروست دەکەن رەنگە بۆی بگەڕێن، لەبەر تۆی بوو نەك لەبەر خۆمان شووەکەم ووتی رەنگە حاڵەتەکەی خراپ بێت و حکومەت بە دوایدا بگەڕێ کە تۆ وتت دەڕۆم پیاوەکەم جوتێك (کەوش)[٣] پێڵاوی بۆ هێنای ووتی کاکە ئەمانە بکەرە پێت ئیتر بانگی کردە ئەو کوڕەی ئامۆزایەی (بەدرێژایی ئەوکاتانەی کە فاتمە قسەی بۆ دەکردین کاك فەرەج بەرەنگێکی شڵەژاوەوە و جارجاریش بەبزەیەکەوە سەیری فاتمەی دەکردو جاربەجارێکیش ئاوڕی بۆڵای ئێمە دەدایەوەو سەرێکی رەزامەندی بۆ دەلەقاندین وەك بە ئامازە پێمانبلێت قسەکانی تەواون.)

بەهەمووی چەندێك لەماڵتان مایەوە؟

بەهەمووی چارەکە سەعاتێك هەروا ١٥ دەقەیەك مایەوە

وانییە خاڵە فەرەج؟

فەرەج: بەخوا بیرم نیە چەندێك لەماڵتان مامەوە ئەزانم نانەکەم خوارد بەڵام وەڵاهی بۆ مانەوە بیرم نەماوە چەند مامەوە.

فاتمە ووتی دیسانەوە قسەکانی دوبارەکردەوەو ووتی بەس ئەم فرە ئەترسا، چونکە پیاوەکەشمان لەماڵ نەبوو. ئەویش نەیدەویست بێتە ماڵەوە چەندێك خوڵقم کرد ویستم نانی بۆ حازر بکەم ووتی نان حازرمەکە لەو نانە گەرمە دوو نانم بدەرێ زۆر مەمنوون دەبم ئیتر دوونانم لەگەڵ کاسێك دۆ بۆدانا باش بوو زۆری نەبرد پیاوەکەشم هاتەوە. کاك فەرەجیش خێراخێرا روی دەکردە ئێمەو دەیگووت راست دەکات وابوو.

لەفاتمەم پرسی ئەی ئەگەر ئەو زۆر دەترساو بەبریندارى تێگەیشتبووید خۆت نەدەترسایت کەوا پیاوێکی نەناسراو بەوحاڵەوە هاتووەتە ماڵتان؟

نەوەڵا نەدەترسام چونکە جادەکە لێمانەوە نزیك بوو ووتم رەنگە عەسکەربێت فیراری کردبێت یان ترسێکی هەیە شتێکی ئاوایە بۆیە نەدەترسام. بەڵام دوایش هەر لەناو خۆمان باسمان دەکرد شووەکەم فرەجار خەفەتی لێی دەخوارد دەیگووت چۆن ئەو پیاوە لێقەوماوەم گلنەدایەوە

٢. لەکتێبەکەی میدڵ ئێست ۆچیشدا باس لەوە کراوە کە فەرەج چووەتە ماڵەکە پیاوەکە لەماڵ نەبووە بەڵام لەو راپۆرتەدا واباسکراوە کە پیاوەکەی دوای نانخواردن هاتووەتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام ئێستا رونتر دەردەکەوێ کە هێشتا فەرەج نانی نەخواردووە لەگەرمەی خوڵقی فاتمەی هاوسەریدا پیاوەکەش بەسەردا هاتووەتەوەو پێکەوە خوڵقیان کردووە. هەرچەندە ئەوکاتە هاوکارییەکی ئەوتۆی فەرەجیان نەکردووە بەڵام رێنوێنی و نانپێدانی بەتەواوی جیگەی سوپاس پیزانینە.

٣. بەزۆری کوردانی رۆژهەلات بە پێڵاو دەڵێن کەوش. بۆیە ئیتر لەمەولا ئێمە هەر لەبری کەوش پێڵاو لە شوێنی بەکار دەهێنین.

بمزانیبایە پارەی پێیە یان نا، چونکە (شووەکەم[٤] زۆر وەجاخ بوو) "کەسێکی خانەدان بوو" هەمیشە بۆی نارەحەت بوو لە بیری نەدەچووەوە. ئەمیش زۆر دەترسا بۆیە نەوەستا هەتا فکری ئەوە بکەین بزانین پارەی پێیە یان نا.

فەرەج: من هەمیشە دوعای خێرم بۆ ئێوە کردووە زۆر زۆر خۆشحاڵبووم کە بەدیدارتان شادبوومەوە زۆر زۆر مەمنونتان بووم ئەو وەختەی تۆ ئەو نانە گەرمەتدا بەمن سێ رۆژ بوو نانم نەخواردبوو.

فاتمە دەی فایدەی چی کەی دانیشتی خواردنێکی باش بخۆیت و خزمەتێکی باشت بکەین.

فەرەج: دەی ئەوکاتە زروفەکەی زۆر خراپ بوو، وەزعەکەم ئاوابوو مێردەکەشت زۆر دەترسا ناهەقیشی نەبوو، خۆمیش زۆر دەترسام. هەلومەرجەکەی زۆر ترسناک بوو هەرچەندە من راستیەکەشم بە ئێوە نەووت بەخوا بیانزانیایە نەک ئێوە لە کەرکوکیش بیانزانیایە لەهەر ماڵێکم ماڵەکەشیان ئیبادە (کۆمەڵکوژ) دەکرد.

کوڕی ئامۆزاکەی ناوی چیە؟

وەڵا کەریمی ناو بوو.

کەریم لەژیاندا ماوە؟

بەڵێ شوکر ماوە ئێستا وا لەبەریتانیایە. دوسێ منداڵی بوو چاویان تەواو نەبوو بەهۆی ئەوانەوە تحالف بردنی بۆ بەریتانیا ئیتر لەوێ ئەوەیان بۆ رونبووەوە کە ئەو منداڵانە بینایییان هەرنییە. ئێستاکە وان لەوێ.

ئیتر کەریمی بۆچی بانگ کرد بۆئەوەی چی بکات بۆ کاک فەرەج؟

مێردەکەم پێی گووت: کەریم ئەم پیاوە ئەترسێ نەیبەیت بۆلای سەیتەرەکە لەلای ماڵە عەرەبەکانەوە[٥] بیبە بۆ ئەو دیوی سەیتەرەکە با سواری سەیارەی رومادی بێت.

کە لە حاجی فەرەجم پرسی ئایا ئەوەت بیرە؟

بە رووخۆشی و پێکەنینەوە ووتی بەڵێ ئەرێوەڵا وابوو.

فاتمە درێژەی بە قسەکانیداو ووتی کەریم هاتەوە وتی مامە گەیاندمە ئەو دیو سەیتەرەکەو چاویشم لێی بوو سواری سەیارەی رومادی بوو پیاوەکەم ووتی جا رۆیی کەریم ووتی بەڵێ رۆیی ئیتر ئەوسا زیاتر پەشیمان بووینەوە کە فکرمان لەوەنەکردووەتەوە بزانین پارەی پێیە یان نا؟ ئیتر هەربووە ختورەو خەیاڵاتمان بۆچی ئەو پیاوەمان گلنەدایەوەو نەمانزانی پارەی پێیە یان نا.

ئەوە هەتا کەی بووە جیگەی ختورەو خەیاڵاتی ئێوە؟

قەسەم بەخوا هەتا چوار پێنج مانگ ئێمە هەر باسمان دەکرد و خەفەتمان لێی دەخوارد. ئەم پیاوە پێی پەتی و برسی و خەفتبار بوو من هەمیشە هالە خەیاڵمدایە هەتا ئێستاش خوا ئاگاداراە. ئیتر باشبوو نەکەوتەوە دەست ئەو زاڵمانە بەخوا بەکەوتایەتەوە دەستیان گرفتاریان دەکرد.

ئێوە دەتانزانی کورد ئاوای بەسەرهاتووە؟

چۆن نەماندەزانی ئەمانزانی کورد ئەنفال دەکرێ و کیمیایی باران دەکرێ چۆن نەماندەزانی

بەڵام بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کورد ئاوا بەو ئەندازەیە دەکوژرێ و لەنزیک کەمپەکەی خۆشتانەوە ئەو کۆمەڵکوژییە هەیە؟

نەوەڵا ئەوەمان نەدەزانی

دوای ئەوە کە زانیتان کورد ئەنفال دەکرێ بەخەیاڵتاندا نەهات ئەو پیاوەی رێی کەوتە ماڵتان یەکێک بێت لەو کەسانەی ئەنفالکراوەو دەربازبووە؟

نەوەڵا بەخەیاڵماندا نەهات ئەو پیاوە لەوانە بێت.

ئەی ئێستا دەزانی کە جەرەیانی کاک فەرەج چییە؟

ئەرێوەڵا دەزانم.

٤. لە کوردستانی رۆژهەڵات ژنان بە هاوسەرەکانیان دەڵێن (شوو) یان شووەکەم لەبری مێرد یان مێردەکەم.

٥. مەبەست لە ماڵە عەرەبەکان ئەو خانووە تاک وتەرایانە بوون کە هاوشان و نزیکی کەمپی ئاڵتاش بوون کە کوردەکانی رۆژهەڵاتی لێنیشتەجێ بوون، جێگەی ئامارەیە هەم واحید حەمەسەعید عەبدول و هەم ئەنوەر تەیار کە لەکۆمەڵکوژییەکەی بیابانی رومادی بەبریندارى رزگاریان ببوو لەوێدا گیرسابوونەوە هەرچی واحیدە بەختی لە ئەنوەر تەیار باشتر بووە چونکە بۆماوەی دوو رۆژ ماڵێکی عەرەب دایدەیان دابوو، جگەلەوەی نانیان پێدابوو تەداویشیانکرد بوو، بەڵام ئەنوەرتەیار نەچووبووە هیچ ماڵێک و لە خانوویەکی چۆڵدا خۆی حەشاردا بوو، لە رۆژی دووهەمدا ئەویش توشی ببوو بەدووکوردی ناوکەمپی ئاڵتاشەوە ئەو دوکوردە یەکێکیان یەدولا عەلی مراد) بووە هاوکارییەکی کەمی کردبوو. دیداری درێژم لەگەڵ یەدولاعەلی مراد کردووە بەڵام هێشتا بڵاوم نەکردووەتەوە.

دەزانی لەکوێوە رێی کەوتووەتە ماڵی ئێوەو تۆش یارمەتی چ پیاوێکی ستەملێکراوت داوە.؟

بەڵێ لەدەست ئەو حکومەتە زاڵمە رزگاری بووە.

لەوە زیاترم مەبەستە ئایا تۆ دەزانی لە کوێوە هاتووەتە ماڵتان.؟

بەڵێ ئەوەش دەزانم چاڵیان کەندووەو ویستویانە بیانکوژن.

من حەزدەکەم وردتر بیزانیت با حاجی خۆی بۆت باس بکات بەڵام ئەوە بزانە لەناو ٥٠٠ پیاودا تەنها ئەم دەربازبووە ئەوانەی تر هەموویان کوژرابوون ئەو تاکە دەربازبووەش تۆ نانت پێداوە دەمەوێ ئەوە بزانیت.

فاتمە زۆر بەترسەوە باوکەڕۆ باوکەڕۆ لەوزوڵمە.

هەر پێمخۆشە بیزانیت مافی خۆشتە بیزانیت کە تۆ شانازی بەخۆتەوە بکەیت، چونکە ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ خۆت و بۆ خانەوادەکەتان. لەهەفتەی داهاتوشدا ڕێك ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٦ ئێمە پێشوازییەکی تایبەت بۆحاجی فەرەج ڕێك دەخەین سەد کەسایەتی بانگهێشت دەکەین گەورەمان دەکەیت کە یەکێك لەو کەسایەتیانە بەڕێزت بیت.

خوا فەوتیان بکات وەك فەوتی کردن خوای گەورە بەفریای کەوتووەو نەجاتی داوە.

حاجی ئێستا تۆ هەستت چییە؟

زۆر زۆر خۆشحاڵم بەخوا لە ڕۆژێکدا ئەم ماڵە بەفریام کەوتوون کە سێ ڕۆژی تەواو بوو هیچ نانم نەخواردبوو ئەو نانو دۆیە بۆمن زۆر زۆر گرنگ بوو. ئەوەتا نەشلێم خۆی لە ڕووە ئافرەتێکی زۆر مەردانە بوو پیاوەکەشی لەماڵەوە نەبوو یەکسەر خولقمی کرد ووتی:فەرموو کاکە بێرە ماڵەوە ئافرەتێك لەناو عەشایەردا بەو شێوەیە من زۆر زۆر دەستخۆشی لێدەکەم، ڕوسپی بێت ئینشاالله لە دنیاو لەقیامەت من زۆر زۆر مەمنونیانم.

ئێستا تۆهیچ گومانت نیە لەوەی ئەو ئافرەتە بەهاناتەوە هات ئەم ژنە (فاتمە خان) بووە؟

نەوەڵا هەر کە لە قاپییەوە هاتینە ژورەوە شێوەکەی هاتەوە پێشچاووم. باڵابەرزییەکەی و سوروسپییەکەی هاتەوە پێشچاوم.

ئەوکاتەش جلوبەرگ و سەرپۆشەکەی هەروەك ئێستاکەوا بوو؟

بەخوا ئەوەیانم بیر نییە.

فاتمە : هەروا بووم وەك ئێستا.

پاش ئەوەی دیدارەکەمان تەواو کرد لە حەوشەی ماڵەکە پێکەوە چەند وێنەیەکمان کردو ماڵئاوایمان کرد.



تاقانەی ئەنفال:

دوای ئەوەی کەسوکارم ئەنفالکران لە گوندێکی عەرەب ماوەی ٢٠ ساڵ بووم بەشوان



دیدار:سمکۆ سابیر

شوێن : گردی توران

کات: ٢٠١٤/٢/٢٠ کات ٤:٣٠

بورهان بەکر مەجید لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢ ی گوندی عەزیز قادرە سەر بە قەزای کفرییە. خانەوادەکەی کە ژمارەی ئەندامانیان لە نۆکەس پێکهاتبوون، بەڵام لە ئێستادا تەنها خۆی لەژیانداماوە، یەکێکە لە تاقانەکانی ئەنفال، هاتونەتە گوندی هەزارکانی و تا قۆناغی سێی شاڵاوی ئەنفال لە گەرمیان لەو گوندە ماوەتەوە. بورهانی تاقانەیە باس لە چۆنیەتی دەربازبوونی خۆی دەکات کەچۆن بەڕێکەوت ڕزگاری بووە هەروەها گلەیی ئەوەش دەکات کە هەتا ئێستا هیچ هەوڵێك نییە بۆئەوەی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال بدرێنە دادگاوسزای خۆیان وەربگرن.

هەر لەو دیمانەیەدا بورهان بەکری تاقانە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری ئەنفالستان دەداتەوە:

ناوی سیانی خۆت و لە ساڵی چەند لە دایکبوویت؟

ناوی تەواوم بورهان بەکر مەجید لەساڵی ١٩٧٢ لەگوندی عەزیز قادری سەربە قەزای کفری لەدایکبووم و لەتەمەنی منالێیشەوە گوندی عەزیز قادرمان جێهێشتووەو لە گوندی هەزارکانی نیشتەجێبووین..

هۆکاری چونتان بۆ گوندی هەزارکانی چییەو بۆچی گوندەکەی خۆتان جێهێشت و گوندێکی ترتان هەڵبژارد؟

لەڕاستیدا بەهۆی هەژارییەوە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ گوندی عەزیز قادرمان بەجێهێشت و چوین بۆ گوندی هەزارکانی. چونکە ئەو کات بەهۆی شێخ حوسێنی هەزارکانی ئەو گوندە ئاوەدان و خەڵکەکەشی گوزەران و بارودۆخی بەبەراورد لەگەڵ گوندی عەزیز قادر باشتر بوو. هۆکارێکی تری ئەو گواستنەوەیەش ئەوەبوو کەباوکم دەرۆیشی شێخ حوسێنی هەزارکانی بوو، بۆیە ئەو گوندەمان بەجێهێشت..

لەکاتی شاڵاوی ئەنفال تۆ لەکوێ بوویت و بەچ کارێکەوە خەریکبوویت؟

من لەژیانمدا هەمیشە شوانکارەبووم و بەتایبەتیش شوانی ماڵی شێخ حوسێنی هەزارکانی بووم و زیاترلە ١٥٠ سەر مەڕم لابوو.

باسی چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی خۆتمان بۆبکە؟

وەلام: ئەو ڕۆژەی کەخەڵك لەلایەن سوپاو جاشەوە لەهەزارکانی و ملە سورەو گوندەکانی تر دەستگیر دەکرا، منیش لەهەزارکانی مەڕەکانم دەرکردو دەرچووم بۆئەوەی تۆزێك لەسوپاو جاش خۆم دووربخەمەوەو بەرەو کەلار رابکەین، بەڵام هەر لەنزیك هەزارکانی لەلایەن جاش وسوپای رژێمەوە دەستگیرکرام و خۆم و رانە مەڕەکەم لەگەڵ چەندین شوانی تر.بەخۆیان و مەڕو ماڵاتەکانیانەوە براین بۆنزیك گوندی حاجی عەواد کەچەندین سەربازو جاشی لێبوو،ڕۆژێکی یەکجار ناخۆش بوو هەرگیز وەسفناکرێت،نەشماندەزانی چارەنووسی ئێمە چی بەسەردێت و ئەو کەسوکارەشم کەهەشت کەس بوون دەستگیرکراون لەگوندی هەزارکانی چییان بەسەرهاتووەو بۆکوێیان بردوون.

دواتر ئێوە چۆن ئازاد کران و ڕێگەیان پێدان بەرەو کەڵار بڕۆن؟

چەندهۆکارێك هەیە،دوای ئەوەی شەوێك لەگوندی حاجی عەواد لەلایەن سوپاو جاشەوە دەستگیرکراین، لەکاتی دەستگیر کردنی ئێمەش موستەشارێك بەناوی سەعید جاف ئاگای لەو دەستگیرکردنەی ئێمە دەبێت و هەوڵی ئەوە دەدات ئێمە ڕزگاربکات،لەوانەشە بەهۆی ئەوە بوبێت ئێمە دابڕاین لەو هەڵمەتەی سوپاو جاشەکان و ڕەتڵە سەیارەو

مەکینەو تراکتۆرانە دورکەوتینەوە،هەروەها کارێکی تر، سەعید جاف دیاربوو خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەناسی و ئەویش گەرمیانی بوو، هۆکارێکی تریش بۆئازاد کردنی ئێمە ئەوەبوو کە چەند خزمێکی ئەو موستەشارە لەگەڵ ئێمە دەستگیرکرابوون بۆیەدەمەوبەیانی رۆژ بۆیەوەئەو موستەشارە سەربازەکانی لەو رەبایە دوورخستەوە کەئێمەی تێدا بەندکرابوو، ئێمەش لەگەڵ دوورکەوتنەوەی سەربازەکان ئەو ناوەمان بەپەلە جێهێشتو لەگوندی حاجی عەواد هەموو شوانەکان ئازادکرانو هەموو رانە مەڕەکانیشمان لەگەڵ خۆمان هێناو ئەو شوێنەمان بەپەلە بەجێهێشت. بۆیە ئەوە شتێکی باش بوو، هەموومان ئازاد کراین، ئەگینا ئێمەیان دەبردە لیواکەی کەلار بۆئەوەی تێکەڵ بەخەڵکەکەی تر بکرێین وەك کەسوکارەکانمان ئەنفال دەکراین.

دواتریش بەناچاری تەواوی رانە مەڕەکەم رادەستی خاوەنەکەی کردەوەو خۆشم لەترسی رژێمی بەعس لەگوندی سەید لەلای سەید مدری بووم بەشوانو نزیکەی ٢٠ ساڵ مامەوە لەو گوندە.

لەکاتی شاڵاوەکە چیت بینیو دەستگیرکردنی خەڵك لەلایەن جاشو سوپاوە چۆن بوو؟

ئەگەرچی بەتەمەن منداڵ بووم بەڵام ئەو دیمەنانەی کەهێشتا لەیادم ماوە، لەماوەیەکی کەمدا زۆر بەپەلە جاشو سەربازەکانی رژێم هەموو شتێکیان پرکرد لە خەڵك. هەوڵی ئەوەیان دەدا مەکینەو تراکتۆرەکان کە موڵکی هاوواڵتیانی گوندەکەبوو زۆرترین خەڵکی تێدا جێگا بکەنەوە، هاتوهاواری منداڵو ژنو هەریەکەو بەجۆرێك دەیویست منداڵو کەسوکارەکانی خۆی لەیەکتری جیانەبنەوە..هەر ژنەو بانگی کەسوکارو ماڵەکانی خۆی دەکردبۆئەوەی لەیەکتری جیانەبنەوە.جاشو سەربازەکانیش بەردەوام بوون لەخەڵك بارکردن بۆناو ئەو ئۆتۆمبێلو تراکتۆرانەی کەدەکەوتنە بەردەستییان.بەتایبەتیش جاشەکانی هەردوو موستەشار حەمەی ئەحە فەراشو فەتاح بەگ زۆر بەخراپی لەگەڵ خەڵکەکە دەجوواڵنەوە.هەر هاواریان بەسەر خەڵکەکە دەکرد.

ئازادکردنەکەتان بێڕامبەر بوو، مەبەستم ئەوەیە لەبەرامبەر هیچ بڕەپارەیەکدا نەبوو؟

نەخێر ئازاد کردنەکەمان بێبەرامبەر بوو، ئەو موستەشارە بەئێمەی گووت زووکەن ئازابن خۆتان دەرباز بکەنو رابکەن، چونکە رۆژگارێك بوو کەس بیری بۆلای پارەنەدەچوو، رۆژێکی رەشو ناخۆش هیچ کەس نەیدەزانی چی رودەداتو بارودۆخەکە بەچی دەگات!

چەند کەسی خێزانەکەت ئەنفالکراوە؟

من هەشت کەسی خێزانەکەم ئەنفالکراوە دایکم ناوی ئەفرۆز حەسەن ١٩٥٩، باوکیشم ناوی بەکر مەجید ئەحمەد ١٩٥٢، لەگەڵ سێ خوشکم بەناوەکانی سروە ١٩٧٩، گەلاوێژ ١٩٨١، مریەم ١٩٨١ براکانیشم جەوهەر ١٩٦٧ لەهەموومان گەورەترەبوو. ئەحمەدیش لەدایکبووی ١٩٧٠ بوو ئەو برایەم پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیانی ی،ن،ك بوو، لەشەڕێکدا لەهاوڕێکانی دادەبڕێتو ئیتر نازانین چی بەسەردێت، دواتر بەدواداچوونی زۆرمان کرد، پێشمەرگەکانی هاوڕێ ی لەتیپی ٥١ی گەرمیان پێیانگووتین لەگوندی (قولی جان) ەوە لەئێمە دابڕاوەو پێدەچێت کەوتبێتە دەست جاشو سوپا بۆیە تائێستاش بێسەروشوێنە، ئیبراهیم، بچوکترین منداڵ بوەو لەکاتی ئەنفالدا خوێندکاری سەرەتایی بوو لەگوندی هەزارکانی.

ئێستا دوای ئەوەی هەموو کەسوکارەکەت ئەنفالکرانو وەك کەسێکی تاقانە بەتەنیایت هەست بەچی دەکەیتو ئەنفالکردنی ئەوان چ کاریگەرییەکی هەیە؟

من ئێستا تاقانەمو نەدایكو نەبراو نەخوشكو نەباوك، هیچ کەسم نەماوە، بۆیە دوای ئەوەی کەسوکارەکەم ئەنفالکران ئەو ناوچەیەم جێهێشتو لەگوندێکی عەرەبەکان لەنزیك جەبارە بووم بەشوانو بۆماوەی ٢٠ ساڵ ئێرەم جێهێشتو نەگەڕامەوە. چەند جارێکیش هەوڵی ئەوەم پێدەگەیشت کە حکومەتی عێراقی هەموویانی گووللەباران کردووەو کەسیان نەماون ئەوەش هێندەی تر بێزارو بێتاقەتی دەکردم بۆیە کە رژێمی بەعسیش لەساڵی ٢٠٠٣ روخا من هەر بێهیوا بووم لەوەی کەسوکارەکەم ئازاد بکرێنو جارێکی تر چاوم پێیان کەوێتەوە.

ئەو شەوەی کە لەگوندی حاجی عەواد ئازاد کرایت، ئەو ماوەیە چۆن ژیانت بەسەربرد؟

وەک پێشتریش باسمکرد، دوای ئەوەی رانە مەڕەکەی مانی شێخ حسێنی هەزارکانیم رادەستی خاوەنەکەی کردەوە، راستەوخۆ چووم بۆ گوندەکەی سەید مدری لای سەیدە عەرەبەکان بووم بەشوان. چونکە هیچ کەسیشم نەمابوو، بۆیە زیاتر لە ٢٠ ساڵ ژیانی شوانکارەییم بەسەر برد. کاتی هاوسەرگیریشم کرد هەر لەوێ مامەوە بۆسێ چوار ساڵ دەبێت بەیەکجاری گەڕامەوە بۆ ناحیەی رزگاری و ئێستا لێرە دەژیم.

هەستی ئەو ماڵە عەرەبە بەرامبەرت چۆن بوو، ئایا دەیانزانی کەکەسوکارەکەت ئەنفالکراوە؟

بێگومان ئەوان زانیارییان لەسەر ئەنفالکردنی گەرمیان هەبوو، بەزەییان پێمدادەهاتەوە، رێزێکی زۆریان لێدەگرتم، رۆژێک لەرۆژان بەهیچ شتێکی ئەوان نیگەران نەبووم. هەرگیز هەستم نەکردووە هەڵوێستێکی خراپیان بەرامبەر بەکورد بووبێت، بەپێچەوانەوە ئەو بنەماڵەیە هەمیشە بەرگرییان لەکورد کردووەو رێزیان لەکورد گرتووە.بۆ مێژوو لەکاتی شاڵاوی ئەنفال چەندین کەسیان لای خۆیان دااڵدەداو رێزیان لێگرت و لای خۆیان شاردییانەوە.

لەئێستادا باری گوزەرانی ژیانت چۆنە؟

لە ئێستادا لە ناحیەی رزگاری دەژیم و خانوشم وەرگرتووە، بەاڵم ئەگەر کرێکاری نەکەم موچەکەم بەشی ژیانم ناکات، بەتایبەتیش ئەوە چەند مانگێکە ٣٠٠ هەزار یان لەواریسەکانی ئەنفال بڕیوە و ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر چەندین خێزانی وەکو من هەیە. کە خاوەنی شەش منااڵم. لە ئێستادا من ٩٠٠ هەزار وەردەگرم، پێشتر (١٢٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزارم وەردەگرت[1]، بۆیە لە ئێستادا کرێکاری دەکەم.

لە کوێ کرێکاری دەکەیت؟

دەچم بۆ مەخزەنەکانی گردەگۆزینەو رۆژانە تا ئێوارە کاردەکەم.

پێتوایە حکومەتی هەرێم وەکو پێویست خزمەتی بەکەسوکاری ئەنفال کردووە؟

جگەلەو موچە کەمەو ئەو خانووە حکومەتی هەرێم هیچی بۆ کەسوکاری ئەنفال و بەتایبەتیش تاقانەکان نەکردووە. ئێمە وەکو تاقانەکانی ئەنفال ئەوە چەندین جارە سەردانی هەولێر دەکەین بۆ ئەوەی موچەکانمان بۆ باشبکرێت و دوای خۆشمان ماڵ و منااڵ و کەسوکارەکانمان سوود لەو موچە کەمە ببینێت، کەچی ئەو داوایەی ئێمە جێبەجێ ناکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەم نزیکانە جارێکی تر سەردانی هەولێر دەکەین. جگە لەوەش دڵنییانین لەمانەوەی ئەو موچەیە کە تاسەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە یان دیسان دەستکاری دەکرێت، بۆیە لەپەرلەمان سکاڵای خۆمان لەسەر ئەو کێشانە کردووە.

جاش و موستەشارەکان لەشاڵاوی ئەنفالدا رۆڵێکی بەرچاویان بینیوەو چاوساغی سوپای رژێم بوون، تۆ وەک تاقانەیەکی ئەنفال گلەییت چییە؟

جاش و موستەشارەکان چەندین ساڵە لەم وڵاتە دەخۆن و ئازادانەش دەسوڕێنەوەو زۆر لە ئێمەش زیاتر رێزیان لێدەگیرێت و کاروباریان وەک ئەوەی کەخۆیان دەیانەوێ دەچێتە ڕێوە. کەچی ئێمەش هەر رۆژێک و بەزمێکمان بۆ دەدۆزنەوە هەر لەموچە بڕینەوە تا دەگاتە چەندین بیانووی تر. بۆیە هەتا ئەوجاش و موستەشارانە دادگایی نەکرێن کەسوکاری ئەنفال ئۆخەی ناکات و هەر وەک گرێیەک لەدڵیدا دەمێنێتەوە.

رێکخراوەکانی بواری ئەنفال تاچەند کەمتەرخەمن لە بەدادگا نەگەیاندنی ئەو تۆمەتبارانە؟

گومانی تێدانییە کە رێکخراوەکانی ئەنفال کەمتەرخەمییەکی زۆریان هەیە لەئاست دادگاییەنەکردنی جاش و موستەشارەکان، چونکە یەکڕیزییان تێدا بەدینەکراوەو لەگەڵ یەکتریدا هەمیشە ناکۆک بوون. ئەوەی لەو بوارەوە داواکراوە تەنها داواکردنی شەخسی و هەوڵی تاکە کەسی بووە ئەگینا وەکو رێکخراوەکانی بواری ئەنفال لەئاست ئەو لایەنە زۆر کەتەرخەمن. وەکو پێویستیش گوێیان لەئێمە نەگرتووە.

١. بەپێی زانیاری ئەنفالستان ئەوەی لە وارسی شەهیدو ئەنفالکراوان بڕاوە، مووچەی بنەڕەتی نییە بەڵکو هاوکارییەکی لاوەکی بوو لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە وەک پشتیوانی مووچە دەبەخشرایە وارسی شەهیدان، تەنها ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو.

تاقانەی ئەنفال نەسرین جومعە محەمەد



لەدایکبووی: ١٩٦٧ گوندی عەسکەر سەر بەناحیەی ئاغجەلەرە خێزاندارەو دایکی (٣) کوڕو (٣) کچە .

باوکی نەسرین، (حاجی جمعە) لە پێش ئەنفالدا مردووە.

دایکی بەناوی فاتمە سەعید حسن بە بۆردومانی کیمیابارانی ئێوارەی ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ کە لە هەردوگوندی گۆپتەپەو عەسکەریاندا گیانی لەدەستداوە.

براکانی بەناوەکانی حسێن و عوسمان و فاتیح لە رۆژی ٤ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالکراون وهەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە.

حسێن ناسرابوو بە "شاڵاو" یەکێک بوو، لە پێشمەرگەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێ کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان رابەرایەتی دەکرد.

خوشکەکەشی بە ناوی (ئەجێ) هەمان رۆژ لە ٤ی ئایاری ١٩٨٨ ئەنفالکراوەو لەگەڵ براکانی بێسەروشوێن بووە.

نەسرین ئێستا نیشتەجێی زێدی باوباپیرێتی لەگوندی عەسکەر، لەگەڵ مێردەکەی بەناوی ئیسماعیل سەعید ئیسماعیل. بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری ژیانی خۆیان دابین دەکەن.

مۆنۆمێنتی ئەنفال لە گاپیلۆن

هونەرمەند بەختیار هەڵەبجەیی دروستی کردووەو بەنیازە لەهەموو شارێک دانەیەک لەم مۆنۆمێنتە دابنێت پاشان لە هەموو گوندێکیش کە بەرشالاوی ئەنفال کەوتووە، دواتریش لە هەموو مالێک کە ئەندامێک یان زیاتریان ئەنفالکراوە. دانەیەک لەمۆنۆمێنتەکە بۆ دەرەوەی دیواری هەرماڵێک بە قەبارەی (٥٠)سم. هەتا ئێستا ئەمە سێهەم دانەیە کەبەختیار هەڵەبجەیی دروستی کردووە.

ئەم کارەهونەرییە بۆ یەکەمینجار لەشاری تەقتەق دانراو دواتریش لەشاری هەڵەبجەو جاری سێهەمیش لە ناحێی گاپیلۆن کە ناوەندی ناحێی شاربازێرەو بۆ ئەنفالی دۆڵی جافایاتی و شاربازێر دانراوە. پێکهاتەی کارە هونەرییەکەی بەختیار هەڵەبجەیی بەبەرزی 5 مەترونیوەو بەپلێتی ئاسن و بە ئەستوری ٤ ملم بەسپۆنسەری کۆمپانیای قەیوان دانراوە.



جینۆسایدی ئەرمەنەکان
تێرامانێك لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان

لە فارسیەوە: عوسمان شێخ محێدین



رەشە کوژییەکەی ١٩١٥- ١٩١٨ سەرەتای مانگەکانی ساڵی ١٩١٥، ئەو رۆژانەن کە دواتر دەبنە بیرەوەری کارەساتێکی رەش و لە مێژووی ئەرمەنستان دەمێننەوە، دەوڵەتی تورکیا لە ژێر سەرکردایەتی (تەڵعەت و ئەنوەر و جەمال) پلانی بۆ لەناوبردن و قڕکردنی کۆمەڵە و دەستەو گرووپە ئەرمەنییەکان لە تورکیا دارشت، "رەنان" لە جێیەك لە پەرتووکەکەی خۆیدا قسە لە نەنگیی و بێ ئابرویی هەندێك لە شارەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەکات کەچۆن کەوتبونە ژێر کاریگەری هاندان وخرۆشاندن، بە تایبەت کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیرۆکەی نادیارو وتەڵکەبازییانەی تورکەکانەوە. قوستەنتینیە کە ئەم پلانە پڕ شەرمەزاریی وتاوانکارییەی تێدا دارێژرا وهەر لەوێشەوە سەرکردایەتی دەکرا بەچەشنێك وەك نموونەی هەموو ئەو شارانەی دی مایەوە. جێبەجێکردنی ئەم پلانە شەیتانیە بە دەستگیرکردن وکوشتنی کۆمەڵێك هاوڵاتیانی بژاردەی ئەرمەنی لە چوارچێوەی سوپا لە تەك کوشتنی ئەفسەران وسەربازانی ئەرمەنیدا دەستی پێکرد کە لەمیحوەری جەنگی قەفقاز سەربەرزانە ئەرکی خۆیان بە ئەنجام دەگەیاند و هەزاران کەسیان لە گۆڕەپانی جەنگ و لە ریزی تورکەکان لە داستانەکانی (دڕەباسن وصاری قامیش)دا سەربەرزانە شەهید بوون. لە ناوبردنی دانیشتوانانی نا نیزامی (مەدەنی وسڤیلی) ئەرمەنی لە بۆتەی کۆمەڵکوژی وقڕکردندا، هاوکات بە دوور خستنەوە و گواستنەوەی دەستە وکۆمەڵی سەرجەم گروپەکانی ئەرمەنی بەرەو بیابانەکانی نێو دوو ڕووبار (بین نهرین) ئەنجامدرا، ئەم کۆمەڵە کۆچەرییانە لە ڕێی پەلاماری تاقم ودەستەکانی سەربازانی سوپا ویەکەکانی جاندرمە و مەفرەزە تایبەتەکان بڕیاریان وەرگرت لە لایەن خەڵکانی تونددڕەو دواکەوتووەوە کە بۆ هەمان مەبەست بە کار دەهێنران. ئەم کۆچەرییە ئەرمەنیانە بە بێزییانە دەکوژران و ژن وکچ وگەنجەکان بۆ شوێنی فەرماندە وپلەدارەکانی تورك ویاخود بۆ هەرچی پەرچی و ناکەس و ئەوباشەکانی سوپا ڕاپێچ دەکران. لە کۆی ٢،١٠٠،٠٠٠ هاوڵاتی ئەرمەنی نیشتەجێ لە ناو ئیمپڕاتۆریای عوسمانی لەم پرۆسەیەدا ١،٨٠٠،٠٠٠ کەسیان ئەم پیلانە دارێژراوەیان لە سەر جێبەجێکرا ویەك ملیۆن کەسیان تێدا لە نێوچوون. تەنها چەند سەد هەزار کەسێکیان نەبێ، کە توانیان بۆ ئەو دیوی قەفقاز دەرباز بن و هەڵبێن و یا لە سوریا ونێوان دوو ڕووباردا بە زیندوویی بمێننەوە. کوشتن وکۆمەڵکوژییەکە بە ئەندازەیەکی وەها بەربڵاو ئەنجامدرا، هەڵبەت بە پێی بەرنامەرێژییەکی ورد و وهەماهەنگییەکی ئامادەکراو ونەخشە بۆ کێشراوی کاربەدەستان بوو، جێبەجێکردنی ئەم پلانە هەروەها حکومەتی تورك وئەندامانی کۆمیتەی مەحەلی" ئیتحاد وتەرەقی" کە ڕابەرایەتییەکەی کەسێك کە لە ئەستۆی گرتبوو ئەو ساڵانە فەرمانڕەوای سەرتاسەری تورکیا بوو ئەم کەسەیش (تەڵعەت پاشا)بوو کە پێشتر وەزیری دەوڵەت و پاشان بوو بە (سەدرولئەعزەم. سەرۆك وەزیران). ئەرمەنییەکان لە هەر شوێنێك کە توانیبێتیان لە بەرامبەر ئەم ڕەشەکوژییە دەستیان دایە مقاوەمەتێکی ناچارانە (تەنها دەرفەت بۆ مانەوە) وڵاتپارێزانی (وان، شارناخ، ساسوّن، شاهین قەرەحەسار، ئۆرفە، موساداغ)، لە نمونەی قارەمانی ئەم مقاوەمەتە

درێژخایەنە بوون، وێرای ئەوەی لەم کارەساتە گەورەیەدا نموونەی گیانفیدایی و سوارچاکی وقارەمانی بەرچاو بوون، کە نموونەو هاوشێوەکانی ئەوان تەنها لە مێژووی سەدەکانی یەکەمی مەسیحیەت دەتوانرێت بەردەسکەوێت. هەرچەندە بە گشتی ئەوە قسە هەڵناگرێت کە گروپە ئەرمەنییەکانیش وەکو چۆن (بولگارییەکان) لە ١٨٧٦ بەرامبەر دەستە وتاقمە ئامادەکراو و راهێنراوەکان کە بێ ترس و بیرەحمانە کەوتبوونە وێزەییان، نەیان دەتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن. بە هەمان شێوە کە " هیوم" لەم بارەوە ئەوە وە بیر دەخاتەوە: ((تەنها دوای ئەوەی دەوڵەت سەقامگیرو جێگیر بووئێدی بە روانگەیەکی چاوچنۆکی وهەڵپەی بەرژەوەندی خوازانەو هەڵسوکەوت دەکا)). سەبارەت بەم رەشەکوژییانە و کارە پر نەنگی وتاوانکارییانە کە بە راستی پێنوس لە ئاست باسکردن ودەربڕینی وردەکارییەکانی دۆش داماو وبێ توانایە، خۆزگە لە پێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی ئەوپەڵە رەشە پر شەرمەزارییە لە لاپەڕەکانی مێژوو دەردەهێنراو و خاوێن دەکرایەوە، چیرۆک وحیکایەتە بێ شومارەکانی شایەتحاڵە (ئەڵمانی وئەمریکی وئینگلیزی وعەرەب و نەمسایی و دانیمارکی و فەرەنسی و ئیتاڵی و مەجەری و سویسری) یەکان لەبەردەستدان. جگە لەمەش سەرۆکی دەوڵەت، سەرەک وەزیران زاوای"فەرید پاشا "بە بڕیار و پشتگیری حکومەت، بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی (تورکە گەنجەکان) لە بەرامبەر کۆنفرانسی ئەنجومەنی ئاشتی لە پاریس لە بەرواری ١٧ حوزەیرانی ١٩١٩ دانیشتبوو ودانیی بە راستیەکاندا ناو گوتی: (لە کاتی رووداندا مەبەستم نەبووە بۆ هێنانی ئەوانەی جگە لە زیان گەیاندن بە تورکیا جێی قبوڵ نەبوو، هەروەها سەبارەت بە بۆچوون و تێڕوانینی جوگرافییەوە ئەو لەمپەرە لە نێو بەرن کە لە نێوان تورکەکانی عوسمانی و گەلانی موسڵمانانی قەوقاز هەبوو. دوور نییە هێرشی ئینگلیزەکان بۆ سەر تەنگە ئاوییەکانی (بسفۆر و داردانل) رق و قینی بێ بەزییانەی دەوڵەتی تورکیای بزواندبێ. شوێنکەوتوانی (پان تورکییزم) پێیانوابوو تەنانەت ئەگەر قوستەنتینەش لە دەست بدەن، و تورکیا لە جەنگەکە بدۆڕێت، لە ناوبردن وقڕکردنی ئەرمنستان، خواستێکی هەمیشەییە بۆ ئایندەی نەژاد ورەچەڵەکی تورک کە هەیبووە". تاوانکارییە ملکەچ و سەرشۆرە، بەجۆرێک رادەی دڵتەزێنی و گەورەیی ئەم تاوانە لە هەموو تاوانەکانی مێژووی دروستبوونەوە تاکو ئیسّتە تۆمارکرا بێ، زیاترە. لە بارەی بەڵگە و دیکۆمێنتی بەدناوکردنی دەوڵەتی تورکیاوە، یەکێک لەو بەڵگانە، فەرمانەکانی " تەڵعەت " وەزیری دەوڵەت بۆ والی "حەلەب" کە دوای شکستی تورکیا لە سوریا سالّی ١٩١٨ کەوتنە بەردەست و بڵاو بوونەوە. لەوانەیش ئەم تەلەگرافەی خوارەوەیە: ((والی حەلەب، پێشتر ئاگادارکراونەتەوە کە دەوڵەوت بڕیاری داوە رەچەڵەکی ئەرمەنییە نیشتەجێبووەکانی تورکیا لە ناو ببرێن، کەسانێک لە گەڵ ئەم فەرمانە دا دژایەتی بکەن چیتر ناتوانن ئەندامی دەوڵەت بن، بێ دەستپارێزی لە ژنان ومنالاّن و کەم ئەندامان وبێ سەرنج دان بەوەی هۆکارەکانی رەشەکوژییەکە تا چ ئاستێکی درندانە وخەمناکانە دەبێت، بێ گوێدان بە دەنگ وهاواری وێژدان، دەبێت توخم ورەگەز ورەچەڵەکی ئەرمەنییەکان قڕبکرێت... بەرواری ١٥ ئەیلولی ١٩١٥ وەزیری دەوڵەت، تەڵعەت)) لە ڕێیی هیچ جۆرە هەوڵدانێک بۆ دەستێوەردان بە فێڵ و تەڵەکەبازی ودرۆی شاخدار ناتوانن ئەم بەڵگە ودێکۆمێنتانە لە ناو بەرن. بە پێی ئاشکراکردنەکەی وینستۆن چەرچڵ کە یەکێکە لە باشترین مێژوونووسانی جەنگی جیهانی یەکەم دە ڵێت: " گومان لەوەدا نییە کە نەخشەی ئەم تاوانە و جێبەجێکردنیشی بە هۆی فاکتەری سیاسیەوە بوو، دەرفەتێک بۆ رەگەزێکی مەسیحی مەزهەب هاتبووە پێش کەلەگەڵ بۆچونەکانی تورکیا یەکی نەدەگرتەوەو ناکۆک بوو، تەنانەت خواستێکیان لا گەڵاّلە بووبوو بۆ هێنانی ئەوانەی جگە لە زیان گەیاندن بە تورکیا جێی قبوڵ نەبوو،

لەمکارەقرکردنی رەچەڵەکی میللەتێك، رابەران وکاربەدەستانی تورك خەڵکانی یارمەتی دەرو رێ نیشاندەری جاشیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی دەبەنگ و دواکەوتوو وناهۆشیار و تونڕەو و پەیدا کرد. دیاریکردنی هەڵبژاردنی (ئیتحاد وتەرەقی) هەرچی پارە ودارایی گەشتیاران هەبوو دەستیان بەسەردا گرت و خەستیانە ژێر رکێفی خۆیانەوە، لە تاڵان بردنی ئەو سەروەت وسامانە دەوڵەمەند بوون، بەم جۆرە وبەم تاوانە لە روانگەی دڕندایەتیەوە بێ وێنە بوو، لەم رووەوە چاوچنۆکی وهەلپەرستی وتەماحی بەدکارانەش بەرفەرتر بوو. لە هەمبەر ئەم کارەساتە سامناکەوە وڵاتانی (بەریتانیا و فەرەنسا وروسیا و لە ٢٣ ئایاری ١٩١٥ لە لەندەن بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد وئاراستەی دونیای پێشکەوتووو ئاشیتیخوازیان کرد و بەم کارە قێزەونەی تورکیا سەرنجی دنیایان راکێشا ورایانگەیاند: "لایەنەرێککەوتووەکان بە ڕەسمی بە پایەبەرز رادەگەیێنن کە هەموو ئەندامانی دەوڵەتی عوسمانی وهەر وەك هەموو بەکرێگیراوان لەم ڕەشەکوژییە دەستیان هەبووە یەك بەیەك بە بەرپرساری ئەم کارەساتەی دەزانن". بەڵام هەر ئەو کاتەی جەنگ کۆتایی هات و زۆرێك لە وڵاتان پتر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان نیشاندا بۆ ئەوەی ئیمتازاتی لە بابەتی کانزاکانی ئاسیای بچووك لە تورکیا وەرگرن، و یاخود لە لایەن ناسیۆنالیستە تازەکانی تورکیا و لە رێگەی ئامانجە سیاسیەکانی خۆیانەوە سوود مەندبن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی (مرۆڤ کوژ جەلاد) ی تورك لە دادگایەکی دادپەروەرانەی نێودەوڵەتی بۆ دادگایکردن پەلکێش بکرێن. لە راستیدا لە لای خۆیانیشەوە نیشتمان پەروەرانی ئەرمەنستان ئەرکێك کەوتە سەرشانیان کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ــ١٩٢٢ بێ گوێدان بە قوربانیی بەخشینی گیانی خۆیان تاوکو ئەندامانی دەوڵەتی پێشووی تورکیا بکوژن وتۆڵە بسێننەوە، بە گوتەی لێکۆڵەری فەرەنسی (ا. رسی یە): "ئەو سیستمە ئەخلاقیەی کە دەستدرێژی کردبووە سەریان، ئەوان سەر لە نوێ دایانمەزراندەوە". ئەوەی شیاوی ئاماژەپێدانە کە تاوانکارییەکانی ١٩١٥ بۆ بارودۆخی تورکەکان لە راستیدا سوود بەخش بووە، چونکە توانیان دوای جەنگی جیهانی یەکەم گشت ئەرمەنستانی دەوڵەتی عوسمانی لە دانیشتوانی ئەرمەنی پاکتاوی بکەن، ئەوان لەم بارەوە تێروانینیان هەیە و لە ئاماژەکانی داهاتوو بە پەیوەستبوونی (قەزای قارس) و پارچە پارچەکردنی ئەرمەنستانی کۆن، روسیاش بەپاوانخوازی (پانتۆرانیزم) دەیەوێ خۆی بە بەرگی ئەم کارەوە بپۆشێت. ئەم تاوانە لە ساتەوەختی دەستپێکردنی بە چەند تاکە کەسێکەوە سنووردارببوو تا پانتاییەکەی بەفراوانتر بوو، تاوانێکی وا گشتگیر کە بە پێی گوتەی نووسەرێکی گەورەی فەرەنسیی: "ناتوانرێت لە یەك کاتدا بە ماناکانی پەی ببرێت، ئەگەرچی ئەو کەسانەی کە هۆکاری ئەنجامدانی بوون سوودیان لێ بینی، بەڵام پێشینەیەکی مێژوویی ئەوەندە گەورەی پەیدا کردووە، کە ماوەیەك تێنەپەڕی دوبارە یادی کراوەتەوە". لە راستیدا لە نێو ئەو بەڵگە و دیکۆمینتانەی کە لەلایەن (دادوەری گازندەوان) دادگای "نۆرنبێرگ" لە دژی (گورینگ و سەرجەم کاربەدەستانی رایشی سێهەم ئەڵمانیای هیتلەری) خرایە روو کە بەڵگەیەکی زۆر گرنگە لە هەمان بواردا. ئەم بەڵگەنامەییە دەقی لێدوانی (ئەدۆڵف هیتلەر)ە کە لە بەردەم فەرماندەیی و سەرکردایەتی سوپای (رایشی سێهەم ئەڵمانیای هیتلەری)یە کە لە ٢٢ ئابی ١٩٣٩ لە "ئوبرسالزبێرگ" کۆبونەتەوە وە تاوەکو هیتلەر بەرواری پەلاماری بۆ سەر (لەهستان پۆلۆنیا) یان پێ رابگەیێنێت، و فەرمانی پێویستیان پێبدات کە ئەم چەند ووشەیەی خوارەوەی لە خۆ گرتبوو: "توانای ئێمە دەبێ لە خێرای کارکردنی ئێمە ولە زەبروزەنگی ئێمەوە سەچاوەبگرێ، من بە یەکەکانی تایبەتی (ئێس ئێس SS) فەرمانم داوە بۆ سنووری (پۆلۆنیا) پێشرەوی بکەن و بێبەزەیی هاتنەوە بە هەموو ئەوانەی پیاو وژن و منداڵن، بکوژن. ئەمرۆکە کێ لە بارەی ئەم کۆمەڵکوژییە، قسەوباس دینێتە کایەوە؟). لێرەدا، لەپشت ئەم تاوانکارییەوە هیچ چیرۆك و حیکایەتێك ناتوانێ قێزەونی و دڕندەیی ئەم مەرگەساتە بەرجەستە بکات، ئەم مەرگەساتە پڕ تراژیدییایە وانەیەکی گەورە بەسەدەی ئێمە دەبەخشێت. کۆمەڵکوژییەکەی ١٩١٥ بووە پێشینەیەك کە یەکجار دوبارە بووەتەوەو لە داهاتووشدا تا ئەو کاتەیش نەیان سەلماند کە ئەم تاوانە ئەو کەسانەی ئەنجامیاندا هیچ دەرنجامێکی پێیان نەگەیاند، بگرە کاری ڕەشەکوژی بێ ئاکامە و هەروەها پاکانەشی بۆ نییەو دوورنییە دیسان رووبداتەوە.

گۆرە بێتەرمەکانو تەرمە بێگۆرەکان!!

ئەنفالستان– سلێمانی



ڕەنگە کورد تاکە میللەتی بێت شەهیدەکانی بەبێ کفن و گۆڕبن و گۆڕستانەکانی بێ تەرم بن؟، ئەمە راستییە یا مەتەڵ؟! سەردانێکی مۆنۆمێنتی کلێسە پێویستە، هەروەها بۆ تەرمە بێگۆڕەکانیش دیسانەوە دەبێت باڵی خەیاڵمان بنێرینەوە بۆ بیابانەکانی عەرەبستان! لەوێ تەرمی ئەنفالکراوەکان بێگۆڕن و لە کوردستانیش گۆڕەکان بێ "تەرم"ن ئەوەیە ئاڵۆزی دۆسێی ئەنفال.

گوندی کلێسە لەو دیو چیای کەڵکەسماق و لە قەراغی ڕوباری زێی بچوک گیرساوەتەوە، گوندێک ئەنفال گورزی کەمەر شکێنی لیداوە بەڵام نەمردووە، کلێسە ١٣٥ کەسیان ئەنفالکراوەو یەک کەسیشیان بە کیمیاباران گیانی لەدەستداوە، تاقە گوندە کە بەشان و قۆڵی دانیشتوانەکەی مۆنۆمێنتێکیان بۆ ئەنفالکراوەکانیان کردووەتەوەو هۆڵێکیشیان بۆ گەلەری و کۆکردنەوەی وێنەو بەڵگەی قوربانیەکانیان دروستکرووە، بەتەنیشت هۆڵەکەشەوە باخچەیەکی بچکۆلە کەپەیکەری ئەنفالو کێلی بێگۆری ئەنفالکراوەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی دروستکراون، کلێەکان بەلاری دانراونو بەرەنگێکی سپی بۆیاخ کراونو لەسەر هەر کێلێکیش ناوی سیانی قوربانیەکی ئەنفال و نیشانەیەکی پرسیار دانراوە، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستیە بزانن کە لە نێوانی ئەو کێلانەی ناو مۆنۆمێنتەکەی گوندی کلێسەدا هیچ تەرمێک بوونی نییە کە من بە گۆڕە بێتەرمەکان ناویان دەبەم. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بێسەروشوێنکردنی ئەنفالکراوەکان، وەک بڵێی بە جیهانی ئەمرۆ بڵێن کوان (ئەنفالکراوەکانمان؟ هەر هیچ نەبێت کوان تەرمەکانیان؟) دەتوانم بڵێم کوردستان تاکە شوێنی سەرگۆی زەوییە کە کێلی بێگۆڕو گۆڕی بێتەرمی تێدایە! مردووەکانی کورد زۆرترین ڕێژەن کە لە بیابانەکانی خواروی عێراقدا بەکۆمەڵکوژراون بەڵام بێگۆڕن! ئەوەش گەورەترین بێحورمەتیە بە مرۆڤ بوونی کوردو مافەکانی.

لەناو باخچەی مەزارەکەدا قوربانیەکانی گوندی کلێسە بەکێلەکانیاندا دیارە کە زۆر خێزان هەن هەموویان ئەنفالکراون، ئەو خێزانانە یان هەموویان لە بەین چوون یان تاقە کەسێک یاخود لە کەسێک زیاتریان لێ دەرباز بووەو ئەوەی تری هێشتا بێسەروشوێنە.

بۆ هەر میوانو ڕێبوارو گەریدەیەک کەسەردانی ئەو مەزارە پڕ ئازارە بکات، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەمی پرسیارێک کە دواجار دەبێ لە دوای سەرانی بەعسو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم مرۆڤانە چیان لێبەسەرهات و لە کوێ کۆمەڵکوژ کراون..؟ کە کۆمەڵکوژکران قەرەبوویان چیە؟ ئێمە ناپرسین بۆچی ئەنفالکرانو بۆچی کۆمەڵکوژکران، چونکە دەزانین تەنها لە بەرئەوەی کوردبوونو نەیاندەویست زیدی خۆیان بگوازنەوە بۆناو ئەو دەدوانزە کۆمەڵگا زۆرەملێ دۆزخیانەی بەعس ناوی لێنابوون ئۆردوگای هاوچەرخو هەندێکیانی بەناوی سەروەریەکانی بەعسەوە ناونابوون، ئەمەش وەکو ئیستفزاز کردنو بریندارکردنی هەستی ئەوخەڵکەی کە بەعس خۆی ئەنفالی کردبوونو کەسوکارەکەی بێسەرو شوێنکردبوون، لەوانە ئۆردوگای صمود، هەڵەبجە سەدامیە، ئۆردوگای نصر. بەڵام دەبێ بپرسین کورد بەشێکە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یان نا؟ ئەگەر بەشێکە بۆ بەودەردە دەبرێ؟ بۆ قەرەبووی ناکرێتەوەو پارێزبەندی بۆ ناکرێ؟

ئەو ڕۆژەی چووینە سەردانیان ریکەوتی ١٢ ی /٢٠٠٩ دووشەممە بوو، ڕۆژێکی خۆڵاوی بوو، هەر بە گەیشتنمان چەند کەسێکی گوندی کلێسە بە ڕێزەوە هاتنە پێشوازیمان، ئەگەرچی قۆڵیان لە کارهەڵماڵی بوو سەرقاڵی دروستکردنی حەوزێکی گەورە بوون لە تەنیشت هۆڵی مەزارەکەوە، بەڵام کورتماوەیەک بۆ بەخێرهاتنمان دەستیان لە کارەکەیان هەڵگرتو هاتن بەخولق و خۆیەکی لادێیانەوە بەخێرهاتنیانکردینو دوای ئەوەی کەمێک بەروخسارمانیاندا هەڵڕوانی و لە مەبەستی چونمان تێگەیشتن ئەوانیش گەڕانەوە سەرکارەکانیان.

گەرانەوە لەمەرگەوە بۆ ژیان

چیرۆکی دەربازبوونی سەلام والی

ئامادەکردنی: سۆلاڤ عبدالسلام والی



بەهاری ١٩٨٨ لە مێژووی کورددا ساتەوەختێکی تەواو تراژیدیاو شووم وپڕ لە نەهامەتی بوو بۆ گەرمیانیەکان. هەرگیز ناکرێت بە چەند دێڕێک و تەنانەت بە کتێبێک یاسبکرێت، چونکە تاوانێک ڕوویدا کە هیچ ویژدانێک وئەقڵێک قبوڵی ناکەن. قەڵەمەکان بە دوای شیاوترین وشەدا دەگەڕێن بۆدەربڕین. ئەنفال تاوانێکی دڕندانەیەو ناخرێتە ڕستەوە.

باسەکەی ئێمە تاوانی جینۆساید (ئەنفال)ی گەلی کوردە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیان کە بە ئەنفالی (سێ) ناودەبرێت. ئەم قۆناغەی ئەنفال دڕندانەترن تاوان بوو لەچاو قۆناغەکانی تردا ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک بوو کە زیاتر دەگەڕیتەوە بۆ ستەمکاری حکومەتی(بەعس) و هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەو دوا سنوری کودستان و عێراق. گەرمیان زۆرترین زیانی ماددی و مەعنەوی بەرکەوت لەم تاوانەدا. لەپشت ئەم تاوانەشەوە چەندەها چیرۆکی هەستپێکراو جیاوازو ڕاستەقینەی مرۆڤەکان هەن کە دەکرێت چەندەها ڕۆمان و بەسەرهاتی لێ بنوسرێتەوە. ڕاستە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەکە بەرئەم شاڵاوە کەوتن، بەڵام هەندێک خانەوادەی بە تەواوی لەبەریەک هەڵوەشاند، هەیە هیچ تاکە کەسێکیان لەژیاندا نەماوەو هەیشە تاکە کەسێک لەخانەوادەکەی دەربازبووەو ئەویش بۆ مەینەتیەکانی ڕۆژگار مایەوە.

(عبدالسلام والی فارس) خەڵکی گوندی سەرەڕەشی ناوچەی گەرمیان یەکێکە لەوکەسانەی لەخانەوادەکەی تەنها خۆی دەربازی بووەو ناوی لە لستی تاقانەکانی ئەنفالدایەو زنجیرەی ژمارە (٦٨)ی پێدراوە کە سەباح نەجمەدینی تاقانە ئامادەی کردووە.

سەلام خەڵکی دێی(سەرەڕەش)ی سەر بە ناحیەی (ئاوەسپی– قەزای کفری) یەو ئێستاتە ناحیەی (ڕزگاری) گەرمیان یان ڕاستترە بڵێین لە مەملەکەتی ئەنفالکراوان نیشتەجێیە. چونکە "ڕزگاری جێگەی نیشتەجێکردنەوەی زۆربەی کەسوکاری ئەنفال کراوەکانە." لە خێزانەکەی خۆی نزیکەی ٢٠ کەسیان ئەنفالکراوە.بێگومان مەگەر تەنها چاوە ڕاستەقینەکان بتوانن گوزارشت لە دڕندەیی تاوانەکە بکەن ئەوچاوانەی کە بینیویانە. تەنها ئەوان دەتوانن دەربڕی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بن گێڕەڕەوەی چیرۆکە تراژیدیاکانی خۆیان بن لە میانەی ئەوتاوانە، چونکە ئازارەکانیان مەگەر زۆر بەدەگمەن دەنا تەنها لە ناخی کەسوکارەکانیاندا پەنگیان خواردووەتەوەو وا بۆ چارەکە سەدەیەک دەچێ هەڵگیراون. مەگەر نرخی ئازادی و ژیان تەنها ئەوان بزانن کە چۆنە.

عبدالسلام باسی ژیانی خۆی دەکات کە لە پێش ئەنفال چۆن ژیاوەو هەروەها لە پاش تاوانی ئەنفالیش کەخۆی بەتەنیاو بێکەس ماوەتەوە چونکە هەموو خێزانەکەی ئەنفالکراون ئەو لەدوای ئەنفال هەرچۆنێک بووە توانیوێتی لە ژیان بەردەوام بێت.

چیرۆکی ژیانی سەلام زۆر تراژیدییە، ئەو کاتەی ئەنفال گەیشتە گەرمیان ئەو پێشمەرگەیەک بووە لە سەنگەری بەرگری نیشتیمان، بەڵام کاتێک دەبیستێ لەگەرمیان چی ڕودەداو هەواڵی ڕۆژی حەشری پێدەگات لە سۆنگەی تاوانی ئەنفالدا بۆسۆراخ و هەواڵی ئازیزانی دەگەڕێتەوە. بەڵام مخابن بەسەر هەواری خالیدا دەگەڕێتەوەو دەبینێت ماڵ چۆڵەو کەسیان لەماڵ نەمابوون پاشان خۆی دەگەیەنێتە دێی (کۆڵەجۆ) کە زۆربەی خەڵکە بەندکراوەکان لەوێ نزیکی مللە سورە کۆکرابوونەوە لەوێ کەسوکارەکەی بینووە زۆری هەوڵداوە کە هیچ نەبێت چەند کەسێکیان لێدەرباز بکات، بەڵام هەوڵەکەی بێهودەو بێسود بوو دواجار بێ هیوا بووە چونکە چواردەوری گوندەکە بەسوپای عێراق

دەوردرابووە لەبەرئەوەی هیچ کەسێکیان توانای دەربازبووونی نەبووە. سەلام چۆن دەربازبوو؟

دەڵێت (بە ڕاکردن توانیم دەربازبم تاکە هۆکاری دەربازبوونی من خوای گەورە بوو، چونکە تەقەی زۆرم لێکرا وبریندار بووم ئیتر کەوتمە ناودۆڵێکەوە و لە هۆش خۆم چووم وایان زانی مردووم بۆیە بەجیانهێشتم من ئاوا لەئەنفال دەربازم بوو).

سەبارەت بە ژیانی دوای ئەنفال دەڵێت (دوای ئەوە توانیم بژیم بەڵام چۆن ژیانێك" بێکەس، بێکار، بێماڵ و حاڵ، پڕ پڕ لە نەهامەتی. هتد. بێبوونی هیچ شتێك جگە لەخوای تاقانە ئەمە ناخێکی پڕلە ئازاروخەم هەموو شتێکمان لەدەستدابوو، تروسکایەك بوونی نەمابوو، نەمدەزانی لە کوێوە بتوانم ژیان دەست پێبکەمەوە؟ ئەوەهەموو مەینەتیە هێشتا زیندووبووم ئەوەی هەم بوو تەنها هیوا بوو بەخوای گەورە.

بێبەشی نەکردم لە سۆزی خۆی بۆیە پاش تێپەڕینی چەند ساڵێك بە هەمان دەرد وئازارەوە لاپەڕەیەکی سپی لە ژیانم هەڵدایەوەو خێزانم دروستکرد، هەرچەندە ناتوانرێت قەرەبوو بکرێنەوە بەڵام ئەمە تا ڕادەیەك هیوا بوو بۆ من توانیم خۆم دروست بکەمەوە).

ئێستا سەلام گوزەرانێکی هاکەزایی دەژی بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێت ئازاری چاوەروانی و لە دەستدانی کەسەکانی لە خۆی دوربخاتەوەو ئارام ببێتەوە، زۆرجار دڵی خۆی دەداتەوە بەوەی ئەوەی رویدا چارەنووسە. بەڵام هەرگیز بۆ تەنها چرکەیەکیش ناتوانێت لە بیریان بکات.

دەڵێت هەمیشە بەهیواوە ئەژیم هەرچەندە دڵنیام لە نەمانیان بەڵام تاوانێکی لەوجۆرە قابیلی قبول نیە خواش بۆی هاتە دەنگ هەموو مرۆڤایەتی بۆیە دەکرێت ئەوە ئیتر جینۆساید بیت نەك ئەنفال. هەروەها سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا بوونی پێداویستیەکانی ژیان دەتوانێت تا چەند لە ئازارەکانتان کەم بکاتەوە. لە وەڵامدا وتی:- ناتوانم بڵێم ناتوانن چونکە گەر ژیان بەردەوام بێت پێویستمان بە شت ئەبێت بۆ ئەوەی بژین لە ئازار کەم ناکەنەوە بەڵام هەرگیز ماددە ناتوانێت جێگەی کەسەکانم بۆ بگرنەوە هەرگیزاو هەرگیز. لە کۆتاییدا تەنها ئەوە گرنگە بیڵێم هیوادارم بە هەموومانەوە بتوانین مێژووی پڕ خوێناوی گەلەکەمان بنوسینەوە وسود لەچیرۆکەکان وەربگرین بۆ ئەوەی سەرجەم نەوەکانی داهاتوو لە ئازارەکانمان تێبگەن و بەها بۆ ژیان و ئازادی دابنێن و ببنە داکۆکیکار لە خاك ونەتەوە.ئەمە کورتەیەکی چیرۆکی ژیانی تاقانەیەکی ئەنفالی گەرمیانە بە هەزاران کەسیش هاوشێوەی ئەون. بێگومان چیرۆکی ئەنفال و تاوانە خوێناویەکانی کورد کۆتاییان پێنایەت تا مرۆڤایەتی مابێت. نوسینەکان بەردەوامن لە کاری خۆیان بەڵام ناتوانن گێڕەرەوەی تەواوی بن. بۆ سەرجەم کەسو کاری سەربەزی شەهیدان و سەرجەم مرۆڤایەتی ژیان بۆ کەسمان ناوەستێت بەڵام ئێمە ئەبێت خۆمان ڕوناکی بدۆزینەوە ئەبێت سەربەرزانە بژین بۆ ئەوەی بمرین.ئەوە گرنگە بەهێز بین و دوای هەموو تاوانێك هەوڵبدەین بگەڕێینەوە بۆ ژیان، بە و هەستەوە دەتوانین دوژمنانمان ببەزێنین.



لەژمارە (١٠)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا هەواڵی مەرگی شەهید ڕەشید خورشید حەسەن ناسراو بە (سەید ڕەشید) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدینمان بڵاوکردەوە کە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ئازاری ٢٠١٣ لەتەقینەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنەکەیان سەید قادر گیانیان لەدەستدا، بەلام لە بری وێنەی شەهید سەید ڕەشید وێنەی شەهید سەید قادرمان بڵاوکردبووەوە. لێرەوە داوای لێبوردن لەکەسوکاری هەردولاو خوێنەرانی ئەنفالستان دەکەین .



دایکە ئازاکە

بەدری سالّح عەلی لەبنەرەتەوە خەلّکی گوندی تالّەبانەو ئێستا لە ناحیّی تەقتەق نیشتەجێیە.

لەپەلاماری ئەنفالی چواردا دوو کورو کچێکی ئەنفالکران، بەناوی (جەعفەر، جەوهەر، قەدری) جێگەی ئامارّەیە کورو کچەکانی هاوسەرگیریان کردبوو، بەتەواوی ژنومندالّەکانیانەوە لەلایەن عەمید رکن بارق حاج حنتەوە گیرانو ئەنفالکراونو جارێکی تر نەبینرانەوە.

بەدریەش وەکو چەند کەسێکی ئازای تر کەپێشتر لەم سالّنامەیەدا ئامارّەیان بۆ کراوە، موچەی ئەنفالکراوەکانی نەخستووەتە باخەلّییەوە، بەلّکو بەپێچەوانەوە ئەنفالو مەینەتیەکانی و ئەو رۆژگارە تالّانە نەیانتوانی بیکەنە مرۆڤێکی گۆشەگیرو چاوچنۆك ئازایانە روبەرووی هەموو کاریگەریانە بووەوە کە کۆمەلّگای کوردستان لە دوای ئەنفالەوە پێیەوە گیرۆدەبووە ئەویش خۆپەرستیو بەرژەوەندی تایبەتیە.

دایکە ئازاکەی شارەدێی تەقتەق سەرەرای ئەوهەموو مەینەتیو نەهامەتیەی بەسەریدا هاتوە ئازایانە بەرگەی گرتووەو ئازایانە لەگەلّ دلّرەقی رۆژگاریشدا دەجەنگێت.

ماوەی ٢٠ بیست سالّە ئەوموچەیەی لەحکومەتو وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان وەری دەگرێت دەیبەخشێتو دەیدات بە هەژارانی دەوروبەری لەوانەش قوتابییانی هەژارو منداڵانی بێ دایکو باوك، ئەمەش پیچەوانەی ئەو تێگەیشتنە خراپەیە کە پێیوایە کەسوکاری ئەنفالکراوان تەنها بیریان لەلای موچەو ئیمتیازاتەکانیانە، لەژمارەکانی پێشتری ئەم گۆڤارەدا ئامارّەمان بەناوی محمد عەلی کردبوو، کەهەتا ئێستا موچەی ئەنفالکراوەکانی ناخواتو دەیبەخشێت، لە خورماتوش کورێك بەناوی حسێن عاصی هەمان هەلّوێستی هەیە.

بەداخەوە ئیستا باری تەندروستی خراپەو لە ناحیّی (تەق تەق)ی سەربەقەزای کۆیە نیشتەجێیە ئێمە وێرای هیوای تەمەندرێژیو چاکبوونەوەی بۆدەخوازین هەلّویستی ئازایانەی بە شانازییەوە لەگۆڤاری ئەنفالستان بلاودەکەینەوەو بۆمێژوو لە یادەوەری نەوەی داهاتوودا دەیهێلینەوە[١].

خوێنەری بەرێز فەرموون ببینن ئەوە هەلّوێستی مرۆڤی راستەقینەیە ئەفسوس بینیشمان پەرلەمانتاران (نوێنەرانی ئەم مرۆڤە مەینەتبارانە) رێکخراو چالاکانی بواری ئەنفالیش دەبینین و دەبیستین چەندە لەبەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازوپارەوپولدا لاوازن.

١. ئەم زانیاریانە لە تاقانەی ئەنفال مەریوان عەبدولقادر ئیسماعیل وەرگیراوە.

مۆنۆمێنیتێك بۆ ئەنفالکراوانی گوندی زینانە دروست دەکرێت

مۆنۆمێتی ئەنفالکراوانی زینانەی "خواروو، ژوورو" کە ئێستا لەسەر ئەرکی "گوڵاڵەی گەرمیان" دروست دەکرێت، بڕیارە لەناوەڕاستی مانگی ئابدا لەچوارچێوەی کۆنفرانسێکدا کە بۆ جینۆسایدو ئەنفال دەبەسترێت مەراسیمی کردنەوە بۆ مۆنۆمێنتەکەش سازبکرێ.



گوندی زینانەی "خواروو، ژوورو" سەربە ناوچەی داودەیە لە بەشی خواروی گەرمیان لەسەروەختی ئەنفالدا، زینانە گوندێکی گەورەو قەرەباڵغ بوو، خەلّکێکی زۆریان ئەنفالکراون، کە ژمارەیان ٣٨٥ کەسە. ئێستاش بە فەرمی کراوەتە ناحێ و ناوەندی شارۆچکەی "نەیجولە" کە لەبنەڕەتدا سەربەقەزای دووزخوورماتوو بووەو ئێستا سەر بە قەزای کفریە.

دیزاینی مۆنۆمێنتەکە لەلایەن ئەندازیارێکەوە دروست کراوە بەناوی جەزا، کەخۆی کەسوکاری ئەنفالکراوانە.

خەمی پێشمەرگەیەکی تەنیا

فواد قادر ئەحمەد، نیشتەجێی شاری کۆیەو لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی قزڵوون.

لەپەلاماری ئەنفالی چواردا کە دەشتی کۆیەشی گرتەوە هەموو خانەوادەکەی فوائادو زۆرێك لە خزمو کەسە نزیکەکانی گیران، ئەوکاتە فوئاد پێشمەرگەیەکی ئازای تیپی ٩٣ی کۆیە بووەو ئێستا بە پلەی مقدم خانەنشینکراوە. رۆژی ٥ی ئایاری ١٩٨٨ کەسوکارەکەی لە گوندی قزلوی دەشتی کۆیە کەوتنە بەردەستی سەرۆك جاشێکی بەدناوو هەموویانی رادەستی هێزەکانی سوپاو ئەمن کرد. لەبارەی ئەنفالکراوەکانیانەوە فواد بە گۆڤاری ئەنفالستانی راگەیاند کەسە نزیکەکانم کە ئەنفالکران بریتی بوون لە:

١. جمیلە سعید سالح، دایکم، پاشئەوەی رەوانەی بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی تۆپزاوا کراوە رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراوەو ماوەی شەش مانگ لەوێ زیندانی بووە. بەڵام بە ئازادبوونی ئەم ژنە ئەنفالکراوە هیچ لەمەینەتیەکانی کەمنەبوونەوە، بەڵکو لە چاوەروانی کورو کورەزاکانی و لەئەنجامی ئەو مەینەتی و ناخۆشیانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان تووشی بوو، هەمیشە لە خەمباری و ئازاری دەروونیدا بوو، تا لە ریکەوتی ٢٥ی ئایاری سالی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.

٢. ئومێد قادر، برامە

٣. هەدیە قادر، خوشکمە موالیدی ١٩٥٤ لەگەل هەشت منداڵی خۆی ئەنفالکراوە

٤. زراری برام ماوە، بەڵام خێزانەکەی و چوار منداڵەکەی ئەنفالکراون بەم ناوانە (پەروین، چیمەن، بێستون، دیمەن) ئەنفالکراون خێزانەکەی زرار ناوی سافیە حەمەدەمین موالیدی ١٩٦٥ ئەنفالە

٥. خێزانی خۆم بەناوی شیرین عومەر موالیدی ١٩٦٩ و چوار منداڵەکەم.

٦. سەربەست موالیدی ١٩٨٢.



٧. سنەوبەر موالیدی ١٩٨٣.

٨. سروە موالیدی ١٩٨٥.

٩. نەبەرد موالیدی ١٩٨٧ ئەنفالکراون

مانی مامەکانم ئەنفالکراون بەناوەکانی (نادر ئەحمەد، مولود ئەحمەد) ئەوانیش ماوەی (٦) مانگ لە نوگرەسەلمان دەستبەسەربوون دوای ئازاد کردنو هاتنەوەیان هەردوکیان کۆچی دوایان کرد.


(٢٠) بیست ئامۆزام هەموویان پێکەوە ئەنفالکراون و هەر ئەو رۆیشتنە بوو جارێکی تر نەبینرانەوە.

بەداخەوە رۆژی مردن و موالیدەکانی ئەوان نازانم

فواد جارێکی تر جەختی کردەوە خزم و کەسوکارەکەم هەموویان بەدەستی قاسم تاهیر ناسراوە بە (قاسماغا) کە سەرۆکی جاش بوو لە کۆیە گیراون و ئەنفالکراون هیوادارم ئەو جاش ومستەشارانە بدرێنە دادگا.



جمیلە سعید



ئومێد قادر

دادگایی نەکردنی جاشەکان

سوکایەتییە بە مافی قوربانیو بەهەیبەتی دادگاکانی کوردستان

بەهادین محێدین:
لەکیمیابارانی سێوسێناندا، مردنی زێنەب و کورەکەی زۆر کاریان کردەسەرم



دیدار: عومەر محەمەد
رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢١

بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوکاری کردنی بریندارانی چەکی کیمیایی لەلایەن رێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان کە ئەو وەختە من راسپێردرابووم بۆ ئەنجامدانی، سەردانی ناحێی سێوسێنانم کرد، لەوێ چاوم بە مامۆستا بەهادین کەوت، هەرچەندە ئەو هیچ کەسێك لەخانەوادەکەی بە چەکی کیمییایی شەهید نەببوون، بەڵام خۆی و هاوسەرەکەی بریندار ببوون، لەسەرەتاوە لە چۆنێتی یادەوەرییەکانی تاوانی کیمیاباران و ئەنفالەوە چوینە ناو باسەکەمانەوە، لە راستیدا ئەم دیدارە سەرباری ئەوەی بە ڤیدیۆتۆمارکراوە، بەڵام لەبنەرەتەوە بۆ دیدارێکی رۆژنامەوانی ئەنجامنەدراوە، بەڵکو بۆ تۆیژینەوەیەك بوو دەربارەی بریندارانی چەکی کیمیاوی و شیوازی چارەسەرکردن و بەهاناوە چونیان، کە پرۆژەیەکی سێ مانگی رێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکان بۆ هاوکاری کردتیان بوو. بەڵام کە گوێم لە دیمانەکەمان گرتەوە بەباشم زانی پوختەی ئەم دیدارەی لێ هەڵبژێرم و لە ژمارە (١٢)ی ئەنفالستاندا بڵاوی بکەمەوە .

ناوی سیانیت چیە ؟

بهائەدین محێدین کەریم

ساڵی چەند لەدایك بویت ؟

ساڵی ١٩٦٢

چەند منداڵتان هەیە ؟

هەشت

چەند کوڕو چەند کچت هەیە ؟

پێنج کوڕ و سێ کچ

تۆ خەڵکی سێوسێنانی کیمیاباران کراویت ساڵانێکە یادی قوربانیەکانی ئەو تاوانە دەکرێتەوە پێت باشە چۆن یادی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران بکرێتەوە؟ ئەوەی هەتا ئێستا کراوە تاچەندە مایەی رەزامەندی ئێوەیە ؟

ئەوەی دەکرێت شتێکی باش نیە، کۆمەڵێك بەرپرس دێن و قسەدەکەن و دەڕۆنەوە، بەڵام ئێستا باشترە بەرێوەبەرایەتی شەهیدان هەیە و وەزارەت هەیە، مامۆستا ئارام وەك نوێنەری وەزارەتی شەهیدان دێت قسەی خۆی دەکات، وەك جاران نیە هەر حیزبێك بێت و قسە بۆ خۆی بکات ، باشترە کە یادکردنەوە لە دڵەوە بێت، ئەو هەموو خەرجییە کە لەو یادانە خەرج دەکرێت و ئەو خەڵکە دەکەوێتە گریان و شیوەن، هیچ کارێکی باش نیە، تۆ دیقەت بدە لەو هۆڵەدا خواردن دروست دەکەن ئەگەر تۆ هاتبی لەو کاتەدا بینیوتە کە نان دەخورێ هەلبەتە ئەوە مەسرەفێکی زۆری دەوێت، بەلایەنی کەمەوە ئێرە چل بنەماڵە دەبێت ئەوە ناکە پارەی شەهیدانە وەردەگرێت بەڵکو چل کەس ئەبێ کە ئیستیفادەی یەك ی لەم حکومەتە نەکردووە، ئەوەی لەوێدا خەرجی دەکەیت بۆماوەی یەك سەعات و بڕۆخوات لەگەڵ. بۆیە بەبۆچونی من ئەو هیلاکی و ماندووبوونە پێویست ناکات، چل و پێنج جار بەو شێوازە یاد بکەیتەوە هیچ دەورێکی نیە، هەموو ساڵێك مەسرەفێکی زۆر و دوای ساڵێکی تر بەهەمان شێوە، ئەوە باش نیە .

مامۆستا لەیادی ئەم گوندەدا کە کاتی خۆی گوند بوو ئێستا بووەتە ناحیە ئەگەربێت و لەو ڕۆژەدا پابەندییەکمان

هەبێت بۆ نمونە هیچ پەلەوەرێك سەر نەبڕدرێت ، هەلبەتە میوان زۆر خۆشەویستە، بەڵام لەو ڕۆژەدا بۆ میوانیش گۆشتی بۆ نەکەیت ؟ ئەمە وەك پەرچە کردارێك لەدژی کۆمەڵ کوژی تۆ ئەوت بەلاوە چۆنە ؟

ئەوە شتێکی زۆر باشە وابزانم پار لە هەڵەبجە شتێکی وەهایان پێشنیارکرد بەڵام نازانم جێبەجێیانکرد یان نا.

لە هەڵەبجەش کردیان، بەڵام گەرمیانیەکان لە کفری و کەلارو ڕزگاری و گۆپتەپەو لە دۆڵی بالیسانیش هەمویان جێبەجێان کرد

ئەوە شتێکی زۆرباشە و ئەگەر شتێکی وەها جێبەجێبکرێت لەوە باشتر هەرانابێتەوە من لە خۆمەوە سەیر ئەکەم، خۆ سوپاس بۆ خودا من بەدریژایی ساڵ میوانم زۆرە، بەڵام من کە تاقە ماڵێکم لێرەدا بەلایەنی کەمەوە لەو ڕۆژەدا چل کیلۆ بۆ پەنجا کیلۆ گۆشتی مریشك و حەیوانم پێویست دەبێت؟ نەك هەرمن هەموو سێوسێنان هەموی وایە، کۆستیشت بکەوی و مەسرەفیش لەو لاوە بوەستێ!

من مەبەستم خەرجیەکەی نیە ئەوەیان تەنها لایەنێکێتی بەڵام لایەنێکی تری ئەوەیە لەیادەوەری خەڵکدا بیهێڵینەوە.

بەڵێ تێدەگەم مەبەستەکە ئەوەیە کە بزانی لەو ڕۆژەدا ئەمە بۆ دەکرێ ؟ چی ڕویداوە؟ ئەو هەموو میوانەت بێت خۆ میوان خۆشەویستی خودایە، بەڵام ئەگەر ئەوە پەیرەوبکرێت تۆ لەو ڕۆژەدا هیچی بۆ ناکەیت لەهەمان کاتدا شتیکی واتادارو گرنگە.

ئەمە هۆی یەکەمیەتی دووەم لەو ڕۆژەدا سەربرین و خوێن ڕشتن نەبێت تەنانەت لە چێشتخانەی شارەکانیشدا هەر نەبێ، تۆ سەیرکە دەیان دبلۆمات ودەیان خەڵکی بیانی و ڕۆژنامەنوس لەم وڵاتەدایە لەو ڕۆژەدا بچێتە هەر چێشتخانەیەك گۆشتی تێدا نەخورێ . ئەگەر وابێ بێسود نابێ ئەو هەموو عەرەبە لێرەیە بەو هەڵوێستەی ئێمە شتێك لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە .

ئەوە شتێکی گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئێمە بیرکردنەوەمان وانیە بۆنمونە یادی سیوسێنان ٢٢ی ئازارە هەرکە گەیشتە بیست وسێی مانگ دیسان ئێمە قوربانیەکانمان لەبیردەچێتەوە بۆشانزەی سێ لەهەڵەبجەش هەروایە.

ئەوەش شتێکە دەبێ ڕێك بخرێ بۆ نمونە یادی سێو سێنان بۆ ڕۆژی خۆی یادی بکاتەوە کێ هات سەرچاو بەڵام یەك ڕۆژی سەراسەری هەبێت تەنانەت بۆ ئەنفال و کیمیاباران، ئێمە یادەکانمان زۆرن ئەگەر یادەکانی لەم شێوەیەوە بگۆڕین بۆ شێوەیەکی کلتوری بۆ نمونە ئەمە بکەین بە داب و نەریتێك ڕەئت چۆنە تۆ ؟

ئەوە زۆر بایەخدارە بەو شێوەی تۆ دەفەرموویت، بەڵام هەموی لەیەك ڕۆژدا بێت ئەوە شتێکی زۆر باشە مادام لە شوێنەکانی تریش جێبەجێکرابێت کۆمەڵێ شوێنی تر ماوە بکرێت بە بەرنامەیەك و لە شارەکانیشدا ئەوە تەتبیق بکرێت زۆر باشە

هەموو تاوانەکە ناخۆشە، ئەوە یەکێکە لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان چی هەیە یاخود چ دیمەنێك هەیە کە قەت قەت لەیادت ناچێتەوە و دایمە لە یادتە ؟

وەڵا بڵێم چی هەمووی هەرناخۆشی بووەو لەبیرناچێتەوە .

هەتا ئێستا هیچ کارێکی دۆکۆمێنتاری لێرە کراوە؟

نەخێر پێم شك نایات .

ئێوە پێتان خۆشە ڕێکخراوەکان بێن لێرە چالاکی بکەن بۆ نمونە تا ئێستا لە سێو سێنان شتێکی زۆر گرنگ نەکراوە ئەویش دۆکۆمێنت کردنی یادەوەریەکانتانە ڕاستە ئەوەمان نیە.

بەلای کەمەوە کۆکردنەوەی ڕەسمی قوربانیەکانتان؟

تۆزێکی کراوە لەئەمنە سورەکەی سلێمانی دایان ناوە .

ئەی لێرە هیچ شتێکی واتان نیە ؟

نا نیمانە .

بۆنمونە ئەوتەرمانەی کە هەڵدرانەوە ئێستە لە مۆنۆمێنتەکە نێژراون بەڵام کەس نازانێ ئەوکەل وپەلانەی کە بە قوربانیەکان بوو چیان لێهاتووە ؟ وێنەو جلوبەرگیان ئەگەرمابێ؟

من خۆم یەکێك بووم لەوانەی لە ناشتنیاندا لەگەڵدا بووم هەر بەکەلوپەلەکانیانەوە ئەمان خستە ناو تورەکە و ئەمان

خستنە ناوچاڵەوە

ئێمە ئێستا بۆکارێکی تر هاتووین دەمانەوێ ئەوەندەی لە تواناماندابێت هاوکاری بریندارەکانی ئەم ناحیێیە بکەین بەڵام ئەم ڕیکخراوە بێجگە لەم کارە ئەرکێکی تریشی لەئەستۆیە بۆ نمونە کاری دۆکۆمێنتاری ئینجا چ خۆمان بیکەین یان هاوکاری ئێوە بکەین وخۆتان بیکەن ئێمە دەتوانین ئێوارەیەک بێین لە هۆڵی بۆنەکان خەڵکی سێوسێنان کۆبکەینەوە و باس لە گرنگی کاری دۆکۆمێنتاری بۆ بکەین ئەوە شتێکی باشە

لەکاتی کیمیابارانکردنەکە چەند کەس لە خانەوادەکەتان شەهید بوون ؟

شوکور شەهیدمان نەبوو

ئەی مەگەر تۆش بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی نیت ؟

بەڵێ .

هیچ کاریگەری بەسەرتۆوە ماوە ؟

بەڵی کاریگەری ماوە بەبێ عەینەک هیچم بۆ ناخوێنرێتەوە، سەردانی دکتۆریشم کرد پرسیاری ئەوەی لێکردم وتی : تۆ ئیشی چیت کردووە ؟ وتم کاتی خۆی ماوەی سااڵێک لە حیمکاریم کردووە، دوای ئەوەش کیمیاوی لێدام ئیتر دکتۆرە کە پێی وتم هۆکارەکەی هی چەکی کیمیاویە چونکە لەحیمکاری وای لێناکات .

ئەی دکتۆر پێی نەگوتوویت پێویستت بەچی چارەسەرێکە؟

خۆم باشم تەنها چاوم نەبێ ئەویش بەعینەکەوە باشم

تا ئێستا وەک بریندارێکی چەکی کیمیاوی لەلای وەزارەتی کاروباری شەهیدان ناوتان تۆمارکراوە . هیچتان بۆکراوە ؟

بۆ ئەم بنەماڵەیە هیچی نەکردوە

خۆت پێویستت بە چارەسەر نابێت بەاڵم بە نیسبەت ڕەختەی هاوسەرتەوە خۆ ئەو پێویستی بەچارەسەرە

بەڵێ ئەو پێویستێتی .

حاڵەتی بریندارانی ئێرە بەزۆری چیە ؟ تەنگە نەفەسیە، یاخو گرفتی چاوە یان پێستیان ؟

هەندێکیان پێستیەتی، هەندێکیشیان سیەکانیانە

حەساسیەتیان هەیە؟

بەڵێ هەندێ جاربرینەکان من بینیومە زۆرگەورە ئەبن و جاری وا هەیە ئەیهێنێتە خوێن ئەوەندە ئەخورێ نەک هەر دەستی بەڵکو زۆر شوێنی لەشی

ناویان لە لیستی شەهیدان تۆمارکراوە ؟

نائەوەشیان نیە

ئێمە پێویستمان بە هۆشیارییەک هەیە جەنابت مامۆستایەکی زۆر باش لە من تێدەگەیت ئەم پیاوە یان ئەم ژنەی جەنابت کە لەو لیستە ناوی تۆمارکرا واتە لە شەهیدان ناوی تۆمارکرا، بەیانی دوربا ئەگەر لە ژیاندا نەما بە ئاسانی دەکرێت بە شەهیدی کیمیاباران، بەاڵم کە ناوی تۆمار نەکرێت لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا تۆ بچۆ بڵێ ئەو بەرکەوتووە مرد، چۆن بروات پێبکەن کە ئەو بریندارێ چەکی کیمیاوی بووە؟ ئەگەر بشتەوێ تۆماری بکەیت توشی ڕۆتیناتێکی زۆر دەبیتو زەرەرێکی مادی ئەکەیت و لەرووی دەرونیشەوە ماندووتر دەبیت، ئەمەش جۆرێکە لە کەمتەرخەمی کەسوکاری قۆربانیان چونکە هەرکەسێک بەرچەکی کیمیایی کەوتووە باناوی خۆی تۆمار بکات خۆ ئەگەر قازانجیشی نەبێت هیچ زیانێک ناکات؟

کە شوێنێک نەبێ بچی هانای بۆ بەریت بچیت بۆ کوی ؟

بچۆ بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان ئەوان ناوی بریندارەکان تۆماردەکەن بڵێ وەختی خۆی من کیمیایی لێی داوم هەر هیچ نەبێ ناوت بنوسن؟

ئایا ئەوان قائیمەیەکی وەهایان هەیە؟

بەڵێ هەیانە ئێستا ناو دەنوسن؟

نەمزانیوە .

تۆباسی کیمیا بارانی سێوسێنانت نەکرد؟

کە ئێوارە کیمییاییەکە لێیداین ئیتر شلەژاین ئەم تەختاییەی کە تۆ دەیبینیت ، گەنم بوو وە نیو مەتر بەرزبوو کە کیمیایەکە دەنگی هات خۆمان کرد بە (ژێر زەمین)دا دەوری بیست دەقەیەکمان پێچوو، چونکە خەڵک وتی کیمیایە سەرکەوتینەوە، من دەستی ئەو منااڵمم گرتبو خێزانەکەیشم وردە وردە بە دوای مندا دەهات

کچێکی خاڵۆزام ناوی زێنەبە لەگەڵ کورەکەیابوو بانگی کرد ئەو زۆر پەرێشان بوو وتی بەاو الدین جێم مەهێڵە ، کەئەڕۆشتین شەقمان لە گیاکە ئەدا وەک چۆن تۆزی کا بەرز ئەبێتەوە تۆزی ئەویش بەرز ئەبویەوە، چونکە مااڵیان دورتر بوو تا گەشتبوە لای ئێمە فەوتابوو تاگەیشتە ئەوێ دەستی بەو شەروااڵەی منەوە بوو ئەیوت تو خوا جێم مەهێڵە منیش خوا خوام بوو ڕابکەم ، ئیتر پەل و پۆی شکا و لەگەڵ منااڵەکەیا لە گیاکەیا جێما من و ڕەختە سەد مەتر لێی دور کەوتینەوە تاریکیش بوو چەم و ئاوێکی لێبوو ئیتر ئێمە کە گەشتینە ئاوەکە ڕشاینەوە چاومان هیچی نەدەبینی دەوری دوانزەی شەوبوو بەاڵم کە بەیانی ڕۆژ بویەوە ئەوانەی کە دەستی ئێمەیان گرتبوو داوام لێیانکرد وتم ئەو ژنەی خاڵۆزام ئائەوەتا لەوێدا کەوتووە کە چوون بۆاڵی لێی نەویبوونەوە وەک چۆن دار کە بەرزی ئەکەیتەوە خۆیش و منااڵەکەشی هەردوکی ڕەق بوبون من بە چاوی خۆم بینیم هەڵیساندەوە ڕاست ڕەق بوبو .

منااڵەکەی ناوی چی بوو؟

سەردار و زێنەب ئێستە پیاوەکەی تێک چووە پیاوەکەی ماوە وکوڕێکی ماوە.

مەبەستت کاک عەبدولکەریمە ئەو پیاوەم بینیووە؟

ناوی کاک ئەحمەدە .

بەڵێ بینیومە هەر لە خۆیەوە قسە دەکا

ئەوە مێردی ئەو ژنەیە ئەو دوو فەقیرە تیاچوون و منااڵێکیش لە سکیابوو ئەوە کاری تێکردم

بەس ئێستە کاک ئەحمەد تەواو نییە

دایکی کاک ئەحمەد خێزانی حەمەمینی کاک سمایلە دایکی و باوکی و خوشکێکی وبرایەکی کە کیمیاویەکە نەیکوشبوون دایکیان هاورد ، گشتیان هاورد منااڵێک لە سکیدا بوو ژنەکە کە پاڵ کەوتبوو منااڵەکە بەرز بوبویەوە هیچ شتێکیش نەبوو نە پەڕۆ نە هیچ پیایدا بدەین ئیتر خەلکی بە خێرایی هەر بە بێل یەک نەفەر لە ماوەی سەعاتێکدا قەبرێکی بۆ هەڵدەکەند خستیانننە ناوقەبرەکە و خۆاڵیان کرد بەسەریدا بەبێ بەردو گۆریچە ئەودوانە زۆر خەفەتیان بە دڵمدا کرد، چونکە ئەمە کاک حەمەمین لەپااڵیدا دایکی تەها و حەمە کاک حەمەمین لێرا دادە خانم لێرا فاتمە لێرا یەکێکی تریش لێرەدا یەکێکی تر لە سکیدا ئەمە پێنج کەس.

مامۆستا هەستناکەیت کە ئێمە کەمتەرخەمین لەکاری دۆکۆمینتاریدا چونکە خەیاڵمان فراوان نیە فەرموو ئێستا ئەو منااڵە بەشەهیدی کیمیاباڕانی ئەم گوندە حساب نیە ؟

نەوەاڵ حساب نەکراوە .. ڕاستەکەی ئەوەش مرۆڤێکەو شەهیدە .

ئەوە دەبێ حساب بکرێ، ئەگەر شەهیدانی کیمیاباڕانی سێوسێنان هەتا ئێستا بە ٦٩ کەس بژمێردرێن لەمەوڵا هەڤوایە بڵێن ٧٠ کەس .

یەک شت هەیە ئێستە کاکە تەها و کاک محەمەد دوانن لەو بنەمااڵەیە دوو کەس ماون بەاڵم ئەوان پێنج کەسن هەر ئەبێ وای لێبکەیت

مەبەستم لەبارێ قانونیەوە

بارێ قانونی لە بارەی ژمارەکەوە.

بەڵێ، زێنەبیش دوو گیان بوو.

بۆ نمونە زۆربەی خەڵکی گەرمیان بەتایبەت گوندەکان عەقدی زەواجیان نەبووە، لەلای مەلا مارەکراون منااڵەکانیشیان تەسکەرەیان نەبووە واتە ئەم خێزانە لە فەرمانگەی بارێ کەسێتی (دائیرەی نفوس) ناویان نیە، واتا ناتوانی بیان دۆزیتەوە.

بەڵێ، زۆر راستە

دوای ٤ مانگ لەئەنجامدانی ئەم سەردانە بە تەلەفون ڕەزامەندی پیشاندا کە دیدارەکە باڵو بێتەوە.



بەسەرهاتی نەجمە محەمەد وەلی

ئامادەکردنی شادی غازی عبدالکریم

ئەنفال تاوانێکی زۆر ترسناك و چیرۆکێکی ئازاراوییە کە ڕژێمی بەعس بە مەبەستی لە ناوبردن و ڕیشەکێش کردنی میللەتی کورد بەکاری هێنا. دوای دەیان ساڵ لەو ڕووداوە ئەنفالی گەلی کورد گەورەترین کارەساتی مەعنەوی و دەروونی دەربەدەری بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە تاوەکو ئێستاش هەزاران کەس هەن هەموساتەکانی ژیانیان لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی بێ سەروشوێنەکانیانن، بەسەدان کەسیش بەوهۆیەوە توشی باری داڕوخانی دەروونی بوونەتەوە، هەروەك هەزاران مرۆڤی دیکەش لە خێزانێکی گەورەی چەند کەسی تەنها خۆی یان ژمارەیەکی کەمیان ماوە یان هیچ کەسێکیان ڕزگاریان نەبووە. هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی ئەنفالەوە تاوەکو ئێستاش کەسوکارو ڕزگاربووانی ئەنفال لە ئازاروکولەمەرگی چاوەڕوانیدا ژیان دەگوزەرێنن، لەجیاتی گەڕانەوەی بێ سەروشوێنەکانیان ڕۆژانە گوێبیستی دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ دەبن لە ناو لم وخۆڵی بیابانەکان بە پۆشاکە کوردیەکانیان لە کوردبوونیان دڵنیا دەبنەوە.

(نەجمە محەمەد وەلی) ٣ کوڕی بەناوەکانی (غازی و مەجید و عەزیز) لە پەلاماری ئەنفالی سێیی گەرمیاندا گیران و جارێکی تر نەبینرانەوە ئەوان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری بەرشالاوی ئەنفال کەوتوون، نەجمە چیرۆکی خۆی بۆ ساڵنامەی ئەنفالستان دەگێڕێتەوەو بە هەناسە سارددییەوە دەڵێت : من (١٤) چواردە منداڵم هەبوو کوڕەکانم بەناوەکانی "حمید و محەمەد و غازی و مەجید و عەزیز ودڵشاد کامەران" کچەکانیشم بەناوەکانی "نەزیفە و ڕووپاك و بەهیجە و سەرگوڵ" سێ منداڵیانم زۆر بچوك بوون، لەو خێزانە گەورەیە ئێستا تەنها ٣ منداڵم ماون کە ئەوانیش (کامەران و بە هیجەو سەرگوڵ) بەڵام ئەوەی کە زۆر ئازارم دەدات (٣) سێ کوڕە ئەنفالکراوەکانمە کە ئەوانیش



ناویان(غازی و مەجید و عەزیز)ن غازی و مەجیدی کورم هێزی پشتگیری وتەنزیم بوون و لە هەر جێگایەك شەڕ بوایە ئەمان دەڕۆشتن بۆ بەرگری کردن (عەزیز) پێشەرگە بوو لەبەرەکانی سەنگەردا شەڕی دژی حکومەتی عێراق دەکرد بۆ بەرگری کردن لە میللەتی کورد،(مەجید وعەزیز) هێشتا ژیانی هاوسەرگیریان پێك نەهێنابوو، بەڵام(غازی) ژیانی هاوسەرگیری پێك هێنا بوو خاوەنی ژن و منداڵی خۆی بوو(٤) منداڵی هەبوو بە ناوەکانی (شادی و هێمن ودلێروزامن)کاتێك کە خۆی ئەنفالکرا ژن و منداڵەکانیشی لە گەڵ ئێمە بەر شالاوی ئەنفال کەوتن بەڵام ڕزگارمان بوو.

لە کاتی ئەنفالەکەدا پێش ئەوەی سوپای عێراق بێت ئێمە لە ناو ژێرزەمین (مەرجە و بنکە) دا خۆمان حەشار دابوو لە ترسی رژێمی بەعس، بەڵام حکومەتی بەعس بە سوپایەکی زۆرو تەیارەوە هاتن و دەوری ئێمەیان گرت و تەنانەت لە ناو بنکەو مەرجەکانیشدا ئێمەیان دۆزییەوە و هەموومانیان لە سەرووی گوندەکەمان کەپێیان دەوت (بان مەتار) کۆکردەوە، پێیان ووتین وەرن خۆتان تەسلیم بکەن دەتان پارێزین وهیچتان لێناکەین، لەوکاتەدا تەیارە بەسەرماندا دەسوڕایەوە، موستەشارێك بە ئێمەی ووت با کوڕە گەنجەکان بێنەوەو خۆیان ڕادەستی ئێمە بکەن

دەیانپارێزین و هیچیان بەسەردا نایەت. (مەجید) ی کوڕم بەهۆی ئەوەی کە تەیارە بەسەریاندا دەسوڕایەوەو ئەمیش لەناو دارو زەل و قامیشەکاندا تەڵاشە دارێك چووبوو بە چاویدا وبریندار بوو بوو، بەڵام بەرپرسێکی عەرەب کە لەوکاتەدا ئامادە بوو وتی ئەیبەم بۆ چارەسەرکردن و بردی بۆ ناحیەی نەوجول و تیماری چاوی کردو هێنایەوە. پاشان ئەوهەموو ژن ومندااڵ و پیرۆگەنجە کە دەسەاڵتمان نەمابوو بەرامبەر بەو بەعسیە دڕندانە چونکە زۆر بوون وچەکیان پێ بوو، کۆیان کردینەوەو هەر دوو ماڵ یان سێ ماڵ و خێزان بە ئیڤایەکی سەربازییەوە بەرەو ناحیەی نەوجول ئێمەیان برد، شەوێك لە ناحیەی نەوجول هێشتیانینەوە دواتر ئێمەیان ڕاگواست بەرەو دووز خورماتوو، لەوێش ژن و مندااڵیان لە پیاوەکان جیاکردەوەو پیاوەکانیان بەرەو سجنێکی تر بردو لەوێشەوە بردبویانن و ئیتر نەمانزانی بۆ کوێ بران و لەکوێ زیندە بەچاڵکران،ئێمەش وەکو ژن و مندااڵ بەرەو گرتووخانەی (مەرکەز شەباب)ی دووز خورماتوو برد لەوێش بە بەردەوامی بە ئیڤای سەربازی ئەو ژن و مندااڵنەی کە لە گەڵماندا بوون بەرەو زیندەبەچاڵ و لە ناوبردن و مردن دەبرد. پاش چەند شەوو ڕۆژێك لەو سجنەدا لە الیەن ئەو کوردانەی لەوێ بوون وەکو (فاتحە درێژو ئەوانەی لە گەڵیدا بوون) دەرگاو پەنجەرەکان شکێنراو ئێمەش ڕامان کرد لە گەڵ دوو کچەکەم و بوکەکەم و چوار کوڕەزاکەم خۆمان کرد بە ماڵێکدا و شەو لەو ماڵە خۆمان داشاردو بەیانیەکەی ڕۆیشتین بۆ ماڵێکی تر بەناوی (خورشید)و لەوێشەوە ڕۆشتین بۆ ماڵی (شکور ابراهیم گەنجە) کە دەستی دەڕۆیشت لای حکومەت و لەوێشەوە بۆ ناو عەرەب لە گوندی زەرگەی سەربە تکریت کە (٦) شەش مانگ لەوێ بووین کە گەورەی ئەو گوندە ناوی (شێخ حازم و شێخ تالب) بوون، وە شێخ تالب لە جێشدا بوو، وە ئەو ماڵە عەرەبانە هاوکاریان کردین چونکە دایکی (شێخ حازم و شێخ تالب و نفود) کە ناوی (حنە) بوو کورد بوو، کە لە کاتێکدا کە عەرەبەکان ئەهاتن بۆ ناوچە کوردیەکان و دەواریان هەڵ دەداو مەروماڵاتیان بەخێو دەکرد واتە بەهارە هەواریان دەکرد، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ناوچەکانی خۆیان لە ڕێگاکەیاندا ئەم کچەیان بە منداڵی دۆزییەوە کە ناویان نابوو (حنە) لە بەر ئەوەی ئەمانیش شێخی ئەو گوندە بوون کە منداڵەکە گەورەبوو ماڕەیان کرد بۆ شێخی ئەو گوندە، دوای چەند ساڵێکی زۆر کەسوکارەکەی (حنە) یان دۆزییەوە، بەم هۆیەشەوە ئێمەش توانیمان لەو گوندە خۆمان حەشار بدەین، کە زۆر هاوکاری ئێمەیان کرد، وە هەرکاتێك جێش بهاتایە ئەیان ووت خۆتان بشارنەوە، وە لە ژوورێکی قوڕدا بووین، وە لە هەمان کاتدا وەکو دەست بەسەر وابووین چونکە نەمان دەتوانی بڕۆین بۆ هیچ جێگایەك، جارێکیان ووتیان جێش هات و دەوری زەرگەیان گرتو ئێمەش بەپێی پەتی ڕامانکرد بۆ ناو قەڕەم و قامیشی چەمی حاوییەکە لە نزیك ئەحمەد تەیار لە چەمی زەرگەوە لەو کاتەدا کچێکیان بەناوی (قواعد) بە دواماندا هات و پێاڵوەکانی ئێمەی بە کۆڵ هێنا بۆمان، کاتێك کە جێشەکە هات ئێمەی نەدۆزییەوە و گەڕایەوەو پاشانیش ئێمە گەڕاینەوە گوندەکە. دواتر گەڕاینەوە بۆ دووز خورماتوو هەر ڕۆژەو لە ماڵێکدا خۆمان دەشاردەوە. وە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستاش بەبەردەوامی ئەنفالەکانم لە یاد ناچن و هەمیشە لە خەیاڵم دەرناچن، نەنکە (نەجمە محەمەد وەلی) بە چاوی پڕ لە گریان و هەناسەیەکی تونددەوە کە پڕبوو لە ئازارو چاوەڕوانی ئامارژەی بەوەش کرد کە (بەبەردەوامی خەویان پێوە دەبینم و چەند جارێك لە خەومدا دەستی کوڕە ئەنفالکراوەکانم گرتووەو لە کاتی خەوەکەدا بە تووندی پەنجەکانم دەنوشتێنم و دەستەکانم دەگوشم و ئەڵێم نەوەکو ئەم جارەش خەو بێت کە بە خەبەر دەبمەوە دەستەکانم بە تووندی نوشتاندووەو پاشان دەڵیم دیسانەوە خەو بوو)، لەو ڕۆژەی ئەنفال کراون بەبەردەوامی فرمێسك لە چاوانم ناوەستێ و هەمیشە لەبەرچاوم لاناچن، تەنانەت ساتێك نییە من بە چاوی گریانەوە نەخەوم. تەنانەت مێردەکەشم (عبدالکریم حسین عبدالله) لە پاش زیاتر لە (٦) شەش مانگ لە گرتوخانەی نوگرەسەلمان و کە ناخۆشیەکی زۆری چەشت لەو سجنەداو لە بەر ئەوەی کە

منداڵەکانمان لە گەڵیدا بوون و جیاکرانەوە لە مێردەکەم و بەرەو زیندە بەچاڵ بران، پاش ئازاد بوونی لە نوگرەسەلمان ئەویش بە ئازاری ئەو ئەنفالکراوانەوە بەبەردەوامی دەگریا تاوەکو توشی نەخۆشی زەخت و جەڵدە بوو وە ماوەی ٨ ساڵ لە سەر جێگا بە ئازارەوە دەینالاند ئازاری دوور لە منداڵ و کەسوکارە ئەنفالکراوەکانی تاوەکو لە ٢٠١٣/٢/١٨ پاش چاوەروانییەکی زۆرو بەو ئازارەوە گیانی پاکی سپارد. وە منیش تاوەکو ئێستاش چاوەروانم، هەرچەندە دەڵێن ئەنفال نەماوە بەڵام تاوەکو مردن چاوەڕوان دەبم و هەمیشە وێنەکانیان لەبەر چاوم وون نابن، تەنانەت کاتێک هەر ئێسکێک دەبینم لە تەلەفیزیۆندا من ژیانم تاڵ دەبێت و شوکرانەی خوای گەورە دەکەم، وە بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە لە هەڵەبجە نیشتەجێین و دوور لە خزم و کەس وکارمان چونکە گەڕانەوەمان بۆ گەرمیان خەمی منداڵە ئەنفالکراوەکانمان زیاتر دەکات، چونکە بە بینینی ناوچەکەی خۆمان منداڵەکانم زیاتر دێتەوە یادو زیاتر غەمبار دەبم هەرچەندە جێگای باو باپیرم خۆش دەوێ بەڵام لەو جێگایەدا منداڵ و کەسوکارم ئەنفال کراون و نەماون.

کوڕی ئەنفالکراوێک، مێژووی گرتنی باوکی خۆی لەسەر شێلمان نوسیوە.

ڕێکارێ مزوری



ڕۆستەم تۆپزاوەی دەڵێت ئەوکاتەی بابی منیان ئەنفالکرد من تاریخەکەم لەسەر ئەم شێلمانەم نووسی لە گوندی هەرموتەی کوێ، (١٩٨٨/٥/١٣) بوو باوکم لەناو ئامریەی کوێ دەستبەسەربوو، ڕۆژانە دەچوومە سەربان چاوەڕێی باوکم بووم، چونکە هەندێک کەس بە واستەو پارە بەردەبوون، بەڵام لە جیاتی بەردانی بابم ڕۆژێک دیتم کە سێ کەسیان بە فرۆکە لە ئاسمانەوە فرێدایە خوارەوە لە ئامریەی کۆیە، هەستم کرد کە باوکی منە لە فڕۆکەوە فڕێی دەدەن.



پورە مەهروب لە چاوەڕوانی ئەنفالەکاندا

حاجی شێرکۆ حاجی محمد ڕۆستم



لەدێ یەکی پەشمەردەی گەرمیانی نیمچە ئاوەدانەوە، پاشماوەی ئەنفالی ڕەنگو بوو کەلاوە ئاساوە، لای ژوری دێ واتە سەرەوەی تەنرابو بەبڕگە تاوێریکی ڕێزبەبدی بەسالاّچو، دەستە نەزەر وەستابون شانیان لەیەک ئالاّندبو ڕووقیبلە لە ئەفتادەو ڕیش سپیە بەسالاّچوەکان دەچوو کە دەمەو عەسران لاپاڵی دیواری مزگەوتەکانیان گەرم دەکرد، بەزکری خودای گەورەو سەرگوزەشتەو بەسەرهاتەکانیان وردەکوت دەکرد وەپشتیان دەچەسپاند بەدیوارەکەوە لە عەزرەت سەرمای مانگی ڕێ بەندان، یان لە ڕیزی تویژی جەماعەت دەچوو کە هیشتا خجلی قامەت بەستن، لای چەپی ڕێزە تاویرەکە کانیەکی ڕوونی بێ گەرد قولەی دەهات هورەی مەلوڵ چری دەچری ڕۆشن و ڕوناک بەوێنەی دڵی ئیمان داریکی خواپەرست کزو داماوی سێ گۆشەیەکی عەرعەر، بەلاّم چی کانیەک؟ کانیەکی کلۆڵی بێ نازی هاودەم تۆراو لە دەستە خوشکو برا تۆراو لە ئەوین ودەس نوێژی سەر لەئیوارانی دەستو بازو ماندو تویل بەئارەقی وەرزێرەکان، هەرچەند چەن جارێکیش ژەهراوی کرابون لەلایەن ناپاکانەوە بەلاّم پاکیو زەریفی هەرلە قولّە نەدەکەوت.

کانی بەرمالاّن نەدەسرەوت حالّ گرتبوی بێ شەرمانە قەتارو ئالاّوەیسی و سۆزو بەزم سەحەری دەچڕیو جۆش و خرۆشی خستبوە ئەم بەری یالّ و ئەو بەری چەم، گیا ئاسکیلەو لەنجەو سێ پەڕەی دەهاوردە شنەو سەماو بالّندەو سوێسکە سروشتی دەجریواند و دەی هەژاند.

واگزنگی خور زەمین پۆشاو چیشتەنگایەو کەس نەبو بێ بەلایەوە سلاّوێکی لێکات تووق بردو خەم دای گرت زەنگولّ زەنگول فرمیسکی ڕشت بیری کەووتوۆ کاروانی ڕەش ئەنفال وەک دێوە زمەی مەرگ، شێتانە دەسی لێ وەشاندین، خەلّکو عەشاماتەکەی ڕاپێچ کردوو، کچە عازەبەکانی نامەحرەمانە بەرخۆلّە ئاسا دران لەبەر کەلّە

ئەیان کردن لەبن میچی زیلەکاندا، دای لە پرمەی گریانوو هەلاّوی نامرادی بەرەو ئاسمان کشابۆ سکالا؟

(بەو بوە دیار جەستەی، خەستەی شکستەم)

(پەی تیمار زام، پەتـرووی نەوەستـەم)

ئازیزان پێناسەی تەواوی ئەنفال بەمنو هیچ کەس ناکرێت قەلّەم لەئاستی گۆجەو تەعبیر شکستەیەو کورتە نەفەسە پڕ بەبالاّی بەرزی ڕۆلّەکانی، ئەوەی ڕاست بێ شەرمەندەم لەئاستی نوسینی، شاخێکی شەرەف مەندەو ناتوانم پیا هەلّ زنێم بۆ دڵ دانەوەی ڕۆحی خۆم بۆیە دەلّیم:-

زامێکی سەختی بێ سامانە، خوێنەخوارەو ئەم تاسێنێ
بەئازارەوە. هێندە قوولّە،لە هەناوما پۆرگ دەچێنێ
مەرهەمی ئەم زامە نەبو، ساڕێژکردنی مەحاڵە
هەمو ساڵی لە ٤/١٤ دەکولێتەوە و هێشتا کاڵە

ئێ برا لە پوورە مەهروب پیرە ژنی بەجێ ماوی ئەنفال تەمەن (٨٠) ساڵ لەخانووە قۆڕ تەپیوەکەیدا، تیکەڵ بەداخ و پەژارەوە دەتلیتەوە لانەو بانەکەی بە جێ ناهێڵی لە عەزرەت شوین و پێی کوڕو کچ و کەسەکانیدا، دەڵی خانوو ماڵەکەم بۆ نوو بەرامی ئەوانی پێوەیە من لە چاوەڕوانیدام؟

داپیرە بۆیە مەیەکی ڕەشی قەرەوەنی لەتوێڵی توند کردبوو، دو پۆپی فرە چەرمووی خوری ئاسای بەم لاولای ڕومەتە لۆچو پۆچەکەیدا بەردابوەوە، هەرتاڵێکی سەدەها چیرۆکی نەهامەتی و کوشتن و بڕینی بەیان دەکرد.

داپیرە تەواو بەرگی قەلاّخیە تەنها (٢-٣)ی گوڵە ئەستیرەی سپی لە جلوبەرگەکەیدا بەدی دەکرا ئەویش لەترسی خوای گەورە.

چاوەکانی کز دەی ڕوانی ئەوەندە فرمێسکی پێ ڕشتبو

بەئەستەم تروسکایی مابوو تەنها بەشی سەیرکردنی ڕێگاوبانی لەکەلەبەری حەوشەوە، زوربەی کات تەسبیحە (١٠١) دانەکەی دەگرتە دەست و لە بێهیزی مەچەکی دەیخستە سەر هەردوو ئەژنۆی و ویردەکانی دەخوێند، وەبەرماڵە خەت ڕەش و سپێ کەی سنگی گرێ دەدا کردبووبە کوڵوانەی ئیمان.

داپیرە ئێواران پێش خۆرئاوا فانۆسەکەی دەهاوردە بەر هەیوانەکە بەدەستە لەرزۆکەکانی زبانەی تەلەکەی ڕادەکێشا و بۆریە چرا ڕەشەکەی پاک دەکردەوە دەی فەرموو خۆزگایە گەردوون بەیەدو و قورەتی خۆیی دڵ منیش وەك ئەم شوشە چرا لە زوخاو ڕەشی و خەموو پەژارە پاك دەکردەوە بەدیداری کور و کچەکانم شاد دەبومەوە.

پورە باسی کارەسات و خەڵکەکەی دەکرد هێچ دڵ ڕەقی خۆێ نەدەگێرا ئەوەندە بەتاسەوە دەچوو تابلۆی خەیاڵی ساتەوەختی ڕاپێچ کردنی ڕۆڵەکانی، دێوانە ئاسایی لێ هاتبو، هەرچەندە نەخوێندەوار بوو لەعەزەتدا بو و بو بە شاعیر لەبەرخۆیەوە ئەم بەیتانەی بەدەم سۆزو گریانەوە دەوتەوە:

وەڕۆڵە، ڕۆڵە دەشتم دا لەبەر
بەراز لەکێوان، سامی نیشتەسەر
ئەڕۆمە عەرعەر، خاکێ وەباکم
تاڵی لە قژیان، بەڵکو پەیدا کەم

یادی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان

وا بڕیار بوو لە یادی ٣٢ ساڵەی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یەکەی ئیداری دەڤەری بارزان بە هەماهەنگی ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی بواری جینۆساید لە دەڤەری بارزان ڕێورەسمێك بۆ بەرزراگرتنی گیانی پاکی شەهیدانی ئەم تاوانە لە گۆرستانی شەهیدان (جینۆسایدکراوان) لە ناحیەی بارزان لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٠٨/٢ ئەنجام بدات. بەڵام بەهۆی ڕەوشی کەشوهەواوە یادەکە دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

لە تەموزو ئابی ساڵی ١٩٨٣ دا پیاوانی عەشیرەتی بارزان دەستنیشانکران و لە کۆمەڵگاکانی قوشتەپەو حەریزو دیاناو

ئێژن لەعەرعەر، ئەنفال دێتەوە
بشێ! چاوی من ڕووناك بێتەوە!

پورە وشەکانی چەخماخەی ئاگری لەدڵ ئەسواند بۆنی کروسی لێدەهات بەتەنهاو تەنها لەو کەلاوەدا دەژیا، دەی فەرموو دەرگاکان کلۆم دەدەم سورەتی (قل هو الله) و (ئایەت کورسی) دەخوێنم ئیتر نەلەدێو و درنج ناترسم.

دەی فەرمو لەشرینی خەودا ڕۆڵەکانم دەم دەنێ بەگوێمەوە بانگم دەکەن، منیش ڕادەپەڕم وا دەزانم هاتونەتەوە سەرنج دەدەم کەس دیار نیە پشتی خەرزین و سندوقە دڵدڵە کە عەسەلای ماڵەکە دەپشکنم، ئەی بۆ خۆتان حەشاردواوە گاڵتە یان چاوشارکێم لەگەڵ دەکەن،ئەی بۆ دەنگتان هەیەو وێناتان نیە ڕۆڵە (نجات، محمد، ڕەوف، ڕوناك، نازدار) هەر دەڵێن دایە دایە منیش دەڵێم گیانی دایە، دایە بەقوربانتان بێ، یاخوا دایە بمرێ!

ئەم وولاتە مەرگە سات نەو، لەمێژەوە ئاوەدانوو
لانەی پڵنگ بێشەی شێروو، بۆ کردتانە کوندە پەپوو
خوێنی شەهید دەس نوێژی تەڕ، سجدەی بەرماڵ
گەر دەس خەینە ناو دەستی یەك، هەزار (صدام) دەخەینەچاڵ
ڕاست و تەواو و دروستە، پەندی پێشینان
ئەگەر بزن ئەجەلی هات، بێ شك دەیخوا نانی شوان

تەنانەت لە بەغدادی پایتەختی عێراقدا کۆکرانەوەو بەڕەوشوێنی نادیار بران، دواتر لە بەلگەنامەکاندا دەرکەوت کە هەموو پیاوانی بارزانیەکان کە دەستگیرکرابوون بە کۆمەلکوژرابوون .



خەڵاتی شێخ حسێنی هەزار کانی لە گەرمیان ڕاگەیەنرا.



ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ٢٠١٤ بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی گەرمیان وێڕای ئەوەی قوتابخانەیەکی لە ناحیێ ڕزگاری بە ناوی شێخ حسێنی هەزارکانی کردەوە، هەر لەو مەراسیمەدا کە خەڵکێکی زۆر تیایدا ئامادە بوون، خەڵاتی شێخ حسێنی هەزارکانیشی ڕاگەیاند. کە لە هەموو ساڵیادێکی ئەنفالدا ئەم خەڵاتە ببخشێتە هەڵبژاردەیەک کەسایەتی سەرکەوتوو، لەیەکەمین مەراسیمی ڕێزلێنانەکەدا خەلاتی شێخ حسێنی هەزارکانی بەخشرایە هەریەک لە:

١. محەمەد حسێن ناسراو بە (حەمەسور) کە لەسەروەختی ئەنفالدا زۆرترین کەسی لە مەرگ ڕزگارکردووە.

٢. مامۆستا عەلی پەرلەمان. وەک یەکەمین کەسایەتی کە کاری لەدۆسێی ئەنفالدا کردووە.

٣. مکرەم فەتاح وەک باشترین فەرمانبەر لەقایمقامێتی قەزای کەلار

٤. عومەر محەمەد سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان بە هۆی ئەوەی زۆرترین کاری لەسەر کەسایەتی شێخ حوسێنی هەزارکانی کردووە.

خەلاتی شێخ حوسێن بۆ؟

شێخ حسێن شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی کەسایەتییەکی ناسراوی گوندی هەزار کانی گەرمیان بوو. ئەو لەژیانیدا هەڵگری کۆمەڵێک ڕەفتاری بەرزوجوان بووە، لەمەرگیشیدا دەستبەرداری ئەو جوانیانەی نەبوو، کاتێک لە پەلاماری ئەنفالدا بەخۆی و خێزانەوە گیرابوون بردبوویانن بۆ قەڵای قۆرەتوو کە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی گەرمیان بوو بەڵام بەهۆی پێگەوناوبانگییەوە، وەک باس دەکەن بە تەکلیفی عزەت دوری لەلایەن خودی سەدام حوسێنەوە بڕیاری ئازاد کردنی درا، بەڵام شێخ مەرج دادەنێت و دەڵێت ئەگەر هەموو ئەو خەڵکەی لە نێوقەڵای قۆرەتوون لەگەڵ منداڵ ئازاد نەکرێن، ئەویش ئامادەنییە تەنها خۆی و ماڵ و منداڵی ئازادبن بەڵام داواکەی ڕەتدەکەنەوەوئەویش داواکەیان ڕەتدەکاتەوەو خەڵکەکەی بەجێنەهێشت. دواجار خۆی و هەردوو هاوسەرەکەی و کوڕەکانی کە بریتی بوون لە ١٣ کەسی خانەوادەکەی ئەنفالکران.

لەکاتی سەردانیکردنی بۆ مەزاری گۆڕی کەسوکارەکەی لە گوندی هەزارکانی مەلەک خانی تاقانەم بینیی‌و، باسی گۆڤاری ئەنفالستانم بۆکرد و پێمگووت کە گۆڤارێک هەیە تایبەتە بە دۆسێی ئەنفال و بەکۆمەکی کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی خەمخۆر دەردەچێت، بۆیە حەزئەکەم زانیاریتان لەو بارەیەوە هەبێت،

مەلەک خان هەڵوێستی خۆی دەربڕی کەوا ئامادەیە ساڵانە هاوکاری ماددی و مەعنەوی گۆڤاری ئەنفالستان بکات..دواتر تێمگەیاندکە بڕی پارەکە کێشە نییە، بەڵکو بەشداریکردنی ئێوە بۆخۆی پیشاندانو پاڵنەرەبۆئەوەی ئەوگۆڤارە بەردەوام بێتو خزمەتی زیاتر بەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بکات، ئەو ژنە ئازایانە ووتی هەموو ساڵێک بڕی چواردە هەزار بەو گۆڤارە دەبەخشم. ئەمەش وەک ڕەمزێک بۆیادی ١٤/ ٤ کە ساڵیادی ئەنفالەو وەک ئاماژەیەک کە (١٤) کەس لەئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراون.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
نهێنی

سەرۆکایەتی کۆمار سکرتێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش
بەریوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك
ژمارە : ش/ ٣/ ٤١٧٣
رێکەوتی ٢٤ی شوال ١٤٠٩ هـ
١٩٨٩/٥/٢٩

بۆ بەریوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر
ب/ تەرحیل " راگواستن

ناوی ئەو کەسانەتان بۆدەنێرین کە لە خوارەوە ریزبەندکراون مامەڵەیان بۆ بکەن چونکە راگواستن دەیانگرێتەوە بۆ کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ کردن لە پارێزگاکەتاندا لەوەرگرتنیان ئاگادارمان بکەنەوە.. لەگەڵ رێزدا



بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای دهۆك
١٩٨٩/٥/٢٩

ناوەکان :
1. خالد عیسی احمد
2. فاتمە خالد عیسی احمد
3. فاتمە رەمەزان رەشید لەگەڵ منداڵەکانی کە بریتین لە :
أ- خولە رەمەزان خالد
ب- خەناف رەمەزان خالد

وینەیەك بۆ :
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی / نوسراومان ١١١٢٠ لە ١٩٨٨/١٢/٣ ئەوانە ماوەی شەش مانگی دەستبەسەرداگرتنیان تەواو بووەو ئێستا مامەڵەی راگواستن دەیانگرێتەوە لەکۆمەڵگاکانی نیشتەجێکردنەوەی پاریزگای هەولێر بەپێی ڕێنماییەکانتان بۆ زانیاریتان لەگەڵ رێزدا.
فەرماندەیی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی دهۆك / نوسراوتان ١٢٠٣ لە ١٩٨٨/١٢/٥ تکایە گەیاندنی ئەوانە دەستەبەر بکەن بۆ بەریوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر کە ماوەی گرتنەکەیان تەواو بووە..... لەگەڵ ریزدا
ش.ت
بۆ ئامادە پێکردن
ج.و

بەسەرهاتی سەدریەو خانەوادەکەی، کۆچ لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان

ئەنفالستان

٢٦ ساڵ بەسەر پرۆسەی لەناوبردن و بێسەروشوێن کردن و دەربەدەرکردن و ڕاگواستنی میللەتی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ژێر ناوی (ئەنفال) دا تێدەپەڕێت. لەو هەڵمەتە ڕەشبگیری وبێسەروشوێن کردنە فراوانەدا کە نزیکەی ٧ مانگی خایاند سوپای بەعس بە هێزی سەربازی پیادەو فڕۆکەی جەنگی و ١٥٠٠ هیلیکۆپتەری شەڕکەر ڕووی لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستان کردو ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی لەژن و منداڵ وگەنج و پیری بێ سەرو شوێن کردو بەشێکیانی لە بیابانەکانی ناوەڕاست و باشوردا زیندە بەچاڵ وگولەبارانکردو بەشێکیشیان لە ناو گرتوخانەکانی نوگرەسەلمان و تۆپزاواو مەرکەزشەبابی دووز خورماتوودا بەند کردو ڕۆژانە لە برساندا دەمردن ڕاستە هەندێکیان ڕزگاریان بوو، بەڵام لەپاش ڕزگاربوونیشیان توشی چەندەها نەهامەتی و ئازارو دەربەدەری بوون، تەنانەت بەشێکیان تاوەکو ئێستاش دوور لەناوچەکانی خۆیان ژیان دەگوزەرێنن.


(صدریە ئەحمەد سمین) کە مێردەکەی و برایەکی و زۆربەی کەسوکاری ئەنفال کراوە ووتی: ئێمە دانیشتوانی گوندی تالاو بووین کە سەربە ناحیەی نەوجولی دووز خورماتووە لە پرۆسەی ئەنفالدا لە گوندەکەمان دوور کەوتینەوە و چوینە دەرەوەی گوندەکە و لە ناو ژێرزەمیندا خۆمان حەشاردا بوو سوپای بەعس ڕوویان کردە گوندەکەو لەوێشەوە هاتن بۆ هەموو ناوچەکانی دەوروبەری گوندەکەمان و تەیارەو فڕۆکەش بۆردومانیان دەکرد بە پیادەو تەیارە هێرشیان هێنا، پیاوەکانیان ڕیز کرد تاوەکو دەست ڕێژی گولەیان لێ بکەن و بیانکوژن، ئەوانیش شایەتومانیان هێناو پاشان ژنەکانیش دەستیان کرد بە گریان و وتیان مەمان کوژن، لەو کاتەشدا بەعسیە خوێن مژەکان بڕیاریان دا کە نەمان کوژن، گوندەکەیان ڕووخاندو خاپوریان کرد بە ئێمەیان ووت کە دەتان بەین بۆ شارو ئۆردوگاتان بۆ دەکەینەوە بەڵام درۆیان لەگەڵ کردین، بەڵکو ئامانج و مەبەستی ئەوان لە ناو بردنمان بوو، بە ئیڤای سەربازی لە گوندی تالاوەوە ئێمەیان برد بۆ ناحیەی نەوجول و لەوێ کۆیان کردینەوە هەتا ئەوکاتەش پیاو ژن و منداڵ پێکەوە



بووین، پاشان بە ئیڤای سەربازی ئێمەیان برد بۆ مەرکەزی لاوانی دووز خورماتوو، لەوێش پیاو ژنیان جیا کردەوەو ژن و منداڵیان برد بۆ گرتووخانەی (مرکز شبابی) دووزخورماتوو، پیاوو کوڕە گەنجەکانیان برد بۆ مەرکەزێکی دیکە لەوێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار و زیندە بەچاڵ بران، مێردەکەم ناوی (غازی عبدالکریم حسین) و برایەکم ناوی (فریاد ئەحمەد) و باوکم و ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەسوکارەکەم لە ناو ئەو ئەنفالکراوانەدا بوون و بەرەو زیندە بە چاڵکردن بران، بەڵام باوکم لە پاش لە (٦) شەش مانگ زیاتر لە نوگرەسەلمان ڕزگاری بوو، ئەویش لە چاوەڕوانی کوڕو کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیدا کۆچی دوایی کرد. تەنانەت مێردەکەم قورئانێکی پیرۆزی لە باخەڵدا بوو لەکاتی ئەنفالکردنی. ئێمەش لە گرتوخانەی (مەرکەز شەباب) ی دووز خورماتوو دەست بەسەرکراین و چەند هەزار لە ژن و منداڵی تێدا بوو، لەوێشەوە بەبەردەوامی و بە ئیڤای سەربازی ئەو ژن و منداڵانەیان بەرەو چارەنوسی نادیار دەبرد تاوەکو ٣ ڕۆژ خەڵکیان بە ئیڤا ئەبردو پاشان لە لایەن فەرماندەیەکی جاشەوە بەناوی (جەبار) هێرشکرایە سەر مەرکەز شەبابەکەو دەرگاو پەنجەرەکانیان شکاندو ژمارەیەکی

زۆر لە ژن و منداڵیان رزگارکرد. ئێمەش لەو کاتەدا دەرچوین و ڕامان کرد تەنانەت منداڵەکانمان لەدیواری سجنەکەوە فڕێ دەدایە دەرەوە لە کاتژمێر ٩ی بەیانیدا خۆمان کرد بە ماڵێکدا کە دەرگاکەیان کرابووە و لە خۆمانەوە چوینە ماڵەکەوە ماڵەکەش زۆرباش بوون بەسەرماندا دەگریان لەو کاتەشدا شەڕە تەقە بوو تا شەو لەو ماڵە خۆمان حەشاردا بەڵام هەواڵیان لە سەردانە و چونکە لەو کاتەدا ئەمن و ئیستخبارات بەدوای ڕزگاربوانی ئەنفالدا دەگەڕان هەتا بمان گرن و زیندە بەچاڵمان بکەن، بۆیە لەوێش دەرچوین و ڕۆیشتن بۆ گوندێکی عەرەب بەناوی زەرگە کە دەکەوێتە نزیک تکریت و لەو گوندە خۆمان حەشارداو وەکو دەست بەسەر وابووین و چەندجارێك جەیش و جاش هاتن ئێمەش ڕامان دەکردە دەرەوە و دووجار بە شەوجەیش هاتن ماڵە عەرەبەکە هاوکارییانکردین و دەرگای لەسەر قوفڵ داین تا ٩ ی بەیانی تاوەکو بەعسی نەزانن کە لەوێین، چەند جارێ بە پێی پەتی و بە بێ نان و ئاوو ڕامان کردو چوین بۆ چەمی زەرگەو هەردەکان تاوەکو خۆمان حەشار بدەین و خۆمان بپارێزین لەو درندانە. تەنانەت لەو گوندەدا منداڵێکم بە ناوی زامن توشی نەخۆشی بوو ژنێکی کورد کە مێردەکەی تورکمان بوو کردی بە منداڵی خۆی ١٢ دوازدە ڕۆژ لە نەخۆشخانەی دووزخەواندی وچارەسەری کرد.

هەرچەندە ژیان زۆرناخۆش بوو بەبەردەوامی لە ترسدا دەژیاین، بەڵام لەو گوندە عەرەب نشینەشدا هەواڵمان لەسەر درا (ئیخبار) ی کراین و وتیان ماڵە ئەنفال لەو گوندە هەیە بەعسیەکان بە نیاز بوون لەوێش بمانگرن و بمان بەن پاش (٦) شەش مانگ ژیان بەسەر بردن بەو شێوازە لەو گوندەدا زۆر هاوکارمان بوون، کەهەرگیز لە بیرمان ناچێ. پاشان کەسێك بەناوی (ئەحمەد تەعال) بە سەیارەی خۆی و بە نهێنی ئێمەی هێنا بۆ دووز خورماتوو، پاشان لە دووز هەر سەعات و ڕۆژو کاتێك لە ماڵێکدا خۆمان حەشار دەداو دەریان دەکردین و دەیان ووت ئەمن و ئیستخبارات هات دەرچن و لە سەربانەکانەوە لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ ڕامان دەکرد هەتا حکومەت لێبوردنی دەرکردو خۆمان دابەدەستەوەو بە ئیڤای سەربازی ئێمەیان برد بۆ عەربەت و لەوێ دەورمان گیرا لە لایەن سوپای بەعسەوەو فڕۆکە بە ڕاسەرماندا دەسوڕایەوە ئێمەش وامان دەزانی دەمان کوژن و لەوێ بەبێ نان و ئاو بەیانی تاوەکو 9ی شەو لەوێ بووین، لەوێ منداڵێکم وون بوو بەناوی (هێمن) وام زانی ئەو منداڵەشم لەدەستچووە چونکە خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون و پاشان بە موکەبەرە بانگەوازیانکردو دۆزرایەوە، لەوێوە شەو بە ئیڤای سەربازی ئێمەیا برد بۆ چەمچەماڵ لە ڕێگا خەڵکی لەسەرجادە دەیان گوت ئێرانیەکانیان هێنا واتە بە ئێرانی لە قەڵەم درابووین کە گەشتینە چەمچەماڵ ناو نوس کراین کە لە گەڵ ماڵی خەسوم و دوو خوشکی مێردەکەم و خۆم و ٤ چوار منداڵەکەم بووین پاشان گەڕاینەوە بۆ دووز خورماتوو تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووین دوای ڕاپەڕین ئاوارە بووین بۆ وڵاتی ئیران کە لەوێش گەڕاینەوە لە هەڵەبجەی شەهید نیشتەجێ بووین و هەتا ئێستاش لەوێ نیشتەجێین و لەوێ منداڵەکانم خستە بەر خوێندن و لە گەڵ خوێندنەکەیاندا کاریان دەکرد بۆ بژێوی ژیان و تا کۆلێژیان تەواو کرد.





عومەر خورشید مەحمود:

ژیان بۆ ئێمە زۆر ناخۆشە، پڕە لە ئازارونەهامەتی

ئامادەکردنی / شادی غازی عبدالکریم



پرۆسەی ئەنفال، جگە لەکوشتنی هەزاران مرۆڤی بێتاوانی کورد، کەسوکاری ئەنفالکراوانی توشی لێکترازان کردو دەیان گرفتی کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی بەدوای خۆیدا هێنا، لە ناوچەی گەرمیاندا کە زۆرترین پشکی بەرکەوت ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکان بە تەواوی لەناوبران و ئەوانەشیان کە ڕزگاریان بووە ئاوارەو دەربەدەر بوون و ژیانیان بەکەم دەرامەتی بەڕێخستووە.

عومەر خورشید مەحمودی تەمەن (٥٨) ساڵ چیرۆکی خۆی بۆ ئەنفالستان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئێمە خەلکی گوندی عەزیز بەگی سەر بە قەزای خورماتووین خەڵکێکی زۆر لە گوندەکەمان ئەنفالکراوە خێزانەکانمان زۆریان ئەنفالکراون و هەمانە هیچ کەسێکی ڕزگاری نەبووە. من بۆ خۆم (١٠) دە منداڵ و خێزانەکەم ئەنفالکراون لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ەوە ئەنفالکراون و هەتاوەکو ئێستا چارەنوسیان نادیارە، لەناویاندا (٤) چوار کوڕم بە ناوەکانی (عەلی و سەروەر و کارزان و سیروان) کچەکانیشم بە ناوەکانی (خەدیجە و نەزیرەو سەوزە و جەیران و پەیمان و بەنان) خێزانیشم دووگیان (حامیلە) بووەو لە کاتی منداڵ بوونیدا بووە کە ئەنفالکراوە، عەلی کوڕم پێشمەرگە بوو. لە پاش ئەنفال تەنها لە گەڵ دوو کوڕمدا ڕزگارمان بوو. ساڵی ١٩٩٢ دووبارە ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنایەوە لەم خێزانەم (٢) دوو کوڕو (٢) دووکچم هەیە بە ناوەکانی (چیا و ئامانج و سارا و ئالان).

برایەکی دیکەم بەناوی(محمد خورشید) هەموو ئەندامانی خێزانەکەی کە ژمارەیان (١٠) دە کەسن ئەنفالکراون و خۆشی بە دەستی ڕەشی جەلادەکانی بەعس شەهیدبوو، تەنانەت هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی ڕزگاریان نەبووە. برایەکی دیکەم بەناوی (عوسمان خورشید) لە پاش پرۆسەی ئەنفال تەنها خۆی و کوڕێك و کچێکی بە ناوەکانی (ئەحمەد و نەزیرە) ڕزگاریان بوو (١٦) شازدە کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەنفالکراوە، ئەویش وەکو من بەردەوام لە ئازاری ئەنفالکراوانیدایە، ژیانی تەنیایی ناچاری کرد دووبارە هاوسەرگیری بکاتەوە لەم ژنەش کچێکی بوو، بەڵام زۆری نەبرد کە ژنی دووەمیشی کۆچی دوایی کرد. بۆیە ژیان لە ئێستادا بۆ ئێمە زۆر ناخۆشەو پڕە لە ئازارو نەهامەتی.

سەبارەت بە باری ژیان عومەر خورشید دەڵێت: ئێمە پێش ئەنفال لە گوندەکەی خۆماندا بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری ژیانی خۆمان دابین دەکرد، مەڕوو ماڵاتم هەبوو پێیانەوە خەریك بووم بەڵام ئەنفال سەرومااڵی بەتاڵان بردین، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاوارە بووین بۆ ئێران، کە لە وواڵتی ئێران گەڕاینەوە نەچوینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان لەبەرئەوەی هیچمان نەمابوو بۆیە لە هەڵەبجە نیشتەجێ بووین هەتاوەکو چەند ساڵێك لەمەوبەریش بە ئیشوکارەوە خەریك بووم، ڕۆژانە بۆ بژێوی ژیانمان بە کۆاڵنەکانی هەڵەبجەدا دەگەڕام وکاسبیم دەکرد بەکڕین وفرۆشتنی نانە وورد‌ەو شت کڕینی ماڵانەوە خەریك بووم بەڵام ئێستا پەکم کەوتووە و ناتوانم ئەوکارەش بکەم.

هەتا ڕۆژێکم لە ژیاندا مانێت منداڵە ئەنفالکراوەکانم لەیاد ناچن و بە بەردەوامی ئەگریم بۆیان تەنانەت ناتوانم گوێم لە وشەی ئەنفال بێت، هەرکات ناوی ئەنفال ئەهێنرێت من ژیانم بە گریان و ئازارەوە دەبەمەسەر.

مەریەم بارتوچیان بێ تاقەت و پەشیمانە



رۆژی ٨ی تەموزی ساڵی ٢٠١٥ ماڵپەری سنور میدیا بلاوی کردەوە کە کچە هەڵەبجەییەکە بێتاقەت وپەشیمانە. مەریەم بارتوچیان، کە ئێستا خوێندنداکاری زانکۆیە لە ئێران، ناوی منداڵێکە پروپاگەندەی ئەوە دەکات کە هەڵەبجەییەو لە کیمیاباران رۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ ونبووەو خانەوادەیەکی ئێرانی بەرەگەز فارس گرتوویانەتە خۆیان و بەخێویانکردووە دوای گەرانەوەی بۆ هەڵەبجەو دوای شیکاری (دی ئێن ئەی) و سێ مانگ چاوەروانی هێشتا ئەنجامی بەدواداچون و شیکارییەکان رانەگەیەندراون. بۆیە مرییەم دەڵێت: من زۆر بێتاقەت و دڵ تەنگم، چونکە وا هەست دەکەم هیچ کەس لەلای گرنگ نیە کە من کچی هەڵەبجەم، ئامارژە بە کەمتەرخەمی بەرپرسانی حکومەت دەکات و دەڵێت: تا ئێستا وەزارەتی کاروباری شەهیدان، هەواڵێکی منی نەپرسیوە! یەك ژووری پێ نەداوم تا تێیدا بژیم و نەبمە ئەرك بەسەر ماڵانەوە، من ماومەتەوەو لە خەمی بینینی خێزانەکەی خۆمم، لە ئێران غەریب بووم و لە شارەکەی خۆشم هەر غەریبم، سێ مانگە من لە چاوەڕوانیدا ماومەتەوەو هەموو شت ئاشکرا بووە، ئیستا ٩٨٪ ڕون بوەتەوە کە من کچی کێم بەڵام هیچ بە من نالێن!! سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوەیان بلاوکردووەتەوەو مەریەم پشتراستی دەکاتەوە کەوا ئەنجامی "فەحسی (D.N.A) ئەوەی ڕونکردووەتەوە کە من کچی خێزانە ئێرانیەکەم نیم و کوردم، بەڵام تا ئێستاش هەر بە چاوەڕوانی ماومەتەوە. لە لاپەرە ٧ی ژمارە ٢١٤٩ی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢ ڕۆژنامەی هەولێردا مرییەم دەڵێت (من ٢٧ ساڵ لەمەوپێش قوربانی جەنگی ئێران عێراق بووم، ئێستاش قوربانی ململانێی سیاسی کوردستانم، دەبێت من هەمیشە قوربانی دەربم، لەیەکەم ڕۆژی گەرانەوەم بۆ هەڵەبجە کۆمەڵێك هیوام هەبوو، بەڵام دیاری نەکردنی چارەنوسم خەریکە هیواکانم بەرەو لە ناوچوون دەچن) .

لوقمان عەبدولقادر ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٥ لەکەنالی کەی ئێن ئێن رایگەیاند کە بۆ جەژنی ڕەمەزان بەخانەوادەکەی شاد دەبێتەوە ئەم قسەیە زیاتر لە بەکالاکردن نزیکە دەنا جەژنی مرییەم وخانەوادەکەی ئەو چرکەساتەیە کە بەیەك شاددەبنەوە ئیتر خێرە بۆ جەژن ئەم مەراسیمە هەڵدەگرن؟ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٧٣١ ی ڕۆژی ١٤ی تەموزی ٢٠١٥ لەبارەی مرییەمەوە نوسیوێتی (ئێستا هەست بە غەریبی دەکات، مرییەم هەڵەبجەیی تاقانەیەو کەسی نەماوە، لەڕاپۆرتێکدا قسەی دکتۆر فەرهاد مارف بەڕێوەبەری سەنتەری مایکرۆجینی ئەهلی لەسلێمانی بڵاوکردووەتەوە کە پشکنینی (D.N.A) بۆ مرییەم باردوجیان کردووە گەیشتوونەتە ئەوبروایەی مرییەم هەلەبجەییە بەڵام تاقانەیەو کەسوکاری نەماوە) مرییەم خۆزگە دەخوازێت نەگەرایەتەوەو نەیزانیبایە هەڵەبجەییە وەك بەمیدیاکارانی ڕاگەیاندووە خۆزگە هەرگیز نەمزانیبایە کە خەڵکی هەڵەبجەم. ئێستا ئەزانم بەڵام پەشیمانیان کردمەوە، چونکە ڕۆڵەکانی هەڵەبجە دوای ٢٧ساڵیش ستەم لێکرا و غەریبن، هیچ کەس ئاگای لە حاڵی ئێمە نییە وەك ئەوەی ئێمە مردبین بەڵام ئێمە زیندوین!. هەمان ژمارەی کوردستانی نوێ ئائومێدی مرییەمی بڵاوکردووەتەوە کە مرییەم ئێستا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کوردستان بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ئێران.

ئەرشیفێکی وێنەیی گرنکی گوندەگانی ناحیەی ئاغجەلەر کەوتەبەردەست

پاش چارەکە سەدەیەك لەتاوانی ئەنفال و کیمیاباران لە گۆڤاری ئەنفالستانەوە چیرۆکی دەست کەوتنی ئەرشیفێکی وێنەیی گرنکی گوندەگانی ناحیەی ئاغجلەر زیندوو دەکرێتەوە..

پاش ئەوەی مامۆستا بەهۆی هێمن عەبدوڵاوە هەواڵی ئەوەمان زانی کە ئەرشیفێکی گرنگ لەتکییەی کاکە مەند هەیەو لەلای مامۆستا عیمادە پارێزراوە زۆر دڵخۆش بووین، مامۆستا هێمن عەبدوڵا لێی رانەوەستابووهەرئەورۆژە سەردانی مامۆستا عیمادی کردبوو ئەویش مەردانە و بێ دودڵی بەشێکی زۆری فیلمی وێنەکانی پێدابوو، بەنیازی ئەوەی بیانشۆینەوەو زیندویان بکەینەوە، فیلمی وێنەکان هەمووی لە دووگونێی شەکردا و لەناو زەرفی نایلۆنی رەشدا هەڵگیرابوون، هەرزەرفێك تایبەت بوو بەگوندێك و لەناو هەرزەرفێکیشدا لەناو کیسی کاغەزی تایبەت بەوێنە هەڵگرتن ناوی هەرخانەوادەیەك و کەسەکانیان نوسرابوون، هەڵبەتە تاوتوێ کردنیان، پۆلێنکردنو رێکخستنەوەو سکان کردنیان کارێکی لەرادەبەدەر قورس و ئاڵۆزە. ئێمە وەك گۆڤاری ئەنفالستان بە پێویستمان زانی بەسەری بکەینەوە و دیداری تایبەتی لەگەڵدا سازبدەین.

مێژووی فیلمەکان:

مێژووی ئەم وێنانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکان وکۆتایی هەشتاکان، کە تیایدا وێنەی زۆربەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنی و بناری خاڵخاڵانی لەخۆگرتووە، گرنگی ئەو ئەرشیفە بۆ ئێمە ئەوەیەکەوا وێنەی زۆربەی ئەوکەسانەشیان تێدایە کە ئەنفالکراون، ئەم وێنانە چۆن پارێزراون و چۆن دەست ساڵنامەی ئەنفالستان کەوتن هەروەها ناوی ئەوکەسایەتیانەی رۆڵیان لە هەڵگرتنیاندا هەبووە لەم دیمانەیەی خوارەوەدا روندەبێتەوە،

فیلمی وێنەکان هی وێنەگری بە توانا (حاجی کاکەوڵایە) کە ئەوکاتە لەناحیەی ئاغجلەر وێنەگر بووە، کاروباری ئەوکاتی هاوڵاتیانی گوندەکانی ناحیەکەی رایکردوە. لێرەدا نەگۆڤاری ئەنفالستان و نە مامۆستا هێمن عەبدوڵا ئەومافەبەخۆمان نادەین کە وەکو خاوەندارێتی وێنەکان پاوان بکەین بۆخۆمان لەبەرئەوەی خاوەنی راستەقینەی وێنەکان فۆتۆگرافەر(حاجی کاکەولای ئاغجلەرە). بەڵام دەبێت ئەو راستیەش بوترێت ئەگەرهاوکاری رێکخراوی سپی و جدییەتی مامۆستا هێمن عەبدوڵاو پەرۆشی ئەو نەبوایە رەنگە ئەو ئەرشیفە بەزیندوویی نەبینرایەتەوە بەلای کەمەوە رەنگە وا زوو گیانیان بەبەردا نەکرایەتەوە، چونکە وێنەکان هەموویان فیلمن و پێویستیان بە شوردنەوە هەیە، لەبەرئەوەی وێنەکان زۆر زۆرن و لەژماردن نایەن بێگومان پارەیەکی زۆر زۆری پێویستەو ئەوەش لە توانای رێکخراوی سپی و مامۆستا هێمندا نیە، بۆیە بە سیستمی پرنتەر فۆتۆکان شۆردراونەتەوەو خراونەتەوە سەرسێدی و هەموو کارەکەش مامۆستا هێمن ئەنجامیداون. رێکخراوی سپی بۆناوچەکیمیابارانکراوەکانیش بەدەست و برد سکانەرێکی تایبەتی بۆکارەکە دابین کرد.

ئێمە سەرباری ئەوەی کارەکەی خۆمان بەتایبەتی شەونخونی و ماندووبوونی مامۆستا هێمن وهاوکاری و پشتیوانی رێکخراوی سپی بەکەم ناگرین، بەڵام گرنگی ئەوکارە دەگێڕینەوە بۆ خاوەنی وێنەگری رۆشناو مامۆستا عیماد کە لەو رۆژگارە سەختەدا لە ونبوون پاراستویانن. ئەگەر دەسەڵاتمان هەبوایە خەڵاتێکی شایستەمان پێشکەش دەکرد، چونکە ئیستا کورد بەهۆی ئەو وێنەگرەوە خاوەنی ئەرشیفێکی زۆرگرنگی ناوچەیەکی کوردستانە کە ئەنفال لە قۆناغی چوارەمدا تاوانی گەورەی تێدا ئەنجامداو خەڵکێکی زۆر ئەنفالکران، هەندێك لەو

کەسانەی ئەنفالکراون جگەلە وێنانەی کە لەلای حاجی کاکەولا لە پێش ئەنفالدا گیراون و پارێزراون هیچ شتێکی ئەوتۆیان لە دوای خۆیان بەجێنەهێشتووە، ئێستا هەر هیچ نەبێت خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و کەسایەتیەکی ماندو نەناسی وەک مامۆستا هێمن دەتوانن بەشانازییەوە بڵێن خاوەنی ئەرشیفێکی شایستەی خۆمانین.

وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد وێنەکان زۆر زۆرن و لەژماردن نایەن، بۆیە لێرەدا تەنها مشتێک لەخەروارێک دەخەینە ڕوو، تەنها چوار نمونە چ لەوانەی ئەنفالکراون و لە ژیاندا نەماون، چ لەوانەی لەژیانداماون (سالار ئەحمەدو ئەمیر عەلی و عوسمان حەمەئەمین وێنەکانیان لەرێگەی ئەو فیلمە نەشۆراوانەی وێنەگری ڕۆشناوە دەست ئەنفالستان کەوتوون. کە بەم شێوەی خوارەوە کاریان لەسەرکراوەو بە سکانەر شۆراونەتەوەو داتاکراون و لەلای مامۆستا هێمن عەبدولا کاریان لەسەرکراوەو پارێزراون.

سالارمحمد ئیسماعیل ئەحمەد.



لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ لە ١٩٨٠/١٢/٢٠ لەگەڵ غزال عبدالرحمن هاوسەرگیری کردووە، لە قۆناغی ئەنفالی چواری ناوچەی قەڵاسێوکەدا گیراوەو ئەنفالکراوە، چوار منداڵی دوای خۆی بەجێهێشتووە، ئێستا منداڵەکانی گەورە بوون و خۆشبەختانە هەموویان ژیانی هاوسەرگیرییان پێک هێناوە.

ناوی منداڵەکانی پیشەی منداڵەکانیان

سەردار ١٩٨٢ پاسەوانی سنور

پێشرەو ١٩٨٤ پێشمەرگە

هونەر ١٩٨٦ کاسب

گەشاو ١٩٨٨ ژنی ماڵەوە

هاوسەرەکەی بەناوی غزال عبدالرحمن ئێستا کارگوزارە لەئامادەیی گۆپتەپە..

تێبینی :ئەم وێنەیە لای کەسوکارەکەی نییە

ئەمیر عەلی ئەحمەد



لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٩ خۆی و تەوای خانەوادەکەی لە پەلاماری ئەنفالی چواری ناوچەی قەڵاسێوکە لەگوندی گۆپتەپەگیراون و پێکەوە ئەنفالکراون، جگەلە خانەوادەکەی خۆی دایک وباوکیشی گیراون و ئەنفالکراون بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنیان هەڵکشاوە ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراون و ماوەی شەش مانگ دەستبەسەرکراون، دواتر ئازادکران وگەڕانەوە بۆگۆپتەپە باوکی کۆچی دوای کردوە ودایکیشی تائێستا لەژیانداماوە.

ناوی خێزان ومنداڵەکانی موالید

تەمین جەوهرکەریم ١٩٥٧

هەوار ئەمیر عەلی ١٩٧٥

ئاکۆئەمیر عەلی ١٩٧٦

نەهرۆئەمیر عەلی ١٩٧٩

سەردار ئەمیر عەلی ١٩٨١

عوسمان محەمەد ئەمین ئەحمەد





لە دایك بووی ساڵی ١٩٧٢ مێژووی ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧٧ ئەم وێنەیە بۆ یادەوەری گیراوە لە ناحیەی ئاغجەلەر عوسمان محمدئەمین ئەحمد تاپۆلی پێنجەمی سەرەتای خوێندوە دواتر بەهۆی ئەوەی کەسوکاری بەتابەتی باوکی بووەتە پێشمەرگەو کەسوکاری بەشداریان لە شۆڕشی رزگاری خوازی کوردا کردووەو دواتر ١١ کەس لە بنەماڵەکەیان شەهید بوون ئەویش لەزۆر مافی سەرەتایی بێبەش دەبێت لەوانە لەخوێندن. ئیستا نیشتەجێی گوندی گۆپتەپەیەو باوکی (٤) منداڵە. وەك لەوێنەکاندا دیارە عوسمان محەمەد لەتەمەنی مندالیدا بەکلاوێکی خوری گوڵینکەدارو جلی کوردییەوەو لەگەڵ وێنەکەی ئێستایدا گرنگی ئەو ئەرشیفەمان بۆ رونتر دەکاتەوە.

سابیر ئەحمد سابیر






لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩ ی گوندی گۆپتەپەیە سابیر تەنها پۆلی یەکەمی سەرەتای خویندوە، بەهۆی کەم دەرامەتی دەربەدەری و ئاوارەییەوە دەستبەرداری خوێندن بووە. میژووی وێنەی منداڵییەکەی لەوێنەگری ڕۆشنا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ لەناحێی ئاغجەلەر.

ساڵی ١٩٩٦ خیزانی پیکهێناوە، ئیستا لەگۆپتەپە نیشتەجێیەو خاوەنی ٦ منداڵە بەناوەکانی هۆزان و بۆکان و شۆخان و لۆزان و محمدو علی

ئەمە وێنەی مام ئەفەندیی و کەمالی کورێتی کە ئەنفالکراوە، کەمال لە دایکبوی ١٩٧٣ی گوندی جەلەمۆردە لە ڕۆژی ١١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ لە قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا خەلکی جەلەمۆرد زیاتر لە ٥٠٠ کەسیان گیران و لەکۆی ئەو ژمارەیە تەنها نزیکەی ٣٠ کەس لە پیرەمێردو پیرەژن دوای شەش مانگ لە قەلای نوگرەسەلمان گەرانەوە، ئەوانی تر هەموویان ئەنفالکران، مام ئەفەندی یەکێك بوو لەوکەسانەی لە نوگرەسەلمانەوە بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕایەوەو تەواوی خانەوادەکەی و ٣٨ کەس لە بنەماڵەکەی لە چەمی بابە ڕوشەی نزیك گوندی جەلەمۆرد، گیران و ئەنفالکران جگەلە مام ئەفەندی هیچ کام لە خێزانەکەی و منداڵەکانی نەگەڕانەوە، مام ئەفەندی یەکیك بووە لەگرنگترین شایەتحاڵەکانی دادگای باڵای تاوانەکان، هەروەها باشترین نمونەی پیشانی وەفدێکی پارتی چەپی سویدی کرد بۆ بەفەرمی ناسینی تاوانی ئەنفال وەك جینۆساید. وێنەکەی کەمال ئەفەندیش تەنها فلمێکی ڕەشوسپی ناوئەرشیف و کیسەکەی وێنەگری ڕۆشنایە کە مامۆستا عیماد ڕادەستی مامۆستا هێمن عەبدولاّی کردووە.



گەنج ئەنفالکراو – ئەنفالکراو
وێنەگری رۆشنا



مام ئەفەندی (گەنج) وێنەیەکی پێش ئەنفال -
وێنەگری رۆشنا



وێنەی مام ئەفەندی پاش ئەنفال بەرلە مردنی

دیداری تایبەت

هەر لەبارەی زانیاری زیاترەوە ئەنفالستان مامۆستا هێمنی راسپارد بەوەی بەلای کەمەوە پەرەگرافێک دەربارەی ئەوپرۆژەیەو چۆنێتی بە دەستهێنانیان بنوسێت، بەڵام ئەو بەباشی زانیبوو دیمانەیەک لەگەڵ مامۆستا عیماد سازبدات، بەسوپاسەوە دیمانەکەی ئەنجامداو بەو شێوەی خوارەوە مامۆستا عیماد باسی ئەو ئەرشیفەگرنگە دەکات.

مامۆستا ئەگەر بکرێت ناوی خۆتمان پێبلێیت؟

عیماد خالید ڕەزا.

تەمەنت چەندەو لەکوێ لەدایکبوویت؟

ساڵی ١٩٨٤ لەگوندی قوراوی سەربەناحیەی ئاغجلەر لەدایکبووم، بەڵام ئیستا لە تەکیەی کاکەمەند نیشتەجێ بووم.

ئیستاش هەرکاری وێنەگری دەکەیت؟

لەراستیدا پیشەی سەرەکیم مامۆستاییە وکاری وێنەگریش دەکەم.

ئەگەر بکرێت چیرۆکی هەڵگرتنی ئەو ئەرشیفەم بۆ باسبکەیت؟

لە ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣ وەک شاگرد کاری وێنەگریم لەگەڵ عبدالله ئیبراهیم کرد بەناوی وێنەگری رۆشنا هەندێک وێنەی کۆنمان هەبوو کە گوندەکانی ناوچەی قەڵاسیوکەو شوانی تێدا بوو، ئەوانە کەوتنە دەست من وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی هەستم بە بەرپرسیارێتی کرد بۆ پاراستنیان تا ئیستا لەم کاتەبەدواوە بەشێک لەم وێنانە لای بەرێزتانە وئیستا ئێوە خاوەنی ئەو وێنانەن کەکاری لەسەردەکەن ئەوەی جێگەی باسە ئەم وێنانە لەسەر شێوازی کۆن گیراون و کارکردن تێیاندا ئاسان نییە بۆیە دەبێت بەو پەڕی ئامانەت و دەستپاکیەوە هەروەها بەشێوازێکی زۆر مرۆڤانەو سەلیقەیەکی وردەوە کاریان لەسەر بکریت هەم لەپاراستنیان هەم هەوڵدان بۆ ناسینەوەیان چونکە شتێکی زۆر بە نرخن لای من ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ دەبیت من لای خۆم هەڵم گرتون، ئامادەی هەموو هاوکاریەکم چ بەمادی وچ بە مەعنەوی بۆ ئەوەی ئەو کارەی ئیستا ئیوە پێی هەڵساون سەربگرێت کە بەسکان دەیانشۆنەوەو دەیانخەنە سەر سیدی ئەوە بۆ ناسینەوەی کەسەکان زۆر گرنگە، جارێکی تر زیندووکردنەوەی ئەم وێنانە بەتایبەت ئەو وێنانەی خاوەنەکانیان شەهیدو ئەنفالکراون و ئیستا لە ژیاندا نەماون ڕەنگە هیچ وێنەیەکیان لەلای کەس وکاریان نەمابێ، خۆ ڕەنگە تیایاندابێ هیچ کەس لەکەسوکاریشیان نەمابێ جارێکی تر بەخاوەنە ڕاستەقینەکانیان بناسێنیتەوە.

باسی ئەوەت کرد لەکاتی کارکردنت کەسانێک وێنەی باوک و دایک و خوشکیان هەر نەبینیوە بەهۆی ئەوەی ئەوکات منداڵ بوون ئیستا وێنەکانیان لای تۆیە ئەوە بۆمن جێگەی



شانازیە کە دەستم هەبووە لە ئاشناکردنەوەی وێنەی باوک ودایکە شەهیدێك بە رۆڵەکەی شاد بکەمەوە پاش چارەکە سەدەیەك ئەمە بۆمن لەهەموو سەروەتی دونیا گرنگترە، دەست خۆشیم بۆ ئێوەش هەستاون بەم کارە پیرۆزە و هیوادارم نمونەتان زۆربێت.

ئامانج لە هەڵگرتنی ئەم وێنانەلای خۆت چی بوو؟

دوو ئامانجم لەهەڵگرتنی ئەم وینانە هەبوو یەکەمیان ئەوانەی لە ژیاندان جارێکی تر وێنەکانیان لەو سەردەمانەدا گرتویانە ببینەوە ئەوانەی لە ژیاندا نەماون شەهید و ئەنفال بەتایبەتی گوندەکانی (گۆپتەپەو جەلەمۆرد و عسکەرو..هتد) هەموویان لەم وێنانەدا هەبوون مەبەستم لە هەڵگرتنیان ئەوە بوو ڕۆژێك بیسەلمێنین کە ئێمەش خاوەنی قوربانیەکی گەورەین بەڵام بەداخەوە تا ئیستا وەك گەورەی تاوانەکە کە بەرامبەر بەخەڵکی سڤیلی ئەو گوندانە کراباس نەکراوە و گرنگی پێنەدراوە جگەلە هەوڵە کەسیەکان نەبێت،

ووتت بەشێکی زۆر لەم وێنانەت داوە بە بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمینتی چەمچەماڵ بەو نیازەی کاری لەسەر بکەن؟ لەڕێگەی ئەم دیدارەی ئێمەوە چیان پێدەڵێیت؟

بەڵێ دوای ئەوەی کە ئێوە بەشێکیتان برد ئەوانیش هاتن داوایانکردو منیش دەستم نەنا بەرویانەوەو پێمدان. داواکاری من لەبرادەرانی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ ئەوەیە بەئەمانەتەوە کاری لەسەربکەن،ئەگەر هات و کارەکەیان بەلاوە زەحمەت بووئەوائەتوانن بیدەنەوەبەمن لەئێستادا کەسانێکی زۆر دوای ئەوەی زانراوە ئەم ئەرشیفەلای منە داوای ئەودەکەن بەزوترین کات کاری لەسەربکەن نموونەش وەك ئەوەی جەنابت کەئیستا هاتووی چاوپێکەوتن لەگەڵ من ئەنجام دەدەیت وبەشێکی زۆر لەوێنەکانت سکان کردوە بەوماوەکەمی کەوێنەکانم پێداوی لەنزیکەوە ئاگادارم کە زۆر بەپەرۆشی بۆبابەتەکە،

پەیامت بۆ ئەو خێزانانەی وێنەی کەسوکاریان شەهیدو ئەنفالەو لەم وێنانەدا چیە؟

پێیاندەڵێم کەئەمە ئەرشیفێکی گرنگە بۆ ئیمە و شادکردنەوەی وێنەی کەسە ئازیزەکانی ئێوە جارێکی تر پاش چارەکە سەدەیەك، لەسەرەتاوە ویستم ئەوەبڵێم هیچ کەس و لایەن وحزبێك نەیکات بەمواڵکی خۆی چونکە ئەمە سەروەتێکی نیشتیمانی گرنگە بۆ هەموومان بێ جیاوازی ڕەنگ، لێرەوە بە هەموودونیای ڕادەگەیەنم ئامانجی من لە هەڵگرتنی ئەم ئەرشیفە مەسەلەی مادی نەبووە، تا ئیستاش هیچ قازانجێکی مادی بۆمن تێدانەبووە خۆتان ئاگادارن لەئێستادا وێنەکان ئێوە خاوەنین، جاریکی تریش ئەوە دەڵێمەو پاراستنی لە ئەستۆی ئێوەدایە لە ئیستادا پاش کارکردن بۆمنی بگەڕێنەوە تائەوەی من بۆ هەتا هەتایە لای خۆم هەڵیانبگرم.

لەماوەی ئەم دەسااڵەدا کەس نەهاتوە هاوکار بێت بۆ کارکردن لەسەر ئەم ئەرشیفە گرنگەی لای تۆبووە؟

نەخێر، ئێوە یەکەم کەس بوون کە هاتوون هەواڵتان پرسیوەو بەشێك لەم وێنانەم پێداون تاکاری لەسەر بکەن و دوای ئێوە مۆنۆمێنتنی چەمچەمال هاتن بەنوسراوی ڕەسمی ئەو بەشەی مابوو بردیان.

ئەی چیان لێکردووە ئایا هیچ هەنگاوێکیان ناوە بۆ کارکردن لەسەری؟

پێم وایە تائەم کاتەی کە من و تۆ دانیشتووین ئەوان لە میکانیزمێك دەگەڕێن تاکاری لەسەربکەن.

چی شتێکی تایبەتت هەیە بیلێیت؟

سوپاسی تایبەتیم بۆ ئیوە هەیە کەمنتان بەسەرکردەوە بۆ ئەم دیدارە بەهیوام نموونەتان زۆر بیت بۆ کاری باش و باشتر.

فەرمانی گرتنی تۆمەتباران

بەپێی راگەیەندراوێکی راگەیاندنی ئیدارەی گەرمیان، کە رێکەوتی ٢٠١٤/٦/٦ پێگەی خەندان وەکو هەواڵ بڵاو کردبووەوە هەمان رۆژ بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (ماموستا ئارام) و سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان سەلاح کوێخا و قایمقامی قەزای کەلار (شێخ جەلال) و سەرۆك و سەرجەم ئەندامانی داواکاری گشتی گەرمیان، کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە رادەستکردنی مستەشارەکان و داواکراوە کوردەکانی دۆسێی ئەنفال، بەڕێوەچوو.

دادوەر نزار حەسەن، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە، رایگەیاند: یەکێك لەو تەوەرانەی ئەمرۆ لە کۆبوونەوەکەدا باسی لێوە کرا، رادەستکردنی ئەو موستەشارانەی کەیسی ئەنفالە کە ژمارەیان دەگاتە ٢٥٨ تۆمەتبار کە لە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە. ئاماژەی بەوەشدا، کە هەر لە کۆبوونەوەکەدا پێشنیار و ڕێنمایی تەواومان داوەتە ئەندامانی داواکاری گشتی بۆ ئەوەی زۆر بە جدی بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکرێت، بێ هیچ جیاوازیەك لە نێوان شارەکانی کوردستاندا و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی. هەڵبەتە لەکۆتایی مانگی نیسان وسەرەتای ئایاری هەمان ساڵ بە فەرمانی دادوەرێکی قەزای کفری، دوو تۆمەتباری تاوانی ئەنفال لە سنووری قەزای کەلار و خانەقین دەستگیرکراون.

نزار حەسەن، ئەوەشی خستەروو، لە تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لەو سکاڵا و داوایانەکرا کە لەلایەن کەسو کاری ئەنفالکراوەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەدۆسێی ئەنفال، کە دژی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال تۆماردەکرێن.

سەرۆکی فەرمانگەی گشتی گەرمیان، وتیشی: "ئێمە پێشنیارمان بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان کرد لە پێناو نەهێشتنی مەترسی بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و چالاکوانانی کەیسی ئەنفال لەسەر بودجەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، چەند پارێزەرێك دابینبکرێت بۆ سکاڵای واریسەکانی ئەنفال".

بەپێی زانیارییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان ناوی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال کە لەلایەن داگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داواکراون بریتین لە ٤٢٤ کەس بەڵام ئەوەی دەزگای خەندان بڵاوی کردبوونەوە تەنها ناوی تۆمەتبارەکوردەکانی بڵاوکردووەتەوە کە بریتین لەم ناوانەی خوارەوە:

ناوی تۆمەتبارانی ئەنفال

١. ئاوات ئەحمەد حەسەن رەش
٢. ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتك
٣. ئیبراهیم بالول ئاغا
٤. ئیبراهیم عەلی ملو ئەزوری
٥. ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی
٦. ئەبوبەکر فەقێ ساڵحی
٧. ئەحمەد بیجۆ
٨. ئەحمەد جەبار جەباری
٩. ئەحمەد جەمیل ئەمین
١٠. ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵح
١١. ئەحمەد کوێخا رەجەب
١٢. ئەرشەد ئەحمەد زێباری
١٣. ئەسعەد جانکیز هەرکی
١٤. ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا
١٥. ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە
١٦. ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری
١٧. ئەنوەر حەسۆ
١٨. ئەنوەر ڕەشید خزر میران
١٩. ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف
٢٠. ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی

٢١. بابەکر وسو محەمەد
٢٢. باییز عەزیز رەشید باوەجانی
٢٣. برهان شوانی
٢٤. بەکر عەلی حاجی مشیر
٢٥. بەکر کەریم غەفور
٢٦. بەهرام محەمەد عەبدوڵرەحمن محەمەد
٢٧. تەحسین شاوەیس سەعید
٢٨. تۆفیق حەمەفرج حەمە رۆستەم نەورۆڵی
٢٩. تۆفیق سلێمان یاسین بەروارى
٣٠. جاسم محەمەد زێبارى
٣١. جاسم محەمەد فارس محەمەد
٣٢. جەبارە درێژ
٣٣. جەبار شێخ هادى
٣٤. جەبار موسى قەرەهەنجیرى (جیهاد)
٣٥. جەعفەر ئەنوەر سلێمان
٣٦. جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجى
٣٧. جەلال ئەسعەد رەزا چەرمەگایى
٣٨. جەلال شێخ نەجمەدین کەریم
٣٩. جەلال محەمەد عەبدوڵرەحمان هلالى
٤٠. جەلال مەحمود سالح دۆستى
٤١. جەمال حسێن دوزیى
٤٢. جەمال خزر خالید
٤٣. جەمال فەقى حسێن
٤٤. جەمال نەسرەدین عەزیز
٤٥. جەمیل کەریم مەجید ئاغا کورى
٤٦. جەوهەر محى جانکیز هەرکى
٤٧. حاجى عەلى نبیاوه
٤٨. حەجاج عەبدولغەفور خالد دوبەردانى
٤٩. حەسەن مەحمود بەگ ئەمین هەوارى
٥٠. حەسیب محەمەد نەجم جەبارى
٥١. حسێن جیهانگیر جادر مزورى
٥٢. حسێن حەمە سور ئاغا
٥٣. حسێن حەمە فەتاح قادر
٥٤. حسێن خزر حەمەد
٥٥. حسێن محەمەد عوسمان
٥٦. حیلمى سەعید قادر محەمەد جاف
٥٧. حەمە بوخچى
٥٨. حەمە رەشید عەبدوڵرەحمان عەبدوڵرەحیم
٥٩. حەمە کەریم حەمە فەرج
٦٠. حەمەخان دارە رەشید
٦١. حەمەى حاجى حسێن
٦٢. حەمەدئەمین حەمە شاسوار
٦٣. حەمزە عەباس مامەند ئاکو
٦٤. حەمود عومەر سالح تاجەدین میرنى
٦٥. خالید شێخۆ مراد
٦٦. خالید قاسم محەمەدئەمین
٦٧. خالید مەحمود ئەحمەد عەلى غوارە
٦٨. خزر عەبدوڵا حسێن
٦٩. خضیر رەشید بەحرى
٧٠. خضیر فەتاح حسێن گامیش
٧١. خەلیل عەبدڵا ئیبراهیم
٧٢. خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ
٧٣. خەیروڵا دوزى
٧٤. دڵسۆز خزر مینە بلباس
٧٥. رەحیم کەریم قادر
٧٦. رەسوڵ مامەند قیردولى
٧٧. رەشید حەمەئەمین عەزیز
٧٨. رەشید سالح رەشید ئەتروشى
٧٩. ڕەزا تەها محێدین
٨٠. رەفعەت محەمەد عەلى
٨١. زاهیر تاهیر تۆفیق
٨٢. زەید سورچى
٨٣. زیرەك تاهیر سەعید
٨٤. سالار نەسروڵا قادر
٨٥. سعاد فەیزوڵا محەمەد
٨٦. سەعید ئەحمەد شیشە

٨٧. سەعید عەدنان جەباری
٨٨. سەعید غیدان (حەمە سەعید)
٨٩. سەعید قادر محەمەد جاف
٩٠. سەعید محێدین ئەحمەد زەنگەنە
٩١. سەلیم مەند ڕەسوڵ
٩٢. سمکۆ عەبدی حەسەن زدکی
٩٣. سواڕە فەتاح فەرج جاف
٩٤. سەید ڕەزا سەید تەها(سەید مانکا)
٩٥. سەید قدرەت
٩٦. سەید مەجنون
٩٧. شامل دەرویێش
٩٨. شەریف حەمە شەریف(شەفەی خاتون)
٩٩. شەریف حەمەد کرداوی
١٠٠. شەریف مەحمود مەعروف
١٠١. شوکر جندی عەنتەر مزوری
١٠٢. شمال ڕەفعەت کلی
١٠٣. شەهاب ئەحمەد وایەرمەن
١٠٤. شێخ ئەحمەد بەرزنجی
١٠٥. شێخ بورهان
١٠٦. شێخ جەلال سالّەیی
١٠٧. شێخ روناك
١٠٨. شێخ سعاد تالنی
١٠٩. شێخ سەلاح نەقشبەندی
١١٠. شێخ کەریم شێخ شەهاب
١١١. شێخ مەجید باییز حەسەن
١١٢. شێخ مەحمود سەید گوڵ
١١٣. شێرزاد عەلی بەلەکە
١١٤. سابیر ئەحمەد ڕەقیب
١١٥. سادق زەید وایەرمەن
١١٦. سالّح ئەحمەد ئیسماعیل الرفعی
١١٧. سالّح ئەحمەد حسێن
١١٨. سەباح ئیسماعیل خزر
١١٩. سەباح سورچی
١٢٠. سەباح نازم ڕەقیب سورچی
١٢١. سدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی
١٢٢. سەلاحەدین خزر ڕەسوڵ
١٢٣. سەلاح شینە
١٢٤. چیا سورچی
١٢٥. تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری
١٢٦. تاریق شفیع کافروش
١٢٧. تاریق عەزیز ڕەزا ئاغا
١٢٨. تاریق کاکەیی
١٢٩. تاهیر عوسمان ڕۆستم
١٣٠. تاهیر عەلی عبدولڕەحمان
١٣١. گرکیس حمید حیدر
١٣٢. تەیب محەمەد عوسمان (شێخ تەیب)
١٣٣. زاهیر ئاغا کۆیە
١٣٤. عادل تۆفیق ڕەشید
١٣٥. عاسف ئەحمەد زێباری
١٣٦. عاسی حەمە دیزە
١٣٧. عەباس باییز بالو ئاغا
١٣٨. عەباس حاجی ئەخاسر سیان
١٣٩. عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ
١٤٠. عەبدولڕەحمان عاسی عیزەدین
١٤١. عەبدولقادر مستەفا محەمەد
١٤٢. عەبدولکەریم حسێن خالید
١٤٣. عەبدولکەریم سەعدی سلێمان سەعدی
١٤٤. عەبدولکەریم محەمەد سلیم شوش زێباری
١٤٥. عەبدوڵا حەسەن سالّح
١٤٦. عەبدوڵا حەسەن سالّح بابان
١٤٧. عەبدوڵا فەیسەڵ عەبدوڵا ماوانی
١٤٨. عەبدوڵا کاك ئەمیر(عەبە کەرکوکی)
١٤٩. عەبدولمەجید حسێن ئیسماعیل شێخکی
١٥٠. عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵا
١٥١. عەدنان دیسکو
١٥٢. عەدنان عەبدوڵا ئەحمەد جەبارە

١٥٣. عدنان عەبدوڵا نەجم جاف
١٥٤. عەرەب سالح عومەر قادر
١٥٥. عیسمەت دینو بیری
١٥٦. عەقید حەمید عوسمان
١٥٧. عەلا محەمەد ئەمین عیسی
١٥٨. عەلی ئەحمەد حاجی شعبان
١٥٩. عەلی ئەحمەد محەمەد هارونی
١٦٠. عەلی ئەورەحمان ئەسعەد
١٦١. عەلی سەلمە چوارتایی
١٦٢. عەلی سلێمان حسێن
١٦٣. عەلی عبوش عەبدی غزالە
١٦٤. عەلی لوت ماسی
١٦٥. عومەر ئەحمەد عەلی
١٦٦. عومەر ئاغا
١٦٧. عومەر بابەکر سەلیم
١٦٨. عومەر بەشار سالح
١٦٩. عومەر حاجی بادینان
١٧٠. عومەر حاجی سالح
١٧١. عومەر حەسەن ڕەسول کردی
١٧٢. عومەر حەسەن(عومەر عەرب)
١٧٣. عومەر حەمە ڕۆستەم
١٧٤. عومەر حەمە عەلی چەرمەگا
١٧٥. عومەر خزر حەمەد سورچی
١٧٦. عومەر سۆفی
١٧٧. عومەر محەمەد حەیدر
١٧٨. عومەر مەحمود محەمەد ماموپی
١٧٩. عومەر مورادخان جەلیلە
١٨٠. عەمید فەتاح بەگ جاف
١٨١. عەونی حاجی مستەفا جبرائیل
١٨٢. غیاث تۆفیق سلێمان یاسین
١٨٣. فواد کەریم بایز هەمەوەند
١٨٤. فاتح تاهیر مستەفا عبدولقادر
١٨٥. فارس محەمەد قادر عەزیز سورچی

١٨٦. فاروق ڕەشید عەلی محەمەد نەورۆلی
١٨٧. فازل مستەفا حەسەن بروارى
١٨٨. فەتاح کەریم فەتاح
١٨٩. فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر
١٩٠. فەرهاد مامەند حەمەد
١٩١. فەرهاد مامەند حەمەد مەولود
١٩٢. قادر شەفیق نعمان
١٩٣. قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر
١٩٤. قادر مەحمود خلیفە عەبدولسەمەد
١٩٥. قاسم ڕەشید دزەیی
١٩٦. قاسم فاوس تاهیر مستەفا ئاغا
١٩٧. قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود
١٩٨. قالەی عەزە نالبەند
١٩٩. کامەران ئەحمەد(کامەران سور)
٢٠٠. کامل شێخ هادی
٢٠١. کەریم خان مەحمود خەلیفە
٢٠٢. کەریم عەبدوڵا محەمەد
٢٠٣. کەمال حەمە مام سۆرانی
٢٠٤. کەمال محەمەد حەیدر(کمال شەمە)
٢٠٥. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح
٢٠٦. لەتیف ئەحمەد محەمەد الزیبارى
٢٠٧. مام یحی(کۆیە)
٢٠٨. مامەند حەمەد مەولود
٢٠٩. مامەند قشقە
٢١٠. مەجید سلێمان ئەحمەد جاف
٢١١. مەجید غیدان
٢١٢. موحسین کرچی رحی
٢١٣. موحسین محەمەد یاسین
٢١٤. محەمەد جەوهەر ئیسماعیل سالح
٢١٥. محەمەد جەوهەر گۆران
٢١٦. محەمەد حەسەن عەلی میرزا
٢١٧. محەمەد حەمەئەمین حسێن زرارى
٢١٨. محەمەد حەمزە ژاژلەیی

٢١٩. محەمەد سەعید مەحمود شەمێرانی
٢٢٠. محەمەد سەلیم قادر عوسمان
٢٢١. محەمەد شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی
٢٢٢. محەمەد شێخ مەعروف پیرداود
٢٢٣. محەمەد سادق محەمەد شوانی
٢٢٤. محەمەد تاهیر رەشید حەمەئەمین
٢٢٥. محەمەد تاهیر یونس محەمەد(رینکاوی)
٢٢٦. محەمەد عەلی ڕەسوڵ
٢٢٧. محەمەد عومەر ئەمین جەمیل(باساکی)
٢٢٨. محەمەد عیسا پیرۆیس عیسا جاف
٢٢٩. محەمەد قادر ئاغا سورچی
٢٣٠. محەمەد کانبی بانو ئاغا
٢٣١. محەمەد کاوانی
٢٣٢. محەمەد کەریم شوش زێباری
٢٣٣. محەمەد کلحی ریکان
٢٣٤. محەمەد نجیب سادق بەهادین
٢٣٥. مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە
٢٣٦. مەحمود حسێن مەحمود عەلی
٢٣٧. مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا
٢٣٨. مەحمود حەمەئەمین حەمە سالح
٢٣٩. محێدین حەمە ڕەحیم
٢٤٠. محێدین عەزیز محەمەد باباعەلی
٢٤١. مەدحەت تۆفیق داودی
٢٤٢. مشیر ئیبراهیم ئەحمەد
٢٤٣. مشیر هادی حەمەد ئاغا
٢٤٤. مستەفا سلێمان وزە
٢٤٥. مەلا حەسەن روغزایی
٢٤٦. مەلا عوزێر
٢٤٧. میرزا ئیسماعیل شەرەف رەزا
٢٤٨. میرزا حەسەن
٢٤٩. نامیق رەقیب سورچی
٢٥٠. نامیق عبدولکەریم
٢٥١. نەجمەدین سالح محەمەد بەرزنجی
٢٥٢. نوری حەسەن موراد بەرزنجی
٢٥٣. نەوزاد ئەنور بێتواتە
٢٥٤. هەڵگورد عەبدولکەریم کەسنەزانی
٢٥٥. هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا
٢٥٦. وەهاب ڕەحمان حەمەدئەمین
٢٥٧. یەحیا جاف
٢٥٨. یونس ڕەمەزان غەوارە.

دالّدەدەانی جەلاد سوکایەتییە بە قوربانی



چیرۆکی ئەم زەوییە لە گوندی هەڵەدن

سمکۆ سابیر



رۆژی ٢٠١٣/١١/٨ لە کەشێکی باراناوی ساردا، لەگەڵ م. شەنگارو عومەر محەمەد لە سلێمانیەوە بە ڕێگای مێرگەپان و بە هەورازی چیای داباندا بەڕێککەوتین بۆ دۆڵی جافایەتی لە یەکەم وێستگەماندا لامانداین گوندی (هەڵەدن)ی دراوسێی گوندی گەورەو قەرەباڵغی سەرگەڵوو، لە ڕوی کارگێرییەوە سەر بەناحیەی سورداشە پێش ئەنفال هەلەدن بارەگای پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێبووە، ئەو کاتە هەڵەدن نزیکەی٣٠٠ ماڵی تێدا بووەو خەڵکەکەی بەکشتوکاڵ وئاژەڵدارییەوەخەریک بوون لە قۆناغی یەکەمی ئەنفالدا بەرشاڵاوی ئەنفال کەوت و نزیکەی ٧٢ کەسی ئەنفالکراون. ئامانجی ئێمە بەسەرکردنەوەی خانەوادە ئەنفالکراوەکان بوو بۆئەوەی لە نزیکەوە کەسوکار یان ببینین، بەداخەوە ئەو کەسانەی ئێمە مەبەستمان بوون، بەر لەگەیشتنمان بۆ هەڵەدن، لەگوند دەرچووبوونو نەمانتوانی بیانبینین .بەڵام لە گوندەکە ماینەوەو نیوەڕۆ لەسەرخوانی ماڵێکی بەڕێز بەناوی ئەکرەم ماینەوە، کاتێك ویستمان ماڵئاوایی بکەین، کاك ئەکرەم بەدەم قسەکردنەوە لەسەر تاوانی ئەنفالو ئەو ڕۆژگارە تاڵەی کەبەعس بەسەریدا هێنان، ئاماژەی بە خانەوادەیەکی ئەنفالکراوی گوندەکەیان کرد کە ژمارەیان (٧) کەس بووەو هەموویان ئەنفالکراون هیچ کەسێکیان نەماوە تەنانەت موچەکەشیان وەربگرێت هەر بەدەم قسەکردنەوە پارچەیەك زەویی پیشاندین، کە شوێن خانووی ئەو خێزانە ئەنفالکراوە بووە، شوێن خانووەکە تەنها پارچە زەوییەکی چۆڵەو تا ئێستا خزمەکانی دەستییان تێنەچووە خانووی لەسەر دروست بکەن و ئاوەدانی بکەنەوە. ئەو باسە بۆ ئێمە، سەرباری تراژیدیاکەی مایەی سەرنج بوو، هەرچەندە ئەنفالو کۆی کۆمەڵکوژییەکانی تری دژ بەخەڵکی کوردستان سەدان و بگرە هەزاران حیکایەتی لەوجۆرەی لەخۆیدا شاردووەتەوە، حیکایەتی خانەوادەی عەزیزی ئەنفالکراویش وەك کۆی حیکایەتەکانی تری ئەنفالو جینۆساید لە کوردستان کاریگەری خستە سەر ڕوخساری هەموومان. بۆیە چەند وێنەیەکی شوێن خانووەکەی خانەوادەی (عەزیز حسێن)ی ئەنفالکراومان گرت.

لەبەر ئەوەی ئەکرەم ناوی هەموویانی نەدەزانی دواتر هەوڵمدا لە ڕێگەی کەسوکارییەوە ناوی ئەنفالکراوانی خانەوادەکەی عەزیز وەربگرم . بە سوپاسەوە (بنار مەحمودی خەڵکی هەڵەدن زانیارییەکانم بەدەست گەیشت بۆ ئەوەی لە گۆشەیەکی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوی بکەینەوە.

ئەو خانەوادەیەش بە هۆی پەلاماری ئەنفالی یەکەمەوە لەگەڵ دەیان خێزانی تر لە١٩٨٨/٣/٥ ئاوارەی شاری بانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبن. دواتر گەڕاونەتەوە بۆ گوندی هەڵەدن، پاش گەڕانەوەیان لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٠ سوپای بەعس دەستگیری کردوون و ئەنفالی کردوون بەپێی زانیارییانەی دەستکەوتوون بەرەو نوگرەسەلمان ڕاپێچکراون. بەپێی زانیارییەکانی بنار مەحمودلەو شاڵاوەدا ژنێکی بەتەمەنیشیان لەگەڵدابووە بەناوی (پیرۆن) کەدەکاتە دایکی عەزیزحسێن لەبەر زۆری تەمەنی ئازادکراوەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی .

ناوی ئەنفالکراوانی خانەوادەی عەزیز :

١- عەزیز حسێن ئەحمەد سەرۆك خێزان

٢- فاتیمە محەمەد حسێن هاوسەری عەزیز حسێن

٣- ئاوات عەزیز حسێن منالٌ

٤- ئاواز عەزیز حسێن منالٌ

٥- ئارام عەزیز حسێن منالٌ

٦- بەناز عەزیز حسێن منالٌ

٧- بەیان عەزیز حسێن منالٌ

نەبەز بەکر

لە موچەی شەهیدەکانی مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفالکراوانی گوندی عەسکەر



نەبەز بەکر حاجی سەعید لە دایکبووی ١٩٨٣/١/١ی گوندی عەسکەرە لە ناوچەی قەڵاسێوکەیە خوێندەواریەکی سەرەتایی هەیەو تا پۆلی شەشەمی خوێندووە، بەڵام ئاستی بیرکردنەوەو هەستی بەرپرسیارێتی بەرزە.

نەبەز بەکر، ئێستا خەریکی دروستکردنی مۆنۆمێنتێکە بۆشەهیدانی کیمیاباران وئەنفالکراوانی گوندی عەسکەر، لە دیدەنیەکیدا بە گۆڤاری ئەنفالستانی راگەیاند پاشئەوەی سەردانی گوندی کلێسەم کردو ئەو مۆنۆمێنتەم بینی هەستم کرد گوندەکەمان پێویستی بە مۆنۆمێنتی شەهیدان و ئەنفالکراوان هایە، بۆیە بیرم لێکردەوەو یەکەم هەنگاوم بۆنا پاش پرس وراوەرگرتنی خەڵکی گوندەکەمان لەسەر زەوییەك کە ملکی گشتی گوندەکە بوو، بناغەی مۆنۆمینتەکەم داناو بەردەبەرە بە مووچەی شەهیدەکانم مۆنۆمێنتەکەم بنیاتنا.

سەبارەت بەوەی کێی تر هاوکاری کردووە نەبەز ووتی ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەم مالی عەبدولاحاجی سەعید و کورەکانی ئەنوەری شەهید ئەحمەد برنەو، لەگەڵ فاتح عومەر ئەوانە وەك هێزی کار هاوکارییان کردووم و قایمقام و شارەوانی ئاغجلەریش کەمێك بە ئامرازەکانیان هاوکاری هاکەزاییان کردم. ئەوەی تر هەمووی بۆخۆم و خەرجی تێچونەکەشی کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠٠ بیست ملیون دیارە لەموچەی شەهیدانی خانەوادەکەمان کردووەمە.

سەبارەت بە موچەی شەهیدانەکەشیان کە بەشی سێکەسەو یەکی ٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزاریان بەردەکەوێ خوشك وبراکەشی قایل بوون کە بەشی زۆری ئەو موچەیە بۆدروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتە خەرج بکرێت.

رۆژی ١٩٨٨/٥/٣ فرۆکەکانی رژێمی بەعس بەچەکی کیمیایی هێرشیان کردە سەر هەردوگوندی گۆپتەپەو عەسکەر لەو پەلاماره ژەهراویەدا نزیکەی ٢٠٠ کەس لە گوندی گۆپپتەپەو (٧) حەوت کەس لە گوندی عەسکەر شەهید بوون، لەوانە (٥) پێنج کەسیان لە خانەوادەکەی نەبەز بوون.

ئەو سەروەختە مالی بەکری حاجی سەعید خانەوادەیەکی (٨) کەسی بوون کە پێکهابوون لە باوك و دایك و شەش منداڵ، نەبەز کورە گەورەکەیان بوو، ئەفسوس لەو پەلاماره کیمیایەی گوندی عەسکەردا بەکرو هاوسەرەکەی بەناوی شوکریە نەجم[1] و سێ منداڵیشیان بەم ناوانە: کچەکان (مەنیج و پەخشان) کورەکەشیان بەناوی جمعە. شەهید بوون ئەوانەی لەوخانەوادەیە رزگاریان بوو بریتی بوون لە (نەبەز و رێکەوت و ژیان) جگە لەو شەهیدانە چەند کەسێکیش بریندار بوون.

رۆژێك دوای ئەوە شەمسە عومەری دایکی بەکر لە بری ئەوەی پرسە بۆ کورەکەی دابنێ گیراو رەوانەی بنکەی تۆپزاوا کراو لەوێشەوە رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراودوای شەش مانگ ئینجا ئازاد کرا. نەبەزو رێکەوت و ژیانیش کەوتنە لای مامێکیان بە ناوی عەبدولا و پاشئەوەی شەمسە عومەر لە نوگرەسەلمان گەرایەوە پێکەوە لەگەڵ منداڵەکانی بەکر دەژیان هەتا سالی ١٩٩٤ ئەویش کۆچی دوایی کرد.

١. لەبنەرەتەوە خەڵکی بۆلقامیش بووەو سالی ١٩٨٢ هاوسەر گیری لەگەڵ بەکردا کردووە.

ئۆسکار شیندلر

لە عەرەبییەوە فەرهاد لەتیف عەبدولقادر



ئۆسکار شیندلر لە ٢٨ نیسانی ساڵی ١٩٠٨ لە شاری زفییتاوبمورافیا لە دایکبووە، لە خێزانێکی کاسۆلیکی لەچینی ناوەند دادەنرێت بەیەکێك لەو کەسایەتیانەی کە لە هۆزی زمان پاراوەکان بە زمانی ئەڵمانی لەهەرێمی سودیت.

خێزانەکەی پلانی بۆ کورە گەنجەکەیان دادەنا, ئۆسکار لە خوێندنگەیەکی ناوەندی ئەلمانی دەیخوێند پسپۆری لە ئەندازیاریدا هەبوو، بۆ ئەوەی پەیرەوی باوکی بکات بۆ بەرێوەبردنی کارگەو ئامێرەکانی کشتوکاڵی کەخێزانەکەی هەیبوو. هەندێ لە هاوڕێکانی شیندلر لە خوێندنگەکەدا منادڵی دراوسێ جولەکە بوون، بەڵام هیچ پەیوەندیەکی هاوڕێتی پتەو و بەردەوام لە نیوانیاندا نەبوو.

رۆژنامەی الپورە ژمارە(٦٧٥٢) رێکەوتی ١٩٨٨/١١/٢١ لە لاپەرە (٣) دا ناوی چەندین پێشەوای سەربازی پلە بەرزو بەرپرسانی رێکخستنی باکوری حزبی بەعسی بڵاوکردووەتەوە کە مەدالیای ئازایەتی و ویسامی رافیدێنیان پێبەخشراوە لەبەرامبەر ئازایەتیان لە پەلامارەکانی ئەنفالی یەک ودوو سێ و چواردا لەوانەی لە لاپەرە سێدا ناویان هاتووەو مەرسومیان بۆ دەرچووە بریتین لە هەریەک:

١. عەمید رکن فەرماندەی هێزی تایبەت (قوات الخاصه) بارق عەبدولاّ حاج حنتە. ئەوەی تایبەتە بە بارق عەبدولاّ لە دەقی مەرسومەکەدا هاتووە : وەک پێزانینێک بۆ هەڵوێستی فەرماندەیی و رۆڵی بەرچاوی لە ئازایەتی و بەرپرسیارێتی کە عەمید رکن فەرماندەی هێزی تایبەت بارق عەبدولاّ حاج حنتە پێی هەستاوە لە پاراستنی شەرەفی نەتەوەو کەرامەتو نەفسبەرزی دژی دوژمنی ئیرانی رەگەزپەرستو زایۆنیزم لە پرۆسەکانی ئەنفالی سێ و چواردا پشتبەستن بەبڕگەکانی مادەی بیستو شەش لە یاسای وسام ومەدالیا (الاوسمة و الانواط) ژمارە ٩٥ ی ساڵی ١٩٨٢. لەسەر وەزیری بەرگری پێویستە ئەم مەرسومە جێبەجێ بکات.

٢. لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک.

٣. لیوا رکن رەمزی ئەحمەد عەبدولاّ.

٤. عقید بدێوی حسن صالح رازگری فەرماندەی لقی سەربازی ئەلرەشید لە فەیلەقی یەک.

٥. هەڤاڵ مقدم حاتم مەتنی عەواد – رازگری سەربازی هۆبەی سلێمانی یەک.

٦. مقدم صلاح صبری محمود – رازگری فەرماندەی سەربازی بەشی سلێمانی دوو.

٧. هەڤاڵ ڕائید محمد سالم حسێن – رازگری سەربازی بەشی کەرکوک.

لەسەروەزیری بەرگری پێویستە ئەم مەرسومە جێبەجێبکات لە رۆژی دەرچوونیەوە.

دادگاییکردنی تاوانباریّکی تری ئاوشفیتس

ئەنفالستان : ئەلمانیا– سوید



٢١ی نیسانی ٢٠١٥ دادگایی کردنی ئۆسکار گرۆنیگی ٩٣ ساڵان کە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا وەك ژمێریار و پاسەوان لە کەمپی ئاوشفیت، کاری کردووە" ئەو کەمپەی بۆ لەناوبردنی جولەکەکان، ڕۆمەکان و ڕووسەکان تەرخان کرابوو، بەڕێوە چوو.

کاری ئەم تاوانبارە فاشیستە ئەوە بووە، کاتێك کە جوولەکەکانیان بۆ کەمپەکە هێناوە، هەموو پارە وشتێکی بەنرخ کە پێیانبووە، لێی سەندوون و ناردوویەتی بۆ بەشی ئابووری سوپا لە بەرلین. ئەمەش بە هاوکاری کردنی بۆ بۆ لەناوبردنی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار جولەکەی هەنگاری کە هاتوونەتە کەمپەکە

تاوانبار کراوە، ئۆسکار ئاشکرای کرد: کە ئەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری لە کوشتنی ٣٠٠ جوولەکە کردووە لە سەربازگەی نازییەکان بەناوی سەربازگەی ئاوشفیت، داوای لێبوردنی کرد کە کارێکی زۆر بێڕەوشتانەی کردووە.

پاش ٧٠ ساڵ و پیرەمێردێکی ٩٣ ساڵە، سەرنجی هەموو میدیاکانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کە هەرگیز لێبووردن بۆ کەسانی تاوانباری جینۆساید " کۆمەڵکوژ"ی نیە و ئەویش چاوەڕوانی زیندانی هەتا هەتاییە.

ئەم دادگاییکردنە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تۆمەتباران وتاوانبارانی جینۆساید نابێت بەهیچ پاساوێك لەیاسا بەدەربن و هیچ حەسانەیەکی نێودەوڵەتی ونیشتمانی وئایینی نایانگرێتەوە، بۆ ئەوەیە جارێکی تر کەس تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام نەدات.

ئەفسوس لە هەرێمی کوردستاندا بەناوی ئازادییەوە نەك دادگایی تاونبارانی ئەنفال ناکرێت، بەڵکو پلە و پایەی سەربازیان هەیە و بگرە ئەو دادوەرانەش سزا دەدرێن کە بریاری گرتنی تۆمەتبارانی ئەنفال دەدەن نمونەش سزادانی حاکم هاوژین حامدە! کە لەبری پشتیوانی گواستوویانەتەوە بۆ قەزای ئامێدی!


لەو لینکەی خوارەوەدا بەشێك لە دیمەنی دادگایی کردنەکە، بەزمانی سویدی و ئەڵمانی و هەندێك لە شایتحاڵەکان ببینە کە لە دادگا. دەردەکەون.

http://www.svtplay.se/klipp/2861832?type=embed

سەرچاوە لە وڵاتی سویدەوە هونەرمەند مەهدی جاف و لەوڵاتی ئەلمانیاوە تاهیر ڕەحیم هەواڵ وزانیاری و وێنەکانیان گەیاندە ئەنفالستان.

ماڵپەڕی ئەنفاللستان کەوتە کار

ئەمساڵ لە بەرواری ٢٠١٥/٤/١ ماڵپەڕی ئەنفالستان بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیانی ئەنفال وتاوانی کۆمەڵکوژی دەستبەکار بوو. بۆسەردانی ماڵپەڕی ئەنفالستان سەردانی www.Anfalistan.com بکەو نوسین ودیدارو بەڵگەنامەکانی ژمارەکانی پێشوی تێدا بخوێنەرەوە .



قەیرانی دارایی ئاوێنەو بیرهێنانەوەیەك

عومەرمحەمەد

٢٠١٥/٦/١١ سلێمانی



دەمێكە نیگەرانم لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، كاتێك هێرشیانكردە سەرم، من دەستەوستان دانەنیشتم بە نووسینێك وەڵاممدانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕووداوەكانی (١٧ی شوبات) هاتنە پێشەوەو دەبوو لەو كاتەدا هەر لەئاوێنەدا وتارەكەم بڵاوببێتەوە، بەڵام من بە ئیمەیڵێك ئاگادارمكردنەوە، كە نوسینەكەم بڵاومەكەنەوە. هەرچەندە ئەوان ڕێزیان لەو هەڵوێستەی من نەگرت، چونكە پێم شەرم بوو لەوكاتەدا سەنگەر لە ڕۆژنامەیەكی "ئەهلی" و بەناو "ئازاد" بگرم، لەبەرئەوە دەخوازم ئەم وەبیرهێنانەوەیە وەك تۆڵەسەندنەوەیەك نەخوێندرێتەوە، بەڵكو تەنها وەبیرهێنانەوەی هەڵسوكەوتێكەو بەس.

ئەفسوس... لەو (ڕۆژنامە ئازاد)ەوە گەلێك كەسایەتی بە ناهەق پەلاماردران، ئازاردران و هەوڵی شكاندنی شكۆیان درا، كە شایانی ڕێزلێنان بوون نەك شكاندن و ناوزراندن، لە ناویاندا هونەرمەندی جوانەمەرگ (تەهای كەریمی)، كاتێك ئەو سینەماكارە بەهرەمەندە سەرقاڵی فیلمی (من بەكرێگیراوی سپیم) بوو، زۆر نابەرپرسیارانە بریندارییانكرد، بەجۆرێك مەگەر هەر من بزانم چەندە بەو كارەی ئەوان نیگەران و دڵشكاو بوو! لە (ڕۆژنامەی ئاوێنە) وە بەهەمان زمانی بازاڕییانەی تۆمەچی و بانگەشە كارێكی نەزان (كە جگە لە گرێی دەروونی هیچ پاساوێكی دیكەی نەبوو)، تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ گوایە: "تەها كەریمی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ جاشەكان داوادەكات!". ئەمە لەكاتێكدا بوو، كە هێشتا فیلمەكە مۆنتاژنەكرابوو!

هەر لە (ڕۆژنامەی ئاوێنە)وە سوكایەتی بە كەسانێك كرا، كە خۆبەخشانە كاریان لەسەر دۆسیەی (ئەنفال) دەكرد، لەژێر ئەم ناونیشانە ئابروبەرەدا "من قێزم لەو كەسانە دەبێتەوە كە كار لەسەر ئەنفال دەكەن" تیایدا پلار بۆ من و (گۆڤاری ئەنفالستان) هاوێژرابوو، گوایە ئێمە بەسواڵ و خێر و سەدەقە گۆڤارێك بۆ ئەنفال دەردەكەین و بەقەد موچەی سێ ساڵی كەسوكاری ئەنفالكراوێك سواڵ كۆدەكەینەوە و گۆڤارێكی پێدەردەكەین و خۆشمان بەقارەمانی ئەنفال دەزانین! سەیرە وەك گۆشە نووسەكەیان هێندە سەلیقە و دیقەتی نەبوو، كە قارەمان و نامەرد لێك جیابكاتەوە. سەرنووسەر و ستافەكەی ئاوێنە و ڕاوێژكارە یاساییەكەشی هێندە دیقەتیان نەبووە، ئەوەی نووسیویانە زانیاری نییە، بەڵكو بوختان و تۆمەتە! لەكاتێكدا نە ئاوێنە و ستافەكەی و نە كۆمپانیاكەی ئاوێنە هیچ خێرێكیان بە ئێمە نەكرد بوو! چاپخانەكەی ئاوێنە هیچ ژمارەیەكی ئەنفالستانی نە بەخێر و نە بە پوڵ چاپنەكرد بوو! هەرگیز داوای كۆمەك و هاریكاریمان لێ نەكردبوون! بەڵكو ئێمە بەپێچەوانەوە پێش ئەوەی لە (ڕۆژنامەی هاوڵاتی) جیاببنەوە، هاركاریمان كردبوون، لەبەرئەوەی توشی قەیران ببوون، ئێمەش وەك زۆر كۆمەككارانی تر هەر پێنج ئەندامی خانەوادەكەمان كۆمەكمان كردبوون.

سەیر لەوەدا بوو گۆشە نووسەكەی ئاوێنە بۆ خۆی هەمیشە سواڵكەری بەردەم قاپی وەزیر و گزیر و كۆمپانیاكانە، كەچی بەو حاڵەشیەوە ڕێگەیاندابوو لە ئاوێنەوە سوكایەتی بەخەڵك بكات!

ئێستاشی لەگەڵدابێت (ئەنفالستان) داوای لەكەس نەكردووە، تاوەكو كۆمەكی مادیی بكەن، بەڵكو دەبێت خەڵك خۆیان داوابكەن بۆ ئەوەی كۆمەكی بكەن و بەشداری لە نووسینەوەی مێژووی میللەتەكەیان بكەن، هەموو ژمارەیەك لیستی دووروردرێژی ناوی كۆمەككارانی تێدایە و لە دوا لاپەڕەكانیدا بڵاودەكرێنەوە، ئێستاش ئاوێنە داوای هاریكاری لە هەمووان دەكات! بەڵام دەكرا داوانەكات، بەڵكو وەك ئەنفالستان هەمووانی بخستایەتە بەردەم تاقیكردنەوەی مێژوویی، هەتا بزانێت ئاستی ئامادەیی

بەخشینی خەڵك چۆن و چەندە؟ ئەنفالستان سوالّی نەکردووە، بەڵکو بەرپرسیارێتی بۆ خەڵك دروستکردووە، هەتا بزانێت گۆڤارێك کە چیرۆکەکانی ئەنفال دەنووسێتەوە چەندە لەلای خەڵك گرنگە یان بەپێچەوانەوە.

لەنێو ئەو کۆمەك–بەخشانەدا هەستی مرۆیی زۆر بەرز هەیە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە زۆربەیان خەڵکی هەژارن و هیچ (رۆشنبیرێك) تاکە یەکی نەبەخشیوە. بەڵام چەندین ژن و پیاوی بە سالاّچووی ئەنفالدیدەی تێدایە! ئەفسوس دوای ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بە (تەها کەریمی) جوانەمەرگ و ئەنفالستان ئەنجامیاندان، هەرچەندە بەزارەکی دانیان بە هەڵەی خۆیاندا نا، بەڵام بەداخەوە ئاوێنە هەرگیز بەنووسین لە سوچێکی لاپەرەیەکیدا ئامادەی پۆزش نەبوو!، ئەمەش ترسانە لە لێبوردەیی.

ئێستاش کە ئاوێنە داوای کۆمەك و هاوکاری لە خەڵك دەکات، دەبوو ئەو سکالاّیەی ئەنفالستانی وەبیربهاتایەوە و بیزانیبا ئەو سەرچاوە داراییەی (گۆڤاری ئەنفالستان) شەرافەتمەندانە بوو و سوالّ نەبوو! ئاوێنە ئەگەر ئاوێنەی خەڵك بێت، پێویستی بەوە نابێت کەمپین و بانگەواز بۆ کۆمەککردنی بکات، ئەوسا خەڵك خۆی کۆمەکی ئاوێنەشی دەکرد و نەیاندەهێشت بووەستێت.

چۆن پێشوازی لە کەسە دۆزراوەکان بکەین

باوکی لەرێ

بێگومان دۆزینەوەی ونبوونیەك چ هی ئەنفال بێت یان کیمیاباران زۆرگرنگە، بەلام ئەوە هەموو ئامانجەکە نیە، بەلکو هەنگاوی دوای دۆزینەوەشیان گرنگەو ئەرکی رێکخراوەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان و کۆی هاوڵاتیانە، مافەکانیان دەستەبەر بکەن و چاودێرییان بکەن، چونکە لەوەها حاڵێکدا رەنگە گۆڕانکاری لە شیوەی ژیانی ژینگەیی وکەلتووریاندا روبدات و چاودێری کردن و مراعاتیان زۆر پێویستتر بێت لە پێش دۆزینەوەیان بەپێچەوانەوە فەرامۆشکردنیان رەنگە رۆڵی نێگەتیڤ بگێرن، چونکە هەڵکردن لەگەڵ ژینگەی نوێدا کۆمەڵێك گرفتی ئەخلاقی چاوەروان نەکراو یان چاوەروانکراو بخوڵقێنن .

رەنگە دابران و ونبوونیان بەهۆی نەبوونی ناسنامەو شوناسەوە بووبێتە هۆی لە دەستدانی مافە هەرە سەرەتاییەکان و بێبەش بوون لە خوێندن و زۆر پێداویستی تر، بۆ نمونە گرفتی (زمناکۆ تەیمور) ژینگەی فارسی وعەرەبی و گۆرینی زمانی دایك و تەنانەت ناوی بنەرەتی خۆیانی بە دوادا هاتووە، لە ژینگەیەکەوە گواستراونەتەوە بۆ ژینگەیەکی تر، هەردوکیان ناوەکانیان گۆردراوە بۆ ناوی عەرەبی و هەردوکیان ناوەراستەقینەکانی خۆیان زەوتکراوەو کراون بە عەلی ! گۆرینی جل وبەرگ و زمان.. کەهەموو ئەمانە گرفتی گەورە بۆ ونبوویەکی دۆزراوە دەخوڵقێنن و ئەگەر کۆمەڵگە بەتەندروستی و بەرپرسیارانە رەفتاریان لەگەڵدا نەکات، کێشەی هەنوکەیی و ئایندە یان بۆ دەخوڵقێنن. زمناکۆ زۆر نیگەرانە لەو کەسانەی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕن و لەهەمان کاتیشدا بریندارى دەکەن بەوەی کاتێك داوای یەکتر ناسین دەکەن پێی دەڵێن تۆ کورە ئیرانیەکەی تۆ کورە دۆزراوەکەی تۆ عەلی ئێرانیت سەیرە پێی نالێن تۆ کورە کوردەکەی ؟ تۆ کورە هەڵەبجەییەکەی زمناکۆ پێی خۆشە پێی بڵێن زمناکۆ هەڵەبجەیی .

بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاست ئەم پرسە گرنگ وگەورەیەدا نیە، ئەم کەمتەرخەمیە لە کاتی دۆزینەوەی زمناکۆو تەیمورو مرییەمدا بەزەقی دەرکەوتن و هەریەکەیان بە جۆرێك روبەرووی کێشەو گرفت دەبنەوەو بوونەوە .

میوانخانەیەك پێویستە

حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچی لەدەست نەیات دەتوانێ میوانخانەیەکی تایبەت بۆ ئەو حاڵەتانە دروست بکات هەتا ئەوکاتەی ئەنجامی بەدواداچوون و پشکنینەکانیان رادەگەیەندرێ و ساغ دەبنەوە ونبووەکان هی چ خانەوادەیەکن، مرییەم نایشارێتەوە کە پێویستی بە شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی نەبێتە بار بەسەر مالاّنەوە، زمناکۆ نیگەرانە لە گللەیی کەسێك کە بۆماوەی دوو رۆژ بردوویەتیەوە بۆ مالّی خۆیان، دواتر کابرا گللەیی ئەوەی لێکردووە بۆچی کە دیداری لە راگەیاندنەکان لەگەڵدا کراوە سوپاسی ئەوی نەکردووە کە بۆماوەی دوو شەو حەواندویەتیەوە !

مالّئاوا مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی

عومەرمحەمەد



رۆژی ٢٠١٥/١/١٤ کۆرێك بۆ چلەی ماتەنی مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی سازدرا من لەو کۆرەدا ئەم وتارەم پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

لە پێشەوە پێمخۆشە سوپاسی ناوەندی ڕۆشنبیری بازیان و خانەوادە بەڕێزەکەی مامۆستا ئەرسەلانی جوانە مەرگ بکەم کەئەو ڕێزلێنانەیان بۆیادی مەرگی مامۆستا ئەرسەلان ڕێکخست.

سوپاسیان دەکەم کە ڕیگەیان پێدام دەربارەی جوانەمەرگ وتەیەك پێشکەش بکەم. دڵنیام هەموومان بۆ مەرگی مامۆستا ئەرسەلان خەمبارین، بەڵام ئەفسوس هەموومان وەك خۆی نەمان ناسی، بۆیە خەمەکانیشمان بۆمەرگی وەها مرۆڤێك وەك یەك نین، من دەمەوێ لەم ئێوارە ماتەمینیەدا زۆر بەراشکاوی بیڵێم کە هاوڕێ وخۆشەویستە کۆچکردوەکانم، چ ئەوانەی لە سەنگەری بەرگریدا گیانیان بەختکردووە، چ ئەوانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان گیانیان لەدەستداوە، لە هیچ حاڵێکیاندا مەرگیان لەخورافەوە ناپێچم، قسەیەك ناکەم کە لەگەڵ کەسایەتیاندا ناتەبابێت.

جوانترە قسەی پێش مەرگ وشینی دوای مەرگی هاوڕێکانمان نا تەبا و ناکۆك بەیەك نەبێ. ئەڵبەتە پێش مامۆستا ئەرسەلان، مەرگی هونەرمەندان نەوزاد ئەحمەدی شانۆکارو مەرگی سینەماکاری کورد تەهاکەریمی ولەم دەقەرەش مەرگی مامۆستا نەجیب گەرمیانی ومەرگی مەلائیدریس تەزاندویانم وزۆر ئازاریان داوم. زۆر ئازیزو خۆشەویستی تریش هەبوون، کە بەمەرگیان رایانچڵەکاندوم وبۆیان گریاوم. ئەو خۆشەویستە کۆچ کردوانەم، هەریەکەو لەبواریکدا ڕۆڵیان هەبوو (جا هونەری شانۆو سینەما بووبێ، یان نوسین) ئەفسوس ئەوان مرۆڤی ڕاستەقینە بوون و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا ستەمی زۆری لێکردوون، مامۆستا ئەرسەلان مرۆڤێکی مەردوماندووبوو. بەڵام هەرگیز ڕۆژگار نەیهێشت خەیاڵ وتواناکانیان بەرجەستە بکەن.

من لە ڕۆژگارەکانی ستەمکاری بەعسدا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانەوە لە بەشی شانۆ مامۆستا ئەرسەلان دەناسم ودۆست بووین، بەڵام ئەوکات هاوڕێ نەبووین، یەکتربینینەوەمان، لە ڕۆژگارەکانی دوای ئەنفال وئازادیدا بوو، کاتێك گۆڤاری ئەنفالستان بۆ نوسینەوەو دۆکۆمێنتکردنی چیرۆکەکانی ئەنفال هاتە مەیدان، مامۆستای گەورە وبەخشندە نەجیب گەرمیانی بووە خەمخۆرێکی گۆڤارەکەو پێشنیاری بۆکردم (چەند پیاوێکی بە هەڵویست وپاك) هەن دەبێت بیاننناسیت وتی: ئەو پیاوانە شایانی ئەوەن پشتیان پێببەستریێت. مامۆستا نەجیب ڕاستی فەرموو لە ناویاندا (مەلا ئیدریسی کفری ومامۆستا ئەرسەلان چیمەنی) بوونە دوو هاوکار کە هەتا لە ژیاندا بوون بە هەستێکی بەرزەوە ئامێزیان بۆ ئەنفالستان

کردبووەوە. بەداخەوە ئێستا هیچیان لە ژیاندا نەماون و هەرسێکیان بوونە ستاڤی شانازی ئەم گۆڤارە، لە ژمارەکانی رابوردوودا هەرسێکیان لە هاوکارە هەمیشەییەکان بوون و ناویان لاپەڕەکانی پێشەوەی گۆڤاری ئەنفالستاندا تۆمارکراوە. بەداخەوە مامۆستا نەجیب ساڵی ٢٠٠٦و شەهید مەلا ئیدریس ساڵی ٢٠١١ بەجێیان هێشتین، لەوەبەدواوە وەک ستاڤی شانازی و مامۆستا ئەرسەلانیش وەک هاوکارێکی بەردەوامی گۆڤارەکە لە کەرکوک و دۆڵی بازیان دەستبەکار بوون. بەهیوام ئەوانەی لە ژیاندا ماون تەمەن بواریان بدات و ئەنفالستانیش بەردەوام بێت.

ئەفسوس..! ژمارەی دادێ ناوی مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی لە هاوکارێکی دڵسۆزەوە دەچێتە پاڵ ئەو دوو پیاوە مەزنەو دەبێتە ئەندامی شانازی ئەو گۆڤارەی ١٠ ساڵ زیاترە خەم وچیرۆکەکانی ئەنفال دەنوسێتەوە.

لێرەدا خاڵێک هەیە دەبێت جێگەی تێڕامان بێت، من ومامۆستا ئەرسەلان هەردووکمان لەبواری شانۆدا بڕوانامەی هونەریمان بەدەست هێناوە، دەبوو ئێمە کارەکتەری چالاکی سەرتەختەی شانۆکان یان سەر شاشەی تیڤیەکان بوینایە، بەڵام بووینە کارەکتەری نوسینەوەی خەمەکانی میللەتێکی ئەنفال وجینۆسایدکراو! ئەوەی دەمەوێت لە کۆتاییدا بیڵێم نەفەس درێژی مامۆستا ئەرسەلان بوو، ئەو هەمیشە لە خەمی دۆزینەوەی چیرۆکی پیرەمێردو پیرەژنە ئەنفالکراوەکان و کۆکردنەوەی هاوکاری ماددیدا بوو بۆگۆڤارەکە، بەردەوام لەرێگەی تەلەفۆنەوە لە پەیوەندیدا بوو. چیرۆکی دەدۆزییەوەو وەک مەلێک چۆن پوش بۆهێلانە دێنێت ئاوا سەرچاوەی دارایی بۆ پەیدا دەکرد. کۆڕو سیمیناری ڕێکدەخست و داوای لێدەکردم بێم لەبازیان کۆربگرم. دواین کۆڕ کە لێرە گرتم لەسەر داوای مامۆستا ئەرسەلانی جوانە مەرگ بوو، کە پێکەوە پەنجەمان خستە سەر ژیان ومەینەتی ئەودەربازبووانەی کە لەگۆڕی بەکۆمەڵ ولەژێر تەرم وخوێن و جەستەی ساردەوە بووی هاوڕێکانیان لە کۆمەڵکوژی ئەنفال رزگاریان ببوو.

دڵنیام مەرگی مامۆستا ئەرسەلان بەنیگەرانی کۆتایی نایات، بەڵکو مەرگی ئەویش وەک مەرگی مامۆستا نەجیب گەرمیانی و مەرگی مەلا ئیدریس، دەبێتە کۆستێکی گەورە بۆمن وبۆگۆڤاری ئەنفالستان.

بەڵام ئیتر ئەوە سیحری ژیان ومەرگە، نەدەتوانین خۆمانی لەگەڵ ئاشنا بکەین و نە دەشتوانین دەستبەرداری بین، سیحری مەرگ لەوەدایە بەبێ ئەوەی خۆشی بوێین دەستبەردارمان نابێت، هیچمان لە دەست نایات ئەوە نەبێت کە بەرێزەوە ماڵئاوایی لە مەرگی ئازیانمان بکەین. مەرگی ئازیزان بکەینە هەوێنی خۆشەویستی مرۆڤایەتی و بەگژداچوونەوەی تیرۆر، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەشکۆو رێزەوە بژین وهەرواش دنیا بەجێبهێڵین.

بێگومان جوانترین رێزگرتن لە مامۆستا ئەرسەلان خۆشەویستییە بۆ ژیان چونکە ئەو هەتا لەژیاندا بوو هەموومانی خۆش دەویست بەوانەشەوە کە هیچ واتایەکی خۆشەویستی نازانن.

جوانترین رێزگرتن لە مامۆستای جوانە مەرگ خۆشەویستنی منداڵانە چونکە ئەو منداڵی خۆش دەویست.

جوانترین رێزگرتن لە مامۆستا ئەرسەلان لێبوردەییە چونکە ئەو مرۆڤێکی لێبوردەبوو، نەیاری دڵرەقی وبەدرەفتاری بوو، جوانترین رێزگرتن ئازادییە بۆ ئەم میللەتە ئەنفالکراوە چونکە ئەوە خەونی ئەو پیاوە بوو.

بەناوی سەرنوسەرو یاریدەدەرو سەرجەم نوسەران وهاوکارانی گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەوسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی دەکەین و دڵتەنگی خۆمان رادەگەیەنین و ئەوەش دوپات دەکەینەوە کەمەرگی لەناکاوی مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی هەرزیانێک نەبوو لە خانەوادەکەی ولە گۆڤاری ئەنفالستان بەڵکو زیانێک بوو لە کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و دۆڵی بازیان بەتایبەتی وخوێندکاران ووەرزش وانان وهونەردۆستانی ئەو دۆڵە .

بادەست پێبکەین

پاش ئەوەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک پۆستێکم دانا لەژێر ناو نیشانی (**خۆزگە کەسوکاری ئەنفالکراوان بەگوێیان دەکردم**).

چەند بەڕێزێک پشتیوانیان دەربڕی و یەکێک لە تاقانەکانی ئەنفالی گەرمیانیش بەڵێنی ئەوەیدا کە لەگوندەکەیانەوە دەست پێبکات، بەڵای کەمەوە لەناوی ئەنفالکراوەکانی خۆیانەوە دەست بکات بە جێبەجێکردنی. بێگومان زۆر کارێکی گرنگ و پربایەخ دەبێت کە هەموو خەڵکی گوندەکان چ ئەوانەی ئێستا لەناو شارو کۆمەڵگاو ناحێکاندا دەژین، چ ئەوانەی لەناو گوندەکاندا دەژین، بەکۆمەکی دەستەجەمعی و بەتایبەتیش بە موچەی ئەنفالکراوەکانیان هەر هیچ نەبێت وەک ڕێزلێنانێک لە دەروازەی گوندەکانیان دیوار بەندێک بکەن و (ناو، تەمەن، ڕەگەز)ی هەموو ئەنفالکراوەکانیانی لەسەر بنوسن.

وەک لە پۆستەکەمدا نوسیوومە پێشتر زۆر هەوڵمداوەو قسەم لەگەڵ خەڵکی زۆر گوندی ئەنفالکراوان کردووە، پێشنیارم بۆ کردبوون کە چیتر چاوەروانی حکومەت نەبن باشترە خۆیان قۆڵی لێهەڵماڵن و دەست پێبکەن.

هەموو ئەنفالکراوێک ئەو مافەی بەسەرمانەوەیە نەهێڵین ناوی ون ببێت، ئەمە دەبێتە زانیارییەکیش بۆ هەر کەسێک کە دەچێتە گوندەکانیان.

ئەم ڕێزلێنانە پێش هەموو کەس ئەرکی کەسوکاری ئەنفالکراوانە، هەر هیچ نەبێت لەو بڕە موچەیەی کە لە بری ئەنفالکراوێک وەری دەگرن، مافی خۆیانە لە موچەی خۆیان و لەهەقی خوێنی بەناهەق ڕژاویان ناویان بە دەروازەی گوندەکانی خۆیانەوە بنوسن.. هەر وەک چۆن



خەڵکی نەوجول کردوویانە بێگومان نابێت ئەوەش لەیاد بکەین پێش نەوجولیش خەڵکی گوندی کلێسە لەسەر ئەرکی خۆیان مۆنۆمێنتێکیان دروستکردووەو ناوو وێنەی ئەنفالکراوەکانیان لەو مۆبۆمێنتەدا نوسیوە. دەستیان خۆش بێت.

فەرموون هەمووتان دەست پێبکەن هەموو خانەوادەیەک با لەماڵەکانی خۆیانەوە دەست پێبکەن لەسەر بەردێکی مەرمەر یاخود لەسەر هەرشتێک کە خۆیان بەشیاوی دەزانن، لەسەردیواری ماڵەکانتان و بەتەنیشت دەرگای حەوشەی ماڵەکانتانەوە (ناو، ڕەگەز، تەمەن)ی ئەنفالکراوەکانتان بنوسن، لەم هەنگاوەوە بۆ گوندەکانتان ودواجار بۆ مۆنۆمێنتەکانی ئەنفال و ئینجا کۆی ناوی ئەنفالکراوان وگیانبەختکردوان بەگازی کیمیایی لە دیوارێکی تایبەتدا لەناوچەقی پایتەختەکانی ئاشتی و ڕۆشنبیری و پایتەختی هەرێمی کوردستان. ئینجا بزانین نەوەی نوێ ئەنفالی لەبیر دەچێتەوە؟



بەندین عەلی خورشید:

ماوەی شەش مانگ من بێناو بووم، کە ئازادکراین ناویان لێنام



رۆژی : ٢٠١٤/١٢/٧
کات : ١٠ی سەرلەبەیانی
دیدار: عومەرمحەمەد
هاوکار : ژیلوان ئەحمەد سەید
وێنەگر: ئاوات عەلی شەریف.
شوێن: سلێمانی مالّی دیمانە لەگەڵ کراو.

پێدەچێت بەندین چاوەڕوانی بەناوبانگترین سینەماکارو بەبڕشتترین قەڵەم بێت هەتا چیرۆکی لە دایکبوونی بنوسێتەوە، دەنا دەبوو وەك ڕۆژنامەنوسێك هەر هیچ نەبێت ستونێك لەبارەی چیرۆکی لەدایکبون وناونانی خۆیەوە بنوسێ ! ئەوە پرسیارێکە کە ڕۆژگار وەڵامی دەداتەوە نەك ئەم دیمانیە.

ئەنفالی کوردی باشور پڕە لە تاوان و ستەمکاری، پڕە لە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی بەهۆیەوە سەدان هەزار کوژران وبێسەرشوێن کران، سەدانیش هەر لە گوندەکانیاندا بەگازی کیمیایی خنکان وبریندار بوون، بە سەدان هەزار ئینسانی کورد برانە بیابانەکی خواروی عیراق و بە کۆمەڵکوژران، دەیان هەزار ژن ومندالّ ڕاپێچی کەمپەکانی کۆکردنەوە کران و دوای پۆلێنکردن وجیاکردنەوەیان توشی چارەنوسی ڕەش بوون، زۆرێك لەوانە کوژران وجارێکی تر بە زیندویی نەبینرانەوە زۆریشیان لەبارودۆخێکی نامرۆڤانەدا لە زیندان هێڵدرانەوە، کەم نین ئەو منداڵانەی لەزیندانەکانی دوبزونوگرەسەلمان لەبرسان مردن، تەنانەت کەم نین ئەو منداڵانەی لە زیندان لە دایکبوون و ئێستا ناویان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی لە دایکبونیانە،(ئیڤا، بێناز، بێکەس، بەندی) بێگومان هەموو ئەو لە دایکبوونانە بەئازارن، بەڵام چیرۆکی لە دایکبوونی هیچیان هێندەی چیرۆکی بەندین بەئازارو پرسیار هەڵگرنین.

دەمێك بوو باسی ئەم کوڕەیان بۆ دەکردم کە لە نوگرەسەلمان لە دایك بووە و لەوێ دایکی ناوی (بەندی) لێ ناوە، ساڵی ٢٠٠٩ یەکەمجار کاك پشکۆ محەمەد ڕۆستەم لەکەلار و جارێکی تریش ساڵی ٢٠١١ خەڵکی تر لە شاری کفری باسی ئەم کوڕەیان لەگەڵدا کردمەوە، یەکێك لەوانە پیاوێك بوو بەناوی عەلی کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان لە پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا گیرابوون و بێسەروشوێن ببوون لەکۆی خێزانەکەیان هەر بەتەنها بۆخۆی مابوو، ئەو ڕۆژە عەلی زیاتر لەهەموویان ناچاری کردم بەدوای چیرۆکی بەندیندا بچم، کاتێك بە خەمباریيەوە قسەی لەبارەی ئەنفالەوە بۆ دەکردم. بەئاهێکی سارەوە ووتی کوڕە مامۆستا باسی چیت بۆبکەم هەتا دنیا دنیایە چیرۆکەکانی ئەنفالی گەرمیان لەبن نایەن، ئەویش باسی

ئەم کورەی بۆکردم و هەرلەوێ ژمارە تەلەفۆنەکەی پێدام.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە قسەم لەگەڵدا کردو داوام کرد پێکەوە دیمانەیەك دەربارەی چیرۆکی لەدایك بوونی و ئەنفال ورۆژگارەکانی دوای ئەنفال ساز بکەین، هەرچەندە زۆر بە میهرەبانیەوە پێشوازی لە خواستەکەم کرد، بەڵام ئەفسوس نە ئەو هێندە بەخەمەوە بوو نەمنیش بەهۆی سەرقاڵی خۆمەوە دەپەرژام هەنگاو بنێم، بۆیە هەر لەناو دەفتەری ڕۆژانەمدا ریز بەندکرابوو، کەچی ئەو دەرفەتەم هەر بۆ نەڕەخسا. هەتا ڕۆژی ٧ی دێسمبەری ساڵی ٢٠١٤. ئەم دیدارەمان سازکرد.

پێدەچێت بەندین چاوەڕوانی قەڵەمێکی بەبڕشت و فیلم سازێکی ئەفسوناوی بێت هەتا چیرۆکی ژیانی بۆ بنوسێتەوە هەتا لەوێزەی تراژیدیای ئەنفال و خەمی خۆی وخانەوادەکەی و هەزارانی وەك ئەوان بێت دەنا بەندین خۆی نەك هەر خوێندەوارەو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، بەڵکو بڕوانامەی لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەدەست هێناوەو لەڕوی پسپۆرییەوە ڕۆژنامەنوسە، کەچی عەجایەب..! بەندین نەك هەر چیرۆکەکانی ئەنفال نانوسێتەوە بەڵکو دەستی بۆ نوسینەوەی چیرۆکی لەدایك بوونی خۆی وئەنفالکردنی ناوچەکەشیان نەبردووە ! پرسیارێکە دەشێت لەدەیان ڕەهەندەوە وەڵام بدرێتەوە، یاران دەبێت هۆکاری چی بێت ڕۆژنامەنوسێك هیچ لەبارەی چیرۆکی خۆی وهەزاران ئەنفال دیدەی وەك خۆیەوە نالێت؟! خەمساردو بێباکە؟ بێتوانایە؟ یان دنیایەك هۆکارو فاکتەری جەوهەری لەپشتی ئەم پرسیارانەوە خۆیان مەڵاس داوە؟ هەربەڕاست بۆچی بەندین چیرۆکی خۆی نەنوسیوەتەوە؟ بۆچی گەنجێك کەبەشی ڕاگەیاندنی تەواو کردووە، نابێتە چالاکێکی ئەو بوارەو ئەو تراژیدیەی کوردو خانەوادەکەی نانوسێتەوە؟ بۆچی لەبری ئەوەی فەرمانبەرێکی بەرێوەبەرایتی هاتووچۆبێت، فەرمانبەرێکی دیارو ناسراوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان نییە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ڕەنگە لەناواخنی دیمانەکەشماندا دەست نەکەون بەڵکو هێشتا پرسیاری گرنگتر هەن کە دەبێت کۆمەڵگای بێخەمی کوردو حکومەتە ناکاملەکەی وەڵامی بدەنەوە.

دەبێت ئەوەش بڵێم لەو دیدارەدا بۆم ڕون بووەوە کە ناوی ئەو کورەی واسڵانێکە بۆم باس دەکەن (بەندی) نیە بەڵکو (بەندین)ە، لە نوگرەسەلمانیش لە دایك نەبووە بەڵکو لە سەربازگەی دوبزکە شوێنی دەستبەسەرکردنی ژن ومندااڵنی گەرمیان بووە لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و نەگونجاودا لە دایك بووەو چاوی بەدنیای ستەمکاریدا هەڵهێناوە.

هەر دوای ئەوەی ئاسکەی دایکی منداڵەکەی لێ بووەتەوە سەرباز هاتوون بەزۆرداری و قسەی بەرزونزم زیندانەکانیان لە هۆڵەکە کردووەتە دەرەوەو ڕاپێجی ناو ئەو پاسانەیان کردوون کە بۆ گواستنەوەیان ئامادەکرابوون. ئەم کۆرپەیەش بەبێ ئەوەی پارچە پەرۆیەکیان دەست بکەوێت تێوەی بپێچن لە سەر تاقێکی هۆڵەکەدا بەجێیان هێشتووە. بەڵام لەوەدا بەخت یاوەری بووە کەوا بەرلەوەی کاروانی پاسەکان بجوڵێن و بەڕێ بکەون، سەربازێکی دڵنەرم بەناوی (مەحمود یاخود حمودی) غیرەتی دەجوڵیت و کۆرپە تازە لەدایك بووەکە هەڵیدەگرێت و دەچێت بەناو ژنەکاندا دەگەڕیت و دایکی دەدۆزێتەوەو کۆرپەلەکەی دەداتەوە دەستی، هەربەوەندەشەوە ناوەستێ دواتر دەچێت دشداشەیەکی کۆنی خۆی بۆدەهێنێت بۆئەوەی منداڵە تازە لە دایك بووەکەی تێوە بپێچن. هەموو ریاگوزارییەکی تەندروستی بەندینی تازە لەدایك بوو تەنها ئەو دشداشە کۆنە بوو، کەماوەیەکی زۆر تیایدا مایەوە.

ئەو پاسانەی کە سەرنشینە مەینەتبارەکانی نەیاندەزانی بەرەو کوێیان دەبەن ماوەی ١٣ کاتژمێری تەواو بەرێگاوە بوو، هەتا لەدوا وێستگە وەستان کە ناوحەوشەی نوگرەسەلمان بوو، یان ڕاستتر بڵێین دۆزەخی ئەنفالکراوەکان بوو.

بەندین هەتا لە نوگرەسەلمان بوو کە ماوەی چوارمانگیان پێچوو، تەنها مرۆڤ وتەنیا منداڵی بێ ناوی سەر گۆی ئەم زەوییە بوو کە هیچ ناوێکیان لێنەنابوو، دایکی دەڵێت لەبەرئەوەی هیچ نەبوو بیدەمێ بیخوات و نە لەو بڕوایەدا بووم ئێمە ڕۆژێك ئازاد ببین و نەلەو بڕوایەشدا بووم کۆرپەکەم بژی. شێرکۆی براشی دەڵێت لەوێ مرۆڤ هیچ بەهایەکی نەمابوو، ئێمەش کەناومان هەبوو هیچ بەهایەك بۆ ناوو ناونیشانمان نەمابوو هەتا ناچاربین ناوێك بۆ براکەمان بدۆزینەوە چونکە جگەلەوەی ڕۆژانە خەڵك

بەتایبەتیش پیرەکان و منداڵ دەمردن هەمیشە چاوەروانی مەرگێکی لەناکاومان دەکرد، لەنوگرەسەلمان هێندەی چاوەروانی مەرگ بووین هێندە چاوەروانی لێبوردن ودەرفەتی ژیان نەبووین. بەڵام هەرچۆنێك بوو کورە لەو دۆخە سەختەدا ژیاو دوای ٤ مانگ مانەوە لە نوگرەسەلمان کە گەرانەوە لە کۆمەڵگای ڕزگاری مامی ناوی نا (بەندین) هەرچەندێك بتەوێ قسە لەبارەی مێژوی خوێناوی ئەنفال وتەنانەت لەبارەی خودی بەندین وخانەوادەکەی و ئاسکەی دایکی تەواونابێ بەڵام من ئیتر واز لەقسەکردن دەهێنم و بانگهێشتتان دەکەمە ناو دەقی دیدارێکەوە کە ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ لەگەلیدا سازم کردووە.

دەقی دیدارەکە

زۆرخۆشحاڵم کە ئێستا پێکەوە دانیشتوین و دیدارێك لەبارەی چیرۆکی لە دایکبوونت ساز دەکەین یان پێکەوە گفتوگۆیەك دەربارەی تاوانی ئەنفال و ژیانی تۆدەکەین.

بێگومان منیش خۆشحاڵم.

کەواتە ئامادەی؟

بەڵێ بێگومان بەخۆشحاڵییەوە.

با لە ناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین.

من ناوم بەندین عەلی خورشیدە،

بەندی عەلی خورشید؟.

ببورە من ناوم (بەندین)ە نەك بەندی، بەو واتایەی کە هەموومان (بەندکراوین) هەموومان بەندین نەك هەر من. ڕاستە دایکم هەربەبەندی بانگم دەکات بەڵام من ناوم بەندینە.

دەستخۆش بۆ ڕاستکردنەوەی ناوەکەت و ڕونکردنەوەکەت منیش هەر واتێگەیشتبووم کە ناوت بەندییە، نەك بەندین. دوبارە سوپاس بۆ ڕونکردنەوەکەت.

سوپاس بۆ تۆش.

ئەوە بۆمن ڕونە کە تۆ ساڵی ١٩٨٨ لەدایك بووییت، دایکیشت بەسەرهاتی خۆیانی بۆ گێڕامەوە کەچۆن گیراون و ئەنفالکراون و ماوەیەکی زۆر لە سەربازگەی دوبز دەستبەسەر بوون، لە میانەی چیرۆکی گرتن و ڕاگواستنیاندا ئەو دوگیان بووە بەتۆوە، ئەوەشی بۆ باس کردم کە تۆ لە چ بارودۆخێکی نەگونجاودا لەدایك بووییت، هەڵبەت خۆشت چیرۆکی لە دایك بوونی خۆت دەزانیت؟

بەڵێ بێگومان.

کەواتە ئەوەش دەزانی کە هۆکاری ناولێنانی تۆچییە؟

بەڵێ دایکم بەدەیانجار باسی ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە.

چی بۆگێڕاویتەوە؟ بابڵێن چی بۆ باسکردوویت؟

کاتێك ئەوان گیراون دایکم بەمن دوگیان بووەو من لەسکیدا چوارمانگ بووم، کە ئەوان ئەنفالکراون، پێشتریش لەگەڵ باوکمدا گونداوگوند گەڕاوەو ژیانێکی زەحمەتیان هەبووە، باوکم پێشمەرگە بووەو لە حکومەت قاچاغ بووە، مامۆستای شۆڕش بووەو ئەو گوندانەی کە حکومەتی ئەوسای عیراق خوێندن و تەنانەت ژیانی تێدا قەدەغەکردوون باوکم لەوێدا وانەی بە قوتابیانی گوندەکان وتووەتەوەو منداڵانی فێری خوێندەواری کردووە. بەڵام ئیتر حکومەتی ئەوسای عێراق هێرشی کردووەتە سەریان وگرتوویانن.

کاك بەندین بەڵەوەی بچینە سەر باسی ئەوەی ئەم ناوە بۆتۆ چی دەگەیەنێت و چەندە کاریگەری لەسەر تۆهەیە، دەمەوێت بزانم تۆ چ کارەی؟ چی کارێك دەکەیت؟

مەکتەبم تەواو کردووەو ئێستا لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ فەرمانبەرم.

خوێندنی چیت تەواو کردووە؟

ڕاگەیاندن.

کۆلیژی ڕاگەیاندن؟

نەخێر پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕۆژنامەنوسی ئەوەی سلێمانی لەگەڕەکی بەختیاری

ساڵی چەند تەواوت کردووە؟

سێ چوار ساڵ لەمەوپێش تەواوم کردووە.

کەواتە نازانی چ ساڵێك تەواوت کردووە؟ ئێستاش لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی هەرکاری ڕاگەیاندن دەکەیت یان ئەرکێکی ترت گرتووەتە ئەستۆ؟

پێشتر لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆش هەرکاری ڕاگەیاندنم دەکرد، بەڵام ئێستا لەووبەشە نەماوم و ئەرکی ترم لەئەستۆیە.

تۆ بۆخۆت وەك کەسێکی زانستی چۆن لەکاری ڕاگەیاندن دەروانی؟ بۆچی دۆسیی ئەنفالت فەرمۆش کردووە، چونکە بۆخۆت خاوەنی دۆسێیەکی زۆر گرنگیت چیرۆکێکی تایبەتت هەیە؟

راستیەکەی بەپێ مەجالەکەم وبەپێی ئیشەکەم زۆر دەرفەتم نەبووە. هەتا لایەنی ژیانم مسۆگەر نەکەم و پاڵپشتێکم نەبێت ناجارم هەستم کارێکی تربکەم.

کەواتە تۆ گرانی ژیان وبژێوی رێگرە لەبەردەمت بۆئەوەی وەک راگەیاندن کارێک لەوبوارەدا کاربکەیت؟

بەڵێ بێگومان. من کە پۆلی شەشم تەواوکرد (مەبەست ئەوەیە قۆناغی ئامادەیی بڕی) دامەزرام، هێشتا ناوم نەهاتبووەوە هەتا بزانم لە کوێ دەخوێنم کە من دامەزرام. کەدامەزرام و وەک کارمەندێک دەستبەکار بووم، ناوم لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی هاتەوە، دەبوو بەیانیان بخوێنم ئەوەش لەگەڵ کارەکەم نەدەگونجا، ئیتر ناچاربووم ئێواران بخوێنم ئیتر هەم لە فەرمانگە کارم دەکردو هەم لەپەیمانگەش دەمخوێند.

ئینجا ئەوە بۆتۆ گونجاو بوو؟

دەبوو بیگونجێنم بەیانی کاتژمێر ٧ لەماڵەوە دەردەچوم کاتژمێر ٩ی شەو دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

لەبەرێوەبەرایەتیەکەی خۆتان دەزانن کە چیرۆکی بەندی چییە؟ بۆچی ناوی بەندییە؟

بەڵێ بەرێوەبەریش دەیزانێت. بەشی هەرەزۆری بەرێوەبەرایەتییەکەمان دەیزانێت مەگەر بەدەگمەن.

تێروانینی هاوکارەکانت وبەرێوەبەرەکانت چۆنن بۆتۆ، هەلبەت بۆخودی خۆت نالێم وەک کەسایەتی مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکەیت چۆن سەیری ئەنفال دەکەن وچۆن لێی تێگەیشتوون و چۆن سەیری هاوکارێکی خۆیان دەکەن کە لەزیندان لەدایک بووە؟

بەشیوەیەکی گشتی ئەگەر کەسێک خۆی قوربانی نەدابێت ڕەنگە ئەوکاریگەرییەی لەسەری نەبێت، ئەگەر کەسێک خۆی قوربانی دابێت وبزانێت ئازارەکەی چۆنە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەری.

بەڵام ئەوەمەرج نیە، هەیە قوربانی نەداوەو کەسی ئەنفال نەکراوەو کاریگەری زۆریشی بەسەرییەوە هەیە.؟

ڕاستە هەیە، بەڵام هەیشە زۆر ئاساییە بەلایەوە. بەتایبەتی ئەم (جیل)ەی ئێمە.ئەوانەی پێش ئێمە تارادەیەک کاریگەری هەیە بەسەریانەوە. دەزانن ئەنفال رویداوەو هەڵەبجە کیمیاباران کراوە.

بەڵام ئەوە زانیارییەکی گشتییە، ئێستا نەک کورد هەموو دنیا وێنەگشتیەکەی ئەنفال دەزانن بەڵام وردەکارییەکانی ناو وێنەکە نازانن، من نمونەی کوڕی موستەشارێکت بۆ باس دەکەم، کە خۆی منداڵ بووە کاتێک باوکی لەتاوانی ئەنفالەوە گلاوە، ئێستا زۆر ئازار دەچێژێت کە باوکی بەشداری تاوانێکی گەورەی کردووە، ئەم کورە بێدەسەڵاتە بەڵام زۆر کاریگەری ئەو بەشداری کردنەی باوکی بەسەرەوەیە. بەهەرحاڵ بالە بابەتەکەمان دورنەکەوینەوە.

منیش بەڕێژەیی باس دەکەم هەمووی وەک یەکنین.

ڕستە بێگومان وایە، بەڵام ڕێگەم بدە پرسیارێکی ترت لێ بکەم، هاوکارەکانت هەتا چەند ڕێز لەبەندین دەگرن نەک وەک کارمەندێک یان وەک کەسایەتییەک بەڵکو بەندین وەک کورێک کە لەئەنفالدا لەدایکبووە؟

هەتا ڕادەیەکی باش.

بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە بری ئەوەی کارمەندی بەرێوەبەرایتی هاتوچۆبێت کارمەندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان بیت؟ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمە بەخەیاڵتدا نەهاتووە؟

ناتوانیت.

بۆ ناتوانیت کارمەندێکی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان بیت؟ من پرسیاری ئەوەم کرد بیرت لێنەکردووەتەوە؟

بیریشی لیبکەمەوە بەراستیی دەیڵێم ئەو کارەی ئێستام باشترە.

بۆچی باشترە؟

راستیەکەی ئەوەی کەلێرە یان لەم کارەی ئێستامدا دەتوانم گوزەرانی ژیانی خۆمی پێ دابین بکەم لە وەزارەتی شەهیدان ناتوانم.

بەدەرلە گوزەران بۆنمونە لە پشتی ئەو کامێرایەوە لە بری کاک ئاوات یان کاک ژیلوان بەندین بوایە؟

زۆر زۆریش زیاد لە پێویست بەڵێ وەک ئەولایەنەیان راست دەکەیت زۆر زۆریشم پێخۆشە، بەڵام چیبکەم ژیان هەرئەوەندە ڕێگەم پێدەدات. باش لەمەبەستەکەی تۆ تێدەگەم لە بری ئەوەی پۆلیسێکی هاتوچۆ بومایە کاری ڕاگەیاندنم بکردایەو بەدوای چیرۆکەکانی ئەنفالەوە بوومایەو وێنەیانم بگرتایەو بەخەڵکم بناساندنایە. بەڵام

چی بکەم لەگەڵ ڕۆژگاردا.

قەت بەدوای ئەوکەسانەدا نەگەڕوایت کەوەک خۆت لە زیندان لەدایک بوون ولەزیندان ناو نراون؟

نەخێر نەگەراوم بەڵام هەزدەکەم بزانم.

بەڵای کەمەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بیانکەیت بەهاوڕێی خۆت؟

نەبووە بەڵام هەزدەکەم. کە هەبێت.

خەڵک هەیە نەک لە زیندان بەڵکو لەڕێگە لەناو ئیڤادا لە دایک بووەو ئێستاش ناوی ئیڤایە.

بەڵێ دڵنیام کەهەیە مەبەستەکەی من ئەوەیە کە برادەرم نەبوون. من نەمناسیون.

(شێرکۆی برای هاتە ناو قسەکانمانەوەو وتی هەیە چەند کەسێکی خزمی خۆمانمان لەگەڵدا بوون لە نوگرەسەلمان ودوبز بەندی وەڵامی دایەوە ئاخر خۆ ئەوانە لە زیندان لەدایک نەبوون ئەوان ئەنفال بوون بەڵام لێرەدا مەبەستەکە ئەوانەیە کە لەزیندان وەکو خۆم لە زیندان لە دایک بوون.)

کاک بەندین کەسێک دەناسیت بەناوی ئیڤا؟ مەبەستم ئەوەیە کەسێکت بیستووە بەو ناوەوە؟

نەخێر

گەرمیانیەک هەیە لەکاتی پرۆسەکانی تاوانی ئەنفالدا لەناو (ئیڤا)دا لە دایک بووە، بێگومان دەزانیت کە ئیڤا جۆرە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی ئەوکاتە بوو، ئۆتۆمبیلێکی ڕەزاگران و دزێوە.

نایناسم نەمبیستووە.

بێگومان کەسیش ناناسیت بەناوی (بێ نان) من بۆیە ئەمانەت بۆ باس دەکەم کە بیزانیت کەسانی تریش هەن وەک تۆ لەزیندان لەدایک بوون، وەک تۆ ناوەکانیان گوزارشت لە چیرۆکی لە دایکبوونیان وتاوانێک دەکەن کە دەرهەق بەکورد ئەنجام دراون. کەسێک لە بالیسان ناوی (کیمیا)یە لەبەرئەوەی لە کاتێکدا لە دایکبووە کە بۆمبارانی گوندەکەیان بەچەکی کیمیایی دەکرا، بەداخەوە ئەویش نەژیاو گیانی لەدەستدا، کەسیش هەیە لە تۆپزاوا لەدایک بووە ناوی (بێنازە) کەواتە تۆ تەنیا نیت، بەڵام ببورە هەست ناکەیت وەک ڕاگەیاندنکارێک وەک ئەنفالکراوێک جگەلە ئەرکی ڕۆژانەی خۆت ئەرکێکیشت فەرامۆش کردووە؟

تۆ ڕاست دەکەیت لە مەبەستەکەت تێدەگەم بەڵام بۆنمونە کچێک لەگەرمیان چیرۆکی ژیانی وەک هی منە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر ئاسایی نیە، کچ وکوڕێک لە تەمەنێکدا بڵێم وەرە باهاوڕێ بین وەیەکتر بناسین ڕەنگە ئێستا تارادەیەک لە جاران باشتر بێت.

بەڵام کوردستان تائەو ئاستە داخراونییە کەتۆ مەترسیت هەیە لەسەری یان شەرمی تێدا بکەیت.

ڕاستە بەڵام ناوچەکەی ئێمە لەگەڵ ئێرەدا (سلێمانی) جیاوازیان زۆرە. من لەوێش هەڵسوکەوتم لەگەڵ خەڵکدا کردووەو لێرەش هەڵسوکەوتم لەگەڵ خەڵکدا کردووە. بێگومان بۆ ئێرە تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام بۆ لەمەولا هەوڵدەدەم لەبەرئەوەی هاوسەرگیریم کردووە.

کەواتە ئەوەشمان زانی کە هاوسەرگیریت کردووە پیرۆزتان بێت، بەڵام پێمبڵێ ساڵێ چەند هاوسەرگیریتان کرد؟

ئەمسال. هێشتا ساڵێکمان پێکەوە تێنەپەراندووە.

کورد وتەنی پێکەوە پیرو خەڕۆبن، هاوسەرەکەت گەرمیانیە یان بابڵێین ئەویش هەر کەسوکاری ئەنفالە؟

بەڵێ ئەویش کچی شەهیدە، باوکی شەهیدەو دایکیشی کۆچی دوایی کردووە.

بەندین واتا ناوەکەت هەتا چەند کاریگەری بەسەر ڕەفتارو باری دەرونیتەوە هەیە.؟

خۆت دەزانی من لەزیندان لەدایک بووم، ساڵی لەدایک بوون وساتەوەختی لەدایک بوونم لەبیر نیە، بەڵام دایکم بۆی گێڕاومەتەوە کە چۆن لەدایک بووم، من هەرگیز ئەوەم لە بیرناچێتەوە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە شتێکی ناخۆشە لە یادەوەریمدا.

بامەبەستەکەم ڕونتر بکەمەوە، ئێمە هەموومان مرۆڤین ئەگەری ئەوە هەیە وەک چۆن کاری باش دەکەین کاری خراپیش بکەین، بۆنمونە تۆ گەنجێکیت لەکۆمەڵگادا هەڵسوکەوت دەکەیت، ڕۆژێک ویستووتە هەڵسوکەوتێک بکەیت، ڕەنگە بەهەڵەشی نەزانی یان گەندەڵییەک بکەیت، بەڵام کاتێک دەتەوێ ئەوەکارەبکەیت شتێک ڕێگرە ئەویش ناوەکەتە کەدەتباتەوە بۆ ڕابوردوی خۆت بۆ شێوازی لەدایک بوونت بۆ ئەشکنجەی دوبز یان نوگرەسەلمان کە دایکت وبراکەت بۆیان گیراویتەوە؟

بەڵێ من خۆم ناوم بەندینە، لەماڵەوەش پێم دەڵێن حەمە واتە محەمەد ئەویش ناوێکی پیرۆزە، بەندینەکە ناوی خۆمە تایبەتە بەخۆم. ناتوانم هیچ بکەم.

بەڵام ئەوەبزانە ناوی تۆ گۆزارشت لە ئازاری میللەتێك دەکات، ئەگەر ئەنفال نەبوایەو کۆمەڵکوژی و ئازاری دەستەجەمعی نەبوایە رەنگە ئێستا تۆ ناوت شادمان یان شادی بوایە بەڵام بەندین بە واتای ئێمە بەندکراوین یان بەندکرابووین؟

وایە ئەوەش ڕاستە.

بێگومان دایکت زۆری بۆ گێڕاویتەوە، بەتایبەت لەوڵاتێکدا کە کارەبا نەبووەو تەلەفزیون نەبووە، بەردەوام ئەو خانەوادانە چیرۆکی خۆیان بۆ خۆیان وبۆ میوانەکانیان و بۆ منداڵەکان گێڕاوەتەوە، شیرکۆ یان برایەکی ترت بۆی گێڕاویتەوە، ئایا شادمانی بەوەی ئەوکاتە تۆمندالێکی ساوابوویت وبێ ئاگابوویت لەو ئازارو ئەشکەنجەیە یان هیوات دەخواست تۆش تەمەنت ئەوەندە ببوایە کە ئەو ئازارەیان لەگەڵدا بەش بکەیت وبەشداریان بکەیت؟

هەرچەندە بیری لێبکەیتەوە قورسە، زۆر سەختە زۆر نازانم چی بڵێم دایکم باسی دەکات من دەست دەکەم بەگریان.

بەڵام پرسیاری من لەتۆ تەنها وەك ئەنفالکراوێك نیە، بەڵکو وەك ڕاگەیاندن کارێکیشە، مەبەستم ئەوەیە قەت ڕۆژێك بیرت لێکردووەتەوە بڵێیت باش بوومن لەو دۆخە مەترسیدارەدا منداڵێکی بێ ئاگابووم؟ باش بووئەوەندە گەورە نەبووم و ئازارو ئەشکەنجەی ئەوخەڵکە بەچاوی خۆم نەبینی؟

ڕاستی بیرم لێنەکردووەتەوە بەڵام ڕەنگە ئەو ئازایەتی وخۆڕاگرییەی ئەوان بویانە من نەمبوایە.

دایکت وتی هەتا لە نوگرەسەلمان بووین وهاتینەوە بەندین هیچ ناوێکمان لێ نەنابوو، لە رزگاری مامت ناوی ناویت؟ ئەگەر خۆت ناوی خۆتت هەلبژاردایە هەمان ناوت لەخۆت دەنایەوە؟ یان با بڵێین تۆ لە ناوەکەی خۆت رازیت؟

بەڵێ.

ئەگەر دەرفەتت هەبێت سەرلەنوێ ناوێکی تر بۆخۆت هەڵبژێریتەوە هەر ئەوناوە بۆخۆت دادەنێیتەوە؟

بەڵێ

دایکت بۆی باس کردم کە تۆ لە چ بارودۆخێکی سەختدا لە دایك بووییت، هەڵبەت بۆخۆشتی باسکردووە؟

نەك جارێك دەیان جار بۆی گێڕاومەتەوە. لەو هەلومەرجە سەختەدا من لە دایك بووم هەروا کاتژمێرێك دوای ئەوەی چاوم بەدنیا هەڵهێناوە، زیندانیەکانیان ڕاپێچی ناو سەیارە کردووەو دایکم منی بەجێهێشتووە، بەبێ ئەوەی پەرۆیەکیشم تێوەبپێچن. لەسەر تاقی پەنجەرەیەك بەجێیان هێشتووم، دوایی سەربازێك هەڵیگرتوومەتەوەو بردومیی بۆدایکم.

بەڵێ ئەوەی دەمەوێت بپرسم ئەمەیە ئەو چیرۆکەو دواخستنی ناولێنانت چۆن لێك دەدەیتەوە؟ چۆن بیری لێدەکەیتەوە؟

بیرلەوە دەکەمەوە ئەو خەڵکە لە چ دۆخێکی سەختدابوون، ئەنفال چ ڕەزالەتێك بووە، ئەگەر وا نەبوبێت دایکم وخوشك و براکانم چۆن بەجێم دەهێڵن؟ بۆ بەجێیانهێشتووم؟ دیارە ژیانیان زۆر زەحمەت وسەخت بووە.

کەواتە ئەوەی لەکوردەواریدا دەیڵێن دایك نەدەپەرژایە سەر کوڕی خۆی بەراستی لەنێوان تۆو دایکتدا ڕوویداوە، لەنێوان (ئاسکە)دایك و(بەندین)ی مەلۆتکەدا ڕوویداوە.

بەڵێ بەواقعی ڕوویداوە. هەمیشەوەك فیلمێك دێتە پێش چاوم.

قەت بیرت لەوە کردووەتەوە ئەگەر بەجێیان هێشتایتایە چی ڕوی دەدا؟

ئەی چۆن بیری لێناکەمەوە ئەنفال تەنها من ودایکم خوشکەکانم نەبوون خەڵکێکی زۆر بوون بیر لەخۆمان وئەوانی تریش دەکەمەوە.

مەبەستەکەم ڕونتر دەکەمەوە. ئەگەر بەندین بەجێبهێڵدرایە، دایکت برۆیشتایە بۆ نوگرەسەلمان ومنداڵێکی تازە لەدایك بووش لەسەر ئەوتاقی پەنجەرەیە بمایتایەتەوە، لەو کاتەدا دوو ئەگەر هەبوو یان لەبرسا دەمردو عەسکەر دەیانشاردەوە یان عەسکەرێك وەك چۆن ڕەحمی جولاو دشداشەکەی خۆی تێوەپێچا بوو دایەوە دەست دایکت بیدایە دەست خێر خوازێك یاخود بۆخۆی بیبردایەو گەورەی بکردایە..؟ لەهەردو حاڵەتەکەدا کەسێك ون دەبوو ئەگەر بمردایە مرۆڤێك ون دەبوو، ئەگەر بژیایە هەر ڕەچەڵك و ڕەنگە نەتەوەو تەنانەت ئاینیشی ون دەبوو،

چونکە رەنگە ئەوەی هەلیدەگرێتەوەو بەخێوی دەکات مەسیحیەك یان ئێزدییەك یاخود کلدۆ ئاشوورییەك بێت.؟

زۆر زۆر ڕاستە بەڵام ڕاستی من وا بیرم لێنەکردووەتەوە.

بەڵام پێویستە هەموو کورد وابیری لێبکەینەوە، دەبێت چەند منداڵ لە قەراغی گۆڕی بەکۆمەڵ لەدایك بووبن، یان بە پێجەوانەوە بەخت دەرفەتی ژیانی داوە بەڵام لەدایکی دابڕێندراوەو عەرەبێك لە ڕوی سۆزی ئینسانیەوە بەخێوی کردووەو هێشتا وەك نەهێنیەك ماوەتەوە؟

ڕاستە. بەڵام منیش زۆرجار بیرم لێکردووەتەوە دەبێت چەند کەس وەك من بوون یان بەهەمان شێوەی من بووبن.

تۆ وەك ڕاگەیاندن کارێك هەست ناکەیت کە کۆمەڵگای کوردی وڕاگەیاندنی کوردی تەنها وێنە گشتیەکەی ئەنفال دەبینێت و وردەکارییەکانی نازانێ؟

بەڵێ وردەکارییەکان پیشان نادەن. ئەوانەی ئەمساڵ لە ڕاگەیاندن دەیبینین ساڵێکی تریش هەمووی دوبارەیە.

تۆ ڕاگەیاندن کارێکی هەر چیرۆکی خۆت فیلمێکە ئەگەر کورد خاوەنی سینەما بێت هەر تۆ بۆخۆت پاڵەوانی فیلمێکی سینەمایت، فیلمێکی گەورەو نەمر. تۆ وەك میدیا کارێك و وەك کارەکتەرێکی ناو ئەنفالیش ڕۆژێك لەڕۆژان میدیای کوردیت ڕوبەڕوی ڕەخنە کردووەتەوە کە بە کەناڵەکان بڵێیت ئەنفال هەر ئەوەنیە بڵێین سەدوهەشتاو دوو هەزار کەسمان لە دەستچوو، ئەنفال هەر گوندی نەڕوخاند و هەرکوردی کۆمەڵکوژ نەکرد بەڵکو سەدان هەزار چیرۆکی تراژیدی وسەر سوڕهێنەری دروست کردووە.؟

بێدەنگی..... بێدەنگی.

بۆ بێدەنگیت؟ دایکت خالێکی زۆر گرنگی باس کرد؟ دوای ڕزگار بوونتان لە نوگرەسەلمان دایکت لە کوردستانی ئازادا کاری بۆماڵی بەڕپرسێك یان بەڕێوەبەرێك کردووە بەڵام کرێی پێنەداوە بەڵکو لەبری ئەوە چنگێك ئاردی پێداوە ! دایکت بۆ قبوڵی کردووە بێگومان لە پێناوی ژیانی ئێوەدا؟ بەڵام لەسەروەختی ئەنفالدا سەربازێك دشداشەکەی خۆی پێداوە بۆ ئەوەی لە تۆپەوە بپێچن؟ ئەمە ناکۆکییەکی زۆر گرنگە.

وایە

پێت باشە ئەنفال بەچ ئارستەو ئاقارێکدا بەرین؟ ئایا لەیادی بکەین وبەردێکی بخەینەسەری؟

ئەوەیان نەبووەو قەد ناکرێت ئەنفال هەمیشە دەبێت یادی بکرێتەوە.

چۆن یادی قوربانیەکانی بکەینەوە؟

پێویستە بەشێوەیەکی تر یادی ئەنفال بکەینەوە، ڕوداوەکە لە ڕوکەشی دوربخەیەنەوەو بەڕوکەشی پێشانی نەدەین، یادی ئەنفال ناکریت تەنها لە ٤/١٤ دا بکرێتەوە، تەنها لەو ڕۆژەدا بۆچی؟ بۆچی ڕۆژی یادی ئەنفال نەبێت سروودەکەی دیاری قەرەداخی سەرناخەن؟ بۆچی چیرۆکێکی ئەنفال ناگێڕنەوە؟ بەداخەوە تەنها لەو ڕۆژەدا باسی ئەنفال دەکەن وتەواو.

لەیادی ئەنفالدا لەبری ئەوەی تەرمێکی ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکان پیشان دەدەن چیرۆکی تۆ یان هەرکەسێکی تر بگێڕنەوە باشترنیە؟ گوناە نیە منداڵەکەی تۆ ئەوەمموو ئێسك وپروسکەی پیشان بدەن؟

بەڵێ زۆر ناڕەوایە لە بری ئەوە سەردانی ماڵی ئەنفالکراوەکان بکەن زۆر باشترە، جیرۆکەکان پیشان بدەن زۆر باشترە، پڕۆژەی خزمەتگوزاری بنیاتبنێن زۆر باشترە بەڵێ لەگەڵ تۆم. با ئەوانە قسە بکەن لە لەناو جەرگەی ڕوداوەکاندا بوون، نمونەی دەیانی وەك من پیشان بدەن.

تۆ بۆچی وەك ڕاگەیاندن کار هاوکار نابیت لەوەی دەزگاکانی میدیاو کۆمەڵگا بێنە ژێر ئەم بارە؟

بەقسەی من نایەنە ژێر بار.

ئەگەر کاربکەیت کاریگەریت دەبێت. ئەگەر فشار دروست بوو دێتە ژێر بار، پێتوایە بەبێ کارکردن هیچ پێداویستیەك دەستەبەربێت.؟

بەقسەی کۆمەڵگە دێت تەنها بەقسەی من نایەتە ژێربار.

ئەی کۆمەڵگا کێیە من وتۆ نین کۆمەڵگا لەتاکەکان پێك نایات؟

بەڵێ وایە بەڵام من بەتەنیا هیچم پێناکرێت کۆمەڵگا بەقسەی من نایاتە ژێربار.

بەهەرحال با پرسیارێکی تر بکەم، بێگومان پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەلومەرجی کەسوکاری ئەنفالکراوان زۆر سەخت بووە، دوای ڕاپەڕین گۆڕانکارییەك هاتە ئاراوە ڕاپەڕین چی بەئیوە بەخشی چی لەژیانی ئێوە گۆڕی؟

هەرگیز بریتی ناخی ئێمە سارێژ نابێت، بریتی دایکم بەچی سارێژ دەبێت؟ بەڵام بێگومان تارادەیەکی زۆر ئێستا زۆر لە پێش راپەرین باشترە، بەلای کەمەوە ئەوسا نەمان دەوێرا بڵێین ئێمە کەسوکاری ئەنفالین بەڵام ئێستا بەسەربەرزییەوە دەڵێین باوکمان ئەنفالکراوە. خۆمان ئەنفالکراوین. نالێم زۆر باشین بەڵام هەرهیچ نەبێ لەڕوی گوزەرانیشەوە وەزعی ئەنفالکراوان باشتر بووە.

راپەرین تاچەند کاریگەری ئەنفالی لەسەر ئێوەلابرد؟

کاریگەری بووە پێش راپەرین وەزعی کەسوکاری ئەنفال زۆرخراپ بوو.

چی لەبارەی ئەنفال دەزانی لەمێژودا؟

ئەوەی من لێی تێگەیشتووم بەکۆمەڵ بردن وبەکۆمەڵ کوشتن و زیندەبەچاڵکردنە.

لەمێژودا دەڵێم ئەنفالی کورد نالێم؟

ناوی سورەتێکی قورئانە.

ئەی نازانیت لەچییەوە هاتووە واتای چییە؟

راستی لەباری مێژووییەوە هیچی لێ نازانم. یەکدوجاریش بۆیان وەرگێرامە سەر زمانی کوردی بەڵام زۆرلێی تێنەگەیشتم.

بەرای تۆحکومەتی بەعس بۆچی ئەوکۆمەڵکوژی وپەلامارەی ناونا ئەنفال؟

نازانم بەڵام حکومەتی بەعس کارێکی زۆر ناڕەوای کردووە.

بۆچی ناڕەوایە؟

لەبەرئەوەی بەناوی قورئانی پیرۆزەوە یان بەناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزەوە زیندە بەچاڵ و کۆمەڵکوژی کردووە.

بەڵام غەزوتالانی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامیش لەلایەن عەرەب وخێلە عەرەبەکانەوە هەر لە دژی خودی عەرەبەکاندا کراوە؟ بۆچی حزبی بەعس سڵی لە قورئانی پیرۆز نەکردەوە کە ئەو کۆمەڵکوژییەی کرد؟ ئەگەر بەعس کارێکی ناڕەوای کردووە ئەو پەلامارە سەربازییانەی بەناوی ئەنفالەوە ناونا، ئەی بۆچی قورئانی پیرۆز هێزی ئەوەی نەبوو کە ڕێگە لە ئەنفال بگرێت؟

نازانم.

پێدەچیت ئەم بەشەت لەگفتوگۆکەمان پێخۆش نەبێت؟

ئەوەیان لایەنیکی دینیەو زۆر پەیوەندی بەحزبی بەعسەوە نیە. ئەوبەهەڵە تەفسیری ئایەتەکەی کردووە بۆیە قەتلوعامی کوردی بەوەوە ناوناوە.

بەڵام تەفسیریش ئینسان دەیکات وئەوانەی تاوانی ئەنفالیان کرد هەر ئینسان بوون وئەوانەشی ئەنفالکران هەر ئینسان بوون، هەردولاشیان هەرئیسلام بوون.

راستە وایە.

یادەوەری خاڵێکی زۆرگرنگی هەر میللەت ونەتەوەیەکە کورد چۆن یادەوەری خۆی دەپارێزیت؟

پێشتر باسمان کرد هەموو ساڵێك یادی ئەنفال دەکریتەوە بەڵام ئامانجەکەیان نەپێکاوە. پراوپر بەباڵای ئەنفال نییە، هەرلە ڕۆژێکدایە.

تۆ لە شێوازی یادەکان نارازیت، بەڵام یادەوەری کورد هەرئەنفال نییە، من باسی یادەوەری نەتەوەیەك دەکەم.

ڕاستە، تۆ ناکرێت تۆ مێژووی خۆت لەیاد بکەیت یادنەکردنەوە هەرنابێت.

بەدۆکۆمێنت کردنی یادەوەری بۆنمونە ئەم دیدارەی تۆ تۆمارکردنی بەڤیدیۆ یان کردنیان بەکتێب هەتاچەند بەگرنگ دەزانیت؟

زۆر گرنگە و پێویستە بکرێت.

کەواتە هەتا چەند ئامادەیت هەیە هاوکاری ئەو پڕۆژانە بکەیت؟

هەتا ئەوئاستەی لەدەستم بێت.

وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان دروشمێکی بەرزکردەوە لە فرمێسکەوە بۆ هیوا تاچەندە لەلای بەندین پەسەندە؟

تارادەیەکی باش بەلامەوە پەسەندە، ئیتر پێویستە هەوڵ بۆداهاتوو بدەین.

پڕۆژەی بەندین چییە بۆ داهاتوو؟

ژیانێکی سادەوسکار، فەرمانبەرێکم خەریکی ژیانی خۆمم. بەختەوەری لەگەڵ دایکم وکاکم کە جیگەی باوکمیان گرتەوە بۆم.

رازیت بەوەی ئەم دیدارە بڵاوببێتەوە؟

بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە.

هەموو چاو لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی نەوجول بکەن

ئەنفالستان- نەوجول

ئەمڕۆ ١٣ی ئایاری ٢٠١٥ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دێی نەوجول پەردەیان لەسەر کارێکی گرنگ لادا، کارێك کە ماوەیەکە سەرقاڵن پێیەوە بەهەوڵێ راستەوخۆی کامەران محەمەد جەوهەر و لەسەر ئەرکی خۆیان (دیوارێکیان بۆ ناوی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیان) دروستکردووە.

ئەم هەنگاوەی خەڵکی نەوجول لەرادەبەدەر گرنگە بەتایبەتیش لەئێستادا کە قەیرانی ئابووری سەراسەری هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، پێماندەڵێت هیچ کۆسپێك نامان وەستێنێ و هیچ هێزێك گیان وبەهای ئەومرۆڤانەمان پێکەم ناکاتەوە .

خەڵکی نەوجول بەبێ دەنگی بەهەموو کەسوکاری ئەنفالکراونیشیان گوت: تەنها لەموچەی ئەنفالکراوەکانتان و هیچی ترنا دەتوانن لەدەروازەی گوندەکانتاندا دیوارێك بکەن و ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانتانی لەسەر بنوسن، پێیان گوتین ئەوە ئێمە کردمان و فەرموون ئیوەش چاو لە ئێمە بکەن.

بیرۆکەو ڕاپەراندنی پڕۆژەکە لەلایەن بەرێز کامەران محەمەد جەوهەرەوە بووەو کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش هاوکارییان کردووەو ئەمڕۆ پەردەیان لەسەر دیوارەکە لادا کە ناوی (١٢٥) ئەنفالکراوو ٤٥ شەهیدی سەنگەری لەسەر نوسراوە .

دیزاینی کارەکە لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار (مامۆستا جومعە کەریم)ەوە ئەنجامدراوەو کاری خۆش نوسی بۆکراوە.

هەروەك ئەمڕۆ یاریدەدەری سەرنوسەری ئەنفالستان کاك سمکۆ سابیر لەمەراسیمەکەدا ئامادە بوو بروسکەی دەستخۆشی وهاوسۆزی ئەنفالستان خوێندرایەوە لێرەشەوە دوبارە دەستخۆشیان لێدەکەین وکارەکەیان بەرزو بایەخدار دەنرخێنین



.

نەوجول بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال ناحێیەکی گەرمیان بوو لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بەقەزای خورماتوو بوو، بەڵام سالێ ١٩٨٧ لە میانەی ڕاگواستنی گوندەکاندا لەلایەن بەعسیەکانەوە ڕوخاو خەلکەکەشی دابەشبوونە سەر ناوچە جیاجیاکان، بەزۆریش ملیان بەسیاسەتی بەعس نەداو چوونە گوندە ئازادکراوەکانی وارانی وحەیدەرە سورو گوندەکانی تری ناوچەی داوێ و لەپەلامارە خوێناوییەکەی ئەنفالی سێ گەرمیاندا خەڵکێکی زۆری نەوجول لەگوندەکاندا گیران و ١٢٥ کەسیان بێسەروشوێن کران.

تێبینی:

بری تێچووی ئەم پڕۆژەیەو ناوی سەرجەم ئەو کەسانەشمان لەلایە کە بە پارەو بە کەرەستە، هاوکارییان کردووە بەڵام لەبەر درەنگ هاتنی ناوەکانیان، بەداخەوە نەمانتوانی هەموو ناوەکانیان بلاوبکەینەوە

لە ئەنفالستانەوە لە ئازاری ئەنفالکراوان بخوێنەرەوە

ئەو ئاوا بۆی گێڕامەوە

فەلاح مرادخان



شایەدحاڵێکی تاوان و دەستدرێژی بۆ سەر کچانی ئێزدی گوتی: بەدرەوشتی ئەمیرێکی دەوڵەتی ئیسلامی بۆسەر کچێکی ئێزدی هەموو سنورەکان تێپەڕاند، چەند ژنیکی بەتەمەن شایەدحاڵی ئەو تاوانەن، ئەوان گوتیان:

ئەمیر داوایکرد کچەکە خۆی بشوات و ئامادەبێت بۆ ئەوەی بە پێی سوننەت و شەرع بیکاتە کەنیزەی خۆی، کچە ئێزدییەکە داوای لە ژنە بەتەمەنەکان کرد، سەرپۆشەکانی سەری خۆیانی پێبدەن بۆئەوەی لە گەرماوەکەدا خۆی بخنکینێت.

ئەمیرەکە وەک درندەیەک زۆری لە دەرگای گەرماوەکەدا، کچەنەیکردەوە ئەمیر دەرگاکەی شکاند، هێشتا لاشەی کچەکە دوا هەناسەی دەدا. لەپێشچاوی ژنە بەتەمەنکان ئەمیر خۆی داکەند وئارەزوی خۆی لە جەستەیەکی بێگیان بەتاڵکردەوە. درێژەی شایەدی و ناوی قوربانی لای تیمی وادی پاریزراوە. پرسیارێك پێویستە بەرنامەی ئایینی ئەمیر چۆن ڕێگە بەم وەحشیگەریە دەدات..!

دەربارەی ئەم وێنەیە



زۆر جار لە تۆرەکانی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وابڵاودەکرێتەوە کە ئەم وێنەیە هی ئەنفالکراوانە وەک لە سەرەوەی وێنەکەدا نوسراوە یا دەنوسن (ریزگرتنی منداڵ وگەورە بەرەو مەرگ : ئەنفالکردنی کورد ساڵی ١٩٨٨ .

وینەیەکی دەکمەنی ئەنفال) راستی ئەم وێنەیە هی ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ە نەک هی ساڵی ١٩٨٨ . لە شیوەی جل و بەرگ وتەنانەت پێکەنین و چیاکەی پشتەوەیاندا دیارە کە ئەم منداڵانە بۆ مەرگ نەوەستاون، بەڵکو بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوە (ئێن جی ئۆ)کان وەستاون و پێڵاوەکانیان قوربان پێوەیە و منداڵەکان پێدەکەنن.بەهیواین وێنەو بەڵگەکان بە وردبینیەوە بڵاوبکرێنەوە .

نیگا و فرمێسك



پاش بڕیاردانی داعش سەبارەت بە دەرکردنی کوردان لە ڕەقە،لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٥ی حوزەیراندا بە خاو و خێزانەوە بەرەو کۆبانی بە ڕێگەوتن بەنیازی دەربازبوون لە چنگ تیرۆری داعش و کۆبانییان وەك پەناگەیەکی ئارام هەڵبژارد،بەڵام لە گوندی قەرەنفەل مینێك کە چەتەکانی داعش چاندبوویان تەقیەوەو ٤ کەس لەمنداڵەکانی خۆی و برازاکانی و ژنێك بوونە قوربانی، کاتێك گەیشتە شوێنی ئارام بە لە دەستدانی هەمو شتێك تەنها خۆی و خۆی و تەرمی ئازیزانی گەیشتنە پەناگەی ئارام .. خوێن و فرمێسك ئەم ڕوخسارەی خوڵقاند!

من و حەیران و ڕێکەوتێکی جوان

عومەر محەمەد

ڕۆژی ٢٠١٠/٤/١٣ لەکاتی هێنانەوەی ڕوفاتی منداڵە ئەنفالکراوەکانی کەمپی دوبز لە بانی مەقانی شاری چەمچەماڵ کە ئێستا مۆنۆمێنتی ئەنفالی لێ بنیاتنراوە، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی وێنە گرتن بووم ئەم ژنەی وا ئێستا لە وێنەکەدا دەبینن چومەتە بن باڵی، بورایەوەو لە هۆش خۆی چوو، لەبەر باری تەندروستی و شڵەژانی ئەوانەش کە لەگەڵیدا بوون نەمتوانی بزانم ئەم ژنە کێیە و خەڵکی کوێیەو چەند کەس لە خانەوادەکەی ئەنفالکراون، پاش ماوەیەکیش سیروان قەشقەیی هاتەلام، ووتی وێنەیەکی تۆم گرتووە لە بن باڵی ژنێکدایت لە چەمچەماڵ بەلێنی پێدام بۆمبێرێتەوە بە سوپاسەوە بەڵێنەکەی بردە سەر.



دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا:

ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لە شاری سلێمانی بەڕێکەوت کچێکم بینی بەبێ ئەوەی بیناسم، لەیەکەم نیگاوە کە ئەو کچە بەڕێزەم بینی یەکسەر ئەو ڕۆژەی بانی مەقان و لە هۆش خۆچوونی ئەو ژنەم بیرکەوتەوە، دیمەنی بورانەوەو لە هۆشخۆچونی ئەو ژنە وەک شریتێکی سینەمایی ڕاگوزەر بە بەرچاومدا تێپەڕی، ڕێکەوت وابوو لە یەکێک لە بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان هەمان ڕۆژ جارێکی تر لە گەڵ ئەوکچە توشمان بوو بەیەکەوە، یەکترمان بینیەوە من دانیشتبووم کە کڤەکە هاتەوە ئەوەو دانیشت چاوەروانی تەواو بوونی مامەڵەکەی بوو، پاش ماوەیەک چاوەڕوانی ڕوی تێکردم و بە ڕێزەوە پرسی :

– دەکرێت ناوی بەڕێزتان بزانم ؟

– بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە من ناوم عومەر محەمەدە .

– ئەو بەروخۆشییەوە وتی پێموایە من وتۆ جارێک بەتەلەفۆن قسەمان کردووە.

– ڕاستی زۆر کەس لە ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەتەلەفۆن قسەیان لەگەڵدا کردووم ببورە بیرم نەماوەو بەڕێزتان ناناسم .

– ئەویش خۆی ناساند من ناوم سروشت محمەد ڕەشیدەو لە ڕێکخراوێک کاردەکەم بەناوی یادەوەری ئەنفال، لە بنەڕەتەوە خەڵکی سەنگاوین من تەمەنم حەوت ساڵان بووە کە لە دوبز زیندانی بووین، خوشکیکم بەناوی پەیمان لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ واتە تەمەنی یەک ساڵان بوو، کە لەوێ گیانی لە دەستداوە. سروشت تەمەنی حەوت ساڵان بووە کە ئەنفالکراون، لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٠ کچێکی بالا پۆشی دامەزراو وریایە، خوێندنی لە بواری (یاسای بازرکانی و دارایی نیودەولەتی نەوت و کاز) لەبەریتانیا تەواو کردووە، چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە خەیاڵدا بوو بۆ جێبەجێکردن، ئەوان خەڵکی گوندی (زیندانە گوندەکەی عاصی مستەفان) لە ناحیێ سەنگاو ساڵی ١٩٨٨ بەڕپەلاماری ئەنفال کەوتوون و ڕەوانەی تۆپزاواو دواتریش ڕەوانەی کەمپی دوبز کراون، کاتێک لەبارەی ئەنفالەوە دەدواین من ئەوەم بۆ باسکرد کە یەکەمجار چاوم پێت کەوتووە، بەبێ ئەوەی بزانم ئەو خەڵکی کوێیە کێی ئەنفالکراوە، یان هیچ لە بارەی ئەنفالەوە دەزانێ، یەکسەر دیمەنی بورانەوەو لە هۆشخۆ چوونی ژنێکم هاتووەتە بەرچاو لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە بانی مەقامی چەمچەماڵ، سروشت بەبێ ئەوەی بزانێ من باسی کێ و چ دیمەنێک دەکەم ووتی : لە یادێکدا بوو دایکی منیش بورایەوە، بەڵام ئەو هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ئەمرۆ ئەو فۆتۆیانەی بورانەوەی دایکی و ئەوانەش کە بە دەوروبیەوە بوون دەست بکەوێتەوە. ڕێکەوتێکی تەواو سەیر بوو کاتێک وێنەکانم پیشاندا یەکسەر ووتی ئۆی ئەوە دایکمە (حەیران ئەحمەد عەبدوالکەریم) لەهەمان کاتدا وێنەی خۆشی بینییەوەو وتی ئەوەش خۆمم

دۆسیێی ئەنفال وشکۆی دادگاکان
حاکم هاوژین حامد و بریارەکەی ئەنجومەنی دادوەری



دادوەر هاوژین حسێن حامد دکتۆرای لە یاسا هەیەو ماوەی ساڵێك زیاترە لە دادگای بەرایی شاری کفری دامەزراوە، لەبەرئەوەی بریاری سێ تۆمەتباری تاوانی ئەنفالی داوە، ئەنجومەنی دادوەری پێی راگەیاندووە دەست بۆ ئەو دۆسێیانە نەبات بەڵام ئەو لەوەڵامدا وتوویەتی من یاسا جێبەجێ دەکەم بۆیە وەك سزایەك لەبەرانبەر بریارو قسەکانیدا ئەنجومەنی دادوەری بێدەنگ نەمایەوە بەڵکو بریاری گواستنەوەو دوورخستنەوەی دا بۆ قەزای ئامێدی لەپارێزگای دهۆك، ئەویش لەبەرانبەردا دەستی لەکارکێشایەوە.

د. هاوژین لە نامەیەکی ٧ لاپەڕەییدا کە رێکەوتی ٢٠١٥/٤/٨ی لەسەرەو وێنەیەکی دەست ئەنفالستان کەوتووە، تیایدا بەوردی کۆی کێشەکانی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری باس دەکات و هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان وکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ئاشکرا دەکات.

لەبەر درێژی دەقی نامەکەی د. هاوژین ناتوانین بڵاوی بکەینەوە. بۆ خوێندنەوەی سەردانی مالپەڕی ئەنفالستان (www.Anfalistan.com) بکە.

جێگەی ئاماژەیە بریاری گواستنەوەو لەبەرانبەریشدا دەستلەکارکێشانەوەی دادوەرهاوژین نارەزایی زۆری لێکەوتەوە چ لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوان لە گەرمیان وچ لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە لە شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان. بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان.

ئەولایەنانەی نارەزایەتیان دەربری بریتی بوون لە:

1. چەندین خۆپیشاندانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لە شارەکانی ئیدارەی گەرمیان.
2. بەیاننامەو خۆپیشاندانی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاری سلێمانی.
3. چالاکان و رۆژنامەنوسانی گەرمیان. سلێمانی و هەڵەبجە.
4. کاردانەوەی تاقانەکانی ئەنفال.
5. پارێزەرانی شاری سلێمانی.
6. کەسوکاری کیمیاباران وچالاکانی پارێزگای هەڵەبجە.
7. چەندین وتاروبابەتیش لە روژنامەو مالپەڕەکان وتۆڕەکانی کۆمەڵایەتی فەیسبوك دەربارەی نوسران و تیقێیەکان رومالێی خۆپیشاندان و روداوەکانیان کرد.

لەدژی بریاری گواستنەوەی دادوەر هاوژین کەسوکاری ئەنفالکراوان لە شاری کەلار چەندین جار خۆپیشاندانیان کرد لە نێوان مانگەکانی نیسان و ئایاردا کەسوکاری قوربانیانی تاوانی ئەنفال وچالاکوان و رۆشنبیرانی دەڤەری گەرمیان چەندین خۆپیشاندان و کۆبونەوەیان لەدژی بریارەکانی ئەنجومەنی دادوەری ئەنجامداو بەیاننامەو رونکردنەوەیان بڵاوکردەوە سەرئەنجام ئەنجومەنی دادوەری داوای دانیشتنی کردو پێکەوە کۆبوونەوە.

داوای خۆپیشاندەران ئەوەبوو بریاری گواستنەوەی حاکم هاوژین هەلبوەشێتەوەو بگەڕێتەوە شاری کفری بەبروای خۆپیشاندەران وچالاکوانان دادوەرە سزادراوەکە بریاری یاسای جێبەجێکردووەو سێ لە تۆمەتبارانی ئەنفالی گرتووە کە دادگای باڵای تاوانەکان بە تۆمەتی بەشداری کردنیان لە تاوانی ئەنفال داوای کردوون و هەموو لێداوان و هەڵوێستەکانی ئەنجومەنی دادوەرییان رەتدەکردەوەو رەخنەیان لە هەڵوێستەکانی ئەو ئەنجومەنە دەگرت و داوای بەخۆداچونەوەیان لێدەکرد.

تاقانەی ئەنفال حەسەن عەلی فەرەج دانیشتوی شاری کفری بە ئەنفالستانی راگەیاند کە ئەنجومەنی دادوەری لە بری ئەوەی

پشتیوانی حاکم هاوژین بکەن سزایان داوەو پێویستە بەخۆیان و بریارەکەیاندا بچنەوە.

یاساناس عیماد عەلی دانیشتوی سلێمانی بە ئەنفالستانی راگەیاند ئەنجومەنی دادوەری دەتوانێ دادوەرێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تربگوازیتەوە، بەڵام دەبێت دادوەرەکە ڕەزامەندی لەسەر بێت یاخود داوایەکی پێشکەشکردبێت بۆگواستنەوەی ئەوەی دەرهەق بەو حاکمەکراوە گواستنەوە نیە زیاتر سزایە.

لە دانیشتنێکی سێ کاتژمێریدا لەگەڵ فیدراسیوێنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کە سەرنوسەری ئەنفالستانیش بەشدار بوو دادوەر هاوژین حامد وتی : کێشەکەم لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری بەهۆی ئەوەیە کە من یاسا وەك خۆی جێبەجێدەکەم، ئەوانیش ئەوەیان ناوێت، بەتایبەتیش بەهۆی گرتنی ٣ کەس لە تۆمەتبارانی ئەنفال و چەند دۆسێیەکی تر لەگەڵ بەڕێرسانی ناوچەکە توشی لێپرسینەوە بووم و ئەنجومەنی دادوەری بریاری گواستنەوەی بۆ قەزای ئامێدی داوم و منیش لەبەرانبەردا ڕەتمکردووەتەوەو وەك نارەزایەتییەك نامەی دەستلەکارکێشانەوم پێشکەش بەئەنجومەنی دادوەری کردووە، دادوەرەکە باس لەوەش دەکات کە بەدەنگ لەلامە کە پێیانگووتم ئەو دۆسێیە نەجوڵێنم و ئەوەشی جوڵاندوومە وتوویان (معالجە)ی بکە وتیشی هەرەشەم لێکراوەو ژیانم لە مەترسیدایە. سەرئەنجام دادوەرەکە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشت.

ئەنجومەنی دادوەری مانگرتنی سەرتاسەری راگەیاند!

وەك وەڵامێك بۆ خۆپیشاندانی کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان دەداتەوە. بەپێی بریارێکی ئەنجومەنی دادوەری ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٨ سێشەممە لەزاخۆوە تا خانەقین مانگرتنی سەرتاسەری ڕاگەیاند،

دوای ئەوەی ڕۆژی ٤/٢٦ کەسوکاری ئەنفالکراوان و ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانان و ڕۆژنامەنوسان، گردبونەوەیەکیان لە بەردەم دادگای تاوانەکانی (کەرکوك گەرمیان) ئەنجامداو یاداشتێکی چەند خاڵییان ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری کرد.

حاکم ئومێد موحسین وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمیش لە لێدوانێکی تایبەتدا بەSNNی ڕاگەیاند، بڕیارە سبەی سێشەممە لەزاخۆ تا خانەقین، مانگرتنی سەرتاسەری ڕابگەیەنن و وەڵامی یاداشتی کەسوکاری ئەنفالکراوانیش بدەنەوە، سەرئەنجام مانگرتنەکەیان کردو دەرگای دادگاکان داخران.

بەوتەی حاکم ئومێد، لە مانگرتنەکەی دوێنێدا، سوکایەتی بەدادگاو داوەرکراوە، وتیشی:"بڕیارماندواوە بەهۆی سوکایەتیەوە پێمان، سبەی مان بگرین، بەردەوام دەبین، تائەوکاتەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم دێنە سەرخەت".

ئەم کاردانەوەیەی ئەنجومەنی دادوەری لە بەرانبەرخۆپیشاندانی ڕۆژی پێشوتری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراواندا سەرکەوتوو نەبوو چونکە بریارەکەیان زیاتر شکۆی دادی لە هەرێمی کوردستان شکاند لەبەرئەوەی داواکاری خۆپیشاندەران ڕەوابوو ئەوان سەرەتا تەنها دوو داواکاریان هەبووکە بریتی بوون لە:

1. گەڕانەوەی دادوەر (هاوژین حامید) کە گواستراوبۆوەو بەهۆی هەڕەشەوە خۆیی و خێزانەکەی کوردستانیان بەجێهێشتبوو.
2. دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال.

بەڵام دڕێژە کێشانی مانگرتنەکەی دادوەران ولێدوانەکانی وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، بۆیە کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان خۆیان ڕێکخست و بەرەیەکیان بەناوی (بەرەی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان وکیمیاباران) ڕاگەیاندو بەردەوام بوون لە نارەزایەتی مەدەنیانەی خۆیان، ڕۆژی (٢٠١٥/٤/٣٠) لە ڕونکردنەوەیەکدا بۆ ڕای گشتی داوای لابردنی سەرۆکی دادگای تاوانەکانی کەرکوك گەرمیان بووە داواکارییەکی تریان. چونکە ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ٢٠١٥ ووتە بێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، لە لێدونێکیدا، بەو پەری بێباکییەوە بەشێك لە خۆپیشاندەرانی ڕۆژی ٢٦ی نیسان کە قوربانیاتی ئەنفال بوون، بە گیرەشوێن و باڵتەچی و ناوناتۆرەی ناشرین وەسفکردبوو. جێگەی ئامازەیە وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری لە گفتوگۆیەکی ڕادۆی نەوادا داکۆکی لە تۆمەتبارانی ئەنفالکردبوو وتبووی ئەگەر ئەوان نەبوونایە ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ڕووی نەدەدا ئەمەش دیسانەوە کاردانەوەی لێکەوتەوەو زیاتر ئەنجومەنی دادوەری عەیبدار کرد.

هاوکات جگەلەم بەرەیە ڕۆژنامەنووسانی گەرمیانیش لەسەر داخستنی دادگاکانی گەرمیان و مانگرتنەکەی ئەنجومەنی دادەوەریی و قسەکانی وتەبێژەکەیان نارەزایەتیان دەربری

و بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوەو تیایدا، ئاماژە بەوە دەکەن، ئەوەی "شکۆی دادگای شکاندووە" ئەوەیە کە بەپاساوی بێبەنەما دەرگای دادگاکان دادەخەن.

گفتوگۆ

ئەنجومەنی دادوەری و کەسوکاری ئەنفالکراوان کۆبوونەوە.

رۆژی ٥ی ئایاری ٢٠١٥ دانیشتنێك لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و کەسوکاری ئەنفالکراوان دروست بوو. ئەحمەد عەبدوللا زوبێر سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری پێشوازی کردن و لە وتەکەیدا رایگەیاند: ئێمە بەرپرس نین لە دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، چونکە ئەنجومەنی دادوەری گشتاندنی بۆ بریارەکە کردووەو بۆ تەواوی دادگاکانی هەرێمی کوردستانمان ناردووە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا داواکراوان دەستگیر نەکراون و لایەنی تایبەتمەند بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە نەك دەسەڵاتی دادوەری. سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری وتی پێویستە دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم میکانیزمێکی نوێ بۆ چارەسەر کردنی بدۆزنەوە، چونکە ئەو دادگایەی کە بڕیاری دەستگیرکردنی ئەنفالچیەکانی دەرکرد بوو، ئێستا لە بەغدا زۆر بچوك بۆتەوە وەك ئەوەیە نەمابێت. سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دووپاتی کردەوە کە دیسانەوە گشتاندن بۆبڕیارەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی بەغدا دەربکات بۆگرتنی ئەوکەسانە.

کەسوکار ونوێنەری رێکخراوەکانی ئەنفال رەخنەو داواکارییەکانیان خستە روو د. فەرهاد حاتەم کە وەك نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوان ئامادە بووگوتی تێنەگەیشتنێکی یاسایی لەو بابەتە هەیە لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری وکەسوکاری ئەنفالکراواندا ئەگەر بەرپرسیارێتی دابەش بکەین ئەوە بەشێکی کەمی بەرئەنجومەنی دادوەری دەکەوێت و ئەنجومەنی وەزیران وپەرلەمان ئەرکی زۆریان هەیە لە گرتنی تاوانبارانی ئەنفالدا ئەمە ئەرکێکی هاوبەشەوتەنیا لە ئەستۆی دەسەڵاتی دادوەری نیە بەڵام پێویستە ئەنجومەنی دادوەری بەدوای کەیسەدابچێت و لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکە بیرلە میکانیزمی نوێ بۆ چارەسەرکردن و دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بکاتەوە.

کەسوکاری ئەنفال یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەن کرد کە هەمان ئەو داواکارییانە بوون لە خۆپیشاندانەکاندا هەیانبووە گرنگترینیان گرتن ودادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال و گەراندەنەوەی حاکم هاوژین بوو بۆ سەرکارەکەی لەشاری کفری.

لە کۆتاییدا سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دوپاتی کردەوە پشتگیری لە داواکاری کەسوکاری ئەنفال دەکەن و دانیشتنی تایبەت لە ئەنجومەنی دادوەری بۆ داکارییەکانیان ئەنجام دەدرێت و رێوشوێنی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دەگرنەبەر. جێگەی ئاماژەیە رۆژی دواتر ئەنجومەنەکە سەرلەنوێ بریاری گرتنی تۆمەتبارانی ئەنفالی بەسەر دادگاکانی هەرێمدا گشتاندەوە. بەڵام هێشتا دۆسێی دادوەرە سزادراوەکە بەهەلپەسێردراوی ماوەتەوە.

تاقانەکانی ئەنفال بایکۆتی یادی ئەنفالیانکرد

سێ تاقانەی ئەنفال لە گەرمیان بڕیاریاندا پشتیوانی (دادوەر هاوژین حامد) بایکۆتی ئەنفال بکەن و نەچنە مەراسیمی یادکردنەوەی ئەنفال.

سێ کەسایەتیە هەمووکەسوکارەکانیان لە پەلاماری سێیی ئەنفالدا لەدەستداوەو خۆیان تاقە دەربازبووی خانەوادەکانیانن. یاساناس وەهاب ئەحمەدو سەباح نەجمەدین و ئەنوەر حەمەلاو بەماڵپەڕی ئەنفالستانیان رایانگەیاند پێشتر جەختمان لێکردووەتەوە کە لە یادی 27 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا بەشداری ناکەین و لە ئەمرۆماڵەکانی خۆمانەوە یادی کەسوکارەکانمان دەکەینەوە.

هۆکاری بایکۆتکردنەکەیان رونکردەوە کەبریتی بوون لە :

1. بێبەڵێنی دەسەلاتدارانی حکومەت کە چەندین ساڵە کەسوکاری ئەنفالیان خستووەتە چاوەروانیەوەو بەڵێنەکانیان نابەنەسەر.

2. بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرمانی گواستنەوەی دادوەرهاوژین کە بریاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفالیداوە هەستاون بەگواستنەوەی بۆ قەزای ئامێدی لە پاریزگای دهۆك ئەوەش سزایە نەك فەرمانی کارگێڕی.

3. داواکاری گشتی سلێمانی فەرهاد حاتم کە دۆسێی بەدادگا گەیاندنی جاشو ئەنفال چیەکانی جووڵاندووە کەچی یاسا گوێی لێ ناگرێت و ئێستا دەستی لەکارکێشاوە.

وتیشیان بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان وقایمقامی کەلار هاتوونە ماڵمان وداوایان کردووە بەشداری یادەکە بکەین بەڵام داواکەیانمان رەتکردەوە.

هونەرمەندی شێوەکار: جومعە کەریم:

چالاکوان و رێکخراوەکانی بواری ئەنفال لەسەر روخاندنی پەیکەری پۆستاڵەکە، نەهاتنە دەنگ

ئامادەکردنی ئەنفالستان – باوکی سنە



هونەرمەند جومعە کەریم ماوەی دوو مانگ خەریکی کارێکی هونەری بوو، دوای تەواوکردنی، کارە هونەرییەکەی روخێندرا بێئەوەی بزانرێت کێیە. پەیکەری پۆستاڵەکە، وەک سیمبۆلێک بۆ ئەنفال لەناحیەی سەرقەڵا داندراوەو ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی وەک پەیامێک پێمانبڵێت: بەعس لێرەوە تێپەڕی. چونکە پەیکەرەکە لەسەر رێگەی گوندەکانی ناحیەی زینانەو ناوچەیەکی فراوان و دەیان گوندی گەرمیان داندرابوو ئەو رێگایە بەهەزاران کەسی ئەنفال کراوی پێدا تێپەڕیوەو لەوێشەوە بۆبینا رەشەکەی لیواکەو دواتر بەرەو کەمپی قۆرەتوو گواستراونەتەوە. پەیکەری پۆستاڵەکە لەبەهاری ٢٠١٤، بە مادەی چیمەنتۆ و شیشی ئاسایی درووستکراوە. کارو خەمی هونەرمەندێکی گەرمیانە بۆنەوەی ئایندە و ئاشنا کردنیان بە گەورە تاوانی ئەنفال.

هونەرمەندە دەڵێت: نە حکومەت، نە هیچ دەزگایەکی هونەری و رۆشنبیری هاوکارییان نەکردووم، تەنها کەسێک بەناوی (عوسمان نەجاری بەڵێندەر) هاوکاری کردم بە دابینکردنی کەرەستەکانی شیش و چیمەنتۆ، بەهۆی سەرقاڵیمەوە ئیشکردنم پچڕپچڕ بوو، بۆیە کاتێکی پێویست بوو کە نزیکەی دوو مانگی خایاند بەڵام دەمێک بوو خوستم بوو کارێکی هونەری بۆ ئەنفال بکەم، تاکو لەیادەوەری خەڵکدا بمێنێتەوەو لە جێگایەک دایبنیم تاکو بە ڕاستی شوێن پێ بەعسییەکانی پێوەدیار بێت و لە ناوەڕاستی گەرمیاندا بێت، بۆیە بیرۆکەی جۆتێک پۆستاڵی رەشی سەربازی رژێمی بەعسم لە لاگەڵاڵە بوو، کە لەو شوێنە دایبنێم، هێمایەک بێت بۆ ئەوەی بە نەوەی ئێستا و داهاتوو بڵێن پۆستاڵ رەشەکانی بەعس لێرەوە رۆێشتن بۆ ئەنفالکردنی گەرمیان.

زۆر جێگەی داخە کە رێزیان لەکارەهونەرییەکەم نەگرت و روخاندیان ئەگەرچی هێشتا نازانم کێ و بۆ چی رۆخاندیان، هەر دەستێک بێت دیارە نایەوێت نەوەی نوێ بزانن پۆستاڵ رەشەکان کێن و چیان بە کوردو بەتایبەتی بەگەرمیان کردووە دیارە ئەیەوێت خاوەن یادەوەریی نەبین ئەوەی هەشمانە بسرێتەوە. سەبارەت بەوەی دوای روخانی پەیکەرەکە چ رێکخراوێک،یان چالاکوانێکی بواری ئەنفال و جینۆساید هاوخەمیی بووەو قسەی لەسەر روخانی پەیکەرەکەی کردووە، جومعە کەریم دەڵێت: بەڵێ دەست خۆشی لە کاک سمکۆ سابیر چالاکوانی ئەنفال دەکەم، کە لە رێگای فەیسبووکەوە ئەم بابەتەی وروژاند، ئیتر دۆستان وبرادەران هاو خەم بوون، بەڵام هیچ دەزگایێکی حکومی و حزبی ورێکخراوەکانی بواری ئەنفال، نەلەگەرمیان، نەلەناوچەکانی تری کوردستان کاریان لەسەر نەکردووەو نەیانکردووە بەخەمی خۆیان

هونەرمەندە دەڵێت: **بیرۆکەی ئەو پۆستاڵە** دەمێک بوو ئەم ویست کارێکی هونەری بۆ ئەنفال بکەم تاکو لە زاکیریەی خەڵکدا بمێنێتەوە، وە لە جێگایەک دای بنیم تاکو بە راستی شوێن پێ بەعسیەکانی پێوەدیار بێت و لە ناوەراستی گەرمیاندا بێت، بۆیە بیرۆکەی جۆتی پۆستاڵی رەشی سەربازی رژێمی بەعسم لا گەڵاڵە بوو، تاکو لەو شوێنە دایبنێم، هێمایەک بێت بۆ ئەوەی بە نەوەی ئێستا و داهاتوو بڵێن پۆستاڵ رەشەکانی بەعس لێرەوە رۆێشتن بۆ ئەنفال کردنی گەلی کورد.

لەبارەی تێکدانەکەیەوە وتی: ناتوانم کەس تاوانبار بکەم ئەوە ئیشی پۆلیس و ئاسایشە لێکۆلینەوەو بە دواداچون بکات، بەڵام هەرکەسێک بێت بیرکردنەوەی بەعسیانەیە.





خۆراسان محەمەد - گوندی ئۆمەربل

ئەنفال لەبیرناچێتەوە



دیدار : عومەر محەمەد

ڕێکەوت : ٢٠١١/١/٢٠

کات ٥ی ئێوارە.

شوێن گوندی ئۆمەربل – ماڵی دیمانە لەگەڵ کراو

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت چووم بۆ دیداری خاتوو خۆراسان، هەر ئەو ڕۆژە چەند دیدارێکی تری خەڵکی ئۆمەربلم کردبوو سەرباری ئەوەی ماندوو ببووم هیچ کاتم بەدەستەوە نەبوو، بۆ دیدارێکی ورد لەگەڵ خۆراسان، بەڵام کاتێک چوینە ناوا دیدارەکەمانەوە دواندنی عەتای کوڕیشی بووە ئەمری واقع، بۆیە ناچاربووم جاربەجار قسەی کاک عەتاش لە دیدارەکەی خۆراساندا وەربگرم.

ئەو ڕۆژەی خەریکی نوسینەوە (تەفریغ) کردنی دیدارەکەی (خۆراسان) بووم، هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە هەواڵی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیم بیست، ڕاستی دوو ڕۆژ بوو سەرقاڵی نوسینەوەو گواستنەوەی ئەو دیدارە بووم، لە ڤیدیۆوە بۆ سەر کاغەز لە نێو وشەکانی خۆراساندا خەمێکی قورس هەستی پێدەکرێ کە تەنها دادپەروەری دەتوانێ دەرمانی ئەو خەمە بێت. من لە ململانێیەکی قورسدا بووم، بەڵام هەرگیز ڕێگەم بەخۆم نەداوە ئەو چیرۆکە تراژیدیانە لە مرۆڤایەتیم بخەنو بمکەنە مرۆڤێکی بەدەرەفتارو دەمارگیر، کاتێک باسی ڕۆژگارەکانی دوبزی بۆ دەگێرامەوە ئەو ژنە هیندە میهرەبان بوو زۆر سوپاسگوزاری ئەو ئەفسەرە بوو کە ئەوەندە نەرمی نواند بوو لە سامەرا لایدا بوو ڕێگەی پێدابوون سەهۆڵو سەمون بکرن، ئینجا دواتر گەیشتە سەر باسی نوگرەسەلمان و حەجاج و دڵرەقیو بەدەرەفتارییەکانی. خۆراسان محمد ووتی: لەسەر لادیوارێک نوسرابوو (وەیل) واتا دۆزەخ.

خۆراسان دەیگوت: باوەرناکەم ئەو ئەفسەرەی وا ناوی (حەجاج)ە بنیادەم بووبێ زەلامێ بەد فەسارٌو تورەو تەناگاو بوو هەتا بڵێی خەراپەکار بوو. بەڵام کە هەواڵی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیم خوێندەوە تەواو بێ ئومێدبووم لەوەی کورد پەندو عیبرەت لە ستەمکاری وەرگرێ چیتر پێی عەیبێ بەعسیانە ڕەفتار بکات وەلێ بەداخەوە ئەوانەی کاوەیان تیرۆر کردبوو زۆر لەحەجاج درندەتربوون، زۆر لەبەعسیەکان نامەردتر بوون ئەوان کە ئەنفالکراوەکانیان هەزاران فرسەخ لە نیشتمان دورخستبووەوەو گوللەبارانیان کردبوون، ئەمان هەر لەحەوشەکەی ماڵی خۆیانداو لەباوەشی دایکیدا کاوەیەکیان کوشت کە جگەلە ووشە هیچی تر نەبوو، لە حەوشەو بانێکدا ئەو تاوانەیان کرد کە تەنها کەمێك هەستو شعور بەسە بۆئەوەی لەهەر نیازێکی بەعسیانە خۆمان بەدوور بگرین و لەهەر بەدەرەفتارییەك پەشیمانت بکاتەوە.

ئێوارانێکی درەنگ بوو لەگەڵ خۆراسان سەری قسەمان دامەزراند، دیاربوو پێشتر ناوی منی بیستبوو، وەك ناسیاوێك یان وەك خزمێکی نزیك مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، لەسەرەتاوە زۆر گللەیی ئەوەی لێکردم کە درەنگ کەوتووم و زوو نەچووم هەتا قسەم بۆ بکات و چیرۆکی خۆیان کەچییان بەسەرهاتووەو چیان بینیوە بۆم بگێڕێتەوە ئەگەر کات بەدەمەوە بوایەو من لێی گەرابام قسە بکات، ڕەنگە تەنها گللەییەکانی نیو کاسێتی ڤیدیۆی گەرەك بوایە، بۆیە پێموت هەموو گللەییە کانت سەرچاوم، گرنگ ئەوەیە واهاتوومە خزمەتت بۆئەوەی قسەم بۆ بکەیت و بەکامێرا تۆماری بکەین و ئەگەر قایل بیت لە گۆڤاری ئەنفالستان بڵاوی بکەینەوە؟ هەرئەوەندەی ڕەزامەندی دەربڕی وتم کەوایە با گفتوگۆ کەمان بکەین و لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین قایلیت؟ وتی بەڵێ قایلم من ناوم خۆراسانە.

دەقی دیدارە کە

ناو: خۆراسان محمد مەجید

لەدایکبوی : ١٩٤٥

ناوی سیانیت چیە؟

ناوم خۆراسانە.

تەمەنت چەندە؟

موالیدی ١٩٤٥م.

بەمندالیش هەر لەم گوندە گەورەبوویت؟

نەخێر من لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی عەزیز قادرم.

ساڵی چەند هاوسەر گیریت کردووە؟

ساڵەکەی نازانم بەڵام تەمەنم ١٥ ساڵان بووە کە شووم کردووەتە برایم.

چۆن بوو هەروا بەریکەوت بوو یان دڵخوازی یەکتری بوون؟

نانا برایم کوری پوری خۆمە خوشکەزای باوکمە پێشەوەی ببێتە نسیبم برایم ژنێکی تری بووەو مردبوو، دوایی ژنێك تری هاوردبوو لەگەڵیدا نەگونجابوو، ئیتر هاتبووە گوندی عەزیز قادرو منەی ژنی کردبوو، باوکم پێی وتبوو هیچی تر منەی ژن مەکەو وەرە کچەکەی خۆم پێگەیشتووەو خۆراسانت پێدەدەم، ئیتر من تەمەنم پانزە ساڵان بوو، بەو مندااڵیە منیاندابووە شوو، هەتا ئەنفالەکە لەگەڵ برایم پێکەوە بووین.

چەند منداڵتان بوو؟

منداڵم زۆر بوو ١٦ منداڵم بووە.

هەموویان لە ژیاندان یان ئەنفالکراون؟

نا هەشتیانم لەژیاندا نەماوە.لە نوگرە سەلمان یەکێکیانم مردووە.

پەلەمەکە باجاری نەگەینە نوگرە سەلمان پرسیاری ئەویشت لێدەکەم.

پێش ئەنفال هەر لەئۆمەربل بوون؟ یان رۆیشتبوونە جەوەڵەکان؟

بەڵێ هەر لێرە بووین، جارجاریش دەچوینە جەوڵەکان، لێرەش ژیانمان نەبوو بەدەست حکومەتەوە هەمیشە تۆپبارانمان لەسەر بوو، لەماڵ ژێرزەمینمان هەبوو هەرلەحەوشەکەی خۆمان هەڵمانکەندبوو، کە تۆپەکانی دەتەقاند راماندەکردە ژێر زەمینەکەوە، کە نەدەما دەهاتینەوە دەرەوە،

دەتانزانی تۆپەکان چ کاتێك دەتەقێنرێنە سەرتان؟

نەوەلا وەخت و ناوەختی نەبوو.

حکومەت لەبەرچی تۆپبارانی دەکردن؟

وەڵا هەر لەسەر ئەوەی کوردبووین دەیگوت دەبێ بێنە مجمع و ئێمەش دەمانویست لێرەبین.

ئێوە لێرە بەچیی ژیانتان بەریوە دەچوو؟خەریك مەرداری بوون یان کشتوکاڵ؟

مەڕو ماڵاتمان بوو. ئیتر ئەنفالەکە هاتو ئێمەش رامانکرد بۆ ئەو ئاواییانەی خوار خۆمان.

هەرجەیش بوو یان جەیش و جاش پێکەوە هاتن؟

هەردوکی پیکەوە هاتنە گیان ئەو خەڵکە.

نازانی چی رۆژێك بوو چ مانگێك بوو؟

نەبەخوا نایزانم چی رۆژێك بوو.

بیرت نییە جەژن بوو، رەمەزان بوو؟ نزیکی ئەوانە؟

بابارۆژی جەژن هاتنە سەرمان (عەتای کوری نا ئەوە ساڵی ١٩٨٣ بوو ئەوەی تۆ باسی دە کەیت سەروەختی ئەنفال نەبوو)

من پرسیاری کاتی ئەنفالکردنەکە دەکەم. ئەوەی (١٩٨٣) شەڕێکی تربوو. ئیتر کە سوپا هاتە هۆمەربل شەڕ بوو یان سوپا بەئاسانی هاتنە گوندەکەوە؟

نانا شەڕبوو چۆن پێشمەرگە لێرە شەریان کرد پێشمەرگە چاویان قایم بوو لە تۆپ وتەیارە نە دەترسان.(عەتای کوری ووتی: دوو رۆژ پێشمەرگە بەرگرییان کرد)

ئەی ئەوکاتەی شەربوو ئێوە هەر لێرە بوون؟

نەخێر ئێمە رۆیشتین بۆ گوندەکانی بان چووینە ناوچەی داوێ دوایی ووتیان جەیشەکە گەیشتووەتە ئێرەش ئیتر گەراینەوە بۆ(کاکە برا) پێشمەرگە لەرێگا پێمان گەیشتن ئەیانکێشا بەسەری خۆیاندا ووتیان نەرۆن ئەنفالتان دەکەن.

فەتاح بەگیش هاتبوو ئەی ووت: بێنەوە خۆتان تەسلیم بکەن لە صمود خانوتان بۆ دەکەن.

جا فەتاح بەگ خۆی هات یان خەڵکی ناردبوو؟

نانا خۆی هاتبوو بۆ ملەسورە لەوێ ووتی.

ئێوەش چوونە ملەسورە؟

بەڵێ ئێمەیش گەیشتینە ئەوێ و ئینجا بردیانین بۆ

قەڵاکەی قۆرەتوو.

چۆن بردیانن؟

بە ئیڤاو بەمەکینەو عەرەبانە.

ئێوە بەچی رۆیشتن بۆ قۆرەتوو بە مەکینەو عەرەبانە یان بە ئیڤا؟

بە مەکینەو عەرەبانە بردمانیان، لە قۆرەتوو دامانیان گرت نەنان هەبوو، نەئاو هەبوو، ئێمە میمکزایەکی خۆمانمان لەگەڵدابوو، هەر ئەیانهێناو ئەیانبرد ئێمەش لە تاوی ئەو ئاگامان لە حاڵی خۆمان نەمابوو، ئەمانووت بۆ وای لێدەکەن، ئیمەشیان ئەبردە بانەوە ناویان ئەنوسینو پرسیاریان لێدەکردینو ئەمانیانهێنایەوە بۆ خوارەوە. هەتا سێ رۆژ ئەوە حاڵەکەمان بوو ئینجا سەیارەیان هاوردو بارمانیانکرد بردمانیان بۆ تۆپزاوا.

کە ئەیانبردنە سەرەوە لەوێ چییان لێتان دەپرسی؟

ئەیانوت خەڵکی کوێن کێتان پێشمەرگەیە..ئەیانووت کێتان کوژراوە وا رەنگتان زەردبووەو ئەترسن ئێمەش لە ترسان ئەمانگوت کەسمان نەکوژراوە. ئیتر ئاوا هەر ئەمانیان هینایە سەرەوەو پرسیاریان لێمان دەکردو دەیانبردینەوە بۆ خوارەوە. ئاخیرەکەی کە هاوردیانینە خوارەوە سەیرەکەم ١٧ کەسی خەڵك گوندی ژاڵان لەوێن کەلەپچەیان لەدەستکرا بوو یەکێکیان زاوای خۆمان بوو.

زاواکەتان ناوی چی بوو؟

ناوی (ئەمین) بوو، ووتم ئەی هاوار ئەوە تۆچی دەکەی لێرە؟ ووتی: وەڵا تایەری وەسمان گرتوومانی و چەکەکانی لێ سەندوینو وا هاوردویانین بۆ ئێرە ئەوانە هەمووشی خزمی خۆی بوون ئەمین ئامۆزای خۆی بوو.

ئەمین ئامۆزای کێ بوو؟

ئامۆزای تایەری وەسمان بوو، ئیتر منیش لە حەیبەتی ئەمیندا دەستمکرد بەگریانو خۆرنینەوە ئەویش ووتی کچێ برۆ بۆخۆت بگری، وەڵا ئیتر هاتنەوە گیانمان هەم کردیانینەوە بان.

بەڵام تایەری وەسمان دەڵێت: من نەمزانی وایان لێدێت من هێنامنەوە بیانپاریزم. بەڵام کارەکەم ئاوای لێهات..

بەڵی بیانپارێزێ (بە تەوسەوە) وەڵا هەموویانی دایە دەستەوەو بەچاوی خۆم بینمن هەر ١٧ کەسە ژاڵانیەکە دوودوو کەلەپچەیان کرابووە دەست.

وتت نان نەبوو ئەی چۆن بەرگەی برسێتیتان گرت سەربازەکان هیچیان نەداپێتان بیخۆن؟

کورە نەوەڵا خواردنی چی؟ ئێمە بڕێك شەکروچایی‌و شتومەکمان پێبوو گشتی لەناو تراکتۆرەکان بوو نەیانهێڵا بیبەین لەتەك خۆماندا ئیتر ناسیاوخزم ئەهاتن ئەیانووت: میم خۆراسان مردین لەبرسان.

چەند رۆژ لە قۆرەتوو هێشتیانن‌ەوە؟

سێ رۆژ بوو، یان چوار رۆژ، ئیتر زیل سەربازیان هاوردو باریانکردین بۆ تۆپزاوا. هەرچەندە هاوارمان کردو پارانەوە هیچ بێ سودبوو وتیان یاالله دەبی برۆن.

چەند زیل دەبوون؟

کورە زۆر بوو لە حسابدا نەبوو.

بەمەزندەی خۆت چەندێك دەبوون؟

کورە ئەمەنە زۆر بوو ئەمەنە زۆر بوو، لە حسابدا نەبوو جابڵێم چەند دەبوو وەڵا نازانم براکەم. (لێرەدا عەتای کوری خۆی کرد بەناو قسەکانداو وتی: ئێمەیان کردە چەند وەجبەیەکەوە بەخوا ئەو وەجبەیەی ئێمە ٣٠٠ زیل زیاتر دەبوو.

ئێوە چەند سەر خێزان بوون؟

هەموومان بووین ١٠ سەرخێزانی خۆمان لێرەوە بەیەکەوە بووین.

هەتا کوێ بەیەکەوە بوون؟

با قسەت بۆبکەم کە لە قۆرەتوو باریانکردین خۆ ئێمە نەماندەزانی بۆکوێمان دەبەن بردیانین لەتۆپزاوا دایانبەزاندین لەوێ دەستیانکرد بەجیاکردنەوەمان کورە گەورەکەم هات ووتی: دایە ئەوە پشتێنەکەم و ئەوەش سەعاتەکەم.

کورە گەورەکەت ناوی چی بوو؟

ناوی حەسەن بوو.

بەڵێ دوای ئەوە کە سەعات و پێشتێنەکەی بۆت هاورد؟

منیش دەستم کرد بەگریان ووتم دایەگیان ئەوە ئێوە سەرباز داویانە بەرکیبڵو لێدان من پشتێنو سەعەتاکەت چی لێ بکەم.

ئەی چیت لێکرد هەڵتنەگرت؟

نەوەڵا ووتم ئێوە شتێکتان لێبێت ئەو پشتێنو سەعاتە لەلای من بێت هەرشێت دەبم. هەرلەجێی خۆی بەجێمهێڵا نەمهاورد. ئیتر هەموومانیان پێچایەوە بردیانینە ناو هۆڵیکەوە هەندێك

هەیە خێڵ رەشەی خاسە کردیانە گریان ووتیان توخوا دادە خۆراسان بابیێن لە تەك ئێوە بین ووتم کورە وەرن باوکم ئیتر ئەوانیش هاتنە لای ئێمە ئیتر شوێنێ پیس ناخۆش جێگە نەبوو هەموومانیان ترشاندبووە بان یەکدا لەو هۆڵەدا هەموو لەسەر رانو قاچ یەکتر کەوتبووین، بۆبەیانیەکەی سەربازەکانی ووتیان دەی کێ دەیەوێ بچیتە سەر ئاو بەڵام کەس نەیدە ویرا بچێتە دەرەوە ئەترساین بمانبەن.

ئیوارەکەی هیچیان نەدا پێتان بیخۆن؟

کورە نەوەڵا خواردنی چی؟ بەڵام بەیانیەکەی بڕێ صمونو هیلەکەیان هەڵدا لەوەدا من دووسێ سەمونم دەستکەوت ئیتر دامە منداڵەکان ووتم بۆخۆم قەیناکا.

هیچت نەخوارد؟

نانا نەوەڵا دامە منداڵەکان.. دوایی هاتن کردیانینە دەرەوە تەلبەندێك بوو لەوێ هەموومانیان بەریز دانیشان من لە ریزی پێشەوە بووم. دەستیانکرد بە جیاکردنەوە پیربەجیاو گەنج بەجیا لەو کاتەدا سەربازێك هات کردیە باڵماو ووتی: هەستە تۆ عجوز نیت، ئیتر باشبوو سەربازێك ووتی: کورە لێی گەڕێ ئەوە سکپرەو منداڵیشی پێیە بابەیەکەوە بن. ئیتر سەیارەی (مقپەت) داخراویان هاوردو گشتمانیان خستەناو ئەوسەیارانەوە کاتێك بەخۆمم زانی کاوەی کورم لەگەڵدانیە کردم شینو ڕۆڕۆو خزم لەگەڵما خاڵۆزاکانمان لەگەڵدابوو ئەوانیش هەرئەیانگوت میمی چی بکەین؟ کاوە بەجێما، خەریك بوو ئەو دڵەم دەهاتە دەرەوە ئیتر خزم ووتیان چی بکەین دەسەڵاتمان نیە خوا گەورەیە خواکردی سەربازێك دای لە دەرگای سەیارەکە پەلی کاوەی گرتبوو ووتی : ئەومنداڵە هی ئێوەیە ئیتر کاوەش هاتە لای ئێمە (یاخوا ئەو سەربازە قەت هیچی لێنەیات).

کاتەکەی چ وەختێك بوو کە باریانکردن؟

بەیانی بوو.

ئەی کەی بەڕێیانخستن؟

بە خوا نازانم چەندێك وەستاین بەڵام ڕەنگە سەعاتێك بووبێ ئینجا خستیانینە ڕێ نە ئەزانین بۆ کوێمان دەبەن، نەکونێك هەیە سەیری دەرەوەی لێوە بکەین هیچ هیچمان لێوە دیار نەبوو، هەربڕۆبڕۆ، بێئەوەی بزانین بۆکوێمان دەبەن. کاتێکمان زانێ سەیارەکە وەستاو دایانگرتین لە ناو باخاتێك بووسەربازێك هات ووتی: ئێرە دوبزە لەوێ دووسێ خوشکم لەگەڵدا بوو (ئەوان لە باواژنم بوون) دەستیان کرد بە گریان هەی بڕاڕۆ براڕۆ کاکەمان لێ دابرا (لێرە خۆڕاسان دەستی کرد بەگریان وماوەیەك کامێڕامان ڕاگرت دوای ئەوەی بە دەسماڵە سپیەکەی فرمێسکەکانی سڕییەوەوهاتەوە سەرخۆ دیدارەکەمان دەستپێکردەوە) ئیتر کە گەیشتینە ئەوێ باوباران بوو، کردیانینە ناو قاعەیەکەوە پرلە ئاو پێسو پۆخەڵ ئەی خوایە چی بکەین ئەم وەزعە چۆن دەبێ چارچیە؟ بەڵام ئەوەی باش بوو هەموومان خزمەکان لەو قاعەدا یەکمان گرتەوەو پێکەوە بووین بەخوا نزیکەی ٢٥٠ کەس دەبووین کردیانینە ناو ئەو قاعانەدا.

کەی گەیشتنە دوبز؟

وەلا ئەوەیانم لەبیرە سەعات ٤ی عصر بوو کە کردمانیانە ناو قاعەکانەوە سەعات چوار بوو، ئیتر ڕۆژێکیان کاتێکمان زانی سەیارەی مقپەتیان هێنایەوە ئیمەش دوعاوپارانەوە خوایە نەمانبەن وەجبەیەکیان بارکردو بردیانیان، شەویش هەم وەجبەیەکی تریانیان بردو ئێمە نزیکەی مانگو نیوێك ماینەوە، دووسێ ڕۆژ دوای ئەو قافڵەیە هاتن وەجبەیەکی تریان سوارکرد لەو لامانەوە قاعەیە تر هەبوو، قاعەکانی ئەولاو ئەملامانیان چۆڵکرد بوو ئێمە بەتەنیا لەو نێوانەدا هێڵرابووینەوە سەربازەکان هاتن وتیان گەلاوێژ حسێن و ئیکرام حسین کێن پێیانیان ووت باوکتان هاتووە بۆلاتان لەو دیوی سەیتەرەی دەرگاکەوە چاوەروانتان دەکات ئیمەش ئەملاولایانمان ماچکردوو خواحافیزیان کردوو وتمان سەلام لە باوکتان بکەنو پێ بێژن ئێمە گشتمان ماوین چوزانین پاسەکە جێگەی دوو کەسی ماوە تومەس بۆ ئەوە بوو بیانبەنە ناوپاصەکەوە. ئەوانیش ڕۆیشتن.

ئەی ئەوانە دوای بەربوون مەبەستم ئەوەیە لە ژیاندا ماون؟

کورە نەوەڵا نەماون (عەتا هەڵیدایەو ووتی: نانا ئەوانە بۆ ڕەمی کردن بران ، کەسیان نەماون)

ئێوە چەندێك لە دوبز مانەوە؟

ئێمە دوومانگ لەوێ ماینەوە نزیکەی ٤٠ شەو لە دوای ئەوان ئیتر هاتن ئێمەشیان بارکردوبردمانیان، بەیانیەکیان سەلمای خوشکم ووتی: دادە خۆراسان ئەوە هیچ خەونێکت نەبینیوە بەلکو ئەمە خوایە عافواتێك بێت و بەربین؟ ووتم

کچی وازبێنە خەونی چی ئەوە دوو مانگە هاین لێرە خوا کەریمە بەخوا لەو قسانەدا بوین سەیارە هاتن لە قەد قاعەکان وەستان هەر ئەو ئەفسەرەی وابردمانی بۆ نوگرەسەلمان هەر ئەوە هات بەدواماندا وتی: ئیوە دایك منن خوشك منن.

کورد بوو؟

ئائا کورد بوو بەڵام نەدیدەوێرا هەر عەرەبی قسەی لەتەکماندا دەکرد.

ئەی ناوی چی بوو؟

نەوەڵا نازانم ناوی چی بوو بەڵام پیاوێ زۆر باش بوو. دو سەربازی لەگەڵدا بوو یەکیان ناوی محمد بوو ئەوەی تر ناوی ئەحمەد بوو زۆر بەرەحم بوون هەر بۆمان دەگریان. لەوێ وتیان ئەتانبەین بۆ تۆپزاوا لەوێ بەردتان دەدەن. کە گەیشتینە تۆپزاوا لەوێ هەر وەستانمانیان هەر وەستاندمانیان زۆرهێشتمانیانەوە لەوێ کورێکمان بینی ناوی سەردار بوو، کردیانە ناوێ ئێمەوە سەربازێك ووتی: ئەوە هەم کورەکانتانو هەم پیاوەکانتان ئیتر ئەم ئەی گوت وەرە بۆلای من ئەو ئەی گووت وەرە بۆلای من تابزانین پیاوەکانمان لەکوێن، کورەش دەستی کرد بە گریان ووتی: من هاتوومە بان جادەکە هەواڵی کەسوکارم بپرسم ئەوە منیشیان رەوانەی ئێرە کردووە، ئێستا کەسوکاریشم نازانن کەوا من گیراوم کورەکە ناوی سەردار بوو خەڵکی کۆی سنجاق بوو. منیش دلیم دایەوە ووتم ئەوە عەتاو ئەوە حسێن و ئەوە کاوە تۆش وەکو کوڕی خۆم وایت بزانین خوا چیمان بەنسیب دەکات. لە تۆپزاواوە بردمانیان رۆیشتین ئەگریاین دەپارایەوە لەسامەرا وەستان ئەفسەرەکە ووتی: کێ پارەی پێیە بابچێت بۆخۆی شت بکرێت خۆشی دوو فەردە سەمونی بۆهێناین دوو قالب سەهۆڵی بۆمان هاورد.

ئەفسەرەکە هەر لەگەڵتاندا بوو؟

ئا بەڵام ئەو لە سەیارەی خۆیدا بوو هەر عەسکەرەکان لەگەڵ ئێمەدا بوون. ئیتر کەوتنەوە رۆیشتن هەتا سەماوە نەوەستان بروٚ بروٚ رێگا نەدەبرایەوە بردمانیان بۆ نوگرەسەلمان. کاتژمێر یەك و هەشت دەقیقەی شەوبوو کردمانیانە ناوحەوشەی نوگرەسەلمان، براژنەکانم لەتەکدا بوو دەستمان کرد بەگریان ووتمان بیکەن بۆخاتری خودا ئێمە گوناهمان چییە؟ کەس جوابی نەدایناوە. جائەوەش باباس بکەم لەسەر قاپیکەی نوگرەسەلمان نوسراوە وەیل. (لێرەدا عەتای کورپشی جەخت دەکاتەوە لەوەی لەسەر دەرگاکە نوسراوە وەیل)

لەسەر دەرگاکە نوسرابوو وەیل یان لەسەر دیوارەکە؟

لەسەر قاپیەکە نوسراوە نوگرەسەلمان قاپیەکانی زۆر گەورەیە. دوقاپی هەیە یەکێکان لێی نوسراوە وەیل ئەوی تر لێی نوسراوە سەقەر لەوەیلەکەوە کردمانیانە ناوەوە ئەوەی لەسەری نوسراوە سەقەر لەو قاپییەوە دەردەچیت ئەوەیان بۆ دەرچوونە. بەخوا سێ سەعات زیاتر ئێمەیان لە بەردەگاکە راگرتبوو، لەو سەحرایە دوای ئەوە ئەفسەرێك هات کێبلێکی ئەستوری بەدەستەوە بوو ووتی یاالله بیانکەنە ژورەوە. کە کردیانینە حەوشەکەوە زۆری نەبرد کردمانیانە ناو هۆڵێکەوە تاریك تاریك چاوچاوی نەدەبینی ئێمەش هیلاك ماندو منداڵمان پێیە، ئەو هەموو رێگایەمان بری بوو دوسێ سەعات لەبەردەرگا رایانگرتبووین ماندوو، وەزعێکی تەواو ناخۆش.

دوای ئەوە چیتان کرد لەهۆڵەکاندا چاوەڕوانی چی بوون؟

کە بردمانیانە هۆڵەکەوە زۆرنەبوو دانیشتین کاتیکمان زانی قاچ دەستمان دایە خورو، تومەس ئەو دوسێ سەعاتەی ئێمەیان لەبەردەرگا راگرتبوو ئەوقاعەیان بۆ ئێمە چۆڵکرد بوو خەڵکی تری تێدابوو دەریانکردبوون کردبوویانن قاعەی ترەوە ئەوانیش هەمووی ئختیارو پیربوون ئەو خورەوەی وادبووی لەقاچ و دەستمان ئەسپێی ئەوانەی پێش خۆمان بوو. ماینەوە هەتا بەیانی بۆبەیانی چی ببینین ئەو هەموو خەڵکەی وا لەوێ بوون هەمووی کورد، ئەوە جەماعە حەمە خولەیە ئەوە جەماعەت فەرەیدون عەولقادر، ئەوە هین عەلییەو ئەوە هین وەلییە، ئیتر پیرەمێردو پیرەژن هەرچی هەبوو لەوێ ئەنفال بوو دەیانپرسی ئەرێ گەنجەکانتان نەدیوە؟ ئیمەش دەمانگووت گەنجیان لە تۆپزاوا جیاکردەوەو نەمان بینینەوە.

تۆ لەتۆپزاوا جگەلە حەسەنی کورت کێی تریان لێت جیاکردەوە؟

هەر حەسەن کورم ئەوانی ترم منداڵ بوون، باوك منداڵەکانیش هەر لەتەکماندا بوو لە نوگرەسەلمان. دوای شەوێك بۆبەیانیەکەی حەجاج هاتەگیانمان ووتی ئەوە دوێنێ شەو ئەو دەنگەدەنگەتان لەچی بوو؟ بۆ قسەتان

کردووە، ووتی یاالله دەی هەموومانیان لەقاعە دەرکردو برمانیانە ناو قاعەیەکی پێچاو پێچ بستێك خۆڵی تێدا بوو هەرچی پیسی و کاغەزەکۆنی دنیایە لەوێدا هەبوو شوێنێ زۆر ناخۆش بوو، ئیتر کەوتینە پاککردنەوەی شوێنی خۆمان لەوێدا من دوپشکێك کەوتە ناو لەپی دەستمەوە، سێ شەو لەوێدا ماینەوە حەجاج وتی ئێرە جێگەتانە ئیتر ئەفسەرێك هات ناوی عومەر بوو ووتی ئەمانە منداڵیان پێیە خوا قەبوڵی ناکات بیانبەرەوە ناو قاعەکە، ئیتر باش بوو بەقسەی ئەوی کردو لەوێ دەرمانیانکردەوەو بردیانینە ناو تەلبەندێکەوە ماوەیەکی زۆر لەوێدا ماینەوە.

ماوەیەکی زۆر چەند رۆژ؟

زۆرماینەوە دوو مانگ لە دوبزبووین و نزیگەی چوارمانگیش لە نوگرەسەلمان بووین ئەوە بزانە چەندێك دەکات؟ ئەوەندە ماینەوە لە نوگرەسەلمان.

چی شتێك هەیە لە نوگرەسەلمان ئەوەندە ئازاری دابیت قەت لەبیرت نەچێتەوە؟

جاچی خراپ بوو بینیمان کەنیشکەکەم نەخۆش بووهائێستا بمرێ هاساتێکی تر، بۆخۆشم نەخۆش بووم هەموو دەمم ببوەزام، گرانەتام گرتبوو، ژنێك خزمم لەتەکا بوو، وتی هەستە هەستە، فریانەکەوتم بپرسم بۆچی؟ عانێکم زانی ئەفسەرێك لەبان سەرم بوو، تەختەیەك بەدەستیەوە بوو، بزمارێکی پێوە بوو، ئەوەندە فێربووبو وتی: هەستە هەست هەستامە پێ وتی ئیمشی وتم بۆکوێ؟ ئەوەندەم زانی تەختەکەی دابەبان سەرما خوێن بەناوچاوانمدا هاتە خوارەوە، منیش تەنهاژێرکراسێك هالەبەرماو جەفتەیەکی رەشم بوو دابووم بەخۆمدا بردمانیان کۆمەڵیك ژنیان لەناو تەلبەندەکە کۆکردبووەوە ژنێك خزمی خۆم لەناوئەوکۆمەڵە ژنەدابوو، بانگم کرد ووتم قەدریە دەستی خستە سەردەمی ووتی : وس وس. قسەنەکەی کەس نەیدەتوانی قسە بکات، ئەفسەرێك بوو ناوی ئەبو سەباح بوو پیاوێکی دلنەرم بوو، لێی پارامەوە ووتم ئەبوو سەباح بەجێمان مەهێڵە بەخوا حەجاج دەمانکوژێ ووتی نانا بۆ دەتانکوژێ؟ زۆری نەبرد حەجاج هات لەوسەرەوە بەکێبڵی کارەبا کەوتە گیان ئەو ژنانە بەکیبڵ دایگرتینەوە کە گەیشتەلای من یەك کێبڵی راوەشاند دای لەشانم بەوخوا لەنوکی پەنجەمەوە هەتا تەوقی سەرم تەزووی پێداهات ئەوەندە ئێشم پێگەیشت، ئیتر باش بوو ئەبوسەباح فریاکەوت ووتی: بەسە بۆ وایان لێدەکەی خۆئەمانە سجنن و چیانکردووە وا ئازاریان دەدەیت خوالێت قبوڵ ناکات. بەڵام بەقسەی نەکردو ئەو زاڵمە هەتا ئەوسەر هەرلە ژنەکانی دەدا.

عەتا ئیبراهیم

گەیی ئەوەمان هەیە جاش و موستەشارەکان دادە دەدەن و دادگاییان ناکەن.

لەکاتی دیمانەکەماندا عەتا دانیشتبوو جاربەجار خۆی دەهاویشتە ناوقسەکانمانەوەو زۆرجاریش ئەو لە بری دایکی وەڵامی دەدایەوە. ئەوکاتەی ئەنفالکرابوون عەتا تەمەنی ١١ ساڵان بووەو زۆربەی روداوەکانی لەبیرمابوو.

کاتێك لێم پرسی تەمەنت چەندە ووتی من ساڵی ١٩٧٧ لەدایك بووم کەواتە ئەو کاتە من (١١) ساڵ بووم زۆری روداوەکەم بیر دێت

تۆش گیرایت لەئەنفالدا؟

بەڵی منیش گیرام رەزالەتی دوبزونوگرەسەلمانم بەچاوی خۆم دیووە.

تۆچیت بیرماوە لەبارەی ئەنفالەوە چی دەزانی بۆمان باسبکەیت؟

راستی من زۆربەی روداوەکانم بیردێت تەنانەت شەڕەکەی بارقیشم بیردێت.

لەم گوندە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە؟

راستیەکەی باسێکی وام بیردێت، چەکێکیان بە کارهێنا دوکەڵێکی سەیری هەبوو وتیان ئەوە کیمیاییە رەنگە کیمیاییش نەبووبێت هەر بۆ ترساندن بێت، چون کە ئێرە پێشمەرگەی تێدا بوو.

ئەو چەکە کەسی کوشت؟

نەوەڵا کەسی نە کوشت.

چیت بیردێت لەئەنفالدا بومان بگێڕیتەوە؟

هەموویم بیردێت دوبزو تۆپزاواو نوگرەسەلمان.

لە دوبزوەزعمان تارادەیەك باشتر بوو بەڵام لەنوگرەسەلمان کوشتمانیان، دوبزیش هەرناخۆش بوو بەڵام زۆر لە نوگرەسەلمان باشتر بوو. بەڵام هەمووی بەلاش چوو ئەم

دەسەڵاتەی خۆیشمان لە بەعس کەمتری پێمان نە کردووە.

بەدیاری کراوی گللەییت چییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

گلەیی ئەوەمان هەیە جاش‌و موستەشارەکان دالّدە دەدەن و دادگاییان ناکەن و لەجاران دەسترۆیشتووترن. ئێستا ئەم گوندەی ئێمە ئەو هەموو ئەنفالەی داوە ئەوە خزمەتگوزارییە کەیەتی کەدەیبینی.

جاش ئێوەی گرت یان جەیش؟

پێکەوە بوون بەڵام جاشە کان ئێمەیان فریودا فەتاح بەگ بانگەوازی کردبوو وتبووی بێنەوە حکومەت خانووتان بۆدە کات.

تۆ ئەوەت بیرە فەتاح بەگ ئەوەی گوت؟

من فەتاح بەگم نەبینی بەڵام وتیان ئەو وتوویەتی.

بێجگەلە فەتاح بەگ چ موستەشارێکی تر بەشداری ئەنفالی ناوچە کەی ئێوەی کرد؟

تایەری وەسمان ئەویش هەر جاشی فەتاح بەگ بوو.

ئەو کاتەی دا کت قسەی دە کرد لەباسی قۆرەتودا تۆ وتت ٣٠٠ زیل دەبووین چۆن زانیت ئەوەندە دەبوون؟

ئێمەیان کردە وەجبە وەجبە بەخوا هەر ئەو وەجبەیەی ئێمە سەری کی لە نزی ك خانەقی بوو ئەو دوا کەی هێشتا لەقۆرە تووبوو هەتا چاوبڕ بکات جادە کە سەیارەی عەس کەری بوو بۆیە دەڵێم ئەگینا خۆ نەم بژارد بزانم بەتەواوی چەندێکە سەیارە هەمووی بەدوای یە کەوە بوو.

ئەی سەیارەی حیمایەتان لەتەکدا بوو؟

ئەی چۆن بەخوا معین کۆپتەریش وەبانەوە بوو.

بیرم نەبوو لەدایکت بپرسم ئێوە چەند سەرخێزان بوون؟ چەندتان گیرابوون؟

ئێمە هەموومان گیرابووین ١٠سەر خێزان بووین (باوکمو دایکم براکانم(سۆران، کاوەو حسین) خوشکەکانیشم(نەجیبە، نەعیمە، ندیمە، عەزیمە ساهیرە) هەموومان گیرابووین.

ئێوە خوشکێکتان لەنوگرەسەلمان مردووە؟

بەڵێ ساهیرەی خوش کم بوو.

لەخۆت گەورەتر بوو یان بچو کتر بوو؟

نالەخۆم بچوکتر بوو ئەو شەش سالّان بوو حساب کە لەبرسان مرد. کورە ئەوەی بەسەر ئێمە هات ناگێردرێتەوە.



چ شتێك هەیە ئەو ئازارەنەتان لەبیربەرێتەوە؟

هیچ شتیك نییە، بەڵام عەدالەت هەبێ و ئەو جاش و موستەشارانە بدەنە دادگاو سزای خۆیان وەرگرن ئێمە سەبوریمان دێت.

تۆ داوا کاریت هەر ئەوەیە؟

ئەی برا بۆچی دادگایی نە کرێن؟ بۆچی ئەوان چین وئێمە چین کوردنین؟ خەباتمان نە کردووە کورمان نەرۆیشتووە؟

بەڵێ راستە بەڵام داوا کاری تۆ چییە؟

یاساهەبێ وعەدالەت هەبێ خۆ ئێمە چیمان گەرە کە؟

ئەوەی لەبیرت ناچێتەوە لەئەنفالدا چییە؟

ئەنفال هەمووی ناخۆش بوو بەڵام نوگرەسەلمان لە هەمووی ناخۆشتر بوو حەجاج زۆر درندە بوو.

سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بەمنتان بەخشی شتێکت ماوە بیڵێیت؟

کورە شت زۆرەو تۆش پەلەتە و کاتەکە درەنگە. بابۆ کاتی کی تربێت

بەهیوام بتوانین جارێ کی تر دیدار بکەینەوە.

(چاوەڕوان)ـەکانی گوندی گلناغاج

عومەر محەمەد
١١ی ئایاری ٢٠١٣ سلیمانی



گوندی گڵناغاج کەوتووەتە ناوچەی شێخ بزێنی لە بناری چیای خاڵخاڵان، لە ئایاری ساڵی ١٩٨٨ دوای کیمیابارانکردنی گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر ئەویش وەک تەواوی گوندەکانی تری ناوچەکە کەوتە بەرپەلاماری ئەنفالو خەڵکێکی زۆریان لەلایەن سوپاوە دەستگیرکرانو بران بۆ کەمپی کۆکردنەوەو پۆڵینکردنی تۆپزاواو ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە. رۆژی ١١ی ئایاری ٢٠١٣ لەگەڵ کاک عوزێرو فەرەجی تۆپخانە کە دوو کەسی دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵن، پاشئەوەی لەیادی تاوانی ئەنفالکردنی گوندی جەلەمۆرد گەڕاینەوە لەسەرداوای کاک جەلال ئەحمەد لامانداید گوندی گڵناغاج، لەوێ لە ماڵی عەبدوڵا محەمەد بۆ نیوەرۆخوان گیرساینەوە.

عەبدوڵا، وتی: لەم گوندە ١١٠ کەسی ئەنفالکراونو لەوانە نزیکەی ٤٥ کەسیان خزمی نزیکی منن، لە ناویاندا ١٦ کەسیان لە کەسە نزیکەکانمن، هەشت کەسیان ئەندامی خانەوادەکەمانە کە بریتین لە پێنج براو سێ خوشکم، براگەورەکەم بەناوی " صالح محەمەد مستەفا، ئەوانی تر بەرێز ئەحمەدو خورشیدو یوسف، هیوا" خوشکەکاکانم" کەتان، لێمۆ، رازی " .

کاتێک پەلاماری ئەنفال بە سوپایەکی زەبەلاح و چاوساغی جاشەوە گەیشتە ناوچەی شێخ بزێنی عەبدوڵا محەمەد مستەفا هێشتا تەمەنی تەنها ١٧ ساڵ بوو، هەرچۆنێک بووە خۆی پەناداوەو بەقسەی هاوڵەکانی نەکردووە کە دنەیان داوە بۆئەوەی بچن خۆیان رادەستی حکومەت بکەنەوە، بەلام عەبدوڵا دوا بریاری خۆیداو لەگەڵ ١٤ کەسی تر لەناو چەمو هەردو دۆڵەکانی ناوچەکەیاندا خۆیان شاردەوە، وەک دەڵێت ماوەیەکی زۆر توانیمان خۆمان رابگرینو ماوەی هەفتەیەک تەنها ساوەرمان دەخوارد بەبێ ئەوەی لێیی بنێین هەروا بە ئاو دەمانخوساندو بەکاڵی دەمانخوارد. بەلام گیانیان بەو ئاردە بووە کە دەیاندۆزییەوەو لە شوینی جیاجیا دەیانشاردەوەو دەیانکردە ناوساجی، ئەویش لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی ئاگربکەنەوە کاریکی زەحمەت بوو بەئاسانی نەدەتوانرا ناوساجیش بکەن. ئەوکاتە عەبدوڵا لەقۆناغی ناوەندیدابووە دەنا ئەویش ئەنفالدەکراو ئێستا بۆ مەینەتیەکانی رۆژگار نەدەمایەوە. کاتێک قسەو باسمان هاتە سەر چیرۆکەکانی ئەنفال و من وتم چاوم بە کورو کچێکی گەرمیانی کەوتووە کە هەردوکیان ناویان (چاوەڕوان)ە، یەکێکیان خەڵکی گوندی قەیتولەو ئەوی تریان خەڵکی گوندی گەراوییە، ئێستا هەردوکیان لە ئۆردوگای شۆڕش دژین و هەردوکیشیان لە چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکیاندا ناونراون (چاوەڕوان)، عەبدوڵا هەڵوەستەیەکی کردو دوای تێڕامانێک وتی:

ئەم گوندەی ئێمە پێنج منداڵی تێدایە هەموویان لە چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکیاندا ناونراون چاوەڕوان.

ئەفسوس هیچ کام لەو چاوەروانانە لەگوندی گلناغاج نەبوون بۆیە نەمانتوانی دیداریان لەگەڵدا سازبکەین

هەلوێستی جوان لە مەسۆییەوە بۆ دێبنە

سابیر



رۆژی ٤/١٤ لەیادی ٢٧ ساڵەی تاوانی ئەنفال لە گۆڕستانی دێبە، دوای کۆتایی هاتنی مەراسیم، تا درەنگانێك بە هۆی کاری رۆژنامەنوسیەوە لەگەڵ چالاکوان و تاقانەکانی ئەنفال لەسەر مەزارەکە مابوینەوە. سەرنجم چووە سەر ژنو پیاوێك لەوێ مابوون، وای بۆچووم کە کێشەی هاتوچۆیان هەبێ و نەتوانن بگەنەوەشار؟! بەڵام کە پرسیارم لێکردن تێگەیشتم کە ژن وپیاوەکە هاوسەری یەکترن (عەزیز محەمەد قەرەداغی و فاتمە حسێن قارەمان) لە گوندی مەسۆیی قەرەداغەوە هاتبوون بۆ مەراسیمەکە، کە من لێیان نزیکبومەوە، تاقانەکانیش گەیشتن هەموومان خوڵقمان کردن وتکامان لێکردن بۆ پشوو و نانخواردنی نیوەڕۆ بچین بۆماڵەوە. بەڵام ئەوان رازی نە بوون.

بەڵام ئەوەی دوبارەیان دەکردەوە ئەوە بوو (ئێمە ئەرکی خۆمانمان بەجێهێناوە و هاتووین بۆ ساڵیادەکە، ئیدی هیچ شتێکی تر بەلامانەوە گرنگ نییە، نەبرسێتی و نەهیلاکبوونی ڕێگا، ئەرکەکەمان بەجێهێناوەو ئێستا ئاسودەین کە هاتووین و هەردەبوایە بهاتینایە. لەگەڵ تاقانەکانی ئەنفال، کە نزیکەی ١٠ کەس دەبوون، دوبارە خوڵقمانکردنەوە بەڵام رازی نەبوون.

عەزیز شاعیر بوو، شیعرێکی بۆ ئەنفال نوسیوە و دەیان وێنەی لێ کۆپیکردوە و دابەشیکردووە. من لە لایەك زۆر دڵخۆشبووم بەوهەڵوێستە جوانەی ئەو دوو مرۆڤە، کە ڕێگای دوریان بریبوو هاتبووون، هاوخەمی و پابەندیی خۆیان بۆ قوربانیان و کەسوکارەکانیان دەردەبڕی. لەلایەکی تریش، ئاوچەکەی خۆشیان لە قۆناغی دووەمدا ئەنفالکراوە، بەڵام هیچ کەسێك ناناسن و لەوانەیە هیچ ناسیاوێکیان لە گەرمیان و شارەکانی گەرمیان نەبێت، بەڵام ئەوەی ئەوانی هێناوە بۆ گەرمیان، ئەو پابەندییەیە کەبەداخەوە لەزهنی زۆربەی تاکی کوردی ، پرسێکی فەرامۆشکراوە.هەڵوێستی لەو جۆرە،دەبێت ببێت بەنەرێتێکی گشتی و لەهەموو کایەکانی کۆمەڵگە ڕەنگبداتەوە. دەبێت هەموو دۆسێکانی تاوانی جینۆساید لەنێو یادەوەرەی هەمومان،جێگەی هەبێت، نەك تەنها پەیوەندی بە هاوشارە وکەسوکاری قوربانیان هەبێت.

هەقە دڵخۆش بین بەوی کە هێشتا مرۆڤی جوان و خاوەنی هەڵوێستی نیشتیمان پەروەرانە ماون, وەڵێ کۆمەڵگەی ئێمە نایانبینێت ونایاندۆزێتەوە.کەسانێك ئەو ڕێگایە ببڕن، کەچی کەسانێك هەن لەشارەکەی خۆتن نەئامادە دەبێت و نەبڕواشی بەشتێك ماوە، کەناوی ئەنفالە.بۆیە دەڵێم:چەند ئاسوودەن ئەوانەی هەوڵدەدەن وێژدانی خۆیان ئاسوودەبکەن لەڕێگەی کاری مرۆڤدۆستانە و ڕێز گرتن لەمرۆڤ و کۆی ئەو پرسانەی دەبێت لەناخەوە ڕێزی لێبگرین و پێوەی پابەندبین، وەك پرسێکی مرۆیی و ئەخلاقی لەفکرو کرداری خۆماندا.

کوردستان، لە ستەمکاری بەعسەوە بۆ داعش

لە گوندی کۆچۆی ئێزدیی نشین داعش کۆمەڵکوژیی کرد

عومەر محەمەد

چەکدارانی داعش کە لە دوای دەستبەسەرداگرتنی شەنگاڵ و گوندەکانی سەربەو قەزایە، گوندی)کۆچۆ(شیان وەک هەر گوندێکی تری شەنگال گەمارۆدابوو. کۆچۆ هەموو دانیشتوانەکەی کوردی ئێزیدی بوون، ئەو رۆژی کوڕی میری ئێزیدییان بەهۆی خراپی باری تەندروستیمەوە سەردانی کردم، هێشتا تاوانی کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ رووندابوو بەڵکو لە ئان و ساتی رودانیدابوو، هادی بابە شێخ بە بێتاقەتییەوە گووتی: تیرۆرستانی داعش تەنها ماوەی دوورۆژیان بۆ دانیشتوانی گوندی کۆچۆ داناوەو بارودۆخیان زۆر خراپەو چاوەروانی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەگەم، کەسیش نییە فریا بکەوێت، چونکە تیرۆرستەکان پێیان راگەیاندون یان دەبێت ببنە مسوڵمان، یان دەبێت بکوژرێن، کێشەکەش بەوە کۆتایی نایات کە خەڵکەکە ببنە موسوڵمان بەڵکو پێیان گووتوون؛ موسوڵمان بەوە نییە شایەتمان بهێنێت، بەڵکو دەبێت کچەکانتان بدەنە موجاهیدەکانی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام . ئەم هەواڵە هەمان ئەو رۆژە لە رێگەی کورتە نامەیەکەوە کچێکی ئێزدی هاورێیەکی خۆی لەو هەرەشەو داواکارییەی چەکدارانی داعشی گەیاند بووە هاورێیەکی خۆی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون.. گوندی کۆچۆ «٢٣» کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزای شەنگالەوە دوورە، چواردەوری بە گوندی عەرەب نشین دەورەدراوە.

رۆژی هەینی ١٥ی ئابی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش بەچەند ئۆتۆمبێلێك چوونە ناو گوندەکەیانەوە، هەموو خەڵکی لە قوتابخانەیەکدا کۆکردبووەوە، پاشئەوەی پیاوو ژنیان لە یەکتری جیاکردبووەوە، بەفەرمانی حەمزە خاتوونی کە عەرەبێکی سوننە مەزهەبو خۆشی خەڵکی ناوچەکەیە، هەموو پیاوەکانیان بە کۆمەڵکوشتووە..

چەکدارانی داعش پاشئەوەی پیاوەکانیان کوشتووە، کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠ پیاو بووە، هەموو ژن و منداڵەکانیشیان وەک دەستکەوتی جەنگ بردووە .

چەکدارانی داعش دوای دەستبەسەرداگرتنی شەنگاڵ، مۆڵەتی دوو رۆژیان بۆ دانیشتوانی هەر دوو گوندی کۆچۆ و حاتەمی ئێزیدی نشین دیاری کردبوو، تەنها دوو رێگەیان بۆ هێشتبوونەوە یان ببنە مسوڵمان یان دەکوژرێن .

پێش کۆتایی هاتنی وادەکە دانیشتوانی گوندی حاتەمی توانیبوویان خۆیان رزگار بکەن و پەنا بۆ چیای شەنگال ببەن، بەڵام دانیشتوانی گوندی کۆچۆ بە هۆی گەمارۆدانی گوندەکەیان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە بواری دەرچوونیان نەبووەو بەناچاری هەر لەوێ مابوونەوە.

لە دواهەمین رۆژی کۆتایی هاتنی وادەکەیاندا کە داعش بۆ دانیشتوانی گوندی کۆچۆی دیاری کردبوو، پەیوەندی کرد بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی خۆی لەو گوندە و ئەویش رایگەیاند : شێخە عەرەبەکانی ناوچەکە کۆبوونەوە و رایانگەیاندووە کەڕێگە نادەن ئێزدیەکان کۆمەڵکوژ بکرێن، هەروەها داوایان لە چەکدارانی داعش کردووە کە ئەبو حەمزەخاتونی ئەمیرێکی تونڕەوی بەرپرسیان بووە رێگە بە دانیشتوانی گوندەکە بدات کە هاوشێوەی دانیشتوانی گوندی حاتەمی ئەو ناوچەیە جێبهێڵن، بەڵام چەکدارانی داعش هیچ وەڵامێکی روونیان بەو پێشنیارەی شێخە عەرەبەکان نەدابووەوە..

بەلێکدانەوەی کوردانی ئێزدی، «کۆچۆ» ئەو گوندە جوانەیە کە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری «شەنگال» بە دووری «٢٣» کیلۆمەترو سەربەشارۆچکەی «بلیج– قەزای بعاج»ە. بە پێی ئاماروکۆبوونی خۆراك «٢٧٥» دووسەدو هەفتاو پێنج خێزانی لێ نیشتەجێبووەو کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی «١٦٠٠» هاوڵاتی مەدەنی



بوون و لە بنەڕەتدا سەربە عەشیرەتی «مەندەکیە»ن، کە «١٢٠٠» کەسیان لەلایەن چەتەکانی «داعش» جینۆسایدو بێسەروشوێن و دەستبەسەرکران و ئەوانەی کەلەم شالاوەی جینۆسایدو کوشتارگەیە بە شێوازی جۆراوجۆر رزگاریان بوو نزیکەی ٤٠٠ کەسن[١].

شاهێدحاڵەکانی رزگار بووی کۆمەڵکوژییەکە بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە (مەروان جدعان حلۆ) دانیشتووی کۆجۆ، دەڵێ: لە کاتژمێری «٧»ی بەیانی لەکۆجۆ دەرچووین، ژمارەمان «٤٠» کەس بوو، داعش هەموومانی بەردەست ڕێژی گوللەدا، «من و کوڕەکەم، سهیل محل، حمدی موراد، سهیل موراد»، خۆمان دەربازکردو بەرەو چیا ڕۆشتین، دوای «١٠» کاتژمێر لە ناوترس و دڵەڕاوکەدا گەشتینە چیای میران. یەک هەفتە بەبێ نان و ئاو لەچیا ماینەوە، بەناچاری گەنمەن دەکوڵاند و دەمانخوارد، لە ڕێگا منداڵمان بینی لە تینوێتیدا مردبوون بەڵام ئەودوای خەڵکەکە کە دەستگیرکران بەرەو تەلعەفەر بردبویانن و لەوێش کچەکانیان لەخێزان و پیاوەکانیشیان جیاکردبوەوە. عزەت عباس ئیسماعیل دەڵێ: کاتژمێری ٧ی بەیانی ڕۆژی ٣-٨ لە کۆجۆدەرچوین بەرەو شەنگال بۆ ماڵی عەلی جدعان، بەڵام بینیمان دۆخەکە ئاڵۆزە بۆیە بەرەو چیا بەڕێکەوتین، لە نیوەی ڕێگادا بووین کە باوکم پێی ڕاگەیاندم بگەڕێمەوە، بەڵام من مۆبایلەکەم داخست و ڕۆیشتین بەرەو چیا، دایکم و سێ براو چوارمنداڵ بووین، لە نزیک یاریگای شەنگال «داعش» دەستگیریان کردین، یەکێک لە داعشەکان بەزمانی کوردی پێی ووتم» بەراز بەرەو کوێ دەڕۆی».کوا پاراستنتان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە کە لەبەرامبەر هێزەکانی ئیسلام هەڵاتن. بانگی هەموانی کردو وتی: بەهێزێکی کەم توانیمان شەنگال بە ئاسانی داگیربکەین[٢]»

خەلکی کۆجۆ لەچاوەروانییەکی کوشندەدا ڕاگیرابوون جارێک ئومێدیان پێدەدرا کە هیچتان لێناکەن وجارێکیش دەخرانەوە بەردەم چارەنوسێکی ترسناک هاوشیوەی کۆمەڵکوژی ئەنفال، هەرچۆنێک بوو، ماوەی چەند ڕۆژێکیان بۆ درێژکرابووەوە، بێگومان ئەوەش لەبەرتەماح بوو کە جۆرە فێلێک بوو ئەبوحمزە خاتوونی لە ئێزدییەکانی کرد، مەبەستیش لێی دەستخستنی پول وسامانی زیاتری هاوڵاتیانی گوندی کۆجۆی بوو، هەتا بەئاسانی بەرلە کۆمەڵکوژکردنیان بەدەستی بهێنێت، شایەتحاڵێکی تر بەناوی سەفوان عەباس ڕەشۆ کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ەو یەکێکە لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژییەکەو لەناو گۆڕێکی بەکۆمەڵ و مەرگی ڕاستەقینەدا دەربازی بووە، پەردەلەسەر تاوانەکەو نیازی چەکدارانی داعش هەڵدەماڵێ ودەڵێت : (ئێمە لە ماڵەوە بووین، ئەوان وتیان دەچینە جەنگ و دەگەڕێینەوە، ئەوکاتە جەنگەکە لە «سیباو کرزرک» بوو، بەشێک لە خەڵکەکە لە ماڵ دەرچوون و ڕۆشتن بۆچیا، بەڵام زۆرینە لە ناو گوندەکە مانەوە، چونکە وایان بڵاوکردەوە کە ئەوانەی لەگووند دەرچوون گیراون و دەستبەسەرکراون بۆیە خەڵکەکە ترسان و مانەوە لەناوگوند. ڕۆژێک وتیان ئەمیری داعش دێت بۆگوندەکەمان، کاتێک «ئەبو حمزە الخاتوونی» هات، دانیشتوانی گووندەکە هەموویان ئاڵای سپیان بەرز کردەوە، ئەمیری داعش داوای کرد هەموو گوند نشینەکان چەکەکانیان کۆبکەنەوەو لەلای موختاری گوند»ئەحمەد جاسۆ» دایبنێن، هەموو ڕۆژێک ئەم «ئەمیر»ە دەهاتە میوانخانەی «موختار»و دڵنیای دەکردەوە کە ئێوە پارێزراون و ئەوان ئاشتیان دەوێ، بەڵام ئەمە فێڵێک بوو بۆئەوەی بەهێمنی خەڵک لەتاوی گیانی خۆیان دەستبەرداری چەک وپارەو سامانی خۆیان بن چونکە وەک شایەتحاڵەکان دەڵێن دوای چوار ڕۆژ لە ڕادەستکردنی چەکەکان ئینجا داوای تر هاتووەتە پێشەوەو داوای «موسڵمان بوون یان هەڵبژاردنی مەرگ» یان لە کوردانی ئێزدی کردووە، هادی بابەشێخ دەڵێت ماوەی تەنها سێ ڕۆژیان بۆداناون لە (ڕۆژی پێنج شەمە هەتا ڕۆژی شەممە)، لەوماوەیەشدا «ئەحمەد جاسۆ» هەر لە پەیوەندیدا بوو لە گەڵ سەرۆک خێڵەکانی عەرەبی ناوچەکە بۆئەوەی ماوەکە درێژبکرێتەوە، بەڵام لەڕۆژی شەممە هەمان «ئەمیر» هاتەوەو ماوەکەی بۆ چوارشەممە درێژکردەوە.

سەفوان دەگێڕێتەوە «: ڕۆژی سێشەممە کاتژمێری ١٠ی شەو، هاتن وتیان» موژدەمان بدەنێ «کە لێمان خۆش بوون و «مادام سوورن لە سەرئایینی خۆتان لە بەر ڕۆشنایی

١. بروانە جینۆسایدی ئێزدییەکان داودمراد ختاری وەرگیرانی تەها سلێمان چاپی ٢٠١٥ چاپخانەی ئازادی

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو

بریاری خەلیفە ئەبوبەکر بەغدادی لەسەر ئایینی خۆتان بمێننەوە»، دوای کۆتایی هاتنی کاتی دیاریکراو، موختار «ئەحمەد جاسۆ» کەوتە ناوەندگیری وداوای کرد مامەڵەمان وەک مەسیحیەکان لەگەڵدا بکەن و لە گوندەکە دەردەچین بەبێ خشڵ وسەروەت و سامان، دوای دوو رۆژ ئەمیرەکەی داعش ئەمەی قبوڵکرد بەلام ئێمە لەچاوەڕوانی ئەوەدابووین لەگوندەکە دەرمان بکەن، بەڵام ئەوە هەرچاوەڕوانی بوو چونکە دوای چەند ڕۆژێک هێزێکی داعش هاتنە کۆجۆ کە بریتی بوون لە «١٥» ئۆتۆمبێل، داوایان کرد کە هەموومان لەناوەندیی کۆجۆی کوران کۆببینەوە، هەموومان لەوێ کۆبووینەوە، ئۆتۆمبێلەکان لە نزیک قوتابخانەکە وەستان، لە دەرگای قوتابخانەکە کەسێک وەستابوو هەموانی دەپشکنی و موبایلەکانی لێوەردەگرتین، هەموومانیان لە ڕاڕەوەکە ڕاگرت و یەکی یەک دەبە ئاویشیان پێداین، داوای لە ئافرەتەکان کرد بچنە نهۆمی دووەمی قوتابخانەکە پیاوەکان لەنهۆمی زەمینی بمێننەوە، کاتێک ئەمیر «ئەبو حمزە خاتوونی» هات بۆ قوتابخانەکە چوو لە ئیدارە دانیشتبوو، داوای کرد موختار «ئەحمەد جاسۆ» بچێت بۆلای، کە ئەحمەد چووەلای داوای کرد کەهەرچی زێڕو خشڵ و پارەو پوول هەیە کۆی بکەنەوە جانتایەکی ڕەشیان ئامادەکردبوو، هەموو داواکارییەکەیان جێبەجێکرد، ئەمیر» ئەبو حمزە خاتوونی» ووتاریداو ووتی»: پێمان ووتن واز لە جاهلیەت بهێنن و ببنە موسڵمان، بەڵام وڵامی ئەمرەکانی ئێمەتان نەدایەوە، بۆیە هەریەک لە ئێوە واز لە ئاینەکەی بێنێ لە سەرماڵ و موڵکی خۆی دەمێنێ، بەڵام ئەوانی تر دەنێرینە چیا»، لەم کاتەدا «داعشێک» هات و قسەکانی «ئەمیر»ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. موختاری گووند «ئەحمەد جاسۆ» ووتی: ئەی خەڵکی گوند من دەردەچم بۆچیا، کێ لەگەڵم دێت بابێ ئەوەشی لە گوند دەمێنێتەوە مانعمان نیە». هەموو خەڵکەکە بە دەنگی بەرز وتیان «لە گەڵت دەردەچین بۆ چیا».

سەفوان دەڵێ: ئەبو حمزە خاتوونی وتی وەجبە وەجبە سەرکەونە ناو ئۆتۆمبیلەکان، گوایە بەرەو چیا دەردەچین، یەکەم وەحبە «٣٠ بۆ ٤٠» بە پاسەوانی دوو ئۆتۆمبێل دەرچوون و لە دۆڵێک بە دوورایی «٥٠٠» مەتر لە ڕۆژئاوای گوندەکەوە گوللە باران کران. بەڵام ئێمە هەستمان بە دەنگی گولە نەکرد لەبەر قەرەباڵخی ناوەوە.

لە وەجبەی دووەمدا بە ئۆتۆمبێلی جۆری «فاو» سەرکەوتم، توشی سەرسوڕمان بووین بە شەقامەکە لایدایەوە بەرەو شارۆچکەی «قەیرەوان–بلیج»، یەکێک لە داعشەکان ووتی»: بۆچی لەسەرجاهلیەتی خۆتان مانەوە بۆیە شایستەی کوشتنن، «عەفدو عەمو» ووتی: یائیلاهی هەموومان دەکوژن یان دەمانخەنە زیندان». ئۆتۆمبێلێکی جۆری «دێر» لە پێشمانەوە بوو هەموو پیاوی تێدابوو، گەشتینە شوێنی گۆڕگای ئاو، هەموویانیان لە ڕۆژهەڵاتی گوونەکە لای شارۆچکەی ئەل مەیتوبە ڕیزکرد، ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە بە دووری «١٠٠» مەتر وەستابوو، دەستڕێژی گوللەیان لێکردین و وتیان بگەنە ئەوانەی ڕیزکراون، کاتێک گەیشتینە لایان «سالەح موکری» خەڵگی گوندەکەمان ووتی»: ڕیزبن هەموومان دەکوژن». کاتێک بووین بە دووڕیز، من لە ڕیزی پێشەوە بووم لە سەرچۆک دانشتبووین، ئەوانەی لەگەڵمدا بوون «: رافد سەعید، نافع سەعید، سەعید عمو، عەفدو عمو، غالب ئەلیاس، خدر حسن، ئدریش بەشار، سەعد حجی، ئەمین بەشار، سالح خدر، سالم خدر، سالەح موکری، رفو موکری، خەلیل بەشار، فراس فەیسل، جەلال شقان، خدر خەلەف، تەلال نایف جاسۆ، نوزەت سالەح، شیرزاد سالەح، حاونج خەلەف،»و سێ کەسی تر کەیەکێکیان لە تۆڕێژی شێخ بوون و خەڵکی دومیزی باشووری شەنگال بوون و میوانی ماڵی حەسەن کالۆ بوون. یەکێکی تریش لە ڕیزی دواوە دەیانکوشتن. لەلای چەپەمەوە ڕافد سەعید خۆیدا بە عەرزداو تووند بە خۆیەوە گرتمی لەگەڵ عەرزەکەدا، بەسێ فیشەک بەرکەوتم، بەڵام ڕافد چوار فیشەکی بەرکەوتبوو، کاتێک بەردەستڕێژی گوللەیاندین دەیانووت «: یاخودا یا مەلک تاووس». گوێمان لێیان بوو وەجبەیەکی تر دێنن پێش ئەوەی فڕۆکەکان بێن، بۆماوەی یەک چارەکە سەعات خۆم کردبوو بە مردوو، بینیم ئەوان وەجبەی سێیەمیان ڕەمی دەکرد، لە سەرلێواری دۆڵەکە کە دەکاتە «٥٠٠» مەتر دووری گوندەکە لای ڕۆژئاواوە نزیک تاوەریکی شوینی وەجبەی یەکەم.

سەفوان بکوژەکانیش دەناسێتەوە کە لە «عەشیرەتە

عەرەبەکانی «مەتیوتە، خاتوونی، کیجلا، عەگیدات» بوون دەڵێت ئێمە بەشێکیانمان دەناسیەوە، وەجبەی چوارەم لە ناو حەوزی بیرێکی ئیرتوازی کوشتیانن لای رۆژئاوای گوندەکەوە، من خۆم گوێم لە دەنگی دەستڕێژی گوللەکان بوو.

لێرە سەفوان پیاوێکی تری گوندەکەیانی بینیوە کە هاستاوەتەوەو رایکردووە، ئەویش سەید «کجی عمو» یە کە لەپشتی براکەیەوە هەستاوەتەوەو بە سەرلیواری ساترێکدا بە تەنیشتیدا هەڵاتووە دەڵێت دووچاڵی ئاوم بینی کە هەموو بەرکەوتوەکانی تێدابوو، ، کاتێک سەیرم کرد منیش بەو ئاراستەیە رامکرد، دوای «فارس شەهاب» هات بۆلامان و گەیشتینە رەزی «عەباس قاسم متو»و کەسێکمان بینی بەناوی «سەعد حجی» کە بەرکەوتبوو نەیدەتوانی لەگەڵ ئێمە هەڵبێ و لەوێ مایەوە، دواتر «ئدریش بەشار سەلۆ»مان بینی، ئەویش بەچوار فیشەک بەرکەتبوو، بە سکەخشێ دەرۆیشت نەیدەتوانی هەڵسێ بەرەو «ئال بسکی» رۆشتین و ئاومان خواردەوە، لەدۆڵێک لە نێوان «کۆجۆو حاتمیە» لە نیوەڕۆوە هەتا خۆرئاوابوون لەوێدا خۆمان شاردەوە.

بەقسەی سەفوان هەتا ئەوکاتە ژمارەی دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژییەکە بوو بە شەش کەس کەبرێتی بوون لە :

١. سەفوان عەباس رشۆ
٢. کجی عمو سلۆ
٣. فارس شەهاب ئەحمەد
٤. نافز هادی حەسەن
٥. سامح بسی موراد
٦. سەعد موراد ملحم
٧. عەلی عەباس ئیسماعیل دوای ئەوان رزگاری بووەو ئەویش خۆی گەیاندووەتە سەرچیای شەنگال.

سەفوان وهەر شەش بریندارەکەی گوندی کۆجۆ سەرباری ئازاری جەستەیان وئەوترسەی هێشتا لەگیانیان دەرنەچووبوو لەکاتی خۆشاردنەوەیاند ئازاری دەرونیشیان زیاتر بوو بەوەی کەدەیانبینی وا ئافرەت و منداڵەکانیشیان بە ئۆتۆمبێل بەرەو شەنگال دەبران، کاتێک تاریک داهات بەرەو چیا بەرێکەوتین، لە رێگا جولەکانیانمان دەبینی وبارەگای سەرەکیان لەلای عەشیرەتی «حاتمیە»کان بوو، نەمانوێرا لێییان نزیک بینەوە، کاتێک جولەکانیان کەم بوویەوە، لە نێوان گوندی «تەلە قەسەب و حاتمیە»وە بەرەو گوندی «خدرشیخۆ» رۆیشتین، سێ کەس لەسەر ساترەکە بۆچاودێری ماینەوە سێ کەسەکەی تر رۆشتن بۆپەیداکردنی ئاو، گوندەکە چۆڵ ببوو هیچ کەسێکی تێدا نەمابوو بەڵام سەگەکان رێگەیان لێگرتین ونەیاندەهێشت بچینە ناوگوندەکەوەو هێرشیان بۆهێناین، چونکە بۆنی خوێنیان کردبوو بە جەستەمانەوەو برسیان بوو، بەڵام توانیمان ئاو بەدەست بهێنین، دواتر بەرەو رەزی «حجی دوسی» رۆشتین، کاتێک لە سەرەوە گوێمان لە دەنگ بوو، ژوورەکەش رۆشنایی تێدابوو، بۆیە هەڵاتین بەرەو ناو دەرختەکان و لەوێشەوە گەیشتینە سەر شەقامی گشتی نێوان «قەیرەوان– شەنگال» و یەکێکمان رۆشت بۆ [illegible] کینی رێگاکەو تێبینی کرد هیچ جولەیەک لە شەقامەکە [illegible] بانگی کردین کە بڕۆین، کاتژمێری «١٠»ی شەوە، بەرەو رەزوباخێک رۆیشتین نزیکی شەنگال و لەوێ ئاومان دۆزیەوە، رەزو باخەکە چۆڵ بوو، تەنها پیرەمێردێک و پیرە ژنێکی لێبوو لە تەل قەسەب، داوای خواردنمان کرد وتیان ناتوانین خواردن ئامادە بکەین، بەرەو «سۆلاخ» بەرێکەوتین، کاتێک لە شەقامەکە پەرینەوە لاشەمان لە سەر رێگاکە دەبینی، کاتژمێری «١٢»ی شەو گەیشتینە مەشرووعی «قەنێ»و پێش گەیشتنمان بە بەرزی چیاکە ئاومان نەماو تینیومان بوو، نەماندەتوانی سەرکەوین بۆسەر چیا، لە ناوچەی «پیری عورا» ئاومان لێیان وەرگرت و رۆژی دوای کاتژمێری یەکی دوانیوەڕۆ گەشتینە مەزاری «شەرەفەدین» چوار رۆژ لەوێ ماینەوە.

لەگێڕانەوەکەیدا سەفوان باس لە دەربازبوویەکی ترعەمار خزرجەدعان تەمەن ١٩٩٣ دەکات بەڵام رون نیە ئەویش لە کۆمەڵکوژییەکە رزگاری بووە یاخود تاقە دەربازبووی خانەوادە ١٢ کەسییەکەیەتی بەهۆی ئەوەی لە سلێمانی کاری دەکردو لەکاتی کۆمەڵکوژییەکە خۆی گەیاندە چیا.

بۆ زانیاری دەربارەی ناوی سیانی و سالّی لەدایکبوونی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانی گوندی کۆجۆ بروانە داود موراد خەتاری وەرگێڕان و ئامادەکردنی تەها سلێمان لاپەرە ٧٨ بۆ ٨٩ .

پێڵاوە پیرۆزەکان

پێڵاوە پیرۆزەکان پرۆژەیەکی گرنگ و جێگەی تێرامانە، کە لە هەنگاوێکی بچوکەوە هات و ئێستا بووەتە پرۆژەیەکی گەورە، بیرۆکەی پێڵاوە پیرۆزەکان، لەلایەن چالاکوانی مافی مرۆڤ (فەلاح مورادخان) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانییەوە هاتە گۆڕێ، لەسەرەتاوە پرۆژەیەکی بچوک بوو بەڵام ئێستە بۆتە بیرۆکەو پرۆژەیەکی گرنگ، فەلاح بە ئەنفالستانی گوت: لەسەرەتاوە بە بیرمدا هات چیرۆکی چەند کچێك بنوسمەوە لەکاتی نوسینەوەدا وتم پێڵاوی ئەم کچانە لە سەری ئەمیرەکانی داعش بەهادارترە، بۆیە بەباشم زانی وێنەی پێڵاوەکانیان بگرم.

ئێستا بیرۆکەکە فراوانتر بووەو لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا لە بەریتانیا پشانگایەك بۆ ئەو چەند وێنەیە کرایەوە و چەندین پرۆفیسۆر و لێکۆلیاری بەریتانی رای خۆیان لەسەر گرنگی پرۆژەکەداو دواتریش ناردیان بۆ چەندین خوێندنگای بەریتانیا، هەتا وەك پرۆژەکی هۆشیاری بخرێتە بەر دیدەی خوێندکاران.

ئێستا بیرۆکەکە بووەتە پرۆژەیەکی گرنگ و چۆتە ئاستیکی باڵاتر .. لە مانگی ٨ لە سکۆتلاند ریکخراوی بیوند بۆردەر پشانگایەکی گەورەتر دەکاتەوە، کە منیش تایدا بەشدار دەبم، چیرۆك و پێڵاوە راستەقینەکانی کچانی ئێزدی دەبەین بۆ ئەو پێشانگایە، دواتر مانگی ئەیلول لە واشنتۆن هەمان پێشانگا دوبارە دەبیتەوە .. کە تیایدا چیرۆکو پێڵاوەکانی ٢٠ کچی ئێزدی دەربازبوی دەستی داعش لەخۆدەگری.

سەبارەت بەناوی پرۆژەکە فەلاح، وتی: من پێیدەڵێم پرۆژەی (پێڵاوی پیرۆز) بەڵام ناوی پیشانگاکان (چەند میلیك لە پێیاندا) پرۆفیسۆر برایان باقیرتی سەرپەرشتی دەکات و دکتۆر سایمن سکامل دیزاین و بەڕێوبەری کارەکانە ..

ئەمانە باشترین کەسن لە بەریتانیا .. لێرەش چەندین کەسی ئێزیدی هاوکارییان کردوم سوپاسیان دەکەم بە تایبەتی مامۆستا عبدوڵا سابیر کاری وەرگێرانی (story) چیرۆکەکانی کردوە .. هەموو وێنەکان بەکامێرای فەلاح



مورادخان گیراوان و ئامانج لە پرۆژەکە هۆشیاری خەڵکە لەسەر ئەو تاوانەی بەرانبەر کچانی ئێزیدی کراوە .

نیشاندانی مەزنی مرۆڤ و سوکی ڕیسوایی تاوانکاران کە پێڵاوی کۆن و دڕاوی ئەم کچانە مەزنترن لە هەموو ئەو کەسانەی ئازاری ئەم کچانەیان داوە، جا ئەوانە لە (سعودی و فەلەستن و موسل و رەقە) هەر کوێیەکی ئەم جیهانەوە هاتبن و هەر دین و ئایدۆلۆژیایەکیان هەبێ ..

فەلاح دەڵێت: هەتا ئیستا لە کوردستان جگە لە ئەنفالستان هیچ کەس گرنگی بەم کارە نەداوە .

ئەوانەی ئەمرۆ بە پاساوی ئازاری شەنگال، ئەنفال، لەبیر دەکەن سبەی بەپاساوێکی تر شەنگال و ئەنفال، لەبیردەکەن.

پرۆژە یاسای مافەکانی تاقانەکانی ئەنفال پەسەند کرا

٢٣ی حوزەیران پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای (تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوەکانی کوردستان) پەسەندکرد، کە بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە ماف و ئیمتیازی تاقانەکانی ئەنفال و کیمیاباران زیاتر دەبێت، هاوکات بەپێی یاساکە بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار سەنتەرێکی تایبەتیان بۆدەکرێتەوە.

سالح فەقێ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە ماڵپەڕی خەندانی راگەیاندووە: "لە بڕگەیەکی تری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆ لەبارەی پرۆژە یاسای (تاقانەکانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدکراوەکانی کوردستان) ئەنجامدرا، دوای گفتوگۆی پەرلەمانتاران لەسەر پرۆژە یاساکە بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند کرا".

سەبارەت بە گرنگی ئەو پرۆژە یاسایە بۆ تاقانەکانی کوردستان وتی: "بەگوێرەی ئەو یاسایە تاقەنەکان موچەکانیان نابڕدرێت ئەگەر موچەیەکی تریان هەبێت، لەکاتی کۆچی دوایی– یان بە هەر هۆکارێك بێت وەك شەهید هەژماردەکرێن و موچەکانیان بۆ منداڵەکانیان دەمێنێتەوە.

راشیگەیاند: "هەر بەگوێرەی یاساکە سەنتەرێکی تایبەت بۆ تاقانەکان دەکرێتەوەو سەنتەرەکە هەموو ئەو تاقانانە کۆدەکاتەوە لەرێگایەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەت و دامودەزگانی تر دەکەنەوە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان".

نزیکەی ١٥٠ تاقانە ئەوانەی لە تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکراوەکان لە کوردستان رزگاریان بووە لە ژیانداماون، لەگەڵ ئەوەی پێشتر موچەیەکیان هەبوو، بەڵام بەوتەی پەرلەمانتاران بە پەسەندکردنی ئەو یاسایە ماف و ئیمتیازیان زیاتر دەبێت و ئاوڕی باشتریان لێدەدرێتەوە.

جێی ئاماژەیە سالانێکی زۆرە دۆسێی تاقانەکانی ئەنفال و جینۆساید بەگشتی بووەتە جێگەی سەرنجی گۆڤاری ئەنفالستان و سەرنوسەری گۆڤارەکەو ماڵپەڕی ئەنفالستان جگەلەوەی لەمیانەی رێزلێنانی تاقانەکان توێژینەوەیەکی پێشکەش کرد کە بەرێوەبەرایەتی سەنتەرە رۆشنبیرییەکانی گەرمیان رۆژی ١٧ی نیسانی ٢٠١٣ رێکی خستبوو، سەرنوسەری ئەنفالستان راسپاردەکانی ئەو توێژینەوەیەی رادەستی نوسینگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و نوسینگەی وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان کردووە و لە ماڵپەڕەکانی (سبەی ، دەنگەکان، جینۆساید کورد ، ئەنفالستان) وەك نامەیەکی کراوە لەپەراوێزی هەموارکردنەوەی یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراواندا بڵاوکراوتەوە بەداخەوە گرنگترین خاڵ بۆ سەلامەتی تاقانەکان فەرامۆشکراو پەسەند نەکرا ئەویش دورخستنەوەیان بوو لە چەك وجەنگ .

بەناوی گۆڤارو ماڵپەڕی ئەنفالستانەوە پیرۆزبایی لە تاقانەکانی ئەنفال دەکەین .

سەرۆکی هەرێم یاساکەی پەسندکرد

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان–عیراق پەسندکرد.

تارق جەوهەر راوێژکاری راگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان– عیراق، بە بڕیاری ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچووێنرا.

یاسای ژمارە ٩ لەدانیشتنی ژمارە ١٧ی ئاسایی پەرلەمان لە ٢٣/٦/٢٠١٥ پەسندکرابوو، پاشان بە نووسراوی ژمارە ٤/٣/٣٧٥٢ لە رۆژی ٦/٧/٢٠١٥ ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرا. و لە رۆژی ١٣/٧/٢٠١٥ بە بڕیاری ژمارە ١٤ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە یاسای ژمارە ٩ دەرچووێنرا و بە نووسراوی ژمارە ٥٣٥ لە ٢٧/٧/٢٠١٥ وێنەیەکی یاسای پەسند کراو گەیشتەوە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان.

لە یادی ١٠٠ ساڵەی
بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەجیهاندا
بریندارانو و کەسوکاری قوربانیانی چەکی کیمیایی گردبونەوەیەکیان لەبەردەمی قونسوڵخانەی ئەڵمانیا ئەنجامدا .



٢٢ی نیسانی ٢٠١٥ لە شاری هەولێریش وەک زۆر وڵاتی تر لە یادی ١٠٠ ساڵەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا بریندارانو و کەسوکاری قوربانیانی کیمیاباران لە زۆربەی ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستانەوە لەوانە (هەڵەبجە، بالیسان، شێخ وەسان، گۆپتەپە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان لەئیستادا بە ئامادەکردنی یادداشتنامەیەک کە بە ٧ زمان ئامادە کرابوو، گردبوونەیەکیان لە بەردەم قۆنسولخانەی ئەڵمانیا لەشاری هەولێر ئەنجامدا و لەلایەن قۆنسولی ئەلمانیا پێشوازیان لیکرا.

٢٠١٥/٤/٢٢، ١٠٠ ساڵ بەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی شاری ئیبردا تێدەپەڕێ کە بە ڕۆژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا ناسراوە، هۆکاری بەجیهانی کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لە شاری ئیبری وڵاتی بلجیکا کە ساڵی ١٩١٥، کەچی لەسەدەی رابوردودا هەمان ئەو چەکە قەدەغەکراوە بەشێوەیەکی مەترسیدارترو بەڕێژەی زۆرتر دژ بە گەلی کوردیش لە باشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٨ لە لایەن رژێمی بەعس بەکارهێنراو بەهۆیەوە هەزاران کەس گیانیان لەدەستداو بەهازارانیش بریندار بوون، کەچی ئەم تاوانە هێشتا نەبووەتە پەند و لە دوای سەد ساڵ لەپەلاماری ئیبری وڵاتی بەلجیکاو ٢٨ ساڵ لەدوای تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە لایەن رژێمی بەعسی سوریاو رژێمی ئەسەدەوە جارێکی تر لە دژی هاوڵاتیان بەکاری دەهێنریتەوە!

لە یادی ١٠٠ ساڵەی کیمیاباران لەجیهاندا ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠١٥ بریندارانی چەکی کیمیایی لە کوردستانی باشور لە شاری هەولێر لە هەڵەبجە و شێخ وەسان و بالیسان و گۆپتەپە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان لە ئیستادا بە ئامادەکردنی یادداشتنامەیەک کە بە ٧ زمان ئامادە کرا بوو گردبوونەیەکیان لە بەردەم قۆنسولخانەی ئەڵمانیا ئەنجامدا و لەلایەن قونسولی ئەڵمانیا پێشوازیان لێکرا و یادداشت نامەکەیان پێشکەش کرد و داوایان لە ئەڵمانیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کاری جدی تر لەسەر ئەم بابەتە بکرێت وەک ڕێگری لەبەکارهێنانو گەیاندنی یارمەتی مرۆیی و تەندروستی بۆ بریندارانو و لێکۆڵینەوە لەکاریگەرییە درێژخایەنەکان لە هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو شوێنانەی گازی تێیدا بەکارهاتووە.



یادی ئەنفال و سفرەوخوانی تاقانەیەک!

باوکی سۆز



رۆژی ٤/١٤ لەیادی ٢٧ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا بووین لەگۆڕستانی دێبنە. بەهۆی وێنەگرتن و ئەنجامدانی چەند دیمانەیەک لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، درەنگ کەوتین و هەتا نیوەڕۆ هەر لەدێبنە ماینەوە، دواتر چەند کەسێک هاتنە ناو مەزارەکەوە ئەوانە تاقانەکانی ئەنفال بوون (ئەوانەی هەموو کەسوکاریان لەپەلامارەکانی ئەنفالدا گیراون و هەر خۆیان بەتەنیا ماونەتەوە پێیان دەوترێت تاقانەی ئەنفال) بەرلەچەند رۆژێک بریاری بایکۆت کردنی یادەکەیان دابوو، لەبەرئەوە نەهاتبوون بۆ یادەکە هەرکە مەراسیم کۆتایی هات ئەوانیش گەیشتنە ناو مەزارەکە و دوای خوێندنی فاتیحا بۆ ڕۆحی قوربانییانی ئەنفال، هاتنە لای ئێمە کەئەو کات من قسەم بۆکەناڵی NRT دەکرد. دواتر کاک سەباح نەجمەدینی تاقانەی ئەنفال زۆر خوڵقی کردین و فەرمووی لێکردین، کەدەبێت نیوەڕۆ میوانی ئەوبین سەباح ماڵیان لە گەرەکێکی ناحیەی رزگارییە . ناچاری کردین داواکەی جێبەجێبکەین لەگەڵ چەند کەسێکی تر کەئەوانیش تاقانەی ئەنفال بوون گەیشتینەماڵی سەباحی تاقانە، بەر لەوەی دەستبکەین بەنانخواردن سفرەکەیان چەند جۆرە خواردنێکی سادە و کوردەواری لەسەربوو، خۆشبەختانە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ، سەرسفرەکە گۆشتی تێدانە بوو، وەک بڵیی بێئاگابم لەوەی ئەو رۆژە لەگەرمیان بەتایبەتی ماڵی ئەنفالکراوەکان هیچ سەرناپرن و گۆشت ناخۆن لێمپرسین کەچۆنە سەر سفرەتان بێ چەوری وگوشتە، کاک سەباح وخێزانەکەی بەیەکەوە بواریان بەمن نەدا قسەی تر بکەم و ئەوەی لەزارمدایە تەواوی بکەم، پێکەوە گووتیان ئێمە لە رۆژی ٤/١٤ نە گوشت دەخۆین نە هیچ سەر دەبڕین ! چ وەڵامێکی جوان بوو لەناخەوە قسەکانیان دڵی پڕکردم، ! چونکە زۆرم پێخۆش بوو لەرۆژی ٤/١٤ کە کەسوکاری ئەنفال پابەندن بەگۆشت نەخواردن و سەرنەبڕین.بۆیە زۆر بەگەرمی دەستخۆشیم لێکردن و پێمگوتن ئەوە تەنها پرسیارێک بوو،کە بزانم هۆکاری چییە کە سفرەتان بێ گۆشتە، ئایا بەڕێکەوت بووە ،یاخود بیرۆکەیەک لەپشت ئەو کارەوە هەیە..؟ زۆر سوپاسم کردن ئەوەشم پێگووتن کەمن هیچ جۆرە گۆشتێک ناخۆم نەک لە رۆژلە ٤/١٤ بگرە لەرۆژانی تری ئاساییدا. سەرتان نەیەشێنم لەماڵی ئەو تاقانەیە نانی نیوەڕۆمان خوارد، لەخۆشی ئەو کارەی سەباح نەجمەدینی تاقانەی ئەنفال جارێکی تریش باسی چۆن و چیەتی وگرنگی ئەو پرۆژەیەمان کرد کە ساڵانێک لەمەوبەر عومەر محەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان بۆیەکەمجار ئەو بابەتەی ڕووژاند و پێیگوتین چەند گرنگە هەموو ئەو زیندەوەرو پەلەوەرانەی چارەنووسیان لەژێر دەستی ئێمەدا تەنها ئەگەر بۆیەک رۆژیش ژیانیان پارێزراو بێت و هەر هیچ نەبێ بتوانین لەو رۆژەدا ژیانیان لێوەرنەگرینەوە .دواتر پرسیاریشم کرد زۆربەی تاقانەکانی ئەنفال ئەو پابەندییەیان ماوە و ڕێزی لێدەگرن . لێرەدا کۆتا قسە ئەوەیە چیمان لەدەست دەچێت ئەگەر بۆتەنیا ڕۆژێکیش بێت هاو هەڵوێست و هاو سۆزی ئەو خانەوادانەبین و ڕێز لە هەست و سۆزی ئەوان و هەموو زیندەواران بگرین؟

قەلای نوگرە سەلمان، دۆزەخی ئەنفالکراوان

ئامادەکردنی ئەنفالستان



نوگرە سەلمان، لە گەورەترین گرتووخانەکانی دەوڵەتی عێراقە، ڕووبەرێکی پان و بەرینە لە پارێزگای (سەماوە) قەزای سەلمان کە ١٨٠ کم لەپارێزگای سەماوە دورەو لە بیابانێکی فراوان و بێ بڕانەوەدایە لە نێوان سنوری هەردوو وڵاتی عێراق و سعودیە.

دروستکردنی (گرتووخانە) کە بریتییە لە قەڵایەکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق و بە مەبەستی دوورخستنەوەو دەستبەسەرکردنی نەیارانی دەوڵەت و چالاکانی سیاسی و هەندێک جاریش بۆ تاوانباران بەکارهێنراوە.

لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە هاوشێوەی لە شارەکانی عێراقدا دروستکرا، بەتایبەتی لە دەوروبەری کەرکوک وخانەقی و هەولێر زۆرتر دروستکراوە، بەناو بانگترینیان قەلای قۆرەتووە کە کرابووە کەمپی کاتی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی کورد، هەروەها قەڵای سوسێ کە ئەویش لەسەر وەختی ئەنفالدا کرابووە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی ناوچە جیاجیاکانی ئەنفالی قۆناغی چوارەم، ناوچەی قەڵاسێوکەو سورداش و ئێستاش زیندانی ناوەندی حکومەتی عێراقەو شوێنی زیندانی کردنی تیرۆرستە تووندرەوەکانی قاعیدەو داعشە.

نوگرە سەلمان کە لەپێش هەموویانەوە دروستکراوە، ئەوانەی تر لەسەر هەمان نەخشە کۆپی کراونەتەوە، لە بیابانی عەرعەردا لەساڵی ١٩٨٨ دا کرابووە شوێنی دەستبەسەرکردنی هەزاران کوردی ئەنفالکراوی باشوری کوردستان و گۆرستانی سەدانیان کە لە کەرکوکەوە بەدرێژایی ٧٤٠ کم بەرێگایەکی دورودرێژدا گواستبوویانننەوە بۆ ئەم قەڵایە.

بەوتەی ئەوانەی لەم گرتووخانەیە گەراونەتەوە و کەسانی مەدەنی ئەو ناحیەیە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ڕۆژانە لەژێر ئەشکەنجەی بەرپرس و پاسەوانەکانی گرتووخانەکە و لە برسانو لە تینوێتیدا و زۆر جاریش بە ئەنقەست پاسەوانەکان ژەمە خواردنی ئەنفالکراوانیان ژەهراوی دەکردو بە هۆیەوە دەمردن و دواتر بەعەرەبانەیەک دەبرانە دەرەوەی قەلاکەو لەوێ ژێرلم دەدران.

زۆربەی ئەوانەی لەم گرتووخانەیەدا مردوون و لە هەلومەرجێکی دژواردا ژێر لم دراون و بوون بە خۆراکی سەگە ڕەشەکانی بیابان، هەندێک لەشایەتحاڵەکان دەڵێن کەمترین کاتیان پێدەداین بۆ ناشتنی تەرمەکان، ڕێگە نەدراوە وەک پێویست تەرمەکان بشاردرێنەوە. بەپێی ئامارە نا فەرمییەکانی حزبی بەعس زیاتر لە ٩ هەزار ئەنفالکراو لەم گرتووخانەیەدا بەندکراون، هەروەک ئەنفالکراوەکانی ناو قەڵای سەلمان دەڵێن، زۆرینەی ئەوانەی لە دڵرەقی زیندان و سەربازەکانی دەرباز نەبوون، پیر و منداڵ بوون، قەڵاکە بەجۆرێک بەکارهێنراوە تا ئێستاش لە بیر و خەیاڵی شایەتحاڵەکاندا ماوەتەوە، من دەیان کەسم لە ئەنفالکراون دواندووە چەندین کەسیان کە پاش لێبوردنە گشتییەکە لە گرتووخانەکە دەرباز بوون پێیانگوتووم: لە سەر دیواری گرتووخانەکە نوسراوە"بەخێربێن بۆ دۆزەخ" یان نوسراوە وەیل کە لەڕاستیشدا دۆزەخ بوو. زۆرن شایەتی لەسەرئەوە دەدەن کە چەندین جار بەچاوی خۆیان تەرمی ئەنفالکراوەکانیان بینیوە بە دەمی سەگەکانی ئەو ناوچەیەوە.

بەداخەوە هەلومەرجی عێراق لەدوای ڕوخانی سەدامیش هیندە ئارامی بەخۆیەوە نەدیت هە ئەم قەڵایەو تۆپزاواو ئەوانەی تریش پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس بکرێنە مۆزەخانەو وەک سەرمایەیەکی مێژوویی بەکاربهێنرێت و کەلوپەلەکانی ناوی بپارێزرێت، ئەگەرچی بەهۆی دووری و گرفتی نائارامی ناوچەکەوە بەتایبەتیش لەبەرئەوەی لەخاروووی عێراقدایە کورد نەیتوانیوە دەستی پێبگات تا بتوانرێت بکرێتە ناوەندێکی پاراستنی یادەوەری.

تێبینی: نزیکترین ڕێگەی کەرکوک بۆ سەماوە ٦٩٣ کیلۆمەترە و دورترین ڕێگەی ٧٤٠کم ڕێگایە کە بە ئۆتۆمبیل ٨ کاتژمێرو ٣١ خولەک دەبێت.

سەماوە بۆ بەغداد ٤٠٠ کم ڕێگایە.

یادەوەرییەکی تاڵ، مەرگی کچێکی ئازا


جومعە کانی لەلەیی

٢٦ سال بەرلە ئەمرۆ لە شەوی ١٤-١٩٨٨/٥/١٥ لە قۆناغی چوارەمی شالاوەکانی ئە نفالدا، لەگەڵ کۆمە لێک برادەری گوندی کانی لەلە، لەچەمی خەلیفە بووین؛ نان و خۆراکمان لێ برابوو، بۆیە لەگەڵ کاك (ئەکرەم عومەر) کاتژمێر هەشتی ئەوشەوە چوینە حاوی چەمەڕە شکەو فەردەیەك ئاردمان شك دەبرد ویستمان بۆ چەمی خەلیفەی ببەین، لە نزیك چەمی مامەعەبە لەچەمەڕەشکە دە نگە دەنگێك دەهات، ئێمەش کەلێی نزیك کەوتینەوە، بینیمان دووکەسی گوندی کانی لەلە بەناوەکانی ؛ سەباح ئەحمەد و رەمەزان حەمە خان لەکەنار روبارەکە، بەدیار تەرمی کچێکەوە دانیشتوون ، ئەوکچە لەتەمەنی ١٨ سالێدا بوو، دیار بوو لە ئاوەکەدا خنکابوو، دواتر هەر چوارمان تەرمەکەمان هێناو هەرلەو نزیکە گۆڕێکمان بۆی لێدا ؛ نەمانزانی ئەو کچە هی کوێیە و بۆخنکاوە و لەکوێ خنکاوە؟ تا دواتر زانیمان ئەوکچە خەڵکی گوندی (دارئختیار) ی بناری خاڵخالانە و لە شالاوە کانی ئەنفالی چوارەدا گیرا بوو، دواتر سەربازەکانی رژێم لەحەزیرەکە ی تەق تەقەوە لەگەڵ پێنج کچی تر دەستەبژێریان دەکەن و بۆ فەرماندە سەربازییەکەی قەڵاتە بۆرابواردن و تێر کردنی غە ریزە کانیان دەیانگوازنەوە. ئەوکچەی گوندی دارئختیار ئەوسوکایەتییەی پێ قبووڵ ناکرێ و لە سەر پردەکەی تەق تەقەوە خۆی فرێ دەداتە ناو رووبارەکەوەو دەخنکێ. ئێمە ئەو چوارکەسە، هەرئەوشەوە ئەوکچەمان بە ئامانەت ناشت. تا سالی ٢٠١٢ کەسوکارەکەی لەرێگەی منەوەهاتن و لەگەڵ لیژنەنەیەکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون پێکەوە لە گۆڕەکەی دەرمان هێناو ئینجا رەوانە کرا بۆ پزیشکی دادوەری هەولێر تا پشکنینی بۆ بکرێت ودواتر رادەستی کەسوکارەکەی بکرێتەوە. ئە وکچە ناوی تە واوی (رەمزیە بەکر مستەفا)یە لە دایکبووی سالی ١٩٧٠ خەڵکی گوندی (دارەختیار) بوو بەڵام بەداخەوە تائێستا پزیشکی دادوەری) ئە نجامی ئەو پشکنینەی ئاشکرا نەکردوەو تەرمەکەشی رادە ستی خاوەنەکەی نەکردۆتەوە .

داعش نرخ بۆ کچە دیلەکان دیاری دەکات

دەوڵەتی تیرۆرستی ئیسلامی (داعش) لە بەڵگەنامەیەکدا نرخی ئەو کچ و ژنە ئێزیدی و مەسیحیانە ئاشکرا دەکەن کە رفێنراون و لە بازارەکانیاندا دەفرۆشرێن.

لە بەڵگەنامەیەکدا کە کۆپی لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە، دەستەی (بیت المال) بڕیارێانداوە نرخ لەسەر کەلوپەلی دەستبەسەردا گیراوی جەنگ بدابنێن بۆ فرۆشتن، لەناویاندا ئەو ژن و کچانەش وەك کەلوپەل تەماشاکراون و نرخیان لەسەر داناون. (بیت والمال) داواکارە هەموو کەسێك پابەند بێت پێیەوە، هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەو نرخانە بجوڵێتەوە ئەوا لە سێدارە دەدرێت.

نرخەکان:

ژنێکی پێگەیشتوو، تەمەنی لە نێوان ٣٠-٤٠ سالّ بێت (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی ٧٥ هەزار ە

ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان ٢٠-٣٠ سالّ بێت (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی ١٠٠ هەزار ە.

بۆ منیینەکەی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان ١٠-٢٠ سالّی بێت (ئێزدی و مەسیحی) ١٥٠ هەزار ە.

ژنێکی پێگەیشتووی تەمەن ٤٠-٥٠ سالّ (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی ٥٠ هەزار ە.

منداڵی تەمەن یەك سالّ بۆ نۆ سالّ (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی ٢٠٠ هەزار ە.

لە کۆتاییدا نوسراوە" رێگە نادرێت هیچ کەسێك لە سێ دەستکەوت زیاتر بکرێت جگە لە بیانیەکان ئەوانەش تورك و سوری و کەنداوییەکانن


دولة العراق الإسلامية
لا إله إلا الله
محمد رسول الله
الدولة الإسلامية
العدد/ ١٧٨
التاريخ/ ٢١ ذو الحجة ١٤٣٥هـ
بسم الله الرحمن الرحيم
م/ اسعار بيع الغنائم
ورمنا ان سوق بيع النساء والغنائم قد شهد انخفاضا كبيرا وهو ما يؤثر على
ايرادات الدولة الاسلامية وتمويل صولات المجاهدين فيها.
ولذلك فقد ارتئت هيئة بيت المال وضع الضوابط والأسعار بخصوص بيع النساء
والغنائم وتلزم جميع المزاولين لها العمل بالالتزام بها وبمخالفته سيتم اتخاذ كل
مخالف:
الأسعار التخاصة
٧٥,٠٠٠ الف دينار للمرأة البالغة من العمر ٣٠-٤٠ سنة / ايزيدية / مسيحية
١٠٠,٠٠٠ الف دينار للمرأة البالغة من العمر ٢٠-٣٠ سنة / ايزيدية / مسيحية
١٥٠,٠٠٠ الف دينار للمرأة البالغة من العمر ١٠-٢٠ سنة / ايزيدية / مسيحية
٥٠,٠٠٠ الف دينار للمرأة البالغة من العمر ٤٠-٥٠ سنة / ايزيدية / مسيحية
٢٠٠,٠٠٠ الف دينار لجميع الاطفال من ١ سنة الى ٩ سنة / ايزيدية / مسيحية
لا يسمح لاي شخص بشراء اكثر من ثلاث غنائم ويستثنى من ذلك الاجانب من
الاتراك والسوريين والخليجيين.
٢١ ذو الحجة ١٤٣٥هـ

سەرگوزشتەی ژیانی کوڕی ئەنفالکراوێک



ئامادەکردنی/ مەحمود نامۆ

وریا عەلی لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی گوندی قشلاخ کۆنی سەر بە ناحیەی قەرەحەسەنە، باوکی و برایەکی و زیاتر لە (١٠) کەسی خانەوادەکەی ئەنفالکراون، لە ژیانێکی قورسی بێ باوکیدا گەورەبووەو قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە. لەو دۆخە قورسەدا دایکیان ئازایانە پاڵپشتییان بووەو پاش ئەوەی ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دادگایی کردنی سەدام وعەلی حەسەن مەجید (بکوژانی هاوسەروکوڕ وبراکانی) بەچاوی خۆی بینی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، ئێستا چوار براو خوشکێکی بە جێماوی جینۆساید ماون و چوونەتە ژیانی هاوسەری و خێزانێکی پێنج منداڵیان لێ پێکهاتووە..

چیرۆکی ژیانی وریا لەزمانی خۆیەوە

وریا دەڵێت: چەندین قات وقڕو هەژاری بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە، تاوانەکانی ئەنفال وکیمیاباران و تەعریب و تەبعیس وکۆڕەو وڵە سێدارەدان، من بەهۆی ئەنفالەوە لە سۆزی باوکایەتی بێبەش بووم و بەژیانێکی سەختدا تێپەڕ بووم. هەمیشە لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندندا کارم کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانم، منداڵانی تر لە پشووەکاندا خەریکی سەیران و گەشت کردن بوون، بەڵام من لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتا زانکۆشم تەواوکرد هەر کارمکردووە، بۆئەوەی بتوانین بەسەر بەرزی بژین وسەر بۆ هیچ کەسێک دانەنەوێنین و بەچاوی کەم سەیرنەکرێم و دەستی بەزەییم بۆ درێژ نەکەن. وریا باس لە ئازایەتی دایکی دەکات ودەڵێت: وشەی بێ باوک یاخود نەبوونی باوک کەلێنێکی گەورە دەخاتە ژیانتەوە، بەڵام لە نەبوونی باوکمدا، دایکم توانی ئازایانە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو نەهێڵێت پیویستمان بە هیچ کەسێک ببێت، بەڕاستی پاش کۆچی دایکم ئینجا هەستمان بەبێ باوکی کرد، مەرگی دایکمان دوو بۆشایی و دوو کەلێنی گەورەی خستە ژیانمانەوە، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەرمان هەبوو.

وریا دەڵێت: پاڵنەرە دەروونییەکان جێگەی خۆیان هەیە پاش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر وکارکردنێکی زۆر خوێندنم تەواوکرد، من ئێستا بەسانایی ئەم چیرۆکەتان بۆدەگێڕمەوە، بەڵام لەواقیعدا زۆر ئاستەم وگرانە.

وریا ئێستا لە دوا قۆناغی زانکۆدایەو لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی تاوانی ئەنفالە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا) دەڵێت: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەکەم ئەوەیە کە من لە نەوەی ئەنفالکراوان و قوربانی فیکری بەعس و بریندارێ دەستی دیکتاتۆری شۆڤێنی–م، بۆیە ویستم بەشێک لە برینەکانی خۆم و هاوخەم و منداڵە بێنازەکان سارێژ بکەم، کە بوونەتە قوربانی تاوانی جینۆساید.

هەڵبژاردنی بابەتێک دەربارەی ئەنفال بەشێوەیەکی ئەکادیمی و ئەدەبی بۆ پەردە هەڵماڵینی ئەو تاوانە کە سەدان هەزار کوردی بێتاوانی تێدا زیندەبەچاڵ وگوللە بارانکران، کە تاکو ئێستاش زۆرێک لە نەوەکانیان چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆیان یان ئێسکوپڕوسکەکانیان دەکەن.

بەداخەوە تاکو ئێستاش درک بە هەژاری زمان ودەربڕینی وشەی نەشیاو دەکەم، کەبەرامبەر کەسوکاری ئەنفال و نەوەکانیان بەکاردەهێنرێت، ئەو کەسانەشی کە بەشداربوونە لەم تاوانە ئێستا بە ئازادی دەسوڕینەوەو سنگ دەردەپەڕێنن وەک بڵێی ئەوان ئەنجامدەری تاوانەکە نەبووبن. ئەمانە هۆکاربوون دەست بۆ وەها لێکۆڵینەوەیەک بەرم، پشت بەخوا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیکەم بە کتێبێک بۆ ئەوەی ئەو تاوانەمان بیر نەچێتەوە و دووبارە نەبێتەوە.

وریا دەڵێت: ئەگەر گوێم لێ بگیرێت ئەوەی لە توانامدا بێت دەی کەم بۆئەوەی ئەم بابەتە بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە، تاکو مێژوو ئەو کەسانە بناسێت کە بەشداریان لە جینۆسایدی گەلەکەمدا کردووە، ئەوانەی بەشداربوون تاکۆتایی ژیانیان تامی ئاسوودەی نەچێژن، زۆر گرنگە ئەم بابەتە لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت، بۆئەوەی پاش چەند ساڵێکی تر نەوەی نوێ کە لە ژیاندان بزانن کورد چی غەدرێکی بەرامبەر کراوە، بۆ ئەوەی تاوانبارانی جینۆساید هەتاهەتایە بەشەرمەزاری بمێنننەوە، نەک وەکوئێستا بەبێباکی بژین، هەرکاتێک لە هەرکوێیەکی ئەم دنیایە دەرکەوتن خەڵکی پەنجەیان بۆ دریژبکەن وبە ناپاک وخائینی گەلیان بژمێرن، هەروەها ببێتە پەندوعیبرەت بۆ هەرکەسێک بیەوێت خیانەت لەگەل ونیشتمانەکەی بکات.

نوێترین ئامارەکانی جینۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان ٢٠١٤

ئا: تەها سلێمان

داود مورادخەتاری، وەک سەربازێکی ون، وەک نووسەرو لێکۆڵەرێکی ورد، هەر جارەو بە زانیارییەکی نوێ سەبارەت بە جێنۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان لە سەردەستی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش ساڵی ٢٠١٤ و لێکەوتەو کاریگەرییەکانی تا ئەم ساتەوەختە، ئاگادارمان دەکاتەوە. لە نوێترین راپۆرتی دێکۆمێنتکراویدا، نووسەر هەندێ ئامارو داتای ورد بە زمانی عەرەبی دەخاتە بەردەستمان، ئەمەش ئەو زمانەنەیە کە تاوانی پێدەناسرێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ کارە دێکۆمێنتەرییەکانی داود وەک پێویست نەبوبێتە سەرچاوەی فراوان بۆ میدیای کوردی و ناوچەکەو دەرەوە، بێگومان لە ئایندەیەکی نزیک هەموو قەرداریاری ئەم هەوڵە گرنگ و پڕ بایەخانەی داود دەبن و پەنای بۆ دەبەن.

ئامارەکانی دوو توێی ئەم راپۆرتەی نووسەرو لێکۆڵەر داود مورادخەتاری بەشێکی بەرچاو لە قوربانیەکانی پەلامارو شاڵاوەکانی داعش بۆ سەر شەنگال و ئێزدییەکان لە سەرەتای مانگی ئایی ٢٠١٤ بۆ مانگی نیسانی ٢٠١٥ دەگرێتە خۆ، دوور لە زیادڕۆیی و بە پشت بەستن بە دێکۆمێتەکانی بەردەستی یان ئەو گەشت و بە دواداچونە مەیدانیانەی خۆی ئەنجامی داون، ژمارەو ئاماری قوربانیەکانمان بەم شێوەیە بۆ راست دەکاتەوە.

–ژمارەی تەواوی قوربانیەکان ٤٥٤١ چوار هەزارو پێنج سەدو چل و یەک کەس

– ژمارەی شەهیدەکان ١١٣٧ هەزارو سەدو سی و حەوت کەس

–شارۆچکەی شیمال ١٤٣ سەدو چل و سێ شەهید

–شارۆچکەی جنوب ٩٩٤ نۆسەدو نەوەدو چوارشەهید

–ژمارەی بێسەرو شوێنکراوان ٣٣٢٤ سێهەزارو سێسەدو چواردەکەس

–شارۆچکەی شیمال ١٠١٢ هەزارو دوانزەکەس بێسەرو شوێنکراوی ئافرەت و پیاو

–شارۆچکەی جنوب ٢٣٠٢ دووهەزارو سێسەدو دووکەس بێسەرو شوێنکراوی ئافرەت و پیاو

–ژمارەی گەراوە زیندانی کراوەکان لەلای داعش لەماوەی نێوان مانگی ئابی ٢٠١٤ تا مانگی نیسانی ٢٠١٥ ١٦٢٩ هەزارو شەش سەدو بیست و نۆ کەس، ٣٤٠ سێسەدو چلیان رەگەزی نێرو ٧٦٠ حەود سەدو شەستیان ئافرەت، ٢٦٢ دووسەدو شەست و دوو منداڵ لە رەگەزی نێرو ٢٦٧ دووسەدو شەست و حەوت منداڵ لە رەگەزی مێ.

ژمارەی قوربانیەکانی شارۆچکەی تەل عوزێر، لە تەواوی سنووری کارگێڕیدا، تل عزیز، سیپا، گرزرگ و گوندەکانی دەورو بەری:

–ژمارەی شەهید ٣٧٠ سێسەدوهەفتا، ژمارەی کۆچکردوو ١٨٨ سەدو هەشتاو هەشت، ژمارەی رفێنراو ٦٤٥ شەش سەدو چل و پێنج، ژمارەی ونبوان ٢٢٥ دووسەدو بیست و پێنج، کۆی گشتی ١٤٣٧ هەزارو چوارسەدو سی و حەوت قوربانی، ژمارەی رەگەزی نێر ٧٤٩ حەودسەدو چل و نۆ، ژمارەی رەگەزی مێ ٥٨٨ پێنج سەدو هەشتاو هەشت.

ژمارەی قوربانیەکانی تەل قەسەب، شەهید ١٠٧ سەدو حەوت، کۆچکردوو ٢٩ بیست و نۆ، رفێنراو ٢٦٩ دووسەدو شەست و نۆ، ونبوان ٣٣٩ سێسەدو سی و نۆ، کۆی گشتی: ٧٤٤ حەود سەدو چل و چوارکەس، ٤٩١ بەتەمەن، ٢٥٨ کەس منداڵ.

ئەوانەی لی دوای ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی رۆژی ٢٠١٤/٨/١٥ لە گوندی کۆجۆ گەراونەتەوە، لە رەگەزی نێر ٣٠٣ سێسەدو سێ کەس، لە رەگەزی مێ ٢٧١ دووسەدو هەفتاو یەک کەس، سەرجەمی بێسەرو شوێنکراوان ١٠٢٩ هەزارو بیست و نۆکەس، ژمارەی رەگەزی نێر ٥٢٠ پێنج سەدو بیست کەس، ژمارەی رەگەزی مێ ٥٠٩ پێنج سەدو نۆکەس، ژمارەی سەرجەم خێزانەکان بە پێی کۆبوونی خۆراک ٣٤٤ سێسەدو چل و چوار خێزان، ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە ١٧٣٨ هەزارو حەودسەدو سی و هەشت کەس، ژمارەی ئەوانەی لە رۆژی کۆمەڵکوژییەکە لە ناو گوندەکە بوون ١٢٠٠ هەزارو دووسەد کەس، ژمارەی ژن و کچ و منداڵە رفێنراوەکان لە رۆژی کۆمەڵکوژییەکەوە ٦٩٤ شەش سەدو نەوەدو چوارکەس، ژمارەی ئەوانەی

چارەنوسیان نادیارە ٣٨٥ کەس، ژمارەی ئەوانەی پێش کۆمەڵکوژییەکە دەرچوون ٥٣٨ پێنج سەدو سی و هەشت کەس، ژمارەی ئەو ژن و کچانەی لە ژێردەستی داعش لە سوریاو عێراق گەراونەتەوە ٣٩٠ سێسەدو نەوەد کەس، کە ١٩ی تر لە رەگەزی نێر لە گۆڕە بە کۆمەڵکانەوە دەربازبوون.

ژمارەی ئەو منالانەی تەنیا دەرچوون ٤٢ منال

ژمارەی ئەو خێزانانەی کەسیان دەرنەچوون ٦٣ شەست و سێ خێزان

ئەو خێزانانەی تەنها یەک کەسیان دەرچوە ٤٧ چل و حەوت خێزان

ئەو خێزانانەی بە تەواوی دەربازبوون ٢٥ بیست و پێنج خێزان

سەرچاوە: مالپەڕی بەحزانی نێت، داود مورادخەتاری

ریزلێنان یان گالتەجاری!

هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێت سبەی پەیکەرێکت بۆ دروست بکەن و بۆ پەردەلادانەکەی بانگهێشتت نەکەن، بەراستی ئەم گالتەجارییە لە هەڵەبجە رویدا، سالّی پارپارکێک لە هەڵەبجە بەناوی (کوبرا حەمید پور) ناونرا کوبرا ئەو ژنە بوو کە زمناکۆ هەڵەبجەیی گرتەخۆی و ١٩ سالّ بەخێوی کرد بەلّام کاتێک کەنالێکی تەلەفزیۆن پرسیاری ئەوەی لەسەرۆکی شارەوانی کرد بۆچی ئەو ژنەتان بانگهێشت نەکردووە بۆ ئەوەی ئەم ڕێزلێنانە ببینێت ؟ لە وەڵامدا وتی : بانگهێشتمان کردووە بەلّام خۆی ئامادە نەبووبێت بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا (کوبرا حەمید پور) ١٠ سالّە کۆچی دوایی کردووە! لەوەش ناخۆشتر بۆ مەراسیمی کردنەوەی پارکەکە زمناکۆ بانگهێشت نەکرا بوو، بەڵکو ئەویش بەرێکەوت لە تەلەفزیون ئەم پاداشتەی بۆ دایکی دووەمی بینیبوو؟!

ئەنفال و هۆڵۆکۆست و جیاوازییەکانی کوردو جوو.

کەریمە فالح السفاح: ناوی ئەو ژنەیە کە زەحمەتی زۆری بەتەیمورەوە کێشا، بە قاموسێکی کوردی عەرەبییەوە خەریک بوو فێری زمانی عەرەبی کرد.

کوبرا حەمید پور : ناوی ئەو ژنەیەکە زمناکۆ (عەلی هەلەبجەیی) لە لانەیەکی منداڵان وەرگرت و گەورەی کرد. لێرەدا دور لە دیدی پیاوسالاری پێویستمان بە هەڵوەستەیەک هەیە، لەکۆی هەموو ئەو نوسین و قسەو باسانەی دەربارەی تەیمورو زمناکۆ نوسراون وکراون.. ئەوەی فەرامۆش کراوە رۆڵی ژنانە، ئەوەی ستایشی دەکرێت هەر بنەماڵەو پیاوەکانن، ئەوەی وونە رۆڵی گرنگ و میهرەبانی ئەو ژنانەیە کە زەحمەتێکی زۆریان بە منداڵە ونبووەکانماندەوە کێشاوە، کەچی دەبینین سەروەری و شەهامەت وئازایەتی پیاوان بەرچاوەو ژنان فەرامۆشکراون.

لێرەدا باپرسیارێک بکەین، ئایا پەوایە خەمی تەیمور خەمی زمناکۆمان لە بیربەرێتەوە؟ دەبێت چاکەو ئازایەتی مالّی ئال ئەیشم ئازایەتی یەکێکی تر ون بکات ؟ زۆر باشە کە ڕێز لە مالّی ئال ئەیشم نراوەو دیارییان پێشکەش کراوە، بەلّام هەمان



خاتوو کوبرا حەمید پور لەگەڵ زمناکۆ "عەلی هەڵەبجەیی"

ئەو ژنەی کە زمناکۆی گەورە کرد، شایانی ڕێزلێنانە ئەی بۆچی بۆ ئەویان هەیە و بۆ ئەمیان نییە؟ ئایا ئەمە دووڕوویی ودەبڵ مۆراڵی نییە؟ ئەم کاردانەوانە ئەوەمان پێدەڵێن کە هێشتا بەدکارو بەد ببینین، چونکە دۆسێی ئەم قوربانی گرنگترنیە لەوی تر نە (تەیمور) گرنگترە لە (زمناکۆ)و نە زمناکۆش لەیەکێکی تر؟ بەراست کەس خاتوو کەریمە فالّح وخاتو کوبرا حەمیدپور دەناسێت ؟ ئەی هەق نیە بیانناسین؟

ئەم هەڵسوکەوتانەی کورد بەبەراورد لەگەڵ جولەکەکان دەمانخاتە بەردەم نائومێدی یان بەخۆدا چونەوە؟ لە سەردانیدا بۆ ئیسرائیل . لە لایەن ئەو ٢٢٠ کەسەی کە ئۆسکار شیندلر ڕزگاری کردبوون پێشوازیەکی گەورەی لێکرا، لە دوای ئەو پێشوازییەوە شیندلر ئەوەندە دڵخۆش بوو زۆربەی کاتەکانی لە نێوان ئەڵمانیاو ئیسرائیل بەسەر برد، لە دوای مردنیشی لە شاری هێلدسهامی ئەڵمانی لە تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٧٤ رزگاربوانی هولّوکوست تەرمەکەیان دەرهێناو گواستیانەوە بۆ ئیسرائیل لە گۆرستانی پرۆستاتەکانی ئۆرشەلیم لە قودس ئەسپەردەیان کردەوە. لە ١٩٦٧/٧/١٨ دەزگای یاد فاشم دانی بەوەدانا کە ئوسکار شیندلر یەکێکە لە پشتیوانانی گەلی جولەکە، لە ١٩٩٣/٦/٢٤ جارێکی تر دامەزراوەکە تاکیدی لە بڕیارەکەی کردەوە، هەمان بڕیاری ڕێزلێنانی بۆخێزانەکەشی (خاتوو ئمیلی شیندلر) دەرچوو.

سەدام حوسێن

پاداشت بەسەر بەرپرسانی سوپادا دەبەخشێتەوە لەبەرامبەر تاوانی ئەنفال

عومەر محەمەد

دەوڵەتی عێراق لەکاتێکدا تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدا کە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی سالی ١٩٤٨ی لەرێکەوتی ٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ واژۆکردبوو. کەچی بێئەوەی ڕێز لە واژۆی خۆی بگرێت بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەفسەروسەربازو هێزەکانی سوپای بۆ ریشەکێشکردنی کورد خستبووە جموجۆل ئەو تاوانانە لەکاتێکدابوون کە کوردستان بەشێک بوو لە عێراقو گوندنشینانی کورد هاوڵاتی عێراقی بوونو خەڵکە مەدەنیەکەی هیچ تاوانێکیان نەبوو، تەنانەت هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر بریارومامەڵەی هێزە سیاسیو چەکداریەکانی کوردستانەوەنەبوو، لە هەندێک حاڵەتیشدا جگەلە پەیوەندی ناچاریو زۆرەملێو هاوسۆزییەکی نەتەوەیی هیچ گایەکیان لە گێرەی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە (یەکێتیو پارتی)دا نەدەگەڕاو هاوپەیمانێتی ئەو دوو هێزە لەگەڵ ئێران نە بەپرسو ڕای ئەوان بووەو نە دەسەڵاتیشیان بەسەربریاریاندا دەشکا.

کەچی حزبی بەعس بە جۆرێک پیاوانی خۆی هاندەدا پەلاماری خەڵکی مەدەنی بدەن وەک ئەوەی ئەو هەموو ژنو منداڵەی ئەنفالکران پاسداری ئێرانی بووبن! بەگشتی هەموو ئەو ئەفسەرو موستەشارانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە پەلاماردانی ئەنفالدا هەبووە پاداشتکراونو مەدالیای ئازایەتیان لەلایەن خودی صدام حسینەوە پێبەخشرا، لەم ژمارەیەدا (ئەنفالستان) مشتێک لەخەروواری ئەو ناجوامێریانە بەبەڵگەوە دەخاتە بەردەست کە صدامی تکریتی چۆن مەدالیای بە پیاوانی ملکەچی خۆی بەخشیوەوهانی ئەفسەرانی سوپای داوە بۆ تۆندوتیژی .

بەڵگەکان

نوسراوی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ دیوانی سەرۆکایەتی ژمارە /أ/٥٨١٢/١٨/ ڕێکەوتی ١٠/ ت٢ / ١٩٨٨

بۆ/ دیوانی سەرۆکایەتی

بابەت / پاداشت

ڕەزامەندی بەڕێز سەرۆکایەتی پێشەوای گشتی هێزەچەکدارەکان وەرگیرا خوابیپارێزی لەسەر بەخشینی (نوگ الشجاعه) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان .

– فەریق روکن نعمه فارس حسین جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆڕاهێنان لە فەیلەقی پێنج لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم

– لیوا رکن یونس محمد زەرب پێشەوای فەیلەقی پێنج بە هۆی پێشەوایەتی کردنی لە کاتی پرۆسەکانی ئەنفالی هەشتەمو کۆتایی ئەنفال و (بلغه)

– هەڤاڵ لیوا عەبد سەلمان حەمدی رازگری لقی عموریەی سەربازی (فل/٥) کە ڕۆڵی گرنگو بەرچاوی هەبووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم (کۆتایی ئەنفال)

– عەمید روکن روکن (صباح اسماعیل فەرحان) پێشەوای هێزی ٤٥ کە بەشداربووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم .

تکایە بفەرموون بۆکاری پێویست .

فەریق روکن

عەلائەدین کازم حەماد

نهێنی پارێزی گشتی پێشەوایەتی گشتی هێزە چەکدارە .

١١/١٠

وێنەیەک بۆ /

سەرۆکایەتی کۆمار (ئەلسکرتێر) تکایە بفرەموون بۆ بەدواداچون ... لەگەڵ ڕێزدا .

لەهەمان بەڵگەنامەدا برگەی و – لەلاپەرە (٢)

کەنوسراوێکە لەدیوانی سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی سەرۆک کۆمار کراوە باس لەوە دەکات ئەو ئەفسەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە شەش ئەفسەری پلە بەرزی فەیلەقی یەکو هەشت ئەفسەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری (رازگر– نهێنی پارێز) ئەوانەی پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری هەشتەم و ئەنفالی کۆتایدا بەشداریان کردووە رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەنیوان ٢٨ی ئاب هەتا ٢٣ی ئەیلولی ١٩٨٨ خەڵاتکراون بەبری ٥٠٠٠ پێنج هەزار و بەخشینی کاتژمێرێکی دەستی کە وێنەی بەرێزتانی (صدام حسێن) لەسەرە

ناوەکان بەم شێوەیە ریزبەند کراون :

فەیلەقی یەک :

١. عەمید روکن / عەبدول مەجید عەباس وەهیب – پێشەوا فق مش /٢

٢. عەمید روکن / عەبد عەون نیعمە مەنسور – پێشەوا فق مش /٢٤

٣. عەمید روکن / ئیبراهیم خلیل ئیبراهیم – پێشەوا فق مش /٣٧

٤. عەمید (ق خ) روکن / دورەید مستەفا شاکر – پێشەوا فق مش /٤٠

٥. عەمید روکن / عەلی ئەحمەد محمد صالح – پێشەوا فق مش /٤٦

٦. عەمید روکن / ناسر مەجید تۆفیق – پێشەوا فق مش /٥٠

فەیلەقی پێنج :

٧. لیوا (ق خ) روکن / عیسمەت سابر عومەر – پێشەوا فق مش /٤

٨. عەمید روکن / ئەمیر جاسم حەسۆ – پێشەوا فق مش /٧

٩. عەمید روکن / عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسین – پێشەوا فق مش /٢٩

١٠. لیوا روکن / محەمەد تاهیر تۆفیق – پێشەوا فق مش /٣٥


A100

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

مجلس قيادة الثورة

الرقم /

التاريخ ١٩٨٨

الى / ديوان الرئاسة

الموضوع / شهداء

حضرة رفاقة السيد الرئيس القائد العام للقوات المسلحة حفظه الله

على منح الضباط الدرجة أسماؤهم وعناوينهم أدناه نوط شجاعة لكل منهم .

١. الفريق الركن نعيم فارس حسين معاون رئيس أركان الجيش للتدريب لقيادته الفيلق الخامس أثناء عملية الانفال الاولى .

٢. اللواء الركن يونس محمد الذوب قائد الفيلق الخامس لقيادته الفيلق أثناء عمليات الانفال الثامنة وخاصة الانفال ٤ .

٣. الرفيق اللواء عبد سلمان حمدي أمين سر فرع سوريه العسكري (ق / ٤٥) لتدريبه الحميد في عمليتي الانفال الثامنة وخاصة الانفال .

٤. العميد الركن صباح أسماعيل فرحان قائد قوات / ٤٥ لاشتراكه في عملية الانفال الثامنة .

يرجى التفضل بما يقتضي ... مع التقدير .

صدام حسين التكريتي

عزة الدين كاظم حماد

أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحة

نسخة الى /

رئاسة الجمهورية (السكرتير) / يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

١١. لیوا روکن / حەمید شاکر مەحمود – پێشەوا فق مش /٤١

١٢. لیوا روکن / عەبدولئەمیر عەلوان حسین – پێشەوای هێز/٣٨

١٣. لیوا / ئەیاد شەعبان رەمزی – پێشەوا فق مش /٤٢

١٤. عەمید روکن / قاسم صالح حەسەن – پێشەوای هێزی (جحفل الدفاع الوگنی / ٥)

ز– رێزلێنانی هەڤاڵانی رازگری حزب لەناو سوپادا کە ناویان هاتووە بری (٣٠٠٠) سێ هەزار یان پێ بەخشراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەستی کە وێنەی بەرێزتی لەسەرە .

یەکەم . هەڤاڵ عەمید محمد خەیری محەمەد نهێنی پارێزی پێشەوایەتی (شعبەی شەرحبیلی سەربازی . لە تیپی ٢٩ .

دووهەم. هەڤاڵ عەمید / عەلی لوفتە حسێن – نهێنی پارێزی پێشەوایەتی (شعبە خالد العسکریە) (فق / ٢)

سێیەم. هەڤاڵ عەمید روکن/ عەلی صالح حەمودی ئەلدوری – نهێنی پارێزی پێشەوایەتی (شعبە موسی بن نصیر العسکریە) (فق مش / ٣٥)

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

زۆر نهێنی و کەسی

فەرماندەی کەرتی هەولێر

جموجولّەکان

ژمارە / ٢٧٧/١

ریکەوتی : ١٩٨٦/٨/٣

بۆ یەکەکانی کەرت : ف . ٢٤ د.ر.و

کۆنترۆلّکردنی بۆمبی بایلۆژی و کیمیاوی

نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ زۆر نهێنی وکەسی ٢٨٨ لە ١٩٨٦/٥/١٨ و نوسراوی وەزارەتی بەرگری زۆر نهێنی وکەسی ١٠١٣٥ لە ١٩٨٦/٤/٢٥ گەیەنرایە بەرزترین فەرمانگەی مەشق ١٣٦ لە ١٩٨٦/٥/٢٧ لەسربنەمای ئەو نوسراوە نوسینگەی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا زۆرنهێنی و کەسی ٥٨٠١ لە ١٩٨٦/٦/٢ وە معطوف لەسەر نوسراوی لیژنەی تایبەتمەند کە توانایان هەیە بەسەر ئالّوگۆڕی مادەی بایلۆژی و کیمیاویدا زۆر نهێنی و کەسی ٢٩٢ لە ١٩٨٦/٨/٢٤ .

عەمید زیاء عەبدولوەهاب عزەت.

فەرماندەی کەرتی هەولێر

بسم الله الرحمن الرحيم

سرى للغايه وشخصى

آمر قاطع اربيل

الحركات

العدد / ح١/٢٧٧

التاريخ ١٩٨٦/٨/٣

الى وحدات القاطع : ف ٢٤ د.ر.و

السيطرة على قنابل البايولوجية الكيماوية

كتاب وزارة الداخلية السري للغاية والشخصي ٢٨٨ في ١٩٨٦/٥/١٨ وكتاب وزارة الدفاع السري للغاية والشخصي ١٠١٣٥ في ١٩٨٦/٤/٢٥ المبلغ بأعلاه دائرة التدريب ١٣٦ في ١٩٨٦/٥/٢٧ المثبت على اصل كتاب رئاسة اركان الجيش المكتب الخاص السري للغاية والشخصي ٥٨٠١ في ١٩٨٦/٥/٢٦ المبلغ بكتاب قيادة الفيلق الخاص السري للغاية والشخصي ١٥٣٠ في ١٩٨٦/٦/٢ والمعطوف على كتاب اللجنة المختصة المسيطرة على تداول المواد البايولوجية والكيمائية السري للغاية والشخصي ٢٢ في ١٩٨٦/٦/٢٣ والمبلغ الينا بكتاب قيادة قواة جحفل الدفاع الوطني / ٥ السري للغاية وشخصي ٢٩٢ في ١٩٨٦/٨/٢٤ .

ننسب اجراء جرد نصف سنوي لكافة المواد المسيطر عليها في الوحدات التي تتعامل بها على ان تصلها قوائم الجرد قبل يوم ١٩٨٦/٨/٦ وبالسرعة لطلبها من المراجع واعلامنا .

العميد ضياء عبد الوهاب عزت

آمر قاطع اربيل

هێرشەکانی ئەنفالی چوار لە ١٣ قۆڵەوەکراون



سولتان هاشم ئەحمەد لە رۆژی ٧ی ئایاری سالی ١٩٨٨ بە بروسکەی ژمارە ١٨٠٧ کە بۆ عەلی حسن مەجیدی هەواڵەکردووە رایگەیاند پرۆسەی ئەنفالی چوار کۆتایی هات دەقی بروسکەکە:

(پشتیوان بەخواو وڕەی جەنگاوەرە بەجەرگەکانمان لە رۆلەکانی عێراق کە پێکهاتبوون لە پێشەوایەتی فەیلەقی یەك و یەکەکانی لە پێشەوایەتی هێزەکانی (النصر) بە پێشەوایەتی عەمید رکن خالد ئەحمەد ئیبراهیم، پێشەوایەتی هێزەکانی بەرگری نیشتمانی یەك بە پێشەوایەتی عەمید رکن سەعد شمسەدین و پێشەوایەتی هێزەکانی پارێزگاری نەوت بە پێشەوایەتی عەمید رکن بارق عبدوڵا حاج ئەلحنتە، فەرماندەیی ناوچەیی فەیلەقی یەك بەپێشەوایەتی عەمید رکن عەلا محمد تەها، مەفرەزەکانی تەواری سلێمانی لەجێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی چواردا، ئەو هێرشانەش کۆتاییان هات کە تێکدەرانی تێدابوونو دوای ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالی پێشوو بارەگاکانیان روخێندراو هەلاتبوون بۆ ئەم شوێنانەو لێی کۆببونەوە . کەرتەکانمان لە ١٣ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەریان و تێکدەرانو خیانەتکاران تێکشکێندران لەهەموو ئەم شوێنانە (سورقاوشان، گۆپتەپەو عەسکەر، چەمی ڕەزان، کڵیسەو بۆگد، بۆڵقامیش و گۆمەشین، شیوەجان، گڵناغاج، شێخ بزێنی، تەپەکورە، فەقێ میرزا، سێگرتکان، شەوگێر) و تێکدانی تەواوی گوندەکان لە سنوری ئەنفالی چواردا. بروانە ماڵپەڕی قسوی لدی صدام بەزمانی عەرەبی.

انتهاء عملية الأنفال الرابعة ونصها «بعون الله تعالي وعزيمة المقاتلين من ابناء العراق الغياري

أعلن اللواء الركن سلطان هاشم احمد قائد الفيلق الاول بالبرقية المرقمة ١٨٠٧ بتاريخ ١٩٨٨/٥/٧ المرسلة الي علي حسن المجيد انتهاء عملية الأنفال الرابعة ونصها «بعون الله تعالي وعزيمة المقاتلين من ابناء العراق الغياري، تمكنت قيادة الفيلق الاول والوحدات الملحقة بها من قيادة قوات النصر بقيادة العميد الركن خالد احمد ابراهيم، وقيادة القوات السادسة والاربعين بقيادة العميد الركن علي احمد محمد صالح، وقيادة قوات جحفل الدفاع الوطني ١ بقيادة العميد الركن سعد شمس الدين، وقيادة حماية النفط بقيادة العميد الركن بارق عبدالله الحاج حنطة، آمرية مواقع الفيلق الاول بقيادة العميد الركن علاء محمد طه،ومفارزطوارئ السليمانية من تنفيذ عملية الانفال الرابعة.حيث تمت مهاجمة وجود وتجمعات المخربين التي هربوا اليها بعد تدمير مقراتهم في عمليات الانفال السابقة،وقد تقدمت قطعاتنا باكثر من ١٣ اتجاها وسحقت الخونة في كل من: (سورقاوشان، كوبتبه وعسكر، جمي ريزان، (سورقاوشان، كوبتبه وعسكر، جمي ريزان، كليسه، بوكد، كەورەدي، بولقاميش، كومشين، شيوەجان، كنداغاج، شيخ بزيني، فقي ميرزا، وته به كوره، سي كردكان، وشوكير) وحيث تم قتل عدد منهم والقاء القبض علي اعداد اخري، وتم الاستيلاء علي اعداد كبيرة من الاسلحة والآليات والمعدات والمواد الغذائية، والطبية التي زودهم بها اسيادهم من خارج الحدود، والعمل الجاد لتفتيش الغابات والوديان وتهديم القري في عموم عمليات الانفال الرابعة.. والحمدلله علي نصره انه نعم المولي ونعم النصير».

نووسەرێكو دوو بابەت

مامۆستا عەلی محەمەد وەلی عەلی / خورماتوو



(١)

هەڵەبجە، لە بیرەوەری نووسەرێكدا

لە گەڵ هەڵاتنی خۆر و لە چركە ساتەكانی سەرەتای ڕۆژی ١٦ ئاداری ١٩٨٨ دا لە كاتێكدا كە خەڵكی ئاشتیخوازی هەڵەبجە پێشوازیان لە ڕۆژێكی نوێ دەكرد و بەرەو كارەكانیان دەچوون, خوێنكاران بە دڵێكی خۆش و ڕووپەكی مژدە بەخشەوە ڕووەو خوێندنگا دەچوون و خەونیان بە داهاتوویەكی پرشنگدارەوە دەبینی ومامۆستاكانیش لە پێشوازی ئەوپۆلە چۆلەكە جوانانەدا بوون تا ڕەوشت و زانست و خۆشەویستی نیشتیمانیان فێربكەن و جوتیارانیش بەرەو زەوێ و كێڵگە و ڕەزەكانیان دەچوون تا وانەی خۆشەویستی تازە لە خاكەوە فێربن و فەرمانبەرانیش لە چاوەڕوانی ڕۆژێكی نوێدابوون تا خزمەتی خەڵك و شار بكەن و كاسبكار و خەڵكی بازاڕیش سەرگەرمی بژێوی پەیداكردنبوون و بولبول و باڵندەكانیش شاریان پڕ كردبوو لە ئاوازی ژیان و ئازادی, لەو كاتەدا بوو كوندەپەپوی پیر سەرقاڵی دارشتنی پلانی چۆنێتی لە بار بردنی خەونەكانی ئەو خەڵكە ئاشتیخوازەدا بوو كە چۆن لە ڕەگ و ڕیشەوە لە ناویان ببات. ئەم تاوانبارە لە ماوەیەكی كەمدا فەرمانی بە سەر بێچووە گورگ ئاساكانیدا كرد كە یەكێك لەوانە عەلی كیمیایی نەگریس بوو كە هەڵەبجە گازبارانبكەن ئەم تاوانبارەش بە كۆپتەری پڕ لە ژەهرو گازەوە ڕقی خۆی بەسەر شارەكەدا دابارااندو هیروشیمایەكی تری بۆ مێژوو خوڵقاند ولە چەند خولەكێكدا زیاتر لە پێنج هەزار پەپولەی بە گازی كیمیایی خنكاند و بێ بەزەییانەهەزارانیشی لێ بریندارکردن بێ هەست بە ئازار و مرۆڤبوونی خۆی بكات و هیچ جیاوازیەكی لە نێوان پیر و گەنجدا نەكرد و وای لێ كردن خونچەی خەونەكانیان بۆ هەتاهەتایە نەپشكوێت ونوقمی مەرگی كردن.

ئەو كە نە بڕوای بە خودا و پێغەمبەر هەبوو و نە ڕێزی یاساكانی مرۆڤایەتی دەگرت ڕوحی ئەم كۆمەڵە خەڵكە بێ تاوانە ستەملێكراوەی گەیاندە ئاسمان و دەرگای ئاسمانەكانیان بۆ واڵاكراو لەژێر سێبەری عەرشی خودادا كرنۆشی سوپاسگوزاریان بۆ خودا برد كە پلەی شەهیدیی پێ بەخشین و لەو كرنۆشبردنەدا داویان لە خودا كرد كە تۆڵەیان لە ستەمكاران بۆ بكاتەوە, خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ان ربك لبالمرصاد﴾ هەر بۆیەش پەروەردگار گەورەترین و بە هێزترین هێزی جیهانی بەسەردا زاڵكردن و بە خراپترین شێوە تەفروتونای كردن و تۆزی بردن بە ئاسماندا و بەر نەفرەتی خۆی و موسڵمانان و مێژووی خستن . هەڵەبجەش نازناوی شاری شەهیدانی لە مێژوودا پێ بەخشراو بوو بە دەستە خوشكی هیروشیماوناكازاكی ژاپۆنی . بەم شێوەیەش دڵنیا دەبین كە ستەم و داگیركاری هەرگیز بەردەوام نابێت و هەر ڕۆژێك دێت دەنگی حەق و دادپەروەری سەردەكەوێ و ئاھ و نالەی دایكی شەهیدان و ستەم لێكراوان بگاتە لای باڵاترین دادوەری هەموو جیهانیان و خراپە كارانیش بە سزای خۆیان بگەن.

بۆچی مامۆستا جەلال زیاتر غەمبار بوو لە یادی ئەنفالدا؟

(٢)

جەلال محمد حسین یەکێکە لە مامۆستا نموونەیی وچالاکەکانی قوتابخانەکەمان لە زۆر بواردا، لە چالاکیەکانی قوتابخانەکەماندا لە یادەکانی ئەنفالی ڕەشدا، کە هەڵدەسین بە چەند چالاکییەك، تێبینیم دەکرد کە مامۆستای ناوبراو زۆر زۆر لە هەموومان دڵتەنگتر دەبوو وزیاتر لە هەموان غەمبارتر دەردەکەوت . کە لێم پرسی مامۆستا گیان ئێمە هەموومان دڵتەنگ و غەمبارین لەم یادە ڕەشەدا ، بەڵام وەك دەتبینم تۆ لە سیماتە زیاتر غەمبار و دڵتەنگی ، وەك بڵێ لە ناخدا شتێکی تایبەت هەبێت ئێمە نەیزانین !؟

لە وڵامدا مامۆستا جەلال وتی : بڕینێکی زۆر قوڵ لە دڵمدا هەیە و ساڵانە نوێ دەبێتەوە هەرگیز ساڕێژ نابێت بە تایبەتی لە یادی ئەنفالدا . وتم مامۆستا گیان داوای لێبوردن دەکەم هەرچەند بڕینەکانت نوێ دەکەمەوە بەڵام حەز دەکەم هۆکاری ئەو بڕینە بزانم.مامۆستا جەلال بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە لە وڵامدا وتی : خوشکەکەم و کۆڕپەکانی و ئێتر ڕاوەستا و منیش زۆر غەمباربووم کە بەو حاڵەتە مامۆستام بینی ، جارێکی تر مامۆستا جەلال هاتە ئاخاوتن و وتی : کاتێك ئەنفالکراوەکانی ناوچەی داوودە و بە تایبەتی کاتێك ئافرەت ومندااڵکانیان لە پیاوان جیا کردبووەوە و لە (مرکز شباب) ەکەی خورماتوو دەستیان بە سەردا گیرابوو چەندەها ڕۆژ لە بارودۆخێکی زۆر نارەحتدا بوون و ئێمەی کەسوکاری ئەنفالیش لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین بزانین چییان بە سەردا دێت ، بۆیە لە ڕۆژێکی ڕەشدا لە ساڵی ١٩٨٨ پیاوەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ چەند ئۆتۆمبێلێکیان هێنا بۆ گواستنەوەی ئەو ئافرەت و مندااڵە بەستەزمانانە بۆ تکریت ، لەو کاتەی کە ئافرەتەکانیان بەرەو ئۆتومبێلەکان دەبرد چەند کەسێکی چاو نەترسی شاری خورماتوو زۆر جوامێرانە هەستان بە دەوری خۆیان و ڕوو بە ڕووی پیاوانی ڕژێم بوونەوە و توانیان چەندەها کەس ڕزگار بکەن لە دەستی ئەو جەلادانە ، لەو کاتەدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو . لەو کاتەدا منیش توانیم مندااڵەکانی خوشکەکەم و مندااڵەکانی مامم و خوشکێکی ترم ڕزگار بکەم ، بەڵام زۆر بە داخەوە نەمتوانی خوشکە ئەنفال کراوەکەم ڕزگار بکەم و لە گەڵ ئەوانی تردا کە ناتوانرا ڕزگار بکرێن بێ سەروشوێن کران و ئەو ساتەیم قەت بیرناچی کە بە چاوی خۆم بینیم چۆن ئەو جەلادانە بردنیان و تائێستا وەکو



هەزارەها خەڵکی تر بێ سەروشوێنە، مامۆستا جەلال بە دڵێکی پڕ لە حەسرەت و ئازارەوە وتی : ئیتر چۆن غەمبار نەبم و هەمو ساڵێك کە یادی ئەنفالی ڕەش دەکەینەوە وا هەست ئەکەم ئەو چرکە ساتەیە کە خوشکەکەم و هەمو ئەو خەڵکەیان تێدا ئەنفال کران لە لایەن پیاوانی ڕژێمەوە و بڕینەکانم دەکولێتەوە.

بە ڕاستی ئەمەیە نموونەی مامۆستای ئازا و دڵێری کەسوکار ئەنفالکراو و چۆن لەو ڕۆژە ڕەشەدا ڕووبەڕووی پیاوانی ڕژێم بووەتەوە و توانیوویەتی مندااڵنی خوشکەکەی و چەند مندااڵیکی تر ڕزگاربکات و ئێستا ئەو مندااڵنە هەموویان گەورە بوون ولە ژیاندا ماون و لە چاوەڕوانی کەسوکاریاندا هەناسەی قوڵ هەڵدەکێشن ویەك لەو منااڵنە بە ناوی (ئارام ڕەزا شکور) ە کە لەو کاتەدا تەمەنی چوار ساڵ بووە وئێستا گەنجێکی تەمەن سی ساڵە و خێزاندارە .

هەزارەها سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری خوازی کوردوکوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی ئەنفالی بەدناو ، مردن و شەرمەزاری بۆ ئەنجامدەرانی ئەنفال و دوژمنانی کوردوکوردستان و دوژمنانی خوشی مرۆڤایەتی ، سەربەرزی بۆ دۆستانی ژیان و مرۆڤایەتی و بەردەوام بێت ژیانی ئازادی و سەربەستی.

لەم وێنەی خوارەوە مامۆستا عەلی بەرێوەبەری قوتابخانەی (الامانی) کوران لە خورماتوو و نووسەری بابەتەکە بە چەپکە گوڵێکی سوور وەك هێمایەك بۆ خوێنی شەهیدان خەڵاتی مامۆستا جەلال دەکات لە کاتی یادکردنەوەی ئەنفالی ڕەشدا بۆ ئەو ڕۆڵە جوامێرانەی لە کاتی ڕزگارکردنی ئەنفالکراوەکاندا پێ هەستاوە .

ئەوەی نەدەبوو ڕوبدا رویدا

عومەر محەمەد

لە ١٨ی نیسانی ساڵی ٢٠١١ لە سێهەمین کۆنفرانسی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا و دواتریش لە شارەکانی کەلار و لە سلێمانی زیاد لە سێ جار تویژینەوەیەکەم دەربارەی رزگاربوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال (ئەوانەی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان) ئەنجامدا، بەڵای کەمەوە لە دوو لەو کۆنفرانسانەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و نزیکەی ١٠ پەرلەمانتاری عێراق و کوردستان ئامادە بوون، لە هەرسێکیاندا زۆر بەڕونی پێداگریم کرد لەسەر ئەوەی ئەم کەسانە دەبێت لە چەك دوربخرێنەوەو کارێك بکەن تیایدا سەلامەتی ژیانیان دەستەبەرکرابێت، نابێت چەکیان بەدەستەوە بێت، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە سێ لەو دەربازبوانە لە ریزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشدا دامەزرابوون بەفەرمی کاریان دەکرد. ئەم پێشنیارو راسپاردانە لەبری ئەوەی هەڵوەستەی ئینسانی بەوەزیروپەرلەمانتاران بکات دردۆنگ وتورەی کردبوون .

ئەوەی تیشکم دەخستە سەری و لەسەری دەوەستام، هیچ ئیستفزازو پلار نەبوو لەکاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەڵکو بەئاگاهێنانەوەیان بوو لەو بێئاگاییەی دەرهەق بەئەنفالکراوان ومافەکانیان بوو، مەبەستەکەم ڕون وئاشکرا بوو سرینەوەی روخساری هەرێم بوو، لەو کەمتەرخەمیەی تیایدا دەژیا.

راسپاردەکانی تۆێژینەوەکە ئەمە بوو (**هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر هەریەك لەم مرۆڤانە لەم دەربازبوانە "چەك"یان بەدەستەوە بێ، چونکە لەهەرێمێکدا دەژین پرە لەعەرەب هاوزمانی ئەو ئەفسەرانەی لەکاتی کۆمەڵکوژییەکاندا فەرمانیان بەجەلادەکان دەکردو دەیانگووت "ارمی" بیتەقینە ئەگەر هاتوو عەربێکیان بینی و روخساری لەو جالادانە چوو، دەنگیان هەمان نەغمەی ئەو جەلادانە بوو تاوانی کۆمەڵکوژی هێنایەوە بێریان و لەچرکە ساتێکدا گەرانەوە بۆ دیمەنی کۆمەلکوژی چرکەساتی تاوانەکەو چەکەکەیان لەشانداگرت و تاوانێکیان ئەنجامدا! پێم بڵێن لەو حاڵەتەدا کێ تاوانبارە؟ باشە بۆ حکومەت ئەوەندە کارێکی گرانە لەبری کاری چەکداری پیشەیەکی تریان**



پێبدات؟) لە یەکێك لە سمینارەکاندا ئەمەم دوبارەکردەوە کەچی پەرلەمانتارەکانی یەکێتی لەبری ئەوەی لێوی خۆیان لەو کەمتەرخەمیە بگەزن، تورەبوون و هەرلەناو هۆڵی سیمینارەکەوە تەلەفۆنیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان کرد بوو وەك بڵێی راستی نەوترابێت و ستەمیان لێکرابێ. بۆیە هەر لەوێ ئاگاداریانکردین کەسبەی سەرۆکی پەرلەمان چاوەڕوانتان دەکات ..هەرچەندە ئێمە (دەربازبوان ومن) چوینە لای بەڵام چونەکەشمان هەر بێسود بوو.

بەداخەوە پێشبینیەکەم هاتە دی نەك عەرەب زمانێك بەڵکو دوو کورد زمان و دوو کەسوکاری ئەنفال لەروداوێکی نەخوازراودا کوژران، ئەوەی دەمانتوانی پێشی پێبگرین نەمانکرد.. بە فیشەکێك نەك هەر تاقانەیەکی ئەنفالمان لەدەست چوو، بەڵکو هەرچی سەرمایەی ڕەمزی نەتەوەییە کەوتە بەرهەرەشەوسوکایەتی پێکردن بوو بەقوربانی بێباکی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمە.

وەزیرەکان توانیان گوێ لەزۆر گەمژە بگرن وکارە کرچوکاڵەکانیان جێبەجێ بکەن و سامانی گشتی بەهەدەر بدەن، بەڵام نەیانتوانی بۆیەکجار گوێ لە راسپاردانە بگرن و چەك لە تاقانەکانی ئەنفال ودەربازبووەکانی کۆمەلکوژی ئەنفال بستێننەوە .

جگەلەو تۆێژینەوەیەی بۆ دەربازبووەکانم ئەنجامدابوو بۆ تاقانەکانی ئەنفالیش بەهەمان شیوە : کەراسپاردەکان بەم

شیوەی خوارەوە بوون:

مافەکانیان:

١. تاقانەکانی ئەنفال لەناودام ودەزگاو فەرمانگەکانی حکومەت رێزی تایبەتیان لێبگیرێت و پێشوازی تایبەت بکرێن. ئەویش بە هۆی دروستکردنی پێناسەیەکی تایبەت کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانەوە دوای ساغکردنەوەی کە تاقە دەربازبوی ئەنفالە بۆیان دروست دەکرێت.

دوربخرێنەوە لەکاری چەکداری و هەرکارێکی مەترسیدار، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە زۆر گرنگ وپیرۆزیش بێت بۆنمونە بە بریارێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە پێشمەرگایەتی ودامەزراندنیان لە ریزەکانی پۆلیس و ئاسایشدا قەدەغە بکرێت. ئەگەر لەوێشدا هەبن نەبرێنە بەرەکانی جەنگ وئەرکی کارگێڕییان پێبدرێت.

٣. لەبەرامبەردا کاری تریان پێبدرێت بۆنمونە جوانترە تاقانەیەکی ئەنفال لەبری ئەوەی (پێشمەرگە بێت باخەوانێك بێت) ئەمەش بۆ سەلامەتی ژیانیان ومانەوەی رەچەڵەکی ئەو خانەوادانەیە. (نمونەی ئەم حاڵەتانە لەتاوانی هۆڵۆکۆستدا بەمجۆرە مامەڵەیان لەتەکدا کردون، هەرکەسێك لەخانەوادەیەك تاقە کەسێکی دەربازبوبێت بەدەر لەیاسای باوی هاوسەرگیری دەوڵەت برگەیەکی تری یاساییان بۆ دانابون، بەمەبەستی هاوکاری کردنی ئەو پیاوانە، بۆ ئەوەی هاوسەرگیری دوهەم بکەن ئەمەش بۆ ئەوە بو پارێزگاری لە مانەوەی رەچەڵەکیان بکەن.

ئەرکەکانیان:

تاقەنەکانیش ئەرکی سەرشانیانە رێز لەو ئیمتیازانە بگرن کە کۆمەڵگاو حکومەت و رێکخراوەکان پیان دەبەخشن.

١- نابێت ئەو پێناسەیە بۆ کاری ناشیاو بەکاربهێنن و زیان بەبەرژەوەندی گشتی و ئابرومەندی ماف و ئیمتیازی تاقانەکانی تر بگەیەنن

٢ نابێت بەهۆی ئەوەی زۆرترین کەسیان لەبنەماڵەکانیان لەدەستداوە ئەو هەستەیان لەلا دروست بێت خۆیان لەبەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی و هاوڵاتێتی خۆیان بدزنەوە.

تێبینی:

لە دیدارێکدا بە ئامادەبوونی دەربازبووەکان ئەم راسپاردەیەم بە جێگری سەرۆکی حکومەتیش ووت، بەڵام لەوڵاتێکد کە مرۆڤ لەهەموو شتێك بێبایەخ تر بێت قسە چ بایەخێکی بۆ دەمێنێتەوە.

حەیف بۆ گەرمیان

دەبوو گەرمیان لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ وە ببوایەتە پایتەختی ئاشتی.. ئامێزێکی گەرم بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی لە ڕۆژگاری ئەنفالدا ئازاریان چەشتووەو شکۆیان شکاوە، دەبوو نەک هەر مافی مرۆڤ بەڵکو مافی باڵندەو ئاژەڵان و مافی گوڵ و درختەکان لەگەرمیان لە بەرزترین ئاستیدابوایە، وەلی ئەفسوس گەرمیان نەک هەر بێدەنگە لەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە مرۆڤ و باڵندەو ژینگە دەکرێن، بەڵکو خۆی عەیبدارە بە تیرۆر کردنی کاوە گەرمیانی و عەیبدارە بە بەراوچییەکانی، بە کوشتنی تاقانەکانی ئەنفال لە هەمووی عەیبتر ئەوەیە ئەنفالکراوەکان خۆیان یەکتری بکوژن.. ئەفسوس بۆ ئەو هەموو ناشرینییە .. ئەگەر لاوان و ڕۆشنبیرانی گەرمیان بەخۆ نەکەون لە ئایندەدا گەرمیان دەبێتە وێنەیەکی ناشرین. تکایە فریا بکەون و شکۆو جوانییەکان لە ئامێز بگرنەوە ئەگەر شکۆی مرۆڤ و شەهیدەکان و ئەنفاکراوەکانتان بەلاوە گرنگە.. ڕێز لە ژیان و مرۆڤ و باڵندەو ئاژەڵەکان بگرن.


ئەگەر دەتانەوێ تاقانەکانی ئەنفالتان ڕووسور بن و (حەمە نوری)ەکانتان (ئاسۆ) کانتان پاریزراوبن، ڕێگەمەدەن قوربانیەکانتان ببن بەجەلادو (تەیمور)ەکانتان تاوانبارو ئابروشکاوی مێژوو بن.

ئەتک کردنی ڕۆشنبیر

لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن پێیان گوتم یەکێک لە ڕوناکبیرەکان بەئامان و زەمان قایلمان کردووە هەتا دەقەی بە ١٠٠ دۆلار قسەی دەربارەی ئەنفال بۆکردووین. (٥) دەقە بە٥٠٠ دۆلار قسەی بۆکردبوون! ئەگەر هەتا ئێرە بۆتۆ ئازار بەخشبێت لەوە ئازار بەخشتر ئەوەیە کابرا نە ڕوناکبیرەو نە هیچ لەبارەی ئەنفالەوە دەزانێ.. بەڵکو ئەوە مێگەلی کەڕو کوندە پێی دەڵێن ڕوناکبیر.

ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نییە

کۆچی ئازیزان



سوهەیلە یاسین



ئەرسەلان یاسین

ئەفسوس جوانەمەرگ خاتوو (سوهەیلە یاسین) لە رۆژی ٢٠١٣/١٢/١٠ بەجەلْتەی میشک کۆچی دووایی کرد. مامۆستا سوهەیلە یەکێک بوو لە کۆمەککارە هەمیشەییەکانی گۆڤاری ئەنفالستان و هەمو سالْێک پێش دەرچوونی ناوی ئەو لە لیستی کۆمەککارانی بازیاندا دەگەیشتە سالْنامەی ئەنفالستان. بەداخەوە زۆری نەبرد لەدوای کۆچی ئەو مامۆستا ئەرسەلانی براشی کە لە دەستەی هاوکارانی گۆڤارەکەمان بوو، لە ٢٠١٤/١١/٢٩ مالْئاویی لێکردینو چووە ریزی ئەندامانی شانازی گۆڤارەکەمانەوە.

ئێمە بەناوی ستافی ئەنفالستانو هاوکارانییەوە پرسەو سەرەخۆشی لەخۆمانو هاورێیانو خانەوادەکەیان دەکەین.



بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لەم ژمارەیەدا سەرەخۆشی بۆ خانەوادەی کۆچکردوو سەرچلْ عەبدولکەریم دەنوسین.. کۆچکردوو لەژمارە ٧ی گۆڤاری سالْنامەی ئەنفالستانەوە خوێنەرێکی بەردەوامو هاوکاری ئەم سالْنامەیە بوو ئەفسوس ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٠١٣/٨/٣٠ لەرِوداوێکی هاتووچۆدا لەسەر رِێگای کەلار – دەربەندیخان گیانی لەدەستداو بووە قوربانییەکی تری ریگاوبانی خراپو سەرپێچی یاسای هاتۆچۆ. سەرچلْ عەبدلکەریم ئەفسەری لیوای ٨ی پاسەوانی سنور بوو بەپلەی نەقیب لەو روداوە دلْتەزێنەدا لەگەلْ ٤ کەسی دیکە گیانیان لەدەستدا.



عەلی ستار ئەحمەد لە دایکبووی سالْی ١٩٨٣ ی گوندی چوارشاخە.

بەر لەتاوانی ئەنفال مالْیان گواستوێتیەوە بۆ گوندی توکن. لە نیسانی سالْی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە ماوەی ٦مانگی لە زیندانەکانی تۆپزاواو دوبز دەستبە سەر بووە، دواتر لەگەلْ ئەو ژنو منداڵانە کە لە نێوانیاندا دایکی و ٧خوشکی و ٣ برای تێدا بوون ئازاد کران.

هەر لەپەلاماری ئەنفال باوکی و خوشکێکیشی بەناوی حسیبە گیرانو ئیتر جارێکی تر نەگەرانەوە بۆ نیشتمان.

عەلی ستاری کۆچکردوو لە ٢٠١٣/٧/٣ بە رِوداوی هاتوو چۆ لە گوندی قەوالْی لەگەلْ کۆرپەکەی خۆیدا بەناوی (شادان) کە تەمەنی تەنها شەش مانگ بوو، گیانیان لە دەستدا.

بەناوی ستافی گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری دەکەین.

بەدەم چاوەروانییەوە کۆچی دوایی کرد



محمد حسێن، خەلْکی گوندی توکن لە ریکەوتی ٢٠١٣/١١/٢٢ کۆچی دوایی کرد.

ئەو پیاوە سالاْنێکی زۆری لەچاوەروانی کورو کچە ئەنفالکراوەکانیدا بەسەر برد. لەبەر ئەوەی جگە لە هاوسەرە ئەنفالکراوەکەی باوکی حەوت کورو کچی ئەنفالکراویش بوو.

شایانی باسە گوندی توکن لەپەلاماری ئەنفالی سێیی گەرمیاندا ٣٦٤ کەسیان ئەنفالکراوە.

مالّئاوا هونەرمەندی مەزن

ئێوارەی ٢٩ی ئایاری ٢٠١٣ سینەماکاری کورد تەهای کەریمی بە روداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد.

تەهای کەریمی کوردێکی دانیشتووی شاری بانەی رۆژهەلّاتی کوردستان بوو، دەرچووی کۆلیژی سینەما بوو لە زانکۆی تاران، ماوەی چەندسالێک بوو لە باشوری کوردستان سەرقالّی کاری هونەری بوو، خاوەنی دوو فیلمی گرنگ بوو دەربارەی تاوانی ئەنفال بەداخەوە بەروداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدا.

لەم ژمارەیەدا بەناوی سەرنوسەرو هاوکارانی سالّنامەی ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هونەرمەندی کۆچکردوو تەهای کەریمی رادەگەیەنین.

(گۆڤاری ئەنفالستان)

پرسەو سەرەخۆشی

بە ناوی خۆمانو خانەوادەکانمانەوە نیگەرانی و پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەو کەسوکارو هاوڕێیانی هونەرمەندی سینەماکارو سەرجەم خەلّکی کوردستان ڕادەگەیەنین، لەراستیدا مەرگی ناوەختی هونەرمەند تەهای کەریمی بەر لە هەموو کەس کۆستێکی گەورەیە بۆ ئێمە، چونکە لەماوەی ٢٥ سالّی رابوردوودا هونەرمەند تەهای کەریمی تاکە کەس بووە کە لە بواری سینەمادا هاتووەتە مەیدانو ئاوری لە ئێمەی دەربازبووی کۆمەلّکوژی ئەنفال داوەتەوە راستە مردنی ئەو هونەرمەندە زەرەرێکی گەورەیە لەگەلی کوردوهونەری سینەمای کوردی کەوت، بەلّام زەرەرێکی گەورەش بوو لە ئێمەکەوت.

لەماوەی کارکردنماندا لە (فیلمی هەزارویەک سێو) زیاتر لە رۆلّی سنەما تێگەیشتین وهەرلەو میانەیەشدا زانیمان کە هونەرمەندێکی گەورەوبەئەزمونمان ناسیوە، دلّخۆش بووین بەوەی بەرلەوەی مالّئاوایی یەکجاری لەژیان بکەینودنیا بەجێبهێلین کە جارێک تیایدا برانیە ناگۆڕەوەقەدەر بۆ شایەتی دان لەسەر کۆمەلّکوژی نەتەوەکەمان بەزیندوویی هێشتینیەوە، هەربۆیەش بوینە کارەکتەری فیلمی (هەزارو یەک سێو) هەتا لەرێگەی سەلیقەی هونەرمەند تەهای کەریمیو شارەزایی سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان ولەرێگەی شاشەی سینەماکانی کوردستان وجیهانەوە بەدنیا بلێین ئیمە لە دۆزەخی ئەنفال گەراوینەتەوەو ئێمە دەزانین کورد چ دۆزەخێکی بۆداخرابوو؟. مەخابن خۆشی تەواوبوونی فیلمەکەمان زۆری نەکێشا کە مەرگی برای دەرهێنەر خۆشی لێکردین بەشین بەداخەوەین کە مەرگی ئەو پێش مەرگی ئێمە کەوتو لەرێ و رەسمی ناردنەوەوەو پرسەکەیدا بەشداربووین.

جارێکی تر نیگەرانیو دلّتەنگی خۆمان بۆ هەموولایەک رادەگەیەنینو بەشداری خەمو پرسەی کەسوکارو هاوڕێیانی هونەرمەند تەهای کەریمین.

١.حاجی فەرەج محمدعەزیز..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی رومادی
٢. عوزێر محمد وەهاب (عوزیر)... دەربازبووی کۆمەلّکوژی رومادی
٣. واحید حەمەسەعید عەبدول..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی رومادی
٤. رەمەزان عەلی سلێمان..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی رومادی
٥. هاشم محمد رەشید..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی گوندی کوریّمێ
٦. عەبدلقهار خلیل..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی گوندی کوریّمێ
٧. ئەبابکر عەلی سەعید..... دەربازبووی کۆمەلّکوژی گوندی کوریّمێ
٨. عەبدالکەریم نایف حسن.. دەربازبووی کۆمەلّکوژی گوندی کوریّمێ
٩. صدقی عبدالقادر فتاح... دەربازبووی کۆمەلّکوژی گوندی کوریّمێ



پرسەو سەرەخۆشی گوندی کلێسە

مالّئاوا هونەرمەندی مەزن

بە ناوی خۆمانو خەلّکی گوندی گلێسەوە پرسەو سەرەخۆشی لە لە بەرێز عومەر محمەد گۆڤاری سەرنوسەری ئەنفالستان وکەسوکاری هونەرمەندی سینەماکارتەهای کەریمی دەکەین .

کۆچی دوایی هونەرمەند تەهای کەریمی هەوالێکی گورجك برو کۆستێکی گەورەیە بۆ ئێمە.

١- نجم محمد رەزا
٢- حاکم صالح کلێسەیی
٣- مەلاباقی
٤- عارف کەریم کلیسەیی
٥- مەلا عوسمان
٦- مەلا جەمال کلێسەیی.

هێشتا بریاری ڕێزلێنانیان نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە

عومەر محەمەد

پاش ئەوەی هەردوو دەربازبووی کۆمەڵکوژی ئەنفال (عوزێر و فەرەج) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەردانی کوردستانیان کردەوە، سەنتەری مارگیرێت و گۆڤاری ئەنفالستان پێشوازییەکی ڕێزلێنانی بۆ دەربازبوان سازکرد، بە ئامادە بوونی ١٢٠ کەسایەتی سیاسی و ڕوناکبیرو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە دۆسێی ئەنفال و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و ١٢ پەرلەمانتار لە فراکسیونە جیاوازەکان و کەسایەتی یەکەمی حزبەکان .

لەمیانەی پێشوازییەکەدا توێژینەوەیەکی گرنگی سەرنوسەری ئەنفالستان پێشکەش ئامادە بووان کرا، چوار ساڵ زیاترە ساڵنامەی ئەنفالستانوناوەندی چاك پرۆژەی ڕێزلێنان لە (١٣) کەسی دەربازبووی گۆڕی بە کۆمەڵیان پێشکەش بەوەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان کردووە، لە ژمارە(٨) ئەم ساڵنامەیەدا پرۆژەکەو کورتەیەك لە ژیانو چۆنێتی دەربازبوونیان خراوەتەروو، لە ژمارە (٩) دا جارێکی تر ڕەخنەی ناوەندی چاکو ئەنفالستان ئاراستەی وەزارەتی ناوبراوکراوە، چونکە پرۆژەیەکەیان خستبووە دەست کەسانێکی تروناوەندی چاکو ئەنفالستانیان نادیدە گرتبوو، دواتر نوسینگەی وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان، پەیوەندی کردو لەسەر پرۆژەکە دانیشتنکراو ڕاستی دەرکەوت کە پرۆژەکە هی ناوەندی چاکو ساڵنامەی ئەنفالستانە نەك هی کەسانێکی تر «مامۆستا ئارام» بریاری لێژنەیەکی نوێ بۆ سەرخستنی داو خاتوو عەدالەت عومەر کرایە سەرۆکی لێژنەونوێنەری ناوەندی چاکو سالنامەی ئەنفالستان تیایدا بووە ئەندام بەداخەوە سەرباری ئەوەی هەموو کارەکانی خۆیان لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێکردو وێنەیەکی بۆناوەندی چاك هاتەوە. بەڵام پرۆژەکە بەلاداخراو دیسانەوە جێبەجێنەکرا!

لە کۆنفرانسی سێیەمی ناوەندی چاکدا کەهەم دەربازبووەکانو هەم وەزیری کاروباری شەهیدان ئامادەی بوون، لەمیانەی بەرنامەکانی کۆنفرانسدا پرۆژەکەو نوسراوەکەی وەزارەت بە واژۆی وەزیرەوە بە داتاشۆ پیشانی ئامادەبواندرا کە لەیادی



بیستوپێنجەمین سالیادی تاوانی ئەنفالدا پرۆژەی ڕێزلێنانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکرێ، کەچی ئەفسوس وەزارەت لەکاتی نزیکبوونەوەی یادی ئەنفالدا پێیان ڕاگەیاندین پرۆژەکە جێبەجێ ناکات بێئەوەی هۆکارەکەی ڕونبکەنەوە !! .

پاش پێشوازییەکەی ڕۆژی ٦ی ئایاری ساڵی ٢٠١٣ ی سەنتەری مارگیرێت و ساڵنامەی ئەنفالستان لەسەر داوای خۆیان سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت داوای دیداریان لە دەربازبووەکان کرد، سەرۆکی پەرلەمان نکۆڵی کردلەوەی هیچ پرۆژەیەکی بۆ ڕێزگرتن و بەهەندگرتنی ئەودەربازبوانە بەدەست گەیشتبێ هەمان ڕۆژ جارێکی تر کۆپی ڕەنگاوڕەنگ لەڕێگەی پارلەمانتار سالارمحمودەوە پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان کرایەوە هەرچەندە سەردانەکە لەماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە بەڵام دیسان بێ سودوبەرهەم مایەوە .

ڕۆژی ٨ی ئایار لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران جێگری سەرۆکی حکومەت و بەئامادەبوونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ٧ کەس لە دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ

و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان چاویان بە جێگری سەرۆکی حکومەت کەوت و ئەو خاڵانەخارانە بەردەستی کە پێویستە بۆ ئەم دەربازبوانە بکرێت . پاشئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت بەزارەکی بەڵێنی جێبەجێکردنی زۆربەی داواکارییەکانی پێدان، دواتر بە بریارێکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٠٤٩) لە رۆژی ٢٠١٣/٦/٢٤ دەرچووە کە ئاراستەی هەردوو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی دارایی وئابووری کراوەو کە بری ٦٠٠٠٠٠ شەش سەدهەزار بۆ هەریەکێکیان دیاریکرابوو کە دەبوو لە رێکەوتی ٢٠١٣/٧/١ بە دوومانگ جارێك بۆیان خەرج بکرایە بەڵام هەتا ئێستا ئەو بریارەش هەربەهەڵواسراوی ماوەتەوە! .

پوختەی پرۆژەکە :

١. دۆسێی (١٠) کەسی دەربازبووەی کۆمەڵکوژی ئەنفال لە ٢٠١١/٤/١٤ مەراسیمێکی رێزلێنانیان بۆ سازبکرێتو لەسەرئاستی عێراق، بەمەرسومێکی کۆماری یاخود لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە وسامی شەرەفیان پێببدرێت.

٢. ئێمە ئامادەین بەهاوکاریوهەماهەنگی وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان مەراسیمێکی رێزلێنانیان بۆ سازبکەین، هەتا پێشوازیەکی شایستە بکرێنولەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە وسامی شەرەفیان پێببەخشرێتو بریار بدرێت کە ئەم کەسانە لەقوربانیەوە ببنە هاوڵاتی شکۆمەندی کۆمەڵگای کوردستان .

٣. زەمینە سازی بکرێت بۆئەوەی لەکوردستان بژینو بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە شوێنی نیشتەجێبوونیان هەڵبژێرنو بەموچەیەکی شایستە ژیانیان دابین بکرێت.

٤. ئەوسێ دەربازبووەی تر کە لەدوای دەربازبوونیان شەهیدبون یان جارێکیتر بێسەروشوێنکراونەتەوە خەڵاتو ویسام بدرێتە کەسوکاریان.

٥. سەنتەرێك دابمەزرێندرێیت یان لەیەکێك لە مۆنۆمینتەکانی هەلەبجە، بانماقان، رزگاری بە نۆرە ئامادەبن بۆئەوەی هەر لێکۆلیاریك سود لە گێرانەوەی بەسەرهاتو قسەو باسیان وەربگرێت و سەنتەرەکەش ناوبنرێت مالّی ئازادی .

بەپێی نزیکمان لە دەربازبووانوئەو زانیاریانەی دەست ناوەندوسالّنامەی ئەنفالستان کەوتوون لە سالّی ١٩٩٦– ١٩٩٧ لەلایەن رێکخراوی هیومان رایتسوچەوە (٥) کەسیان براون بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبەر پاراستنیانوسەلامەتی ژیانیان لە تیرۆری بەعس . یەکێکی تریشیان بەهەوڵوکۆششی خۆی گەیشتووەتە وڵاتی سویدو لەوێ نیشتەجێو چوارکەسیان لە کوردستاننو سێ کەسیشیان لەژیاندا نەماون، بەڵام بەداخەوە ئەوان چ لێرەو چ لەوێ لەژێرکاری تاقەت پرۆکێندا رۆژگار بەرێدەکەنو داهاتی رۆژانەشیان نزمە بۆیە پێویستە کەڵك لە ئازادی کوردستان وەربگرن . بەراستی سەیرە !! لەیادی ئەنفالدا حساب بۆ ئەو سومبلانە نەکرێو جێگەوپێگەیان دیارنەبێولەولاشەوە کەسانێکی ناشایستە بانگهێشتی یادەکە بکرێن..!! پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەم دەربازبوانە لەماوەی ٢١ سالّی ئازادی هەست بەوە نەکەن رێزیان لێدەگیرێ چۆن بروا بەو قسەیە بکەین کە دەڵێ کەسوکاری ئەنفالکراوان تاجی سەرمانن؟!


إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
سكرتارية الادارة
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری
No :
Date:
فەرمان
بڕیارماندا منحەیەکی تایبەت بە بڕی (١,٢٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بە دوو مانگ جارێک خەرج بکرێت بۆ ئەم(١٣)بەڕێزەی ناویان لە لیستی هاوپێچ هاتووە، کە رزگاربوانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بە (زنجیرە١.فرج محمد محمود) دەست پێ دەکات و بە (زنجیرە١٣.فتاح عبدالقادر فتاح) کۆتایی دێت (کە سیانیان لە ژیاندا نەماون) لەسەر مەلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ٢٠١٣/٧/١.
عماد احمد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
ڕوونەکەی بۆ:
• وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی/لەگەل لیستی ناوەکان/بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست لەگەل ڕێزدا...
• وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ. بودجە/لەگەل لیستی ناوەکان/ بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست لەگەل ڕێزدا...
• کارگێری.
• دۆسیەی گشتی.
• خولاو.
Kurdistan Region - Erbil
E-mail:

گەشت بۆ خورماتوو بە سۆراخی پاکیزەکانەوە

پاکیزەکان، زۆربەیان ژن و تەمەنیان هەڵکشاوەو دایکی منداڵن

عومەر محەمەد

دوای ئەوەی هەواڵەکانی میدیا جارێکی تر لەسەر دۆسێی هەژدە ئافرەتە ئەنفالکراوەکان گەرم بووەوە، بڕیارمدا بچم سەردانی کەسوکاریان بکەم و لە نزیکەوە دیداریان لەگەڵدا سازبکەم، سەر لە بەیانیەکی زوی ڕۆژی ٢٤ی ئابی ٢٠١٣ بێئەوەی خەبەریان بکەمەوە لە خەودا منداڵەکانم ماچکردوو ماڵئاوایم لە هاوژینم کرد، لە سلێمانیەوە بەرێکەوتم بۆ شاری کفری. ئەگەرچی پێشتریش دیدارم لەگەڵ چەند کەسێکیاندا ساز کردبوو، بەڵام بەڵامەوە گرنگ بوو ئەمجارە بە مەبەستی بەدواداچونێکی ورد هەم بۆ گۆڤاری ئەنفالستان و هەم بۆ نوسینی کتێبێك لەبارەیانەوە سەردانی مەیدانی بکەم و ئەمجارە هەموویان ببینم و دیداریان لەگەڵدا سازبکەم، چونکە ساڵی ٢٠٠٦ پش لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی سەردانمان کردبوون و دیدارمان لەگەڵ کاك عەبدولخالق قادرو مامۆستا یوسف یونس و عەباس نەوجولی و پیاوێکی ترکرد بوو بەناوی ئەحمەد، دواتریش سورەد قەیدی ٦ کەس لەو ژن وکچانەمان لە فەرمانگەی باری کەسێتی سلێمان بەگ دەرهێنابوو هەندێك زانیاریمان چنگ کەوتبوو.

هەر کە گەیشتمە شاری کفری چومە ماڵی کاك عەبدولخالق قادر کە بە هاوڕێ مەحمود ناسراوەو برای عیسمەت قادر عەزیزە کە ناوی لە بەلگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوك دایە، عیسمەت لە دایکبوی سالی ١٩٤٥و تازە عەلقەی دەستگیرانی کردبووە پەنجەی بەڵام ئەنفال نەیهێشت بەدڵخوازی خۆی بگات و ئەنفالکراو دواتریش ناوی لەگەڵ ١٧ کچ وژنی تر لە بەڵگەنامەیەکی مەترسیداردا بڵاوکرایەوە لەوێ لەگەڵ (هاوڕێ محمود) عەبدوالخالق قادر دوای دیدارێکی ڤیدیۆی و پشویەکی کورتخایەن لە کفرییەوە بەرێگایەکی پڕلە تاسەو هەڵبەزودابەزدا بە قرچەی گەرمای ئاب بەرێکەوتین بۆ شاری خورماتوو.

ئەو شارە هەمیشە لە مەترسیدایە بەڵام ڕۆژنامەنوس کەی گوێی بە مەترسیەکانی بەردەمی داوە؟. کاك کامەران محمد جەوهەر لە خورماتوو چاوەڕوانمان بوو، هەر بەگەیشتنمان بێ پشوودان رومانکردە ماڵی نامیق عەبدولا توفیق، ئەو پیاوێکی بالابەرزی قسە خۆش بوو، بەروخساریدا دیاربوو دەتوانم بە کەماڵی ئیسراحەت پرسیاری لێبکەم نامیق عەبدولا جگەلە



خوشك وخوشکەزاکەی برایەکیشی بە ناوی ڕەفیق بە (٩) سەر خێزانەوە ئەنفالکراوەو یەکێك لەو ژنە ئەنفالکراوانەش کە ناوی لەبەلگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە بەناوی خۆراسان عەبدولا توفیق خوشکێتی و خاڵۆی (چیمەن نازم عەباس جەوهەرە) کە ئەویش لەگەڵ دایکیدا بووە و ناوی لە هەمان بەلگەنامەدا هەیە.

لە میانەی گەشتەکەمدا لە گەرانەوەمدا چاوم بە نازم ئیبراهیم عەلی برای قەدریە کەوت کە ناوی لەبەلگەنامەکەدا هاتووە ودیمانەم لەگەڵدا ئەنجامدا لە دیدارەکەدا نازم باسی سەرەداوی گرنگ دەکات کە بەچاوی خۆی بینیوێتی، کەچی سەیرە لیژنەی بەدواداچوون کە بۆ سۆراخیان دروست ببوو، کەکەسوکاری ئەو ژنانەشی تێدا ئەندامن نازم برای یەکێکیانە زانیارییەکانی ئەویشیان بەهەند نەگرتووە!

پەلاماردکانی ئەنفال، لە هەموو قۆناغەکاندا بەناوی دژە یاخی بوونەوەو بە پاساوی بێبنەما ئەنجامدران، بەڵام زۆربەی قوربانیەکان خەڵکانی مەدەنی و گوندنشینی هەژارو بێچەك بوون، دیدار لەگەڵ ئەم هاوڵاتیانە دەتباتە ناودنیایەکی تەواو ئاڵۆزو پڕلە ستەمکارییەوە لە چیرۆکی کۆمەڵکوژی ومەرگ و ماڵوێرانیەوە پەلکێشت دەکات بۆ ناو چیرۆکی نەبیستراوی تراژیدی، بێحورمەتی کردن بە ئینسان.

بێگومان ئەنفال هەر بەتەنها کۆمەڵکوژی نەخستووەتەوە بەڵکو دنیایەك کیشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ کەسوکاریان بەجێهێشتووە. ئەو هەموو ژنو منداڵو گەنجە بێچەکانەی لە گەرمیان گیرانو بە زۆری لە گوندی مللەسورە کۆکرانەوەو دواتر

بێسەروشوێنکران، هەرچی لە دوایان بەجێماوە هەر مەینەتیە، بەدواندنیان دەزانیت کەوا رژێمی بەعس سودێکی زۆری لە سادەیی و دڵسافی ئەوخەڵکە هەژارە بینیوە بۆ سەرخستنی پرۆژە وێرانکارییەکەی هەر چۆنێك بێت لەساڵی ١٩٨٨دا توانی بەوەعدو بەڵێنی هەڵخەلەتێنەرانەی جاشە کوردەکان لە گوندەکانی خۆیان بەبێ سەرئێشە دایانبگرێت و دواتر بە قۆناغ بیانگوازنەوە بۆ قەڵای قۆرەتوو، لەوێشەوە بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمانو هەندێکیش لەوانە بۆ کامپی دوبزو تکریت، کە دواتر سەرجەمیان ئەنفالکران و هەتا ئێستا وا پێشبینی دەکرێ کە زۆرترین ژمارەیان لە دواین پۆلێنکردندا بەرەو گۆری بەکۆمەڵبرابن، یان لەقەڵا نەفرەتیەکەی نوگرە سەلمان، دەستبەسەر کران و هەندێکیشیان لەوێ لەبرسا مردوون.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە بەڵگەیەکی موخابەراتی کەرکوك بە ژمارە (١٦٠١) ی رۆژی ١٩٨٩/١٢/١٠ بلاوکرایەوەو گومان وقسەی تری هێنایە پێشێ کە ئەویش فرۆشتنو دابەشکردنی ژنانو کچانی کوردن لە وڵاتە عەرەبییەکاندا. ئەمەش بە دیاری کراوی کۆمەڵێك خانەوادەی ئەنفالکراوی ناحێی نەوجولی خستە باڕێکی سایکۆلۆژی خراپەوەو میدیای کوردیش نا بەرپرسیارانە هەواڵەکانی لە بارەیانەوە بڵاوەدەکردەوەو کێشەکەی لە دۆزێکی نەتەوەیی وئینسانییەوە بچوککردەوە بۆ موعاناتی خانەوادەکانیان و بە بێدیقەتی و لە بەرچاونەگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت بێ بەدواداچوون هەرچی چنگیان کەوتایە بەباش وخراپ بێئەوەی هەڵوەستە لە دەرئەنجامەکەی بکەن بلاویان دەکردەوە. هەڵبەت لە میانەی ئەو دیدارانەی دواتر دەیانخوێنیتەوە دەزانیت کە راگەیاندنکارو چالاکوانان چەندە بەبێباکیەوە مامەڵەیان لەتەك ئەم دۆسێیەو هەستی کەسوکاری ئەو ئافرەتانەدا کردووە!

نیسانی ١٩٨٨ گەرمیان و ناوچەی ئەنفالی سێ کە تیایدا پەلامارەکانی ئەنفال گەیشتنە لوتکەی توندرەفتاریودڵرەقی، کە لە پێدەشت و جەوەڵەکاندا یان لە گوندەکانیاندا گوندنشینەکان دەگیرانو بە سەیارەی سەربازی ڕەوانەی بنکەکانی کۆکردنەوەو دواتریش ڕەوانەی بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکان دەکران لە کەمپی تۆپزاوا کە ٦٠کم دەکەوێتە خۆرئاوای شاری کەرکوکەوە. لەروی بیۆگرافیشەوە دیمانە لەگەڵکراوەکانی ئەو گەشتە زۆربەیان برای یان خزمێکی زۆر نزیکی یەکێك لەو ژن وکچانەنەیە کە ناویان لە نوسراوی ژمارە ١٦٠١ی بەرواری ١٩٨٩/١٢/١٠ ی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووەو بەزۆریش بە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوك ناودەبرێ هەموو ئەوانەی دیمانەم لەگەڵدا سازکردوون جگەلە ئازاری چاوەڕوانی ساڵانێکی زۆر وکوشتنو بێسەروشوێنکردنی کەسوکارەکانیان لە دوای ڕوخانی رژێمی بەعسەوە ڕووبەڕوی هەلومەرجێکی نەخوازراو بوونەوەو لە باری دەرونیشەوە زۆر قورسکەوت (بەشارەت ئەمین هەمزە) ساڵێك پێش هێرشەکانی ئەنفال دانیشتووی ناحێی نەوجول بووە، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکەیانو بارودۆخی سیاسی ئەوسای کوردستانو سیاسەتە تونددەکانی رژێمی بەعسەوە زەبری گران بەرخانەوادەکەیو خزمەکانیو خەڵکی ناوچەکەیان کەوتووە، خوشکە گەورەکەی بەناوی حەسیبە ئەمین هەمزەو برایەکیشی بەناوی سەفەر ئەمین هەمزە بە خۆیانو منداڵەکانیانەوە ئەنفالکراون، هەرێك لە سەفەرو حەسیبە چیرۆکی جیاوازیان لە ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان هەیە، ئەگەر ئەنفالکراوان بەگشتی باس لەبێسەرو شوێنکردنیان بکرێ ئەوا ئەوان جگە لەوەی ئەنفالکران هاوسەرەکانیشیان چارەنوسی جیاوازیان هەیە، حەسیبە خۆیو دووکچی کە دەبنە خوشکوخوشکەزای بەشارەت، ناویان لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، مێردەکەشی بەناوی حسن عەلی ئەنفالکراوەو ناوی لە بەڵگەنامەیەکی تری موخابەراتدا هاتووە کە ئیعدام کراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارەو هێشتا بە ئاڵۆزی ماوەتەوە ئەوەیە زۆربەی زۆری گەنجەکانی گەرمیان کە ئەنفالکراون بەرەو بیابانەکانی خواروی عێراق وچاڵەکانی مەرگ براون بەڵام ناوی کۆمەڵێك کەسی نەوجول لە بەلگەنامەیەکی موخابەراتدا هاتووە کە لە موسڵ ئیعدام کراون ! ئەوانەش بە زۆری مێردوبراو کەسی ئەو ژنانەن کەناویان لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتداهاتووە کە گوایە فرۆشراون بە وڵاتی میسر !!

دووحەسیبە لە بەڵگەنامەکەدا:

لە بەڵگە نامەکەی موخابەراتدا ناوی دوو حەسیبە هاتووە، هەردوکیان ژنن و هەردوکیان پێکەوە لە خانووەیەکی گوندی وارانیدا ژیاون، حەسیبە هیدایەت هاوسەری سەفەر ئەمین هەمزەیە و براژنی حەسیبە ئەمین هەمزەیە، بێدیقەتی میدیاکارو ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال لەمەر ئەم دۆسێیە مەترسیدارو بگرە کەرامەت شکێنیشە بۆنمونە: حەسیبە ئەمین هەمزە تەمەنی هەڵکشاوە و ناوی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بەڵام عەجایەب ! میدیای کوردی هێشتا بەکچە ئەنفالکراوەکان ناویان دەبات لە کاتێکدا زۆربەیان ژنن و کچ نین، حەسیبە

ئەمین هەمزە خۆی ومێردەکەی و هەموو کچەکانی لەگەڵ تاقانە کورەکەی بە ناوی "بورهان" ئەنفالکراون و هێشتا چارەنوسیان نادیارە، دووکچیشی لەگەڵخۆیدا ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، کەواتە رونە کە ئەم ژنە تەمەنی هەیە، هەروەها حەسیبە هیدایەتیش براژنێتی و هاوسەری سەفەر ئەمین هەمزەیە کە بەهەمان شێوە بۆخۆی ئەنفالکراوە و بێسەروشوێنە ئەو پیاوە ئەنفالکراوەش بە هەمان دەردی حسن عەلی زاوای چووە، حسیبە هیدایەتی هاوسەری ناوی لە هەمان بەڵگەنامەدا هەیە کەوا ناوی حەسیبەی خوشکیشی تێدایەو باس لەوە دەکرێت کە برابن بۆ وڵاتی میسر.

دەرکردنی یاسایەك پێویستە:

لەو گەشتەمدا ئەوەی تێبینیم کرد بریندار بوونی هەستی کەسوکاریانە لە کاتێکدا ئەم چیرۆکانە وێنەیەکی ترسناکی ئەنفال دەرهەق بە کۆی گوندنشینەکانی تر، بە تایبەت ناوچەی نەوجول، بۆیە ناکرێت خۆمانی لێبدزینەوە دەبێت کورد ئازایانە بێتە پێشەوەو بە کردەوە دلنیایی بداتە کەسوکاریان کە ئەو دۆسێیە هێ هەموومانە نەك هی چەند خانەوادەیەك، حکومەتی هەرێم هیچی لەدەست نەهاتایە دەیتوانی یاسایەك دەربکات، بۆ پاراستنی هەست وشکۆی قوربانیەکان ئێستاش پێویستە یاسایەك دەربکات بۆ پاراستنی مافەکانیان لە پێشەوە پاراستنی شکۆوهەستیان یاساکە دەبێت رون وبوێرانە بێت وتیایدا هاتبێت هەرجۆرە بێریزیکردنێك بەو خانەوادانە بێرێزی کردنە بە هەموو ئەنفالکراوان و بەکۆمەڵگەی کوردی و سزای هەر کەسێك دیاری بکات کە بێریزیان پێدەکات.

خۆراسان عەبدوڵا و چیمەن نازم دایك وکچن بەڵام لە بەڵگەنامەکەدا چیمەن تەمەنی لە دایکی گەورەترە. نامیقی برای لەدیدارەکەیدا دەڵێت خۆراسان جگە لەچیمەن چوار منداڵی هەبوون ئەوانیش ئەنفالکراون بەڵام لە ناو بەڵگەنامەکەدا تەنها چیمەنی لەگەڵدایە.

نازم ئیبراهیم دەڵێت قەدریەی خوشکم چوار کورو کچێکی هەبوو بەڵام تەنها کچەکەی سۆراخی هەیە ئەویش ناوی لەبەڵگەنامەکەدایە.

لەناو ئەو ئافرەتانەدا چواریان خوشك‌و خوشکەزاو براژنی بەشارەت ئەمین هەمزەن کە لێرەدا دیمانەی لەگەڵدا سازکراوە، دوانیان خوشك‌و خوشکەزای (نامیق)ن کە ئەویش دیمانەی لەگەڵدا سازکراوە، لە ناویاندا ناوی پیرۆز ئەحمەد زۆر جێگەی تێڕامانە کە لەبەڵگەکەدا نازناوەکەی نوسراوە (گولیلك) لە



کاتێکدا ئەو لە تۆماری فەرمی دەوڵەتداو لە پێناسی باری شارستانیەکەیدا هەر بە پیرۆز ناوی تۆمارکراوە بەڵام لەو بەڵگەنامەیەدا بە گولیلك ناوی هاتووە لەکاتیکدا گولیلك نازناوەو خزم وکەسوکارو خەلکی گوند بەوناوە بانگیان کردووە، خەولە ئەحمەدیش کچی پیرۆزە. لەناو دیمانەکاندا دیمانە لەگەل جەلال ئەحمەدی برای پیرۆز یاخود گولیلك وخاڵۆی خەولە داکراوەو مرۆڤ بەدیقەت بێت دەتوانێ خاڵی گرنگ لەدۆسێکەیاندا بدۆزێتەوە.

سەبارەت بەدۆسێی کچ و ژن و خوشکەکانیان راگەیاندنکارو میدیای کوردی زوڵمی زۆری لێکردوون، سەرباری ئەوەی باسکردن و وروژاندنی پێویستە بەڵام ئەوان هەست دەکەن هەست‌و سۆزو کەرامەتیان لەبەرچاو ناگیرێ و راگەیاندنکارو دەزگاکانیان بە کەیفی خۆیان هەواڵیان لە بارەوە بڵاودەکەنەوە ئەمەش لە دیداری ماموستا کەریم عەباس ونازم ئیبراهیمدا بەروونی دەردەکەوێت. بۆیە ئەرکی میدیاکارە بزانێت ئەوانەی ناویان لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە زۆربەیان ژنی بەتەمەن ودایکی زیاد لە منداڵیکن و بۆ مەلهاو نادی کلاپەکان ناشێن!

هەڵکەندنی جوتیاران لە زێدی راستەقینەی خۆیان، بە هۆی ئەوەی لە کاتی ئەنفالدا ماڵەکەیان روخێندراوە ئەوانەی نەوجولیش بەهەمان دەرد چوون بگرە خراپتریش تەرحیلکراون بۆ کۆمەڵگای بنەسڵاوەی لای هەولێرو ئێستاش بنەیەکیان لە خورماتوەو بنەیەکیان لە بنەسڵاوەی لای هەولێرە بەگشتی تاوانی ئەنفال و راگوێزانیان زیانێکی قورس و تاقەت پروکێن و باریکی سایکۆلۆژی زۆری بۆدروستکردوون کە جیاوازن لە کۆی ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان) کەسوکاری ئەو ژن وکچانە لە حاڵیکی خراپدان زیانی ئێستایان بەگشتی لەباری ئابوری‌و ئەمنی‌و کۆمەلایەتیەوە تا ئەو پەڕی خراپ و نالە بارە لەباری سایکۆلۆژیشەوە خراپن نەحکومەت ونەمیدیاو نە

کۆمەڵگە رەوشی ژیان و چیرۆکەکانیان لە بەرچاوناگرێت.

خورماتوو کە ئێستا هەندێك لەو خانەوادانەی تێدا دەژی بەردەوام لەبەردەم هەرەشەی تیرۆردایە و ڕۆژانە گەنج و منداڵ‌ومرۆڤ دەبنە قوربانی، لە بارەی یاساو داد پەروەریشەوە لەو پەری بێ ئومێدیدا دەژین‌و باوەربەوەناهێنن یاسا بە فریایان بکەوێت‌و لەم دۆخەی ئێستا رزگاریان بکات. ئەوسا کەمن سەردانم کردن حکومەت لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوون پێکهێنابوو، بەشبەحاڵی خۆم وەك ڕۆژ لێم ڕوون بوو ئەو لیژنەیەی کە حکومەت پێکی هێنابوو سەرکەوتوونابێت ئاسودەیش نابەخشێتە دڵی بیماری ئەم خانەوادانە چونکە هەم دۆسێکە زۆر ئاڵۆزبوو هەم دۆسێی تر زەق بەبەرچاوانەوە بوون حکومەت بێباك بوو بەرانبەر مافەکانیان و بەتەواوی پشتگوێی خستبوون دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال زەقترین نمونەی ئەو بێباکییە بوو. دۆسێکە بچوککرابووەوە بۆ ماف و هەستی چەند خانەوادەیەك و لە دۆسێیەکی نەتەوەیی وبگرە نێودەوڵەتییەوە گۆرابوو بۆ دۆسێی ناموس پەرستی ئەم کورتبینیە نەك جێگەی ئومێدنیە بەڵکو ئومێد کوژو کوشندەیە.

من کە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان بووم پێشئەوەی فیلمی نیران صدیقە پەخش بکرێت لە کۆنفرانسی ناوەندی چاکدا دۆسێی کچێکی ئەنفالکراوم بە بەرچاوی ٣٠٠ ئەندامی کۆنفرانس وئەندامانی خانەوادەکەیەوە بە داتاشۆ پیشانی وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراواندا، ئەو کچە کە ئێستا ژنەو لە ناحیێیەکی پارێزگای بەسرایە، هەرگیز لێی نەپرسییەوەو وەك هەر میوانێکی کۆنگرە بێدەنگەی لێکرد، هەتا دۆسێی ئەم هەژدە کەسە هاتەوە پێشێ و هەڵای راگەیاندنی لەسەر دروست بوو دوای گەرانەوەم لە خورماتوو لەواڵاکەی خۆمدا لە ژێر ناونیشانی (منیش کچێکی ئەنفالکراو پێدەزانم) بڵاوکردەوەو ناردم بۆ نوسینگەکەی مامۆستا ئارام، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت هیچی لێ شین نەبوو. بۆیە هیچ گەشبین نەبووم بەهەوڵەکانی لیژنەکەش. **(دەقی نامەکەو هەندێك وردەکاری تر لەپەراوێزی دیدارەکاندا بخوێنەرەوە).**

سێ ساڵ پێش ئێستا هەڵمەتێکی چۆڵکردن لەلایەن خەڵکی خورماتوو لەئارادا بوو خانەوادە کوردەکان موڵك ومااڵیان بە تورکمان و عەرەبەکان دەفرۆشت و ڕویان دەکردە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و کەلارو کفری ئەم دیاردەیە ببووە جێگەی سەرنجی مێدیاکانی جیهانیش ئاژانسی "فرانس پرێس" جەختی کردۆتەوە کە کورد لەدوزخورماتوودا ماڵومواڵکیان بەعەرەب و تورکمان دەفرۆشن و شارۆچکەکە چۆڵ دەکەن.

قایمقامیی شارەکەش بەراشکاوی رایگەیاندبوو (لەبەر نائارامی وبێخزمەتی سەدان خێزانی کورد، شارۆچکەکەیان بەجێهێشتووە) دوزخورماتوو دیارترین ناوچەی کوردەکە بەر سیاسەتی تەعریب کەوتووە و بە هۆیەوە خەڵکێکی زۆری بەرپەلامارەکانی ئەنفال کەوتن وجارێکی تر نەگەرانەوە سەر زێدی خۆیان لەکاتێکدا بە تۆمەتی بەکرێگیراوی ئێرانی خەڵکەکەی دەوروبەری ئەنفالدەکران کە کەوتبووە ناوەراستی عێراقەوەو تەنها (١٨٠) کیلۆمەتر لە بەغدای پایتەختەوە دوورە.

لەوەها دۆخێکدا بوو کەمن سەردانم کردن بەراستی کەشیکی مەترسیدار بوو، بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەین دەبوایە هەرهێندەی چاخواردنەوەیەك لە ماڵی هاوکارمان کامەران محەمەد جەوهەر بەندببین، کەچی بۆ ئەو کەمە دانیشتنە یان دەبوو ئۆتۆمبیلەکەمان بەرینە حەوشە یان دەبوو یەکێك بەدیارییەوە بووەستێ هەتا چایەکەمان دەخۆینەوە! لە کەشێکی ئاوادابوو دەبوو من دیدارەکانم لەگەڵ کەسوکاری پاکیزەکاندا ئەنجامدابا، هەلبەتە نامەوێت باسی پرکێشی خۆم بکەم بەڵکو دەمەوێت وێنەیەك لە ژیان ومەینەتیەکانی ئەوان پیشانبدەم، ئەوە سەرباری گرانی بژێوی ژیان وفەرامۆشکردنیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لەوەش خراپتر کە ئەوان لە ڕوی کارگێرییەوە سەر بەپارێزگای تکریت زێدی سەدام حوسێنی دکتاتۆرن.

ئەوان بەگشتی ئەمجارە دڵخۆش بوون بەوەی لیژنەکە ئەنجامێکی باشی دەبێت جگەلە نازم ئیبراهیم هەموویان گەشبین بوون، بەڵام من هیچ گومانم نەبوو لەوەی لیژنەکە بەدەستی بەتاڵ و بێئەنجام دەردەچێت چونکە، لە هەرێمی کوردستان ئەو قسەیە باوە کە دەڵێت حکومەت ئەگەر نەیوسیت کارێك بکات لیژنەی بۆ پێکدەهێنێت، هەم من وەك چاودێرێك دەمزانی لیژنەکە نەك بەدواداچوون ناکەن بگرە هیندە بەدیقەتەوە سەیری دۆکۆمێنتەکەش ناکەن، باوەرناکەم هیچ یەکێك لە ئەندامانی لیژنە ١٠ دەقیقە لەو دۆکۆمێنتە ورد بووبنەوەو سۆراخێکیان لەبارەی ڕاستی ودروستی مۆرەکەیەوە کردبێت. دواتر بەدرێژی لە دەرئەنجامی لیژنەکەو ڕاگەیاندنەکەیان دەدوێین.


دیدار لەگەڵ کەسوکاری پاکیزەکان








• نامق عەبدولا توفیق برای خۆراسان



• جەلال ئەحمەد ئیبراهیم برای گولیلك



• بەشارەت ئەمین هەمزە برای حەسیبە



• نازم ابراهیم عەلی برای قەدریە



• حەسەن مەولا مامی کوێستان عەباس



• مامۆستا کەریم عەباس



• مامۆستا کەریم عەباس



• عبدالخالق قادر عزیز
برای عیسمەت

نامق عەبدوڵا توفیق

من لەماڵ نەبووم، کە هاتمەوە ووتیان مژدە بەڵگەنامەیەکی وا بلاوکراوەتەوە یژێ کەنیشکەکانمان ماون، وان لە میسر. ئەوان دڵیانخۆش بوو، وەك مژدە ووتیان، بەراستی زۆر سەغڵەت بووم، ووتم هەرباسی مەکەن، مەگەر قسەیەکی زۆر خۆشە؟.

ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٢٣.

کات سێی پاشنیوەڕۆ

شوێن :.خورماتووماڵی نامیق عەبدوڵا

ناحێی نەوجول – گوندی وارانی مێژوو دیمۆگرافی ناوچەکە. نیسانی ١٩٨٨ (نامیق عەبدولا توفیق هەتا ساڵی ١٩٨٧ دانیشتووی ناحێی نەوجول بووەو بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکەیان‌و بارودۆخی سیاسی ئەوسای کوردستان‌و سیاسەتەکانی بەعسەوە زەبری گران بەر خانەوادەکەی‌و خزمەکانی‌و خەڵکی ناوچەکەیان کەوتووە، لەخانەوادەکەیاندا هەم براکەی‌و هەم خوشکەکەی بەناوەکانی ڕەفیق عەبدوڵاو خۆراسان عەبدوڵا خۆیان‌و منداڵەکانیان ئەنفالکراون، خانەوادەکەی ئەمانیش چیرۆکی جیاوازیان لە ئەنفالکراوەکانی تری کوردستان هەیە.

خۆراسان خۆی‌و کچێکی کە دەبنە خوشك‌و خوشکەزای نامیق، ئەوان ناویان لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، براکەشیان ناوی لەبەڵگەنامەیەکی تری موخابەراتدا هاتووە کە ئیعدام کراون.

هەرکە گەیشتینە خورماتوو، لامانداید ماڵی کامەران محەمەد جەوهەر دوای پشوێکی کورتخایەن لەماڵ دەرچووین بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان بەناو ترسی تەقینەوەدا گوزەرمانکردە ناو گەرەکی وەك دەیانگوت تەنها لەم گەرەکەدا ترسمان هەیە ئەوانی تر بێترسن، هەرچەندە سەری هەموو کۆڵانەکانی ئەو گەرەکە بە دیواری کۆنکریتی ئەستور بۆ ئاسایشی خەڵکەکەی بەستراببوون، یەکەمین کەس کەچاومان پێی کەوت بەنیازی دیمانەلەگەڵ کردنی نامیق عەبدوڵا توفیق بوو، کە چوینە ماڵیان بەرویەکی خۆش‌و نەجابەتەوە پێشوازی لێکردین. ئەوکاتەی چوینە ماڵیان بەجلێکی ئاوادامانی عەرەبییەوە بەرچاوکەوت، بەڵام بۆکاتی دیدارەکە جل‌وبەرگە کوردیەکەی پۆشی‌و لەبەرامبەر کامێراکە دانیشت‌و بەهەمان ڕوخۆشیەکەی



پێشوویەوە وتی: ئینجا فەرموو پرسیاربکەو منیش هام لەخزمەتدا.

با لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین؟

ناوم نامیق عەبدوڵای توفیقە، لە دایکبوی ١٩٥٣ م خەڵکی نەوجول سەربە قەزای خورماتوو.

نەوجول چەند ماڵ بوون؟

نزیکەی ١٥٠ ماڵ دەبوون‌و پێش ڕوخاندنیش زۆر زیادی کردبوو نزیکەی ٢٠٠ ماڵ دەبوون.

نەوجول چەندە لە خورماتووەوە دورە؟

نزیکەی ٣٠ کم دورە.

بەچیەوە سەرقاڵ بوون؟ بەچی ژیان‌و گوزەرانتان بەڕێوە دەبرد.

بە کشتوکاڵ‌و مەرداری‌و موەزەف‌و عەمەلەو عەسکەر ئیتر هەریەکەو بەشتێکەوە سەرقاڵ بوون.

پێدەچێ نەوجول هەمووتان خزمی یەکتری بوون؟

بەڵی گشتی خزم یەکتری بووین.

چەند کەس لەخانەوادەکی تۆ ئەنفالکراوە؟

زۆربەی نەوجول خزمین وە نزیکەی (١٣٢) کەس ئەنفالکراوە لەگوندەکەماندا.

باشە بائێستا بڵێن هەموو خزمە نزیکەکانت چەند کەس ئەنفالکراوە؟

دەوری بیست کەس.

ئەی مالّی خۆتان؟

لەمالّی خۆماندا براکەم بە خێزانەکەیەوە نۆ کەسن خوشکەکەم بە مالّ و منالّەوە شەش کەسیان ئەنفال کراوە.

براکەت ناوی چی بوو؟

(رەفیق عەبدالله) و هاوسەرەکەی (له علیه عباس).

ناوی منداڵەکانیت بیرماوە؟

بەڵێ کورە گەورەکەی (نەوزاد)ی ناوبوو، وەکچە گەورەکەی (مەلیحە) وە منالّەکانی تر (شێرزاد و سەبیحە و کاوە و دلێر و دلّشاد) وە دواین منداڵی دەوری سالّێك بوو.

ئەتوانی ناوی خوشکەکەتمان پێبڵێیت؟

بەڵێ ناوی (خۆراسان عبدالله تۆفیق) و هاوسەرەکەی (نازم عباس جەوهەر) وە چوار منداڵیان هەبوو کە (چیمەن) یەکێکە لەو هەژدە کچەی ولّاتی میسر وەمنداڵەکانی تر بەناوەکانی (ئیلهام و ئارام و بەختیار).

ئیلهام ناوی لەگەڵ ئەو هەژدە کچ وژنەدایە؟

نەخێر تەنها چیمەن و خۆراسانی دایکی ناویان هەیە.

دوای ئەوەی کەسوکارەکانتان ئەنفالکرا تۆ هەر لە دووزخورماتوو دانیشتیت؟

بەڵێ من هەر لە دووز خورماتوو بوم بەڵام من هیچ هەواڵێکیانم نەدەزانی ولێرە چاوەرێ بووم وەختێکمان زانی ئەوان برابوون بۆ (قۆرەتوو).

واتا بردویانن بۆ ئەوێ؟

بەڵێ، بەڵام خوشکەکەم (خۆراسان) نا ئەو لێرە گیرا چەند محاوەلەم کرد بۆئەوەی بەریاندەم و ناسیاوێکمی لێبوو وتی وەرەبیبەرەوە، بەڵام کە چووم بۆلای و قسەم لەگەڵدا کرد خۆراسان وتی ناتوانم منالّەکان بەجێبێڵم، بەڵام خەڵك هەبووە خوشکی خۆی دەرکردوە.ئەوکەسەی کە خوشکەکەی خۆی دەرکردوە کێ بوو؟

ناوی (مستەفا مەجید) بوو وە خوشکەکەی ناوی(ئەمیرە سابیر)بوو.

واتا ئەمیرە لەگەڵ خوشکەکەی تۆدا بوو لەمەرکەزەکە؟

بەڵێ.

کەواتە تۆ بە(خۆراسان)ت ووت وەرە بادەرتبکەم بەڵام خۆی نەهات؟

بەڵێ خۆی رازی نەبوو کە منالّەکان و خزمەکانی بەجێ بهێڵێ وە ئەوانیش نەیان دەزانی کەوایان لێدێت، کورێکی لێبوو کە مەفرەزە بوو ئەو مەجالیشی دام بەڵام نەهات.

مەبەستت لەمەفرەزە چیە؟

فەرماندەی مەفرەزەی جاش بوو ئەوسا لە مەرکەزکە بوون.

کێ بوو ئەو کورە؟

ناوی (تاهیر عزیز رەزا ئاغا) بوو.

واتا ئەو ئامادەبوو هاوکاریت بکات؟

بەڵێ هەتا (محمد فرەج) بە (محمد حەکیم)ی وت چی لەو خەڵکە دەکەن ئەو ووتی وەڵا کەسیان دەرناچن.

ئەوکاتەی لەمەرکەزەکە بوون زاواکەت (نازم) یان لەگەڵ بوو؟

نەخێر زاواکەم بریندار بوو بردبویان بۆ نەخۆشخانە، چووم بۆلایان چوارکەس بووین وە شتمان بۆبردبوون بەڵام نەیانهێشت تەنها تۆزێك ماستمان دانێ کە بەکەوچك خواردیان وە نەیان هێشت لە نەخۆشخانەکەدا دەریان بکەین دوای ئەوانیشیان برد.

باشە ئەوکەسانەی کەلە دووبز یان لەنوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە باس لەوەناکەن کەس (خۆراسان)ی بینیبێت؟

نەخێر هیچ کەس باس ناکات بینیبێتیان ئەو کەلێرە بردیان ئیتر نەمان زانی بۆکوێیان بردووە.

ئەو فەرماندە عەسکەریەی کە لێرەوە بردبویانن دوایی نەزانرا کە کێبوو؟

سەیارەی خەڵکیان لەگەڵبووە، هەتا سایەقێك هەیە (جەبار)ی ناوە کە یارمەتی خەڵکی داوە دەرباز بووە.

پێتوایە نزیکەی چەندکەس دەرباز بوون؟

وەڵا زۆر لەوانەیە سەد بۆ سەدوپەنجا کەس بن.

تۆ تاچەند چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو ئەنفالکراوانە بویت؟

بەڕاستی ئێمە تا ٢٠٠٣ بەتامایان بووین، بەڵام لەدوای ئەوە نەوەڵا هیچ بەتەمایان نەماین.

بۆچی لەوکاتەوە بەتەمایان نەماون؟

چونکە لەوکاتەدا ئەگەر بمانایا دوای ڕوخانی رژێم دەردەکەوتن، ئەگەر لە سجنێ یان لە شوێنێك بونایە ئەبوایە دەرکەوتنایە، دایکم تا مابوو بەتەمایان بوو زۆر لەشت ومەك وکەلوپەلەکانیانی لەلای خۆی هەڵگرتبوو هەر دەیگووت دێنەوە.

خۆراسان چەند منداڵی هەبوو؟

چواری هەبوو.

ناوەکانیان چی بوو؟

ئیلهام بوو، چیمەن و ئارام و بەختیار دوو کورو دوکچ.

ئیلهام ناوی لەبەڵگەنامەکەدا نیە؟

نەخێر چیمەن ناوی لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتدایە.

کەواتە خانەوادەکەی خوشکەکەت و براکەت هیچکامیان دەرنەچوون هەموویان ئەنفالکران و نەبینرانەوە؟

بەڵێ هەموویان ئەنفالکراون کەسیان نەماون.

خۆراسان تەمەنی چەند بوو؟

موالیدی ١٩٥٥ بوو.

بەڵام لە بەڵگەنامەکەدا تەمەنی بە (٢٠)ساڵ نوسراوە؟

ئەی بڵێم چی؟

ئەی چیمەن تەمەنی چەند بوو؟

چیمەن تەمەنی وەلا هەراش بوو وابزانم ١٩٧٧ بوو

ئەویش لەبەڵگەنامەکەدا تەمەنی بە (٢٢) ساڵ نوسراوە کەواتە ئەوەش جێگەی پرسیارە.

بەڵێ.

دوای ئەوەی بەڵگەنامەکە لەساڵی ٢٠٠٣ دەرچوو، هەستت چۆن بوو؟

من لەماڵ نەبووم لەدەشت بووم، کە هاتمەوە ووتیان مژدە بەڵگەنامەیەکی وا بلاوکراوەتەوە یژێ ئەو کەنیشکانەمان ماون وان لەمیسرن. ئەوان وەک مژدەیەک ووتیان دڵیانخۆش بوو من راستی زۆر سەغڵەت بووم ووتم هەرباسی مەکەن، مەگەر قسەیەکی زۆر خۆشیان بۆتان کردووە؟! راستی زۆر لەگیانم ناخۆش بوو، ووتم هەرباسی مەکەن.

بۆچی هەستت وابوو؟

ئەی برا بێژم چی هیچ هەیە لەوە ناخۆشتر؟

پێشئەوەی ئەو نوسراوە وەک بەڵگەیەک بکەوێتە دەست ئێوە هیچتان لەوبارەیەوە بیستبوو کە ئافرەت کورد فرۆشرابێ بەوڵاتان یان لەناوخۆی عێراق دابەشکرابنە سەر عەشیرەتە عەرەبەکان؟ هەتا ئەو هەواڵەت لەلا ناخۆش بێت؟

وەک بیستن ئەمان بیست، کە ژنە پیرەکان لە نوگرەسەلمان دەهاتنەوە لەکەلار کەسێک شتێکی وای گووت ووتی: بەخوا یەک ئافرەتی جوانمان نایەتەوە گشتیان فرۆشراون، راستی پێشتریش من دڵم دەیگووت: ئافرەتمان ماوە.

تۆ ئەوپیاوەت ئەناسی کەوای گووت؟

ناوەڵا ناینناسم بەڵام قسەکەم لەلا ناخۆش بوو؟

ببورە کاک نامیق دەمەوێ بەڕوونی بزانم بۆچی لە گیانت ناخۆش بوو، مەگەر پێت ناخۆش بوو بمێنن؟

وەک مەسەلەیەکی شەخصی ناخۆش بوو، ئەگینا ئەوە شتێکی گشتیە بۆهەموو کورد وەرە حکومەتەکە ئەوەندە زاڵم بێت میللەتەکەی خۆی بەو دەردەبەرێ چەندە ناخۆشە. ئەگەر بەپارە بێت یان هەروا دابەشی سەروڵاتانی عەرەبی کردبن. ئەوە لەگیانمدا گران بوو، میللەتیک تەعدای ئاوای لێبکرێت ئەوەنەبێ من بەشتێکی شەخصی وەری بگرم، ئەگینا حسابکە ١٥ کەسیان خزم خۆمن، یەکیان خوشکی کاک عەبدولخالقەو چواریان خوشک و خوشکەزاو براژنی کاک بەشارەتن، دوانیان خوشک و خوشکەزای منن. ئێمەش کەوتینە خۆو چوینە سلێمانی و چوینە هەولێر بۆلای وەزیری شەهیدان ئەوکات چنار سەعد بوو، ئەوان ووتیان شتێکی ناخۆشە بەڵام ئەوە درۆیەو شتی وانیە.

چنار سەعیدیش وەزیری شەهیدان ووتی: درۆیە؟

بەڵی ئەویش ووتی درۆیە شتی وانیەو هەر ووتنە. بەعەقڵداناچێ.

خۆتان هیچ گومانتان هەیە لەسەر بەڵگەنامەکە؟

بڵێم چی سەیری ناوەکان دەکەین تەواوە گشتی خوشک و خوشکەزاکانی ئێمەن تەنها سێ کەسیان نەبێ کە نایانناسین ئەوانەی تر تەواون بۆیە بروا دەکەین ئێستا ئینسان عەسکەریش بێت کە خزمی یەکتری بوون هەر پێکەوە خردەبنەوەو دەچنە لای یەکتری. بۆیە دەڵێم راستە.

ئێوە هیچ دەربارەی ئەوسێ کەسەی تر هیچ نازانن؟

هیچیان لەبارەوە نازانین کاک کامەرانیش هەر هەوڵدەدا کەس نازانێ ئەوسێ کەسە نازانین کێن و خەڵکی کوێن.

دوای ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٦ چونە لای چنار سەعیدو ئاوا قسەی بۆکردن ئیتر ئێوەچیتان کرد؟

وتی ئیشاالله هەوڵتان بۆدەدەم، ڕۆژێکی تر ئێمە لەقەڵاچوالان بووین، من بۆخۆم عەریزەیەکم دا بە کاک مەسعود، ئتر دوای ئەوە کەسێک بەناوی نەجات حەسەن تەلەفۆنێکی بۆکردم ووتی عەریزەکەت گەیشتووەتە کاک مسعودو ئینشاالله بەم زوانە جوابتان دەدەینەوە کارتان بۆدەکات، ئیتر هەر ئەو تەلەفۆنە بوو نەتیجە هەرئەوە بوو، دەنگیان نەما.

گەیشتنە چ ئەنجامێك؟

هەر ئەو تەلەفۆنە بوو.

ئێستا جارێكی تر كەباسەكەیان هاتەوە پێشێ؟

ئەمجارە لەو فیلمەدا باسەكەیان سەری هەڵدایەوەو تازەوە بوو.

بۆئێوە مایەی ناخۆشی بوو یان خۆشی؟

ئێمە هەموومان وەك كوردیش لەگیانمان ناخۆش بوو.

ئاخر چیتان پێناخۆش بوو؟

فیلمەكەمان پێناخۆش بوو، خەڵك هەیە هیچ خەمی نیەو هەریەكەو بەجۆرێك دەیگێڕێتەوە ئەوە ناخۆشە ئێمە دەسەڵاتمان نیە.

تاچەند فیلمەكە بەبەڵگە دەزانی یان تاچەند وەك خەیاڵی سیناریۆ نوسێك دەیبینی؟

راستی ناتوانم بڵێم لەسەداسەد ڕاستە بەڵام وەك ئافرەتمان لە مسر بێت یان لە سعودیە لەوڵاتی تر ئافرەتی كورد هەبێ هەیە، من بۆخۆم عەسكەر بووم، كەسێك قسەی بۆكردم ووتی ئاقرەتی كورد دابەشكراون و پێیانوتوین وەرن ژنی كورد بەرن بۆخۆتان بەڵام ئێمە نەمان هاوردووە لەبەرئەوەی حكومەت لەگەڵمان خراپ بووەو ئەوەندە خەڵكی لێ كوشتین بۆیە بەقسەیانمان نەكرد.

ئەتوانی ناوەكەیم پێبڵێی ئەو كەسە كێ بوو؟

ناوەكەیم بیرنەماوە بەڵام خەڵكی دوجەیل بوو، ئەویش لەگەڵماندا عەسكەربوو، من هیچم نەوت ئەو خۆی بۆگێڕامەوە. من نەمپرسی بۆ خۆی باسی شتێكی ئاوای بۆكردم، ووتی لە حزبەوە پێمانیان ووتووە ئەگەر ژنتان گەرەكە وەرن بیبەن بۆخۆتان.

هەتا چەندە پێتان باشە لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە باسی ئەو دۆسێیە بكرێت؟

ئەگەر بۆ بەرژەندی كوردبێ پێمانخۆشە، بەڵام ئەگەر هەر بۆ كەیفخۆشی خۆی بێت ئەوە پێماننناخۆشە. ئەگەر بۆ بیرخستنەوەی حكومەتو بەدواداچون بێت پێمانخۆشە.

هەتا چەندە گەشبینی بەهەوڵەكانی حكومەتی هەرێم بۆ دۆزینەوەیان؟

بە هیواین بە ئەنجامێك بگەین كۆتایی پێببێت، بەبوونو بەنەبوون، ڕەنگە ڕاستیش بێت بەڵام لەژیاندا نەمابن، ئەمجارە ئۆمێدم هەیە، ئێمەش لە لیژنەكەدا نوێنەرمان هەیە، خۆشحاڵین بەو لیژنەیە.

ئەگەر ڕۆژێك وەزعەكە بەدڵی ئێوەبوو خوشكەو خوشكەزاو كەسوكارەكانتان دۆزرانەوە چۆن پێشوازییان لێدەكەیت؟

هەڵبەتە زۆر بەخۆشحاڵییەوە زۆر خۆش دەبێ لەگیانمان، چونكە ئەوان بێدەسەڵات بوون خۆشمیان ببردایە هیچ دەسەڵاتم نەدەبوو.

كەس هەیە ڕۆژێك ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوو قسەی ناخۆشو بڕیندار كەری پێ كردبی؟

بەڵی هەیە خەڵك هەیە قسەی ناخۆشیش دەكەن.

وەكو كێ دەتوانی ناوی بهێنی؟

بەڵی ڕۆژێك كەسێك قسەیەكی زۆر ناخۆشی كرد ووتی ئێستاش خوشكەكەی وا عارەب وای پێدەكا كەچی لە عارەب دەترسێ. ئەوەم زۆر پێناخۆش بوو.

چی بكەین بۆئەوە ئەو دۆسێیە وەك مەسەلەی ناموس لێك نەدەینەوەو وەكو دۆسێیەكی ئینسانیو نەتەوەیی تەماشای بكەین؟

نازانم چی بكەین بەڵام دەبێ وەك تۆ ئێژی چونكە ئەوە كێشەی كوردە هی خانەوادەكانی ئێمەنیە. من خوشكەكەم ئەوەندە بەحەیابوو نەمدەدی منداڵیك بگرێتە باوەشو بە ئازادی بێت بۆ ماڵ خۆمان یان ماڵ باوكم ئەوەندە شەرمن بوو.

هیچ وێنەیەكی خۆراسانو براكەتو برازاو خوشكەزاكانت هەیە؟

بەڵی هەیتمان لەماڵەوە هەمانە.

دەتوانی پێم بدەیت و منیش وێنەیانم هەبێت؟

بەڵی پێت دەدەم.

قسەیەكت ماوە بیكەیتو من بەبیرمدا نەهاتبێ پرسیارت لێ بكەم؟

نا هیچ قسەیەكی ترم نیە.

قایلیت ئەم دیمانە تۆمارگراوە بڵاوبكرێتەوە؟

ئەی بۆنا هیچ قسەیەكی خراپم نەكردووە زۆر بەلامەوە ئاساییە.

زۆر سوپاس بۆ میواندارییو ئەو كاتەی پێت بەخشیم

سوپاس بەخێربێن وەبان چاو.

بەشارەت ئەمین هەمزە

حەسیبەی خوشکم بەتەمەن لەهەموومان گەورەترەو تەمەنی هەیەو دایکی حەوت منداڵە کەچی لە بەڵگەنامەکەدا بە تەمەن ٢٠ ساڵ نوسراوە!



رۆژی دیمانە: ٢٣ ئابی ٢٠١٣

کات: ٣:٣٠ی پاش نیوەڕۆ

شوێن: خورماتوو گەرەکی رزگاری ماڵی بەشارەت

پاشئەوەی دیمانەمان لەگەڵ نامیق عەبدوڵا تەواو بوو، ماڵئاویمان لێکردو لەگەرەکە ترسناکەکەیان (کۆماری) بەخێرایی هاتینە دەرەوەو هەربە ماشێنەکەی من رومان کردە گەرەکی (رزگاری) کە ماڵی بەشارەت ئەمین هەمزەی لێ نیشتەجێ بوو، لەرێگا کامەران محمەد جەوهەر دەیویست دڵنیایی ببەخشێتە من کە ئەو گەرەکەی بۆی دەچین زۆر سەلامەتترە لەمەی ئێستا لێی دەردەچین، ترسەکەشمان زیاتر لە جۆرو تابلۆی ئۆتۆمبیلەکەی من بوو، کە گەیشتینە بەردەرگا بەشارەت ئەمین هەمزەو حەسەن مەولا محمەدی میوانی چاوەروانیان دەکردین بەگەیشتنمان پێشوازیان لێکردینو لەژورێکی ماڵەکەدا دانیشتین بۆ ئەوەی دیمانە لەگەڵ بەشارەتو حسن مەولادا بکەین هەرچەندە شوێنەکە زۆر نەگونجاوبوو بۆ کاری دیمانە سازی بەڵام بەناچاری هەدرووک دیمانەکەمان لەهەمان شوێن ئەنجامدا. بەشارەت برای حەسیبە ئەمین هەمزەو سەفەر ئەمین هەمزەیە کە بۆخۆی ئەنفالکراوە و بێسەرو شوێنە بەڵام حسیبە هیدایەتی هاوسەریشی وەک حەسیبەی خوشکی ناوی لەهەمان بەڵگەنامەدا هەیە کەوا باس دەکرێت برابن بۆ وڵاتی میسر، چیرۆکی ئەم خانەوادانە گەلێک تراژیدی وئاڵۆزن هەریەکەیان کۆمەڵێک لە ئازیزانیان ئەنفالکراون و هەریەکەیان جگە لەچیرۆکە گشتیەکەی ئەنفال چیرۆکێکی تایبەتی خۆیان هەیە. بەراستی کۆمەڵگای کوردی وکۆی مرۆڤایەتی قەرزداریانە. زیاتر نارۆم و لێرەوە دەچینە ناو دیمانەکەمانەوە لەتیایدا زۆر وردەکاری دەخوێنیتەوەو هەندێک تەومژیش لەسەر ئەوئافرەتانە لادەچن کەوا باسدەکرێن براون بۆ وڵاتی میسر بەتایبەتی کاتێک ئەوەت بۆ روندەبێتەوە ئەوانە زۆربەیان دایکی چەندماندڵێکن و تەمەنیان هەڵکشاوەو زۆربەیان ژنن و کەمینەیەکیشیان کچی منداڵن.

دەقی دیدارەکە.

ناوی سیانی خۆتم پێ بڵێ؟

من بەشارەت ئەمین هەمزە

کەواتە تۆبرای حەسیبەیت؟

بەڵێ،حەسیبە ئەمین هەمزە، خوشکمە.

تەمەنت چەندە؟

من موالیدی ١٩٦٩ م

ئێوەش دانیشتووی نەوجول بوون؟

بەڵێ هەتا ساڵی(١٩٨٧) لە ناحیێی نەوجول نیشتەجێ بووین.

بۆچی هەتا ساڵێ ١٩٨٧ هۆکارێک هەبوو؟

ئەی نەیانهێشت وتیان دەبێ چۆڵی بکەن دەیروخێنین.

واتا نەوجول لەپێش ئەنفالەوە نەماوە؟

بەڵێ، لەو ساڵەدا وێران کرا.

کام ساڵە؟

١٩٨٧ ساڵێک پێش ئەنفالەکە بوو

ئەو کاتە لە نەوجول، ژیانتان بە چی دەگوزەراند؟

هەر بە جوتیاریو ئاژەڵداری.

بەزۆری چ جۆرە ئاژەڵێکتان بەخێودەکرد؟

ئێمە مەردار بووین ڕانە مەڕمان هەبوو.

چەند کەس لە خێزانەکەتان جگە لە حەسیبە ئەنفال کراوە؟

"مامۆستا سەفەر" برام بوو کە خۆی ئەنفالکرا، بە بڕیارێکی حکومەت کرا بە شەهید. لەبەر ئەوەی هەم پێشمەرگە بوو هەم مامۆستای شۆڕش بوو. لەبەرئەوە کرا بە شەهیدی سەنگەر.

هەر برایەکتو خوشکێکت ئەنفال کرا؟

بەڵێ. لە خێزانی خۆماندا دوو کەس ئەنفال کراون.

براکەت هاوسەرگیری کردبوو؟

بەڵێ. هاوسەرەکەی ناوی "حەسیبە هیدایەت"ە. ئەویش ناوی وا لەو قایمەیەدایە یەکێکە لەو هەژدە ژنەی وا نێردران بۆمیسر.

ئەی جگەلە خوشک و براو برازنەکەت، کێیی ترت ئەنفالکراو؟

دووخوارزەشمی تێدایە. (خوارزا بەواتای خوشکەزادێت)

ناویان چییە؟

ناویان "نەجیبە حەسەن عەلی"و "شلێر حەسەن عەلی".

واتا نەجیبەو شلێریش کە ناویان لەبەلگەکەدا هاتووە کچی حەسیبەی خوشکتن؟

بەڵێ کچی حەسیبەی خوشکمن.

ئەی براکەت منداڵی نەبوو؟

نەوەڵا منداڵی نەبوو.

هەردووکیشیان ئەنفال کران؟

هەردوو خێزانەکە ئەنفال کران، ئەمان منداڵیان نەبوو دوو کەس بوون، ئەوانیش نۆسەر خێزان بوون ئەنفال کران.

دوای ئەوەی نەوجول کرا بە مەعەسکەر، یان ڕووخێنرا. ئێوە چوون بۆ کوێ دانیشتن؟

قەرارێك هات بۆ نەوجول، بەڕێوبەری ناحییە هەموومانی خڕ کردو بە باوکمانی گوت: (فەرمانمان بۆ هاتووە، ناحییەکە دەبەین بۆ "بنە سڵاوە". واتا ئۆتۆمبێلتان بۆ دەهێنین، تەنانەت بۆ گەنمو جۆکەشتان. بەڵام بە مەرجێك هەر گوندێکی سەر بە ناحییەکە بمێنێو نەیدۆزینەوە ئێمە دەست کاری ناحییەکە ناکەین) پاشان خەڵکی ناحییەکە ترسانو باوکمو ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان نەکرد، چونکە ناودێکەش پێشمەرگەی تێدا بوو نەیاندەتوانی بڕۆن. ئیدی دەنکە دەنکە گوندەکە بێنن بۆ موجەمەع. دوای ئەوە مەسئول ناحییەکەو ئاواییەکە ئۆتۆمبێلی هێناو بردمانیان بۆ بنە سڵاوە. ئیدی خەڵك لە ناحییەکە هەر لە دوای کۆبوونەوەکەی بەڕێوبەری ناحییەکە دەستیان پێکرد، هەمووی ئۆتۆمبێلی هێنا. هەتا حوکمەت خاڵی پشکنینی دانابوو، گوێمان پێ نەدەدان. ئۆتۆمبێلمان هێناو دەچووین بۆ ناو خورماتوو.

واتا ئێوە نەچوون بۆ گوندەکان هاتن بۆ خورماتوو؟

بەڵی هاتین بۆ دوزخورماتوو هەتا ١٩٨٨. بەڵام حوکمەت وازی نەهێنا فەرع بە فەرع و کۆڵان بە کۆڵان هەر دەگەڕا بەناو شاردا. ئەوەی خەڵك نەوجول بوایە دەیدۆزیەوە. چونکە ئەو کات مەسئول حیزب هەبوو موختاری گەڕەك هەبوو..

مەسئول بلۆك هەبوو؟

بەڵێ مەسئول ناوچەیەکی دادەنا سێ سەرۆکی تریشی وەبان ئەوەوە هەبوو. لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەیزانی. ئیتر ئێمە لێرە لەناو ناوچەی تورکمانەکان دانیشتبووینو حەوشەیەکمان گرتبوو. ئیتر سەرۆکی ناوچەکە ئاگادارمانی کرد.

ناوی چی بوو سەرۆك ناوچەکە؟

وەڵایی ئێستا بە بیرم نایەت. بەڵام ئێستاش جار جارە دەیبینم.

ئەو کەسە کوردە یان عەرەبە؟

نەوەڵا تورکمانە.

چی پێوتن وتی دەبێت برۆن یان هەڕەشەی لێکردن؟

ئیدی هاتە حەوشەوەو گوتی: (ئێوە چەند خێزانن؟) ئەوکاتە "عەدنان" برام بوو. مامۆستا "حەیدەر" ئێستا لە صمودە. (رزگاری) لەوانەیە بیناسیت. وە منیش بووم، واتا سێ خێزان بووین. ئیدی مام هیدایەت (خودا لێی خۆشبێت). وەلی مەحمود دەزانێ، لەگەڵیدا برادەر بووم. گوتی: (کاکە مادام شتی وا هەیە بۆچی هەر سێ خێزانەکەتان باردەکەن، یەکێکیان بار بکەنو با ئەوانی تر بمێنێت) ئیتر ئێمەش لەناو خۆماندا عەدنان برامان هەڵبژارد. وەڵائیتر بەیانیەکەی لۆریمان بۆ هاوردو بڕێ کەلوپەلمان هەبوو بارمانکردوو خۆیو ژنەکەیو دوو منداڵی هەبوو لەگەڵ دایکمیشدا. چوون بۆ بنە سڵاوەو تا ئێستاش لە بنە سڵاوەیە.

ئێستاش لەوێیە؟

بەڵێ. ئیتر من لێرە مامەوەو تا ئێستاکەش لە شارم، لێرەم.

ئیتر کە زانیتان براکەتو خوشکەکەت ئەنفال کراون بە منداڵەکانیانەوە. کەس هەبوو هەواڵیانتان بۆ بهێنێ، بۆ نموونە

چۆن گیراون لە کوێ گیراون؟

وەڵا یەک ئافرەت هەبوو ناوی "نیعمەت وارانی" بوو لەم ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد. ئەو نیعمەتە خۆی خەڵکی وارانی بوو. برایەکی هەبوو ناوی کاک "محسن" بوو ئەویش هەر خەڵکی وارانی بوو. چۆن حیزبی بەعس تەبلیغ ئەو خەڵکەی کردبوو بڕۆن کەس‌و کارەکانتان بهێننەوە، ئەویش ڕۆیشتبوو براکەی بهێنێتەوە. ئیتر کە ڕۆیشتبوو بۆ لای کاک محسن ئەویش وەک ئەو خەڵکە گیراو ئەنفالکرا. ماڵ سەفەر برامان‌وحەسەنی زاوامان لەو ئاواییەدا نزیک ماڵ کاک محسن بوون، ئیتر ئەو ئەنفالە پیسە گەیشتبووە بانیان گرتبویانن ئەویشان گرتبوو. ئەو نیعمەت وارانیە نەهاتەوەو ئیتر گرتیان، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ئەنفالیان کرد. ئەوکاتە ئێمە لێرە لەلای مەرکەز شەبابەکە چاوەڕوان بووین کە خێزانەکانمان هاتن هەوڵێکیان بۆ بدەین و بەریان بدەین چونکە زۆر کەس لە مەرکز شەبابەکە ئازادکران. بەڵام ئەوانیان نەهێنا بۆ مەرکەز شەبابەکە یەکسەر ڕەوانیان کردبوون بۆ تۆپزاوا ئەوە نیعمەت وارانی وتی چونکە ئەو لە تۆپزا بینیبوونی‌و دوایی کە بەربوو بۆی گیراینەوە.

چۆن بۆی گێڕایتەوە خۆی هات هەواڵتان پێبدات؟

ناکە هاتەوە من چومە لای، ئیتر بۆخۆی باسی کرد ووتی شەش مانگ[1] لەگەڵ حەسیبەی خۆشکت بوومە.

کەسی ترهەیە بڵێت من هەتا ئێستا ٦مانگ لەتۆپزاوا ماوەتەوە یان کەسی تر هەیە حەسیبەی خوشکت یان هەرکەسێکی تریانی بینینێ؟

نەخێر کەسی تر نەبوو.

حەسیبە مەبەستت خێزانی حەسەن عەلی یە؟

بەڵێ هەردوکیان هەردو حەسیبەکە یەکێکیان خوشکمەو ئەوی تریشیان براژنمە.

حەسیبەی خوشکت جگە لەمێردەکەی‌و دوکچەکەی تری کێی تریان ئەنفالکراوە؟

خۆی و پیاوەکەی‌و ٧ منداڵیش ئەنفالکراون.

هەواڵیک هەیە گوایە حسن عەلی مێردی حەسیبە تەرمەکەی لە موصل دۆزراوەتەوە ئایا ئەوە راستە؟

دەزانی چۆن بوو، هەرلەلای ئەوکاک عەبدوڵایەی کە بەڵگەکەی لەسەر ١٨ ئافرەتەکە بڵاوکردەوە عەینەن بەڵگەنامەی پیشاندابن ناوی حەسن زاوامان‌و ناو کاک ڕەفیق برای کاک نامیق‌و شوکرموساو عومەری حاجی عەلی تێدایە کە هەموویان ئیعدام کراون بەڵگەنامەیەکە عەینەن ئەو بەڵگەنامەیەی موخابەراتە کە ناوی کچەکانی تێدایە. لەبەڵگەکەدا هاتووە پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسێدارەدراون.

لەکوێ؟

بەڵگەنامەکە هی موخابەراتی کەرکوکەو لەموصل ئیعدام کراون.

ئێستا ئەو بەڵگەیە دەست دەکەوێ

بەڵێ لێرە لەدوز لەلای کاک خەیرولا هەیەو لەلای کاک عەبدولاکەریم یش هەیە.

حسیبە جگەلە نەجیبەو شلێر کچی تری ئەنفالکراوە؟

بەڵێ خۆی‌و نەجیبەو شلێر ناویان لەبەڵگەنامەکەدایە وا نوسراوە ببرێن بۆ وڵاتی میسر.

ئەی ئەوانەی تر؟ ئەگەر ناوەکانیانم پێ بڵێی.

با لەگەورەکانەوە پێت بڵێم.

فەرموو

نەجیبە، توران، شلێر، نعمەت، پەروین، غەریبە ئەمانە هەموویان ئەنفالن‌و نەجیبەو شلیر لەگەڵ دایکیان ناویان لەبەڵگەنامەکەدایە.

ئەی کور؟

کورەکەشیان ناوی بورهان بوو.

بورهان تەمەنی چەند بوو؟

تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، موالیدی ١٩٧٠ بوو، هەر ئەو تاقە کورەشیان هەبوو،

لەکاتی ئەنفالدا هەموویان پێکەوە بوون، مەبەستم ئەوەیە پێکەوە گیران.؟

بەڵێ هەموویان لەگەڵ ماڵی هاورێ محمود (مەبەست عەبدولخالق)ە پێکەوە بوون‌و پێکەوەش چون بۆ ملەسورە.

واتا خۆیان چوون بۆ ملەسورە؟

بەڵێ.

١. پێدەچێ بەشارەت بەهەلە لێرەدا ناوی تۆپزاوا لەبری دوبز دەهێنێ چونکە ئەنفالکراوەکان لانی زۆرەکەی هەفتەیەک لە تۆپزاوا دەمانەوە، دوایی دەگوازرانەوە بۆ شوینی تر ئەوانەی بۆ کوشتن بوون بەسەیارەی سەرداپۆشراو ڕەوانەی بیابانەکان دەکران بۆ کۆمەڵکوژی‌و ئەوانەی بۆ دەستبەسەر کردن بوون ڕەوانەی نوگرەسەلمان‌و هەندێکیشیان ڕەوانەی بنکەی سەربازی دوبز کردبوون کە زۆر لەژنە گەرمیانیەکان ماوەی ٦ مانگێک لەگەڵ منداڵەکانیان مانەوەو زۆریشیان لەوێ مردن‌و دواتر هێنرانەوە بۆ بانی مەقان .

هەتا ساڵی چەند چاوەڕوانیانت کرد؟

هەتا ڕوخانی رژێمیش هەرچاوەڕوان بووین.

بۆ یەکەمجار کە هەواڵی ئەوەتان زانی کەوا ماوێو لەبەڵگەنامەیەکدا باسکراون بردوبانن بۆ وڵاتی میسر هەستت چۆن بوو.؟

هەستم چۆن بێت لە ڕاستیدا زۆر زۆرمان پێناخۆش بوو؟ بەڵام چی بڵێین؟ لەناو ١٨٢٠٠٠ سەدوهەشتاو دوو هەزار کەسدا ناوی ١٨ کەس هەیە و هەرجارنا جارێك شعورمان بریندار دەکەن هەلبەت زۆرناخۆشە چۆن ناخۆش نیە؟

واتا بەباسکردنی شعورتان بریندار دەبێ؟

بەڵێ بەباسکردنەکەی چونکە هەرجارناجارێك باسەکەیان دێتەوە پێشێو دێینو دەرۆێن بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێ ئەگەر ئەنجامێکی هەبێ باشە.

پێمخۆشە زۆربەڕاشکاوی پێمبڵێی تۆش حەزت دەکرد خوشکەکەت بێ سەروشوێن بوایەو کەس باسی نەکردنایە یان بەپێچەوانەوە؟ یان بەمانیان خۆشحاڵیت؟

حەزدەکەم پێت بڵێم ئەگەرمابن زۆرم پێخۆشەو حەزدەکەم بیانبینینەوە.

سەرەتاش هەروابووی یەکەمجار.؟

یەکەمجاریش سەرباری ناخۆشی نوسراوەکەش بەڵام هەر پێمخۆش بووکەماون و حەزدەکەم بیانهێنینەوە.

تاچەند باوەرت بە ڕاستیو دروستی بەڵگەنامەکە هەیە؟

تەزویرەکەی چی یە؟ ئەوە کۆپیە باشە فەرموو تۆ ئێستا بەس دەزانی ناوم بەشارەتە، جنسێش وا لە گیرفانمە ئەگەر جنسێی منت دەست نەکەوێ ناتوانی کۆپییەکی جنسیەکەی من بکەی، ئەگەر نسخەی ئەصلی نەبێ چۆن کۆپی دەکرێ. دیارە راستە بۆیە کۆپی کراوە.

کەواتە تۆ پێتوایە بنەمایەکی هەیە؟

بەڵێ من باوەرم وایە کەبێ بنەمانیە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆپییەکی ئەو نوسراوە دەستکەوتو بلاوکرایەوە قسەوباسێکی زۆری لێکراو هەڵای ڕاگەیاندنی نایەوە بەڵام بێدەنگەی لێکرا هەتا ئەو کاتەی دراما مصریەکە (نیران صدیقە) بلاوکرایەوە بەرای تۆ دراماکە چیمان پێدەڵێت؟ پێماندەڵێت ئەو چیرۆکە راستە؟

هەڵبەت راستە ئەگینا چۆن فیلمێك باسی ئەوە دەکات خۆبێ بنەما نیە.

هەتا چەند بروات بەوەیە هونەرمەندە مصریەکان پشت بە بەڵگە دەبەستن و قسە لەگیرفانی خۆیان دەرناهێنن؟

بەخوا بلێمچی ناتوانم هیچ بلێم.

تۆ وەکو بەشارەت وەك برای یەکێك لەو ژنانە هەتا چەندە رازی لە ڕاگەیاندنی کوردی پێشتر باسی ئەوەت کرد کە هەستمان بریندار دەکەن؟

ئێمە باسێکمان دەوێ سودێکی هەبێ، ئەگەر شتێك سودی نەبێ بۆچی باس بکرێ؟

باشە موخابەراتی کەرکوك و پیاوانی بەعس نوسیویانە ئەوکچانە ئامادەن بیانێرین بۆ نادیو مەلهاکانی میسر دەشێت منی ڕاگەیاندنی کوردیش هەمان زمان بەکاربهێنمەوە؟ بەهەمان شێوە شعوری تۆ بشکێنم؟

راستە دەبوایە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی تر باسی ئەوەی بکردایە.

هەتا چەند گەشبینی بەهەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی خوشکو کەسوکارەکانتان؟

ئێستا لیژنەیەکی باشیان دروستکردووەو هاوڕێ مەحمودیش نوێنەری ئێمەیە لەو لیژنەیە، ئێمە ئەمجارە وازناهێنین بابزانین حکومەتەکەمان چیمان بۆدەکات.

بەچی لیژنەکە دڵخۆشن؟

بۆیەکەمینجارە حکومەت لیژنیەکی ئاوا پێکبهێنێ لە ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەم کێشەیە هەیە حکومەت لیژنەیەکی ئاوای پێکنەهێناوەو نوێنەرێك لە خۆمانو نوێنەرێك لەحکومەت وا لە میسرەو بەجدی ئیشی بۆ دەکات.

خوشکەکەت لەخۆت گەورەترە؟

بەڵی حەسیبە لە هەموومان گەورەترە.

موالیدی چەندە؟

موالیدی ١٩٥١.

بەڵام لەبەلگەکەدا واهاتووە کە تەمەنی ٢٩ ساڵە. لەوکاتەدا تەمەنی نزیکەی ٣٧ ساڵ بووە.

ئەوەش راستە بڵێم چی نازانم.

هیچ نیشانەیەك هەیە پێی بیناسرێتەوە؟ مەبەستم (علاماتی فارقە). شتێك هەیە کە بیبینی بیناسیتەوە تێپەڕینی کاتو گۆڕانی جەستەیی نابێتە هۆی نەناسینەوەی؟



بەڵێ دڵنیام دەیناسمەوە هەمیشە شەو ڕۆژ شێوەی ها لەبەرچاوم.

مەبەستەکەم ڕونتر بکەمەوە بێجگە لەوەی کە بە فحصی دیئێن ئەی دەناسرێنەوە شتێکی تر هەیە وەک نیشانە بەخوشکەکەتەوە بۆنمونە خاڵێک بەسەر ڕوخسارییەوە یان بەسەرجەستەیەوە؟

هیچ نیشانەیەک نیە بەڵام دڵنیام دەیناسمەوە.

مەبەستم ئەوەیە سبەینێ نەیارانی ئەم دۆسێیە سیناریۆمان بۆ دروست نەکەن بێن بڵێن کچی کوردمان دۆزیوەتەوەوخەڵکێکی ترمان بۆبهێنن‌ودوایش وادەرنەچێ بەونیازەی جارێکی ترنەوێرین ئەم باسەبکەینەوەو نەوێرین بەدوای ئافرەتەکانمان بکەوین[٢].

ئەوەش ڕاستە قسەکانت جوانە.

ئەوسورەت قەیدانەی لەبەردەستن ئەوانە ڕاستن؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم حسیبەو نەجیبەو شلێر خوشکو خوشکەزای تۆن؟

بەڵێ ئەوانە ناویان لە سورەت قەیدەکەو لە بەڵگەنامەکەشدایە خوشک و خوشکەزاکانی منن.

بەڵام جیاوازی تەمەن زۆرە لەنیوان تەمەنیان لە سورەت قەیدەکان و تەمەنیاندا لەناو بەڵگەنامەکەدا؟

هەیانە وەڵا بڵێم چی؟

هیچ وێنەیەک یان یادگاریەکی خوشکەکەت لەلایە؟

نا نیمە یەک وێنەی هەیە بیدۆزمەوە گەورەی دەکەمەوەو پێت دەدەم.

ئەوە ڕاستە کەحەسیبەو حسن عەلی ومندااڵەکانی خانەوادەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوون لە خۆشەویستی یەکتریدا.؟

بەڵێ ئەوە ڕاستە یەکتریان زۆر خۆشگەرەک بووە ئەوە هاوڕێ مەحمود دەیگێڕێتەوە کە لە قولیجان داوای لە حسیبەکرد بوو بابورهان لەگەڵ ئێمە بێت چونکە تەسلیم نابینەوەو ئێوە دەچن تەسلیم حکومەت دەبنەوە با کورەکەت نەفەوتێ تەمەنی ١٨ ساڵە و گەورەیە بەڵام حسیبەی خوشکم ووتبووی نابەخوا ناهیلێم بادەستی هەر بەدەستی خۆمەمەوە بێت کەچی ئەوەتا ئاوایان پێهات هەریەکەیان بۆ شوێنێک برانو چارەنوسیان ئاوای پێهات. لەمبارەیەوە هاوڕێ مەحمود قسەکەی بەشارەتی پشتڕاستکردەوەو بۆی گێڕامەوەو بەکامێرای ڤیدۆ تۆمارکراوە.

هەموویان بەیەکەوە گیرابوون؟

بابزانیت حەسیبەی براژنم کە خێزانی سەفەری برام بوو، لەگەڵ حەسیبەی خوشکم هەردوکیان لە گوندی وارانی لەیەک حەوشدابوون و پێکەوە دەژیان و هەرپێکەوەیش گیران.

سێ کەس لەو (١٨) کچە خەڵکی نەوجول نین کەسوکاریشیان ناناسن؟

نەخێر کەسیان ناناسین.

لەکۆتایدا چیت هەیە بیلێیت؟

هیچم نەماوە سوپاست دەکەم.

شتێک کە بەیری منداا نەهاتبێ‌و خۆت حەزبکەی بیلێیت؟

هیچم نەماوە سوپاس

قایلی ئەوەی لێرەدا تۆماری دەکەین بڵاوی بکەمەوە؟ یان هەلیگرین بۆ مێژوو جارێ بڵاوی نەکەینەوە؟

وەلا منیش لەگەڵ ئەوانی تردام هاوڕێ مەحمودئەوان چیان کردو چییان ووت منیش هام لەگەڵ ئەماندا بلاویان کردەوە بڵاوی بکەرەوە وام لەگەڵ ئەواندا.

من ڕێز لەتۆو لەکارەکەی خۆم دەگرم دەمەوێ رای هەرکەسێک وەربگرم لە بڵاوکردنەوەو نەکردنەوەی

شکور قسەکانت زۆر ڕێکوپێک بوون و پرسیارەکانت زۆر جوان بوون، بەڵێ خۆت ئازادبە بڵاوی دەکەیتەوە یان ئەیدەی بەتەلەفزیون ئەوە خۆتیش ئازادبە و قایلم بڵاو ببێتەوە.

زۆر سوپاس

بەخێربێن بان هەردوچاوم

٢. ڕۆژێک دوای ئەو پێشبینیەی من هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بازرگانێک کچە ئەنفالکراوەکانی لە وڵاتی میسر دۆزیوەتەوە، ئەوکاتەی لەلایەن هاوڕێ محمودی کفریەوە کەبرای یەکێک لەو کچانەیە زەنگم بۆکرا بۆئەوەی هەواڵی دۆزینەوەیانم بداتێ لەگەڵ نازم برای یەکێکی تر لەکچەکان لە ڕزگاری لەدیدیداردا بووم، لەبەرئەوە وەلامی زەنگی یەکەم و دووهەمم نەدایەوە بەلام لەسێهەمجاردا داوای ڕوخسەتم لە نازم کردوو ڤیدیۆکەم ڕاگرت وەڵامم دایەوە هاوڕێ مەحمود بەکەیف خۆشییەوە وتی کچەکانمان دۆزرانەوە. کەپرسیم کێ دۆزینیەوە وتی بازرگانێک هەستمکرد سیناریۆیەک لەگۆڕێیە بەلام نەمویست دلی هاوڕێ مەحمود ناخۆش بکەم تەنها ئەوەندەم گووت جارێ پەلەمەکەن بازرگان بێت جێگەی بروا نیە.. کاک نازم شاهیدیم بۆ دەدات کەوتم کێ دەڵێت ساختەچییەکی وەک ڕوژدی جاف نیە. تکایە پەلە مەکەن.

حەسەن مەولامحەمەد

لەناو بێسەروشوێنکراوانی خانەوادەکەماندا تەنها برژانم برازاکەم (شوکریە عەلی وکوێستان عەباس) سۆراخیان بوو کە ناویان لەو نوسراوەی موخابەراتی کەرکوکدایە.



رێکەوت : ٢٣ی ئابی ٢٠١٣

شوێنی دیمانە : خورماتوو.

کاتژمێر ٣ی پاش نیوەرۆ

دوای ئەوەی لەگەڵ بەشارەت ئەمین هەمزە دیمانەکەمان تەواو کرد، لەگەڵ حەسەن مەولا محەمەد دیمانەکەمان درێژە پێدا، بەڵام حەسەن باری تەندروستی تەواو نەبوو، بۆیە نەمویست زۆر ماندووی بکەم و ئەوەی لەبارەی نەوجولەوە پێشتر بەشارەت ونامیق عەبدوڵا وتبووی،بەپێویستم نەزانی لە دەمی حەسەنیشەوە وەری بگرم. چونکە جوگرافیای رووداوەکە هەمان شوێن و مێژووەکەشی هەمان مێژوو بوو. بۆیە راستەوخۆ چوینە ناودیمانەکەوە:.

باڵە ناوی سیانی خۆتەوە بچینە دیدارەکەمانەوە ئامادەیت؟

ناوم حەسەن مەولا محمدە

لەبنەڕەتەوە هەر خەڵکی نەوجولن؟

بەڵێ دانیشتووی نەوجول بووین، هەتا لە سالی ١٩٨٧ روخێندراو خەڵکەکەیان دەرکرد، ئیستاش دانیشتووی گەڕەکی کۆماری خورماتووین

چەند کەستان ئەنفالکراوە؟

دوبرام و خوشکێکم و برازنم و برازایەکم ئەنفالکراون.

کەواتە تۆش ٥ کەسی نزیکت ئەنفالکراوە؟

بەڵێ من برای شەهید عەباس مەولام، کەوا هاوسەرەکەی و کچەکەی بەناوەکانی (شوکریە عەلی رۆستەم) و (کوێستان عەباس مەولا) ناویان لە بەڵگە نامەکەدا هاتووە.

براکانت ئەوانەی ئەنفالکراون ناوەکانیانم پێ بڵێ.

عەباس مەولاو رەمەزان مەولا.

ئەی ناوی خوشکەکەت چی بوو؟

رابیعە مەولا محەمەد

ئەوانی تر؟

کوێستانیش کە ناوی لەبەڵگەکەدایە، برازامە کچی عەباسو شوکریە عەلی رۆستەمە ئەویش هەر ناوی لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدایە.

شوکریە لەدایکبووی چەند بوو؟

راستیەکەی ئەوسا من مندااڵ بووم، نازانم بەڵام لەدەوری ٦٣ و ئەوانەدایە.

کەواتە شوکریەش دایکە؟

بەڵێ دایکە.

ئەی شوکریە و عەباس لە تۆماری بنەڕەتی باری شارستانیدا ناویان وەک ژنومێرد هەیە؟

بەڵێ من بەدەستی خۆم لە نفوسی خورماتوو (عەقدی زەواج) گرێبەستی هاوسەرگیریم بۆیان کردووە.

هیچ کەس لەکاتی ئەنفالکردنیاندا نەیبینی بوون بۆنمونە؛ لە تۆپزاوا لە دوبز، یان هەرشوێنێکی تر بەتایبەتی ئەوانەی کە ئازادکران؟

نەخێر کەس باسیانی نەکرد تەنها برژانەکەمو برازاکەم (شوکریەوکوێستان) سۆراخی ئەوەیان بوو کە ناویان لەو نوسراوەی موخابەراتی کەرکوکدایە.

هەتا کەی چاوەڕوانیان بووین.؟

هەتا روخانی رژێم بەردەوام چاوەڕوان بووین.

بەتایبەتی چاوەروانی دایکم و باوکم زۆر سەخت بوو ئەوان هەتا مردن هەرچاوەروان بوون.

دایکتو باوکیشت ئەنفالکرابوون چوبوونە نوگرە سەلمان؟

نەخێر ئەوان هەر نەگیرابوون.

ساڵی چەند کۆچی دواییان کرد.؟

دایکم ساڵی ٢٠٠٤ وباوکم ساڵی ٢٠٠٥ بەدوای یەکتریەوە کۆچیان کرد.

دایکتو باوکت هەواڵی ئەو نوسراوەو بەڵگەنامەکەی موخابەراتیان بیست؟

نا نەخێر.

بۆخۆت هەتا چەندە بروات بەراستی وناڕاستی ئەو بەڵگەنامەیەی موخابەراتی کەرکوک هەیە؟

لەسەدا حەفتاوپێنج.

بۆچی لە سەدا حەفتاو پێنج؟

لەبەرئەوەی بەڵگەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕون وئاشکرایە، ئەی کەوایە چۆن ناوی ئەوکەسانە بەراستی ناوی سیانییان دەچێتە نوسراوێکەوە؟

پێشەوەی بەڵگەنامەکە دەربکەوێ هیچ چیرۆکێکت لەبارەی فرۆشتنی کچانو ژنانی کورد بیستبوو لە شارەکانی عێراقو ولاتانی تری عەرەبی؟

نا هیچم نەبیستبوو، بەڵام خزمێکمان لە تکریت دوکانی بەقاڵی هەبوو هات بۆلامان ووتی : ڕۆژێك کابرایەکی عەرەب هاتووە بۆلام شت بکرێت، وتوویەتی من کورێکم بینیوە لەسجن ناوی خالید بووە، تەنانەت قاچێکیشی سوتاوە کەسێك هاتبوو بۆلای ووتبوی من کورێك دەناسم بەناوی خالید شکور موسا. وتبووی من سجن بووم خالید ووتبووی من خەڵکی نەوجولم و کوڕی فلانە کەسم.

خزمەکەتان کێ یە ناوی چیە؟

ناوی مەجیدە برای نازمە کوڕی حەمەعەلییە.

ئەی سۆراخی نەکردبوو؟

نانەی کردبوو چونکە ئەو کاتە ترسابوو!.

ئەی ئەو کەسەی کەهاتبوو ئەم هەواڵەی بە مەجید ووتبوو؟

راستی ئەو نازانم کێ یە عەرەبێکی خەڵکی تکریتە.

چی تر؟

هەر ئەوەندە ئەویش، واتا مەجید کوڕی خاڵۆم بوو، خۆی و چوارکوڕی و کچەکانی ئەنفالکراون.

کوڕوکچەکانی ئەو ناویان چیە؟

کوڕەکانی خالیدو وەلیدو ئومێدو بەرهەم، ئەمە کوڕەکانی خاڵۆم شکور موسان، کچەکەشی ناوی پەیمانە کە لەبەڵگەکەی موخابەراتی کەرکوك ناوی هاتووە. ئەی خاڵۆژنت کێ یە؟

قەدریە.

مەبەستت خوشکەکەی کاك نازمە؟

بەڵێ.

کەواتە قەدریە دایکی پێنج منداڵ بووە. کە ناوی لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتدا بە کچ هاتووە؟

بەڵی دایکی چوارکورو کچێك بوو کچەکەش ناوی لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە.

کچەکەی ناوی چییە؟

پەیمان کچی قەدرییە.

پەیمان و قەدریە کچ و دایکن کە لە بەڵگەنامەکەدا ناویان پێکەوە هاتووە؟

بەڵێ ئەوانیش وەك خۆراسان و چیمەن و حەسیبە و شلێر کچ ودایکن.

کەواتە ئەمە گرنگ کەبزانین ئەوانەی ناویان لەبەڵگەکەدایە زۆربەیان ژنن نەك کچ، کچەکانیش هەندێکیان منداڵن.

بەڵێ ڕێك وایە هەندێکیان دایك چوار پێنج و شەش منداڵن.

قەدریە ژنی خاڵۆت شوکرموسایە؟

بەڵێ

ئەوان گرێبەستی هاوسەرگیریان نیە و هێشتا لەتۆماردا قەدرییە هەرکچە بەڵام لە واقعدا دایکی پێنج منداڵە چوار کورو کچێك؟

بەڵێ ڕێك ئاوایە.

کەواتە دەبێت ئێوە ئەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان ڕوونبکەنەوە کە زۆربەی ئەوانەی لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە دایك بوون، نەك کچ ئەمەخاڵێکی زۆر گرنگ و مایەی تێڕامانیشە.

بەڵێ وایە

ببورە کە هیلاکت دەکەم بەڵام ئەم وردەکارییە زۆر گرنگ بوو. ئیستا ناوی برازاکەتم پێبڵێ ئەوەی ناوی لەبەلگەنامەکەدایە؟

کوێستان عەباس مەولا

برازنەکەشت شوکرییە عەلی ڕۆستەم؟ کەواتە ئەمانیش کچ

و دایکن.

بەڵێ

خالۆژنیشت قەدریە ئیبراهیم دایك پەیمان شکر موسا یە کەواتە ئەمانیش کچ و دایکن؟

بەڵێ

تۆ پێت باشە ئەم دۆسێیە باس بکرێت لە راگەیاندنەوە یان نا؟

بێگومان ئەگەر بەو شێوەیەی هەستمان بریندار بکەن پێمان ناخۆشە، ئەگەر هەستی ئێمە راگرن پێمانخۆشە باس بکرێین.

ئێوە بەهیچ کەناڵێکتان وتووە ئاگاداری هەستمان بن و بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە باسی ئەو ئافرەتانە بکەن؟

وەلا راستی قسەمان کردووە ئەوە هاوڕێ مەحمودو ئەوان قسەیان کردووە

ئەو هەوڵانەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خستوویەتییە گەڕ هەتا چەند پێی گەش بینیت؟

راستیەکەی ئەوەندەپێی گەش بین نیم، هەرچەندە هەوڵەکانیان باشە بەڵام قەناعەتم نییە ئەگەر شتێك بوونی نەبێ وهەر بۆ قسەوباس بێت دڵخۆشمان ناکات.

تۆ هیچ لەبارەی ئافرەتانی تردە دەزانیت لەپارێزگاکانی تری عێراق؟ هیچت بیستووە لەوبارەیەوە؟

وەك بیستن بیستوومە کە دەڵێن لە سودان ولەسعودیە و لەووڵاتانە هەیە وەك بیستن بیستوومە بەڵێ. بەڵام بروام پێی نەبوو بەڵام لەوەی میسر کە شتەکەم بینیوە دەڵێم راستە.

تۆ گۆڤاری ئەنفالستان دەخوێنیتەوە؟

راستیەکەی من خوێندەواریم نییە و چاویشم تەواو نییە تازە نەشتەرگەریم بۆکراوە.

بەهیوام باش بێت. بەڵام دەتوانم بزانم بۆ نەچویتەبەر خوێندن؟

کاتی خۆی لە پێنجی سەرەتایی بووین ماڵەوەمان گیراین وردەوانەی سەماوەیانکردین ئیتر کە گەڕاینەوە نەمتوانی بخوێنم چونکە چوینە دەشتەوە.

ئیتر هەوڵت نەدا؟

باهەوڵمدا،هاتینە خورماتوو لەبەرئەوەی براکەم پێشمەرگەی شیوعی بوو ڕێك وردەوان پێیان گوتین مادام عائیلەی شیوعین نابێت بخوێنیت.

ببورە پرسیارەکەم بۆ ئەوە بوو من ساڵی ٢٠٠٦ پیاوێکی لای خۆتانم دواندووەو بڵاوم کردووەتەوە کەدەڵێت لەساڵی ١٩٨٨ ڕەفیق حزبییەکان هاتوون پێمیان گوتووە لە (منظمة حطین) ژن دابەش دەکەن بابتبەم دوو ئافرەت بێنە بۆخۆت؟ ئایا ئەوەت نەبیستووە؟

زۆرم بیستووە لەو قسانە دەمگووت ڕەنگە خەڵك قسە لە گیرفانی خۆی دەربێنێ، باوەرم پێی نەبووە.

ڕۆژی ٨/٤ی ئەمساڵ لەبەرنامەیەکی رادیۆ نەوادا پیاوێك لەبەرنامەکە قسەی کرد بەناوی خالید، بەهەمان شێوەی ئەو پیاوەی من دیدارم لەگەڵ سازکردووە، باسی ئەوەی کرد کە ئەفسەرێك ووتوویەتی وەرە من دەتوانم دوو ئافرەتت پێبدەم بۆخۆت بیانبە بەڵام ئەم وەك ئەو پیاوەی نەکردبوو کەمن دیدارم لەگەڵ کردووە، ئەو چوو بوو هێنابوونی و تەنانەت ئەوەشی گووت کە فەرموون با من بتانبەم بۆ ماڵی ئەو دوو ئافرەتەی کەوا من رزگارم کردوون.

کاتی خۆی لەسەردەمی فتوحاتەکانی ئیسلامدا ئەم نەریتە ناشرینە هەبووە ژنیان بەدیل بردووە و دابەشیان کردوون وبەکەنیزەکیان کردوون ئەمە پەیوەندی بەکلتوری عەرەبەوە هەیە تۆ هەتا چەند باوەرت بەوەهەیە؟

کاتی خۆی لەسەردەمی ئەنفالیشدا لەهەشتاوهەشت وتوویانە سەربۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە ئەمە لە کۆنیشدا هەر هەبووە.

ئەگەر ڕۆژێك ڕێککەوت ئەم هەوڵانە سەریان گرتوو خوشکەکەت وبراژنەکەت وبرازاکەت هاتنەوە چۆن پێشوازییان دەکەیت؟

بێگومان زۆرم پێخۆشەو بەڕێزەوە پێشوازیان دەکەم. ئەوە هیچ عەیبەیەکی تێدانییەو دەوڵەت ستەمی لێکردوون.

دەستتخۆش بێت بێگومان عەیبیش بێت هی دەوڵەتە نەك هی ئێمە.

بێگومان بەڕێزەوە پێشوازییان دەکەم و شانازیشیان پێوە دەکەم. من سەربەرزم بەئەنفالکراوەکانم ئەگەر خۆفرۆش بوونایە عەیب بوو.

کەس هەبوو هەستتان بریندار بکات و قسەی ناخۆشتان پێبڵێت؟

بەڵێ بێگومان خزمی نزیکی خۆم لەکاتێکدا ناموسی ئەویشە، قسەی ناخۆشی پێمان کردووە و بریندارى کردووین.

دەتوانیت پێم بڵێیت چییان پێگوتوویت؟

نا بروا بکە ناتوانم هەم ئەوانە خزمی خۆمن و هەم قسەکەشیان ناشرین بووە.

ئاخر ئەوە گرفتی میللەتێکە دەبێت بەیاسایەکی تایبەت ڕێگەی پێبگیرێت و سزای تایبەتی بۆ دابندرێت.

هەتا چەند پێتخۆشە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێن پرسیارتان لەبارەی ئەم دۆسێیەوە لێبکات؟ بۆنمونە ئەم دیدارەی من لەگەڵ تۆدا؟

ئەگەر بەم شێوەی وەک بەڕێزت بێت وبەشێوەیەکی جوان بێت زۆر ئاساییە بەلامەوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم و ئەم لیژنەیە شکستی هێنا ئێوە چی دەکەن خۆتان هەوڵەکانتان بەردەوام دەبێت؟

بەڵێ بێگومان بەردەوام دەبین لەهەوڵەکانمان و کۆڵنادەین. خۆمان بەرنامەمان وایە حکومەتیش هەوڵندات خۆمان ڕێگای تر بگرینەبەرو ئەم دۆسێیە دانەخرێت وکراوەبێت.

ئەو ڕێگایانە چین و چۆنە بۆ هەوڵەکانتان؟

هەوڵدەدەین ئیتر لەهەر ڕێگەیەکەوەبێت بزانین بگەینە قەناعەتێک تابزانین ئەو شتە بوونی هەیە یان نیەتی.

ئێوە کێتان بەنوێنەری خۆتان داناوە لەلیژنەکەی حکومەتدا؟

ئیمە هاوڕێ محمودو کاک کامەران و کاک نازممان داناوە کەبچن بۆمیسر ئیتر نازانم حکومەتیش کێی داناوە.

کاتی خۆی سیناریۆیەک دروستکرا کوردێک لەهەولێر وتی من ئەو ئافرەتانەم لەمیسر بینیوە هەتا چەند باوەرتان پێی کرد؟

ئەوکورە قسەکەی کردو بەجددی نەهاتە پێشەوە بڵێت من قسەکەم دەسەلمێنم وبەڵگەم هەیە ئەو خۆی ون کرد، ئیمە سەرەتا بروامان پێییکرد، بەڵام ئیتر دوایی خۆی ون کرد ئیتر نازانم حکومەت بانگی کرد یان نەیکرد.ئەوەیان نازانم.

تۆ لەوبروایەدایت ئافرەتێک لەو گوندی وارانییەوە بڕوات بۆ میسرو لەوێ هونەری سەما فێربێت؟ ئەوە چ جای ئەنفال بێت و بەزۆر برابێت؟

نەخێر لەو بڕوایەدا نیم.

بۆچی لەو باوەڕەدا نیت؟ لەبەرئەوەی هونەری سەما قورسە؟

لەبەرئەوەی دەبێت ئەو هونەرە لەمندالییەوە فێربێت و بۆ ئەو ئافرەتانەی ئیمە بەو تەمەنەوە ناشێت، بۆ منداڵەکان نازانم بۆنمونە برازاکەم تەمەنی سێ ساڵان بوو. منداڵەکان بەهەر حاڵ بەڵام گەورەکان قەت بڕواناکەم.

قسەیەکت هەیە بیڵێیت، ئەگەر من نەمتوانیبێت پرسیاری لەبارەوە بکەم و خۆت پێتخۆش بووبێت بیکەیت؟

وەلا بڵێم چی قسەیەکی وام نییە (بێدەنگی.....)

هیچ وێنەیەکی ئەنفالکراوەکانت هەیە؟

ڕاستیەکەی برازنەکەم نیەتی تەنها یەک دانەی قەد جنسێکەی هەیە، برازاکەم نییەتی چونکە منداڵ بووە وتەمەنی سێ ساڵ بوو.

ئەی براکەت؟

براکەم پێشمەرگە بوو وێنەی لەگەڵ هاوڕێ محمود هەیە، پێکەوە پێشمەرگە بوون.

بەڵام هی خوشکەکەت نییە؟

نەخێر خوشکەکەم وێنەی نییە. کاتی خۆی هی جنسێکەی بوو هاتن بۆ مقابلەو شت بردیان وئیتر نەیانهێنایەوە بۆمان.

کێ بردی کام کەنال؟

ڕاستیەکەی نازانم من ئەوکاتە منداڵ بووم بیرم نایات. موقابلەلەیەکیان کرد وتیان نازانم بۆچیمانە لەدایکمیان وەرگرت ئیتر نەیان هاوردەوە.

کاک حەسەن زۆر ماندووم کردیت سوپاس بۆ ئەم دیدارە

سوپاس بۆ بەڕێزیشتان

ڕازیت بەوەی دیدارەکەت بڵاوبکەمەوە

بەڵێ بێگومان بابڵاوببێتەوە



مامۆستا کەریم عەباس
تادەمرم هەمان هەستم هەیە شەوو ڕۆژ بەو دەردەوە ئەتلێمەوە.

ڕێکەوتی :..٢٤ی ئابی ٢٠١٣

کات :.....٨:٣٠ی سەرلەبەیانی

شوێن : سەنتەری قەزای خورماتوو



دیمانەلەگەڵ کراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣یە لەبنەرەتەوە خەڵکی ناحیێ نەوجولەو ئێستا لە خورماتوو نیشتەجێ یە، پیاوێکی دامەزراوو لەسەرخۆیە مامۆستایەو پیاوێکی ئیماندارە باری سایکۆلۆژی ناجێگیرەو ماندووە بەهۆی ئەنفالکردنی براوبرزاوخزمە نزیکەکانیەوە، لەکەسە نزیکەکانیشی (٩) کەس ئەنفالکراون، خزمی ١٥ لەو کچو ژنانەیە کە ناویان لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدایە، برای لەیلا عەباس جەوهەرو نازم عەباس جەوهەرە. (٩) خوشک وبراوبرازای ئەنفالکراون.

بەیانیەکی زوو هێشتا بەرچایمان تەواو نەکردبوو، کە پیاوێکی باریکەلەی ڕۆح سوک هاتە ژورەوەو سڵاوی کرد، هەرزوو کامەران محەمەد کە ڕۆژی پێشوو یاریدە دەرم بوو، ووتی ئەوە مەلاکەریمیش هات، ئەویش باشە دیمانەیەکی لەتەکدا بکەیت، من کە ئەوکاتە لەنانخواردن ببوومەوە کامێرام چەسپ کردوو دوای ئەوەی مۆڵەتم لێوەرگرت ئامادەبووین بۆ دیمانەکردن ئەوەی بەردەستت دەقی ئەو دیمانە ڤیدیۆییە کە لەبەیانیەکی زووی ڕۆژی ٢٤ی ئابی سالی ٢٠١٣ی شاری خورماتوو ئەنجامدراوە مامۆستاکەریم برای نازم عەباس جەوهەرە.کە هاوسەرەکەی و کچەکەی ناویان لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە.

مامۆستا ئەگەربکرێت ناوی سیانیتم پێ بڵێیت؟

مامۆستا کەریم عباس جەوهەر

مامۆستای چیت؟

مامۆستای قوتابخانەم

ساڵی چەند لە دایکبویت؟

١٩٦٣

ئێستا دانیشتوی خورماتوویت؟

بەڵی بەڵام بە ئەسڵ دانیشتوی (نەوجول)بوین ئیتر پاش ئەنفال ئاوارەبوین، ئەو کاتەی نەوجول ڕوخێنرا ئێمە نەمان ویست بچینەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم چوینە گوندی (حەیدەرە سوور) لەوێ نیشتەجێ بووین هەتا کاتی ئەنفال، ئێستا ئەو گوندەش سەربە ناوچە دابڕاوەکانە.

چەند کەس لە خانەوادەکەتان ئەنفالکراوە؟

نۆخوشک و براو برازام ئەنفال کراون

ناویان چی بوو؟

دووبرام بە ناوەکانی (نازم عباس) کەخۆیی و خێزانی ئەنفالکراون، براکەیتریشم بەناوی (نەجم الدین عباس) موالیدی ١٩٧٢بوو، ئەویش لە ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا کۆپتەر شەهیدی کرد.

خوشکەکانت ناویان چی بوو؟

خوشکێکم بەناوی (لەیلا عباس جەوهەر) کە خێزانی (شکور ڕەفعت) بوو، ناوی لەوبەڵگەنامەدایە کەباس لەهەژدە کچەکە دەکات وا ناردویانن بۆ وڵاتی میسر وە خوشکەکەی ترم بەناوی (لەعلیە عباس جەوهەر). ئەویش هەرناوی لەو بەڵگەنامەیەدایە.

دێینە سەر ئەوباسە ئەی خوشکەزاو برازاکانت ناویان چی بوو؟

دوو کوری برازام بەناوەکانی (بەختیار نازم و ئارام نازم) وە دوو کچی برازام بەناوەکانی (چیمەن نازم عباس و ئیلهام نازم عباس) بە داخەوە کە (چیمەن)یش ناوی لەو بەڵگەنامەیەدایە کە باس لە بوونی هەژدە کچەکە دەکات لەوڵاتی میسر وە خوشکەزایەکم بەناوی (چیا شکور رەفعت) کەئەویش ئەنفالکراوە.

مامۆستا بەبیستنی ئەو بەڵگەنامەیە کە ناوی کەسەکانی تۆی تیابوو هەستت بەچی کرد؟ یان هەستت چۆن بوو وەک کوردێکو وەک کەسوکاریان؟

خوشک و برازاو براژنمی تێدایە بە بیستنی ئەو هەواڵە هەرئەوە بوو کەنەمردم، وە ئاواتم ئەوەبوو بمردمایەو ئەو هەواڵەم نەبیستایە وە تائێستاش وەک کێشەکی دەرونی لێهاتووە لەلام.

واتا پێناخۆشبونەکەت بۆ ئەوە بوو کەهەواڵەکە بەوشێوەیە هات کە لەوڵاتی میسرن؟

بەڵێ حەزم ئەکرد ئەوانیش ئەنفال بونایەو لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بونایە نەمانایە وەک براو کەسەکانی ترم ئەو خەبەرەم نەبیستایە.

ئایا ئێستاش هەمان هەستت هەیە؟

بەڵێ تادەمرم هەمان هەستو شعورم هەیە شەوو ڕۆژ بەودەردەوە ئەتلێمەوە.

بەڵام تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیروو مامۆستایت پێت وایە ئەو پێناسەیەی بۆیان کراوە لەبەڵگەنامەکەدا وەک سەماکار، دووڕە لەڕاستیەوە یان چۆن بۆی دەچیت؟

لەوبڕوایەدانیم لە نادی و چێشتخانەکاندابن بەبڕوای من لەماڵان یان لە شوێنەگشتیەکاندا کاریان پێبکرێت چونکە ئەو ڕژێمە هەموو شتێکی لەدەست دێت.

باشە ئەگەر برابن یان هەتا ئەگەر لە نادیەکدا قاپشۆربن یان ئیش بکەن بۆ ئەبێت بە هەواڵی زندوییان پێت ناخۆشبێت؟

وەک ئیستفتیزازێکە بەناموسمان ئەگەر براکانم بونایە ئەوەندە گران نەدەبوو لەلام بەڵام چونکە خوشکو ئافرەتن وەک پیاونین.

باشە کارەکە موخابەرات و دەسەڵاتێک کردویەتی کەتاسەر ئێسقان خۆی نائەخلاقیەو بەدکارە بۆ ئەبێت تۆ تا ئەو ڕادەیە پێی نیگەران بیت؟

بەڵێ من دەزانم شتێکی شەخسی نیە ئەوەندەی نیشتیمانی و نەتەوەییە بەڵام کە کەسانی دەوروبەر لێم دەپرسن زۆر لەگیانم ستەمەو بەردەوام بەبیرم دەهێننەوە.

مامۆستا حەزدەکەم بەڕاشکاوی پێم بڵێیت کەئەم پرسیارانەی منت پێناخۆشە؟

نەخێر، بۆ هەرکەسێک کە بتوانێت خزمەتێک بەم قەزیە بکات من پێم خۆشە بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێک و چارەنوسیان ئاشکرابێت لەو نەخۆشیە دەرونیە ڕزگارم بێت.

بەڵام من چاوپێکەوتنم لەگەڵ خزمێکی خۆت کردووەو بڵاویشم کردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ کە دەڵێت : ئەڵێن ئامۆزاکانت هان لەوڵاتی میسر بەڵام من سەربەرزم بەوەی بەشداری ئەنفالم نەکردووە، ئەگەر بەشداری ئەنفالم بکردایە هەستم بەسەر شۆڕی دەکرد نەک ئەوەی خزمەکانم بەبێ دەسەڵاتی خۆیان برابن بۆمیسر، تۆ ڕات چیە؟

ئەوە سەربەرزیە کە لەپێناو کێشەی نەتەوەیەکدا براون خۆ کێشەکە شەخسی نیە، بەڵام ئاسەواری دەرونیەکەی زۆر زۆرە ناتوانم تەعبیری لێبکەم.

بەڕای تۆ کێ وا ئەکات کەئەوەندەی تر کاریگەریت لێبکات؟ خەتای ڕاگەیاندنە یان خەتای تێگەیشتنی خراپی خەڵکە؟

خۆت دەزانیت کە ئێمە لەناوچەکی عەشایەردا دەژین وەک شارەکان نیە دایمە خەڵکەکە باسی دەکاتو دەیدەنەوە بە گوێچکەماندا، وەک شتێکی شەخسی سەیری دەکەن نەک وەک قەزیەیەکی نەتەوەیی، بە تایبەتی لە بۆنەکاندا ئێمە ئەمانەوێت تۆزێک خۆشی ببینین بەتایبەتی بۆئەوەی نەگاتەوە منااڵەکانم.

تاوانی ئەنفال تاوانێکی گەورەیەو جینۆسایدە بۆ ئەبێت ئێمە بچوکی کەینەوە لەمەسەلەی ناموس و خێڵ دا؟

ئەوە کۆمەڵگا وادەکات.

باشە کەسوکارەکەی تۆ ئەگەر لە میسر هەرکارێکیان پێبکرێت ئیختیاری خۆیان نەبوەو بۆ تۆ ئەبێت وا ببینی؟

کاریگەری دەوروبەرو کۆمەڵگا یە.

هاوکار چیە بۆ ئەوەی تۆ گەورەتر ببینیت؟

ئەوەیە کە کەسوکارو هاوڕێکانیشم هەمان دەردیان هەیە هاوخەمن.

من بۆخۆم ڕەنگە لەهەمووتان زیاتر ئازار بکێشم بەس ئازارەکەی من وەک ئەوەی ئێوە نیەو لە چەند خێزانێکدا بچوکی ناکەمەوە بەڵکو من هەست ئەکەم بەرامبەر میلەتێک کراوە؟

ئەوەی تۆ جیاوازە تۆ وەك شتێكی گشتی وەریدەگریت بەڵام من وەك شتێكی تایبەتی وەریدەگرم.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن چۆن ئەبینیت؟

ڕاگەیاندنەكان پاش دەركەوتنی ئەو دراماید باسێكی زۆریان لەم بابەتە كرد.

باس كردنەكە سەبوری بوو بۆ ئێوە یان ئازاری زیاد كرد؟

زیاتر ئازاری هەبوو بەتایبەتی لەم جەژنەدا كە نەمانتوانی هیچ خۆشیەك ببینین بە پێچەوانەوە زۆر ناخۆش بوو، بۆ یە داواكارین كە لەبۆنەكاندا ئەو باسانە نەكەن و مراعاتی كەسوكاری ئەنفال بكەن بەتایبەتی كەسوكاری ئەو هەژدە كچە.

وتت (لەیلا) خوشكی تۆیە؟

بەڵێ (لەیلا) خوشكمەو (چیمەن) برازامە.

لەیلا ساڵی چەند لەدایكبووە؟

لەساڵی ١٩٥٥ خێزانی (شكور) بوە.

(شكور)یش ئەنفالكراوە؟

بەڵی ئەویش ئەنفالكراوەو ئەویش مامۆستا بوە وەك من.

لەیلا خوێندەواری هەبوو؟

تاكو شەشی سەرەتای خوێندوە.

لەو هەژدە ئافرەتانەی كەناویان هاتوە كێی تر خزمتە؟

(خۆراسان) كەخێزانی برامە بەناوی (نازم عەباس).

خۆراسان كێی تری لەگەڵە كەخزمی خۆی بێت؟

چیمەن نازم كچی خۆراسانە.

تا ئێستا ئێوە هیچ ڕونكردنەوەیەكتان داوە بۆ ڕاگەیاندنەكان سەبارەت بەئەو هەژدە ئافرەتە كە زۆربەیان دایك و ژنن نەك كچ؟

بەڵێ من پانزەیان ئەناسم گشتیان خەڵكی نەوجولن خزمی منن تەنها شەش كەسیان كچن ئەوانی ترداێكن، وە دایكی حەوت منداڵی تێدایە دایكی پێنج منداڵی تێدایە بەتەمەنیش بوون.

باشە بە ڕای تۆ بۆ پانزەیان ناسراو دیارن بۆ سیانەكەی تر دیار نین؟

ئەوانی تریش دیارن بەڵام خەڵكی نەوجول نین و كەسوكاریان هەمویان ئەنفالن و كەسیان نەماوە.

پێت وایە كەسوكاری ئەوان مابن بەڵام نەیانەوێت خۆیان ئاشكرا بكەن بۆ ئەوەی وەك ئێوە دەرنەكەون؟

پێم وانیە وابێت چونكە هەركەسێك مابێت ناتواتێت خۆی ڕاگرێت و خۆی دەرنەخات.

من بە پێچەوانەوە ئەیبینم و بەڵگەشم لایە خەڵك هەیە چۆتە ماڵی خوشكەكەشی هەر لەناو پارێزگاكانی عێراق دا منداڵەكانیشی بینیوەو، بەڵام تائێستا نە باسی ئەكات و نە هێناونەتەوە بۆ كوردستان، بەڕای تۆ باسكردنی باشە؟

باس كرێت باشە بەس نەك باس و هیچی تر بەڵكو باس و كردار چونكە باس بەتەنیا هیچ نیە كە نەگەینە ئەنجام و چارەنوسیان دیارینەكرێت.

پێت وایە ئەمجارە حكومەتی هەرێم ئەم جارە بەجدی كاری لەسەر بكات؟

ئەم جارە زۆر بەجدی هاتۆتە پێشەوە هیوادارم بگەینە ئەنجام و چارەنوسیان.

ئەگەر حكومەت فەشەلی هێنا لەهەوڵەكانیدا ئێوە خۆتان چیتان لەبەرنامەدایە بیكەن؟

ئێمە وەك كەسوكاری ئەو هەژدە كچە ئامادەین مانگرتن ڕاگەیەنین تا دێن بەدەنگمانەوە،وەئەگەر هیچمان بۆ نەكرێت من خۆم لەوانەیە بگەمە ئەوەی خۆم بسوتێنم چونكە بەرگە ناگرم.

بەڵام پێت وایە ئەمە بڕیارێكی باش بێت؟

ئاسەواری لەدڵمایە ناتوانم بەردەوام بم.

بەڵام بۆ وابیرناكەیتەوە كە حكومەتی بەعس ئەوەی دەویست كە ئەوانەی ماون بە دەردی ئەوانەوە بمرن و بەبڕیارێكی وابگەن خۆیان بكوژن یان ملبدەن بن بەعەرەب و حەزێكی ئەو ڕژێمە زاڵمە جێبەجێ ئەكەیت كە ئەوەی ویستووە؟

من لە هیچ كاتێكدا لەگەڵ ئەوەیانیم حەزو ئارەزوی ڕژێمی پێشو جێبەجێ بكەم بە پێچەوانەوە؟

ئەگەر خۆت بكوژی كێ قازانج لەوە دەكات؟

كەس قازانج ناكات بەس خۆم خەسار ئەكەم ئەو دەردەو خەمەی لەدڵمایە كۆتای دێت.

خەڵك هاوسۆزە بۆئەوەی چارەنوسیان بدۆزنەوە؟

هیچ كەسێك نیە تەنانت دڵدانەوەشمان بكەن بە كەسوكارەكەی خۆمانیشەوە ئەوە نەبێت زامان دەكولێنەوە

واتا ئێوە پێویستان بەو سەردان ودڵدانەوەیە هەیە؟

بەڵێ زۆر پێویستم بە دڵدانەوەو مراعاتی نەفسی هەیە.

من دڵنیام كە ئازار ئێوە ئازاری زۆركەسی تری، خەڵكێكی زۆر هەیە هاوخەمی ئێوەیە بەس ڕەنگە لەوە تێنەگەیشتبن كە سەردان و مراعاتی ئێوە زۆر پێویستە؟

ئەبێت خەڵك تێنەگەیشتبن لەوەی كە چەند پێویستە دڵدانەوەو سەردانكردنی خانەوادەو كەسوكاری ئەو هەژدە كچە؟ بڵێی تێگەیشتبن؟! ئێمە دەرونمان نەخۆش و هیلاك بووە مەگەر بەس خۆمان و خوا بزانێت. یەكێك لەوان خۆمم كە بەردەوام گێژم هەست ئەكەم بەدوای شتێك دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.

ئەگەر ئەم بەڵگەنامەیە بەجۆرێكی تربوایەو بوترایە ئەو كچانە لەكێڵگەیەك كاردەكەن، تا چەند لەباری مەعنەویەوە بۆتۆ گرنگ بوو؟

باشتربوو لەوەی بوترێت لە نادی و چێشتخانەكاندا كاردەكەن چونكە لەڕوی سومعەوە باشتر بوو.

تۆ بۆ وا ئەم شتە ناخۆێنیتەوە كە ئەوان لە كارگەیەكدا كاردەكەن بەوە هاوكاری خۆت بكەیت؟

بەڵگەكان ناهێڵن و ئەو دراماییە واناڵێت.

تاچەند بڕوات بەو بەڵگەنامەیە هەیە؟

ئەگەر بەڵگەكە ڕاست نەبێت ئەی دراماكە!؟

تاچەند بڕوات بە دراماكە هەیە بەوەی پشتی بە بەڵگە بەستوە؟

دراماكە پشتی بەنوسینێك و بەڵگەیەك بەستوە لەو باسەدا وە باوەڕم پێی هەیە چونكە تەنها هەر ئەو هەژدە كچە نین باس لەژمارەیەكی زۆتر دەكەن كە فرۆشراون بەوڵاتە عەرەبیەكان.

پێش ئەم بەڵگەنامەیە هەرگیز چیرۆكێكی وات بیستبوو كە پیاوێكی عەرب ژنێكی كوردی گرتبێتە خۆی یان هاوسەرگیری لەگەڵداكردبێت لەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال كەوتون؟

تەسەوری شتیوام نەكردووە پێموابوە هەمویان زیندەبەچاڵ كرابن و نەمابن، نەك وەك ئێستا باس دەكرێت لەنادی و چێشتخانەكانی وڵاتاندا كاربكەن.

ئەگەر بەیانی من كۆرێكم سازكرد لێرە یان لەبەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی كارم كرد بۆئەوەی قەناعەت بەتۆبكەم كە ئەو بەڵگەنامەیە تەزویرە، ئەگەیتە قەناعەت؟

حەزئەكەم بگەمە ئەو قەناعەتە بەڵام زۆر بەگرانی ئەوە ئەبێت.

تۆ خۆت ئامادەی بڕۆیت بۆ میسر؟

بەڵێ تەمەنا ئەكەم.

ئەی ئەو لیژنەیەی حكومەت ئەو تەمەنایەت بۆ ناهێنێتە دی؟

ئێمە نوێنەرمان هەیە لەو لیژنەیە كە ئەویش خوشكی لەناو ئەو كچانەدایەو كەسوكاری ئێمەیە بۆیە جیاوازی نیە لەگەڵ خۆماندا.

ئەگەر ڕۆژێك دنیا بەدڵی ئێوە وەرچەرخاو ئەو كەسانە گەڕانەوە، هەستت چی ئەبێت؟

باوەشیان بۆئەگرمەوەو تەمەنای ئەو ڕۆژە ئەكەم ئەوە ئاواتمەو خەمەكانم بەبائەدەم لەوڕۆژەدا.

مامۆستا هیچ كەسێك هەبووە بەرەورو تەعلیقت لێبات یان بریناڕت بەكەن بلێ برۆ كەسەكانت بێنەرەوە لە میسر؟

هەیە ئەگەر بەرەو ڕوش نەیڵێن لەپاشەمله دەیڵێن، جاربوە چومەتە ناو مەجلیسەوەو باسەكەیان بڕیوە.

تۆ یاسایەك بەپێویست نازانیت كە هەندێ باس لەسەر ئەنفال بەهێڵی سور بزانرێت و بەیاسا سزای هەبێت؟

زۆر بەپێویستی ئەزانم تەمەنا ئەكەم ئەو یاسایانە هەبێت.

هەست ئەكەیت لەپارێزگاكانی عێراق ژنی كورد دابەشكرابێت نەك فرۆشرابێت بەسەر خەڵكداو بەشێوەی شەرعی و قانونی مارەكرابێت؟

ئەبیستم بەڵام هیچ بەڵگەیەكم نەدیوە دەڵێن لەپارێزگاكاندا ژنانی كورد كاریان پێدەكرێت بۆ خزمەتكردنی مەڕومااڵت وكشتوكاڵ.

ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەوە من بەڵگەیەكت بدەمێ تاچەند سەبوریت پێدێت لەڕوی سایكۆلۆجیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم ژنە ئەنفالانە لای شوانە عەرەبەكان نین بەڵكو خێزانیان و ماڵ و منااڵیان هەیەو ئیحترامیان لێئەگیرێت لەلایەن مێردەكانیانەوە؟

باشە ئەی كەسوكاریان بۆ نارۆن بیاندۆزنەوەو سەردانیان بكەن!!

من ئەڵم حاڵەتی واهەیەو سەردانیشیان ئەكەن

منیش تەمەنا ئەكەم خوشكەكانم كە ئێستا ئەڵێن لە میسرن لەشوێنێكی ئاوا بونایەو بەشێوەی شەرعی مارەبكرانایەو چارەنوسیان دیاربوایە منیش بچومایا سەردانم بكردنایا.

من پرسیارم لەمەلایەك كردوە كەلەحەج ئافرەتێكی ئاوای بینیوەو چۆتە ماڵیان نانی خواردوە، پێم ووت تاچەند ئەو مارە بڕینە شەرعیە؟ ئەو دەڵێت ئەو مارکردنە تەواو شەرعیەو لەروی دینیەوە هیچ مانعێك نیە، باشە تۆ بۆ لەجیاتی ئەوەی وابیربكەیەتەوە كە خۆت بكوژیت بۆ وابیرناكەیتەوە كەئەمان توشیان بەتوشی پیاوێكی باش نەبوە؟

بەڵگەكان ناهێڵن بەڵگەكەی ئەمن تارادەیەك بەڵام ئەوەی ئەم دراماییە تەواو دەرونی گران كردم.

تۆ پێت وایە دراماکە دەرونی هیلاك کردووی یان ڕاگەیاندی کوردی؟

هەردووکی تەئسیری لێم کردوە.

ئەگەر من بەڕوونتر قسەبکەم، بۆ نمونە بەڵگەکە ئەڵت ئەمانە براون بۆ ئەو شوێنە کەئەمە زمانی دوژمنەکەمە، ئەشێت منی ڕاگەیاندنی کورد هەمان ئەو زمانە بەکاربهێنمەوە؟

ئەوەنیە بەکاریان هێناوە؟ ئەوەنیە ڕەحمان پێناکەن؟

باشە تۆ کەساحێبی مەوزوعەکەی تائێستا بەڕەچت داونەتەوە کە بڵێیت بەوزمانە قسەمەکەن؟ هەست ناکەیت خۆشت هاوکاربویت؟

ئایا قسەی من تەئسیر ئەکات لەڕاگەیاندن!

بێگومان لەبەرئەوەی ئیجازە لەتۆ وەرنەگرم ناتوانم قسەت لێوەرگرم، وە دوای ئەوەی کە تۆماریشمان کرد ئیجازە لە تۆ وەرنەگرم ناتوانم بڵاوی بکەمەوە، ئەمە بەپێی یاساو لەڕوی ئەخلاقیشەوە هەروایە ئەوە عورفی ڕۆژنامەنوسییە بەدەست ئەوان نیە بەدەست تۆیە؟

خوابکەم وابێت.

من قسەم زۆرەو نامەوێت لەوە زیاتر ماندووت بکەم دوا پرسیارم ئەوەیە ئامادەی ئەم دیدارە بڵاو ببێتەوە؟

ڕازیم بڵاوببێتەوە هیوادارم هەموو ڕاگەیاندنەکانیش وابکەن و وەك تۆ بکەن.



بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ١٦٠١
التاريخ / ١٢/١٠ /١٩٨٧

(سري وعلى الفور)

مديرية محابرات محافظة التاميم

الى / مديرية المحابرات العامة

الموضوع / اجراء ت

بعد الأنجاز المباشر من لدن القيادة السياسية وقيامنا بعمليات الأنفال الاولى و الثانية واللتي تم فيها حجز مجاميع مختلفة من الأنعام ومن تلك المجاميع مجموعة من الفتيات التي تتراوح اعمارهن بين (١٤ الى ٢٩) سنة وقد قمنا وحسب أوامركم بأرسال مجموعة من تلك الفتيات الى ملاعب والنوادي الليلية لجمهورية مصر العربية وحسب طلبهم هوأليكم طياً قائمة بأسماء تلك الفتيات مع عمر كل واحدة منهن للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

الاسماء	العمر
كلاويز عادل رحيم	١٧
جيهن نازم عباس	٢٣
ليلى عباس جوهر	٢١
لعيمة ناظم عمر	١٩
بهجان بكر معالي	١١
غراسان عبدالله توفيق	٢٠
قدرية احمد ابراهيم	١٧
كولهلك ابراهيم علي	١٩
خوله احمد فخرالدين	٢٥
عصمت قادر عزيز	٢٤
نجيبة حسن علي	١٨
حسيبة امين همزه	٢٩
ملهر حسن علي	٢٠
دكرية رستم محمد	٢٧
حسيبة هدايت ابراهيم	١٥
كويستان عباس مولود	٢٦
سروه عثمان كرم	١٧
سوزه مجيد بعيم	٢٦

التوقيع
مديرية محابرات محافظة التاميم
٢٠ / ١٢ / ١٩٨٧

نازم ابراهیم عەلی

ئەفسەرەکە بەمیسریەکەی گوتبوو لە دائیرەی ئەمنی کەرکوك ژن دەفرۆشن، برۆ بۆخۆت ژنێك بکرە لەسەرئەوە هەردوکیان لەگەڵ من لە زیندان بوون.

رێکەوت : ٢٤ ئابی ٢٠١٣

کات : ٣ی پاش نیوەڕۆ

شوێن : رزگاری



چیرۆکی قەدریە لەهەموویان زیاتر جێگەی تێرامانە، ئەو لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٣ یە، بەڵام لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا تەمەنی بە ١٧ ساڵ تۆمارکراوە لە کاتێکدا ئەو دایکی پێنج منداڵ بووە چوارکوڕو کچێك بەناوی پەیمان کە ئەویش ناوی لەناو بەڵگەنامەکەدایەو تەمەنی بە ١٦ ساڵ نوسراوە بەوپێیە بێت دەبێت جیاوازی تەمنیان لەگەڵ دایکیدا تەنها یەك ساڵ بووبێت!

قەدریە و خانەوادەکەی ماوەی ٢٠ شەو دوای تەواو بوونی ئۆپەراسیۆنە گشتگیرەکەی ئەنفالی گەرمیان گیراون، چونکە ئەوان لەو جەوەلانە مابوونەوە و خۆیان حەشاردابوو بەڵام بەهۆی دوکەڵەوە کە خواردنیان ئامادە کردبوو ئاشکرا بوونو کۆپتەر چوەتە سەریانو هەموویانیان دەستگیر کردبوو، پاشئەوەی کە گیران ئیتر چارەنوسیان دەکەوێتە مەترسیەوەو هیچ یەکێك لەو خانەوادەیە سۆراخیان نابێت، جگەلە قەدریەو پەیمانی کچی کە ناویان لە نوسراوەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە.

ڕۆژی ٢٤ی ئابی ٢٠١٣ پاشئەوەی لە ڕێگەی شارۆچکەی کفرییەوە لە خورماتوو گەرامەوە لە رزگاری لامدایە ماڵی (نازم ابراهیم عەلی) برای قەدریە ئیبراهیم عەلییە کە ئەویش یەکێکی ترە لەو ژنانەی ناویان لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، نازم و قەدریە خەڵکی ناحێی نەوجولن، کە لە ساڵی ١٩٨٧ ئەویش روخاو خەڵکەکەی چۆلیانکرد. زۆربەیان ڕویان کردە خورماتوو، هەندێکیشیان ڕویانکردە گوندەکانی دەوروبەری وەك گوندەکانی وارنیو حەیدەرە سور، نازم لەبارەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوسای خانەوادەکەیەوە ووتی : قەدریەی خوشکم بەخۆیو منداڵەکانیەوە لە گوند بوون، بەڵام ئێمە زۆر زوتر لەوێ نەماوبووین. لەساڵی ١٩٨١ەوە ئێمە لەوێ نەمابوین.

پاشئەوەی کامێرام چەسپاند دیمانەکەمان دەستپێکرد دەبێ ئەوەش بڵێم کە لەناوەراستی دیمانەکەماندا بووین تەلەفۆنی هاوڕێ محمود برای (عصمت قادر عەزیز) کە یەکێکی ترە لەو کچانەی ناوی لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، دوای دوجار زەنگکردن ناچاربووم ریکۆرد رابگرمو وەڵامی بدەمەوە هەواڵیکی پێدام کە بازرگانێك ١٦ لەو کچانەی دۆزیوەتەوە.هەرچەندە من بە برواوە بەرەوپیری ئەو هەواڵە نەچووم بەڵام هەواڵیکی کاتی زۆر خۆش بوو بۆ نازم ئیبراهیمی دیمانە لەگەڵدا کراو. دەقی دیمانەکەمان لەگەڵ نازم ئیبراهیم برای قەدریە.

ئەگەر بکرێت ناوی سیانی خۆت بڵێیت؟

نازم ئیبراهیم عەلی.

لە دایکبووی ساڵی چەندی؟

ساڵی ١٩٦٦ لەنەوجول لەدایك بووم.

چڕی دانیشتوانی ناحێی نەوجول چۆن بوو؟

ئەوسا نزیکەی ١٢٠ خانەوادەی تێدا دەژیا.

هەتا ساڵی چەند لەوێ نیشتەجێ بوون؟

من لەساڵی ١٩٨١ەوە ڕۆیشتم بووم بە پێشمەرگە.

هەڵبەتە دەزانی کەمن بۆ سۆراخی زانیاری دەربارەی قەدریەی خوشکت هاتووم بۆ لات؟

بەڵێ دەزانم بەخێر بێیت.

قەدریە تەمەنی چەند بوو؟

قەدریە لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٣ بوو، ئێمە هەر پێکەوە ژیاوین چونکە منداڵ بووین کە باوکمان کۆچی دوایی کردووەو دایکمان هاوسەر گیری کردووەتەوە.

قەدرییەش هەر لەگەڵ خزمەکانی ترتاندا گێرابوون؟

نا ئەوان دوای ٢٠ شەو لە دوای ئەنفالگیراون هەر لەو جەوەڵانەدا خۆیان شاردبووەوە بەڵام کەخواردنیان ئامادەکردبوو بەدوکەڵەکەدا ئاشکرا بوون خۆی منداڵەکانی وهاوسەرەکەی گیران هاوسەرەکەشی هەر ئامۆزای خۆمان بوو.

پێشئەوەی بەڵگەیەکتان دەستبکەوێ هیچ چیرۆکێکتان لەبارەی فرۆشتن و دابەشکردنی کچانی کوردەوە بیستبوو؟

بەڵی پێشئەوە من لە دوای ئەنفال دەستگیرکرام، لە موخابەراتی کەرکوک گیرابووم، لە زیندانەکەدا ئەفسەرێک گیرابوو من ماوەی ١٨ ڕۆژ لەگەڵ ئەو ئەفسەرەدا زیندان بووم، ئەو لەگەڵ میسریەک گیرابوون لەسەر ئەوەی ئەم ئەفسەرە بەو میسریەی گوتبوو بچۆ بۆکەرکوک لە دائیرەی ئەمن ژن دەفرۆشن برۆ بۆخۆت ژنێک بکرە میسریەکەش هاتبوو بۆ دائیرەی موخابەراتی کەرکوک لەوێ پێیان ووتبوو کێ ئەم زانیاریەی پێدای ووتبووی ئەفسەرێک لە ئەبوغرێبی بەغدا ئەمەی پێگوتووم سواری سەیارەیان کردبوو بردبویان بۆ ئەبوغرێب لەوێ وتبووی ئەم ئەفسەرە بوو ئیتر گرتبویان و هێنابوویان بۆ کەرکوک لەوێ لەگەڵ خۆمدا سجن بوون من ئەوەم بەچاوی خۆم بینی و ماوەی ١٨ ڕۆژ پێکەوە زیندان بووین.

تۆخۆت شاهیدێکی زۆر باشیت چیتر لە بارەیەوە دەزانی؟

بەچاوی خۆم ئەو ئەفسەرەم بینی، لەساڵی ٢٠٠٧ یش شتێکم بیست، ئێمە لە نعمانیە لە دەورە بووین، ئەوسا من لە بەغدا بووم لە فەوجی پارێزگاری مام جەلال زۆرجار، دەچوین لەلای (سەید) دادەنیشتین، سەید پیاوێک بوو نائیب زابت بوو قاوەی دروست دەکرد، ئەو گێرایەوەو ووتی: (ئێستا کچێکی کورد لە گوندەکەی ئێمەیە، لەکاتی ئەنفالدا ئەفسەرێک کوری موختار بووە کە خەڵکیان کوشتووە کچێکی شاردووتەوەو هێناوێتیەوە بۆ ماڵی خۆیانو گەورەی کردووەو دوایی مارەی کردووە لە کورێکی خۆی، هەتا ئێستا وا لە دێکەی خۆمانە) ئەمە قسەی سەیدەو ئێستاش دەتوانم بیدۆزمەوە.

نوعمانیە لە کوێیە لە پارێزگای کوتە؟

ناحیە پارێزگای حلەیە (بابل) ئەوسا معسکریکی لێ بوو هی ئەمریکیەکان بوو.

سەید تەمەنی چەند بوو.

نازانم بەڵام نائیب زابت بوو لە جەیشی عێراقیدا.

وەک بزانی پێشتریش نائب زابت بووە؟

هەلبەت نائب زابت بووە پیاوێکی بەتەمەنە ئەی چۆن یەکسەر دەبێت بە نائب زابت.

تۆ ڕاستیت لەدەموچاویدا دەخوێندەوە یان هەر چیرۆکێکی داتاشیبوو؟

نانا ڕاستی دەکرد لە ئینسانیەتی خۆیەوە بۆی گێرایەوە، ووتی: حەز دەکەن وەرن پیشانتان دەدەم.

واتا کچەکەتان پیشان بدات.؟

بەڵێ.

ئەی بۆچی نەچوویت ببینیت؟

خۆت دەزانی وەزعەکە چۆنە ئێمە کورد بووین.

تۆ ئامادەی ئەگەر وەزارەتی شەهیدان یان لایەنێکی تر ئامادەبێت بۆ دۆزینەوەی سەید؟

بەڵێ ئامادەم.

لەوبروایەدای سەید بدۆزیتەوە.؟

بەڵی چونکە من ژورەکەشی دەزانم رەنگە ئێستاش هەرلەوێ مابێت. مەگەر مردبێت دەنا هەرلەوێ یە.

تۆ پێت نەووت منیش خوشکێکم ونە؟

نا نەخێر نەمووت.

بۆچی نەتووت؟

خۆت دەزانی وەزعەکەمان چۆنە؟ لەبەرئەوە نەمووت.

لەو بروایەدا نەبوویت ئەگەر پێت بوتایە منیش خوشکێکم ئەنفالکراوەو هەتا ئێستا وونەو ناوی لە بەڵگەنامەیەکی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە کە فرۆشراون بە وڵاتی میسر؟ سۆزی بجولایە؟

رەنگە وام بگوتایە شتی گرنگتریشی پێبگوتمایە، بەڵام نەمگوت.

ئێستا پەشیمان نیت کە پێت نەگووت منیش خوشکێکم ئەنفالە؟

ڕاستی بۆخۆم پیمناخۆش بوو پێی بڵێم.

هیچ حاڵەتێکی ترت پێشک دێت لەو بابەتەی کە سەید بۆتی گێرایتەوە؟

شت زۆر ئەوەتا خۆشتان بەدواداچوون دەکەن شت زۆرە لەو چیرۆکانە.

یەکەمجار کە بەڵگەنامەکەت بیست هەستت چۆن بوو؟

نازانم چیت پێبلیم مردن ئاسان نیە، نازانم هەستم چۆن بوو باس ناکرێت. بەڵام ئێمە بێدەسەلات بووین.

ئەگەر نوسراوەکە ناوی برایەکت یان برازایەکی خۆتی تێدابوایە لە بری ژنەکان.؟

هەڵبەت خۆشتر دەبوو.

لەو ژنانە چەندیان دایك بوون؟

جگە لەو سێ کەسەی کەناویان لە بەڵگەنامەکەدایە نایان ناسین چوار پێنجێکیان دایکن، قەدریەو حەسیبەو خۆراسان، خوشکەکەم دایکی پێنج منداڵ بوو، هەیانە لەویش گەورەتربووە، حەسیبە ئەمین دایکی حەوت منداڵ بووە، خۆراسان دایکی چوارپێنج منداڵ بووە، لەیلاو حەسیبە هیدایەتیش شویان کرد بوو.

دەتوانی وەسفێکی قەدریەم بۆبکەیت؟

قەدریە ساڵی ١٩٧٦ شووی کردووە، هاوسەرەکەی ئامۆزای خۆمان بوو، لە زگماکەوە کەمێك دەشەلی.

واتا قەدرییە خاوەن پێداویستی تایبەت بووە؟

چۆن یەعنی چێ؟

مەبەستم ئەوەیە خوشکەکەت قەدرییە کەم ئەندام بوو؟

بەڵێ هەر لەزگماگەوە شەلینێکی هەبوو.

تۆ موچەکەی قەدری وەردەگری؟

بەڵێ.

ئەی هی منداڵەکانی..؟

پیاوەکەی کراوە بە شەهیدی سەنگەر، چونکە پێشمەرگە بوو. منداڵەکانیشی کەس وەری ناگرێت.

پیاوەکەشی ئەنفال بوو؟ یان شەهید؟

ئەی نەموت بە هۆی دوکەڵەوە ئاشکرابوون و هەموویان پێکەوە گیران، ٢٠ شەو لەدوای لە دوای ئەنفال بەهۆی دوکەڵەوە کۆپتەر دۆزیانییەوەو گرتنیان.

پیاوەکەی قەدرییە ناوی چی بوو؟

شوکور موسا ئامۆزای خۆمان بوو.

لەو ژنانەی کە ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کامیان واریسی یاساییان نەماوە؟

گشتیان ماوە.

ئەی حەسیبەو حەسەن کە هەردووکیان ئەنفالنو کەسیان نەماوە؟

با حەسیبە برای ماوەو حەسەنیش خوشکی ماوە.

هیچ وێنەیەکی قەدریەت لاماوە؟

هیچم لا نییە.

هیچ یادگارییەك، ملوانکەیەك...شمەکێکی ئەو؟

هەموو بەڵگە نامەو کەڵو پەلێکی لای خۆی بوو. ڕەسمو شتمان زۆربوو لە ئەنفالدا هەموو فەوتا.

من سورەت قەیدەکانم لە لایە، ساڵی ٢٠٠٦ دەرمانهێنانو ناردیشمان بۆ هۆڵندا، تا بیدەنە باڵوێزی میسر، نەماندەزانی کە قەدریە شووی کردبوو.

بەڵام بۆچی هێشتا کچە؟ ئەمە بۆچی؟

بەڵێ لە نفوسدا کچە، بەڵام شووی کردبوو، کورە گەورەکەی لە دایکبووی ١٩٧٧ە.

چ یادەوەرییەکی خۆشت هەبووە لەگەڵ قەدری، شەڕتان، یاریتان. یان هەر شتێکی تر؟

یادەوەریمان زۆرە، دایکم شووی کردبووە بە مامێکمان. بەڵام منو قەدریە هەر پێکەوە لەگەڵ دایکمان دەژیاین. ئەو کاتە نەبێت کە دایکم برابووەوە بۆ ماڵی بابام ئەو کاتە لە ماڵ دادام دەژیاین. ئیتر یادەوریمان زۆرە..

کە قەدریە شووی کرد، تۆ لەگەڵ کێدا دەژیایت؟

من هەر لەگەڵ دایکمدا دەژیام. هەتا ساڵی ١٩٧٧ هاوسەرگیریم کرد.

چەند منداڵتان هەیە؟

چوار کوڕو کچێك.

کچەکەت بەناوی قەدریەوە ناو نەناوە؟

نا. ناوم ناوە خانزاد.

پێتوایە، خەڵکێك هەیە هاوسۆزتان بێت وئازاربکێشێت لەگەڵتاندا؟

نانەخێر هەستی پێناکەم. هەیە دەڵێت: خوشکی ئێمەشن بەڵام ئەوە راست نیە دەردی ئێمە زۆر گرانە.

تۆ رازیت لە ئەدای راگەیاندنی کوردی؟

نانەخێر رازی نیم هەستمان دەشکێنن.

خوێندەواریت چۆنە؟

تەنهاسەرەتایم خوێندووە.

بیرورات بەرامبەر بە نوسراوەکەی موخابەرات چی یە؟

من دودلم لەبەڵگەنامەکە زۆر شتی هەیە ناچێتە ئەقڵەوە، بێگومانم لەمۆرەکەی تەواوە، بەڵام سااڵی لە دایک بوونیان هەمووی ڕاست نیە.

ڕاست دەکەی هیچ کامیان تەمەنیان ڕاست نیە. هەموویان منداڵکراونەتەوە.

چی گومانێکی ترت لەسەر بەڵگەنامەکە هەیە.؟ لەو بڕوایەدای کە دروستکراوبێت؟

پێناچێت دروستکراوبێت خەڵکێک بۆچی ئەوە دروست دەکات؟ چی قازانجێک لە دروستکردنی دەکات؟ ئێمە هەوڵێکی زۆرماندا بۆ ساغکردنەوە سەردانی زۆر شوێنمان کردو هەموویان وتیان درۆیەو دروستکراوە چوینەلای سەرۆکی هەرێمو دکتۆر بەرهەمو مام جەلال بۆخۆی ووتی پەیوەندی بە حوسنی موبارەکەوە دەکەم هەموویان وتیان درۆیەو شتی وانیە. کە ئەوان وایان ووت ئێمەش لێی بێدەنگ بوین هەتا ئەم درامایە دەرچوو.

بیرورات لەسەر دراماکە چی یە؟ پێتوایە ئەو درامایە بنەمایەکی هەیە؟

بنەمای هەیە چۆن لەخۆیەوە نوسەرەکە قسە دەکات. تۆ کە شتێکت لەبەردەست نەبێ چۆن دەتوانی باسی ئەم ماڵەی من بکەیت؟ هەلبەت ئەویش شتێکی هەیە.

ئەگەر تۆ یەکێک بیت لەو کەسانەی سبەینێ دەچیتە میسر بۆ ئەوەی قسەلەگەڵ نوسەرەکەی بکەن؟

ئەو ناتوانێ بڵێ نییە، ئێمە ناتوانین هیچ بکەین، ئەوە حوکومەت هەیە قانون هەیە. ئەوە قانونو دادگاو مەحکەمە هەیە. دەبێت شتێکی بۆبکرێت بزانن ئەمە چۆن دروست بووە، بەدوادا چوونی بۆ بکرێت.

ئاخر ئەو دادگایە لەکوێ. ئێستا میسر خۆی شێواو هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە؟

دە ئێتر ئەوە نازانم..

ئەی هاوڵاتیەکی کورد چۆن دەتوانێت بچێت لە میسر شکات بکات؟

دەبێت حوکمەت عێراقی بەتایبەتی پێی هەستێت..

ئەی تۆ پێت وانییە حوکمەتی عێراقیو هەرێمیش بۆیە نەهی لێدەکەن، باوەڕ بە خەڵک دەهێنن کە ئەم بەڵگەیە درۆیە، بۆ ئەوەی خۆیان توشی ئەم سەر ئێشەیە نەکەن؟

بێگومان. حەز ناکەن بچنە ناو بابەتەکەوەو سەری خۆیان بئێشێنن و بگرەو بێت و بڕۆو کەشف بێت و دڵی میسر عاز کەن لە خۆیان.

کاك نازم، ئەو لیژنەیەی کە ئێستا وەزارەتی شەهیدان پێکی هێناوە، تا چەند ئومێدت پێدەبەخشێت؟ تا چەند چاوەڕوان دەکەیت ئەم لیژنەیە شتێك بکات؟

وەڵایی من شەخسی خۆم ئومێدم پێی نییە...

ئومێدت پێی نییە؟

نەخێر. چونکە یەکێک لە سەرۆک لیژنەکە کاك "مەلا یاسین"ە خۆی لە ڕاگەیاندنەکانەوە نەهی لێدەکات و دەڵێ شتی وەها نییە. کە شتی وەها نەبێت چۆن بەدوادا چوونی بۆ دەکەن.؟ ئەی نابێت دڵنیا بێت لەسەری؟

لەکوێ دەیگوت شتی وەها نییە؟

لە تەلەفزیۆنەکانەوە، من خۆم ئاگام لە چاوپێکەوتنەکانی بوو گوتی.

جا ئەگەر پێشتروەخت سەرۆکی لیژنە نکۆڵی لێکردووە. ئێتر سەرۆکی لیژنەی چی ولیژنە بۆچی دروست دەکەن؟

دەسا وەڵا ئێتر ئاوایە، من خۆم ئاگام لێی بوو، هەر دوێنێ و پێرێ لە تەلەفزیۆن چاوپێکەوتنی بوو. دراماکەم بینی و دەرهێنەری دراماکە گوتی شتی وا نییە، بیستوومەو لە ڕۆژنامە بینیومە.

ئێستا ئەو تەلەفۆنەی بۆم هات هاوڕێ مەحمود بوو دەڵێت دەنگۆیەك هەیە پازدە لە کچەکانیان دۆزیەوە، ئەگەر یەکێك لەوانە خوشکەکەی تۆ بێت، هەست بەچی دەکەیت؟

وەڵا ئێتر زۆر خۆشە بەڵامەوە.. زۆر. پێم خۆشە.

واتا ئەوهەواڵەی ئێستا بە ئێمەیان دا...

وەڵا خۆشترین هەواڵەو لەم هەواڵە خۆشتر نییە.

ڕۆژانێك هەبووە کەسێك تانەیەکت لێبدات و شعورت بشکێنێت و پێت بڵێ: بڕۆ خوشکەکانت لە میسر بهێنەرەوە؟

نەخێر نەبووە.

نەبووە؟

نەخێر.

کەس هەبووە ڕۆژێك دڵت بشکێنێت لەسەر ئەم دۆسێیە؟

وەکو چی؟

بەشێوەیەك باسی کردبێت کە تۆ شعور بشکێت؟

بێگومان ئەگەر باسی بکەن تۆش لە لای خۆتەوە پێت ناخۆشە.

بەڵام من وەک خۆمو شەخسی خۆم وەک شەرەفی دەزانم. ئەمە وەزعێک نییە، من هەر بە شەرەفی دەزانم.

ئەگەر ئێستا ئەم هەواڵە ڕاست نەبوو. هەوڵەکانی وەزارەتی شەهیدان و حوکمەت فەشەلی هێناو وتیان شتی وەها نییە بەدوایدا مەچن، تۆ خۆت ئامادەیت دەست بەرداری بیت و وازی لێبێنیت؟

نەخێر. هەتا بمێنم...

هیچ ڕێگەیەک هەیە بەجیا، من بەم شێوەیە، یان بەم ڕێگایە دەمەوێت ئەم خزمانەم بدۆزمەوە. یان ئەم خوشکانەم بدۆزمەوە؟

ڕێگای وەکوچی؟

بۆ نموونە خۆت ڕێگایەکت لە خەیاڵی خۆتدا دانابێت، مادام حوکمەت بەم ڕێگایە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بڵێیت من بەم ڕێگایە هەوڵ دەدەم.

بەخوا ئەگەر حکومەت نەتوانێت، ئێمە وەک عەشایەر لەکوێ دەتوانین!! ئەمە مەسرەفی دەوێت و پارەی گەرەکە.

بۆچی بیر لەوەناکەنەوە کە میسر کوردی زۆری لێە بەتایبەتی خویندکاران و لەناویشیاندا کەسوکاری ئەنفالکراوان.؟

ئەوە ڕێگەیەکی زۆر باشە. بەڵام وەک پێمگوتی هەموو کەسێک بریندی خۆی لای خۆیەتی. کەس خەمی کەس ناخوات.

بەڵام وانییە کاک نازم..؟

بەخوا وایە. من وای بۆ دەچم کەمی وابێت.

تۆ شەوانە تا کاتژمێر چەند دەخەویت؟

وەڵا ئیتر تا ١٢ بۆ ١.

کە دەنویت خەون دەبینیت؟

بێگومان.

خەون بە چییەوە دەبینیت؟

ئیتر هەر شتێک کە لە خەیاڵتدابێت..

ئەم پرسیارانەی من زۆر جدین.

هەر دیمەنێک بە ڕۆژ ببینم بە شەو دێتە خەونم.

قسەیەکت هەیە لە کۆتاییدا بیکەیت؟


نا هیچم نییە.

ببورە کە ئەم دیدارە بەجۆرێک لەجۆرەکان بریندی کولاندبیتەوە؟

نا بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوەش خەمخۆر نەبن، پێمانەوە ماندوو نابن.

ڕازیت بەوەی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە؟

بەڵێ لە هەرکوێیەک بڵاوی دەکەیتەوە.



تۆمەتباران و تاوانبارانی جینۆساید هیچ (حصانە) پارێزبەندییەکی ناخۆیی و نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە، دەسەڵاتدارانی هەرێم بە دالّدەدانی تۆمەتبارانی ئەنفال ئەم پێشێلکارییەشیان گرتە ئەستۆ هەرێمی کوردستانیان پێ عەیبدار کرد

جەلال ئەحمەد ئیبراهیم

خوشکەکەم ناوی پیرۆزە، خۆمان پێمان دەگوت " گولیلك"، لە بەلگەنامەکەشدا هەر وا ناوی هاتووە!

رێکەوتی : ٢٠١٣/٨/٢٤

شوێن : رزگاری

جەلال ئەحمەد دواهەمین کەس بوو کە لە گەشتەکەمدا دیمانەم لەگەڵدا سازکرد، ئەو بۆ گولیلکە کە لەتۆماری باری شارستانیدا (پیرۆزە) و دایکی لەبەر خۆشەویستی پێی گوتووە گولیلك وخزمانیش هەر بەوناوەوە بانگیان کردووە، کەچی سەیرە لەبەلگەنامەکەشدا (پیرۆز) بەگولیلك ناوی هاتووە، پیرۆز خۆی ئەحمەد فەخرەدینی هاوسەری و هەردوکچەکەی (خەولەو شەهلا) ئەنفالکراون، بەڵام لە بەڵگەنامەکەدا ناوی خۆی و خەولەی تێدایەو شەهلا نا دیارە.

لەروخساری جەلالدا هەر پاکی وسەلامەتی ناخوێنیتەوە بەڵکو دنیایەك پرسیار دەخوێنیتەوە، جەلال کوری کۆمەڵگایەکە ستەمکاری وێرانی کوردووە، روخساری ئەم پیاوە هەمووی پرسیارە لەو ستەمکارییەی دەرهەق کوردوگەرمیان ئەنجامدراوە، من وام خوێندەوە کەجەلال بەخۆشەویستییەوە پێشوازی لەهەر میوانێکی غەریبە دەکات بۆ ئەوەی سەرەداوێکی خوشکەکەی وخوشکەزاکەی دەست بکەوێت و ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەشیان لەکۆڵبکاتەوە کە وەك ماشێنێکی هارودڵرەق بێبەزەییانە دەیان هارێت و هەواڵەکان هیچ ئاسودەییەکی بۆ ئەوان تێدانیە بەڵکو هەمووی هەر شکاندن و بێرێزیکردنە، جەلال هیوا خوازە ئەو کێشەیە بە بوون و نەبوون بەلایەکدا بکەوێت.

کاك جەلال ناوی سیانیتم پێبڵێ؟

جەلال ئەحمەد ابراهیم

لەکوێ لەدایکبویت؟

لە دایکبوی (وارانی ژورو) ناوچەی (دووز) سەر بەناحیەی (نەوجول).

چەند کەس لە خێزانەکەتان ئەنفالکراوە؟

براکەم بەناوی (برایم ئەحمەد)وە خێزانەکەی بەناوی (حەلاو فەخرەدین) وە منداڵەکانیان.

ناوی منداڵەکانیانت بیرماوە؟

بەڵی کورەکانیان بریتی بوون لە (سەرکەوت وزانا و هەڵکەوت و کچەکەشیان بەنان).



ئەی خوشکەکانت؟

خوشکەکەم بەناوی (گولیلك ئەحمەد) هاوسەرەکەی بەناوی (ئەحمەد فەخرەدین) وە دووکچەکەیان بەناوی (خەولە وشەهلا).

واتا (خەولە) کەناوی لە بەڵگەنامەکەی میسر هەیە کچی (گولیلك)ە؟

بەڵێ

خەولە موالیدی چەند بوە؟

١٩٨٣

کەواتە ئەوسا تەمەنی ٥ سالان بووە؟

بەڵێ منداڵ بوو.

کەسوکارەکەت لەکوێ گیران؟

بەتەواوەتی نازانم لەکوێ گیران بەس هەمویان بەیەکەوە گیرابوون.

ئەمانەوێت بزانین بۆچی ئەو خزمانە بەیەکەوە گیراون؟

منیش ئەوە نازانم.

هیچ کەس نەی بینیون کە ئەنفالکراون؟

نەخێر هیچ کەس باسی لەبینینیان نەکردوە.

لەکاتی ئەنفالدا لەکوێبوون؟

لێرە بووین لەرزگاری، بەهۆی ئەوەی برایەکم لە ١٩٨٦ شەهیدبوو.

ناوی چی بوو؟

خالید ئەحمەد ابراهیم لە شەری قەیوان ماوەت شەهید بوو، هەتا تەرمەکەیشمان بۆ نەهاتەوەو نەمان توانی پرسەشی بۆدانێن، ئیتر ئەوکاتە بەناچاری هاتین بۆ ئێرە ئەم (رزگاری)یە باوکم وتی ئێرە شوێنێکی باشە کەس نامان ناسێت.

واتا کە براکەت شەهید بوو تەرمەکەیتان دەست نەکەوتۆتەوە؟

نەخێر نەوەلا.

ئەی هاورێکانی نالێن لە کوێ ناشتومانە؟

هاورێکانی دەڵێن لەوشاخە قەسفێکی زۆرمان لەسەر بووە هەرلەوێ بەجێمان هێشتوە.

دایکت و باوکت بەرشالاوی ئەنفال نەکەوتون؟

نەخێر ئەوان هەر لێرە عەمری خوایان کردوە.

پێش ئەوەی ئەو بەڵگەنامەیە بکەوێتە بەردەست لەکەست بیستبوو کە ژنی کورد فرۆشراوە لە پارێزگاکانی عێراق یان وڵاتانی دەوروپشتی؟

نەخێر تا ٢٠٠٤ ووتیان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باس لەو بەڵگەیە دەکات کە هەژدە کچ فرۆشراون بە میسر کەیەکێکیان خوشکەکەی تۆیە ئیتر نەمانزانی چی بکەین و بچین بۆ کوێ.

ئەی چیتان کرد نەچون بۆ نوسینگەی ڕۆژنامەکە؟

من نەچوم بەڵام خەڵک هەیە چوبوو پێیان ووتوە ئەوە ڕاست نیە تەزویرە.

ئەتوانی پێم بڵێیت بۆ یەکەم جار کە ئەو خەبەرەت بیست شعورت چۆن بوو؟

هەندێک خەبەر هەیە ئینسان مردنی پێخۆشترە وەک لەوەی ئەوە ببیستێت.

ئەم جارە تۆ مردنەکەیت پێخۆش بوو یان خۆشحاڵبوویت بەوەی کەماوە؟

ئێستا پێخۆشخاڵم کە مابن و ئەوەی کە حکومەتی بەعس کردبێتی پێمان عەیبەنیە چونکە دەسەڵاتمان نەبووە.

کەواتە ئێستا هەستت چۆنە؟

ئێستا زۆر زۆرم پێخۆشە کە مابن، چونکە ئینسان بە مردوو دابنرێت و زیندووبێت زۆر خۆشە.

چۆن گەیشتیتە ئەو قەناعەتە کەلەپێشدا پێت ناخۆش بووەو ئێستا حەزئەکەیت بێنەوە؟

لە سەرەتادا زۆر ناخۆش بوو بەوەی کە ووتیان فرۆشراون، بەڵام پاشان کە بیستمان ماوون ئەوە زۆرخۆشبوو، چونکە



ئەوان زوڵمیان لێکراوە، وە ئەگەر بێنەوە خۆشترین شت دەبێت لەژیانی ئێمەدا.

ئێستا خۆشحاڵیەکی گەورەت پێوە دیارە بەڵام پێش ئەم هاواڵانە تاچەند گەشبین بویت بە ئەو هەوڵانەی حکومەت ئەیدات؟

زۆر نائومێدو ڕەشبین بووم بەدۆزینەوەیان چونکە ئەو حکومەتەش ناچێتە ژێر باری شتێکی ئاوا بە ئاسانی.

پێش ئێستاش لە ٢٠٠٦ دا چەند هەوڵێک هەبوو بۆ دۆزینەوەی چارەنوسیان کە لەسەرجەم ووڵاتانی ئەوروپا مانگرتن کرا لەبەردەم قونسوڵی میسردا بۆدیاری کردنی چارەنوسیان، تاچەن دئاگات لەو هەوڵانە بوو؟

ئاگادار نەبووین و نەمانزانیوە.

ئەمەوێت پرسیاری ئەوەت لێبکەم پاش پشاندانی ئەو حەڵقە میسریە و پێکهێنانی لیژنە لەلایەن حکومەت تاچەند گەشبین بوون؟

سوپاسی حکومەت ئەکەین وە کاک ئارام وەزیری شەهیدان وەعدی چاکی پێداین و ووتی بەهەموو شێوەیەک ئێمە لەگەڵتانایین.

ڕات چیە لەسەر ڕاگەیاندنەکان لەم دۆسیەیەدا ئایا دڵخۆشیان کردن یان بەپێچەوانەوە؟

هەندێ هەواڵ هەیە کەلەڕاگەیاندنەکانەوە دەیبیستیت پیاو گریانی دێت و پێی بێتاقەت دەبێت وەڕاگەیاندنەکان تائێستا شتێکی وایان بڵاو نەکردۆتەوە تائێمە دڵخۆشبین پێی.

تا ئێستا هیچ یەکێک لە ڕاگەیاندنەکان هاتون لەتۆ بپرسن سەبارەت بەخوشکەکەت؟

نەخێر هیچکام لەڕاگەیاندنەکان نەهاتوون پرسیاربکەن

دەربارەی خوشکەکەم وە تائێستا قسەم بۆ ڕاگەیاندنەکان نەکردوە.

پێت خۆش بوو قسەیان بۆبکەیت؟

نەخێر چونکە کەئینسان دەسەڵاتی نەبوو شتێك بکات قسەکردن سودی چیە.

پێت خۆشبووە خەڵکی تر قسەی لەسەر بکات؟

پێم خۆشبووە قسەی لەسەر بکرێت بەس بۆئەوەی کاری لەسەر بکرێت نەك بۆئیعلام و تەنها هەر بۆقسەکردن بێت.

ئەگەر خوشکەکەت هاتەوە (خەولە)ی کچی لەگەڵ نەبوو واتا بەتەنها هاتەوە هەستت چۆن دەلبێت؟

من وەفات نامەم بۆ هەمویان دەرکردوەو لای ئێمە هەمویان مردون ئەگەر تەنهاش بێت زۆر خۆشحاڵ ئەبم، چونکە دایکم و باوکم بەردەوام چاوەڕێیان بوون.

باوکت و دایکت ئەو بەڵگەنامەیان بینیبوو؟

نەخێر نەیانبینی بەڵام بەخەمی هاتنەوەیانەوە مردن.

هیچ خوشکی ترت هەیە؟

بەڵێ یەك خوشکی ترم هەیە ناوی (خەرامان)ە وە برایەکی ترم هەیە.

هەستی خوشکەکەت چۆنە؟

ئەویش زۆر خۆشحاڵە.

هەتا ئێستا هیچ کەس تەعلیقی لێداون دەربارەی خوشکەکەت؟

نەخێر چونکە خەڵك زۆربەی ئەزانێت کە ئەمە شتێکە حکومەتی بەعس کردویەتی.

کەبۆ یەکەم جار ئەو بەڵگەنامەیەت بینی رقت لەکێ دەبۆوە؟

لەراستیدا من رەقم لەکەس نیە بەڵام خۆ بەڕاستی دیارە ئەو هەموو مستەشارو جاشانە چیان کردوەو وەبەعسیەکان چەندە دڕندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێمەدا کردوەو دەسەڵاتیشمان نیە.

تائێستا لەخۆت پرسیوە کە کورە گەنجەکان و پیرەکان لە گۆرە بەکۆمەڵە کاندا دەرکەوتوون، بەڵام منداڵ و کچەگەنجەکان چارەنوسیان چی لێهاتووە؟

من ڕام وابووە کە ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی یارمەتی ڕژێمیان داوە کچەکان برابن بۆئەوێ.

ئێستا بەپێی بەڵگەکان دەرکەوتوە کە کچانی کورد ماون لە وڵاتان،ئێستا چی بەسەرکردایەتی کورد بڵێن؟

نازانم چیان پێبڵێم بەڵام با ئەگەر وانیە وازبێنن باشترە.

ڕۆژێك لەڕۆژان بیرت لەوە کردۆتەوە کەئەم بەڵگەنامەیە ڕاست نەبێت؟

من قەت نەموتوە ئەمە راستنیەو تەزویرە، چونکە ئەوان چۆن دەزانن کە خوشکەکەی من ناوی گولیلکە و بەتەواوی ناوەکەی لەوبەڵگەیەدا دێت.

هیچ یادەوەریەك هەیە لە نێوان تۆو گولیلکی خوشکتدا کە بیرت مابێت؟

هەموویادەوەریەکان خۆشبوە ئێمە براکان زۆربوین هەموومان زۆرمان خۆشئەویست.

براکانت ماون؟

سیانیان ماون.

زانیمان کە ئەنفال تەنها کۆمەڵکوژی و ووێرانکردنی گوندەکان نەبوو، بەڵکو فرۆشتنی کچان و ژنان و لەوانەیە پیاوانیش بێت کەواتە تۆ ئێستا چۆن سەیری ئەنفال دەکەیت؟

بەوشێوەیە سەیری دەکەم کە حکومەتی بەعس بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوەی داوە کە کورد لە ناوبەرێت جا بەکوشتن بوبێت یان بە فرۆشتن یان بە کیمیاباران کردن بوبێت. ئەو درێغی نەکردووە.

تا چەند هەستت کردکە خەڵك هاوسۆزو پەرۆشە لەگەڵتاندا؟

خەڵك بەعام هاوسۆزن لەگەڵماندا.

پێت خۆشە خەڵك وراگەیاندنەکان پرسیارت لێبکەن دەربارەی ئەم بابەتە؟

ئەگەر مژدەی خۆش هەبێت پێم خۆشە ئەگەرنا ڕاگەیاندنەکان ئەتوانن چیمان بۆبکەن.

منداڵ بەکۆیلەکراوە، ژن بە کەنیزەك کراوە، هیچت لەوبارەیەوە بیستبوو؟

ئەرێوەڵا باوکم باسی کرد ووتی ئەم عارەبانە لە قەدیمەوە مێژوەوە تەعدایان لە ئێمە کردیەو هەر دژی ئێمە بوون، باوکم باسی سەردەمی عەبدوالسلامو عەبدولکەریمو ئەوانەی بۆمان ئەکرد.

تۆهیچ لەبارەی مێژووی ئیسلامەوە دەزانی؟

نەبەخوا خوێندەواریم نیە، من هیچ نازانم

هیچت بیستووە دەربارەی بەنی قورەیزە؟

نەبەخوا مامۆستا نەمبیستووە مانلمان لە ئاوایی بوو. هیچ نازانم من لە ئاوایی بووم ئەو سەروەختە خالید گەرمیانی هات

مەکتەبەکەی سوتاندین. بۆیە هیچ شەهادەو شتمان نیە.

ئەوەی من دەیڵێم پەیوەندی بە مەکتەبەوە نیە، من پرسیارم کرد ووتم بیستووتە مەلای گوندەکەتان هیچی دەربارەی بەنی قورەیزە بۆ باس نەکردوون.؟

نا نەخێر هیچی بۆ باس نەکردوین.

پێش ئەنفال و ئەو تاوانەگەورەیەی دەرهەق بەکورد کرا هیچ شتێکت بیستبوو دەربارەی ئەنفال؟ دەتزانی سورەتیک هەیە بەناوی ئەنفالەوە؟

نا نەمبیستبوو. هەتا ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ یش هەرنەمدەزانی ئەنفال چیە.

پێت باشە ئەم دیدارە بڵاو بکرێتەوە؟

بە بروای من بڵاوبوونەوەی لەتەتەلەفزیون خۆش نیە.

لە تەلەفزیون بڵاونابێتەوە.

ئەی لەکوێ

لە گۆڤاری ئەنفالستان یان لە کتێبێکدا.

ئەگەر سودی بۆ ئەنفالکراوەکانمان هەبێ پێمخۆشە بڵاو ببێتەوە.ئەگەر سودیشی نەبێ بۆچی بڵاو ببێتەوە؟

بێگومان سودێکی هەر هەیە. ئەگەر بێسودە بۆچی من لە سلێمانیەوە هاتووم بۆ ئێرە؟

بەخێربێن وەبان چاو

سوپاس بەڵام هەقە تۆ راستیەک بزانی ئەویش ئەوەیە لەساڵی ١٩٨٨ هوە لەدوای تاوانی ئەنفالەوە بە مردنی هەر مرۆڤێکی ئەم گەرمیانە چیرۆکیکیش دەمرێ و لەگەڵ خۆیدا دەچێتە ژێرگڵ و کەس پێی نازانێ ئیمە ناتوانین رێگە لە مردنی مرۆڤەکان بگرین، بەڵام ئەگەر ئیرادە بکەین دەتوانین رێگە لە مردنی چیرۆکەکانی ئەنفال بگرین.

زۆر راستە قسەکەت شەکرە مادام وایە ئەوەی تۆ پێت باشە منیش پێم باشە بڵاوی دەکەیتەوە بیکەرەوە مانیع نیم.

تێبینی

لەسەردانمدا بۆ خورماتوو ئێوارەکەی چوینە سەر گۆرستانەکەی شار، کە گۆڕی شەهیدانی تازەشارو مۆنۆمێنت یاخود دیوارێکیان بۆ ناوی ئەنفالکراوانی نەوجول وناوچەکە دروستکردووە، بەڵام ئەوەی تێبینیم کرد لەسەرئەو دیوارەی وا ناوی ئەنفالکراوانی لەسەر نوسراوە خانەوادەکەی ئەحمەد فەخرەدین خۆی و هاوسەری و هەردووک کچەکەی بەدوای یەکدا ناویان هاتووە کەچی ناوی لەوێش بەهەڵە نوسراوە، چونکە ئەحمەد فەخرەدین هاوسەری پیرۆزە نەک باوکی! پیرۆز ئەحمەد ئیبراهیم ناوی باوک و باپیرێتی . بەهیوام بتوانن ئەو هەڵەیە راست بکەنەوە



پیرۆز یان گولیلك؟

گرنگترین پرسیار لەناو بەڵگەنامەکەی موخابەراتدا



گولیلك ئەحمەد ئیبراهیم ناوی راستەقینەی خۆی پیرۆزە لەدایبکووی ١٩٥٦ ناحێی نەوجولە لە نیسانی ١٩٨٨ لەگوندی وارانی نیشتەجێ بوون هەرلەوسالّەشدا گیرانو ئەنفالکران.


گولیلك لە فەرمانگەی باری شارستانی و پێناسی باری شارستانیدا ناوی پیرۆزە سالّی ٢٠٠٣ کە ناویان لە(بەڵگەنامەیەکدا) نوسراوی ژمارە ١٦٠١ی بەرواری ١٩٨٩/١٢/١٠ ی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە، ئەوکاتە سەرەداوی بە زیندومانەوەیان دەرکەوتەوە، بەدیوێکدا جێگەی شادی و بەدیوێکیشدا بۆ کەسوکاریان ناخۆش بوو، چونکە لە بەڵگەنامەکەدا و ابا‌سکراون کە فرۆشراون بە ولاّتی میسری عەرەبی .

لەراستیدا بوونی ناوی گولیلك زۆر جێگەی تێرامانە چونکە بەناوی راستەقینەی خۆی لە لیستەکەدا ناوی نە نوسراوە کەوا ناوی ١٨ ئافرەتی تری تێدا هاتووە، بەڵکو بەو ناووە ناوی هاتووەکە لەناو خزم و کەسوکارو گوندەکەیدا بانگکراوە، ئەمەش پرسیارێکی گرنگ ولەهەمانکاتدا ئالۆز دەهێنێتە پێشەوە لەسەر فرۆشتنیان بە ولاّتی میسر یاخود ساختەکردنیان لەلایەن کەسێکەوە، چونکە پیرۆز هەمیشە بە گولیلك ناوی هاتووەو مەگەر چۆنها دەنا خانەوادەکەی خۆیو خزمو کەسوکاریش بەناوی بنەرەتی خۆی (واتا بە پیرۆز) بانگیان نەکردوەو هەر بەگولیلك ناوی هاتووە .

خاڵێکی گرنگ هەیە لەبەڵگەنامەکەدا کەوا گولیلك و قەدریە ئیبراهیم عەلی ناوی باوك باپیریان تێکەڵ بووە، لەبەڵگەنامەکەدا ناوی پیرۆز بە گولیلك ئیبراهیم عەلی هاتووە! بەڵام خۆی ناوی پیرۆز ئەحمەد ئیبراهیمەو، قەدریەش ناوی سیانیەکەی بە قەدریە ئەحمەد ئیبراهیم هاتووە کە ناوەراستەقینەکەی قەدریە ئیبراهیم عەلییە .

وێنەکە لە رۆژی گواستنەوەی هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەحمەد فەخرەدینی هاوسەری کە بەداخەوە ئەویش ئەنفالکراوەو چارەنوسی نادیارە ئەوکورەشی لەگەڵیاندا راوەستاوە جەلال ئەحمەدی برای گولیلکە کە ئێستا لە ناحێی رزگاری (ئۆردوگای زۆرە ملێی صمود)ی کۆن نیشتەجێ یەو هەمیشە بە حەسرەتی ئەنفالکراوەکانیەوە خەمبارە .


مایەی سەرنجە کەوا ئەحمەدو گولیلك بەچەپکیك گوڵی هاوسەرگیریەوە وێنەکەیان گرتووەو جەلال ئەحمەدیش بەروخۆشی لەگەڵیاندا وەستاوە . بەرهەمی هاوسەرگیریان دوو کچ بوون بەناوەکانی خەولەو شەهلا. جێگەی ئاماژەیە کە خەولەی تەمەن پێنج سالاّن ناوی لەگەڵ گولیلکی دایکیدا لە بەڵگەنامەکەدا هاتووەو بیست سالّ تەمەنی گەورەتر نوسراوە، بەلام ناوی شەهلای تێدا نیە .



خەولە ئەحمەد فەخرەدین

خەولە کچی گولیلك و ئەحمەد فەخرەدینەو ساڵی ١٩٨٣ هاتووەتە دنیاوە، تەمەنی تەنها ٥ ساڵ بوو کە پەلاماری ئەنفال هەموو گەرمیانی لەگەڵ خۆیدا پێچایەوەو بە هەزاران منداڵی چاوگەش و خۆشی نەدیوی بەرەو دۆزەخی ئەنفال برد،چیرۆکی خەولە زۆرکورتە بەڵام زۆر کاریگەرە ئەو کچی پیرۆز ئەحمەدە کە بە گولیلك بانگکراوە، لەبنەرەتەوە خەلکی گوندی وارانی بووەو هاوسەرگیری لەگەڵ ئەحمەد فەخردین کردووە لە ناحێی نەوجەول، پاش روخاندنی ناحێکە ئەوانیش چونە گوندی وارانی ناوچەی داودە . خەولەی تەمەن پێنج ساڵیش ناوی لەناو ئەو نوسراوەکەی موخابەراتی کەرکوکدایە کە باس لە فرۆشتنیان دەکات بە وڵاتی میسر.


دایکی خەولە لە پێناسی باری شارستانیدا ناوی پیرۆە بەڵام هەر بە گولیلك بانگیان کردووە. جێگەی سەرسوڕمانە کەوا خەولەی پێنج سالان و دایکی (پیرۆز ئەحمەد) هەر بەنازناوە کەیەوە (گولیلك) ناویان لەناو ئەو نوسراوەی موخابەراتی کەرکوکدایە . ؟ بەلام تەمەنی کۆی ژن وکچەکان کە لەبەڵگەنامەکدا هاتووە ناکۆکە لەگەڵ تەمەنی راستەقینەی خۆیان ئەمەش گومان لەسەر بەڵگەکە زیاتر دەکات بۆ نمونە خەولەی تەمەن پێنج سال لە



بەڵگەنامەکەدا بە ٢٥ ساڵ تۆمارکراوە، کەچی دایکی خەولە بە ١٩ ساڵ تۆمارکراوە واتا بەپێی بەڵگەنامەکە بێت دەبێت خەولە شەش ساڵ لەدایکی گەورە تربووبێت !

چاپکردنی ٣٠ کتێب بۆ جینۆساید









لە یادی ٢٧ ساڵەی ئەنفالدا ٣٠ کتێبی تایبەت بە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و شنگال نمایش چاپ و نمایش دەکرێن.

ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠١٥، لەیادی٢٧ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا ٣٠ کتێبی تایبەت بە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و شنگال بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و زاراوەی کرمانجی لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و مۆنۆمێنێتی ئەنفال لەشاری چەمچەماڵ نمایش دەکرێن.

ئەم کتیبانە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفانەوە چاپ کراون هەوڵ و هەنگاوێکی بایەخدارە بۆ دۆکۆمێنتکردن و ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کورد کراوە.

دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان چەند ساڵێکە دەستیپێشخەری ئەم هەوڵە گرنگەی کردووە چەندین کتێبی نوسەرانی کوردو بیانی لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپ و بڵاوکردووەتەوە

عەبدالخالق قادر عەزیز ناسراو بە " هاوڕێ مەحمود"
من نامەکەی حوسنی موبارەکم بینی، ئەو نالێت لە وڵاتی میسر نین دەڵێ لەلای حکومەتی میسر نین.



٢٣ی ئابی سالی ٢٠١٣

کاتژمێر ١:٣٠

شوێن : کفری مالی عەبدولخالق

هەرکە لە سلێمانیەوە بەرێکەوتم وەک پێش وەخت لەسەری رێککەوتبووین، ئاگادارم کردەوە لەوەی من کەوتوومەتەڕێ و رێکەوتین لەسەر ئەوەی دوای ئەوەی دیدارەکەی خۆی تەواو بوو، پێکەوە بچین بۆ خورماتوو لەوێش هەندێک لە کەسوکاری ئەو مرۆڤە بەرێزو ستەملێکراوانە ببینین و دیداریان لەگەڵدا سازبکەین. هاوڕێ محمود خۆشحاڵی دەربڕی و ئامادەیی دەربڕێ کە هەم بۆخۆی بۆ دیدارەکە ئامادەیەو هەم هاوڕێی سەفەریشم دەبێ بۆخورماتوو.

دوای دوو کاتژمێر من لەبەردەرگای ماڵیان لە شاری کفری دابەزیم و پێکەوە بۆجاری دووەم ئەم دیدارەمان سازدایەوە. چونکە جارێکی تر بۆ ژمارە (٣)ی گۆڤاری ئەنفالستان پێکەوە دیدارمان کردووە ئەوەیان لە ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ بوو، ئەوسا کامێرای ڤیدیۆم نەبوو هەر بەریکۆردەرێکی کاسێت تۆمارمان کرد. بەڵام ئەمجارە دیدارەکەمان فراوانترو گشتگیرترە ئەوسا نەمن هێندە لەم بوارەدا قاڵبووەوە نە کاک عەبدولخالقیش وەک ئێستا بەرچاوروون بوو، ئەم دیدارە لە روی تەکنیکیشەوە باشترە بەلای کەمەوە لەبری رێکۆردەرێکی کاسێت بەکامێرای ڤیدیۆتۆماری دەکەین.

خۆت دەزانی من و تۆ جارێکی تر دیداری رۆژنامەوانیمان ئەنجامداوە ئەو ئەو دیدارەی پێشوو لە ژمارە سێی گۆڤاری ئەنفالستان بڵاوکراوەتەوەو دانەیەکیشت بەدەست گەیشتووە ئەوسا من وتۆ یەکتریمان نە دەناسی وڵە رێگەی مامۆستا یوسف و مامۆستا نەجیب گەرمیانیەوە پێکگەیشتین ودیدارەکە سازبوو، ئەوسا هەلومەرجێکی تربوو، هەلبەت دەزانی ئێستا گۆرانکاری زۆر بووە، ئەم دیدارەشمان بۆ زانیاری زیاترو پرکردنەوەی کەلێنەکانی ئەو دیدارەی تردەبێت و سەرلەنوێ چاپدەکرێتەوە.

بەڵێ ئەوەکەی تریشم لە بیرە.

رێکەوتێکی سەیرە ئەم دیدارەشیان هەرکەوتە ڕۆژی ٢٣ی مانگەوە. بەڵام ساڵ و مانگەکەی جیاوازە.

بەڵێ بەڵام ئەوەکەی پێشووبەهار بوو.

بەڵێ ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ ئەگەر ئامادەیت دەچینە ناو دیدارەکەمانەوە

بەڵێ فەرموو بەخۆشحاڵییەوە ئامادەم

ئەگەر ناوی سیانیتم پێبڵێیت؟

من ناوم عەبدولخالق قادر عەزیز عەبدوالرحمن (بەپێکەنینەوە ئەوە ناوی چواریشم نەک سیانی).

بەڵام تۆ ناوێکی تریشت هەیە؟ جاری پیشوو بەو ناوەی ترەوە دیدارەکەمان بڵاوکردەوە؟

بەڵێ مەحمود گەرمیانیششم پیدەڵێن وەختی خۆی لە پێشمەرگایەتی ئەوە ناوەیان لێم نا، هاوڕێ محمود ئەوە ناوی حزبیمە. جا ئێمە کاتی خۆی لە ناحێی نەوجول بووین وخۆمان خەڵکی ئەوێین.

ببورە ئەگەر لەپێشئەوەی بچینە نەوجول ساڵی لە دایکبوونتم پێبڵێیت سوپاست دەکەم.

من لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٦ م ناحێی نەوجول.

بەڵێ ویستت باسی نەوجول بکەیت فەرموو؟

ئیمە بەئەسڵ خەڵک نەوجولین ساڵی ١٩٨٧ دێیەکە روخێندرا.

بۆچی نەوجول دێ بوو یان ناحێ بوو؟

ساڵی ١٩٧٢ –١٩٧٣ بووە ناحێ.

کەواتە لەبەر ئەوەی پێشمەرگەبوویت کاتێک روخا ئیوە دانیشتووی ئەوێ نەبوون و چووبوونە گوندەکان؟

با قسەت بۆ بکەم لەبەرئەوەی ئێمە شیوعی بووین. باوکم شیوعی بوو، برا گەورەکەم هەر شیوعی بوو ساڵی ١٩٧٣ حکومەتی عێراق و پارتی و حزبی شیوعی بەرەیەکی نیشتمانیان کردەوەو دواتر کە پارتی لێیکشایەوەوحزبی شیوعی نەکشایەوە ئیتر پارتی راومانی نا نەیهێشت لە نەوجول دابنیشین ئێمەش چووینە دوزخورماتوو، هەتا ساڵی ١٩٧٩ ئەو کاتە باوکم شیوعی بوو، برا گەورەکەم شیوعی بوو، ئامۆزاکانم هەمووی شیوعی بوون ئیتر منیش بووم بەشیوعی.

براکەت ناوی چی بوو؟

برایم قادر.

ئەو لەژیاندا ماوە یان شەهید بووە؟

نەخێر لەژیاندا نەماوە ئەویش ئەنفالکراوە.

ئەوکاتە بوویتە شیوعی وەک بیروباوەرو ئایدۆلۆژیا بوویتە شیوعی یان هەرچوویت بوویتە پێشمەرگەیەک لەریزی شیوعیەکاندا؟

وەڵا وەک ئەفکارو وەک پێشمەرگەیش بوومە شیوعی. ساڵی ١٩٧٦ کە بەرەی نیشتمانیەکە لە حکومەتی عیراقی تێکچوو ئیتر کادیران وسەرکردایەتی حزبی شیوعیان گرت منیش ئەندامی حزبی شیوعی بووم ئاشکرا بووم رۆیشتم خۆم شاردەوە. هەتا ساڵی ١٩٧٩ هەر رۆژەی لە شارێک بووم و هەر رۆژەی لە شوێنێک بووم هەر خۆم نەدا بەدەستەوە ئیتر ئەوەبوو ١٩٧٩/١٠/١١ رامکردە دەرەوەو بووم بەپێشمەرگەی حزب لەوساوە پێشمەرگە بووم هەتا کاتی ئەنفالەکە. لەئەنفالیش خۆم ڕادەست نەکردو هەرمامەوە.

ئەوکاتەی گەرمیان بەرپەلاماری ئەنفال کەوت ئێوە چەند سەرخێزان بوون؟

ئێمە پێنج سەرخیزان بووین دوو براو خوشکێک و دایکم وباوکم بووین برایەکم ژنی هاوردو ئەویش جیاوەبوو.

کە تۆ ڕۆیشتیت بوویت بەپێشمەرگە ئیتر هەتا ساڵێ چەند ماڵەوەتان لە دوزخورماتوو مانەوە؟

هەتا ساڵی ١٩٨٣ ماڵمانیان راونا ئەوانیش هاتنە دەرەوە لەدێی وارانی نیشتەجێ بوون. لەوێش براکەی ترم کەریمی ناوبوو ئەویش سەربازی هەڵاتووبوو بەڵام لەبەرئەوەی خۆم شیوعی بووم جەماعەتی یەکێتی بۆی دەهاتن ئیتر چەندجارێک گرتبوویان جارێکیان لەگەڵیاندا ڕۆیشتبوو لە دێی زینانە شەرێکی سەخت بوو ڕەنگە خۆشت بیزانیت، لەوێدا براکەم ڕۆڵی بینیبوو، ئەوکاتە کورێک هەبوو فەرماندەی کەرت بوو شێخ جەمالی ناوبوو وتبووی ئەم کورە زۆر زیرەکە هەردەیکەم بە پێشمەرگەی یەکێتی ئەوە بوو براکەم بوو بەیەکێتی هەتا ساڵی ١٩٨٧ جارێکیان چوبوون لە نێوان لەک و نەوجول کەمینیان دانابوو سەیارەیەک هاتبوو قوتانی وخوێندکاری تێدابوو تەقەیان لێیانکردبوو یەکێک لەخوێندکارەنە کوژرا، ئەویش سەیری کردبوو کورە کوژراوەکە ئامۆزای خۆمان بوو، ئیتر زۆری پێناخۆش دەبێ، قسەی کردبوو لەگەڵ کورێکی تردا ناوی مامۆستا سەفەربوو ئیتر ئەوەبوو یەکێتیەکان شتێکیان بۆیان دروستکرد وتیان ئەمانە خەتمائیلی شیوعین لەناو یەکێتیدا ئیتر گرتیانن و بردبوویانن بۆ قەرەداغ لەوێ سجن بوون هەتا ڕۆژێک پێش ئەوەی قەرەداغ بگیرێت لەلای یەکێتی سجن بوون لە قەرەداغ بەڵام ڕۆژێک پێشتر لەگەڵ مامۆستا سەفەردا ئازادیان کردبوون.

ئەوکاتەی ئەنفال دەستی پێکرد تۆ لەگەرمیان بووییت؟

بەڵێ من ئەوکاتە پێشمەرگە بووم، بەزۆری ناوچەکە پێشمەرگەی حزبی شیوعی ویەکێتی تێدابوو یەکێتیش بەزۆری لەشەری سەرکردایەتیەکەیان بوون، ئەوەبوو لە نزیکەی ٢٠ ئازار سەرکردایەتی یەکێتی شکستی هێناو سەرگەڵوبەرگەڵوگیرا، دواتر قەرەداغیش گیرا، ئیتر دوای ئەوان لە ٧ی نیسان ئەنفالی ناوچەکەی ئێمەش دەستی پێکرد، ئێوارەکەی دەروی کاتژمێر ٣ بوو لە باشتەپەو لوتفیاغاوە جاش هێرشیانکرد بۆ ناوچەی داودە، ئەوکاتە بەس پێشمەرگەی یەکێتی و شیوعی وخەڵکی ناوچەکە شەریان دەکرد، پارتی هەرنەیانکرد، ئیتر ئەو ڕۆژە کە هێرشیانکرد پێشمەرگەی یەکێتیشی لێنەبوو ئەوان لەسەرکردایەتی بوون ئەوەبوو لێیان هاتینە دەست و لێماندان شکاندمانن رایانکرد هەتا ناو نەوجول ئەوسا نەوجول ماڵی تێدا نەمابوو بەڵام سەربازگەیەکی گەورەی لێبوو، بۆبەیانی ڕۆژی ٨ مانگ سوپا خۆی ڕێکخستەوەو جاشوجەیشێکی زۆری کۆ کردەوەو لە چوارلاوە هێزی هێنایە سەر ناوچەی داودە.

ئەگەر بکرێت پێمبڵێیت لەکوێوە هێزی هێنا چوار قۆڵەکە کوێ بوو؟

لە ناوچەی قوری چایی هێزێک هات، لە ناوچەی شۆراوەوە هێز هات، لە ئاست نەوجولەوە بەلای تاڵاودا لەو لایشەوە لەبنارگلەوە

بەرەو تازەشار لەو چوار قۆڵە سوپاو جاش هێرشیان کرد، ئێتر شەر لەگەڵ ئەو هێزە زەبەلاحە بەردەوام بوو هەتا ١٠ مانگ ئێتر حکومەت هێزێکی زۆر زەبەلاحی هێنایە سەر ناوچەی داودە بۆیە خەڵك ناوچەکەیان بەجێهێشت و رۆیشتن بەرەو ناوچەی زەنگنە پێشمەرگەش بەهەمان شێوە ناوچەکەیان بەجێهێشت ئێتر پێشمەرگەش منداڵ وخیزانەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، ئەوەبوو لەناوچەی زەنگەنە زۆربەی خەڵکەکە لە دێی قولیجانی سەرو خربوونەوە.

زۆر چەند؟

زۆر زۆر بێئەندازە خەلك لەو دێیە خر ببوونەوەو نەیاندەزانی چی بکەن.

بەبروای تۆ چەندە کەس دەبوون ٢٠٠؟ یان ٥٠٠ چەند؟

رەنگە ٧٠٠٠ حەوت هەزار تا ٨٠٠٠ هەشت هەزار کەس لەوێ کۆبووبنەوە. بێئەندازە خەڵکی لێبوو. چونکە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی داودە ڕۆیشتین بۆ ئەو دێیە.

چەندی مانگ بوو؟

ئەو ڕۆژە یان بابڵێم ئاخیر ڕۆژ کە خەڵك چاری نەما ١٣ی نیسان بوو، ئێتر خەڵك ڕۆیشتن لە ملەسورەوە تەسلیمی حکومەت بوون، ئەوانەی بناری گلیش ڕۆیشتن لە قادرکەرەمەوە خۆیان تەسلیم کرد کەچی دوایش ئاوایان بەسەرداهات.

مااڵی خۆتان ئەوکاتە کێ وکێ تەسلیم بوون؟

من و باوکم وخوشکەکەم بووین.بەڵام من تەسلیم نەبووم.

خوشکەکەت مەبەستت عصمەتە؟

بەڵێ مەبەستم ئەوە، چونکە هەر ئەو خوشکەمان هەبوو.

ئەی دایکت؟

دایکم ساڵێك پێش ئەنفال لە ١٩٨٧ وەفاتی کردبوو. براکانیشم یەکیان مااڵی خۆی جیابوو براکەی تریشم ئەوەی وتم لەلای یەکێتی سجن بوو ئەوان نەهاتن بۆ قولیجان ڕۆیشتبوون لەدوز خۆیان تەسلیم کردبوو، ئێتر باوکم و خوشکەکەم و براکەم و خزمەکان ڕۆیشتبوون لە ملەسورە خۆیان تەسلیم کردبوو لەوێشەوە بردبویانن بۆ قەڵای قۆرەتوو، وابزانم نزیکەی هەفتەیەك لە قۆرەتوو هێشتبوییانننەوەو ئینجا بردبوویانن بۆ تۆپزاواو لەوێشەوە بۆ دوبز لەوێش بردبویانن بۆ تکریت.

ئەی کەس نەگەڕایەوە بڵێیت بینیومن؟

ئەوەی گەڕایەوە تەنها باوکم بوو ئەویش دوای شەش مانگ لە نوگرەسەلمان ئینجا بەربوو وتی بردومانیان بۆ دوبزو لەوێشەوە بردومانیان بۆ تکریت لەوێ گەنجەکانیان لێمان جیاکردەوە و روت وقوتیان کردنەوە تەنها دەرپێ وفانیلەی ژێرەوەیان لەبەریاندا هێشتبوو ئینجا ئێمەیان بارکردوو بردمانیان بۆ نوگرەسەلمان ئێتر نازانم گەنجەکانیان جێ لێکرد باوکم ئاوا بۆی گێڕاینەوە.

ئەو زانیاریيە زۆر گرنگە کەواتە خەڵکیان بۆ تکریتیش بردووە؟ بەڵام نەیوت خەلکی کوێ بوون؟

با وتی بەزۆری خەڵکی ناوچەی داودە بوون تەنها گەنجەکانیش بوون هەمویانیان ڕوتوقوت کردووەتەوە تەنها دەرپێ کورتەکانیان لەبەریاندا هێشتبوو.

ئەی ئافرەتەکان نەی وت هەتا کوێ لەگەڵماندا بوون؟

با وتی هەر لەدوبز ئافرەتەکانیان لێمان جیاوەکرد. ئێتر باوکم ئاوا بۆی گێڕاینەوە ئەوەبوو ئەویش دوو ساڵ دوای ئەوە خۆشی وەفاتی کرد.

ئەوسا کە وەفاتی کرد تۆ هاوسەر گیریت کردبوو؟

نا من ساڵی ١٩٨٩ دوای ئەنفال هاوسەر گیریم کرد. من و باوکم بەتەنیا مابووین بۆخۆمان هەر ڕۆژەی لە ماڵێك وهەر ڕۆژەی لە شوێنێك بوین و کەس نەبوو خزمەتمان بکات ئێتر من هاوسەر گیریم کرد.

پێشئەوەی هاوسەر گیری بکەیت بەزۆری لەچ ماڵێك دەمانەوە؟

ماڵی کوردێکی ئامۆزام وەستا فەهمی ناوە ماڵی لە کەرکوکە. هەرلەماڵ ئەوانیش ژنم خواست ڕاستیەکەی پێش ئەنفال مارەم بڕیبوو بەڵام کە ئەنفال هات بەسەردا نەمتوانی بیگوێزمەوە هەتا وامان بەسەر هات.

باسی ئەوەت کرد تۆمایتەوە خۆت تەسلیم نەکرد ئەی چ بڕیارێکت دا؟

من هەتا مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨ هەر مامەوەو خۆم تەسلیم نەکرد، دواتر لێبوردنێکی دا بەڵام بەنهێنی بوو، لەوەدا من هاتمەوەو خۆم تەسلیم کرد، بەڵام تەسلیم بوونی جێ ولێبوردنی چی هەموو ڕۆژێك بانگیان دەکردم بۆ ئەمن و لەکۆڵم نەدەبوونەوە.

کە بانگیان دەکردیت چیان لێت دەویست داوای چییان دەکرد؟

دەیانگوت تۆ پێشمەرگەبوویت لەکوێن و لەکوێوە چەکیان

بۆدێت و دەبێت شوێنەکەیانمان پێ بڵێیت. منیش هەر خەریک درۆ ڕێکخستن بووم دەمگوت من کابرایەکی فەلاح بووم وئاگاو خەبەرم لەم شتانە نیە، بەڵێ پشتگیری بووم بەڵام بە زۆر کردومیانەتە پشتگیری بەڵام ئەوان کۆلیان نەدەدا ڕۆژێک بۆ ئەمن ڕۆژێک بع ئیستخبارات و ڕۆژێک بۆ دوزو ڕۆژێک بۆ تکریت هەتا بریاری ٣٦ و ٣٧ هاتە پێشەوەو ئیترمن گیرام بەسەرباز من ئەوە حاڵم بوو. یەکەمجار بووم بەسەرباز ڕەوانەیان کردم بۆ فەوجی سێ لیوای ٢٤ لەعەمارە، نزیکەی ٩ مانگ لەوێ بووم ڕۆژێک لەوێش بانگمیان کرد وتیان تۆ شیوعیت وتم من شیوعی نیم نائیب زابتێک بوو وتی مەترسە خۆشم شیوعیم بەڵام تۆ شیوعیت فایلەکەی دایە دەستم وێنەی خۆمی تێدا بوو، هەرجەند ووتی من هەموو خزمو کەسوکارم شیوعین دوای ئەمە کەس لێت ناپرسیتەوەو ئیستا فایلەکەت دەدڕێنم هەر بەپێشچاوی خۆمەوە فایلەکەی دڕی و وتی ئەگەر جارێکی تر بانگتیان کردەوە کەواتە من درۆت لەگەڵ دەکەم، بەڵام من هەر باوەڕم پێی نەکردو هیچم نەدرکاند ڕاستیەکەی بانگمیان نەکردەوە. هەتا وتی یەکدوو کەست لە قیادەی حزبی شیوعی پێدەڵێم بزانم دەیان ناسیت؟ وتی ئەبوسلام دەناسیت وتم من شیوعی نیم چۆن بیاننناسم وتی ئەبورەنا ئەوە خزممە وتم نایناسم ئیتر بە بریاری ٧٣٦ و ٧٣٧ تەسریح بووین و کتابیان بۆمانکرد بۆ تەجنید، بەڵام دوای دوومانگ هێشتا لەتەجنید کارەکانمان تەواو نەبوون کە بانگیان کردینەوە بۆ سەربازی ئیتر من گوێم پێی نەداو نەچوومەوە بۆ سەربازی و فیرارم کردەوە ئیتر پەیوەندیم لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو ئەو مەفرەزانەی لەخوارەوە بوون لەگەرمیان لەگەڵ برادەرانی یەکێتیش وهاوڕێیانی خۆمان لە حزبی شیوعیش ئیتر مامەوە هەتا کاتی ڕاپەڕین ئیتر ئەوە بوو ڕاپەڕینمان کردوو شارەکان ئازاد بوون و دواتر حکومەت هاتەوە ناوچەکانی گرتەوە.

هاوسەرکەت خەڵکی کوێیە؟ خزمی خۆتە؟

نەوەلا خزمم نیە. خەڵکی کانی قادرە.

ئەها گوندەکەی واحید کۆچانی؟

ئابەڵێ خەلك ئاواییەکەی واحیدە

ئەویش هەرکەسوکاری ئەنفالە؟

بەڵێ ئەویش برایەکی ئەنفالە.

چەند منداڵتان هەیە؟

ئێستا ٧ منداڵمان هەیە

لە ئامێزی خۆتاندا گەورەبن. هاوڕێ مەحمود خۆت دەزانی ئامانجی سەردان و دیدارەکە دەزانیت، من بەڵامەوە گرنگە بەوردی باسی ئەو دۆسێیە بکەین بەجۆرێك ئەوەی لەدیداری پێشودا نەتووتووە لەم دیدارەدا باسی بکەین؟

ئینشاڵڵە بەسەرچاو

تۆ برای عصمەت قادریت

بەڵێ من برای عیصمەتم کەوا ناوی لەناو ئەو بەلگەنامەیەدایە کەباسی ئەوە دەکات کچانی ئەنفال فرۆشراون بە ولاتی میسر، خۆی سەرەتا من لە کوردستانی نوێ بیستم مامۆستا یوسف بۆی هێنام وتی شتێکی وای بلاوکردووەتەوە کە خوێنمدمانەوە کەوتینە سۆراخی من و خەیرووڵاو سامی وەلی تۆفیق بەشارەت ئەمین هەمزەو کەمال ئەمین هەمزە ڕۆیشتین بۆ سلێمانی بۆ کوردستانی نوێ هەواڵی کاك عەبدوڵامان پرسی وتیان بەڵێ ئەو پیاوە بڵاوی کردووەتەوە بەڵام ئێستا لیرە نیە تەلەفۆنیان بۆی کرد وتی من وام لەبەردەرگا چاوەروانیان دەکەم ماڵەکەیان لە شوقەکانی خوار کوردستانی نوێ بوو لە ڕاستیدا کەچوین پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێمان کردو زۆر ڕێزی گرتین، ئیتر بەلگەی هەژدە کچەکەی پیشانماندا و بەڵگەیەکی تریش بوو کە ناوی هەندێك پیاوی لای خۆمانی تێدابوو باسی لەوە دەکرد کە لە موسڵ لە سێدارەدراون.

جا ئەوانەش هەر ئەنفالکرابوون؟ کە بەڵگەکە باسی لە ئیعدام کردنیان دەکرد؟

ئائا ئەنفالکرابوون.

کێ بوون ئەو کەسانە؟

ئەوانە یەکێکیان ئەحمەد فاتح بوو، عومەری حاجی عەلی بوو، حەسەنی عەلی بابا بوو جەلال ئیبراهیم بوو یاسین بوو گوایە ئەم پیاوانە دوای شەش مانگ لەلێکۆڵینەوە لە موسڵ گوللەباران کراون.

حەسەنی عەلی بابا مێردی حەسیبە ئەمین هەمزەیە وایە؟

بەڵێ میردی ئەوە کەناوی لە بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدایە.

ئەی دوای ئەوەی کاك عەبدولاتان بینی خۆتان چیتانکردو بریاری چیتاندا؟

دوای ئەوە کۆمەڵێك پارێزەر هەبوون لەسلێمانی ئێستا بیرم

چووەتەوە ناویان چی بوو چووم بۆ لایان مقابلەمیانکرد و بەڵگەنامەکەم رادەستکردن بەڵام ئیتر ئەوە بوو محەمەد عوریڤبی وتی ئەو بەڵگەیە کۆپییەو کاری لەسەر ناکرێت..

محەمەد عوریڤبی لەکوێ ئەمەی وت؟

لەدادگای بەغدا وتی ئەی مەگەر من نەچووم بۆ بەغداد چوم شایەتیمدا لەسەر سەدام و عەلی حەسەن مەجید ئیتر ئەوەبوو وتیان ئەم بەڵگەیە راست نیە و کۆپییەو شتی وانیە.

خۆتان وەك کەسوکاری ئەو مرۆڤە بەرێزانە هەتا چەند باوەرتان بەوەیە کە ئەوبەڵگەیە راستە یان دروستکراوەو ساختەیە؟

وەلاهی من هیچ لە یاساو شتی یاسایی نازانم، من ئێستاش هەر دەڵێم راستە ئەگینا ئەم ناوانە چۆن چونە ناو ئەو بەڵگەیەوە؟ هەموویان خەڵکی یەك دێن و موالیدیان زۆر دورنیە لەیەکەوەو ناوەکان هەمووی ناوی سیانیان تەواوە ئیتر بۆچی ساختەبێت؟ بۆنمونە خوشکەکەی من (عصمەت قادر عەزیز) ناوی سیانی خۆی نوسراوە خۆراسان عەبدوڵا تۆفیق ناوی سیانی نوسراوە و حەسیبە ئەمین هەمزەو خەولەو قەدرییەو هەموویان ناوی سیانیان نوسراوە.

ئەوانەی لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە هەموویان خزمن؟

بەڵێ گشتمان خزمین. هەمووشمان خەڵك یەك دێین

جگەلەو سێ ناوەی کەس نایانناسێت ئەو ١٥کەسەی تر هەمووتان خزمن؟

بەڵێ ئەو ١٥ کەسە گشتمان خزم و ئامۆزاو ئامۆزازاین. تەنها گوڵە نەبێت خەڵك گوندی وارانیە مامۆستا ئەحمەد خواستوویەتی خوشك جەلالە ئەوانەی تر هەموو خەلك نەوجولن.

لەو ئافرەتانەی ناویان لە بەڵگەنامەکەدایە چەندیان پیاوەکانیشیان ئەنفالکراوە؟

لەوانە خۆراسان پیاوەکەی ئەنفالە مامۆستا سەفەر، حەسیبە هیدایەت هاوسەری بوو، حەسیبە ئەمین هەمزە حەسەن عەلی هاوسەری بوو مامۆستا ئەحمەد فەخرەدین مێردی گوڵەیە وەلا زۆریان ئەوانەی مێردیان کردووە هاوسەرەکانیشیان ئەنفالکراوە. ئێ زۆریشیان هەر منداڵ بوون.

کەسیان تێدایە هیچ کەسێکی نەمابێت وهەموویان ئەنفالکراین؟

نا هەموویان کەسیان ماوە.

ئەی حەسیبە ئەمین هەمزە؟

ئەویش براکانی ماون.

باشە بۆچی تەنها تۆیان بانگکرد بۆ ئەوەی شایەتی لەسەر بەڵگەکە بدەیت؟

وەلا ئیتر نازانم ئەوەیان بۆچی بوو.

مەبەستم ئەوەیە مەگەر ئەو دۆسێیە هی هەموو کورد نیە؟ خۆئەوە شتێك نیە تەنها دەرهەق بەخانەوادەکانی ئێوە کرابێ؟

وەلا وایە ئەوەی کوردبێ و شەرەف هەبێ ئەو مەسەلەیە بەهی خۆشی دەزانێ.

هاوڕێ مەحمود یەکەم دیداریش ئەو پرسیارەم لێکردوویت بەڵام پێمباشە ئەمجارەش دووبارە لێت بپرسمەوە کە یەکەمجار کە هەواڵی بەڵگەنامەنەکەت بەرگوێ کەوت و بەڵگەکەت بینی؟ دەتوانی پێم بڵێیت هەستت چۆن بوو؟

بەراستی پێمناخۆش بوو، راستیت دەوێ هەستی ئەوکاتەم پێمخۆش بوو وەك ئەو خەڵکە لەناو گۆرە بەکۆمەڵکاندا بوایە نەك ناوی لەناو ئەو بەڵگەیەدا بوایە ئەوە هەستی راستەقینەی من بوو، نەك بفرۆشرێتە وڵاتی میسر وڵاتێکی ئیسلامی گوایە خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو، ئەگەر میسر ئەوکارەی کردبێت زۆر تاوانبارە، بێگومان هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەگەر یارمەتی سەدامیانداوەو ئافرتەکانی ئێمەیان بردبێت هەروەك سەدام تاوانبارن هیچ جیاوازییەکیان نیە، لە بیرو عەقلیەتی منداا ئەو حکومەتەی ئافرەتی کوردی بردبێت وەك سەدام حوسێن تاوانبارە.

بەڵام ئەوە چۆن لەگەڵ بیروباوەری تۆ یەك دەگرێتەوە؟ چۆن ئارەزووی مەرگی خوشکەکەت دەکەیت؟ کە پێت خۆش بووە لەگۆری بەکۆمەڵدابێت نەك لە ژیاندا مابێ؟

من ئیستا شانازی دەکەم ئەگەر خوشکەکەم مابێت وبێتەوە بیخەمە بان سەرم، ئەوەی باسم کرد هەستی ئەوکاتەم بوو کە بۆ یەکەمجار بیستم.

ئەی بۆ یەکەمجار هەستت وابوو؟

راستیەکەی لە پرێکدا پێت بڵێن ئنجا بەشێوەیەکی زۆر ناشرین باسیانکردن کەوا لەبارەکاندان ئەوە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو.

بەڵام ئەوە بۆ هەموو ئینسانێك وبۆهەموو کورد ناخۆش بوو، بەڵام خۆئەوە شتێك نیە کورد پێی شەرمەزاربێت ئەنجامدەرانی تاوانەکە پێی ریسوا دەبن نەك قوربانیەکانی.

راستە لەدوایی منیش بیرم کردەوە باشە خۆ خوشکەکەی من خۆی نەرۆیشتووە دەوڵەتێک بەزۆر بردوویەتی ئیتر ئەو دەسەڵاتی چییە؟ ئێستا کەخوشکەکەم مابێت بێتەوە شەرەفە بۆمن و بێشەرەفیە بۆ ئەنجامدەرانی.

بێگومان وایە لێکدانەوەیەکی جوان و بەجێیە چەندیان وەک تۆ بیردەکەنەوە ئەوانەی ناوی خوشک و کەسوکارەکەیان لەو بەلگەدایە؟

هەموویان خزمەکانم وەک من بیرلەو کێشەیە دەکەنەوە.

کەواتە کەسێکیان نیە بڵێت نامەوێت بێتەوە؟

نا باوەرناکەم کەسێکیان هەبێت وابیربکاتەوە نیانە. هەموویان حەزدەکەن بێنەوە.

خۆتان لەناوخۆتان باسی ئەوە دەکەن؟ هەمووتان بڕواتان وایە ئەم بەڵگەیە راستە؟

راستیەکەی لەپێشەوە زۆر قەناعەتم بەوە هەبوو کە ئەو بەڵگەیە راستە بەڵام ئێستا زۆر قەناعەتم نیە راستبێت.

بەچیدا گەیشتیتە ئەو قەناعەتە؟

ئەگەر راستبوایە ئێستا ئەوە ولاتی میسر تێکچوو ئەوە دوو حکوتەت گۆڕا ئەگەر وابوایە لەو ئاڵوگۆڕەدا شتێک هەر دەردەکەوت. ئیتر نازانم لەلای کەسانی مەدەنی بن ئەوەیان جیاوازە.

با لێرەدا پرسیارێکت روبەروو بکەمەوە، پێشتریش لە میژووی ئیسلامدا کەنیزەک هەبووە، تۆ پێت وانیە ئەمە دوبارەکردنەوەی هەمان نەریتەکۆنەکانی سەردەمی کەنیزەکە؟

بەڵێ بۆنا بەخوا هەمان شتەو بگرە خراپتریشە، نەک دوبارەکردنەوە بەڵکو سێ بارەکردنەوەشە.

بۆچی سێ بارەیە؟

لەبەرئەوەی ناکرێت ئینسان نرخی بۆدابنرێت، هەتا بفرۆشرێت، لەبەر ئەوەی ئینسان ئینسانە، بۆکرین و فرۆشتن نەهاتووتە دنیاوە. نابێت بفرۆشرێت.

رێکخراوەکانی ژنان رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ تاچەند بەدەنگتانەوە هاتوون، چییان بۆکردوون بۆ ئەم کێشەیە؟

من زۆر گلەیم لێیان هەیە، گلەیم لەمافی مرۆڤ هەیە، بێجگە لەمافی مرۆڤی کوردستانیش لە کاتی ئەنفالەکەدا مافی مرۆڤ هەردوو چاوی کوێربووە، داکۆکی لەم خەڵکە لێقەوماوەی ژێر چەپۆکی ئەنفال نەکرد. لەدوای راپەڕینیشەوە نەیانتوانیوە هیچ شتێک بکەن، نەک لەدوای راپەڕینی ١١٩٩١وە بەڵکو لەدوای ڕوخانی بەعسیشەوە تاوەکو ئێستا مافی مرۆڤ باسی مرۆڤایەتی نەکردووە، لەم وڵاتە مەبەستم ئەوەیە هیچی نەکردووە، وەکو ئەوەی ئێمە مرۆڤ نەبین وایەلەلایان، تائێستا هەژدە ئافرەتی کورد، هەژدە فریشتەی گەرمیان فرۆشراوە چیانکردووە؟! ئەگەر مافی مرۆڤ هەبوایە دەبوایە لەوان بپرسێتەوە؟ تا ئێستا چەندین رێکخراوهاتوونە لیان پرسیوم رێکخراوی ئەمریکی بەریتانی نازانم کوێوکوێ هات پیانم ووتوون کەچی کەسیان نەیانتوانی چارەنووسیان دیاری بکەن! مانای وایە ئەمانە رێکخراوی مافی مرۆ نین.

جارێکیان بەتەلەفۆن پێتووتم کە مام جەلال نامەیەکی ناردووە بۆ حوسنی موبارەک؟

ئا بەڵێ نامەکەی مام جەلال ئەوە لە کوردستانی نوێ بەشی عەرەبیەکەی بلاوکرابووەوە.

ئیتحاد یان کوردستانی نوێ؟

ئیتحاد بڵاوکرابووەوە من ژمارەکەشم لەلابوو بەڵام ئێستا لەلام نەماوە.

چی نوسیبوو؟

نازانم، نامەیەکی بۆ حوسنی موبارەک ناردبوو ئەویش وەلامی دابووەوەو وتبووی ئەو ژنانە لەلای حکومەتی میسر نین. من خۆم نامەکەی حوسنی موبارەکم بینی ئەو نانێت لە وڵاتی میسر نین دەڵێ لەلای حکومەتی میسرنین. راستە لەلای حکومەت نین بەڵام رەنگە لەلای بازرگانێک بن لەلای خەڵکی دەوڵەمەندبن بەڵام لەلای حکومەت نەبن. هەتا من بەبەرێز مام جەلالم ووت ئەوکاتە نوێنەری کەسوکاری ئەنفال بووم ئێمە ٢٢ کەس بووین چوینەلای لەدوکان پێمگووت : مام جەلال تۆ نامەیەکت بۆ حوسنی موبارەک نوسیوە دەربارەی ئافرەتەکان بەڵام وەڵامەکەی حوسنی موبارەک زۆر لاوازە ئەودەڵێت لای دەوڵەت نین نانێت لە میسرنین، ئیتر مام جەلال وتی بەسەرمامە ئەو بەڵگەیە درۆیەو شتی وانیەو ئەوە راست نیە منیش وتم: ئەم پیاوە کە سەرکردەیەکەو سەرۆکی وڵاتێکەو سەرۆکی هەموو وڵاتان دەبینێت دیارە شتێک دەزانێ هەرلەخۆیەوە ئەم قسەیە ناکات.

ئێوە بە وەڵامەکەی مام جەلال قانع بوون؟

راستیەکەی من بۆخۆم بەشبەحاڵی خۆم نەوەڵا پێی قایل نەبووم.

ئەی ئەوانی تر؟

وەلاهی ئەوانەی تریش هەر قانع نەبوون کەسمان قانع نەبووین. هەتا ئێستاش هەر دودڵین لەم وەزەعەدا ماوین.

نەوەڵا هیچ دلنیا نەبووین.

بەڵام لەو دانیشتنەدا مام جەلال لێتان تورەببوو؟

بەڵێ من بۆخۆم دانیشتبووم تورە بوو وتی ئێوە باوەڕ بەمن ناکەن؟ من پێتان دەڵێم درۆیە. ئیتر من پێمووت بەڕێز مام جەلال بەڕێزت دەڵێی درۆیە ئەوکاك عەبدوڵایەش لەکوردستانی نوێ دەنوسێ بانگی بکەن بزانن ئەم بەڵگەیەی چۆن دەستکەوتووەو بیسەلمێنن چۆن درۆیە، تەنانەت ژمارە تەلەفۆنەکەیشیم داپێی عومەر فەتاح لەلایەوە دانیشتبوو وتی عومەر ژمارەکەی بنوسەو دوایی بانگی بکەن بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت هەربانگیان نەکرد.

ئەی نامەکەی مام جەلال و حوسنی موبارەکت لەلانییە؟ چۆنبتوانم بەدەستی بهێنم؟

وەڵاهی من بووم بەڵام ئێستا نایدۆزمەوە ژمارەکەشی نازانم بیرم نەماوە بەڵام رەنگە ئەو ژمارەیەی الاتحاد لەلای مامۆستا یوسف ببێت.

ئەو کاتانەی سەرباز بوویت کەس نەبوو چیرۆکێکی وات بۆ بگێڕێتەوە بڵێت من ئافرەتی کوردم بینیوە لەبەسرە لە کوێت؟

نانا نەمبیستووە کەس شتی وای بۆم باس نەکردووە. بەڵام دوایی ئەویش لەم دواییانە باسی هەندێك شتیان دەکرد گوایە مەلایەك چووە بۆحەج و باسی ئەوەی کردووە لەحەج ژنی کوردی بینیوە.

ئەگەر ئەوەی خانەقینە من دیدارم لەگەڵ ئەو مەلایەدا کردووە، ئەوە مەلا شەوکەتە.

ئائا ئەوە دەڵێم ئەویش باسی شتێکی وای کردووە.

من دیدارم لەگەڵ ئەویش کردووە ئێستا چۆن دیدار لەگەڵ بەڕێزت دەکەم ئاوا لەگەڵ ئەویش بەوردی دیدارێکم کردووە.

بەڵێ جارێکیش چووین بۆلای چنار سەعد ووتی کورێك لەرانیە خوشکەکەی خۆی لە کوێت هێناوەتەوەو ئێستا شوی کردووە.

ئەم چیرۆکە چنار سەعد وەزیری پێشووی شەهیدان پێی وتی؟

بەڵێ ئەو وتی کورێك لەجەنگی کوێتدا خوشکەکەی لە کوێت دۆزیوەتەوەو هێناوێتیەوەو داوێتی بەژن وتی لای پیاوێکی باش بووەو سوێندی بۆ خواردوون بەرێزەوە لەلایان بووەو وەك کچی خۆی تەماشای کردووەو کەرامەتی پارێزراوەو هەر کچەو کەس دەستی بۆی نەبردووە.

ئێستا حکومەت لەهەوڵی سۆراخدایە هەوڵەکان چۆن دەبینی؟

راستیەکەی حکومەت ئێستا هەولدەدات ولە ئێستادا جدییە، بەڵام دوێنێ[٣] مەلایاسین ئەوە نوێنەری حکومەتی هەرێمە[٤] لە تەلەفزیۆن مقابلەی بووە من خۆم گوێم لێی نەبوو بەڵام کاك نازم گوێی لێبووە وتوویەتی ئەمە راست نیەو هەوڵیش بدەین هیچمان دەستناکەوێت دیارە شتەکە وەك چاوشارکێیەکە لەگەڵماندا دەیکەن.

من پرسیارێکی ترم هەیە؟ میسر تەنها پایتەختەکەی قاهیرە بەقەد هەموو عێراق خەڵکی تیدا دەژی ئیوەلیژنەکە یان وەزارەتی کاروباری شەهیدان چۆن بەچ ڕێگاومیکانیزمێك دەیەوێ بەدوای ئەو کچانەدا دەگەڕێت؟

وەك دەڵێن خەڵکی خۆمانمان دروست کردووەو پارەمان بۆ تەرخان کردوون بەرەسمی و نارەسمی گوایا خەڵکیان دروست کردووە لەناو میسر دەگەڕێت بەدوایاندا. بەڵام ئێمە لەگەڵ قونسوڵی میسری قسەمان کرد ئەو رێك ورەوان گوتی من هیچی لێنازانم قونسوڵ رێك ورەوان پێی گوتین لەرێگەی حکومەتی میسرییەوە هیچمان بۆ ناکرێت چونکە ئێستا دۆخی میسر شێواوەو کەس بەکەس نیە، دوو حکومەت روخاوە، ئەوە حوسنی موبارەکیشیان بەردا ئێ ئەوە ئەگەر دەربکەوێت زۆر لەسەر حکومەتی عێراقی دەکەوێت بۆیە ئەگەر لەلاشیان بن ئەوان هەر ڕاستیەکەی نالێن. بۆیە هەردەبێت راستەوخۆ بەدوایاندا بگەڕێن، ئێ راستەوخۆش بارەیەکی زۆر زۆری گەرەکە جونکە ئەوسا دەبێت ئیتخبارات وئەمن ئەوانە راسپێری وپارەیان پێببەیت تەنانەت دەبێت پارە بۆ ئەوانەش خەرج بکەیت کە بۆ ئەو مەبەستە دەچنە چایخانەو بارەکانەوە. هەر دەبێت بەوشێوەیەبێت وخەڵکی میسر راسپێردرێت بۆ ئەو کارە دەنا من بۆخۆم ئەندامی لیژنەکەم سبەی بمنێرن بۆ میسر چیم پێدەکرێت؟ نە میسر شارەزام نە هیچ دەزانم تەنانەت عەرەبیەکەیشم تەواو نیە ئیتر چوون و نەچونم سودی چییە. ئەوا منیش ڕۆیشتم لەگەڵ حکومەتدا قسەم کرد، ڕەنگە

٣. مەلا یاسین نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە قاهیرە نەك نوێنەری حکومەتی هەرێم بەڵام هاوڕێ مەحمود دەڵێت نوێنەری حکومەت.

٤. نازم برای قەدرییەیە یەکێك لەو ژنانەنەیە وا ناواین لەبەڵگەنامەکەداهەیە.

ئەوانەی سەفارەت ئەو تاقەت و توانایەیان نەبێت گوێ بگرن و وەك کەسوکاری کچەکان دڵنیابنەوە لەسەر بابەتەکە. وڵاتی مسریش وڵاتێکی شێواوەو کەس بەکەس نیە.

دوای ئەوەی زنجیرەی (نیران الصدیقە) دەرچوو تۆبینیت؟

نەخێر بەڵام دوای ئەوە من بینیم کە لە تەلەفزیۆنەکانی خۆمان دەرچوو. ئەوە بوو دوای ئەوە هاوڕێ تەها تەلەفۆنی بۆمکرد گوتی ئەتوانی بێیت بۆ هەولێر بۆلای وەزیری شەهیدان؟ منیش گوتم بەڵێ دەتوانم. ئەوە بوو لەم دوایانە چوم بۆلای وەزیر لەگەڵ عەلی محمود چووین. وەزیر گوتی من خۆم زنجیرەکەم بینیوە چەند ڕۆژە لەگەڵ کاك عەلی تەماشای دەکەین. پاشان وەزیر گوتی پێکەو ئەچین بۆلای قونسوڵی میسر. ئەوە بوو چوین بۆلای بەڵام قونسوڵ گوتی من هیچ ئاگاداری ئەم بابەتە نیم، میسر شیواوەو خۆتان دەزانن بارودۆخەکە چۆنە.

ئەو زنجیرەیە بێتاقەتی کردوون یاخود هیوایەکی پێبەخشیون؟

زۆرپێی بێتاقەت بووین، بێتاقەتیەکەی لەوەدابوو حکومەتی هەرێم دەیگوت ئەوە درۆیە. مام جەلال دەیگوت بەچاوی مامەت ئەوە بوونی نیە، کاك مەسعود دەیگوت ئەو بەڵگەیە تەزویرە. کە ئەمانەمان بیست گوتمان ڕەنگە ئەمان باشتری لێبزانن، بەڵام کە زنجیرەکە دەرچوو گوتمان گەر شتێك بوونی نەبێت ئەم فیلیمە لەسەر چی دەردەکرێت!!

بێجگە لەو زنجیرەیە ئێوە لە هیچ شوێن و ناوەندێکی ترگوێتان لەوباسە بووە؟

نەخێر تەنها ئەو کابرایە دەڵێت لەڕۆژنامەیەکی میسری خوێندومەتەوە، ئەگەر ئەو ئەوەی بینیبێت ئەبێت ڕاست بێت.

کام کابرایە؟

ئەوەی فیلمەکەی دەرکردووە. بەس من داوایەکەم هەیە ئەویش ئەوەیە هەوڵ بدرێت ئەو ڕۆژنامەیە دەستبکەوێت.

ئایا تۆ ئاگات لەوەیە کەسێکی تر لە موخابەراتی میسر لە تەلەفزیۆن باسی کردوە؟

نەخێر، بەڵام عەلی مەحمود باسی ئەوەی کرد کە لە فڕۆکەخانەی ئەڵمانیا بووە یان لە سوید، ژنێکی بینیوە پێیگوتوە کەمن ژنی فڕۆکەوانێکم هەتا ژمارەی تەلەفۆنی فڕۆکەوانەکەشی پێداوم و منیش قسەم لەگەڵ کردوە. فڕۆکەوانەکەش گووتویەتی من بەچاوی خۆم ئەوئافرەتانەم بینیوە[٥].

تۆتاچەند باوەڕبەو قسەیە دەکەیت؟

نازانم بڵێم چی!! ئەو خۆی دەڵێت من بیستومە پاشان ئەو لە ڕێکخراوێك ئیش دەکات کە خزمەت دەکات.

کەسێك هەیە بەناوی (ئیعتماد خورشید) لەموخابەراتی میسری ئیشی کردووە لەسەردەمی جەمال عبدالناصرەوەوە، لەسەردەمی حوسنی موبارەکیش بەهەمان شێوە. ئەو لەساڵی ٢٠١٢ لە تەلەفزیۆنی حیات باسی کردوە. وەك ڕەخنەیەك لەسەر حکومەتەکەی باسی کردووە کە ژنی کوردیان هێناوە بۆ وڵاتەکەمان.

بەڵێ ئەوە عەدالەت خان باسی کرد کەشتێکی وا هەیە.

واتا ئێوە ئاگاتان لەوەش نیە؟

نەخێر ئاگاداری ئەوە نەبوین تا ئەو ڕۆژە ئەو خوشکە باسی کرد کەئەو کابرایە هەیەو خانەنیشن بوە کە چۆن بیدۆزینەوە.

بێجگە لەو هەوڵانەی حکومەت ئێوە خۆتان هیچ هەوڵێکتان هەیە؟

نەوەڵا هیچ هەوڵێکمان نیە چونکە ئێمە هەمومان خەڵکێکی گوند نشینین ناتوانین لەڕێگەی سەفەرکردنەوە بڕۆین بۆ وڵاتان و سۆراخی ئەوبابەتە بکەین.

بەڵام مەرج نیە لەڕێگەی سەفەرکردنەوە ئەوە بکەیت بە پێچەوانەوە ڕەنگە سەفەرکردن هەر سودی نەبێت. بۆ نمونە ئێستا کفری چەند خوێندکاری لە وڵاتی میسرە؟

وەلا زۆر

یان بابڵێت هەموو گەرمیان چەند خوێندکاری لەمیسرەهەیە؟

هەیەتی بەس نازانم چەندە

زۆربەی ئەو خوێندکارانە کەسوکاری ئەنفالکراوانن، بەڵام کە هەوڵیان لەگەڵ نەدرێت ئەوانیش بەکاری خۆیانی نازانن.

ڕاستە وایە.

کاك مەحمود خوشکەکەت عیسمەت قادر عزیز موالیدی چەندبوو؟

موالیدی ١٩٤٥

کەسێك هەبوە بڵێت عیسمەت هەتا کوێ لەگەڵماندا بووە لە تۆپزاوا یان بڵێت هەتا ئەوێ لەگەڵمان بووە؟

لە نوگرەسەلمان نەخێر بەڵام وابزانم لەتۆپزاوا بووە، ئافرەتێك هەیە خەڵکی ئەو گوندەیە کە ئێمەی لێبوین خەڵکی وارانیە ناوی

٥. هەمان چیرۆك مستەفای حەسەنە گەورەش دەیگێرێتەوە گوایە ئەو ژنی سۆزان موبەراکی بینیوەو ژمارە تەلەفۆنیان گۆڕیوەتەوەو قسەیان پێکەوە کردووە بەلام ئیتر روننیە کامیان خاوەنی چیرۆرکە راستەقینەکەن

لاولاو حمە حمیدی ناوە. لاولاو گوتی عیسمەت لەگەڵمان بوە ئەو کاتە ڕەمەزان بووە دوو سێ ڕۆژی ماوە بۆ جەژن ئەو کاتە لە ژورەکەی ئێمەدا بوو بەڵام ژورێک بەرامبەرمان بوو عیسمەت گوتی من ئەچم بۆلای خزمەکانم لەو ژورەی بەرامبەرمان.لاولاو گوتی ژورەکەی بەرامبەرمان کۆمەڵێک ئافرەتی تیابوو پاش ڕۆیشتنی بۆ ئەو ژورە بە دوو سێ ڕۆژ سەیارە هات ئەوانی بارکرد ئیتر ئێمە وامانزانی ئەوان بەربون. ئەو گوتی ئێمە چۆن نەچوین بۆلای ئەوان بەڵام پاش ماوەیەک ئێمەیان هێنا بۆ چەمچەماڵ بەریاندابن.

ئەو ژنە ئێستا ماوە لەژیاندا؟

بەڵێ ماوە ماڵیان وا لە ڕزگارییە.

ئەتوانم ببینم؟

بەڵێ ئاساییە.

ڕات چیە لەسەر ئەو خۆپیشاندانانەی لەساڵی ٢٠٠٦ لە دژی قونسوڵی میسر ئەنجامدرا بۆ قورسایی خستنە سەریان؟

ئەو قورسایی یە کارێکی باش بوو، بەڵام چونکە بەردەوامی نەبوو ئەنجامێکی وای نەبوو. خۆت دەزانی وڵاتی میسریش بەئاسانی ناچێتە ژێر ئەوبارەوە چونکە ئەو تاوانێکی گەورەیە هەر وەک سەدام حسێن وان هەرچەندە عەرەب هەموی تاوان بارە.ئەواتە رژێمی سوریا ڕۆژانە ئەو هەموو خەڵکە دەکوژێت بەڵام عەرەب پشتگیری دەکەن.ئەگەر عەرەب ئەوکاتەش ئینسانسەتسان بزانیایە نەیان دەهێشت سەدام حسەین کیمیایی بەکار بهێنێت بەڵام ئەوان ئینسانیەت نازانن.

پرسیارێکی تر؟ کەس هەیە بەچاوێکی سوک یان دوربێ بڕوانێتان پێبکات؟

نانەبووە خەڵک بەگشتی هاوسۆزەلەگەڵماندا دواتر ئەوەی کوردبێ و بەشەرەف بێت دەبێت شەرەفی ئەنفال بەهی خۆی بزانێت، چونکە ئافرەتانی ئەنفال لەسەر شەرەفی کورد ڕۆیشتوون، هیچیان کێشەی شەخسییان نەبووە ئەگەر تەعداشیان لێکرابێ ئەوا لەکورد کراوە نەک لەو ئافرەتانە بەشەخصی، بۆیە باوەرناکەم کەسێک هەبێت جورئەتی ئەوەبکات بەچاوێکی خراپ سەیرمان بکات.

چیتر هەیە کە بتەوێت باسی بکەین یان داوای بکەیت؟

من داوا لەهەرسێک سەرۆکایەتیەکەی حکومەت دەکەم، کاری جدی بۆ بکەن بۆئەوەی ئێمە کەسوکاری ئەوکچانە دڵنیابکەینەوەو راستیەکەی چۆنە وەک خۆی بیزانن، ئەگەر راستە بدۆزرێنەوە کەدرۆش بێت بیسەلمێنن کەدرۆیە، هەروەها داوا لەهەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم کاری جدی بۆ بکەن چونکە ئەوان دەستکراوەترو چاوکراوەترن و ڕەنگە ئەوان بتوانن بچنە ناوشوێنەکانەوە ئێمە نەتوانین بەهەموو لایەک هەوڵی جدی بدەن بۆئەوەی ئێمەش دڵنیا بکەنەوە.

ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی گەرمیان چۆنە لەمەر ئەم دۆسێیە؟

ئێستا کەمێک باشترە دەجوڵێن و کاردەکەن بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا پەکیان کەوتبوو هیچ ئیشیان نەدەکرد

ئیوە لە دوزخورماتوو بوون پێشتر لەنەوجول بوون و دواتر هاتوونەتە وارانی تۆ لەو بروایەدایت خوشکەکەی تۆ لەو ژینگەیە گەورە بووبێت بتوانێ فیری هونەری سەماکردن بێت؟

نا هەرگیز لەو بروایەدا نیم، مەگەر منداڵەکان ئەگینا گەورەکان ناتوانن چونکە زۆربەی ئەو ژنانە تەمەنیان لەسەروی ٣٥ هەتا ٤٠ ساڵەوە بوو، ڕەنگە ئەگەر بردبێتیشیان بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بردبێتیانن. بۆیە قەناعەتم بەوە نیە بردبێتیانن بۆ بارەکان و سەمایان پێبکەن. ناتوانن هەرگیز بۆشیان ناکرێت.

لە هیچ سیناریۆیەک دەترسیت ڕۆژێک لەڕۆژان ئافرەتێک بهێننەوەو بڵێن ئەنفالە بەڵام لەراستیدا ئەنفالیش نەبێ؟

نا من لەوە ناترسم باوەرناکەم شتی وابێت، خوادەکات شتێکی وا دەست دەکەوێت زۆر شتێکی باشە. چونکە ئەگەر پێشیانکردبێت بەزۆر پێیانکردبێت.

مەبەستەکەم ڕونتر دەکەمەوە بۆنمونە کەسێک دڵێ بەکچێکی میسرییەوەیە، یان بەسراوی یان بۆ هەر مەبەستیکی تایبەتی خۆم کچێک لەوێوە بهێنمەوەو بڵێم ئەم کچەکوردەو کاتی خۆی ئەنفالکراوەو من هاوردومەتەوە بەڵام لەراستیدا کچەکە ئەنفال نەبێ و کوردنەبێ؟ لەوەها فروفێڵێک ناترسیت؟

نا ناترسم شتی وابێت.

ڕۆژنامەنوسێک ویستی شتێکی وابکات بیروڕاتان بەرانبەر ئەو سیناریۆییە چی بوو؟

وەلا ئەگەر بێت وشتێکی ڕاستی بێت ئەی بۆ بروای پێناکەین؟

نانا هاورێ محمود وتی ساڵی ٢٠٠٦ ئەی ڕۆژنامەنوسێک نەیگوت لە میسر بینیومن؟

فەرمان ئەڵێی؟ فەرمان درۆی کرد. چونکە ئێمە چوینە بنج

وبنەوانی ئەو قسەیە هەر خۆی ونکرد، هەتا ئێستاش هەر خۆی شاردەوە هەتا ئێستا ئێمە هەوڵدەدەین بیبینین نایبینین.

سالێ ٢٠٠٦ من شتێکم لەسەر نوسیوە خوێندووتەوە؟

نا نەخێر لەسەرچی؟

دەربارەی سیناریۆکەی فەرمان بەچەندین بەڵگە سەلماندومە کە فەرمان راست ناکات.

نانەمبینیوە.


من هیچ شتێکم نەماوە ئەگەر بەرێزت شتێکت هەبێت بۆ وتن و من بیرم نەبووبێت یان نەمپرسیبێت؟

منیش هیچم نەماوە زۆر سوپاس بۆ ماندوو بوونت ئەرکت کێشاوە.

دوبارە سوپاس بەڵام دواپرسیارم ئەوەیە قایلیت ئەم دیدارەمان بڵاوببێتەوە؟

بەڵێ قایلم بابڵاو ببێتەوە.

کامەران محەمەد جوهەر ئەو کورە بوو کە لە ماوەی گەشتەکەمدا هاوکارو ڕێپیشاندەرم بوو. لە ژمارەکانی پێشووەوە هەمیشە ناوی لە لاپەرەیەکی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاودەکرێتەوەو یەکێکە لە هاوکارە هەمیشەییەکانی گۆڤارەکە. دوای ئەوەی دیدارم لەگەڵ ئەوانی تر تەواو کرد شەوەکەی سەرباری ماندووبونیشمان دیدارەکەم لەگەڵ ئەویش ئەنجامداو



صورة قيد التسجيل العام لسنة ١٩٥٧
وزارة الداخلية – المديرية العامة للسفر والجنسية
قضاء / دائرة ..... طوز

١٦٩٩٣٨٤

السجل ..... ٢٥٠٤ الصحيفة .....
المحافظة صلاح الدين ..... القضاء طوز ..... الناحية .....

ط / ١

الاسم	اللقب	اسم الأب	اسم الجد الصحيح	اسم الأم	محل الولادة القضاء	محل الولادة الناحية	تاريخ الولادة كتابة	تاريخ الولادة رقما	المهنة أو الحرفة	الديانة أو المعتقد	الحالة الزوجية	الجنسية الطارئة	رقم القومية وتاريخه	رقم دفتر النفوس وتاريخه	تاريخ السجل
عصمت	طوزو	كادر	عزيز	منيرە	طوز				ماله						

بحث والتأشيرات المثبتة في السجل المدني
العدد :
التاريخ ١٢ / ٦ / ٢٠٠٦
الى / مؤسسة الأنفال
أعلاه صورة القيد المطلوبة بكتابكم المرقم
للتصرف رجاء
توقع المنفذ
ختم الدائرة
العقيد
ياسين طاهر محمد
البياتي



عصمت قادر عزيز

بردنی کچانی کورد لە مێژووی عەرەبدا

لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا کە عەرەبە ئیسلامەکان گەیشتنە هەورامان و کوردیان کۆمەڵکوژکرد، باری سەدان حوشتر کتێبی ئاوێستای ئایینی زەردەشتیی پێڕۆزیان بەر چنگ کەوت، فەرمانداری (غەزو) نامەیەك بۆ خەلیفە عومەر دەنوسێت دەڵێت (ئەم قەومە کتێبی ئایینیی خۆیان هەیە و ئێستا لە بەر دەستمدایە، بەنیازم بۆتی بنێرم) عومەر لە وەڵامدا دەڵێت (عەزێتی خۆت مەدەو هەمووی بسووتێنە چونکە ئەوەی لەو کتێبەدا نووسراوە لە قورئانی ئیسلامدا بە زیادەوە باس کراوە!!!).. شاعیرێکی زەردەشتیی ئەوسەردەمە شیعرێك لەسەر پێستی ئاژەڵێك دەنووسێت کە لە هەزارمێرد دۆزرایەوە و تیادا دەڵێت:

هورمزگان ڕمان ئاتەران کژان، وێشیان شاردەوە گەورەی گەورەکان

زۆر کار عارەب کردنە خاپۆڕ، کنای پاڵەیی هەتا شارەزوور شن و کنیکا وەدیل پشینا، مێرد ئازا تلیی وەڕوی هوێنا ڕەووشت زەردشترا مانووە بێ کەس، بزیکا نیکا هورمزوە هویچ کەس!

واتای شیعرەکە:

مزگەفتەکان ڕووخان، ئاگری ئاتەشگا کوژانەوە، پیاوە گەورەکان خۆیان شاردەوە، عارەبە زۆردارەکان پاڵەیی تا شارەزووریان خاپورکرد.... ژن و کچیان بە دیل برد، پیاوە ئازا و بەجەرگەکان لەخوێنا گەوزان ... ڕەوشتی "ئایینی" زەردەشت بێکەس مایەوە .. تەنانەت ئاهورا مەزداش بە زەیی بە هیچ کەسێکدا نەهاتەوە

لە وانی حەمە سەعید کەلاریەوە وەگیراوە

کامەران محەمەد جەوهەر:
ئەوەی لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە هەندێکیان تەمەنیان هەڵکشاوەو لەوەدا نەماون کە ببرێن بۆ ئەو شوێنانە.

بۆ ڕۆژی دوایش چوینە مەرکەزشەبابە کۆن و داروخاوەکەی خورماتوو، کە لەسەر وەختی ئەنفالدا ژن ومنداڵی گوندەکانی لێکۆکرابووەوە. کامەران ئەندامی لیژنەی بەدواداچوونی دۆسێی هەژدە کچ و ژنە ئەنفالکراوەکان بوو، کە تازە حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی مەلایاسین نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەدواداچوون پێکیهێنابوو . لەم دیدارەدا کامەران بەدرێژی باسی ئەنفال و کچ و ژنە ئەنفالکراوەکانی ناو ئەو دۆسێیە دەکات .

دەقی دیدارەکە:

ناوی سیانیت چیە؟

کامەران محەمەد جەوهەر

سالی چەند لەدایك بوویت ؟

١٩٧٠/٧/١

تۆش خەڵکی نەوجولیت؟

بەڵێ لە دایك بووی ناحیەی نەوجولم

ئەتوانی لە بارەی نەوجولەوە هەندێك زانیاریم بدەیتێ؟ بۆ نمونە چەند مااڵ بوون و بە چیەوە سەرقاڵ بوون ؟

ناحیەکەمان نەوجول، لە ڕوی کارگێڕییەوە سەربە قەزای دووزخورماتووە (٢٠-٣٠) بیست تا سی کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزای خورماتوەوە دورە، پێش ڕوخاندنی نزیکەی دوو سەد ماڵ دەبوو.

ساڵێ چەند ڕوخا ؟ لەئەنفالدا یان پێش ئەنفال ڕوخابوو ؟

پێش ئەنفال ڕوخاندیان .

ژیانیان بەچی دابین دەکرد ؟

زیاتر بە کشت وکاڵ و مەڕداری داریەوە خەریك بووین هەندێ خەڵکیشمان هەبوو فەرمانبەر بوون و خوێندکاریشمان هەبوو.

بەدیاریکراوی پێت نەوتم ساڵی چەند نەوجول بەتەواوی ڕوخێندراو ئیتر لەسەر نەخشەی کارگێڕی نەما ؟

لەبەرئەوەی ناحیە بوو سەرجەم دێهاتەکانی ناوچەی داوێی لەسەر بوو پێش هەشتا و حەوت دوو جار لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا، جارێکیان پێشمەرگەکانی یەکێتی هاتن گرتیان جارێکیان



پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی هاتن گرتیان وە دەیان جار لەسەر ڕێگای سەرەکی نەوجول دووز کەمینیان بۆ جاش وحوکمەت دادەنا بەو هۆیەوە حوکمەت ترسی لێنیشت، ئەو ناوچەیە لە ساڵی هەشتاوحەوت بریاری چۆڵکردن و ڕوخاندنی درا.

هەر ئەوکاتەش بڕیارەکە جێبەجێکراو ڕوخێندرا ؟

بەڵێ هەرئەوکاتە ئیتر چۆڵکراو ڕوخێندرا .

چەند کەس لە خەڵکی نەوجول ئەنفالکراوە مەبەستم تەنها ناوناحیەی نەوجولە گوندەکانی دەوروبەری نالێم؟

١٣٥ کەس سەد و سی و پێنج ئەنفالکراومان هەیە بەناو و بەڵگەوە.

ئەی شەهیدی سەنگەر ؟

٢٠ بیست شەهیدی هاوڵاتی وسەنگەرمان هەیە، شەهیدەکانمان لە شۆڕشی ئەیلولەوە هەتا ئێستا دەگرێتەوە.

ناوی نەوجول لە چیەوە هاتووە ؟

من بەدواداچوونم بۆ نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە لە باب وباپیرو گەورەکانی خۆمانەوە بیستومە لەوەوە هاتووە نەوجول لە

سەردەمانی زودا جولەکەی لێ بووە .

هیچ سەرچاوەیەك نیە لەسەر مێژوی نەوجول یاخود ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کتێبێك یاخود سەرچاوەیەك ؟

من هیچم نەبینەوەو ئەگەر هەشبێت ئەوە من ئاگاداری نیم.

بەردەوام لە ڕاپۆرتەکانی هیۆمان ڕایست هۆڕ باسی نەوجول دەکرێت کە یەکەم جوڵەی ئەنفالی سێ لە گەرمیان لە ڕۆژی حەوتی نیسانەوە لە نوجولەوە دەستی پێکراوە بۆ نمونە دوو لیوای سەربازی لەگەڵ دوو فەوجی جاش ئەم ناوچەیە دەستپێکی ئەنفالە و خەڵکیکی زۆریش لە ناوچەکە ئەنفالکراوە بێجگە لە نەوجول تۆ چ وێنەیەکی گشتی ناوچەکەت بەلاوە گرنگە باسی بکەیت پێش ئەوەی بێینە سەر خێزانی خۆتان و کاریگەری لەسەر ناوچەکە؟

وەك خۆت ئەزانیت ئەنفال لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ لە ناوچەی ئێمەوە دەستی پێکرد، بۆیەکەمجار لە ناوچەی دووزەوە هێزەەکانی بەرەو قەڵا و بنارگل خولاند، بەڵام لە نەوجولەوە ڕۆژێك دوای دووز دەستی پێکرد ، ئەوەش بۆئەوە بوو هێزەکان یەك بگرنەوە، لە ئۆمەر بلەوە لە هەشتی چوار دەستی پێکرد.

ئەوکاتە تۆ لەکوێ بوویت؟

ئەوکاتە ئێمە لە گوندی کانی قادر بوین، شاخێك لەو بەینە هەیە و دوریشە لەوێوە ، هەفتەیەك پێش ئەنفال من لە ماڵ مامم بووم لە دێی وارانی ، خەڵك ئەیزانی تەنانەت پێشمەرگە و هەندێ لە کادیرەکانی پێشمەرگەش دەیانزانی بەڵام حەزیان نە دەکرد خەڵك بچێتەوە ژێر باڵی حکومەت و تەسلیم بێتەوە، خەڵك ترسێکی لێنیشتبوو هەفتەیەك پێشتر پشێویەك بەخەڵکەوە دیاربوو.

پێش گەرمیان لە ناوچەی قەرەداغەوە ئەنفال دەستی پێکرد بوو، کیمیاباران کرابوو کۆمەڵکوژی خستبووەوە بەشێك لەخەڵکی قەرەداغ بەدیوی گەرمیاندا هاتبوون، چۆن خەڵك نەیتوانی لەو ماوەیەدا مشوری خۆی بخوات ؟

هەفتەیەك پێش ئەوە من لە وارانی بووم کە گەڕامەوە وێنەی هەڵەبجەم بینی، پێشمەرگە وێنەی هەڵەبجەی ئەدا لە مزگەوتەکان و ئەیان وت ئەها چی کردووە؟ لەوێ و لەسەرکردایەتی شەڕ بووە و لە سلێمانی چی ڕوویداوە، بەهەرحاڵ پشێوییەك بە خەڵکەوە دیار بوو ، خەڵکیش هەبوو دوو بۆ سێ ڕۆژ لەکانی قادرەوە ئەڕۆشتنەوە بۆقادرکرم و بەسەلامەتیش دەڕچوون

هیچ ڕێگریەك هەبوو لەلایەن پێشمەرگەوە بڵێن نابێ بڕۆن ؟

دوو ڕۆژ پێشئەوەی شەڕی تازەشار ڕوبدات من نامەوێ ناوی خەڵك بهێنم بەڵێ خەڵك ویستی بڕواتەوە نەیانهێشت .

بەڵام خۆ مەحمود سەنگاوی لە کتێبەکەیدا دەڵێ گەورەترین هەڵە ئەوەبوو نەمان هێشت خەڵك بڕواتەوە ، مەلا شاخی کادیرێکی یەکێتی بوو وەئیستە ڕاوێژکاری مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقە باس لەوە دەکا دەڵێ من ڕێگەی خەڵکم دەدا و وەرەقەم بۆ دەکردن بەڵام بەرپرسەکانی خۆمان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم ئەیان وت بۆ ڕێگەی خەڵکت داوە بڕوات ئێتر تۆ باسی ناکەیت ؟

هەر ئەو کەسەی نەیئەهێشت خەڵك بڕواتەوە دوای دوو ڕۆژ بەخۆمی وت بڕۆ چارەسەری خۆت بکە بەڵام تاوانەکە ئەوەندە گەورە بوو ئەو خەڵکە سەری لێ شێوابوو.

چەند کەس لە خێزانی ئێوە ئەنفالکراوە ؟

وەکو خێزان لەو سەد و سی و پێنج کەسە بە ئامۆزا و مامە و منداڵ و خێزانەکانیانەوە دەچێتە بیست کەس ئەی خۆ ناوەکانیان بڵاوکراوەتەوە.

لەکوێ بڵاوکراوەتەوە؟

هەر لەگۆڤاری ئەنفالستان بڵاوکراوەتەوە .

بەڵێ من خۆم ناوی هەر سەد و سیی و پێنج ئەنفالکراوەم هەیە لە دواین چاپی ئەنفالستانیشدا بڵاومان کردۆتەوە، پیمان خۆشە خۆت باسی بکەیت.

کاتێ کە نەوجول لەلایەن حکومەتەوە فەرمانی ڕوخانی بۆ دەرچوو دە ڕۆژ ئیزنی ئەو ماڵانەیان دا حەتمەن هەندێ واستە و واستە کاریشکرا چونە لای پارێزگاری ئەوسای تکریت بۆ ئەوەی ئەو قەرارە هەڵبوەشێننەوە، بەڵام پارێزگاری ئەوسای وتبوی یەك شتتان بۆ دەکەم ئەویش ئەوەیە من دە ڕۆژ ماوەتان ئەدەم کەل و پەل و شتەکانتان دەربکەن، هەندێ ماڵیان تەرحیل کرد بەرەو کەورگۆسك و بنەسڵاوە وە هەندێکی تریان هاتنە ناو دووزخورماتوو ئێمە وەك ماڵی خۆمان چوینە گوندی ئەبوو سەباح لە دووز خورماتوو بۆماڵی ئامۆزای باوکم دە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، مەدحەت ئاغا کە ڕەئیس عەشیرەتی داوێ بوو ئامر سریەی جاش بوو مستەشار بوو لە نەوجول بە زۆر هەر ماڵە و چەکێکی دابوو پێی باوکیشم پیکابی پێبوو ئیشی دەکرد، تفەنگەکەی وەرگرتبوو بەڵام یەك ڕۆژ لە ڕۆژان نەیکردە شان وە من بە گریسەکەوە بردم بۆ پێشمەرگایەتی لە بیرمە ساڵی (١٩٨٧) یەکەم ڕۆژی جەژن بوو بەڵام نازانم جەژنی ڕەمەزان بوو

یاخود قوربان لەو ڕۆژەوە کە من ڕۆشتم بە دوو ڕۆژ دوای ئەوە هەموو عەشیرەتەکەمان هاتن لەترسی مەدحەت ئاغا و لەترسی ئەوەی کە من تفەنگەکەم برد پێشئەوەش ئێمە خەڵکی ترمان لە دەشت بوون مامەکانم ئامۆزاکانم ئەوان ئەو کاتە (هارب) سەربازی هەڵاتوو بوون لە ترسی ئەوەی نەبڕێن بۆ عەسکەری لەوانە مامۆستا یوسف و مامۆستا محمەد ی ئامۆزام و مامە سەرحەد کە ئەوکات عازب بوو لە دەرەوە بوون ، من چومە سنوری کەرتی یەکی پەنجا و یەکی گەرمیان کە ئەوکاتە شەهید نازمە بچکۆل بە ڕەحمەت بێ فەرماندەی کەرت بوو، کاك نازم کەرکوکی جێگری کەرت بوو

ئەوکاتە تەمەنت چەند بوو ؟

تەمەنم حەڤدە ساڵ بووم

هەست ناکەیت ئەم چەکە بوبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی کەسوکارەکەت لەدەست بدەیت ؟

دوای ئەنفال لەگەڵ زۆر لەکەسوکارەکەمان بەتایبەت لەگەڵ کوڕێکی ئامۆزامدا بەینمان نەبوو ئەیوت بەهۆی ئێوەوە بەرئەم شاڵاوی ئەنفالە کەوتین تا بۆمان ڕون کردەوە سەردەمانێك پێش ئێمە مامە و ئامۆزاکانم لە دەرەوە بوون ئەی ئەو خەڵکەی تر تاوانی چی بوو ئەو سەد و هەشتاو دوو هەزار ئەنفالە خەتای کێ بوو

بەڵام ئەو چەکە سەبەبێك نەبوو بۆ ئەوەی هەموو عەشرەتەکەت بێنە دەرەوە ؟

ئەوان لەترسی حکومەت نەهاتن لەترسی مەدحەت ئاغا هاتن چونکە زۆر چوبوە سەریان وتبوی چەکەکە کوا ئەگینا ئەو ئامۆزایەم کە باسم کرد براکەی خۆی لە دەرەوە هاروب بوو وە من هست ناکەم بەهۆی ئەوەوە بێت بەڵام ئەوەیش ڕویدا تا خۆی تێگەشت ئەمە تاوانیچکە بەعس ئەیەوێ نەتەوەیەك لەناو ببات ئەمە بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە چەکت پێببێت ئەی ئەو هەموو ژن و منداڵ خۆ چەکیان پێنەبوو ئەیان ویست کورد نەهێڵن

کەی بویت بە پێشمەرگە ,,

لە تیپی پەنجاو یەکی گەرمیان ، سەرەتا وەرمیان نەگرت بەڵام چونکە لایەنگیری یەکێتی بووم لەشانەی چەکداریشدا بووم، هاوڕێکانم لەشانەکەشدا تەنها ڕەمەزانی مام صدیق برای شەهید نامیق ئیستا لە ژیاندا نەماوە مامۆستا محمەد ماوە لە ڕزگاریە، برای شەهید یوسف ماوە لە کەرکوکە بەداخەوە کاك حوسێنی کانی قادری نەماوە و ئەنفالکراوە ئاکۆی برای ماوە ئێمە پێنج کەس بووین لە شانەیەکدا بووین هەمویان چوبونە دەرەوە تەنها من مابوم لە شاردا وە ئیعتیمادی تەواویان لەسەر من بوو وە ئەو کاتە لایەنگیربووم لە پۆلێکدا مامۆستا مەلا تاهیر سەرپەرشتیان دەکردین ئێستە بەڕێوەبەری کارتی زانیاریە لە سلێمانی وە هەر ئەویش پێی وتم پێم باشە چەکێك بهێنیت و بێیتە دەرەوە و لای کاك شێخ کەریمەوە نامەم برد لای ماۆمستا ئیکرامەوە نامەم برد تا وەریان گرتم و جەولەیەکم لەگەڵیان کرد بۆماوەی دە ڕۆژ دوای ئەوە چەکەکەیان دایەوە پێم وتیان ئەو چەکە بۆ خۆت لەماڵەوە با لای خۆت بێ ئێمە حیسابی پێشمەرگەت بۆئەکەین چونکە تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو وە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵیان بوم

چەکەکەت نەوعی چی بوو ؟

کلاشینکۆفێکی صینی بوو، هەتا جوعبەکەشی سەوز بوو، ئەوەی سێ مەغزەنی بوو.

باسی گوندی کانی قادرت کرد وتت لەوێ نیشتەجێ بووم ؟

ئێمە کە هاتینە دەرەوە تەوزیع بووین، مەجموعەیەك لە ئامۆزاکانم چونە دێی حەیدەرە سور ئێمە لەکانی قادری (شێخ حەمیدی) پێ دەڵێن لەوێ ماینەوە و ماڵی مامەیەکم لە ئاوایی شێخ حەمید مانەوە مامەکانی ترم هاتنە گوندی وارانی ژور و وارانی خوارو .

ئەو گوندەی ئێوە لێی مانەوە ئەو گوندەی واحید بوو کە لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەرباز بوو ؟

نازانم

یەکێك لە گۆڕی بە کۆمەڵ دەربازی بوو لە ڕومادی ناوی واحیدە

کاك واحید ئەناسم بەڵام نازانم خەڵکی کامیانە چونکە سێ کانی قادر هەیە ، کانی قادری کەلاوە هەیە کە پێشتر ڕوخا بوو، (کانی قادری قەڵا) هەیە ئەوە کانی قادر نەوتەکەیە، کانی قادر جینگلاوە، هەیە کە پێی دەڵێن (شێخ حەمید) ئێمە لەمەی سێیەمیان بوین

ئەو نزیکی ئەوەی نەوتەکەیە

ئەوە کانی قادری قەڵایە و نزیکە لە یەکەوە

دوای چەنێك ئەنفال دەستی پێکرد و چەنێك لە کانی قادر مانەوە ؟

ئێمە ساڵێك و شەش مانگ لەو گوندە ماینەوە و دوای ساڵێك و چوار مانگ ئەنفال دەستی پێکرد و ئەو ماڵ وێرانیە بەسەر

کورد و نەتەوەکەماندا هات و ئەو تاوانە درندە و گەورەیە و پڕ لە ئازار و مەینەتیە باس ناکرێ بەئاسانی وە تراژیدیای زۆری تیدایە من پێشمەرگەی هاورێم هەبوو ئەیوت ئەم چەکە چیلێبکەم و چەکەکەی خۆی لێبوبو بەبار پێم وت نازانی چیلێبکەیت فڕێی بدە ، من ئەمەوێ باسی شەڕەکەی تازە شارت بۆ بکەم

پێش ئەوەی بچینە سەر تازە شار کانی قادر چەند کەسی ئەنفال کراوە ؟

زۆر بەتایبەتی پیاوەکان چونکە خەڵکی کانی قادر لە قادر کەرەم تەسلیم بوین و لە شوێنەکانی تر ئەهۆن تربوو بەتایبەت بۆ ژن و منداڵ وە من ئەو عەشاماتەی قادر کەرەمم بینی کۆپتەر چۆن سوڕی ئەخوارد و جاش چۆن دەوری ئەو خەڵکەی دابوو وەک ئێستە لەبەرچاومە تەنانەت مانگاو سەگەکانیش لەترسی تەیارە هاوریان دەکرد و خۆیان ئەشاردەوە

ئەو دیمەنە چیە کە لە بیرت ناچێتەوە ؟

دایکی کەریم حەفت تەغاری مرد، پێشمەرگەی تیپی پەنجاو یەکی حەمرین بوو ئێستە بەڕێوەبەری ئاسایشی داقوقە عەقڵیشی تەواو نەبوو هەموو دێ چۆڵی کردبوو ئەو دەیوت من دێکە جێناهێڵم و جێشی نەهێشت دوایی جاش هێنایەوە.

لەوێ مایەوە ؟

چەند هەوڵماندا لەگەڵی ئێمە مەجموعەیەک بوین لەوێ مابوینەوە من ڕەمەزانی برای شەهید نامق موخڵیس کە برایەکی پێشمەرگەی کەرتی پێنج بوو ناوی حەمە کانی خان بوو ماجد و خالدی برای موخڵیس وەک هێزی پشگیری بۆ تازە شار کە چەکمان پێیەو گەنجین لە کانی قادر لەگەڵ دوو پێشمەرگەی کەرتی یەک وە لەکانی قادرەکەی تریش کۆمەڵێکی تریش بەو شێوەیە بوون بەڵام ئەوەندە هێزەکە بێشومار بوو وە ئەوەندە خەڵکەکە وەی لەدەست دابوو وە ئەوەندە ڕۆژەکە تاڵ بوو لە هەموو لایەکەوە هێز هاتبوو حکومەت لە دایۆوە هجومی کردبو لە تاڵاو و تەختەمینەوە هاتبوو وە لە قادرکەرمیشەوە هاتبوو وەڕە بەتەواوەتی لەدەست درابوو وە دیمەنێکی تریشم لەبەرچاوە کە قەت لەبەرچاوم لاناچێ شەهید کەمال مرد دوای ئەوەی لە ئەنفال نەجاتی بوو وتیان کیمیاوی لێی داوە لە تازە شار ، من و مام صدیق و ئەو مەجموعە خەڵکەی کە وتم لە دێکە مابوینەوە لەسەر بەڕەیەک بوین ئێستەش بەڕەکە ماوە لە کانی قادر لەوێوە سەیری تازە شار و کانی قادرەکەی تر و ئاوایی شێخ حەمەمینمان دەکرد شاخێکی بەرز لە بەینیایەتی کە ناهێڵێت ببینی بەڵام ئێمە کۆپتەرەکانمان دەبینی چۆن ڕەمی دەکرد، دوای شەڕەکە بە ڕۆژێک دەوری مەغریب بوو کەمالمان بینی کە لە شەڕەکە دەربازی بوبو هەموو گیانی خوێن بوو چاوی لوتی گوێچکەی

مەبەستت شەڕی تازە شارە ؟

بەڵێ چونکە لەوێ بیست و دوو پێشمەرگە شەو ڕۆژێک بە تەواوی بەرگریان کربوو تا فیشەکیان پێمابوو هەندێ کەس هەیە دەڵێ کیمیاویشی لێدراوە و من هەست دەکەم کیمیاویشی لێدرابێت چونکە ئەوانە قارەمانانە شەڕیان کرد دوانزەیان یەکێتی بوو هەشت دانەشیان حیزبی شیوعی بوون ، شەهید کەمال لەوێ دەربازی بوو هەر لەدورەوە بینیمان مام صدیق بە منی وت ئەوە کەمال نیە وتم نازانم ئەوە زەلامێکە هەموو گیانی خوێنە و بەپاڵ بەڕەکان و شاخەکە ئەهات تا نزیک بویەوە وتم خۆیەتی لەگەڵ ڕەمەزانی ئامۆزای چووین بەرەو پیری مام صدیق وتی بۆ وات لێهاتووە کوا یاسین چونکە یاسین ئامۆزای خۆی بوو کچی مام صدیقیش خێزانی بوو ئەویش دای بەسەریداو وتی یاسینی چی پێشمەرگەی چی هەمووی ڕۆیی خۆتان و من دەرکەن و با بڕۆین لەوەوە ئێمە ورەمان پێنەماو بەڕێکەوتین و چوینە قادرکەرەم ، ئەم دوو شتەم قەت لەیاد ناچێ وە دایم ئەمەم بۆ کەمال باس دەکرد دوای ئەنفال کە گەڕاینەوەو یەکمان بینی لە شاردا ئیستەش کە ماڵ باوکی ئەمبینن زۆر موتەئەسیرین چونکە ئەو ڕۆژە زۆر بەکەڵکی هاتم و بەو بریندارییەوە لەگەڵی ڕۆشتم تا نزیکی قادر کەرەم ئەو برایەکی ئامر سریە بوو خستیە ناوسەیارە و بردی باش بوو فریای کەوت بەڵام دوایی مرد، تەسەور ئەکەم ئەگەر غازی کیمیاویش لێی نەدابن شتێکیان لێدابوون کە بێهۆشیان بکات چونکە کاک کەمال توشی نەخۆشی سەرەتان بوو هەناسەی گیرابوو وەک ئەوەی شتێکی خواردبێت یان بۆنی شتێکی کردبێت من بەڵگەی تەواوم لەسەری نیە بەڵام شتێکیان لێیان کردبوو

دوای ئەوەی ناوچەکە بەتەواوی گیرا ماوەی چەند لەجەوەڵەکان و هەردەکان مانەوە ؟

لەگەڵ ئەوکۆمەڵە خەڵکەی کە پێشتر باسم کرد چوین هەتا کەریم باسام بۆئەوەی لەگەڵ پێشمەرگە بڕۆین و لەوێ کاک شێخ کەریم مان بینی ناسراو بە کەریم چاوڕەش خۆی و منداڵەکانی و دوو پێشمەرگەشی لەگەڵ دا بوو کەمال بەسەرهاتەکەی بۆ کاک کەریم گێڕایەوە و ئەویش وتی ئێوە کەمال چارەسەر بکەن ئێمە وتمان دێین لەگەڵتان ئەویش وتی ئەمە ئەو ڕۆژەیە کەس بە کەس نیە ئێوەش چارەسەری خۆتان بکەن

ئەوکاتە شێخ کەریم بەرپرسیارێتی چی بوو ؟

جێگری تیپی پەنجاو یەکی گەرمیان بوو لەوەشدا بوو ببێت بە سەرتیپ

ئێستە ماوە ؟

بەڵێ ماوە و زۆر بەڕێزە و زۆر ڕێزم لێدەگرێ چونکە کەچەکەکەم برد یەکەم جار ئەوم بینی وتی گەنجێکی وەک تۆ خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی بێت خۆزگە نەهاتیتایە خوێندنت تەواو بکردایە ئێمە لەشار پێویستمان پێت بوو، نەک لێرە.

خۆی خوێندەوار بوو ؟

خەتی هەبوو شتی ئەنوسی

مەبەستم ئەوەیە خوێندنی تەواو نەکردبوو کە چوبوە دەرەوە ؟ نازانم بەڵام نامەی نوسی بۆم برد بۆ شوێنێک ئێستەش لەبیرمە کە چی نوسی بوو ، کە ئێمە بەرەو ئەوێ ڕۆشتین و کەمالمان هێنا برایەکی کەمال ئامر سریە بوو لە ڕێگەی قادر کەرەمەوە خەڵک ئەهاتە پێشوازیمان

ناوی براکەی چی بوو ؟

عبدالله ی ناو بوو لەم ڕۆژانەدا مرد، کەمال مان خستە ناوسەیارەکە و ئەوان ڕۆشتن ، بەداخەوە زۆر هەرەشەیان لە کوڕەکەی مام صدیق کرد بە براکەی شەهید نامیقیان وت لەگەڵماندا وەرە، ئەوان تەسلیم بونەوە، من پێشتر ویستم لەگەڵ شێخ کەریم بڕۆم لەوکاتەشدا باوکم هاتبوو بەدوامدا وحەزی نەدەکرد لەگەڵ پێشمەرگە بڕۆم ئەیوت منالّیت و ئەفەوتێت و تەحەمول ناکەیت نەیهێشت بڕۆم، ئەوەبوو لەگەڵ ئەوخەڵکانەی باسم کرد چوینە قادرکەرەم بەڵام ئێمە تەسلیم نەبوینەوە، بە بڵندگۆی مزگەوتەکان هاواریان دەکرد لێبوردنەو خۆتان تسلیم بکەنەوە، بەڵام ئێمە نەچوین لە مالّی خزمێکمان دوو ڕۆژ خۆمان حەشارداو باوکم ژمارە تەلەفۆنی خزمێکمانی لابو ناوی محەمەد خورشیدە قەت لە پیاوەتی دەرناچین ڕوحی ئێمە ئەو پیاوە سەندییەوە ئەوکاتە ئەفسەری تەجنیدی داقوق بوو، لە شەڕی ئێران و عێراقدا بریندار ببوو قاچێکی برابویەوە ئێستاش ماوە لەهەولێر دەژی پارتییە، کە باوکم لە قادرکەرەمەوە تەلەفۆنی بۆکرد مالّی لەکەرکوک بوو. بە سۆپەرەکەی هات بەناو ئەو هەموو جەیش و جاشەدا ئێمەی ڕزگارکرد،سوپاسی دەکەین .

بە جلی مەدەنیەوە هات یان عەسکەری ؟

بەجلی عەسکەریەوە هات سۆپەرێکی سپی پێبوو بردمانیە مالّی خۆی و ماوەیەکی زۆریش لەوێ ماینەوە وخۆمان حەشاردا

کە خزمەکانتان ئەنفال کرا ئێوە ئاگاتان لێیان نەما ؟

ئەبەد ، هەر ئەو دابرانەبوو کە لەیەک دابراین هەم لە خەڵکی دێکەی کانی قادر هەم لە خزم و کەس و کار ئیتر یەکمان نەبینیەوە ، من بۆ خۆم کەسم نەبینیەوە و باوکیشم بە هەمان شێوە ئێمە توشی دوو شت بوین کە ڕزگاریشمان بوو لە مەدحەت ئاغا دەترساین لەسەر ئەو چەکە کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکات هەم لە ترسی حکومەتیش خۆمان حەشاردابوو ، باوکم لای کورێکی خزممان کە ئامر سریە بوو لای مەدحەت ئاغا ناوی عادل زینالیە خۆی حەشاردابوو من و دایکم هەردو خوشکەکەم بوبوین بە چوار بڕەوە فەترەیەک لە چەمچەماڵ بوین فەترەیەک لە داقوق بوین فەترەیەک لە دووز بوین ، وەختی وا هەبوو کە ئەمانویست یەک بگرینەوە ئەوکاتە وەک ئێستا تەلەفون نەبوو تنها لە هەندێ ماڵدا هێڵی نۆرماڵ هەبوو، ئێمە خەبەرمان بۆ یەکتر ئەنارد لە ڕێگەی کەسانی نزیکی خۆمانەوە بۆ نمونە ئەمانوت با لەمالّی کاک عومەر لە چەمچەماڵ یەک ببینین لەوێ یەکمان ئەگرت ونانێکمان پێکەوە ئەخواردو جیادەبووینەوە هەرکەسێک بۆجێگا وڕێگای خۆی وبەو کولەمەرگیە ژیاین هەتا لێبوردنە گشتییەکە.

ئەگەر مەدحەت ئاغا ئێوەی بدیایە ئەیناسینەوە ؟

منی نەدەناسی بەڵام باوکمی بەباشی دەناسی، ئێمە لە دەورو بەرەکەی دەترساین، من لەدایکبووی ١٩٧١م ئەوکاتە گرفتی سەربازیم نەبوو دووساڵ دویی ینجا دەبوو بچمە خزمەتی سەربازی.

لەناو ئەو کەسانەی کە ئەنفال کراون و هاوتەمەنی خۆتن کامیان زۆر هاوڕێی خۆشەویستت بوو ؟

مەبەستت لە بنەماڵەکەی خۆمانداە ؟

لە بنەماڵەکەی خۆت و لە گوندەکەتان یان لە گوندی کانی قادر یان لە پێشمەرگایەتی ؟

لە پێشمەرگایەتی کەرتی یەک هەمویان بەتایبەت شەهید غالیب و شەهید نازام وئیحسان کانی قادری، لە گوندەکەشماندا ڕەمەزانی مام صدیق برای شەهید نامیق وەکو برا بووین لە هەموو شتێک پێکەوەبوین لە نان خواردن و سەرجێشمان ، تازە ژنی هێنابوو من ئەڕۆیشتم لەلایان ئەخەوتم و لە برا براتربوین ، برایەکی شەهید ئیحسان هەبوو ناوی حوسێن بوو، من ئەمانە هاوڕێم بوون هەمویان خۆشەویست بوون و لەبیرم ناچنەوە، من نەوجولبیم بەڵام زۆرجار دەڵێم کانی قادریشم، ئەوەندە خۆشەویستیم هەیە بۆیان ئەوەندەی ئەچم بۆکانی قادر ودیمەنە جوانەکانی، ئەوەندە ناچمەوە بۆدێکەی خۆمان .

كانى قادرچەند لێرەوە دورە ؟

بۆ قادر كەرەم نزيكەى شەش كيلۆمەتر دەبێ

هيچ كچێكى هاوتەمەنى خۆت لە هەست و شعورتا نەبوە و خۆشت ويستبێت و ويستبێتت بيكەى بە هاوسەرى خۆت و ئێستە ئەنفالكرابێت ؟

نا بە تەماى كەسيك بوم لە گوندەكەى خۆمان بەڵام ئەو ماوەو ڕێك نەكەوت

هيچ دوو خۆشەويستێكت لە ياد نيە يەكێكيان يان هەردوكيان ئەنفالكرابن و لەيەك دابرابن ياخود خوشكو برايەكى دوانە يەكێكيان ئەنفالكرابێت وئەوى تريان مابێت ؟

تەنها ژن و مێردێك پێدەژانم (ڕەمەزانى مام صديق) تازە ژنى هێنابوو خێزانەكەى حاميلە بوو، يەكتريان زۆر خۆشدەويست زۆريش دڵى بەو منداڵە خۆش بوو كەوا هێشتا لەسكى ژنەكەيدا بوو بەڵام بەداخەوە ئەنفال هات و منداڵەكەى نەيبينى

ژنەكەشى ئەنفالكرا يان ئێستا لەژياندا ماوە ؟

ژنەكەى ماوەو شوى كردۆتەوە، بەڵام كچەكەى ماوەو ئێستا بە من دەڵێ مامە

چى يادەوەريەك ياخود چ شتێكت هەيە كە باسى بكەيت ياخود ڕاستەخۆ بێينە سەر باسى ئەو هەژە كچە و چەندين خزمى تۆن ؟

خۆيان هەژدەن بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نازانين سيانيان هى كێن وە من هەوڵمداوە لە نفوسى دووز و سەرقەڵا و كەلار و لە شوێنەكانى تريش خەڵكم ڕاسپاردووە و ناوەكانيانم داوە بە كەنالەكانى ڕاگەياندن بەڵام جارێ نازانين كێن بەڵام پانزەكەى تريان بە پێنج پشت هەمومان ئامۆزاى يەكين جگە لە خاڵۆزا و پورزا وە لەناوياندا سيانيان زۆر نزيكن لە منەوە يەكێكيان لەيلا عەباس جەوهەرە يەكێكيان چيمەن نازم عەباسە و من هەمويان ئەناسم لەگەڵ هەمويان دانيشتوم و غەريب نين بە من

تۆ لەچى كاتێكدا بيرى ئەوكەسانە ئەكەيت ؟

هەمووكاتێك ڕاستە من كەسى پلەيەكى ئەوان نيم بەڵام هەموو ئەنفال بەخەمى خۆم ئەزانم ئەو ١٣٥ ئەنفالكراوەى نەوجول بەخوشك وبرای خۆم دەزانم ، مامەيەكم ودووكورى ئەنفالكراون ئەوە كاريگەرى زۆرە بەسەرمەوە.

ناويان چيە ؟

حسين يونس برا گەورەى مامۆستا يوسفە ، لەو ١٣٥كەسەى نەوجول ١٥-٢٠ كەسمان مام و ئامۆزا و و ئامۆزازاو ژنەكانيانن، مام يونس باوكى مامۆستا يوسف لە نوگرەسەلمان بە بەرچاوى خەڵكەوە سەگە ڕەشەكە خواردويەتى، مامەيەكى ترم ناوى سەرحەد فەتاح جەوهەرە و برايەكى مامۆستا يوسف كە ئامۆزاى من دەكات، خۆى ودوو كورى، ماڵى مامەيەكى ترم ناويان محمد ڕەفعەت جەوهەر و شوكر ڕەفعەت جەوهەر ئەمانيش هەر ئامۆزامن و خيزانەكەى لەيلا عەباس جەوهەر ونااميقيش ئامۆزامە لەگەڵ هەموو خێزانەكەى ئەنفالە وشوكر لەگەڵ هەموو خێزانەكەى ئەنفالە و دوو ئامۆژنم لەنوگرەسەلمان هاتنەوە دواى شەش مانگ مردن لەبەرئەوەى لە نوگرە سەلمان عەزابێكى زۆريان چەشتبوو.

ئەوانەى كە لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە باسى ئەوەيان نەكرد كە ئەمانە تا كوێ لەگەڵمان بوون ؟

نەخێر بەڵام حاجى يونس لە ئەنفال دەربازى بوبو تەمەنى حەفتا ساڵ دەبوو دواى حەفتەيەك لە دوزز گرتيان و لەماوەى دوو ڕۆژدا گەياندياند نوگرە سەلمان ، ميم زايەكى خۆم بەتەمەن بوو لە نوگرە سەلمان هاتەوە ناوى عەلى جەبار بوو دواى ئەوەى گەڕايەوە لە باشتەپە مرد وە چيرۆكى زۆرى بۆم دەگێڕايەوە وە من ئەوانەم لە دەفتەرێكدا نوسيبوو بەڵام بەداخەوە ئەو دەفتەرەم لە پرۆسەى ئازادياندا لێ ون بوو ، يەكێك لەو بەسەرهاتانە ئەوەبوو چەند هەزار كەسێك لە قاعەيەكدا بوون و چەند ڕۆژ جارێك لەتێك سەمون و ئاويان داوە پێيان و توشى نەخۆشى بون و ئەو كابرايەى پێى دەڵێن حەجاج ڕۆژانە ئەوەى جوان بووە بردويەتى سەماى پێكردوون و بردوينى بۆ خۆيان

من زۆر لە كەسوكارى ئەوكچانەم ديوەو پرسيارەم لێكردون كە ناويان لە نوسراوەكەى موخابەراتى كەركوكدا هاتووە تۆ وەك گەنجێك هەستت چۆن بوو كاتێك ئەوەت بيست ؟

كاتێك ئەو بەڵگەنامەيە بڵاو كرايەوە توشى شۆك بووم و بڕوام نەدەكرد ئايا بۆچى لە سەد و هەشتا و دوو هەزار ئەنفال تەنها ئەو بەڵگەيە بڵاوكرايەوە، پاش حەفتەيەك ئێمە چوينە لای ئەو ئەو ڕۆژنامەنوسە ناوى (عبدالله) لەلای من دوو باڵى هەيە يەكەم ئەوەيە كە بۆ ئێمە ناخۆش بوو، دواى ئەوەندە ساڵ بەڵگەيەك بڵاو ببێتەوە كە ناوى كەسەكانى ئێمەى تێدابێت، ئەوەى دوەميشيان ئەويە ئەوە هى ئێمە نيە بەتەنها ئەوە هى ميلەتێكن هى نەتەوەيەكن هى وڵاتێكن كە پێى دەڵێن كوردستان بەڵام بەداخەوە حكومەتێكى زاڵم ئەوەى ئەنجامداوە .

ئەوەى كە زۆر بێتاقەتى كردى ئەوەيە كەبەڵگەنامەكە باس

لەوەدەکا کە بەم شێوە نێردراون بۆ میسر ؟ یاخود ئەگەر بەو شێوەیە نەبوایە و بیان وتایە ئەوەندە ئافرەتمان بۆ ئامادە کردون تا لە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیدا، کاریان پێبکەن هەر بەم شێوە توشی شۆك دەبویت ؟

کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی وا لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە هەندێکیان تەمەنیان هەڵکشاوەو لەوەدا نەماون کە ببرێن بۆئەو شوێنانە.

کامەیان لەوانە تەمەنی هەڵکشاوە ؟

ئامۆزایەکی من موالیدی پەنجا و یەکە ناوی لەیلا عەبا جەوهەرە، خوراسان عبدالله جەوهرو قەدریە ئیبراهیم عەلی وئەمانە بەتەمەنن، تەنانەت قەدریە شەل بوو.

بۆچی شەل بوو ؟ بەهۆی بریندارببوونەوە ؟

نانا هەر لە زکماکیەوە قاچێکی شەل بوو، ئەمانە نیوەیان دایکن و بەتەمەنن و موالیدیان لە نیوان چلەکان بۆ پەنجاکاندایە، کچەکانیش هەیانە دووسااڵە و هەیانە سێ ساڵ هەتا چواردە ساڵی تێدایە ، کە بەڵگەنامەکە بلاکرایەوە چوینە لای کاك عبدالله نوسخەیەکی دا پێمان ووتی نوسخە ئەصلیەکە لای خۆمە بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کەلای نیە.

ئەو نوسخەیەی کە کاك عەبدوڵا دەڵێ ئەصلیە پیشانی داوم، تەنها لەوانی تر ڕونترە، ئەگینا کۆپیە و یەکێك لەو خاڵانەی کە ئێمە ناتوانین ئەوە پشت ڕاست بکەینەوە بەوەی کە نازانین ڕەنگی مۆرەکەی چۆنە و ڕەنگی مۆری موخابەرات بەشێوەیەکی گشتی سوربوو.

ئێمە بەدواداچونمان بۆ ئەو مەوزوعە کرد و لەگەڵ کەسوکارەکانیان چوینە لای چنارخان وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشتریش خۆم بەتەنها لەگەڵی قسەم کردووەو هەندێ بەڵگە و دۆکۆمێنتم خستوەتە بەردەستی وداوامان لێیکرد کە سەرۆکی حکومەت یاخود سەرۆکی هەرێم ببینین، بەڵام بەداخەوە نەمان بینی و ئیتر خۆی بەدوادا چونی بۆ نەکرد، دوایش لە وەزارەت نەما، ئەوەیان نازانین ، ئێمە لە زۆرشوێن داواکاریمان کرد لەڕێی ڕێکخراوەکان و ڕۆژنامەنوسان و دادگای باڵای تاوانەکان کە هاوڕێ مەحمود چویە ئەوێ وبەڵگەکەی برد و زۆر بەدواداچونمان بۆکرد هەتا ئەوکاتەی کە دراما میسیریەکەی لەسەردەرچوو، دیسانەوە بریمانیان کولاندەوە و بەچەندین شێوە باسی لێوەکرایەوە ئەگەر بەڵگەکەش ڕاست نەبێت من ئێستە دەڵێم ئەو درامایە ڕاستە، چونکە دەرهێنەر ناتوانی بە قسە و قسەڵۆك فیلمێکی بەم شێوە بەرهەم بهێنێت و کاتێك چوینە میسر من بە قونسوڵم وت ئێمە ئەزانین چی سەردەمێك بووە لەکاتی حوسنی موبارەکدا، ئێستەش چی سەردەمێکە و ئومێد دەکەین میسر بەهانی ئەمانەوە بێت وەك کارێکی مرۆیی، من وەك خۆم و وەك کەسوکارەکەشم گەر ئەوان بگەڕێنەوە بەشەرەفەوە ئەیان هێنینەوەو لەوفیکرە کۆنانەی خۆمان دەرچووە، ئەوە پرسیارەکە ئەو ژن وکچانە بۆچی ڕۆشتن و بۆچی وایان لێهات ؟ ئەمە کێشەی نەتەوەیەك و میلەتێکە و بەزۆربراون وستەمیان لێکراوە ئەوان دەسەڵاتیان چییە ؟ بێگومان دەسلەتیان نیە.

ئایا کەسوکارەکەشیان ئامادەن وەك تۆ پێداگری بکەن لەسەریان؟

بەڵێ کەس و کارەکەی ئێمە و پانزە کەسەکەی نەوجول بە دڵنیاییەوە ئامادەین چونکە ئەوانە کەسی خۆشەویستی ئێمەن و بیست ساڵ بیست و پێنج ساڵ لێمانەوە دوربن، ئەی چۆن ناچین بیان هێنینەوە و ئەوە شەرەفە بۆ ئێمە چونکە ئێمە لەسەر نەتەوەکەمان و میلەتەکەمان ئەوەمان بەسەرهاتووە و ئەو کاتە دوو حکومەتی درندە ئەم کارەیان کردووە

خەڵکی تر تا چەند بە هاناتانەوە دێ ؟

لە ڕاستیدا زۆر کەس هاتوە بەهانامانەوە و سۆراغیان کردووە و حەزیان کردووە ئەوانەی ئێمە سەرەداوێك بێت بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەوانەی تریش چونکە کەس و کاری ئەوانیش تا ئێستە چاوەڕوانن

دەوری ڕاگەیاندنتان پێ چۆن بوو لەسەر ئەم دۆسیەیە ؟

بەداخەوە لەم ڕۆژەدا هەرکەسێك هەڵئەسێ دەڵێ من ڕۆژنامە نوسم و من نوسەرم و ڕاگەیلاندنەکان لەسەرەتاوە ویستیان بیوروژێنن ئێمە زۆرمان پێناخۆش بوو کە بەو شێوە باسیان دەکرد هەرچەندە لە بەڵگەنامەکەدا بەو شێوەیە هاتووە کە فرۆشراون بە مەلهاکانی میسر بێ ئەوەی ئەمانە بێن لە ئێمە بپرسن ئایا ئەمانە توانایان هەبووە ڕەقص بکەن و کەسێك تەمەنی چل و پێنج ساڵ بێت و شەش منداڵی هەبێجت توانای ئەوەی هەیە بەڵکو میسر خۆی ڕاقیصە دروست دەکات و دەینێرێت بۆ وڵاتەکانی تر

بە پێچەوانەوە لە میسر ڕاقیصە نەك مایەی سوکایەتی نیە بەڵکو هونەرێکی گەورەیە، من خۆم داوام لە ڕاگەیاندەکان کرد بە شێوەیەك باسی بکەن کە ئێمە بریندار نەکەن و بەشێوەیەك بڵاوی نەکەنەوە ئێمە هەست بە نیگەرانی بکەین و وەهامان

لێبێت قسە بۆ ڕاگەیاندەکانیش نەکەین ، ئەوان دەڵێن هەژدە پاکیزە بەڵکو پاکیزە نین و ئافرەت و ژنیان تێدایە و منداڵیان تێدایە تەمەنی دوو ساڵ و سێ ساڵانەو منداڵی تێدایە ناوی کوێستانە موالیدی هەشتا و حەوتە

مەبەستت ئەوەیە نابێت ڕاگەیاندەکان زمان حاڵی بەعس بن ؟

بە دڵنیاییەوە ئەتوانن ئەو مەلهایانە بگۆڕن و بڵێن فرۆشراون بە میسر و ئەبێ قسەی ڕاگەیاندن جوانتربێت لە کەسێکی وەک من و ناو بازاڕ و کەسێک کە ئەم تاوانەی نەدیوە و زۆر کەس هەیە ئەم تاوانەی نەدیوە و تەنها دەڵێت ئەنفال بەڵکو لە ئەنفال تێنەگەشتوەو نازانێ ئەنفال لە چیەوە هاتوەو بۆچی ئەنفالکراوەو کێ ئەنفالکراوە و ئەوەی کە ئەنفالکراوە کورد نیە و برا و کەس و کاری ئەو نیە ، ئەنفال هەر ئەوە نیە بکوژرێن و زیندەبەچاڵبکرێن و بفرۆشرێن و لەناو بچن بەڵکو ئەنفال نەهامەتی تری لەگەڵ خۆی هێناوە خەڵکانی پێش ئەنفال بەشێوەیەک بون تەبیعەت و کوردایەتی و مەردایەتی ڕۆحی یارمەتی و ئینسانیەتیان بەشێوەیەک بوو ئەوانەی دوای ئەنفال بەشێوەیەکی ترن و جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و بۆ نمونە مام حەسەن

مام حەسەن تەعامول و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژن و کەس و کار و منداڵەکانی چۆن بووە ؟

مام حەسەن دوو کچی لەگەڵ ژنەکەی ناویان لەناو ئەم بەڵگەنامەیەدا هەیە و مام حەسەن کەسێکی زۆر فەقیر و ڕۆح سوک و خۆشەویست بوو وە لەگەڵ منداڵەکانی دا وەک هاوڕێ بوو حەوت کچی هەبوو تەنها کوڕێکی هەبوو ناوی بورهان بوو

ئەوکاتە گەنج بوە بۆ پێیان وتوە مام حەسەن ؟

ڕاستە گەنج بوو بەڵام هەر بەو شێوە ناومان دەهێنا

باسی ئەوەت کرد کە مام حەسەن و چەند کەسێکی تر لە بەڵگەنامەیەکدا دەرکەوتون کە لە موصل ئیعدام کراون ؟

کاتێک کاک عبدالله بەڵگەنامەکەی بڵاوکردەوە ئێمە چووین بۆلای، لە ماڵی خۆیان بەڵگەنامەیەکی تری پیشاندین بێئەوەی بزانێت کە ئەوانن و کەسەیرمان کرد لەناو بەڵگەنامەکەدا پانزە کەس یاخود شانزە کەسن کاتی خۆی گیراون و دوای تەحقیق لە موصل ئیعدام کراون لەناو ئەوانەشدا ناوی کەسوکارەکەمان هاتووە و شەش کەسیان خەڵکی نەوجولن وئامۆزا وخاڵۆزای ئێمەن و یەکێک لەوانە ڕەفیق عبدالله تۆفیق وئەحمەد فاتح ڕەحیم وداودجاسم خەڵکی دێکەمانەهەرەها وەیسی جەبار لەگەڵ باوکیدا.

کاک بەشارەت شتێکی زۆر جوانی وروژاند بزانین بۆچونی تۆ چیە لەسەر ئەم بابەتە و وتی بۆچی ئەو ژنانەی فرۆشراون هەر ئەبێ خزمەکانی ئێمەبن و ئەوانەی لە ئەنفال ئیعدام کراون کەس بەڵگەنامیەکی لەبەردەستدا نیە کە بڵێ ئەمانە دەبێ بکوژرێن و تۆ چۆن ئەم بابەتی هەڵدەسەنگێنی ؟

منیش ئەو پرسیارەم لەلا دروست بوە و ئێمە بەڵگەنامەیەکی تریشمان لایە بە مۆری موخابەراتی کەرکوک هەمان مۆر و هەمان بەروار دیسانەوە ناوی کەسوکارەکەی ئێمەی تێدایە

موخابەراتی موصل یاخود کەرکوک ؟

موخابەراتی کەرکوک ودوایی داویانەتە موصل و لەوێ ئیعدام کراون و بەڵگەنامەکە دەڵێ دوای شەش مانگ لە تەحقیق دەرکەوتوە ئەمانە هیچیان لەسەرنیە بەڵام ئیعدام کراون

چی تر هەیە کە تۆ بتەوێ باسی بکەیت ؟

کوڕێک ناوی فەرمان بوو ساڵی دوو هەزاروشەش لەمیسر هاتبوەوە وتەلەفۆنی بۆمامۆستا یوسف کردبوو ئەویش پەیوەندی بە منەوە کردو پێکەوە چوین بینیمان گوایە لە میسر بووە وخەڵکی بینیوە لەوانەو کچێکی بینیوە لە ڕاستیدا ناوی ڕۆژگار بوەو ناوی خۆی گۆڕیوە بە سەحەر و ڕسمێکی پێ پیشاندین و وابزانم لە ڕۆژنامەی میدیا بڵاوی کردۆتەوە

تۆ پێت وایە فەرمان ڕاست بکات ؟

هەندێک شت هەیە لەسەر فەرمان دەڵێن بۆپارە ئەوەی کردووە و ڕۆژنامەنوس نیە ودەعوای تری لەسەرەوماوەی دووساڵ دیارنەماو من ومامۆستا یوسف زۆر بەدوایدا گەڕاین، یەکەمجار کە بینیمان پێمانوت ئێمە پارەشت ئەدەینێ و هاوکاریشت دەکەین یەکێکمان ببە بۆمیسر بائەو کچە ببینین یاخود بچۆرە ئەوێ با لەوێوە قسەی لەگەڵ بکەین بەڵام بەداخەوە دووساڵ دیارنەما برادەرێکم وتی لە یۆنان بووە و تازە گەڕاوەتەوەو بینیومە ، ئەنفال تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی و دادگای باڵای تاوانەکانیش ئیشی باشی تیدا کردووە بەڵام بە بۆچونی تایبەتی من بۆئەنفال هیچی نەکرد وحەقبوو بەجیا دادگایەکی بۆ دابنرایە .

بەڵام ئەو دادگایە تایبەت بوو لەسەر ئەنفال ؟

من مەبەستم ئەوەیە هەر زۆر تایبەتی بوایەو لە هەموو شتێک بکۆلێتەوە.

بۆچونی دداگا لەسەر بەڵگەنامەکە چی بوو ؟

هیچ نەبوو، دادگا بڕوای پێ نەکرد، هاوڕێ مەحمود بەڵگەکەی لەگەڵ خۆی بردو ئەوان سێ تێبینییان لەسەری هەبوو یەکەم وتبویان ئەمە کۆپیە دووەم وتبویان ئەم مۆرە مۆری موخابەراتی ئەوکاتە نیە و سێیەم مودیری موخابەرات وعەلی کیمیاوی و صەدام وتبویان ئێمە شتی وەهامان نەکردووەو ئەوان داوای ئەصلەکەیان کرد بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەصلەکەیمان دەست نەکەوت .

بەڵام ئەصلیەکەی درابوو بە پۆل بریمەر حاکمی ئەوسای عێراق.؟

دوای ئەوەی ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەصلەکەی چوین بۆلای کاک عبدالله ئەو پێشتر وتی ئەصلەکەیم لایە بەڵام کە چوینەوە بۆلای وتی لام نیە .

منیش داوام لێکرد پیشانی دام، بەڵام ئەوە کۆپی بوو، پێموت تۆدڵنیای ئەمە (ئەصلیە) ئەو بەدڵنیاییەوە وتی بەڵێ ئەوە نسخەی ئەصلی، بەڵام من دلنیابووم کە کۆپییە تەنانەت لێشم تورەبوو وتی: چۆن دەزانیت؟ منیش وتم ئەمە ڕەش و سپیە ئەگەر ئەصلی بێت ئەبێ مۆرەکە یان شین بێت یان سور یان سەوز بێت و مۆری موخابەراتیش بەگشتی سورە و ئینجا قەناعەتی کرد، وتی من هەر ئەمەم لایە.

لەم ڕۆژانەدا حاکم لەتیف باسی ئەوەی کرد کە چەند تەنێك بەڵگە لای بریمەرە، حەقوایە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانتارەکان و ڕۆژنامە نوسەکان ئەم بەڵگانە پشتگوێ نەخەن

لای بریمەر نیە بەڵکو لای ئەمریکایە وسالّی نەوەد و دوو کاتێك پارتی و یەکێتی بەڵگەنامەکانی خۆیان دا میدل ئست وچ ئەوان بردیان بۆ ئەمریکا بەڵام ئەم بەڵگەیەی باس لە هەژدە کچەکە دەکات دراوە بە بریمەر ئەوە زەکیە ئیسماعیل حەقی کە بەڵگەکەی دەست کەوتووە دەڵێ داومە بە بریمەر

بەڵگەکان زۆرن بەڵام بە ئێمە نادۆزرێتەوە بەڵکو بەحکومەت دەدۆزرێتەوە

تۆ پێت وایە حکومتی هەرێم دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەم دۆسیە یەکلایی بکاتەوە ؟

لە ڕوی حکومەت و قانون و یاساوە نەخێر بەڵام حکومەتی عێراق دەتوانێ بەشێوەی موخابەراتی نەك بەشێوەیەکی ڕەسمی و حکومەتی میسر بەو هەموو توانایەیەوە چۆن ئەچێتە ژێر باری ئەو تاوانە گەورە

ئەگەر حکومەت نەیتوانی ئەوکارە بکات تۆ چ ڕێگایەك شك ئەبەیت تا بیکەیت ؟

ئێمە خۆمان بڕیارمان داوە ئەگەر حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی عێراقی هیچی نەکرد ئەبێ خۆمان بگەینە قەناعەت و لەسەرئەرکی خۆمان بەدواداچونی بۆ دەکەین

تۆ هیچ شتێکت ماوە بیڵێیت ؟

داوام لە حکومەتی هەرێم ئەوەیە بەدواداچوون بۆ بچوکترین شتی ئەنفال بکەن چونکە ئەنفال ناسنامەی نەتەوەیە و ناسنامەی میلەتێکە و ئەو ئەنفالەیە میلەتی کوردی گەیاندە ئێستە وە گلەیی زۆریشم هەیە لە حکومەتی هەرێم چونکە تا ئێستا ئامارێکی ئەنفالی نیە و لە سالّی نەوەد و یەکەوە خاوەنی حکومەتین تا ئێستا نەخراوەتە بواری خوێندنەوە تا نەوەکانی داهاتوو بزانن ئەم تاوانە چۆن بووە و کێ کردویەتی و دەرهەق بە کێ کراوە و لەبەرچی کراوە وە تا ئێستا ئاوڕی لەو کەسانە نەداوەتەوە کە کار لەسەر دۆسیەی ئەنفال دەکەن و ئەو کەیسانەی لەسەر ئەنفال دروست کراوە وەکو دۆکۆمێنت کۆی بکاتەوە

ئەتوانی پێم بڵێیت ڕۆڵی ڕێکخراوەکان چۆنە بەلاتانەوە ؟

بەگشتی کۆمەڵێك ڕێکخراو هەیە لەبواری ئەنفالدا ئیش دەکەن وەك ساباتی ئەنفال و کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال کە خۆم ئەندامم تێایدا وە ڕێکخراوی چواردەی چوارو کۆمەڵێك ڕۆژنامەنوس بەگشتی خراپ نین، لە ٢٠٪ باشن لە٨٠٪ خراپن چونکە نەگەشتون بە هیچ ئامانجێك و هەر ڕێکخراوە سەر بەحیزبێکە یاخود سەر بەکەسانێکە لەبەرژەوەندی خۆی کاردەکات ، کەسانێك هەن لە ڕێکخراوی چواردەی چوار کاردەکەن لێیان بپرسە چواردەی چوار لەچیەوە هاتووە، نازانن .

لەچییەوە هاتووە ؟

لەو ڕۆژەدا زۆرترین کەس لەملە سورە کۆکراوەتەوەودوایی ئەنفالکراوە بۆیە یادی ئەنفال لەو ڕۆژەدا دەکەینەوە .

بەشی دووەمی دیدارەکەمان لەناو مەرکەز شەبابەکەی خورماتوودا ئەنجامدا، ئەو شوێنە گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە مەرکەز شەبابەکە شوێنی کۆکردنەوەی هەزاران ئەنفالکراوی ناوچەی داودە بوو هەر کە گەیشتینە ناومەرکز شەبابەکە کامەران دەستی بەقسەکردەوەو وتی : ئەم شوێنە مەرکەز شەبابی پێدەڵێن و ئێستە وێران کراوە ، ئەو شوێنەیە لە مانگی چواری سالّی هەشتا وهەشت، سەرجەم ئەنفالکراوەکانی ناوچەی (داودە) لێرە کۆکرانەوە.

بیرتان لەوە کردۆتەوە ئێرە بکەن بەمۆنۆمێنت ؟

من داوام کردووە ئەگەر نەکرێت بە مۆنۆمێنتیش پاك بکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئێستە بۆتە جێگای پاشماوە وپیسی، لەلایەن

حکومەتی عێراقەوە پارەی بۆتەرخانکراوە نوێ بکرێتەوە و بکرێت بە مەرکز شەباب بۆ فێربونی کۆمپیوتەرو وەرزش وهونەر، ئەگەر بکرێتە ئەوشتانە منداڵی کورد سودی لێدەبینێت وپێمان خۆشە

هەندێك لە ئەنفالکراوەکان کە رزگاریان بوو باسی ئەوەیان بۆکردووم کە منداڵەکانیان لەسەر ئەو دیوارەوە هەڵداوەتە ئەو دیووە بەو شێوەیە دەربازبوون ؟

ئەوە راستە بەڵام ئەم دیوارەی کە ئێستە هەیەتی، هەمان دیوارەکەی جاران نیە وتازە دروست کراوەتەوە، ئەوسا دەوری ئەم دیوارە بەجاشوجەیش گیرابوو ئەنفالکراوەکان لێرە کۆکرانەوە بۆماوەی چەند ڕۆژێك لێرەمانەوە بەڵام ئەوە بۆهەموویان وەك یەك نەبوو، چونکە هەندێکیان هەروا بۆماوەی چەند سەعاتێك لێرە هێڵدرانەوە. من بەچاوی خۆم نەمدیوە بەڵام خەڵکی خورماتوو وای دەگێڕنەوە، خەڵکمان هەیە لەم شوێنە گیراوەو ئازادکراوە دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێین کەوا هەندێ لەجاشەکان هاوکاری خەڵکیان کرد بۆئەوەی دەربازبن و خۆیان بدزنەوە هەندێ لە خەڵکی دڵسۆز هاوکاریانی کردووە، تەنانەت لێرە سوکە موزاهەرەیەك دروست بوو، تەقەشی تێداکرا ویستیان ئازادیان بکەن بەڵام ئەمن و جاش و دڵسۆزەکانی بەعس نەیان هێشت خەڵکەکە بەزۆری ئازاد ببێت ، ئەم شوێنە ئێستا بەم شێوەیە ماوەتەوە من دوو جار بە قائیمقام وتووە ئەبێ وەك خۆی بمێنێتەوەونابێ ڕێگە بدرێت بکرێت بەهیچ شتێکی تر، چونکە ئێستە پارەی بۆتەرخانکراوە نۆژەن بکرێتەوە بەڵام من داوام کردووە ئێرە ئەم بینایەی مەرکەز شەباب وەك مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال بەکاربهێندرێت و هەموو شتێکی ئەنفال و تەنانەت جێدەستی ڕەشی ئەنفالچیان و حکومەتی بەعسی پێوە دیار بێت لەراستیدا هەقە ئاوا بمێنێتەوە.

ئەم شوێنە نزیکە لە دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوانی دووز خورماتووەوە من کاتێك بەڕێوەبەر بوم خۆم ئەم خانوەم گرت بۆ ئەم دائیرەیە بۆئەوەی ئەوانەی کە دێن سەردانمان دەکەن و معاش وەردەگرن ئەمەیان بیرنەچێتەوە چونکە کەسوکارەکانمان لێرەوە بارکراون لێرەوە ئەنفالکراون و زیندە بەچاڵ کراون

باسی ئەوەت کرد ئەنفال بەها جوانەکانی لەدەست داوە

ئەنفال هەرئەوە نەبوو کەسێك رابگوێزێ و زیندەبەچاڵیان بکات و دێهات بڕوخێنێ بەڵکو بەها جوانەکان و ڕەوشتە جوانەکانیشی لەگەڵ خۆیدا برد خەڵکی ئەو سەردەمە سادەو ساکار بون و بەتەنگ یەکتریەوە بون، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك خانوی سواق بدایە ئەو دێیە هەمووی ئەچونە هاوکاری کردنی و نیوەڕۆش لەوێ نانیان دەخوارد، ئەگەر کەسێك ئیشی کشتوکاڵ بوایە بە هەمان شێوە هەموو ئەچوون هاوکاریان دەکرد ئەگەر پرسەیەك هەبوایە "خێمە" چادر هەڵدەدرا و حەوت ڕۆژ لەگەڵیدا دەمانەوە وە بۆشایش سێ ڕۆژ دەهۆڵ و زورنا لێدەدرا، بەڵام بەداخەوە ئەنفال کەماڵ وێرانی هێنا بەها جوانەکانیشی لەگەڵ خۆیدا برد.

دەتوانی زیاتر لەو بارەیە بۆم بدوێیت ؟

کاکە ئەنفال هیچی نەهێشت باشتێکت بۆ بگێڕمەوە نەوەی ئەنفال کوڕی ئەنفال کە باوکی ئەنفالکراوە هاتووەتە لام، پێمووتوە تۆ دەبێت وەها هەڵسوکەوت نەکیت لەبەر ئەوەی باوکت ئەنفالکراوە بەڵام لەوەڵامدا وتویەتی: باوکم بۆخۆی ئەنفالکراوە .

تۆ ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە ؟

لەبەرئەوەی لە ئەنفال و زوڵمی بەعس تێنەگەیشتووە هێشتا واتای ئەفال نازانێت و بەچاوی خۆی نەیدیوەو ئێمە نەگەشتوینەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەنفال وەك خۆی بخوێنینەوە و بەها جوانەکانی لە کوێیە وشتە خراپەکانی لەکوێیە، خەڵك لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە ئەو وێن وغەریبایەتیەی بینیوە ئەو بێ نان وئاووعەزابەی بینیوە وئەو هەموو شتە ناشرینانەی بینیوە کەبەرامبەریان کراوە کەچی ئێستە هاتۆتەوەو لەگەڵ منداڵەکانیدا باش نیە، ئەنفال ماڵ وێرانییە بریندێکی قوڵەو بە ئاسانی سارێژ نابێت

مەبەستت ئەوەیە خەلك بۆ ئەوەی ریز لە ئەنفالکراوەکان بگرێت و لە بەعسیەکان جیاوازبێت دەبێت لەگەڵ منداڵەکانی خۆشیدا نەرمونیان بێت .

بەڵێ بێگومان مەبەستم ئەوەیە .

ناوەوەی مەرکەز شەباب

ئێرە تا ساڵی چەند ماڵی تێدا بوو؟

تا کۆتایی دوو هەزار ودووماڵی تێدابوو

ماڵی کورد؟

بەڵێ، دوای پرۆسەی ئازادی هەندێك کەس کرێچی بوون وهەلەکەیان قۆستەوەو هاتنە ناوی، نزیکەی سی و دوو ماڵی تێدابوو وە هەرکەسەو بەشێکی بۆخۆی جیاکردەوە .

دەکرێت مۆنۆمێنتیش بێت

بەڵێ شوێنمان بۆ دیاری کردووە لە ساحەکەی دەرەوە و ڕەمزێك دروست بکرێت

ئەکرێت مۆنۆمێنتیش بێت و سەنتەریش بێت
ئێمە داوای ئەوەمان کردووە و داواشمان کردووە شوێنێکی لێ تەرخان بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنفال و هەموو شتەکان بکرێت بە دۆکۆمێنت

دەستانخۆش بێت من هیچم نەماوە ئەگەر بەرێزت شتێکت مابێت باسی بکەیت ؟

منیش هیچم نەماوە و زۆر بەخێربێن و سوپاست دەکەم .



شیخ سالح فەوزان: کەنیزەککردنی ژنان حەڵاڵەو ئەوەی دوای حەرامکردنی دەکات کافرە.



شیخ سالح فەوزان ئەندامی لیژنەی هەمیشەیی فەتواو ئەندامی دەستەی باڵای زانایانی سعودیە دەڵێت: ئیسلام کەنیزەک حەرم ناکات، ئەوەی بەحەرامی دەزانێت کافرو جاهیلە، هەروەها لە تویتر بڵاوی کردووەتەوە : ئەمە حوکمەو پابەندە بەقورئان دەرفەتی لابردنی نیەو هەتا جیهاد هەبێت لەپێناوی خودادا بەردەوام دەبێت.

وتیشی ئەوە فەرمانی خودایە نە هاوسۆزییە و نە رۆپامایییە بۆکەس، ئەگەر ئەمە کارێکی خراپ بوایە ئیسلام حەرامی دەکرد وەک چۆن سوخواردن و زینای حەرام کردووە.

ئیسلام ئازایەو رۆپامایی بۆکەس ناکات، ئەمەش لەدوای راگەیاندنی داعشەوە کە ژنانی ئێزدیانی بەکەنیزەک گرتووەو لەبازاری کۆیلەو خزمەتکاراندا، فرۆشتوونی.

عضو هيئة علماء السعودية: سبي النساء حلال ومن ينادي بتحريمه ملحد

الشيخ السعودي "صالح الفوزان" كتب محرر الأقباط متحدون قال الشيخ السعودي "صالح الفوزان" عضو اللجنة الدائمة للإفتاء وعضو هيئة كبار العلماء بالمملكة العربية السعودية: إن الإسلام لم يحرم سبي النساء ومن ينادي بتحريم السبي هو جاهل وملحد. وأضاف عبرتغريدة قصرية له بتويتر: إن هذا الحكم مرتبط بالقرآن ولا يمكن إلغاؤه طالما استمر الجهاد في سبيل الله.

وتابع بقوله: "ذلك حكم الله، لا محاباة ولا مجاملة لأحد ولو كان الرق باطلاً لكان الإسلام قد صرح بذلك كما فعل في الربا والزنا، فالإسلام شجاع ولا يجامل الناس". جاء ذلك عقب إعلان داعش عن إتخاذها لنساء الأيزيديات سبايا وباعوهن في سوق الرقيق والجواري.

بروانە: مالپەری http://hakaek.net/?p=5567

یەکێک لە ژنە ئێزدییەکان کە لەدەستی داعش هەلاتووە دەگرپتەوە : داعشێکی ئوسترالییان لەگەلدا بوو، زوو زوو سەردانی ئەمیری زیندانەکە "شێخ ئەبو محمەد عێراقی" دەکرد، هەموو جارێک داوای لێدەکرد، منی پێبدات، بەڵام ئەمیرە عێراقیەکە پێی دەوت، نایفرۆشمە کەس.

لە کۆتایدا هەموو ئافرەتەکانیان فرۆیشت وتەنیا من وکچە مامەکەم مابوویندوە، ئێمەشیان برد بۆ زیندانێکی تر کە زیاتر لە "٢٥٠" ئافرەتی تیدابوو، ئەم ئافرەتانە ئێزدی نەبوون بەڵکو موسڵمان بوون و لە بەر پابەند نەبونیان بە بنەماکانی ئیسلامەوە دەستگیرکرابوون، تیاشیاندا بوو مێردەکەی لە ریزی داعشدا کوژرا بوو، لێرەش پرۆسەی هاوسەرگیری دەکرا بە ڕۆژانە، داعشێک دەهات یەکێکی هەڵدەبژاردو ئەگەر رازیبوایە قورعانێک گرێبەستەکەیان بوو، ئەگەریش نا یەکێکی تری هەڵدەبژارد

لە کتێبی: جینۆسایدی ئێزدییەکان- گوندی کۆجۆ.

وەرگێڕان و ئامادەکردن تەها سلێمان .

ئەکرەم حەمەئەمین ئەحمەد

ئەوکاتەی لەکوێت سەرباز بووم، کەژاڵ منی ناسییەوە من ئەوم نەناسی



دیدار : عومەر محەمەد
هاوکار: سمکۆ سابیر
شوێن : کۆمەڵگای پیرەمەگرون. ماڵێ ئەکرەم
رۆژی ٢٥ی ئابی ٢٠١٣
کات : ٤ی پاش نیوەڕۆ

پاشئەوەی ژمارە (١٠)ی ئەنفالستان لەچاپ دەرچوو هەواڵی ئەوەیان پێدام کەوا پیاوێکی خەڵکی سەرگەڵو کە ئێستا لە کۆمەڵگای پیرەمەگروون نیشتەجێیە، ساڵی ١٩٩١ کە سەربازبووە کچێکی ئەنفالکراوی گوندەکەی خۆیانی لە ولاتی کوێت بینیوەو قسەی لەگەڵدا کردووە، بۆئەو مەبەستە پاشنیوەرۆیەکی درەنگ لەگەڵ هاوکارم سمکۆ سابیرو کاک ئەکرەم سێکانی چوین بۆ ماڵیان، ئەم دیدارەمان ئەنجامدا.

ئەگەر خۆت بناسێنیت؟

ئەکرەم محمد ئەمین ئەحمەد

تەمەنت چەندەو خەڵکی چ گوندێکی؟

لەدایکبوی ساڵی١٩٦٨ خەڵکی گوندی سەرگەڵووم. هەر لە کۆنەوە لە سەرگەڵوێین.

وتت بۆخۆم بریندارى چەکى کیمیاویم؟ لەکوێ بەرکەوتوویت و کاریگەریەکەی بەسەرتەوە چیە؟

من لە شاناخسێ زۆر بەسەختی بەرکەوتم.

پێشمەرگە بوویت وا لە شاناخسێ بوویت؟

بەڵێ پێشمەرگە بووم رۆژی ٢٤ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ بەرکەوتم ئەو رۆژە لە شاناخسێ بووم. کەبەرکەوتین ناردیانین بۆ نەخۆشخانەیەک لەشاری بانە لەوێشەوە ناردیانین بۆ تاران.

نازانی خەستەخانەکانی تاران ناویان چی بوو؟

لەوێ لە ٣ خەستەخانە بووین، یەکەمیان ماوەی ١٥ رۆژ من بێهۆش بووم ئەوەیان ناویم بیرنیە، ئەوەی تریان ناوی بیمارستانی ئازادی بوو لەوێ دوو مانگ مامەوە.

کێی ترت لەگەڵ بوو، ناسیاوی خۆت بریندار بووبێ؟

کورێکی ترم بیرە ئەویش بریندارى چەکى کیمیاوى بوو ناوى ناصر بوو. دواى ئەوەش ناردیانینەوە بۆ بانە لەوێشەوە بۆ بارەگایەکی یەکێتی کە گەرامەوە ماوەیەك لەوێ مامەوە لەبەرئەوەی زۆر هیلاك بووم بەکەڵکی پێشمەرگایەتی نەمابووم، کەمئەندام ببووم، ئیتر ناردیانمەوە بۆ خەستەخانەیەکی تر ئەوەیان لە تەبرێز بوو، گەرەکێك بووپێیان دەگووت: (تونی لاله) ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە.

دواى ئەوە چیت بەسەرهات؟

وەزعم باش نەبوو، ئیتر بەو حاڵە مامەوە هەتا ساڵی ١٩٩٠ بەلێبوردنی گشتی گەرامەوە، بەڵام ئسراحەتم نەکرد، کردیانم بەعەسکەر ماوەیەکی زۆر لە بەسرە بووم دوایی رەوانەی کوێتیان کردین.

منیش بۆ ئەوە هاتووم دەڵێن لە کوێت کچێکی ئەنفالکراوت بینیوە؟

بەڵێ!!!

ئەوە چۆن بوو دەتوانی بەوردی بۆم بگێڕیتەوە؟

من لەکوێت بووم من دەمتوانی بگەڕێم ئەوەش بۆ هەموو کەس نەدەلوا.

بۆچی تۆ دەتتوانی و خەڵکی تر نەیدەتوانی؟

لەبەرئەوەی من کەمئەندام بووم و راپۆرتی لیژنەی پزیشکی بەغدام هەبوو، بەبێ مۆڵەتیش دەمتوانی بچمە دەرەوەو دابەزم.

لەو دابەزینو گەرانەدا ئەو کچەت بینی؟

بەڵێ

هەربۆخۆت بووی یان کەسی ترت لەگەڵدابوو؟

کورێکی ترم لەگەڵدابوو، ناوی سوارە بوو.

سوارە خەڵکی کوێیە ناوی باوکوباپیری چیە؟

سواره خەڵکی رانیە بوو، ناوی باوکیم بیرنەماوە.

ئینجا چۆن بینیتانەوە؟ برسیتان بوو چوونە مااڵن لەبازار بینیتان چۆن بوو؟

دەزانی چۆن بوو من و سواره پێکەوە بووین مۆڵەتمان پێنەبوو تەنها وەرەقەی کەمئەندامیمان پێبوو، لەوکاتەدا ئینزبات هاتن بەدوای سەربازدا دەگەران چونکە ئەوکاتە قەدەغە بوو سەرباز بەبێ وەرقە بێتە ناوکوێتەوە، کە سواره ئەوەی بینی رای کرد، بەاڵم من رامنەکرد، کە ئینزباتەکان هاتن داوای مۆڵەتیان لێکردم وەرقەی پزیشکیەکانم پێدان قسەیان نەکرد، ووتیان بڕۆ ماوەیەک رۆیشتم پردێک هەبوو، سەروژێری جادە بوو، بەنزیخانەیەک لە نزیکی بوو، لەوێ ئەو ئافرەتەم بەوجۆرە بینی.

بەکامجۆرە بینیت؟

من نەمناسی ئەو منی ناسییەوە، رەنگە بەوسەماعەیەی گوێم ناسیبمیەوە،چونکە لەسااڵنی هەشتاکانەوە ئەم سەماعەیەم لەگوێدایە، ئەوەتا هەتا ئێستاش هەر لە گوێمدایە.

باشە ئەگەر هات بۆاڵت چی پێووتی؟

لەپێشەوە هەر سەیری کردم، لەوکاتەدا دوسێ کەسی تریش لەوێوە رۆیشتن بەاڵم ئەوان جلی مەدەنییان لەبەردابوو، هات ووتی تۆ کاك ئەکرەمی؟ منیش ووتم بەڵێ، تۆ کێیت؟

کەواتە ئەو تۆی لە نزیکەوە تۆی ناسیووە.

بەڵێ، بەڵێ منیش بەسەرسوڕمانەوە ووتم تۆ چۆن من دەناسیت؟ تۆکێیت؟ چی دەکەی لێرە؟

ووتی: من کەژاڵم خەڵکی سەرگەڵووم خەڵکی دێیەکەی خۆتانم.

ئەی نەتپرسی تۆکچی کێی؟

نەمپرسی چونکە ئینزبات دەگەراو منیش ئەو ئافرەتەم بەو جۆرەبینی نەمپرسی مەجالم ئەوەندە نەبوو هەتا کە قسەم لەگەڵ دایکو باکیشی کرد ووتم من ئەوەندەم دیوە من نااڵیم ئەوە کچەکەی ئێوەیە بەاڵم من کچێکم دیوە بەوحاڵە.

تۆ تصورت کرد ئەو کەژاڵە کچی کێ بێ؟

نازانم کچی کێیە بەاڵم من زیادەی نااڵیم چیم دیوە ئەوەی دەگێرمەوە، ئەو پێی نەگوتم کچی کێیە بەاڵم قسەم لەگەڵ داکی و بابیشی کردووە هەموو ناونیشانەکەیم پێگووتوون.

کەی پێت گوتن؟

لەسااڵ ١٩٩٣

ئەی بۆچی سااڵ ١٩٩١ پێت نەگووتن مادام هەرخەڵکی دێیەکی خۆتان بوون؟

نەموێرا باسی بکەم ئەو وەختە باروزروفێکی تر بوو وەك ئێستا نەبوو.

یەکەمجار ئەم چیرۆکەت بۆکێ گێرایەوە؟

یەکەم کەس بۆ خزمێکی خۆمم گێرایەوە ئەویش هەر سەرگەڵووییە.

عەلی چی تۆیە

کوڕی مامی دایکمە. یەکەم جار بۆئەوم باسکرد ئەو بااڵوی کردەوە دەنا من لەسەرخەیال نەبووم.

عەلی ناوی باوکی چییە بەچی ناسراوە؟

عەلی محمەد ئەمین ناسراوە بەعەلی سەرگەلوی.ئەو باسی کردبوو ئینجا دایکو باوکی زانیان.

دایکی و باوکی باوەریان بەچیرۆکەکەی تۆکرد ووتیان ئەو ناونیشانانە هی کچەکەی ئێمەیە؟

بەڵێ وتیان ئەوە کچەکەی ئێمەیە ناونیشانەکەشی تەواوە هەر ئەوە.

ئێستا دایکی و باوکی لەکوێن؟

لە سەرگەڵوون. ئەوکاتە لەسەرگەڵوو بوون ئێستا نازانم لەکوێن.

ناونیشانەکانی چی بوون کە بەدایکوباوکیت ووتووە؟

پێمگووتن ئافرەتێکی گەنج بوو، جوان و کەمێك باڵابەرزو قژی کەمێك خورمایی بوو؟

جلوبەرگەکەی چی بوو چۆن بوو؟

جلی عەرەبی لەبەربوو، ئەوەی بەغدایی لەبەری دەکەن عەبای پێوە نەبوو، پانتۆڵی لەپێ بوو، سەرپۆشێکی سپی پێوە بوو.

جلەکانی رەش بوو؟

کەمێك شینایی هەبوو. ئافرەتێکی تریشی لەگەڵدا بوو، بەاڵم ئەو هیچ قسەی نەکرد.

ووتم ئەی تۆچی دەکەی لێرە؟ کەمێکم لێ پرسی دەزانی ئێرە کوێتە عێراق نیە؟

وتی بەڵێ دەزانم لەوەختی خۆی هێناویانم نازانم لەکوێوە هێناویانم بۆ لێرە پیاوم هەبوو، منداڵێکم هەبوو، ئەمە قسەی کچەکە بوو، وتم ئەی منداڵەکەت ووتی لێکیان جیاکردینەوەومنیان هێناوە بۆ ئێرە. لێمپرسی چەند منداڵت هەبوو، ووتی یەك منداڵم هەبوو. وتی ئەوانی کەیان عەزییەتداو خستیانننە سەیارەوەو منیان هێنا بۆ ئێرەوچاوم پێیان نەکەوتەوە.

کەواتە کەژاڵ لێرە مێردومنداڵی خۆی هەبووە.

ئەی نەتپرسی مااڵتان لەکوێ یە؟

نەیگووت ووتی مااڵمان ئەوەتا لەولایەیە. بەاڵم من دەزانم لەلای

گەراجی جەهراوە بوو، من بۆخۆم لە ئەحمەدی بووم لیواکەمان لەوێ بوو. ئیتر نەگووتی وەربۆماڵمان نەهیچی تر. سالی ١٩٩٨ ڕێکخراوێکی کۆێتی لەگەڵ دایکی ئەوکچە هاتن بۆمگێڕانەوە ئەوانیش ووتیان هەموو قسەکانت تەواوە.

چۆن ئەو ڕێکخراوە کوێتیە تۆیان دۆزییەوە؟

من نازانم لەگەڵ دایکی ئەوکچە هاتن بۆلام، ئیتر هیچ وەڵامێکی منیان نەدایەوە نازانم چییان بە دایک‌و باوکیشیان ووتووە.

کێ بانگی تۆی کرد بۆلای ئەو ڕێکخراوە کوێتیە؟

من نازانم بەڵام یەکێتی زانایانی ئیسلامی بانگیانکردم. وتیان هەوڵێکی بۆ دەدەین ئیتر نازانم چی هەوڵێکیان داوە.

پاشئەوەی ئەوکچەت توش بوو، هیچ جارێکی تر هەوڵت نەدا کەببینیتەوە؟

نا، هەوڵم نەداو بیرم لەوەنەکردەوە، جارێکی تر ببینمەوە، بەڵام بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر قاچاخ نەبم‌و بەجلی مەدەنیەوە بچم بەدوایدا بگەڕێم.

بۆ خۆت قەناعەتت کرد کە ئەو کچە کوردە و ڕاست دەکات؟

ئەی چۆن قەناعەتی پێنەکەم لەوڵاتێکی عەرەبیدا کە ئەوناوم بزانێ‌و بڵێ من کوردم‌و ناوم کەژاڵە.

ماوەی چەند لەکوێت مایتەوە؟

زۆر نەمامەوە فیرارم کرد.

ئەی نەتپرسی مێردت کردووە یان کارەکەری مالانی؟

نابەس ئەوەی گوت کە ئێرە شەری تێدابوو ئەوان ڕۆیشتون بەجێیان هێشتووم. من لەومالانە ماومەوە.

هەتا ئێستا بێجگە لەڕێکخراوە کوێتیەکە کێی ترهاتووە دەربارەی چیرۆکی ئەو کچە پرسیارت لێ بکات.؟

زۆرکەس هاتوون چەندین جار مقابلەیان کردووم؟

تەلەفزیونەکانیش هاتوون؟

نەمدیوە کەس بڵاوی بکاتەوە.

ئەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان هاتوون بۆلات بۆ پرسیار لەوبارەیەوە؟

ڕەنگە نەیانزانیبێ نەخێر نەهاتوون.

ئەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال؟

نەهاتوون بێجگە لەڕێکخراوە کوێتیەکەویەکێتی زانایانی ئیسلامی لەلای مزگەوتی گەورە نازانم هی کۆمەڵی ئیسلامی بوو چی بوو نازانم چی بوو ئەوجارە دایک‌وباوکیشیان لەگەڵ بوو.

ڕێکخراوە کوێتیەکەو یەکێتی زانایان پێکەوە لێیانپرسی؟

نا ریکخراوە کوێتیەکە ساڵی ١٩٩٨ بوو یەکێتی زانایان ساڵی ٢٠٠٠ بوو

کەژال ووتی ئێمە ئەنفالکراوین؟

ئەوباسی ئەنفالی نەکرد، وتی هێناویانین بۆ ئێرە لەپیاو و منداڵەکانیان جیاکردوینەتەوەو ئیتر نەمبینیونەتەوە.

ئەی نەیگوت کەسم بینیوە بیکوژن لەوانەی جیایان کردوونەتەوە؟

باسی کوشتنی نەکرد بەڵام گوتی پیاوەکانیان جیاکردووەتەوەو عەزێتیان داون‌و چاوم پێیان نەکەوتووەوە.

چیتر هەیە بیلێیت؟



هیچی تر نیەو ناتوانم زیاتری لەسەر بڕۆم لەبەرئەوەی هەر ئەوەندە زانیاریم لەسەر ئەو کچەهەیە.

هەرلە بارەی چیرۆکی (کەژاڵ)ەوە پیاوێکی تری گوندی سێکانیان بە ناوی ئەکرەم عەلی کە دراوسێ گوندن‌و یەکتری دەناسن ئەکرەم سێکانی ئەندامی ناوەندی ڕێگا بۆ پرسی ئەنفال ناوچەی دۆڵی جافایەتی، قسەی بۆکردم و ئەوەی پشتراستکردەوە کەوا کەژاڵ‌و مێردەکەی دەناسێ‌و مێردەکەی ناوی حامیدە. ئەوەش دەزانی کەوا لەپاش لێبوردنی گشتی لە ئێرانەوە گەرانەوە بۆ کوردستان، بەڵام لە سەیتەرەکەی سونێ پشتی قەڵادزێ لەگەڵ خانەوادەکەی ئەکرەم‌و خاڵو خاڵۆژنی ئەودابوون، شایانی باسە دایکی و خوشکی ئەکرەم لە گۆرە بەکۆمەڵەکەی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصل تەرمەکانیان دۆزرایەوەو خاڵۆژنی لە نوگرەسەلمان گەرایەوەو باسی ئەوەی کردبوو کە حامیدو کەژاڵی لەگەڵدا بووەو دواتر جیاکراونەتەوەو ئیتر ئاگای لێی نەماوە.

لەسەرەنجامی گەشتو بەدواداچوونەکانمدا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هێشتا زووە بڕیار لەسەر راستی یان ساختەبوونی بەڵگەکە بدەین، لە خوارەوە سەرنج و تێبینییەکانم لەمەڕ دۆسیەکە و بەڵگەو چیرۆک و شایەتحاڵەکان و کاری لیژنەکەی حکومەت دەدەم.

گومان لەسەر بەڵگەکە:

نوسراوەکەی موخابەراتی کەرکوک لەلای هەندێک کەسولایەن جێگەی گومانە، لەراستیدا گومانکردن لەوەها بەڵگەیەک بۆ کەسانێک کە بەوردی کاریان لەدۆسێی ئەنفالدا کردووە واقعیەو بۆهەندێکیش گومانەکە بووەتە خێرو پاساو بۆئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە ڕەتی بکەنەوە، چونکە نایانەوێ لەسەر ئەودۆسێیە بەرژەوەندیان لەگەڵ ولاتی مصر بکەوێتە مەترسییەوە، یان هەر لە بنەڕەتەوە نایانەوێ بەوردی کار لە دۆسێی ئەنفالدا بکرێ بۆئەوەی کەمترین بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆیان لە پێش هەموویانەوە دەوڵەتی عێراق و لایەنە عەرەبیەکان کە جگەلەوەی ئابروشکانێکی بۆ ئەوان تێدایە قەرەبووکردنەوەشیان دەکەوێتە ئەستۆ، هەرچی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردیشن، نایانەوێ لەسەر رابوردوو کێشە لەگەڵ دنیای عەرەبی بگشتی و عەرەبی سونەی عێراقی بەتایبەتی تێکبدەن بەڵکو دەیانەوێ دۆسێی ئەنفال بە ڕۆتینی ببیینن و هەوڵدەدەن نەبێتە مایەی سەرئێشە بۆیان و خۆیان لەبەر پرسیارێتی بدزنەوە.

من بۆخۆم بەگومانەوە تەماشای بەڵگەنامەکە دەکەم، بەڵام هەتا بلوێ بەرپرسیارانە مامەڵەم لەتەکدا کردووە، زۆر بەوردی لەبەڵگە نامەکەم ڕوانیووەو ماوەیەکی زۆر تێڕاماوم و بەپێی توانای خۆم بەدواداچوونم بۆ کردووەو گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە بەڵگەکە سەرباری ئەو گومانانەش زۆر نزیکە لەڕاستیەوە. گومانی من لەبەروارو شوێنی کەسەکان و قۆناغی ئەنفالکردنیاندایە، هەروەها لە ناساندنی کەسەکاندایە لێرە سەرباری تێبینیە وردەکانیشم کە دواتر دەیانخەمە ڕوو هەوڵدەدەم ئاماژە بەگومانەکانی خۆم بکەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- نوسراوەکە هەموویانی بەکچ ناونوس کردووە، لەکاتێکدا تیایاندایە دایکی سێ منداڵە، لەوانە حسیبە ئەمین حمزەو نەجیبەو شلێر حسن ئەندامانی یەک خانەوادەن و شیلرونەجیبە حسن کچی حسیبەن ئەمین هەمزەن، بەڵام ساڵی لەدایکبونی حەسیبە وکچەکانی گومان هەڵگرە لە نوسراوەکەی موخابەراتدا چونکە حسیبە ٢٩ ساڵ و نەجیبە ١٨ ساڵەو شلێر٢٠ ساڵ، کەواتە دەبێ یان حەسیبە زۆر بەمنداڵی هاوسەرگیری کردبێ یان ئەو ژمارانە ناراستن.

٢- جێگەی ئاماژەیە کەوا حەسیبە بێجگە لەم دوو کچە کورێکیشی هەبوو بەناوی بورهان، کە بەیەک ڕۆژ لەسەر چەمی ئاوەسپی لە ناوچەی داودە سەرباز گرتوونی و ئەنفالکران وحسن عەلی مێردیشی هەمان ڕۆژ لەوبەری ئەوەساپی ئەنفالکراو دواتر تەرمەکەی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکەی ناوچەی حەزەری سەربە پاریزگای موصل دۆزرایەوەو بورهانیش هێشتا بێ سەروشوێنە. ڕاستە بەپێی قسەی خزمەکانی حەسیبە زۆر ژنێکی هەڵکەوتوو جوان بووە بەڵام ئەو لەکاتی ئەنفالکردنیدا دایکی ٧ منداڵ بووە نەک کچ وەکو نوسراوەکەی موخابەرات نوسیوێتی. ئەم خانەوادەیە خەڵکی ناحێی نەوجولن بەڵام کاتی ئەنفال لەگوندی وارانی لەگەڵ ماڵی سەفەرئەمین هەمزەی برای حەسیبە پێکەوە دەژیان لەبەرئەوەی حسن عەلی سەربازی هەڵاتوو بوو. سەفەر ئەمینیش بەناوی حەسیبە هیدایەت ناوی لەهەمان بەڵگەنامەدایە واتا هەردوو حەسیبە ژن بوون و دش وبراژن بوون.

٣- هەروەها عصمت قادر عەزیز لەدایکبووی سالی ١٩٤٥ بەڵام لەبەڵگە نامەکەدا تەمەنی بە ٢٤ ساڵ هاتووە.

٤- نوسراوەکە ماژەی بەشوێنی گرتنیان کردووە لە پەلامارەکانی ئەنفالی یەکەمو دووهەمدا بەڵام ١٥ کەس لەو ئافرەتانە خەڵکی گوندەکانی ناحێی (نەوجول) ن و سیانیشیان بێ ناونیشانن و هێشتا کەسوکاریان نادیارە، ناحێی نەوجول لەکاتی ئەنفالدا نەمابوو بەڵکو سالێک پێش ئەنفال وێرانکرابوو خەڵکەکەی هەندێکیان چووبوون بۆ گوندەکانی وارانی و حەیدەرە سورو هەندێکیشیان لە خورماتوو بوون و هەندێکیشیان ڕاگوازرابوون بۆ کۆمەڵگای بنەسڵاوەی لای هەولێر گوندەکانی وارانی و حەیدەرە سور دەکەونە ناو جوغرافیای پەلاماری سێی ئەنفالەوە نەک یەک و دوو کە دوڵی جافایەتی و ناوچەی قەرەداغ دەگرێتەوە.

٥- دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر ئەو بنەمایە بەڵگەکەی بەساختە ناوبردووە کە پیشانی ڕاوێژکاری سەربازی داون بەڵام ئەو نوسراوە لەلایەن موخابەراتی کەرکوکەوە دەرچووە نەک یەکە سەربازیەکان.

٦- نوسراوەکە باس لەبردنیان دەکات بۆ نادیەکانی شەوانەی مصر، نەك باس لە رادەستکردنیان بە موخابەراتی مصر بۆ ئەو مەبەستە ئایا موخابەراتی کەرکوك یان گشتی لەتوانایدا هەیە خەڵك بگەیەنێتە ئەو نادیانە؟

٧- هێشتا چاپی بنەرەتی ئەو بەڵگەیە نادیارە تەنیا سەرچاوە دکتۆرە زەکیە ئیسماعیل حقی یە کە دەڵێت داومەتە دەست (پۆل بریمەر) ی حاکمی کاتی ئەوسای هێراق بەدەر لە کۆپی ئەو نوسراوە هیچ بەڵگەیەکی تری هاوشێوە بەردەست نەکەوتووە کە باس لەحاڵەتی وابکات لەکاتێکدا باس لەبوونی ئافرەتانی ئەنفالکراوی کورد دەکرێت لەوڵاتانی تر.

سەرباری هەموو ئەو گومانانەم هێشتا بروام وایە ئەم بەڵگەیە بێبنەما نیەو لەراستیەوە نزیکە چونکە دەزانم ئافرەتی ئەنفالکراو تەنانەت لەناو بازارەکانو شیخە عەشایەرەکانی عەرەبدا دابەشکراون.

تێبینی ورد لەسەر بەڵگەنامەکە:

بەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوك هەتابڵێی تێبینی هەڵگرە، سەرباری ئەوەی ناوی زۆربەیان بەراستی نوسراوەو ئاشکران بەڵام هەندێکیان ناوی باپیریان بەهەڵە نوسراوە و هەمووشیان تەمەنیان ناراستە یان زۆرگەورەکراون یان زۆر بچوککراونەتەوە بەشێوەیەك دەستکارییەکە عەیبدارە کە کچەکان زۆر لەدایکیان بەتەمەن ترن بۆنمونە خەولە ئەحمەد کچی گولیلك شەش ساڵ لەدایکی بەتەمەنترە. ئەمە سەرباری ئەوەی بەڵگەکەی موخابراتی کەرکوك نوسیوێتی ئەم ئافرەتانە لە پەلاماری ئەنفالی دووهەمدا گیراون، ئەوپەلامارەش بۆ ناوچەی قەرەداغ بوو نەك بۆ گەرمیان بەڵام بوونی بەڵگەنامەی ژمارە ()ی فەرماندەیی گشتی هێزەچەکدارەکان کە باس لەدابەشکردنی ئەنفالکراوەکان دەکات بەپێی رەگەز بونمونە پیاوان بۆ فەیلەقی ٤ و ژنان بۆ فەیلەقی ٣ و منداڵان بۆ مەلبەندی مەشقی زرێ پۆش لەتکریت (مرکز التدریب درع فی تکریت) ناتوانین بەئاسانی بڵێین بەڵگەنامەکە ساختەو دەستکردە !

١. زۆربەی ئافرەتەکانی ناوبەڵگەنامەکەی بەعس ژنن و هەندێکیان دایکی منداڵێك یان زیاترن.

٢. کچەکان بەگشتی منداڵن. لەناویاندا خەولە ئەحمەدو کوێستان عەباس تەمەنیان لەنیوان ٣ بۆ ٥ ساڵیدایە.

٣. کەمینەیەکیان گەنجن.

٤. خۆراسان عەبدوڵا توفیق هاوسەری نازم عەباس جەوهەرە و دایکی ٤ منداڵە کە دووکچ ودوو کوربوون (چیمەن نازم عەباس) یەکێکە لەوانەی لەگەڵ خۆیدا ناوی لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە، منداڵەکانی تری بەناوەکانی (ئیلهام و ئارام و بەختیار) هەموویان لەگەڵ خۆیدا ئەنفالکراون تەنها (چیمەن) ناوی لە بەڵگەنامەکەداهاتووە.

٥. حەسیبە ئەمین هەمزە هاوسەری حسن عەلی بووەو دایکی ٧ منداڵە شەش کچ وکوڕێك بەناوی بورهان و کچەکانی بریتی بوون لە (نەجیبە حسن و شلێر حسن " ئەم دوانە ناویان لەبەلگەنامەکەدایە" توران و نعمەت و پەروین و غەریبە.) ئەم کچانەو بورهان و باوکیشیان ئەنفالکراون. واتە خانەوادەی حەسەن عەلی سێکەسیان لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتووە دووکچ ودایکیان وئەوانی تریش بێ سەروشوێنن. دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین کە پیاوەکانی ئەم ژنانەش جێگەی هەلوێستەن کەزۆربەیان لەبەڵگەنامەیەکی تری هاوشێوەدا ناویان هاتووە کە لەموصڵ لەسێدارە دراون ئەوبەڵگەیە لەلای کەسوکاریشیان هەیە بەداخەوە لەگەشتەکەمدا بۆ خورماتوو نەیانتوانی بیدۆزنەوەو پێمبدەن هەمان بەڵگە لەلای عەبدوڵا کەریمی رۆژنامەنوس هەیە، بەداخەوە ئەویش ئامادە نەبوو کۆپییەکەیم پێببدات وتی بۆ کتێبەکەی خۆمم دەوێت.

٦. حەسیبە هیدایەت لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ و براژنی حەسیبە ئەمین هەمزە بووەو پێکەوە لە خانوویەکی گوندی وارانیدا ژیاون وهەر پێکەوە گیراون وئەنفالکراون، حەسیبەهیدایەت هاوسەری سەفەرئەمین هەمزەیە کەواتە ئەویش کچ نەبووە بەڵکو ژنە بەڵام منداڵیان نەبووە.

٧. قەدریە ئیبراهیم عەلی لە دایك بووی ١٩٥٣ یەو ساڵی ١٩٧٦ هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی کردووەو دایکی چوار کوروکچێك بووە. بەناوەکانی (خالید، وەلید، بەرهەم، ئومێد، پەیمان) لەگەڵ ئەوکەسانەشدا نەگیراوە کەناویان لەبەڵگەنامەکەدایە بەڵکو دوای ٢٠ شەو لە تەواو بوونی پرۆسەی ئەنفال لەگەڵ پیاوەکەی وکوروکچەکانی گیراون، چونکە لەو دەشت و جەوەلانەی گەرمیاندا خۆیان شاردووەتەوەو بەهۆی دوکەڵ وخواردن دروستکردنەوە ئاشکرا بوون و کۆپتەر دۆزیبوونیەوەو گیران و ئەنفالکران و جارێکی تر سۆراخیان نەبوو تەنها خۆی وپەیمانی کچی ناویان لە بەلگەنامەکەدایە. من تێبینی ئەوەم کردووە لە بەڵگەنامەکەدا قەدریە ناوی باوك

وباپیری لەگەڵ گولیلك ئاڵوگۆڕ بووە! ئەم خاڵە زۆرگرنگە تۆمەتبارەکە کە بەڵگەکەی تەزویر کردووە رونی بکاتەوە چۆن و لەسەر چ بنەمایەك ئەو ناوانەی نوسیون؟ کە گوایە بەڵگەنامەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستکردووە! تەمەنی قەدریە لەبەڵگەنامەکەدا بە ١٧ ساڵ نوسراوە، بەڵام ئەو لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی ٣٥ ساڵ بووە، پەیمانیش تەمەنی بە ١٦ ساڵ نوسراوەو ناوی باپیرەشی لەبری موسا نوسراوە مستەفا !

٨. شوکریە عەلی ڕۆستەم هاوسەری عەباس مەولابووەو دایکی کوێستان عەباس مەولایە، لەبەڵگەنامەکەدا ناوی بە(شکریە ڕۆستەم محەمەد !) نوسراوە ! ئەمەش هەڵەیە ناوەراستەکەی "شکریە ڕۆستەم عەلی"یە.

٩. کوێستان عەباس مەولا تەمەنی (٣) ساڵ کچی شوکریە عەلی ڕۆستەمە، ناوی لە بەڵگەنامەکەدایە، بەڵام هەم ناوی باپیری بەهەڵەنوسراوەو لەبری مەولا نوسراوە مەولود ! هەم تەمەنەکەی ٢٦ ساڵ نوسراوەو ٢٣ساڵ تەمەنی گەورەکراوە لەبەرئەوەی باوك ودایکی گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبووە کوێستان پێناسی باری کەسێتی نێو ناوی لە تۆماری فەرمی فەرمانگەی باری کەسێتیدانیە.

١٠. گولیلك زۆر جێگەی تێڕامانە ئەو لە تەسکەرەو ڕەگەزنامەدا ناوی پیرۆزەو دایکی لەخۆشەویستیەوە پێی گوتووە (گولیلك) وخەلکی گوندو خزمانیش هەروا لەزمانی ئەوەوە پێیانگوتووە گولیلك بەڵام بە پێناسەو تۆمار ناوی پیرۆزە ! بەڵام سەیرە ناوی باوك وباپیریان لەگەڵ قەدریە ئاڵوگۆڕ بووە پیرۆز ئەحمەد ئیبراهیم ناوی راستی خۆیەتی بەڵام لەبەڵگەنامەکەدا جگەلەوەی ناوە راستەقینەکەی خۆی نەنوسراوەو نازناوەکەی نوسراوە باوك وباپیریشی بەهەڵە ناویان نوسراوە (گولیلك ئیبراهیم عەلی)؟! لەکاتێکدا ئیبراهیم عەلی ناوی باوك وباپیری (قەدری) یە ! لەبەڵگەنامەکەدا خەولە ئەحمەد فەخرەدین تەمەنی بە٢٥ ساڵ نوسراوە راستیەکەی ئەو تەمەنی تەنها ٥ ساڵ بووە ! بەوپێیەبێت دەبێت شەش ساڵ لەدایکی گەورەتربێت !. جێگەی ئامازەیە گولیلك یان پیرۆز کچێکی تری هەیە ناوی شەهلایە بەڵام ناوی لەبەڵگەنامەکەدا نیە !

١١. لەناویشیاندا سێکەس لەو ژن وکچانە هیچ کەسوکارێکیان دیارنیە.

١٢. (لعلیە عباس). دایکی ٨ منداڵ بوو هاوسەری ڕەفیق عەبدوڵا تویق و براژنی خۆراسان عەبدوڵایە کە ناوی لەبەڵگەکەداهاتووە منداڵەکانی لعلیە بریتی بوون لە (نەوزاد) کورە گەورەکەی (مەلیحە) کچە گەورەکەی و منالەکانی تری (شێرزاد و سەبێحە وکاوە و دلێر و دلشاد) وە دواین منداڵی تەمەنی دەوری ساڵێك بوو، ئەویش هەر لەگەڵ ئەواندا بووە بەڵام ناوی لەو بەڵگەنامەیەدا نیە، کەچی قەدرییە ئیبراهیم لەگەڵ ئەواندا نەبووەو ٢٠ ڕۆژ دوای تەواو بوونی پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان گیراوە ناوی لەو بەڵگەنامەیەدایە.

تێبینی زیاتر لەسەر کچ ودایکەکانی ناوبەڵگەنامەکە

١. خۆراسان عەبدولا توفیق منداڵەکانی بەناوەکانی ئیلهام و ئارام وبەختیاروچیمەن هەموویان ئەنفالکراون بەڵام تەنها کچێکی بەناوی (چیمەن نازم عەباس) ناوی لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە.

٢. حەسیبە ئەمین هەمزە، دایکی ٧ منداڵە شەش کچ وکوڕێك بەناوەکانی بورهان و توران و نعمەت و پەروین و غەریبە نەجیبەو شلێر.) لەگەڵ حسەن عەلی باوکیان هەموویان ئەنفالکراون بەڵام دوو کچی بەناوەکانی (نەجیبەو شلێر)لەگەڵ خۆیدا ناویان لەبەڵگەنامەکەی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە.

٣. حەسیبە هیدایەت لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ و هاوسەری سەفەرئەمین هەمزەیە و منداڵیان نەبووە. براژنی حەسیبە ئەمین هەمزەیە

٤. قەدرییە دایکی چوار کوروکچێکە. (خالید و وەلید و ئەمیدوبەرهەم) کچەکەی بەناوی پەیمان لەگەلیدایە

٥. شوکریەعەلی ڕۆستەم دایکی تاقە کچێکی سێ ساڵانە بەناوی (کوێستان عەباس مەولا) ناوی لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە.

٦. لەیلا عەباس جەوهەر لەدایك بووی ١٩٥٥ هاوسەرگیری لەگەڵ (شکور ڕەفعت) کردووەو منداڵی نەبووە. پیرۆز ئەحمەد ئیبراهیم ناوی لە بەلگەنامەکەدا بە (گولیلك)هاتووەو دایکی دوو کچ بووە بەناوەکانی (خەولەو شەهلا) تەنها (خەولە ئەحمەد فەخرەدین) ناوی لەبەڵگەنامەکەدا هاتووەو چارەنوسی شەهلا نادیارە.

تێبینی:

١. عصمت قادرعەزیز لە دایکبووی ١٩٤٥ بووەو واتا کاتی ئەنفال تەمەنی ٤٣ ساڵ بووە. مارەبرابوو.

٢. چیمەن نازم عەباس منداڵ بووەو تەمەنی ١١ ساڵ بووە

٣. کوێستان عەباس مەولا تەمەنی سێ ساڵان بووە.

٤. پەیمان شکر موسا تەمەنی ٨ بۆ ١٠ ساڵان بووە.

٥. خەولە ئەحمەد فەخرەدین تەمەنی ٥ ساڵان بووە.
٦. گەلاوێژ عادل رەحیم تەمەنی ٧ ساڵ بووە.

سەرئەنجامی دۆسێکە :

بێگومان لە تاوانی جینۆسایدا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەئەندازەیەکی زۆر هەڵدەکشێن و جگەلەو کۆمەڵکوژیە ترسناکەی دواتر دەرکەوت کۆمەڵگاشی روبەروی چیرۆکی جەرگبری وا کردەوە هەندێك جار گەیشتنە ئاستی شۆك، دەرکەوتووە کە بازرگانی بە ژنان و منداڵانەوە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی تاوانی جینۆسایدە. لە ئەنفالدا گرتن و دابەشکردنی ژنان لە سۆنگەی کلتوری کۆنی عەرەبییەوە رێگەیەکی ئاسان بوو بۆ پیاوانی دەوڵەت کە شەرعیەت بەو تاوانە وەحشیانەیە بدەن ئەگەر هەموو ئەو چیرۆکانە لە گوماندا مابنەوە ئەوا گرتن و دەستدرێژی سێکسی و فرۆشتنی سەدان و هەزاران کچ و ژنی کوردانی ئێزدی ئەو گومانەشیان نەهێشتەوە. بۆیە نابێت ئەو جۆرە دۆسێیانە رەوانەی ناوخانەوادەکانیان بکرێنەوەو لە دۆسێی ئینسانی ونەتەوەییەوە بکرێنەوە بەکێشەی خێزانەکی و خانەوادەکانیان، پێویستە میدیاو دەزگا رۆشنبیریەکان ورێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەڵمەتی هۆشیاری دەست پێبکەن و ئەم شەرمەزارییە بگێرنەوە بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکە نەك شکۆی قوربانیەکان بشکێنێت، دەبێت بەیەخەی کلتوری عەرەبی وپیاوانی بەعس وداعش و فەرماندەکانی بەعس وئەمیرو خەلیفەکانی داعشدا بکرێن.

بەداخەوە نە میدیای کوردی ونە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی ئەنفال کەمترین ئەرکیان نە کێشا تەنانەت لیژنەی بەدواداچونی دۆسێکەش کە حکومەت پێکی هێنابوو وەها هەڵمەتێکی بە پێویست نەزانیوە، ئەو ئیجرائاتانەی بۆ مافی کەسوکاری قوربانیەکان پێشنیاریان کردووە، کاری رۆتین و بێکاریگەرن، بۆ نمونە سزادانی ئەوکەسانەی درۆیان بەدەم دۆسێکەوە کردووەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە هەر مافی قوربانیەکان و کەسوکاریان نیە بەڵکو مافی گشتیشە، دەبێت سزا بدرێن بەڵام لەو هەنگاوەشدا بێدیقەت بوون و رەش وسپیان تێکەڵکرد، نمونەش راکێشانی رۆژنامە نوس (عەبدوڵا کەریم محمود)ە کە تێکەڵ بەبازرگان وساختەچی و سیناریۆچیەکان کراوەو وەك یەك مامەڵەیان لەتەکدا کردووە، راکێشانی عەبدوڵا کەریم لە بنەرەتەوە بێبنەماو بێباکی لیژنەکەیە، ئەم بەڵگەنامەیەی ئێستا لەبەردەستە راست بێت یا ساختە، فروشتنی کچانی کورد لە سەردەمی ئەنفالدا نەك بەوڵاتی میسر بەڵکو لە ناخۆی عێراقیشدا راستەو بەڵگەو سەرەداوی ترهەن و حکومەت و کۆمەڵگەی کوردی گوێی لێخەواندووە ئەوەی عەبدوڵا کردوویەتی خستنەروی کۆپی بەڵگەنامەیەکە نەك دروستکردنی بەڵگەیەکی ساختە. ئەگەر گومانێکیش هەبووبێت لەوەی ئەم چیرۆك وبەلگەنامەیە ساختەو هەڵبەستراون ئەوا پەلاماری شەنگال وچارەنوسی ژنان وکچانی ئێزدی هیچ گومانێکی نەهێشتەوە، ئیتر کێ دەتوانێت بڵێت چەکدارانی بەعس وداعش لە رقبوونەوە لە کوردو پیادەکردنی تۆندوتیژی جیاوازییان هەیە؟ ئایا ئێستا چ جیاوازی لەگەڵ سەردەمی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ هەیە ئەوان نە سەروەختی ئەنفال و نە دوای ئەنفال هیچ رەحمێکیان بەکورد نەکردووەو دەستیان نە پاراستووە، ئەو کۆمەڵکوژی وپەلامارەی داعش لە سەرەتای ئابی ساڵی ٢٠١٤ کە بە هەزاران ژن و کچی کوردی ئێزیدی رفێندران درێژکراوەی هەمان سیاسەتی ئەنفال بوو، ئەمجارە نەك بە وتی وتی و بەڵگەی گوماناوی بەڵکو بە ئاشکراو بە شەرعیەت پێدانی ئاینییەوە فروشران و لەبازارەکانی موسڵ ورەقەدا نرخیان بۆ دیاریکرا؟ ئیدی شینگیران و بەدرۆخستنەوەی بەڵگەی فرۆشتنی کچانی ئەنفال دادی کەس نادات و چارەسەریش ئەوەیە ئەو پێشیلکارییانە وەك دۆسێی نەتەوەیی تەماشا بکەین نەك وەك دۆسێی خێزانەکی و خانەوادەیی ئەوەی بەعس و داعش دەیکەن نەریتێکی کۆنی عەرەبەو بە ئاین شەرعیەتیان پێداوەو لەگەڵ هەموو سەردەمێك بە هۆی شەرعیەتی ئاینی دەیگونجێنن، ئیدی چ گومانێك لە فرۆشتنی ژنان و کچانی کوردا نەماوەو خۆلادان لێی ئازایەتی نیە.

جیاوازییەك کە لە نێوان سەردەمی بەعس و ئێستای داعشدا هەیە تەنها ئەوەیەکە ئێستا ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن بە دونیای دەرەوە خێراترن لە خستنە رووی رووداوەکاندا کە لە سەردەمی ئەنفالدا ئەم پێشکەوتنە لەئارادا نەبوو بۆیە کوردو تراژیدیاکەشی لە بێدەنگیدا خێنکێنراو هەر مرۆڤەکانی زیندەبەچاڵ نەکران بەڵکو مێژووی خوێناویشی وەك خۆی نەگەیشتە دنیاو زیندەبەچاڵکرا بۆیە چارەنوسی کچانی رفێنرا و فروشراویش بەم ئاقارەدا رۆیشت.

چارەنوسی ئایشێ

رۆژێك دوای گەرانەوەم لەخورماتوو بەپێویستم زانی کەوا من دۆسێی (ئایشێ- ناوی خوازراوە) بجوڵێنم لەسەرەتاوە هەر لە والاکەی خۆمەوە لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوك نامەیەکم ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون ئارام ئەحمەد کرد.

ئەمەش دەقی نامەکراوەکەیە

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

منیش کچێك پێدەزانم

بەڕێز ماموستا ئارام وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوت پاش سڵاوڕێز

دەمەوێ بیرتان بخەمەوە کەوا لە کۆنفرانسی سێیەمی ناوەندی چاك لە هۆتیل بلور ڕێکەوتی ٢٠١٢/١١/٢٤ کە بەڕێزتان لەگەڵ ٢٩٠ کەسی تر میوانی بوون، لە میانەی چالاکیەکانی ناوەندی چاکدا بەداتا شۆ بە ئامادە بوونی خانەوادەکەی چیرۆکی دۆزینەوەی ئەو کچە ئەنفالکراوەمان لە پاریزگای بەسرە خستە بەرچاوتانو لەو کۆنفرانسەدا رونم کردەوە کەوا ماوەی دوو ساڵە لە هەولێ گەراندنەوەی (ع. ح) داین بۆ ئەوەی بهێنرێتەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ کەسوکاریدا چاویان بەیەکتری بکەویتەوە. ئەو کچە لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی سیانزە سالان بووە، بەڵام لەوەدا بەختی هەبووە کە وا ئەفسەرێکی دڵنەرم فریای دەکەوێت و کچەکە دەخاتە لاندکرۆزەکەیەوەو دەیباتەوە بۆ ماڵی خۆی، بەپێی زانیاریەکانی ئێمە وەك لێقەوماوێك دەیگرێتە خۆی و دادەی دەدات. کاتێك وەختی مێردیشی دێت بە یاسا دەیداتە خزمێکی خۆی. بەداخەوە هەتا ئێستا بۆیەك جاریش لەو دۆسێیەت نەپرسیوەتەوە و لیژنەکەشتان بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی کچە ئەنفالکراوەکان، نازانم هۆی چیە کە نایانەوێ لەم دۆسێیە بپرسنەوە !! بۆ زانیاریتان ماوەی ٣ مانگ زیاترە ئەم دۆسێیەم پێشکەش بە کاك مەلا بەهادین بەرێوەبەری گشتی سلێمانی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان کردووە.

تیبینی : ناوی سیانی پارێزراوەو خانەوادەکەشی ناسراون.

لەگەڵ ڕیزدا

عومەر محەمەد

٢٠١٣/٨/٢٥



پاش ئەو نامەیەی ئاراستەی وەزیری شەهیدانم کرد، بۆ بەیانیەکەی دەمەو ئێوارە پەری عەزیز ئەندامی لیژنەکە تەلەفۆنی بۆ کردمو قسەمان لەبارەی دۆسێکە کردو هەندێك ڕێوشوێنو کۆسپەکانم بۆ ڕونکردەوە، ئیتر بڕیەنگەی لێکرد هەتا ڕۆژی ١ی ئەیلولی ٢٠١٣ ئەندامانی لیژنەی بە دواداچونی کچە ئەنفالکراوەکان لە وەزارەتی شەهیدانەوە بۆ کاری خۆیان هاتبوون بۆ سلێمانی بەیانبەکەی تەلەفۆنیان بۆکردم بۆئەوەی یەکتری ببینین، بەڵام من داوام کرد یەکتربینینەکەمان بە تەنها لەگەڵ من نەبێت، بەڵکو لەماڵی ناسکەو خوشکەکەی تری بێت لە تەکیەی کاکەمەند، ئەوانیش ڕەزامەندییان دەربڕی و منیش هەر دوای تەلەفۆنەکەی ئەوان تەلەفۆنم بۆ ناسکە خانی خوشکی (عایشە - کرد) داوام لێکرد شوێنێك هەڵبژێرێت بۆ یەکتر بینین بەڵام ئەوەشم پێگوت کە من تەکیەی کاکەمەند بەباش دەزانم، ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی وتی: (عەیبی نیە) ئیتر ڕێك کەوتین لەسەر شوێنەکەو داوام کرد مەلا جەعفەریش بانگهێشت بکات بۆ ئەو دانیشتنە. کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ دەبوایە لە کۆبونەوەیەکی فیدراسیونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربومایە، منو فەلاح مورادخان بەڕێگەوە بوین بۆکۆبونەوەکە کە پەری خان تەلەفۆنی بۆ کردمو ووتی ئێمە ئامادەین بچین بۆ بینینی ئەوخانەوادەیە، ناچار دابەزیمو نەچووم بۆ کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆن و ڕۆیشتین بۆ تەکیە، کە گەیشتین ماوەیەك پێکەوە دانیشتینو هەندێك گفتوگۆمان لەبارەی چارەنوسی ئەو کچەو کۆسپەکانی کرد، ئیتر هەستاین مالئاوایمان کرد ئەوان ڕۆیشتنەوە بۆ هەولێرو منیش بە تەکسیەك هاتمەوە بۆسلێمانی وئاوبێنەو دەست بشۆ، نەلیژنە دەنگیان ماو نەسەردانێکی ماڵی کچەشیان کردەوە بڵێن چیمان کردووەو بەکوێ گەیشتووین هەتا ئێستاش بێ ئەنجامە.!

قسەی لەقوتونراو

پەخشان زەنگەنە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان رۆژی ٤ی ئابی ٢٠١٣ لە بارەی فیلمەکەو بە دواداچوونی ئەو ١٨ کەچە بەماڵپەری (شەهیدان) ی راگەیاندووە کەوا " لە ڕۆژی یەکشەممەوە ٤- ٨ - ٢٠١٣ هەموو هەوڵەکانیان دەخەنەکار بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان." وتیشی" بە زووترین کات پەیوەندیدەکەن بەکونسوڵگەری میسرەوە لە هەرێمی کوردستانو باڵیۆزخانەی میسر لە عێراقو کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، بۆبەدواداچوون بۆ ئەودرامایەو دۆزینەوەی ڕاستییەکان." دیسانەوە هەندێک کاندیدی پەرلەمان و هەندێک بەناو چالکوانی ئەنفال لەبەردەم کامێراکان سنگیان دەردەپەراندو دەیانگوت ئەمجارە وازناهێنین ! بەڵام ئەوە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم قسانەی زەنگەنەو ئەوان تردا تێدەپەڕێ بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێک دەستبکەوێ !

بەرچاو رونی

هەڵەیەکی گەورە دەکەین دۆسێی ئەو ١٨ کچە بەدیدی ناموسپەرستانە ببینین، بەوجۆرەی پیاوانی هەردوو موخابەراتی مصرو عێراق کردویانن بەکاڵا ئێمەش بەهەمان دیدی کۆنەپەرەستانەوە لە تاوانێکی نێودەوڵەتیەوە بیگۆڕین بە کێشەیەکی خێڵەکی وگرفتی خانەوادەکانیان، مصر تۆمەتبارە بە بەشداری کردن لە تاوانی جینۆساید کردنی کورد، وەک هەمووئەو وڵاتانەی کەرەستەو مادەی کیمیاییان بەعێراق فرۆشتووە. بۆیە ئەرکمانە لەگەڵ کەسوکاری ئەو مرۆڤە بەرێزانە کە ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە سنور بۆ کەسانی نا بەرپرسیار دابنێینو ڕێگە نەدەین بە کەیفی خۆیان یاری بەکەرامەتو هەستو سۆزیانەوە بکەن. کەنالی(KNNC) بەشێکی دواهەمین لێدوانی محەمەد ئەمین رازی " نوسەری دراماى (نیران صدیقە)ی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردیو دەڵێت "ئەو کچە کوردە ئەنفالکراوانەی لە دراماکەمدا ئامازەم پێکردوون، بە تەواوی شتێکی واقعی نین وتەنها وەکوهاوسۆزییەکی خۆم بۆ دەرخستنی ئەوچەوسانەوەیەی لەسەر گەلی کورد هەبووە، خستومەتە ڕوو" بەڵام دیقەت بدەن ئەو دەڵێت بەتەواوی شتێکی واقعی نین؟ کەواتە هەندێکی واقعین ! ئەو قسەیەشی ڕاست نیە کە دەڵێت گوایە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەری لەبەردەستدا نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی دۆسیەی کچە کوردە ئەنفالکراوەکان، ئەم لێدوانە گومان هەڵگرە، با نوسەری دراماکە کاریشی لەگەڵ لایەنە ئەمنییەکاندا نەکردبێ. بەڵام خۆدانی بە ڕاستیەکی گرنگدا ناوە کە پێشتر لە ئێمەی کورد شاراوە بووە، ئەویش باسکردنیانە لەڕۆژنامەکانی مصردا، ئەمە مایەی گومانو سەرسوڕمانەو پرسیار دێنێتە پێشێ ئەی چۆنە ئاگای لەوەیە کەوا لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕۆژنامەکانی مصر باسیان لە هێنانی ئەو کچە کوردانە کردووەو لەلای ئەم نابنە بەڵگە؟چۆن دەبێ بێئاگابی لەدانپێدانانی (اعتیماد خورشید) کە لە کەناڵی ئەلحیات بەراشکاوی باسی کردوونو بەڕێوەبەری موخابەراتیشی لە بەشداری هێنانی ئەو کچانە تۆمەتبارکردووە، بۆیە لێدوانەکەی محمد ئەمین زاری هێندەی بۆخۆدورەپەڕێزگرتنە لەو دۆسێیە ئەوەندە لە ڕاستیەوە نزیک نیە، بەتایبەتیش کە دان بەوەدا دەنێت نەیزانیوە مەسەلەکە ئەوەندە گەورە دەکرێ؟ پێموایە محمد ئەمین زاریش بە مەبەستی دیزە بەدەرخۆنەکردنبێو نا بەرپرسیارانە باس لە ڕوداوەکانی ناودراماکەی دەکات چونکە تاوانەکە بۆخۆی گەورەیە نەک کوردەکان گەورەیان کردبێ، ئەگەر وانەبوایە ئەویش نەیدەکردە زەخیرەی دراماکەی.

دادگای باڵای تاوانەکان کۆپی بەڵگەنامە کەی بە هەند نەگرت، بەڵام ئێستا بەڵگەکە تاکوتەنیا نیە بەڵکو واقعێکی تاڵە، بۆیە دەتوانین زانیاریەکان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە وەک ڕاستیو دۆکۆمێنت ببینین بە پاساوەکەی نوسەری دراماکەشەوە دەنگوباسی فرۆشتنی ژنانی کورد لە تاوانی ئەنفالدا بووەتە جێگەی باسی مصریەکانیش هەروەک لە شەوی (٢٠١٢/٨/٩)دا ژنە هونەرمەندی مصری (ئیعتیماد خورشید) کە لەسەروەختی جەمال عەبدولناسرەوە بە یەکێک لە کەسایەتییە نزیکەکانی دەزگای موخابەراتی مصری دادەنرێ زانیاریی مەترسیداری لەسەر دەزگای موخابەراتو بەرپرسەکانی بڵاوکردەوەتەوە، بەتایبەتیش لەسەر (سەفوەت ئەلشەریف) ی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای سەردەمی حسنی موبارەک، ئیعتماد خورشید لە بەرنامەیەکی کەناڵی (ئەلحەیات)دا بەڕونی باسی لە بردنی کچە ئەنفالکراوەکانی کورد کردووە بۆ وڵاتەکەی کە موخابەراتی مصرو سەفوەت ئەلشەریف () لە پشتیەوە بون. ئیدی ئەوە بەڵگەیەکی گرنگە کە لە ناومخابەراتی مصرەوە هاتووە.

چارەسەر

پێوێستە ئازایەتی بنوێنێو دان بەڕاستیدا بنێن کە میللەتێکین لەرابوردودا نەمانتوانیوە تراژیدیای خۆمان بخوێنینەوەولێیتێبگەین، ئیرادەی ئەوە بکەین کە بڵێین ئیتر پێویستیمان بەوەیە خۆمان تراژیدیای خۆمان بنوسینەوەو قەتماغەی برینمان هەڵبدەینەوە. دەبێ تێبگەین بە چ بارودۆخێکی مەترسیداردا تێ پەڕیوین و چ تاوانێکمان دەرهەق کراوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری ئەم بێ هەیبەتی و بێدەنگیەبین ولەوە زیاتر پێوەی گیرۆدە نەبین، بەدرێژایی سەدەکان بێدەنگ بووین، بێئەوەی هیچ سودێکمان چنگ کەوتبێ بەپێچەوانەوە لەسایەی بێدەنگبونما هەربێ بەرهەمووبێ پەریز ماوینەتەوە ستەمکاری وچەوسانەوە و لووت بەرزی وخۆسەپاندنی ئەوانی دی بەسەرمانەوەیەو هەر بەردەوامە. وەختی ئەوەهاتووە ئازایانە دان بەودەردە کوشندەیەدا بنێین کەوا ئێمە تا هەنوکە گوێ لەخۆمان ناگرین وهەموو کارێکی خۆمان بەلاوە سوك وهەرزانە. هەربۆیە هەمیشە چاومان لەدەستی ئەوانیترە مێژومان بۆ بنوسنەوەو باسمان بکەن جاباشمان لەسەر بلێن یان خراپ.

ئەگەر بمانەوێ هەر دۆسێ یەك ساغ بکەینەوە مەرجە پێشتر ئازایانە دانمان بەلاوازیەکانی خۆماندا نابێ، پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا لە تواناماندا هەیە بەپێچەوانەی بێباکی رابوردومان بگۆڕێین، دان بەوەدا بنێین ئەگەر هەوڵی دبلۆماسیش هەبووبێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کچانە ئەوا لاوازونا کارا بوون. بەکارەکانی (ناوەندی چاك) کەی خۆشمانەوە کە پربون لە هەڵاوهاتوهاوارو بێ سەروبەرەیی، ئۆپزسیۆنیش هەموو ئەرکە کە نەخاتە ئەستۆی حکومەت بەڵکو بۆخۆشی تێبکۆشێ ولەرێگەو کەنالی جیاوازەوە کاربۆ ئەو دۆسێیە بکات، دەسەڵاتی کوردیش لە بێباکیو پشتگوێ خستنی دۆسێ گرنگەکان وەخەبەر بهێندرێتەوەو راگەیاندنی کوردیش جائازادبن یان نا دەستبەرداری ئەوەبێ کە هەربابەتێکی بۆ وروژاندن دەست بکەوێ. بەهار لە خەڵك نەهێنێتە چۆکان. حکومەتی هەرێمی کوردستانو رێکخراوە مەدەنیەکان، وەکو لەرابوردودا دۆسێی زۆر گرنگیان بێبایەخ فەرامۆشکردووە، دەنا نەهەرلە مصر تەنانەت لەناو عێراقیش ئافرەتی ئەنفالکراو هەنو بەهەندیان نەگرتوون، لە پارێزگاکانی بەسرە و لە شەترەو شەنافیەودیوانیە ژنی ئەنفالکراو هەنو نەحکومەتو نەرێکخراوەکان مێشیان میوان نیە.

وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان لەگەڵ لیژنەکە هاوهەڵوێستن و هەموو زانیارییەکان بەهەڵبەستراو دەزانن !

لە کۆبۆنەوەی ئاسایی خۆیدا ئەنجومەنی وەزیران ئێوارەی ١٦/٧/٢٠١٤ بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا. مەلا یاسین نوێنەری یەکێتیی نێشتمانیی کوردستان لە ولاتی میسر ئامادەبوو کە سااڵێك پێشتر لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران، سەرۆکایەتیی لیژنەیەکی پێسپێردرابوو بۆ بە دواداچوونی دۆسیەی فرۆشتنی کچانی ئەنفالکراوی کورد بە وڵاتی میسر.

مەلا یاسین دەرەنجامی کاری لیژنەکەی پێشکەش بەئەنجومەنی وەزیران کردو جەختی لەوە کردەوە کە دوای سااڵێك بە دواداچوون بۆ دۆسێکە چ لە میسرو چ لە کوردستان، بۆاین دەرکەوتووە پرسەکە هیچ بنەمایەکی نیەو ئەوەی لەبارەی ١٨ کچەکەوە وتراوە هیچ بنەمایەکی نیەو لە هەموو راستییەکەوە دوورە.

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەماوەی ١١ مانگدا کۆڵیداو رایگەیاند بۆمان دەرکەوت چیرۆکی ١٨ پاکیزەکە هیچ بنەمایەکی نییە ودوای لێکۆڵینەوەی وردو بەدواداچوون لە ناوخۆی کوردستانو میسر، دەرکەوت دیکۆمێنتەکە ساختەیەو قسەی هەموو ئەوانەیشی کە وتیان ئەو کچانەیان بینیوە یان شوێنیان دەزانن، راست دەرنەچوو. بەداخەوە وەزارەت ولیژنەی بەدواداچوون لەهەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون و راگەیاندنەکەشیان قایل کەرنیە. من کە لەدۆسێی ئەنفالدا کاردەکەم و ماوەیەکی زۆرە پێوەو سەرقاڵم بۆیەکجاریش وەزارەت ولیژنەکە پرسیارێکیان لێنەکردووم، بەپێچەوانەوە دۆسێی ئەوکچە ئەنفالکراوەش فەرامۆش کرا، کە رادەستم کردبوون و نامەی کراوەو تایبەتم ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون کرد، لەکاتێکدا کچەکە لەدەرەوەی عێراق نەبوو بەڵکو لەناوعێراقدایە باشە بۆ دۆسێیەکی ناوخۆ هەنگاوی پێویست نەهاون و بەدواداچوون نەکەن چۆن بەدواداچوونی وورد لەدەرەوەی هەرێم دەکەن؟!

سەبارەت بە درۆی رۆژنامەنووسەکە راگەیاندنەکەی وەزارەت ولیژنەی بەدواداچوون نوسیوێتی:

رۆژنامەنووسێك بەناوی (ف. ع) دەڵێت: لەیەکێك لەو یانە شەوانانەی میسر سەماکارێکم بینیووە بەناوی سەحەر کوردیو قسەم لەگەڵدا کردووەو وتوێتی من لەو ١٨ پاکیزەیەم کە پێشتر

فرشراوینەتە میسرو لێرە کاردەکەم.

بازرگانێکیش بەناوی (ر. س. ج) ئیدیعایکرد لەمیسر چەند ژمارەیەك لەو کچانەی بینیووەو شوێنیان دەزانێت داوای لەحکومەت کرد بودجەی بۆ تەرخانبکەن تا ئەم راستییە ئاشکرا بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو پیاوە بۆ پارە ئەمکارەی کردووەو قسەکانی هیچ بنەمایەکی نییە.

هەوڵەکانی ناوەندی چاك و دراماکەی mbc

لە ئازارو نیسانی ساڵی ٢٠٠٦ ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن وجینۆسایدکردنی گەلی کورد–چاك بەرلەوەی لێك جیابێنەوە کەوتنە چالاکی و هەموو وڵاتانی ئەوروپایان هەژاند، بەڵام هیچ هەلوەستەیەکی بەوەزارەتی کاروباری شەهیدان وحکومەتی هەرێمی کوردستان نەکرد، ئەوەنەبێت کە بڵێن بەلگەنامەکە درۆیە، کەچی لە هاوینی ٢٠١٣ لەماوەی مانگی رەمەزاندا کەناڵی mbc دراماکی پێشکەشکرد بەناوی (نیران صدیقە) لەو دراماکەدا باسی کچانی کوردی کرد کە لەلایەن موخابەراتی عیراقییەوە فرۆشراون. ئەم دراماکە نەك هەر میدیای کوردستانی سەرقاڵکردو هەواڵەکانی گەرم کردەوە بەڵکو حکومەت وئەنجومەنی وەزیرانیشی هێنایە سەرخەت ئەوەبوو لە ٢٠١٣/٨/٧ بەنووسراوی ٧٧٠٥ فەرمانی پێکهێنانی لیژنەیەکی دەرکردو وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانی بۆ پێکهێنانی دوو لیژنە راسپارد بەمەبەستی بە دواداچوون لەناوخۆی کوردستانو لە وڵاتی میسر. بەڵام وەزارەتی شەهیدانیش بەبێباکی خەمساردییەوە جگەلە کەسوکاری کچ وژنەکان کە لەبەڵگەنامەکەدا ناویان هاتبوو راوێژی بەهیچ کەسولایەك نەکرد وریکخراوەکانیشی فەرامۆش کرد! ئەوەشی بەناوی رێکخراوی مەدەنییەوە ناوی دەبرا جگەلە برادەری وەزیرو کەرکوك چێتی هیچ گایەکی لەو گێرەیەدا نەدەگەرا ! بەڵام بێئەوەی کەس بزانێت بەچ شێوەیەك وبەچ تەکنیك و وردبینیەك لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکەی موخابەرات کراوە؟ کەس نەیزانی چۆن بە دواداچوون بۆ ئەم پرسەکراوە؟

بەپێی زانیارییەکان لیژنەکەی وەزارەت سەرەداوی ئەم نووسراوەیان دەستدەکەوێتو دەردەکەوێت ئەم نووسراوەی لەسەرەوە باسکراوە لەدوای راپەڕین لەلایەن کەسێکەوە بەناوی «ئ.ئ» کە جاسوسی دووسەرە بووە بۆ پێشمەرگەو بەعس ئەم نووسراوەی فرۆشتۆتە دەزگا هەواڵگرییەکانی کوردستان لەبەرامبەر ٩٠ هەزار ی چاپی عیراقی ئەو سەردەمو. بەڵام کەس نەیزانی جاسوسە دوو سەرەکە چارەنوسی چی بوو کەوا بازرگانی بەهەستی نەتەوەیەك کردووە؟ کەس نازانێت سزاکەی چییەو چۆنە؟!

یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بەکاریهینا بۆگەیشتن بەراستییەکان، راپۆرتی رۆژنامەوانیی رۆژنامەنووسێك بوو بەناوی (ف. ع) ئەم رۆژنامەنوسە لەکەنەڵێکی ئاسمانیی کوردستان کاریکردووەو لەراپۆرتێکیدا لەئایاری ٢٠٠٦ بڵاویکردۆتەوە، گوایە دووان لەو کچانەی کچانەی بینیوە لەیەکێك لەیانە شاوانەکانی قاهیرە سەمایان کردووە.

بەوتەی ئەو رۆژنامەنووسە لە١٤ی ئایاری ٢٠٠٦ دووان لەو کچە ئەنفالکراوانەی لەهۆتێل شەهرەزاد لەقاهیرە بینیووەو دوای هەوڵی زۆر توانیوێتی قسە لەگەڵ یەکێکیان بکاتو سەماکارەکە پێیوتووە من ناوی راستەقینەم رۆژگارەو لێرە ناوم (سەحەر کوردییە)و لەساڵی ١٩٨٨ کاتێك بەسەردان لەماڵی باپیرەی بووە لەنزیك کۆیە لەوێوە لەلایەن سوپای عیراق لەگەڵ کەسوکارەکەی ئەنفالکراوەو دوای نزیکەی هەفتەیەك بەفرۆکە بردویانن بۆ وڵاتی میسری عەرەبی و فرۆشراونەتە یانەکانی ئەو وڵاتە

ئەم رۆژنامەنووسە لەوکاتە بڵاویکردۆتەوە کە ئەو لایەنی پەیوەندیداریی لەم راستییە ئاگادارکردۆتەوە کەچی وەڵامی نەدراوەتەوە! بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی وەزارەت کە وێنەیەکی لای کوردستانی نوێ پارێزراوە بەرووتی دەڵێت «سەر لەبەری قسەکانی رۆژنامەنووسەکە بێ سەروبەرەو هیچ بنەمایەکی راستیی نییە، چ وەك زانیاریی چ وەك راستیی چوونو بینینی کچەکان لەمیسر! ئەوەی ئێستا وەزارەتی کاروباری شەهیدان وەك بەدواداچون بەخەلکی دەفرۆشیتەوە بۆخۆم لەمانگی حوزەیرانی سالی ٢٠٠٦دا بەدەیان بەلگە سەلماندوومە کە (ف. ع) راست ناکات و چیرۆکەکەی وهەولەکەی بەتەواوی گوماناوییە.

پیوکەی میدیا نوسیوێتی (لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی شەهیدان ئەم پیاوە (مەبەستی روشدی جافە) دەبینێتو ئەوکاسێتە ڤیدیۆییانەی گوایە وێنەی پاکیزە ئەنفالکراوەکانن دەپشکنێو دەردەکەوێت قسەکانی هیچ بنەمایەکی نییەو ناراستن! بۆ مەبەستێکی تایبەت ئەم کارەی کردووە. وەزارەت دەڵێت: ئەم پیاوە بۆ دەستکەوتنی هەندێ پارە ئەم کارەی کردووەو ئەوانەی لەڤیدیۆکانیدا قسەیانکردووە، ئەنفال نەکراون، بەڵکو کچی کورد بوونو شویان بەهاووڵاتیی میسر کردووە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویش لەوەزارەتی شەهیدان وتی ژنەکەیان بینیوەو

ئەو ئاشکرایکردووە کە بازرگانەکە پەیمانی پێدانی پارەی پێداوە لەبەرامبەر خۆکردنی بەیەکێك لەپاکیزە ئەنفالکراوەکان) سەیرە لەهەمان لێکۆلینەوەمدا پێشبینی ئەم رەفتارەی روشدی سەعیدجاف وبازرگانەکانی ئیسك وکەللەسەرم کردبوو نوسیومە: (ئەی چۆنە رۆژێکی ترو لە سیناریۆیەکی تردا ئەگەر کورێکی کورد کچە عەرەبێك لەو وڵاتانە پەیوەندییەکی تایبەتی خۆیان بەستو هاتنو ووتیان ئەمەش کچە ئەنفالێکی تره؟ چۆن ڕاستیو ناڕاستی ئەو چیرۆکە بدۆزینەوە؟!! بەڵام سیناریۆیەکی لەمجۆرەی ئەوبرایە بڵاوی کردووەتەوە هەموو ریسەکانی تریش دەکاتەوە بەخوری، ئەوهەوڵانەش مایە پوچ دەکاتەوە کە تا ئێستا دراون، ئەمە جگە لەوەی نیازی حکومەتی میسریش مەیسەردەکات لە پەردە پۆشکردنی تاوانێکی لەمجۆرە، کێ دەڵێت حکومەتی میسرکە دەزانێت کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقییەو بەعاتیفە بیردەکاتەوە مەبەستی نیە پێمان بڵێت وەرن هەژدە ڕاقیصەی بێکەڵکو بێ مستەواو فاشلی میسرتان دەدەمێو بیانبەنو لە کۆلمم ببنەوە، لەبری هەژدە پاکیزە، هەژدە مرۆڤی گەرمیانی، هەژدە ئینسانی قارەمانی ئەنفالکراو هەژدە ئینسانی تێکشکاوو بەکاڵاکراومان بۆ بنێرنەوە، کەوا جارێکی تر ئافرەتان بکەن بەکاڵاو ڕەدەڵ وبەدەڵیان پێبکەنو بە سیناریوییەکی ئاوا نائەخلاقی قایلیان بکەن هەڵبەتە پێشێلکاریەکی ئاوای مافی مرۆڤو ئەم سیناریۆیانە بۆحکومەتە کۆنەپەرستەکان زۆر گەمەیەکی ئاسانن بیکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش ئیتر لەهەوڵەکانمان وەرس بینو چیدی باسی ئەوکچانەمانوداوای چارەنوسی ئەوئینسانانەمان نەکەینەوە.)

لیژنەی بەدواداچون خراپترین کار کەکردیان ئەوەیە بەراشکاوی وڕەهایی ڕایانگەیاند ئەوەی لەبارەی فرۆشتنی کچانی ئەنفالکراو بەوڵاتی میسر هەمووی ناراست وهەڵبەستراوە، قسەکردن بەم ڕەهاییە بەڕپرسیارێتیەکی گەورەیەو نەدەبوو ئەوە بکەن دەکرا بڵێن : هیچ سەرەداوێکی قایلکەرمان چنگ نەکەوت، چونکە ئێستا ئەوان بەڵگەیەکی فەرمییاندایە دەست میسر بەتایبەتی و وڵاتانی تری عەرەب بەگشتی بەوەی هەرچی لەبارەی فرۆشتنی کچانی کورد وتراوە کوردەکان و حکومەتەکەی خۆیان بەدرۆیان خستووەتەوە. لەکاتێکدا میسر لەم تاوانەش بێگوناە بێت لەوەدا بێگوناە نیەکە لەسەردەمی ڕژێمی سەدام ومووبارەکدا هاوکارێکی ڕاستەوخۆی عێراق بوو، بەڵای کەمەوە چەك ومەوادی جەنگی دەدایە ڕژێمی بەعس و گومانی مادەی کیمیاییش هەیە.

وەنەبێ ئەوە قسەی ئێستای سەرکردایەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردبێ هەرزوو لە ساڵی ٢٠٠٦ نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان (حازم یوسفی) لە وڵاتی میسر ئەوەی ڕەتکردەوە کچانی کورد لەوڵاتی میسربن، لەسەرەتای دامەزراندنی لیژنەکەشدا نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەلا یاسین کە سەرۆکایەتی لیژنەکەشی پێسپێردرابوو هەمان قسەی دوبارەکردەوە! ئیتر گەشبینی بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی بێسەروشوێنکراوان ولەناویشیاندا کۆمەڵە ئافرەتێك کە دۆسێکەیان لە تاوانی گەورەی نێودەوڵەتیەوە بچوککرابووەوە بۆ دۆسێی ناموسی خانەوادەکانیان بەم عەقلێتەوە بێهودەیە.

هەڵوێستی پارتی دیموکراتیش لەوان باشترنەبوو، لەکاتێکدا وشیار زیباری وەزیری دەرەوەی عێراق و چنار سەعد عەبدولا وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون بوو، هیچ هەنگاوێکیان نەنا بەپێجەوانەوە چنار سەعد ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ بەدواداچونێك بەکەسوکاریانی گوتبوو ئەو بەڵگەیە هیچ بنەمایەکی نیە. هەر لەو کاتەوە ئەم بەڵگە نامەیە بڵاوکراوەتەوە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە وتوویانە بەڵگەنامەکە ساختەیە، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئێستا کار لەسەر ڕەتکردنەوەی دەکرێ و دەڵێن ساختەیە و دروستکراوە. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو بەڵگەیەساختەیە، بەڵام ساختە بوونی نەسەڵمێندراوە، تەنها لەلای خۆیانەوە بریاریانداوە کە ئەم بەڵگەنامەیە ساختەیە دەنا نە شیکارییەکی بۆکراوە نە بەدواداچونێکی وردوقایلکاری بۆکراوە.

ئیسلامیەکانی کوردستانیش بەهەمان شێوە لەکاتێکدا ئەوان زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کەبەعس عەلمانی و بێدین بووەو مەسەلەی ناموسیان بەلاوە هێڵی سورە کەچی هەربۆ ڕیسواکردنی بەعسی بێدینش بێت لەو وڵاتە عەرەبیانە هەوڵێکی سەرەتاییان نەدا بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی ڕاستی وناراستی ئەو قسانەی لەبارەی فرۆشتنی کچانی کوردەوە لەئارادابوون، بەڵام لێرە مانۆرو خۆپێشاندانی گەورەیان بۆ پشتیوانی مورسی وفەلەستین بەرێدەخست. باشترین بەڵگەی بێباکی و بێ ینتینمایی نەتەوەیی هەڵوێستەکانی د. عەلی قەرەداخیە کە لێرە بەکلاش و شاڵ وکڵاو جامادانێوە خۆی نمایش دەکات و لەوڵاتە عەرەبیەکانیش بە عەگالەوە وەك لە فرۆشتنی کچانی ئیزدی بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوو، لە بەرانبەر تەقینەوەو کۆمەڵکوژیەکەی سەرکۆبانی بێدەنگ بوو کەچی بۆ تەقینەوەکەی وڵاتی کوێت کە قوربانیەکانی لەچاوکۆبانێ زۆر کەم بوون بەدەنگی بەرزهاواری دەکردو مەحکومی دەکرد.

ژنانی ئەنفال و ساختەکارییەکانی رووشدی جاف



پاشئەوەی گرتەیەك لە درامای نیران صدیقە بڵاوکرایەوە هەواڵی ئەوەش بلاوکرایەوە گوایە بازرگانێکی کورد لەوڵاتی میسر ئەو ژنانەی دۆزیوەتەوەو بەمزوانە دەیانهێنێتەوە بۆ کوردستان.

ئەو رۆژەی هەواڵەکە بڵاوکرایەوە من لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا بووم لەگەڵ برای یەکێك لەو کچانە بەناوی نازم کە برای (قەدریە) بوو لەوکاتەدا (هاورێ محمود) کاك عەبدولخالق دووجار زەنگی لێدا بەڵام نەمدەویست قیدیۆکە رابگرم و دیدارەکەمان بووەستێنین، دسانەوە کاك عەبدولخالق زەنگی سێهەمی لێدا ناچار داوای لێبوردنم لە کاك نازم کردوو، دیدارەکەمان وەستاندو وەڵامی زەنگەکەم دایەوە کاك عەبدولخاق ووتی : مژدەیەکی خۆشم پێیە ئەوە هەواڵی ئەوە بڵاوکراوەتەوە کە کچەکانمان دۆزراونەتەوە، ئەو لە جۆش‌و خرۆشێکی زۆردا بوو، زۆر دڵخۆش ببوو بەهەواڵەکە، بەڵام کە پرسیاری سەرچاوەی هەواڵەکەم کرد ئەو بە هەمان جۆش‌و خرۆشەوە ووتی دەڵێن بازرگانێك دۆزیویونیەوە، بەداخەوە هەرکە ووتی بازرگان من یەکسەر دڵم راچەنی و هەواڵەکە بەهایەکی نەما لەلام ئەگەر کاك عەبدولخالق و کاك نازم گەواهیم بۆ بدەن ووتم دەبێ وریابین نەوەکا حیلە بێت و تەماحی نەوت و دۆلاربێت.

هەر ئەوکاتە ووتم کێ دەڵێت ساختەچیەکی وەك روشدی سەعید نیە؟ دواتریش کە دەرکەوت ئەو پیاوەیە دڵنیابووم لەوەی کە درۆدەکات تەنها ئەگەرێك کە بۆ راستی ئەو هەواڵە هێشتبوومەوە ئەوە بوو کە کاتی خۆشی رەنگە دەستی لە ناردنیان هەبووبێ و فیلمەکەش بە سپۆنسەری ئەو بەرهەمهاتبێ و وەك چۆن لە بردنیان سودمەند بووبێ ئاوا لە هێنانەوەشیاندا سود مەندبێت.

ئێستاش کە دەرکەوتووە خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە روشدی سەعید، ساختەکاری کردووەو ویستوویەتی بازرگانی بە ژمارەیەك گرتەی قیدۆییەوە بکات لە ژێر پەردەی هەواڵی ئەو ژنە ئەنفالکراوانەی چارەنوسیان نادیارە بە تایبەتیش سود وەرگرتن لە دۆسێی (١٨) کچ و ژنی ئەنفالکراوی کوردستان کە باس لەوە دەکرێت لە وڵاتی میسرن.

زۆر سەیرە ! بڵاوکردنەوەی ئەو گرتە قیدیۆیی و زانیاریە هەڵانە و بەکارهێنانی ئەو دۆسێ هەستیارە نەتەوەیی و مرۆییە لە بەرژەوەندی تایبەتی و بۆ قازانجی تاکەکەسی خۆی، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەك تاوان بۆی حساب نەکرا.!! هەرهیچ نەبێت وەك تاوان بەرامبەر کەسوکاری قوربانیان بە گشتی و مافی ئەو ١٨ خانەوادەیە بە تایبەتی کەچی لەسەر پرۆژە ئابورییەکانی تەنگی پێهەڵچنراو لەکوردستان راونرا؟! پێویستە روشدی بدرێتە دادگا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بکرێت لەسەر بڵاوکردنەوەی گرتە قیدیۆکانی. ئەوەی کەدەڵێن سکاڵای یاسایی لەسەرە لەدرۆیەك زیاتر نیە سیناریۆیەکە وەك جاشەکان کە سکالاشیان لەسەرەو بەئازادیش دەسورێنەوە.

سەیرە خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە لەسەر دۆسیەی ١٨ کچە ئەنفالکراوەکان لەمەر دۆسێی ئەنفال‌و بازرگانی کردن پێیەوە نادرێتە دادگا بەڵام بەهۆی کەمتەرخی و دواکەوتنی پرۆژەکانی دەستبەسەر سەرجەم پرۆژەکانی روشدی سەعید دادەگیرێت و ئەو زەویانەی پێدرابوو بۆ پرۆژە لێی سەندراوەتەوە. ئەم تێگەیشتنە لە دۆسێی جینۆسایدو مافی قوربانیەکانی هەر بەتەنها نائومێدی لێناکەوێتەوە، بەڵکو پەردە لەسەر پروپاگەندەی هەموو ئەو رێکخراوانەش هەڵدەماڵێ کە بەناوی مافی مرۆڤ‌و دۆسێی ئەنفال و جینۆسایدکردنەوە خەریکی بەدەستهێنانی پۆستی حکومی و گەشتوگوزارن بۆدەرەوەی وڵات.

هەڵەتی کۆکردنەوەی گوندەکانو چەند بەڵگەنامەیەکی گرنگ

ئەم بەڵگەنامانە مشتێکن لە خەرواری کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ترن کە سالّنامەی ئەنفالستان بەدەستی هێناون، لەناویاندا ناوی شۆڤێری گەڵابانەو شۆفڵەکان و تەنانەت ژمارەی سەیارەو ئامێرەکانیشی لە خۆگرتووە، کە بە بێگار بردوویانن و لە ئەنفالدا بەشداری کۆکردنەوەو گواستنەوەی گوندەکانیان پێکردوون ، بەڵگەکان کە هەندێکیان بەئیمزای سەوزی بەرپرسە بالّاکانی بەعس واژۆکراون، سەلمێنەری ئەوەن کە چۆن هەوڵیاندان داوە هەموو گەلانی عێراق لە تاوانەکەوە بگلێنن، هەروەک لە یەکێک لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە بریندارو شەهیدەکانیان وەک شەهیدی قادسیە ئەژمار بکرێن. بەڵام بە پێچەوانەی نیازەکانی بەعسەوە، هیچ کام لەو کەسانەی بەزۆر بەناوی (مجهود الحربی)یەوە براون بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک کە هی خۆیان نیە نابنە تاوانبار بەڵکو ئەوانیش بەشیوەیەک لە شێوەکان ستەمیان لێکراوە.

بروسکەی نهێنی و بەپەلە

لە : پارێزگای (التأمیم) / لیژنەی پرکردنەوە

بۆ : پارێزگای (التأمیم) / شارەوانیەکان

دامودەزگای گشتی نەوتی باکور

دامەزراوەی گشتی نیشتەجێ بوونی باکور

دامەزراوەی گشتی بۆپرۆژەی ئاوی سەدام

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەرکوك

بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی پارێزگای (التأمیم)

نوسینگەی خالید

ژمارەی دامەزراو / خ / ٢٤٤

بەروار / ١٩٨٧/٤/٢٣

بۆ باری ئاسایشێکی تۆندوتۆڵ بڕیاردرا بە دابین کردنی کەلوپەلی ئەندازیاری کە لە خوارەوە هاتووە لەگەڵ شۆفێرەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانتانەوە بۆبەکارهێنانیان لەپرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەی باکورەوە پێویستی دابینکردنی بەشێك لەکاری پاڵپشتی جەنگی هەتا ئەوکاتەی بە زریپۆشەکانتان دەگوازرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قەرە حەسەن وە بگاتە ناحیەکە لە کاتژمێر هەشت لەبەیانی ڕۆژی سبەینێ بەرامبەر (١٩٨٧/٤/٢٤) وە بەهیچ شیوەیەك هیچ هۆیەك بۆ دواکەوتن قبوڵ ناکرێ ...

تکایە لەجێبەجێکردنی وەلاّممان بەنەوە .. لەگەڵ ڕێزدا .

منژر نصیف جاسم

پارێزگاری (التأمیم)

سەرۆکی لیژنەی پرکردنەوە

ناوی بەڕێوەبەرایەتی	ژمارەی دام و دەزگا دابین کراوەکان
پارێزگای (التأمیم) شارەوانیەکان	(١) بلدۆزەر لەگەڵ شۆفێرەکەی
دام و دەزگای گشتی نەوتی باکور	(٢) بلدۆزەر وە (١) شۆفڵ () لەگەڵ شۆفێرەکانیان
دامەزراوەی گشتی نیشتەجێ بوونی باکور	(١) بلدۆزەر
دامەزراوەی گشتی بۆ پرۆژەی ئاوی سەدام	(٢) بلدۆزەر وە (١) شۆفڵ () لەگەڵ شۆفێرەکانیان
بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەرکوك	(١) بلدۆزەر لەگەڵ شۆفێرەکەی
بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی پارێزگای (التأمیم)	(٢) بلدۆزەر لەگەڵ شۆفێرەکانیان

پارێزگای (التأمیم) کۆماری عێراق ژمارە / خ / ٢٤٥

لیژنەی پرکردنەوە بەروار / ١٩٨٧/٤/٢٤

نهێنی و بە پەلە

بۆ : پارێزگای (التأمیم) / شارەوانیەکان

دام و دەزگای گشتی نەوتی باکور

دامەزراوەی گشتی نیشتەجێ بوونی باکور

دامەزراوەی ڕێگاوبانی باکور

دامەزراوەی گشتی بۆ پرۆژەی ئاوی سەدام

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کەرکوک

بابەت / دابین کردنی کەل و پەلی ئەندازیاری

لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە بۆ پێویستی ئاسایشێکی توند و تۆڵ .. بڕیاردرا بە دابین کردنی هەموو بلدۆزەر و شۆفڵە () سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانتان بۆ بەکارهێنانی لە پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەی باکور وە بە پەلە بنێردرێت بە هۆی زریپۆشەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیەکان وە بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قەرە حەسەن تا کاتێکی تر .. تکامان وایە بابەتەکە گرنگیەکی زۆری پێبدرێت وە لە جێبەجێکردنی ئاگادارمان بکەنەوە .... لەگەڵ ڕێزدا .

منذر نصیف جاسم

پارێزگاری (التأمیم)

سەرۆکی لیژنەی پرکردنەوە

بەیانیان / ٢٤ / ٤

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

پارێزگای (التأمیم) کۆماری عێراق ژمارە / ٢١ / ٥٤٢٩

نوسینگەی پارێزگار بەروار / ١٩٨٧/٦/٢٣

زۆر نهێنی

فەرمانی کارگێڕی

لەسەر بنەمای ئەوەی کە هاتووە لە بڕگەی (ب) لە نوسراوی وەزارەتی بەرگری (بەڕێوەبەرایەتی پرکردنەوە و سەرژمێری کردن) ژمارە (ش ٦ / ق ٤ / ١٣٨ / ١٤٢٥) لە (٢١)ی مایس کە ئاگادارمان دەکاتەوە بە نوسراوی وەزارەتی بڕیاری ناوخۆیی (دەستەی گەشەپێدانی ناوچەی باکور) ژمارە (س / ٣٢٢٧) لە (١٩٨٧/٦/٢)

بڕیارمان دا بە دروست کردنی لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی وە ئەندامێتی ئەو بەڕێزانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە ئەرکیان هەستانە بە ڕێکخستنی لیستەکانی بەکرێ گرتنی ئەندازیاری وە ئەو کەل و پەلانەی کە سەر بە کەرتی تایبەتە و بەشداری کردووە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەی باکور وە هەژمارکردنی تێچوەکانیان بە پێی نرخ دانانی فەرمی بڕیار لەسەر دراو لەلایەن لیژنەی ڕێکخستنی بازرگانی (ئامێری ناوخۆیی بۆ نرخەکان) .

منذر نصیف جاسم

پارێزگاری (التأمیم)

١	بەڕێز محمد عیمان عبدالهادی	جێگری پارێزگار / سەرۆك
٢	بەڕێز یونس مصگفی محمد أمین	بەڕێوەبەری خەزینەی بەڕێوەبەردنی ناوخۆیی / ئەندام
٣	ملازمی یەکی هاتوچۆ کردی مجول زیدان	ئەندام
٤	صبحی محمد عمر	کارمەند لە لیژنەی پرکردنەوە / ئەندام

وێنەیەك بۆ /

وەزارەتی بڕیاردانی ناوخۆیی – دەستەی گەشەپێدانی ناوچەی باکور – نوسراوێکی ڕوون لەبارەیەوە بفەرموون بۆ بەرچاو ڕونی بەڕێزتان

بەڕێوەبەرایەتی پرکدنەوە و سەرژمێری لە وەزارەتی بەرگری – نوسراوەکان ئامازە پێکراوە لە سەرەوە بفەرموون بۆ بەرچاو ڕونی لەگەڵ ڕێزدا

پارێزگای (التأمیم) – لیژنەی پرکردنەوە بۆ زانیاری وە () پێویست تکایە

بەڕێز سەرۆکی لیژنە – وەك خۆی نوسراوی وەزارەتی بەرگری / بەڕێوەبەرایەتی پرکردنەوە و سەرژمێری () لە سەرەوە بۆ ئاگاداریتان و کارکردن بەوەی پێویستە دەربارەی وە ئاگادارکردنەوەمان تکایە

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای (التأمیم) – تکایە ئامێر و کەل و پەلی تایبەت بە کەرتی تایبەت بۆ لیژنەی دابین کردن دابین بکەن کە بەشداریان کردووە لە پرۆسەکەدا بە پێی ئەم نمونەیەی خوارەوە و ئاگادارمان بکەنەوە

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

وەزارەتی بەرگری

دیوان

ژمارە / ناخوێنرێتەوە / ت ت / ناخوێنرێتەوە / ١٧١٤١

ناخوێنرێتەوە

بۆ / سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی

بابەت / بەکارهێنانی ئامێر وکەل و پەل

نوسراوی نهێنی سەرۆکایەتی دیوانی بەڕێزتان (ص / ٧ / ٢٨٨٣٩) لە (١٩٨٧/٧/٥)

١– ڕەزامەندیتان گشتێنرا بە نوسراوی سەرۆکایەتی دیوان (٢٠٨١٣) کە لە (١٤ / ئایار / ١٩٨٧) دەرچووە بۆ وەزارەتی خۆجێیەتی هەموو وەزراتەکان ، پابەندن بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئامارو سەرژمێری نهێنی هە تا (١٤٢٥) لە (٢١/ مایس / ٨٧) (ناخوێنرێتەوە) لە کەرتی گشتی و ناردنی مامەڵەی شەهیدان بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی پلە بەندیەکان بۆ جێ بەجێ کردنی مامەڵەکانیان، خانەنشینی

٢– پشگیری ئەو انە دەکەین کە ڕاسپێردراون بە ئەرك لە هەڵمەتی گەشەپێدانی ناوچەی باکور لە کەرتی تایبەت ، لە پشتیوانانی جەنگ (مجهود الحربی) بە فەرمانی هەڤاڵ ئەندامی پێشەوایەتی هەرێم ڕازگری نوسینگەی ڕێکخستنی باکور، بۆ گرنتی مافەکانییان کاتێك بریندار یاخود شەهید دەبن لە کاتی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە قۆڵەکانی فەیلەقەوە هەتا کاتی تەواو بونی پرۆسەکەبۆ زانیاری بەڕێزتان .. لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچەکان /

(ناخوێنرێتەوە) نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پرکردنەوە و سەرژمێری

لیوا روکن

محمود شکر شاهین

و . رازگری گشتی وەزارەتی بەرگری

پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی
هەرێمی عێراقی
پێشەوایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور
ژمارە / ٥٢٤٧ / (نوسینگەی سکرتاریەت)
(٢ / ٨ / ١٩٨٧)

نەتەوەی عەرەب یەکە و
پەیامیشی یەکە
(نهێنی و بە پەلە)

سلاوێکی هاوڕێیانە

بۆ / پارێزگای (التأمیم)

بابەت / بەکارهێنانی ئامێر و کەلوپەل

جەخت دەکەینەوە نوسراوی (نهێنی و بە پەلە) (٤٦٦٠) لە (١٩٨٧/٧/٥)

تکایە وەلامی بە پەلەمان بدەنەوە و ئاگادارمان بکەنەوە ..... لەگەڵ ڕێزدا

طاهر توفیق
سکرتێری لیژنەی کاروباری باکور

وێنەیەک بۆ /

پارێزگاکانی (دیالە– سلێمانی – اربیل – دهۆک) بۆ ئاگاداریتان بۆ مەبەستی سەرەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

کۆماری عێراق
ئەنجومەنی
پێشەوایەتی شۆرش
لیژنەی کاروباری باکور
نهێنی وە بەپەلە
ژمارە / ٤٠ / ٤٦٦٠
بەروار / ١٩٨٧/٧/٥

ژمارە / ١٣٤٩٠/٢١
بەروار / (٧/٦)

بۆ / پارێزگاری یەکەمی (نینوی)

بابەت / بەکارهێنانی ئامێر و کەل و پەل

تکایە بۆمان ڕونبکەنەوە ئەگەر پارەتان لەبەردەست دایە و ئەتوانن خەرجی بکەن بۆ خاوەنی ئامێرە () کە بەکارهێنراون لە پرۆسەی کۆکردنەوەی گوندەکان وە ئەگەر ئەوەتان لەبەردەست نبوو تکایە ئاگادارمان بکەنەوە بەو بڕەی کە داواکراوە، پێویستە بۆ ئەو مەبەستەی کە لە سەرەوە باسمان کرد () .... لەگەڵ ڕێزدا

طاهر توفیق
سکرتێری لیژنەی کاروباری باکور

وێنەیەک بۆ /


پارێزگاکانی (التأمیم – صلاح الدین – دیالی – السلیمانیه – اربیل – دهوك) تکایە ئاگاداربن بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە ..... لەگەڵ ڕێزدا
ژمێریاری


شوفلەکان


لیستێك بە ناوی ئەو شۆفلانەی کەسەر بەکەرتی تایبەتن و بەشداربوون لە هەڵمەتی گەشەپێدانی ناوچەی باکور


ژمارە	جۆری شۆفل	ژمارەی شۆفل	ناوی خاوەنەکەی	ماوەی کارکردنی لە نێوان
.١	کاواساکی ٧٠	نیەتی	رشید صالح احمد	(١٩٨٧/٥/١٠) تا (١٩٨٧/٦/٩)
.٢	کاواساکی ٧٠	نیەتی	شاکر احمد محمود	(١٩٨٧/٥/١٠) تا (١٩٨٧/٥/١٥) (١٩٨٧/٥/٢٥) تا (١٩٨٧/٦/٤)
.٣	کاواساکی ٧٠	نیەتی	حسین العزو	(١٩٨٧/٥/١٠) تا (١٩٨٧/٥/٢٦) (١٩٨٧/٦/٣) تا (١٩٨٧/٦/٩)
.٤	کاواساکی ٧٠	نیەتی	صابر کریم فتاح	(١٩٨٧/٥/١٠) تا (١٩٨٧/٥/١٥) (١٩٨٧/٥/١٨) تا (١٩٨٧/٦/١٦)
.٥	کتر بر	٥٩٦	عبدالواحد خلیل علی	(١٩٨٧/٥/١١) تا (١٩٨٧/٦/١٦)
.٦	ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات	نیەتی	فخرالدین عیمان	(١٩٨٧/٥/١١) تا (١٩٨٧/٥/١٩)
.٧	کاواساکی ٧٠	نیەتی	ناڤم عارف	(١٩٨٧/٥/١٠) تا (١٩٨٧/٥/١٦)
.٨	کاواساکی ٧٠	٢٨ صلاح الدین	شیخ حسین احمد	(١٩٨٧/٤/٢٢) تا (١٩٨٧/٦/٣)
.٩	کتر بلر	نیەتی	خورشید حمه رشید	(١٩٨٧/٤/٢٠) تا (١٩٨٧/٦/١٧)
.١٠	کاواساکی ٧٠	نیەتی	شاکر المقاول	(١٩٨٧/٥/١١) تا (١٩٨٧/٦/٥)
.١١	کاواساکی ٧٠	١٢ صلاح الدین	فرج حمید فقیل	(١٩٨٧/٤/١٩) تا (١٩٨٧/٥/٢٣) (١٩٨٧/٥/٢٩) تا (١٩٨٧/٦/١٦)
.١٢	کاواساکی ٧٠	١٠٢ تأمیم	سعید ابوبکر	(١٩٨٧/٤/٢٣) تا (١٩٨٧/٥/١) (١٩٨٧/٥/٥) تا (١٩٨٧/٦/١)
.١٣	ئەنتر ناشفال	نیەتی	فاچل رفیق	(١٩٨٧/٥/١٤) تا (١٩٨٧/٥/١٦)
.١٤	ئەنتر ناشفال	١٧٥ تأمیم	لگیف بهاو الدین	(١٩٨٧/٥/١) تا (١٩٨٧/٥/١٤)
.١٥	ئەنتر ناشفال	٢٩ تأمیم	محمد کریم	(١٩٨٧/٥/٩) تا (١٩٨٧/٥/٢١)
.١٦	ئەنتر ناشفال	٧٥ أربیل	حقی اسماعیل	(١٩٨٧/٥/٢) تا (١٩٨٧/٥/١٤)
.١٧	کاواساکی ٧٠	٨٥ تأمیم	مولود محمد	(١٩٨٧/٤/٢٠) تا (١٩٨٧/٦/١٠)
.١٨	کاواساکی ٧٠	٥٩ تأمیم	مجید احمد حسن	(١٩٨٧/٤/٢٠) تا (١٩٨٧/٥/١٥) (١٩٨٧/٥/١٨) تا (١٩٨٧/٦/١٨)
.١٩	کاواساکی ٧٠	فحص	گاهر سالم عزیز	(١٩٨٧/٥/١٣) تا (١٩٨٧/٥/١٧)
.٢٠	کاواساکی ٧٠	١٧٩ تأمیم	سعید محمد	(١٩٨٧/٥/١٣) تا (١٩٨٧/٦/١٧)
.٢١	کاواساکی ٧٠	نیەتی	رحیم مردان	(١٩٨٧/٤/٢٥) تا (١٩٨٧/٥/٢٥)
.٢٢	کاواساکی ٧٠	٧٨ تأمیم	عبدالله عزیز	(١٩٨٧/٤/٢٧) تا (١٩٨٧/٥/٧)
.٢٣	کاواساکی ٧٠	نیەتی	سلمان حسن	(١٩٨٧/٥/١٤) تا (١٩٨٧/٥/٢٢)
.٢٤	کاواساکی ٧٠	نیەتی	کریم محی الدین	(١٩٨٧/٥/١) تا (١٩٨٧/٥/١٥)
.٢٥	کاواساکی ٧٠	٨٠ تأمیم	فەرمان احمد قادر	(١٩٨٧/٤/٢٢) تا (١٩٨٧/٥/٥)
.٢٦	کاواساکی ٧٠	٤٧ کشتوکاڵ	لگیف محمد قادر	(١٩٨٧/٤/٢٢) تا (١٩٨٧/٥/١٦)
.٢٧	کاواساکی ٧٠	فحص	فخرالدین عیمان	(١٩٨٧/٥/١١) تا (١٩٨٧/٥/٢٩)
.٢٨	کاواساکی ٧٠	١٣٧٥ بغداد	جنین مجید عبدالله	(١٩٨٧/٤/٢٧) تا (١٩٨٧/٥/٨) (١٩٨٧/٥/١٢) تا (ناخوینرێتەوە)
.٢٩	کاواساکی ٧٠	١٦٣ تأمیم	لگیف محمد قادر	(١٩٨٧/٤/٢٢) تا (١٩٨٧/٥/١٢)
.٣٠	کاواساکی ٨٠	١٤٥ تأمیم	رشید محمد خچر	(١٩٨٧/٥/١٤) تا (١٩٨٧/٦/٧)


بەڵگەنامەکان














شۆخی کاتی نەخشەسازیی.

لەکاتی دانانی ئەم بەڵگانە کە باسی شۆفڵەکان دەکات، کاک ئازاد حاجی دیزاینەر، بزەیەکی هاتێو وتی بابچین جگەرەیەک بکێشین شتێکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە، وتی: کەمنداڵ بووین مااڵمان لە قەاڵتدزێ بوو، لەگەڵ ئامۆزایەکم لە پۆلی سێی سەرەتایی بووین، لەمەکتەب مامۆستاکان لە ئامۆزاکەمیان پرسی بوو باوکت ئیشی چییە؟ ئەویش وتبووی خانوی مااڵن تێک دەدات! مامۆستاکان زۆر سەرسام ببوون، بۆیە ناردیان بەدوای مندا وتیان مامت ئیشی چییە؟ وتم نازانم. ئینجا ناردیان بەدوای مامەدا، مامم بەهەڵەداوان هات بۆ مەکتەب مامۆستاکان بە سەرسورمانەوە لێیان پرسی کاکە تۆچ کارەی؟ ئەویش وتبووی من سایەق شۆفڵم، بۆچی دەفەرموون؟ مامۆستا وتبووی (حەمە)ی کوڕت دەڵێت باوکم مااڵی خەڵک دەروخێنێ؟! باوکیشی دەستی کردبوو بەپێکەنین وتبووی کاکە ئەوە رۆژێک مااڵی دراوسێکەمان بەتەمای تەعمیری خانوەکەیان بوون منیش هەر لەرای خوای نوکەشۆفڵێکم بۆ لەدیوارەکانیاندا دیوارەکانم بۆ روخاندن.

هیوانی ژمارە



پارێزەری خۆبەخش ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی

لەدایکبووی ١٩٧٥ هەولێر - گوندی سوفەیە

پیشە : پارێزەر - سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

شوێنی نیشتەجێبون - پارێزگای هەولێر.

ئەدرەس : هەولێر – ژوری پارێزەران لەدادگای هەولێر

ژمارە تەلەفۆن : ٠٧٥٠٤٤٦٠٦٧

کاکەیی لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە بەخۆبەخش کاری پارێزەری بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکات. پاریزەرە لە دۆسێی ئەنفال. لە یەکەمین قۆناغی لێکۆلینەوەوە هەتا رۆژی سزادانی تاوانبارانی ئەنفال لە ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧.

پارێزەری دۆسیەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانە لە دادگای باڵای تاوانەکان. کە لە رێکەوتی ٢٠١١/٥/٣ یەکەمین دانیشتنی بۆسازدرا.

پارێزەر لەدۆسیەی ئە نفالی ٢ کە تیایدا تومەتبار صادق صوبالله محمد ئەلمکصوصی هێنرایە بەردەم دادگاو لەمانکی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١١ بریاری بێتاوانی لەبارەیەوە دەرچوو، هەرچەندە ناوبراو مەدالیای ئازایەتی (نوط الشجاعه)ی وەرگرتبوو، لەگەڵ سولتان هاشم ئەحمەدو یەکیك بوو لەو ٤٢٣ی تۆمەتبارانەی تاوانی ئەنفال.

پارێزەرە لەدۆسیە ی پشدەر

پارێزەرە لە دۆسیە ی راگواستنی قەڵادزی

پارێزەرە لە دۆسیە ی وێرانکردنی سید صادق

کە هەموو ئەم دۆسێیانە لە دادکای بالای تاوانی عیراقدا وەك دۆسێی جینۆساید دەبینرێن.

پارێزەری خۆبەخش بۆ سەندیکای کریکارانی کوردستان لقی هەولێر

پارێزەری خۆبەخش بۆ یەکیتی نابینایانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)وە

پارێزەر لە دۆسیەی کۆمەڵکوژی گوندی صۆریا.

گۆڤاری ئەنفالستان هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت.

ئەنفال چی بە گوندی عەلیان کرد؟!

سمکۆ سابیر

عەلیان یەکێك لەوگوندانەی بەعس خاپورو وێرانی کردو نزیکەی سەدو بیست کەسی بێدیفاعی لێ ئەنفالکرد. گوندی عەلیان تەنها بیست کیلۆمەتر لە باکوری قەزای کفرییەوە دورە و کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی ژمارەیەك گوندی تری ناوچەکەو زێدی تیرەو هۆزەکانی داودەو جاف و زەنگنە. بەرلەوەی ئەنفال بکرێت، نزیکەی ٢٥ ماڵی تێدابووە و زۆربەی کەسوکارو خزمی یەکتر بووون و ژیانێکی سادە ژیاون.

ڕژێمی بەعس ساڵی ١٩٨٧ بەر بڕیارێکی ڕژێم خوێندنگاکان دابخران و مامۆستاکانی کێشایەوە، ئەوەش بە بیانوی ئەوەی ئەوگوندانە گوێڕایەڵی بڕیارو فەرمانەکانی بەعس نین . بەڵام دواتر بە بڕیاری شۆڕش کادیری خوێندەوار بۆئەوگوندانە دابین دەکرێتو ناویان لێدەندرێت مامۆستای شۆڕش ئەو پرۆسەیەش تاکاتی شالاوی ئەنفال درێژەی بوو. گوندی عەلیانیش مامۆستای شۆڕشی بۆ دادەندرێتو پرۆسەی خوێندنی تێدا بەردەوام دەبێت.


گوندی عەلیان ١١١ کەسی ئەنفالکراوەو کەسێکیشی لە کۆمەڵکوژی دەربازبووە بەناوی (ئەحمەد عەلی ئەحمەد خەلیل) ناسراو بەحەمە عەلی عەلیان.

حەمەعەلی لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٦دانیشتوی (عەلیانی بچوك)ی بوو ئەوکات کە ئەنفال کران مێردی دووژن وباوکی (٧) منداڵ بوو. لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨ لەگەڵ منالەکانی لە توپزاوە لە یەك جیاکراونەوە، ئیتر جارێکی تر یەکتریان نەبینیەوە

لە ١٩٩٣/١٢/٢٦ حەمە عەلی لەشەڕی ناوەخۆ شەهید بوو. ئەوەش ڕوداوێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو زیانێکی گەورەبوو بەر کوردۆ دۆسێیی ئەنفال کەوت چونکە دەربازبووی کۆمەلکوژییەکی ئەنفال و شایەتحاڵێکی گرنگ بوو، بۆیە کورد بۆ هەتا هەتایە شایەتحاڵێکی گرنگی لەدەست چوو



کە بەچاوی خۆی بینیبوی خەڵکی کوردستان چۆن دەبرێنە بیابانەکان لەوێ کۆمەڵکوژ دەکرێن. ئەو قوربانییەی شەری نێوخۆ بەشێوەیەك دەربازببووە کە شایانی باسکردنەو جارێکی ترو دەیان جار بۆخوێنەری کورد بخرێتەوە بەردیدەی،وردەکاری حەمە عەلی عەلیان پێشتریش لە ژمارە (٨) ی گۆڤاری ئەنفالستان بە درێژی باسی کراوە، باسکردنی گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەیەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت.



حەمە عەلی عالیان دەربازبووی کۆمەڵکوژی حەزەر

ز	ناوی سیانی
١.	پرشنك محەمەد ستار
٢.	ئیسماعیل عەلی محەمەد
٣.	نەسرین عەلی محەمەد
٤.	هێمن عەلی محەمەد
٥.	هیوا عەلی م حەمەد
٦.	پەروین عەلی محەمەد
٧.	مەحمود عەلی محەمەد
٨.	حەمە سالح محەمەد
٩.	حەسەن عەلی محەمەد
١٠.	حسێن عەلی محەمەد
١١.	محەمەد عەلی محەمەد
١٢.	حەمید عەلی محەمەد
١٣.	فەهیمەئیبراهیم عەلی
١٤.	شنۆ حەسەن عەلی
١٥.	کاوە حەسەن عەلی
١٦.	نەجم محەمەد عەلی
١٧.	شنۆ حسێن عەلی
١٨.	عەلی رەشید عەزیز
١٩.	ئەحمەد رەشید عەزیز
٢٠.	مەلیحە رەشید عەزیز
٢١.	تەلیعە رەشید عەزیز
٢٢.	فەهیمە عەلی بەدەن
٢٣.	بەهیيە ئەحمەد محەمەد
٢٤.	سەرکەوت محەمەد فەرەج
٢٥.	رەحمە ئیبراهیم حەمەد
٢٦.	گوڵباخ ئەحمەد محەمەد
٢٧.	هێرۆ ئەحمەد محەمەد
٢٨.	محەمەد ئەحمەد محەمەد
٢٩.	یەمەن فائق قادر
٣٠.	ئەسکەندەر محمد احمد
٣١.	شۆرش محەمەد ئەحمەد
٣٢.	سالح خورشید محەمەد
٣٣.	جبرائیل خورشید محەمەد
٣٤.	مەلیعە محەمەد عەزیز
٣٥.	ئەحمەد سالح خورشید
٣٦.	نازدار محەمەد حسێن
٣٧.	پەروین سالح خورشید

ز	ناوی سیانی
٣٨.	عەلی محەمەد حەسەن
٣٩.	قانع محەمەد حەسەن
٤٠.	سەیوان محەمەد حەسەن
٤١.	جەبار حەمید وەهاب
٤٢.	غریبە ئەحمەد گوڵێ
٤٣.	ستار جەبار حەمید
٤٤.	کیژان جەبار حەمید
٤٥.	جلال جەبار حەمید
٤٦.	سردار جەبار حەمید
٤٧.	دارا جەبار حەمید
٤٨.	گەلاوێژ جەبار حەمید
٤٩.	سارا جەبار حەمید
٥٠.	شیلان جەبار حەمید
٥١.	ئیبراهیم حەسەن محەمەد
٥٢.	بەهیە رەشید قادر
٥٣.	هێمن ئیبراهیم حەمید
٥٤.	هیوا ئیبراهیم حەمید
٥٥.	حەمید حەسەن محەمەد
٥٦.	حەلاو عەلی حسێن
٥٧.	کاوە حمید حسن
٥٨.	پەرژین حەمید حەسەن
٥٩.	رەمەزان فەتاح عەزیز
٦٠.	بێگەرد عەبدوللا عەلی
٦١.	ئاوات رەمەزان فەتاح
٦٢.	بەفراو فەرەج عەلی
٦٣.	هیوا صالح هلاج
٦٤.	کوردستان صالح هەلاج
٦٥.	ڕێبەر صالح هەلاج
٦٦.	گەرمیان صالح هەلاج
٦٧.	کاروان صالح هەلاج
٦٨.	شاخەوان صالح هەلاج
٧٠	حەسەن محەمەد ئەمین
٧١	ئەختەر تاهیر عەزیز
٧٢	دلبەر حەسەن محەمەد
٧٣	محەمەد سالح خورشید
٧٤.	عەباس حسێن محەمەد
٧٥.	حەمید حسێن محەمەد

ز	ناوی سیانی
٧٦.	نازدار صالح خورشید
٧٧.	عوسمان حەسەن محەمەد
٧٨.	حەسەن عەلی محەمەد
٧٩.	مەحمود عەلی محەمەد
٨٠.	بەیان سەمین حەمە ئەمین
٨١.	خەیاڵ محەمەد محەمەد عەلی
٨٢.	سەلام سەمین حەمە ئەمین
٨٣.	سەرگوڵ عەلی حسێن
٨٤.	بێگەرد سەلام سەمین
٨٥.	ئەمین سەمین حەمە ئەمین
٨٦.	شوکریە محەمەد کەریم
٨٧.	سامان ئەمین سەمین
٨٨.	سۆران ئەمین سەمین
٨٩.	هێرۆ ئەمین سەمین
٩٠.	سۆما ئەمین سەمین
٩١.	حەمدیە خورشید محەمەد
٩٢.	نەجمەدین محەمەد حەسەن
٩٣.	عزەدین محەمەد حەسەن
٩٤.	نەصرەدین محەمەد حەسەن
٩٥.	شوکر محەمەد حەسەن
٩٦.	رەنجدەر حەسەن محەمەد
٩٧.	شنۆ حەسەن محەمەد
٩٨.	ئاوات حەسەن محەمەد
٩٩.	قادر حسێن محەمەد
١٠٠.	جەمیلە عەبدولقادر صالح
١٠١.	ئاسو قادر حسێن
١٠٢.	ئاکو قادر حسێن
١٠٣.	ملکۆ قادر حسێن
١٠٤	شاخەوان قادر حسێن
١٠٥	کۆسرەت محەمەد فەرەج
١٠٦	سەردار محەمەد فەرەج
١٠٧	فکریە حەسەن مەحمود
١٠٨	شیلان محەمەد فەرەج

ز	ناوی سیانی
١٠٩.	محەمەد فەرەج (حەمەشۆخ)
١١٠.	محەمەد حسێن محەمەد
١١١	فاتیمە حەمەغەریب زاهیر

مەلەک شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی:

هەموو ساڵێک بڕی (١٤٠٠٠) کۆمەک بە ئەنفالستان دەبەخشم!

جەلال هەزارکانی




مەلەک شێخ کاکە حەمەی هەزارکانی، خوشکی شێخ حسێن هەزارکانی کەسایەتییەکی دیارو ناوداری گەرمیانەو دانیشتووی گوندی هەزارکانی بووە.بەهۆی پێگەو ناوبانگی، شێخ حسێنی هەزارکانی لە قۆناغی سێی ئەنفالدا، لەقەڵای قۆرەتوو، کە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی گەرمیان بوو، لەلایەن خودی سەدام حوسێنەوە بڕیاری ئازاد کردنی درا، بەڵام شێخ مەرجی ئەوەی دانا کە هەموو خەڵکی نێوقەڵای قۆرەتوو لەگەڵیدا ئازادبن دەنا ئامادەنییە تەنها خۆی و منداڵەکانی ئازادبن و خەڵک لەتەنگانەدا بەجێبهێڵێت. بەعسیەکان بە مەرجەکەی قایل نەبوون، بۆیە خۆیو هەردوو هاوسەریو لەگەڵ ١٠ منداڵی ئەنفالکران.

لەکاتی سەردانیکردنی بۆمەزاری کەسوکارەکەی لەگوندی هەزارکانی مەلەک خانی تاقانەم بینی باسی گۆڤاری ئەنفالستانم بۆ کرد کە تایبەتە بەدۆسێی ئەنفال و بەکۆمەکی کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەمخۆری دۆسیەی ئەنفال دەردەچێت، بێئەوەی داوای لێبکەین مەلەک خان هەڵوێستی دەربڕی کەوا ئامادەیە ساڵانە هاوکاری ماددی و مەعنەوی ئەو گۆڤارە بکات.. ئازایانە ووتی هەموو ساڵێک بڕی چواردە هەزار بەئەنفالستان دەبەخشم. ئەمەش وەک رەمزێک بۆیادی ١٤/ ٤ کە ساڵیادی ئەنفالەو وەک ئاماژەیەک کە (١٤) کەس لەئەندامانی خێزانەکەم ئەنفالکراون .

ئێوە بن چی بۆ دەنوسن ؟

ئەم پیاوە بەرلەوەی وەفات بکات، مالّ و منداڵی هەڵپێچاوە بێن بۆ سلێمانی و سەردانم بکات، تۆمەس نهێنیی ئەو سەردانەی زۆر گرنگتر بووە لە سەردانێکی ئاسایی! تازە حاجی فاتمی هاوسەری ئەو نهێنیە دەدرکێنێ کەوا حاجی حەمە ئەمین کۆمەکی بۆ ئەنفالستان داناوە، بەڵام بەداخەوە فریا نەکەوت بەدەستی خۆی بیبەخشیو کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا شوخانی کچی تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: دایکم هەڵیپێچاوین و دەیەوێت سەردانت بکات، دەمێکە هەر پێمان دەڵێت دەترسم منیش وەک باوکتان بمرم و ئەو ئامانەتەی بابتان نەگاتە ئەو کتیبەی کە باسی کورەکانی تێدا دەنوسرێ (کتێبەکە مەبەست ئەنفالستانەو کورەکانیش مەبەستی کورە ئەنفالکراوەکانێتی) بەراستی نازانم چی بنوسم چەندە بەختەوەرم کە دۆستەکانم لەو مرۆڤانەن کە پول وسامان نەیبەزاندوون ..



سلاو لەگیانت حاجی حەمە ئەمینی هۆمەر قەوم.

تۆش تەمەن درێژو تەندروست بیت حاجی فاتم.

سەرنوسەر

شتێکی جوانە کەسێک داوای پێویستیەکیت لێبکات و پێی ببەخشی، بەڵام جوانتر و ناوازەتر لەوە ئەوەیە پێویستی کەسێک دابین بکەیت کە خۆت هەستت پێی کردوە و داوای لێ نەکردووی!

جبران خلیل جبران

شتێکی جوانە داوای هاوکارییەکت لێبکرێ بۆ چاپکردنی ئەنفالستان تۆش پێی ببەخشی، بەڵام جوانتر و ئازایەنەتر ئەوەیە خۆت بەبێ پێگوتن و ڕوڵێنان هاوکارییەک دابین بکەیت کە خۆت هەستت پێیکردوە!"

خوێنەرێکی ئەنفالستان.

راستیەک بۆ میژوو

ئەگەر نەڵێن هەموو، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆریان لەو بەرێزانەی کۆمەکی ئەنفالستانیان کردووە، سێ قات و چوارقات زیاتریان بەخشیووە بەئەنفالستان بەڵام ئێمە پێمان کەم کردوونەتەوە، سوپاسی هەستیان دەکەین.

/http://www.anfalistan.com



ئەنفالکراو: فەرەیدون مەجید مەلاسەعید



لەدایکبووی: ١٩٧٠ لەپەلاماری سێی گەرمیاندا لەگەڵ ١٥٢ کەسی تری گوندەکەیاندا لە قەیتوڵی سەربەناحێی قادرکەرەم ئەنفالکران. چیرۆکی فەرەیدون و خانەوادەکەی زۆر تراژیدی و کاریگەرە، چونکە فەرەیدون زوو هاوسەر گیری کردووە، هاوسەرەکەی بەناوی ژیان تەنها (١٨) رۆژ بوو کە دوگیان بووە بە کچەکەیانەوە کە فەرەیدونی هاوسەری لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا ئەنفالکراوە، کاتێک کچەکەش لەدایکبوو ناویان نا (نور) بەڵام بەداخەوە نور وەک باوکی خۆی نەبینی بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە ساڵی ٢٠١٣ دایکیشی گیانی لەدەستدا.



رقم المحفظة / ع.ل ١٩٨٦ / ٢٠٢٧

رقم الشهادة / هـ ٥٣٢٣٢٥

التاريخ ٢٦ / ٢ / ١٩٨٦

شهادة الجنسية العراقية

٢ ـ الديانة ..... مسلم

٣ ـ العلامات الفارقة ..... لا

٤ ـ اسم الاب الكامل ..... مجيد ملا سعيد

٥ ـ محل ولادته ..... طوز

٦ ـ اسم الام الكامل ..... محسومه دبوني

٧ ـ محل ولادتها ..... حسين

الملاحظات (تكتب بالحبر الاحمر)

توقيع حامل الشهادة ..... بصمة ابهام اليد اليسرى

اسم رب العائلة الكامل ..... فريدون مجيد ملا سعيد

المثبت صورته الشمسية أعلاه الجنسية العراقية وفق المادة (٣ / ١٤) من قانون الجنسية العراقية فقد منح هذه الشهادة .

متقدم الجنسية

خليل محمد مصطفى

مدير الجنسية والاحوال المدنية

محافظة صلاح الدين

مدير الجنسية



بۆچی ١٨٠٠٠ هەزار دەبەخشم ؟

سلاو کاک عومەر سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان کاتێک بەوردی باسی گوڤاری ئەنفالستانت بۆکردم، زۆر پێمخۆش بوو هاوکارێکی گۆڤاری ئەنفالستان بم، بەبرێک پارە بەشداری بکەم بۆ بەچاپ گەیاندنی، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر لەسەر جۆری هاوکارییەکەم و گونجاندنی لەگەڵ شتیکدا کەلەناخەوە ئاسودەم کات.

ئەوکاتەی فەرەیدونی برام ئەنفالکرا تەمەنی ١٨ سال بوو، خیزانەکەی بەناوی (ژیان) دوگیان بوو بەیەکەم منداڵیانەوە، ئەوکاتە مانگی یەکەمی بوو کە منداڵەکەی لە دایک کچێک بووناومان نا (نور) تەنها ١٨ رۆژ بوو کە باوکی ئەنفالکرابوو بۆیە بریارمدا بری ١٨ هەزار ببەخشم بۆ دەرچوونی هەر ژمارەیەکی داهاتووی هەتا لە ژیاندا مابم .



هەم بە نوسین و هەم بەپارە هاوکاری بکەم. بەداخەوە زەمەن بواری نەدا خیزانەکەشی زۆر بژیت و مانڵئاوایی لەژیان کرد. فەرەیدون، ئێستا تەنها کچیکی لەژیاندا هەیەو جیگای براکەمی بۆ پرکردوینەتەوە، دەستی تۆش خۆش برا گیان، ئیستا لەگەڵ نوسینی ئەم وشانە بۆ جەنابت دڵم پڕە لەگریان و فرمێسکی چاوەکانم وەک نەرمە بارانی پایز بە هێمنی ئەتکێنە سەر لاپتۆپەکەم، گریان بۆ ١٨٢ هەزار پەپولەی بێتاوانی ولاتەکەم، کە دوای ٢٣ ساڵ حوکمرانی کورد تا ئێستا لەناو چاڵەکانی بیاباندا لم ئێسک و پروسکیان هەڵدەوەرێنی.

کۆمەکبەخشانی ئەنفالستان

کۆمەکی هەڵەبجە

ئەنفالکراوانی هەڵەبجە ئەوانەی لەناو نوگرەسەلمان دەستبەسەر بوون

ز	ناوی سیانی	بری کۆمەک
١	سەروەت عەزیز محەمەد	پەنجا هەزار
٢	عەلی عارف ئەحمەد	بیست و شەش هەزار
٣	فەرید عەبدوڵا	بیست و شەش هەزار
٤	سلمان الله کەرەم میر ئەحمەد	دە هەزار
٥	محمەد حەمە سەعید حەسەن	دە هەزار
٦	فەریق حەمە رەشید ئەحمەد	دە هەزار
٧	عومەر محەمەد سوبحان	دە هەزار
٨	کەمال محەمەد عبدالله	دە هەزار
٩	جەبار عەزیز محەمەد	دە هەزار
١٠	عومەرعەزیزمحەمەد	دە هەزار
١١	عائشە عەزیز محەمەد	دە هەزار
١٢	حامد عومەرمحەمەد	دە هەزار
١٣	عەبدلرەحیم ئەحمەد حەسەن	دە هەزار
١٤	موعتەسەم جافر عەلی	دە هەزار
١٥	ئیسماعیل حەمە رەشید عەبدولرحیم	دە هەزار
١٦	ئامینە حوسین ئەحمەد	دە هەزار
١٧	رزگار محەمەد قادر	دە هەزار
١٨	محەمەد عەلی قادر	شەش هەزار
١٩	شاهۆئەنوەرعارف	پێنج هەزار
٢٠	محەمەد عومەرحەمە سەلیم	پێنج هەزار
٢١	عومەرعەزیز عبدالله	پێنج هەزار
٢٢	عدنان عبدالکریم ئەحمەد	پێنج هەزار
٢٣	محمود توفیق محەمەد	پێنج هەزار
٢٤	ئیدریس حامدسان ئەحمەد	پێنج هەزار
٢٥	نەریمان مشیر مستەفا	پێنج هەزار
٢٦	ناجح ئەحمەد صادق	پێنج هەزار
٢٧	ئەرسە لان عەبدولرحمان حەمە صالح	پێنج هەزار

ز	ناوی سیانی	بری کۆمەک
٢٨	رەفعەت رحیم محەمەد	پێنج هەزار
٢٩	مەریوان رەشید ئەحمەد	پێنج هەزار
٣٠	سیروان حەمە صالح حەمە حەسەن	دوو هەزار
٣١	حەمید محەمەد قادر	دوو هەزار
٣٢	لەولاوحەمەرەشید ئەحمەد	دوو هەزار
٣٣	یوسف قادر ئەبوبەکر	یەک هەزار
٣٤	محەمەد عومەر ئەحمەد	یەک هەزار
